تصوير ابو عبدالرحمن الكردي
و: پێشڕەو حسێن
مارگیز گارسیا گابریل
زیندووم
بۆ ئەوەی بگێڕمەوە

زیندووم بۆئەوەی
بگێڕمەوە

گابریل گارسیا مارکیز

وەرگێڕانی لە فاسیەوە: پێشڕەو حسێن

٢٠٠٧

زیندووم بۆئەوەی بگێڕمەوە
وەرگێڕانی بۆ فارسی: کاوە میرعباسی
وەرگێڕ: پێشڕەو حسێن
پیاچونەوەی: نەجمەدین حاجی کەریم
تایپ: وەرگێڕ
هەڵەبڕی: تەها حەمەنوری
دیزاینی بەرگ و ناوەرۆك:
شاروخ ئەرژەنگی
چاپی یەکەم ۲۰۰۷
تیراژ: ۲۰۰۰ دانە
لەسەر ئەرکی چاپخانەی شڤان چاپ کراوە
ژمارەی سپاردنی (٥٦٤)ی ساڵی ۲۰۰۷ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

پێشکەشە بە:

بنار، ئەو خاتونەی کە بەشێکە لە ژیانم.

ژیان ئەوشتە نییە کە ژیاوین، بەڵکو هەمان ئەوشتەیە
کە لەبیرەوەریماندا ماوەتەوەو بەوجۆرەیە
کە بەبیری دەهێنینەوە بۆئەوەی بیگێڕینەوە.

١

دایکم داوای لێکردم بۆ فرۆشتنی خانوەکە لەگەڵی بڕۆم. بەیانی ئەورۆژە لەو گوندە دوورەدەستەوە کە خێزانەکەمی لێ دەژیا هاتبووە بارانکیا[1]، بێئەوەی هیچ دەربارەی شوێنەکەم بزانێت. پاش ئەوەی هەموو لایەك گەڕاو لەدۆستو ئاشنا هەواڵی پرسیم، پێیانوت دەبێت لە کتێبفرۆشی مۆندۆ[2] یان کافتریاکانی دەوروبەری بۆم بگەڕێت، لەبەرئەوەی رۆژی دووجار بۆ دەمەتەقێ لەتەك هاوڕێ نووسەرەکانم دەچووینە ئەوێ. ئەوکەسەی ئەو زانیاریانەی پێبەخشیبوو، ئاگاداری کردبووەوە"ئاگادار بە، هەموویان شێت و بەتەڕین."نیوەڕۆ گەیشتە شوێنی دانیشتنەکەم، بەهێمنی بە نێو ئەو مێزانەدا تێپەڕی کە پڕبوون لە کتێب، راست لەبەرامبەرم راوەستا، بە پێکەنینە لاسارەکەی سەردەمی لاوێتیەوە لە چاوەکانم وردبووەوە، پێشئەوەی بتوانم هیچ کاردانەوەیەك بنوێنم وتی:

- منم، دایکت

شتێك لە رووبدا گۆڕابوو کە نەیهێشت لە یەکەم نیگادا بیناسمەوە. تەمەنی چل‌و پێنج ساڵ بوو. بەو پێیەی یازدە سکی کردبوو، نزیکەی دەساڵی تەمەنی بە سکپڕی، ئەوەندەی ئەو ماوەیەش، شیری دابوە مناڵەکانی. قژی پێش کاتی خۆی ماش وبرنج ببوو، چاوەکانی لەپشت یەکەمین چاویلکە دووربینەکەیەوە بەهێزو حەپەساوتر بەرچاودەکەوت، لە ماتەمینی کۆچی دایکیدا، جلێکی ڕەشی سادەو داخراوی لەبەردابوو، بەڵام هێشتا جوانی رۆمی وێنەی بوکێنیەکەی پاراستبوو، کە لەوکاتەدا بازنەیەکی زیوینی پاییزی ویقاری پێ دەبەخشی. پێش هەمووشتێك، تەنانەت پێش ئەوەی لە ئامێزم بگرێت، بە شێوە رەسمیە هەمیشەییەکەیەوە وتی:

- هاتووم داوات لێبکەم لەگەڵم بێیت بۆ فرۆشتنی خانووەکە.

---

[1] Barranquilla.، بەندەرێك لە کۆلۆمبیا، ناوەندی پارێزگای ئاتلانتیکۆ، کە کەرنەڤاڵەکانی بەناوبانگە.

[2] Mundo.

پێویست نەبوو بڵێت کامماڵەو لەکوێ، لەبەرئەوەی تەنها یەك ماڵ لە هەموو دونیادا ماڵی ئێمەبوو: خانووە کۆنەکەی داپیرەوباپیرە لە ئاراکاتاکا[1]، کە لە خۆشبەختیم لەوێ لەدایك ببوومو لە هەشت ساڵی بەدواوە چیتر بۆ ژیان نەگەڕامەوە ئەوێ. پاش تێپەڕاندنی شەش تێرمی کۆلیژی ماف، تازە دەستم لەخوێندن هەڵگرتبوو، زۆربەی کات، یان هەموو ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە کە دەستم دەکەوتن یان شێعرەنەمرەکانی "سەدەی زێڕین"[2]ی ئیسپانیام لەبەر دەخوێندەوە. تا ئەوکاتە سەرجەم ئەوکتێبانەی بۆ فێربوونی تەکنیکی نووسینی چیرۆك پێویستم بوو، وەرگێردرابوونو بە ئەمانەت وەرمگرتبوونو خوێندبوومنەوە، شەش چیرۆکی کورتم لە پاشکۆی ئەدەبی رۆژنامەکاندا بڵاوکردبوەوە، کە حەزو خواستی هاوڕێکانمو سەرنجی چەند رەخنەگرێکی وروژاندبوو. بەزوویی تەمەنم لە بیست وسێ ساڵی تێدەپەڕی، سەربازی هەڵاتوو بووم، دووجار سوزەنەکم گرتبوو، رۆژی دووپاکەت جگەرەی هەرزانم بەبا دەکرد، بێئەوەی بیر لە ئاکامەکانی بکەمەوە. کاتی بێکاریم هەندێك جار لە بارانکیاو هەندێك جار لە کارتاخنا دێ ئیندیاس[3]، لەسەر کەنارەکانی کارایبی کۆلۆمبیا دەگوزەراند. بەوبڕە پارەیەی لەبری یاداشتە رۆژانەکانم لە ئال ئارالدۆ[4] وەرمدەگرتوتارادەیەك هیچ نەبوو، پاشایانە پەلەقاژێی بوونم دەکرد، شەو دەچوومە هەمووشوێنێكو هەرکەسم دەستکەوتبا لەگەڵی رۆژم دەکردەوە. لەوانەیە دوودڵی لەئاست خواستو ئاشوفتەیی ژیانم بەس نەبووبێ، لەبەرئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی لێك نەبڕاودا بەنیازبووین بەبێ سەرچاوەی دارایی، گۆڤارێکی نوێ و نەریتشکێن بڵاوبکەینەوە کە **ئالفۆنسۆ**[5] سێ ساڵ پێشتر بیری لە چاپکردنی کردبوەوە. دەبوو لەوەزیاتر چیم لە خودا بووێت؟

گەر بیست ساڵ پێشتر پەنام بۆ مۆدێل بردبوو، زیاتر لەرووی نەداریەوەبوو تا سەلیقەی خۆم: سمێڵی ئەستوورو ناڕێك، قژی ئاڵۆزکاو، پانتۆڵی کابۆ، کراسی گوڵداری ناشرین، پاپوچی موسافیرانە. لە تاریکی هۆڵێکی سینەمادا، گوێم لێبوو یەکێك لە هاوڕێ کچەکانم، بێئەوەی بزانێت لە نزیکیەوە دانیشتووم، بە یەکێکی وت: **"گابیتۆ[6]ی داماو**

---

[1] Aracataca، شارێك لە کۆلۆمبیا

[2] El Siglo de Oro، ئەوقۆناغەی بەو زاراوەیە(سەدەی زێڕین) ناودەبرێت، لەبنەڕەتدا نزیکەی سەدەونیوێکی خایاند، واتە لە ١٥٣٠ەوە تا ١٦٨١.

[3]. Cartagena de Indias

[4]. El Heraldo

[5]. Alfonso Fuenmayor

[6] Gabito، بچووککراوەی گابریل.

تەواو فەوتاوە". دوای ئەم وردەکاریانە، کاتێك دایکم داوای لێکردم بۆ فرۆشتنی خانوەکە لەگەڵی بڕۆم، هیچ ڕێگرێك نەبوو کە داواکەی ڕەتبکەمەوە. بەبێ شەرمکردن پێیوتم پارەی پێویستی پێ نییەو منیش لەڕووی لەخۆباییەوە وتم خۆم پارەی سەفەرەکە دابین دەکەم.

نەمدەتوانی لەو رۆژنامەیەی کارم دەکرد ئەوگرفتە داراییەم چارەسەر بکەم. لەبری هەر یاداشتێك سێ پیزۆ، لەبری وتارێکی دوالاپەڕەش، کە لەکاتی سەرقاڵی دەستەی نووسەراندا من دەمنووسی، چوار پیزۆیان دەدامێ، بەلاّم ئەوپارەیە بەزەحمەت خەرجی ژیانمی دابین دەکرد. هەوڵمدا پارەمەتی وەربگرم، بەلاّم جەنابی بەڕێوەبەر بیری خستمەوە کە قەرزەکانی پێشووم لە پەنجا پیزۆ تێپەڕیوە. بێشەرمیم لە سنوری خۆی تێپەڕاندو کارێکم کرد کە هیچکام لە هاورێکانم جورئەتیان نەبوو بیکەن. لەپاڵ دەرگای کافتریای کۆلۆمبیا، لە تەنیشت کتێبفرۆشیەکەوە، لەگەڵ **دۆن ڕامۆن ڤینیس**[1] ی مامۆستاو کتێبفرۆشی بەساڵاچووی کاتالان، دەستم بە پیاسەکردو داوای دەپیزۆ قەرزم لێکرد. تەنها شەش پیزۆی پێبوو.

نە دایکم و نەخۆشم بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئەو گەشتە سادە دووڕۆژییە ئەوەندە رۆڵێکی چارەنووسسازی لەژیانمدا دەبێت، کە درێژترین و پڕ بزافترین رۆژانی داهاتوو لەمەڕ ئەوەی چیرۆکەکانیان کۆتایی پێ بهێنم بەش ناکات. ئێستا کە تەمەنم گەشتۆتە هەفتاو پێنج ساڵ، دەزانم گرنگترین بڕیاری ژیانی ئەدەبیم، یان تارادەیەك گرنگترین بڕیاری هەموو ژیانم لەو سەفەرەدا داوە.

لە نەوجەوانیدا مرۆڤ زیاتر بیر لە داهاتوو دەکاتەوە تا رابردوو، لەبەرئەوە، ئەوبیرەوەریانەی لە گوندەکەمان هەمبوو، هێشتا بەهۆی دڵتەنگیمەوە نەببوونە بیرەوەری مەبەستدار. چۆن بوو بەهەمان شێوە دەهاتەوە یادم: شوێنێکی گونجاو بۆ ژیان، کە هەمووان یەکتریان دەناسی، لەسەر کەناری روبارێکی ئاوی زوڵاڵەوە کە بەسەر بەردە سوواوە سپی و گەورەکاندا کە هەر لە هێلکەی بوونەوەرەکانی پێش مێژوو دەچوون ڕەوان بوو. دەمەو ئێوارە، بەتایبەتی لە مانگی دێسامبەردا، ئەوکاتانەی وەرزی بارانە وەرزە باران تێدەپەڕی و جارێکیتر هەوا وەك ئەڵماسی لێدەهاتەوە، دەتوت **لا سیێرا نێڤادا دێ سانتا ماریا**[2] بە لوتکە نەرم و سپیەکانیەوە ئەوەندە نزیك دەبووەوە کە دەگەشتە دارستانی

---

[1]. Don Ramon Vinyes

[2]. La Sierra Nevada de Santa Mareia

مۆزەکەی کەنارەکەی ئەوبەرەوە. لەوێوە دەتوانی سوورپێستەکانی ئاروانگۆس[1] ببینی کە وەکو مێروولە بەڕیز رایان دەکرد.و کۆڵەپشتە زەنجەفیلیەکانیان بە کۆڵەوەیەو گەلای کۆکا دەچوون تا چێژ ببەخشنەژیانیان. ئێمەی منداڵ حەزمان دەکرد بە بەفرە هەمیشەییەکان تۆپەڵ دروست بکەین و لەکۆڵانە سوتێنەرەکاندا بکەوینە گیانی یەکتر. لەبەرئەوەی گەرما، بەتایبەتی دوانیوەڕوان ئەوەندە بەتین و باوەڕپێنەکراو دەبوو کە گەورەکان هەموو رۆژێك بەشێوەیەك بەدەستیەوە دەیاننالاند وەك ئەوەی شتێکی تازە بێت. لەوکاتەوەی لەدایکبووم، بەردەوام گوێم لەوەبووە کە هێڵەئاسنینەکان و کەمپەکانی "یونایتد فروت کۆمپانی"[2] یان، بەشەو دروستکرد، لەبەرئەوەی لەرۆژدا نەدەکرا دەست لە ئامێرەکان بدەیت کە لەژێر تیشکی خۆردا سووربببونەوە.

بۆئەوەی لە بارانکیاوە خۆمان بگەێنینە ئاراکاتاکا دەبوو کەشتیەکی ماتۆڕیی بچوك و بەڕیوت بەکاربهێنین کە بە جۆگەئاوبارە تێدەپەڕی کە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا کۆیلەکان بەدەست هەڵیان کەندبوو، دواتر بەگوزەرکردن لە زەلکاوێکی بەرین و لێڵ، تا گوندی سەیروسەمەرەی سیێناگا[3]، درێژەی دەکێشا. لەوێشەوە، سواری شەمەندەفەرێکی ئاسایی دەبووین کە کاتی خۆی لە وڵاتدا تاکبوو، بەو شەمەندەفەرە بە دارستانە گەورەکانی مۆزەکاندا تێدەپەڕین، پاش وەستانی درێژخایەن لە گوندە تەپوتۆزاویەکان و وێستگە بەتاڵ و دووردەستەکان، دەگەشتینە شوێنی خۆمان. کاتژمێر حەوتی ئێوارەی شەممە ١٨ی فەوریەی ١٩٥٠ ـ شەوی پێش کەرنەڤاڵ ـ لەژێر بارانێکی لافاوئاساو ناوەخت، من و دایکم بەو رێگەیەدا کەوتینە رێ، لە کاتێکدا تەنها سیودوو پیزۆمان لەگیرفاندابوو، کە گەر خانووەکە بەپێی هەڵومەرجی دیاریکراو نەدەفرۆشرا، بە زەحمەت دەیتوانی بەشی گەڕانەوەمان بکات.

ئەوشەوە، رەشەبای بەردەوام ئەوەندە قایم بوو زۆر بە ئاستەم لە بەندەرەکە توانیم دایکم قایل بکەم سواری کەشتیەکە ببێت. حەقی خۆی بوو بترسێت. کەشتیە بچوکەکەمان وێنەی بچوککراوەی کەشتیە هەڵمیەکانی نیوئۆرلیان بوو، بەڵام ماتۆرەکەی بەگاز ئیشی دەکردوو لە کاتی ئیشکردندا کەشتیەکەی دەخستەلەرزە. هۆڵێکی بچوك و

---

[1]. Aruhacos یا Arawakos، نەتەوەیەك لە هیندیە سوورەکانی دۆڵی ئۆرینیکۆ، کە لەپێش هیندیە سوورەکانی دارابیسەوە لە کارایب نیشتەجێبوون، و لەوێشەوە لەرێگەی ئامازۆنەوە بەرەو پاراگوای و ئەرژەنتین کۆچییان کرد.

[2]. United Fruit Company

[3]. Cienaga

کۆمەڵێك شوێنی هەڵواسینی هاماکا[1] لە ئاستە جیاوازەکانداو کورسی دارین کە هەرکەسەو چۆنی بتوانیباو بەهەر مەینەتیەك بووە بە باروبنەی زۆرو بوخچەو قەفەسی مریشكو تەنانەت خوکی زیندووەوە لەسەریان دادەنیشت. هەروەها چەند کابینەیەکی بەرتەسكو خنکێنەریشی تێدابوو، کە قەرەوێڵەی دوتاکی سەربازخانەیان تێدابوو، تارادەیەك بەردەوام لەلایەن ئەو سۆزانیە بێپارەو پەککەوتانەوە داگیرکرابوو کە بەدرێژایی رێگا خزمەتی بەپەلەیان پێشکەش دەکرد. لەبەرئەوەی لە دواساتەکاندا هیچ کابینەیەکی بەتاڵمان چنگ نەکەوتو هاماکاشمان لەگەڵ خۆمان نەبردبوو، منو دایکم بە هێرشێکی جانانە لە رێڕەوە سەرەکیەکەدا دوو کورسی ئاسنمان داگیر کردو قایل بووین بەوەی شەو لەسەر ئەو کورسیانە بەینەسەر.

هەروەك ئەوەی دایکم لێی دەترسا، لە کاتی پەڕینەوەدا بە روباری ماگدالنا[2]، کە لەوشوێنەی دەڕژێتە دەریاوە لە ئۆقیانوسێك دەچێت، کۆچەرە ئەترسەکان کەوتنە بەر قامچی زریان. من لە بەندەرەکە بەکڕینی هەرزانترین جگەرە ـ توتنی رەشو کاغەزێکی چرچولۆچ ـ بەشی خۆم جگەرەم پاشەکەوت کردبوو، وەك ئەوەی لەورۆژانەدا دەمکێشا، جگەرەم بە جگەرە دادەگیرساند، ئەمەش لە کاتێکدا کە جارێکیتر روناکی مانگی ئوتی ویلیام فاکنەرم دەخوێندەوەکە لەوسەردەمانەدا وەفادارترین فریشتەی پارێزەرو دەسەڵاتداری دەرونم بوو. دایکیشم پشتی بە شێوازە کۆنەکەی بەستو ئەوندە توند پابەندی باوەڕە خورافیە کۆنەکانی بوو وەك ئەوەی بیەوێت تراکتۆر لە قوڕ دەربێنێتەوە یان هاوسەنگی فرۆکە رابگرێت،و لەکاتی پاڕانەوەکانیشدا، وەك خوی هەمیشەیی، هیچی بۆخۆی داوا نەکرد، بەڵکو بۆ تەمەن درێژیو سەرکەوتنی هەر یازدە منداڵەکەی پاڕایەوە. وابزانم نزاکەی گەیشتە ئەوشوێنەی دەبوو بیگاتیو قبوڵیشکرا، لەبەرئەوەی هەر گیرابوو کە لەوشوێنە تێپەڕین لەباتی تەرزە باران ئەمنە دەباریو شەماڵێکی لەسەرخۆ هەڵی کرد کە تەنها مێشولەکانی راودەنا. دایکم کە دڵی ئارام کردبوو تەسبیحەکەی گرت بەدەستەوە بە بێدەنگی لەو جموجوڵەی ژیانی دەوروبەرمانی دەڕوانی.

لە ماڵێکی سادەدا لە دایك ببوو، بەڵام لەسەردەمی درەوشاوە شکۆمەندو ناپایەداری کۆمپانیای مۆز گەشەی کردبوو، هیچ نەبێت بەوبۆنەیەوە ئەو هەلەی بۆ هەڵکەوتبوو کە وەکو کچانی ماڵە دەوڵەمەندەکان پەروەردە بکرێتو بخوێنێتو لە دواناوەندی

---

[1]. Hamaca، جۆرێك جۆلانەی لەقوماش دروستکراوە کە لەئەمریکای لاتین بۆ خەو یان پشوودان بەکاری دەهێنن.

[2]. magdalena

پرێسینتاسیۆن دێ لا سانتیسیما ڤیرجین[1] له **سانتا مارتا**[2] بخوێنێت. له پشووی کریسمسدا، لەگەڵ هاوڕێکانی کاری چنینی جێبەجێ دەکرد، له ئاهەنگه خێرخوازیەکاندا کڵاوسنی دەژەند،و لەگەڵ یەکێك له پورەکانی له کۆڕی سەمای ئەشرافی چاکەکاری ناوچەیی، کە لەڕوی رەوشتەوە بچوکترین رەخنەیان لەسەر نەبوو، بەشداری دەکرد. بەڵام تا ئەوروژەی بە پێچەوانەی خواستی دایك وباوکیەوە بووبە ژنی تەلەگرافچی گوندەکە، کەس نەیبیستبوو لەگەڵ پیاوێکدا ئەمسەروسەری کردبێت. لەبەرچاوترین تایبەتمەندیەکانی قسەخۆشیو تەندروستی جەستەییو لاشە بەهێزەکەی بوو کە مەینەتیو ناهەمواریەکانی ژیان، بە درێژایی تەمەنە درێژەکەی، هەرگیز نەیانتوانی بەسەریدا زاڵ ببن. بەڵام سەیروسەمەرەترین،و لەوسەردەمەشدا شاراوەترین تایبەتمەندی، توانای تایبەتی بوو لەسەر ئەوەی بەوپەڕی ووردبینیەوە، بەهێزیە بێوێنەکەیو کەسایەتیە بەتواناو سەرسەختەکەی بشارێتەوە: لەهەموو روویەکەوە تایبەتمەندیەکانی لەدایکبووانی بورجی شێری هەڵگرتبوو. لەسایەی ئەو تایبەتمەندیەدا، دەسەڵاتە دایك سالارانەکەی تەنانەت بەسەر خزموکەسە دوورەکانیشدا دەسەپاند کە بە سەرتاسەری وڵاتدا بڵاوببونەوە، وەك ئەوەی چێشتخانەکەی خاڵی تەومەرەیی سیستمێکی گەردونی بێت، کە لەسەرخۆو بەبێئەوەی چاوبتروکێنێتو بەدەم کوڵاندنی ماشی رەشەوە، ئەو سیستمەی بەڕێوەدەبرد.

ئەودەمەی دەمبینی بەبێ ناوچاوان گرژکردن سەرجەم سەختیو ناخۆشیەکانی ئەو سەفەرەی پێهەڵدەگیرێت، لەخۆم دەپرسی چۆن توانیویەتی بەوپەڕی خۆڕاگریەوە لەبەرامبەر ئەوهەموو نادادپەروەریو هەژاریە دان بەخۆیدا بگرێت. ئەوشەوە پڕئازارە باشترین مەحەکی پێوانەکردنی توانای خۆڕاگری بوون. مێشوولە خوێنمژەکان، گەرمای توندو ڤێزمونی پڕلە بۆگەن کە لەکاتی تێپەڕینی کەشتیەکەی ئێمەدا لە زەلکاوی بۆگەنی ئاومرۆکانەوە دەهات، جموجۆڵی ئەو موسافیرە نائارامانەی خەویان لێ نەدەکەوت، دەتوت هەموو ئەوانە دەستیان داوەتە دەست یەك بۆ ئەوەی ئارامترین مرۆڤەکانیش بێزاربکەنو تورەی بکەن. دایکم بەبێ جوڵە لەسەر کورسیەکەی پاڵی لێ دابوەوەو قسەی نەدەکرد، لەکاتێکدا کە کیژە لەش فرۆشەکان، بەجلوبەرگی پیاوانە یان لەبەرگی نەوجەوانێکی لادێیەوە، لە کابینەکانی ئەوناوە، خەرمانی کەرنەڤالیان دەچنیەوە. یەکێك لەوکیژانە کەژوورەکەی رێك لەتەنیشت کورسیەکەی دایکمەوە بوو، چەندینجار،

---

[1]. Presentacion de la Santisima Virgen

[2]. Santa Marta

هەرجارەو لەتەك مشتەریەکی تازەدا، هاتوچۆی دەکرد. هەستم دەکرد دایکم ئاگای لەو نییە. بەڵام ئەودەمەی بۆ چوارەمین یان پێنجەمین جارو لەماوەی کەمتر لە یەك کاتژمێردا، چووە ژوورەوەو هاتە دەرەوە، تا ئەوسەری هۆڵەکە بە نیگایەکی پڕ لە قینەوە بەڕێی کرد.

هەناسەی هەڵکێشا ـ کیژۆڵە بەستەزمانەکان، بۆتێرکردنی زگیان، دەبێت مل بۆ چ جۆرە کارگەلێك کەچ بکەن کە سەد ئەوەندەی کارکردن ئاستەمترە.

تا نیوەشەو بارودۆخەکە وەکو خۆی بوو، تا دواجار نەمتوانی لەژێر روناکی کزی ڕێڕەوەکەدا لە خوێندنەوە بەردەوام بم، لەتەنیشت دایکمەوە دانیشتم‌و دەستم کرد بە جگەرە بەبا کردن، چاوەڕێی ئەوەم کرد بە سەلامەتی بە لە ڕەوانەکانی ناوچەی **یوکناپاتوپها**[1] دا تێپەڕین. ساڵێك پێشتر دەستم لە زانکۆ هەڵگرتبوو، بەو سەودا جەسورانەیەی لەڕێگەی رۆژنامەنووسی‌و ئەدەبەوە ژیانم دابین بکەم بێئەوەی پێویستم بەوەبێت فێریان ببم، دڵم بەو ڕستەیە خۆش بوو کە وابزانم لە نووسینەکانی بێرناردشۆدا خوێندبوومەوە:"زۆر بچوك بوم دەستم لەفێربوون هەڵگرت بۆئەوەی بچمە قوتابخانە"جورئەتی ئەوەم نەبوو لەوبارەیەوە لەگەڵ کەسدا قسە بکەم، لەبەرئەوەی هەستمدەکرد بەڵگەکانم بەتەنها لای خۆم پەسەندن.

هەوڵدان بۆ قایلکردنی دایك‌و باوکم بەوکارە شێتانەیەم، کە هێندە چاوی هیوایان لە داهاتووم بڕیبوو، بەوپەڕی هەژاریەوە ئەوەندە پارەیان بۆ خەرج کردبووم، کات بەفیڕۆدان بوو. بە تایبەت قایلکردنی باوکم، کە هەر هەڵەیەکیتری دەبەخشیم تەنها ئەوەیان نەبێت کە بڕوانامەکەی زانکۆم، کە بۆخۆی هەرگیز نەیتوانیبوو بەدەستی بهێنێت، لەچوارچێوە نەگرم‌و هەڵی نەواسم. پەیوەندیمان پچڕا. تاڕادەیەك‌و تا ساڵێك دواتر، هێشتا بەنیازبووم سەردانی بکەم‌و بەڵگەکانی بڕیارەکەمی بۆ ڕونبکەمەوە، کە لەناکاو سەروکەلەی دایکم دەرکەوت‌و داوای لێکردم بۆفرۆشتنی خانوەکە لەگەڵی بڕۆم. بەڵام هەر لەسەرەتای سەفەرەکەمانەوە تا نیوەشەو، هیچ ئاماژەیەکی بەو بابەتە نەکرد، تازە لەوکاتەدا وەك ئەوەی بەشێوەیەکی میتافیزیکی پێی ئیلهام کرابێت، بارودۆخەکەی بە گونجاو بینی تا ئەوشتەم پێ بڵێت کە بێگومان هۆی سەرەکی سەفەرەکەی بوو،و بە حاڵەت‌و ریتم‌و ووشەگەلی تەواو حساب بۆکراوەوە، کە لەوانەیە لەتەنهایی شەوانی بێخەویدا، زۆر پێشئەوەی ڕێگەی سەفەر بگرێتەبەر، لەزەمینیدا پەروەردەی کردبوو، دەستی بە قسەکردن کرد.

---

[1]. Yoknapatawpha

وتی ـ باوکت زۆر خەفەت دەخوات.

دواجار رووبەڕوی هەمان ئەو دۆزەخە بوومەوە کە ئەوەندە بیوەهۆی مەترسیم. بەردەوام، ئەودەمانەی لەبینەرەتدا چاوەڕێت نەدەکرد، بابەتە هەستیارەکانی، بە دەنگێکی هێمنی بەخشەوە کە لەژێر هەرجۆرە گوشارو هەلومەرجێکدا مەحاڵبوو بگۆڕێت، باس دەکرد. هەرچەندە بە باشی وڵامی پرسیارەکەمم دەزانی، بەڵام بۆئەوەی رۆتینی باسەکەم پاراستبێت، لێم پرسی:

ـ ئاخر بۆچی؟

ـ لەبەرئەوەی دەستت لە خوێندنەکەت هەڵگرتووە.

وتم ـ دەستم لێ هەڵنەگرتووە، بوارەکەم گۆڕیوە.

بەو خەیاڵەوە کە بەچڕی قسە بکەین وروژاو گیانی بەبەردا هاتەوە.

وتی ـ باوکت دەڵێت ئەوەووە وەک یەکە.

لەگەڵئەوەی دەمزانی بەوجۆرە نەبووە، وتم:

ـ خۆشی دەستی لەخوێندن هەڵگرت بۆئەوەی کەمان بژەنێت

دەیکەم بە لێبڕانێکی هەڵچوونەوە وەڵامی دایەوە ـ ئەوە جیابوو. بەتەنها لە ئاهەنگەکان و سرێناتا[1]کاندا کەمانی دەژەند. کە نەیتوانی درێژە بەخوێندن بدات لەبەرئەوەبوو نانی شەوی نەبوو. بەڵام هەرهیچ نەبێت لەماوەی کەمتر لە مانگێک فێری پیشەی تەلەگرافی بوو، کە لەوسەردەمەدا پیشەیەکی زۆر باش بوو، بەتایبەت لە ئاراکاتاکا.

وتم ـ باشە، منیش لەرێگەی نووسینی وتار بۆ رۆژنامەکانەوە پارە پەیدا دەکەم.

وتی ـ ئەوە لەبەرئەوەی دڵی من خۆش بکەیت وا دەڵێیت. بەڵام روخسارت لەدوورەوە هاوار دەکات کە بارودۆخت خراپە. گەر وا نییە، ئەی بۆچی کە لای کتێبفرۆشەکە تۆم بینی نەمناسیتەوە؟

وتم ـ منیش تۆم نەناسیەوە.

وتی ـ بەڵام هۆی ئەومان شتێکیتربوو. من وامدەزانی کارت گەیشتۆتە سواڵکردن ـ تەماشایەکی پێوچە کۆنەکانی کرد، لە درێژەی قسەکانیدا وتی، گۆرەویشت لە پێدا نییە.

وتم ـ بەمشێوەیە ئیسراحەتترم. دوو کراس و دووپانتۆڵی زیادەوە، یەکێکیان لەبەر دەکەیت و ئەویتریان دەشۆیت تا وشک دەبێتەوە. لەمە زیاترمان بۆچییە؟

---

[1]. serenata، ساز و ئاوازێکە کە شەوان لە کەشێکی کراوەدا لەبەردەم پەنجەرەی کەسێکدا لەبەر ئەو بیژەنن و بیچڕن.

وتی ـ کەمێك سەربەرزی ـ بەڵام هەرزوو بە ئاوازێکی جیاواز نەیهێشت قسەکەی بەرمەلی تێپەڕێت ـ بۆیە ئەوەت پێ دەڵێم لەبەرئەوەی زۆرم خۆش دەوێیت.

وتم ـ دەزانم، بەڵام راستم پێ بڵێ، گەر تۆش لەباتی من بوویتایە هەمان کارت نەدەکرد؟

وتی ـ گەر بمزانیبا بەوە دەبمە هۆی ناڕەحەت کردنی گەورەکانم، مەحاڵبوو بیکەم.

بیرمکەوتەوە کە چەندە سەرسەختی نواند تاوەك لەسەر شووکردنەکەی بەسەر ناڕەزایی خێزانەکەیدا سەرکەوت، بەپێکەنینەوە وتم:

ـ ئەگەر راست دەکەیت سەیری چاوم بکە.

بەڵام ئەو خۆی لەو بابەتە دزیەوە لەبەر ئەوەی دەیزانی باسی چی دەکەم.

وتی ـ بەبێ بەرۆزبایی گەورەکانم شووم نەکرد. راستە بەزۆر رازیم کردن، بەڵام شووکردنەکەم دواجار بەبێ رەزامەندی ئەوان نەبوو.

باسەکەی بە نیوەناچڵی بەجێهێشت، ئەمەش نەوەکو لەوەی بترسێت کە بەبەرامبەر بەڵگەکانی من بدۆڕێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەویست بچێتە سەر توالێت،و لە پاکوتەمیزی ئاوەڕۆکانی کەشتیەکە دڵنیا نەبوو. لەگەڵ ئەفسەری دوهەمی کەشتیەکە قسەم کرد بۆئەوەی بزانم شوێنێکی پاکتر بۆ خۆ بەتاڵکردنەوە دەست دەکەوێت،و ئەویش بۆی رونکردمەوە کە خۆشی ئەو توالێتە گشتیە بەکاردەهێنێت،و قسەکانی بە رستەیەك کۆتایی پێهێنا وەك ئەوەی تازە نووسینێکی کۆنراد[1]ی خوێندبێتەوە: "لە دەریادا، هەمووومان یەکسانین." دایکم بەناچاری بوە هاوڕەنگی کۆمەڵ. دوای ئەوەی کە هاتە دەرەوە بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانم دەکردو نیگەرانی بووم، بە زەحمەت دەیتوانی بەرلەخۆی بگرێت،و دەست نەکات بە پێکەنین.

وتی ـ بیهێنە بەرچاوی خۆتە گەر یەکێك لەو نەخۆشیە بێ ئابڕووانە بگرم باوکت چی بەسەر دێتە!

نیوەشەو تێپەڕی، سێ کاتژمێر دواکەوتین، لەبەرئەوەی گوڵاڵەسوورەکانی نێو ئاوەکە پەروانەکانیان لەکار خستبوو،و کەشتیە پەرپوتەکەمان لەنێوان لقوپۆپی درەختە ناوچەییەکاندا گیریخوارد، زۆربەی سەرنشینەکان ناچاربوون لە کەنارەکەوە بە گوریسی‌واماکاکان،و زەحمەتێکی زۆر رایبکێشنە دەرەوە. گەرماو مێشوولە لوت درێژەکان تەحەمووڵ نەدەکران، بەڵام دایکم بە سەرخەو شکاندنە چرکەیی،و جارناجارەکانی، کە لە بنەماڵەکەدا بەناوبانگ بوون،و بواری ئەوەیان پێ دەبەخشی بحەوێتەوەو سەری

[1]. Joseph Conrad (۱۹۲٤ ـ ۱۸۵۷). رۆمان نووسی بەریتانی بەڕەچەڵەك ئەمسایی کە بەسەرهاتی زۆربەی چیرۆکەکانی دەربارەی دەریا و دەریاوانەکانە.

قسەکانیشی لەدەست دەر نەچێت، ئازاری ئەوکاتانەی رەواندەوە. کە سەفەرەکەمان دەستی پێکردەوە، شەماڵی دڵخۆشکەری دەمەوبەیان بە تەواوەتی خەوی لەسەر دەرکردین.

هەناسەیەکی هەڵکێشا ـ **بەهەرحاڵ، دەبێت وەڵامێك بۆ باوکت ببەمەوە.**

بە هەمان بێباکی دڵپاکانەوە وتم ـ **باشتر وایە نیگەران نەبێت. مانگی دێسامبەر خۆم دەگەڕێمەوە بۆ لاتان و ئەوکاتە هەموو شتێکی بۆ رون دەکەمەوە.**

ئەو وتی ـ **ئەوە دەمانگی ماوە.**

وتم ـ **بەهەرحاڵ، ئەمساڵ تازە بۆ زانکۆ درەنگە.**

ـ **بەڵێن دەدەیت بگەڕێتەوە؟**

وتم ـ **بەڵێن دەدەم و بۆ یەکەمجار لە قسەکانیدا هەستم بە دڵڕاوکێ کرد:**

ـ **دەتوانم بە باوکت بڵێم وەڵامەکەت بەڵێیە؟**

بەبێ چەندوچون پێموت: ـ **نەخێر. ئەمەیان نا.**

دیاربوو بەدوای رێگەچارەیەکی تردا دەگەڕێت. بەڵام من هیچ رێگەیەکم پیشان نەدا.

ئەو وتی ـ **کەواتە باشتر وایە راستیەکەی پێ بڵێم و ئاوبێنەو دەست بشۆ. بەوجۆرە هەست ناکات کڵاوم کردۆتە سەری و لەخۆڕا دڵیم خۆش کردوە.**

هەناسەیەکی دڵارام هەڵکێشاو وتم ـ **باشە، پێی بڵێ.**

لەسەر ئەوە رێکەوتین، و گەر کەسێك باشی نەناسیبا وایدەزانی ئەو مەسەلەیە لەوێدا کۆتایی پێهاتووەو چیتر هیچ کێشەیەکمان پێکەوە نییە، بەڵام من دەمزانی ئەو ئاگربڕە کاتیە تەنها بۆ ئەومیە هەناسەیەك تازە بکاتەوە. کەمێك دوای ئەوە، وەك منداڵ خەوی لێ کەوت. شەماڵێکی هێمن مێشوولە دەنوك درێژەکانی تاراندو هەوای تازەی پڕاوپڕکرد لە بۆنی گوڵەکان. ئەوکاتە، کەشتیەکە وەك بەلەمەکانی پێشبڕکێ کردن گورجوگۆڵ بوو.

لە ـ **سیێناگا گراندێ**[1] ـ دەپەڕینەوە، کە یەکێکتر بوو لە ئەفسانەکانی **سەردەمی** منالیم. چەند جارێکیتر، ئەودەمەی باپیرم سەرهەنگ **نیکۆلاس ریکاردۆ مارکیز میخیا**[2] ـ کە نەوەکانی بە **پاپالیلۆ**[3] بانگیان دەکرد ـ منی بۆ بینینی دایك و باوکم لە ئاراکاتاکاوە دەبرد بۆ بارانکیا بە کەشتی بەوێدا رۆشتبوین. باپیرم، ئەودەمەی باسی فەرمەنگی و سروشتی پێشبینی نەکراوی ئەو روبارەی بۆ دەکردم، کە هەندێك جار لە زۆنگاوو هەندێك جاری تریش لە ئۆقیانوسێکی سەرکێش و هەلچوو دەچێت، پێی وتبوم: "نابێت

---

[1]. Cienaga Grande

[2]. Nicolas Ricardo Marquez Mejia

[3]. Papalelo

له سیێناگا بترسی بەڵکو دەبێ ڕێزی بگریت". له کاتی وەرزەبارانددا خۆی دەدایە دەست تۆفانی کوێستانەکان. له مانگی دێسامبەرەوە تا ئاپریل‌ئەودەمەی ئاووهەوا خۆش‌و گونجاوە، با ـ ی گەرمەسێریی باکور ئەوەندە بە توندی هێرشیان بۆ دەبرد، که هەر شەوەو بۆخۆی بەسەرهاتێکی هەبوو. داپیرەم له دایکمەوە، **ترانکیلینا ئیگیواران**[١] ـ **مینا**[٢] ـ له سەفەرێکی ترسناکدا که به ناچاریی تا بەیانی لە دەربەندی **ڕیۆفریۆ**[٣] مابونەوە، ئامادە نەبوو جارێکیتر بەو ڕێگەیەدا سەفەر بکاتەوە، مەگەر لەبەر ناچاریی نەبێت.

خۆشبەختانە ئەوشەوە ڕوبارەکە ئارام بوو. پێش دەرکەوتنی سپێدە بە مەبەستی هەڵژینی هەوا چوومە بەشی پێشەوەی کەشتیەکەو له پەنجەرەکەوە له قەیاغ ئەو ماسیگرانەم دەڕوانی کە وەکو ئەستێرە لەسەر ئاوەکە شەپۆلیان دەدا. ژمارەیان زۆربوو، ماسیگرە نادیارەکان بەشێوەیەك پێکەوە قسەیان دەکرد دەتگوت میواندارییی تارمایی ڕۆحەکان دەکەن، لەبەر ئەوەی دەنگیان وەکو دەنگێکی ناسروشتی بەر گوێ دەکەوت. باڵم لێدابوەوەو دەمویست لەبەر سێبەری نیمچە ڕوناکی سپێدەدا کێوەکانی ئەو دەوروبەرە ببینم، کە له ناکاو خەمێك دوچاری دڵتەنگی کردم.

سپێدەیەکی تری وەکو ئێستا، ئەوکاتەی بەم ڕوبارەدا دەپەڕاینەوە، پاپالیلۆ منی له خەودا بەجێهێشت‌و ڕۆشت بۆچێشتخانەکە. نازانم کات چەندبوو ئەوکاتەی بەهۆی هەراوهوریایەکی زۆرەوە کە ئاوێتەی هاژوهوژی پانکەژەنگاویەکان‌و تەقتەقی چینکۆی کابینەکانەوە،لەخەو ڕاپەڕیم. زۆر ترسام، لەبەرئەوەی ئەوکات تەمەنم تەنها پێنج ساڵ دەبوو، بەڵام هەر زوو دەنگەدەنگەکە نەماو من وامدەزانی خەوم بینیووە. ئەو بەیانیەی گەشتینە بەندەری سیێناگا، باپیرم لەبەردەم ئاوێنەیێکی هەڵواسراو ڕیشی دەتاشی‌و دەرگای کابینەکەی کرابوەوە. شتەوردەکانی ئەو کاتەم بەتەواوەتی لەبیرماوە: کراسی لەبەرا نەبوو، بەڵام پانتۆڵە پان‌و خەت سەوزەکانی، کە هەرگیز له خۆی دورنەدەخستنەوە، بە نێوچەوانیەوە بەستبوو. بەدەم ڕیشتاشینەوە لەگەڵ پیاوێك قسەی دەکرد کە گەر ئێستاش بیبینمەوە دەیناسمەوە. ڕوخساری قەلەرەشئاسای له هیچ مروڤێکی تر نەدەچوو، لەسەر قۆڵی ڕاستی وەکو مەلەوانەکان خاڵ کوترابوو،چەند زریزەێکی ئاڵتونی لەمل کردبوو، هەروەها کۆمەڵێك زریزەی تری له دەستابوو کە ئەوانیش هەموو ئاڵتون بوون. تازە خۆم گۆڕیبوو،لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتبووم‌و پۆتینەکانم پاك دەکردەوە، ئەو پیاوە بەباپیرمی وت:

---

١. Tranquilina Iguaran

٢. mina

٣. Riofrio (ڕوباری سارد)

- **جەنابی سەرهەنگ باوەڕیکەن دەیانویست هەڵتبدەنە ڕوبارەکەوە.**

باپیرم بە پۆزێکەوە پێکەنیو بە دەم ڕیش تاشینەوەو بە خۆگەورەزانینێکی تایبەتیەوە لە وەڵامدا وتی:

- **خۆیان ڤازانجیان کرد کە جورئەتیان نەکرد.**

من ئالەوکاتەدا بەتەواوەتی لە هەراوهووریاکەی دوێنێ شەو تێگەیشتمو لەترسی ئەوەی چەندکەسێك ویستوویانە باپیرم فڕێدەنە ڕوبارەکەوە موومەکانی لەشم ڕاست بونەوە.

ئەو ڕوداوە بۆ هەمیشە بە نهێنی مایەوەو لەو بەیانیەدا کە لەگەڵ دایکم بۆ فرۆشتنی خانوەکە دەرۆیشتین، ئەو کاتەی لە بەفری کوێستانەکان ورد دەبومەوەکە لەژێر تیشکی خۆری ئەوبەیانیەدا دەبریسکانەوە، لە ناکاو جارێکیتر هاتەوەیادم. بەهۆی دواکەوتنمانەوە توانیمان ڕوناکی بریسکانەوەی چەوولی کەنارەکە ببینین کە بە زەحمەت دەریاو ڕوبارەکەی جیادەکردەوە، لەوبەرەوە گوندی ئەو ماسیگرانە بەدی دەکرا کە تۆڕەکانیان لەبەر هەتاو هەڵخستبوو، هەروەها ئەو منالە چلکنو ڤوڕاویانە دەبینران کە یاریان بە تۆپێکی لە ڤوماش دروستکراو دەکرد. لەنێو کۆچەکانیشدا ئەو ماسیگرانەمان بینی کە تەنها یەك دەستیان مابوو لەبەرئەوەی فریانەکەوتبون بەخێرایی تی ئێنتییەکان فڕێدەنە ئاوەکەوە. لەکاتی لەنگەرگرتنی کەشتیەکەدا منالەکان بۆ گرتنەوەی ئەو پارانەی موسافیرەکان هەڵیان دەدا، خۆیان دەخستە ئاوەکەوە.

کەمێك پێش کاتژمێر حەوت، لە زەلکاوێکی بۆگەنی نزیك گوندی سیێناگا لەنگەرمان گرت. کۆمەڵێك کۆڵبەر کە تا ئەژنۆیان لە ڤوڕولیتە چەقیبوو بە ئامێزێکی کراوەوە بەرەوپیرمان هاتنو بە نێو ئەومریشکانەدا کە لەسەر پاشماوەکانی نێوزەلکاوەکە بە یەکدا هەڵدەپڕزان، شلپەشلپ ئێمەیان دەگەیاندە سەر بەندەرەکە. ئەوکاتەی لەسەر کەناری بەندەرەکە بە تامو چێژەوە نانی بەیانیمان دەخوارد کە بریتی بوولە وردەماسی بەلەزەتی سیێناگاو ڤاشە مۆزی سورەکراو، دایکم لەناکاو شەڕمتایبەتیەکەی داگیرساندەوە.

بەبێ ئەوەی سەیرم بکات وتی - **پێتنەوتم چۆن وەڵامی باوکت بدەمەوە.**

کەمێك خۆم سەرقاڵ‌خەریك کرد بۆئەوەی وەڵامێك بدۆزمەوە.

- **وەڵامی چی؟**

بە کەمێك نارەحەتیو تورەییەوە وتی - **وەڵامی ئەوتاکە شتەی کە بەلایەوە زۆرگرنگە. خوێندنەکەت.**

لـه خۆشـبەختی مـن، کرپـارێکی ڕوداروو فـزولی، کەقـسەکانمان سـەرنجی ڕاکێـشابوو، دەیویست بزانێت بۆچی دەستم لە خوێندن هەڵگرتوە. وەڵامی خێراو لـە ناکاوی دایکـم، جگە لەوەی نیگەرانی کردم، بوە هۆی ئەوەی سەریشم سوڕبمێنێ، لەبەر ئـەوەی هـەرگیز چـاوەڕێ نـەبووم دایکـم کـە حـەزی نـەدەکرد کـەس ئاگـای لـە وردەکاریـەکانی ژیـانی تایبەتیمان بێت، بەوشێوەیە وەڵامی بداتەوە.

وتی ـ **جەنابی دەیەوێت ببێتە نوسەر.**

پیاوەنەناسـراوەکە زۆر بـە جدیەتـەوەوتی ـ **نوسـەرێکی شـارەزا زۆر چـاك دەتوانێـت پارەی دەست بکەوێت، بەتایبەت ئەگەر بۆ دەوڵەت شت بنوسێت.**

نـازام لەبـەر پاراسـتنی نهێنیـە خێزانییـەکان بـوو یـان لەترسی بەلگـەکانی کەسـی بەرامبەر، بەڵام هەرچۆنێك بوو دایکم قسەکەی گۆڕیو هەردوکیان کەوتنە قسەوتن بەو نەوەیەی ئێمەو ئەفسوسیان بۆرۆژانی ڕابردوویان خوارد. دوایئەوەی قسەیان گەرم بـوو، دەرکەوت هەم لەرێگەی بنەمالـەی **کوتـە**[1]و هـەم لەرێگـەی بنەمالـەی ئیگـاراـەوە خـزمو ئاشنای بنەماڵەی ئێمەن. لەو سەردەمانەدا شـتی لـەوجۆرە زۆر ڕوی دەدا، لـە سـێ کەسـی دانیـشتوی کـەناری کـارائیبی دوو کەسـیان خـزمو ناسـراوی ئێمـە دەردەچـون، دایکیـشم بەردەوام ئەوجۆرە ڕێکەوتانەی بە نیشانەیێکبباش لە قەڵەم دەداو خۆشحال دەبوو.

بـە سـواری عەرەبانـەێکی تـاك ئەسـبی مۆدێـل فیکتۆریـایی، کـە ڕەنگـە دواهـەمین عەرەبانەی ئەو مۆدێلەبێت لە سەرتاسەری دونیا، بەرەو وێستگەکە بە ڕێ کەوتین. دایکم بـیری دەکـردەوەو بێتاقـەت دیـاربوو، چـاوی لەسـەر دەشتەچـۆڵو بـەخوێ سـوتاوەکان هەڵنـەدەگرت کـە لـە زەلکـاوی بەندەرەکەوە دەسـتی پێـدەکردو تێکـەڵاوی ناسـۆ دەبـوو. ئەودەشتە لای من مێژووی خۆی هەبوو: لە تەمەنی سێ یان چوارساڵی، لە یەکەم چوونم بۆ بارانکیـا، لەگـەڵ بـاپیرم بـەو بیابانـە سـوتێنەرەدا گوزەرم کردبـوو، بـاپیرم بـەخێرایی دەرۆشت بێ ئەوەی من بزانم بۆ پەلەیەتیو لـەناکاو پانتـایی ئـاوێکی سـەوزی کـەفاویمان بینی هێڵنجی دەداو کۆمەلێك باڵندەی خنکاو لەسەری شەپۆلیان ئەدا.

باپیرم پێی وتم ـ **ئەوە دەریایە.**

بە دڵێکی شکاوەو لێمپرسی ئەی کەنارەکەی ئەوبـەرەوە چـۆنە، ئـەویش بـە بـێ هـیچ دوودڵیەك وتی:

ـ **هیچ کەنارێك لەوبەرەوە بوونی نیە.**

---

[1]. Cotes

ئێستا، هەرچەندە کەناری هەموو دەریاکانم بینیوە، بەڵام هەست دەکەم وەڵامەکەی یەکێك بوو لە قسە لەیادنەکراوو حەکیمانەکانی باپیرم. بەهەرحاڵ، هیچکام لەو وێنانەی نێو خەیاڵم لەو دەریا دڵگیرە نەدەچوو کە هەرگیز نەدەکرا بەسەر کەنارە کرێشاویەکەیو بەنێو لقو پۆپی درەختەڕزیوو سەدەفی هێلکەشەیتانۆکەکاندا تێپەریت. شتەکان پرمەترسی بوون.

رەنگە دایکیشم بەهەمان شێوە لە دەریای سییێناگای ڕوانیبێت، لەبەر ئەوەی هەرئەوەندەی لەلای چەپی عەرەبانەکەوە دەریاکەی بینی، هەناسەیەکی گەرمی هەڵکێشاو وتی:

- **هیچ دەریایەك نابێتە دەریای ڕیۆهاچا**[1]!

لەوکاتەدا، پیرەوەری ئەو باڵندە خنکاوانەم بۆ گێڕایەوە، وەکو هەموو کەسە گەورەکانی تر، ئەویش وایدەزانی ئەندێشەی سەردەمی منالیە. پاشان، جارێکی تر نوقمی تەماشای شوێنەکانی دەوروبەر بوەوە، منیش بە پێ گۆرانی بێدەنگیەکانی دەمزانی هەرکام لەو شوێنانە چ هەستێکی پێ دەبەخشێ. لەوسەری وێسگەکە، بە بەردەمی گەرەکی سۆزانیەکاندا گوزەرمان کرد: ماڵە لە تەختە دروستکراوە رەنگاورەنگەکان کە سەربانە لە چینکۆ دروستکراوەکانی ژەنگ گرتبویو توتیە پیرەکانی **پاراماریبۆ**[2] لەو قەفەسانەدا کە بە گوێسەبانی ماڵەکانەوە هەڵواسرابوون بە زمانی پورتوگالی فەرمویان لە کڕیارەکان دەکرد. بە پاڵ گەراجی کابینەی شەمەندەفەرەکاندا تێپەرین، کە باڵندەکۆچەریو باڵندەدەریایەکان بۆخەوتن هاتبوونە ژێر سەربانە گەورەکەیەوە. بە بێ ئەوەی بچینە نێو شارەکەوە بە وێدا تێپەرین، بەڵام لە دورەوە شەقامە پانو چۆڵەکانو خانوە کۆنەکانی دەوڵەمەندەکانی شارمان بینی، ئەو خانوانەی کە تەنها یەك نهۆم بوونو پەنجەرەی گەورەیان هەبوو، بەردەوامیش دەنگی مەشق کردن لەسەر پیانۆ لەو خانوانەوە بەر گوێ دەکەوت. لە ناکاو دایکم پەنجەی بۆ شوێنێك راکێشا.

وتی - **تەماشاکە. ئالەوێدا دونیا کۆتایی هات.**

تەماشای ئەو شوێنەم کرد کە دایکم ئاماژەی بۆکردبوو، وێستگەی شەمەندەفەرەکەم بینی

وێستگەیەکی دروستکراو لە داری توێکڵ هەڵخستوو کە سەقفەکەی گیای لێ ڕوابوو،هەروەهاچەندین باڵکۆن لەسەر سەربانەکەی دروستکرا بوو، لەوبەریشیەوە گۆرەپانێکی بچوكو بەتاڵ بەدی دەکرا کە تەنها دووسەدکەسی لە خۆ دەگرت. وەکو

---

[1]. Riogacha، بەندەرێکی بازرگانی لە کۆلۆمبیا.

[2]. paramaribo، پایتەختو بەندەری سەرەکی سیورینام، کە لەرابردودا بە هۆڵەندی گو ناودەبرا.

ئەوەی دایکم بۆی باس کردم، سالی ١٩٢٨، سوپا لەو گۆرمپانەدا ژمارمیەك لەو كرێکارانەی قەتلّو عام کردوە کە بە موچەی رۆژانە کاری چنینەوەی مۆزیان کردوەو تا ئێستاش کەس نازانێت ژمارمیان چەندە. من ئەوەندە بە وردی ئاگاداری ئەو روداوە بووم دەتوت بە چاوی خۆم روداوەکەم بینیوە، دواتر ئەودەمەی خودا بەهرەی تێگەیشتنو زانینی پێبەخشیم، باپیرم باسی ئەو رۆداوەی بۆکردمو دواتر چەندجارێکی تر هەمان روداوی بۆ گێرامەوە : فەرماندەی سوپا بڕیارێکی دەخوێندەوە کە لە چوارچێوەیدا كرێکارە مانگرتوەکان بە خەلّكێکی تاوانبار ناوبرابوون، پاش ئەوەی فەرماندەکە ڕایگەیاند بۆ چۆلّکردنی ئەو ناوە تەنها پێنج خولەك مۆلّەتمان هەیە، نزیکەی سێ هەزار ژنو پیاوو منداڵ لەژێر تیشکی سوتێنەری هەتاوەکەدا نەجولاینەوە، فرمانی تەقەکردنی دەر کرد، دەستڕێژی کوێرانەی فیشەك‌و هەراو هوریای خەلّکی ترسا و، دەنگی غەدارەش وەکو مقەستێك کە مەرگ بپڕێتەوە، بست بە بستی گۆرمپانەکەی دەبڕی.

شەمەندەفەرەکە کاتژمێر نۆی بەیانی دەگەشتە سیێناگاو موسافیرەکانی کەشتیەکەو خەلّکی ناوچە کوێستانیەکانی سوار دەکردو پاش چارەکە سەعاتێك بەرەو دارستانی مۆزەکان بەرێ دەکەوت. منو دایکم دوای کاتژمێر هەشت گەشتینە وێستگەکە. هەرچەندە شەمەندەفەرەکە درەنگتر لە کاتی خۆی بەرێکەوت، بەلاّم جگە لە منو دایکم نەفەری تری نەبوو. هەرکە چوینە نێو کابینەچۆلّەکەوەو دایکم ئەوەی بۆدەرکەوت، لە خۆشیا هاواری کرد:

- چەندە ڕێزلێنانە، شەمەندەفەرەکە لەبەر ئێمە لێرەیەا

ئەو وێنەیە بۆ هەمیشە لە زەینمدا مایەوە کە دەیویست دەریبخات خۆشحالّە تا ناکامیەکەی بشارێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر لە یەکەم نیگادا ڕزیوی کابینەکەو جێپێی وێرانکەری ژیانی تێدا بەدی دەکرا. کورسی شکاوی زەمانی کۆن، بە بێ کورسی لەحەیزەران دروستکراوو بەبێ شووشەو بەبێ ئەو پەنجەرانەی بەرزونزم دەکرێن، لەباتی ئەوانە کورسی لەدار دروستکراو دەبینرا کە بە هۆی لەسەر دانیشتنی زۆرو گەرمای قوونی خەلّکی هەزارەوە ڕزیبوون. بە بەراوردکردنی بە پەیکەری پێشوی لە تارمایی دەچوو. جاران کابینەکان لە سێ بەش پێکدەهاتن. بەشی پلە سێ، کە هەژارەکان پێی دەرۆشتنو هەمان ئەو کابینە لەتەختە دروستکراوانە بوون کە مۆزو خوکی قوربانی کراویان پێ دەگواستەوەو بەدانانی کورسیدرێژی لەداردروستکراو بۆ موسافیرە هەژارەکان ببوە کابینە. کابینە پلە دووەکان کورسیحەیزەرانی چوارچێوە برۆنزی تێدابوو. کابینە پلە یەکەکانیش، ڕێرەوێکی راخراوو کورسی دەسکداری پانوپۆڕ کە گۆشەی لە مەخمەڵ دروستکراویان لەسەربوو، تایبەت بوون بە بەرپرسە کەلەگەورەکانی

حکومەت‌و کارمەندە پایەبەرزەکانی کۆمپانیای مۆز. ئەوکاتە بەرێوەبەری کۆمپانیاکە، یان خێزانێکی، یاخود میوانە تایبەتیەکانی سەفەریان دەکرد، کابینەیەکی رازاوەی جام تاریکی تاق ئالتونی رەنگیان دەبەست بە دواوەی شەمەندەفەرەکەوە، بەشێکی سەربەتالی تێدابوو کە بۆ چاخواردنەوە لەبەر هەوای ئازاد چەند کورسیەکیان لێ دانابوو. لەبەر ئەوەی خەلکی لەوجۆرەم نەدەناسی، هەرگیز کەسێکم بەرچاو نەکەوت ناو ئەوکابینە خەیالیەی بینیبێ. هەرچەندە باپیرم چەندجارێك پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی وەرگرتبوو بەلام پارەی بەلاوە گرنگ نەبوو، سەرباری ئەوەش تەنها ئەوکاتانە بە کابینەی پلە دوو سەفەری دەکرد کە یەکێك لە ئافرەتەکانی بنەماڵەکەی لەگەڵ بوایەو گەر لێیان بپرسیبا بۆچی بە کابینەی پلە سێ سەفەردەکات، لە وەلامدا دەیوت :"**لەبەر ئەوەی کابینەی پلە چواری نیە.** "لەکۆندا کاتناسی شەمەندەفەر بەناوبانگ بوو، خەلکی کاتژمێرەکانیان لەسەر فیکەی شەمەندەفەر میقات دەکرد.

ئەو رۆژە نازانم لەبەرچی شەمەندەفەرەکە کاتژمێرو نیوێك درەنگتر بەرێ کەوت. ئەو کاتەی زۆر لەسەرخۆ بە قرچەقرچێکی خەمبارەوە بەرێ کەوت، دایکم بە دەست سەلیبێکی لەسەر خۆی کێشا، بەلام زۆرخێرا گەرایەوە بۆنێو دونیای واقیع.

وتی - **ئسپرینگەکانی ئەم شەمەندەفەرە پێویستی بە چەورکردنە.**

وابزانم جگە لە ئێمە شەمەندەفەرەکە کەسی‌تری تیا نەبوو، تا ئەوکاتەش هیچ شتێك روی‌نەدابوو سەرنجم رابکێشێت. پەنام بردەوە بۆ **روناکی مانگی ئاگۆست**، بەدەم بەباکردنی جگەرەوە دەمخوێندەوەو جارناجارێکیش بە خێرایی سەیرێکی دەرەوەمدەکرد بۆئەوەی بزانم گەشتوینەتە کوێ. شەمەندەفەرەکە فیکەیێکی بەرزی لێداو ناوچەی زەلکاوی سیێناگای بەجێهێشت‌و بە خێرایەکی زۆرەوە چووە نێو رێرەوێکی ناهەموارو داپۆشراو بە بەردی یاقوتی، دەنگی لەرینەوەی کابینەکان تا دەهات زیاتر دەبوو. بەلام پاش چارەکە سەعاتێك، هێواشتر بوەوەو، بە هەناسەیێکی هێورترو لەسەرخۆتر بەژێرسێبەری فێنکی دارستانی موزەکاندا درێژەی بە رۆشتن دا، هەوا گۆراو چیتر هەستمان بە شەمالی دەریا نەکرد. بێ ئەوەی چاو لە کتێبەکەم هەلبگرم دەمزانی گەشتوینەتە ناوچەی نهێنی ئامێزی دارستانی مۆزەکان.

دنیایەکیتربوو، لە هەردوو بەری هێلی شەمەندەفەرەکەوە شەقامە پانە لێکچوەکان‌و ئەو عەرەبانانەی گاکان رایاندەکێشان‌و مۆزی کالیان بارکردبوو لەسەر ئەو شەقامە بێ کۆتاییانە بەدی دەکران. لەسەر زەویە نەکێلراوەکان، ئۆردوگایەکی لەخشتی سوور دروستکراو دەبینرا، کە بریتیبوو لەچەند نوسینگەیەك کە کەلوپەلێکی بێ کەلك‌و هەرزان‌و پانکەی سەقفی تیا بەدیدەکرا، لەسەر بەرزایەکی بە گولاڵەسوورە داپۆشراویش

نەخۆشخانەیەکی تاكو تەنها دەبینرا. هەموو روبارێك گوندو پردی ئاسنینی تایبەتی خۆی هەبوو، کە شەمەندەفەرەکە بەسەر پردەکاندا گوزەری دەکرد، ئەو کیژۆڵە تازەپێگەیشتوانەی لەنێو روبارە فێنکەکەدا مەلەیان دەکرد کە شەمەندەفەرەکەیان دەبینی وەکوو ماسیە چاورەشەکان هەڵیاندەخستەوە بۆئەوەی لەرینەوەی مەمکەکانیان موسافیرەکان ئاشوفتە بکات.

لە گوندی ریۆفێریۆ، چەند خێزانێکی ئارفاکۆس سواری شەمەندەفەرەکە بوون، کۆڵەکانیان پڕبوو لە خوجی کێوی، کە خۆشترین جۆریەتی. بە هەڵپە هەڵپەوە ئەمسەراوسەری شەمەندەفەرەکە گەڕان بۆ ئەوەی شوێنێك بۆ دانیشتن بدۆزنەوە، بەڵام کە شەمەندەفەرەکە بەرێکەوتەوە، بەتەنها دووژنی سپیپێستو منداڵێكو قەشەیەکی گەنج سوار ببوون. منداڵەکە بەدرێژایی رێگەکە گریا. قەشەکە جوتێك جزمەو کڵاوێکی گەشتیارانەی لە سەردا بوو، عەبایەکی ئەستوورو پینەکراویشی بەشانەوە بوو کە مرۆڤی دەخستەوە بیری چارۆکەی کەشتیەکانو پێبەپێی گریانی منداڵەکە قسەی کرد، بەدرێژایی قسەکانی دەتوت لە سەر مێزی گوتاردانە. لەسەر ئەگەری گەرانەوەی کۆمپانیای مۆز قسەی دەکرد. لەوکاتەوەی کۆمپانیاکە لەوێ نەمابوو، خەڵکی ئەو ناوچەیە جگە لەو مەسەلەیە لەسەر شتیتر قسەیان نەدەکردو لەنێو ئەوکەسانەی کە خوازیاری گەرانەوەو دژی گەرانەوەی بوون، ناکۆکی بیرورا هەبوو، هەرچەندە هەموویان دڵنیابوون لە گەرانەوەی. جەنابی قەشە کە لە گروپی دژەکان بوو، ئەو بەڵگەیەی بۆ رونکردنەوەی بیروراکەی پێشکەشیکرد ئەوەندە تایبەتیبوو کە لەلای خانمەکان بێمانا کەوتەوە:

- پێی ئەو کۆمپانیایە بکاتە هەر شوێنێك، وێرانی دەکات.

هەر ئەو قسەیەی راست بوو، بەڵام نەیتوانی بەباشی رونی بکاتەوە، دواتر دایکی منداڵەکە بەپێی ئەو بەڵگەیەی کە خودا لەگەڵ ئەو قسەیەی ئەودا نیە، ئەو پیاوە رۆحانیەی بەتەواوەتی گێژ کرد.

حەسرەتی رۆژانی رابردوو، وەکو هەمیشە، بیرەوەریە ناخۆشەکانی دەسڕیەوەو بیرەوەریە خۆشەکانی زیندوو دەکردەوە. کەس نەیدەتوانی خۆی لە فریوی وێرانکەری بدزێتەوە. لە پەنجەرەی بچوکی کابینەکانەوە ئەو پیاوانەمان دەبینی کە لەبەردەم ماڵەکانیان دانیشتبوونو گەر بە وردی سەرنجی روخسارت دابان تێدەگەیشتی چاوەرێی چی دەکەن. ئەو ژنانەی لەسەر کەنارە سوێرینەکان خەریکی جل شتن بوون بە هەمان ئۆمێدەوە تەماشای شەمەندەفەرەکەیان دەکرد. هەر ئەوەندەی موسافیرێکیان دەبینی کە جانتایەکی بەدەستەوە بێت، وایاندەزانی نوێنەری کۆمپانیای مۆزەو بۆئەوە هاتووە بارودۆخەکە بگەرێنێتەوە بۆ سەردەمی پێشووی. لەهەموو چاوپێکەوتنەکانداو لە

هەموو میوانیەکانو لەهەموو نامەیەکدا، هەمان رستەی بەناوبانگو پیرۆز خۆی دەنواند: **"دەڵێن کۆمپانیاکە دەگەڕێتەوە"** کەس نەیدەزانی ئەو هەواڵە لە کوێوە گەیشتووەو، کۆمپانیاکە کەی دەگەڕێتەوەو بۆدەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەس گومانی لە گەڕانەوەی نەبوو.

دایکم وایدەزانی لەدەست ئەو ترسو دڵەڕاوکێیانە رزگاری بووە، لەبەر ئەوەی لە پاش مەرگی باوكو دایکی سەرجەم پەیوەندیەکانی بە ئاراکاتاکاوە بچڕاندبوو. بەڵام خەوەکانی دەریان دەخست. هەر هیچ نەبێت، سەرجەمی ئەو خەوانەی بەلایەوە سەرنجراکێش بوونو لەسەر خوانی بەیانیان دەیگێڕانەوە، هەموویان پەیوەندیان بە ناوچەی دارمۆزەکانەوە هەبوو باسیان لە نیگەرانیە دەرونیەکانی دەکرد. لەبەرامبەر قورسترین هەلومەرجەکان دانی بەخۆیدا گرتو خانوەکەی نەفرۆشت، بەو ئومێدەی لەکاتی گەڕانەوەی کۆمپانیای مۆز بە گرانتر بیفرۆشێت. دواجار گوشاری بەهێزی واقیع شکستی پێهێنا. بەڵام ئەوکاتەی لە زمانی قەشەکەوە بیستی کۆمپانیاکە دەگەڕێتەوە، بە ئەفسوسەوە بەگوێمدا چرپاندی:

- **خۆزگە بمانتوانیبا کەمێك زیاتر چاوەڕێ بکەین تا خانوەکە بە گرانتر بفرۆشین.**

بەدەم قسەکردنی قەشەکەوە بەبێ ئەوەی ئاگامان لێبێت بەشوێنێکدا گوزەرمان کرد کە کۆمەڵێك خەڵك لە گۆرەپانێك کۆببوونەوەو چەند مۆزیکژەنێك لەژێر هەتاوی سوتێنەردا مۆسیقایەکی شادیان دەژەند. هەموو ئەو گوندانە لەبەر چاوم لەیەك دەچون. ئەوکاتەی پاپالیلۆ دەیبردم بۆ سینەما **ئۆڵیمپیا**[1]ی بەناوبانگی **دۆن ئانتۆنیۆ داکۆنتێ**[2]، بۆم دەرکەوت وێستگەکانی فیلمە کابۆیەکان لە وێستگەکانی خۆمان دەچێت. دواتریش، کە نوسینەکانی ڤاگنەرم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت ئەو گوندانەی لە رۆمانەکانیا وێنەیان دەکات لە گوندەکانی خۆمان دەچێت، ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان نەبوو، لەبەرئەوەی بەپێی سروشی مەسیحانەی کۆمپانیای یونایتد فروت ئەو گوندانەش لەسەر یەكو بە شێوەی ئۆردوگای کاتی دروست کرابوون. هەموویان لە یەك دەچوون، کەنیسەیەك لە ناوەراستی گوندەکەداو ئەو ماڵە دارینانەی بە رەنگی زەردو سوورو شینەوە لە ماڵی نێو چیرۆکی منالان دەچوون. بیری ئەو کرێکارە رەشپێستانەم دەکەوێتەوە کە ئێواران لە شوێنێك کۆدەبونەوەو گۆرانیان دەوت، ئەو ئەمبارە بێ دەروپەنجەرانەی کێڵگەکان کە شوانەکان لەژێریا دادەنیشتن بۆئەوەی تەماشای تێپەرینی شەمەندەفەری بارەکان بکەن،

---

[1]. Olympiq

[2]. Don Antonio Daconte

ئـەو حەسـارانەی کـە لاشـەی بـێ سـەری ئەوانـەی قامیـشی اشـەکریان دەبرێـەوە لـە دەوروبەریان دەبینرا کە لـە خواردنـەوەی شـەوی شـەماندا سـەریان بڕیبـوون. هـەروەها بیری شارۆچکە تایبەتیەکانی **گرینگۆ**[1] کانم دەکەوێتەوە لـە ئاراکاتاکاو **سیفیا**[2]، لەو... هێڵی شەمەندەفەرەکەوە، کە تۆری ئاسنینی بریسکەداریان بـە چواردەوریاندا کێشابووو لەکێلگە گەورەکانی مریشك دەچوون کـە لـە رۆژە فێنکـەکانی هاویـنـدا، تـا رۆژهەڵـدەهات بەهۆی لاشەی پەڕەسێلکە سوتاوەکانەوە ڕەش هەڵدەگەڕان. بیری دەشتە سەرسەوزەکانیم دەکەوێتـەوە کـە شوێنی پیاسـەی تـاووس‌و تـەیهوو بـوون، بـیری ئـەو خانوانـەی سـەقفی سوری لە چینکۆ دروستکراویان هەبوو، پەنجەرەکانیش تـەلی دڕکاویـان پێـوە بـوو، لـەنێو ماڵەکاندا مێزی خڕو کورسی نوشتاوە هەبوو بۆ ئـەوەی لـەژێر دارخورمـاو لـەپاڵ گوڵاڵە سـووره تۆزاویەکانـدا نـانی نیوەڕۆیـان لەسـەر بخورێـت. هەنـدێکجار لەپـشت تەلـە دڕکاویەکانەوە چەند ژنێکی جوان‌و بێتاقەت دەبینران کە کراسی حـەریرو کڵاوی پـانی کرێپیـان لەسـەردابوو، بەمەقەسـتی زێڕینـەوە خـەریکی چـنینەوەی گوڵـەکانی نێـو باخەکانیان بوون.

لەسەردەمی منالیما نەمدەتوانی بـە ئاسـانی گونـدەکان بناسـمەوە، بیـست سـاڵ دوای ئەوەش ئەوکارە قورستر ببوو. لەبەرئەوەی ئەو تابلۆیانەی ناوی شاعیرانەی وێستگەکانی - **تۆکۆرینکا**[3]، **گواماچیتۆ**[4]، **نیێرلاندیا**[5]، **گواکامایال**[6] -

لەسەر نوسرابوو لە دیواری سەکۆکان کەوتبونە خـوارەوە. نزیـك کاتـژمێر یـازدەونیو شەمەندەفەرەکە لە سیبا راوەستا بۆئەوەی لۆکۆمۆتیوەکـەی بگـۆڕێـت‌و ئاوتێبکـات، پـانزە خولەکی بێکۆتایی چاوەڕێمان کرد. لـەوێوە گـەرما دەستی پێکـرد. کـە جـارێکیتر بـەرێ کەوتینـەوە، لۆکۆمۆتیـوە تازەکـە، لەسـەر هـەموو پێـچێك، بـۆرانێکی تـۆزی خـەڵۆزی بۆدەنـاردین، کـە لـە پەنجـەرە بـێ شووشـەکانەوە دەهاتـە ژورەوەو وەکـو بـەفرێکی ڕەش لەسـەرمان دەنیـشتەوە. قەشـەکەو ژنـەکان لـە یـەکێك لـە گونـدەکانی سـەر ڕێگەکـە دابەزیبوون بێ ئەوەی ئێمە ئاگامان لێبێت، هەر ئەمەش بوە هـۆی ئـەوەی هەست بکـەم

---

[1]. gringo، ئەو وشەیەی لە وتی ئەمریکاییە زمان ئیسپانیەکاندا بۆ ناولێنان لە بیانیەکان و بەتایبەت بۆ خەڵکانی ئەمریکای باکور بەکاردەهێنرێت.

[2]. Sevilla

[3]. Tucurinca

[4]. Guamachito

[5]. Neerlandia

[6]. Guacamayal

من‌و دایكم تاقە موسافیری ئەو شەمەندەفەرە بێ ناونیشانەین. دایكم كە لەبەرامبەرم دانیشتبووو لەپەنجەرەكەوە تەماشای دەرەوەی دەكرد، دووسێ وەنەوزی دا، بەلام لەناكاو خەو لەسەری پەڕی‌و دیسانەوە بەو پرسیارە ترسناكەوە هێرشی كردە سەرم:

- باشە، پێت نەوتم چی بە باوكت بڵێم؟

هەستم دەكرد هەرگیز دەست هەڵناگرێت‌و بەردەوام لە شتێكی تازە دەگەڕێت بۆئەوەی لە بڕیارەكەم پەشیمانم بكاتەوە. كەمێك پێشتر، چەند رێگە چارەیەكی ئاشتیانەی پێشنیار كردبوو كە بێئەوەی بەڵگەیەكم هەبێت ڕەتم كردبوونەوە، بەلام دەمزانی پاشەكشێ‌و بێدەنگیەكەی زۆر درێژە ناكێشێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵە دوبارەكەی غافلگیری كردم. خۆم بۆ جەنگێكی بێ ئەنجامی تر ئامادە دەكردو لەسەرخۆترو هێمنتر وەلامم دایەوە:

- پێی بڵێ. بەتەنها یەك شتم لە ژیان دەوێت ئەویش ئەوەیە ببمە نوسەرو دەشبم.

وتی - دەتەوێ ببیتە چی ببە، ئەو دژی ئەوە نیە، بەو مەرجەی خوێندنەكەت لەو بوارەدا تەواو بكەیت.

قسەی دەكرد بێئەوەی تەماشام بكات، دەیویست وای دەربخات سەرنجی زیاتر لەسەر ئەو شتانەیە كە لە پەنجەرەكەوە دەیبینێت تا لەسەر قسەكانمان.

وتم - نازانم بۆچی ئەوەندە لەسەر ئەو بابەتە دەڕۆیت، لەكاتێكدا باش دەزانی من دەستبەرداری ئەوە نابم.

لەچاوم ورد بووەوو لێی پرسیم:

- چۆن دڵنیایت دەزانم؟

وتم - لەبەر ئەوەی من‌و تۆ لەیەك دەچین.

شەمەندەفەرەكە لە وێستگەیەك راوەستا كە هیچ گوندێكی لەدەوروبەر نەبوو، كەمێك دواتر بە بەردەم تاكە دارستانی مۆزی درێژایی ڕێگەكە تێپەری كە ناوەكەی لەسەر دەرگاكەی نووسرابوو: ماكۆندۆ[١]. لە كاتی سەفەرەكانی یەكەمجارەمدا لەگەڵ باپیرم، ئەوناوە سەرنجی راكێشابوم، بەلام دواتر كە گەورەبووم بۆم دەركەوت ئاوازی شاعیرانەی ناوەكە سەرنجی راكێشاوم. هەرگیز بەرگوێم نەكەوت كەسێك ماناكەی بزانێت‌و تەنانەت منیش لەخۆمم نەپرسی بوو ئەو ناوە مانای چیە. پاش ئەوەی لەنێو سێ كتێبمدا ئەو ناوەم بۆ گوندێكی خەیاڵی بەكارهێنابوو، بەرێكەوت، لە فەرهەنگێكدا خوێندمەوە كە ناوی درەختێكی ئیستیواییە وەكو درەختی پەنیر، كە نە گوڵ دەردەكات نە بەری هەیە،و

---

[١]. Macondo

داره ئیسفنجیەکەی بەکەڵکی بەلەم دروستکردن‌و شتومەکی چێشتخانە دێت. دواتریش، لەکاتی موتالاّ کردنی **فەرهەنگی بریتانیکا**، بۆم دەرکەوت لەسەر کەناری **تانگانیکا**[1] نەژادێکی کۆچەریی بە ناوی ماکۆندۆکا دەژین‌و واهاتە خەیاڵم کە ڕەنگە ریشەی ئەو ناوە لەوێوە هاتبێت. بەلاّم هەرگیز پەیم بەو ڕاستیە نەبردو ئەو درەختەشم نەبینی، هەرچەندە چەندجارێك لە ناوچەی دارستانی مۆزەکان پرسیارم دەربارەی ئەو ناوەکردبوو بەلاّم کەس نەیتوانی وەلاّمم بداتەوە. یان ڕەنگە هەرگیز بونی نەبووبێت.

شەمەندەفەرەکە کاتژمێر یازدە بە ماکۆندۆدا تێدەپەڕی‌و دەخولەك دوای ئەوە دەگەیشتە ئاراکاتاکا. ئەو ڕۆژەی بۆفرۆشتنی خانوەکە لەگەڵ دایکم ڕۆشتم، شەمەندەفەرەکە کاتژمێرو نیوێك دواکەوت. لە تواڵێت بووم کە لەناکاو خێراییەکەی زیادی کردو لە پەنجەرە شکاوەکەوە بایەکی وشك‌و سوتێنەر خۆی خزاندە ژورەوە، کە لەتەك دەنگی کابینە کۆنەکان‌و فیکەی شێتانەو ترسناکی لۆکۆمۆتیوەکە تێکەلاّو ببوو. دڵم لەسینەمدا هەڵدەپەڕی‌و هێڵنجێکی سارد دڵ‌و دەرونمی کردە سەهۆڵ. ترسێکی سەیر، وەکو ئەو کاتانەی بومەلەرزە ڕودەدات، باڵی بەسەرما کێشاو بەپەلە هاتمە دەرەوە، دایکمم بینی کە بێ ئەوەی گوێ بداتێ بە خوێنساردیەوە لەشوێنەکەی دانیشتبوو، بە دەنگی بەرز ناوی ئەو شوێنانەی دەوتەوە کە لە پەنجەرەکەوە دەیبینین، دەتگوت سەردەمی خانەنشینی رابردوی، وەکوو بۆرانێکی بێ ئامان، بروسکە ئاسا بەبەرچاویا تێدەپەڕی.

وتی ـ **ئەم زەویانەیان بەبیانوی ئەوەی کە ئاڵتونیان تێدایە کردبوە ملی باوکت.**

لەناکاو قوتابخانەی مامۆستایانی **ئادڤێنتیست**[2]م هاتە بەرچاو، بە باخچە پڕ لە گوڵ‌و نوسراوی سەر دەرگاکەیەوە: The sun shines for all[3].

دایکم وتی ـ **یەکەمین ڕستەی ئینگلیزی بوو کە فێری بوویت.**

وتم ـ **یەکەمین‌و دواهەمینیش.**

شەمەندەفەرەکە بەسەر پردێك‌و ڕوبارێكدا پەڕیەوە کە لەو کاتەوەی گرینکۆکان ئاراستەی ڕوبارەکەیان بەرەو دارستانی مۆزەکانیان گۆڕیبوو ئاوەکەی لێڵ ببوو.

وتی ـ **گەرمکی سۆزانیەکان، هەمان ئەو شوێنەی پیاوان تاریك‌وڕونی بەیانیان بەدەم سەمای کۆمبیامبا[1]وە، لەباتی مۆم سەفتەی پارەیان دەسوتاند.**

---

[1]. Tanganyika، ڕوبارێك لە ئەفریقای ئیستیوایی.

[2]. adventistas پەیڕەوانی فیرقەیەك لە مەسیحیەکان کە لەوباوەڕەدان دەرکەوتنی حەزرەتی مەسیح و قیامەتەکەی لەوانەیە لەهەر ساتێکدا ڕووبدات.

[3]. " خۆر بۆ هەموان دەدرەوشێتەوە "

کورسی لەبەرد دروستکراو، درەختی بادەمی لەبەر هەتاو سوتاو، گۆڕەپانی فوتابخانەی **مۆنتیسۆریانا**[٢]، ئەو شوێنەی لەوێ فێری نوسین‌وخوێندن بووم. بۆچرکەیەك، وێنەی سەرجەم گوندەکە لە یەکشەمەیەکی هەتاوی مانگی فۆریەدا لە چوارچێوەی پەنجەرەبچوکەکەماندا کەوتەوە بەر چاوم.

دایکم بە خۆشحاڵیەوە هاواری کرد: **وێستگەی شەمەندەفەرەکە! دونیا چەند گۆڕاوە کە چیتر کەس چاوەڕێی شەمەندەفەرەکە ناکات.**

لەو کاتەدا شەمەندەفەرەکە فیکەیێکی لێداو خێرایەکەی کەم کردەوەو بە ناڵەیێکی بەرزەوە راوەستا. یەکەمین شت کە کاریگەریی لەسەر بەجێهێشتم بێدەنگی بوو. بێدەنگیەکی ئەوەندە ئاشکراو مادیی کە تەنانەت بە چاوی داخراوەوە دەمتوانی لەسەرجەم بێ دەنگیەکانی دونیای جیا بکەمەوە. گەرما ئەوەندە توندی کردبوو دەتگوت هەموو شتەکان لە پشت شووشەیەکی شەپۆلدارەوە دەبینرێت. تا چاو بڕی دەکرد هیچ نیشانەو ئاماژەیەکی ژیان بەدی نەدەکرا،و تەپوتۆزێکی سوتێنەر هەموو شتەکانی داپۆشیبوو. دایکم بۆ چەند چرکەیەك لەسەر کورسیەکەی وشك بوو، لە گوندە مردوەکەی ڕوانی کە لاشەکەی پەرتوبلاویی کۆڵانە بەتاڵەکان بوو، پاشانیش لە رووی داماویەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا:

- **پەنا بەخوا!**

ئەوە تاکە قسەی بووکە پێش دابەزینی لە شەمەندەفەرەکە کردی.

تا ئەو کاتەی شەمەندەفەرەکە نەرۆشتبوو هەستم دەکرد بەتەواوەتی تەنها نین. بەڵام ئەو کاتەی بە فیکەیەکی لە ناکاوو دڵخورپێنەرەوە بەڕێ کەوتەوە، من‌ودایکم لەژێر هەتاوە دۆزەخیەکەدا بێپەنا ماینەوەو هەموو غەمەکانی ئەوگوندە دلگیرە لەدڵمان باربوو. بەڵام هیچمان بە یەکتر نەوت. هەمان وێستگە کۆنەکەی جاران، بە لاشە دارینەکەیەوە، سەقفی گیا لەسەر ڕوواو ئەو باڵکۆنانەی سەرتاسەری سەربانەکەی دەگرتەوە، لێکچوی ئیستیوایی ئەو وێستگانەی لە فیلمە کابۆیەکاندا دەمان بینین. لە وێستگە چۆڵوهۆڵەکە چووینەدەرەوە، کە کاشیەکانی بەهۆی گوشاری گیا هەرزەکانەوە درزی بردبوو، لەوکاتەشدا کە بۆسێبەری داربادام دەگەڕاین تاوەکو لە گەرما بمان پارێزێت، کەوتینە بەر گەرمای چۆڵەوانی نیوەڕۆ.

---

[١]. cumbiamba، سەمایەکی ناوچەیی.

[٢]. Montessoriana

هەر لە منالیەوە لەو پاشنیوەڕۆ چۆڵو هۆڵانە بێزاربووم چونکە نەماندەزانی چی بکەین. گەورەکان دەنووسـتنو بێئەوەی سەربەرزبکەنەوە لەژێرلێوەوە دەیانبۆڵاند: "**بێدەنگبن، دەمانەوێت بنووین**" دوکانەکان، فەرمانگەکان، قوتابخانەکان کاتژمێردوانزە دادەخرانو تا کەمێك پێش کاتژمێر سێ نەدەکرانەوە. ماڵەکان رۆدەچونە نێو بەرزەخێکی خنکێنەرەوە. گەرمای تونـدی هەندێك لە ماڵەکان ئەوەنـدە خنکێنەربوون کە هاماکاکانیان لە حەوشەکاندا هەڵدەواسی یان چرپاکانیان پاڵدەدایەوە بەدرەختی بادامی قەراغ جادەکانەوەو بەدانیشتنەوە وەنەوزیان دەدا. بەتەنها ئوتێلی بەرامبەر وێستگەکەو هۆڵی بلیارد و چێشتخانەکەیو تەلێگرافخانەی پشت کڵێساکە بە کراوەیی دەمانەوە. هەمووشتەکان وەکو بیرەوەریەکانم بوون، بەڵام هەژارانەترو وێرانتر دەهاتنە بەرچاو، دەتگوت رەشەبای چارەنوسی وێرانکەر بەسەرگشت شتەکاندا کشابێت: خانوەکان هەمان خانوەکانی پێشووبون بەڵام مۆرانە خواردبونی، بەسەقفی گیالەسەر ڕواوەوە کە بەهۆی ژەنگەوە کونببوون، وردەشتومەکی بێکەڵکی فڕێدراو، کورسی بەردینوداربادامی پەژموردەو، ئەوتەپۆتۆزە نادیاروسوتێنەرەی کە بینایی فریوودەداو پێستی وشك دەکردەوە، وێنەی هەموو شتەکانی شێواندبوو. بەهەشتەتایبەتیەکەی کۆمپانیایمۆزی ئەوبەر هێڵی شەمەندەفەرەکە، ئێستا بەبێ تەلی پارێزەری کارەبا، بێشەلانێکی بێ داروەدرەختبوو، کە خانوەدارماوەکانی لەپاڵ وێرانەی خەستەخانە سوتاوەکەوە بەدیدەکران. هیچ دەرگایەك، هیچ درزی دیوارێك، هیچ جێگەپێی مرۆڤێك نەبوو، بەشێوەیەکی ئەفسوناوی لەناخدا زیندوو نەبێتەوە.

دایکم ڕاستوقیتو لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا، بەبێئەوەی بەجلەڕەشەکەیەوە ئارەقەبکاتەوە یان گلەیی بکات، بەڵام ڕەنگی پەڕیوو بێرۆحو روخساری نیگەرانی، گێژاوی ناخیان ئاشکرادەکرد. لەوسەری بێشەزارەکە یەکەمین بونەوەری مرۆیمان بینی: ژنێکی وردیلانە، بەجلوبەرگی کۆنەوە، کە لەپشت روکنی **جاکۆبۆ براکازا**[1] بەدەرکەوتو بەبێ بایەخیەوە بەلاماندا گوزەریکرد، قابلەمەیەکی فافۆنی بەدەستەوەبوو، کە سەرەکەی بەباشی دانەخرابوو، بۆنی خۆراکی ناوقابلەمەکە ڕێ ڕۆشتنەکەی ئاشکرادەکرد. دایکم بێئەوەی تەماشایبکات بەچرپە پێیوتم:

- **ڤیتا**[2]یە

[1]. Jacobo Bracaza

[2]. Vita

منیش ناسیبوومەوە. لەمناڵییەوە، ئەوکاتەی هێشتا کچێکی بچوکبوو لەچێشتخانەکەی ماڵی باپیرم کاریدەکردو گەر بەلاچاوێك تەماشای ئێمەی بکردبا، چەندەش گۆڕابێتین، هەر دەیناسینەوە. بەڵام ئەو لەدنیایەکی تردا دەژیا. تائێستا چەندینجار لەخۆم پرسیوە ئایا بیتا ماوە؟

ئەو کاتەی بەکۆڵانەکەدا پێچمان کردەوە، خۆڵەکە دەچووە نێو پاپوچەکانمەوەو قاچمی دەسوتاند. چیتر نەمدەتوانی لەبەرامبەر هەستکردن بەبێپەنایی دان بەخۆما بگرم. لەوکاتەدا، خۆمودایکم وەکو ئەو دایكو خوشکە دزە هاتەبەرچاو، کە ئەوکاتەی منداڵ بووم بینیبووم ماریا کۆنسیویگرا[1]، هەفتەیەك پێشتر، ئەوکاتەی دەیانویست بەزۆر بچنە سەر ماڵەکەی بەفیشەك کوشتبوونی.

کاتژمێر سێی بەیانی، دەنگی ئەوکەسەی دەیویست لەدیوی دەرەوە دەرگای ماڵەکەی بەزۆر بکاتەوە لەخەو راپەڕاندبوو. بێئەوەی چراکە دابگیرسێنێت، لەخەو راپەڕیو کوێرمکوێر لە کانتۆری جلەکانەدا بەدوای حەوت تیرە عەنتیکەکەدا دەگەرا کە لەزەمانی(جەنگی هەزار رۆژەوە) کەس تەقەی پێ نەکردبوو، لە تاریکیەکەدا جگە لەدەرگاکە تەنانەت شوێنی تەواوەتی قوفڵەکانیشی لەبەرکرد. ئەوکات، بەدەمانچەکە نیشانەی لە دەرگاکە گرتەوە، چاوی نوقاندو پەلەپیتکەکەی چرکاند. پێشتر هەرگیز تەقەی نەکردبوو، بەڵام فیشەکەکە دەرگاکەی بڕیو نیشانەکەی پێکا.

ئەوە یەکەمین مردووبوو بینیم. کاتژمێر حەوتی بەیانی، ئەوکاتەی بەرەو قوتابخانە دەچووم، هێشتا تەرمەکە لەسەر عەردەکە کەوتبووو پەڵەیەك خوێنی مەیوو لەتەنیشتیەوە دەبینرا، دەموچاوی هەڵتەکابوو لەبەرئەوەی فیشەکەکە لە لوتیەوە رۆشتبوو لە گوێچکەیەوە دەرچوبوو. کراسێکی کەشتیوانی خەتخەتی رەنگاورەنگو پانتۆڵێکی قوماشی ئاسایی لەبەردابوو، لەباتی قایش پەتێکی لەپشتی بەستبوو، پێشی پەتی بوو. لەپاڵ تەرمەکە، لەسەر عەردەکە سپانەیەکیان دۆزیەوە کە ویستبووی قوفڵەکەی پێ بشکێنێت.

ریش سپیەکانی گوندەکە خێرا خۆیان گەیاندە ماڵی ماریا کۆنسۆئێگرا بۆئەوەی لەبەر کوشتنی دزەکە دڵنەوایی بکەن. ئەوشەوە لەگەڵ پاپالیلۆ رۆشتمو بینیم کە لەنێو هاورێ حەپەساوەکانی بۆ هەزارەمین جار چیرۆکەکەی دەگێڕایەوەو لەسەر کورسیەکی حەسیری مۆدێل مانیلی دانیشتبوو کە لە تاوسێکی گەورەی حەیزەرانی دەچوو. هەموان کۆکبون لەگەڵ ئەوەی کە لەترسا تەقەی کردوە. لەناکاو، باپیرم لێی پرسی ئایا پاش

---

[1]. Maria Consuegra

تەقەکە گوێی لە هیچ نەبووە، ژنەکەش لەوەڵامدا وتی یەکەمجار تەنها بێدەنگیەکەی زۆر، دواتر دەنگی کەوتنە خوارەوەی سپانەکە بۆسەر عەردەکەو پاشانیش یەکسەر ناڵەیەکی لاوازوپڕئازار:"**وای دایکەگیان**"وادیاربوو، ماریا کۆنسوێگرا، پێش ئەوەی باپیرم ئەوپرسیارەی لێ بکات، بیری لەو ناڵە دڵ بریندارکەرە نەکردبووەوە. هەربۆیە یەکسەر دەستی بە گریان کرد.

رۆژی دووشەمە ئەوە ڕویدا. سێشەمەی هەفتەی داهاتوو، لەکاتی خەوی پاش نیوەڕۆ، لەگەڵ **لویس کارمێلۆ کۆرێا**[1]، کۆنترین هاورێی هەموو تەمەنم، خەریکی یاری فرفرۆکەبووین لەناکاو بۆمان دەرکەوت گەورەکان زوتر لەکاتی خۆی لەخەو هەستاون‌و لە پەنجەرەکانەوە سەرەتاتکێیانە. لەوکاتەدا لەسەر شەقامەچۆڵەکە ژنێکی ڕەشپۆشمان بینی لەگەڵ کیژۆڵەیەکی تەمەن ١٢ ساڵ بەسەر شەقامەکەدا تێدەپەڕێن‌و دەستەیەك گوڵی ژاکاویان لەکاغەزی رۆژنامەیەکەوە پێچابوو. بۆ ئەوەی خۆیان لەگەرمای سوتێنەر بپارێزن، چەترێکی ڕەشیان بەدەستەوەبووو هیچ بایەخیان بەرەفتاری سوکایەتیپێکردنی خەڵکی نەدەدا، بەوردی سەیریان دەکردن. دایك‌وخوشکی ئەو خوالێخۆشبوە بوون کە دەیانویست گوڵ بخەنە سەر گۆڕەکەی.

ئەو وێنە وەهەم نامێزە، وەکو خەیاڵێکی بەکۆمەڵ کە هەموو خەڵکی گوندەکە لەپەنجەرەی ماڵەکانیانەوە بینیبویان، بەدرێژایی چەندین ساڵ بەرۆکی بەرنەدام تا ئەوکاتەی لەچیرۆکێکدا نوسیمەوەو لەدەستی رزگار بووم. بەڵام لەڕاستیدا، تائەورۆژەی لەگەڵ دایکم بۆ فرۆشتنی خانوەکە گەڕاینەوەو لەهەمان شەقامی چۆڵ‌و لەهەمان کاتژمێری شومدا خۆم بینیەوە، نەمتوانی بوو بەتەواوەتی هەست بە خەم‌و سەربەرزی ئەو دوانە بکەم.

وتم ـ هەست دەکەم من ئەو دزەم.

دایکم لە مەبەستم تێ نەگەیی. جگە لەمەش، کاتێك بە بەردەم ماڵی ماریا کۆنسوێگرا گوزەرمان کرد تەنانەت تەماشای دەرگاکەشی نەکرد کە هێشتا شوێنی چاککردنەوەی فیشەکەکەی بەسەرەوە دەبینرا. چەند ساڵێك دواتر، ئەو کاتەی پێکەوە بەسەرهاتی ئەو سەفەرەمان باس دەکرد، بۆمدەرکەوت، ئەو ڕوداوە دڵتەزێنەی لەبیربووە بەڵام ویستویەتی لەبیری خۆی بباتەوە. کاتێك بەتەواوەتی ئەوەم لەلا سەلما، بە بەردەم ئەو ماڵەدا گوزەرمان کرد کە **دۆن ئیمێلیۆ**[2]ی ناسراو بە (بەلژیکی) تێدا دەژیا، لە

---

[1]. Luis Carmelo Correa

[2]. Don Emilioi

سەربازەكۆنەكانی سەردەمی جەنگی جیهانی یەكەم بوو لە كاتی پەڕینەوە بە ناوچەیەكی مینرێژكراودا لە نۆرماندی هەردووقاچی لەدەست دابوو، دواتریش رۆژێكی یەكشەمەی **جەژنی پەنجاساڵە**[1] بە خواردنەوەی سیانوور خۆی لەدەست ئازاری بیرەوەریەكان رزگار كرد. تەمەنم شەش ساڵ زیاتر نەبوو بەڵام ئەو ئاژاوەیەی كە پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەكە، كاتژمێر حەوتی بەیانی گوندەكەی گرتەوە، ئەوەندە بەباشی لەیادە، دەتوت دوێنێ ڕوویداوە. ئەو ڕوداوە ئەوەندە دڵتەزێنبوو كە لەگەڵ دایكم بۆ فرۆشتنی خانوەكە گەراینەوە، پاش بیست ساڵ، بێدەنگی شكاند.

هەناسەیەكی هەڵكێشاو وتی ـ **بەلزیكی داماو! وەكو ئەوەی ئەوكاتە تۆ وتت چیتر نەیتوانی یاری شەترەنج بكات.**

دەمانویست ڕاستەوخۆ بەرەو خانوەكەمان بڕۆین. بەڵام ئەوكاتەی چەند هەنگاوێكمان مابوو بیگەینێ، دایكم لەپڕ وەستا، گەڕایەدواوەو لەسەری كۆڵانەكەوە پێچی كردەوە.

وتی ـ **باشتروایە لێرەو بڕۆین** ـ كە لێم پرسی بۆچی، وتی ـ **لەبەرئەوەی دەترسم.**

ئەوكات لە حاڵەتی دڵ تێكچونەكەی خۆشم تێگەیشتم: لەترسابوو، بەڵام نەوەكوو لەترسی ڕوبەڕوبونەوەی تارمایەكانی ڕابردوو، بەڵكو لەترسی هەموو شتەكان. بەمشێوەیە بەتەنیشت كۆڵانە تەریبەكەدا گوزەرمان كرد، گۆڕینی ڕێگەكە تەنها لەبەر ئەوەبوو نەماندەویست بەبەردەم ماڵەكەماندا تێپەرین. چەندساڵێك دوای ئەوە دایكم پێی وتم: "**ئەگەر پێشتر لەگەڵ یەكێكدا قسەم نەكردبا تواناى بینینی خانوەكەم نەبوو**"ئەوكارەشی كرد.

تاڕادەیەك بەزۆر منی بەدوای خۆیدا بەكێش كرد،و یەكسەر خۆی كرد بە دەرمانخانەكەی دوكتۆر **ئالفرێدۆ باربۆزا**[2]، لەسەر سوچی شەقامەكەو سەدمەترێك لەخانوەكەی ئێمەوە دووربوو.

ئادریانا بیردیۆگۆ[3]، هاوسەری دوكتۆر، ئەوەندە بە درووموانە **دۆمیستیك**[1]ەكەی سەرقاڵی دوورین بوو ئاگای لە چونەژورەوەی ئێمە نەبوو، دایكم بەرامبەری ڕاوەستاولەژێر لێوەوە وتی:

---

[1]. جەژنی پەنجا ساڵە یان جەژنی گوڵڕێزان، جەژنی ئاخرانی خوداوەند بۆ نێو پەیامبەرانی عیسا، حەوتەمین یەكشەممە یا پەنجاهەمین رۆژی پاش جەژنی پاكە كە بەپێی نووسینی كتێبی كردەوەی پەیامبەران لەورۆژەدا رۆحی پیرۆز دابەزیە سەر حەواریەكان.

[2]. Alfredo Barboza

[3]. Adreiana Berdugo

ـ سڵاو دراوسێ.

ئادریانـا سـەری بـەرزکردەوەو بـەو چـاوانەوە کـە لەپـشت شووشـە ئەسـتورەکانی چـاویلکەکەیەوە سـەیر دەیـان نوانـد تەماشـای کـرد، چـاویلکەکەی لابـرد، بـۆ ماوەیـەك دوودڵبوو، دواتر لەپڕ هەستاو بەئامێزێکی کراوەوە ناڵاندی:

ـ وای دراوسێ.

دایکـم خێـرا خـۆی گەیانـدبووە پـشت مێـزی نانخواردنەکـەو بێئـەوەی قـسە بکـات یەکتریان لەباوەش گرتو دەستیان بـەگریان کـرد. مـن بێ جوڵە وەستابوومو تەماشام دەکردن، بێئەوەی بزانم دەبێت چی بکەم، سەرم لێشێوابوو لەبەر ئەوەی دڵنیابووم ئـەو چرکەساتی گریانە دورودرێژە خاڵێکی وەرچەرخانبوو لە ژیانماو بۆهەمیشە لە خەیاڵمدا دەمایەوە.

لە سەردەمی کۆمپانیای مۆزەکەدا دەرمانخانەیەکی زۆر باش بـوو، بـەڵام لـەباتی ئـەو هـەموو دەرمانـە، بەتـەنها کۆمـەڵێك شووشـەی سـەر بلووری کـە نووسـینێکی زیوینیـان لەسەربوو، لە ڕەفە بەتاڵەکاندا دەبینرا. درووەمان، هاوەنودەسکەوان، هێمـای دەرمانخانـە، کاتژمێرێکی چـەڵەمەداری کۆن کـە هێشتا کـاری دەکـرد، سوێندنامەی بـوقراتی لەسـەر مشەما نوسراو، کورسی شەقوشڕ، هەموو ئەوشتانەی لەمناڵیمـدا بینیبـووم وەکـو خۆیـان مابوونو لەشوێنی خۆیاندابوون، بەڵام ژەنگی زەمەن شێواندبوونی.

خـودی ئاردیانـاش بـەر هێرشـی زەمـەن کـەوتبوو. هەرچـەندە وەکـو ڕۆژانـی زوو کراسێکی گوڵ ئیستیوایی نەخشداری لەبەردابوو، بەڵام بە ئاستەم دەتوانی نیشانەیەك لە جموجـۆڵو سـەرزیندویی ئـەو ژنـە بدۆزیتـەوە کـە تەمنانـەت لەسـاڵانی نێوەنـدی تەمەنەیشیدا پێی دەناسرایەوە. بە تەنها یەکشت لەو ژنـەدا نـەگۆڕابوو: بـۆنی سـونبوول کە پشیلەکانی مەستدەکردو هەستی نوقمبوویەکی تا هەتایە لەمندا دروستدەکرد.

ئەوکاتەی ئادریاناودایکم تاتوانیـان گریـان، لەپـشت ئـەودیوارە دارینـەوە کـە لـەنێوان ئێمـەو ژورەکـەی پـشتەوەبوو، گوێمـان لـە دەنگـی کۆکەیـەکی کورتو خنکاو بـوو. وەکـو هـەورێکی بەبروسـکە ڕوی خۆشـی سـەردەمی ڕابـردوی ئانـدریانا خـۆی بـەدەر خـستو بەجۆرێك قسەی کرد کە لەودیوی دیوارەکەوە دەنگی ببیسرێت.

وتی ـ دوکتۆر: بزانم دەزانی کێ لێرەیە.

دەنگی پڕلەخشەی پیاوێکی توڕە، بەبێبایەخیەوە، لەودیودیوارەکەوە پرسی:

ـ کێ؟

---

[1]. Domestic

ئادریانا بێئەوەی وەلام بداتەوە بەدەست ئاماژەی بۆکردین کە بچینە ئەوژوورە. لەناکاو ترسێکی منالانە ئیفلیجی کردمو نێو دەمم پڕبوو لە لیکێکی شین، بەلام لەگەڵ دایکم چووینە ژورێکی ڕەنگاوڕەنگەوە کە پێشتر تاقیگەی دەرمانخانەکە بوو بەلام ئێستا کردبوویانە ژورێك بۆ حالەتی لەناکاو. دوکتۆر ئالفرێدۆ بابوسا لەو ژورەبوو، پیرتر لە هەموو مرۆڤەکانو سەرجەم بونەوەرە پیرەکانی سەرزەویو دەریا، بەبێ پێلاو، لەسەر هاماکایا ئەرقیتۆنە ئەبەدیەکەی پالکەوتبوو، بیجامە ئەفسانەییەکەی کە لە لۆکەی ڕەنگ نەکراوبوو لە عەبای تۆبەکارەکان دەچوو، لەبەردابوو. لە بنمیچەکەی دەڕوانی، بەلام کە ئاگای لەچونەژورەوەی ئێمەبوو، ئاوڕێکی دایەوەو بەچاوە بەبریسکە زەردەکانیەوە لێمان وردبوەوە، تا دواجار دایکمی ناسیەوە.

هاواری کرد ـ **لیوسا سانتیاگا**[1]!

هیلاكو ماندوو، وەکوو قەنەفەیەکی کۆنو تێکشکاو، لەسەر هاماکاکە دانیشت، حالەتێکی مرۆییانەی وەرگرت، بەخێرایی تەوقەی لەگەڵ کردینو دەستیکرد بە هەواڵ پرسینمان، دەستی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەرم بوو: هەستی کرد سەرم سوڕماوە، وتی:"**نزیکەی سالێك دەبێت بەردەوام تام هەیە**"ئەوکات هەستایە سەر پێو لەسەر قەرەوێلەکە دانیشتو بەیەك هەناسە وتی:

ـ ئێوە نازانن ئەم گوندە چەندە کارەساتی بینیوە.

بەتەنها ئەو ڕستەیە کە ژیانێکی تەواوەتی لەخۆیدا کورت دەکردەوە، بەس بوو بۆ ئەوەی روخساری هەمیشەیی ئەو پیاوە لە زەینما دوبارە بێتەوە: پیاوێکی تەنهاو دلتەنگ. بالابەرزوو لاوازبوو، قژێکی زیوینی جوانی هەبوو کە چۆن حەزی بکردبا کورتی دەکردەو، بە جوتێك چاوی زەردو تیژەوە کە ترسناکترین مەترسی سەردەمی منالیم بوو. دەمەو عەسر ئەودەمەی لە قوتابخانە دەگەڕاینەوە، ترس ڕایدەکێشامە بەردەم پەنجەرەی ژووری نوستنەکەی. لە ژوورەکەی، لەسەر هاماکاکەی ڕاکشابووو بە خێرایی خۆی ڕادەژەند بۆئەوەی فێنکی بێتەوە. گەمەکەی ئێمە ئەوەبوو لەپشت پەنجەرەکەوە لێی ووردبینەوە تا هەست بە زۆر سەیرکردنمان بکاتو ئاوڕ بداتەوەو ئێمەش چاوە شەڕاویەکانی ببینین.

تەمەنم چوار یان پێنج ساڵ دەبوو بۆ یەکەمجار بینیم، ئەوکات لەگەڵ هەندێك لە هاورێکانم چووبوینە حەوشەی پشتەوەی مالەکەی بۆئەوەی عەمبە گەورەکانی درەختەکانی بدزین. لەپڕ دەرگای ئاودەستەکەیان کە کەوتبووە سوچێکی حەوشەکە

---

[1]. Luisa Santiaga

کرایەوەو، ئەو کە خەریکی داخستنی زنجیری پانتۆڵەکەی بوو لەوێ هاتە دەرەوە. هەستم دەکرد مولکی دونیایەکی تر بوو، کراسە سپیو هەراوەکەی مرۆڤی دەخستەوە یادی رووپۆشی خەستەخانە، رەنگی پەڕیوی ڕوخساری، جەستەی ئێسقانیو لاوازی،و ئەوچاوە زەردانەی لەچاوی سەگێکی دۆزەخی دەچوو، ئەو نیگایەی تا هەمیشە لەبیرەوەریمدا مایەوە. هاوڕێکانم رایان کرد، بەلام ئەو نیگایەی منی لەشوێنی خۆم چەقاند. لەو عەنبانەی لە درەختی حەوشەکەیمان کردبوەوە وردبوەوەو دەستی بۆ درێژکردم.

بە فەرمانەوە پێی وتم ـ **بیانده بەمن!** ـ بەنیگایەکی پڕ لەسوکایەتی لە سەرتاپام وردبوەوەو وتی ـ **هەی جرجی دز.**

عەنبەکانم هەڵدایە بەردەمیو تێمقوچاند.

بوبە تارمایی تایبەتیم. ئەوکاتەی بەتەنها دەچومەدەرەوە، بۆئەوەی بەبەردەم دەرمانخانەکەیدا گوزەرنەکەم ڕێگەکەم دوردەخستەوە. ئەگەر یەکێکی گەورەم لەگەڵ بوایە، ئازایەتیم دەنواندو لەژێرچاوەوە تەماشەیەکی دەرمانخانەکەم دەکرد. ئادریانم دەبینی کە مەحکوم بوو بە زیندانی هەتاییو کاری قورسو بەدرێژایی ڕۆژ لە چێشتخانەو لەسەر درووەمانەکە کاری دەکرد، لە پشت پەنجەرەی ژوری نوستنەکەوە دوکتۆرم دەبینی بەخێرایی لەسەر هاماکاکەی خۆی ڕادەژەند، بەتەنها یەك نیگای بەس بوو تا چی مووی لەشم هەیە ڕاست بێتەوە.

لەسەرەتای ئەو سەدەیەدا هاتبووە ئەو گوندەو یەکێك بوو لەو ڤێنزوێلیە زۆرانەی کە توانیبوویان لە سنوری **گواخیرا**[1] لەدەست زولموستەمی **جوان ڤیسێنتێ گۆمێز**[2] هەڵبێن. ئەو یەکێك بوو لەو کەسانەی کە کێشمەکێشی دوو هێزی دژبەیەك داوێنی گرتبوون: دڕندەیی فەرمانڕەوای چەوسێنەری وڵاتەکەیانو وەهمی نیعمەتی هەڵرژاوی وڵاتی ئێمە. هەر لەسەرەتای هاتنیەوە، چاوی شارەزا ـ ئەو زاراوەیەی کە لەوسەردەمەدا بۆ پزیشکە بەئەزمونەکان بەکاردەهێنرا ـو نەزاکەتو ڕەفتاری پڕخۆشەویستی کە لەدەرونی پڕ لەسەفای هەڵدەقولا، کردبویە کەسێکی ناودار. یەکێك بوو لە میوانە هەمیشەیەکانی ماڵی باپیروداپیرم. بەردەوام سفرەکەیان بۆ ئەوکەسانە ڕاخرابوو کە پێدەچوو بە شەمەندەفەرەکە بگەنە گوندەکە. دایکم دایکی تەعمیدی کوڕەگەورەکەی بوو، باپیرم فێریکرد چۆن پشت بەخۆی ببەستێت. لەنێو ئەو خێزانەدا گەورەبووم، وەکوو چۆن دواتر ڕێم کەوتە نێو کۆڕی دورخراوەکانی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا.

---

[1]. guajira

[2] Juan Vicente Gomez (١٩٣٥ ـ ١٦٥٧) ژەنرال و سیاسەتمەداری ڤێنزوێلایی کە لە ١٩٠٨ەوە تا ١٩١٥، لە ١٩٢٢ تا ١٩٢٩، لە ١٩٣١ تا ١٩٣٥ سەرەك کۆماری ئەو وڵاتە بوو.

لەوکاتەدا کە منو دایکم لەپاڵ قەرەوێڵەکەی دوکتۆر دانیشتبووینو گوێمان لە وردەکاریەکانی ئەو کارەساتانە دەگرت کە دووچاری خەڵکی ئەو ناوچەیە ببوو، دواهەمین نیشانەکانی ئەو ترسە فەرامۆشکراوەی کە لەمناڵیەوە، ئەو نامۆ دەرکراوە لەمندا چاندبووی، بەیەکجاریی بەجێیهێشتم. لە گێڕانەوەی ڕوداوەکاندا ئەوەندە بەتوانا بوو، کە هەرشتێکی دەگێڕایەوە وەکو ئەوەی وێنەیەکی رونو ئاشکرابێت لەوژورەگەرموتەسکەدا زیندوو دەبوەوە. سەرچاوەی سەرجەم رۆژمەرەشەکان، کوشتاری کرێکارەکانبوو بەدەستی هێزەکانی دەوڵەت، هەرچەندە حەقیقەتی مێژوویی ئەو ڕوداوە جێگەی گومان بوو: سێ کوژراو یان سێ هەزار؟ وتی رەنگە ژمارەی کوژراوەکان ئەوەندە نەبوبێت، بەلام هەرکەس بەپێی بارگرانی خەمی خۆی ژمارەی کوژراوەکانی بەرزدەکردەوە. ئێستا چیتر کۆمپانیاکە تاهەتایە لەوێ نەمابوو.

دواجار گەشتە ئەوئەنجامەی - **هەرگیز گرێنگۆکان ناگەڕێنەوە.**

ئەوەی جێگەی گومان نەبوو ئەوەبوو کە هەموشتێکیان لەگەڵ خۆیان بردبوو: پارە، شەماڵی مانگی دێسامبەر، چەقۆی نانبڕینەکە، هەورەبروسکەی کاتژمێری سێی پاشنیوەڕوان، بۆنی خۆشی یاسەمەنەکانو عەشق. بەتەنها داربادامەتەپۆتۆزاویەکان مانەوەو ماڵەدارینە بنمیچ ژەنگاویەکانو دانیشتوانە کەم دووەکانیان کە بیرەوەریەکانیان وەکو خۆرە دەیخواردن.

پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، دوکتۆر بۆیەکەمجار کاتێك منی بینی کە لەدەنگی ئەو دڵۆپەبارانانەی بەر سەربانەکە دەکەوتن سەرم سوڕمابوو. پێی وتم :"**دەنگی دەنوکی مریشکەکانە، بەدرێژایی رۆژ لەسەربانەکان کەوتوون**"

دواتر، بە بێ تاقەتیەوە، بە پەنجەی ئاماژەی بۆ دەرگا داخراوەکە کردو بەمشێوەیە قسەکەی تەواو کرد:

- شەوان خراپترە، لەبەرئەوەی گوێمان لەدەنگی ئەو مردوانەیە کە لەکۆڵانەکاندا سەرگەردانن.

بۆ نانخواردن بانگی کردینو ئێمەش قبوڵمانکرد لەبەرئەوەی مامەڵەی خانوەکە زۆری نەدەخایاند. کرێچیەکان کڕیاری خانوەکە بوونو پێشتر بە تەلەگراف هەمووشتێك کۆتایی پێ هاتبوو. **کاتمان هەیە؟**

ئادریانا وتی - **زۆر، ئێستا ئیتر دیارنیە کەی شەمەندەفەرەکە دەگەڕێتەوە.**

لەبەر ئەوە لەوێ مانەوەو خواردنێکی خۆماڵیمان پێکەوە خوارد کە سادەیی خواردنەکە پەیوەندی بە هەژاریەوە نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە دوکتۆر لەخۆراكو لەژیانیشدا لاینگری هاوسەنگیو پارێز بوو. لەگەڵ چەشتنی سوپەکە هەستم کرد

دونیایەکی نووستوو لە بیرەوەریمدا بەئاگاهاتـەوە. لەگـەڵ خـواردنی هەرکەوچـکێك لـەو سوپە، ئەو تام وچێژانەی لەسەردەمی منالّیمـدا کردبـووم‌و پاش بەجێهێشتنی گوندەکە فەرامۆشم کردبوون، بەبێ بچوکترین گۆڕان، لە ڕابـردوە کۆنەکانـەوە دەگەڕانـەوە ودڵیـان دەگووشیم.

هـەر لەسـەرەتای قسەکانمانەوە، لەبەرامبـەر دوکتـۆردا خـۆم وەکـو هـەمان ئەومناڵـە دەهاتەوەبەرچاو کە لەپەنجەرەکەوە سـەری دەخـستە سـەری،و ئەوکاتـەی سـەیرم دەکـرد بەهەمان ڕاستگۆییەوە کە لەگەڵ دایکم قسەدەکات لەگـەڵ منـیش دەدوێ، دەسـت‌و پـێم وون دەکـرد. لەمناڵیمـەوە، لەدۆخـە دژوارو ئاسـتەنگەکاندا، بۆئـەوەی دەستەپاچـەیی‌و بێزاریم ئاشکرا نەبێت، بـەخێرایی چاوم دەتروکانـد. ئەوکاتـەی دوکتـۆر سـەیری کـردم، لەپڕ دوچاری ئـەو کاردانـەوە ناویستە بومـەوە. گـەرما لەڕادەبـەدەر زیـادی کردبـوو. بـۆ چەند چرکەیەك بێدەنگ بووم‌و لـە قسەکانیاندا بەشـداریم نـەکرد، لـەو کاتـەدا لـەخۆم پرسی چۆن دەبێت ئەو پیرەمێردە دڵتەنگ‌ومیهرەبانە مۆتەکەی ڕۆژانی منالّیم بووبێت. لەناکاو، پاش وەستانێکی دورودرێژو بەبیرهێنانەوەی بابەتێکی سەرپێیی، لێم وردبوەوەو وەکو باپیرێکی میهرەبان بەدەممەوە پێکەنی.

پێیوتم ـ کەواتە گابیتۆی پاڵەوان بۆخۆی بوە بەپیاو. ئێستا چی دەخوێنی؟

بۆئـەوەی خـۆم لـەو پرسـیارە ڕزگـار بکـەم‌و سەرلێـشێواویم بـشارمەوە، بەشـێوەیەکی تەموومژاویی دەستم کـرد بـە ڕونکردنـەوەی ئاستی خوێندنەکەم: **بـە تەرمیـەکی بـاش دیپلۆمم لـە دواناوەندیـەکی شـەوانەرۆژی دەوڵـەتی وەرگرتـوە، نزیکـەی دوو سـاڵ بەشـێوەیەکی پـەرتوبلاوو ئاشـوفتە لـە کۆلیـژی مـافـ خوێندومـەو ئێـستاش کـاری ڕۆژنامەنووسی دەکەم.** دایکم گوێقوڵاخ وەستابوو، خێـرا دەسـتەودامێنی دوکتۆربـوو تـا بمهێنێتەوە هۆش خۆم.

وتی ـ توخوا بزانن چی لەمێشکدایە. دراوسێ! دەیەوێت ببێتە نووسەر.

لەنێو چاوو ڕوخساری دوکتۆردا بریسکەی شادومانیم بەدی کرد.

وتـی ـ **چەندباشـە، دراوسـێ! ئەمـە بـەهرەیێکی ئاسمانیـە** ـ ڕووی لـەمن کـرد ـ **شـیعر دەنووسی؟**

لەکاتێکدا گەرداوێك لەناخمابوو، وتم: **نەخێر، ڕۆمان‌و چیرۆك.**

ورۆژا.

ـ دۆن باربارا[1] ت خوێندوەتەوە.

---

[1]. Dona Barbara

لەوەڵامدا وتم - **بەڵێ، هەروەها تاڕادەیەك سەرجەم نوسینەكانی تری رۆمیلیۆ گایگۆس[1]م خوێندوەتەوە.**

وەكوئەوەی ئەو قسانە ژیانێكی دوبارەی پێ بەخشیبێت، لەبەرئەوەی بەحەزو تاسەوە بۆی گێڕاینەوە كە لە كۆنفرانسێكدا لە **ماراكایبۆ** ناسیویەتی، باسی ئەوەی كرد كە ڕەفتاروهەڵسوكەوتی هیچی لەژیانىنێو ڕۆمانەكانی كەمتر نیە. لەڕاستیدا، لەوسەردەمەدا، بەجۆرێك لەنێو تای **چیرۆكەكانی**[2] **میسی سی پی** دا دەسوتام كە تازە دركم بە لاوازیەكانی ڕۆمانە ناوخۆییەكان دەكرد. بەڵام قسەكردنی دۆستانە لەگەڵ ئەوپیاوەی ترسی سەردەمی منالّیم بوو، وەكو موعجیزە دەهاتە بەرچاوم، بڕیارمدا بەشداری ئەو هەڵچوونو شادیەی بكەم. باسی گۆشەی یاداشتی ڕۆژانەی خۆم بۆكرد كە بەناوی "زەڕافەی مێ"لە - **ئال هالاردۆ** - دەمنوسی، پێشوەخت مژدەی بلاّوبونەوەی گۆڤارێكم پێدا كە زۆر بەهیوای دەرچوونی بوومو تەنانەت ناوی گۆڤارەكەشم لەلای ئەو ئاشكرا كرد: **كرۆنیكا**[3].

بەوردی لەنوكی پێوە تا تەوقی سەرم لێی ڕوانیم.

وتی - **نازانم ئاستی نوسینەكانت چۆنە، بەڵام لە ئێستاوە وەكو نوسەرەكان قسە دەكەیت.**

دایكم بەدەستەپاچەیی خۆی خستە نێو قسەكانمان تا ڕاستی باسەكە ڕونبكاتەوە: كەس دژی ئەوە نەبوو ببمە نوسەر، بەو مەرجەی خوێندنی زانكۆ تەواو بكەم تا لەژیاندا شوێنپێیەكی بەهێز بۆخۆم پەیدا بكەم. دۆكیۆر سەرجەم ئەو جیاوازی بیروڕایانەی بە بێ بایەخ لەقەڵەم دا، زیاتر دەربارەی پیشەی نووسەری قسەی كرد. ئەویش حەزیدەكرد بێتە نووسەر، بەڵام دایك وباوكی، هەمان قسەكانی دایكمیان كردبوو، پاش ئەوەی نەیانتوانیبوو ڕازی بكەن بچێتە نێو ریزەكانی سوپا، ناچاریان كردبوو پزیشكی بخوێنێت.

قسەكانی بەمشێوەیە گەیاندە ئەنجام - **باشە، بزانە دراوسێ، بووم بە دوكتۆرو نازانم چەندەی دراوسێكانم بەویستی خوداو چەندی تریان بەهۆی دەرمانەكانی منەوە مردوون.**

---

[1]. Romulo Gallegos (١٩٦٩ - ١٦٦٤) نوسەر و سیاسەتمەداری ڤێنزوێلایی كە لە ساڵی ١٩٤٧ بوویە سەرەك كۆماری ئەو وڵاتە

[2]. maracaibo، ڕوبار و خەلیجێك لە ڤێنزوێلا.

[3]. Cronica

دایکم که بۆیدەرکەوت بەتەواوەتی بابەتەکەی دۆڕاندوە وتی ـ **لەهەمووو ئەمانەش خراپتر، پاش ئەوەی بەهەزار داماویی‌و بەدبەختی پارەی خوێندنەکەیمان دابینکرد، خوێندنی کۆلیژی مافی بەنیوەناچڵی بەجێهێشتوە.**

بەپێچەوانەی ئەوەی دایکم چاوەڕێی دەکرد، دوکتۆر ئەوکارەی بە دابڕاوانەترین ئاماژەی حەزی زۆرو ئارەزوی لەرادەبەدەری من لەقەڵەمدا بۆ کاری ئەدەبی: ئەو تاکە هێزەی دەکەوێتە سەروو ئاستی عیشقیشەوە. بەتایبەتی ئەگەر ئەو حەزوئارەزوە هونەرمەندانە بێت، تەمومژاویترینی ئەو هەڵچونانەی، کە مرۆڤ بەبێ‌چاوەڕوانی هیچ جۆرە پاداشێك ئامادەیە هەموو ژیانی لەپێناویدا ببەخشێت.

وتی ـ **ئەوەی من باسی دەکەم، هەمان ئەوشتەیە کە لەسەرەتای لەدایك بوونمانەوە بەقەرز پێمان بەخشراوەو ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوە بجوڵێنەوە، تەندروستی جەستەودەرونمان دەخەینە مەترسیەوە.** ـ بەزەردەخەنەیەکی دڵخوازانەی فەرمەسۆنە باوەڕدارەکانەوە بەرستەیەك کۆتایی بەباسەکە هێنا ـ : **خۆزگە قەشەکانیش ئەوەندە باوەڕیان بەخودا هەبوایە.**

ئەوەندە شارەزایانە باسی ئەوشتەی کرد کەمن توانای رونکردنەوەیم نەبوو، کە سەرم سوڕما. وابزانم دایکمیشی ڕازی کرد، لەبەرئەوەی بێئەوەی نارەزایی دەربڕێت تەماشایەکی کردم‌و پاش ململانەیەکی دەرونی ملکەچی ئەو دۆخەبوو.

لێی پرسیم ـ **ئێستا چۆن ئەم هەمووشتە بەباوکت بڵێم؟**

وتم ـ **وەکو ئەوەی ئێستا گوێمان لێی بوو.**

وتی ـ **نا، بەمشێوەیە ناگەینە ئەنجام ـ پاش کەمێك بیرکردنەوە، دوابڕیاری خۆی ڕاگەیاند ـ : بەڵام پێویست ناکات نیگەران بیت، خۆم ڕێگەیەکی گونجاو دەدۆزمەوە.**

نازانم ئەوەدوابڕیاری‌بوو یان شێوازێکیتری خۆدزینەوەی‌بوو لە بابەتەکە، بەڵام باسەکە لەوێدا کۆتایی هات. کاتژمێرە دیواریەکە بەدوو لێدان، کە لەدوودڵۆپە شووشە دەچوون، ئێمەی لەتێپەڕینی کات ئاگادارکردەوە. دایکم بەشپرزەییەوە وتی: "**خوایەکوژێنتا بەتەواوەتی لەیادم چوو بۆچی هاتووین.**" لەشوێنی خۆی هەستا.

ـ **دەبێت بڕۆین.**

ئەوخانوەی لەوبەر شۆستەکەوە بینیم زۆرکەم لەوێنەی نێو بیرەوەریم دەچوو، هەرگیز وەڵامدەرەوەی ئاستی چاوەڕوانی‌و ئارەزووەکانم نەبوو. ئەو دوو درەختە بادامە پیرانەی کە پارێزەری ئەوخانووەبوون‌و تاکە ئاماژەی شوناسی ئەوخانووەبوون لەریشە دەرهێنرابوون‌و ماڵەکە کەوتبوە بەرمەترسی باوبۆران. ئەوەی لەژێر هەتاوی سوتێنەردا دەمایەوە لەسی مەتر تێنەدەپەڕی: نیوەی دیوارێکی چیمەنتۆیی‌و سەربان چینکۆ بوو

کەمرۆڤی دەخستەوە بیری ماڵی یاری منالان، نیوەکەی تریشی بریتی بوو لە تەختەی زبرو ڕەنە نەکراو. دایکم یەکەمجار بەهێواشیو دواجار بەتوندی لەدەرگا داخراوەکەی داو لەپەنجەرەکەوە بانگی کرد:

- کەس لەماڵ نیە؟

دەرگاکە بەهێواشی نیوەی کرایەوەو ژنێکی نادیار لەژێرسێبەرە نیمچە روناکەکەی ژورەوە پرسی:

- فەرمون چیتان دەوێ؟

دایکم رەنگە بەبێ ویستی خۆی، بەحاڵەتێکی دەسەڵاتدارانەوە وەڵامی دایەوە:

- لوویسا مارکیزم.

ئەوکات دەرگای سەرکۆڵانەکە بەتەواوەتی کرایەوە،و ژنێك بەجلوبەرگی ماتەمینیەوە، لاوازوبێ‌ڕەنگ، نیگا مردوەکەی ئاراستە کردین. لەوسەری هۆڵەکەش پیاوێکی پیر لەسەر کورسیەکی تایبەتی کەمئەندامان دانیشتبوو کەوتە جموجووڵ. ئەو کرێچیانە بوون کە پاش چەند ساڵێك نیشتەجێبوون لەو ماڵەدا پێشنیاری کڕینی خانوەکەیان کردبوو، بەڵام نەدەموچاوی ئەوان لە کڕیار دەچوو، نەخانوەکەش ئەوەندە باشبوو کە سەرنجی کڕیاری تر ڕابکێشێت. بەپێی ئەو تەلەگرافەی گەشتبوە دەستی دایکم، کرێچیەکان قبوڵیان کردبوو نیوەی پارەی خانوەکە بدەن‌و دایکم پسوڵەیان بداتێ،و نیوەکەی تریشی لەکاتی ئیقراری تاپۆکە بدرێت، کەدەبوو لەماوەی ساڵێکدا بکرێت، بەڵام کەس بیری ئەوەی نەبوو کە بڕیار بووبێت پێش مامەڵەکە یەکتر ببینن. پاش وتووێژێکی دورودرێژ کە کەسیان لە قسەکانی ئەویتریان هیچی چنگ نەکەوت، گەشتنە ئەو ئەنجامەی هیچ ڕێکەوتنێکی پێشوەخت لەنێوانیاندا نەبووە.

دایکم نوقمی ئارەق‌و ماندوو لە تێنەگەیشتنی بەرامبەرەکانیو گەرمای بێزارکەر، سەیرێکی دەوروبەری کردو هەناسەیەکی هەڵکێشا :

- ئیتر ئەم خانوە تەمەنی بەسەر چووە.

پیاوەکە وتی - زۆر لەوەش خراپترە کە بیری لێ دەکەنەوە، ئەگەر تا ئێستا نەڕوخاوە بەسەرماندا، لەبەر ئەوەیە یەك دونیا پارەمان بۆ نۆژەنکردنەوەی خەرج کردوە.

لیستێکی دورودرێژی ئەوشوێنانەی پێویستیان بە چاك کردنەوە هەبوو ئامادە کردبوو، هەروەها پارەی تەعمیراتی پێشویان لە کرێکە داشکاندبوو،و لەکۆتایدا ئێمە قەرزارباریش دەبووین. دایکم، کە بەردەوام دڵێکی ناسکی هەبوەو بە قسەیەك دەستی دەکردە گریان، هەرگیز ملی بۆ فێڵوتەڵەکەی خەڵکی شۆڕنەدەکردو بەتوندی بەرگری دەکرد. بووبە دەنگەدەنگیان، بەڵام من هیچ قسەم نەکرد لەبەر ئەوەی هەرلەسەرەتاوە

دەمزانی حەق بە كڕیارەكانە. لە تەلەگرافەكەدا هیچ ئاماژەیەك بۆ كاتو چۆنیەتی مامەڵەكە نەكرابوو، بەڵكو بە پێچەوانەوە، هەموو شتەكان خرابووە دوای ئەوەی كە هەردوولا لەسەرشتەكان ڕێك دەكەون. ئەمەش یەكێكیتر بوو لەو حاڵەتانەی كە هەمیشە ڕووبەڕووی بنەماڵەی ئێمە دەبووەوە. دەمزانی چۆن ئەوە ڕووی داوە، لەسەر مێزی نانخواردن،و ئەوكاتەی تەلەگرافەكەیان بەدەست گەیشتووە، ئەو بڕیارەیان داوە. دەخوشكو برام هەبوو كە هەرهەموویان لەسەر هەموشتێك قسەیان دەكردو ڕایخۆیان هەبوو. دواجار دایكیشم لەلای ئەمونەو پارەیەك پەیدا دەكاتو جانتای سەردەمی قوتابخانەكەی ئامادە دەكاتو ڕێگەی سەفەر دەگرێتە بەر، لەكاتێكدا كە تەنها پارەی بلیتی گەڕانەوەی پێدەبێتو بەس.

دایكمو ژنە كرێچیەكە جارێكیتر بە حسابەكاندا چوونەوە، كەمتر لە نیو كاتژمێر بۆمان دەركەوت مامەڵەكە سەرناگرێت. یەكێك لەو ڕێگرانەی كە هیچ چارەسەرێكی نەبوو، ئەوەبوو كە ئێمە فەرامۆشمان كردبوو خانوەكە بەرەهن دراوەو تاساڵی داهاتوو كە دواجار ئەو وێرانەیەمان فرۆشت، نەمانتوانی ڕەهنەكە هەڵوەشێنینەوە. بەكورتی، ئەوكاتەی كرێچیەكە ویستی بۆجارێكیتر هەمان قسە بێماناكانی پێشووی دووبارە بكاتەوە، دایكم بەدابڕاویەكی بە هەیبەتانەوە، كە هیچ قسەیەكیتری هەڵنەدەگرت، ڕێگەی نەدا لەوەزیاتر قسەبكاتو درێژە بە باسەكە بدات.

وتی ـ ئەم خانووە بۆ فرۆشتن نییە. لێرە لەدایك بووینو لێرەش دەمرین.

لەدوا چركەساتەكانی ئێوارەدا، ئەوكاتەی چاوەڕێی گەڕانەوەی شەمەندەفەرەكەمان دەكرد، بیرەوەریە تاڵو شیرینەكانی رابردومان لەو ماڵی تارمایانەدا چەشتەوە. هەمووی موڵكی ئێمەبوو، بەڵام تەنها ئەو بەشەی دابومان بەكرێو دەیڕوانیە سەر شەقامەكە،و پێشتر نوسینگەی كاروبارەكانی باپیرم بوو، بەكەڵكی ژیان دەهات. بەشەكانیتر بریتی بوون لە كۆمەڵێك داروپەردوی مۆرانەخواردو كە گژوگیا لەسەربانەكەی ڕووابووو مارمێلكەكان بەئازادیی تێدا دەسووڕانەوە. دایكم لەبەردەرگاكە وشك بوو لەناخی دڵەوە هەناسەیەكی هەڵكێشا:

ـ ئەمە ماڵەكەی ئێمە نییە!

بەڵام دیاریی نەكرد كام ماڵەیان، چونكە بەدرێژایی سەردەمی منالیم ئەوقسەیەم دەربارەی سێ خانووی جیاواز بیستبوو، ئەوقسەیە بەپێی كەسەجیاوازەكان ماناو شێوەی جیاوازی وەردەگرت. وەكوئەوەی لەداپیرم بیستبوو، یەكەمجار ئەو ماڵە مەزرایەكی سوورپێستانەبوو كە بە سوكایەتیەوە باسی دەكرد. خانوی دوهەمیش، كە باپیرو داپیرم دروستیان كرد، دیوارەكەی لە قامیشو خشت دروستكرابوو، سەقفەكەشی لە لقو پۆپی

دارخورمای تاڵ بوو، هۆڵێکی گەورەو ڕوناكو دلگیری هەبوو، ژورێکی نانخواردن کە لەشێوەی بەرهەیوان دروستکرابوو پڕبوو لەگوڵی ڕەنگ کراوە، دوو ژوری‌نووستن، حەوشەیەك کە داربەڕویەکی دێوناسای تێدابوو، باغچەیەکی میوەی باسەفاو پڕبار، هەروەها گەورێکی هەبوو کە بزنەکانو خوکەکانو ماینەکان بەئاشتی لەوێدا دەژیان. بەپێی ڕاستترین گێڕانەوە، ئەو خانوەیان، لەکاتی تەقاندنی فیشەکەشێتەکانی ٢٠ی ژانویە، ڕۆژی سەربەخۆیی، کە نازانین چ ساڵێكو پەیوەندی بە کام لەو جەنگە زۆرانەوە هەبوو کە وڵاتەکەمان بەشداریی تێدا دەکرد، بەهۆی کەوتنەخوارەوەی فیشەکە شێتەیەکی گەورە لەسەربانەکەی کە لە لقو پۆپی دارخورمای تاڵ دروستکرابوو، سوتاو بوبە خۆڵەمێش. تاکەشتێك لەو ماڵە بەجێما دیوارە چیمەنتۆیەکانو دوو ژوور بوو کە دەرگاکەی کەوتبوە سەرکۆڵان، پاپالیلۆ ئەوچەندجارەی پۆستی حکومی وەرگرتبوو، کردبویە نوسینگەی تایبەتی خۆی.

خێزانەکەم لەسەر ئەو وێرانەیە کە هێشتا گەرم بوو سەرپەنایەکی کاتیی دروستکرد. ماڵێکی یەك نهۆم بە هەشت ژووری یەك لەدوای یەك کەبەدرێژایی ڕێڕەوێکی درێژ دروست کرابوونو تارمەیەکی گوڵ لێ ڕوواو کە ژنەکانی بنەماڵەکە لەوێ دادەنیشتن بۆئەوەی لە فێنکایی ئێوارانذا کاری چنین ئەنجام بدەنو دەمەتەقێ بکەن. ژورەکان سادەبوونو هیچ جیاوازیان نەبوو، بەڵام من لە هەمان نیگای یەکەمدا بۆم دەرکەوت کە هەریەك لە وردەکاریە بێ ئەژمارەکانیان چرکەیەکی چارەنووس سازی ژیانمیان لەنێو خۆیاندا پاراستبوو.

یەکەمین ژوری خانوەکە هۆڵی میوانو نوسینگەی کارکردنی تایبەتی باپیرم بوو. مێزێکی نووسینی ڕوکەشدار، کورسیەکی گەرۆك، پانکەیەکی سەقفیو کتێبخانەیەکی بەتاڵی تێدابوو کەبەتەنها کتێبێکی گەورەی پەڕەپەڕەی تێدا بەدی دەکرا: **قاموسی زمانی ئیسپانی**. ڕێك لەپاڵ ئەوژورەشدا کارگەی نوقرەکاریی بوو کە باپیرم خۆشترین کاتەکانی لەوژورەدا بەسەر دەبردو ماسی ئاڵتونی بچوکی دروست دەکرد کە لاشەیەکی بزۆكو چاوانی وردی لە زومورود دروستکراویان هەبوو، ئەو ماسیانەشی تەنها بۆ خۆشی خۆی دروست دەکرد نەوەکو بەمەبەستی پارە پەیداکردن. لەوژورە، گەلێك کەسی بەناوبانگی بینی، بەتایبەتی سیاسەتمەدارەکان، هەروەها ئەو کارمەندانەی دەوڵەت کە لەسەر کارەکانیان دەرکرابوونو کۆنە سەربازەکانیشی بینی. لەدوو سەردەمی جیاوازیشدا، دوو پیاوی ناودار هاتنە دیدەنی باپیرەو بۆنانخواردنی نێوەڕۆ میوانمان بوون: ژەنەراڵ **ڕافائێل**

ئۆریبێ ئۆریبێ[1] و ژەنرال **بێنجامین هێرێرا**[2]. ئەوەی سەیربوو ئەوەبوو، داپیرم تاکۆتایی تەمەنی یەك شتی ئۆریبێ ئۆریبێی لەیادمابوو کەئەویش کەمخواردنە سەیرەکەی بوو: **"بەقەدەر چۆلەکەیەك نانی دەخوارد"**

بەپێی کلتوری کارایبی ئێمە، ژن مافی ئەوەی نەبوو پێبخاتە نوسینگەی کارو کارگەکە، هەروەکو چۆن بەپێی یاسا، رۆشتنیان بۆ چێشتخانە گشتیەکان قەدەغەبوو. بەلاّم بەتێپەرینی کات، ئەوبەشەی ماڵەکە کرایە دەرمانخانەی تایبەتی خێزانەکەمان، پورە **پێترا**[3] لەوێ کۆچی دوایی کردو **وێنفرێدا مارکیز**[4]ی خوشکی پاپالیلۆ، دوامانگەکانی نەخۆشیە درێژخایەنەکەی لەو ژورە بردەسەر. لەوبەشە بەولاوە، بەهەشتی پڕلەنهێنی ئەوژنانەبوو کە لەسەردەمی منالّیمدا بەشێوەی هەمیشەیی یان کاتی لەو بەشە دەژیان. من تاکەنێری ئەوماڵەبووم کە بۆم هەبوو بچمە هەردووبەشی ماڵەکەو وەکو کەری ناوجۆگە حسابم بۆدەکرا.

زۆری نانخواردنەکە وەکو ئەوەبوو درێژەی رێرەوە پانو بەرینەکە بێت، ژنانی ماڵەکە لەتارمەکە دادەنیشتنو بەرگیان دەدووری، مێزێکی نانخواردنی شازدەکەسیشی تێدابوو بۆ پێشوازی کردن لەمیوانە داوەتکراوو ئەومیوانە ناوەختانەی رۆژانە نیوەروان بەشەمەندەفەرەکە دەگەیشتنە گوندەکە. دایکم لەو زوورەوە لەگوڵدانە شکاوەکانی بگونیاو درەختی میوە وشکهەلاّتوەکانو بنە مێرولەخواردوەکانی یاسەمەن وردبوەوەو هەناسەیێکی تازە کردەوە.

بەدەم سەیرکردنی ئاسمانی نورانیەوە وتی ـ **هەندێك جار لەبەر بۆنی تیژی یاسەمەنەکان نەمانئەتوانی هەناسە بدەین** .و هەناسەیەکی پڕحەسرەتی هەڵکێشا کە دەتوت لەقولاّیی دەرونیەوە هەڵقولاّوە ـــ **بەلاّم لەهەمووو ئەوانە زیاتر بیری هەورەبرووسکەی کاتژمێر سێی پاشنیوەرۆم دەکرد.**

ئەو قسەیە کاری لێکردم، لەبەر ئەوەی منیش ئەو تاکە ئرکەیەم لەبیربوو کە وەکو دارمانی تاشەبەردەکان هەرای دەنایەوەو لەخەوی پاشنیوەڕوان رایدەپەراندین، بەلاّم هەرگیز هەستم بەوە نەکردبوو کەبەتەنها سەعات سێی پاشنیوەرۆ دەینرکاند.

هۆڵی میوانەکە دەکەوتە ئەودیوو رێرەوەکەوە کە تەنها بۆ بۆنە تایبەتیەکان دەرگاکەی دەکرایەوە، لەبەرئەوەی سەردانە رۆژانەکان، گەر میوانەکە پیاو بوایە، لە

---

[1]. Rafael Uribe Uribe (١٦٥٩ ـ ١٩١٤) ژەنرالی لیبرالّی کۆلۆمبی.
[2]. Menjamin Herrera
[3]. Petra
[4]. Wenefrida Mrquez

نووسینگەکەی باپیرم بەڕێوەدەچوو بۆ میوانە تازەکان بیرەی سارد پێشکەش دەکرا، ئەگەر میوانەکە ژنبوایە، لە بەرهەیوانی بگونیاکە پێشوازی لێدەکرا. ئەو بەرهەیوانە خاڵی سەرەتایی دونیای ئەفسانەیی ژوورەکانی نووستن بوو. لەپێش هەموویانەوە، ژوری نووستنەکەی باپیرم، دەرگای ئەوژوورە بەسەر باخچەیەکی گەورەدا دەیڕوانی، وێنەی چەند لقەگوڵێك و مێژووی دروستکردنی خانوەکە لەسەر چوارچێوەیەکی دارین ژوورەکەی دەڕازاندەوە: ١٩٢٥. لەو ژوورە، لەناکاو، بەهۆی قسەیەکەوە کە هەرگیز چاوەڕوانی بیستنی نەبووم، بوەهۆی ئەوەی داچڵەکێم، بە جەختکردنێکی سەرکەوتن ئامێزانەوە وتی:

- **تۆ لەم ژوورەدا لەدایك بوویتێ**

تا ئەوکاتە ئەو ڕاستیەم نەدەزانی، یان ڕەنگە فەرامۆشم کردبێت، بەلاّم لەژوورەکەی تەنیشتی، بێشکەیەکمان دۆزیەوە کە تا چوارساڵی لەوێدا بەخێوکرابووم و داپیرم بۆهەمیشە پاراستبووی. لەبیرم نەمابوو، بەلاّم هەرئەوەندەی چاوم بە بێشکەکە کەوت، خۆم بە سەرهەمێکی کڵاوداری گوڵشینەوە هاتەوەبەرچاو، کە یەکەمجاربوو لەبەریانکردبووم، بیرم کەوتەوە کە بەدەم گریانەوە هاوارم دەکرد بۆئەوەی یەکێك فریام بکەوێت و لەدەست ئەو پیساییەی کردبووم ڕزگارم بکات. بەتوندی دەستم گرتبوو بە بێشکەکەمەوە، کە وەکو سەبەتەکەی مووسا بچوك و تەسك بوو، زۆربەزەحمەت خۆم بە پێوە ڕادەگرت. زۆرجار خزم و کەسەکانمان قسەیان لەسەر ئەوەکردبوو کە ترسی ئەوڕۆژەم لەچاو تەمەنی ئەوکاتەم زۆر گونجاو بوو. بەتایبەت ئەوکاتەی جەختم دەکردەوە کە نیگەرانیم تەنها لەبەر ئەو پیساییە نیە کە کردومە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە نەبا جلوبەرگەکەم پیس ببێت. بەواتایەکیتر، نیگەرانیەکەم ئەنگێزەی پاك و تەمیزی لەپشت نەبوو، بەڵکو لە ئەنگێزەیەکی جوانیخوازانەوە سەرچاوەی دەگرت، و لەبەرئەوەی بیرەوەری ئەوڕۆژە ئەوەندە قووڵ و وورد لەزەینمدا ماوەتەوە، هەست دەکەم یەکەمین بەرجەستەبوونی سروشتی هونەریم بووە.

لەو ژوری نوستنەدا، میحرابێکی هاوشێوەی میحرابی قەشەکان هەبوو کە هەندەی باڵای مرۆڤێك دەبوو، ئەومیحرابە لەوانەی لە کەنیسەکاندا هەیە ڕاستەقینەترو گرژومۆن دەهاتە بەرچاو. پورە **فرانسیسکا سیمۆدۆسیا میخیا**[١]، کە یەکێك بوو لەپورزاکانی باپیرم، هەمیشە لەوژورە دەنووست، کە بە پورە"ماما"بانگمان دەکردو پاش مەرگی دایك و باوکی لەماڵی ئێمە دەژیاو خانم و کەیبانووی ماڵەکەبوو. من لەهاماکاکەی

---

[١]. Francisca Simodosea mejia

تەنیشتیدا دەنووستم، بەدرێژایی شەو دەترسام، لەبەرئەوەی کە تەماشای ئەو چرا پرتەپرتکەرەی باریتەعالام دەکرد، کە تائەوکاتەی هەموویان کۆچی دواییان کرد نەکوژایەوە، وامدەزانی فریشتەکانن چاودەتروکێنن، دایکیشم لەسەردەمی لاویەتیدا لەوژورە دەنووست، ولەگەورەیی فریشتەکان سام دەیگرت.

لەکۆتایی ڕێڕەوەکەدا، دووژور هەبوو کە ماڤی ئەوەم نەبوو بچمە ناویان. ژووری یەکەمیان ژووری سارا ئیمیلیا مارکیز[1]ی کچە خاڵم جوان دێ دیۆس[2] بوو، کە پێش ژنهێنانی باوکی لەدایکببوو و داپیروباپیرم بەخێویان دەکرد. هەرلەمناڵییەوە سەرباری خۆڕاگری زاتی، کەسایەتیەکی بەهێزو سەرسەختی هەبوو،و هەروەها خاوەنی کۆمەلەی بایەخداری چیرۆکەکانی کایجا[3] بوو، کە وێنەی ڕەنگی تێدابوو، کە هەرگیز نەیهێشت دەستیان لێ بدەم لەبەر ئەوەی دەترسا خراپیان بکەم. حەسرەتی سەیرکردنی ئەوانە یەکەمین ناکامی تاڵی ژیانی ئەدەبیم بوو.

لەدواهەمین ژور، شتە خراپەکان و جانتا کۆنەکانیان هەڵدەگرت، وچەندین ساڵ دەمویست بزانم لەو ژوورە چ باسە، بەڵام هەرگیز ڕێگەیان پێ نەدام بەدڵی خۆم ئەوژوورە بگەرێم. دواجار بۆم دەرکەوت شەست قەعدەی پیسایی تێدابووە، کە باپیروداپیرم ئەوکاتەی دایکم هاورێکانی لە پشووی خوێندندا داوەت کردبوو کڕیبوویان.

لەبەرامبەرئەودووژورەو لە هەمان ڕێڕەودا چێشتخانەیەکەی گەورە هەبوو، بە بخوردانی کۆنی لەبۆرەك دروستکراو،و تەنوریکی گەورەی تایبەت بە داپیرە، کە نانەواو شیرینی پەزێکی بەناوبانگ بوو،و سفرەی بەیانیانی پڕدەکرد لەو جانەوەرە لەشیرینی دروستکراوانەی کە بۆنێکی بەلەزەتیان بلاودەکردەوە. چێشتخانەکە سەرزەمینی ئەو ژنانەبوو کە لەوماڵەدا دەژیان، یان خزمەتی ئەو ماڵەیان دەکرد،و هەموو پێکەوە بەدەم گۆرانی وتنەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەزۆرەکانی چێشتخانەکە یارمەتی داپیرمیان دەدا. دەنگێکیتر کەبەرگوێ دەکەوت دەنگی لۆرینزۆی دانا[4] بوو: ئەو توتیە تەمەن سەدساڵەی لەباووباپیرانیانەوە بۆیان بەمیراتی مابووەوەو دژی ئیسپانیا دروشمی دەداو سرودە سەربازیەکانی سەردەمی شەری ناوخۆی دەوتەوە. ئەوەندە چاوی کزببوو کە دەکرا بڵێن بەتەواوەتی هیچ نابینێت و جارێکیان کەوتە ناو شلەیەکەوەو موعجیزەبوو کە نەمرد،

---

[1]. Sara Emilia marquez

[2]. Juan de Dios

[3]. Calleja

[4]. Lorenzo el Magnifico (١٤٤٩ ـ ١٤٩٢) لە گەورەرە بەناوبانگەکانی بنەماڵەی مدیچی کە فەرمەنرەوای فلۆرانس بوون.

لەبەر ئەوەی تازە خەریکبوو ئاوەکەی گەرم دەبوو. ساڵێکیان لەرێکەوتی ٢٠ی ژانویەدا، کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ، بە جیکەپڕلەترسەکانی، هەرایەکی گەورەی نایەوە:

- گا، گاڵئێستا گایەك دێتە

بەتەنها زنان لەماڵەوەبوون، لەبەرئەوەی پیاوەکان رۆشتبوون بۆ بەشداریکردن لە جەژنی نەتەویی لە شانۆ بچوکەکەی گوندەکە، هەمویان پێیان وابوو ئەوهاتوهاوارەی توتیەکە بەهۆی شێتی و پیریە و وایانزانی ئەوقسەیەش یەکێکیترە لە ورێنە هەمیشەیەکانی. زنانی ماڵەکە کەلەزمانی توتیەکە حاڵی دەبوون، تازە تێگەیشتبوون چی دەڵێت، کەلەناکاو گایەکی رەنگ خەنەیی کەلە گۆڕەپانی گابازیی هەڵاتبوو، بە نرکەوناڵەوە، هێرشی بردە ناو چێشتخانەکەو بەشێوەیەکی شێتانە سەرجەم شتومەکی نانەوایی‌و قابلەمەومەنجەڵی سەر زۆپاکەی خستەخوارەوە. من بەپێچەوانەی شەپۆلی هەراسانی ژنەکانەوە دەرۆشتم، پڕیان پیاکردم‌و بەرەو گەنجینەی ئازوقەکەیان بردم‌و هەرلەوێش خۆمان شاردەوە. نەڕەی گا سەرگەردانەکە لە چێشتخانەکەداو پیاکێشانە مەترسیدارەکانی شاخەکانی بە عەرزی چیمەنتۆیی ڕێڕەوەکەدا، خانوەکەی دەلەراندەوە. لەناکاو سەری لەپەنجەرەی سەقفەکەوە هێنایە ژوروو هەناسە ئاگرین‌و چاوەگەورەوە دەرتۆقیووەکانی خوێنی نێو دەمارەکانمی بەست. ئەوکاتەی پیکادۆرەکان[1] توانیان گاکە بگەرێنەوە شوێنەکەی خۆی بۆ گۆڕەپانی یاریەکە، ئەوکات تازە لەماڵەوە دەستکرا بە ئاهەنگ گێڕان‌و نزیکەی یەك هەفتەی خایاند، بەدەم خواردنی قاوەو شیرینی تایبەتی زەماوەندەوە چیرۆکەکەیان دەگێڕایەوە، هەزارجاریان گێڕایەوەو هەمووجارێك ئازایەتی ئەو شێرەژنانەی لەو رووداوەترسناکە بەسەلامەتی دەرچووبون، بەزەوقوشەوقێکی تازەوە باس دەکرا.

حەوشەکە زۆر گەورەنەبوو، بەڵام پڕبوو لە درەختی جۆراوجۆر، حەمامێکی بێ سەقف‌و حەوزێکی چیمەنتۆیی بۆ باراناوو هەیوانێکی بچوکی بەرزی هەبوو کە بە پەیژەیەکی سێ مەتری سست‌ولەرزۆکەوە بەسەریا سەردەکەوتن. دوو بەرمیلی گەورەی لێ بوو کە باپیرم دەمەوبەیان بە پەمپێکی دەستی پڕی دەکردن. لەولاترەوە، تەویلەیەکی لەتەختەی رەندە نەکراو هەبوو لەتەك ژووری خزمەتکارەکان،و دواجار حەوشە بەرین‌و پانەکەی پشتەوە کە تاکە ئاودەستی ماڵەکەی لێبوو، کارەکەرە سورپێستەکانی ماڵەکە شەووڕۆژ قەعدەی میزکردنەکانیان تێدا بەتاڵ دەکردەوە. پڕلقوپۆپترین‌و میوان دۆسترین درەختی حەوشەکە ئەوداربەڕوەبوو کە کەوتبوە پەراوێزی زەمان‌و زەمینەوە،

---

[1]. Picador، ئەو سوارەی لە نمایشەکانی گابازیدا بە چەقاندنی رمی بچوك بە پشتی گاکەدا تورەی دەکات.

که هەرهیچ نەبێت دوو سەرهەنگی خانە نشینی شەڕە ناوخۆیەکانی سەدەی پێشوو، لەکاتی پیسایی کردن لە بنی ئەودرەختەدا گیانیان سپاردبوو.

بنەماڵەکەی ئێمە، حەفدەساڵ پێش لەدایکبوونم، لەودەمەدا کە کۆمپانیای یونایتەدفروت بۆ بەدەستبەسەراگرتنی بازاڕی مۆز هەوڵو تەقالای ئەداو ئاژاوەی دەنایەوە، هاتبونە ئاکارتا. جوان دێ دێوسی بیستو یەك ساڵەی کوڕیان، هەردوو کچەکەیان، **مارگرێتا ماریا مینیتا دێ ئالاکوکێ**[1] ی نۆزدەساڵان، لوویسا سانتیاگا، دایکم، تەمەن پێنج ساڵیان، لەگەڵ خۆیان هێنابوو. پێش دایکم، لەرووداوێکی ئۆتۆمبێلدا، پاش چوارمانگ سکپڕی، دوانەیەکیان لەدەست دابوو. داپیرم پاش لەدایکبوونی دایکم وتبوی ئەمە دواهەمین منداڵیان دەبێت، لەبەرئەوەی تەمەنی لە چل ودووساڵ تێپەڕیبوو. نزیکەی نیو سەدە دوای ئەوە، دایکم لەهەمان تەمەنو لەهەل ومەرجێکی هاوشێوەدا، ئەودەمەی یانزەهەمین منالی، **ئیلیجیۆ گابریل**[2]، هاتەدوونیا، هەمان قسەی دوپات کردەوە.

کۆچکردنی باپیروداپیرم بۆ ئاکارتا، لەڕاستیدا سەفەرێك بوو بەمەبەستی بیرچوونەوە. دووخزمەتکاری خەڵکی گواخیرا ـ **ئالیریۆ**[3]و **ئاپۆلینار**[4] ـو کارەکەرێکی سورپێستیان"**مێمێ**[5]"هەبوو کە هەرکامێکیان بە نرخی سەد پێزۆ لە شوێنی لەدایکبوونیانو لەودەمەدا کەچیتر باوی کۆیلەداریی نەمابوو، کڕیبوو. جەنابی سەرهەنگ، چی لەتوانادابوو دەیخستەگەڕ بۆئەوەی ژیانێکی نوێ بۆخۆی بنیات بنێ‌و خۆی لەڕوداوە تاڵوناخۆشەکانی رابردوو دورەپەرێز بگرێتو تا بتوانێت خۆی لەو بیرەوەریە پڕئازارانەی ویژدانیان ئازاردەدا رزگار بکات، دەیویست لەبیری بچێتەوە کەبۆ بەرگریکردن لە شەرەفی پیاوێکی کوشتبوو. لە کۆنەوە ئاشنای ئەوناوچەیە بوو، لەوکاتەوەی وەکو جێگری سەرکردەی سوپا، بۆ ئیمزاکردنی پەیمان نامەی نیێرلاندیا، بەرەو سیێناگا دەرۆشت، رێی کەوتبوە ئەوناوە.

لە خانوە تازەکەیدا ئارامی دەست نەکەوت، لەبەر ئەوەی ئازاری ویژدانی ئەوەندە قوڵو بریندارکەربوو کە یەکێك لە نەوە زەین کوێرەکانیشی گرتەوە. داپیرە مینا، ئەودەمەی نابیناو نیمچە شێت ببوو، لەهەموو کەس زیاترو بە هەڵچونێکی سەیرەوە،

---

[1]. Margarita Maria Minita de alacoque
[2]. Eligio Gabriel
[3]. Alirio
[4]. apolinar
[5]. Meme

یادی ئەو رووداوەی دەکردەوە، بە کەڵك وەرگرتن لە گێڕانەوە پەرت وبڵاوەکانی توانیمان چیرۆکی تەواوەتی ئەو رووداوە بەشێوەیەکی رێکوپێك رێکبخەینەوە. بەڵام، ئەوەدەمانەی هەموان باسی ئەگەری کەوتنەوەی ئەو ڕووداوەیان دەکرد، ئەوە داپیرم بوو کە ئاگای لەهیچ نەبوو،و کاتێك هەواڵی شەرە دەستەویەخەکەی پێ گەیشت کە تازە کار لە کار ترازابوو.

ئەو شەڕە مەینەتبارە لە **بارانکاس**[1] رویدا، گوندێکی هێمنو پڕبەرەکەت کە دەکەوتە بناری زنجیرەشاخی **سیێرانیادا**[2]، هەمان ئەوشوێنەی کە باپیرم لەوێ فێری پیشەی زەرنگەری بوو، ئەوکاتەی پەیمانی ئاشتی مۆرکرا، گەڕایەوە تا پاشماوەی ژیانی لەوێ بگوزەرێنێ. دوژمنەکەی پیاوێکە دێوئاسا بوو، کە حەڤدەساڵ لەو گەنجتربوو، وەکوخۆی لیبراڵو بەرەگەز سورپێست، کاسۆلیکیکی دیندار، جوتیارێکی هەژار، تازەزاواو خاوەنی دوو منداڵ بوو، ناوێکی شایستەی خەڵکانی چاکەکارو خانەدانی هەبوو: **مێداردۆ پاچکۆ**[3].

لەوباوەڕەدام باپیرم زیاتر لەبەر ئەوە ویژدانی ئازاری دەدا کە دوژمنەکەی یەکێك نەبوو لەو روخسارە شاراوانەی لەمەیدانی جەنگەکاندا هێرشیان دەکردەسەر، بەڵکو روبەرووی هاوڕێیەتی کۆنو هاوسەنگەرو سەربازێك بووەوە کە لەجەنگی"هەزار رۆژەدا"لەژێر فەرمانی خویدابوو، کاتێك دەستی بەخوێنی سووربوو کە هەردوکیان هەستیان دەکرد ئاشتیو ئاسایشیان بەدەست هێناوە.

ئەوە یەکەمین رووداوی راستەقینەی ژیانم بوو کە ئەنگێزەی نووسینی لە ناخما وروژاندو خەیاڵمی دوچاری هەڵچوون کرد، تا ئێستاش نەمتوانیوە وێنەو کاریگەریی ئەو رووداوە لە زەینما بسڕمەوە. لەودەمەوەی ئەقلم بە شتەکان شکا، لەو راستیە تێگەیشتم کە ئەو رووداوە چ کاریگەرییەکی گەورەو قورسی لەسەر ژیانمان بەجێهێشتووە، بەڵام هێشتا وردەکاریی رووداوەکە لەژێر تەم ومژی وەهمێك خۆی حەشاردابوو. دایکم کە لەوکاتەدا تەمەنی تەنها سێ ساڵ دەبوو، هەمیشە ئەوڕووداوەی وەکو خەیاڵێکی دور لەراستی دەهاتە بەرچاو. گەورەکان لەبەرچاوی من بە پێچوپەناوە قسەیان دەکرد بۆئەوەی من لەقسەکانیان تێنەگەم، هەرگیز دەربارەی ئەو رووداوە نەگەشتمە یەقینی تەواوەتی، لەبەر ئەوەی هەریەك لەوانەی بەری بەرامبەر بەپێی ئارەزووی خۆی رووداوەکەی دەگێڕایەوە. بەپێی راسترین گێڕانەوە، دایکی مێداردۆ پاچکۆ هانیداوە بۆ گێڕانەوەی شەرەفی، کە بەقسەی هەندێك کەس قسەی نابەجێی پێیوتبوو، باپیرم بۆ

---

[1]. Barrancas

[2]. Sierra Nevada

[3]. Medardo Pacheco

شەڕێکی روبەڕو قاو بکات. باپیرم ئەوقسەیەی بەدرۆ خستەوەو لەبەرچاوی خەڵکیی لەپای ئەو بەدحاڵی بونە داوای لێبوردنی لێکرد، بەڵام مێداردۆ پاچکۆ قبوڵی نەکردو زۆر قسەی ناشرینی بەباپیرم وتو گاڵتەی بە هەڵسوکەوتە لیبرالیەکەی کرد،و بەوقسەیەی لە سوکایەتی پێکراوەوە بوبە سوکایەتی پێکەر. هەرگیز نەمزانی چ جنێوێکی بە باپیرم داوە. باپیرم، کە سوکایەتی پێکرابوو، بانگکرده مەیدان بۆئەوەی تا سەرئاستی مردن لەگەڵ یەك بجەنگن، بێئەوەی مێژووی روبەروبونەوەکە دیاری بکات.

مەودای نێوان رۆژی بانگەشەی روبەروبونەوەکەو رۆژی روبەڕوبونەوەکە بەباشی دەرخەری سروشتی سەرهەنگ بوو، بەوپەری هێمنیەوە سەرجەم پێداویستیەکانی داهاتووی خێزانەکەی دابین کرد، لەبەر ئەوەی چارەنوس رێگەیەکی خستبوە رێ کە یان بەمەرگ کۆتایی دەهات یان بە زیندان. بەبێ پەلە ئەو مولکە کەمەی لەپاش جەنگ بۆیان مابوەوەو ژیانیانی دەگوزەراند فرۆشت؛ کارگەی زیوو دروستکردنو ئەومولکە بچوکەی لە باپیریەوە بۆی مابوەوەو لەبەشێکیدا قامیشی شەکری چاندبوو. پاش شەش مانگ ئەوپارانەی کۆی کردبوەوە خستیە نێو کەنتۆرێکی ماڵەکە،و بە هێمنی چاوەڕوانی ئەو رۆژەی کرد کە پێشتر دیاریی کردبوو: ١٢ی ئۆکتۆبەر، ساڵیادی دۆزینەوەی ئەمریکا.

مێداردۆ پاچکۆ لە دەرەوەی گوندەکە دەژیا، بەڵام باپیرم دەیزانی کە مەحاڵە لە مەراسیمی **پاکیزەی پیلار**[1] بەشداری نەکات. پێش ئەوەی لەماڵ بچێتە دەرەوە نامەیەکی کورتو پر لەخۆشەویستی بۆ هاوسەرەکەی نووسی، لەنامەکەدا لە شوێنی نهێنی پارەکان ئاگاداری کردبوەوە،و دواهەمین وەسیتەکانی دەربارەی داهاتوی مناڵەکانی خستە سەرکاغەز. نوسینەکەی خستەژێر سەرینە هاوبەشەکەیان، بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی ژنەکەی پاش بەخەبەرهاتن دەیدۆزێتەوە، بەبێ ماڵئاوایی بەرەوپیری کاتژمێری شومی ژیانی چوو.

تەنانەت گێرانەوەجیاوازەکانی تریش لەو خاڵەدا هاوبەشن کە یەکێکبووە لە دووشەمە ئاسایە کارابییەکان، باران دەباری،و هەورە چرودلگیرەکان ئاسمانیان دادەپۆشی،و ـ با ـ یەك هەڵیکردبوو کە هەواڵی ماتەمێکی لەگەڵ خۆی دەهێنا. مێداردۆ پاچکۆ، بەجلوبەرگی پلاوخواردنەوە رێی کەوتە کۆلانێکی بنبەستەوە کە سەرهەنگ مارکیز رێی پێ گرت. هەردوو چەکداربوون. چەند ساڵێك پاش ئەو روداوە، داپیرم لەورێنە شێتانەکانیا بەردەوام دەیوتەوە"**خودا ئەو مۆڵەتەی بەخشیە نیکۆلاسیتۆ**[2] **کە گیانی ئەوپیاوە داماوە نەکێشێت، بەڵام ئەو نەیتوانی کەڵك لەوە وەربگرێت**"رەنگە لەبەرئەوەی

---

١. Virgen del Pilar، پاکیزەی پارێزەری ئیسپانیا کە یادەکەی دەکەوێتە ١٢ی ئۆکتۆبەرەوە.

٢. nicolasito، بچوککراوەی نیکۆلاس.

باپیرم وتبوی هەوری غەمێکی لەنێو چاوی رەقیبەکەی بینیوە، ئەو قسەیەی کردبێت. هەروەها بەداپیرمی وت، ئەودەمەی جەستەی بەخۆو بەهێزی کەوتە سەرزەوی، ناڵەیەکی بێ قسە لە قورگی دەرپەڕی، "وەکو بەچکە پشیلەیەك کە ئاوی پیا بکرێت". لەگێڕانەوە سەرزارەکیەکاندا دەیانوت پاپالیلۆ ئەو قسەیەی کردوە، کە گوایە لەو کاتەدا کەویستوویەتی خۆی بداتەدەستی قایمەمقام وتویەتی: "قیشەکی شەرافەت بەسەر قیشەکی هێزدا سەرکەوت" ئەو قسە زلانە لەنێو لیبرلەکانی ئەوسەردەمەدا باو بوو، بەڵام من هەرگیز نەمتوانی ئەو قسەیە لە زەینما بەپێی هەلسوکەوتی باپیرم بە قسەی ئەو بزانم. راستیەکەی ئەومیە کە شایەتێك بۆ ئەو قسەیە بوونی نەبوو. بەتەنها شایەتی نامەی دادگای سەردەمی ئەودوانە دەیتوانی چیرۆکی راستەقینەی ئەو ڕوداوە بسەلمێنێت، بەڵام گەر مەلەفێکیشیان بۆ ئەو روداوە دروست کرد، بچوکترین پاشماوەی لێ نەمایەوە. لەو هەموو چیرۆکانەی تا ئەمرۆ بەرگوێم کەوتووە، دوو چیرۆکیان لە یەکتر ناچێت.

ئەو روداوە ناکۆکی خستە نێو خێزانەکانی گوندەکەوە، تەنانەت ناکۆکی کەوتە نێو خزمە نزیکەکانیشەوە. گروپێکیان خوازیاری خوێن سەندنەوە بوون، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە ژمارەیەکیتر ترانکیلیناو منداڵەکانییان لە ماڵی خۆیان شاردەو تا ئاو لەئاو کەوتو ئاگری تۆڵەسەندنەوە نیشتەوە. لەسەردەمی منالیما، ئەو وردەکاریانە ئەوەندە ئازاریان دەدام کەچگە لەوەی باری گوناهی باپیرم بەکۆل دەکێشا، دەتوت خۆم ئەو کارەم کردوە، بەڵکو تا ئێستاش لە کاتی نوسینی ئەو روداوە، زیاتر لەتەك خێزانی کوژراوەکە هەست بە هاودەردی دەکەم تا خێزانەکەی خۆم.

بەمەبەستی دڵنیایی زیاتر، یەکەمجار پاپالیلۆیان گواستەوە بۆ ریۆئاچاو دواتر بۆ سانتامارتا، لەوێ بە ساڵێك زیندانی سزادرا: نیوەی ئەوسزایەی لەزینداندان‌ونیوەی تریشی لە ماڵەوە بردەسەر. هەرئەوەندەی ماوەی سزاکەی کۆتایی هات، بۆماوەیەکی کورت بەرەو سیاکنا کۆچی کرد، دواتر رێگەی پاناما[1]ی گرتەبەر، لەوێش خودا کچێکیتری پێبەخشی کە بەری پەیوەندیەکی ئاشقانەی تێپەڕبوو، دواجار کرایە بەرپرسی وەرگرتنی باجی زەویە کشتوکاڵیەکان‌و دەستی ژن‌ومنداڵەکانی گرت‌و رووی لە ناوچەی ناتەندورست‌و وەحشی ئاراکاتا کرد. چیتر بە چەکەوە نەچووە دەرەوە، تەنانەت لەسەردەمی پێکدادانە پڕ لەتوندوتیژیەکانی کۆمپانیای مۆزیش، بەتەنها شەوان، بەمەبەستی پاراستنی ماڵ‌وخێزانەکەی، حەوت تیرەکەی دەخستە ژێر سەرینەکەیەوە.

---

[1]. Panama

ئاراكاتاكا، هیچ لەو پەناگا ئاسودەیە نەدەچوو، كە پاش دێومزمە مێداردۆ پاچكۆ، لە خەیالیانا وێنەیان كردبوو. یەكەمجار كوێرمدێیەكی دورەدەستی ناحیەی سیێناگابوو كە نەسێبەریخودای لەسەربوو نە سێبەری یاسا، لە رێگەیەكی نادیارەوە چومناو مێژوو، پەتای مۆز لەباتی ئەوەی بەرەكەتی بۆبرژێنێ، بەرەو فەنابوون و لەناوچوونی برد. ناوەكەی زیاتر بۆناوی روبارێك دەگونجێ تا ناوی گوندێك، لەبەرئەوەی ara لەزمانی چیمیلا[1]دا مانای روبارەو cataca خەڵكی ناوچەكە بەو كەسانەی دەڵێن كە فەرمانڕەوان. هەرلەبەر ئەوەش لەناو خۆمانا بە ئاراكاتاكا ناومان نەدەهێنا، بەڵكو وشەیەكی گونجاوترمان لەباتی بەكاردەهێنا: كاتاكا.

ئەوكاتەی باپیرم دەیویست بەو خەیاڵاتە منالانەیە خیزانەكەی بخاتەسەر هەوای سەفەر وتبوی لە ئاراكاتاكا پارە دەبارێت، و مینا بەقسەیەك دەمی پێ داخستبوو: "**پارە پیسایی شەیتانە**"ئەو گوندە لەلای دایكم سەرزەمینی سەرجەم مەترسیو دڵەڕاوكێكانی بوو. كۆنترینی ئەو كارەساتانەی لەیادی مابوو، هێرشی ئەو كوللە بوو كە هەرچیەكیان چاندبوو خواردبویان، كاتێك ئەو ئافاتە رووی لەگوندەكەیان كرد، ئەو هێشتا منالێكی بچوك بوو. ئەوكاتەی بۆ فرۆشتنی خانوەكە لەگەڵی رۆشتم، پێیوتم: "**دەتوت بایەكی پەردین بەسەر مەزراكانا هەڵی كردبوو**"خەڵكی بەترسەوە خۆیان لەنێو ماڵەكانىدا دەشاردەوە، تەنها بە تەلیسم و جادو توانیان پاڵ بەو بەڵایەوە بنێن.

جارناجار رەشەبا وشكەكان غافلگیریان دەكردین، سەقفی كوخەكانی هەڵدەكەند، زیانیان بە مۆزە تازە پێگەیوەكان دەگەیاندو گوندەكەیان بە تەپوتۆزێك دادەپۆشی كە دەتگوت هی ئەستێرەیەكی ترە. هاوینان بەهۆی وشكە سالیەوە حەشاماتێكی خەڵكی گیانیان دەسپارد،و زستانان لێزمە باران كۆلانەكانی دەكردە روباری خرۆشان و ئەندازیارە ئەمریكیەكان بە جزمە لاستیكەكانیانەوە بێ گوێدانە دۆشەكە سەرئاوكەوتوەكان و لاشەی گاكان گوزەریان دەكرد. كۆمپانیای یونایتدفروت، كە سیستمی ئاودێریە دەستكردەكانیان ببووەهۆی دروستبوونی لافاو، پاش ئەوەی لافاوێكی وێرانكەر لاشەكانی گۆرستانەكەی لەژێر خاك دەرهێنا، رێرەوی روبارەكەی گۆڕی.

بەڵام مرۆڤەكان هۆكاری سەرەكی شومترین كارەساتەكان بوون. ئەوشەمەندەفەرەی وەكو یاری منالان دەهاتە بەرچاو، لەگەڵ ئەو لە سوتێنەرانەی بەوناوەدا بڵاوی دەكردەوە، خەڵكانی سەركێشی ناوچەجیاوازەكانی جیهانی، وەكو تۆفانی گەڵا، رژاندە ناوچەكەمان و هەرپاش ماوەیەكی كورت دەسەڵاتی شەقامەكان كەوتەدەست ئەو

---

[1]. Chimila

چەکدارانە. گەشەکردنی بێ سەروبەرەی گوندەکە، دەبوەهۆی زۆربونی ژمارەی دانیشتوان و بەرەلایی کۆمەلایەتی. گرتوخانەی بۆینس ئایرس کە پێنج فەرسەخ لە گوندەکەمان دووربوو، دەکەوتە سەر روباری **فۆنداسیۆن**[1]، زیندانیەکان زۆرجار لەرۆژانی کۆتایی هەفتە لەوێ رایان دەکردو بۆسەرگەرمی خۆیان و نانەوەی ترس دەهاتنە ئاراکاتاکا. پاش ئەوەی لەباتی ئەو مالانەی لە لقوپۆپی دارخورمای چیمیلا دروست دەکران، کۆمپانیای یونایتدفروت مالی دارینی سەقف ئاسنینی دروستکرد، کە پەنجەرەکانی کەتیبەو چەتری گولّ لەسەر هەلکۆلراوی تەپوتۆزاویی پێوەبوو، دەتوت لە گوندێکی فیلمە کابۆیەکاندا دەژیاین. لەنێو باوبۆرانی ئەوهەمموو روخسارە نامۆو چادر هەلکراوانەی سەر رێگاوبانە گشتیەکان وئەو پیاوانەی کە لەچەقی رێگاکان خۆیان دەگۆری و ئەو ژنانەی بە چەترەکراوەکانیانەوە لەسەر جانتاکانیان دانیشتبوون و ئەو هێسترانەی یەك لەدوای یەك، لەبرسا، لە تەویلەی ئوتێلەکانا دەتۆپین، ئەوانەی زوتر گەشتبوون لە هەموان بێبەشتر بوون. موسافیری هەمیشەیی بووین، ئەو تازە هاتووانەی مافی خاوەنداریەتی ئاووخاکیان نەبوو.

بەتەنها پێکدادانەکانی شەوانی شەممە نەدەبونە هۆی کوشت و بڕ. عەسری رۆژێك لەسەرجادەکە گوێمان لەهاتوهاواربوو، پیاوێکمان بینی بەبێسەر بەسواری ولاخێکەوە تێدەپەری. لەسەرپارەی مۆز سەریان پەراندبوو،و سەریان فرێدابووە ئاوی ساردی روبارەکەوە. هەرئەوشەوە داپیرم هەمان رونکردنەوەکۆنەکەی خۆی دوپات کردەوە:"**ئەوکارە ناشرینانە بەتەنها لە کاچاکۆ[2]یەك دەوەشێتەوە**"

کاچۆکاکان دانیشتوانی رەسەنی **ئالتی پلانۆ**[3] بوون، کە جیاوازیی بنەرەتیان لەتەك ئەودوای مرۆڤەکان بەتەنها لە سستی و لاوازیی رەفتارو شێوەزارە سەرسورهێنەرەکەیاندا کورت نەدەکرایەوە، بەلکو ئەوشتەی لەوانیتر جیای دەکردنەوە ئەوەبوو کە خۆیان بە رەگەزێکی گەورەترو پەیامبەری ئیرادەی خوداوەندیی دەزانی. ئەوەندە وێنەیەکی ناشرینیان لەزەینماندا بەجێهێشتبوو، کەپاش سەرکوتکاریە پرتوندوتیژیەکانی مانگرتنی مۆزچنەوەکان لەلایەن سەربازەکانی ناوخۆ، ئەندامانی سوپا، لەباتی سەرباز، پێیان دەوترا کاچاکۆ. ئەوانمان بەچاوی ئەوکەسانە دەناسی کە پشکیان لە دەسەلاتی سیاسیدا هەبوو، هەندێکیان بەجۆرێك رەفتاریان دەکرد وەکوئەوەی بەراستی وەهابێت. تەنها بەپێی ئەو وێناندنە دەکرا رونکردنەوەیەکی باش بۆ رووداوی مەترسیداری"شەوی رەشی

---

[1]. Fundacion

[2]. Cachaco

[3]. Altiplano، ناوچەیەك لە شاخاکانی ئاند کە بەشی زۆری دەکەوێتە ولاتی بۆلیویەوە.

ئاراكاتاكا"بدۆزینەوە، ئەو كوشتارە ئەفسانەییەی كە جێگە پێەكی ئەوەندە وونی لە بیرەوەری خەڵكیدا بەجێهێشتبوو، كەئەدەكرا بەدڵنیاییەوە بڵێن كوشتارێكی لەوجۆرە روی داوە.

بەسەرهاتەكە بە شەممەیەكی دڵگیر دەستی پێكرد: دانیشتویەكی بەرێزی گوندەكە، كە ناووناوبانگی لە مێژوودا نەماوە، بەمەبەستی داواكردنی پەرداخێك ئاو بۆ ئەو منداڵەی دەستی گرتبوو چووە ناو بارێكەوە. بێگانەیەكی تەنها كە لەبەردەم بارەكەدا دەیخواردەوە ویستی بەزۆر لەباتی ئاو پێكێك رۆن[1] بداتە منداڵەكە. باوكی منداڵەكە هەوڵی دا رێگەی لێبگرێت، بەڵام بێگانەكە سووربوو لەسەر كارەكەی، تائەوشوێنەی منداڵەترساوەكە، كاتێك بەدەست پەرداخی مەشروبەكەی دووردەخستەوە، بەبێئەوەی خۆی بیەوێت، مەشروبەكەی رشت. پیاوە بێگانەكە بەبێ یەكو دوو، فیشەكێكی پێوەناو كوشتی.

ئەمەش یەكێكیتربوو لەتارمایەكانی سەردەمی منداڵیم. پاپالیلۆ زۆربەی ئەوكاتانەی بۆ شكاندنی تینویەتی روومان لە بارێك دەكرد ئەورووداوەی بیر دەكەوتەوە، بەڵام بەشێوەیەكی ئەوەندە ناواقیعیانە ئەو بەسەرهاتەی دەگێرایەوە وەكو ئەوەی خودی خۆشی باوەری بەوشتە نەبێت كە دەیگێرێتەوە. كاتێك ئەو كارەساتە رووی دابوو تازە هاتبوونە ئاراكاتاكا، لەبەرئەوەی دایكم جگەلەو ترسو ئازارەی كەوتبوە دڵی گەورەكانەوە، هیچیتری لەیادنەبوو. هیچ ناونیشانێكی بكوژەكەیان لەبەردەستدا نەبوو، جگەلەوەی دەیانوت بە شێوەزاری خەڵكی ناوچەی ـ ئاند ـ قسەی كردوە، هەرلەبەر ئەوەش، تۆڵەی خەڵكی گوندەكە جگەلە بكوژەكە، بەڵكو ئاگری رقی گشتی هەموو خەڵكە بێگانە هاوشێوەزارەكانی بكوژەكەی گرتەوە كە ژمارەیەكی زۆریش بوون. دەستەیەك لە خەڵكی گوندەكە **ماچیتە**[2] بەدەست لەتاریكی شەودا رژانە سەرشەقامەكانو هەر بێگانەیەكیان بەگیر بهێنابا یەخەیان دەگرتو تێیاندەخوری:

ـ **قسەبكە!**

ملی هەموو ئەوكەسانەیان بە ماچتە دەبری كە بە شێوەزارێكی گومانلێكراو قسەی بكردبا، ئەمەش لەكاتێكدابوو كە نەیاندەزانی سەرباری هەبوونی ئەو هەموو شێوەزارە جۆراوجۆرە، چەندە پێوانەیەكی نادادپەروەرانەیان بەكاردەهێنا. **دۆن رافائێل كینتێرۆ ئۆرتێگا**[3]، مێردی پورە وێنفرێدا ماركیز، نیازپاكترینوخۆشەویسترین كاچاكۆی ناوچەكە،

---

[1]. Ron، ئەو عەرەقەی لە هەڵماندن و دڵۆپاندنی شیرەی قامیشی شەكرەوە وەردەگیرێت

[2]. machete، جۆرێك كێردی درێژ و قورسی تایبەتی برینەوەی قامیشی شەكر.

[3]. Don Rafael Quintero Ortega

نزیکەی سەدساڵ ژیا، لەبەرئەوەی باپیرم لەژێرزەمینی ماڵەکە شاردیەوە تائەوکاتەی خەڵکی هێمن بوونەوەو ئاژاوەکە نیشتەوە.

پاش دووساڵ نیشتەجێبوون لە ئارکاتاکا، بەهۆی مەرگی مارگرێتا ماریا مینیتا، کە چاوودڵی ماڵەکەبوو، چارەرەشی خیزانەکەمان گەیشتە دوالوتکەی تەگبەتی. ساڵانێکی دوورودرێژ وێنەکەی بەهۆڵی دانیشتنەکەوە هەڵواسرابوو، ئەوە لەدوای ئەوە ناوی دەوترایەوە، وەکوئەوەی هێمایەکی شوناسی خێزانیمان بێت. وێنەی ئەوکیژۆڵەیە، بەتەنوورەی چیندارەو، نیو پوتی سپیو ئەوپرچە درێژەی دەگەشتە سەرکەمەری، بەجۆرێك ئەوەگەنجەکانی دەوروژاند، کە هەرگیز نەیاندەتوانی بەیەکێك لە پشتاوپشتی خۆیانی بزانن، لەبەرئەوەی هەمیشە لەزەینیانا وێنەی کەسێکی پیریان بۆ داپیرەکان دەکێشا، بەڵام لەوباوەڕەدام باپیرودایپرم، لەژێر گوشاری حەسرەتو ئارەزوە بەباچوەکانو خەیالی بەدەستهێنانی دنیایەکی باشتر، ئەودۆخە بارگرژو ناجێگیرەیان بەو ئاسایشوهیمنیە دەزانی دەکرا چنگیان بکەوێت. تائەوڕۆژەی مردن، لەهەرشوێنێك بوونایە، بەردەوام خۆیان بە موسافیرو نامۆ دەزانی.

لەراستیدا، بەوشێوەیەبوو، بەڵام لەنێو ئەو موسافیرە زۆرانەی بەشەمەندەفەرەکە لەکونوقوژبنی سەرتاسەری دونیاوە رویان لەو گوندە دەکرد، زۆر گران بوو، لەیەکەم نیگادا، بێگانە لە خۆییەکان جیا بکەیتەوە. بەهەمان ئەنگێزەی باپیرودایپرمەوە، بنەماڵەکانی **فێرگوسن**[1]، **دۆران**[2]، **داکۆنتێ**[3]، **براکازا**[4]، **کۆرێیا**[5]، هاتنە ئەوگوندە. لەوهێرشە بە لێشاوەدا، ئیتاڵیەکان، خەڵکانی دورگەکانی قەناری، سوریەکان - کە بەتورك ناسرابوون - ئەوکەسانەی بەئومێدی ئازادییو بەهرەکانیتری ژیان کە لەوڵاتەکانی خۆیان هیچ نیشانەیەکیان لێ بەدی نەدەکرا، لە سنورەکانی **پرۆڤێنسیا**[6] پەڕیبوونەوە، گەشتبوونە ئاراکاتاکا. هەموو جۆرە رەگەزو چینێکیان تێدا دەبینرا. زۆربەی ئەوانەی لەدورگەی شەیتان - گرتوخانەی فەرەنسیەکان لە گوویان - هەڵهاتبوون زیاتر لەبەر بیروباوەڕ لەدوویان دەگەڕان نەك لەبەر تاوان. یەکێك لەوانە، **رینێ بیلڤینیۆ**[7]، ئەو رۆژنامەنوسە

---

[1]. Fergusson
[2]. Duran
[3]. Daconte
[4]. Beracaza
[5]. Correa
[6]. Provincia
[7]. Rene belvenoet

فەرەنسیە بوو کە بەهۆی کاری سیاسیەوە دەستگیر کرابوو، بە پەرینەوە لە دارستانی مۆزەکان توانیبووی هەڵبێت و دواتر لەکتێبێکی نایابدا ئەشکەنجە دڕندانەکانی سەردەمی دیلیەتی رون کردەوە. سەرجەم ئەوهۆکارانە - ڕوداوی دڵخۆشکەرو روداوی ناخۆش - هەر لەسەرەتاوە، ئاراکاتاکایان کردە وڵاتێکی بێ سنوور.

بەڵام لەلای ئێمە ئەوکەسانەی فەرامۆش نەکران ئەو ڤێنزڤیلایانە بوون، کە لەیەکێك لە ماڵەکانیاندا، ئەو دوو فێرخوازەی زانکۆ کە پشووی هاوینیان بەسەر دەبرد، بەسەرمای دەمەوبەیان، لە مەلەوانگەکەدا مەلەیان دەکرد: **رۆمیلیۆ بیتانکیور**[1] و **رائول لیۆنی**، کە نیوسەدە دواتر بەسەرە بوونە سەرەك کۆماری وڵاتەکەیان. لەنێو ڤێنزیۆلایەکاندا، خانمی **جوان دێ فریتس**[2] لەوانیتر لەئێمە نزیکتر بوو: ئەوژنە بەتەمەنە چوست و چالاکەی بەهرەی خودایی چیرۆك گێرانەوەی تێدابوو. یەکەمین گێرانەوەیەك بەرگوێم کەوتبێ، **جینۆڤێڤا بارابانتێ**[3] بوو، کە لەزمانی ئەوەوە بیستم، هەروەها زۆربەی ئەو شاکارانەی ئەدەبیاتی جیهانی، بەشێوەی چیرۆکی منداڵانە دەگێڕایەوە: **ئۆدیسە، ئۆرلاندۆی شەڕانگێز**[4]، **دۆنکیشۆت، کۆنت مۆنت کریستۆ** و گەلێك بەشی کتێبی پیرۆز.

کۆری دانیشتنەکانی باپیرم یەکیکبوو لە بەرێزترین و لە هەمان کاتیشدا نایابترین کۆڕو کۆبونەوەکان. لەبەرامبەر ئەوەشدا، لای هەموان، تەنانەت لای کارمەندە پلەبەرزەکانی کۆمپانیای مۆز، بایەخ و گرنگی خۆی هەبوو. هەموویان لە کۆنە سەربازە لیبراڵەکانی شەڕەکانی ناوخۆبوون، کە پاش دواهەمین بەلێننامەی ئاشتی، بە پەیرەویکردن لە ژەنراڵ ئارێرا، ئێواران لە موڵکەکەی نیێرلاندیا کۆدەبوونەوەو گوێیان لەو ڤاڵسە غەمگینانە دەگرت کە بە کلارنێت دەژەنرا، لەوێ مابونەوە.

دایکم لەو ناوچەدڵگیرە نهێنیەکانی دونیای ژنانی ناسی، پاش ئەوەی تیفۆس گوڵی ژیانی مارگرێتا ماریا مینیتای پەرپەرکرد، بوبە جەفی خۆشەویستی ئەندامانی خێزانەکە. ئەویش نەخۆش بوو. لەوباوەڕەدانەبوون زۆر لەژیاندا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی بەردەوام تای هەبوو، بەڵام ئەوکاتەی دواهەمین تای تێپەری، بۆهەمیشە

---

[1]. Romulo betancourt (لەدایکبووی ١٩٠٨) سیاسەتمەداری ڤێنزوێلایی و بنیاتنەری پارتی "کرداری دیموکراتیك" کە لە ١٩٤٥ەوە تا ١٩٤٨ و لە ١٩٥٩ تا ١٩٦٥ سەرەك کۆماری ئەو وڵاتە بوو.

[2]. Juana de Freytes

[3]. Genoveva de barabante، پاڵەوانی مێینەی ئەفسانەیی سەردەمی سەدەی پێنجەم یا شەشەمی زایین.

[4]. Orlando Furiose، کۆمەڵەیەکی داستاننامێزی شاعیری ئیتالی لۆدۆڤیکۆ ئاریۆستۆ، کە یەکەمجار لە ١٥١٦ بڵاوکرایەوە.

باشبوەوەو ئەوەندە تەندروستی باش بوو کە توانی جەژنی لەدایکبونی نەوەت‌وشەش ساڵانەی تەمەنی لەنێو پانزە منداڵەکەی خۆی‌و چوار منداڵی مێردەکەی لە ژنەکانی تری‌و شەست‌و پێنج نەوەو هەشتاوهەشت نەوەو چوارده کوڕوکچەزاکەیدا، بگێڕێت. بەبێئەوەی ژمارەی ئەوکەسانەش ئەژماربکەین کەهەرگیز بەتەواوەتی نەمانزانی چەند کەسن. لە٩ی ژوەنی ٢٠٠٢دا، کاتژمێر هەشت ونیوی شەو، ئەوکاتەی خۆمان ئامادە دەکرد جەژنی سەدساڵەی تەمەنی بگێڕین، تارادەیەك، لە هەمان کات‌و ڕۆژدا کە کۆتایم بەنوسینی ئەم بیرەوەریانە دەهێنا، بەمەرگی خودایی گیانی سپارد.

٢٥ی ژوانی ١٩٠٥، ئەودەمەی خێزانەکەمان بەتازەیی کەمێك لەدەست مەینەتی‌و نەهامەتیەکانی جەنگ ڕزگاریان ببوو، لەبارانکاس لەدایکبوو. لەیادی **لیوسا میخیا فیدال**[1]ی دایکی سەرهەنگ، کە مانگێك بەسەر مردنیدا دەگوزەرا، ئەوناوەیان بۆهەڵبژارد. ناوی دوهەمی بەرێکەوت هەڵبژێردرا، لەبەرئەوەی لەرۆژی یەعقوبی حەواریی[2]، ئەوکەسەی لەهەمویان پیرترو لەئۆرشەلیم سەریان پەڕاند، لەدایکبوو. تا نیوەی تەمەنی ئەوناوەی لەهەموان شاردەوە، لەبەر ئەوەی بەناوێکی پیاوانەو ناسراوی دەزانی، تاوەکو زڕکورێکی لە ڕۆمانێکیا ئاشکرای کرد.

قوتابیەکی ماندونەناسبوو، جگە لەوانەش پیانۆ، کە دایکی بەزۆر بەسەریدا سەپاندبووی، لەبەرئەوەی لەوباوەڕەدابوو دەبێ خاتونە شایستەکان لەلێدانی پیانۆدا شارەزابن. لیوسا سانتیاگا سێ ساڵ ملی بۆ ئەوناچاریە دانەواند، بەڵام دواجار لە پاشنیوەڕۆیەکی گەرم‌و بێزارکەری مەشقە ڕۆژانەکاندا پیانۆکەی ماچ کردو تاهەتایە دەستبەرداری بوو. بەڵام تاکە تایبەتمەندیی پەسەندکراوی کەسایەتیە جێگیرو سەرسەختیە توندەکەی بوو: لەوپەڕی گەشەکردنی بیست ساڵەی تەمەنیدا، ئەودەمەی لای هەموو بنەماڵەکەی ئاشکرابوو عاشقی تەلەگرافچیە لاوو لەخۆباییەکەی ئاراکاتاکا بوە، بەبەرەکەتی ئیرادەی پۆڵاینی بەسەر دژایەتیەکاندا سەرکەوت‌و قسەکەی خۆی بردەسەر.

بەسەرهاتی ئەو عەشقە پڕئاشوبە یەکێکیتربوو لە شتە سەرنجڕاکێشەکانی سەردەمی لاویەتیم. ئەوەندە ئەوچیرۆکەم لەزمانی دایك‌وباوکمەوە بیستبوو، ئەوکاتەی لەتەمەنی بیست‌و حەوت ساڵیدا، یەکەمین ڕۆمانم، بە ناوی **تۆفانی گەڵا** نووسی، ئەوچیرۆکە بەتەواوەتی لەنێو زەینما چرۆی کردبوو، هاوکات دەشمزانی هێشتا زۆرشتی بواری

---

[1]. Luisa Mejia Vidal

[2]. بە ئیسپانی بە یەعقوب دەوترێت سانتیاگۆ و مێینەکەشی سانتیاگا

نووسینی چیرۆك ماوە فێری ببم. هەردوکیان لە گێڕانەوەی چیرۆکدا تەواو شارەزا بوون،و بیرەوەری چرکەساتە شیرینەکانی خۆشەویستی روخسارێکی جوانی دەبەخشیە قسەکانیان، بەلآم چیرۆکەکانیان ئەوەندە ئاوێتەی هەلچونەکانیان ببوو، دواتر کەلەتەمەنی پەنجا سالیدا بڕیارم دا ئەو بەسەرهاتە بکەمە تەوەرەی رۆمانی **عەشق لە سالآنی کۆلێرا**، نەمتوانی سنوری واقیعو خەیال - ژیانو شیعر - لەیەکتر جیا بکەمەوە.

بەپێی گێڕانەوەی دایکم، یەکەمجار لە مەراسیمی شەوانەی ماتەمینی مردنی منالێکدا یەکتریان بینی، بەلآم نە ئەوو نەباوکم لەبیریان نەمابوو ئەو منالە کێ بووە. دایکم بەپێی دابو نەریتی ناوچەیی، لەگەل چەند کچێکیتری هاورێی، گۆرانی عاشقانەیان دەچڕی بۆئەوەی مەینەتیەکانی نۆشەوەی پاکیزەکان[1] لە منالەکە دووربخەنەوە. لەناکاو دەنگێکی پیاوانە گۆرانیەکەی لەگەلدا وتنەوە. هەموان ئاوڕیان دایەوە، بەبینینی ئەو لاوە قژە کەوتنە گومانەوە. بەدەم سەماو چەپلەوە، بەندگەری گۆرانیەکەیان وتەوە: "**شوو دەکەم بەم پیاوە**"دایکم نەکەوتە ژێرکاریگەریەوە، ودواتر دەیوت: "**وامدەزانی یەکێکیترە لەخەلکە بێگانە بێکەسو کارەکان**"هەر وەهاش بوو. پاش ئەوەی، بەهۆی گیروگرفتی ئابوریەوە، وازی لە خوێندنی پزیشکیو دەرمان دروستکردن هێنابوو، بۆماوەیەك لە گوندەکانی دەوروبەر وەکو تەلەگرافچی، کەپیشەیەکی ساکاروتازەبوو، رۆژگاری گوزەراندبوو، ماوەیەك لەوەوپێش لە کارتاخنا دێ ئێندیاسەوە هاتبوە ئەوێ. وێنەیەکی ئەوسەردەمەی وەکو بەگزادەیەکی بێ سەروماڵ دەریدەخست. جلێکی دەستچنی رەشی لەبەردابوو، چاکەتێکی چوارقۆپچە، بۆینباخێکی پانو کلآوێکی سافو لێواربارێك. جگەلەوانەش، چاویلکەیێکی باوی ئەوسەردەمەی لەچاوبوو، کە چوارچێوەیەکی خڕو دەسکی ناسكو شووشەی بێرەنگی هەبوو. ئەوانەی دەیانناسی بە گەنجێکی شەوگەڕوژنانیو کاول رەوشتیان دەزانی، هەرچەندە بەدرێژایی تەمەنی لێوی بۆ مەشروب نەبردوجگەرەی نەکێشا.

ئەوە یەکەمجاربوو دایکم ئەوی دەبینی، لەبەرامبەردا، ئەو پێشتر دایکمی لەمەراسیمی نزای کاتژمێر هەشتی یەکشەمەی هەفتەی پێشوو، لەگەل پورە فرانسیسکاسیمۆدۆسێ، کە لەوکاتەوەی خوێندنی ناوەندی تەواوکردبوو رۆلی هاورێی سەرەکی دایکمی دەگێڕا، بینیبوو. سێشەمەی دواتریش، جارێکیتر چاوی بەجوانی ئەودا هەلهێنابوو، کەلەژێرداربادامەکانی بەردەم مالەوەیان جلی دووریبوو، هەربەوبۆنەیەوە دەیزانی کە ئەو کچی سەرهەنگ نیکۆلاس مارکیزە، کە چەندین نامەی پێناساندنی لە

---

[1]. ئاماژەیە بۆ ئەو منالانەی لە سەردەمی لەدایکبوونی مەسیحدا بەفرمانی هیرۆدیسی پادشای یەهودیە کوژران، لەبەرئەوەی ئەو پادشایە لەنێو ئەو منالانەدا بەدوای مەسیحدا دەگەڕا تا بیکوژێت.

خـەڵکانی جیـاوازەوە بۆهێنـابوو. دایکیـشم هـەر لەسـەرەتاوە دەیزانـی کەسـێکی رەبـەن‌و عاشقە، بەهۆی زمانە لووسەکەی‌و شارەزایی لە سەروا ریزکردنی هەرەمەکی،و هاوسەنگی جوڵەکانی لەسەما باوەکانی ئەوسەردەمەو حاڵەتی هەستی دەستکردی لـە کـاتی ژەنـدنی کەمانـدا، زۆربەئاسـانی سـەرنجی ژنـانی بۆخـۆی رادەکێـشا. دایکـم دەیـوت کـە مـرۆڤ دەمەوبـەیان گـوێی لـەدەنگی دەگـرت، بێئـەوەی خـۆی بیـەوێت دەسـتی بـەگریان دەکـرد. بـە"ئەودەمـەی سـەما کۆتـایی دێـت"یاریەکـەی بـردەوە. ڤاڵـسێکی رۆمانتیـك‌و هەسـت بزوێنەرو تەڕوبڕ، کە باوکم لەهەموو کۆڕوکۆبونەوەیەکدا دەیژەندو ئەوەنـدە ناوبـانگی هـەبوو کـە هـیچ سـۆناتایەك بـەبێ ئـەو جـوان‌و سـەرنجڕاکێش دەرنەدەچـوو. مۆڵەتـە رەسمیـەکانی پەرینـەوەی، هـەڵس‌و کـەوتی بەرێزانـەو دڵنـشینی خـۆی دەرگـای ماڵەکـەی بەروویـدا کردبـوەوەو زۆرجـار یـەکێك بـوو لـە میوانـەکانی خـوانی نیـوەڕوان. پـورە فرانسیسکا، کە خەڵکی گوندی کارمن بۆلیڤار[1]بوو، هەرئەوەندەی بۆی دەرکەوت ئـەو لـە سینـسێ[2] گونـدێکی نزیکـی شـوێنی لـەدایکبوونی لـەدایك بـووە، زۆرخێـراو بـەبێ هـیچ قەیدوەمەرجێك خۆشی ویست. لە میوانداریـە رەسمیـەکانا، شێوازە دڵرفێنـەکانی بـاوکم، دەبوەهـۆی سـەرگەرمکردنی لیوسـا سـانتیاگا، بـەڵام ئـەو کیژۆڵـە لاوە هـەرگیز بـیری لەوەنەکردەوە کە رەنگە ئەو نیازێکی تری هەبێت. بەپێچەوانەوە، ئەوەی زیـاتر بوەهۆی گەرمبوونی هاورێیەتی نێوانیان ئەوەبوو کە دایکم سەرپۆشی لەسەر خۆشەویستی نهێنی ئـەو و یـەکێك لـە هاوپۆلـەکانی دادەنـا، بڕیـاری دابـوو لـە زەماوەندەکەیانـدا، بـەربوکی بۆبکات. پاش ئەوە ئەو کوڕە لاوە ئەوی بە باوەژن‌و لیوساش ئەوی بە زڕکوڕی‌خۆی بانگ دەکـرد. بەلەبەرچـاوگرتنی ئـەو حاڵەتانـە، دەتـوانی بـەروونی ئـەوە ببیـنین، کـە لیوسـا سـانتیاگا چـەندە دووچـاری سەرسـوڕمان بـوو، ئەودەمـەی لـە کـۆری سـەمای شـەوێکدا، تەلەگرافچیە چاونەترسـەکە گوڵی سـەریەخەی چاکەتەکەی لێ کـردەوەو دایـە دەسـتی‌و پێیوت:

- هەموو ژیانمت بەم گوڵاڵەسورەوە پێشکەش دەکەم.

باوکم گەلێك جار بۆی گێرامەوە کە نەیویـستوە فێڵـی لێبکـات، بـەڵکو پـاش ناسـینی سەرجەم کچەکان گەشتبوە ئەو ئەنجامەی کە لیوسا سانتیاگا بۆ ئەو دروستکراوە. دایکـم گوڵاڵـە سـورەکەی بـە یـەکێکیتر لـەو گاڵتانـە دەزانـی کـە بـاوکم دەیکـردو لـەلای هـاوڕێ مێیـەکانی ببـوو بـە شـتێکی ئاسـایی. هەرلەبـەر ئـەوەش، پـاش ئـەوەی ئاهەنگەکـەی

[1]. Carmen Bolivar

[2]. Since

بەجێهێشت، گوڵەکەی لەسوچێکدا فڕێداو فەرامۆشی کرد، ئەم کارەی لەلای تەلەگرافچیە عاشقەکە بەنهێنی نەمایەوە. دایکم بەتەنها یەك داواکاری نهێنی هەبوو، شاعیرێکی چارەرەش‌و هاوڕێەکی دڵسۆز، کە هەرگیز نەیتوانی بە شیعرە خۆشەکانی شوێنێك لەدڵی لیوسا سانتیاگادا بۆخۆی بدۆزێتەوە. بەڵام، گوڵاڵە سورەکەی گابریل ئیلیجیۆ، برینێکی سەیری لەناخیا هەڵکۆڵی‌و خەوی لەچاوی تۆراند. ئەوکاتەی خاوەنی چەند منداڵ بوو، لە یەکەمین گفتوگۆی جدیمان لەسەر عەشقەکانی، لەلای من دانی بەوەدانا:"**خەوم لێ نەدەکەوت، لەبەرئەوەی تووڕەبووم لەوەی بیری لێدەکەمەوە، بەڵام تا تووڕەییم زیاتربوایە زیاتر بیرم لێدەکردەوە**"تا کۆتایی هەفتە، زۆر بەناستەم توانی لەبەرامبەر ترسی بینینی‌و ئازاری نەبینینی دان بەخۆیدا بگرێت. ئەودوانە کە لەسەردەمێکدا زڕدایك‌و زڕکوڕی یەکتر بوون، ئێستا وەکو دوکەسی بێگانە لەتەك یەك رەفتاریان دەکرد. رۆژێك عەسر، ئەودەمەی لەژێر دارباداەمەکاندا، سەرقاڵی بەرگ دوورین بوون، پورە فرانسیسکا، بە ساختەچیەتی سورپێستیەوە، ئەوەندەیتر ئەو کیژۆلە لاوەی پەرێشانتر کرد:

- بیستومە گوڵاڵە سورەیان پێشکەش کردوی.

بەکورتی، وەکو هەمیشە، لیوسا سانتیاگا، پاش هەموان هەستی بەوەکرد، کە باسوخواسی دڵداریەکەی، بووە بەچیرۆکی هەمووو کۆڕوکۆبونەوەیەك. لەو وتووێژە زۆرانەی لەگەڵ دایك‌و باوکم کردبوم، هەردوکیان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە سێ بەسەرهاتی چارەنوس ساز لە ماوەی عەشقەکەیاندا رویداوە. یەکەمیان لە یەکشەممەیەکی جەژنی پاك لەکاتی نوێژی سوپاسگوزاریدا روی دابوو. دایکم لەپاڵ پورە فرانسیسکا لەسەر یەکێك لەکورسیەکانی بەری کۆرسەکە دانیشتبوو کە گوێی لەدەنگی ئاشنای هەنگاوەکانی تەلەگرافچیەکە بوو لەسەر زەوی کڵێساکە، ئەوەندە نزیك بە تەنیشتیا گوزەری کرد، کە بۆنی خۆشی گوڵاوی زاواپانەی دەمولوتی ئاخنی. پورە فرانسیسکا وای دەرخست هیچی نەبینیوەو باوکیشم نەیخستە رووی خۆی کە ئەوانی بینیوە. بەڵام لەراستیدا باوکم پێشتر حسابی بۆ هەمووو ئیشەکانی دەکرد، لەبەرئەوەی لەبەردەم تەلەگرافخانەکەوە بەدوایانەوە بوو. لەپاڵ نزیکترین ستوونی دەرگای کڵێساکە راوەستا، بەشێوەیەك کە لەپشتەوە دایکمی دەبینی، بەڵام ئەو نەیدەتوانی بیبینێ. پاش چەند خولەکێکی لێوانلێو لە دڵەڕاوکێ، لیوسا سانتیاگا نەیتوانی بەسەر هەڵچونەکانی ناخیدا سەربکەوێت، ئاوڕێکی دایەوەو تەماشایەکی دەرگاکەی کرد. ئەوەندە شەرم‌و تووڕەیی ناخی وروژاند کە هیوای خواست زەوی دەم بکاتەوەو قوتی بدات، لەبەرئەوەی تەلەگرافچیە بێ حەیاکە زەق لێی دەڕوانی، نیگایان بەر یەك کەوت. باوکم لەسەردەمی پیریدا بەخۆشحاڵیەوە دەیوت:"**بەوردی هەمان ئەوشتە رویدا کە نەخشەم بۆکێشابوو.**

"لەبەرامبەردا، دایکم گەلێك جار ئەوەی دووپات کردەوە کە سێ ڕۆژی تەواو، لەبەرئەوەی کەوتبوە ئەوداوەوە، وەکو ماری بریندار گێنگڵم دەداو خەفەتم دەخوارد.

دوهەمین بەسەرهات ئەونامەیەبوو کە باوکم بۆی نووسی. ئەونامەیە هەرگیز ئەوەنەبوو کە دایکم لە شاعیروکەمانچەژەنی خەڵوەتی بەیانیان چاوەڕێی دەکرد، بەڵکو یاداشتێك بوو تێدا فەرمانی کردبوو پێش ئەوەی بەرەو سانتامارتا سەفەربکات، لەهەفتەی داهاتودا وەڵامی بداتەوە. دایکم هیچ وەڵامێکی نەنووسی. خۆی لەژورەکەیدا زیندانی کرد،و بڕیاریدا ئەو هەستە بێهەوسارەی ئارام وقەراری لەبەردا نەهێشتبوو لەناخیا بخنکێنێ، بەڵام پورە فرانسیسکا بڕیارەکەی پێ هەڵوەشاندەوەو قەناعەتی پێکرد تا زووە ملکەچی داواو حەزی دڵی بێت. بۆ ئەوەی ڕێگە لەبەرگریکردنی بگرێت چیرۆکی پەنـدئامێزی جیوفێنتینـۆ تریـلۆ[١]ی بۆگێڕایەوە، ئەو داواکارە جارسەی، لە کاتژمێر حەوتەوە تا دە، لەژێر روناکی ماڵی دڵدارە جەفاکارەکەی پیاسەی دەکرد. کچەکە تابۆی کرا بایەخی پێنەداو پشت گوێیخست، دواجار بۆئەوەی لەدەستی ڕزگار بێت، هەموو شەوێك، قەعدەی پیسایەکەی بەسەردا دەڕشت. بەڵام نەیتوانی بیتۆرێنێت. پاش هەموو ئەوهێرشە بە ئەنقەستانە ـ کەوتە ژێر کاریگەری لەخۆبردوییو خۆپارێزی ئەو عاشقە سەرسەختەو بەهێزی ئەوە عەشقە نەگۆڕەوە ـ شووی پێکرد. چیرۆگی نازو نیازی باوكو دایکم ئەوەندە درێژەی نەکێشا.

سێهەمین بەسەرهات، کە ئەڵقەی گەمارۆکەی بەرتەسکتر کردەوە، ئەو زەماوەندە رازاوەیەبوو کە هەردووکیان وەکو هاورێی بووكو زاوا بانگهێشت کرابوون. لیوسا سانتیاگا نەیتوانی بیانویەك بۆخۆدزینەوە لەو ئەرکە بدۆزێتەوە، کە نەبێتە هۆی دڵ ڕەنجاندنی خزمە نزیکەکانیان. لەلایەکی تریشەوە، گابریل ئیلیجیۆ، تێگەیشتبوو کە دڵدارەکەی ڕێگەی خۆدزینەوەی نیە، بەشداری زەماوەندەکەی کرد، هەرچەندە خۆی بۆ هەرجۆرە ڕوبەڕوبونەوەو ڕوداوێك ئامادە کرد. دایکم ئەودەمەی ئەوی بینی بە باوەڕێکی بەهێزەوە بەرەوڕوی هاتو داوای لێکرد لە یەکەمین سەمای زەماوەندەکەدا بەشداریی لەگەڵ بکات، نەیتوانی بەر بە هەڵچوونو دڵڕاوکێکانی بگرێت. خۆی پێیوتم: "**ئازانم لێدانی بەپەلەی دڵم لەترسابوو یان لە تورەیی.** "باوکم هەستی بەوحاڵەتە کردو بە هێرشێکی لەناکاو ئەوەندەی تر توشی دڵەڕاوکێی کردو ڕێگەی لێبەستەوە: "**پێویست ناکات خۆتان پێمبڵێن، دڵتان هەمووشتێکم پێدەڵێ**" دایکم یەکڕاست لە نیوەی سەماکەدا

---

[١]. Juventino Trillo

دەستی بەرداو لە چەقی هۆڵەکەدا بەتەنها بەجێیهێشتو رۆشت. بەڵام باوکم ئەو ڕەفتارەی بە شێوازی خۆی لێکدایەوە.

دواتر خۆی بۆی گێرامەوەو وتی ـ **دەتوت هەموو دونیایان داوەمتێ.**

سپێدە دەم، ئەودەمەی لوئیسا سانتیاگا، بە بەیتە دڵڕفێنەکانی ڤاڵسی ژەهراوی"سەما ئەودەمەی کۆتایی هات"لەخەو ڕاپەڕی، زۆر لەخۆی بێزارو پەست بوو. رۆژێك دوای ئەوە، بەیانیەکەی، سەرجەم دیاریەکانی گابریل ئیلیجیۆی بۆگەڕاندەوە. ئەو سوکایەتی پێکردنە بێویژدانییە کە بەئەنقەستیش نەبوو، لەگەڵ هەموو ئەوقسە پێرێژنانەی دەربارەی ڕوداوی کاتی سەماکە، وەکو ئەو ئاوی ڕوبارەبوو کە چیترپاش رۆشتنی نەدەگەڕایەوە بۆ روبارەکە. هەموو وایان ئەزانی هەمووشتێك کۆتایی پێهاتووەو عەشقی نێوان ئەودوانە ئەو ـ تا ـ گەرمەبوو، کە زوو نیشتەوەو وەکو تۆفانە زوو تێپەڕەکانی هاوین بێ ئاکام کۆتایی پێهات. ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر ئەو باوەڕی ئەوان دەکردەوە، دوبارە تووشبونەوەی لیوسا سانتیاگا بوو بە نۆبە تاکانی سەردەمی منالی، کە دایکی ناچارکرد بۆچارەسەرکردنی بیباتە گوندی **مانایوری**[1]، ئەو پێچوپەنا بەهەشتیەی دەکەوتە سەر رۆخی سییر نیادا. دایكو باوکم بەتەواوەتی ئینکاریان لەوە دەکرد لەو چەند مانگەدا پەیوەندیان هەبووبێت، بەڵام ئەوقسەیەی ئەوان زۆر جێگەی متمانە نییە، لەبەرئەوەی ئەودەمەی دایکم تەندروستی باش بوو گەڕایەوە، دەرکەوت ئاشت بونەتەوەو ناکۆکیەکانی رابردویان فەرامۆش کردوە. باوکم بۆ پێشوازی کردنی چووە وێستگەی شەمەندەفەرەکە لەبەرئەوەی ئەو تەلەگرافەی خوێندبوەوە کە تێدا مینا هەواڵی گەڕانەوەیانی نوسی بوو، لە کاتی سڵاو و هەواڵپرسی، لیوسا سانتیاگا بەشێوەیەك دەستی گووشی کە دەتوت دەیەوێ بەزمانی ئەنجومەنە نهێنیەکان شتێکی تێبگەیەنێت، ئەولاوە عاشقەش ئەوەی بە پەیامی خۆشەویستی لەقەڵەم دا. دایکم هەرکاتێك باسی ئەوسەردەمانەی بکردبا، بەشەرمو گۆنای سورهەڵگەڕاو، ئینکاریی ئەو کاری دەکرد. بەسەرهاتەکە تەنها پێویستی بە کۆتایەك هەبوو، کە هەفتەیەك دوای ئەوە، ئەودەمەی لەبەرهەمیوانەکە سەرقاڵی بەرگ دوورین بوون، ئەوەش ڕوویدا:

ـ مینا ئاگادارە.

لیوسا سانتیاگا هەمیشە دەیوت نارەزایی ماڵەوە سەرجەم بەربەستەکانی هەڵتەکاند، لافاوی خۆشەویستی، کە پاش ئاهەنگی زەماوەندە درۆینەکەو بەجێهێشتنی داواکارە داماوەکە لە کاتی سەمادا، لەنێو دڵیا سەرکوتی کردبوو، دواجار بونو نەبونی نوقمی

---

[1].Manaure

خۆشەویستی کرد. جەنگێکی بیٚئامانبوو. سەرهەنگ هەوڵی ئەدا خۆی لەو کارە بەدوور بگرێت، بەڵام ئەودەمەی مینا بۆی دەرکەوت ئەویش وەکو ئەوەی دەری دەخات لەو کارەدا بێتاوان نیە، سەرجەم شتەکانی بەسەر ئەودا شکاندەوەو پێی ئەویشی ڕاکێشایە نێو ئەو جەنگەوە. هەمووان وایانئەزانی قورس کردنی مەسەلەکە پەیوەندی بە داپیرەمەوە هەیە نەوەکە باپیرم، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە داب ونەریتی خێڵو بنەماڵەکە بوو کە هەربووكو زاوایەکی نوێی بەَ میوانی ناوەختو بە دەستێژیکەری سەر بنەماڵەکە دەزانی. بڕیاری پێشوەختی باووباپیران، کە تائێستاش هەندێك پزیزکی وەکو خۆی دەگرێ، بوەتە هۆی ئەوەی سوپایەك فەیرەکچی کەڵەکەبو و کچانی چاوەڕوان،و ژمارەیەکی زۆر پیاوی سەڵتی پشتوین شلمان هەبێت کە گەشتبێتنە هەرشوێنێك مناڵێکیان خستوەتەوەو بەجێیانهێشتوە.

دۆستانو خزمان، هەریەکەو بەپێی تەمەنی خۆی، کەوتنە لایەنگری یاخود دژایەتی کردنی مەسەلەکە، ئەوکەسانەشی بیٚ لایەن مابونەوە ناچاربوون لەبەر هەلومەرجەکە، لایەنێك بگرن. گەنجەکان شادومانبوون بەوەی لایەنگری ئەو هەستە بوون. بەتایبەت زۆر دڵیان بەوە خۆشبوو کە پاڵپشتی باوکم بوون، ئەویش بەچێژوەرگرتن لەو دۆخە تایبەتیەی تێی کەوتبوو، هەوڵی ئەدا وەکو قوربانیەکی ستەم لێکراوی دابو نەریتە کۆنەکان، ئەوپەڕی کەڵك وەربگرێت. لەبەرامبەردا، گەورەکانی بنەماڵەکە، لیوسا سانتیاگایان بەگەوهەری خێزانێکی دەوڵەمەندو بەناوبانگ دەزانی، کە تەلەگرافچیەکی بیٚ بنەماڵەو هەلپەرست، نەوەکو لەبەر خۆشەویستی بگرە لەرووی بەرژەوەندیی خوازیەوە هاتبوە داوای. ئەوکیژە لەسەرخۆو ملکەچە، لەپڕ بووبەو شێرەمێیەی بەچنگو ددان بەرگری لە مناڵەکانی دەکات. لە میانەی یەکێك لەتووندترین بەربەرەکانیٚ هەمیشەییە خێزانیەکاندا، مینا کۆنترۆڵی خۆی لەدەستداو چەقۆی نانبڕینەکەی لەکچەکەی بەرز کردەوە. لیوسا سانتیاگا بەبێترس لەبەردەمیدا ڕاوەستا. مینا لەناکاو بۆیدەرکەوت چ کاردانەوەیەکی ناشرینو گوناهبارانەی نواندووە، بەشەرمەزاریەوە چەقۆکەی فرێداو هاواری کرد:"**پەنا بۆخوا**"بۆ ئەوەی سزایەکی توندی هەڵبژاردبیٚ، دەستەکانی خۆی بە ئاگری وەجاخەکە داغ کرد.

یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی نارەزایی توندی بنەماڵەکە ئەوەبوو کە هەمویان دەیانزانی باوکم کوڕی ناشەرعی ئەو ژنە سەڵتەیە کە لەسەردەمی نەوجەوانی، ئەودەمەی تەنها چواردەسال تەمەنی بووە، لەپاش پەیوەندیەکی کاتی لەتەك مامۆستای

فوتابخانەیەك، بوویەتی. ناوی ئارجمیرا گارسیا پاتێرنینا[1] بوو؛ ئەو ژنە سپیپێستە بارێك ئەندام و بالابەرزە پشت بەخۆبەستوە ئازادەی، کە لەچەند پیاوێکی جیاواز بووە خاوەنی پێنج کوڕو سێ کچی تریش، بەبێئەوەی ببێتە ژنی هیچکام لەو پیاوانە، یان بۆ رۆژێک لەژێر سەربانێکدا لەگەڵیان بژی. لەگوندی سینێسێ ژیانی دەگوزەراندو هەر لەوێش لە دایک ببوو، بە زەحمەت و رۆحیەتێکی سەربەخۆخوازانەوە لە کەشێکی ئەوەندە پڕ لەشادی و جموجۆڵدا منداڵەکانی بەخێو دەکرد، دەتوت هەر حەوت رۆژی حەفتە جەژنیانە. گابریل ئالیخیو، نمونەی هەڵکەوتوی ئەو خێڵە پێپەتیە بوو. شەوی گواستنەوەی دایکم، لەسەر کەشتی رێوئاچای پڕمەترسی ئەودەمەی کەوتبووە بەر قامچی باوبۆران، بەنیشانەی تۆبەو داوای بەخشین، لەبەردەم دایکما دانی بەوەدانا کە لەتەمەنی حەڤدەساڵیەوە تا ئەوکاتەی ئەوی ناسیوە پێنج کیژیتری خۆشویستوەو لەگەڵیان پەیوەندی هەبووە. وتی ئەودەمەی لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا لە گوندی ئاچی[2] تەلەگرافچی بووە، لەیەکێکیان بوەتەخاوەنی کوڕێك بەناوی ئابیلاردۆ[3]، کە لەوماوەیەدا پێی دەنایە تەمەنی چوار ساڵیەوە. لەگەڵ یەکێکیتریان، ئەودەمەی لە ئایاپیل[4] تەلەگرافچی بووە، بوەتە خاوەنی کچێك کە یەك دوو مانگ تەمەنیەتی و ناوی کارمن رۆسا[5]یەو هێشتا نەیبینیوە. بەڵێنی بە دایکی ئەمەیان دابوو کە دەگەڕێتەوەو دەیهێنێ، تائەوکاتەی عەشقی لیوساسانتیاگا رەوتی ژیانی نەگۆڕیبوو، بەنیازبوو بەڵێنەکەی بباتەسەر. لەبەردەم دادوەردا بەڕەسمی منداڵە گەورەکەی ناساندبوو، بەنیازبوو لەداهاتوشدا کچەکەشی تۆماربکات، بەڵام ئەو کارانە تەنها بەکەڵکی دەمکوت کردنی خەڵکی دەهات و لەڕوی یاسایەوە بایەخی نەبوو. دەبوە جێگەی سەرسوڕمان گەر ئەو ڕەفتارە بوبێتە هۆی نیگەرانی سەرهەنگ، لەبەر ئەوەی خودی ئەویش، جگە لە سێ منداڵە شەرعیەکەی، نۆ منداڵیتری لە ژنی جیاواز هەبوو، کە لەپێش ژنهێنان و پاش ئەوە لە دایك ببون، هاوسەرەکەی وەکو منداڵی خۆی وەریدەگرتن.

نازانم کەی بەتەواوەتی بەوراستیانەم زانی، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بایەخم بە هەڵەی باوباپیرانم نەئەدا. بەڵام ناوی خزموکەس سەرنجی ڕادەکێشام لەبەرئەوەی هەستم دەکرد ناوی نایابن. یەکەمجار خزم و کەسەکانی دایکم: ترانکیلینا، وێنفرێدا،

---

[1]. Argemira Garcia Paternina
[2]. Achi
[3]. Abelardo
[4]. Ayapel
[5]. Carmen Rosa

فرانسیسکا سیمۆدۆسێیا. دواتر، ناوی داپیری باوکم: ئارخمیرا، ناوی دایكوباوکی: ئامینادابی[1] و لۆزانا[2]. هەروەها لەوباوەڕەدابووم کەسایەتی رۆمانەکانم تائەوکاتەی ناوێکی گونجاوی سروشتو هەڵس وکەوتیان بۆ نەدۆزمەوە، بونێکی سەربەخۆیان نابێت.

ئەم دژایەتی کردنی گابریل ئیلیجیۆی توندتر دەکرد، ئەوەبوو کە ئەندامی چالاکی حیزبی موحافیزکاربوو، کە سەرهەنگ نیکۆلاس مارکیز لەگەڵیك ڕوبەڕوبونەوەدا لەگەڵیان بەشەڕهاتبوو. مۆرکردنی پەیماننامەی نیێرلاندیاو ویسکۆنسن[3] ئاشتیەکی درۆینەو نیوەناچڵی بەدواوەبوو، لەبەرئەوەی هێشتا نێوەندگەرایی نوێ بەتەواوەتی نەچەسپیبوو، هەروەها کاتێکی دورودرێژو پێویستبوو تا دواجار دەوڵەمەندە سەرزل‌و لیبراڵەکان لە بەربەرەکانێو دوژمنایەتیکردنی یەکتر دەست هەلگرن. پێدەچوو لایەنگریکردنی جەنابی داواکار لە موحافیزکارەکان لەڕوی هەستو لەبەر پەیڕەوکردنی لەنەریتی خێزانی، نەوەکو لەڕوی باوەڕی ئاقلانەی لەبەرامبەر بنەما سیاسیەکانی ئەو کۆمەڵیە، بەلام ئەوحاڵەتەیان بە زیاتر لە تایبەتمەندیە پەسەندەکانی، لەچەشنی زیرەکی‌و هۆشیاریی‌و راستگۆیی‌و چاکەکاریی ئەو لەقەڵەم دەدا.

باوکم لەوکەسانەبوو کە زۆر بە ئاستەم دەیتوانی لە نێو کۆروکۆبونەوەکاندا سەرنجی خەڵکی رابکێشێو بەڕوی خۆش‌و ماستاوچیەتی خۆی لەدڵی خەڵکیدا جێبکاتەوە. هەمیشە زۆرلەوەی دیاربوو هەژارتر دەینواندو هەژاری وەکو دوژمنێکی ڕق لەدڵ کە ئامادەنەبوو سەری خۆبەدەستەوەدانی بۆ دانەوێنێو ئەوەندەش توانای نەبوو بیبەزێنێ، هەرگیز دەستی لەسەری هەڵنەگرت‌و نەیهێشت بە ئاسودەیی بژی. بەوپەڕی شەهامەت‌و سەرفرازی ویژدانەوە سەرجەم ئەو دژواریانەی تەحەموول کرد کەبۆ گەیشتن بە لیوسا سانتیاگا ببونە بەربەستی بەردەمی، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە جگە لە پەستێوی تەلەگرافخانەی ئاراکاتاکا، کە هاماکایەکی تێدا هەڵواسیبوو بۆ نووستن، هیچ شوێنێکیتری نەبوو. بەلام، قەرەوێڵەیەکی سەفەریشی هەبوو بۆ ئەوکاتانەی کەسێك پەیدا دەبوو تەنیایەکانی پڕبکاتەوە. لەسەردەمێکی ژیانما، خوەکانی ئەوڕاوچیە چاوبرسیەو پەیوەندیە سست‌و لەرزۆکەکانی سەرنجی ڕاکێشام، بەلام گوزەری زەمەن فێری ئەوەی کردم کە ئەو بارودۆخەی باوکم نەزۆکترین شێوەی تەنیایی بوو کە لەقولایی دڵەوە بەزەییم پیا دەهاتەوە.

---

[1]. Aminadab

[2]. Lozana

[3]. Wisconsin

ماوەیەك پێش مردنی، گوێم لێبوو باسی ئەوەی دەكرد چۆن لەیەكێك لەوڕۆژە ناستەمو بارگرژانەی ژیانیا، پێش ژنهێنان، ناچاربوە لەگەڵ كۆمەڵێك هاوڕێ بچێتە ماڵی سەرهەنگ، لەوێش جگەلەو فەرمویان لە هەموو هاوڕێكانی كردوە. بنەماڵەی دایكم هەمیشە نكولییان لەوقسەیە دەكردو بە وەهمێكی دەرئەنجامی زیزبوونی كۆنی باوكمیان دەزانی، یان بە بیرەوەریەكی هەڵبەستراویان لەقەڵەم دەدا، بەلام جارێكیان داپیرم ڕاستی روداوەكەی لەدەم دەرچوو: ئەوكاتەی تەمەنی گەیشتبووە سەدویەكساڵی، لەژێرلێوەوە قسەی بێ سەروبەرەی دەكرد، لەوەنەئەچوو شتێكی بیركەوتبێتەوە، بەڵكو لەوەدەچوو گەڕابێتەوە بۆڕابردوو لەو چركەساتانەدا بژی.

بەغەمێكی ڕاستەقینەوە وتی ـ **ئەوپیاوەداماوە، لەبەردەرگای هۆڵەكەدا وەستاوە، نیكۆلاسیتۆ فەرموی لێناكات.**

منیش كە بەردەوام شەیدای ئەو نهێنی دركاندنە تەمومژاویانە بووم لێمپرسی ئەوپیاوەكێبوو، ئەویش زۆرخێرا وتی:

ـ گارسیای (مزقانچی)

لەنێو سەرجەم كەرێتیەكانیا، ئەوەی لەگەڵ بیرو هەڵسوكەوتی باوكم ڕێ نەدەكەوت، ئەوەبوو كە حەوتتیرێكی كڕی بۆئەوەی ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان جەنگاوەرێكی خانەنشین وەكو سەرهەنگ ماركیز بیری لەشتێكی خراپ كردەوە، بتوانێت بەرگری لەخۆی بكات. حەوتتیرەكەی **سمیتو ویسۆن**[1]ێكی كالیبەر ٣٨ی لولەدرێژی جوانبوو، كە خودابۆخۆی دەیزانی تائەوكات چەند دەستی كردبوو،و چەند كەسیشی كوشتبوو. بەدڵنیایەوە دەتوانم بڵێم، هەرگیز نە بۆ تاقیكردنەوەو نە لەروی فزولیشەوە، تەقەی پێ نەكرد. ئێمەی كوڕە گەورەكانی چەندین ساڵ دواتر ئەو حەوت تیرەو پێنج فیشەكەكەی یەكەمجاریمان لەتەك كەمانچەیەك لەنێو ئەو كانتۆرەدا دۆزیەوە كە شتومەكە بێكەڵكەكانیان تێدەخست.

نە گابریل ئەلیخۆو نە لیوسا سانتیاگا، لە ڕێگریە خێزانیەكان نەترسان. سەرەتا بەنهێنی دەیانتوانی لەماڵی هاوڕێكانیان یەكتر ببینن، بەلام ئەودەمەی ئەڵقەی گەمارۆكە بۆ دایكم بەرتەسكتر كرایەوە، پەیوەندیان بەهۆی ئەونامانەوە بوو كە بەلێزانینەوە بۆیەكتریان دەنارد. گەر ڕێگەیان بە لیوسا نەدابا لە ئاهەنگێكدا بەشداری بكات كە گابریل ئەلیخۆی تێدا بێ، لەدورەوە یەكتریان دەبینی. بەلام ترانكیلینا ئیگیواران ئەوەندە بەشێوەیەكی لیبڕاوانەی سەركوتكەر ڕێگەی لە دیداری ئەودوانە دەگرت كە

[1]. Smith & Wesson

کەس جورئەتی ئەوەی نەبوو بەپێچەوانەی ویستی ئەو کارێك بکاتو خۆی دوچاری تورەیی بێ پەربەستی بکات، هەرلەبەرئەوەش ئەو دوو دڵدارە خۆیان لە خەڵکی دەشاردەوە. ئەودەمەی هیچ رێگایەك بۆ گۆڕینەوەی نامە نهێنیەکانیان نەمایەوە، ئەودوو عاشقە لاوە دەستیان دایە شێوازی پارتیزانیو داهێنانی کەشتیە شکاوەکان. دایکم جارێکیان توانی کارتێکی پیرۆزبایی لەنێو کێکێکدا بشارێتەوە کە یەکێك بەبۆنەی رۆژی لەدایك بونیەوە بەدروست کردنی دابوو، ئەویش کەڵکی لەهەمو دەرفەتێك وەردەگرت، بۆئەوەی تەڵەگرافی درۆینەی بۆبنێرێت کە ناوەڕۆکەکانیان بە هێما نوسرابوون یا بە ناسادەو نادیار. لەوهەل ومەرجەدا، هاودەستی پورە فرانسیسکا ئەوەندە ئاشکرابوو، کە بۆیەکەمجار، سەرباری ئینکاری کردنی توندی، پێگەی لە ماڵەکەدا دوچاری کێشەبوو،و چیتر رێگەیان پێ نەدا جگە لەوکاتانەی لەژێرسێبەری دار بادامەکاندا بەرگیان دەدووری، خوشکەزاکەی ببینێت. لەوهەل ومەرجە دژوارەدا، گابریل ئەلیخۆ، بەناچاری، لەپەنجەرەی ماڵی دوکتۆر ئالفرێدۆ بارباسۆ، کەدەکەوتە بەری ئەوبەری شۆستەکەوە، بەدەستو بەزمانی ئامازەی کەڕولاڵانە پەیامی عاشقانەی دەنارد. دایکم ئەوەندە شارەزای ئەو زمانە ببوو، کە هەرکاتێك پورە فرانسیسکا لێی بێئاگا بوایە، دەیتوانی لەگەڵ دەزگیرانەکەی باسی رازی دڵو قسە تایبەتیەکانیان بکات. ئەمە یەکێك بوو لەو فێڵو تەڵەکە زۆرانەی کە ئادریانال بێردۆگۆی دایکی شیری لیوسا سانتیاگا، داهێنەرترینو چاونەترسترین هاودەستی، دایهێنا.

بەهۆی ئەوفێڵو تەڵەکانەوە توانیان ماوەیەکی دورودرێژ لەو دۆخە بەرزەخیەدا، دان بەخۆیاندا بگرن، بەڵام نامەیەکی لیوساسانتیاگا، گابریل ئەلیخۆی نیگەران کردو ناچاری کرد بیر لەرێگا چارەیەکی بنەرەتی بکاتەوە. بەپەلە هەواڵە ناخۆشەکەی لەسەر دەستەسڕی تەوالێتەکە نوسی بوو: دایكو باوکی بەنیازبوون، گوندبەگوند، بە هێستر، بیبەنە باراناکس، لەبەرئەوەی لەوباوەڕەدابوون ئەودەرمانە تاڵە دەتوانێت دەردی عیشق چارەسەر بکات. ئەوە بەتەنها سەفەرێکی ئاسایی نەبوو بەکەشتی پەرپوتی ریۆئاچا کە تەنها یەك شەو بخایەنێت، بەڵکو دەبوو بە هێسترو عەرەبانە، بە جادە ناهەموارەکەی دامێنی زنجیرە شاخی سیئرا نبادا گوزەر بکەنو بە پارێزگای پانو بەرینی پادیا[1] دا بپەرێنەوە.

ئەوڕۆژەی لەگەڵ دایکم چووین بۆ فرۆشتنی خانوەکە، پێی وتم: "**باشتر وایە بمرم**" و بەڕاستیش هەر وای کرد، لەبەر ئەوەی خۆی لەژورەکەیدا زیندانی کردو بە پارچە

---

[1]. Padilla

تەختەیەك لەژوورەوە پشتی دەرگاکەی داخست، سێ شەووسێ ڕۆژی تەواو جگە لەئاوونانی وشك دەمی بۆهیچیتر نەبرد، تائەوکاتە ئەوترسەی کە جۆرێك ڕێزگرتن بوو لەباوکی بەسەر ئیرادەیا سەرکەوت. گابریل ئەلیخۆ کە هەستی کرد ململانێکە گەشتۆتە دوائاستی خۆی بڕیاریدا شووڵی لێ هەڵبکێشێت، هەرچەندە پلانێکی نەرمی دارشتبوو، بەپەلە لەماڵی دوکتۆر باربۆساوە خۆی گەیاندە ئەوبەری شەقامەکە،و لەژێر داربادامەکاندا لەبەرامبەر ئەودووژنەی کارەکەیان بەنیوەناچڵی بەجێهێشتبوو بە ترس‌و گومانەوە تەماشایان دەکرد، ڕێك ڕاوەستا.

پەپورە فرانسیسکای وت ـ تکایە، کەمێك لەگەڵ ئەم خاتونە بەڕێزەدا بەتەنها بەجێمان بهێڵن. دەبێت بابەتێکی گرنگی بێ ڕابگەیەنم.

پورێ گیان وتی ـ هەی بێ چاوەڕوی بێ ئابڕوانەوەی پەیوەندی بەوەوە هەبێت پەیوەندی بەمنیشەوەهەیەو دەبێت لێی ئاگاداربم.

باوکم وتی ـ گەروابێت ئەوەمن هیچ قسە ناکەم، بەڵام هەرئەوەندە ئاگادارتان دەکەمەوە کە بەرپرسیارێتی ڕووداوەکانی دوایی بەرۆکی بەڕێزتان دەگرێتەوە.

لیوساسانتیاگا لە پوری پاڕایەوە بۆئەوەی بەتەنها بەجێیان بهێڵێت، خۆی مەترسیەکەی لەئەستۆگرت. ئەوکات گابریل ئەلیخۆ ڕایگەیاند ڕازیە لەگەڵ دایك‌و باوکی بۆکوێ دەڕوات‌و چەندی پێدەچێ، بەومەرجەی سوێند بخوات کە جگە لەو نەبێتە هاوسەری کەسیتر. دایکم دڵنیای کردەوەو هەرلەوێدا پەیمانیان گرێدا ڕوبەڕوی هەمووجۆرە مەترسی‌و گرفتێك ببنەوەو درێژەبەعەشقی نێوانیان بدەن، تەنها مەرگ لەیەکیان جیابکاتەوە.

نزیکەی یەك ساڵی دژواریان لەبەردەما بوو تا بەڵێن‌و پەیمانەکانیان بۆیەکتر بسەلمێنن، بەڵام کەسیان بیریان لەوەنەدەکردەوە کە دەبێت چ نرخێکی گران لەئەستۆ بگرن. دووهەفتەی یەکەمی سەفەرەکە، دووولاخدار بە دەربەندەکانی سیێرنیادا پەڕاندنیانەوە. چۆن[1] ـ وێنەی بچوك کراوەی خۆشەویستی ئامێزو ئینکارناسیۆن[2] ـ کارەکەرەکەی فینفرێددا، کە لەبەجێهێشتنی بارانکاسەوە بەیەکێك لە ئەندامەکانی خێزانەکە لەقەڵەم دەدرا، لەوسەفەرەدا لەگەڵیان بوون. سەرەهەنگ ئەو ڕێگە پڕلەنشێوەی وەکو لەپی دەستی دەناسی، لەبەرئەوەی لەشەوە مەینەتبارەکانی جەنگە جۆراوجۆرەکان، لەهەر قوژبنێکیا، منداڵێکی بەیادگار جێهێشتبوو، بەڵام هاوسەرەکەی

---

[1]. Chon

[2]. Encarnacion

بەبێنەوەی شارەزای بێت ئەو ڕێگایەی لە ڕێگای سەفەر بە کەشتیە بچوکە چارۆکەدارەکان بەباشتر دەزانی، لەبەر ئەوەی بیرەوەری ناخۆشی لەوسەفەرانە هەبوو. دایکم، کە یەکەمجاربوو سواری هێستر دەبوو، لەژێر تیشکی بێبەزەیی خۆرو کوتانی بارانە بێ ئامانەکان، ئەوەی دەیبینی بە مۆتەکەی دەزانی،و بەردەوام لە هەڵمی وەنەوز هێنەری هەڵدێرەکان دەترسا. بۆرۆژی چوارەم، بەتەواوەتی بێزاربوو، هەڕەشەی ئەوەی لەدایکم کرد کە گەر نەگەڕێنەوە ماڵەوە خۆی فڕێ دەداتە دۆڵێکەوە. مینا، کەلەوزیاتر دەترسا، بڕیاری گەڕانەوەی دا. بەلام ڕێبەرەکەیان لەسەر نەخشە پێی سەلاند کە گەڕانەوەو بەردەوامبوونیان وەکویەك وایە. ڕۆژی یانزەهەم، ئەودەمەی لەسەربەرزایی دواهەمین دەربەندەوە، دەشتی بەورشەی **فایدوپار**[١]یان بینی، هەناسەیەکی خۆشییان هەڵکێشا.

پێش ئەوەی قۆناغی یەکەمی سەفەرەکە کۆتایی بێت، گابریل ئەلیخۆ توانی بە هاوکاریی تەلەگرافچیەکانی ئەو حەوت گوندەی دەکەوتە سەر ڕێگای سەفەرەکەیان، پەیوەندی بەردەوامی بە یارە سەفەرکردوەکەیەوە هەبێتو ئاگاداری بارودۆخی بێت. ئەندامانی هەردوو بنەماڵەی ئیگیواران‌و کوتێ لەناوچەی پرۆڤێنسیا زۆروزەوەند بوون‌و هەستی پێکەوەگرێدراوی خزمایەتیان وەکو قەلایەك بەهێز بوو، دایکم توانی لایەنگری‌و هاودڵی تەواوەتیان بۆخۆی ڕابکێشێت. بەمشێوەیە، توانی لەوکاتەوەی لە بایەدۆپار مایەوە، بۆماوەی سێ مانگ، تاکۆتایی سەفەرەکە ـ کە یەك ساڵی خایاند ـ پەیوەندیەکی بەردەوامی بە گابریل ئەلیخۆوە هەبێت. ئەوەندە بەس بوو کە لەگەڵ یەکێك لەخزمە لاوو چاوەنەترسەکان، بچێتە تەلەگرافخانەی گوندەکەو نامەکان وەربگرێت‌و وەلامەکانیشیان بنێرێتەوە. چۆنی ڕازدار توانی لەو چوارچێوەیەدا ڕۆلێکی گرنگ بەرجەستە بکات، لەبەرئەوەی پەیامە نهێنیەکانی دەبردو دەیهێنان بەبێ ئەوەی ببێتە جێگەی گومان یان نیگەرانی‌و شەرمەزارکردنی لیوسا سانتیاگا، لەبەر ئەوەی خوێنەواری نەبوو، تەنانەت گەر خوێنەواریشی هەبوایە مەحاڵبوو ئەونهێنیە بدرکێنێت کەی پێی سپێردرابوو.

نزیکەی شەست ساڵ دوای ئەوە، ئەودەمەی بەمەبەستی نووسینی پێنجەمین ڕۆمانم، عەشقی سالانی کولیرا، بەنیازبووم ئەو بیرەوەریانە تالان بکەم، لەباوکم پرسی ئایا لەنێوان تەلەگرافچیەکاندا زاراوەیەکی تایبەتی هەبووە کە ماناکەی بریتی بێت لە پەیوەندی کردنی نێوان تەلەگرافخانەکان. ئەو بەبێنەوەی بیری لێ بکاتەوە، خێرا

---

[١]. Valledupar

وتی: "**پەراوێز نووسین**" ئەو ووشەیە لەنێو فەرهەنگ نامەکاندا هەیە، بەڵام بەومەبەستەی من دەمویست بەکار نەدەهات، بەڵام بە پەسەندم زانی، لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوان تەلەگرافخانە جیاوازەکان بەهۆی پێوەلکاندنی (پەراوێزێك) بە لاپەڕەی کۆتایی تەلەگرافەکانەوە جێبەجێ دەکرا. هەرچەندە هەرگیز بە باوکم نەوت بە چ مەبەستێك ئەو پرسیارەم لێ کردوە، بەڵام، ماوەیەك پێش مردنی، لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیدا لێیان پرسی ئایا حەزی کردوە رۆژێك لەرۆژان رۆمانێك بنوسێت، ئەویش لەوەلامدا وتی بەڵێ، بەڵام ئەوکاتەی من دەربارەی (شاخك کوبی) پرسیارم لێکرد پەشیمان بوەوە لەبەر ئەوەی تێگەیشت ئەوکتێبەی کە من سەرقاڵی نوسینی بووم هەمان ئەو رۆمانەیە کە خۆی بەنیازبووە بینوسێت.

هەر لەوکاتەشدا ئاماژەی بە خاڵێکی گرنگ کرد کە دەیتوانی رەوتی ژیانمان بەتەواوەتی بگۆڕێت. وادیاربوو کە شەش مانگ پاش سەفەرەکە، ئەوکاتەی دایکم لەتەمەنی **سان جوان دێل سیسار**[1] دابوو، بەنهێنی گابریل ئەلیخۆیان ئاگادار کردوە کە مینا ئەرکی ئەوەبووە، ئەودەمەی ئاگری دوژمنایەتیەکانی دەرئەنجامی کوشتنی مێدار دۆپاچکۆ نیشتەوەو برینە کۆنەکان سارێژبوون، گەڕانەوەی یەکجارەکی بنەماڵەکەیان بۆ بارانکاس بگرێتە ئەستۆ. ئەو بڕیارەی بە کارێکی نابەجێ لەقەڵەم دا، بەتایبەتی کە چیتر قۆناغە ناخۆشەکان بەسەرچووبوون و ئیمپراتۆریەتی رەهای کۆمپانیای مۆز وردەوردە دەبووە بەرجەستەبوونی خەیاڵی ئەو بەهەشتە بەڵێن پێدراوەی خەڵکی. بەڵام لەهەمان کاتدا، هیچ جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە سەرسەختی بنەماڵەی مارکیز ئیگیواران ببێتە هۆی ئەوەی خۆشبەختی خۆیان لەو پێناوەدا پێشکەش بکەن تا کۆترە خۆشەویستەکەیان لەژێر چنگی هەڵۆکە رزگار بکەن. گابریل ئەلیخۆ لەکاردانەوەیەکی خێرادا بەرەسمی داوایکرد بگوێزرێتەوە بۆ تەلەگرافخانەی ریۆئاچا، کە دەکەوتە بیست فەرسەخی بارانکاس. لەوکاتەدا داواکەی جێبەجێ نەدەکرا، بەڵام بەڵێنیان پێدا داواکەی فەرامۆش نەکەن.

لیوسا سانتیاگا نەیتوانی پەی بە نەخشە نهێنیەکانی دایکی ببات، بەڵام ئەوەشی رەت نەدەکردەوە کە بەنیازی هیچ نەبێت، لەبەرئەوەی بۆی دەرکەوتبوو کە تا لە بارانکاس نزیکتر بونایەتەوە ئارامی و ئاسودەیەکەی زیاتر لەروخساریا دەردەکەوت. تەنانەت چۆنی نهێنی پاریزی هەموانیش، هیچ سەرەداوێکی بۆنەدا بەدەستەوە. لیوسا سانتیاگا بۆئەوەی قسە لەدایکی دەربهێنێت پێی وت حەزدەکەم تاهەتایە لە بارانکاس بمێنینەوە. دایکی بۆ

---

[1]. San Juan del Cesar

چرکەیەك دوچاری گومان بوو، بەلام هیچی نەدرکاندو کیژۆلەکە هەستی کرد نهێنیەکە بەپەناگوێدا تێپەریوە بێئەوەی بتوانێت پەردەی لەسەر هەلمالێت. نیگەرانیەکانی بوونە هۆی ئەوەی پەنا بۆ فالو بەخت گرتنەوەببات ونهێنیەکانی داهاتوو لەزمانی ئەوژنە کاولیە گەرۆکەوە ببیستێت کە هیچی دەربارەی روداوەکانی داهاتوی بارانکاسەوە نەوت. بەلام لەبەرانبەر ئەوەدا مژدەی ئەوەی پێدا کە ژیانێکی دووورودرێژو خۆشبەختانە لەگەل پیاوێکدا بەسەردەبات کە لێی دوورەو بەباشیش نایناسێو تاکۆتایی تەمەنی لەدلی هاوسەرەکەیدا بە خۆشەویستی دەمێنێتەوە. بە وصف کردنی ئەوپیاوە، رۆحێکی نوێ رژایە دەرونی دایکمەوە، لەبەرئەوەی لێکچونێکی لەنێو ئەو وصفانەو داواکارەکەیدا دەبینی، بەتایبەتی لەروی رەفتارو رەوشتەوە، دواجار، ژنە کاولیەکە، بێ ئەوەی کەمێك گومانی هەبێت، پێشبینی ئەوەی کرد کە لەو پیاوە دەبێتە خاوەنی شەش منال. یەکەمجار کە دایکم ئەو بابەتەی بۆ باسکردم، وتی:"**ئەوەندە ترسام کە هەر باس ناکرێت**"لەوکاتەدا هەرگیز ئەوەی بەزمیندا نەدەهات کەپێنج منال زیاتری دەبێت لەوەی ئەوژنە دەیوت. هەردوکیان ئەوەندە دلیان بەو پێشبینیانە خۆش بوو، کەچیتر پەیوەندیە تەلەگرافیەکانیان تەنها خەیالپلاو نەبوو، بەلکو ببوە شێوازێکی رێکوپێكو هاوسەنگو واقیع بینانە لەسەر بەرنامەدارشتن بۆ داهاتووی هاوبەشیان، تادەهات پەیوەندیەکانیان چروپرتر دەبوو. بریاری تەواوەتیان دا، گەر جارێکیتر یەکتریان بینیەوە، لە هەرکوێ بێتو هەرچۆنێك بووە، بەبێئەوەی مۆلەت یان رای کەس وەربگرن، پەیمانی هاوسەریەتی گرێ بدەن، مێژووی ئەوکارەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی دیاریکراو بەگیانێکی بەهێزەوە، چارەنوسیان بەو بریارەو گرێدا.

لیۆسا سانتیاگا ئەوەندە بەرامبەر بەو پەیمانە بەوەفابوو، کە بەباشی نەزانی بەبێ رەزامەندی دەسگیرانەکەی، لەگوندی **فۆنسیکا**[1]، بەشداریی میوانداری سەمایەك بکات. گابریل ئەلیخیو، خزابوە نێو هاماکاکەیو بەهۆی تایەکی زۆرەوە کە چل پلە بەرزبوو دەسوتاو عارەقەی دەرشت، ئەودەمەی کە نیشانەی تەلەگرافە راستەوخۆکان بەدەنگ هات. هاوکارەکەی بوو لە فۆنسکاوە. دایکم بۆئەوەی دلنیابێت پرسیاری کرد کێ لەپشت هێلەکەی ئەوبەرە. باوکم، زیاتر لەوەی کامەرانو دلخۆش بێت، بە واق ورمانو سەرسورمانەوە رستەی خۆپیناسەکردنەکەی نارد :"**پێی بلێ زرکورەکەیەم**"لیوسا سانتیاگا دلنیابوو کە ئەوەی ئەوبەر هێلەکە نامەحرەم نیە، تا کاتژمێر حەوتی بەیانی لە

---

[1]. Fonseka

کۆڕی شەماکە مایەوە، پاشان بەپەلە گەڕایەوە ماڵەوە، بەپەلە جلوبەرگەکەی گۆڕیو خۆی گەیاندە شوێنی مەراسیمی پاڕانەوەکە.

لە بارانکاس روبەروی بچوکترین دوژمنایەتی نەبونەوە. بە پێچەوانەوە، چەندەساڵ پاش ئەوکارەساتە، رۆحیەتی مەسیحی بەخشین و فەرامۆشکردنی ئاکۆکیەکان، باڵی بەسەر بەجێماوانی بنەماڵەی مێداردۆپاچەکۆدا کێشابوو. خزم و کەسەکانیان ئامێزیان بۆکردنەوەو ئەوەندە سۆزو خۆشەویستیان بۆ دەربڕین کە لیوسا سانتیاگا ـ ئەمجارەیان بە راستی ـ ئەگەری گەڕانەوەیانی بۆ ئەو ناوچە دورەدەستە کوێستانیەی، زەوی تا ئاسمان دورو جیاوازبوو لە گەرماوتەپوتۆزو شەممە خوێناویو تارماییە سەربڕاوەکانی ئاراکاتاکا، بەدوور لەمزانی. جورلەتی دایە بەرخۆیو پێشنیاری ئەوەی دایە گابریل ئەلیخۆ کە گەر رەزامەندیان دەربڕی بۆگواستنەوەی بۆ ریۆئاچا، ئەوانیش لە بارانکاس بمێنەوە،و باوکیشم رازی بوو. بەلام، هەرلەورۆژانەدا دەرگەوت کە مەسەلەی گەڕانەوەبۆ بارانکاس بێ بنەمایەو جگە لەمینا کەس خوازیاری ئەو ماڵ گواستنەوەیە نەبووە. ئەو بابەتە لەو نامەیەدا ئاشکرابوو کە مینا لەوەڵامی کوڕەکەی خوان دێدیۆس دا نووسی، ئەگەری گەڕانەوە بۆ بارانکاس لە کاتێکدا بیست ساڵ بەسەر مەرگی مێداردۆپاچەکۆدا تێ نەپەڕیبوو، لەڕوانگەی خاڵمەوە بەکارێکی پڕمەترسی لەقەڵەم ئەدرا. ئەو ئەوەندە پابەندو وابەستەی بیروباوەڕی گواخیرا بوو کە تەنانەت نیوسەدە دواتریش رێگەی نەدا ئێدواردۆ[1]ی کوڕی، لە بارانکاس خزمەتگوزاریی پزیشکی زەمانی کۆمەلایەتی پێشکەش بکات.

سەرباری هەموو ترس و دڵەراوکێکان، گشت گرێ کوێرەکانی ئەو بابەتە ئاڵۆزە، لەماوەی سێ رۆژدا کرانەوە. هەمان ئەو سێشەممەیەی کە لیوساسانتیاگا، گابریل ئەلیخۆی ئاگادارکردەوە کە مینا بەنیازی نیشتەجێبون نیە لە بارانکاس، لەلایەن بەرپرسەکانیەوە پێی راگەیەنرا کە بەهۆی مەرگی ناوەختەی تەلەگرافچی ریۆئاچا، لەهەمان چرکەوە دەتوانێت لەباتی ئەو بچێتە سەرکار. رۆژی دواتر، ئەودەمەی مینا بەدوای مقەستی گۆشت بڕینەکەدا دەگەڕا، چەکمەچەکانی کەوانتەرەکەی دەرهێناو هەرلەخۆیەوە سەری سندوقی کولیچە ئینگلیزیەکانی کردەوە؛ کە کچەکەی تەلەگرافە عاشقانەکانی تێدا دەشاردەوە. ئەوەندە تورەبوو کە تەنها توانی یەکێک لەوقسە بێکەڵکە بەناوبانگانەی لەکاتی تورەبونەکانیدا بەرێکەوت دەردوستی دەکردن، بێنێتە سەرزار: "خودا لەهەموو هەڵەیەك دەبورێ، لە بێ گوێی نەبێت" کۆتایی ئەوهەفتەیە، رێگەی ریۆئاچایان گرتەبەر

---

[1]. Eduardo

بۆئەوەی بگەنە ئەو کەشتیەی ڕۆژی یەکشەممە لە سانتامارتاوە بەرێ دەکەوت. کەسیان بیریان لەلای ئەو شەوە لێزەماویە نەبوو، کە ڕەشەبای (فوریە) دەیدایە بەر قامچی: دایك تێکشکاوی دۆڕانو کچیش هەراسان بەڵام شادومان.

مینا هەرئەوەندەی پێی خستە سەر زەویە ڕەقەکە، ئەو توندوتۆڵیەی جارانی بەدەست هێنایەوە کە بەهۆی کێشەی نامەکانەوە دۆڕاندبووی. ڕۆژی دوایی، بەتەنها ڕێگەی ئاراکاتاکای گرتەبەر، لیوساسانتیاگای لە سانتامارتا لەژێر چاودێری جوان دێدیۆسی کوڕی بەجێهێشت، خەیاڵی ئاسودەبوو کە دوورە لە شەیتانەکانی خۆشەویستیەوە. بەڵام تەواو بەپێچەوانەی ئەوەی ئەو چاوەڕێی دەکرد ڕویدا: بەدرێژایی ئەوماوەیە، لەهەر کاتو بوارێکدا بۆی هەڵکەوتبێ، گابریل ئەلیخۆ، لە ئاراکاتاکاوە بەنیازی بینینی خۆشەویستەکەی دەچووە سانتامارتا. **جوانیتۆ**[1]ی خاڵم، کە بۆخۆشی ئازارو مەینەتی زۆری لە پەیوەندی لەگەڵ **دیلیاکابایرۆ**[2] بەدەست بیری وشكو ڕێگریەکانی دایكو باوکیەوە چەشتبوو، بڕیاریدابوو لەمەسەلەی هاوسەریەتی خوشکەکەیدا بێلایەن بێت، بەڵام بۆێدەرکەوت ناتوانێت هەروا بێلایەن بێت، خۆشەویستی لەڕادەبەدەری بۆ لیوسا سانتیاگاو ئەو ڕێزەزۆرەی بۆ دایكو باوکی دایدەنا، خستبویانە سەر دووڕیانێك. ئەو ڕێگاچارەیەی دۆزیەوە، بەتەواوەتی نیازپاکییان دەرخست، کە ببوە پەندێك: ڕازیبوو بەوەی دەزگیرانەکان لەدەرەوەی ماڵەکەی ئەویەکتر ببینن، بەومەرجەی دیدارەکانیان بەبێ ئاگاداری ئەو و لەشوێنی چۆڵدا نەبێت. دیلیا کابایرۆی هاوسەری، کە لەشتەکان خۆش دەبوو بەڵام شتەکانی فەرامۆش نەدەکرد، ئەو فێڵ وتەڵەکە کاریگەرانەی فێری خوشکی هاوسەرەکەی دەکرد کە پێشتر خۆی بەکاری هێنابوو تاوەکو چاودێریەکانی خەسوو خەزوری لەکاربخات،و لەجێبەجێ کردنی ئەوانەشدا یارمەتی دەدا. یەکەمجار، بەتەنها لەماڵی هاوڕێکانیان یەکتریان دەبینی، بەڵام دواتر، کە ئازایەتیان پەیداکرد، لەوشوێنە گشتیانە وادەی ژوانیان دادەنا کە هاتوچۆی کەمتری لەسەربوو. دواجار، کەمتەرخەمیان گەیشتە ئاستێك، ئەودەمانەی خاڵە جوانیتۆ لە ماڵ نەدەبوو، لەپەنجەرەوە قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، کچەکە لەژوری دانیشتنو کوڕەکەش لەسەرجادە، لەبەرئەوەی بەڵێنیان دابوو لە ماڵەوە یەکتر نەبینن. پەنجەرە سادەکە دەتوت بەمەبەستی ژوانە نهێنیەکان دروستکرابوو، لەبەرئەوەی پەنجەرەکە بەبەرزی باڵایەك دروستکرابوو، کە کەتیبەی مۆدێل ئەندەلوسی مەودافراوانو

---

[1]. Juanito

[2]. Dilia caballero

چوارچێوەکەی بەلاولاوی خۆرسك داپۆشرابوو، کە دەتوت قەدەکانیان کەتیبەی پەنجەرەکەیان لەئامێزگرتوە،و جارناجاریش شەماڵی دڵتەنگێزی شەوانە لێوانلێو دەبوو لە بۆنی خۆشی یاسەمەنەکان، تاوەکو ئەوژوانە بەخورپانە ناسکتر بکات. دیلیای دوربین پێشبینی هەموشتێکی کردبوو، تەنانەت هەندێك لەدراوسێکان هاوکاریان دەکردن،و بەفیکە دەزگیرانەکانیان لە مەترسیە کتوپڕەکان ئاگادار دەکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، شەوێك چاوەشەکان بێئاگابوون و خوان دێدیۆس خۆی دایە دەست راستیەکان. دیلیا، بەکەڵك وەرگرتن لەو بوارەی خولقابوو، دلدارەکانی بۆ ژوری میوانەکە داوەت کرد کە پەنجەرەکانی خرابونەسەرپشت بۆئەوەی هەموو خەڵکی بەشداریی عەشقی نێوانیان بکەن. دایکم هەرگیز ئەوەی فەرامۆش نەکرد کە چۆن براکەی بەئاسودەیی هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: "**ئۆخەی ئیسراحەتم کردا**"

لەهەمان ئەوڕۆژانەدا، گابریل ئەلیخۆ، بەبڕیاری ڕەسمی کرایە تەلەگرافچی ریۆئاچا. دایکم کە لە دوبارە جیابونەوەیان دەترسا، بەناچاری دەستەودامێنی حەزرەتی قەشە **پێدرۆ ئێسپیجۆ**[1] بوو، بەوهیوایەی بەبێ مۆڵەتی دایك و باوکی گرێبەستی هاوسەریان رێکبخات. حەزرەتی قەشە لەوناوچەی ئەوەندە رێز و حورمەتی هەبوو کە خەڵکێکی زۆر بە یەکێك لە پیاوە پاکیزەکانیان دەزانی،و زۆرکەس تەنها لەبەر ئەوە لەمەراسیمی پارانەوەکانیدا بەشداریان دەکرد بۆئەوەی ببینن کە ئایابەڕاستی لەکاتی بەرزکردنەوەی جامی پیروز ونانی فەتیردا، چەند سانتیمەترێك لەزەوی بەرزدەبێتەوە. ئەوەدەمەی لیوسا سانتیاگا داوای یارمەتی لێکرد، پیاوە رۆحانیەکە جارێکیتر سەلماندیەوە کە دانایی یەکێکە لەبەهرەکانی پیرۆزی. ئامادەنەبوو دەست وەربداتە کاروبارە خێزانیەکانەوە، کە لەودەمەدا خەڵکی زۆر بەتوندی دەیانپاراست، بەڵام بڕیاری دا، لەرێگەی دۆستەکانی کەنیسەوە، لەبنەماڵەی باوکم بکۆڵێتەوە. قەشە سینسێ رەفتارە ئازادانەکانی باوکمی لەبەرچاونەگرت،و بەنیازپاکیەوە وتی: "**بنەماڵەیەکی بەرێزن، هەرچەندە زۆر ئیماندارێش نین.** "لەدوای ئەو وەلامە، حەزرەتی قەشە، بەجیاو پێکەوە، لەگەڵ عاشقە لاوەکان گفتوگۆی کرد، ونامەیەکی بۆ نیکۆلاس و ترانکیلینا نووسی و لەنامەکەدا بەدەربڕینێکی پڕلەهەست و سۆزەوە رایگەیاند دڵنیایە لەوەی هیچ هێزێکی مرۆیی ناتوانێت رێگەلەوعەشقە سەرسەخت و بێجڵەوە بگرێت. باپیرو داپیرم، کە لەبەرامبەر ئیرادەی خودا دۆرابوون، بڕیاریان دا تازووە کۆتایی بەو مەسەلەیی بهێنن و ئەولاپەڕە پڕئازارەی ژیانیان هەڵبدەنەوە، دەسەلاتی تەواوەتیان دایە دێدیوس بۆئەوەی مەراسیمی

---

[1]. Pedro Espejo

هاوسەرێیەتی لە سانتامارتا ساز بکات. بەڵام بۆخۆیان لەزەماوەندەکەدا بەشداریان نەکرد، بەڵکو فرانسیسکا سیمۆدۆسێیان نارد بۆئەوەی وەکو دایکی بوک بەشداریی زەماوەندەکە بکات.

۱۱ی ژوەنی ۱۹۲٦لە کەنیسەی سانتا مارتا، بە چل خولەک دواکەوتنەوە، پەیمانی هاوسەرێتیان گرێدا، لەبەرئەوەی بوکەکان رۆژی زەماوەندەکەی فەرامۆش کردبوو، ئەودەمەی کاتژمێر لە هەشتی بەیانی ئێپەڕی‌و لەخەو هەڵنەستا، بەناچاریی بەئاگایان هێنایەوە. هەمان رۆژ بۆ شەوی سواری کەشتیەکی پەرپوت بوون تا گابریل ئەلیخۆ تەلەگرافخانەی ریۆئاچا وەربگرێت‌و شەوی زاوەیەتیان بەپاکی بردەسەر، لەبەرئەوەی هەردوکیان کەشی دەریا خاڵی تێکدابوون.

دایکم ئەوەندە بەتاسەوە باسی ئەوماڵەی دەگێڕایەوە کە مانگی هەنگوینیەکەی تیا بەسەربردبوو، کە ئێمە منالە گەورەکانی دەمانتوانی سەرجەم وردەکاریەکانی ماڵەکە بەشێوەیەك وێنا بکەینەوە وەکو ئەوەی خۆمان لەوێ بوبین، تائێستاش ئەوە یەکێکە لەبیرەوەریەکانم. بەڵام، ئەودەمەی بۆ یەکەمجار، لەتەمەنی شەست سالێدا، سەفەرم کرد بۆ ئێمچە دورگەی گواخیراو بە چاوی خۆم بینیم، لەبەرئەوەی تەلەگرافخانەکە هیچ لەو وێنەیە نەدەچوو کە لەخەیالما دروستم کردبوو، ریۆئاچای شاعیرانە کە هەر لەمنالیەوە لەدڵمابوو، بە کۆلانە کرێشاویەکانیەوە کە بەرەو دەریایەکی قوراوی لێژدەبوونەوە، ج نەبوو جگەلە خەیاڵێکی روتی وەرگیراو لەداپیرو باپیرم. لەهەمووی ئەوانە سەیرتر ئەوەبوو، تەنانەت ئێستاش کەبۆخۆم ریۆئاچام بینیوە دیسانەوە ناتوانم وەکو خۆی ببینیم، بەڵکو تائێستاش وەکو ئەوەی لە خەیاڵما خشت بەخشتیم هەڵچنیبوو دێتەوە بەرچاوم.

دومانگ پاش زەماوەندەکە، خوان دێدیسلو تەلەگرافێکی لە باوکمەوە پێ گەیشت کە تێدا نووسرابوو لیوسا سانتیاگا سکی هەیە. ئەو هەواڵە تەنانەت خشتەکانی خانووەکەی ئاراکاتاکای هەژاندو ئەوەندەمێتر مێنای دوچاری هەڵچون کرد، کە هێشتا گرفتاری روداوەناخۆشەکانی ئەو دوایانە بوو، مێناو سەرهەنگیش چەکیان داناو دەستی ئاشتیان هێنایە پێش بۆئەوەی تازەبوك‌و تازەزاوا بچنە لایان. هەوڵێکی ئاسان نەبوو. گابریل ئەلیخۆ، پاش چەند مانگ بەرگری توندو ماقولانە، رازیبوو بەوەی هاوسەرەکەی لەماڵی باوکی سکی ببێت.

کەمێك دوای ئەوە، باپیرم بۆ پیشوازی کردنی جوە وێستگەی شەمەندەفەرەکەو رستەیەکی وت کەبۆ هەمیشە لەچوارچێوەیەکی ئالتونیدا لە مێژوونامەی بنەماڵەکەماندا مایەوە: "**چۆنتان بوێت ئامادەم بەوجۆرە داوای لێبوردنتان لێبکەم‌و**

چاکمتان بەممەوە"داپیرم زۆری نوستنەکەی نوێ کردەوەو خستیە بەردەستی دایكو باوکم. لەماوەی ئەوسالەدا، گابریل ئەلیخۆ دەستی لە پیشەی باشی تەلەگرافچیەتی هەلگرتو خۆی بۆفێربونی زانستێکی تایبەتی تەرخان کرد کە باوی نەبوو: هۆمیۆپاتی[1]. باپیرم، لەروی ئەمەکەوە یان لەبەر پەشیمانی، پاش هەولێکی زور توانی دام ودەزگاکانی ناوچەکە رازی بکات ئەوشەقامەی ئاراکاتاکا کە ئێمە لەوێ دەژیاین، بەیادی قەشەی سانتامارتاوە، ناوبنێت"حەزرەتی ئێسپیخۆی قەشە"تائێستاش هەر ئەوناوەی هەلگرتوە.

بەمشێوەیە، لەومالەدا، یەکشەممە ٦ی مارسی ١٩٢٧، کاتژمێر نۆی بەیانی، لەکاتێکدا تاوەبارانێکی لافاوئاساو ناوەخت دەباری، یەکەمین منالی ئەوحەوت کورو چوار کچەی کەبەری ئەوپەیوەندیە بوون لەدایك بوو. ئەوەندەی نەمابوو پەتی ناوکەکەی بیخنکێنێ، لەبەرئەوەی مامانی بنەمالەکە، **سانتۆس فیێرۆ**[2]، شارەزایی خۆی لەدەست دا. بەلام پورە فرانسیسکا لەوزیاتر دەستەپاچەبوو، بە هەلەداوان بەرەو دەرگای کۆلانەکە رای کردو بەشێوەیەك هاواری کرد دەتوت ئاگریان تێبیەربووە:

- کورەاکورەا رۆن بهێنین خەریکە دەخنکێ!

ئەندامانی خێزانەکە دەیانزانی رۆنی بۆئەوەناوێ کە بەخۆشی منالەکەوە بیخۆنەوە، بەلکو بۆئەوەی دەویست منالەکەی پێ چەوربکەنو بیهێنەوە هۆش. خاتوو خوانا دێ فرێتیس، کە بەرێکەوت یان بەحوکمی چارەنوس، چوە ژوری نوستنەکە، گەلێك جار باسی ئەوەی بۆدەکردم کە مەترسی سەرەکی بەندی ناوکەکە نەبووە بەلکو شێوەی نابەجێی پالخستنی دایکەکەبووە لەنێو جێگەکەدا. لەکاتی خۆیا جولاندی، بەلام نەیانتوانی بەئاسانی من بهێنەوە هۆشی خۆم، پورە فرانسیسکا، بەبینینی ئەوحالەتە بەناچاری ئاوی تەشتەکەی کرد بەسەرما. دەبوو ناوم بنێن **ئۆلگاریۆ**[3]، لەبەرئەوەی رۆژی لەدایك بوونم بەناوی ئەو قەشەوەیە، بەلام کەس رۆژمێری قەشەکانی لەبەردەستدا نەبوو، هەرلەبەر ئەوە ناوی یەکەمی باوکمیان بۆ هەلبژاردمو خۆسێ (یوسف) یان خستە دوای ناوەکەوە، لەبەرئەوەی یوسفی دارتاشی قەدیس پارێزەری ئاراکاتاکایەو ناوی رۆژەکەی دەکەوێتە مانگی مارسەوە. خاتوو خوانا دێ فریتس پێشنیاری ناوی سێهەمی کرد بۆ ئەوەی ببێتە هێمای یادکردنەوەی ئاشتی نێوان هەردوو خێزانەکە کە بە بەهاتی

---

[1]. homeopatia، جۆرێکە لە چارەسەرکردن بە دەرمان بەپێی بنەماکانی چارەسەرکردن بە خودی فایرۆسەکە

[2]. Santos Villero

[3]. Olegario

لەدایکبوونمەوە هاتبووە دی، بەڵام لە فایلی شوشتنی پیرۆزەکەمدا کە سێ ساڵ پاش لەدایکبوونم بۆیان تۆمارکردم ئەوناوەیان لەبیرچووبوو بینووسن و نووسیان: **گابریێل خۆزێ دێلا کۆنکۆردیا**[١].

---

[١] Gabriel Jose de la Concordia، لەزمانی ئیسپانیدا وشەی concordia بەمانای ڕێکەوتن،یەکیەتی، پەیوەستبوون و ....

٢

ئەورۆژەی لەگەڵ دایکم بۆفرۆشتنی خانوەکە چووم، هەموو ئەو شتانەم بە بیر دەهێنایەوە کەلەسەردەمی منالیمدا کاریگەریان لەسەر بەجێهێشتبووم، بەلام دڵنیا نەبووم لە ریزبەندی رووداوەکان‌و ئەو مانایەی لە ژیانمدا هەیانبوو. بەشێوەیەکی تەمومژاوی هەستم بەوەدەکرد لەمیانەی گەشەسەندنی درۆیینەو شکۆمەندیی چاپی سەردەمی دەسەلاتی چارەنوس سازی کۆمپانیای مۆز، هاوسەرێتی دایك‌وباوکم، هەرلەوسەرەتایەوە لەچوارچێوەی رەوتێکدا هاتبوەبوون کە بەناچاری دەگەشتەوەسەر لەناوچونی ئاراکاتاکا. لەودەمەوەی بیرەوەریم بۆ دروست بوو، بەردەوام ـ یەکەمجار زۆر بە نهێنی‌و بەچرپەو دواتر بەدەنگی بەرزو هەراسانەوە ـ ئەورستە شومەم بەرگوێ دەکەوت:"**دەڵێن وابڕیارە کۆمپانیای مۆز بڕوات.** "بەلام کەس باوەڕی نەدەکرد یان کەس نەیئەوێرا ئەو زیانانە بێنێتە بەرچاوی کە پاش رۆشتنی ئەو کۆمپانیایەدەکەوتنەوە.

لەگێرانەوەکانی دایکمدا، ژمارەکان هێندە بێ بایەخ‌و دیمەنی رووداوەکان ئەوندە بچوك‌و سوك بوون کە هەرگیز لەتەك ئەو کارەساتە گەورەیەی من وێنام دەکرد لێك نەدەچوون، ئەو رووداوانەی بەتەواوەتی بوونە هۆی خۆخواردنەوەم. دواتر لەگەڵ ئەوکەسانەی لەو بەزمە بە سەلامەتی دەرچووبوون‌و لەگەڵ شایەتەکانی رووداوەکان گوفتوگۆمان کرد، لەئەرشیفی رۆژنامەکان‌و دۆسیە دەوڵەتیەکاندا دەستم بەگەڕان‌و لێکۆڵینەوەکرد،و گەشتمە ئەو ئەنجامەی راستیی رووداوەکە لە هیچ شوێنێك نەبوو. ئەوانەی بەباشیان دەزانی هاوڕەنگی کۆمەڵ بن دەیانوت خوێن لەلوتی کەسەوە نەهاتوە. توندڕەوەکان‌و ئەوکەسانەی ئەهلی زیادەڕۆیی بوون لەوسەرەوە دەهاتنەوەو بەبێئەوەی گومانێك لە قسەکانیاندابێت بانگەشەی ئەوەیان دەکرد لاشەی خوێناویان لەگۆڕەپانەکەدا

بینیوە، کە لەشەمەندەفەرێکی بارهەلگردا هەڵیان چنین بۆ ئەوەی وەکو مۆزی رزیو هەڵیانڕێژنە دەریاوە. بەوشێوەیەش، ئەو راستیەی بۆی دەگەڕام بۆهەمیشە لەخاڵێکی نادیارو لەنێوان دوو کۆتایی ئاڵۆزدا وون بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندە سەرسەخت بووم کە لەیەکێك لەرۆمانەکانمدا، بە وردبینیو بێزاریەکی کەم وێنەوە کە بۆ چەندین ساڵ لەزەینما پەروەردەم کردبوو، ئاماژەم پێکرد. بۆئەوەی مەودا بەپەرۆشەکانی ئەو ڕوداوە پڕئازارەم پاراستبێ، ژمارەی کوژراوەکانم بە سێ هەزار نووسی، دواجار ئەوەشم بۆ ئاشکرابوو کە راستیەکەشی هەر ئەوەبووە: ماوەیەك پێش ئێستا، لەساڵرۆژی ئەو کارەساتە پڕ داخەدا، وتاربێژێك لە ئەنجومەنی سەنا داوای لە ئامادەبوانی کۆڕەکە کرد بۆ رێزگرتن لەو سێ هەزار قوربانیە گومناوەی بەدەستی هێزە دەوڵەتیەکان کوژران، خولەکێك بێدەنگ بن.

کوشتاری کرێکارەکانی مۆز چنینەوە لوتکەی سەرکوتکاریەکانی پێشوو بوو، بەڵام ئەمجارەیان بیانوییەکی نوێیان بۆ ئەو رەفتارەیان هێنایەوە، تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ رابەرەی کرێکارە ناڕازیەکان کە کۆمەنیستن، ئەوەش راستبوو. ئەودەمەی لەگەڵ دایکم بۆ فرۆشتنی خانوەکە چووم، بەرێکەوت، لەزیندانی بارانکیا، لەگەڵ بەرجەستەترینیان، ئێدواردۆ ماهاچا[1]، ئاشنابووم، هەرئەوەندەی زانی ئەوەی نیکۆلاس مارکیزم هاورێیەتیەکی گەرمی پێشکەش کردم. بەهۆی ئەوەوە بۆم دەرکەوت باپیرم لە مانگرتنەکەی ١٩٢٨دا رۆڵێکی لاوەکی نەگێڕاوە بەڵکو وەکو ناوبژیوانێ رۆڵی خۆی هەبووە، سەرکردەکانی مانگرتنەکە بەکەسێکی جێی متمانەو دروستکاریان دەزانی. بەهۆی ئەوەوە، ئەو وێنەیەم تەواوکرد کە بۆ ئەو کوشتارە کێشابووەو گەشتمە ئەنجامێکی رونتر دەربارەی دەرگیریە کۆمەڵایەتیەکان. تاکە شتێك لەمیانەی بیرەوەری تاکەکاندا لەیەك نەدەچوو، ژمارەی کوژراوەکان بوو، کە بەهەرحاڵ ئەوە تاکە خاڵی نهێنی مێژووەمان نیەو نابێ.

هۆکاری سەرەکی بیرەوەریە دڕۆیینەکانم ئەو روداوە جیاوازانەیە کە بۆیان گێڕاوەمەتەوە. لە پایەدارترینیا خۆم دەبینمەوەکە لەبەر بەردەرگاکەدا راوەستاوم، کڵاوێکی سەربازیی پڕۆسیشم لەسەردایەو تفەنگێکی منالانەم بەدەستەوەیەو لەو کەرتە سەربازە دەڕوانم بەژێر داربادامەکاندا رێ دەکەن. یەکێك لە ئەفسەرەکان بەرگی تایبەتی مەراسیمی سەربازی لەبەردایە، بەپاڵما تێدەپەڕێ دەڵێت:

- خوداحافیز مولازم گابی.

[1]. Eduardo Mahecha

بیرەوەریـەکی ئاشـکرایە، بـەڵام پێناچێت هـەرگیز راسـت بێـت. بـەرگی سـەربازیو کڵاوخوزو تفەنگەکە بونیان هەبوو، بەڵام دووسـاڵ پـاش مانگرتنەکە، ئەودەمـەی هێزە سـەربازیەکان لـە کاتاکـا رۆشـتبوون. گـەلێك نموونـەی لەوبابەتـە، ناوبانگمیـان لـەنێو بنەماڵەکـەدا خـراپ کـردو کەوتـە سـەرزاران کـە بـیرەوەری تەموومـژاویی‌و خـەونی ئاپندەبینانەم هەیە.

دنیا لەوحاڵەتەدابوو، ئەوەدەمەی وردەوردە تـوانیم لـە ناوەنـدی ژیـانم تێبگـەم‌و هێچ شـێوازێکی تـرم نـەدەزانی بۆئـەوەی بەهۆیـەوە ئـەو شـتانە بگێرمـەوە کـە هەسـتم پێکردبوون: حەسرەت‌و ئازارو گومانەکانی گۆشەی تەریك‌و بەتاڵی ماڵێکی پـان وبـەرین. مـاوەی چـەندین سـاڵ، هەسـتمدەکرد ئەوسـەردەمە ببـوە مێردەزمـەی هەمیـشەیی ئەوشـەوانەم، لەبەرئـەوەی بـەیانیان بەهـەمان ترسـەوە لەخـەو رادەبـووم کـە لـەژوری قەدیسەکان دەنووستم. لەسەردەمی نەوجەوانیما، لە دواناوەندیەکی شەوانەرۆژی سەهۆڵ بەستوی شاخەکانی ئاند بووم، نیوەشەوان بەدەم گریانـەوە لەخـەو رادەپـەریم. پێویـست بوو بگەمە ئەو بەساڵاچونە بێئەوەی پەشیمانبم بۆ ئەوەی تێبگەم کە چارەرەشی باپیرو داپیرم لە خانوەکەی کاتاکا ئەوەبوو بەردەوام، بێ گلەیی وگازندە، لەنێو دڵتەنگیەکانیاندا دەتلانـەوە، تـا زیـاتر بیانویـستبا ئەونەگبەتیانـەیان فـەرامۆش بکـەن زیـاتر رۆدەچونە قولایی ئەو زەلکاوەوە.

یان بەزمانێکی سادەتر: لەکاتاکا بوون بەڵام دڵیان لە پارێزگای پادیا درێـژەی بـەژیان دەدا، کە تائەوکات هەر پێان دەوت پرۆڤێنسیا[1]، بێئەوەی هێچ نیشانەو ناوێکی تری پێوە بلکێنن، وەکو ئەوەی بەتەنها هەر ئـەو پاریزگایـە لـە دونیـادا هـەبێت. هەرلەبەرئـەوەش، پێش ئەوەی بیزانن‌و بیانەوێت، خانوەکەی کاتاکایان وەکو یادگاریی خانوەکەی بارانکاس دروست کردبوو، لەپەنجەرەکانیەوە، لەوبەری شەقامەکەوە، گۆرستـانێکی غـەمگین بـەدی دەکرا کە دوامەنزڵگەی مێداردۆ پاچکۆی لێبوو. لەکاتاکا خۆشیەخت‌و خۆشەویست بوون، بـەڵام ژیانیـان هـەر دیلـی نیـشتیمانەکەیان بـوو. سـەلیقەو بیروباوەرەکانیـان‌و بڕیارەپێـشوەختەکانیان کردبـوە سـەنگەرێك لـەدژی ئەوشـتانەی پێـچەوانەی ئـەوان‌و جیاوازیش بوو.

هـاورێ نزیکـەکانیان ئەوکەسـانەبوون لـە پرۆبینیـساوە دەهـاتن. لەماڵـەوە بەهـەمان ئەوزمانە قسەیان دەکرد کە باووباپیرانیان سەدەیەك لەوەو پێش لـە ئیـسپانیا، لەرێگـەی ڤێنزوێلاوە هێنابوویان، لەگەڵ زاراوە ناوچەیەکانی کارائیب‌و پێکهاتی واژەی ئـەفریقایی

[1]. ئەم وشەیە بەزمانی ئیسپانی مانای پارێزگا یان هەرێمی هەلگرتووە.

کۆیلەکانو چەند رەگێکی زمانی گواخیرا، دڵۆپ دڵۆپ دەچکایە سەر زمانمانو رۆدەچوە ناوی، دوبارە زیندوو دەبووەوە. داپیرم، بۆئەوەی سەرم لێ تێکبدات بەو زمانە قسەی دەکرد، بێئەوەی بزانێت، بەهۆی پەیوەندی راستەوخۆمەوە لەگەڵ خزمەتکارەکان باشتر لێی تێدەگەیشتم. تائێستاش زۆربەی رستەو ووشەکانیم لەبیرە: atunkeshi، خەوم دێ، jamusaitshi taya، برسیمە، jquwots، ژنی سک پڕ، arijuna، بێگانە، کە داپیرم هەندێکجار بە ئیسپانیەکانی دەوت، یان بە سپیپێستەکان، دواجار بەهەموو ئەو کەسانەی دەوت کە بەدوژمنی دەزانین. گواخیرەکان، لەبەرامبەردا، بەو شێوەی خۆیان دروستیان کردبوو بە زمانی ئیسپانی قسەیان دەکرد، گەلێك تازەکاریی تایبەتی لەخۆ کرتبوو، دەتوت شێوەزاری تایبەتی چنی یە، دەربرینی ئەو زمانە ئەوەندە وورد بوو کە زۆرجار دەبووە گوزارشتێکی ناشرینو قێزەون، هەر لەبەر ئەوەش، داپیرم بەکارهێنانی هەندێك وشەی گومان ئامێزی قەدەغە کرد، وەکو: "لێوەکانی دەم"کە مانای"لێوارەکانی دەربەند"ش دەدات.

تا هەواڵ نەگەشتبا کێ لە بارانکاس لەدایك بووە، چەندکەس لەگۆڕەپانی شەڕەگاکەدا لەتوکوت بوون، کێ لە مانایوری ژنی هێنا یان کێ لە ریۆئاچا کۆچی دوایی کرد، یاخود ژەنراڵ **سۆکارێس**[1]ی دانیشتوی سەنسان جوان دێل سیسار، کە نەخۆش بوو دەیانوت پێی لەسەر لێواری گۆڕە، ئەو بەیانیە تەندروستی چۆنە، بەرنامەی ئەو رۆژە بە ناتەواوی دەمایەوەو دەتوت شتێکی کەمە. لە فرۆشگای کۆمپانیای مۆز، سێوە لە سیم پێچراوەکانی کالیفۆرنیا، ماسیە گەرمە سێریە بەستووەکان، ژامبۆنی **گالیسیا**[2]و زەیتونی یۆنانی بەنرخێکی هەرزان پێشکەش دەکران. بەڵام، ئەوەی لەماڵی باپیرم دەخورا تامی نامۆیی دەدا: دەبوو ئەو **مالانگا**[3]یەی دەکرا بە سووپ هی ریۆئاچا بێ، دەبوو گەنمەشامی کولیچە تایبەتیەکانی بەیانیان گەنمەشامی فۆنسکا بێ، بەرخەکانیان بە خوێی گواخیرا بەخێو دەکردو کیسەڵو مەیگۆ زیندوەکانیان لە **دیبویا**[4]وە دەهێنا.

بەو شێوەیە، زۆربەی ئەو کەسانەی رۆژانە بە شەمەندەفەرەکە دەگەشتن لە پرۆڤێنسیاوە دەهاتن یان یەکێك لە دانیشتوەکانی ئەوێ ناردبونی. بەردەوام ناوی چەند

---

[1]. Socarras

[2]. Galicia، ناوچەیەك لە باکوری رۆژئاوای ئیسپانیا

[3]. Malanga، جۆرێك گیایە لە حێزانی گوڵە شەیپورییەکان لەناوچەی کارایب دەڕوێت و باشترین جۆری لە کوبا چنگ دەکەوێت.

[4]. Dibuya

خێزانێك دوباره دەبونەوە: **ریاسکۆ**[1]، **نوگرا**[2]، **ئۆڤای**[3]، کە زۆرجار ناسراوی بنەماڵەکانی کوتیٚو ئیگیواران بوون. بۆخۆیان بۆ شوێنێکی تر دەچون بەڵام سەرێکیشیان لەویٚ دەدا، جگە لە کۆلە پشتێك باروبنەیەکی تریان پیٚ نەبوو، هەرچەندە بەخەبەرو بەبیٚ داوەت دەهاتن، بەڵام بەپێی نەریتی هەمیشەیی، بۆ نانی نیوەڕۆ دەهاتن. هەرگیز ئەو رستە هەمیشەییو تارادەیەك ئاینیەم بیرناچێتەوە، داپیرم کە پێی دەخستە چێشتخانەکە دەیوت:"**دەبیٚ هەموجۆرە خواردنێك لێبنێن، لەبەر ئەوەی خوابۆخۆی دەزانێت ئەوانەی دێن حەزیان لە چ جۆرە خواردنێکە.** "

واقیعی جوگرافی ئەو گیانی خۆبەدورگرتنەی بەهێزتر دەکرد. لە کۆزێکی بەهێزو ئەستوری نێوان سێرانیادا دیٚ سانتامارتاو زنجیرە شاخی **پەرجیا**[4]، لە کارائیبی کۆلۆمیایی، پرۆڤێنسیا خاوەنی خودموختاری دونیایەکی سەربەخۆو یەکپارچەیی فەرهەنگیو کۆنی خۆی بوو. پەیوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوە ئاسانتر بوو تا لەگەڵ ناوچەکانیتری وڵات، لەبەرئەوەی ژیانی رۆژانەی، بەهۆی هاتوچۆی ئاسانو بیٚ گرفتی نێوان ئەویٚو جامایکاو **کۆرازایۆ**[5]، لەگەڵ دورگەکانی ئانتێل هەماهەنگتر بوو، تا رادەیەکیش ژیانی وەکو گوزەرانی ڤێنزوێلابوو، کە سنورەکانی ئاوەڵابوونو هێچ جۆرە رەگەزپەرستیەکی تێدا بەدی نەدەکرا. دەوڵەتی ناوەند دەستی بەکلاوەکەی خۆیەوە گرتبوو یا نەیبات، بەتەنها تەپوتۆزی دەسەڵاتی دەگەشتە ئەو سنورە: بەشێوەی یاسا، باج، سەربازو هەواڵی ناخۆشی داپۆشراو لە بەرزایی دووهەزارو پێنج سەدمەترىو مەودای هەشت رۆژ سەفەری دەریایی لەسەر روباری ماگدالێنا بەو کەشتیە هەڵمیانەی بەسوتاندنی دار ئیشیان دەکرد.

ئەو سروشتە دورگەییەی ببوە هۆی لەدایك بوونی فەرهەنگێکی رەسەن کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆی بووکە باپیرمو داپیرم لە کاتاکا پیادەیان کرد. ماڵەکەیان لەباتی ئەوەی نێوەندی ژیانی خێزانی بیٚ، زیاتر لە گوندێك دەچوو. بەردەوام ژەمی نیوەڕوانیان بە چەندجار دەخوارد. بەڵام لە تەمەنی سیٚ ساڵیمەوە بەتەنها ژەمەکانی یەکەم ودوهەم بەپیرۆزو رەسمی لەقەڵەم دەدران: سەرهەنگ لە سەرەوەی مێزەکە دادەنیشتو منیش لەسەر کورسی دەستە راستیەوە دادەنیشتم. ئەودوای جێگاکانیتر یەکەمجار ژنانو دواتر

---

١. Riasco

٢. Noguera

٣. Ovalle

٤. Perija

٥. Curazao، یەکێکە لەدورگەکانی ئانتێل، موستەعمەرەی پێشوی هۆڵەندا.

پیاوانی لەسەر دادەنیشتن، بەلاّم بەردەوام ژنانو پیاوان شوێنەکانیان جیا بوو. لە ئاهەنگی نەتەوەیی رێکەوتی ٢٠ی ژولای، گوێیان بەو رێورەسمانە نەدەدا، خوانی نیوەڕوان تائەوکاتەی هەموان تێروپڕیان دەخوارد هەڵ نەدەگیرا. شەوان سفرە رانەدەخرا، بەڵکو لە چێشتخانەکە شیرقاوەیان لەگەڵ شیرینیە بەتامەکانی دەستی داپیرم لەنێوان ئەندامانی ماڵەکە دابەشدەکرا. پاش داخستنی دەرگاکانی حەوشەکە، هەرکەسەو لەکوێی ماڵەکە ئارەزوی بکردبا هاماکایاکەی هەڵدەواسی، تەنانەت بەدارەکانی حەوشەکەشەوە.

یەکێك لە خەیاڵیترین روداوەکانی ئەو ساڵانەی دوایی ئەوکاتەبوو کە ژمارەیەك پیاو بەجل وبەرگو پوزەوانەو پێلاوی هاوشێوە، کە سەلیبێکی خۆلەمێشی لەسەرناوچەوانیان نەخشی بەستبوو، هاتنە ماڵی ئێمە. ئەو کوڕانەی سەرهەنگ بوون بەدرێژایی "جەنگی هەزار رۆژە"لەناوچە جیاوازەکانی پرۆبینسیا خستبونیەوەو لەگوندەکانی خۆیانەوە رێگەی ئەوێیان گرتبوەبەر بۆ ئەوەی بەمانگێك دواکەوتنەوە پیرۆزبایی رۆژی لەدایك بوونی لێ بکەن. پێش ئەوەی بگەنە ماڵی ئێمە، بەشداری رێورەسمی چوارشەممەی خۆلەمێش[1]یان کردبوو، ئەو خاچەی کە باوکی رۆحانی **ئانگاریتا**[2] لەسەر ناوچەوانیان کێشابووی وەکو ئامازەیەکی میتافیزیکی دەهاتە بەرچاوم کە هێماونهێنیەکەی ساڵانێکی دورودرێژ بەرۆکی بەرنەدام، تەنانەت پاش ئەوەی ئاشنای دابو نەریتی جەژنی پاکیش بووم.

زۆربەیان پاش هاوسەرێتی باپیرو داپیرم لەدایك ببوون. مینا، هەر ئەوەندەی هەواڵی لەدایك بوونیانی دەبیست، لە دەفتەرێکی بچوکدا ناوی هەمویانی تۆمار دەکرد، دواجار بەئاستەم توانی چاوپۆشی لەو بابەتە بکاتو لەقوڵایی دڵیەوە بە ئەندامێکی بنەماڵەکەی لەقەڵەم دەدان. پێش ئەو دیدارە پڕهەراوهۆریایە، هەریەك لەکوڕەکان سروشتی تایبەتی خۆیان ئاشکرا کرد، نە داپیرمو نەئەوانی تریش نەیاندەتوانی بەئاسانی لەیەکتریان جیا بکەنەوە. راستگۆو زەحمەتکێش، مێردگەلی سەر راستو خەڵکێکی ئاشتیخوازبوون، کە لەشوێنی خۆیو لەئاهەنگەکاندا گەربۆیان رێبکەوتایە چەند پێکێکی زۆرتریان بخواردایەتەوە، سڵیان لە خۆشێت کردن نەدەکردەوە. قاپو قاچاخەکانیان دەشکاند، ئەوکاتەی دوای گایەك کەوتبوون بۆ ئەوەی بیخەنە ناو لێفەیەکەوەو هەڵخەو داخەی پێبکەن، گوڵاڵە سورەکانیان شێلا، بە فیشەك مریشکەکانیان دەکوشتو سوریان

---

[1]. Miercoles de Ceniz، یەکەمین رۆژی چلەی رۆژوو و پارێزی مەسیحیەکان.
[2]. Angarita

دەکردنەوە، بەرازێکی شیاکاویان بەرەلاکرد کە کەتیبەکانی ڕێڕەوەکەی هەڵگێڕایەوە، بەڵام کەس خەفەتی بۆ ئەو زیانانە نەخوارد، لەبەرئەوەی بوونی ئەوان وەکو ئەو ڕەشەبایەبوو کە خۆشبەختی بەسەر ماڵەکەدا دەڕژاند.

بۆماوەیەکی دورودرێژ، زۆرجار دەچومە دیدەنی **ئێستێبان کاریۆ**[1]، دووانەی پورە **ئەلفێرا**[2]، کە لەکاروباری دەستیدا شارەزایی هەبووو لەماوەی سەفەردا سندوقی کارکردنەکەشی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆئەوەی بەشەخراپ بووەکانی ئەوماڵەی بەمیوانی بۆی دەچوو، لەرووی خۆشەویستیو بەخۆڕایی، چاك بکاتەوە. لەبەرەکەتی خۆش قسەییو بیری بەهێزی، وەڵامی زۆربەی ئەو خاڵە تاریکانەی مێژووی بنەماڵەکەمانی دامەوە، کە بەرواڵەت لەوەدەچوو هیچ وەلامێکیان نەبێت. لەسەردەمی نەوجەوانیما، هاتوچۆی خاڵە **نیکۆلاس گۆمێز**[3] م دەکرد، پیاوێکی موو زەردی دەموچاو کونج کونج بوو، کە زۆر بە پیشە پڕداهاتەکەی دەنازی، خاوەنداریێتی فرۆشگەی بەندیخانەی کۆنی فۆنداسیۆن بوو. بەینی لەگەڵ من خۆش بوو، لەبەرئەوەی مناڵێکی نارەسەنو بیزیو هاروهاج بووم، هەمیشە لەکاتی خواحافیزیدا کیسەیەکی پڕ خواردەمەنی دەدامێ بۆئەوەی لە کاتی گەڕانەوەمدا بیخۆم. **رافائێل ئاریاس**[4] بەردەوام بە هێسترو بەرگی سواریەوە بەپەلە سەرێکی لەوێ دەدا، لە چێشتخانەکە هەر بەسەرپێوە قاومیەکی دەخواردەوەو دەڕۆشت. لەچوارچێوەی سەفەرەکانماو لەکاتی بێتاقەتیا، بۆ نوسینی رۆمانەکانی یەکەمجارم، ئەوکەسانەم دەبینی کە بەگوندەکانی پرۆڤینسیادا بلاوببونەوەو هەمیشە لەبەرئەوەی سەلیبە خۆلەمێشیەکەم بە ناوچاوانیانەوە نەدەبینی دەکەوتمە ژێر کاریگەریەوە، لەبەرئەوەی ئەو سەلیبەم بە نیشانەی تایبەتی شوناسی بنەماڵەکەمان دەزانی.

چەندین ساڵ دواتر، ئەوکاتەی باپیر وداپیرم مردبوونو خانوە خانەدانەییەکە چۆڵو بەتاڵو بە ئۆمێدی خوا بەرەلا کرابوو، بە شەمەندەفەری شەو گەشتمە فۆنداسیۆنو لەو تاکە دوکانەی خواردن فرۆشتنەدا دانیشتم کە بەوشەوە لە وێستگەکەدا کراوە بوو. شتێکی ئەوتۆی بۆخواردن لێ نەبوو، بەڵام ژنی خاوەن دوکانەکە خواردنێکی حازری بەتامی بۆ ئامادەکردم. قسە خۆشو سوعبەتچی بوو، لە نێو ئەو تایبەتمەندیە پەسەندو دڵپەزێرانەیدا، رەگی کەسایەتی بەهێزی ژنانی بنەماڵەکەمانم دیتەوە. چەند ساڵ دوای

[1]. Esteban Carrillo
[2]. Elvira
[3]. Nicolas gomez
[4]. Rafael Arias

ئەوە دەرکەوت پێشبینییەکەم هەڵە نەبووە: دوکانـدارە جوانەکـە سارا نۆریگا[1]، یـەکێکیتر بوو لە پورە نەناسراوەکانم.

ئاپۆلینار ئەو کۆیلە کورتە باڵاو ڤاڵتاخەی کە بەردەوام هەستم دەکرد یەکێکە لە خاڵەکانم، لەناکاو دیار نەماو چەندین ساڵ لێی بێئاگا بووین،و رۆژێکی عەسر لەخۆوە سەروکەلەی پەیدا بوووەوە، جلی تازیەو پرسەی لەبەردابوو: چاکەتو پانتۆڵی خوری رەش و کڵاوێکی گەورە کە ئەویش رەش بوو تا خوار برۆکانیەوە هێنابویە خوارەوە، لەنیگایا هیچ بەدی نەدەکرا. ئەوکاتەی بە چێشتخانەکەدا تێدەپەڕی، وتە بۆ رێورەسمی بە خاك سپاردن هاتومەتەوە، بەڵام تا رۆژێك دواتر، کەهەواڵی کۆچی دوایی باپیرەمان لە سانتامارتا پێگەیشت، کەس لەمەبەستی تێنەگەیشت، ماوەیێك پێش مردنی، بەپەلەو زۆر بەنهێنی بردبویانەوە بۆ ئەوێ.

لەنێو خاڵەکانما، ئەوتاکە کەسەی نـاوو ناوبـانگێکی بۆخـۆی پێکـەوەنا گـۆرە گـەورەی سـەرهەنگو تاقـە موحافیزکـاری بنەماڵەکـە بـوو: جۆسـێ ماریـا ڤـادیبلانکیز[2]، کـە لەسـەردەمی "جەنگی هـەزار رۆژە" بـووە سیناتۆری کۆمـاری،و لەوپۆسـتەدا لـەرێورەسمی واژۆکردنی پێدانی لیبراڵەکان لە مۆڵگێکی نزیکی نیێرلاندیا ئامادەبوو. لەبەرامبەری و لە ریزی دۆڕاوەکان، باوکی ڕاوەستابوو.

لەوباوەڕەدام کەسایەتیو شێوەی رەفتارو بیروڕام، بـە قـەرزارباری ژنـانی بنەماڵەکـەو کارەکەرەکانی ماڵەکە دەزانم، کە شوانی سەردەمی منـاڵیم بـوون. کەسـایەتیەکی بـەهێزو دڵێکی نەرمو میهرەبانیان هەبووو ئەوندە ئاسایی لەگەڵ مـن دەجوڵانـەوە وەکو ئـەوەی لەبەهەشتێکی زەمینیدا بژین. لەنێو سەرجەم ئەوکەسانەی لـەبیرم مـاون، تـەنها لوسیا[3]، شـەیتانانە تـوانی غـافلگیرم بکـاتو سـەرنجم رابکێـشێت: منـی بـردە ئـەمباری تەنەکـە رۆنـەکانو کراسـەکەی تاسـەر نـاوکی هەڵدایـەوە بـۆ ئـەوەی ژێرکەمـەرە زەیتـونیو بـێ مووکـەیم پیـشان بـدات. بـەڵام ئـەوەی بەراستـی سـەرنجی راکێـشام پەڵەیـەکی رەش بـوو لەسـەر سـکی کـە لـەو نەخـشە جوگرافیـە دەچـوو دۆڵـی تاریـكو ئۆقیانوسـەی زەردی لەسەربێت. ژنەکانیتر هێنـدەی فریـشتەکان پـاكو بێگـەردبوون: لەبەرچاوما جلەکانیان دەگۆری، لەگەڵ خۆیان دەیانبردمە حـەمام، لـەوێ بێئـەوەی گـوێم بـدەنێ باسـی نهێنـیو دەردەدڵەکانی خۆیان دەکرد، باسی رازو غەمو مەینەتیەکانی خۆیان دەکرد، وەکو ئـەوەی مـن لێیـان تێنەگـەم، نەیانـدەزانی مـن لـەو قـسانەیان تێدەگەیـشتم، لەبەرئـەوەی

---

[1]. Sara Noriega

[2]. Jose Maria Vadeblanquez

[3]. Lucia

سەرداوەکانم پێکەوە گرێ دەداو سەرم لەو قسانەیان دەردەکرد کە بە پێچ و پەناوە دەیانکرد.

چێن، جگە لەمئیش وکاری ماڵەوە، دەچووە بازاریش. ئەودەمەی هێشتا منداڵ بوو، لەگەڵ باپیرو داپیرم لە بارانکاساوە هاتبوو، لە چێشتخانەکە گەورە ببوو، دواتر وردەوردە وەکو ئەندامێکی بنەماڵەکە قبوڵ کرابوو، پاش ئەوەی لەگەڵ دایکی عاشقم چووە پرۆڤێنسیا، ئیتر وەکو یەکێك لە پورەکان حسابی بۆدەکرا. لەدواساڵەکانی تەمەنی، لەیەکێك لە هەژارانەترین گەڕەکەکان ژورێکی بەکرێ گرت، لەبەر ئەوەی حەزی دەکرد سەربەخۆ بێت، بۆ پەیداکردنی بژێوی بەیلنیا زوو دەستی دەکرد بەفرۆشتنی کولیچەی گەنمە شامی‌و دروشمێکی وەکو پروپاگەندەیەك دوبارە دەکردەوە کە دەبوە مۆسیقای ئاشنای دەمەوبەیان: **"کولیچە بەستوەکانی خاتوو جێن نۆشی گیانتان"**

پێستێکی جوان‌و هێڵە سورپێستیەکانی روخساری ڕەسەنی لێ دەباری‌و بەپێی پەتی رێی دەکرد، دەسماڵێکی سپی دەبەست بەسەریەوەو خۆی بە قوماشێکی سپی"اهاردار"ناسك دادەپۆشی. بەهێمنی بە ناوەراستی شەقامەکەدا پیاسەی دەکردو گەلە سەگێکی رام‌و بێدەنگ پارێزگارییان دەکردو بەردەوام بە چواردەوریا دەخولانەوە. دواجار ئەوە بووە فەرهەنگێکی گشتی. لە کەرنەڤالێکدا، یەکێك بەدەمامکێکی هاوشێوەی ئەو دەرکەوت، بەهەمان بەرگ‌و دروشمە ناسراوەکەیەوە، هەرچەندە نەیانتوانی گەلە سەگە پاسەوانەکەی وەکی پارێزەرە چوارپێ‌و ماڵیەکانی لەگەڵ بەرێ بخەن. هاواری"کولیچەی بەستوو"ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بە ئیلهام وەرگرتن لەو دروشمە بابەتێکیان لەسەر ئۆکۆردیۆن بۆ چڕی. دەمەو بەیانێکی شووم، دوو سەگی دڕ هێرشیان کردە سەر سەگەکانی، هەرچەندە ئەوان ئازایانە بەرگریان لە چێن کرد، بەڵام ژنە داماوەکە کەوت بە زەویداو بڕبڕەی پشتی درزی تێبوو. سەرباری ئەو چارەسەرە پزیشکیانەی باپیرم بۆی دەستەبەر کرد لەژیاندا نەمایەوە.

بیرەوەریەکیتری کاریگەری ئەو سەردەمەم سك کردنی **ماتێلدا ئارمێنتا**[1] بوو، ئەوژنە جل شۆرەی لەتەمەنی شەش ساڵیمدا لە ماڵی ئێمە ئیشی دەکرد. بە هەڵە چومە ژورەکەیەوە،و بینیم بە روتی‌و بە لنگی کراوە لەسەر دۆشەکەکەی راکشاوە لە نێو کۆمەڵێك ژن‌و مامان، کە دەستە پاچەو بێ سەرەو بەرە بەچواردەوریا دەخولانەوەو هەریەکێکیان بەشێکی لەشیان دەشێلاو پارمەتیان دەدا بۆئەوەی بە هات‌و هاوارەوە سکەکەی دابنێ، لەتاو ئازار دەیلوراند. یەکێك بە خاولیەکی تەڕ عارەقەی روخساری

---

[1]. Matilde Armenta

دەسرپیەوە، چەندژنێکی تریش بەتوندی هەردوو قاچیان گرتبوو پاڵیان بە ورگیەوە دەنا بۆ ئەوەی منالّبونەکەی پێشبخەن. سانتۆس بیئرۆ لەو قەرەباڵغیەدا بە چاوی نوقاوەوە لەسەرخۆو هێمن لەژێر لێوەوە دەپاڕایەوە وا دەهاتە بەرچاو کە بەینی رانەکانی زائۆ بپشکنێ. ژورەکە لەرادەبەدەر گەرم بوو لەبەر ئەوەی ئەوەمەنجەڵە ئاوەگەرمانەی لە چێشتخانەکەوە دەیانهێنا ژورەکەی پڕکردبوو لە هەڵم. بەترسەوە لە سوچێکا خۆم کزکردبوو،و چاوم لێبوو مامانەکە پارچە گۆشتێکی زیندووی لەبەرخ چووی کە شتێکی وەکو ریخۆڵەو خوێناوی بە ناوکیەوە شۆڕ ببوەوە، بە قاچەوە راکێشایە دەرەوە. ئالەوکاتەدا یەکێك لەژنەکان پێی زانیم‌و بە راکێشان لەژورەکە بردمیە دەرەوە. بەتانەوە پێی وتم ـ **گوناهێکی گەورەت کرد** ـ لەکاتێکا بە هەڕەشەوە پەنجەی لێ رادەوەشاندم فرمانی پێکردم ـ : **نابێت هەرگیز باسی ئەوە بکەیت کە بینیت.**

لەبەرامبەردا، ئەوژنەی کە بەڕاستی منی لە دونیای بێگەردی منالّی هێنایە دەرەوە، نە خۆی بەنیازی ئەوەبوو، نە هەرگیز ئەو هەواڵەی بیست. ناوی **ترینیداد**[1] بوو، کچی یەکێك لە خزمەتکارەکانی ماڵەکە بوو، تازە لەبەهاری کوشندەدا پێدەگەیی. سیازدە ساڵ لە تەمەنی تێدەپەڕی، بەڵام هێشتا جل‌و بەرگی نۆ ساڵی دەپۆشی، ئەوەندە بۆی تەسك وتەنگ بوون کە بەبێ جل کەمتر روت دەینواند. شەوێکیان کە هەردوکمان لە حەوشەکە بەتەنها بووین، لەناکاو ئاهەنگێکی خۆش لە ماڵە دراوسێکەوە بەرگوێ کەوت‌و ئەویش بە نیازی سەما لەئامێزی گرتم، ئەوەندە توند خۆی پێوە نوساندبووم هەناسەم بۆ نەدەدرا. نازانم دواجار چی رویدا، بەڵام تائێستاش نیوەشەوان بەویادەوە هەراسان‌و وروژاو لەخەو رادەپەڕم، دڵنیام دەتوانم لە تاریکی تەواوەتیدا بە پەنجەیەك بۆ سەر پێستی، یاخود بە بۆنکردنێك بۆنە ئاژەڵیەکەی بناسمەوە. بۆ چرکەیەك، بە رونی‌و ئاشکرایی دەرئەنجامی غەریزەکان، کە هەرگیز دوبارە نەبوەوە، هەستم بە جەستەم کرد، بەوپەڕی ئازایانەوە ئەو هەستەم ناو دەنێم مەرگێکی شیرین. لەپاش ئەوە، دڵنیابووم لە هەبوونی نهێنیەکی بێ دەرگا، کە بۆمن نەناسراو بوو بەڵام بەجۆرێك زەینمی دەوروژاند وەکو ئەوەی بیناسم. ژنانی خێزانەکە، بەپێچەوانەوە، منیان بەرەو رێڕەوی وشك‌و نەباری پاکیزەیی‌و پاکداوێنی رێنوێنی دەکرد.

لەتەك بەباچونی بێگەردی، هاوکات، لەوە تێگەیشتم کە"منالّی خودا"یاریەکانی کریسمسمان بە دیاری بۆ ناهێنێ، بەڵام هەربۆ ئاگاداری ئەوەم بەکەس نەوت. لە دەسالیدا، باوکم، بە نیشانەی ئەوەی من بە مرۆڤ لە قەڵەم دەدات، ئەو نهێنیەی لەلا

---

[1]. Trinidad

درکاندم، لەبەرئەوەی تارادەیەك دڵنیابوو لەوەی بۆخۆم دەیزانم، منی لەگەڵ خۆی برد بۆ دوکانەتایبەتیەکانی ساڵی نوێ بۆئەوەی دیاری بۆ خوشك وبراکانم هەڵبـژێرم. نهێنـی منـاڵبوونیش بـە بینینـی منـاڵبوونەکـەی ماتیلـدا ئارمێنتـا لـەلام ئاشـکرابوو: ئەودەمـەی دەیانوت لەقلەق مناڵەکان لە پاریسەوە دەهێنن، نەمدەتوانی بەر لە پێکەنینم بگرم، گەر بەدەسـت خـۆم بـا، قاقا پێدەکـەنیم. بـەلام دەبـێ دان بـەوەدا بنـێم کـە نەئـەوکاتو نـە ئێستاش نەمتوانی مناڵبوونو تەمەنای سێکسی پێکەوە گرێ بـدەم. بەهـەرحاڵ، هەسـت دەکەم دۆستایەتی ونزیکیم لەکەڵ خزمەتکارەکانی ماڵەکە رەنگە سەرچاوەی ئەو زنجیرە پەیوەندیـە نهێنیـەم بـووبێ، کـە بـەباوەڕی خـۆم، لەگـەڵ ژنـەکان هـەمبوو، بەدرێـژایی تەمەنم بوەتە هۆی ئەوەی کە لەپاڵ ئەواندا زیاتـر هەست بەهێمنیو ئاسایش بکەم وەکو لەنێو پیاواندا. چ جای، باوەڕی پتـەوم لەبەرامبـەر ئـەوەی ئـەوان پـارێزەری هەماهـەنگی جیهانو پیاو بە توندوتیـژیو رەفتـارە تونـدە مێژوویەکانمانـەوە، دونیـا بـارگرژو ئـاڵۆز دەکەین، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت.

سـارا ئیمیلیـا مـارکیز، بێئـەوەی خـۆی بزانێـت، کاریگـەری لەسـەر چارەنووسـم بەجێهێشت. هەر لەمناڵیەوە گەلێك داواکاری هـەبوو کـە هـەر حسابیـشی بـۆ نـەدەکردن، بەلام ئەو پیاوەی یەکەم کەس بوو لە نێو داواکارەکانیا بایەخی هەبوو کە داوای کـرد بـۆ هەمیشە وەلامی باشی وەرگرتـەوە. ئـەوپیاوەی پەسـەند کـرا لەهەنـدێك روەوە لـەباوکم دەچوو، لەبەرئەوەی کەسێکی نامۆبوو کە کەس نەیدەزانی لە کوێو چۆن هاتوەتە ئەوێ، هەرچەندە پێشینەیەکی ئابڕومەندانەی هەبوو، بەلام سەرچاوەیەکی دەرامەتی جێگیرو دیاری نەبوو. ناوی **خۆسێ دێل کارمەن ئۆریبێ ڤێرجیل**[١] بوو، بەلام هەندێکجار بـەناوی خ ك ئیمزای دەکرد. ماوەیـەك درێـژەی کێشا تابۆمـان دەرکـەوت کێیـەو لـەکوێوە هـاتوە، بۆمانەرکـەوت دەقـی وتـار بـۆ پۆسـتە دەوڵەتیـەکان دەنووسـێتو لـەبلاوکراوە رۆشـنبیریەکەی خۆیـدا، هـەرکات ئـارەزوی بکردبـا چـاپی دەکـرد، شـیعری ئاشـقانەی دەنووسی. هەر ئەوەندەی پێی بۆ ماڵەکەمان کرایەوە، بـەهۆی ناوبانگە ئەدەبیەکەیـەوە، لـە دڵـەوە زۆر ستایـشم کـرد، لەبـەر ئـەوەی ئـەو یەکـەمین نووسـەربوو کـە بەشەخـسی دەمناسی. خێرا بریاری ئەوەمـدا ببمـە هاوشـێوەی ئـەو، تـا ئەودەمـەی پـورە مامـا تـوانی فێری ئەوەبێت فژم وەکو ئەو بۆدابهێنێت رازی نەبووم.

یەکەمین ئەندامی خێزانەکە بـووم کـە ئاگاداری چیرۆکی خۆشەویـستیەکەی بـووم: شـەوێك هاتـە ماڵەکـەی بەرامبـەرمان منـیش لـەوێ لەگـەڵ هاورێکـانم یـاریم دەکـرد.

---

[١]. Jode del Carmen Uribe Vergel

بەهەڵچونێکی ئاشکرا بانگی کردمە سوچێك و نامەیەکی دایە دەستم بۆئەوەی بیگەیەنمە سارا ئیمیلیا. دەمزانی ئەو لەبەر ماڵەوەمان دانیشتوەو لەگەڵ هاورێیەکی سەرقاڵی قسەکردنە. بەشەقامەکەدا پەڕیمەوە، خۆم لەپشت دارباداميێکدا شاردەوەو ئەوەندە بە جوانی نامەکەم بۆهەڵدا کە رێك کەوتە باوەشیەوە. بەترسەوە دەستەکانی هەڵبڕی، بەڵام هەرئەوەندەی دەستخەتی سەر زەرفی نامەکەی بینی، هاوارەکەی خواردەوە. لەوڕۆژە بەدواوە، سارائیمیلیاو خ. ك. بونە دووهاورێی خۆشەویستم.

ئەلبێرا کارێۆ[1]، خوشکە جمکەکەی خاڵە ئیستیبان، قامیشێکی شەکری بەدەست دەگوشی و وەکو ئامێرێکی شەکرکێشی بەهێز شیلەی قامیشەکەی دەچۆڕاندەوە. ناوبانگی زیاتر لەبەر ئەوەبوو کە بێپەردە قسەی دەکرد تا لەبەر هەڵسوکەوتی پڕخۆشەویستی لەگەڵ منالان، بەتایبەت لەگەڵ لویس ئێنریکە[2]ی برام، کە ساڵێك لەمن بچوکتربوو، بەچاوی رێنوماو هاودەستی خۆی تەماشی دەکردو ناوی سەیروسەمەرەی پورە پا[3]ی لێنابوو. پسپۆریە هەمیشەیەکەی چارەسەری گرفتە بێچارەسەرەکان بوو. ئەوو ئیستیبان لەو کەسانەبوون بۆیەکەمجار چوونە خانوەکەی کاتاکا، بەلام لەکاتێکدا کە براکەی لەپیشە جیاوازو کاروکاسبیدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا، ئەوبووە چارەسەرسازی گرفتەکانی بنەماڵەکە، بێئەوەی بۆخۆی لەو رۆڵەی بەئاگابێت. ئەودەمەی ئامادەبوونی پێویست نەبوو دیارنەدەما، هەرئەوەندەی پێویستیشیان پێی بوایە کەس نەیدەزانی چۆن و لەکوێوە پەیا دەبوو. ئەوکاتانەی حاڵی باش نەبوایە بەدەم چێشتلێنانەوە لەدڵی خۆیا قسەی دەکردو بەدەنگی بەرز شوێنی ئەوشتانەی دەوتەوە کە گومانی ونبونیان لێدەکرا. پاش ئەوەی سەرجەم پەکەوتەکانی بنەماڵەکەی بەخاك سپارد، بەتەنها مایەوە، لەکاتێکدا کە هەرزەگیا بەست بەبستی خانوەکەی قوت دەداو ئاژەڵەکان بە زوری نوستنەکانا پیاسەیان دەکرد، شەوان لەژورەکەی تەنیشتیەوە گوێی لەدەنگی کۆکەیەك دەبوو کە دەتوت لەگۆڕەوە بەرز دەبێتەوە،و پەرێشانی دەکرد.

فرانسیسکا سیمۆ دۆسێیا ـ پورە ماما ـ سەرداری خێڵ و بنەماڵەکەمان لەتەمەنی حەفتا ونۆساڵی بەکچی مرد، رەفتارو قسەی لەهەموان جیاواز بوو. لەبەرئەوەی لەدامێنی کلتوری پرۆڤێنسیادا پەروەردە نەببوو، بەڵکو لەبەهەشتی فیوداڵی مێرگەکانی بولیباردا پەروەردە ببوو، کە خۆسێ ماریا میخیا بیداڵ‌ی زەڕنگەری شارەزا، لەسەردەمی لاویەتیدا لە ریۆئاچاوە بەرەونەوێ کۆچی کردبوو. پرچەکانی کەتاپیریش بوو سپی نەبوون

---

[1]. Elvira Carrillo

[2]. Luis Enrique

[3]. Pa

دەگیشتە سەرکەمەری. هەفتەی جارێك بە گولاو دەیشتو دواتر لەبەردەرکی ژوری نوستنەکەی دادەنیشتو چەندکاتژمێرێکی بۆ شانەکردنی تەرخان دەکردو ئەوەندە بە وردیو دودڵیەوە ئەوکارەی جێبەجێ دەکرد وەکو ئەوەی ڕێورەسمی ئایینی بەرێوە ببات،و لەوکاتەشدا دەستەیەك جگەرەی هەرزانی بەپێچەوانەوەدەکێشا، بەومانایەی ئاگری جگەرەکەی دەخستە دەمیەوە، بەتەواوەتی وەکو سەربازە لیبراڵەکان کە بەشەو بەهەمان شێوە جگەرەیان دەکێشا بۆئەوەی حەشارگەکەیان کەشف نەبێت. شێوەی بەرگ پۆشینی لەهەموان جیاوازتربوو، تەنورەوبلوزی خوری پاك وتەمیزی لەبەردەکرد،و سولە مەخمەڵیەکانی بە بەردەوامی لەپێ دەکرد.

بەپێچەوانەی داپیرەمەوە کە کتێبیانەو بەنەدەبانە قسەی دەکرد، ووشە ناشرینە بازاڕیەکان وەکو نوقڵونەبات لە دەمی ماما دەرژا. شەرمی لەکەس نەدەکردو هیچ هەلومەرجێك نەدەبووە هۆی ئەوەی خۆی بپارێزێ، چی بویستبا دەیوتو هەموو بەندەکانی خودای لە جنێوو قسە هەلەقو مەلەقەکانی بێبەش نەدەکرد. تەنانەت جارێکیان راهیبەیەك کەوتە داویەوە کە لە قوتابخانەی شەوانەرۆژی سانتامارتا مامۆستای دایکم بوو، لەبەر تەشەرێکی سوکایەتی ئامێزو بێبایەخ قسەکەی پێ بڕیو وتی:"**جەنابتان لەوکەسانەن کە قوونو قابلەمە لەیەك جیا ناکەنەوە**"بەلام، هەمیشە بەجۆرێك جنێوەکانی پینە دەکرد کە کەس لێی عاجز نەدەبووو بە بێ نەزاکەتی لەقەلەم نەدەدا.

نیوەی تەمەنی پاسەوانی گۆرستان بوو، بەلگەنامەی مردنو مۆلەتی بەخاك سپاردنی دەردەکردو لەماڵەوە بۆ ڕێورەسمی پاڕانەوە نانی هەژارانی دروست دەکرد. وادیاربوو، کە لەنێو ئەندامە نێرو مێ کانی بنەماڵەکە تاقە کەس بوو کە هەرگیز غەمی عەشقێکی ناکام دڵی ئازار نەدابوو. ئەوشەوەی کە دوکتۆر دەیویست بۆریەکی بۆدابنێت پەیمان بەو راستیە برد، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا بەهۆی شتێکەوە کە من لێی تێنەگەیشتم نەیهێشت ئەوکارەبکات:"**دوکتۆر، دەبێ بزانی هەرگیز دەستی پیاوم بەرنەکەوتووە.**"

پاش ئەوە، گەلێك جار ئەوبابەتەم لەزمانی ئەوەوە گوێ لێبوو، هەرگیز ئەوەم لەلا رون نەبوەوە کە بە شانازی یان بە داخەوە باسی بکاتە بەڵکو دەتوت لە بەسەرهاتێك دەدوێ کە روی دابوو بێئەوەی بچوکترین نیشانەی لە ژیانیا جێ بهێلێت. لەبەرامبەر ئەوەشدا زۆربەی ژن ومێردەکان بە بەرەکەتی کۆمەکەکانی ئەوەوە دەگەشتنە یەکتر، دڵنیام لەسەر مەسەلەی عەشق وعاشقی باوكو دایکم، لەبەرئەوەی ناچاربوو رۆلێکی دوولایەنە ببینێت، زۆر ئازاری چەشتو زۆر بەزەحمەت توانی کارێك بکات کە هەم دۆستی دلدارە لاوەکان بێتو هەم لەبەرامبەر مینا وەفادار بێت.

لەوباوەڕەدام لەگەڵ منداڵەکان باشتر رێدەکەوت تاوەکو لەگەڵ گەورەکان. ئەو تا ئەوکاتەی سارا ئیمیلیا گەشتە ئەوتەمەنەی بتوانێت بەتەنها بژی،و شوێنی ژیانی گواستەوە بۆ ژوری دەفتەرەکانی کایجا، ئاگاداری بوو. دواتر، لەباتی ئەو منو مارگۆت[1]ی وەرگرت. هەرچەندە پاکوخاوێنیم لە ئەستۆی داپیرەو پەروەردەو فێربوونم، بۆئەوەی پیاوانە پێ بگەم، لەئەستۆی باپیرم بوو.

نیگەرانی خولقێنترین بیرەوەری ئەوسەردەمەم پەیوەندی بە پورە پێتراى خوشکە گەورەی سەرهەنگەوە هەبوو، کە ئەوکاتەی کوێر بوو، ریۆئاچای بەجێهێشتو هاتە ماڵی براکەی. لەژوری تەنیشت نوسینگەکەی باپیرم دەژیا، کە دواتر کرایە کارگەی کاری زیو. پێترا بەشارەزایەکی ئەفسوناوی لەتاریکییە تایبەتیەکەیدا، بەتەنهایی، هەموو کارەکانی جێبەجێ دەکرد، بێئەوەی پێویستی بە یارمەتی کەس هەبێت. ئەوەندە بەجوانی لەبیرمە دەتوت دوێنێیە بەبێ گۆچان، ورد بەڵام بەهێز ودڵنیاییەوە، ئەمسەرەوسەری دەکردو بەهۆی لوتیەوەو بۆنە جیاوازەکانەوە رێگەی دەدۆزیەوە. هەڵمی ئەسید کلۆرۆدریك ئاماژەی کارگەی زیوەکەی تەنیشتی ژورەکەی خۆی بوو، بۆن عەتری یاسەمەنەکان شوێنی بەرهەیوانەکەی بۆ دیاری دەکرد، ژوری نوستنی داپیروباپیرمی لە روی ئەو بۆن کهولەوە دەناسیەوە کە هەردوکیان پێش نووستن لەخۆیان دەدا، بۆنی رۆنی چرای میحرابەکە بەرەو ژووری پورە ماما رێنومایی دەکردو لەوسەری رێرەوەکەوە بۆنی ئیشتیهاکردنی چێشتخانەکەی دەکرد. لاوازو بالابەرزو بێ دەنگ بووو پێستێکی وەکو سۆسەنی پلیشاوەی هەبوو، پرچی درەوشاوەی رەنگ سەدەفی هەبوو کە دەگەیشتە سەر کەمەری‌و بەسەر شانەکانیا شۆڕ دەبوەوە، بۆخۆی رێکی دەخست. گلێنە سەوزو تەنکیی چاوەکانی، کە نیگایەکی منالانەی هەبوو، بەپێی گۆرینی حاڵەتە رۆحیەکانی رەنگی دەگۆری. زۆر بەکەمی لەماڵ دەهاتە دەرەوە، زۆرجار بەدرێژایی رۆژ لەماڵ دەمایەوەو دەرگاکەی بەنیوەکراوەیی دەهێشتەوە، تارادەیەك هەمیشە تەنها بوو. هەندێك جار لەژێر لێوەوە بۆخۆی گۆرانی دەوت، ئەگەر بە ووردی گوێت لێ نەگرتبا، دەنگت لە دەنگی مینا جیا نەدەکردەوە، هەرچەندە ئەوگۆرانیانەی لەژێر لێوەوە دەیچڕی جیاوازتربوون لەوانەی داپیرەو خەفەتاویتر بوون. جارێکیان گوێم لێبوو کە دانراوی ریۆئاچاییانەن، بەڵام ئەوکاتەی گەورەبووم، بۆم دەرکەوت کەخۆی لەکاتی چڕینی گۆرانیەکاندا دروستی دەکردن. چەندینجار نەمتوانی خۆم لەبەرامبەر دودڵیی چوونە ژورەکەی بەدزیەوە خۆم رابگرم، بەڵام نەمبینی. چەند ساڵ پاش ئەوە، ئەوەدەمەی دیپلۆمم وەرگرتو بۆ

---

[1]. Margot

بەسەربردنی پشوو گەڕابومەوە ماڵەوە، ئەوبیرەوەریانەم بۆ دایکم گێڕایەوە، ئەویش زۆر خێرا وریای کردمەوە. بەڵگەکەی ئەوەندە لێبڕاوو بەهێزبوو کە هیچ بوارێکی بۆ گومان لێکردن نەدەهێشتەوە: پورە پێترا پێش ئەوەی تەمەنم بگاتە دوو ساڵی مردبوو.

بە پورە وێنفرێدامان دەوت **نانا**[1]، چالاکترین‌و رووخۆشترین خزمەکانمان بوو، بەڵام بەداخەوە کە ئەوم تەنها لەوکاتەدا دێتەوە یاد کە لە جێگەی نەخۆشیدا کەوتبوو. هاوسەرەکەی، رافائیل کینترۆ ئۆرتێگا - خاڵە **کینتێ**[2] - پارێزەری کێشەی هەژارەکان، لەدایک بووی **چیا**[3]، کە پانزە فەرسەخ لە بۆگۆتاوە دوورەو یەکسانە بە ئاستی دەریا. بەڵام ئەوەندە باش خۆی لەگەڵ کارائیب راهێنا کە لە دۆزەخی کاتاکادا دەبوو قاچی بخاتە ئاوی گەرمەوە بۆ ئەوەی لە فێنکایی دێسامبەردا خەوی لێبکەوێت. ئەودەمەی بنەماڵەکەمان لەدەست کێشەی مێدارد دۆپاچکۆ رزگاری ببوو، سەرەی خاڵە کینتێ بوو دوچاری بەڵایەکی هاوشێوەی ئەو بەڵایە بێت‌و لەمیانەی کێشەیەکی مافناسیدا پارێزەرەکەی لایەنی بەرامبەر بکوژێت. هەموان ئەویان بەکەسێکی باش‌و ئاشتی خواز لەقەڵەم دەدا، بەڵام بەرامبەرەکەی ئەوەندە کێشەو گرفتی روبەروکردەوە کە بەتەواوەتی تەنگی پێ هەڵچنی، هیچ رێگەچارەیەکی بۆ نەهێشتەوە جگەلەوەی چەکی بۆهەڵگرێت. ئەوەندە وردیلانەو لاوازبوو پێڵاوی منداڵانەی لەپێ دەکرد، هاورێکانی زۆر بەرێزەوە گاڵتەیان پێدەکرد لەبەرئەوەی حەوت تیرەکە بەشێوەیەك لەژێر کراسەکەیەوە زەق دەبوەوە وەکو ئەوەی تۆپی جەنگی هەڵگرتبێت. باپیرە بە رستە بەناوبانگەکەیەوە زۆر بەڕاستی ئاگاداری کردەوە: "**جەنابتان لەوە تێناگەن کە لە ئەستۆ گرتنی خوێنی مرۆڤێك چ بارێکی قورسە.** "بەڵام ئەوکاتەی دوژمنە بەقەلافەتەکەی لەنێو دادگاکە رێگەی لە خاڵە کینتێ بەستەوەو بە نەرمەنەرمێ هێرشی کردەسەری، ئەو بواری ئەوەی نەما بیر لەو ئامۆژگاریە بکاتەوە. خاڵە کینتێ، لە تەمەنی سەدساڵیدا ماوەیەك پێش مردنی، بۆی گێڕامەوە:"**هەر نەمزانی چۆن حەوتتیرەکەم راکێشا، بەهەردووەدەست بەرزم کردەوەو بەئاسمانا تەقاندم.** "وتی:"**کەچاوم کردەوە، سەیرم کرد هێشتا بەهەمان قەلافەتی زلەوە بەپێوەیەو رەنگی بەبەرەوە نەماوە، زۆر بە هێواشی قاچەکانی سست بوون‌و وردەوردە کەوت.** "تا ئەوچرکەیە، خاڵە کینتێ نەیزانیبوو فیشەکەکە بەر ناوچاوانی ناحەزەکەی کەوتووە. لێمپرسی ئەوکاتەی بینی رەقیبەکەی کەوت چ هەستێکی هەبوو، ئەویش بە قسە راستگۆیانەو بێپەردەکەی بەئاگای هێنامەوە:

---

[1]. Nana

[2]. Quinte

[3]. Chia

ـ وەكو ئەوەبوو شاخێكیان لەسەر شانم دانابێت.

دواهەمین بیرەوەریم لە هاوسەرەكەی وێنفرێدا پەیوەندی بەو شەوە باراناوییەوە هەیە كە ژنێكی جادوگەر دەیویست رۆحێكی شەرانگێز لە جەستەی دەر بكات. هیچ لەژنە جادوگەرە ئاساییەكان نەدەچوو، بەڵكو ژنێكی روخۆش بوو، جل وبەرگی باوی رۆژی لەبەر بوو، كە بەچڵێك گەزنە جنۆكەكانی راودەناو بێزارییەكانی جەستەی هێور دەكردەوە، لەوكاتانەشدا وێردێكی دەخوێند كە لە لایلایە دەچوو. لەناكاو نانا كەوتە تەقەلاو بە توندی جەستەی تێك ئاڵاندو باڵندەیەكی هاوشێوەی مریشك لەژێر پەردەكەوە دەرپەڕی، ژنە جادوگەرەكە چوستو چالاك راپەڕیو باڵندەكەی بە ئاسمانەوە گرتو لەپارچە قوماشێكی رەشی ئاڵاند كە پێشتر ئامادەی كردبوو. وتی ئاگرێك لە حەوشەی دواوەی ماڵەكە بكەنەوە، بەبێ هیچ پێشینەیەك باڵندەكەی هەڵدایە نێو گڕی ئاگرەكەوە. بەڵام نانا باش نەبوو.

ماوەیەك دوای ئەوە، دیسانەوە هەمان مەسەلەی ئاگرەكەیان بەرپا كردەوە، لەبەرئەوەی لەمریشكێك هێلكەیەكی سەیری كردبوو كە لە تۆپی تێنسی سەرمێز دەچوو شتێكی وەكو شەوكڵاوی شۆرشگێڕە فەرەنسیەكانی لێ هەڵتۆقیبوو. داپیرم خێرا هێلكەكەی ناسیەوە:"**ئەمە هێلكەی تیمساحی هەناسە ئاگرینە.** "خۆی هێلكەكەی خستە نێو ئاگرەكەو لەژێر لێوەوە بۆ دورخستنەوەی بەڵاو بەتاڵكردنەوەی جادوەكەی پاڕایەوە.

هەرگیز نەمتوانی داپیرو باپیرم لەتەمەنێكی جیاوازتر لەوەی لەبیرەوەرییەكانی ئەوسەردەمەمدا نەخشی بەستبوو وێنە بكەم. لەو وێنانەدا كە لەسەرەتای بەسالاچوونیانا كراوە هەمان روخساریان هەیە، كۆپی ئەو وێنانە، هەرجارەو بێرەنگترو بێ جیلوەتر لە وێنەی پێشوو، وەكو رێورەسمێكی خێڵەكی، چوار نەوەی یەك لەدوای یەك دەستاو دەستیان كرد. بەتایبەتی وێنەكانی داپیرە، ئەوتاقە ژنە خۆشباوەڕەی بەدرێژایی ژیانم بینیم كە دەكرا زۆر بەئاسانی بیخەیتە ژێر كاریگەرییەوە، داماوە لەهەموو شتە نەناسراوەكانی ژیانی رۆژانە دەترسا. بۆئەوەی كاروبارەكانی ماڵەكەی ئاسانترو بێ زەحمەتتر ئەنجام بدات بەدەنگی بەرز دانراوە كۆنە عاشقانەكانی دەچڕی، بەڵام لەپڕ لەگۆرانی وتن دەوەستاو لەبەرامبەر ناچاریی چارەنووس بۆ جەنگو روبەڕوبونەوە دەینەڕاند:

ـ سڵاو لە مریەمی پاكیزە!

ئەمانەش لەبەرئەوەی دەیبینی كە جۆلانەكان لەخۆیانەوە دەجولێنەوە، تارمایی منداڵبوون دەچێتە شوێنی نووستنی زائۆكان، بۆنی یاسەمەنەكان وەكو تارمایەكی نادیارە، ئەو گوریسەی بەرێكەوت لەسەر عەردە وێنەی ژمارەیەكی لەخۆگرتوە كە دەكرێت

ژمـارەی بـراوەی خـەڵاتی گـەورەی یانـسیب بێـت، باڵندەیـەکی کـوێر بـەنێو هـۆڵی نانخواردنەکەدا سەرگەردانەو تەنها دەکرێت بە وتنی سرودی خاتونی دانا بیترسێنیو بیکەیتە دەرەوە. لەوباوەڕەدایە بەلێکدانەوەی هێما تەمووەژاویەکان دەتوانێت پەی بە شوناسی کەسایەتیەکانو پەی بە شوێنگەی ئەو ئاوازانە ببات کە لە پرۆڤێنسیا دەوتران‌و دەماودەم دەگەشتنە ئەوێ. وێنەی ئەو کارەساتانەی لە زەینیا بەرجەستە دەکرد کە زوو یان درەنگ رویان دەدا، پێشبینی دەکرد کێ بە کلاوی سپیەوە لە ریۆئاچاوە دێت‌و کام موسافیری تووشبوو بە کۆلنجی گەدە، کە دەرمانی دەردی زەرداوی دالەکەرخۆرەبوو لە مانائۆرێوە دەگات، لەبەرئەوەی ئەو جگە لە پێشبینی کەرێکی شارەزا، ئۆش بەخشێکی هونەریش بوو.

بۆ لێکدانەوەی خەوەکانی خۆی‌و ئەوانیتریش شێوازێکی تەواو تایبەتی هەبوو کە رەفتاری رۆژانەی هەرکامێکمان‌و چارەنوسی گشتی خێزانەکەمان لەسەر بنەرەتی ئەوە دەستنیشان دەکرا. بەلام، تا ماوەیەك پێش مردنی خۆی، هیچ نیشانەیەکی ئەو روداوە دەرنەکەوت، تا ئەوەی رۆژێك لەناکاو سەرجەم نوێنەکانی خۆی تێکرا فرێدایە دەرەوەو بە حەوتتیرەکەی سەرهەنگ، کە هەمیشە کاتی نووستن دەیخستە ژێر سەرینەکەیەوە بۆئەوەی لەبەردەستیا بێت، تەقەی لەخۆی کرد. رێرەوی فیشەکەکە، کە بەر بنمیچەکە کەوتبوو، ئەوەی دەردەخست کە بەنزیك رۆخساری داپیرەدا تێپەریوە.

لەوکاتەوەی لەبیرمە، ئەشکەنجەی بەیانیانم ئەوەبوو کە مینا دانەکانم بۆ بشوات، ئەمەش لەکاتێکدا کە ئەوبۆخۆی خاوەنی تایبەتمەندیەکی ئەفسوناوی بوو، دەیتوانی دانەکانی دەربهێنێت، بەچێژەوە بیانشوات وکاتی نووستن بیانخاتە پەرداخێکەوە. لەبەرئـەوەی ئـەوکات وام هەست دەکـرد دانـەکانی سروشتین‌و بـەفێڵ وتەڵەکـەی جادونامێزی گواخیراکان دەریان دەهێنی‌و دایان دەنێتەوە، داوام لێکرد ناو دەمیم نیشان بدات بۆئەوەی چاوەکانی‌و مێشك‌و ولوت‌و گوێچکەکانی لە پشتەوە ببینم، بەتەواوەتی نائۆمێدبووم لەبەرئەوەی جگەلە بۆشایی چیترم نەبینی. بەلام کەس ئەو مەتەڵەی بۆ شی نەکردەوەو تاماوەیەکی زۆر پێم لەسەر ئەوە دادەگرت کە دانسازەکە ددانەکانی منیش وەکو ددانەکانی داپیرم لێ بکات، بۆئەوەی ئەوبتوانێت ئەوکاتانەی من لە کۆڵان یاری دەکەم ددانەکانم بۆ بشوات.

هەندێك ئاماژەی سەرسۆرهێنەرمان هەبوو کە هەردوکمان بەهۆیانەوە پەیوەندیمان بە دونیایەکی نادیارەوە دەکرد. بەرۆژ، دونیا ئەفسونیەکەی سەرنجی رادەکێشام، بەلام شەوانە ترس‌و دڵەراوکێی دەرژاندە دەرونمەوە: ترس لە تاریکی، ئەو نیگەرانیەی دەکەوتە پێش بونمانەوە،و بەدرێژایی تەمەنم لەرێگا پەرت ودورەکان‌و تەنانەت لە

کۆروکۆبونەوەو مەجلیسی میوانیەکانا لە هەموو سووچێکی دونیا لەگەڵم بووو هەرگیز بەرۆکی بەرنەدەدام. لەماڵی باپیروداپیرم، هەریەك لە کەسی پیرۆز زۆری تایبەتی خۆی هەبوو،و هەریەك لەژورەکان هی یەکێك لەمردوەکان بوو. بەڵام ئەوتاقە ماڵەی کە بەرسمی بە"ماڵی مردوەکان"ناوبانگی دەرکردبوو، دیواربەدیواری ئێمە بوو، مردوی ئەوماڵە تاقە مردویەك بوو کە لە دانیشتنێکی بانگهێشتی رۆحەکاندا ناوە مرۆییەکەی خۆی ناساندبوو: **ئالفۆنسۆ مۆرا**[1]. یەکێك لە خزمان، خۆی خستە زەحمەتەوەو بە پیاچونەوەی دەفتەری بەڵگەنامەکانی لەدایك بوونو مردن هەوڵیدا شناسی ئەو رۆحە بدۆزێتەوە، لیستێکی دورودرێژی ئەوکەسانەی بەردەست کەوت کە لەگەڵ کەسی ناوبراودا ناوەکانیان لەیەك دەچوون، بەڵام کەسیان ئەو مردوە نەبوون کە بۆی دەگەڕان. ئەوماڵە ماوەیەکی دورودرێژ ماڵی قەشەبوو، پڕوپاگەندەیەکی بێ بنەما کەوتە سەرلێوان کە رۆحە کە هەمان باوکە ئانگاریتایە کە دەیەوێت بەوکارەی ببێتە هۆی ترساندنی ئەومرۆڤە فزولیانەی سیخوری بەسەرەوە دەکەن تا بنو ناواخنی بەرەلاییو شەوگەڕیەکانی دەربهێنن.

بواری ناسینی مێمێم بۆ هەڵنەکەوت، ئەو کەنیزە گواخیرایەی لەگەڵ بنەماڵەکەمان هاتە بارانکاسو لەشەوێکی تۆفاناویدا لەگەڵ ئالیریۆ، برا نەوجەوانەکەی، هەڵاتن، بەڵام بەردەوام گوێم لەوەبووە کە ئەودوانە زیاتر لەهەرکەسێکیتر شێوەی دەربڕینی ئەندامانی بنەماڵەکەیان بەهۆی زاراوە ناوچەیەکانیانەوە، کەوتە سەرزاری هەموان، بەچێژتر کرد.

زمانە ئیسپانیە ئاشوفتەکەی دەبووە هۆی سەرسوڕمانی شاعیران، بۆنمونە لەرۆژێکی فەرامۆش نەکراودا کە شقارتە ونبوەکانی خاڵە خوان دێدیۆسی دۆزیەوە، بە ریتمێکی سەرکەوتوانەوە وتی:

- لێرەم، شقارتەکەی تۆ.

زۆر بەئاستەم دەکرێت باوەڕ بەوەبکەیەت ئەودەمەی باری ئابوری بنەماڵەکە تێکچوو، ئەوە داپیرەو ئەودوای ژنە یاخیەکانی خێزانەکەبوون کە گرفتە ئابوریەکانیان چارەسەر کرد. سەرهەنگ لەملاولا هەندێك زەوی کشتوکاڵی هەبوو کە کۆچبەرە کاچاکۆییەکان داگیریان کردبوونو ئەو ئامادەنەبوو لەسەر ئەو زەویانە دەریان بکات. جارێکیان کە گرفتێکی تەواوەتی رووی تێکردن، بەمەبەستی پاراستنی ئابڕوی کورێکی، بەناچاریی، خانوەکەی کاتاکای خستە رەهنەوە، بەهەزار بەدبەختیو بە خەرجکردنی برێك پارەی زۆر توانی خانوەکە بپارێزێتو لە دەستی نەدات. ئەودەمەی کە کەوگیرەکە

---

[1]. Alfonso Mora

لەبنی مەنجەڵەکە گیر بوو، مینا بەردەوام بە ماندووبوونەوە، لەرێگەی نانەوایی، فرۆشتنی ئەو مزمزانەی لەشێوەی گیانەوەردا دروستی دەکردن کە لەگوندەکەدا کڕیاری زۆریان هەبوو، مریشکە رەنگاورەنگەکان، هێلکەی مراوی‌و سەوزەی حەوشەکەی پشتەوە، ژیانی هەڵدەسوراند. ئەوخزمەتکارانەی دەرکرد کە زۆر پێویست بەبونیان نەدەکراو تەنها ئەو خزمەتکارانەی هێشتەوە کە بوونیان پێویست‌و گرنگ بوو. پارەی دانراو لە نەریتی زارەکی ماڵەکەدا مانای خۆی لەدەست دا. بەوشێوەیە، ئەوکاتەی بڕیاردرا پیانۆیەك بۆ دایکم بکڕن کە تازە خوێندنی تەواو کردبوو، پورە پا نرخی تەواوەتی پیانۆکەی بەشێوەی باوی خێزانی بەراورد کرد:"**پیانۆیەك دەکاتە پێنج سەد هێلکە.** "

لەنێو ئەوفەوجە ژنە ئینجیلیەدا، باپیرم بۆ من وەکو پارێزەرێك وابوو. تەنها بەئامادەبوونی ئەو چپەچپەکان رادەگیراو هەستم دەکرد بەسەر عەردی پتەودا هەنگاو دەنێم‌و لە نێو دونیای راستەقینەدا جێگەیەکی پتەوو بەهێزم هەیە. ئێستا کەبیری لێدەکەمەوە، بەلامەوە سەیرە، لەبەرئەوەی دەمویست وەکو ئەوبم، واقیع بین‌و ئازاو پشت بەخۆبەستوو، بەڵام هەرگیز نەمتوانی لەبەرامبەر سەرەتاتکێ کردن بۆ نێو دونیای داپیرم خۆم بەدوور بگرم. سەرهەنگم لەبیرە کە کەسێکی خەپەرەو چەقاوەسو و تورە بوو، چەن تاڵەموویەکی تەنکی ماش وبرنجی سەرە بریسکەدارەکەی مابوو، بەسمێڵێکی چەخماخەیی رێك‌و داهێنراوەوە، چاویلکەیەکی شوشەخڕو چوارچێوەی ئالتوونی لەچاودابوو. لەقسەکانی دڵنیابوو، هەڵسوکەوتێکی پتەوو لەسەرخۆی هەبوو، لەسەردەمی ئاشتیا، کەسێکە دورەشەڕو ئاشتیخوازبوو، بەڵام هاورێکانی دەڵێن لە گەرماوگەرمی جەنگدا دەبووە دوژمنێکی ترسناك وتووڕە.

هەرگیز بەرگی سەربازی لەبەر نەکرد، لەبەرئەوەی پلە سەربازیەکەی لە سوپای شۆڕشەوە وەرگرتبوو نەوەکو لە کۆلێژی ئەفسەریەوە، بەڵام تاماوەیەکیش لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگەکان، کراسی سەرشان داری لەبەردەکرد، کە لەنێو کۆنەسەربازەکارانیبیەکاندا باوی هەبوو. ئەودەمەی بڕیاری موچەی جەنگ بەرەسمی راگەیێندرا، پسولەی داواکاریەکانی پڕکردەوە تا موچەی خانەنشینی بۆ خەرج بکرێت، کە دواجار هەم خۆی وهەم هاوسەرەکەی‌و واریسەکەشی تاکۆتایی ژیانیان چاوەڕیی وەرگرتنی ئەوموچەیەبوون. ترانکیلینای داپیرم، کەدورەماڵ بەکوێری‌و پەککەوتەیی‌و بەنیوەشێتی کۆچی دوایی کرد، لەدواهەمین چرکەی هۆشیاریا پێیوتم:"**بە ئاسودەیی دەمرم لەبەرئەوەی دەزانم موچەی خانەنشینیەکەی نیکۆلاسیتۆ بۆ ئێوە بەجێدەمێنێ‌و ژیانتان دابین کراوە.** "

بۆیەکەمجار ئەو وشە نەفسانەییە بەرگوێم کەوت کە دواجار تۆوی ئەندێشە فریودەرە ئەزەلیەکانی لەنێو خێزانەکەماندا چاند: موچەی خانەنشینی. پێش لەدایك بوونم، لەوکاتەوەی دەوڵەت موچەی بۆ کۆنە سەربازەکانی"جەنگی هەزار ڕۆژە"بڕیەوە، ڕێی کەوتبووە ماڵەکەمانەوە. باپیرم بەدەستی خۆی فایلەکەی خۆی ئامادەکرد، زیاتر لەوەی پێویستی دەکرد شایەتی نامەی سوێند لەسەرخوراوو بەڵگەنامەی ڕەسمی پێوە لکاند، بەدەستی خۆی بردیە سانتا مارتاو پێشکەشی کرد. بەپێی ڕەشبینانەترین لێکدانەوەکان، ئەوپارەیەی کە بڕیاربوو وەری بگرێت بەشی خۆیو دووپشتی دوای خۆشی دەکرد. داپیرم پێی وتین:"**هەرگیز نیگەران مەبن، پارەکە ئەوەندە زۆرە بەشی هەموتان بکات.** "نامەبەرەکە، کە هەرگیز کەس چاوەڕێی نەدەکرد، لەناکاو بووە پەیامبەری خواستی خوایی.

منیش نەمتوانی سەرباری هەموو گومانەکانم بیر لەو بابەتە نەکەمەوە. هەندێك جار، لەهەلومەرجە تایبەتیەکاندا، هەڵسوکەوتی ترانکیلینا هەرگیز لەگەڵ ناوەکەیدا ڕێنەدەکەوت[1]. لەسەردەمی"جەنگی هەزار ڕۆژەدا"باپیرم لەلایەن ئامۆزایەکی هاوسەرەکەیەوە کە یەکێك بوو لە ئەفسەرەکانی سوپای موحافیزکار لەریۆئاچا زیندانی کرا. خزم وکەسە لیبراڵەکانو خودی داپیریشم، ئەوڕوداوەیان بە یاسایەکی جەنگ لەقەڵەم دا کە لەبەرامبەر ئەویاسایانەدا خزمایەتی مانای نەدەما. بەڵام هەرئەوەندەی هەواڵی ئەوە گەیشتە داپیرم کە هاوسەرەکەیان لەگەڵ تاوانبارو دزەکان لەیەك شوێندا زیندانی کراوە، بەگۆچانەوە چوە سەر ئامۆزاکەیو ناچاری کرد کە بەساغو سەلامەتی باپیرم بداتەوە دەستی.

باپیرم دونیایەکی تایبەتی هەبوو کە دونیایەکی تەواو جیاواز بوو. تەنانەت لە دوا ساڵەکانی ژیانیشیا، ئەودەمانەی بە سندوقی کەلوپەلەکانیەوە سەری بە هەموو کونو قوژبنێکدا دەکردو بەشە خراپبوەکانی خانوەکەی نۆژەن دەکرد یان بە پەمپی دەستی لە حەوشەکەی پشتەوە ماوەی چەند کاتژمێرێك ئاوی بۆ گەرماوی نهۆمی سەرەوە سەر دەخست یان بە قادرمە بزۆکە لێژەکاندا سەر دەکەوت بۆئەوەی ببینێت تەنکیەکان چەندیان ئاو تێ چووە، زۆر چوستو چالاك دەهاتە بەرچاو، لەلایەکی تریشەوە داوای لەمن دەکرد قەیتانی پۆستاڵەکانی بۆ دابخەم لەبەرئەوەی خۆی لەکاتی داخستنیاندا هەناسەی سواردەبوو. بەیانی ڕۆژێکیان، ئەوکاتەی ویستی توتیە کوێرەکە لەسەر تەنکی ئاوەکان دابگرێت، بە موعجیزە بە سەلامەتی دەرچوو. لەوکاتەدا کە دواجار توانیبووی

---

[1]. لەزمانی ئیسپانیدا وشەی ترانکیلینا بەمانای هێمن، خەیاڵ ئاسودە، بێخەم، خوێنساردو....

ملی باڵندەکە بگرێت، پێی هەڵخلیسکاو لەبەرزایی چوار مەترەوە کەوتە خوارەوە. هەموان سەریان لەوە سوڕمابوو کە چۆن بە نەوەت کیلۆ کێش‌و پەنجاوشتێك تەمەنەوە لەو روداوە ترسناکە بەسەلامەتی دەرچوو گیانی لەدەست نەدا. ئەو رۆژەی هەرگیز لەبیری ناکەم، ئەورۆژەبوو کەدکتۆر، بەڕوتی لەسەر جێگاکەی بستەبەستی لەشی باپیرەی پشکنی، دەربارەی برینێك پرسیاری لێکرد کە ئەوەندەی نیوەپەنجەیەك لەژێر نەرمایی رانیا بینی.

باپیرم وتی ـ **لەشەڕدا فیشەکی بەرکەوت.**

تا ئێستاش هەوکردنی ئەوکاتە دەموروژێنێت. وەکوچۆن تائێستاش بەوە دەوروژێم کەبیرم دەکەوێتەوە لەپەنجەرەی ژورەکەیەوە بەرەو شەقامەکە خۆی شۆڕکردەوە بۆئەوەی ئەو ئەسپە بەناوبانگە ببینێت کە هێنابوویان پێی بفرۆشن، لەناکاو ئاو پەڕیە هەردوچاویەوە. ویستی بەدەست چاوی بپارێزێت کە دوو دڵۆپ ئاوی رون کەوتە سەردەستی. جگەلەوەی چاوی ڕاستی کوێربوو، بەڵکو داپیریشم رێگەی پێنەدا ئەو ئەسپە بکرێت کە شەیتان چووبوە ناویەوە. ماوەیەکی کورت مشەمایەکی بەکاردەهێنا کە لە چاوبەنی دزە دەریایەکان دەچوو تائەوکاتەی دوکتۆری چاو چاویلکەیەکی گونجاوی لەباتی داناو لەسەر قسەی ئەویش گوچانێکی تایبەتی بەکاردەهێنا کە بە تێپەڕینی کات، وەکو کاتژمێرەکەی بەرباخەڵی کە زنجیرێکی ئاڵتونی پێوەبوو، دەرگاکەی بە سەرەپەنجەیەك دەکرایەوەوە دەنگێکی خۆشی لێوە دەهات، بووبە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی باپیرم. هەموان دەیانزانی کە ئەتوارەکانی زەمانەی ستەمکار، کە هێدی هێدی نیگەرانیان دەکرد، هەرگیز کاریگەریان لەسەر مێبازیەکەی دانەدەناو بەردەوام بەنهێنی تەڵەکەبازی دەکردو چوست وچالاکی نێو پێخەفی عەشقی بەردەوام هاوتای ناووناوبانگی پێشووی بوو.

خۆشتنی کاتژمێر شەشی بەیانیان بە جۆرێك رێورەسمی ئایینی لەقەڵەم دەدرا، کە لەدوا ساڵەکانی ژیانی باپیرما منیش بەشداریم تێدا دەکرد، بە مەسینە، ئاوی حەوزەکەمان دەکرد بە سەرو روخسارماناو لەکۆتایشدا گوڵاوی **لانمێن‌و کیمپێس**[1] مان لەخۆمان دەپرژاند، کە ڤاچاخچیەکانی کۆراسائۆ، وەکو کۆنیاك‌و کراسی ئاوریشمی چینی، سندوق سندوق دەیانهێنایە بەردەم ماڵان‌و دەیانفرۆشت. جارێکیان گوێم لێبوو دەیوت تەنها یەکجۆر بۆن بەکاردەهێنێت لەبەرئەوەی جگەلەوکەسەی ئەوبۆنە لەخۆی دەدات کەسیتر هەست بە بۆنی ناکات، بەڵام ئەودەمەی خزمێك بۆنەکەی ئەوی لەسەر

---

[1]. Lanman & Kemps

سەرینێك ناسیەوە، بیروڕای باپیریشم گۆڕا. چیرۆكێكیتر كە لەوسالانەدا چەندینجار بەرگوێم كەوت بەسەرهاتی ئەوشەوەبوو كە كارەبا بڕاو باپیرم شوشەیەك مەرەكەبی كرد بەسەری خۆیدا، بەو خەیاڵەی گوڵاوە تایبەتیەكەی خۆیەتی.

بۆ جێبەجێ كردنی كاروبارە ڕۆژانەكانی لە ماڵەوە، پانتۆڵی كەتانی لەپێدەكردو قەیتانی پانتۆڵە نایلۆنیەكانی دادەخست، پێڵاوی نەرم وشلی لەپێ دەكردو كڵاوی مەخمەڵینی لێوارداری دەنایەسەر. بۆ ڕێورەسمی پاڕانەوەی ڕۆژانی یەكشەمە، كەزۆر بەكەمیو ئەویش لەبەر هەندێك هەلومەرجی زۆر تایبەتی یان بەحوكمی خشتەی ئەستێرەناسی یان لەبەر هەندێك بۆنەی تایبەتی بەشداری تێدا نەكردبوو، چاكەت وپانتۆڵو سوخمەی سپی كەتانی لەبەر دەكرد، بە كراسی یەخە ئوتوكراو و بۆینباخی ڕەشەوە. بێگومان هەر ئەو خاڵە تایبەتیانە ببونە هۆی ئەوەی بە كەسێكی بێ مێشكو تورە ناوبانگ دەربكات. ئێستا، كە بیر لەو ڕۆژانە دەكەمەوە، هەست دەكەم ماڵەكەو ئەوەی لە ماڵەكەشدابوو تەنها لەبەر ئەو بوونیان هەبوو، لەبەرئەوەی ژیانی هاوسەرێتی نمونەیەكی تەواوەتی پیاوسالاری بوو لە كۆمەڵگایەكی پەیرەوی بنەما كانی دایك پاشایەتی، كە لە میانەیدا بە ڕواڵەت پیاو سوڵتانی ڕەهایە بەڵام بەكردەوە سەر گشت كاروبارەكان لەژێردەستی ژندایەو بەوپەڕی دەسەڵاتی تەواوەتیو لێبڕاوانەوە حكومەت دەكات. بە كورتیەكەی، ئەو لەهەموو ڕویەكەوە پیاوسالارێكی تەواوەتی بوو. بەواتای: پیاوێك كە لە خەڵوەتدا سۆزو میهرەبانیەكی دڵپەزێری هەبوو، كەشەرمی لەدەربڕینی دەكرد لە نێو كۆمەڵدا، ئەمەش لەكاتێكدا كە ژنەكەی خۆی دەخستە ئاووئاگرەوە بۆئەوەی خۆشبەختی بكات.

لەسەردەمێكدا كەلە دێسامبەری ١٩٢٠ ڕێورەسمی یەكەمین سەدەی مەرگی سیمۆن بۆلیڤاریان دەگێڕا، باپیرودایپرم جارێكیتر ڕێگەی بارانكاسیان گرتە بەر بۆ ئەوەی كاتی لەدایك بوونی خوشكەكەم **ئایدا ڕۆسا**[١]، چوارەمین منداڵی خێزانەكەمان، لەوێ بن. كاتی گەڕانەوەیان بۆ كاتاكا مارگۆتیان لەگەڵ خۆیان برد كە تازە ساڵێكی تەمەنی تێپەڕیبوو،و هەر لوویس ئێنریكێو منداڵەكە لای باوكو دایكم مانەوە. زۆر بەئاستەم توانیم خۆم لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێیەدا بگونجێنم، لەبەرئەوی مارگۆت بە حاڵێكی ئەوەندە پەرێشانەوە هاتە لامان وەكو ئەوەی لەدونیایەكی ترەوە هاتبێت، لاوازو دوورەپەرێزبوو، دونیایەكی تایبەت بەخۆی هەبوو. ئەوەدەمەی **ئابیگیل**[٢] - دایكی لویس كارمێلۆ كۆرێئا -

[١]. Aida Rosa

[٢]. Abigail

چاوی پێی کەوت، سەری لەوەسوڕما کە چۆن باپیرو داپیرم ئەو بەرپرسیاریەتیە پڕ مەترسیەیان لە ئەستۆ گرتوە. وتی :"**ئەم کیژە بچکۆلانەیە پێیەکی لەنێو گۆردایە.**"

سەبارەت بەمنیش زۆر لەو قسانەیان دەکرد، لەبەر ئەوەی حەزم بۆ خواردن کەم بوو، چاوم دەتروکاند، ئەوشتانەی دەموتن ئەوەندە لە لای ئەوان زیادەڕەویان پێوەدیاربوو کە بە درۆیان دەزانی، هەرگیز بیریان بۆ ئەوەنەدەچوو کە زۆربەی ئەوقسانەم لەهەندێك رووی ترەوە راستن. چەندساڵێك پاش ئەوە، گوێم لێبوو کە تەنها دوکتۆر باربۆسا پاڵپشتم بووەو بۆ سەلماندنی بیروڕاکانیشی لەسەرمن، بەڵگەیەکی ماقوڵو هەڵسەنگێنراوی دەهێنایەوە :"**درۆکانی منداڵی نیشانەی بەهرەیەکی دیاروبەرجەستەن.** "

زۆر درێژەی کێشا تا مارگۆت لەسەرژیانی خێزانیو بەکۆمەڵ راهات. زۆرجار، دورلە چاوی هەموان لەسەر جۆلانەکە دادەنیشتو پەنجەی دەمژی. هیچ شتێك سەرنجی رانەدەکێشا، جگەلە کاتژمێرە چاڵەدارەکە، کە هەموو سەری کاتژمێرێك بەچاوەگەورەوە حەپەساوەکانیەوە بۆی دەگەڕا. چەندرۆژ چیان کرد دەمی لەخواردن نەدا. زۆرئاسایی خواردنەکانی رەتدەکردەوەو هەندێك جاریش لەسوچێکی ماڵەکەدا هەڵیدەڕشتن. کەس نەیدەزانی چۆن بێئەوەی شتێك بخوات زیندووە تائەوکاتەی بۆیان دەرکەوت بەتەنها خۆڵی شێداری باخچەو ئەوپارچە گەچانەی لەدیوارەکانی دەکاتەوە لەلای بەتامن. ئەودەمەی داپیرم بەو مەسەلەیەی زانی، لە بەتامترین بەشەکانی باخچەکەدا زەرداوی گای رژاندو لە درزی دیوارەکاندا سیری شاردەوە. باوکە ئانگریتا، لەهەمان ئەو رێورەسمە لەناوهەڵکێشانەدا بەپەلەو ناچاریەکەی منی رێك دەخستەوە، ئەویشی لەناو هەڵکێشا. لەسەر کورسیەکە راوەستامو لەناوی هەڵکێشامو بەوپەڕی ئازایەتیو خۆڕاگریەوە لەبەرامبەر ئەو خوێی چێشتخانەیەی قەشەکە خستیە سەردەمەو ئەو سوراحیە ئاوەی کردی بەسەرما خۆم راگرت. لەلایەکیترەوە، مارگۆت لەبری هەردوکمان هەرای نایەوە، وەکو ئاژەڵێکی کێویو بریندار هاواری دەکردو وەکو پەرکەم گرتوەکان ئەوەندە بە توندی هەموو لاشەی دەلەراندەوە کە ئەوەندەی نەمابوو قاپی ئاوە پیرۆزەکە برژێت، دایكو باوکە لەناو هەڵکێشەرەکەی زۆر بەزەحمەت توانیان راگیری بکەن.

ئێستا کە بیری ئەو رۆژانەم دەکەوێتەوە، دەبینم ئەو لە پەیوەندیا لەتەك من زۆرتر لە گەورەکان لە پەیوەندی نێوانیان ئەقڵی بەکاردەهێنا. ئەوەندە هاوڕێو دۆستی یەکتربووین کە زۆرجار بیری یەکترمان دەخوێندەوە. بەیانیەك کە هەردووکمان پێکەوە لە باخچەکەدا یاریمان دەکرد، وەکو رۆژانی تر کاتژمێر یازدە گوێمان لە فیکەی شەمەندەفەرەکە بوو. بەڵام ئەمجارەیان هەر کە گوێم لێی بوو، وەکوئەوەی یەکێك لە غەیبەوە پێی وتبم، دڵنیابووم کە پزیشکی کۆمپانیای مۆز، کە چەندمانگێك پێش ئەوە

شروبی ڕێواسی دابوومیّو ببوه هۆی ئەوەی دوچاری رشانەوەم بکات، بەو شەنەندەفەرە دێت. بەدەم هاوارو هەراسان بەملاولادا رام دەکردو خەڵکی ماڵەکەم ئاگادار دەکردەوە، بەڵام کەس باوەری پێنەدەکردم، جگە لە مارگۆتی خوشکم کە ئانەوکاتەی جەنابی دوکتۆر نانەکەی تەواوکردو بەشەمەندەفەرەکە گەڕایەوە، لەپاڵما خۆی شاردەوە. ئەوکاتەی داپیرم ئێمەی دۆزیەوە کە لەژێر قەرەوێڵەکەیدا خۆمان شاردبووەوە، بە وروژانەوە هاواری کرد: "**سڵاو لە مریەمی پاکیزە! منالی ئاوامان هەبێت تەلەگرافمان بۆچییە!**"

هەرگیز نەمتوانی بەسەر ترسی تەنهاییدا زاڵ ببم، بە تایبەتی لە تاریکیدا، بەڵام هەست دەکەم ئەو دڵەراوکێیە لە واقیعێکی ئاشکراوە سەری هەڵدابوو، لەبەر ئەوەی شەوان ئەندێشەو پێشبینیەکانی داپیرم دەبوە راستەقینە. تەنانەت لە حەفتا ساڵیشدا هەستم بە گەرمای یاسەمەنەکانی بەرهەیوانەکە دەکرد، تارمایی نادیاری ژوورەدڵگیرو نیوە روناکەکانی نوستنم دەبینی، هەمیشە ئەو هەستە ترسناکەی منالیمی پەرێشان کردبوو داوێنی بەرنەدەدام: ترس لەشەو. گەلێکجار، لە بێ خەویەکانما لە ناوچە جیاوازەکانی دونیا، گەیشتمە ئەو باوەڕە تەمومژاوی‌ودەرونیەی کە منیش دیلی ئەم خانوە ئەفسانەیە رادەکێشم‌و لەهیچ سوچێکی ئەم جیهانە پڕلە بەختەوەریەدا، کە هەموو شەوێك مەرگی تێدا ئەزمون دەکەین، بەرۆکم بەرنادات.

لەهەموو ئەوانە سەیرتر ئەوەبوو کە داپیرە بە ئەندێشە ناواقیعیەکانی کرۆکی خێزانەکەی رادەگرت. چۆن دەکرا بەهۆی سەرچاوەگەلێ ئەوەندە بێ بایەخەوە ژیانێکی ئابرومەندانە بژین؟ لەتەك هیچ حساب وکتێبێکدا نەدەگونجا. سەرهەنگ فێری پیشەکەی باوکی ببوو. کە ئەویش بۆخۆی لە باوکیەوە فێری ببوو، سەرباری ناوبانگی ماسیە ئاڵتونیەکانی، کە لەهەمووشوێنێك بەرچاو دەکەوتن، کاسبیەکی رەونەقدار نەبو. جگە لەوەش، لەمناڵیما بۆم دەرکەوت تەنها هەندێك جار کار دەکات یان ئەوکاتانە کاردەکات کە دەیەوێت دیاری هاوسەرێتی پێشکەشی کەسێك بکات. داپیرم دەیوت ئەمانە دروست دەکات بۆئەوەی بەبەلاش بیداتە خەڵکی. بەڵام ئەودەمەی حیزبی لیبراڵ گەیشتە دەسەلات، وەکو کارمەندێکی متمانە پێکراوو ئەرکناس ناوێکی بۆخۆی پەیداکرد، چەندین ساڵ خەزنەدارو چەندجارێکیش پۆستی سەرپەرشتیاری ئابوری وەرگرت.

ناتوانم خێزانێکیتر بێنمە بەرچاو کە لەمەڕ پەروەردەکردنی خەیاڵ‌و هەستەکانم لەو ماڵە پرسۆزەدا گونجاوتر بێت، بەتایبەتی لەبەر سروشتی سەیروسەمەرەی ئەوژنانەی منیان پەروەردە کرد. من‌و باپیرم تاقە پیاوەکانی ماڵەکە بووین، ئەویش بە

گێڕانـەوەی جەنگـە خوێناویـەکانو شـیکردنەوەی زانایانـە دەربـارەی فڕینـی باڵنـدەکانو هەورەبروسـکە منـی بـە واقیعـە تـاڵو غەمگینـەکان دەناسـاند، هـانی دەدام بـۆ فێربـونی وێنەکێشان کە بۆخۆشم حەزم لێدەکرد. یەکەمجار لەسـەر دیوارەکـان وێنـەم دەکێـشا تـا ئەوکاتەی ژنانی ماڵەکە دەنگی ناڕەزاییان لێ هەلبڕیم: دەرودیـوار بـون بـە کاغـەزی وێنـە کێشانی ئەم منالە هارە. قسە ناشرینەکانیان باپیرەی تورە کرد، بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشەیە یەکێك لە دیوارەکانی کارگەکەی بۆ سپی کردەو کۆمـەلێك قەلـەم بۆیـەو بۆیـەی ئـاوی بـۆکڕیم تـا لەوکاتانـەدا کـە خـۆی سـەرقاڵی دروسـتکردنی ماسیە ئالتونیەکانیـەتی منـیش لەسـەرخۆ چـەندم حـەزلێبوو وێنـە بکێـشم. چـەندجارێك گـوێم لێبـوو وتبـووی ئەوەکەم دەبێتە وێنـەکێش، بـەلام ئەوقسەیەم پـێ خـۆش نـەبوو لەبـەر ئـەوەی هەسـتم دەکرد کاری وێنە کێشەکان بۆیەکردنی دەرگاکانە.

ئەوانـەی منیـان لـە تەمـەنی چوارسـاڵیدا بینیبـوو، دەیـانوت منـاڵێکی بێـرەنگو سەربەژێر بووم، ئەوکاتانەشی قسەم کردوە تـەنها هەندێکشتی بێسەروبەرانەم وتـووە، ئەمەش لەکاتێکدا کە زۆربەی چیرۆکەکانم گێرانەوەی بەسەرهاتە ئاسایەکانی ژیان بوون کە من بەهۆی هەندێك وردەکاری سەرسوڕهێنەرەوە، سەرنـج ڕاکێشترم دەکردن بۆئـەوەی سـەرنجی گـەورەکان رابکێـشمو حـسابێکم بـۆ بکـەن. باشـترین سەرچـاوەی بۆهاتـەکانم وتووێـژی مرۆڤـە گـەورەکان بـوو کـە لەبەرچـاوی منـا بـەئارەزوی خۆیـان هـەمووجۆرە قـسەیەکیان دەکـرد لەبەرئـەوەی وایانـدەزانی مـن لێیـان تێناگـەم، یـان بەئەنقەسـت بەپێچوپەناوە قـسەیان دەکـرد بۆئـەوەی لێیـان تێنەگـەم، بـەلام ئـەوە تـەواو پێـچەوانە دەکەوتەوە: وەکو ئیسفنج هەمووشتێکم هەلدەمـژی، لـق وپۆپـەکانیم هەلدەوەشـاندو بـە کەمێك دەسکاری وێنەکەیم دەگۆڕی، ئەوکاتەی هەمان قسەم بۆئەوکەسە باس دەکـردەوە کە خۆی بۆی گێڕابووەمەوە لە لێکچونی ئەوەی من دەموتو ئەوەی لە خەیاڵی خۆیدابوو، سەری دەسوڕما.

هەنـدێك جـار نەمـدەزانی چـی لـەو هـەموو بـەئاگاییو هۆشـیاریەم بکـەم وبێئـەوەی بەهوێت دەکەوتمە خێرا چاو تروکاندن بۆ ئەوەی کەس لەو راهاتنەم تێنـەگات. ئەوەنـدە ئەو حالەتەم دوبارە کردەوە کـە یـەکێك لـە هـەرە ئەندامـە ئاقڵـەکانی خێزانـەکەمان بـە پێویستی زانی بمبەنە لای دوکتۆری چاو، پزیشکە ناشـارەزاکەش وتـی ئەوچاوتروکاندنە دەرئـەنجامی ئـازاری قوڕگـە، شـروبێکی تـوری خۆمـاڵی یـۆد داری بۆنوسـیم کـە زۆر بەسوودبوو، لەبەرئەوەی بووە هۆی ئـەوەی گـەورەکان دەسـتبەرداریم بـن. لەلایـەکیترەوە، داپیرم گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە من کەسێکی شاراوە بینم. لەوەبـەدوا چیـم بەسـەردەما بهاتبـا دەمـوتو ئـەویش هـەموو ئەوقـسە فۆڕانـەمی بەراسـتی وەردەگـرت، تائەوکاتـەی

رۆژێکیان بە تەواوەتی گێژم کرد، لەبەر ئەوەی بەڕاستی لە خەوما بینیبووم باڵندەیەك بەزیندوویی لە دەمی باپیرمەوە هاتبوە دەرەوە. نیگەرانیم لەوەی نەبا ببمە هۆی مردنی باپیرم ئەو هۆکارە سەرەکیەبوو کە رکێفی ئەو بێهەوساریە ناوەختەی خەیاڵمی گرت. ئێستا لەوباوەڕەدام، ئەوەی دەموت درۆو شتی هەڵبەستراوی منالآنە نەبوون، بەڵکو تەکنیکی سەرەتایی چیرۆکخوانێکی نوێو پشکوتوبوون کە دەیویست واقیع بەچێژتر بکاتو مانای نوێی بۆ دابتاشێت.

بە ئاشکراکردنی چێژی یاری دوگۆڵی لە ناوەراستی شەقامەکان لە یەکێك لە بێستانەکانی ئەوناوە، یەکەمین هەنگاوی ژیانی راستەقینەم نا. راهێنەرەکەم لویس کارمێلۆ گۆرا بوو کە بەهرەیەکی غەریزی وەرزشە جیاوازەکانو بەهرەیەکی زگماکی بیرکاری تێدا بوو. پێنج مانگ لەو گەورەتر بووم، بەڵام ئەو فریوی دەدام لەبەرئەوەی خێراترو زیاتر لە من گەشەی دەکرد. بە تۆپی لە قوماش دروستکراو دەستمان پێکردو توانیم ببمە گۆڵچیەکی باش، بەڵام ئەوکاتەی سەرە گەیشتە سەر تۆپی راسەقینەی دوگۆڵی، شوتێکی بەهێزی ئەو بەر سکم کەوت کە تائێستاش شوێنەکەی دیارە. ئەوکاتانەی بە گەورەیی یەکترمان دەبینی، لەبەر ئەوەی دەمانبینی وەکو سەردەمی منالی لەگەڵ یەك رەفتارمان دەکرد لەڕادەبەدەر خۆشحاڵ دەبووم. بەڵام، یەکێك لەبیرەوەریە فەرامۆش نەکراوەکانی ئەوسەردەمەم تێپەڕینەی بەپەلەی سەرپەرشتیاری گشتی کۆمپانیای مۆزە کە بەسواری ئۆتۆمبێلێکی رازاوەو سەربەتاڵ، لەگەڵ خانمێکی پرچ درێژی ئالتونی، کە پرچی دابوە دەم با، سەگێکی ئەڵمانی بە پۆزێکی شاهانە لە سەر کورسی دواوە دانیشتبوو، وەکو بروسکە بەبەر چاوما تێپەری. ئەو دیمەنانە، لەپڕ دەردەکەوتنو لەناکاو دیار نەدەمان، وێنەگەلێکی زوتێپەڕو ناپایەدار بوون لە دونیایەکی دورەدەستو ناواقیعی کە بۆ ئێمەی مرۆڤگەلی لەناوچوو قەدەغە بوون.

بێئەوەی باوەڕێکی دینی پتەوم هەبێت، لە بەرپاکردنی رێورەسمی پاڕانەوە یارمەتی قەشەکەم دەداو ئەوەندە راستگۆییم دەنواند ڕەنگە زۆر کەس بە حسابی بڕوای تەواوم لەقەڵەمیان دابێت. رەنگە لەبەر ئەو چاکەکاریە رواڵەتیانەم بووبێت کە لە تەمەنی شەش ساڵیدا منی ناردە لای باوکە ئانگاریتا بۆئەوەی ئاشنای نهێنیەکانو بنەماکانی یەکەمین خۆراکی قوربانم بکات. ژیانم گۆڕا. وردوردە وەکو کەسێکی بەتەمەن مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم، خایەمە پلەبەرزەکە فێری کردم چۆن لە رێورەسمی پاڕانەوەدا یارمەتیان بدەم. تاقە گرفتم ئەوەبوو نەمدەزانی چ کاتێك زەنگەکە لێبدەم، زۆرجار بەپێی ئیلهام جارناجار زەنگەکەم لێدەدا. کە سێهەمجار لەخۆمەوە زەنگەکەم لێدا، باوکەرۆحانیەکە هاتەلامو بە توڕەیەوە پێیوتم کە چیتر زەنگ لێنەدەم. بەشە خۆشەکەی رێورەسمەکە

ئەوکاتـەبوو کـە مـن‌و ئـەوکوڕەی یارمـەتی قەشـەکەی دەداو خایـەمی کڵێساکە بەتـەنها دەماینەوەو پاشماوەی نانی چێشتەنگاومان بـە پـەرداخێك شـەرابەوە دەخـوارد. شـەوێك پێش یەکەم ژەمی خوانی قوربان، باوکی ڕۆحانی لەکاتێکدا وەکو پاپای مەزن پاڵی دابـوو بە کورسیەکی پـانی قەرەوێڵە بیۆێنـەوەو منـیش لەبەرامبـەری لەسـەر دۆشـەکەڵەیەکی مەخمەڵی لەسەرئەژنۆ دانیشتبووم، بێ پێشەکی، داوای دانپیانانی لێکردم. بەرداشتی مـن لە خێرو شەڕ بەرداشتێکی زۆر سادەبوو، بەڵام بـاوکی ڕۆحـانی یارمەتیـدام‌و پێرسـتێکی دوورودرێژی گوناهەگانی پێشکەش کردم بۆئەوەی بزانێت کام گوناهیانم کردووەو لەکامیان خۆم پاراستوە. وابزانم سەرجەم وەڵامەکانم لەجێی خۆیاندابوو تا ئەوکاتەی لێی پرسیم ئایـا لەتـەك ئاژەڵانـدا کـاری نابـەجێم کـردوە. بەشـێوەیەکی تەمومـژاوی دەمزانـی کـە هەندێك کەسی گەورە لەگەڵ ماکەرەکان هەندێك کاریـان دەکـرد کـە گونـاه بـوون، بـەڵام وێنایەکی دیارم لەو رەفتارانە نەبوو، هەرئەو شەوەش بۆمدەرکەوت دەکرێت هەمان بـەڵا بەسـەر مریشکەکانیـشدا بهێنرێـت. بەوشـێوەیە، یەکـەمین هـەنگاوم لەمـەڕ یەکـەمین خـۆراکی قوربـان هـەنگاوێکی بڵنـدبوو کـە مەودایـەکی خـستە نێـوان مـن‌و پـاکیزەیی منالیمەوە، بوەهۆی ئەوەی ئەنگێزەو حەزی خزمەتکردن لە مەراسیمی پاڕانەوە لەدەست بدەم.

ئەو هەڵوێستە قورسەی ڕوبەڕوم بومەوە ئەودەمە بوو کە دایك وبـاوکم لەگـەڵ لـویس ئێنریکی‌و ئایداو دوومنالەکەی تریان ماڵیان گواستـەوە بـۆ کاتاکا. مـاگۆت کـە بەئاسـتەم بـاوکمی بـیر دەکەوێتـەوە، زۆر لێـی دەترسـا. منـیش هـەروەها، بـەڵام بـاوکم لەگـەڵ مـن لەسـەرخۆتر دەجوڵایـەوە. تـەنها یـەکجار پـشتێنەکەی کـردەوە بۆئـەوەی بـە لێـدان ڕەش‌وشینم کاتەوە، منیش لەشوێنی خـۆم بـەهێزەوە ڕاوەسـتام، گـازم لـەلێوەکانم گـرت‌و چاوم بڕیە چاوەکانی، ئامادەبووم هەموو ئازارێك قبوڵ بکەم بێئـەوەی فرمێسکم لەچاو بێتە خوار. دەستی داگرت، بەدەم بەستنەوەی پشتێنەکەیەوە لەژێرلێویـەوە دەیبۆڵانـدو هەڵەکانمی بەڕوودا دەدامەوە. لەوتوویـژە دوورودرێـژەکانی سـەردەمی گەورەییمـدا، دانـی بـەوەدانا کـە بـەهۆی لێدانەکانمانـەوە زۆر ئـازاری چەشـتوە، بـەڵام دەترسـا لـەوەی گـەر تەمێمان نەکات پیاو خراپ دەربچین. ئەوکاتانەی کەشی خۆش بوایە، زۆر قۆشمە دەبوو. حـەزی دەکـرد لەسـەر نـانخواردن نوکتـە بگێڕێتـەوە، کـە زۆربـەی نوکتـەکانی خـۆش‌و پێکەنیناوی بـوون، بـەڵام ئەوەنـدە دوبـارەی کردبونـەوە کـە تامیـان نـەمابوو، ڕۆژێکیـان لەسەر خوانی نیوەڕۆ لویس ئێنریکە لەسەر مێزەکە هەستاو وتی:

- کە پێکەنینەکەتان تەواوبوو، ئاگادارم بکەنەوە.

بەڵام ماڵ تەکاندنە مێژووییەکە ئەوشەوەبوو کە نە هاتەوە ماڵی خۆمانو نـە لـەماڵی داپیرم خۆی دەرخست، نیوەی گوندەکەی بـەدوادا گـەڕان تـا دواجـار لـە هـۆڵی سـینەماکە گرتیان. سێلسۆ دازا[1]ی ساردی فرۆش، کاتژمێر هەشت، پەرداخێك ئاوی میوەی پێـدابووو ئەویش بێئەوەی پارە بدات خۆی دزیبووەوەو پەرداخەکەشی بردبوو. کێکی کرێو کەمێك پاش ئەوە ژنە فرۆشیارەکە بینیبووی لەگەڵ دەرگاوانی سینەماکە قسە دەکاتو بەبیانوی ئەوەی باوکی لەژوورەوە چاوەڕێی دەکات هـەڵی خەڵەتانـدبوو بـە بـەلاش چوبوە ژورەوە. فیلمـی دێراکـولا نمـایش دەکـرا، بـە بەشـداری کـارلۆس ڤیاریـاس[2]و لۆپیتـا تۆڤـار[3]و لـە دەرهێنانی جۆرج مێلفۆرد[4]. ماوەی چەند ساڵێك لویس ئێنریکە باسـی ترسـی ئەوکاتـەی بـۆدەکردم کـە گڵـۆپی سـینەماکە داگیرسـا، ڕێـك لەوکاتـەدا کـە دراکـولا دەیویـست ددان تیـژەکانی لـە گـەروی بلـورینی ژنـە جوانەکـە بـچەقێنێت. خـۆی لـە شـاراوەترین بەشـی هۆڵەکە حەشاردابوو، لەوێوە چاوی لـە بـاوکەو بـاپیرم بـوو کـە ریـز بـەریز کورسـیەکانی نهـۆمی خـوارەوە دەگـەڕانو خـاوەنی سـینەماکەو دوو پۆلیـسیشیان لەگـەڵبوو. ئەوەنـدەی نەمابوو بەدەست بەتاڵی بگەڕێنەوە کە لەناکاو پاپالیلۆ لـە ریـزی پـشتەوە دۆزیـەوەو بـە گۆچانەکەی ئاماژەی بۆ کرد:

- لەوێیەا

باوکم قژی گرتو راکێشراکێش هێنایە دەرەوە، لەماڵەوە بەجۆرێك دایە بەرشەق کـە بیرەوەریەکەی وەکو روداوێکـی ئەفسانەیی لـە مێـژووی خێزانەکەمانـدا تۆمـار کـرا. ئـەو ڕەفتارەی براکەم، کە ئاماژەی کەسایەتی سەربەخۆیی بوو، بوەهۆی ئـەوەی هـەم بترسـەو هەم ئافەرینی بکەمو یادی ئەوڕۆژە بـۆ هەمیـشە بەزینـدویی لەمێـشکمدا مایـەوە. بـەڵام پێدەچوو ئەو وانەی لەو لێدانـە وەرنـەگرتبێ، لەبەرئـەوەی هـەموجارێك قارەمانانـەترو بێباکانەتر سەرەڕۆیی دەکرد. بەڵام، ئەوەی ئـەمرۆ لـەلام دەبێتـە جێگـەی سەرسـوڕمانو حەبەسان ئەوەیە لەوکاتە دەگمەنو کورتخایەنانەی باوکم لەماڵ نەدەبوو، یاخیبونەکانی براکەشم کەم دەبوەوە.

لەجاران زیاتر پەنام بۆ سێبەری باپیرم برد. بەردەوام پێکەوەبووین، بـەیانیانمان لـە کارگەی بەردچاککردنەکەی یان لەنوسـینگەکەی لـە دارایـی دەبردەسـەر، لـەوێ ئـەرکێکی خۆشـی پێـسپاردم: وێنەکێـشان لەسـەر نـاڵی ئـەو گایانـەی بڕیـاربوو بکرێنـە قوربـانی،

---

[1]. Celso Daza

[2]. Carlos Villarias

[3]. Lupita Tovar

[4]. George Melford

ئەوەندە ئەوکارەی بەراستی وەردەگرت کە مێزی نوسینەکەی دەخستە خزمەتمەوە. کاتی خوانی نیوەڕوان، تەنانەت ئەوکاتانەی میوانیشمان هەبوو، لەبەشی سەرەوەی مێزەکە دادەنیشتین، ئەو هەمیشە پەرداخە گەورە ئەلەمنیۆمیەکەی بۆ سەهۆڵاوخواردنەوەو منیش کەوچکە کۆلراوەکەم بۆ هەموو جۆرە خواردنێك بەکاردەهێنا. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوەبوو کە هەرکات سەهۆڵم بویستبا دەستم دەکرد بە پەرداخەکەی باپیرمداو دەرمدەهێنا، پەڵەیەکی چەور دەکەوتەسەر ئاوی پەرداخەکەی. باپیرم پشتیوانم بوو:"حەقی خۆیەتی حەزی لەچیە بیکات."

کاتژمێر یازدە دەچووینە وێستگەی شەمەندەفەرەکەو چاوەڕێی هاتنی شەمەندەفەرەکەمان دەکرد، لەبەرئەوەی خاڵە جوان دێ دیۆس، کە تائەوکاتە لە سانتامارتا دەژیا، هەمووڕۆژێ، پێنج سەنتی دەدایە شۆفێری شەمەندەفەرەکەو نامەیەکەی بۆ باوکی دەنارد. باپیرەش وەڵامەکەی دەنوسیەوەو دەیدایە شۆفێری شەمەندەفەرەکە، کە گەیاندنی ئەونامەیەش پێنج سەنتی تێدەچوو.

ئێواران، ئەودەمانەی دنیا تاریك دەبوو، دەستی دەگرتمو پێکەوە دەچوین بەدوای کارە تایبەتیەکانیدا. پێش هەمووشتێك دەچووینە سەرتاشخانە ـ کە درێژترین چارەکە کاتژمێری سەردەمی منالیم لەوێ دەگوزەرا ـ دوای ئەوە سەرەی تەماشاکردنی فیشەکشێتەکانی ئاهەنگە نیشتیمانیەکان بوو ـ کە هەمیشە بە بینینیان دەترسام ـ لەرۆژانی جەژنی پاکبونەوەدا، ڕێپێوانی بەکۆمەڵی بروادارەکان سەرقاڵی دەکردین ـ پەیکەرێکی مەسیحی لەخاچ دراویان بەکۆڵەوەبوو کە بەردەوام هەستم دەکرد زیندوە. کاسکێتێکی چوارخانەی مۆدێل ئیسکۆتلەندیم لەسەر دەکرد، کە تاکی یەکێك لە کڵاوەکانی باپیرم بووو مینا بۆی کڕیبووم بۆئەوەی زیاتر لە سەرهەنگ بچم. هەڵبژاردنی ئەوکڵاوە ئەوەندە سەرکەوتوانەبوو کە لەلای خاڵە کینتێ ئێمەدوانە یەك کەس بووین لە دوو تەمەنی جیاوازدا.

باپیرم کات وناکات لەگەڵ خۆی دەیبردمە نادیو فرۆشگای کۆمپانیای مۆز کە پڕبوو لە خۆراکی خۆشو بەتام. لەوێ ماسی گەرمەسێرم بینیو بۆیەکەمجار سەهۆڵم لەمس کردو سەرم لە ساردیەکەی سوڕما. شادومان بووم بەوەی چیم بویستبا دەمتوانی بیخۆم، بەڵام یاریی شەترەنجی سەرهەنگو بەڵجیکیو باسە سیاسیەکانی بێتاقەتیان دەکردم. ئێستا لەوەتێدەگەم کە لەو پیاسە دورودرێژانەدا دوو دونیای جیاوازم دەبینی. باپیرم ئەوەی لە ئاسۆدادەیبینی خۆیبوو لێی دەڕوانی، من بینەری ئەوشتانەبووم کە دەکەوتنە بەردیدەم. ئەو لەتەك ئەو هاوڕیانەی لە بالکۆنی ماڵەکانیاندا رادەوەستان چاکوچۆنی

دەکرد، منیش خەیاڵم لای ئەو شتومەکی یاریانەبوو کە وردەواڵە فرۆشەکان ڕێزیان دەکردن.

شەوان، لەبەردەم"کواترۆ ئیسکیناس"[1]ی پڕلەهەراوزەنا رادەوەستاین‌و باپیرم لەبەردەرگا، لەتەك دۆن ئانتۆنیۆ داکۆنتێی خاوەنی ئەوشوێنە، دەکەوتە دەمەتەقێ، منیش بەتەماشاکردنی ئەوشتانەی لە چواردەوری جیهانەوە لەوێدا کۆیان کردبونەوە سەرگەرم دەبووم‌و سەرم دەسوڕما. ئەو جادوبازانەی کەروێشکیان لە کلاوەکانیان دەردەهێنا، ئەو ئاگرخۆرانەی مۆمەکانیان قوت دەدا، ئەو هەندەرون بێژانەی[2] ئاژەڵەکانیان دەهێنایە قسە، ئەو ئۆکۆردیۆنیستانەی کە بەمۆزیك ڕوداوەکانی پرۆبینسیایان دەگێڕایەوە، منیان دەوروژاند. دواتر لەرێگەی ئەوقسانەوە کە بیستم، گەشتمە ئەو ئەنجامەی کە یەکێك لەوانە، ئەو پیاوە ڕیش سپیە پیرە، پێدەچێت هەمان"فرانیسکۆی نەوەی مرۆڤ"ی ئەفسانەیی بووبێ.

کە دۆن ئانتۆنیۆ داکۆنتێ هەر فیلمێکی بەدڵبا، عەسران بۆبینینی ئەو فیلمە بانگهێشتی دەکردین بۆ هۆڵی سینەماکەی(ئۆلۆمپیا)، بەمکارەی دەبوەهۆی نیگەرانکردنی داپیرە کە هەرگیز حەزی نەدەکرد پێی نەوە بێگەردەکەی بۆئەوجۆرە شوێنانە بکرێتەوە، لەبەرئەوەی سینەماو عەیشخانەی بەیەك شوێن دەزانی. بەڵام پاپالیلۆ سوربوو لەسەر ئەوەی ئەوبەرنامانە درێژە بکێشن، ڕۆژی دواتر هانی دەدام لەسەر مێزی نانخواردنەکە فیلمەکە بۆ ئەوانیتر بگێڕمەوە، لەوکاتانەشدا ئەوشتانەی کە فەرامۆشم دەکردن بیری دەهێنامەوەو هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکردمەوە، بەشە ئاڵۆزەکانی فیلمەکەشم بە یارمەتی ئەو دەگێڕایەوە. ئەوانە چەپکێ لە توانایەکانی چیرۆك گێڕانەوەم بوون کە بێگومان دواجار گەڵێك سودیان بۆم هەبوو، بەتایبەت ئەودەمەی، پێشئەوەی فێری نوسینبم، دەستمکرد بە وێنەکردنی چیرۆکە وێنەدارەکان. سەرەتا، ئەو وێنانەم لەلای هەموان سەرنجراکێش بوون‌و بە حسابی سەرمرۆیەکانی مناڵیمیان دادەنا، بەڵام پیاهەڵدان‌و ستایشی گەورەکان ئەوەندە لەلام خۆش‌و شیرین بوو کە بە زیادەڕەویە بێشومارەکانم بێزارم دەکردن، تا ئەوشوێنەی کە هەر سەروکەلەم دەرکەوتایە هەرکەسەو بە بیانویەك خۆی دەدزیەوە، بۆئەوەی خۆیان لە چەنەبازیەکانم بپارێزن. دواتر، هەمان بابەت سەبارەت بەوئاوازانەی کە ناچاریان دەکردم لە زەماوەندەکان‌و جەژنی لەدایکبونەکاندا بیانڵێم دوبارە بووەوە.

---

[1] Cuatro Eaquinas (چوارگۆشە)

[2] هەندەرون بێژ: ئەوکەسەی بەدەمی داخراوەوە توانای قسەکردنی هەبێت.

پێش نوستن سەرێکمان لە بەلژیکی دەداو تا درەنگانێ لای دەماینەوە، پیرەمێردێکی ترسناك بوو کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم هاتە ئاراکاتاکا، شێوەزارە خەستەکەی‌و دڵتەنگیەکەی بۆ ژیانی دەریاوانی هێچ جێگەی گومانێکی سەبارەت بە رەگەزەکەی نەدەهێشتەوە. تاقە بونەوەرێکی زیندوی تر کە لەماڵەکەیدا دەژیا، دانیمارکیە بەقەڵافەتە کەڕولاڵە هەتیوبازەکە بوو کە وەك سەرەك کۆماری ئەمریکا ناوی **وێدرۆ ویلسۆن**[1] بوو. تەمەنم چوارساڵ بوو بەلژیکیم ناسی، هەمان ئەو ساڵانەی باپیرم بۆ یاری شەترەنج دەچووە ماڵی‌و چەندین کاتژمێر بە بێدەنگی مۆرەکانیان دەجوڵاندو وادەهاتە بەرچاو کە گەمەکەیان کۆتایی نییە. لە هەمان شەوی یەکەمەوە، سەرم لەوەسوڕما کە لەماڵەکەیدا هیچ شتێکت نەدەدۆزیەوە بزانی بەکەڵکی چی دێ. هونەرمەندێکی تەواو بوو کە لەچوارچێوەی ئاشوفتەی بەرهەمەکانیدا هەوڵی مانەوەی دەدا: وێنە ئاویەکانی دیمەنەکانی دەریا، وێنەی منالان لە جەژنی لەدایك بوون‌و رێورەسمی یەکەمین خواردنی جەژنی قوربان، زێڕوئاڵتونی نائەسڵی ئاسیایی، چەندپەیکەرێك لە قۆچی گا، قەنەفەی سەردەمە جیاوازەکان‌و مۆدێلە جۆراوجۆرەکان، کەلەسەریەك کەڵکە ببوون.

ئەوەی سەرنجی رادەکێشام پێستە وشکهەڵاتوەکەی سەر ئێسقانەکانی بوو کە وەك موەکانی کە چەند تاڵێکی دەکەوتە سەر ناوچاوانی‌و کاتی قسەکردن بێزاری دەکرد، لە زەردێکی رەشباو دەچوو. جگەرمیەك لەسەر شێوەی دەریاوانە دەریادیدەکان بە سوچێکی لێویەوەبوو کە تەنها کاتی یاری شەترەنج دایدەگیرساند، باپیرم دەیوت ئەوەفێڵێکە بۆئەوەی لەکاتی یاریەکەدا بەرامبەرەکەی گێژ بکات. چاوێکی شوشەیی‌و دەرتۆقیوی هەبوو کە وادەهاتەبەرچاو لەچاوەساغەکەی زیاتر سەرنجی لەسەر بەرامبەرەکەیەتی. لەکەمەر بەرەوخوار ئیفلیج بوو، کەمێك بەرەولای چەپ‌و پێشەوە نوشتابوەوە، بەڵام بە چابوکی ماسیەکی ناو ئاو خۆی بەنێو تاشەبەردەکانی کارگەکەیدا دەحزاند، زیاتر لەوەی قورسایی بخاتە سەر داردەستەکانی بن باڵی وەك ئەوەبوو پێویان لکابێ. هەرگیز گوێم لێنەبوو دەربارەی دەریاوانیەکانی، کە بەرواڵەت زۆرو هەڵچوانەبوون، هێچ قسەیەك بکات. جگە لە ماڵەکەی تەنها عەشقی بۆ سینەما هەبوو، بەبێ جیاوازی سەرجەم فیلمەکانی کۆتایی هەفتەی دەبینی، تاقە یەکجاریش رێنەکەوت چاو لەوکارەی بپۆشێت.

هەرگیز خۆشم نەویست، ئەودەمانەی یاری شەترەنجی دەکرد کە هەرگیز چاوی بینینیم نەبوو، لەبەرئەوەی تا پولێکی دەجولاند زۆری دەخایاند، منیش لەتاو خەو نەمدەتوانی خۆم بە پێوە رابگرم. شەوێك ئەوەندە بە بێ تاقەتی بینیم کە دڵم

---

[1]. Woodrow Wilson

خەبەریدا بەو زوانە دەمرێت، هەستی بەزمییم بەرامبەری جولا. بەلام ئەوەندە درێژەی بەیاریەکەدا کە لەناخی دلمەوە هیوام خواست بمرێ.

هەر لەو سەردەمانەدا، باپیرم تابلۆیەکی "ئازادیی خەرەوە"ی سیمۆن بۆلیڤاری، پاش مردنی ئەو لە ژوری ماتەمینەکەدا، بە دیواری ژوری نانخواردنەکەدا هەلواسی. تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی وەك ئەو مردوانەیتر کە بینیبومن کفنی نەبوو، بەلکو بە بەرگی سەربازی سەردەمی شکۆمەندیی ئازایەتیەکانیەوە لەسەرمێزی نوسینگەکەی پالیان خستبوو، لەلام قورسبوو. باپیرم بە رستەیەکی لێبڕاوانە منی لە گومانو سەرلێشێواوی رزگارکرد:

- ئەو لەوانیتر جیاوازتر بوو.

دواجار، بە دەنگێکی لەرزۆك، کە وەك ئەوەی دەنگی خۆی نەبێت، بەدەنگی بەرز شێعرێکی بۆخوێندمەوە کەلەسەر تابلۆکە نوسرابوو، دوا بەیتەکانی ئەو شیعرە تا هەتایە لەبیرمدا مانەوە: "**تۆ، سانتامارتا، ئەوەندە میوانداربووی لە داوێنتا، بۆ خەوی هەمیشەیی، پارچەیەك لە پەیکەری کەنارەکەت پێبەخشی**" لەوەبەدوا، تاچەندسالێ، هەستمدەکرد لاشەی سیمۆن بۆلیڤاریان لە کەناری دەریاکە دۆزی بوەوە. باپیرم فێری کردمو داوای لێکردم بیرم نەچێتەوە کە بۆلیڤار گەورەترین پیاوی مێژووی جیهان بوو. جیاوازیی ئەو قسەیە لەتەك ئەوەی داپیرم بەهەمان جەختەوە، چەندینجار بەگوێمدا چرپاندبووی، بە تەواوەتی سەری لێ تێکدامو لەباپیرم پرسی ئایا بۆلیڤار لە عیسای مەسیحیش گەورەتر بوو. ئەویش، بێئەوەی بەهەمان لێبڕاوی پێشویەوە بدوێت، سەرێکی لەقاندو وەلامی دامەوە:

- ئەم دووبابەتە هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نییە.

ئێستا دەزانم کە داپیرم هاوسەرەکەی ناچاردەکرد بۆ پیاسەی شەوانی من لەگەل خۆی ببات، لەبەرئەوەی دلنیابوو ئەو بەبیانوی پیاسەوە دەچێتە لای دلدارە واقیعی یان گریمانیەکانی. بەدوری نازانم کە هەندێك جار بەوبیانوەوە خۆی دزیبێتەوە، بەلام لەراستیدا هەرگیز ئەوکاتانەی پێکەوە دەچوینەدەرەوە رێڕەوی هەمیشەیی پیاسەی شەوانی پێشومانی نەگۆڕیو پێی نەخستە شوێنێکی نەناسراوەوە. لەگەل ئەوەشدا، وێنەی رونی شەوێکم لە بیردا ماوە کە دەست بەدەستی یەکێك لە خزمانەوە بەرێکەوت بە بەردەم مالێکی نەناسراودا تێپەڕیم، باپیرمم بینی بە ئیسراحەت لەوێ دانیشتوە وەك ئەوەی مالی خۆی بێت. نازانم چۆن بەهۆی هەستکردنێکی دەرونیەوە ئەوەم لێکدایەوە کە نابێت ئەو بابەتە بۆ کەس بگێڕمەوە. تا ئەمڕۆ ئەو نهێنیەم لەسینەمدا پاراستوە.

باپیرم یەکەم کەس بوو، کە لە تەمەنی پێنج ساڵیمدا، ئەودەمەی پێکەوە چوبوینە تەماشای ئاژەڵەکانی ئەوسێرکەی کە بە کاتاکادا گوزەری دەکردو لەژێر چادرێکی ئەومندەی کەنیسەیەك گەورە بارگەیان خستبوو، منی ئاشنای وشەی نەسر اوە کرد. لە هەموو زیاتر سەرنجم کەوتەسەر ئاژەڵێکی کاوێژکەری داماوی غەمگین کە لە دایکێکی هەراسانو دڵ نیگەران دەچوو.

باپیرم وتی ـ **ئەمەcamelloیە (وشتری دوو کۆپارە)**

ئەوکەسەی لەتەنیشتمانەوە وەستابوو قسەکەی بۆ چاك کردو وتی:

ـ داوای لێبوردن دەکەم جەنابی سەرهەنگ ئەمەdromedarioیە (وشتری یەك کۆپارە)

باش دەتوانم وێنای بکەم باپیرم چی بەسەرهاتو چەندە لەوەی کەسێك لەبەرچاوی نەوەکەی رەخنەی لێ گرتبوو نارەحەتو پڕئازار بوو. بێئەوەی بواری بیرکردنەوە بداتە خۆی، بە پرسیارێکی هەڵسەنگێنراو دەم وقەپۆزی بەرامبەرەکەی کۆکردەوە:

ـ جیاوازییان چیە؟

پیاوە خۆتێهەڵقورتێنەکە وتی ـ **نازانم. بەڵام دڵنیام ئەمە dromedarioیە.**

باپیرە کەسێکی خوێنەوارو رۆشنبیر نەبووو خۆی بەکەسێکی گرنگ نەدەزانی، لەبەرئەوەی لە قوتابخانەی حکومی ریۆئاچا هەڵهاتبوو تا چەك هەڵبگرێتو لەیەکێك لەشەڕە بێشومارەکانی کارایبدا تەقە بکات. هەرگیز درێژەی بەخوێندن نەدا، بەڵام بەتەواوەتی لە کەمی زانیاریەکانی بەئاگابووو خواستێکی سەیری بۆ فێربوونی بابەتە هەنوکەییەکان تێدابوو کە سەرجەم کەموکوڕیەکانی بۆ پڕدەکردەوە. ئێوارەی هەمان رۆژ کە بەبێتاقەتیو بێزاریەوە گەڕایەوە نوسینگەکەی، خێرا فەرهەنگەکەی هەڵگرتو بە حەزێکی منداڵانەوە کەوتە پەڕە هەڵدانەوەی. پاش کەمێك گەڕان هەردوکمان بۆمان دەرکەوت camelloو dromedario چ جیاوازیەکیان هەیە، ئەوەشمان بۆهەتایە لەبەرکرد. ئەودەمەی کارەکەمان بۆ رونبووەوە، ئەو حەفتا مەن کاغەزە شکۆمەندەی خستە سەر ئەژنۆمو وتی:

ـ ئەم کتێبە جگەلەوەی هەموو شتێك دەزانێ، هیچ کاتێکیش هەڵە ناکات.

کتێبێکی کۆنو ئەستوربوو وێنەی پیاوێکی دێوئاسای لەسەربوو، کە گۆی زەوی بەکۆڵەوەبوو. من خوێنەواریم نەبوو، بەڵام دەمتوانی لەوە تێبگەم کە چەندە قسەکەی باپیرم راستە لەبەرئەوەی کتێبەکە نزیکەی دووهەزار لاپەڕەی گەورەی رەنگاوڕەنگی هەبوو کە بە وێنەی جوان رازابووەوە. لە کەنیسە، ئەستوری کتێبی نزا دوچاری سەرسامی

کردبووم، بەڵام فەرهەنگەکە لەویش گەورەتربوو. وەك ئەوەبوو نوشتابێتمەوەو بۆ یەکەمجار لەسەرەوە هەموو جیهان ببینم.

پرسیم ـ چەند وشەی تێدایە؟

باپیرم زنی ـ **هەموو وشەکان.**

ئەوەی راستی بێت، لەودەمانەدا پێویستم بە نووسین نەبوو، لەبەرئەوەی دەمتوانی وێنەی هەموو ئەو شتانە بکێشم کە بەلامەوە سەرنجراکێش بوون. لە تەمەنی چوارساڵیمدا، وێنەی جادوگەرێکم کێشابوو کە سەری ژنەکەی لە لاشەی دەکردەوەو دواتر پێوەی دەکردەوە، رێك وەك هەمان ئەوکارەی کە **ریچاردین**[1] لە هۆڵی ئۆلۆمپیا لە کاتی بەرنامەکانیدا ئەنجامی دا. دەستپێکی چیرۆکە وێنەیەکانم سەربڕین بوو بە هەرە، لە وێنەکانی دواتردا بە شانازیەوە سەرە خوێناویەکە نمایش دەکراو دواییەمنیش وێنەی ئەو ژنەی پیشان دەداکە ساغوسەلیم سەری رێزی بۆ چەپڵەی بینەران دەنوشتاندەوە. لەوسەردەمەدا، چیرۆکە وێنەیەکان داهێنرابوون بەڵام ماوەیەك دوای ئەوە توانیم چەند نمونەیەکی ئەو وێنانە لە پاشکۆی رەنگی رۆژنامەی یەکشەماندا ببینم. لەودەمانەدابوو کە دەستم بە وێنکردنی چیرۆکە وێنەیە بێ دیالۆگەکان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوکاتەی باپیرە فەرهەنگەکەی پێشکەش کردم، ئەوەندە بە توندی لە بەرامبەر دونیای وشەکان دوچاری پرسیاربووم کە وەك رۆمان، بەپێی ریزبەندی ئەلفبێ، دەستم بەخوێندنەوەی کرد، بێئەوەی شتێکی ئەوتۆم لەو خوێندنەوەیە دەستگیر ببێت. ئەوە یەکەمین بەرکەوتنم بوو لەگەڵ کتێبێکدا کە رۆڵێکی بنەڕەتی لە ژیانی ئەدەبیمدا بەرجەستە کردو وەك نوسەرێك چارەنوسی دیاری کردم.

زۆرجار چیرۆك بۆ منالان دەگێڕنەوەو ئەوانیش بە جۆرێك پەیوەست دەبن بەو یەکەمین چیرۆکەوەی کە بەڕاستی لەلایان سەرنجراکێشە کە بەئاستەم قایل دەبن گوێ لە چیرۆکێکیتر بگرن. وابزانم راوی منالەکان دەکەونە دەرەوەی ئەو بنەمایەوە، منیش یەکێك بووم لەو چیرۆکبێژە منالانە. شتی زیاترم دەویست. بە ئارەزویەکی بەرچاوتەنگانەوە، گوێم لە چیرۆکەکان دەگرت و رۆژی دواتر چاوەڕێی چیرۆکێکی باشترم دەکرد، بەتایبەتیش چیرۆکی نهێنیەکانی مێژووی پیرۆز بە جۆرێکی تایبەت سەرنجیان رادەکێشام.

ئەوەی لە کوچەوکۆڵان دەمبینی بەدەنگێکی بەرزتر لە ماڵەوە دەمگێڕایەوە. ئەو ژنانەی لە چێشتخانەکە کاریان دەکرد چیرۆکەکانی منیان بۆ ئەو کۆچبەرانە دەگێڕایەوە

---

[1]. Richardine

که به شەمەندەفەرەکە دەهاتن، ئەوانیش به نۆبەی خۆیان بەسەرهاتی سەرنجڕاکێشیان بە دیاری دەهێنا، هەموو ئەوانەش دەرژانە نێو لافاوی نەریتی چیرۆك گێڕانەوەی سەرزارەکی. هەندێك له بەسەرهاتەکان یەکەمجار دەگەشتنە گوێی ئۆکۆردیۆنیستەکان‌و ئەوانیش ئەو بەسەرهاتانەیان لە ئاهەنگە ناوچەیی‌و بازاڕە ساڵانەکاندا بە گۆرانییەوە دەوتەوە، کۆچبەرەکانیش به تاموبۆی تایبەتی شێوەزارەکانیان ئەوەندەیتر رووداوەکەیان ترش‌وخوێ دەکردو دەیانگێڕایەوە. بەڵام کاریگەرترین رووداوی سەردەمی منداڵیم، بەیانییەکی زووی رۆژێکی یەکشەممە غافڵگیری کردم، یەکەمین هێمای رستە هێمائامێزەکەی داپیرم بوو:

ـ داماوە نیکۆلاسیتۆ ئەمرۆ ناتوانێت بەشداریی رێورەسمی پاڕانەوەی جەژنی پەریەکان[1] بکات.

دڵم خۆشبوو، لەبەرئەوەی رێورەسمی پاڕانەوەی رۆژانی یەکشەممە بۆ تەمەنی من زیاد لەپێویست دوورو درێژبوو، بە گوێ گرتن لە رێنماییەکانی باوکە ئانگاریتا، کە بەمناڵی زۆرم خۆشدەویست، وەنەوزم دەدا. بەڵام ئەوخۆشباوەڕییەم بەتاڵ دەرچوو، لەبەرئەوەی باپیرم بەپاڵ بە چاکەت وپانتۆڵە مەخمەڵە سەوزەکەمەوە، کە بۆ رێورەسمی پاڕانەوە لەبەریان کردبووم‌و ناوشانی تەسك بوو، بەرەو کارگەی بەلـژیکی خستمیەبەرخۆی. پاسەوانەکانی بنکەکە لەدوورەوە باپیرمیان ناسیەوەو بە هەمان رستەی هەمیشەیی رێگەکەیان بۆ کردەوە:

ـ فەرموو جەنابی سەرهەنگ.

تازە ئەوکات بۆمدەرکەوت کە بەلـژیکی پاش بینینی فیلمی لەرۆژئاوا هیچ لەئارادا نییە لەدەرهێنانی **لویس مایلستۆن**[2] بە وەرگرتن لە رۆمانێکی بەرهەمی **ئێریش ماریا رێمارك**[3]، بە سیانووری ئاڵتون خۆی کوشتبوو ـ بێئەوەی سەگەکەشی لەو مەرگە بێبەش بکات. هەستی خەڵکان، کە بەردەوام راستی لەوشوێنەشدا دەدۆزێتەوە کەلێی نییە، گەشتە ئەو ئەنجامەی کە بەلـژیکی بە بینینی خۆی‌و ئەوسەربازانەی لەژێر فرمانیدا بوون، کە جەستە پارچەپارچە بووەکانیان لەیەکێك لە زەلکاوە نۆرماندیەکاندا نوقم

---

[1]. Pentecostes، جەژنی دابەزینی رۆحی خودا بۆسەر پەیامبەرانی مەسیح، حەوتەمین یەکشەممەی پاش جەژنی پاك.

[2]. Lewis Milestone

[3]. Erich Maria Remarque (١٨٩٨ ـ ١٩٧٠) رۆمان نوس و شانۆنامەنوسی ئەڵمانی، که لەساڵی ١٩٢٩دا بەناوبانگترین کتێبی بەناوی لەرۆژئاوا هیچ لەئارادا نییەی بڵاوکردەوە. ئەو رۆمانە بەیەکێك لە دیارترین بەرهەم لەسەر کارەساتەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دادەنرێت.

دەبوو، بەجۆرێك وروژا کە ئۆقرەی نەگرت درێژە بەژیان بدات، ئەم قسەیە بەخێرایی کەوتەسەر زاران و هەموان باوەڕیان پێکرد.

پەنجەرەداخراوەکان، ژورە بچوکەکەی دانیشتنیان نوقمی سێبەرێکی روناك کردبوو، بەلام هەتاوی دەمەوبەیان لەحەوشەکەوە دەپژایە ژوری نوستنەکە، کەلەوژورە قایمەقام و دوو بەرپرسیتر چاوەڕێی باپیرەیان دەکرد. جەنازەکەیان، کەلەسەر قەرەوێڵەیەکی سەربازی بوو، بە بەتانی داپۆشیبوو، لەولاترەوە داردەستەکانی دەبینران کە خاوەنەکەی پێش ئەوەی نوقمی خەوە هەمیشەیەکەی بێت لە نزیك خۆی داینابوون. لەتەنیشتیەوە، لەسەر چوارپایەکی دارین، لەگەنێك بەرچاودەکەوت کە سیانورەکەی تێدا کولاندبوو، پارچە کاغەزێك بەقەڵەم و بە خەتێکی ئەستوور لەسەری نوسیبوو: "کەس تاوانبار نییە، لەروی کەریەتیەوە خۆم دەکوژم. "رۆتینە یاسایەکان و وردەکاریەکانی کفن و دفنەکەی بە یارمەتی باپیرم زۆرخێرا جێبەجێ کراو دە خولەکیشی پێ نەچوو. بەلام کە بیر لەو خولەکانە دەکەمەوە بە کاریگەرترین دەقەکانی ژیانمیان دەزانم.

هەر کەچووینەژوورەوە ئەوبۆنەی لەژووری نوستنەکەوە دەهات گێژی کردم. زۆر دوای ئەوە بۆمدەرکەوت ئەوبۆنی بادامە تاڵە بۆنی ئەو سیانورە بووە کە بەلژیکی بۆئەوەی بمرێت هەڵی مژیوە. بەلام سەرجەم ئەوشتانەی بینیم و هەستم پێکرد لەتەك کاریگەری قوڵ و فەراموش نەکراوی بینینی تەرمەکە بەراورد ناکرێن: قایمەقام بەتانیەکەی لابرد بۆئەوەی پیشانی باپیرمی بدات، منیش بەدزیەوە سەیرم کرد. رووتو رەق هەلاتووو وشك و لارولەویرو چرچ بوو، پێستێکی زبرو داپۆشراو بە مووی زەرد، جوتێك چاوی روون و شوشەیی کە بەجۆرێك لێان دەڕوانین دەتوت هێشتا زیندووە. ترسی ئەوەی یەکێکی جیهانی مردووان لێم وردبێتەوە، ماوەیەکی دورودرێژ، هەموو ئەوجارانەی بەپاڵ گۆڕی بێ خاچی ئەو کەسانەدا تێدەپەڕیم کە خۆیان کوشتبووو بە فرمانی کەنیسە لەدەرەوەی گۆڕستان بەخاك سپێردرابوون، داوێنی دەگرتم. بەلام ئەوەی زیاتر لەتەك ئەو وێنە ترسناکەی بینیبووم ئاوێتەببوو هەوای کولاوی ئەوشەوانەبوو کە دەچووین بۆ مالی بەلژیکی. رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێت کە لەماڵەکەی هاتینەدەرەوە بە باپیرەم وت:

- چیتر بەلژیکی یاری شەترەنج ناکات.

ئەو قسەیەم، قسەیەکی دوور لە بیرکردنەوە نەبوو، بەلام باپیرە بەجۆرێك بۆ خزم وکەسانی دەگێڕایەوە وەك بلێی ئەندێشەیەکی بلیمەتانە بووبێت. ژنان ئەوەندە بەزەوق و شەوقەوە ئەو رستە سادەو ساکارەیان لەملاولا گێڕایەوە کە بۆماوەیەك خۆم لە میوانەکان دەدزیەوە لەبەرئەوەی دەترسام لەبەرچاوی خۆم قسەکە بگێڕنەوە یان ناچارم

بکەن بۆ سەدەمین جار ئەورستەیە دوپات بکەمەوە. بەڵام لەو کەمین وبەینەشدا بۆ خۆشم شتێکم چنگ کەوتو پەیم بە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی گەورەکان برد کە دواتر ئەودەمەی رووم لە کاری نووسین کرد زۆر بەکەڵکم هات: هەرکەس بابەتەکەی بەپێی حەزوسەلیقەی خۆی دەگێڕایەوەو ترش وخوێ دەکرد، تا ئەوشوێنەی کە بەسەرهاتە جیاوازەکان ئەوەندە ترش وخوێ کران کە چیتر بەتەواوەتی لە بەسەرهاتە راستەقینەکە نەدەچوون. کەس ناتوانێت ئەوە وێنا بکات کە بینینی ئەو منداڵە داماوانەی کە دایك وباوکیان بەزۆر بە بلیمەت لەقەڵەمیان دەدان و ناچاریان دەکردن لە نێو کۆمەڵدا گۆرانی بڵێن، لاسایی دەنگی باڵندەکان بکەنەوە یان تەنانەت بۆ سەرگەرم کردنی گەورەکان درۆ بکەن، چەندە هەستی بەزەییمی دەبزواند، لەبەرئەوەی خۆم ئەوەم بەسەرهاتبووو دەمزانی چ کارەساتێکە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستا کەبیر لەو بەسەرهاتە دەکەمەوە، لەوە تێدەگەم کە ئەو رستە منداڵانەو بێ ناوەرۆکە، لەراستیدا، یەکەمین سەرکەوتنی ئەدەبیم بوو.

ژیانم لە ۱۹۳۲دا بەوشێوەیە دەگوزەرا، تائەوکاتەی هەواڵمان پێ گەیشت سەربازە پیرۆییەکانی ژێردەسەڵاتی رژێمی سەربازیی ژەنراڵ **لویس میگل سانچێس سروو**[1] گوندی بێ دیفاعی **لیتسیا**[2]ی سەر کەناری ئامازۆنیان داگیر کردوە کە دەکەوێتە بەری خوارەوەی جنوبی کۆلۆمبیاوە. ئەو هێرشە بارودۆخی وڵاتی تێکدا. دەوڵەت فرمانی خۆئامادەکردنی گشتی راگەیاند، داوای کۆمەکی ئابوری سەرجەم چین وتوێژەکانی کرد، بەواتای ئەوەی سوپا بوە بەرپرسی ئەوەی ماڵ بە ماڵ گرانبەهاترین زێروزیوی خێزانەکان کۆبکاتەوە. هەستی نەتەوەیی کە بەهۆی هێرشی ناپیاوانەی هێزە پیرۆییەکانەوە هاتبووە جۆش، بوەهۆی کاردانەوەیەکی جەماوەری بێ وێنە. بەرپرسانی کۆکردنەوەی یارمەتیە جەماوەریەکان مۆڵەتی سەرخوراندنیان نەبووو پێ رانەدەگەیشتن سەرجەم پێشکەشیە خۆبەخشانەکان ماڵ بەماڵ کۆبکەنەوە، بێگومان لەنێو شتە پێشکەشکراوەکاندا، ئەڵقەکانی ژن و مێردایەتی بەبایەخترینیان بوون، لەبەرئەوەی هەم بایەخی مادیان هەبووو هەم بەهای مەعنەوەی و هێمائامێزانە.

بەپێچەوانەوە، لەلای من، خۆشترین کاتبوو لەبەرئەوەی چێژم لە ئاشوفتەیی و بارئاڵۆزی دەبینی. سیستمی پایەداری قوتابخانەکان دارماو داهێنان و بیری خۆرسکانەی جەماوەری لەسەرشەقام و لەنێو ماڵەکاندا جێگەی گرتەوە. شایستەترین و جەربەزەترینی

---

[1]. Luis Miguel Sanchez Cerro

[2]. Leticia

لاوەکان گوردانی تایبەتی هاوڵاتیانیان پێکهێنا کە هیچ نیشانەیەکی جیاوازیی چینایەتیو ڕەگەزی تێدا بەدی نەدەکرا، دەستەی ژنانەی خاچی سوور پێکهێنرا، بە شێوەیەکی خۆرسکانە سروودگەلێکیان دروستکرد کە ناوەڕۆکەکانیان بریتی بوو لە جەنگ تامردن لەدژی دوژمن، هەموو ڕۆڵە هاونیشتیمانیەکان بەیەك دەنگ، توندو بروسکەئاسا، هاواریان کرد"**بژی کۆڵۆمبیا، بمرێ پیروٚ**"

هەرگیز تێنەگەیشتم چۆن پاشماوەیەك ئەو زەوقو هەڵچوونە دامرکایەوەو خەڵکی بەبێ هیچ هۆکارێکی دیاریکراو دڵساردبوونەوە. یەکێك لە نەیارەکانی حکومەتی ستەمکارانەو شەڕانگێزانەی ژەنەرال سانچێس سروو، ژەنراڵی کوشتو بەوکارەی بنەڕەتەکانی ئاشتی دارشت، لەبەرئەوەی واز لە نەریت هێنان سەبەبکاری نەخۆشیە، خەڵکی لەبری هاواری جەنگ، لە پێشبڕکێی یاری دووگۆڵی دواناوەندیەکاندا نەڕاندیانو بەوشێوەیە هەڵچونی دەرونیان دامرکاندەوە. بەڵام دایكو باوکم، کە لەڕوی نیشتیمانپەروەریەوە، ئەڵقەی هاوسەریەتیەکەیان پێشکەش کردبوو، تا دوارۆژەکانی تەمەنیان لەبەر ئەوسادەدڵیەیان ئەفسوسیان خواردو هەرکات بیری ئەوەیان بکەوتبایەتەوە برینیان دەکولایەوە.

تائەوشوێنەی لەبیرمە، لەوسالانەدابوو کە ئارەزوی فێربوونی مۆسیقا بەهۆی سەرنجڕاکێشی ئۆکۆردیۆنیستە گەڕۆكو ئاوازەکانیانەوە، لەدەرونما چەکەرەی کرد. هەندێك لە ئاوازەکانیانم لەبەربوو، بۆنمونە ئەو ئاوازانەی کە ژنانی چێشتخانەکە لە ژێرلێوەوە دەیانوتەوە، لەبەرئەوەی داپیرم لەوباوەڕەدابوو ئەو ئاوازانە تایبەتی خەڵکی هەرچی وپەرچیە. بەڵام تانگۆکانی **کارلۆس گاردل**[1]، کە نیوەی خەڵکی دونیا عاشقی ببوون، گۆرانیبێژی کردە پێویستیەکی بەپەلەو هەنوکەیی ژیانم. لەسەر داواو سوربوونی خۆم جلوبەرگی لەچەشنی جلەکانی ئەویان لەبەردەکردم، کلاوێکی لە لبا دروستکراوو دەسماڵێکی ئاوریشمی دەوری گەردن، پێویست نەبوو زۆر لەبەرم بپارێنەوەو منەتم هەلگرن، لەبەرئەوەی بێ ئەوەش من یەکدەمو یەك هەناسە دەمکردنە میوانی ئاوازی تانگۆکانم. تا ئەورۆژە شومەی کە پورە ماما بە هەواڵی مەرگی گاردێل، بەهۆی پێکدادانی دووفڕۆکە لە **مێدین**[2]، لەخەو بەئاگای هێنامەوە. چەند مانگێك پێشئەوە، لەمیوانیەکی خێرخوازیدا،"سەرەوخوارکە"م خوێندبووەوە،و خوشکانی **ئیچەڤێری**[3]، شارەزاترین ژەنیارانی پیانۆو مۆمە روناکی پرژێنەکانی سەرجەم میوانیە خێرخوازیو جەژنو

---

[1]. Carlos Gardel (١٨٨٧ ـ ١٩٣٥) گۆرانیبێژی ئەرژەنتینی کە لە نمایشکردنی تانگۆدا ناوبانگێکی بێوێنەی هەبوو.

[2]. Medellin

[3]. Echeverri

ڕێورەسمە نەتەوەیی‌و نیشتیمانیەکانی کاتاکا، هاوڕێیەتیان کردبووم، ئەوەندە خۆم بەگەورە دەرخستبوو، هەر کە بە دایکم وت حەزدەکەم لەباتی ئۆکۆردیۆن، کە داپیرە لێی بێزار بوو، فێری پیانۆبم، نەیوێرا بەپێچەوانەی ئارەزوم قسە بکات.

هەمان شەو بردمیی بۆمالی خاتونەکانی ئیچڤێری تا توانایم لەوبوارەدا هەڵبسەنگێنن. لەوکاتەدا کە ئەوان سەریان بە قسەکردنەوە گەرم بوو، من لەوسەری هۆڵەکەوە، بە حەزوخوازو سەرسپاردویی سەگێکی بێ خاوەنەوە، لەپیانۆکەم دەڕوانی، لەخۆم دەپرسی ئایا قاچاکانم دەگەنە سەر پایدەرەکانی، گومانم لەوەهەبوو نەبا مەودای نێوان پەنجە گەورەم‌و پەنجەی تووتەم ئەوەندەی مەودای نێوان دوگمەکان نەبێت، لەوباوەڕەدانەبووم بتوانم هێمای نۆتە هیرۆگلیفی ئاساکان بخوێنمەوەو سەر لەو شێوە سەیرانە دەربکەم. دوو کاتژمێری پڕلەهیوامان لەوێ گوزەراند. بەلام بێ ئەنجام، لەبەرئەوەی دواجار خانمە ژەنیارەکان پێیان راگەیاندین پیانۆکە خراپ بووەو نازانین کەی دێن چاکی بکەنەوە. فێربوونی پیانۆ دواخرا بۆدوای هاتنی بەرپرسی کۆك کردنی ساز کە سالی جارێك بە سەردان ڕێی دەکەوتە ناوچەکەمان، بەلام چیتر لەوبارەیەوە هیچ قسە نەکرا تا ئەوکاتەی نیوەی تەمەنم تێپەڕاندبوو، لەکاتی دەمەتەقێ لەتەك دایکم، بەڕێکەوت، چیرۆکی پیانۆکەم بیرخستەوەو وتم زۆرم خەفەت خوارد کە نەمتوانی فێری پیانۆ لێدان ببم. دایکم هەناسەیەکی هەلکێشا:

- لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە پیانۆکە هیچ خەوشێکی نەبوو.

ئەوکات بۆمدەرکەوت کە لەتەك خانمە فێرکارەکاندا ڕێکەوتووە بەبیانوی خراپی پیانۆکەوە، ڕێگە نەدات منیش دوچاری هەمان ئەو ئازارەبم کە خۆی لەماوەی پێنج سال ڕاهێنانی گەلحۆیانە لە دواناوەندیی پێرسێنتاسیۆن دوچاری ببوو. دیسانەوە جێی شوکرانەبوو کە لەوسالانەدا لە کاتاکا قوتابخانەیەکی **مۆنتیسۆریایی**[1] کرابوەوە کە مامۆستاکانی، بە ڕاهێنانی پراکتیکی، هەستەکانیان گەشە پێدەداو فێری ئاوازیان دەکردین. بە هۆی توانایی‌و جوانی بەڕێوەبەرەکەیەوە، **رۆسا ئالنا فێرگۆسن**[2]، فێرکردن لەوقوتابخانەیە هەرئەوەندە شیرین‌و شکۆمەندانەبوو کە داوا لەمرۆڤ بکەن دەریبخات زیندووە. فێری ئەوەبووم چۆن سود لە هەستی بۆنکردن وەربگرم، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە بیرەوەریە دورەکانی لە بیرمدا زیندوو دەکردەوە. ئەوەندە هەستیار ببوم کە لەنێو ساردیەکانا تامی پەنجەرەم دەدیتەوە، لە نانی بەیانیدا تامی جانتا

---

[1]. Montessoriana نازناوی ماریا مۆنتیسۆری مامۆستای ئیتالی و داهێنەری شێوازێك لەمەڕ گەشەپێدانی بیرەوەری پشتبەستوو بە پێنج هەستی منالان.

[2]. Rosa Elene Fergusson

کۆنەکان، هەندێك شتی کولاّو ڕێورەسمی پاڕانەوەکانی بەبیر دەهێنامەوە. هەستکردنی تیۆری ئەوچێژە زەینیو تاکەکەسیانە شتێکی دژوارە، بەلاّم ئەوانەی ئەو هەستانەیان ئەزمون کردوە، خێرا لەو قسەیەم تێدەگەن.

باوەڕناکەم شێوازێکی باشتر لە شێوازی مۆنتیسۆریایی هەبێت کە ئاستی هەستیاری منالان لەبەرامبەر جوانیەکانی جیهان بەرزبکاتەوەو هەستیان لەمەڕ دۆزینەوەی نهێنیەکانی ژیان بوروژێنێ. ڕەخنەی ئەوەیان لێگرتوە کە گەشە بە هەستی سەرەڕۆیی‌و تاکگەرایی دەدات - ڕەنگە ئەوقسەیە دەربارەی من ڕاست دەربچێت. بەپێچەوانەوە، هەرگیز فێری دابەشکارییو شێوازی بیری ئەبستراکانە نەبووم. ئەوەندە بچکۆلانەبووین کە بەتەنها دوو هاوپۆلیم لەیادە. یەکێکیان **جوانیتا میندۆزا**[1] بوو کە لەتەمەنی حەوت ساڵیدا ماوەیەك پێش کردنەوەی قوتابخانەکان، بەهۆی گرانەتاوە مرد، ئەوەندە کەوتمە ژێرکاریگەریەوە کە هەنوکەش نەمتوانیوە، وێنەکەی بە تاجە گوڵینەو تۆڕی بوکێنیەکەیەوە کە لەنێو تابوتەکەدا ڕاکشابوو، فەرامۆش بکەم. دووهەمیان **گیێرمۆ ڤالینسیا ئابدالا**[2] بوو، کە هاوڕێیەتیمان لە یەکەمین زەنگی پشووی وانەکانەوە دەستی پێکرد، هەمیشە پزیشکی چارەسەرکەری وشکهەلاّتنی گەروم بووە لەپاش مەی خۆریەکانی شەوانی یەکشەمە.

مارگۆتی خوشکم لەوقوتابخانەیە زۆر ئازاری دەچێژا، هەرچەند هەرگیز گوێم لێ نەبوو گلەیی بکات. لەسەر کورسیەکەی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دادەنیشت، لەشوێنەکەی نەدەجولاّو ئەلف تا یێ لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد - تەنانەت لە زەنگی پشووەکانیشدا - بەدرێژایی کات لە خاڵێکی نادیار ورد دەبوەوەو چاوەڕێی دەکرد تا زەنگی دواوانە لێبدرێت. زۆر درەنگ بۆماندەرکەوت کە ئەوکاتانەی لە هۆڵە بەتاڵەکە بەتەنها دەمێنێتەوە، دوور لەچاوی هەموان، ئەو خۆڵە دەجوێ کە لە باخچەکەی ماڵەوە هێنابووی‌و لە ڕوپۆشەکەیدا قایمی کردبوو.

زۆر بەزەحمەت توانیم فێری خوێندنەوەبم. لەروانگەی منەوە شتێکی زۆر نالۆژیکی بوو کە پیتی (م) بە (میم) بخوێنرێتەوە، بەهۆی ئەو پیتە دەنگدارەوە کە پاش ئەو پیتە دێت لەباتی(میما) بە (ما) بخوێنرێتەوە. بەوجۆرە مەحاڵبوو فێری خوێندنەوەبم. دواجار، کە چوومە"مۆنتیسۆری"خانمە مامۆستاکە ناوی پیتەکانی فێر نەکردم بەڵکو چۆنیەتی دەربڕینی پیتە بێدەنگەکانی فێر کردم. بەوشێوەیە، توانیم ئەو کتێبە

[1]. Juanita Mendoza

[2]. Guillermo Valencia Abdala

بخوێنمەوە کە بۆیەکەمجار لەیەکێك لە سندوقە بچوکە تەپوتۆزاویەکانی گەنجینەی ماڵەکەمدا دۆزیمەوە. دڕاووو ناتەواو بوو، بەڵام ئەوەندە سەرنجی ڕاکێشام کە دەزگیرانەکەی سارا بینیمی شتێکی پێوتم وەك قسەکردن بوو لەسەر چارەنووسم: "**سەیرە! دواجار ئەم منداڵە دەبێتە نووسەر.**"

لەبەرئەوەی ئەو قسەیە کەسێك کردی کە بە قەڵەم ژیانی دابین دەکرد، کاریگەریەکی قوڵی لەسەر بەجێهێشتم. ماوەیەکی پێچوو تا بۆمدەرکەوت ئەوکتێبە کتێبی **هەزارویەك شەو** بوو. ئەوچیرۆکەی کە لە چیرۆکەکانیتر زیاتر حەزم لێکرد - یەکێك لەسادەترین و کورتترین ئەو چیرۆکانەی خوێندومەتەوە - تا ئەمرۆش بە باشترین چیرۆکی ئەو کتێبەی دەزانم، هەرچەندە ئێستا دڵنیا نیم لەو نوسخە دڕاوەدا خوێندبێتمەوە، کەسیشم دەست نەکەوت ئەو بابەتەم بۆ ڕونبکاتەوە. چیرۆکەکە ئەمەیە: ماسیگرێك پارچە سوربێکی لە ژنە دراوسێکەیان بە ئەمانەت وەرگرت و بەڵێنی دا، لەبری ئەوە، یەکەمین ماسی ڕاوکراوی بداتێ، ئەوکاتەی ژنەکە ناوسکی ماسیەکەی هەڵدڕی تا سوری بکاتەوە، ئەڵماسێکی هێندەی بادامێك گەورەی لەنێو سکیدا دۆزیەوە.

هەمیشە لەنێوان جەنگی پیرۆو فەنابوونی کاتاکادا جۆرەپەیوەندیەکم دەدیتەوە، لەبەرئەوەی هەر لەپاش ڕاگەیاندنی ئاشتی، باوکم، پەرێشان و حەیران، لە نێو هەزاربەهەزاری گومان و دوودڵیەکاندا گیری خوارد کە دواجار بووەهۆی گواستنەوەی ماڵەکەمان بۆ شوێنی لەدایکبوونی بۆ گوندی سینسێ. لەلای من و لویس ئێنریکێ کە لەو سەردانەدا لەگەڵی ڕۆشتین، لەڕاستیدا، قوتابخانەیەکی نوێی ژیانمان بوو، لەتەك کلتورێکی ئەوەندە جیاوازدا ئاشنا بووین وەك ئەوەی هەریەکەیان کلتوری دوو ئەستێرەی جیاوازبن. بەیانی ئەو ڕۆژەی گەیشتینە ئەوێ، ئێمەیان بردەسەر بێستانەکانی ئەوناوە، لەوێ فێری سواربوونی کەر بووین، فێربووین مانگاکان بدۆشین، گوێرەکە بخەسێنین، داو بۆ کەو بنێینەوە، بە قولاپ ماسی بگرین، لەوەش تێگەیشتین بۆچی گەماڵەکان دەلکێن بە دەڵە سەگەکانەوەو لێیان نابنەوە. لویس ئێنریکە لە دۆزینەوەی ئەو جیهانەی کە مینا لێی قەدەغە کردبووین و لە سینسێ داپیرە ئارخمیرا بێنەوەی مەبەستێکی خراپی هەبێت بێپەردە دەربارەی قسەی دەکرد، هەنگاوێك لەپێش منەوە بوو. سەرەتا بینینی ئەو هەموو مام و ئامۆزا، پور وپورزا ڕەگەزو نەژاد جیاوازە، ئەو هەموو خزموکەسەی ناوی خێزانی سەیروسەمەرەو شێوەزاری زۆر جیاوازیان هەبوو، زیاتر دەبووە هۆی سەرگەرم کردنمان تا وەك بە شتێکی نوێی لەقەڵەم بدەین، تادواجار درکمان بەوەکرد ئەوە

شێوازێکی تری خۆشەویستیو دۆستایەتیە. باپیرم لەباوکمەوە، **دۆن گابریل مارتێنز**[1]، کە مامۆستای فوتابخانەیەکی ئەفسانەیی بوو، منو لویس ئێنریکەی لە حەوشەی ماڵەکەیدا قبوڵ کرد، درەختە گەورەو عەمبە بەلەزەتەکانی لەگوندەکەدا بەناوبانگ بوو. لەیەکەم رۆژی کۆکردنــەوەو چــنینەوەی بەرهەمەکانــەوە، هــەموو رۆژێ دەیــژماردن، کــاتی فرۆشتنیان بە نرخێکی گران دانەی بەیەك سەنت، بەدەستی خۆی، یەك بەیەك لە چڵەکانی دەکردنەوە. پاش وتووێژێکی دۆستانە سەبارەت بە بیرە بێوێنەکەی لە پۆستی مامۆستایەکی شایستەدا، کاتی خواحافیزیی، عەمبەیەکی لە بەبارترین درەخت چنیەوەو دای بەهەردوکمان بەشی بکەین.

بـاوکم وای دەرخـستبوو کـە ئـەو سـەفەرە هـەنگاوێکی گرنگـە لەمـەڕ دروسـتکردنی یەکیـەتی خێزانـی، بـەڵام هـەر لەسـەرەتای چونە ناوگوندەکـەوە لـەوە تێگەیـشتین کـە ئامـانجی نهێنـیو بنـەڕەتی ئـەوەبوو دەرمانخانەیـەك لـە گۆڕەپـانی گـەورەی گوندەکـەدا بکاتەوە. منو براکەم لە فوتابخانەی مامۆستا **لوویس گابریل مێسا**[2] ناومان نووسی، لەوێ ئازادتر بووینو ئاسانتر دەمانتوانی لەتەك خەڵکی ناوچەکە خۆمـان بگونجێنین. لەسـەر گۆشـەی باشـترین شـوێنی گوندەکـە خانویـەکی دوو نهۆمیمـان بـەکرێ گـرت کـە باڵکۆنـە یەکسەریەکەی بەسەر گۆڕەپانەکەدا دەیڕوانیوتارمایی ئادیاری **فوشی بالابان**[3] بەدرێژایی شەو لە ژوورەنوستنە بەتاڵەکانیدا گۆرانی دەچڕی.

هەمووشـتێك ئامـادەبوو تـا دایکـمو خوشـکەکانم بارگـەی سـەفەر بپێـچنەوەو بـە شادیوخۆشی بگەنە خانوە تازەکەیان کە لەناکاو تەلەگرافێکی شووم هەواڵی کۆچی دوایی باپیرە نیکۆلاس مارکیزی پێ گەیاندین. لەپڕ توشـی ئـازاری گـەروو ببـو کـە پزیـشکەکان وتبوویان سەرەتانێکی بکوژە، هەر پاش ئـەوەی گەیاندیانـە سانتامارتا گیـانی سپارد. لـە منداڵەکانی لوویسا سانتیاگا، تەنها **گوستافۆ**[4]ی شەش مانگانەی برامی بینی، کە یـەکێك لـە خزمان خستبوویە باوەشیەوە تا ماڵئاوایی لێبکات. باپیرم بەدەم گیاندانەوە بـە ئامـاژەی خواحافیزی دەستی بەسەریدا هێنا. دەبوو گەلێك ساڵ تێپەڕن تا هۆشـیارانەو قـوڵ لـەوە تێبگەم ئەو مەرگە لەناکاوە چ مانایەکی لەلا بەجێهێشتم.

---

[1]. Don Gabriel Martinez

[2]. Luis Gabriel Mesa

[3]. alcaravan، باڵندەیەکی قاچ درێژە بەگەردنێکی بلند و دەنووکی کورتو ژێرسکی سپی و پەڕی رشوسپیەوە، کە بەشەکانیتری لەشی سوورە، جگەلەسەری کە رەشێکی مەیلەوسەوزە.

[4]. Gustavo

بەهەرحاڵ، گواستنەوە بۆ سینێسیْ ئەنجام درا، جگە لە منداڵەکان، داپیرە میناو پورە مامای نەخۆش‌و پورە پا، کە بەدڵسۆزی چاودێریی هەردووکیانی دەکرد، هاتن. شادومانی پڕ لەچێژی ژیانی ئەویْ ئاوێتەی تاڵی بەباچونی پلانەکانی باوکم ببوو، هێشتا ساڵێک تێنەپەڕیبوو، وەکو ئەوەی دایکم دەیڵێت"**دەست لەگونان درێژتر**"ـ ئەم قسەیە تەنها لە دۆخە ناچاریەکاندا بەکاردەهێنیْ ـ گەڕاینەوە خانوە کۆنەکەی کاتاکا. باوکم لە بارانکیا مایەوە بۆئەوەی بزانێت چۆن دەتوانیْ چوارەمین دەرمانخانەی لەویْ بکاتەوە.

دوا بیرەوەری خانوەکەی کاتاکا لەو رۆژە سەختو داخاویانەدا، ئەو ئاگرەبوو کە لەحەوشەکە کردیانەوە بۆئەوەی جلوبەرگەکانی باپیرەی تێدا بسوتێنن. کراسە سەرشان دارەکان‌و جلوبەرگە سەربازیە کەتانیە سپیەکانی، کە تایبەتی سەرهەنگە پارتیزانەکان بوو، جلەکانی ئەوەندە لەخۆی دەچوون دەتوت خۆشی بەزیندویی لەگەڵیان دەسوتیْ. بەتایبەت کڵاوە مەخمەڵە زۆرەکانی کە دیارترین ئاماژەی شوناسی سەرهەنگ بوون‌و لەدوورەوە خەبەری ئامادەبوونی ئەویان رادەگەیاند. لەنێو کڵاوەکاندا کڵاوە چوارخانە مۆدێل ئۆسکۆتلەندیەکەی خۆم بینی کە بەهەڵە لەتەك جلەکانی باپیرە خستبوویانە ئاگرەکەوە، لەناکاو بەهۆی هەستێکی شایەتحاڵانەوە بۆمدەرکەوت کە ئەو رێورەسمی جلوبەرگ سوتاندنە بەشێوەیەکی دابڕاوانەو حاشا هەڵنەگر پێگەو رۆڵی منی لە مەرگی باپیرمدا دیاریی‌و جێگیر دەکرد. ئێستا بەڕونی لەو خاڵە تێدەگەم: بەشێك لە بونم لەتەك ئەودا مرد. بەڵام لەهەمان کاتدا، بەبیْ تۆزقاڵێك گومان، لەوباوەڕەدام کە هەر لەوکاتەوە نووسەرێکی منداڵبووم کە تەنها لەخوێنەواریم کەمبوو.

هەمان ئەوهەستە بوو، کە ئەوکاتەی لەگەڵ دایکم لەو خانوەی نەمانتوانیبوو بیفرۆشین هاتینە دەرەوە، توانای ژیان‌و پایەداریی پێبەخشیم. لەبەرئەوەی پێدەچوو لەناو وساتدا شەمەندەفەری گەڕانەوە بگاتەجیْ، یەکڕاست بەرەو وێستگەکە بەڕێکەوتین، بێئەوەی بەبیرماندا بێت سەرێك لە دۆستە کۆنەکانمان بدەین. دایکم وتی :"**دواتر لەبوارێکدا دەگەڕێینەوە.** "بە هۆی ئەو تاکە رستە باوەی گەیشتە مێشکی، دەیویست بڵێت چیتر هەرگیز پیْ ناخەینەوە ئەویْ. ئەمەش لەکاتێکدابوو کە من لەوکاتەوە دەمزانی تا دواساڵەکانی تەمەنم دڵم بۆ رەشەبای کاتژمێر سێی پاشنیوەڕوان لێدەدات.

تاقانە تارمایەکانی وێستگەی شەمەندەفەرەکە بووین، ئەڵبەتە جگە لەو کارمەندەی بە بەرگی تایبەتیەوە جگە لە بلیت فرۆشتن گەلێك کاریتری جێبەجیْ دەکرد کە لەم سەردەمەی ئێمەدا بۆ جێبەجیْ کردنیان بیست تا سی مرۆڤی چالاکی پێویستە. هەوا وەکو ئاسن داغ ببوو. لەوبەری هێڵە ئاسنینەکانەوە تەنها وێرانەی شارۆچکە قەدەغەکەی

کۆمپانیای مۆز بەدی دەکرا، ماڵە ئەشرافیە بێ سەقفە سوورەکانی، دارخورما دارزیوەکانی نێو هەرزە گیاکانیو پاشماوەی خەستەخانە داروخاوەکە، لەوسەری گردەکەش، بینای مۆنتیسۆری چۆڵوهۆڵی ناوەڕاستی دار بادامە وشکەکانو گۆڕەپانە وێرانەکەی بەرامبەر وێستگەی شەمەندەفەرەکە کە هیچ ئاماژەیەکی شکۆ مێژوویەکەی وەك خۆی نەمابوو.

لەهەرچییەکم دەڕوانی نیگەرانییەکی توندی لە ناخمدا دەوروژاندو هانی دەدام بنووسم بۆئەوەی نەمرم. پێشتریش گەلێك جار ئەو هەستە داوێنی گرتبووم، بەڵام ئەو بەیانییە بۆ یەکەمجار وەك تەزوویەکی سروش بەخش ناسیمەوە، واژەیەکی نەفرەت ئەنگێزو لەهەمان کاتیشدا ئەوەندە واقیعی کە سەرجەم شتەکانی سەرەڕێی گڕ تێبەردەدات بۆئەوەی زوو دەستی بە خۆڵەمێشەکەیان رابگات.

لەیادم نییە قسەیەکی تر لە نێوانماندا کرابێت، تەنانەت لەنێو شەمەندەفەری گەڕانەوەشدا هەردوکمان بێدەنگیمان بەباشتر زانی. سپێدەدەمی رۆژی دووشەممە، ئەودەمەی لەنێو کەشتی فەکسەنیدا دانیشتبووینو شنەی فێنکی سیێناگای خەواڵوو نەوازیشی دەکردین، دایکم هەستی بەوەکرد کە منیش نەمتوانیووە بنووم، لێی پرسیم:

- بیر لەچی دەکەیتەوە؟.

وەڵامم دایەوە - **خەریکم دەنووسم** -و زۆربەپەلە میهرەبانانەتر وتم -: **یان باشترە بڵێم، بیر لەوشتە دەکەمەوە کە دەمەوێت هەر گەیشتمەوە نوسینگەکەم بینووسم.**

- ناترسی باوکت لە خەفەتا دیق بکات؟

بەخۆدزینەوەیەکی جانانە هێرشەکەیم پوچەڵ کردەوە.

- ئەوەندە هۆکاری بۆ مردن هەبووە کە ئەمەیان بەلایەوە هەر هیچ نییە.

هەرگیز کاتی ئەوەنەبوو خۆم دەرگیری نووسینی رۆمانێکی نوێ بکەم، بە تایبەت کە لەتەك رۆمانەکەی یەکەمدا گرفتم هەبوو، وەك کەر لەقوڕ چەقیبووم، لەپاڵیدا فۆرمەکانیتری چیرۆك نووسینم تاقی دەکردەوە کە هەندێك جار دەرئەنجامێکی باشی هەبوو، هەندێك جاری تریش دەرئەنجامێکی روخێنەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوشەوە ململانێیەکی بێزارکەرم بەسەر خۆمدا سەپاند: **یان بنووسە یان بڕۆ بمرە.** بە وتەی ریلکە[1]: **"ئەگەر جەنابتان دەتوانن بەبێ نووسین بژین، لەخۆڕا زەحمەتی نوسین مەدەنە بەرخۆتان. "**

---

[1]. Rainer Maria Rilke (١٨٧٥ - ١٩٢٦) شاعیرونوسەری ئەڵمانی.

لەپەنجەرەی تەکسیەکەوە، کە دەیبردینە بەندەرەکە، بارانکیای خۆشەویستو پڕبیرەوەریم دەبینی لەژێر تیشکی چراکانی ئەو ئێوارەی خێرا چارەنووس سازەدا غەمگینو نامۆ دەهاتە بەرچاو. ناخودای کەشتی بچوکی ئێلینێ مێرسیدس[١] داوای لێکردین من ودایکم لەگەڵی بچینە گوندی سوکرە[٢]، کە لەدەسالٚ پێشترەوە لەوێ نیشتەجێ بوون. تەنانەت بیرکردنەوە لەوە ئازاری دەدام. بەماچێك خواحافیزیم لەدایکم کرد، ئەویش لەچاوەکانم وردبوەوەو بۆیەکەمجار پاش نزیکەی سی کاتژمێر پێکەنی، وەك هەمیشە شەیتانانە لێی پرسیم:

- باشە دواجار چی بە باوکت بڵێم؟

دەستم لەخۆم بەرداو وتم:

- پێی بڵێ زۆرم خۆش دەوێ بەهاوکاری ئەو دەبمە نووسەر. پێشی کەوتمو بێبەزەییانە ڕێگەی هەرجۆرە سازیشێکم لێ بەستەوە .: **تەنها نووسەر، هەر ئەمەو هیچیتر.**

حەزم لە دووپات کردنەوەی ئەو ڕستەیە بوو، هەندێك جار بە گاڵتەوە وام دەوتو هەندێك جاریش بە ڕاستی، بەلام هەرگیز وەك ئەوڕۆژە ئەوندە لێبڕاوانەوەو بەهێز نەموتبوو. لەسەر بەندەرەکە مامەوەو وەلامی دەست بەرزکردنەوە هێمنانەکانی دایکم دایەوە، تائەوکاتەی کەشتی فەسکۆنی لەنێو قەرەباڵغی قایەخەکاندا دیار نەما. ئەوکات، بەپەلە خۆم گەیاندە نوسینگەی ئالئارالدۆو بەو هەڵچوونەوە کە وەکو خۆرە گیانی دەخواردم، بێئەوەی هەناسەیەك بدەم، ڕۆمانە تازەکەم بە ڕستەکەی دایکم دەست پێکرد:"**هاتووم داوات لێبکەم بەڵکو هاوکاری بفەرموویتو بۆ فرۆشتنی خانوەکە لەگەڵم بێیت.** "

شێوازی کارکردنم لەوڕۆژانەدا جیاوازبوو، لەوکاتەوەی وەك نووسەرێکی پرۆفیشناڵ دەستم بەکار کرد. تەنها ناوەرۆکی ڕستەکانم دەنووسی - ئێستاش هەمان کار دەکەم - بەلام خۆم بە پەرەگرافەکانەوە سەرقاڵ نەدەکرد بۆئەوەی وایان لێبکەم بەدڵم بنو ئیتر دەستبەرداریان بم - وەك ئێستا - بەڵکو سەرجەم ئەو کەرەستە خاوەی لە ناخمدابوو هەڵدەڕشتە سەر کاغەز. هەستدەکەم ئەو شێوازە لەبەر بارودۆخێکی تایبەتی بەسەرمدا سەپابوو، بە واتای درێژی کاغەزەکان، کە شریتی درێژی لێواری (ڕۆڵەکان) بوونو زورجار نزیکی پێنج مەتر درێژ دەبوونەوە. دەرئەنجامەکەی کۆپیەکی سەرەتایی باریكو درێژو

---

١. Eline Mercedes

٢. Sucre

تۆمارناسابوو كە وەك تاقگە بە ئامێری چاپەكەدا شۆڕ دەبوەوەو ئەوكاتەی كەسێك بابەتەكەی دەنووسی بە ژورەكەدا پان دەبوەوە. سەرنووسەرەكەمان درێژی وتارەكانی بەپێی لاپەڕە یان وشە دیاری نەدەكرد، بەڵكو بە سانتیمەتر دەیویست. دەیوت:"**رێپۆرتاژێكی یەك مەتر ونیویمان پێویستە.** "لە ناوەندی تەمەنمدا ئەوەدەمەی بێزاری رابردوو داوێنی گرتمو زۆر حەزمكرد لەسەر ئەو قەبارەی كاغەزە بنووسم، لەپڕ بۆمدەركەوت لە راستیدا هێچ جیاوازیەكی لەتەك لاپەڕەی كۆمپیتەردا نییە.

بە حەزێكی ئەوەندە قوڵەوە دەستم بە نووسینی رۆمانەكە كرد، كە هەستم بە تێپەڕینی كات نەكرد. كاتژمێر دەی بەیانی، مەترێك زیاترم نووسیبوو لەناكاو ئالفۆنسۆ فیۆنمایۆر دەرگاكەی كردەوە، حەپەساو لەبیری چوو كلیلەكەی لە دەرگاكە دەربهێنێت، داماوە بەجۆرێك لەشوێنی خۆی واقی وڕمابوو وەك ئەوەی بەهەڵە دەرگای تواڵێتی كردبێتەوە. پاش كەمێك ئینجا ناسیمیەوە.

بە سەرسوڕمانەوە وتی ـ **سەیرە! بەم بەیانیە جەنابتان چی دەكەن لێرە؟**

لە وەڵامیدا وتم ـ **خەریكم گرنگترین رۆمانی ژیانم دەنووسم.**

ئالفۆنسۆ بە تانەوە لێی پرسیم ـ **رۆمانێكیتر؟ كەواتە بەم پێیە بێت دەبێ وەكو سەگ حەوت رۆحتان هەبێت، یان ڕەنگە زیاتریش.**

بۆ ئەوەی خۆم لە رونكردنەوەی زیادە بەدوور بگرم، وتم ـ **دەكرێت بڵێین وایە، بەڵام بە مانایەكی خوازراو.**

بەیەكترمان نەدەوت"تۆ"، لەبەر ئەوەی خووی سەیری كۆلۆمبیەكان ئەوەیە كە لەیەكەم بینیندا بەیەكتر دەڵێن"تۆ"وئەوكاتەی دەبنە هاوڕێی یەكدی دەڵێن"جەنابتان"ـ ژن ومێردەكانیش بەهەمان شێوەن.

كۆمەڵێك كتێبو كاغەزی لە جانتایەكی ناشرین دەرهێناو لەسەر مێزەكەی داینا. لەهەمان كاتدا، چاوبرسیانە ختمیە ژێر سەرنجو هەوڵیدا لە پشت چیرۆكی شێتانەی سەفەرەكەمەوە پەی بە گۆڕانكاریە سۆزداریەكەم ببات. دواجار، هیچ چارەم نەما جگە لەوەی وەك خووی هەمیشەییم ئەوشتەی بێتوانابووم لە رونكردنەوەی، لە رستەیەكی بێ گەڕانەوەدا كورتی بكەمەوە.

وتم ـ **ئەمە گەورەترین روداوی ژیانمە.**

ئالفۆنسۆ وتی ـ **جێگەی سوپاسگوزارییە كە دواهەمینیان نییە**

تەنانەت زەحمەتی بیركردنەوەی نەدایە بەرخۆی، لەبەرئەوەی ئەویش لەتوانایدا نەبوو هیچ شتێك قبوڵ بكات، مەگەر ئەوەی پێشوەخت بەسەر رەهەندە واقیعیەكانیدا بەشی نەكردبێت. بەڵام لەبەرئەوەی بەباشی دەمناسی، سەرنجی ئەوەم دا كە هەرچەندە

باسکردنی سەفەرەکە وەك ئەوەی چاوەڕێم دەکرد نەیوروژاند، بەڵام ختوکەیەکی دا. کات ڕاستی ئەو باوەڕەمی ئاشکرا کرد: ڕۆژی دوای ئەوە، دەربارەی ئەوەی دەمنوسی هەندێك پرسیاری دەکرد کە هەرچەندە بە ڕواڵەت بێبایەخ‌و پەرت دەهاتنە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر هەڵسەنگێنراوو ورد بوون، بەتەنها ئاماژەیەکی بچوکیم بەس بوو تا تێبگەم شوێنێکی کارەکە خەوشێکی هەیەو دەبێت چاکی بکەم.

بەدەم قسەکردنەوە سەر مێزەکەم کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی چۆڵ بێت، لەبەرئەوەی ئالفۆنسۆ دەبوو ئەو بەیانیە سەروتاری **گرۆنیکا** بنووسێت. هەواڵێکی دامێ کە بەدرێژایی ئەو ڕۆژە بێتاقەتی کردم: چاپکردنی ژمارەی یەکەم، بۆ جاری پێنجەم، بەهۆی دواکەوتنی کاغەزی چاپەوە، دوا کەوتبوو، بەو واتایەی هەفتەی داهاتوی چاپ نەدەکرا. ئالفۆنسۆ وتی:"**گەر زۆریش بەختمان هەبێت سێ هەفتەیتر دەردەچێت.** "

ئەم ڕوداوەم بە شتێکی باش لەقەڵەمداو لای خۆم حسابم بۆ ئەوە کرد کە بە کەڵك وەرگرتن لەو بوارەی هەڵکەوتووە دەتوانم سەرەتای ڕۆمانەکەم دەستنیشان بکەم‌و کەمێك ڕێکی بخەم، لەبەرئەوەی هێشا زۆر سادە بووم‌و نەمدەزانی ڕۆمانەکان بە پێی خواست‌و ویستی ئێمە دروست نابن، بەڵکو چۆن ئارەزوی بکەن بەوجۆرە گەشە دەکەن. بەو ناونیشانەی، شەش مانگ دوای ئەوە، ئەودەمەی هەستم دەکرد ڕۆمانەکەم تەواو کردوە، ناچاربووم جارێکیتر دە لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە بە تەواوەتی بنوسمەوە بۆئەوەی لای خوێنەر ڕاستەقینە بنوێنێت، پاش ئەوەش تا ئێستاش لەوباوەڕەدام بێ کەم‌و کورتی نین. دیاربوو ئەو دواکەوتنە ببوەهۆی ئەوەی ئالفۆنسۆش هەناسەیەکی خۆش هەڵبکێشێت، لەبەرئەوەی لەباتی ئەوەی ببۆڵێنێ، چاکەتەکەی داکەندو لەسەر کورسیەکەی دانیشت، بۆئەوەی درێژە بە هەڵەچنی چاپی نوێی فەرهەنگی ئەکادیمی پاشایەتی بدات، کە چەند ڕۆژێك پێشتر بەدەستمان گەیشتبوو. ئەوکارە، تاکتیکە تازەکەی بوو: کارەکە لە کاتێکەوە دەستی پێکرد، کە بەرێکەوت، هەڵەیەکی لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا دۆزیەوە، هەڵە چاککراوەکەی بە بەڵگەوە ڕەوانەی دەستگای چاپەکەی کرد لە لەندەن، لەوکارەشدا ئەو یاداشتەی دەستگیری بوو سوپاسنامەیەك بوو کە ماوەیەك پاش ئەوە بەدەستی گەیشت‌و بابەتێکی بۆ گاڵتە پێکردن دا بەدەستیەوە:"**دواجار بەریتانیاش بوە قەرزارباری ئێمەی کۆلۆمبی.** "دەستگای چاپەکە بەوپەڕی لەخۆبردوییەوە دانیان بە هەڵەکەیاندا نابوو داوایان لێکردبوو درێژە بە هاوکاریەکانی بدات لەگەڵیاندا. چەند ساڵێك بەوشێوەیە تێپەڕی، جگەلەوەی لە هەمان فەرهەنگدا چەند هەڵەیەکیتری دۆزیەوە، لە فەرهەنگی زمانەکانیتریشدا گەڵێك هەڵەی زەقی دۆزیەوە. بە تێپەڕینی کات، دوچاری خوویەکی نەخۆشانەی چاککردنی فەرهەنگی ئیسپانی‌و ئینگلیزی‌و فەرەنسی بوو، گەر بڕیاربا

چەند کاتژمێرێك لە زۆری چاوەڕوانی شوێنێکدا بباتەسەر، یان لە ریزی چاوەڕوانی پاس‌و ریزەکانیتری ژیان، خۆی بە گەڕانی ورد لە هەڵەکان‌و راوی هەڵەکانی ئاخافتنەوە سەرقاڵ دەکرد.

کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ، بەرگەی هەوای گەرم نەدەگیرا. دوکەڵی جگەرەکانمان، ئەو روناکیە کەمەی کە لە هەردوو پەنجەرە بچوکەکەی نوسینگەکەوە دەڕژایە ژورەوە تەمومژاوی کردبوو، بەڵام هیچکامان هەوڵی ئەوەمان نەدا هەوای ژورەکە بگۆڕین، رەنگە لەبەرئەوەی بەو دوکەڵە مودمین ببووین‌و بەنیاز بووین تا ئەوڕۆژەی دەمرین هەڵیبمژین. یەکێك لە خۆشبەختییە میراتیەکانم ئەوەیە کە دەتوانم لە ژێر سێبەرێکدا گەرمای سی پلەیی تەحەمول بکەم‌و دەنگم لێوە نەیەت. بە پێچەوانەشەوە، ئالفۆنسۆ لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما یەك بەیەك جلەکانی دادەکەند، بێئەوەی دەست لەکارەکەی هەڵبگرێت: بۆینباخ، کراس‌و فانیلەی ژێرەوە. بەوپێیە، هەرچەندە خۆی لە عەرەقدا دەخووسا، بەڵام جلەکانی بە وشکی دەمانەوە،و دەیتوانی ئەودەمەی هەوا فێنك دەبوو، بە پاکوخاوێنی‌و ئوتوکراوی لەبەریان بکاتەوە. رەنگە نهێنی ئەوەی هەمیشەو لە هەموو شوێنێك بە کراسی سپی بێ لەك‌و گرێی خواری بۆینباخ‌و قژە زبرو سورپێستانەکەیەوە کە بە وردەکاریەکی ئەندازەیی لە ناوەراستدا لەت کرابوو، دەبینرا، ئەوەبووبێت. کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ، کە لە توالێتەکە هاتەدەرەوە، دوبارە تەڕوبڕو وەك گوڵ رازاوەو جوان‌و وەك مرۆڤێك کە تازە لە خەوێکی ئاسودە هەستابێت چالاك‌و لەسەرخۆ بوو. کە بە پاڵمدا تێپەڕی لێمی پرسی:

- نان بخۆین؟

وتم - برسیم نییە، مامۆستا.

مانای ئەو وەڵامە لە زمانی هێمائامێزی خێڵەکەماندا شتێکی ئاشکرا بوو: گەر بموتبا بەڵێ مانای ئەوەبوو پارەم پێ نییە، دوو رۆژی رابردوو جگە لە نانی وشك‌و ئاو هیچیترم نەخواردبوو، بەوشێوەیە، بەبێ دڵدانەوەو بێنەوبەردە لەگەڵی دەڕۆشتم‌و بە دڵنیایی بانگهێشتی دەکردم. بەڵام وەڵامی - برسیم نییە - دەکرا گەلێك مانای هەبێت، بەڵام بەوجۆرەی من وتم ئەوەی لەلای هاورێکەم رونکردەوە کە بۆ نانی ئەو نیوەڕۆیە ئاشەڵم. بڕیارماندا، ئەو عەسرە، وەك هەمیشە، لە کتێبخانەی مۆندۆ یەکتر ببینین.

کەمێك لە پاش عەسر، سەروکەلەی پیاوێك دەرکەوت کە لە ئەکتەری سینەما دەچوو. زۆر بۆر بوو، پێستێکی سوتاو، جوتێك چاوی شینی پڕلەنهێنی‌و دەنگێکی گەرم‌و مۆسیقی هەبوو. لەکاتێکدا دەربارەی رۆژنامە لەدایك نەبووەکەمان قسەمان دەکرد، بە شەش هێڵی مامۆستایانە وێنەی گایەکی کێشاو لەژێریا پەیامێکی بۆ فیۆنمایۆر نووسی‌و

ئیمزای کرد. دواتر، قەڵەمەکەی خستەوە سەر مێزەکە، خواحافیزی کرد، چووە دەرەوەو لە پاش خۆی دەرگاکەی بە توندی داخست. ئەوەندە خەیاڵم لەلای نووسینەکەی بوو کە تەنانەت ئیمزای ژێر وێنەکەم نەخوێندەوە. پاشماوەی ئەو رۆژە، بێئەوەی هیچ ... رەوو بخۆمەوە، درێژەم بە نووسین دا، ئەودەمەی رۆشنایی عەسەر بەسەرچوو، بە ناچاریی، بە کوێرەکوێر لەنووسینگەکە هاتمە دەرەوە، هێڵکاریی سەرەتایی رۆمانەکە لە مێشکمدا دروست ببوو، بەتەواوەتی هەستم بە دڵنیایی‌و خۆشنودی دەکرد لەبەرئەوەی بە دڵنیا بووم لەوەی پاش ساڵێك نووسینی بێ دەرئەنجام‌و نائومێدانە، دواجار گەیشتبوومە رێڕەوێکی جیاواز کە بە دڵنیاییەوە دەیگەیاندمە ئەنجامێکی باش.

ئەوشەوە تازە لەوە تێگەیشتم کە میوانەکەی ئەو عەسرە، **ئالیخاندرۆ ئۆبێرگۆن**[1]ی وێنەکێش بوو کە زۆرجار دەچووە ئەوروپاو تازە گەڕابووەوە کۆلۆمبیا. لەوکاتانەدا، جگە لەوەی بە یەکێك لە وێنەکێشە گەورەکانی وڵات لەقەڵەم دەدرا لە نێو دۆست‌و ئاشناکانیدا زۆر خۆشەویست بوو، وادەی گەڕانەوەکەی پێش خستبوو بۆئەوەی لە رێورەسمی ناساندنی کرۆنیکادا بەشداریی بکات. لەنێو کۆڕی هاوڕێ نزیك‌و خۆمانەکانیدا لە بارێکی بێ ناودا لە بنبەستی"لا لوز"[2] رێك لە ناوەڕاستی"باریۆ ئاباخۆ"[3]دا، چاوم پێی کەوت، کە فۆینمایۆر بە سروشی ناونیشانی نوێترین رۆمانی گراهام گرین، ناوی نابوو: **پیاوی سێهەم.** هەمیشە، گەڕانەوەی ئۆبێرگۆن بۆ نیشتیمان رووداوێکی مێژوویی‌و فەرامۆش نەکراو بوو، کۆبونەوەی ئەوشەوە بە نمایشکردنی قالۆنچەیەکی دەستەمۆ کۆتایی پێهات کە وەکو خزمەتکارێکی خۆش خزمەت، بێ چەنوچوون فرمانەکانی خاوەنەکەی جێبەجێ دەکرد. لەسەردوو قاچ رادەوەستا، باڵەکانی دەکردەوە، بە جیڕەجیڕێکی ئاهەنگ ئامێزەوە ئاوازی دەخوێندو ئەوکاتەی چەپڵە لێدەدرا، بە چەند جوڵەیەکی هونەریانە سوپاسی چەپڵەی بینەرانی دەکرد. دواجار، ئۆبێرگۆن، لەبەرچاوی خاوەنی قالۆنچەکە، کە لەتاو چەپڵەی بینەران ئاگای لەخۆی نەمابوو، بە دوو پەنجە باڵەکانی قالۆنچەکەی گرت‌و بێئەوەی گوێ بداتە نیگای سەرسامانەی هاوڕێکانی، قالۆنچەکەی خستە ناو دەمی‌و بە چێژێکی پڕئارەزووانەوە، بەزیندویی جویی‌و قوتی دا. چەندە دەوروخولی خاوەنەکەیان داو پارەیان کرد بە گیرفانی ئەو پیاوە خەفەتبارەدا، نەیانتوانی دڵنەوایی ئەو داماوە بدەنەوە. دواجار تێگەیشتم ئەوە نە یەکەمین سیسرك‌و نەدواهەمین سیسرك بووە کە ئۆبێرگۆن لەبەرچاوی بینەران قوتی داوە.

---

[1]. Alejandro Obergon

[2]. La Luz (نور، رۆشنایی)

[3]. Barrio Abajo (گەڕەکی خوارو)

هەرگیز وەك ئەو رۆژانە هەستم بە پەیوەندیو وابەستەیی نەكردبوو بەو شارەو بەو دوو نیـو دەسـتە هاورێیـەی، كـە وردەوردە لـە نێـو كۆڕوكۆبونـەوە رۆژنامـەوانیو روناكبیریەكاندا بە ناوی گروپی بارانكیاوە ناوبانگی پەیدا كردبوو. ژمارەیەك نووسەرو وێنەكێشی لاو بوون، كە بەجۆرێك لە جۆرەكان، رابەرایەتی ژیانی فەرهەنگی شاریان دەكرد،و دۆن رامون بینیزی شانۆنامەنووسو بلاوكەرەوەی ئەفسانەیی كاتالانیان، كە لە ١٩٢٤ەوە ناوی گەیشتبووە فەرهەنگنامەی **ئێسپاسا**[1]، بە مامۆستاو رێبەری خۆیان قبوڵ كردبوو.

ئاشنابوونم لەتەك ئەوان دەگەڕایەوە بۆ سێبتامبەری ساڵی پێشوو، كە لەسەر داوای بەپەلەی **كێلمێنتێ مانوێل زابالا**[2]ی سەرنووسەری رۆژنامەی **ئال یونیڤێرساڵ**[3]، یەكەمین یاداشـتەكانی دوالاپـەڕەی ئـەو بلاوكراوەیـەم دەنووسـی، لـە كارتاخانـاوە - شـوێنی نیشتەجێبوونی ئەو كاتانەم - هاتمە بارانكیا. بەدرێژایی شەو پێكەوە دەمەتەقێمان كرد، لەسەر هەموو شتێك قسەمان كردو لەودەمەوە پەیوەندی ئارەزوومەندانەو پایەداری نێوانمان بەرقەرار بوو، لە ئارەزووەكانی یەكتر تێگەیشتینو كەوتینە كتێب گۆڕینەوە، دواجار بڕیارمدا هاوكارییان بكەم. سێ كەسی ئەندامی گروپی بنەڕەتی، بە هۆی سەربەخۆیی كەسایەتیو توانایی و زەوقی لەڕادەبەدەریان، لەوانیتر لە پێشتر بوون: **ژێرمەن ڤارگاس**[4]، ئالفۆنسۆ فوئینمایۆرو **ئالڤارۆ سێپێدا سامۆدیا**[5]. ئەوەندە لەیەكتر دەچووین كە هەندێك كەس لەڕووی بەدخوییەوە دەیانوت كوڕی باوكێكن، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو گا ناوچەوان قەشانانە بووین، كە بەهۆی بیری ئازادو سەربەخۆیی بیروراكانمان، ویستی بێبەربەستو پێش پێنەگیراوو لێبڕاوی داهێنەرانەمان، كە دەبووەهۆی ئەوەی لەبەرامبەر هیچ بەربەستێك ملكەچ نەكەینو بە چنگو ددانو هەركامان لەسەر شێوازی خۆمان رێگەی خۆمان بكەینەوە - دەرئەنجامی هەوڵەكانمان هەندێك جار سەركەوتوانەو هەندێك جاریش بە ناكامی دەمایە - لەزۆربەی كۆڕوكۆبونەوەكاندا بەهیچ شێوەیەك خۆشیان نەدەویستین.

---

[1]. Espasa

[2]. Clemente Manuel Zabala

[3]. El Universal

[4]. German Vargas

[5]. Aivaro Cepeda Samudio

ئالفۆنسۆ نوسەرو رۆژنامەنوسێکی بیستو هەشت ساڵانەو پایەبڵند بوو کە ماوەیەکی زۆر ـ کە بەناوی وەرگێڕاوی شکسپیری پووک[1] ـ ستونێکی لەژێر ناوی "هەوای رۆژ" لە ئال ئارالدۆدا دەنووسیو لەو ستونەدا قسەی لەسەر بابەتە رۆژانەکان دەکرد. هەرچەندە لەتەك رۆحیەتی بێ کۆتوبەندو تەنزئامێزی زیاتر ئاشنا دەبووین، فورستر دەمانتوانی لەوە تێبگەین چۆن بواری هەبووە ئەو هەموو کتێبە بە چوار زمانی جیاوازو لەسەر بابەتی وێناکراو بخوێنێتەوە. وەك دوا ئەزمونی ژیانی، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، ئۆتۆمبێلێکی زۆر گەورەو کۆنی کڕی، کە بێباکانە بەخێرایی بیست کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا لێی دەخوڕی. شۆفێری تەکسیەکان، هاورێ نزیەكو هەستیارترینی خوێنەرەکانی، لەدورەوە دەیانناسیەوەو رێگەیان بۆ دەکردەوە.

ژێرمەن بارگاس کانتیۆ، ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی ئال ناسیۆنال[2]، ئەو رەخنەگرە ئەدەبیە روناکبیرەبوو کە قەڵەمێکی توندو برینداركەری هەبوو، بەهۆی نووسینە رەوانو کاریگەرەکەیەوە دەیتوانی ئەوە لەلای خوێنەرانی بسەلمێنێت کە ئەوەی دەینوسێت حەقیقەتە. یەکێکبوو لە هەرە بێژەرە باشەکانی رادیۆو بێگومان لەنێو ئەو کەسانەی لەودەمانەدا لەوبوارەدا کاریان دەکرد، لە هەموویان رۆشنبیرتر بوو، بەنمونەیەك لەو پەیامنێرە خۆرسکانە دادەنرا کە هەمیشە ئیرمیم پێدەبردن. مووی بۆرو ئیسقانی ئەستور بوو، جوتێك چاوی شینی مەترسیداری هەبوو، هەرگیز لەوە تێنەگەیشتین چۆن هەموو چرکەیەك دەزانێت لە نێوەندە هونەریەکەماندا چ باسەو کام کتێبو کام وتار بەکەڵکی خوێندنەوە دێن. بێقەراریە هەمیشەییو خێراکانی، چرکەیەك ئارامی بۆ نەدەهێشتەوە، دۆزەرەوەی ئەو توانایە بایەخدارو نەناسراوە ئەدەبیانە بوو، کە لە کونو فوژبنی پرۆڤینسیای پەراوێزکەوتووو فەرامۆشکراو بە گومناویو شاراوەیی دەژیانو ئەو دەیویست ئاشکرایان بکات. شانسی هەبوو کە لە وڵاتی ئەو خەڵکە بێهۆشەدا، هەرگیز ئارەزوی فێربوونی شۆفێری لەگەڵەی نەدا، لەبەر ئەوەی هەمووومان لەوە دەترساین نەبا لەکاتی لێخورینیشدا دەست لە خوێندنەوە هەڵنەگرێت.

بە پێچەوانەوە، ئالڤارۆ سیپدا سامۆدیۆر، پێشئەوەی هەرشتێکیتر بێت، شۆفێرێکی شێتبوو. ئۆتۆمبێلو ئەدەب وەك یەك سەرنجیان رادەکێشا ـ گەر لەسەر مێزەکەی کەمێك ئارامی بگرتبا گەلێك چیرۆکی جوانی دەنووسی، لە بواری رەخنەی فیلمدا بلیمەت بووو بێگومان لەنێو رەخنەگرە سینەمایەکانماندا کەسێکی لەو رۆشنبیرترو خوێنەوارتر پەیدا

---

[1]. Puck، یەکێك لە کەسایەتیەکانی شانۆنامەی خەیاڵی نیوەشەوێکی هاوینی بەرهەمی شکسپیر

[2]. El Nacional

ئەدەبوو، دەستێکی شارەزایانەی لە وروژاندی باس و گوفتوگۆ جەسورانەکاندا هەبوو. بەزنی لە قەرەجەکانی سییناگراندێ دەچوو، بە پێستێکی ئەسمەرو قژێکی ڕەش و ئالۆزکاوو نیگایەکی شەیتانە کە دڵ ناسکیەکەی ئەدەشاردەوە. پاپوچی لە قوماش دروستکراوو لەڕادەبەدەر هەرزانەکانی لەپێ دەکرد، بەردەوام جگەرەیەکی چەروتی گەورە بە لا لێویەوە بوو، کە دەکرێت بڵێین هەمیشە کوژاوە بوو. یەکەمین ئەزمونە رۆژنامەوانیەکانی لە ئال ناسیۆنالدا بەدەستهێناو یەکەمین چیرۆکەکانیشی هەر لەو بڵاوکراوەیەدا چاپ کرد. ئەو ساڵە لە نیۆیۆرك لە خولێکی بڵندی رۆژنامەنووسیدا لە زانکۆی کۆلۆمبیا بەشداری کرد.

ئەندامێکی پێشڕەوی گروپەکە، کە بایەخ و پێگەی هیچ لە دۆن رامۆون کەمتر نەبوو، **خوسێ فلێکس فوینمایۆر**[1]ی باوکی ئالفۆنسۆ بوو. رۆژنامەنووسێکی مێژوویی و چیرۆکنووسێکی بەرجەستە بوو، کە کۆمەڵە شیعرێك (**خواوەندە ئیلهام بەخشە ئیستیوایەکان، ۱۹۱۰**)و دوو رۆمانی (**کاکێشان، ۱۹۲۷و بەسەرهاتی غەمگینانەی چواردە پیاوی زانا، ۱۹۲۸**) بڵاوکردبوەوە. هەرچەندە هیچکام لەو بەرهەمانە زۆریان لێ نەفرۆشرا، بەڵام رەخنەگرە پسپۆرەکان بەردەوام خوسێ فلێکسیان بە یەکێك لە باشترین چیرۆکنووسە کۆلۆمبیەکان لە قەڵەم دەدا کە لە نێو کەشی داخراوو خنکێنەری پرۆڤینسیا بواری گەشەکردنی بۆ هەڵنەکەوتبوو.

تا پێش ئەوەی چاوم پێی بکەوێت تەنانەت ناویشیم نەبیستبوو، نیوەڕۆیەك، بە رێکەوت لە **خاپی**[2] یەکترمان بینی و لە چوڵی ئەوێدا پێکەوە بە تێروتەسەلی لەسەر زۆر بابەتی جیاواز قسەمان کرد، وورد بینی هۆشمەندانەو سادەیی قسەکانی زۆر خێرا سەرنجیان ڕاکێشام و دووچاری سەرسوڕمانیان کردم. لە ماوەی جەنگی"هەزار رۆژە"دا، ماوەیەکی دوورودرێژ لە یەکێك لە خراپترین زیندانەکاندا ژیانی گوزەراندبوو. لە روی زانیاریەوە ئەدەگەیشتە بەرپێی بینیس، بەڵام لەبەر رەفتارو کلتورە کارابیەکەی لەگەڵ ئەو زیاتر هەستم بە نزیکایەتی و هاودڵی دەکرد. بەڵام ئەوەی وای دەکرد زیاتر ئافەرینی بکەم، توانایی نامۆی ئەو پیاوە بوو لە گواستنەوەی ساکارو بێ ئەرکی زانست و زانایەکەی بۆ خەڵکی، وەك ئەوەبوو فێری بەرگدوورین یان گۆرانی وتنیان بکات. لە قسەکردندا بێ هاوتاو لە قوتابخانەی ژیاندا مامۆستایەکی گەرماو سەرمار چەشتوو بوو، شێوەی بیرکردنەوەی لە هەموو ئەوانەی ناسیبوومن جیاوازبوو. من و ئالبارو سێپدا بە کاتژمێر

---

[1]. Jose Felix Fyenmayor

[2]. Japy

دادەنیشتین‌و گوێمان لە قسەکانی دەگرت، بە تایبەت گوێمان لە تیزە بنەرەتیەکەی دەگرت کە لەسەر ئەو بنەمایەی جیاوازیە (ماهوی)یەکانی نێوان ژیان‌و ئەدەب تەنها بەهۆی هەڵە وێنەیەکانەوە دروست دەبن، لەلامان سەرنجڕاکێش بوو. دواتر، لە یادم نییە لە کوێ، ئالفارۆ بە لێبڕاوییەکی توندەوە نووسینێکی بلاوکردەوە کە راستیەکی رووتە:"هەموومان پەروەردەی دەستی خۆسێ فلێکسین. "

گروپەکەمان، خۆرسکانەو بەهۆی ناچاریی هێزێکی موگناتیسی‌و لە سایەی پەیوەندیە لێك نەپساوەکانی نێوانمان دروست ببوو، کە لە یەکەم بینیندا تێگەیشتن لێی دژوار بوو. گەلێکجار لێیان دەپرسین چۆن چەشنە مرۆگەلێکی ئەوەندە جیاواز دەتوانن بەردەوام پێکەوە بگونجێن، ناچاربووین درۆیان بۆ بکەین تا راستیەکە بە نهێنی بمێنێتەوە: هەمیشە لەگەڵ یەك تەبا نەبووین، بەلام رون‌و ئاشکرا لە هۆکاری جیاوازیەکانمان تێدەگەیشتین. دەمانزانی خەلکی بێگانە بە چاوی کۆمەلێك خەلکی خۆ بەگەورەزان‌و خۆپەرست‌و ئاژاوەگێڕ تەماشایان دەکردین. ئەو تۆمەتە سیاسیانە دابوویانە پالمان پەرەی بەو تێڕوانینە دەدا. ئالفۆنسۆیان بە لیبڕالێکی توندوتۆڵ‌و بەهێز، ژێرمەنیش بە ئازادبیرێکی بەزۆر دروستکراو، ئالفارۆیان بە ئانارشیستێکی کەلەشەق، منیشیان بە کۆمۆنیستێکی مەرام سست‌و بە لایەنگرێکی بەهێزی خۆکوژی لەقەلەم دەدا. بەلام، بەبێ تۆزقالێك گومان، لەوباوەڕەدام کە گەورەترین شانسمان ئەوەبوو کە تەنانەت لە توندوتیژترین هەلومەرج‌و ئالۆزترین بارودۆخدا، گەر چیتر نەمانتوانیبا دان بەخۆماندا بگرین، دیسانەوە لە گاڵتەو گەپی خۆمان نەدەکەوتین.

وردە ناکۆکیە تیۆریەکانمان لەنێو خۆماندا چارەسەر دەکرد، هەندێك جار ململانێکانی نێوانمان پەرەی دەسەندو دۆخێکی نیگەرانئامێزانە دەخولقا، بەلام هەر ئەوەندەی لەسەر مێزەکە هەڵدەستاین یان کەسێکی بێگانە دەهاتە ناومانەوە، خێرا هەموو ئەو شتانەمان لەبیر خۆمان دەبردەوە: وەك ئەوەی نە بامان دیبێت نە بۆران! یەکێك لەو وانانەی لە باری"لۆس ئالمێندرۆس"[1] فێری بووم، هەرگیز لەیادم ناچێت. شەوێك کە تازە لە سەفەر گەڕابوومەوە، لەتەك ئالفارۆ کەوتینە وتوێژێکی گەرم وگوڕ لەسەر فاگنەر. جگەلە ئێمە دووانە، ژێرمەن‌و ئالفۆنسۆ لەسەر مێزەکە بوون، بە بێلایەنیەکی نەتوانراوەوە گوێیان لێدەگرتین‌و یەك قسەش لە دەمیان دەرنەدەهات. لە یادم نییە کەی‌و چۆن، بەهۆی توڕەیی‌و عەرەقەوە، ئەوەندە هەڵچووم کە پێشنیاری ئەوەم دایە ئالفارۆ بە بۆکس‌و شەق خۆمان یەکلایی بکەینەوە. هەردووکمان سوور

---

[1]. Los Almendros (دار بادامەکان)

نەدەبوو، دەستێکی شارەزایانەی لە وروژاندی باس‌و گوفتوگۆ جەسورانەکاندا هەبوو. بەزنی لە قەرەجەکانی سینناگراندیّ دەچوو، بە پێستێکی نەسمەرو قژێکی ڕەش‌و ئاڵۆزکاوو نیگایەکی شێتانە کە دڵ ناسکیەکەی نەدەشاردەوە. پاپوچی لە قوماش دروستکراوو لەڕادەبەدەر هەرزانەکانی لەپێ دەکرد، بەردەوام جگەرەیەکی چروتی گەورە بە لا لێویەوە بوو، کە دەکرێت بڵێین هەمیشە کوژاوە بوو. یەکەمین ئەزمونە ڕۆژنامەوانیەکانی لە ئال ناسیۆنالدا بەدەستهێناو یەکەمین چیرۆکەکانیشی هەر لەو بڵاوکراوەیەدا چاپ کرد. ئەو ساڵە لە نیۆیۆرك لە خولێکی بڵندی ڕۆژنامەنووسیدا لە زانکۆی کۆلۆمبیا بەشداری کرد.

ئەندامێکی پێشڕەوی گروپەکە، کە بایەخ‌و پێگەی هیچ لە دۆن ڕاموون کەمتر نەبوو، **خوسێ فلێکس فۆینمایۆر**[1]ی باوکی ئالفۆنسۆ بوو. ڕۆژنامەنووسێکی مێژوویی‌و چیرۆکنووسێکی بەرجەستە بوو، کە کۆمەڵە شێعرێك (**خواوەندە ئیلهام بەخشە ئیستیوایەکان ١٩١٠**)و دوو ڕۆمانی (**کاکێشان ١٩٢٧و بەسەرهاتی غەمگینانەی چوارده پیاوی زانا، ١٩٢٨**) بڵاوکردبووەوە. هەرچەندە هیچکام لەو بەرهەمانە زۆریان لێ نەفرۆشرا، بەڵام ڕەخنەگرە پسپۆڕەکان بەردەوام خۆسێ فلێکسیان بە یەکێك لە باشترین چیرۆکنووسە کۆلۆمبیەکان لە قەڵەم دەدا کە لە نێو کەشی داخراوو خنکێنەری پرۆڤێنسیا بواری گەشەکردنی بۆ هەڵنەکەوتبوو.

تا پێش ئەوەی چاوم پێی بکەوێت تەنانەت ناویشیم نەبیستبوو؛ نیوەڕۆیەك بە ڕێکەوت لە خاپی[2] یەکترمان بینی‌و لە چۆڵی ئەوێدا پێکەوە بە تێروتەسەلی لەسەر زۆر بابەتی جیاواز قسەمان کرد، ووردبینی هۆشمەندانەو سادەیی قسەکانی زۆر خێرا سەرنجیان ڕاکێشام‌و دووچاری سەرسوڕمانیان کردم. لە ماوەی جەنگی"هەزار ڕۆژە"دا، ماوەیەکی دوورودرێژ لە یەکێك لە خراپترین زیندانەکاندا ژیانی گوزەراندبوو. لە ڕوی زانیاریەوە نەدەگەیشتە بەرپێی بینیس، بەڵام لەبەر ڕەفتارو کلتورە کارایییەکەی لەگەڵ ئەو زیاتر هەستم بە نزیکایەتی‌و هاودڵی دەکرد. بەڵام ئەوەی وای دەکرد زیاتر ئافەرینی بکەم، توانایی نامۆی ئەو پیاوە بوو لە گواستنەوەی ساکارو بێ ئەرکی زانست‌و زانایەکەی بۆ خەڵکی، وەك ئەوەبوو فێری بەرگدووریین یان گۆرانی وتنیان بکات. لە قسەکردندا بێ هاوتاو لە قوتابخانەی ژیاندا مامۆستایەکی گەرماو سەرمار چەشتوو بوو، شێوەی بیرکردنەوەی لە هەموو ئەوانەی ناسیبوومن جیاوازبوو. من‌و ئالبارو سێپدا بە کاتژمێر

---

[1]. Jose Felix Fyenmayor

[2]. Japy

دادەنیشتین‌و گوێمان لە قسەکانی دەگرت، بە تایبەت گوێمان لە تێزە بنەرەتیەکەی دەگرت کە لەسەر ئەو بنەمایەی جیاوازیە (ماهوی)یەکانی نێوان ژیان‌و ئەدەب تەنها بەهۆی هەڵە وێنەیەکانەوە دروست دەبن، لەلامان سەرنجڕاکێش بوو. دواتر، لە یادم نییە لە کوێ، ئالفارۆ بە لێبڕاوییەکی توندەوە نووسینێکی بڵاوکردەوە کە ڕاستیەکی ڕووتە:"هەمووومان پەروەردەی دەستی خۆسێ فلێکسین. "

گروپەکەمان، خۆرسکانەو بەهۆی ناچاریی هێزێکی موگناتیسی‌و لە سایەی پەیوەندیە لێك ئەپساوەکانی نێوانمان دروست ببوو، کە لە یەکەم بینیندا تێگەیشتن لێی دژوار بوو. گەڵێکجار لێیان دەپرسین چۆن چەشنە مرۆگەڵێکی ئەوەندە جیاواز دەتوانن بەردەوام پێکەوە بگونجێن، ناچاربووین درۆیان بۆ بکەین تا ڕاستیەکە بە نهێنی بمێنێتەوە: هەمیشە لەگەڵ یەك تەبا نەبووین، بەڵام ڕون‌و ئاشکرا لە هۆکاری جیاوازیەکانمان تێدەگەیشتین. دەمانزانی خەڵکی بێگانە بە چاوی کۆمەڵێك خەڵکی خۆ بەگەورەزان‌و خۆپەرست‌و ئاژاوەگێڕ تەماشایان دەکردین. ئەو تۆمەتە سیاسیانە دابوویانە پاڵمان پەرەی بەو تێڕوانینە دەدا. ئالفۆنسۆیان بە لیبڕاڵێکی توندوتۆڵ‌و بەهێز، ژێرمەنیش بە ئازادبیرێکی بەزۆر دروستکراو، ئالفارۆیان بە ئانارشیستێکی کەلەشەق، منیشیان بە کۆمۆنیستێکی مەرام سست‌و بە لایەنگرێکی بەهێزی خۆکوژی لەقەڵەم دەدا. بەڵام، بەبێ تۆزقاڵێك گومان، لەوباوەڕەدام کە گەورەترین شانسمان ئەوەبوو کە تەنانەت لە توندوتیژترین هەلومەرج‌و ئاڵۆزترین بارودۆخدا، گەر چیتر نەمانتوانیبا دان بەخۆماندا بگرین، دیسانەوە لە گاڵتەو گەپی خۆمان نەدەکەوتین.

وردە ناکۆکیە تیۆریەکانمان لەنێو خۆماندا چارەسەر دەکرد، هەندێك جار ململانێکانی نێوانمان پەرەی دەسەندو دۆخێکی نێگەرانئامێزانە دەخولقا، بەڵام هەر ئەوەندەی لەسەر مێزەکە هەڵدەستاین یان کەسێکی بێگانە دەهاتە ناومانەوە، خێرا هەموو ئەو شتانەمان لەبیر خۆمان دەبردەوە: وەك ئەوەی نە بامان دیبێت نە بۆران! یەکێك لەو وانانەی لە باری"لۆس ئالمێندرۆس"[1] فێری بووم، هەرگیز لەیادم ناچێت. شەوێك کە تازە لە سەفەر گەڕابوومەوە، لەتەك ئالفارۆ کەوتینە وتوێژێکی گەرم وگوڕ لەسەر فاکنەر. جگەلە ئێمە دووانە، ژێرمەن‌و ئالفۆنسۆ لەسەر مێزەکە بوون، بە بێلایەنیەکی نەتوانراوەوە گوێیان لێدەگرتین‌و یەك قسەش لە دەمیان دەرنەدەهات. لە یادم نییە کەی‌و چۆن، بەهۆی تورەیی‌و عەرەقەوە، ئەوەندە هەڵچووم کە پێشنیاری ئەوەم دایە ئالفارۆ بە بۆکس‌و شەق خۆمان یەکلایی بکەینەوە. هەردووکمان سوور

---

[1]. Los Almendros (دار بادامەکان)

هەڵگەڕاو وبێهۆش دەمانویست هەستینە سەرپێو بچینە سەر جادەکە، کە دەنگی لەسەرخۆو خوێنساردانەی ئالفۆنسۆ لەسەر جێگەکەمان وشکی کردینو دەرسێکی دادایـن کە هەرگیز فەرامۆشمان نەکرد:

- هەرکەس یەکەمجار هەستێتەوە ئەوە دۆڕاوە.

ئەوکات، هیچکامان تەمەنمان نەدەگەشتە سی ساڵ. من تازە بیستو سێ ساڵی تەمەنم تەواو ببوو، گەنجترین ئەندامی گروپەکە بووم، دێسامبەری ساڵی پێشوو، ئەودەمەی هاتم بمێنمەوە، لە نێو ئەو گروپەدا قبوڵ کرابووم. بەڵام لەسەر مێزی دۆن رامون بینیس، وەك جاڕدەرو پەیڕەوانی ئاینێکی هاوبەش رەفتارمان دەکرد، بەردەوام پێکەوە بووین، هاودڵو هاوبیری یەکدی بووینو گاڵتەمان بە هەموو شتێك دەهات، یەك قسەییمان لە بەرەگرتندا، ئەوەندە قوڵو بەهێز بوو، کە دواجار هەمووان ئێمەیان بە یەك رۆح دەزانی لە چوار جەستەدا.

ئەو تاقە ژنەی بە ئەندامی گروپەکەمان دەزانی **مێیرا دێلمار**[1] بوو، کە ماوەیەك دەبوو لە نێو ئۆقیانووسی شەپۆلاوی شێعردا پەلەقاژێی بوو، تەنها ئەو کاتە دەگەمنانەی رێمان دەکەوتە شوێنیکی نابڕوومەندانە لەگەڵ خۆمان دەمانبرد. شەوبێدارییەکانی ماڵەکەی ئەو، بە ئامادەبوونی ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی رێیان دەکەوتە ناوچەکەمان، فەرامۆش نەکراو بوون. هاورێیەکیتری مێینەمان کە کەمتر پێکەوەبووین وبۆ ماوەی دورودرێژ دەمانبینی **سێسیلیا پۆڕاس**[2]ی وێنەکێشبوو، کە هەندێك جار لە کارتاخاناوە دەهاتە بارانکیا، لەبەرئەوەی هیچ گوێی بە قسەی خەڵك نەدەدا، هیچ باکی بەوە نەبوو لەگەڵمان بێتە شوێنی سەرخۆشەکانی کۆتایی شەوو ماڵە بەدناوەکان. ئەندامانی گروپەکەمان، رۆژی دووجار لە کتێبفرۆشی مۆندۆ، کە وردەوردە دەبووە ناوەندی کۆبونەوە ئەدەبییەکانمان، یەکترمان دەبینی. لە قەرەباڵغیو هەراوزەنای شەقامی **سەن بلاس**[3]دا پەناگەیەکی هێمنو بێدەنگ بوو، ئەو شەقامەی وەك دەمارێکی بازرگانی پڕهەراوزەناو هەڵچووانە بوو کە نێوەندی شارەکە کاتژمێر شەشی عەسر لەوێوە بەتاڵ دەبوەوە. منو ئالفۆنسۆ، لە نووسینگەی تەنیشت هۆڵی نووسینی ئال ئارالدۆ، وەك دوو قوتابی ماندوونەناس، تا نزیکانی شەو سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان دەبووین، ئەو سەروتارە بەپێزودڵشینەکانی دەنووسیو منیش یاداشتە ئاشوفتەو بێسەروبەرە رۆژانەکان، کە پەرێشانبێژی ئەو نووسینانەم بێلوتفیکردن نەبوون. زۆرجار بیروڕاکانمان

---

[1]. Meira Delmar

[2]. Cecilia Porras

[3]. San Blas

دەگۆڕیەوە، چاوگ‌و بەندمان بەقەرز دەدایە یەکتر، بە بەرامبەر هاوکاریی بیری یەکترمان دەدا، ئەودەمەی یەکێکمان بکەوتبایێتە تاسەیەکەوە، ئەویترمان دەچووەسەر ئامێری چاپەکەو دەیخستەوە سەر راستەڕێ، تا دواجار کەسمان نەماندەزانی کام پەرەگرافە کامان نوسیوومانە.

ژیانی رۆژانەمان تا رادەیەك شیاوی پێشبینی بوو، تەنها شەوانی هەینی نەبێت کە خۆمان دەسپاردە دەست رێکەوت‌و هەندێك جار ئەومندە ئاوێتەی روداوی سەرسوڕهێنەرو هەمەرەنگ دەبووین کە بەتەواوەتی لە کات بێئاگا دەماینەوەو لەناکاو تەماشامان دەکرد بەیانی رۆژی دووشەمەیە. گەر ئارەزومان بکردبا، دەچووینە سەردانیکی ئەدەبی بێهەوسارو بێ بنەما کە هیچ جۆرە سنورێکی نەدەناسی. لە"پیاوی سێهەم"و لە نێو کۆری پیشەوەرانی گەرەك‌و فیتەرەکانی ئەوناوە دەستی پێدەکرد، کە تاکە تاکە کارمەندی بەدەمەستی دەوڵەتیشیان تێدا بەدی دەکرا. لە هەموو ئەوانە سەیروسەمەرەتر ئەو دزە بوو کە بەسەر دەرودیواری ماڵاندا سەردەکەوت‌و کەمێك پێش نیوەشەو بە بەرگە تایبەتیەکەیەوە سەروکەلەی دەردەکەوت؛ پانتۆڵی گۆرەویداری بالیە، پێڵاوی تێنس، کڵاوی تایبەتی‌و جانتایەکی بارسووکی شتومەك. یەکێك لەوانەی لە کاتی دزیکردن لە ماڵەکەی دەستگیری کردبوو، ناونیشانەکانی دایە پۆلیس‌و ئەوانیش وێنە بە خەیاڵ دروستکراوەکەیان لە رۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە، تەنها شتێك لەوکارەیان چنگیان کەوت، نامەی نارەزایی ئەو خوێنەرانە بوو کە لە دژی ئەو هەڵسوکەوتە ناشایستانەی لەبەرامبەر ئەودزە بەرەڵا داماوانە ئەنجام دەدرا، تەواو وروژابوون.

دزە ساختەکە حەزو ئارەزوویەکی ئەدەبی حاشاهەڵنەگری هەبوو، ئەودەمەی لەسەر ئەدەب وهونەر قسە دەکرا سەرتاپا دەبووە گوێ‌و بە تەواوەتی سەرنجی دەخستە سەر ئەو وتووێژە روناکبیریانە، دەمانزانی نووسەری گەلێك شیعری عاشقانە بوو کە ئەوکاتانەی ئێمەی لێ نەبووین بۆ دەوروبەرەکەی دەخوێندەوە. کەمێك پاش نیوەشەو، وەك کارمەندێکی ئەرکناس، رێگەی گەڕەکە دەوڵەمەندەکانی دەگرتەبەرو دزی لە ماڵە دەوڵەمەندەکان دەکرد، سێ یان چوار کاتژمێر دوای ئەوە، هەندێك کەل‌وپەلی هەرزان بەهای بە دیاریی بۆ دەهێناین کە هەرچەندە بەلاش بوون بەڵام باشیش بوون. دەیوت"**بیدەن بە دەستگیرانەکەتان**"، بێئەوەی لێمان بپرسێت دەستگیرانمان هەیە یان نا. گەر کتێبێکیشی بەلاوە سەرنجڕاکێش با دەیدزی‌و دەیبەخشیە ئێمە، ئێمەش گەر بمانزانیبا بەکەڵکی خوێندنەوە دێت، دەمانبەخشیە کتێبخانەی شارەوانی، کە مێیرا دێلمار بەرپرسی بوو.

سەردانی ئەوجۆرە شوێنانە ناوبانگیان خراپ کردبووین، ئەوخانمە نیماندارانەی کە پاش ڕێورەسمی پارانەوەی کاتژمێر پێنجی بەیانی لە کەنیسە دەهاتنە دەرەوە، هەرئەوەندەی چاویان بە ئێمە دەکەوت، ڕێگەیان دەگۆڕی‌و دەچونە سەر شۆستەکەی بەرامبەر بۆ ئەوەی خۆیان لە سەرخۆشەکانی بەری بەیانیان بەدوور بگرن. بەڵام گەر ڕاستان دەوێت، ڕابواردن لەوە شەریفانەترو سودمەندتر نەدەکرا کە ئێمە دەمانکرد. من زۆر خێرا لەوە حاڵی بووم لەبەرئەوەی ئەوکاتانەی لە شوێنی لەشفرۆشەکان لەسەر نووسینەکانی **جان دۆس پاسۆس**[1] یان گۆڵە بەفێڕۆدراوەکانی تیپی **دێپۆرتیڤۆ جۆنیەر**[2] دەبووە دەمەقاڵێیان، منیش هاوڕێ‌و هاوبەشی تاوانیان بووم. جارێکیان کە بەڕاستی ناخۆشیان کردبوو، یەکێك لە خاتونە نەجیبەکانی"گوربەی ڕەش"، کە لەو وتووێژو شەڕەقسە بەلاش‌و بێ ئەنجامانەی شەوان بێزار ببوو، بە تەنیشتمانا تێپەڕی وتی:

ـ ئەگەر ئەوەندەی هاوارکردنەکانتان، بتانتوانیبا فلآنە کار بکەن، ئێستا ئێمە دەمانتوانی سەرتاپامان لە ئاڵتون بگرین!

زۆرجار بۆ تەماشاکردنی خۆرئاوابوون دەچووینە ناوچەیەکی بێ ناونیشانی بێ نابروترین گەڕەکی شار کە ماوەی چەندین ساڵ **ئۆرلاندۆ ریڤێرا**[3]ی ناسراو بە"دەمامك"بۆ تەواوکردنی ئەو وێنە دیواریەی کە کاتی خۆی هەرایەکی زۆری نایەوە لەوێ دادەنیشت. بە نیگا شێتانەکەی‌و ریشە بزنی‌و دڵناسکییە هەتیوانەکەیەوە ڕاوچیترین مرۆڤێك بوو کە لە ژیانمدا ناسیم. هەر لەسەردەمی قوتابخانەوە دووداڵی ئەوەی ببێتە کوبایی داوێنی گرت، دواجار بەرگی واقیعی کردە بەر ئەو ئارەزوەی، بەجۆرێك کە هیچ کوباییەکی ڕەسەنیش نەیدەتوانی لەو باشتر ببێتە هێمای تایبەتمەندیەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە. وەك کوباییەکان قسەی دەکرد، وەك ئەوان نانی دەخوارد، وێنەی دەکێشا، جلی لەبەر دەکرد، وەك ئەوان عاشق دەبووو دەژیا، وەك کوباییەکانیش مرد، بێئەوەی هەرگیز پێ بخاتە کوباوە.

خەوی نەبوو. کە بولێڵی بەیانیان دەچووینە سەردانی، لە کاتێکدا خۆی لە دیوارەکە زیاتر بۆیەی پێوەبوو، خۆی لە داربەستەکە هەڵدەدایە خوارەوە،و بە دەنگێکی گیراوەوە کە نیشانەی زیادەڕەویکردن بوو لە بەکارهێنانی ماریجوانادا، بە زمانی **مامبیسەکان**[4]، جنێوی بە داروبەرد ئەدا. منو ئالفۆنسۆ چیرۆك‌و وتارەکانی بڵاوکراوەکەمان دەبردە لای

---

[1]. John Dos Passos (ڕۆمانوسی ئەمریکی)

[2]. Deportivo Junior

[3]. Orlando Rivera

[4]. Mambises، جوداخوازە کوباییەکان کە لەساڵی ١٨٦٨دا شۆڕشیان هەڵگیرساند.

تـا وێنـەیان بـۆ بکێشێت، ناچاربووین خۆمـان بابـەت یـان چیرۆکەکانی بـۆ بگێڕینـەوە لەبەرئەوەی تاقەتی نەبوو بیانخوێنێتەوە. لە چاوتروکانێکدا، بە تەکنیکی کاریکاتێریانـە ـ تەنها ئەو تاکە شێوەیەی بە بـاش دەزانـی ـ وێنـەی بـۆ دەکێشان. تارادەیـەك بـەردەوام باش دەردەچوون، هەرچەندە ژێرمەن بارگاس بەنیازپاکیـەوە دەیـوت ئەوکاتانـەی خـۆی لەوێنەکانی رازی نییە، ئەوکاتانە زۆر باشترن.

ئەمـە بـارودۆخی گوزەرانی بارانکیـا بـوو، ئەوشـارەی لـە هـیچ شـارێکیتر نەدەچـووو نمونەی نەبوو، بە تایبەت لە دێسامبەرەوە تا مارس، ئەوکاتەی وەرزی هـەڵکردنی باگـانی باکور دەستی پێدەکردو رەشەبا شەوانەکان، کە زۆر بەتوندی دەخولانەوەو خۆیان دەکرد بە حەوشەی مالاناو مریشکەکانیان دەبرد بە ئاسمانا، حـەقی رۆژە دۆزەخیـەکانی وەرزی گەرمایان دەکردەوە. نیشانەکانی ژیان تەنها لەنزیك بەندەرەکەو لە ئوتێلە تایبەتیـەکانی ژووانــە عاشــقانەکانو بــارە تایبەتیــەکانی دەریاوانەکانــدا، بــەدی دەکــرا. هەنــدێك لەوخانمانــەی بەشــەو کاریــان دەکــرد، چــەندین کاتــژمێر چــاوەڕێی ئــەو مــشتەرییە نادڵنیایانەیان دەکرد کە لەوانەبوو بە کەشتی بگەنـە ئـەوێ. لـە سـەیرانگای داربییەکانـدا، گروپێك ژەنیاری سازە مسیەکان، ڤاڵسی نەشـئەهێنەرانەیان دەژەنـد، بـەڵام کـەس گـوێی لێیان نەبوو، لەبەرئەوەی هاتوهاواری ئەو شـۆفێرانەی تەکسیەکانیان لـە بلـواری بۆلیبـار ریز کردبووو لەسەر دووگۆڵی وتوێژیان دەکرد، هەرجۆرە دەنگێکی تری ڤوت دەدا. تاکە شوێنێك بەکەڵکی دانیشتن بهاتبا، کافتریای رۆما[1] بوو، مەیخانـەی تایبـەتی ئـەو پەنابـەرە ئیسپانیانەی کە بەردەوام کراوەبوو لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا هەر دەرگای نەبوو. لەوانەش خۆشتر ئەوەبوو، لە شاری تەرزە بێئامانەکاندا، لە خۆشیی سەربانیش بێبەش بوو، بـەڵام هەرگیز گوێم لێنەبووە کەس لە ترسی باران دەست لـە خواردنـە خۆشـەکانی ئەوشـوێنە هـەڵگرێت یـان نەچـێتە دیـدەنی هاورێکـانی لـەو شـوێنەدا. مەیخانەیـەکی لاچـەپەکی سەربەتاڵبوو، بە مێزە خڕو بچوکە سپیو کورسیە کورتـە ئاسـنینەکانی پـاڵ لـق وپـۆپی ئاقاقیـا تـازە پشکووتوەکانەوە. کاتـژمێر یـازدە، ئەوکاتـەی رۆژنامـەکانی بـەیانیان ـ ئـال ئارالدۆو لاپێرنسا ـ پشوویان دەدا، سەرنووسەرەکانی شـەو لـەدەوری یـەك کۆدەبوونـەوەو نانێکیان دەخوارد. پەنابەرە ئیسپانیەکان لە کاتژمێر حەوتـەوە لـەوێ بـوون، پێـشئەوەی بێنە ئەوێ، لەماڵەوە گوێیـان لـە بەرنامـە رادیۆیەکـەی پرۆفیـسۆر خـوان خۆزێ پێـرس دۆمنیك[2] دەگرت، کە پاش دوازدە ساڵ هێشتا هەواڵەکانی جـەنگی نـاوخۆی دەخوێنـدەوە

---

[1]. Roma

[2]. Juan Jose Perez Domenech

كە تێيدا دۆڕابوون. شەوێك بە حوكمی گەمەی چارەنووس، **ئێدواردۆ زالاميا**[1] نووسەری بەناوبانگی كۆلۆمبی، كاتی گەڕانەوەی لە گواخيرا، ڕێی كەوتە ئەوێو بە حەوتتيرێك فيشەكێكی نا بە سنگی خۆيەوە كە دەرئەنجامەكەی برينێكی بچوك بوو. ئەو مێزەی شوێنی ڕووداوەكە بوو بە شتێكی پيرۆزو مێژوويی كە خزمەتكارەكان پيشانی گەشتكەرانيان دەدا، بەڵام كەس مافی ئەوەی نەبوو لەسەری دابنيشێت. چەندين ساڵ پاش ئەوە، زالاميا ئەوبەسەرهاتەی لە **چوارساڵ بەسەر عەرشەی بوونی خودەوە** بڵاوكردەوە، ئەورۆمانەی ئاسۆی وێنانەكراوی بەرووی نەوەكەی مندا كردەوە.

لەنێو كۆڕی برادەراندا، بارودۆخی ئابوری من لە هەموويان خراپتر بوو، زۆرجار پەنام بۆ كافتريای رۆما دەبرد، لە قوژبنێكدا دادەنيشتمو تادەمەوبەيان دەمنووسی، لەبەرئەوەی يەكێك لە كارەكانم لە هەردوو پيشەكەی ترم زياتر سەرقاڵی دەكردم: هەردووكيان بەبايەخو كارگەلی كەم دەرامەتانە بوون. زۆرجار، لەناكاو دەمەو بەيان پەخەی دەگرتم، لەكاتێكدا كە نوقمی خوێندنەوە بووم، گەر برسيەتی داوێنی بگرتبام، پارچەيەك چكلێتی گەورەو لەفەيەكی ژامبۆنی ئيسپانی بەلەزەتم دەكڕی، لەتەك يەكەمين تيشكی كازيوەدا، لەژێر درەختە شكۆفە گرتووەكانی بلواری بۆليڤار پياسەم دەكرد. هەفتەكانی سەرەتا، تا درەنگانی شەو، لە نوسينگەی ڕۆژنامەكە دەمنووسی، چەند كاتژمێرێك لە هۆڵی نووسينەكە يان لەسەر كاغەزە كەڵەكەبووەكانی چاپ دەنووستم، بەڵام بە تێپەڕينی كات ناچاربووم بۆ حەوانەوە لە شوێنێكی ئاسايتر بگەڕێم.

ئەو كێشەيە، وەك هەموو ئەو گرفتانەی دواتر هاتنە ڕێگەم، شۆفێرە سروشت خۆشەكانی بلواری بۆليڤار بۆيان چارەسەر كردم: ئوتێلێكی تايبەتی ژوانە عاشقانەكانی نزيك كەنيسەی گەورە، كە بەبڕی پيزۆونيوێك دەمتوانی شەوان لەگەڵ كەسێك بۆ ناو جێگە يان بەتەنها ببەمەسەر. بينايەكی زۆر كۆن بەڵام تەواو پاك وتەميزو ڕێكوپێك بوو، لەبەرئەوەی دولبەرە جوانكيلەكان، كە لە كاتژمێر شەشی عەسرەوە لە بۆليڤار پياسەيان دەكرد تا گەڕۆكە سەرگەردانو ڕێوَنكردوەكانی عەشق ڕاو بكەن، كڕيارەكانيان دەهێنايە ئەوێو ڕەوەنەقيان بە كاروكاسبی ئوتێلەكە دەدا. دەرگاوانەكەی ناوی **لاسيدیس**[2] بوو. چاوێكی شووشەو ئەويتريان خێل بوو، شەرم كردنی دەبوەهۆی پسك بوونی، تائێستاش كە بيريم دەكەوێتەوە، هەست بە بەرپرسياريەتی دەكەم، لەبەرئەوەی لە هەمان شەوی يەكەمەوە كە پێم خستە ئەو ئوتێلەوە هەڵسوكەوتی لەتەك مندا

---

[1]. Eduardo Zalamea Borda (لەدايكبووی ١٩٠٧) ڕۆمانوسی كۆلۆمبی كە بەناوبانگترين بەرهەمی گێڕانەوە شاعيرانەكەی چوارساڵ بەسەر عەرشەی بوونی نودەوە يە.

[2]. Lacides

پڕخۆشەویستیو دۆستانە بوو. پیزۆنیوەکەی خستە ناو دەغیلەکەوە، کە هەر لەسەرەتای شەوەوە بە پارەی کاغەزی نوێو چرچ پڕ ببوو، کلیلی ژوری ژمارە شەشی دایە دەستم.

تا ئەوکاتە، هەرگیز شوینێکی ئەوەندە هێمنم نەبینیبوو. هیچ شتێکت بەرگوێ نەدەکەوت جگەلە دەنگی خنکاوی هەنگاوی ئەو کەسانەی کە دەتوت لەسەر نووکی پەنجەی پێ هەنگاویان دەنا، ناڵەو نووزەی نادیارو خشەخشی هەراسانی دەگمەنی سپرینگە ژەنگاویەکان. بەڵام نە چرپەچرپێك نە ئاهێك بەرگوێ نەدەکەوت. تاکە گرفتی ئەو شوێنە گەرما بێزارکەرەکەی بوو کە هیچی لە گەرمای تەنوور کەمتر نەبوو، لەبەرئەوەی پەنجەرەکانیان بە تەختە قەپات کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لە شەوی یەکەمەوە، زۆر ئاسودە، تاڕادەیەك تا کاتی خوێندنی کەڵەشێرەکان، کتێبێکی **ویلیام ئوریش**[1] م خوێندەوە.

پێشتر خانوی خانەدانانەی کۆمۆڵێك کەشتی سازی بەناوبانگو خاوەن بنەماڵە بوو، بە ستونی گەچکاری کراوو لێوار ئاڵتونیو حەوشەیەکی سەقف شووشەیی رازاوە بە وێنەی نا مەزهەبی کە تیشکێکی بێ ڕەنگو زستانەی لێوە دەهاتە ژورەوە. لە نهۆمی یەکەم، پایەدارەکانی شار نیشتەجێ بوون. هەریەك لە سێ نهۆمەکەی ئەو خانوە شەش ژوری تێدا بوو - ژورێکیان بەر من کەوتبوو - کە خاتونە شەوکارەکانی گەڕەکەکە لەو ژورانەدا کاسبیان دەکرد. ئەو شوێنی رابواردنە ماوەیەك ناوی "ئوتێل نیۆیۆرك"ی هەڵگرتبوو، ئالفۆنسۆ فۆوێنمایۆر، دواتر بە یادی ئەوکەسانەی کە لەو ساڵانەدا لە دوا نهۆمی "ئێمپایەر ستەیت"[2] ەوە خۆیان دەخستە خوارەوەو خۆیان دەکوشت، ناوی نابوو "ئاسمان بڕ".

بەهەرحاڵ، ناوەندی ژیانی ئێمە کتێبخانەی مۆندۆی سەر قەرەباڵغترین بەشی شەقامی سەنبلاسی کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆو شەشی عەسر بوو. ژێرمەن بارگاس، هاوڕێی نزیکی خاوەنی کتێبخانەکە، **دۆن خۆرخێ ڕۆندۆن**[3]ی رازی کردبوو ئەو دوکانە بکاتەوە کە لە ماوەیەکی کورتدا بوە شوێنی کۆبونەوەی رۆژنامەنووسو نووسەرو سیاسەتمەدارە لاوەکان. ڕۆندۆن هیچ ئەزمونێکی لەو کاسبیەدا نەبوو، بەڵام زۆر خێرا فێری هەموو شتێك بوو، ئەوەندە کەسێکی دەستودڵ فراوان بوو کە بووە یەکێك لە

---

[1]. William Irish (١٩٦٨ - ١٩٠٣) یەکێك لەنازناوەکانی جۆرج هۆپلی نوسەری ئەمریکی کە گەلێك بەرهەمی بەبایەخی وەك رۆمان و چیرۆکی کورت، لەژانری پۆلیسی و ترسناکدا بەرهەمهێنا. گەلێك ناوی خوازراوی بەکاردەهێنا کە ناسراوترینیان کۆرنێل وولریچە.

[2]. Empire State

[3]. Don Jorge Rondon

ئەدەبیەروەرە فەرامۆش نەکراوەکانی ئەو ناوچەیە. ژێرمەن و ئالڤارۆ و ئالفۆنسۆ راوێژکاری بوون لە بواری کڕینی کتێبەکاندا، راوێژەکانیان بە تایبەتی لەبواری دەستنیشان کردنی ئەو بەرهەمە تازانەی لە بۆینس ئایرس بڵاودەکرانەوە زۆر بە بایەخ بوو، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە دەستیان بە وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی بەرفراوانی ئەو بەرهەمە ئەدەبیە تازانە کردبوو کە لەپاش جەنگی جیهانی دووهەمەوە لە سەرتاسەری دونیا چاپ دەکران. بە هیمەتی ئەوان، توانیمان ئەو کتێبانە بخوێنینەوە کە گەر ئەوان نەبونایا مەحاڵبوو بگەنە ئەو شارە. هەر خۆشیان بە هەوڵێکی بەردەوام خوێنەرەکانیان بۆ خوێندنەوەی بەرهەمە بایەخدارو بەناوبانگەکان هاندەداو توانیان جارێکیتر دەوڵەمەندی و ئیعتیباری کلتوریی رابردوی بارانکیا بگەڕێننەوەو دواکوتوویی ئەوچەند ساڵەی دوایی، کە هۆکارە سەرەکیەکەی داخرانی کتێبخانەی مێژوویی دۆن رامۆن بوو، پڕ بکەنەوە.

تازە چووبومە ئەو شارە کە پەیوەندیم بە کۆڕی ئەو برادەرانەوە کرد. هەمومان ئەوەندە بێئارامانە بەردەوام چاوەڕوانی فرۆشیارە گەڕۆکە جۆراوجۆرە ئەرجەنتینیەکانمان دەکرد، وەك ئەوەی ئەوان نێردراوی ئاسمان بن. لەسایەی ئەواندا، بووینە ستایشکەرە زوودەرکەوتوەکانی خۆرخێ بۆرخیس، جولیۆ کۆرتاسار، **فلیسبێرتۆ هێرنانەدێس**[1] و رۆمان نووسە بەریتانی و ئەمریکیەکان کە **ڤیکتۆریا ئۆکامپۆ**[2] و هاوکارەکانی بەرهەمەکانی ئەو نوسەرانەیان بە زمانێکی پاراوو روون بۆ وەردەگێڕاینە سەر زمانی ئیسپانی. **چۆن یاخی بووەکە بوە کەسێکی دونیا دیدەی** بەرهەمی **ئارتور بارایا**[3]، یەکەمین پەیامی هیوابەخشی ئیسپانیەکی دوورەوڵات بوو، کە بەهۆی دووجەنگی ترسناکەوە، مۆری خامۆشی لەسەر دەمی درابوو. یەکێك لە خووە باشەکانی یەکێك لەو فرۆشیارە گەڕۆکانە، **گیێرمۆ دڤالۆس**[4]ی خاوەن بەڵێن، ئەوەبوو کە لە هەرزەگەریەکانی شەوانەماندا بەشداریی دەکردو ئەوکاتانەی ئیدی کارەکانی ناوشاری تەواو دەکرد، نوسخەی نمونەی بەرهەمە تازەکانی بە دیاری پێدەبەخشین.

ئەندامانی گروپەکە، کە لەدەرەوەی شار دەژیان، شەوان نەدەچونە کافتریای رۆما، مەگەر ئەوەی بە کارێکی تایبەتی نەبێت. بە پێچەوانەوە، ئەوێ بۆ من وەك ئەو ماڵەبوو

---

[1]. Felisberto Hernandez

[2]. Victoria Ocampo (لەدایکبووی ١٨٩١) ئامیلکەنوس و رەخنەگری ئەرژەنتینی.

[3]. Arturo Barea (١٨٩٧ ـ ١٩٥٧) رۆمانوسی ئیسپانی کە بەناوبانگترین بەرهەمی تریلۆژی چۆن یاخیبووەکە بووبە کەسێکی دونیا دیدە یە.

[4]. Guillermo Davalos

که لێی بێبەش بووم. بەیانیان لە هۆڵی نوسینە بەتاڵو لاتەریکەکەی ئال ئارالدۆ کارم دەکرد، چۆنم بتوانیباو لەهەرشوێنێك بمتوانیبا نانی نیوەڕۆم دەخوارد، زۆرجار یان هاورێیەکی ئازیز یان سیاسەتمەدارێکی بەرژەوەندیخواز پەیدادەبوو بانگهێشتم بکات. عەسران،"حوشتر مل"ستونە هەمیشەیەکەم یان ئەوشتانەم دەنووسی کە داوایان لێدەکردم. لە زوانەکانی نیوەڕۆو شەشی عەسری کتێبخانەی مۆندۆ، لە هەموان بە مەوعیدتر بووم. خواردنی عەسران، کە بۆ چەند ساڵێك دەبوو ئەندامانی گروپەکە لە کافتریای کۆلۆمبیا دەیانخوارد، دواتر گواستیانەوە بۆ کافتریای خاپی ئەوبەر شەقامەکە، لەبەرئەوەی هەم فێنکتربووو هەم دیمەنێکی کراوەتری بۆسەر شەقامی سەن بلاس هەبوو. ئەوێ، شوێنی چاوپێکەوتنە فەرمیەکان، نوسینگەی کارکردن، مامەڵە بازرگانیەکان، چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانیەکانو شوێنێکی لەباروگونجاو بوو بۆ دیدارە دۆستانەکان.

مێزەکەی دۆن رامۆن لە خاپی پەیڕەویی لە یاساگەلێکی جێگیر دەکرد، کە بە تێپەڕینی کات لەگەڵی راهاتبووین. ئەو کە کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ وانە وتنەوەی تەواو دەبوو، لەپێش هەموانەوە دەهات. لەسەر ئەو مێزە تەنها جێگەی شەش کەس دەبووەوە. کورسیەکانمان بەپێی کورسیەکەی مامۆستاکەمان هەڵبژاردبوو، بەڵامانەوە کارێکی دور لە نەزاکەت بوو کورسی زیاتر بۆ مێزەکە زیاد بکەین، لەبەرئەوەی شوێنی دانیشتنەکەی تەسك دەکرد. لە هەمان رۆژی یەکەمەوە، ژێرمەن، بە هۆی پێشینەی دۆستایەتیو رادەی نزیکی لە دۆن رامۆنەوە، لەلای راستی دانیشت. بەرپرسی بەدواداچونی کاروبارەکانی مامۆستا بوو. بێئەوەی داوای لێ بکرێت بە شارەزایەکی خۆرسکانەوە کاروبارەکانی جێبەجێ دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە زانایە، بەکردەوە توانای جێبەجێ کردنی گرفتەکانی ژیانی خۆی نەبوو. لەو رۆژانەدا، بابەتی سەرەکی فرۆشتنی کتێبەکانی بوو بە کتێبخانەی شارەوانی، جێبەجێکردنی کاروبارە پێویستەکانیتری پێش سەفەرەکەی بۆ بەرشەلۆنە. ژێرمەن زیاتر لەوەی وەك خزمەتکارێکی ئەرکناس هەڵسوکەوت بکات، لە فرزندێکی دڵسۆز دەچوو.

بە پێچەوانەوە، پەیوەندی نێوان دۆن رامۆنو ئالفۆنسۆ پشتی لەسەر کاروبارە ئەدەبیو سیاسیە تەمومژاویەکان راوەستابوو. هەستمدەکرد ئەوکاتانەی ئالفارۆ بە تەنها لای مامۆستا دەمایەوە، دەشلەژاو پێویستی بە ئامادەبوونی کەسانیتر بوو تا هەڵسوکەوتو قسەکانی ئاسایی ببنەوە. لەنێو ئەو هەموو کەسەدا، بەتەنها خۆسێ فلیکس بۆی هەبوو لەکوێ ئارەزوی دەکات دابنیشێت. شەوان، دۆن رامۆن نەدەهاتە خاپی، بەڵکو لە تەك دۆستە دورخراوە ئیسپانیەکانی لە کافتریای رۆماو لەو دەوروبەرە دادەنیشت.

دواهەمین کەس کە لەسەر ئەو مێزە جێگەی بوموە من بووم، بەبێ مۆڵەتی تایبەتی کورسیەکەی ئالڤارۆ سێپدام داگیر کرد کە بە سەردانێکی کاتی لە نیۆیۆرک بوو. دۆن رامۆن وەك فێرخوازێکی تازە قبوڵی کردم لەبەر ئەوەی یەکێك لە چیرۆکەکانمی لە ئالسپیکادۆر[1]دا خوێندبوەوە، بەڵام مەحاڵبوو بیری لەوە کردبێتەوە ئەوەندە ببمە هاوڕێی کە دواجار بەوپەڕی بێشەرمیەوە بۆئەوەی لەگەڵ دایکم بە سەفەر بچمە ئاراکاتاکا داوای قەرزی لێبکەم. ماوەیەك دوای ئەوە، بەپێی رێکەوتێکی چاوەروان نەکراو، ئەوکاتەی پێش وادەی دیاریکراو چوبومە خاپی بۆئەوەی بەدزی ئەوانیترەوە ئەو شەش پیزۆیەی بدەمەوە کە لێم سەندبوو، بۆ یەکەمینجارو دواهەمین جار بواری ئەوەمان دۆزیەوە بە تەنها دەمەتەقێ بکەین.

سڵاوە هەمیشەیەکەی پێشکەش کردم ـ **سڵاو بلیمەت** ـ بەڵام شتێکی لە دەموچاومدا بەدی کرد کە بوەهۆی نیگەرانی بۆی ـ : **بێتاقەتی؟**

به ترسەوە وتم ـ **نازانم گەورەم. بۆچی؟**

وتی ـ واهەست دەکەم بێتاقەت بی، بەڵام زۆر گوێ مەدە بە قسەکانم، لەم رۆژانەدا حاڵو وەزعی هەمووومان وەکو یەکە، **del cul fotuts**[2].

بە نابەدڵیەوە شەش پیزۆکەی خستە جزدانەکەیەوە، دەتوت ئەو پارەیەی بەزۆر لێ سەندووم.

لەکاتێکدا لە شەرما سوور هەڵگەڕابوو، پێیوتم ـ **ئەمەت لێ وەردەگرم بە نیشانەی یادگاریەك لە گەنجێکی زۆر هەژار کە بێئەوەی کەس داوای لێبکاتەوە، توانی قەرزەکەی بداتەوە.**

نەمدەزانی بڵێم چی. لەنێو هەراوزەنای ئەوشوێنەدا بێدەنگی وەکو بیرێکی پڕ لە سورب قووتی دەدام. بەخەویش بیرم لەوە نەدەکردەوە بەخت یارم بێت و بتوانم هێندە هاوڕێیانە لەگەڵ مامۆستا قسە بکەم.هەستم دەکرد لە وتووێژە بەکۆمەڵەکاندا، هەمووان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەو بازاڕە ئاڵۆشوفتەیەدا کاڵاکانیان هەڵدەڕشت و زەوق جوانی و لاوازیەکانی هەریەکە لەتەك باشی و کەموکوڕییەکانی ئەوانیتردا تێکەڵاو دەبوو. بەلام بیرکردنەوە لەوەی بەتەنها لەگەڵ پیاوێك لەسەر هونەر و ناوبانگ و شانازییەکان قسە دەکەم لەگەڵیك ساڵ پێشترەوە ناوی لە فەرهەنگ نامەدا تۆمار کرابوو، بەلامەوە خەونوخەیاڵ بوو. زۆربەی بەیانیان، ئەودەمانەی لەژورەکەمدا تەنها بووم و کتێبم

---

1. El Espectador (بینەر)
2. وشەیەکی ناشرینە کە بەزمانی کاتالانی مانایەکی هاوشێوەی " دەم گاین" ی هەیە.

دەخوێندەوە، بەخەیاڵ بیرم لەوەدەکردەوە لەگەڵ ئەو لەسەر بابەتگەلی سەیروسەمەرە قسەوباس دەکەین و وەڵامی گونجاو بۆ نیگەرانی و گومانە ئەدەبیەکانم دەدۆزمەوە، بەڵام سەرجەم ئەو خەیاڵانەم بەهەڵهاتی هەتاو لە مێشکمدا دەسڕانەوە. ئەودەمانەی ئالفۆنسۆ بەیەکێك لەو تێزە ناباوانەیەوە بەپێ پەتی خۆی فڕیدەدایە ناوەڕاستی مشتومڕەکانەوە، یا ژێرمەن بۆ ڕەتکردنەوەی بیرۆکەیەك کە مامۆستا بەنەنقەست فڕێیدابوو هاواری لێهەڵدەستا، یا ئالبارۆ بەدەستەپاچەی و ترسەوە پێشنیارێکی پێشکەش دەکرد کە هەموومانی تووڕە دەکرد، شەرمنیم زیاتر تاوی دەسەند.

خۆشبەختانە ئەوڕۆژە لە خاپی دۆن ڕامۆن خۆی سەری قسەی کردەوەو دەربارەی ئەو شتانە پرسیاری لێکردم کە دەیانخوێنمەوە. تا ئەوکاتە هەر کتێبێکی نوسەرانی "نەوەی بەباچوو"[1] بە زمانی ئیسپانی دەستم کەوتبوو خوێندبوومەوە، بەڵام حەزوخواستێکی تایبەتیم بۆ ڤاکنەر هەبوو، بەوردبینیەکی بێوێنە، وەك ئەوەی چەقۆی نەشتەرگەریم بەدەستەوە بێت، توێ زێڕینەکانی نووسینەکانیم یەکالا دەکردەوە، لەترسی ئەوەی نەبا دواجار هەموویان جگە لە وتەی زیرەکانەو پووچ چیتر نەبن. پاش ئەوەی ئەوانەم پێوت، شەرمێکی سەیر دایگرتم کە زیاتر لە ململانێو بەرهەڵستی خوازی دەچوو، دەمویست مەبەستەکەم ڕونتربکەمەوە بۆ ئەوەی بە هەڵە لێم تێنەگات، بەڵام دۆن ڕامۆن بواری نەدا لەوەزیاتر درێژدادڕی بکەم.

به خوێنساردیەوە وتی ـ **نیگەران مەبە گابیتۆ. گەر ڤاکنەر لە بارانکیا بوایە، بە دڵنیایی لەسەر ئەم مێزە دادەنیشت.**

لەلایەکیترەوە بەلایەوە سەرنجڕاکێشبوو کە سەبارەت بە **ڕامۆن گۆمێز دێ لا سێرنا**[2] سەرنجی خۆم هەیەو لە "حوشتر مل"دا وەك ئەودوای ڕۆمان نووسە حاشاهەڵنەگرەکان باسی دەکەم. هەڵەکەیم بۆ ڕاست کردەوەو بۆم ڕونکردەوە کە لەبەر ڕۆمانەکانی ستایشی ناکەم، لەبەرئەوەی بەتەنها **هاوینە هەواری گوڵاڵە سوورەکانیم** خوێندبوەوەو زۆرم بەلاوە پەسەند بوو، بەڵکو ئەوەی لەنێو نوسینەکانیدا سەرنجی ڕادەکێشام جەسارەتی وتە

[1]. ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی گشتی ئەو نوسەرانە دەگرێتەوە کە لەپاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەنووسن و بەتایبەتیش بە گروپێك نوسەری ئەمریکی دەوترێت کە لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا هەنگاویان نایە بواری ئەدەبەوە و یەکەمین بەرهەمەکانیان لە دەیەی ٢٠دا نوسی. گێرترود ئیشتاین ئەو زاراوەیەی لەبەرامبەر هیمنگوای بەکارهێنا و وتی: "هەمووتان نەوەیەکی بەباچوون" هیمنگوایش ئەو ڕستەییەی لەسەرەتای ڕۆمانی وەکو هەمیشە هەتاو دەدرەوشێتەوە نوسیەوە. تایبەتمەندی ئەو گروپە، ڕەتکردنەوەی ئەو بەهایانەبوو کە باوەڕی پێیان هەبوو و نامۆبونیان بوو لەتەك ئەو وڵاتەی بەشێوەیەکی ناچارانە زەینێکی داخراو و شارستانی هەبوو و لەڕوی سوزداریەوە پڕوقورس بوو. جگەلە هیمنگوای، ئۆسکات فیتس جیراڵد و جۆن دروس پاسووسیش لە ڕوخسارە بەناوبانگەکانی ئەو نەوەیەن.

[2]. Ramon Gomez de la Serna (١٨٨٨ ـ ١٩٦٣) نوسەری ئیسپانی کە کورتبێژیەکانی بەناوبانگن.

رون‌و ڕەوانـەکانی بـوو، کـە وەك ڕاهێنانێـك بـۆ گەمـەکردن بـە وشـە لـە قەڵـەمم دەدا بۆئەوەی فێری نووسین ببم. لەو ڕووەوە، هیچ ژانرێکی ئەدەبیم نەدەناسی کە لە چرووپڕ بێژیـە داهێنەرانـەکانی ئـەو هۆشمەندانـەتر بێـت. دۆن ڕامـۆن بـە بزەێکـی چـزوو ئاسـا قسەکەی پێ بڕیم:

ـ ئەو مەترسیەی هەڕەشـەتان لێدەکات ئەوەیـە کـە بەبێئـەوەی خۆتـان پـێ بـزانن‌و بێئەوەی ئاگادار بن فێری قسەی قۆڕ نووسینیش ببن.

بەڵام، پێش ئەوەی کۆتایی بە بابەتەکە بهێنێت، دانی بەوەدا نا کە گۆمێز دێلاسێرنا، سەرباری وڕێنەبێژییە بەرچاوو هەمەڕەنگەکانی، شـاعیرێکی باشـە. هەمیـشە بەمـشێوەیە وەڵامـی دەدایـەوە، خێـراو دانایانـە، مێـشکە ئاشـوفتەکەی منـیش بـە زەحمـەت توانـای وەرگرتن‌و لێتێگەیشتنی قسەکانی هەبوو، لەبەر ئەوەی بە وردبینیەکـەی حەپەسـابووم‌و دەترسام نەبا گەلەکەرێك دەرکـەوێت‌و ئەوتاکە بوارەم لـەکیس بـدات. بـەڵام ئـەو خـۆی دەیزانـی چـۆن بارودۆخەکـە کـۆنترۆڵ بکـات. ئـەو بۆیـەی هەمیـشە خزمـەتی دەکـرد کۆکاکۆلای کاتژمێر یازدەونیوی بۆ هێنا،و مامۆستا، هەرچـەندە گـوێی پێنـەدا، بـەڵام بـە قامیشێکی کاغەز قوم قوم خواردیەوە، بێئەوەی قسەکەی ببڕێت. زۆربەی کرێیارەکان، هەر لەبەردەرگاکەوە بەدەنگی بەرز سڵاویان لـێدەکرد : "**حاڵتان چۆنە دۆن ڕامۆن؟**" ئـەویش بە دەست لەقاندنێکی هونەرمەندانە وەڵامی دەدانەوە، بێئەوەی سەیریان بکات.

لـەکاتی قـسەکانماندا، دۆن ڕامـۆن، لەژێرچـاوو بـە دزیـەوە، لـەو فایلـە چـەرمە ورد دەبووەوە کە بەهـەردوو دەسـت تونـد گرتبـووم‌و گوێم لـەویش دەگـرت. هـەر ئەوەنـدەی یەکەم پەرداخی کۆکاکۆلا تەواو بوو، قامیشەکەی باداو لارولـەوێرو پـانی کـردەوەو داوای لـە بۆیەکـە کـرد پـەرداخی دووهـەمی بـۆ بهێنێـت. منـیش لەبەرئەوەی دەمزانـی لـەوێ هـەموو کەسـێك میـوانی گیرفـانی خۆیـەتی، داوای سـاردییەکم کـرد. دواجـار، دەربـارەی فایلەکە پرسیاری کرد کە ئەوەنـدە تونـد گوشـی بـووم بەخۆمـەوە وەك ئـەوەی تەختـەی نەجاتم بێت.

ڕاستیەکەم پێوت: ڕەشنوسی وەرزی یەکەمی ئەو ڕۆمانـەبوو کە پـاش گەڕانـەوەم لـە کاتاکا دەسـتم بـە نووسـینی کردبـوو. بـە شـکۆمەندیەوە کە چیتر لـە چرکە چارەنوس سـازەکاندا، لەودەمانـەدا کـە مەسـەلەی مـەرگ‌و ژیـان لـە ئارادایـە، هـەرگیز لەخۆمـدا نەمبینیەوە، فایلەکەم خستە بەردەمی، وەك ئەوەی بمەوێت سـەرنجی ڕابکێـشم. هەسـتم بە قورسی گلێنە شین‌و ڕونە ترسناکەکانی کرد، بە کەمێك سەرسوڕمانەوە لێی پرسیم:

ـ بارمەتی هەیە؟

به ئامێری چاپ نووسیبووەو لەسەر کاغەزە چاپکراوەکان گەڵێك هەڵەبڕیم کردبوو کە لە شێوەی ئۆکۆردیۆنێك بە تیپ لکاندبووم بە کەنارەکانیانەوە. بەبێ هەڵپە چاویلکەی خوێندنەوەکەی کردە چاو، بە شارەزایەکی لێزانانەوە کاغەزە قەد کراوەکانی کردەوەو لەسەر مێزەکە بڵاوی کردەوە. بەبێ هیچ جوڵەیەك، گۆڕینی حالەت یان روخسار، لەرینەوەی پێست، توندبوون یان خاوبوونەوەی هەناسە، لە کاتێکدا پرچە توتی ئاساکەی بەشێوەیەکی ئارادەیەك هەست پێنەکراو، بەپێی بیرکردنەوەکانی، دەجوڵایەوە، نوسینەکەمی خوێندەوە. ئەودەمەی دوو زنجیرە کاغەزی تەواوەتی خوێندەوە، بەبێدەنگی و بە شکۆمەندی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، دیسانەوە قەدی کردنەوەو فایلەکەی داخست. دواتر چاویلکەکەی خستەوە ناو جێگەکەی و خستیەوە بەر باخەڵی.

به سادەیەکی تەواو وتی ـ وەك ئەوەی چاوەڕێم دەکردو لۆژیك حوکم دەکات، ئەم دەستنووسە هێشتا مادەیەکی سەرەتایی خاوە. بەڵام تا ئێستا باش دەرچووە.

زۆر بەکورتی و لاوەکی، رونکردنەوەیەکی دەربارەی زەمەنی کردار پێشکەش کرد، کە ئەوە بۆ من لە شەڕی نێوان مەرگ و ژیان دەچوو، هیچ گومانم لەوە نەبوو کە ئەوە دژوارترین گرفتی نووسینە، هەروەها وتی:

ـ دەبێ ئاگاداری ئەوە بیت کە روداوە بنەڕەتیەکەی رۆمانەکە پێشتر رویداوەو ئامادەبونی پێرسۆناژەکان تەنها بۆ جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوە، هەر لەبەر ئەمەش ناچاریت بەردەوام زەمەنی روداوەکان بگۆڕیت.

دواتر ئاماژەی بە چەند خاڵێکی هونەری ورد کرد، بەڵام من لە رووی بێ ئەزمونیەوە نەمتوانی لە بایەخ و بەهای رێنومایەکانی تێبگەم، پێشنیاری ئەوەی کرد ناوی شاری ئەوەری روداوەکان، وەك ئەوەی لە دەست نووسەکەدا نووسیبووم بارانکیا نەبێت، لەبەرئەوەی ئەوناوە ئەوەندە بە واقیعەوە گرێدرابوو کە رێگەی لە بیرکردنەوەی خوێنەر دەگرت، یان هەر هیچ نەبێت سنوری خەیاڵی بەرتەسك دەکردەوە، دواجار بە هەمان گاڵتە پێکردنە هەمیشەیەکانیەوە وتی:

ـ یان مەگەر ئەوەی خۆتان گێل بکەن و لەخۆڕا دڵ بەوە خۆش بکەن و چاوەڕوان بن بارانکیا خواستراوەکەتان لە ئاسمانەوە بۆتان دابەزێت. لەبەرئەوەی، لە کۆتاییدا، ئەو ئەسینایەی سۆفۆکلیس تێدا دەژیا هیچ لە ئەسینای ئەنتیگۆنا نەدەچوو.

بەڵام ئەوشتەی کە هەرگیز سەرپێچیم لێ نەکرد ئەو دواڕستەیەی بوو کە ئەوڕۆژە عەسر پێش خواحافیزی پێی وتم:

ـ سوپاسی نیازپاکیتان دەکەم، بەڵام ئامۆژگارییەکتان دەکەم: هەرگیز دەستنووسی ئەوشتەی سەرقاڵی نووسینیت پیشانی کەسی مەدە.

ئەوە تاکە وتووێژی دووکەسیمان بوو، بەڵام لە سەد وتووێژی بەکۆمەڵ زیاتری دەهێنا. ١٥ی ئابریلی ١٩٥٠، بە هەمان ئەو شێوەیەی کە زیاتر لە ساڵێك بەرنامەی بۆ کێشرابوو، بەرەو بەرشەلۆنە سەفەری کرد، لەکاتێکدا کە چاکەتو پانتۆڵە مەخمەڵە رەشەکەی و کڵاوە قازی ئاساکەی روخسارێکی سەیری پێ دەبەخشی. لەوەدەچوو منداڵێکی قوتابخانە سواری فرۆکە بکەین. بە شەستو هەشت ساڵ تەمەنەوە هێشتا خاوەنی جەستەیەکی رێکوپێكو تەندورست بوو، هۆش وبیری نەفەوتابوو، بەڵام ئەوانەی لەگەڵی دەچووینە فرۆکەخانە هەستمان دەکرد دەگەرێتەوە نیشتیمانەکەی بۆئەوەی بەشداریی رێورەسمی بەخاکسپاردنی خۆی بکات.

بۆ رۆژی دوایی، ئەوکاتەی لەسەر مێزەکەمان لە خاپی کۆبوینەوە، تازە بۆماندەرکەوت شوێنەکەی چەند بەتاڵە، بۆماوەیەکی زۆر بە بەتاڵی مایەوە تا دواجار بریارماندا ژێرمەن لەسەر کورسیەکەی ئەو دابنیشێت. چەند رۆژێك تێپەری هێشتا نەمانتوانیبوو خۆمان لەتەك ریتمی نوێی وتووێژەکانماندا رێکبخەین، تا ئەوکاتەی یەکەمین نامەی دۆن رامۆنمان بەدەست گەیشت، کە بە خەتێکی جوانو رونو بە مەرەکەبی وەنەوشەیی نوسرابوو، ئەوەندە بە زمانێکی دۆستانە نووسرابوو دەتوت بەدەنگی بەرز خۆیەتی قسەمان لەگەڵ دەکات. بەوشێوەیە، نامەگۆرینەوەیەکی بەردەوامو چروپر لە نێوانماندا دەستی پێکرد کە بۆ هەموومانی دەنووسیو لەرێگەی ژێرمەنەوە پێمان دەگەیشت. لە نامەکانیدا زۆر باسی ژیانی تایبەتی خۆی نەدەکرد، بەڵکو بەچری دەربارەی ئەو ئیسپانیایە شتی بۆ دەنووسین کە بە وڵاتێکی داگیرکراو لەقەڵەمی دەدا، لەبەرئەوەی هێشتا فرانکۆ مابوو، کاتالۆنیای لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ئیسپانیادا هێشتبووەوە.

ئالفۆنسۆ زۆر لەوەوپێش بیری لە بڵاوکردنەوەی هەفتەنامەکە کردبووەوە، بەڵام وابزانم سەفەری زانستی کاتالان بەرنامەکەی پێشخست. سێ شەو دوای ئەوە، بەهەمان مەبەست لە کافتریای رۆما کۆبووینەوە، ئالفۆنسۆ ئاگاداری کردینەوە کە سەرجەم ئاسانکاریەکانی سەفەرەکە جێبەجێ کراوە. بریاردرا هەفتەنامەیەکی هەواڵی ـ ئەدەبی بیست لاپەرەیی بێت، کە ناوەکەی ـ **کرۆنیکا** ـ هیچ مانایەکی تایبەتیو وێنانەنێکی دەستنیشانکراوی نەدەبەخشیە زەینی خوێنەر. تەنانەت خۆشمان پێمان وابوو توشی ورێنە بووین، لەبەرئەوەی پاش تێپەرینی چوارساڵ لەوەی کە نەمانتوانیبوو سەرچاوەی دارایی پێویست، لەو شوێنەدا کە گەڵێك سەرمایە بە چەقبەستوویی مابووەوە، بە دەست بهێنین، لەناکاو ئالفۆنسۆ توانی بری پێویستی ئەو سەرچاوەیە، لە پیشەساز، فیتەری ئۆتۆمبێل، مافزانە خانەنشینەکانو تەنانەت لە خاوەن بارە هاودڵ وهاورێکانی، کە

قبوڵیان کردبوو بودجەی ریکلامەکان بە شێوەی شتومەك ـ واتا عەرەقی قامیشی شەکر ـ بدەن، کۆبکاتەوە. هەڵبەتە، لەبەر هەندێك هۆکاری جیاواز لەوباوەڕەدا بووین ئەو بلاوکراوەیە لە شارێکدا کە سەرباری جموجۆڵی پیشەسازیو خواستە مەدەنیەکانی، هێشتا دڵی بە شاعیرەکانی خۆشە، پێشوازی لێدەکرێت.

جگە لە گروپەکەی خۆمان، گەلێك هاوکاری بەردەوامان هەبوو. تاکە رۆژنامەنووسی پسپۆرو بەئەزموونی نێوانمان **کارلۆس ئۆسیۆ نۆگێرا**[1] ـ ئۆسۆبۆی شاعیر ـ بوو، شاعیرو رۆژنامەنووسی دلگیرو تایبەتی، بە جەستەیەکی لەڕادەبەدەر پتەوەوە، کارمەندی دەوڵەتو بەرپرسی چاودێری لە ئال ناسیۆنال، کە ئالفارۆسپێداو ژێرمەن بارگاسیش ماوەیەك لەوێ کاریان کردبوو. هاوکارێکی بەردەوامی ترمان دەبوو **رۆبێرتۆ(بۆب) پریتۆ**[2] بێت، ئەو زانستخوازە بێوێنەیەی چینی بالادەست، کە هەرئەوەندە ئاسان بە فەرەنسیو ئینگلیزی بیری دەکردەوە کە بە ئیسپانی دەیتوانی، دەیتوانی گەلێك برگەی هەمەڕەنگی مامۆستا گەورەکانی مۆسیقا لەبەر بژەنێت. تارادەیەك ئالفۆنسۆ بە نووسینی ناوی **جولیۆ ماریۆ سانتۆدۆمینگۆ**[3] لە پێرستەکەیدا هەموانی دوچاری سەرسوڕمان کرد. کەس لەبەرامبەر ئەو هەڵبژاردنەی نارەزایی دەرنەبڕی، لەبەر ئەوەی ئەو بەرێزە لەخواپێداوەکانو لەئێمەمانان باشتر بوو، دەکرا گەلێك سوودی بۆ مەبەستەکانمان هەبێت، بەڵام زۆربەمان نەمانزانی بۆچی ناوی لەنێو دەستەی نووسەرانیشدا تۆمار کراوە، ئەمەش لەکاتێکدا، بەرواڵەت، ئەو دەبوو بە حوکمی چارەنووس راکفلرێکی ئەمریکای لاتینی بێت، سەرباری زیرەکیو زانستو رۆشنبیری بەرفراوانو رەفتاری بەنەزاکەتی، بەناچاری دەبوو لە ریزی خاوەن پارەوپولەکاندا بمێنێتەوە. جگە لە ئێمە چوار، بنیاتنەرە سەرەکیەکانی بلاوکراوەکە، خەڵکێکی زۆرکەم ئەوەیان دەزانی کە بەدرێژایی چارەکسەدەیەك، ئارەزوی شاراوەی ئەوکەڵە سەرمایەدارە، نووسەری بوو.

بەبێ هێچ قسەوباسێك سەرۆکایەتی ئالفۆنسۆمان قبوڵ کردو ئەو بووە بەڕێوەبەری گۆڤارەکە. ژێرمەن یەکەمجار بە پەیامنێرێکی بەرجەستە لەقەڵەم دەدرا کە هیواداربووم بتوانم لە هەندێك کاردا یارمەتی بدەم، هەڵبەتە ئەمەش نەوەك لەوکاتانەدا کە کاتم هەبوو ـ لەبەرئەوەی کاتی سەر خوراندنیشم نەبوو ـ بەڵکو ئەودەمانەی خەیاڵەکانم دەبووە راستیو نهێنیەکانو وردەکاریەکانی ئەو پیشەیە فێر دەبووم. ئالفارۆسێپدا، کاتی دەست بەتاڵبوونی لە وانەکانی زانکۆی کۆلۆمبیا، وتارو بابەتی بۆ دەنووسینو لە

---

[1]. Carlos Osia Noguera

[2]. Roberto (bob) Prieto

[3]. Julio Mario Santodomingo

نیۆیۆرکەوە بۆی دەناردین. دواجاریش، کەسێکی ئازادترو شەیداتر لەمن پەیدا نەدەبوو تاوەکو بۆ پۆستی بەڕێوەبەری دەستەی نووسەرانی هەفتەنامە سەربەخۆو ناجێگیرەکەمان دابنرێت، هەر وەهاش بوو.

ئالفۆنسۆ لەگەڵێك ساڵ پێشەوە ئەرشیفێکی چڕوپڕی ئامادە کردبوو، لەماوەی شەش مانگی دواییدا، بە نووسینی سەروتارو کۆکردنەوەی وتاری ئەدەبی، راپۆرتی مامۆستایانەو سەرنجڕاکێش، بەڵێن وەرگرتن لە هاوڕێ دەوڵەمەندەکانی کە ریکلامی بازرگانیمان بدەنێ، بە تەواوەتی زۆربەی کارەکانمانی بەرەوپێش بردبوو. لە لایەکی ترەوە، بەڕێوەبەری دەستەی نووسەران، بەبێ کاتی دیاریکراوی کارکردن و بە مووچەیەکی بەرزتر لە رۆژنامەنووسەکانیتر - بەڵام بەپێی دەرامەت - بە تەواوەتی ئامادەبوو تاوەکو گۆڤارەکە بەشێوەیەکی گونجاوو لەکاتی خۆیدا بخاتە بازاڕەوە. دواجار، شەممەی هەفتەی داهاتوو، ئەوکاتەی پێمخستە ژورە بچوکەکەی ئال ئارالدۆ، ئالفۆنسۆ تەنانەت سەریشی بەرز نەکردەوەو چاوی لە سەروتارەکەی هەڵنەگرت.

بەتەنها وتی - مامۆستا، دەستوبردێك بکەو کارەکانت راپەڕێنە لەبەرئەوەی هەفتەی داهاتوو کرۆنیکا دەردەچێت.

هیچ خۆم تێك نەدا، لەبەرئەوەی پێشتر دووجاریتریش ئەو قسەیەم بیستبوو. بەڵام ئەمجارەیان بەڵێنەکە راست دەرچوو. گرنگترین رووداوی رۆژنامەوانی هەفتە - کە بەبێ بگرەوبەردە لەهەموو هەواڵەکانی تر چەورتر بوو - ئەوەبوو کە یاریزانی تۆپی پێی بەڕازیلی هیلینۆ دێ فریتاس[1] بۆ تیپی دێپۆرتیبۆ جونیۆر یاری دەکرد، بەڵام ئێمە بەنیاز نەبووین ئەو هەواڵە بەشێوەی باوی بڵاوکراوە وەرزشیەکان بڵاوبکەینەوە، بەڵکو وەك هەواڵێك پێشکەشمان دەکرد کە بایەخێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرت. کرۆنیکا پاشکۆی زەوق و سەلیقەی خەڵکی نەبوو، بەتایبەت کاتێك مەسەلەی وەرزشێکی گشت پەسەندی وەکو تۆپی پێ لەئارادابووایە. بەکۆی دەنگ بڕیارمان داو لێبڕاوانە جێبەجێمان کرد.

ئەوەندە بابەتی ئامادەمان هەبوو کە دواکاتژمێرەکانی ئامادەکردنی هەفتەنامەکە دەبوو چاوەڕێی رێپۆرتاژێکی زێرەمەن باراگاس بکەین لەسەر ئێلنۆ، کە لەوبوارەدا تەواو شارەزاو بۆخۆشی لە هەوادارانی تۆپی پێ بوو. یەکەمین ژمارە، بەپێی بەرنامەی دیاریکراو، شەممە ٢٩ی ئابریلی ١٩٥٠، رۆژی سانتا کاتالینا دێ سینا[2]، نووسەری نامە

---

[1]. Heleno de Freitas

[2]. Santa Catalina de Siena (١٣٤٧ - ١٣٨٠) رامیبەی ئیتالی و نوسەری کۆمەڵە نامەیەکی زاهیدانە

شینەکان لە جوانترین گۆڕەپانی دونیا، لە بەیانیەوە لە کۆشکی رۆژنامە فرۆشیەکاندا خۆی دەنواند. بەتەواوەتی پێشەوەی گۆڤارەکە بنێرینە چاپخانە، بە پێشنیاری من، ئەم رستەیەمان لەژێر ناوی بڵاوکراوەکەدا تۆمار کرد :

کرۆنیکا

"باشترین سەرگەرمی رۆژانی کۆتایی هەفتەی ئێوە"

باش دەمانزانی، بەم کارە، ئەو پاکیزەخوازیە چاکەکارانەیەی کە لەوساڵانەدا باڵی بەسەر چاپەمەنیە کۆلۆمبیەکاندا کێشابوو، بریندار دەکەین، بەڵام مەبەستمان لەو دروشمە پروپاگەندەییە مانا باوەکەی نەبوو لە زمانی ئیسپانیدا، بەڵکو لایەنە تانەئامێزو شاراوەکەیمان مەبەست بوو. **ئالفۆنسۆ مێلۆ**[1]، وێنەی ئیلنۆ دێ فریتاسی بە قەڵەم رەساس بۆ رویەرگەکەی کێشابوو، لەنێو ئەو سێ وێنەکێشەدا کە هاوکاریان دەکردین، جگەلەو کەسیتریان شارەزای پۆرترێت کێشان نەبوو.

سەرباری دەستەپاچەیی‌و هەڵپەی دوا کاتژمێرەکانی کارکردن‌و نەبوونی ریکلام، سەرجەم نوسخەکانی گۆڤارەکە زۆر پێشەوەی سەرجەم ئەندامانی دەستەی نووسەران ـ یەکشەممە ٣٠ی ئابریل ـ بگەنە ستادیۆمی شارەوانی، شوێنی یاری نێوان دێپۆرتیڤۆ جونیۆرو **ئال سپۆرتینگ**[2] ـ هەردووکیان تیپی بارانکیایی بوون ـ فرۆشرابوون. لەنێو کارمەندەکانی گۆڤارەکەشدا دووبەرەکی هەبوو، لەبەرئەوەی ژێرمەن‌و ئالڤارۆ هاندەری سپۆرتینگ بوون‌و من‌و ئالفۆنسۆ هاندەری جونیۆر. لەگەڵ ئەوەشدا، ناوی ئێلینۆو ریپۆرتاژە نایابەکەی ژێرمەن باراگاس بوونە هۆی ئەوەی ئەو باوەڕە هەڵەیە لەلای خەڵکی بچەسپێت کە کرۆنیکا هەمان ئەو گۆڤارە مزگێنی دراوەبوو کە پاش چاوەڕوانیەکی زۆر، دواجار سەری هەڵدابوو بۆئەوەی وەڵامدەرەوەی خواست‌و ئارەزوی کۆلۆمبیەکان بێت.

لە ستادیۆمەکەدا دەرزیت هەڵبدایە بەر زەوی نەدەکەوت. لە هەمان شەش خولەکی سەرەتادا، ئێلنۆ دێ فریتاس بە قاچی چەپ لەناوەڕاستی گۆڕەپانەکەوە یەکەمین گۆڵی خۆی لە کۆلۆمبیا تۆمار کرد. هەرچەندە یاریەکە ٣ی بە ٢ لەبەرژەوەندی سپۆرتینگ کۆتایی پێ هات، بەڵام ئەوەی ئەو عەسرە براوەبوو ئێمەو ئیلینور بووین، کە بە وێنەی رووبەرگەکەمان تەواو مەبەستەکەمان پێکابوو. بەڵام هیچ هێزێکی مرۆیی‌و خوداوەندی نەیتوانی ئەوە بە خەڵك بسەلێنێت کە کرۆنیکا گۆڤارێکی وەرزشی نییە، بەڵکو

---

[1]. Alfonso Melo

[2]. El Sporting

هەفتەنامەیەکی روناکبیری بوو کە دەیویست بە بەرجەستە کردنی ئێلنۆ فریتاس جەخت لەسەر یەکێك لە رووداوە گرنگەکانی ئەوساڵە بکاتەوە.

نەدەبوو ئەو کارەی ئێمە بە ناشیگەری کۆمەڵێك کەسی تازەکار لەقەڵەم بدرێت. سێ کەسمان لە گۆشەکانی خۆماندا، کە تایبەتبوو بە بابەتە گشتیەکان، قسەشمان لە تۆپی پێ دەکرد، کە نابێت ژێرمەن باراگاس فەرامۆش بکەین. ئالفۆنسۆ فۆینمار بە یەکێك لە هاندەرە سەرسەختەکانی ئەو یاریە لەقەڵەم دەدرا، ئالفارۆ سێپدا گەلێك ساڵ پەیامنێری **سپۆرتینگ نیوز**[1]، سێنت لوویس، ومیسوری بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەو خوێنەرانەی کە شەیدایانە دەمانویست سەرنجیان رابکێشین، بە ئامێزی ئاوەڵاوە ژمارەکانیتریان قبوڵ نەکرد، عاشقە هەمیشەییەکانی ستادیۆمەکان، بەبێ هیچ پەشیمانیەك، پشتیان لە ئێمە کرد بە مەبەستی چاککردنەوەی ئەو دابڕانە، لە کۆبونەوەی دەستەی نووسەراندا بڕیارماندا کە من ڕێپۆرتاژی ناوەڕاستی گۆڤارەکە لەسەر **سباستیان براسکۆچێیا**[2]، یەکێکیتر لە ئەستێرە بەرازیلیەکانی دێپۆرتیڤۆ جونیۆر، بنووسم، بەوئومێدەی تۆپی پێو ئەدەب پێکەوە ئاشت بکەمەوە، وەکو چۆن چەندینجار لە گۆشە هەمیشەییەکەمدا لە رۆژنامەکەدا هەوڵم دابوو لەنێوان بوارە جیاوازەکاندا پەیوەندی دروست بکەم. تای تۆپی پێ، کە لە بەرزاییەکانی کاتاکا لە لویس کارمێلۆ کوێراوە بۆ من گوێزرایەوە، بە تێپەڕینی کات دامرکابوو، دەتوانم بڵێم تارادەیەك هیچ نیشانەیەکیم لە دەرونمدا نەدەبینی. سەرباری ئەوەش، یەکێکبووم لە هاندەرە تازە پێگەیشتوەکانی بیسباڵی کارایبی - یان بەقسەی خەڵی ناوچەکە، دووگۆڵی .. لەگەڵ ئەوەشدا، خۆم دایە بەر ئەوەمەترسیەو ململانێکەم قبوڵ کرد.

دیارە سەرچاوەکەم ڕێپۆرتاژەکەی ژێرمەن بارگاس بوو. یارمەتیم لە چەند کەسێکیتریش وەرگرت، پاش قسەکردن لەگەڵ براسکۆچێیا، ئەو پیاوە هۆشیارو پرسۆزەی کە باش دەیزانی وێنەکانی بگوێزێتەوە بۆ خوێنەران، خەیاڵم ئاسودە بووو هەناسەیەکی خۆشیم هەڵکێشا. بەڵام بەجۆرێك کارەکەم تێکدا هەر مەپرسە: بە ناوی خێزانی یاریزانەکە هەڵخەڵەتامو وەك کەسێکی بەرەگەز باسکی ناوم هێنا، بێئاگا لەوەی ئەو بەرێزە زنجیەکی پێست سپی بوو کە حەوت پشتی دەگەشتەوە سەر ئەفریقیەکان. ئەوکارە بووە یەکێك لە ئابڕوچونە گەورەکانی ژیانمو گۆڤارەکەی خستە گێژاوێکەوە کە زۆر بە ئاستەم توانی لەدەستی رزگاری ببێت. ئەوەندە ئەو رووداوە بەلامەوە پڕئازارو

---

[1]. Sporting News

[2]. Sbastian Braccochea

بزوێنەر بوو کە لەدڵی خۆمدا بە تەواوەتی حەقم دایە ئەوخوێنەرەی کە لە نامەیەکی توندو رەقدا منی بە شیکەرەوەیەکی ناشایستەی وەرزشی ناوبردبوو کە تۆپو تراموا لێك جیا ناکاتەوە. تەنانەت ژێرمەن بارگاسیش، کە لەبیرورِا دەربرِیندا زۆر بەوردی قسەی دەکردو کەسی بریندار نەدەکرد، چەند ساڵێك دوای ئەوە لە بیرەوەریەکانیدا نووسی ریپۆرتاژەکەی براسکۆچێیا خراپترین بابەتی هەموو ژیانمە. لەوباوەرِەدام لەو بۆچونەدا زیادەرِەوی کردبوو، بەڵام ئەوەندەش لەراستیەوە دوور نییە، لەبەرئەوەی کەس ئەوەندەی ئەو لەوبوارەدا شارەزا نەبوو، ریتمی نووسینە واقیعیەکانیو رێپۆرتاژەکانی هێندە رەوانو دلگیر بوو وەکو ئەوەبوو خۆی بابەتەکەی بۆ پیتچنەکە خوێندبێتەوە.

چاومان لە تۆپی پێو بیسباڵ پۆشی، لەبەرئەوەی لە کەناری کارایب هەردووکیان لایەنگری زۆریان هەبوو، لەبەرامبەردا قەبارەی ئەو بابەتانەمان زیادتر کرد کە پەیوەندیان بە بابەتە رۆژانەکانو شتە تازەکانی بواری ئەدەبەوە هەبوو. سەرجەم هەوڵەکانمان بێسوودبوو : ئەو باوەرِە هەڵەیەی کە کرۆنیکا گۆڤارێکی وەرزشیە هەرگیز بەرۆکی بەرنەداین، لەبەرامبەردا، عاشقانی ستادیۆمەکان زوو دركیان بە هەڵەکەیان کردو دەستیان لە بەرۆکمان بەردا. بەمشێوەیە، بەهەمان ئەو جۆرەی کە دەمانویست درێژەمان بە کارەکەمان دا، هەرچەندە لە هەفتەی سێهەم بەدواوە بڵاوکراوەکەمان لەبەرزەکی بەدحاڵیبووندا نووقم بوو.

رێگەم نەدا ترس بەسەرمدا زاڵ بێت. سەفەرکەم بۆ کاتاکا لەگەڵ دایکم، وتووێژە مێژوویەکەم لەگەڵ دۆن رامۆن بینیزو پەیوەندیە پرِلە خۆشەویستیەکەم لەگەڵ گروپی بارانکیا هەناسەیەکی تازەیان بەبەردا کردمو هێزێکیان پێ بەخشیم کە بۆ هەمیشە لەدەروونمدا بە زیندویی مایەوە. لەوەبەدوا، هەر پارەیەکم دەست کەوتبا بەهۆی ئامێری چاپەکەم دەستم دەکەوت، هەستدەکەم ئەوکارە زۆرلەوەزیاتر کە بیری لێدەکرێتەوە مایەی شانازیە، لەبەرئەوەی تازە لە چل وچەند ساڵیدا، پاش بڵاوکردنەوەی چوار کتێبی کەم فرۆش، توانیم بەو برِە پارەیەی لەبری نووسینی چیرۆكو رۆمانەکانم وەرم دەگرت ژیان ببەمە سەر. تا پێش ئەوە، ژیانم لەژێر کاریگەری رەشەبای فێڵو تەڵەکەبازیو ئەو خەیاڵپلاوانەدا بوو کە بەهۆیانەوە خۆم لە گەڵێك داو پاراست کە منیان بەرەو ناراستەیەکی پێچەوانەی نووسەری بەکێش دەکرد.

٣

بە کۆتایی هاتنی کارەساتی ئاراکاتاکا، مەرگی باپیرم‌و نەمانی دواهەمین بروسکەکانی هەژموونی لەرزۆك و گومانئامێزی، ئێمە کە لەبەر رۆشنایی بوونی ئەودا دەژیاین نووقمی دڵتەنگی بووین. لەوکاتەوەی هیچ موسافیرێك بە شەمەندەفەرەکە نەهات، ماڵەکە ساردو بێ رۆح و چۆڵ‌وهۆڵ بوو. مینا و فرانسیسکا سیمۆدۆسێیا لەلای ئەلبێرا کاریۆ مانەوە، کە بە سەرسپێردراوی رەعیەتێکی وەفادار چاودێری کردن. ئەودەمەی داپیرم بینایی و هەست و هۆشی لەدەست دا، دایکم‌و باوکم هێنایانە لای خۆیان بۆئەوەی هیچ نەبێت لەدوارۆژەکانی ژیانیدا زۆر بەمەینەتی نەژی. پورە فرانسیسکای هێشتا کچ و ئازارچەشتوو، هەرگیز دەسبەرداری بێ‌پەروابیەکان‌و قسە توندو بریندارکەرەکانی نەبوو، ئامادەنەبوو کلیلەکانی گۆرستانەکە بداتەدەست کەس‌و ئەرکی دروستکردنی نانی فەتیر بسپێرێتە کەسێکی تر، بەڵگەشی ئەوەبوو کە گەر خودا بیەوێت دەیخاتە دڵیەوە. رۆژێکیان لەناکاو، لەبەردەرکی ژورەکەی دانیشت‌و بەچەند چەرچەفێکی پاك‌و خاوێن دەستی بە دوورینی کفنێك کرد کە بە بەری خۆی بڕیبووی‌و ئەوەندە بەسەلیقەو وردەکاریەوە درێژەی بەو کارەدا کە ئەجەل ناچاربوو زیاتر لە دوو هەفتە چاوەرێ بکات تا کارەکەی تەواو دەکات. شەوی وادەدراو، بێئەوەی ماڵئاوایی لە کەس بکات چووە نێو جێگەکەی‌و بەبێ نەخۆشی‌و ئازارو بەوپەڕی لەشساغی‌و تەندروستیەوە بەرەو ئامێزی مەرگ هەڵات. ماوەیەکی پێچوو تا بۆیان دەرکەوت شەوێك پێش ئەو روداوە گەواهی مردنی تۆمارکردوەو کاروبارە ئیداریە پێویستەکانی بەخاکسپاردنی خۆی جێبەجێ کردوە. ئەلبێرا کاریۆش کە بە ویستی خۆی لەهیچ پیاوێك نزیك نەببوەوە، لە گۆشەگیری قوڵی خانوەکەدا بەتەنها مایەوە. نیوەشەوان، ترس لە کۆکە تاهەتایی ژورەکانی تەنیشتی لەخەو رایدەپەڕاند، بەڵام گوێی پێ نەدەدان لەبەرئەوەی خووی بە نیگەرانیەکانی ژیانی دواسروشتیشەوە گرتبوو.

بەپێچەوانەوە، برا دووانەکەی، ستیبان کاریۆ، بە پیریش هۆشیار و بەگوڕ بوو. جارێکیان کە پێکەوە نانی بەیانیمان دەخوارد، بە وردەکاریی وێنەیی تەواو، بیرمکەوتەوە

كە هەندێك كەس هەوڵیاندا باوكی لەسەر كەشتی سینناگا فرێبدەنە ئاوەكەوە. خستبوویانە ناو پارچە قوماشێك و بەرەو ئاسمان هەڵیان دەدا رێك هەمان ئەو بەلایەی وڵاخدارەكان بەسەر سانچۆ پانزادا هێنابوویان. باپیرە مردبوو، منیش ئەو بیرەوەریەم بۆ خاڵە ستیبان گێڕایەوە لەبەرئەوەی بەلامەوە بیرەوەریەكی خۆشبوو. بەڵام ئەو لەناكاو لێم راپەڕیو لەكاتێكدا لەبەر تورەیی دەلەرزی، بەتانەوە پێیوتم بۆچی هەر ئەوكاتە ئەو مەسەلەیەم بۆ كەس نەگێڕاوەتەوە، بە ئەوپەڕی كەلەڕەقیەوە داوای لێكردم ئەو پیاوەم بیربكەوێتەوە كە رۆژی پاش رووداوەكە لەگەڵ باپیرم قسەی دەكرد، رەنگە بتوانین لە رێگەی ئەوەوە ئەوكەسانە بناسینەوە كە بەنیازبوون سەرهەنگ بخنكێنن. زۆر بەدوورم دەزانی سەرهەنگ بەرگری لەخۆی نەكردبێ، ئەویش لەكاتێكدا كە دەستی تەقەكردنی حاشاهەڵنەگر بوو، لە ماوەی دووشەڕی ناوخۆدا گەلێكجار بەشداری بەرەی پێشەوەی شەڕی كردبوو، بەردەوام حەوتتیرەكەی دەخستە ژێر سەرینەكەیەوەو لەسەردەمی ئاشتیشدا یەكێك لە دوژمنەكانی لە روبەڕوبونەوەیەكدا كوشتبوو. ستیبان وتی بەهەرحاڵ، هەرگیز بۆئەوە درەنگ نییە كە ئەو و براكانی تۆڵە لەو بێشەرمانە بكەنەوە. یاسای گواخیرا بەمجۆرەبوو: گەر دەستدرێژی بكرابایەتە سەركەسێك، دەبوو سەرجەم پیاوانی ئەو بنەماڵەیەی دەستدرێژیەكەیان كردووە سزا بدرێن. خاڵە ستیبان ئەوەندە لەسەر قسەكەی سووربوو كە حەوتتیرەكەی لە كەمەری كردەوەو لەسەرمێزەكە داینا بۆئەوەی كە لێكۆڵینەوەكەی منی تەواو كرد چركەیەك كات بەفیڕۆ نەدات و تۆڵەسەندنەوەكە دوانەخات. لەورۆژە بەدواوە، هەموو ئەوكاتانەی لەسەفەرە بەمەبەست یان بێ مەبەستەكانماندا یەكترمان دەبینی، بەئۆمێدی ئەوەی بەڵكو شتێكم بیركەوتبێتەوە لە دەرونیدا سەری هەڵدەدایەوە. لەو رۆژانەدا كە بە رابردووی بنەماڵەكەماندا دەچومەوە بۆ ئەوەی كەڵك لە رووداوەكانی وەربگرم بۆ ئەورۆمانەی بە ناتەواوی مایەوە، شەوێك سەروكەلەی لە ژورە بچوكەكەی رۆژنامەكە دەركەوت و پێشنیاری ئەوەی كرد كە پێكەوە لەو كارە تاوانبارانەیە بكۆڵینەوە. هەرگیز خۆی بەدەستەوە نەدا. دواهەمینجار لە كارتاخنا دایندیاس بینیم، ئەودەمەی تەواو پیاوێكی پیر و پەككەوتەبوو و بەدەست نەخۆشی دڵەوە دەیناڵاند، كاتی ماڵئاوایی، بە بزەیەكی غەمگینەوە پێی وتم:

- سەرم لەوە سوڕماوە چۆن توانیت بەو بیروهۆشە خراپەوە ببیتە نووسەر؟

ئەودەمەی لە ئاراكاتاكا هیچ رێگە چارەیەكمان بۆ نەمایەوە، باوكم جارێكیتر ئێمەی بردەوە بارانكیا بۆئەوەی دەرمانخانەیەكی نوێ بكاتەوە. دەستی بەتاڵ بوو، بەڵام لەلای بەكۆمەڵ فرۆشەكان، هاوبەشە تایبەتیەكانی لە كاروكاسبیەكانی پێشوویدا، بڕوایەكی

باشی هەبوو و دەیتوانی بەقەرز چەندی پێویست بوو شت وەمەکیان لەلا بهێنێت. بە پێچەوانەی ئەوەی لەنێو خۆماندا باسمان دەکرد، ئەوە پێنجەمین دووکانی نەبوو، بەڵکو هەمان دووکانی یەکەمجاری بوو کە بەو خەیاڵەی ئاگای لەبازاڕە و زۆر باش درك بە بەرزی و نزمیە بازرگانیەکان دەکات، لە ناوچەیەکەوە دەیگواستەوە بۆ ناوچەیەکیترو ئێمەشی بەدوای خۆیدا کێش دەکرد: دووجار لە بارانکیا، دووجار لە ئاراکاتاکا و جارێك لە سینسێ. هەمووجارێك، یەکەمجار قازانجێکی کەمی دەکرد و دواتر هەندیك سووکە قەرزی دەکەوتەسەر و بەناچاریی دووکانەکەی دادەخستو بارگەوبنەی سەفەرمان دەپێچایەوە. لەودەمانەدا خێزانەکەمان بەبێ باپیروداپیر و خاڵ و پوور و خزمەتکارەکان، بریتی بوو لە دایك و باوکم و منداڵەکان کە شەش کەس بووین ـ سێ کوڕ و سێ کچ، بەرهەمی نۆساڵ هاوسەریەتی.

بارودۆخی تازەی ژیانم بە تەواوەتی نیگەرانی کردم. ئەوکاتەی منداڵ بووم، هەمیشە بۆ ماوەیەکی کورت، چەندجارێك رێم کەوتبووە بارانکیا و هەندێك بیرەوەری پچڕپچڕ و پەرش وبڵاوم لەو شارە هەبوو. لە تەمەنی سێ ساڵیدا، بەبۆنەی لەدایك بوونی مارگرێتای خوشکمەوە بردبوومیانە ئەوێ. بۆگەنی لیتاوو پیسایی بەندەرەکەم لە کاتی هەڵهاتنی هەتاودا بیر دەکەوێتەوە، ئەو گالیسکە تاك ئەسپەی کە گالیسکەسووارەکەی بەقامچی ئەو کۆڵبەرانەی دووردەخستەوە کە لەشەقامە چۆڵ و خاکیەکاندا دەیانویست لە پشتەوە سواری گاڵیسکەکەی ببن. دیوارە لەقوڕی سوردروستکراو و داری سەوزی دەرگا و پەنجەرەی ئەوخەستەخانەی منداڵبوونەم دەکەوێتەوە یاد کە منداڵەکە لەوێ لەدایك بوو، و هەروەها بۆنی توندی ئەودەرمانانەی بە رێڕەوەکەدا بڵاوببوەوە. منداڵەکە لەسەر قەرەوێڵەیەکی ئاسنین و زۆر ساکار، لەوسەری ژوورێکی بەتاڵ، لەپاڵ ژنێکدا نووستبوو کە بێگومان ئەو ژنە دایکم بوو، و بەتەنها ووینەیەکی بێ روخساری ئەوم لەیادە، کە دەستە بێهێزەکانی بۆ درێژکردم و ئاهێکی هەڵکێشا:

- ئێستا نامناسیتەوە.

هەرئەوەندەو هیچیتر. لەبەرئەوەی ئەو یەکەمین وێنەی بەڵگەداری لە مێشکمدا ماوەتەوە هی چەندساڵێك دواترە، رون و ئاشکرا، بەڵام نەمتوانی کاتەکەی دیاری بکەم. ڕەنگە وێنەی یەکێك لەو جارانەیە کە پاش لەدایك بوونی ئایداڕوسای خوشکی دووهەمم، چوومە ئاراکاتاکا. لە حەوشەکە لەتەك کاریلەیەك کە سانتۆس بیرۆ بە باوەشی خۆی لە فۆنسکاوە بۆی هێنابووم یاریم دەکرد، کە لەپڕ پورە ماما خۆی کرد بەژووردا و بە هاوارێکی مەترسیدار ئاگاداری کردمەوە:

- دایکت هاتەوە!

تارادەیەك راكێش راكێش بردمیە هۆڵەكەوە، كە هەموو ژنەكانی ماڵەكەو چەند ژنێكی دراوسێ لەسەر كورسی پێكەوەلكاو لەوێ دانیشتبوون وەك ئەوەی لە كۆبونەوەی پرسە دا دانیشتبن. چوونە ژوورەوەی لەپڕی من قسەكانی پێ بڕین. لەبەردەم دەرگاكە رەپ ڕاوەستام بێئەوەی بزانم كامیان دایكمە، تا باوەشی بۆ كردمەوە و بە پڕ سۆزترین دەنگەوە كە لەژیانمدا بەرگوێم كەوتووە ووتی

- بۆخۆی بوە بەپیاو.

لووتێكی رۆمی جوانی هەبوو، بە وویقار و رەنگپەرِیوو بوو، و روخسارە رازاوەو باوی رۆژەكەی لە هەمووكات زیاتر ئەتەكیەتی ئاشكرا دەكرد: كراسێكی ئاوریشمی كورتی رەنگ سەدەفی لەبەر كردبوو، و گەردنبەنێكی مرواری، پێڵاوی پاژنەبەرزی نوقرەیی و كڵاوێكی حەسیری ناسكی ووردیلانە كە لە رەنگ دەچوو، وەكو هەمان ئەو كڵاوانەی كە ژنە ئەكتەرەكانی فیلمە بێدەنگەكان لەسەریان دەكرد. ئەوكاتەی لە ئامێزی گرتم بۆنێك بەر لوتم كەوت كە بەردەوام نیشانەی ئاشنایی بوو، و هەست كردن بە تاوان وەك رەشەبایەكی توند جەستەمی دەلەرزاند، لەبەرئەوەی دەمزانی دەبێت خۆشم بووێت و هەستم دەكرد ناتوانم.

بەپێچەوانەوە، ئەو بیرەوەریە كۆنەی لە باوكم هەمبوو سەلمێنراو و تەنكو پەیوەست بوو بە ٦ی دێسامبەری ١٩٣٤ەوە، ئەورۆژەی كە سی وسێ ساڵی تەمەنی كۆتایی پێ هات. لەیادمە بە هەڵبەزودابەز و بە شادومانیەوە خۆی كرد بە ماڵی باپیر و داپیرەمدا لە كاتاكا، و چاكەت و پانتۆڵ و هێلەكی كەتانی سپی و كڵاوی حەسیری لێوارداری لەسەردابوو. یەكێك لەوكەسانەی ماچی كرد و پیرۆزبایی لێكرد، لە باوكمی پرسی تەمەنی دەبێتە چەند. هەرگیز وەڵامەكەیم لەیادناچێتەوە لەبەرئەوەی لەوكاتەدا لەماناكەی تێنەگەیشتم:

- هاوتەمەنی مەسیح.

هەمیشە لەخۆم پرسیووە بۆچی ئەوبیرەوەریە ئەوەندە دوور و كۆن دێتە بەرچاوم، ئەمەش لە كاتێكدا، تا ئەوكاتە گەلێك جاریتر باوكم بینیبوو.

هەرگیز پێكەوە لەژێر سەربانێكدا نەژیابووین، بەڵام پاش لەدایك بوونی مارگرێت، باپیر و داپیرم خۆیان كردە بەرپرسی ئەوەی جارجار بمبەنە بارانكیا، و بەوشێوەیە، ئەوكاتەی ئایدارۆسا لەدایك بوو، لە جاران كەمتر لەگەڵیان هەستم بە نامۆیی دەكرد. هەست دەكەم ماڵێكی شادومان بوو. لەوێ دەرمانخانەیەكیان هەبوو و دواتر دەرمانخانەیەكیتریشیان لە ناوەندی بازرگانی شاردا كردەوە. دیسانەوە بوومە هاونشینی

داپیرە ئارخمیرا ـ دایە خیمێ[1] ـ و دوو منالەکەی، جولیۆ[2] و ئێنا[3]، کە زۆر جوان بوون بەڵام لە نێو بنەماڵەکەدا بە کەسێکی بێ بەخت ناوی دەرکردبوو. ئێنا لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا، بەهۆیەکی نادیارەوە مرد، هەرچەندە تائێستاش هەندێك کەس مردنەکەی دەبەستنەوە بە جادوی ئەو داواکارەی کە رەتی کردبووەوە. تا گەورەتر دەبووین، دایە خیمێ لەبەرچاوم خۆشەویستر و دەم پیستر دەبوو.

لە هەمان ئەو سەردەمانەدا دایك و باوکم دووچاری زیانێکی سۆزداری گەورەیان کردم کە زۆر درەنگ برینەکەی ساڕێژ بوو وێنەکەشی لەوەش دژوارتر سڕابوەوە. رۆژێکیان کە دایکم دڵتەنگی دایگرتبوو، چووە سەر پیانۆکەو ئاوازی "ئەودەمەی سەماکە کۆتایی هات"ی فالسی مێژوویی عەشقی نهێنی و پڕ لە رووداوی خۆی ژەند،و جوڵەجوڵێکی رۆمانسی ئاخنیە دەرونی باوکم و هانیدا تەپوتۆزی سەر کەمانەکەی پاك بکاتەوە، کە تاڵێکی کەم بوو و لەگەڵ دایکم بکەوێتە ژەندن. دایکم زۆر بەئاسانی توانی حاڵ و هەوای سپێدەدەمانی عاشقانەی رابردوو بە نمە بارانی پیانۆ جارێکیتر زیندوو بکاتەوەو لەجاران جوانتر ژەندی، تا بەتەواوەتی کەوتە سەر خۆشحاڵیو ئاوڕی دایەوە تا نیگا میهرەبانەکەی پێشکەش بە باوکم بکات. هەرگیز خراپە نەیتە رێتان! سەیری کرد چەند دڵۆپە فرمیسکێك کەوتوەتە سەرگۆنای باوکم. بە بێگەردیەکی هەڵچووانەو دەنگێکی توند و رەقەوە لێی پرس: "**کێت کەوتەوە یاد؟**" باوکم لەژێر کاریگەری سەرنجراکێشی فالسەکەدا ووتی: "**یادی ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار ئەم فالسەمان پێکەوە ژەند.**" دایکم لەپڕ هەڵچوو و لەبەر توڕەیی بەهەردوو دەستی کێشای بە پیانۆکەدا.

هاواری لێ هەستا ـ **نەفرەت لە درۆزن! ئەم ئاوازەمان پێکەوە نەژەند. خۆت باش دەزانی لەگەڵ کێ ئەم ئاوازەت ژەند و ئێستاش بۆ دووری ئەوە دەگریت.**

نە ئەوکاتەو نە هیچ کاتێکیتر، ناوی کەسی نەهێنا بەڵام لەهەرسوچێکی ماڵەکەدا بووین هاوارەکەی لە شوێنی خۆمان وشکی کردین. من و لویس ئێنریکێ کە هەمیشە گەلێك بەڵگەی نهێنیمان بۆ ترسان هەبوو، لەژێر قەرەوێڵەکەیدا خۆمان شاردەوە. ئایدا رایکرد بۆ ماڵی دراوسێکەمان و مارگۆت تووشی تایەکی توند بوو و سێ رۆژ وورێنەی کرد. تەنانەت خوشك و برا بچوکترەکانیشم لەگەڵ هاوارە سوتێنەرەکانی دایکم راهاتبوون: ئاگر لە چاوی دەباری و لووتە باریکە رۆمیەکەی وەك چەقۆ تیژ دەبوو. جارێکیان بینیبوون چۆن بە هێمنیەکی سەرسوڕهێنەرانەوە تابلۆکانی هۆڵەکە یەك بە یەك لێ

---

[1]. Mama Gime

[2] Julio

[3]. Ena

دەکاتەوەو دەیکێشێ بەعەردا و ووردە شووشەکان بڵاو دەکاتەوە. لەوکاتانەی یەك بە یەك بۆنی جلوبەرگەکانی باوکمی دەکرد، پێشئەوەی بیانخاتە ناو سەبەتەی جلوبەرگە چڵکنەکانەوە، غافڵگیرمان کردبوو. پاش ئەو پێکەوە ژمندنە غەمگین و ترسناکە، هیچ شتێکی نایبەتی رووی نەدا، جگە لەوەی ئەو فلۆرانسیەی پیانۆکەی کۆك دەکرد بە نیازی فرۆشتن پیانۆکەی برد، و کەمانەکەش ـ لەگەڵ حەوتتیرەکەی باپیرم ـ لە گەنجینەکەدا تەپووتۆز خواردبووی.

لەوسەردەمانەدا، بارانکیا لە پێشەوەی ریفۆرمخوازە مەدەنیەکان، لیبرالیزمی ناوەندی و پێکەوە ژیانی سیاسی بوو. دوو هۆکاری سەرەکی بوونە هۆی گەشەکردنو پێشکەوتنی: کۆتایی هاتنی سەدەیەك جەنگی ناوخۆ کە لەسەردەمی سەربەخۆیی و رزگاربوون لە دەسەڵاتی ئیسپانیا، وڵاتیان بەرەو وێرانی برد و ئەویتریشیان لەناوچوونی ناوچەی دارستانی مۆزەکان بوو کە پاش مانگرتنە گەورەکە، لەژێر گوشاری سەرکوتکاریە توندەکاندا گیانی لەدەست دا.

لەگەڵ ئەمەشدا، تائەوکات هیچ کارەساتێك نەیتوانیبوو کاریگەریی لەسەر زەمینی داهێنەرانەو گیانی پڕ لە هەوڵ وماندووبوونی خەڵکەکەی بەجێبهێڵێتو ساردیان بکاتەوە. لە ١٩١٩دا، **ماریۆ سانتۆدۆمینگۆ**[١]ی لاوی خاوەن کارگە ـ باوکی جولیۆ ماریۆ ـ بەوپەڕی شانازیەوە یەکەمین پۆستی ئاسمانی کردەوە: یەکەمین باری، گوێنیەك بوو کە پەنجاوشەش نامەی تێدابوو و لە فرۆکەیەکی سەرەتایەوە، بە فرۆکەی فرۆکەوانێکی ئەمریکی، **ویلیام نۆکس مارتین**[٢]، لە کەناری **پۆێرتۆ کۆلۆمبیا**[٣]، لە پێنج فەرسەخی بارانکیا خستیە خوارەوە. لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا، گروپێك فرۆکەوانی ئەڵمانی ـ کە **هێلمۆت فۆن کرۆن**[٤]یشیان لەگەڵدا بوو ـ هاتنە کۆلۆمبیا و بە **جۆنکەری ئێف ـ ١٣**[٥]، یەکەمین ئامێری گواستنەوەی ئاسمانی ـ دەریای کە وەك کوللە ئاسمانیەکان، بە شەش سەرنشینو کیسەی پڕ لە نامەوە روباری ماگدالنایان تێدەپەڕاند. هێڵی پۆستی ئاسمانی بارانکیایان دامەزراند. "کۆمپانیای کۆلۆمبیایی ـ ئەڵمانی پۆستی ئاسمانی"[٦]

کۆنترین دامەزراوەکانی گواستنەوەی ئاسمانی جیهان لەو کۆمپانیایەوە سەری هەڵدا.

---

[١]. Mario Santodomingo

[٢]. William Knox Martin

[٣]. Puerto Colombia

[٤]. Helmut Von Krohn

[٥]. Junker F - ١٣

[٦]. SCADTA: sociedad colombo – alemana de transportes aereos

دواگواستنەوەمان بۆ بارانکیا بەتەنها گۆڕینی شار و ماڵ نەبوو بەڵکو ئەو گواستنەوەیە بووەهۆی ئەوەی لە تەمەنی یازدە ساڵیدا یەکێکیتر ببێتە باوکم. باوکە تازەکەم پیاوێکی گەورە و بەڕێز بوو، بەڵام دیدوبۆچونی دەربارەی دەسەڵاتی باوکانە لەگەڵ ئەوەی لە ماڵی داپیرەو باپیرە کامەرانی منو مارگرێتای دابین دەکرد زەوی تا ئاسمان جیاوازیی هەبوو. ئێمە واڕاهاتبووین خۆمان لەکارەکانماندا خاوەن بڕیاربینو بۆئەوەی لەگەڵ سیستمێکی نامۆدا رابێین کەوتینە نارەحەتیەوە. ئەوەی لە باوکمدا شایستەی ستایشکردن و ووروژێنەرترین لایەنی کەسایەتی باوکم توانای لەڕادەبەدەری بوو لەبۆ فێربوون، و لەوباوەڕەدام بەهەموو ژیانم کەسێکم نەبینیبێت بەوهەموو خواستە زۆرەوەو لەهەمان کاتیشدا ئەوەندە بێ بەرنامەو ئاشوفتە، کتێب بخوێنێتەوە. پاشئەوەی دەستی لە خوێندنی پزیشکی هەڵگرت، بەوپەڕی جدیەتەوە،و بەبێ مامۆستا، فێری زۆرەها دەرمان بوو، کە لەودەمانەدا ئەوبوارە پێویستی بە خوێندنی زانکۆ نەبوو، و مۆڵەتەکەی بە نمرەی بەرز و سوپاسنامەوە وەرگرت. بەڵام لەبەرامبەردا، وەك دایکم نەیدەتوانی لەبەرامبەر ناهەمواریەکانی ژیان خۆ ڕاگر بێتو لێبڕاوانە بەسەر دژواریەکاندا سەربکەوێت. لە قۆناغە قەیراناوی و دژوارەکانی ژیانیاندا، کاری پاڵکەوتن بوو لەسەر هاماکا، هەرلانووسینێکی دەست بکەوتبا دەیخوێندەوەو خشتەی حەل دەکرد. گرفتێکی چارەسەر نەکراوی لەگەڵ شتە بەرجەستەکاندا هەبوو و هەرگیز نەیدەتوانی لەگەڵیان رێبکەوێتو قبوڵیان بکات. دەوڵەمەندەکانی بە کەسایەتیە ئەفسانەیەکان دەزانی، بۆ ئەمەش بێبەڵگە نەبوو، بەڵکو لەوباوەڕەدابوو لەسایەی بەتواناییو هەوڵی شەرەفمەندانە ماڵ ومناڵیان پێکەوە ناوە. ئەوکاتانەی نزیکی نیوەڕۆ لەخەو هەڵدەستا، و بە داتەپیوی لە نێو هاماکاکەیەوە و بە پێی خەیاڵە بێهەوسارەکەی، سەروەت و سامانی گەورەی پێکەوە دەنا کە رێگەی بەدەستهێنانیان ئەوەندە سادەوساکار دەینواند کە خۆشی سەری لەوە سوڕدەما چۆن زووتر بیری لەوە نەکردووەتەوە. حەزی دەکرد وەك نموونە باسی سەیرترین ئەو سامانو داراییە بکات کە هەواڵەکەی لە دارین[1] بەرگوێ کەوتبوو: دووسەد فەرسەخ بەرازی مێی تازەی بووە. بەڵام لەوشوێنانەی ئێمە تێیدا دەژیاین لەوجۆرە بازرگانیانە باوی نەبوو، بەڵکو ئەوە تایبەتی ئەو بەهەشتە پەرت و دوورەدەستانە بوو کە لەسەردەمی تەلەگرافچیەتیدا، لەملاولا ناوبانگی بیستبوون. لەبەر ئەوەی بەردەوام خۆی لە واقیع دەدزیەوە، ئێمەش بەردەوام بە بێپارەیی کەمدەرامەتی ژیانمان دەبردەسەر،و هەندێك جاریش موحتاجی نانی شەو دەبووین. بەهەرحاڵ،

---

[1]. Darien، ناوچەیەکی شاخاوی کە بەشێکی دەکەوێتە کۆلۆمبیا و بەشەکیتری لە پانامایە.

لەدایك و باوكمانەوە فێربووین لە خۆشیو خۆشگوزەرانیەكاندا سوپاسگوزار بینو لەبەرامبەریشدا وەك كاسۆلیكە رەسەنو بڕوادارە كۆنەكان، خۆراگربین و دان بەخۆماندا بگرین.

بۆ ناسینی زیاتری باوكم پێویست بوو پێكەوە سەفەر بكەین، و ئەوكاتەی لەگەڵ خۆی بردمیە بارانكیا تا بۆ كردنەوەی دەرمانخانەكە یارمەتی بدەم و پێكەوە هەلومەرجی گواستنەوەی خێزانەكەمان فەراهەم بكەین، ئەو ا ئەزمونەكەم كامڵ بوو. ئەوكاتانەی هەر هەردووكمان بووین، موحیبەت و هەڵسوكەوتە رێزدارانەكەی دووچاری سەرسوڕمانی دەكردم، بەتایبەت ئەوكاتانەی وەك پیاوێكی گەورە لەگەڵم دەجوڵایەوەو ئەركی وای پێ دەسپاردم كە بۆ تەمەنی نەوجەوانێكی وەك من زۆر ئاسان نەبوو، بەڵام بە حەزو خواستی خۆم قبوڵم دەكردن و بەباشی جێبەجێم دەكردن و هەمیشە لە ئەنجامی كارەكانم رازی بووم، هەرچەندە هەندێك جار باوكم بیروڕایەكیتری هەبوو وە بەشداری ئەو رەزامەندیەی منی نەدەكرد. راهاتبوو روداوە سەرنجڕاكێشەكانی سەردەمی منالی خۆیو گوندی شوێنی لەدایك بوونەكەیم بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو ساڵێك بۆ خوشك وبرا بچوكەكانیشمی دەگێڕایەوە زۆر بێ تام و بێزاركەر ببوون. ئەمەش بەجۆرێك بوو كە ئەوكاتانەی پاش نانی نیوەڕۆ گەرمی دەكرد و دەكەوتە گێڕانەوەی سەردەمی منالی، گەورەكان مێزەكەمان بەجێدەهێشتو دەچووین بەلای كارەكانمانەوە. رۆژێك، لوویس ئێنریكە بە بێ پەردەو ئاشكرا وتەو پلارەكانی باوكمی رەنجاند، لەبەرئەوەی ئەوكاتەی لەسەرمێزەكە هەستا بۆئەوەی بڕوات، وتی:

- دوای ئەوەی باپیرە جارێكیتر دوالقومی ژیانی هەڵقوڕاند، بانگم بكەنەوە.

ئەو زمان پیسیە لەناكاو و چاوەڕوان نەكراوەی باوكمیان تووڕە دەكردو مەلەفی رەفتارە نالەبارەكانی براكەمی، كە گەلێك پێشتر كرابووەوە، قورستر و رەشتر دەكرد، دواجار باوكم، بەپێچەوانەی ویستی خۆی، بەرگی كاری بەو بڕیارەی پۆشی كە لە پێشوەختەوە دابووی و لوویسی ئێنریكەی ناردەبەرێوەبەریەتی چاكسازیی كۆمەڵایەتی. بەڵام ئەودەمەی لە بارانكیا پێكەوەبووین بووبە كەسێكیتر. گێڕانەوە بەتامەكانی سەرزاری خەڵكی لەبەردەكردو باسی ناخۆشیەكانی ئەو ژیانە واقیعیەی بۆدەكردم كە لەگەڵ دایكی گوزەراندبووی، باسی كاری نینۆك هەڵكێشانو چیروكی ئەفسانەیی باوكی، كە وێردی سەرزمانی هەمووان بوو، باسی ئەو گرفتانەی ببونەهۆی ئەوەی دەست لەخوێندن هەڵگرێت. كە گوێم لە بیرەوەریەكانی گرت باشتر توانیم لە هەوەسە منالانەكانیو لە دەمەدەمی بێباریو لەهەندێك لە سەرشێتیەكانی تێبگەمو بەرگەیان بگرم..

لەورۆژانـەدا، باسـی ئـەو کتێبانـەمان دەکـرد کـە خوێندبوومانـەوە یـان بـەنیازبووین بیانخوێنینـەوەو لـە گـوزەری کۆنەفرۆشـەکانی بـازاڕی گـشتی کۆڵێـك چـیرۆکی تـەرەزان‌و ڕۆمـانی پۆلیـسی‌و زانـستی خەیاڵی‌مـان کـڕی. بـەڵام چـەندجارێك خـەریك بـوو لەبـەر لێپرسینەوەکانی باوکم، بەتەواوەتی توشی کێشەببم، بەتایبەت ئەوکاتـەی بەباشـی زانـی، بۆ دەست پێوەگرتن، ڕۆژی یەك ژەم نان بخۆین. یەکەمین بەرکەوتنمان ئەو ئێوارەیەبوو کە حەوت کاتژمێر پاش نانخواردنی نیوەڕۆ لـەکاتی لووشـدانی نانەشـەکرینەو شـەربەتی لیمۆدا لـەپڕ گرتمـی، و نـەمتوانی بـۆی ڕون بکەمـەوە پـارەی ئـەو خواردنانـەم لـەکوێوە هێنـاوە. نـەموێرا دان بـەوەدا بنـێم کـە دایکـم بەدزیـەوە یـەك دوو پیـزۆی کـردووە بـە گیرفانمدا بۆئەوەی لەماوەی سەفەرەکەدا بـەهۆی گۆشـەگیرکردنی سـەپێنراوی باوکمـەوە، تووشی نارەحـەتی زۆر نـەبم. ئـەم هاوڕێیەتیـە نهێنیـەی مـن‌و دایکـم تـا ئەوکاتـەی ئـەو توانـای دارایـی هـەبوو درێـژەی کێشا. ئەوکاتـەی لـە دواناوەنـدی شـەوانە ڕۆژی بـووم، دە پیـزۆی لـە قووتـوی سـابونی ڕۆیتـەر[1]دا دەشـاردەوە، کـە بـۆ مـن سـامانێکی زۆر بـوو، بەونۆمێـدەی لـە ڕۆژی تەنگانـەدا بیدۆزمـەوەو فریـام بکـەوێت. هـەر وەهـاش کەوتـەوە، لەبەرئەوەی ئەوکاتانەی بە دوور لە ماڵەوە دەمخوێند، هەمیشە ئەو دەپیزۆیەی چاوەڕێم دەکرد، وەك چاکەیەکی ئاسمانی، هاتنی پیرۆز بوو.

بـاوکم کارەکـانی بـەجۆرێك ڕێکخـست کـە شـەوانە مـن بەتـەنها لـە دەرمانخانەکـەی بارانکیا بەجێنەهێڵێت، بەڵام ڕێگەچارەکانی بەردەوام بۆمنی دوازدە سـاڵان زۆر خـۆش و سەرنجڕاکێش نەبوون. ئەو میوانیانەی بـە شـەودا و لـە مـاڵی دۆسـتەکانی خێزانەکـەمان تەواو بێزاریان دەکردم، لەبەرئەوەی ئەوانەی منالّی هاوتەمەنی منیان هەبوایە ناچاریان دەکردن کاتژمێر هەشت بنوون، من تاك و تەنها دەبوو بەناچاری تا درەنگانی شەو گوێ لـە مـشتومڕە کۆمەڵایەتیـەکانی گـەورەکان بگـرم و بەدەسـت بێخـەوی و بێتاقەتیـەوە بناڵێنم. شەوێکیان کە چووبووین بۆ ماڵی یەکێك لـە پزیـشکە ئاشـناکانمان، لـەوێ خـەوم لێکەوت‌و نـەمزانی چ کات‌و چۆن بـەئاگاهاتم‌و تەماشـام کـرد لـە شـەقامێکی نەناسـراودا پیاسە دەکەم. نەمدەزانی لەکوێم و چۆن گەشتومەتە ئـەوێ‌و دەمتـوانی ئـەو حاڵەتـە وا دابنێم کە بەدەم خەوەوە ڕێم کردووە. ئەو ڕوداوە لەنێو بنەماڵەکەماندا بێوێنـە بـوو تـا ئەمرۆش هەرگیز دوبارە نەبوەوە، و تا ئێستاش تەنها دەتوانم بـەوجۆرە ڕونـی بکەمـەوە کە پێشتر باسم کرد. دوای ئەوەی کە بەئاگاهاتم یەکـەمین ئـەو شـتەی سـەرنجی ڕاکێـشام جامخانەی سەرتاشخانەیەك بوو بە ئاوێنە بریقەدارەکانیەوە، کە لەوێ سێ کڕیار لەژێر

---

[1]. Reuter

کاتژمێرێکدا دانیشتبوون کە کاتژمێر دەونیوی دەردەخست، دەرەنگ بوو بۆئەوەی منالێك لەو تەمەنەی مندا بەتەنها لەسەر جادە بێت. ترس گێژی کرمو بەهەڵە ناوی ئەو ماڵەم وت کە لەوێ بووم و ناونیشانی ماڵەکەشم بە باشی بیر نەکەوتەوە، بەڵام چەند راگوزەرێك، بە پێکەوە لکاندنی ئەو زانیاریە ئاشوفتەو تێکەڵوپێکەڵانە، شتێکیان چنگکەوتو توانیان من بگەێینەوە دەست ئاشناکانمان. سەرجەم خەڵکی گەڕەکەکە هەراسان ببوون، لەبەرئەوەی هەزارویەك خەیاڵی خراپ دەربارەی وونبوونم گەیشتبووە زەینیان. نەیانزانیبوو چی رویداوە، بەتەنها هەر ئەوەندەیان دەزانی لە ناوەراستی قسەکاندا لەسەر مێزەکە هەستابووم، و وایان زانیبوو کە ویستوومە بۆ تەوالێت بچم. نەمتوانی باوەڕ بەکەس بهێنم کە بەدەم خەوەوە رێم کردووە، لە هەموو ئەوانەش خراپتر، باوکم لە هەمووکەس کەمتر باوەڕی بەو قسەیەی من کرد و بەبێ هیچ گومانێك مەسەلەکەی بە هاروهاجی لەقەڵەم دا کە ئاشکرا بوو و بوەهۆی شەرمەزاری‌و نارەحەتی.

خۆشبەختانە، چەند شەوێك دواتر کە ناچاربوو بۆ یەکلاییکردنەوەی کاروبارەکانی لەتەك لایەنی مامەڵەی داهاتووی نانی ئێوارە بخواتو منی لەلای یەکێك لە دۆستەکانی دانابوو، توانیم تاڕادەیەك ئەو کارە خراپە راست بکەمەوەو ئابڕوی بەباچووم بگەڕێنمەوە. سەرجەم خەڵکی ماڵەکە سەرنجیان لای"پێشبڕکێی مەتەڵ"ی فرە گوێگری رادیۆ **ئاتلانتیکۆ**[1] بوو، پێدەچوو مەتەڵی ئەو شەوە زۆر گران بێتو کەس وەڵامەکەی نەزانێت:"گەر مێرولە ژەهری هەبێت، چی روو دەدات؟"منیش بەرێکەوت و بەشێوەیەکی موعجیزە ئاسا، وەڵامی ئەو پرسیارەم عەسری هەمان رۆژ لە **سالنامەی بریستۆل**[2] دا خوێندبوەوە و بە وەڵامێکی بێ تام و گێلانە هاتبووە بەرچاوم: گەر مێرولە ژەهری هەبێت دەبێتە (مێژوی ژەهراوی). وەڵامەکەم بەگوێی یەکێك لە کچەکانی ماڵەکەدا چرپاندو خوشکە گەورەکەیان بەپەلە تەلەفۆنی کرد بۆ رادیۆ ئاتلانتیکۆ و وەڵامەکەی دانێ. بونە براوەی خەڵاتە تایبەتیەکە کە بڕی خەڵاتەکە لە کرێی سێ مانگی خانوەکەیان زیاتر بوو: سەد پیزۆ. هاتوهاواری دراوسێ شادمانەکان هۆڵەکەی پڕکرد، لەبەرئەوەی هەموویان گوێیان لە بەرنامەکە گرتبوو هاتبوون پیرۆزبایی لە براوەکان بکەن. بەڵام ئەوەی لە خەڵاتەکە زیاتر بەلایانەوە بایەخی هەبوو سەرکەوتن بوو لەو پێشبڕکێیەدا کە لەسەردەمی خۆیدا لەسەر کەناری کاراییب هەراوزەنایەکی زۆری نابوەوە و ملیۆنەها گوێگری بۆخۆی پەیدا کردبوو. کەس منی لەبیر نەبوو. ئەوکاتەی باوکم هات

---

[1]. Atlantico

[2]. Almanaque Bristol

مـن بباتـەوە، بەشـداریی خۆشـحاڵی ماڵەکەی کـرد و ئەوبردنـەوەی بـە مایـەی شـانازیی هەمووان لەقەڵەم دا، بەڵام کەس پێی نەووت براوەی راستەقینە کێ بووە.

لەوسەردەمەدا سەرکەوتنێکی تریـشم بەدەسـت هـات: بـاوکم رێگـەی پێدام بـە تـەنها بـچمە تەماشـای بەرنامـەی بـەیانیانی یەکـشەممانی شـانۆی کۆلۆمبیـا. یەکـەمجاربوو، زنجیرەی سینەمایی دەگەشتە ئەویّ و هەموو یەکشەممەیەك بەشـێکیان نمـایش دەکـرد، و بـەجۆرێك بینـەرانیان دەووروژانـد کـە بەدرێـژایی هەفتەکـە چـاوەڕێی بینینـی ئەڵقـەی داهاتوویان دەکرد. **داگیرکردنی مۆنگۆ**[١] یەکەمین نەبەردی ئاسمان بوو کـە ماوەیـەکی زۆر لـە دڵمـا مایـەوە و تـەنها بـە بینینـی **ئۆدیـسەی ئاسمـانی** سـتانلی کۆبریـك سـپاردمە فەرامۆشـخانەی زەیـنم. بـەڵام، دواجـار، سـینەمای ئەرجـەنتینی بـە دروسـتکردنی ئـەو فیلمانـەی کـارلۆس گاردێـل و **لیبرتـاد لامـارك**[٢] نوانـدنیان تێـدا دەکـردن، سـەرجەم ناحەزەکانی لە گۆڕەپانەکە بەدەر کرد.

مـاوەی کـەمتر لـە دوو مـانگ کردنـەوەی دەرمانخانەکـە کۆتـایی پێهـات و توانیمـان خانویـەك بـۆ نیـشتەجێبوونی ماڵەوە بدۆزینـەوە و تـاقم و قەنەفـەش بکـڕین. شـوێنی دەرمانخانەکـە گۆشـە شـەقامێکی قـەرەباڵغ و نێوەنـدی بازرگـانی شـاربوو کـە چـەند هـەنگاوێك لـە بۆلیڤـارەوە دوور بـوو. ماڵەکـەمان، بەپێـچەوانەوە، لـە کـۆڵانێکی پـەرت و ناوبـانگ دۆڕاو و پڕلەشـادی بـاریۆ ئاباخۆ بـوو، کـە هـەڵگری ئـەو کرێیـە نـەبوو لـەبری دەمانـدا بەڵکو بەپێی رواڵەتی رازاوەیی دەرەوەی ئەو کرێیەی بۆ دیاری کرابـوو: مـاڵێکی گەرمەسێری دروستکراو لەسەر شێوازی گوتیـك بـە دیـواری زەرد و سـوور و دوو بـورجی دیدەبانیەوە.

هەمان ئەورۆژەی دووکانەکەمان وەرگـرت لـە پەسـتووەکەی هاماکاکانمـان هەڵواسـی و لەوەبـەدوا، شـەوان، لەگـەرمای خنکێنـەری ئـەوژوورەدا جۆرەچـۆر عارەقمـان لێ تکـا و کـووڵاین. ئەوکاتـەی گواسـتمانەوە بـۆ خانوەکـە تـازە بۆمـان دەرکـەوت کـە ئەڵقـەی هەڵواسینی هاماکایای تێدا نییەو بەناچاریی دۆشەکەکانمان لەسـەر عەردەکە راخـست و بەهەر شێوەیەك بوو ئەو شەوەمان بەوجۆرە رۆژ کردەوە. بەڵام ماوەیەك هـیچ خـەومان نـەبوو، تائەوکاتـەی پـشیلەیەکمان بـە ئەمانـەت وەرگـرت بۆئـەوەی مـشکەکان راوبنێـت. ئەوکاتـەی دایکـمو ئـەودوای سـوپاکە گەیـشتنە ئـەویّ، هێـشتا خانوەکـە لـە شـتومەکی چێشتخانەو لەزۆرشتیتری کەم بوو.

---

١. La invasion de Mongo

٢. Libertad Lamarque

بیناکە سەرباری روالەتە هەلخلەتێنەرانەکەی زۆر سادە و مۆدێل کۆن بوو، کە بە ژورێکی دانیشتنو ژورێکی نانخواردنو دوو ژوری نووستنو حەوشەیەکی بچوكو بەردرێژکراو، بە زەحمەت بەشی دەکردین. بە ویژدان بوایە دەبوو کرێکەی یەك لەسەر سێی ئەو کرێیە بوایە کە لەبری دەماندا. دایکم هەر کە شوێنەکەی بینی ترسا، بەلام هاوسەرەکەی دلنەوایی کرد و بەوێنەکردنی دیمەنێکی ئالتونی لە داهاتوویەکی پر لەبەرەکەت ئاسودەی کرد. هەمیشە بەوجۆرە بوون. مەحالبوو دوو مرۆڤ هەبن ئەومندە لەگەل یەکتر جیاوازبن و بتوانن ئەومندە باش پێکەوە هەلبکەن و بێ بەرامبەر یەکتریان خۆش بوێت.

بەبینینی سەروحالی دایکم تەواو بێتاقەتبووم. سکی حەوتەمی بوو، هەستم کرد چاوەکانیو قولە پێی ئەومندەی سکی هەلئاوساون. لەوکاتەدا تەمەنی سیوسێ سالو ئەو خانوەش پێنجەمین شوێنی نیشتەجێبوونی بوو. ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر خەمی دامێ ئەوەبوو کە گیانو جەستەی لە هەمان شەوی یەکەم زیاتر پەرێشان بوو، لەبەرئەوەی بیری لەو خەیالە بێ بنەمایە دەکردەوە کە گوایە"ژنێکی بێ ناو"پێشئەوەی بە چەقۆ بکوژرێت لەو خانوەدا ژیابێت، هەر لەبەرئەوەش ترسێکی زۆر داوێنی گرت. ئەو تاوانە حەوت سال پێشتر، ئەوکاتەی دایك و باوکم لەوێ ژیابوون، رووی دابوو و ئەوە دل ئازاردەرو ترسناکبوو کە دایکم بەلێنی بەخۆی دا کە چیتر جارێکیتر لە بارانکیا نەژی. لەوانەیە ئەوکاتەی کە گەرایەوە بۆ ئەوێ ئەو رووداوەی لە یاد نەبووبێ، بەلام لە هەمان شەوی یەکەمەوە، لە پر و بە بێ هۆ، جارێکیتر لە خەیالیدا زیندوو بوەوە، و ئەو بینا دلگیرەی بەجۆرێك لەبەرچاو کەوت وەك ئەوەی کۆشکی دێراکولا بێت.

یەکەمجار کاتێك قسەوباسی ژنە بێ ناوەکە کەوتەسەر زاری خەلکی کە لاشەیەکی روتو شەقاربوو نەدەناسرایەوە، دۆزرایەوە. بە زەحمەت توانیان ئەوە دیاری بکەن کە تەمەنی لە خوار سی سالەوەیە، پرچی رەش و روخساری ریکوپێك و جوانکیلە بوو. پێیان وابوو زیندە بەچالیان کردبێت لەبەر ئەوەی دەستی چەپی وەك ئەوەی لە شتێك ترسابێت گرتبوو بەبەر چاویەوە و قۆلی راستی بەرەو سەری بەرزکردبوەوە. تاکە سەرەداوێك کە بۆ ناسینەوەی لەبەردەستدا بوو دوو قردێلەی شینو تەوقەیەکی قژ بوو کە دەکرا بە قژی درێژەوە. لەنێوان گشت گریمانە جیاوازەکاندا، ئەوەی لە هەموویان زیاتر لە راست دەچوو ئەوەبوو کە کوژراوەکە سەماکەرێکی فەرەنسی بێت کە بەرەلایانە دەژیا و تارادەیەك هاوکات لەتەك مێژووی گریمانی کوشتنەکە دیار نەمابوو.

بەراستی بارانکیایان بە میواندارترین و ئارامترین شاری ولات دەزانی، بەلام لە بەدبەختی هەرسالەو تاوانێکی مەترسیدار لەو شارە رووی دەداو هیچکام لەو رووداوانە

ئەوەندەی کوشتنی ئەو ژنە بێ ناوە زەینی خەڵکی نەوروژاند و ئەوهەموو ماوەیە لە خەیاڵی خەڵکیدا نەمایەوە. رۆژنامەی **لاپێرنێسا** ی یەکێك لە بڵاوکراوە بەناوبانگەکانی ئەودەمانەی وڵات، پێشڕەوی بڵاوکردنەوەی چیرۆکە وێنەیەکانی یەکشەممان بوو ـ **بووك راجێرز**[1]، تەڕەزان ـ بەڵام لە هەمان ساڵانی سەرەتای بڵاوبوونەوەیەوە جێگەی خۆی وەك یەکێك لە بنیاتنەرانی بنەڕەتی لاپەڕەی روداوە خوێناویەکانیش تۆمار کرد. لە ماوەی چەند مانگێکدا، بەهۆی کۆمەڵێك مانشێتی وروژێنەر و پەردە هەڵماڵینی سەرسوڕهێنەرانەوە، کە هەراوزەنایەکی گەورەیان لە وڵاتدا نایەوە، بە بەڵگە و بێ بەڵگە، ناوی پەیامنێرە فەرامۆشکراوەکەی لاپەڕەی روداوەکانی خستەوە سەر زاران.

پلەوپایە رەسمیەکان بەو بیانوەی بڵاوکردنەوەی ئەوجۆرە هەواڵانە دەبێتە هۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە درزی تێبەکەوێت هەوڵیان دەدا زانیاری تەواو لەو بارەیەوە نەدەن بەدەستەوە. بەڵام دواجار بارودۆخێك هاتە ئاراوە کە خەڵکی زیاتر باوەڕیان بە پڕوپاگەندەکانی لاپێرنێسا دەکرد تا راپۆرتە رەسمیەکانی لایەنە دادوەریەکان. بەریەك کەوتنی ئەو دوو سەرچاوەی هەواڵە یەك دووڕۆژ خەڵکی دووچاری دوودڵیو گومان دەکرد،و هەر هیچ نەبێت جارێکیان بووە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵەرەوەکانی پۆلیس ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانیان بگۆڕن. وێنەی ژنە بێ ناوەکە ئەوەندە قووڵ لە بیرەوەریو خەیاڵی خەڵکیدا هەڵکۆڵرابوو کە زۆربەی ماڵەکان دەرگاکانیان بە قفڵو زنجیر دادەخستو بەدرێژایی شەو پاسەوانیان دەکرد نەبا ئەو بکوژەی کە ئازادەو راستو رەوان بۆخۆی دەگەڕا تاوانێکی توندوتیژیانەی تر ئەنجام بدات،و ئامۆژگاری کیژۆڵە نەوجەوانەکانیان دەکرد کە ئێواران، پاش کاتژمێر شەش، بەتەنها لەماڵ نەچنە دەرەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کەس نەیتوانی راستیەکە ئاشکرا بکات، بەڵکو نهێنی تاوانەکە، پاش ماوەیەك، لە زمانی خودی تاوانبارەکەوە، **ئێفراین دۆنکان**[2]، ئاشکرا کرا، ئەو دانی بەوەدا نا کە **ئانخێلا هۆیۆز**[3]ی هاوسەری لەو مێژووەدا کە پزیشکی یاسایی خەمڵاندبووی کوشتبوو و لەهەمان ئەوشوێنەدا شاردبویەوە کە لاشەی ژنە بەچەقۆ کوژراوەکە دۆزرابوەوە. خزم وکەسی ئانخێلا قردێلە شینەکانو ئەو تەوقەی قژەیان ناسیەوە کە رۆژی پێنجی ئابریل، ئەوکاتەی لەگەڵ هاوسەرەکەی بە مەبەستی سەفەرکردن بۆ **کالامار**[4] لەماڵ هاتبووە دەرەوە، بەقژیەوە بینیبوویان. مەلەفی ئەو

[1]. Buck Rogers

[2]. Efrain Duncan

[3]. Angela Hoyos

[4]. Calamar

تاوانە، بێئەوەی هیچ شوێنی دودڵیو گومان بهێڵێتەوە، بە پێی روداوێکی لێبڕاوانەو پێشبینی نەکراو، وەك ئەوەی لە ژێر باڵی رەشنووسێکی سەیروسەمەرە کەوتبێتە خوارەوە، داخرا: ئانخێلا ئۆڤیز خوشکێکی دووانەی هەبوو کە بە موو لەگەڵ ئەودا جیاوازی نەبوو و هەر لەو رێگەیەشەوە توانیان بەبێ هیچ گومانێك بیناسنەوە.

ئەفسانەی ژنە بێ ناوەکە دارما و بوو بە تاوانێکی عاشقانە و باو، بەلام نهێنی خوشکە هاوشێوەکەی وەك تارماییەکی ترسناك قورسایی دەخستە سەر ماڵەکان، لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی هەستیان دەکرد ئەو هەمان ئەو ژنە بێناوەیە کە بەهۆی هێزێکی جادوانەوە گەڕابووەوە بۆنێو ژیانی زیندووان. دەرگاکانیان کلۆم دەدا و بەمەبەستی فایمکاریی زیاتر یەك دوو تاك قەنەفەشیان دەخستە پشت دەرگاکان بۆئەوەی رێگە لە هاتنە ژورەوەی بکوژێك بگرن کە بە جادو لە زیندان هەڵاتبوو. لە گەڕەکە دەوڵەمەندەکان، باوی ئەوە پەیدابوو بۆ بەرەنگاری کردنی ئەو بکوژەی دەیتوانی بە دیوارەکاندا بازبدات، سەگی ڕاو رابگرن. بەلام دایکم کاتێك توانی بەسەر ترسەکەیدا زاڵبێت کە دراوسێکان توانیان باوەڕی پێبهێنن خانوەکەی باریۆ ئاباخۆ لەسەردەمی ژنە بێ ناوەکەدا هێشتا دروست نەکرابوو.

رێکەوتی ١٠ی ژوئیەی ١٩٣٩، دایکم کچێکی بوو کە روخسارێکی سوورپێستانەی جوانی هەبوو، لەبەرئەوەی لەڕادەبەدەر رێزی بۆ **سانتا ریتا دێ کاسیا**[1] دادەنا، ناوی لێنا ریتا، یەکێك لە گەورەیە بێ ئەژمارەکانی ئەو پاکیزەیە، ئەو خۆڕاگریە بێوێنەیە بوو کە بەبەرەکەتی ئەو خۆڕاگریە توانی بەدڕەوشتی هاوسەرە گومڕاکەی چارەسەر بکاتو بیخاتە سەر رێی راست.

دایکەکە دەیگێڕایەوە کە شەوێك مێردەکەی، مەستو سەرخۆش، یەك خولەك پاش ئەوەی مریشکێك ریقنەی کردە سەر مێزی نانخواردنەکە، گەڕایەوە ماڵەوە. ژنەکە لەبەرئەوەی دەرفەتی ئەوەی دەست نەکەوتبوو قوماشە پاكو تەمیزەکەی سەر مێزەکەی خاوێن بکاتەوە، تەنها توانی قاپێك بخاتە سەر ریقنەی مریشکەکە تا لە مێردەکەی بشارێتەوەو بۆئەوەی مێردەکەی بخلافێنێ، وەك هەمیشە لێی پرسی:

- بۆ نانی ئێوارە حەزت لەچییە؟

پیاوەکە نەڕاندی:

- گوو!

ژنەکەی قاپەکەی بەرز کردەوەو بە دەنگە پڕمیهرەبانو پاکیزانەکەیەوە وتی:

---

[1]. Santa Rita de Casia

ـ فەرموو، نۆشی کە.

بەپێی چیرۆکەکە، پیاوەکە یەکسەر پەی بەپاکیزەیی ژنەکەی برد و ئیمانی بە ئاینی مەسیح هێنا.

دەرمانخانەتازەکەی بارانکیا شکستێکی دارایی قورسی لێکەوتەوە، کە ئاگایی خێرای باوکم لە خراپی بارودۆخەکە تەنها توانی کەمێك لەو شکستە کەمبکاتەوە. پاش چەند مانگێك بەرەنگاری سەرسەختانە، لەرێگەی ووردەواڵە فرۆشیەوە، دواجار گەشتە ئەو ئەنجامەی لەبری چاڵ کەوتوەتە بیرەوەو لەو کاتەدا بۆی دەرکەوت ماڵەکە هەر لەبنەڕەتەوە وێرانە. رۆژێکیان بارگەوبنەی بەستەوەو بەمەبەستی دۆزینەوەی ماڵو سامانی شاراوەی زێرزەوی، رێگەی گوندە بێ ناونیشانەکانی کەناری روباری ماگدالێنای گرتەبەر. پێشئەوەی بکەوێتە رێ، منی بە هاوبەش‌و هاورێکانی ناساندو بە ڕەسمی پێی راگەیاندن لە نەبوونی ئەودا من بریکارەم. هەرگیز لەوە تێنەگەیشتم ئەو قسەیەی بەڕاستی بوو یان گاڵتە، لەبەرئەوەی ئەوکاتانەی بارودۆخەکە خراپ و ناهەموار دەبوو، حەزی لە گاڵتەدەکرد و لە هەلومەرجە ئاسایەکانیشدا، حەزیدەکرد کەش‌وهەوایەکی پڕ لەنیگەرانی و مەترسی دروستبکات. هەستمکرد هەرکەسەو بە ئارەزوی خۆی گوزارشتی لەو قسەیەی باوکم کرد، لەبەرئەوەی من لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا لاواز و رەنگ زەرد بووم و تاراددیەك جگە لە گۆرانی و وێنەکێشان هیچ ئیشێکی ترم پێ نەدەکرا. ئەو ژنەی بە قەرز شیری پێ دەفرۆشتین، لەبەرچاوی هەمووان، بەتایبەتی لەبەرچاوی خۆم، بەبێ تۆزقاڵێك مەبەستی خراپ بە دایکمی وت:

ـ لەم قسەیەم دڵگیر مەبن، خانم، بەڵام بە دووری دەزانم ئەم منداڵەماوەیەکی زۆر بژی.

تا ماوەیەکی زۆر بەترس‌ودڵەڕاوکێوە دەژیام‌وچاوەڕێی مەرگێکی لەناکاوم دەکرد، زۆرجار بیرم لەوەدەکردەوە کە ئەوکاتانەی لە ئاوێنەدا تەماشای خۆم دەکەم، گوێرەکەیەکی"تودلی"دەبینم. بەقسەی پزیشکی قوتابخانەکە، مالاریا، توشی هەوکردنی لەوزەو تاڵاوی رەش ببووم، کە بەقسەی ئەو، هۆی ئەوانە زیادەڕۆیی بوو لە موتاڵاکردنی ئەو بابەتانەی کە نەمدەتوانی هەرسیان بکەم. هەوڵی ئەوم نەدا دڵنیایی ببەخشمە کەس. بەپێچەوانەوە، لاوازیە جەستەیەکەم زیاتر دەردەخست بۆئەوەی خۆم لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکان بدزمەوە. بەڵام باوکم لەناکاو ئەو فێڵەی بەتاڵ کردەوەو پێش ئەوەی من بجوڵێمەوە رایگەیاند کە لە نەبوونی ئەودا من بەرپرسی ماڵ و منداڵەکانم:

ـ بە قسەی بکەن، وەك ئەوەی بە قسەی من دەکەن.

ڕۆژی سەفەرەکە هەمووومانی لە هۆڵەکە کۆکردەوە، ڕێنوێنیەکانی خۆی داینێ و پێشوەخت لەبەر ئەگەری سەرپێچیەکانمان ئیمەی دایەبەر تانەوتەشەر، بەلام هەمووومان دەمانزانی ئەو کارانەی لەبەر ئەوەیە لەدواچرکەکاندا دەست نەکاتە گریان. یەکی پێنج سەنتی دا بە هەمووومان، کە لەوسەردەمەدا لەچاو منالێکدا بە سامانێکی بچوك دادەنرا، و بەڵێنی دا گەر تا کاتی گەڕانەوەی خەرجی نەکەین، لەبری ئەوە دوو سکەمان بداتێ. ڕوویکردە من و قسەکانی بە ڕستەیەکی ئینجیلیانە کۆتایی پێهێنا:

- بە تۆیان دەسپێرم و لەتۆم دەوێنەوە.

کە بینیم مەهمیزەکانی داخست و کۆڵەپشتیەکەی لەکۆڵ کرد و لەماڵ چووەدەرەوە، حەزمدەکرد دڵ لە سینەم دەرپەڕێ. تازەلەوکاتەدا، بۆ هەمیشە، بۆمدەرکەوت چەندم خۆش دەوێت.

جێبەجێکردنی ئەوەی بە منی سپاردبوو کارێکی ئەوەندە گران نەبوو. دایکم وردە وردە لەتەك ئەو تەنهاییە چاوەڕوان نەکراو و نادڵنیایەدا ڕادەهاتو بە بەدرەفتاری بەلام زۆر ئاسان خۆی لەگەڵی دەگونجاند. چێشتلێنانو پاکوخاوێن کردنەوەی ماڵەکە ئەوەندەی دەویست کە پێویستی بەوەکرد منالە بچوکەکانیش لە ئیش وکارەکاندا یارمەتی دایکم بدەن،و بە ویژدانەوە ئەو ئەرکەشیان بە باشی جێبەجێ کرد. لەو قۆناغەدا بۆ یەکەمجار هەستم بەوەکرد کە منیش لە ڕیزی گەورەکاندام، لەبەرئەوەی سەیرم دەکرد خوشك و براکانم بەجۆرێك لەگەڵم دەجوڵێنەوە وەك ئەوەی خاڵ یان مامیان بم.

هەرگیز نەمتوانی بەسەر شەرمنیەکەمدا زاڵبم. ئەوکاتەی ناچاربووم ڕووبەڕووی ئەو بەرپرسیاریەتیە ببمەوە کە باوکە سەرگەردانەکەم لەئەستۆی نابووم، درکم بەوەکرد کە شەرمنی و کەمڕوویی تارماییەکی نەگۆڕی ژیانمەو بەمن شکست نادرێت. هەموو ئەوجارانەی دەمویست شت بە قەرز بهێنم ـ تەنانەت لەو شوێنانەی کە پێشتر باوکم لەگەڵیان ڕێ کەوتبوو یان لە لای ئەودوکاندارانەی هاوڕێی کۆنی باوکم بوون ـ چەندین کاتژمێر بەچواردەوری ماڵەوەدا دەخولامەوە تا ئەو کینەیەی خەریکبوو دەیخنکاندم بنیشێتەوەو هەڵچوونی ناخم دابمرکێتەوە، تا لە کۆتاییدا بوێریی ئەوەم پەیدا دەکرد بکەومە ڕێ، بەلام لەوکاتەشدا ئەوەندە بەتووندی ددانەکانم لێك دەسوو کە بەزەحمەت دەنگم دەردەهات. کەم نەبوون ئەو فرۆشیارانەی بە ڕووی ترش و زمانی تاڵیان وەڕسیان دەکردم:"**ترسنۆکە بە دەمی داخراوەوە قسە ناکرێت.** "چەندینجار بەدەستی بەتاڵ و بە بیانووی جیاوازەوە دەگەڕامەوە ماڵەوە. بەلام هەرگیز ئەوەندەی ئەوجارەی ویستم لە دوکانی سەرسووچەکەوە تەلەفۆن بکەم هەستم بە شەرمەزاری نەکرد. بە کۆمەکی

خاوەن دووکانەکە ئێپراتۆرەکەم وەرگرت، لەبەر ئەوەی تا ئەوکاتە هێشتا بواری پەیوەندی راستەوخۆ نەبوو. ئەوکاتەی تەلەفۆنەکەی دایە دەستم، وەك ئەوەبوو هەناسەی مەرگم بەرکەوتبێت. چاوەڕێی دەنگێکی زۆر بەرێزو دۆستانەم دەکرد، بەڵام بەپێچەوانەوە گوێم لەنەرەی کەسێك بوو کە لەتاریکیداو هاوکات لەگەڵ من ئەویش قسەی دەکرد. هەستم کرد گوێگرەکەم لێم تێناگاتو تا توانیم دەنگم بەرز کردەوە. ئەویش بە تورەییەوە دەنگی لێ هەڵبڕی:

- چییت دەوێ هاوار دەکەیت!

بەترسەوە تەلەفۆنەکەم داخستەوە. دەبێت دان بەوەدا بنێم کە سەرباری ئەوەی زۆر ئارەزوی دروستکردنی پەیوەندی دەکەم، بەڵام هەنووکەش لە تەلەفۆن و فرۆکە کەمێك دەترسم، خوابۆخۆی دەزانێت رەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ بیرەوەریەکانی ئەوسەردەمەم. چۆن دەتوانم لەسەر پێی خۆم بوەستم؟ ئەو بیرکردنەوەیە بە تەواوەتی مێشکی سەرقاڵ کردبووم. خۆشبەختانە، دایکم بەردەوام لە وەڵامی مندا ئەم رستەیەی دوپات دەکردەوە:"**مرۆڤ دەبێت ماندوو بێت تا بگاتە ئەنجام.** "

دووهەفتە پاش رۆشتنی باوکم، یەکەمین نامەی ئەومان بەدەست گەیشت، کە تەنها بوەهۆی سەرگەرم کردنمان، لەبەرئەوەی هەواڵێکی تایبەتی تێدا نەبوو. دایکم بەجوانی دڕکی بەوە کرد و ئەورۆژە کاتی ڤاپوڤاچاخ شتن دەستی کرد بەگۆرانی وتن بۆئەوەی بەخەیاڵی خۆی ورەمان بەرزبکاتەوە. ئەوکاتانەی باوکم لەماڵ نەبوو دەگۆڕا، بەجۆرێك لەگەڵ کچەکانی هەڵسوکەوتی دەکرد وەك ئەوەی خوشکی گەورەیان بێت. زۆربەباشی خۆی لەگەڵیان دەگونجاند، لە یاریە مناڵانەکاندا لەوان زیاتر ئارەزوی دەکردو تەنانەت وای دەردەخست کە کوشتەی یاریکردنە بە بووکەڵە، ئەوکاتانەی تورە دەبوو، دەبوو بەشەڕیان و لەیەکیان دەدا، رێك وەك ئەوەی لەیەك تەمەندا بن. دوونامەی تری باوکمان بەدەست گەیشت، کە ناوەڕۆکەکەیان هیچ لەنامەی یەکەم جیاوازتر نەبوو، لەونامانەدا ئەوەندە بەخۆشیەوە باسی نەخشە ئۆمێدبەخشەکانی کردبوو، کە لەسایەی مژدە خەیاڵیەکانیدا، توانیمان کەمێك ئاسودەتر بخەوین.

یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانمان ئەوەبوو کە زووبەزوو باڵامان دەکرد و جلوبەرگەکانمان بەبەرمان بچوك دەبوونەوە. کەس نەیدەتوانی خێر لە جلوبەرگەکانی لوویس ئێنریکە ببینێت، لەبەرئەوەی بەردەوام بەروخساری شێواو و جلوبەرگی پیس و دڕاوەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە، وەك ئەوەی لەشەڕ گەڕابێتەوە هەرگیز تێنەگەیشتین چی دەکردو چۆن خۆی بەوشێوەیە لێ دەکرد. دایکم دەیوت یەکێك نەزانێت دەڵێ بەژێر تەلی دڕکاویدا رۆشتووە. خوشکەکانم ـ کە تەمەنیان لەنێوان حەوت تا نۆ ساڵان بوو ـ بەهۆی

هەندێك داهێنانی سەرسوڕهێنەرانە و بەهاوکاری یەکتر بەردەوام پاك و تەمیز و ڕازاوە بوون، من دڵنیام ئەو هەلومەرجە دژوارەی ژیان ببوەهۆی ئەوەی زوتر پیێ بگەن. ئایدا زرت و زیرەك بوو مارگۆتیش دواجار بەسەر شەرمنیەکەیدا سەرکەوت، خۆشەویستی خوشکە بچوکەکەی لە دڵگرت و دریغی لێ نەکرد. من لەهەموویان زیاتر دەبوومە هۆی دەردیسەری، لەبەرئەوەی جگەلەوەی وەك پیاوی ماڵەکە دەبوومە خاوەنی بڕێك پلەوپایەی دیاریکراو، بەڵکو بە بشتبەستن بە هاندانو پاڵپشتی هەمووان، کاریگەری هەبوو و بەشێك لە پاشەکەوتی خێزانەکەی لەبری تۆمارکردنی ناوی من لە فوتابخانەی کارتاخنا دایندا خەرج کرد، کە چەند هەنگاوێك لە ماڵەکەمانەوە دوور بوو.

بۆ خوێندن لەو فوتابخانە بەناوبانگە دەبوو بەشداری تاقیکردنەوە بکەیت، کە کاتژمێر هەشتی بەیانی دەستی پێدەکرد و جگە لەمن بیست داواکاری تریش بەشداریان تێدا دەکرد. خۆشبەختانە تاقی کردنەوەکە بە نووسین نەبوو، بەڵکو بەشێوەی چاوپێکەوتن ئەنجام دەدرا، و سێ مامۆستا شایستەیی داواکارەکانیان هەڵدەسەنگاند: هەریەکەیان بەپێی ریزبەندی تۆمارکردنی ناوەکانی هەفتەی پێشوو، یەکێکمانی بانگ دەکردە نووسینگەکەی، بەلەبەرچاوگرتنی بڕوانامەی ساڵانی پێشووی خوێندنمان، هەندێك پرسیاری لێ دەکردین، و بەبێئەوەی درێژدادڕی بکات و لەخۆیەوە بابەتەکە درێژ بکاتەوە، دوا بڕیاری خۆی دەدا. من تاکە کەس بووم کە ئەو بەڵگانەم پێ نەبوو، لەبەرئەوەی فریانەکەوتبووین ئەو بەڵگانە لە مۆنتسرۆی و فوتابخانەکەی ئاراکاتاکا داوا بکەین، دایکیشم بەدووری دەزانی بەبێ ئەوانە وەرم بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، گوێم پێ نەدا و بڕیارمدا بەختی خۆم تاقی بکەمەوە. یەکێك لە مامۆستاکان هەرئەوەندەی زانی ئەو بەڵگانەم پێ نیە لە ریزەکە دەری هێنام، بەڵام مامۆستایەکی تر بوو بە کەفیلم و رازیبوو بەبێ ئەو بەڵگانە چاوپێکەوتنم لەگەڵ بکاتو منی بردە نووسینگەکەی. لێ پرسیم سەدەمەن چەند کیلۆیە، دەیەیەكو هەزارەیەك پێکەوە کۆبکەیتەوە دەکاتە چەند ساڵ، ناچاری کردم ناوی سەنتەری سەرجەم پارێزگاکان بڵێم و ناوی روبارەکانی کۆڵۆمبیا و وڵاتانی دراوسێی بژمێرم. سەرجەم ئەو پرسیارانەم بەلاوە سادەو ئاسان دەهاتە بەرچاو. دواجار دەربارەی ئەو کتێبانە پرسیاری لێکردم کە خوێندبوومنەوە. ژمارەی ئەو کتێبانەی ناوم هێنانو هەمەرەنگی بابەتی کتێبەکان - بە لەبەرچاوگرتنی تەمەنم - سەرنجی راکێشا، بەتایبەت ئەوکاتەی پێموت نووسخەی ئەسڵی هەزارویەك شەوم خوێندوەتەوە، هەمان ئەو نووسخەیەی بۆ منداڵان نەدەگونجا، لەبەر ئەوەی ئەو بەشە فێزەونانەی باپیرە ئانگریتا بە بێشەرمانەی لەقەڵەم دەدا، لە کتێبەکە دەرنەهێنرابوون. زۆر حەپەسام کە زانیم کتێبێکی گرنگە، لەبەرئەوەی هەمیشە لەو باوەڕەدابووم گەورەو

پیاوماقوڵان باوەڕیان بەوە نییە جنۆکە لە بتڵێك بێتە دەرەوە و دەرگا بە وێرد و جادوو بکرێتەوە. چاوپێکەوتنی هیچکام لە داواکارەکان زیاتر لە چارەکە کاتژمێرێکی نەخایاند و زۆر خێرا وەڵامی وەرگیران یان رەتکردنەوەیان وەرگرت، ئەمەش لەکاتێکدا من نزیکی سێ چارەکە کاتژمێر لەتەك مامۆستاکەدا دەربارەی بابەتگەلی جیاواز قسەمان کرد. پێکەوە چاوێکمان بە ریزبەندی ئەو کتێبانەدا خشاند کە بە پشتی سەریەوە هەڵواسرابوو. لە نێو ئەو کۆمەڵە کتێبەدا، **گەنجینەی لاویەتی**، کە پێشتر شتم دەربارە بیستبوو، بەهۆی زمارەی بەرگدارو جوانی بەرگەکانیانەوە، لەهەموویان زیاتر خۆی دەنواند. بەڵام مامۆستا بڕوای پێهێنام کە بۆ تەمەنی من رۆمانی **دۆن کیشۆت** لەبارتر و بەسوودتربوو. لەوکاتەدا نەیتوانی لە نێو کتێبەکاندا بیدۆزێتەوە، بەڵام بەڵێنی پێدام دواتر بە ئەمانەت بمداتێ. پاش نیو کاتژمێر رادەربڕینی سەرپێیی دەربارەی **سەندیبادی دەریایی و رۆبنسۆن کرۆزێ**، تا دەرگای دەرەوە بەڕێی کردم، بێئەوەی پێم بڵێت قبوڵ کراوم یان نا. دڵنیابووم وەڵامەکە نێگەتیڤە، بەڵام لە هەیوانەکە کاتی ماڵئاوایی، بەتوندی دەستی گووشیم و وتی رۆژی دووشەممە کاتژمێر هەشت بچمەوە و بۆ تۆمارکردنی ناوی خۆم لە دەورەی پێشکەوتووی قوتابخانەی سەرەتایی: پۆلی چوارەمی سەرەتایی.

بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو. ناوی **خوان ڤێنتورا کاسالینس**[1] بوو، وەك یەکێك لە هاوڕێیانی سەردەمی منداڵیم لەیادمە، کە تۆزقاڵێکیش لەو وێنە ترسناکە نەدەچوو کە لەو سەردەمانەدا بۆ وێنەی مامۆستا دەمانکرد یەکێك لە تایبەتمەندیە گەورەو فەرامۆش نەکراوەکانی ئەوەبوو کە وەك خەڵکی هەرزەو یەکسان هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردین، هەرچەندە تائێستاش لەوباوەڕەدام بایەخێکی تایبەتی بە من دەدا. لە پۆلدا، لە هەمووان زیاتر پرسیاری لەمن دەکرد، یارمەتی دەدام بۆئەوەی وەڵامەکانم راست و دروست دەربچن. مۆڵەتی دەدامێ کتێبەکانی کتێبخانەی قوتابخانەکە ببەمە ماڵەوە بۆ خوێندنەوە. دووان لەوکتێبانە، **دوورگەی گەنج و کۆنت مۆنت کریستۆ**، موخەدەری دڵخۆشکەری ئەو ساڵە پڕ مەینەتیانە بوو. پیت بە پیتی ئەو کتێبانەم قووت دەدا، لەکاتێکدا لەژێر کاریگەریی هەڵچوونێکی دوولایەنە و دژبەیەکدا بووم: شەیدایانە چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بزانم لە دێڕەکانی تردا چی روو دەدات و بە دڵەڕاوکێیەکی شیرینیشەوە بەباشم دەزانی لە رووداوەکان بێئاگا بمێنمەوە، نەبا ئەو خەرمانە ئەفسوناویە فریوودەرە نەمێنێ. ئەو دوو رۆمانە، هەروەها هەزارویەك شەو، دەرسێکیان

---

[1]. Juan Ventura Casalins

دامیّ کە هەرگیز فەرامۆشم نەکرد: دەبێت بەتەنها ئەو کتێبانە بخوێنینەوە کە ناچارمان دەکەن جارێکیتریش سۆراخیان بکەینەوە.

بەڵام خوێندنەوەی دۆن کیشۆت شتێکیتر بوو، لەبەر ئەوەی منی دوچاری ئەو هەڵچوونە نەکرد کە جەنابی کاسالینس پێشبینی کردبوو. قسە ڕەوانەکانی شاسوارە سەرگەردانەکە بێتاقەتیان دەکردم و هەڵسوکەوتە گێلانەکانی مەیتەرەکەی هەرگیز بەلامەوە خۆش و بەتام نەبوون. دواتر هەستمکرد لەوانەیە هەڵەیەك رووی دابێت و ئەمە هەمان ئەو کتێبە نەبێت کە ئەومندە باسیان دەکرد. لەهەمان کاتیشدا بەخۆمم دەوت مەحاڵە مامۆستایکی خوێندەوارو چاکەکاری وەك مامۆستاکەی ئێمە هەڵە بکات، بەزەحمەت و بە هەزار مەینەتی، وەك شروبێکی ناخۆش، کەوچك بە کەوچك دەمخواردەوە. ئەو کاتەی ویستم دیپلۆم وەربگرم ناچاربووم جارێکیتر ئەو رۆمانە بخوێنمەوە، بەلام ئەمجارەیان بەشێکبوو لە وانەکانمان، ئەوجاۆرەش دیسانەوە بێزاریە زۆرەملێکە داوێنی گرتمەوە. تائەوەی لەسەر پێشنیاری یەکێك لە هاورێکانم، لە گەنجینەی چێشتخانەکەم دانا بۆئەوەی لەبەرچاوما نەبێت، هەوڵم دا وەك فێلێك لە ماوەی نێوان ئەرکەکان و وانەکانیتردا بیخوێنمەوە. تەنها بەوجۆرە بوو کە لەپڕ جوانی ئەو رۆمانە وەك تەقینەوەیەك خۆی لێ ئاشکراکردم، چێژم لە هەموو رستەو بەشەکانی وەرگرت، و بەشێوەیەك عاشقی بووم کە گەلێك جاریتریش خوێنمەوە و تائێستاش زۆربەی بەشەکانیم لەبەرە.

یادی ئەو قوتابخانەیە، کە چارەنووس منی گەیاندە ئەویّ، بە بیرەوەریە مێژوویەکانی شار و رۆژگارێکی لەدەست چووەوە گرێ دراوە. بینایەکی دوورو تاکی سەر تەپۆڵکەیەکی سەرسەوز بوو کە لە هەیوانەکەیەوە هەردوو کۆتایی جیهان دەبینرا. لە لای چەپیەوە، گەڕەکی پرادۆ[١]، رازاوەترین و گرانترین ناوچەی شار کە لە هەمان نیگای یەکەمەوە هەستم کرد تەواو هاوشێوەی کارگەی پەلەوەری کارەبا بۆ راکێشراوی یونایتد فروتە. ئەو لێکچوونە هەرگیز بەرێکەوت نەبوو: دامەزراوێکی ساختومانی ئەمریکای باکوریی، بە سەلیقەو پێوانەو نرخی دیاریکراوەوە، خەریکی بیناکردنی ئەو شوێنەبوو، بەیەکێك لە شوێنە گەشتوگوزاریەکانی ئەو ناوچەیە دادەنراو زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی تری ولات شەیدای بینینی بوون. بەلام ناوچەی تەپووتۆزاوی باریۆ ئاباخۆ دەکەوتە لای راستیەوە، بە گەڕەکە داپۆشراو بە گەردو غوباری سوتێنەرو ئەو خانووە قوڕانەی سەربانەکانیان بە گەلای دارخورما دروستکرابوون، بەردەوام ئەوەی بیر دەخستینەوە کە

---

[١]. Prado

جگەلە کۆمەڵێك داماوی بەدبەختی سووك چیتر نین، خۆشبەختانە لە هەیوانی قوتابخانەکەوە دیمەنێکی بەرینی داهاتووشمان لەبەر چاودا بوو: ڕێڕەوی مێژوویی روباری ماگدالنا، یەکێك لە گەورەترین دورگە سێگۆشەییەکانی دونیا، ئاوە خۆڵەمێشیەکانی "بوکاس دێ سێنیسیا"[1].

٢٨ی مەی ١٩٣٥، کەشتی تارالایتی[2] تایبەت بە گواستنەوەی نەوتمان بینی کە بە ئاڵای کەنەداو هەراوزەنای مەلەوانەکانیەوە، بە ڕێڕەوێکی باریك و پڕلە تاشەبەردا گوزەری کرد، لە میانەی دەنگدانەوەی بروسکەئاسای مۆزیك و فیشەکەشێتەکاندا، بە فەرماندەیی ناخودا، دی. ئێف. مەکدۆناڵد[3]، هاتە بەندەرەکەوە. بەوشێوەیە، هەوڵ و گفتوگۆکانی چەندین ساڵە گەیشتە ئامانج و بارانکیا بووە تاکە بەندەری دەریایی وررووباری وڵات.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، فڕۆکەیەك بە فڕۆکەوانی ئەفسەر نیکۆلاس ریەس مانتۆس[4]، لەکاتێکدا خەریکبوو بەر سەربانی ماڵەکان دەکەوت، لە شوێنیکی بەتاڵ دەگەڕا بۆ ئەوەی بەناچاریی تێیدا بنیشێتەوە، سەرگەردان بە ئاسمانی شاردا دەخولایەوە. فڕۆکەوانە داماوەکە تەنها بیری لە رزگاربوونی خۆی نەدەکردەوە، بەڵکو یەکەمجار دەیویست ئەوخەڵکە رزگار بکات کە گەر فڕۆکەکەی بکەوتبایە خوارەوە دوورنەبوو بمرن. ئەو یەکێکبوو لە فڕۆکەوانە پێشڕەوەکانی ئاسمانگەریی کۆڵۆمبیا. ئەو فڕۆکە کۆنەی لە مەکزیك بە خەڵات وەرگرتبوو، بەتەنها لە خاڵێکەوە بەرەو خاڵێکیتری ئەمریکای ناوەندی دەیبرد. ئەوخەڵکەی لە فڕۆکەخانەی بارانکیا کۆببوونەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی شکۆمەندانە پێشوازیی لێ بکەن، بەئاڵاو دەستماڵو مۆزیکەوە، چاوەڕوانی نیشتنەوەیان دەکرد، بەڵام ریس مانتۆس، بۆ خۆدەرخستنی زیاتر، بڕیاری دا بە نیشانەی سڵاو و ڕێز، دووبارە بە ئاسمانی شاردا تەقلە لێبداتو هەلەبەر ئەوەش ماتۆڕی فڕۆکەکەی لەئیش کەوت. بەشێوەیەکی موعجیزە ئاسا توانی بە سەلامەت دەربچێتو لەسەربانی یەکێك لە باڵەخانەکانی ناوەندی بازرگانی بنیشێتەوە. بەڵام خۆی لەنێو وایەری کارەباکاندا گیری خوارد، ئاوێزان بە ستونێکەوە، لەبەینی ئاسمان و زەویدا مایەوە. من و لوویس ئێنریکەی برام لەنێو قەرەباڵغی خەڵکیدا ڕێگەمان بۆ خۆمان کردەوە تا ئەوشوێنەی بۆمانکرا چووینە پێشەوە، بەڵام کاتێك گەشتینە شوێنی روداوەکە فڕۆکەوانەکەیان رزگار کردبوو وەك پاڵەوانێکی سەرکەوتوو لەسەر شان دەیانگێڕا.

---

[1]. bocas de Ceniza

[2]. Taralite

[3]. D. F. McDonald

[4]. Nicolas Reyes Manotas

شار بووه خاوەنی یەکەمین وێستگەی ڕادیۆ، ئاوەڕۆکانیان نۆژەن کردەوەو ئەمکارە سەرنجڕاکێشیەکی گەشتوگوزاری و فێرکاریی نوێی هێنایەئاراوەو دانیشتوانی ئەوناوەی ڕاکێشایە ئەوێ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە جوان پاڵاوتنی ئاو بەچاوی خۆیان ببینن، هەروەها بەڕێوەبەریەتی ئاگرکوژێنەوەشیان دامەزراند، کە جلوبەرگی تایبەتی کارمەندەکانی و بوقی ئۆتۆمبێلەکانی گەورەو بچوکی دەهاژاند. یەکەمین ئۆتۆمبێلە چادردارەکانیش بە خێرَایەکی شێتانەوە بەشەقامەکاندا دەخولانەوە و شەقامە بەردڕێژ کراوە تازەکانیان تێکوپێك دا. دامەزراوی کۆچبەران"ئاکیتاتیڤا"[1]، بە سروش وەرگرتن لە ئارەزوی تەنزئامێزی مەرگ، نووسینێکی گەورەیان لەسەر جادەی چوونەدەرەوەی شار هەڵواسی:"پەلە مەکەن، ئێمە چاوەڕێتان دەکەین. "

شەوان، ئەودەمانەی ناچاربووین لەماڵ نەچینەدەرەوە دایکم کۆی دەکردینەوە نامەکانی باوکمانی بۆ دەخوێندینەوە. شاکارگەلێکی هەڵخلەتێنەربوون کە باسی هیچ بابەتێکی تایبەتیان نەدەکرد، جگە لە نامەیەکیان کە تێدا نووسیبووی خەڵکانی ماگدالنای خواروو زۆر حەز لە هاوتا دەرمانی دەکەن. بەقسەی باوکم،"**هەندێك کەس بەهۆی ئەوجۆرە چارەسەرەوە بەشێوەیەکی موعجیزەئاسا لەدەست نەخۆشیکانیان ڕزگاریان بووە.** "هەستمدەکرد بەزوویی ئێمە لەرووداوێکی گرنگ ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام دیسانەوە مانگێك بێدەنگی باڵی بەسەر نامەکانیدا دەکێشا، لە ڕۆژانی جەژنی پاکبونەوەدا، ئەوکاتەی دوو برا بچوکەکەم ئاوڵەی ترسناکیان گرت، هیچ ڕێگەیەکمان نەبوو پەیوەندی پێوە بکەین، لەبەرئەوەی تەنانەت شارەزاترین ڕێبەرەکانیش نەیاندەتوانی بیدۆزنەوە.

لەومانگانەدابوو کە بەوپەڕی بوونمەوە درکم بەو وشەیە کرد کە بەردەوام وێردی سەرزمانی داپیرەوباپیرەم بوو: هەژاری. پێشتر گوزارشتی من بۆ ئەو وشەیە هەمان ئەو دۆخەبوو کە ئەوان پاش کۆکردنەوەی بارگەوبنەی کۆمپانیای مۆز دووچاری ببوون. بەردەوام بەدەست ئەوحاڵەوە دەیاناڵاند. چیتر وەك ڕۆژانی ڕابردوو ڕۆژی یەك دووجار سفرەیان بۆ ئەو موسافیرانە ڕانەدەخست کە لەوانەبوو لەپڕ بگەنە ئەوێ، تەنها یەکجار ئەوسفرەیە ڕادەخرا. بۆ ئەوەی پشت لە نەریتی نانخواردنی بەکۆمەڵی نیوەڕوان نەکەن، تەنانەت ئەودەمانای توانای ئەوەشیان نەبوو، هەر سفرەی تایبەتی میوانەکانیان هەڵنەگرت، بەڵکو خواردنیان لە پاشماوەفرۆشیەکانی شار دەکڕی، کە شتەکانیان هەم باش بوو هەم زۆر هەرزانتربوو، ئەوەی سەیربوو ئەوەبوو کە تامی ئەوخواردنانە بەدەمی

---

[1]. Equitativa (بەریزدان)

ئێمەی ئەندامانی ماڵەکە خۆشبوو. بەڵام ئەوکاتەی مینا بیستی کە هەندێك لە میوانە هەمیشەیەکان بڕیاریان داوە چیتر نەێنە ماڵمان لەبەر ئەوەی پێیان وابوو خواردنەکان هیچ نین، ئەو نەریتە بۆ هەتایە هەڵگیرا.

دەستکورتی دایك وباوکم لە بارانکیا، بە پێچەوانەوە تاقەتپڕوکێن بوو، بەڵام ئەو بەختە باشەی بە دیاریی پێ بەخشیم کە بتوانم پەیوەندیەکی تایبەتی و بێ وێنە لەتەك دایکمدا گرێ بدەم. هەستم لەبەرامبەری زیاتربوو لە خۆشنودی ئاسایی دایك و فرزەندی، ستایشی سروشتە تایبەتیەکەیم دەکرد: ئەو شێرە مێیە بێدەنگەی لەبەرامبەر مەینەتیەکاندا دڕندانە خۆی رادەگرت، پەیوەندی بە خوداوە لەبەرچاوم نیشانەی ملکەچی پێوە دیار نەبوو، بەڵکو زیاتر لە ململانێ دەچوو. ئەو دوو تایبەتمەندیەی کە بەدرێژایی تەمەنی باوەڕبەخۆبوونە نالەرزۆکەکەی پێیان بەخشی، هەرگیز سست نەبوو. لە خراپترین هەلومەرجەکاندا لە قوڵایی دڵیەوە بە ڕێگەچارە سەیروسەمەرەکانی خۆی پێدەکەنی. بۆنموونە، جارێکیان ئێسقانی کڕی و چەندین رۆژ سووپی پێ لێنا - کە هەرجارەو سوپەکانی رونتر و ئاوەکیتر دەبوو، تا وای لێهات چیتر ئێسقانەکان هیچ تامیان نەدەدایەوە. شەوێکی لێزماوی ترسناك، هەموو پاشەکەوتی چەوری خوکی مانگێکی بۆ پلیتەی مەشخەڵە بە قوماش دروستکراوەکان سەرف کرد، لەبەرئەوەی تا بەیانی کارەبامان نەبوو ئەو خۆی منالە بچوکەکانی لە تاریکی ترساندبوو بۆئەوەی شەوان جێگەی نووستنەکانیان بەجێ نەهێڵن.

سەرەتا دایك وباوکم هاتوچۆی ئەو دۆستە کۆنانەیان دەکرد کە بەهۆی قەیرانی مۆز و بارگرژی و ناارامی گشتی ئاراکاتاکایان بەجێهێشتبوو. دیدارەکانیان بەشێوەی سوڕی خێزانی بوو هەروەها جگە لەو کارەساتانەی بەسەرخەڵکیدا هاتبوو باسی هیچی تریان نەدەکرد. بەڵام ئەوکاتەی لە بارانکیا هەژاری تەنگی پێ هەڵچنین، چیتر لە ماڵی خەڵکە نەناسراوەکاندا گلەییان نەکرد. دایکم بۆ گوزارشت کردن لە مەینەتیەکان تەنها یەك رستەی بەسەر لێوەوە بوو: "**بێچارەیی لە نیگایان دەبارێ.** "

تا تەمەنی پێنج ساڵی، مەرگ بەلامەوە کۆتایەکی سروشتی بوو کە خەڵکانی تری دەگرتەوە. چێژە گەردونیەکانو ئازارە دۆزەخیەکانم تەنها بەو بابەتگەلە لەقەڵەم دەدا کە دەبوو لەبەریان بکەم بۆئەوەی لە وانەی پەروەردەی ئاینی باوکە **ئاستیتێ**[1] دەربچم. ئەوشتانە هیچ پەیوەندیەکیان بەمنەوە نەبوو، تا ئەوەی جارێك لە زمانی ئەو کەسانەوە کە شەوێك بەدیار تەرمێکەوە مابوونەوە گوێم لەوەبوو کە ئەسپێ لە سەری مردووەکە

[1]. Astete

هاتووەتە دەرەوەو بەسەر سەرینەکەدا بڵاوبوونەتەوە. لە پاش ئەوە، ئەوەی ئارامی تێك دەدام ترس نەبوو لەمەرگ، بەڵکو ترسبوو لەو ئابڕوچوونەی نەبا پاش مردنم ئەوکەسانەی لەژورسەرم کۆدەبنەوە، ئەسپێ ببینن لە سەرم بێتە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتەی لە قوتابخانەی سەرەتایی بارانکیا دەمخوێند نەمزانی سەرم ئەسپێ تێی داوە، تا ئەوەی ئەو مێژووە بێزارکەرەم گواستەوە بۆ سەرجەم ئەندامانی ماڵەکەو و ئەوکات بۆم دەرکەوت ئەوەی لێی دەترسام توشم بووە. لەو کارەشدا، دایکم جارێکیتر بەهێزی کەسایەتیەکەی سەلماندەوە. سپرای تایبەتی کوشتنی سیسرك و قالۆنچەی لە یەك بە یەکی منداڵەکانی پرژاند و تالەوە دڵنیا نەبوو بە تەواوەتی پاك بووینەتەوە دەستی هەڵنەگرت، و ناوێکی پراوپڕی بۆ ئەوکارەشی هەڵبژارد: چالاکی پۆلیس. بەڵام لە راستیدا هەر ئەوەندەی لەدەست ئەسپێکان رزگارمان دەبوو، من جارێکیتر لە قوتابخانەوە دەمهێنایەوە ماڵەوەو جارێکیتر سەری هەمووومان دەکەوتەوە خروو. دواجار دایکم بڕیاریدا ئەو کێشەیە لە ریشەوە چارەسەر بکاتو ناچاری کردم سەرم بە گوێزان سفر بکەم. رۆژی دووشەمە، بەئازایی‌و بێترسی پاڵەوانانەوە، لە حاڵێکدا سەرم بە کڵاوێکی قوماش داپۆشیبوو چوومە قوتابخانەو چەندە گاڵتەیان پێکردم، گوێم پێ نەدا و دانم بەخۆمدا گرت،و ئەوساڵی خوێندنەم بە نمرەی باش و وەرگرتنی سوپاسنامە کۆتایی پێهێنا. دوای ئەوە هەرگیز جەنابی کاسالینسم نەبینیەوە، بەڵام تاماوم سوپاسی دەکەم.

یەکێك لە دۆستەکانی باوکم کە ئێمە نەمان دەناسی، لە کاتی پشوودا لە چاپخانەیەکی نزیك ماڵەوەمان نیشێکی بۆ دۆزیمەوە. مووچەکەی زۆر کەمبوو، هەر هیچ نەبوو، بەڵام تەنها بەونیازەی فێری پیشەیەك ببم قبوڵم کرد. بەڵام تەنانەت یەك چرکەش بواری ئەوە هەڵنەکەوت چاپخانەکە ببینم، لەبەرئەوەی ئیشم ئەوەبوو لاپەڕە چاپکراوەکان کۆبکەمەوە تا لەبەشەکەیتردا بەرگیان بۆ بکەن. یەکێك لە دڵخۆشیەکانم ئەوەبوو کە دایکم رێگەی پێدام بە مووچەکەم پاشکۆی یەکشەممانی لاپێرنسا بکڕم کە لەو پاشکۆیەدا چیرۆکە وێنەیەکانی تەرزان و بووك راجێرز - ناویان نابوو"رۆخیلۆی سەرکەوتوو"[1] - و مووت[2] و جێف[3] - کە ناویان نابوو بنیتین[4] و ئینیاس[5] - چاپ دەکرا. لە لەکاتی بێ ئیشی رۆژانی یەکشەممەدا، فێری ئەوەبووم وێنەی ئەو چیرۆکانە لەبەر

---

[1]. Rogelio el Conquistador

[2]. Mutt

[3]. Jeff

[4]. Benitin

[5]. Eneas

بکێشم، بە ئارەزوی خۆم درێژەی چیرۆکە هەفتەییەکانم وێنە دەکرد. هەندێك لە کارمەندەکانی چاپخانەکە وێنەکانمیان بەدڵ بوو، تەنانەت توانیم هەندێکیان بە نزیکەی دوو سەنت بفرۆشم.

ئیشەکەم پڕلە ماندوویی و بێزارکەر بوو، هەرچەندە خۆم هیلاك دەکرد، ئەوانەی پلەیان لەمن بەرزتر بوو، لە راپۆرتەکانیاندا بەوە تاوانباریان دەکردم مەیلم بۆ ئیشەکە نییە. وابزانم، لەبەر رێزی بنەماڵەکەمان بوو کە دەستم لە ئیشە رۆتینیەکەی کارگاکە هەڵگرت و بوومە بەرپرسی بڵاوکردنەوەی ئەو ریکلامەی بۆ شروبێکی کۆکە کرابوو کە زۆربەی ئەکتەرە بەناوبانگەکانی سینەما پرۆپاگەندەیان بۆ کردبوو. حەزم لێکرد لەبەرئەوەی لەشێوەی هەندێك نامیلکەی جواندا دروستکرابوون، بە کاغەزی پلە یەك و وێنەی رەنگاورەنگی ئەکتەرەکانەوە. بەڵام، هەر لەسەرەتاوە بۆمدەرکەوت ئەو ئیشە وەك ئەوەی بیرم لێدەکردە ئاسان نەبوو، لەبەرئەوەی ئەو نامیلکەی پروپاگەندە رەنگیە خۆڕاییانە، خەڵکیان دەخستە گومانەوە، زۆربەیان رێگەکەیان لار دەکردەوە بۆئەوەی ئەو نامیلکانە وەرنەگرن، بەجۆرێك نامیلکەکانیان رەت دەکردەوە وەك ئەوەی کارەبا بیانگرێت. رۆژانی سەرەتا، نامیلکە بڵاونەبووەکانم دەبردەوە کارگەکە بۆئەوەی ژمارەیانم بۆ بگەێنەوە رادەی دیاریکراو. تا ئەوکاتەی رۆژێکیان هاورێیەکی کاتی قوتابخانەی ئاراکاتاکام بینیەوە، دایکی کە منی بینی ئەو ئیشە دەکەم، و ئەو ئیشەو سواڵکردنی بەلاوە وەك یەك بوو، تەواو هەڵچوو. بە دەنگی بەرز پیامدا هەڵشاخایەوەو پێیوتم بۆ بە پاپووچی پەرۆوە بەسەر جادەکانا بەرەڵا بووم ـ بەقسەی دایکم ئەو پاپوچانەم لەپێ دەکرد بۆئەوەی پێڵاوەکانم کۆن نەبن.

وتی ـ لە زمانی منەوە بە دایکت بڵێ ئەگەر دایك و باوکی زیندوو بونایەو بیانبینیبا ئەوەکیان لە بازاڕ لاپەرەی ریکلام دەدات بەدەست کەم ئەندامانەوە، چیان بەسەر دەهات.

دیارە قسەکەیم نەگەیاند، لەبەرئەوەی پێویستی بەوە نەدەکرد بەبێ هۆ دایکم ئازار بدەم، بەڵام یەك دوو شەو لەتاو تورەیی و شەرمەزاری گریام و لەسەر سەرینەکەم فرمێسکم رشت. دواجار بریارم دا لەباتی بڵاوکردنەوەی پەرەی ریکلام بیانخەمە نێو زێرابەکانەوە، بێئاگا لەوەی ئاوی ئەو زێرابانە ناڕواتو ئەو کاغەزە رەنگاورەنگە هەروا بەسەریەوە دەمێنێتەوە، و وردەوردە بوونە دۆشەکێکی رەنگاورەنگو جوان کە لەسەر پردەکەوە دیمەنێکی سەیری هەبوو.

وابزانم، رۆحی هەندێك لە مردوانی دایکم هاتنە خەوی‌و لە بارودۆخی پڕ داخی من ئاگاداریان کردەوە، لەبەرئەوەی هێشتا دوومانگ تێنەپەڕیبوو، بەبێ هیچ بەڵگە و

ڕونکردنەوەیەك، منی لەو چاپخانەیە هێنایە دەرەوە. بەوە ڕازی نەبووم، لەبەر ئەوەی دڵم نەدەهات پاشکۆی یەکشەممانی لاپێرنێسام لەکیس بچێت، کە لە ماڵەوە وەك بەهرەیەکی خودایی پێشوازیان لێدەکرد، بەڵام دایکم لە دەمی بڕین و کڕینی ئەو پاشکۆیەی نەبڕی. یەکێکیتر لەو کۆمەکە داراییانەی لە لوتکەی دەست کورتیدا بەفریامان کەوت ئەوبڕە پارانەبوو کە خاڵە جوانیتۆ بۆی دەناردین. هەر لە سانتا مارتا دەژیا، وەك بەرپرسێکی سوێندخواردوی ژمێریاری، دەرامەتێکی کەمی هەبوو، بەڵام ئەوبەرپرسیاریەتیەی خستبووە ئەستۆی خۆی کە هەموو هەفتەیەك نامەیەك و دوو ئەسکەناسی دوو پیزۆییمان بۆ بنێرێت. ناخودای کەشتی ئایۆرۆرا[١] ناسرلوی کۆنی بنەماڵەکەمان، کاتژمێر حەوتی بەیانی نامە بە بەرەکەتەکەی دەگەیاندە دەستم و منیش لەرێگەی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە بۆ چەند ڕۆژێکی خێزانەکەمان ئازوقەم دەکڕی.

ڕۆژێکیان، چوارشەممە، نەمتوانی وەك جاران هەمیشە بچمە پێشوازی ناخودا، دایکم ئەو ئەرکەی سپاردە لوویس ئێنریکێ. ئەویش وەسوەسەی ئامێری پۆکەری گەڕەکی چینیەکان لەگەڵەی دا و ویستی لەوڕێگەیەوە ئەو دووپیزۆیە بکاتە دوو ئەوەندە. کە هەندێك لە پارەکەی دۆڕاند، وازی نەهێنا و ئەوەندە سووربوو لەسەر بەدەست هێنانەوەین جگەلە سکەیەك، هەموو پارەکەی بەفیڕۆدا. کە گەورەبووین بۆی گێڕامەوە: **"ئەوەندە ترسابووم بڕیارم دا نەگەڕێمە ماڵەوە."** لەبەرئەوەی باش دەیزانی دایکم بەو دوو پزۆیە هەفتەیەك بەخێوی دەکردین. بەڵام خۆشبەختانە دوا سکە، ئامێرەکەی خستە لەرزە و وەك ئەژدیهایەکی ئاگر فڕێدەر هەموو ئەو سکانەی قووتی دابوو فڕێدایە دەرەوە و دوو پیزۆی براکەمی دایەوە. لوویس ئێنریکێ بۆی گێڕامەوە: **"لەوکاتەدا شەیتان چووە مێشکمەوەو ئازاییم دایە بەرخۆم و سکەیەکیترم بەکارهێنا."** دیسانەوە بردیەوە. سکەیەکی تری خستە نێو ئامێرەکەوە و جارێکی تریش بردیەوە، سکەیکیتر و دانەیەکیتر و جارێکیتریش بردیەوە. دەیوت: **"لەوکاتەدا زۆر زیاتر لەوکاتە دەترسام کە هەموو پارەکەم دۆڕاندبوو، نەمدەتوانی خۆم بەپێوە ڕاگرم، بەڵام درێژەم بە یاریەکە دا."** دواجار، سێ ئەوەندەی ئەوبڕەی لە ناخودای وەرگرتبوو لە گیرفاندا بوو، بەڵام نەیوێرا داوای ئەوە لە خاوەنە چینیەکەی دوکانەکە بکات کە لەبری ئەو سکانە ئەسکەناسی بداتێ، لەبەرئەوەی دەترسا لەوەی نەبا بەو فێڵ و تەڵەکانەی چینیەکان مامۆستابوون تێیاندا، کڵاو بکاتە سەری. گیرفانەکانی بەسکەی پێنج پیزۆیی هەڵئاوسابوون، و پێشئەوەی ئەو دوو پیزۆیەی خاڵە جوانیتۆ بە وردە بداتە دایکم، ئەو

---

١. Aurora

چوار پیزۆیەی بردبوویەوە لە سووچێکی باخچەکەدا شاردەوە، لەوشوێنەی کە حەشارگەی هەمیشەیی ئەو پارە وردانە بوو کە لەملاولا بەدەستی دەهێنا. بێئەوەی باسی ئەو ڕوداوە بۆکەس بکات، وردەوردە و بەدزیەوە، ئەوپارانەی خەرج کرد و بەدرێژایی چەندین ساڵ ئەو نهێنیەی لە دڵیدا پاراست، و هەرکاتێك بیری دەکەوتەوە کە خۆی داوە بەدەست دودڵییەوەو خەرجی خێزانەکەی تا دوافلس لە قومارخانەی پیاوە چینیەکە خستبووە مەترسیەوە، ئازاری ویژدان داوێنی دەگرت و نەیدەتوانی ئەو گوناهەی خۆی ببەخشێت.

تێڕوانینی سەبارەت بە پارە زۆر تایبەت بوو. جارێکیان دایکم لەوکاتەدا گرتبوی کە چووبوە سەر جانتاکەی و ویستبووی ناخونەك لەپارەی مەسرەفی خواردنەکە بدات. لویس ئێنریکێ بۆ بەرگری کردن لەخۆی پشتی بە بەڵگەیەك بەست کە فێزمون بەڵام تەواو واقیع بینانە بوو: ئەوپارەیەی کە مرۆڤ بەبێ مۆڵەت لە جانتا یان گیرفانی دایكو باوکی دەریدەهێنێت، بەدزی لەقەڵەم نادرێت، لەبەرئەوەی ئەوپارەیە پارەی هەمووانەو دایكو باوك لەرووی ئیرەییەوە، ئەو پارەیە لە منداڵەکانیان دەشارنەوە، لەبەرئەوەی خۆیان ناتوانن ئەوپارەیە بۆ ئەو شتانە سەرف بکەن کە ماڵەکانیان دەتوانن سەرفی بکەن. بۆ پاڵپشتی کردن لە ڕاستی بەڵگەی براکەم کار گەیشتە ئەوەی دان بەوەدا بنێم کە منیش لەکاتی زۆر پێویستدا لەو پارانەم بردووە کە دایکم بەدزیەوە کۆی دەکردنەوە. دایکم تورەبوو، بە هاوارەوە وتی: "**ئەوەندە گێل مەبن! نە تۆ و نە براکەت هەرگیز پارەتان لە من نەدزیوە، لەبەرئەوەی خۆم بە ئەنقەست پارە لەوشوێنانە دادەنێم، کە دەزانم گیرفانتان بەتاڵ بوو پەنای بۆ دەبەن.** "جارێکیان کە دەستکورتی تەنگی پێ هەڵچنیبوو، گوێم لێبوو لەژێر لێوەوە دەیوت دەبوو لەلای خودا دزینی هەندێك شت ڕێگە پێدراو بن بۆئەوەی دایکان و باوکان بتوانن زگی منداڵەکانیان تێر بکەن.

ئالەباریە سەرنجڕاکێش و تایبەتیەکانی لوویس ئێنریکێ، بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئاسایەکان زۆر بەسوود بوون، بەڵام هەرگیز نەیتوانی فریوم بدات لە گاڵتەکانیدا ببمە هاودەستی. بە پێچەوانەوە، بەردەوام کارێکی دەکرد کەس بچوکترین گومان لە من نەکات و بەو کارەی بۆ هەمیشە خۆشەویستی خۆی لە دڵمدا چاند. بەڵام، هەرگیز نەمهێشت بزانێت چەندە ئیرەیی بەو هەموو کارە جوانەی دەبەمو چەندە بەو تەمێ کردنە سەختانەی باوکم لەبەرامبەر ئەو خەفەت دەخۆم. ڕەفتار و کردارمان بە تەواوەتی لەگەڵ یەکتری جیاوازبوو، بەڵام هەندێکجار نەمدەتوانی ڕێگە لە ئیرەییو ئاه و ناڵەی خۆم بگرم. ماڵی باوکم لە کاتاکا، کە ئەوکاتانەی بەنیازبوون دەرمانی دژە ئەنگەل یان ڕۆن گەرچەکم دەرخوارد بدەن دەیانبردمە ئەوێ، دەبووە هۆی نیگەرانیم. تا ئەوشوێنەی

بێـزار دەبـووم لـەو سـکە بیـست سـەنتیانەی وەك خـەڵات دەیانـدامێ بۆئـەوەی بـەبێ نازومەکر ئەو دەرمانانە بخۆم.

بە گومانم ئەوپـەڕی داماوی دایکم ئەوکاتـەبوو کە منی بـە نامەیەکەوە ناردە لای پیاوێك کە دەیانوت دەوڵەمەندترین و سەخیترین مروڤدۆستی شارەکەیە. چیرۆکی کارە خێرخوازیەکانیو دڵە باشەکەی بەهەمان تاسەو حەزەوە لە نێو خەڵکیدا باس دەکرا کە باسـی سـەرکەوتنە بازرگانیـەکانی دەکـرا. دایکـم لـە نامەیـەکی پڕئـازارو سەرڕاسـتدا، بێئەوەی درێژدادڕی بکات، بەناوی منداڵەکانیەوە نەوەك بەناوی خۆیەوە، داوای یارمـەتی بەپەلەی کردبوو، جەختی لەسەر ئەوەکردبووەوە کە خـۆی دەتـوانێ بەرگەی هـەرجۆرە مەینەتیەك بگرێت، ئەوەی ناچاری دەکات داوای ئەو یارمەتیە بکـات ئـەو خۆشەویـستیە بێـسنوورەیە کـە بـۆ منداڵـەکانی هەیـەتی. بەتـەنها ئـەوەی لـە نزیکـەوە دایکمی دەناسی دەیتوانی لەوە تێبگات بەوکارە چەند هەست بە سوکایەتی دەکات و چ کاریگەریەکی قوڵ لەسەر ژیانی بەجێدەهێڵێت، بەڵام لەو هەلومەرجەدا هیچ ڕێگاچارەیەکیتری نەبوو. منی ئاگادار کردەوە کە دەبێت ئەو نهێنیە لەبەینی خۆم و خۆتـدا بمێنێتـەوە، تائێـستاش کە دەیخەمە سەرکاغەز، هەر نهێنی بووە.

لـە دەرگـا گەورەکـەی ماڵەکـەم دا کـە لـە دەرگـای کەنیـسە دەچـوو، زۆر خێـرا پەنجەرەیـەکی بـچوك کرایـەوە و ژنێـك سـەری هێنایە دەرەوە کـە تـەنها ساردی نیگایم لـەبیردا مـاوە. بێئـەوەی قـسە بکـات نامەکـەی لێ وەرگـرتم و دیـسانەوە پەنجەرەکـەی داخستەوە. نزیکی کاتژمێر یازدەی بەیانی بوو، لە قوژبنێکدا هەڵتروشکام و تـا کاتـژمێر سێی عەسـر چاوەڕێم کـرد، بـەڵام هـیچ وەڵامێـك نـەبوو. بۆیـە بڕیارمـدا جارێکیتر لـە دەرگاکە بدەمەوە بەڵکو ئەمجارەیان وەڵامـێکم چـنگ بکـەوێت. هـەمان ژن پەنجەرەکەی کردەوە و بەبینینـم حەپەسا و پێیوتم کەمێکیتر چاوەڕێ بکـەم. وەڵامەکە ئـەوەبوو کـە سێشەممەی هەفتـەی داهاتوو لـە هـەمان کاتـدا بـچمەوە ئـەوێ. ئـەو ڕۆژەی ڕۆشـتمەوەمو دیسانەوە وەڵامەکەیان خستەوە هەفتەی داهاتوو. ناچاربووم سێ جاریتریش بـۆ هـەمان مەسەلە بچمەوە ئەوێ و هەرجارەو هەمان وەڵامیان دامەوە، دواجار مانگ ونیوێـك دوای ئەو مەسەلەیە، ژنێکی تورەوترۆتر لەوەی یەکەمجار، لـە زمـانی ئاغاکەیـەوە پێیـوتم خـۆ ئێرە سوالکەرخانە نییە.

بە کوچە گەرمەکانـدا سوڕامەوە و زەویـن و خـەیاڵم خـستە گـەڕ بـۆ ئـەوەی درۆیـەك بدۆزمەوە تا دایکم نیگەران نەبێت لە بەباچوونی ئومێدە بـەفیڕۆ چـووەکانی. نیوەشـەو ئەوکاتەی بەدڵێکی پڕ لە غەمەوە ڕووبەڕوی بوومەوە پێیوتم ئەو مروڤدۆسـتە شـەریفە

چەند مانگ پێشتر کۆچی دوایی کردووە. ئەوەی لەهەموو شتێك زیاتر ئازاری دڵی دام ئەوەبوو کە بینیم بە نیازپاکیەوە بۆ بەخشینی رۆحی ئەو خوالێخۆشبوە دەپاڕایەوە.

چوارپێنج ساڵ دواتر، ئەوکاتەی بیستمان ئەو دەوڵەمەندە مرۆڤدۆستە رۆژێك پێشتر کۆچی دوایی کردووە، لەناو سەرسوڕمان لەشوێنی خۆم چەقیمو چاوەڕێم کرد کاردانەوەی دایکم ببینم. چەندە حەپەسام لەوەی بینیم دایکم بەوپەڕی دڵتەنگیەوە گوێی لە هەواڵەکە گرت و لە قوڵایی دڵیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا:

- خودا بیبەخشێت.

بووینە هاوڕێی بنەماڵەی مۆسکێرا[1]، کە ماڵەکەیان نزیکی ماڵی ئێمە بوو، هەموو هەفتەیەك پارەیەکی زۆریان بۆ کڕینی گۆڤارە وێنەیەکان خەرج دەکرد، لە سووچێکی حەوشەکەیاندا تا بنمیچەکە هەڵیان دەچنین. بەتەنها ئێمە دەمانتوانی بەدرێژایی رۆژ لەوێ بین و چیرۆکەکانی دیك تریسی[2] و بوك راجێرز بخوێنینەوە. رووداوێکی خۆشی تر ئاشنا بوون بوو لەگەڵ ئەو وێنەکێشە تازەکارە کە تابلۆی سەردەرگی سینەمای گەڕەکەکەمانی "لاس کینتاس"[3] دەکێشا. من لەبەرئەوەی حەزم لە بۆیەکردنی پیتەکان دەکرد، یارمەتیم دەدا و ئەویش لەبری ئەوە ئەوکاتانەی فیلمی شەڕەبۆکس و لێدان نمایش بکرابا بە بەلاش دیبردینە ژوورەوە. بۆئەوەی ژیانێکی شکۆمەندانەمان هەبێت تەنها لەیەك شتمان کەم بوو کە ئەویش ڕادیۆیەك بوو تا بتوانین کەی ئارەزوومان کرد دەست بە دووگمەیەکدا بنێین و گوێ لە مۆزیك بگرین. ناتوانین لەمرۆدا ئەوە بهێنینە بەرچاو کە هەژارەکان لەودەمانەدا چەند بە نەهامەتی ژیاون. من و لوویس ئێنریکێ لەسەر ئەو کورسیانەی لە دوکانی سەر سووچەکە بۆ بەسەربردنی کاتی مشتەریە بێ ئیشەکان دانرابوو دادەنیشتین و لەعەسرەوە تا ئێوارە گوێمان لە بەرنامەی مۆزیکی لای هەموان خۆش دەگرت کە زۆر هەمەڕەنگ بوو، تاڕادەیەك هەموو جۆرە ئاوازێکی لەخۆدەگرت. وردەوردە سەرجەم گۆرانیەکانی **میگلیتۆ ڤالدێز**[4] لەگەڵ گروپی **کازینۆ دێ لا پلایا**[5]، **دانیەل سانتۆس**[6] لەگەڵ گروپی **لا سۆنۆرا ماتانسێرا**[7]، **بۆلێرۆ**[8]کانی ئاگۆستین

[1]. Mosquera

[2]. Dick Tracy

[3]. Las quintas

[4]. Miguelito Valdes

[5]. Casino de la Playa

[6]. Daniel Santos

[7]. La Sonora Matancera

[8]. Bolero، ناوی جۆرە سەمایەکی ئیسپانیە کە بەندی عاشقانەی لەگەڵدا دەچڕن.

لارا[1]مـان بـه دەنگـی **تونیـا لا نێگـرا**[2]، لەبـەر کـرد. سـەرگەرمی شـەوانەمان، بەتایبـەت ئەوکاتانەی لەبەر نەدانی پارەی کارەبا بێ کارەبا دەبووین ئـەوەبوو کـە دایکمو خوشـك وبرا بچوکەکانمان فێری پۆلێنە تازەکان بکەین. بە تایبەتی فێری **لیخیا**[3] و گۆستابۆ، کـە وەك تـووتی لەبـەریان دەکـردن بێئـەوەی لـە ماناکانیـان تێبگـەن، ئەوکاتانـەی بەهەڵـە دووبارەیــان دەکردنــەوەو هەنــدێك رســتەی شــاعیرانەی خۆکردانــەیان بەشــێوەیەکی هەڕەمەکی دەوتەوە کۆڵێك دەبوونە هۆی پێکەنینو سەرگەرم کردنمان. هەمووومان بەبێ جیـاوازی هەسـتی گـوێگرتنو هەسـتی مۆزیکیمـان لـە دایكو باوکمانـەوە بـە مـیرات بـۆ مابوەوە و دووجـار گوێمـان لەهـەر ئـاواز یـان گۆرانیـەك بوایـە لەبـەرمان دەکـرد. لـویس ئێنریکێ لە هەمووومان ئامادەباشتر بـوو، وەك ئـەوەی بـە گۆرانیبێـژیی لـەدایك بووبێـت. لەلای خۆی فێری گیتار ژەندن بوو، ئەوەندە جوان و بەهەست و سۆزەوە ئاوازە عاشـقانە سووتێنەرەکانی دەژەند کـە ناوبـانگێکی بۆخـۆی پەیـدا کـرد و زۆربـەی مۆزیـك ژەنـەکان منـەتیان هەڵـدەگرت بۆئـەوەی لـە سـۆناتاکاندا لەگـەڵیان بـژەنێت. زۆر زوو هەسـتمان بەوەکرد کـە خوشـك وبـرا بـچوکەکانمان - و لەهـەموویان زیـاتر دایکـم، کـە لـەو ماڵـە منالانەیەدا هەمووان بەچاوی خوشکە گەورەیان تەماشایان دەکرد - ئەو پۆلێنانـەی ئێمـە فێرمان کردبوون فێری ئەو منالانە دەکەن کە لەماڵەوە رادیۆیان نەبوو.

ئارەزوومەندی بەرنامەی لەهـەر **چیمەنێك گوڵێك** بـووم کـە بێژەرەکـەی، ئاوازدانـەرو گۆرانیبێـژی نـاودارو مامۆسـتای نـاوداری مۆزیـك، **ئانخێـل ماریـا کاماچـۆ یـی کانـۆ**[4]، لـە کاتــژمێر یــەکی پاشــنیوەڕۆوە، بــە هەنــدێك بڕگــەی داهێنەرانــەو ســەرنجڕاکێشو هەمەڕەنگەوە، بەتایبەت ئەوبەشەی تایبەت بوو بەو نەوجەوانانـەی تـازە پێدەگەیـشتن کە منالانـی خوار پازدە سالی دەگرتەوە، گوێگرەکانی سەرگەرم دەکرد. بۆ بەشداریی کردن لەو بەرنامەیەدا ئەوەندە بەسبوو لە نووسینگەی رادیۆی "دەنگی نیشیمان" نـاو بنووسـنو نیو کاتژمێر پێش دەست پێکردنی بەرنامەکە لەوێ ئامادەبن. مامۆستا کاماچۆ خۆی بـە پیانۆ لەتەك گۆرانیبێژە تازەکارەکەدا بەشداریی دەکرد و هاوکارەکەی بە لێدانی زەنگێك، ئاوازی گۆرانیبێژە بەشدارەکەی بەنیشانەی ئەوەی توشی هەڵە بووە رادەگرت، ئـەوبڕیارە وتوێژی هەڵنەدەگرت. بـڕی خـەلاتی بـڕاوەی یەکـەم ئەوەنـدە زۆربـوو کـە نەمانـدەتوانی بەخەویش ببینین - پێنج پیزۆ - بەلام دایکم پێی لەسەر ئەوەدادەگرت لە خەلاتەکەش

---

[1]. Augustin Lara

[2]. Tona la Negra

[3]. ligia

[4]. Angel Maria Camacho y Cano

گرنگتر ئەو شانازییە کە دەبێتە نسیبی براوەکە، لەبەرئەوەی بەباشی گۆرانی وتن لە بەرنامەیەکی ئەوەندە بەناوبانگ و فرە لایەنگردا بەڕاستی مایەی شانازیی بوو.

تا ئەوکاتە، بەردەوام بە ناوی خێزانی باوکمەوە - گارسیا - و هەردوو ناوە بچوکەکەم - گابریل خۆزێ - خۆم دەناساند، بەڵام لەوکاتەدا دایکم داوای لێکردم ناوی خێزانی ئەویش - مارکیز - تۆمار بکەم بۆئەوەی جێگەی بچوکترین لێکچوونێك لەتەك ناوەکانیتردا نەمێنێتەوە. لە ماڵەوە بوو بە هەراو قەرەباڵغی رێك وەك رۆژانی جەژن یان ئاهەنگە نیشتیمانیەکان، جلی سپییان لەبەرکردم، وەك ئەوەی بمەوێت لە مەراسیمی یەکەمین خواردنی قوربانیدا بەشداریی بکەم پێشئەوەی ماڵەوە بەجێبهێڵم شەربەتی برۆمۆر پێتاسیۆمیان دەرخوارد دام. دوو کاتژمێر پێش وادەی دیاریکراو گەیشتمە بینای "دەنگی نیشتیمان" و لەپارکێکی نزیکی ئەوناوە چاوەڕێم کردن لەبەرئەوەی تاپێش چارەکێك لە دەست پێکردنی بەرنامەکە رێگەی چوونە ژورەوەیان بە بەشداربووەکان نەدەدا، لەو ماوەیەدا دەرمانە ئارامبەخشەکە کاریگەری نەما. هەر خولەکێك تێدەپەڕی هەراسی دەرونیم زیاتر دەبوو و هەستمدەکرد دڵەڕاوکێ سەرجەم بوونم دەخوات، ئەوکاتەی ئیتر چوومە ژوورەوە بەتەواوەتی گیانم گەیشتبووە سەر لێوم. دەمویست بگەڕێمەوە ماڵەوەو بەدرۆ بڵێم لەبەر فلانە هۆ نەیانهێشت بەشداریی بکەم، بەڵام لەگەڵ خۆم کەوتمە قسەو پاش ململانێیەکی سەخت بەسەر ترسەکەمدا زاڵ بووم و لەوێ مامەوە. جەنابی مامۆستا بۆ ئەوەی تاقیم بکاتەوە و لە ئاوازی دەنگم تێبگات. یەکەمجار، حەوت کەسیان بەپێی ناونووسین کردە ستۆدیۆکەوە، سێ کەسیان لەبەرئەوەی هەڵەیان کرد زەنگیان بۆ لێدان و لە پێشبڕکێکە دەرکران. ناوە دووروودرێژەکەمیان کورت کردبووەوە و بە ناوی گابریل مارکیزەوە بانگیان کردم. ئاوازی "قوو"م بۆ وتن، ئاوازێکی پڕ لەهەستو سۆزو سوتێنەر دەربارەی قوویەکی لەبەفر سپیتر کە بەدەستی ڕاوچییەکی بێبەزەیی دەپێکرێتو لەپاڵ خۆشەویستەکەیدا گیان دەدات. هەر لە سەرەتاوە دەمزانی کە دەنگم لەگەڵ هەندێك نۆتی تایبەتیدا نەدەگونجا، ئەوکاتەی هەستم بە گومان کرد لە روخساری یاریدەری مامۆستادا و هەستم کرد بەرەو زەنگەکە دەڕوات، دڵم داخورپا. نازانم چۆن وێرامو بە هێما تێم گەیاند کەمێکیتر پارمەتیم بدات، بەڵام تازە درەنگ ببوو: دەنگێکی بێ بەزەییانەو دەنگی زەنگ گوێی زرنگاندمەوە. خەڵاتە پێنج پیزۆیەکە بوو بە نسیبی کیژێکی پرچ ئاڵتونی جوانکیلە کە بەشێکی لە ئۆپێرای مادام باتێرفلای[1] وت و رۆحی پۆچینی لە گۆڕدا هەڵتەکاند. بێزارو زیز، بە لچی شۆڕەوە گەڕامەوە ماڵەوە و هەرگیز

---

[1]. Madame Butterflay، ئۆپێرایەك لە بەرهەمی جاکۆمۆ پوچینی ئاوازدانەری بەرەچەڵەك ئیتالی.

نەمتوانی دایکە دڵ شکاوەکەم هێور بکەمەوە. چەند ساڵێکی پێچوو تا دایکم دانی بەوەدانا کە بێزاریەکەی لەبەر ئەوەبووە دۆستان و خزمانی ئاگادار کردوەتەوە لەڕادیۆکەدا گوێ لە گۆرانیەکەی من بگرن، نەیدەزانی پاش ئەو شەرمەزاریە چۆن سەیری ناوچاوانیان بکات.

لەو بارودۆخە پڕلەپێکەنین و گریانەدا، تاقە یەک ڕۆژ لە قوتابخانە نادیار نەبووم. تەنانەت بەسکی برسیشەوە دەڕۆشتمەوە بۆ قەتابخانە. بەڵام کاتی خوێندنەوەم هەروا بەفیڕۆ دەچوو، لەبەرئەوەی پارەمان نەبوو نەهێڵین گڵۆپەکان تانیوەشەو بکوژێنەوە، ئەویش لەبەرئەوەی بەندە بتوانم کتێب بخوێنمەوە. بەهەرحاڵ خۆم دەمتوانی لەسەرپێی خۆم بوەستم. چەند کارگەیەکی چاککردنەوەی پاس لەسەر ڕێگەی قوتابخانەکەمان بوو. من بە کاتژمێر لەبەردەم یەکێك لەو کارگانە دەوەستام و تەماشای ئەوەم دەکرد بزانم چۆن ناوی شوێنی ڕۆشتنی پاسەکان بە خەتی گەورە لەسەر قەراخی پاسەکان دەنووسن و بۆیاخی دەکەن. ڕۆژێکیان داوام لە بۆیاخچیەکە کرد ڕێگەم پێبدات من یەك دوو پیت بنووسم بۆئەوەی بزانێت دەزانم یان نا. سەری لە بەهرە خۆرسکەکەم سوڕمابوو، دوای ئەوە نووسینی هەندێك لە پیتەکانی سپارد بە من ولەبری ئەوەش هەندێك پارەی دەدامێ، کە یارمەتیدەرێکی ماڵەوەمان بوو. ڕووداوێکیتر کە تیشکی ئۆمێدی خستە دڵمەوە ئەوەبوو کە بەرێکەوت بووم بە هاوڕێی سێ برا بەناوی خێزانی گارسیاوە، کوڕانی ئەو دەریاوانەی لەسەر ڕوباری ماگداڵنا دەریاوان بوو، ئەوان گروپێکی مۆزیکیان دروست کردبوو کە بەبێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشت بکەنو تەنها لەبەر خۆشەویستی هونەر، بە گۆرانیەکانیان گوڕوتینیان دەبەخشیە ئاهەنگو میوانە دۆستانەکان. من، وەك چوارەمین گارسیا چووەمە ریزەوەو بەشداریی پێشبڕکێی تازەکارەکانی ڕادیۆ ئاتلانتامان کرد و هەمان ڕۆژی یەکەم پێشبڕکێکەمان بردەوە و یەك دنیا چەپڵەیان بۆ لێداین، بەڵام خەڵاتە پێنج پیزۆییەکەیان پێ نەبەخشین، لەبەرئەوەی لەکاتی تۆمارکردنی ناوەکاندا هەڵەیەکی زەق ڕوویدابوو کە هیچ ڕێگە چارەیەکی نەبوو. تا کۆتایی ئەو ساڵە پێکەوە مەشقمان کردو لە ئاهەنگە خێزانیەکاندا گۆرانیمان چڕی، تا دواجار ژیان لەیەکتری جیا کردینەوە.

هەرگیز نەمتوانی باوەڕ بەو بیروڕایە بهێنم، کە خۆڕاگری باوکم لەبەرامبەر هەژاری، بە هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی لەقەڵەم دەدا. بە پێچەوانەوە، هەستدەکەم ئەوە نیشانەی هاودڵی ئەفسانەیی نێوان ئەو و هاوسەرەکەی بوو کە هەرگیز سست نەبوو، بواری ئەوەی دەدانێ تەنانەت ئەوکاتانەی دەگەشتنە لێواری کەوتن خۆڕاگر بن و ورەیان نەدۆڕێنن. باوکم دەیزانی ژنەکەی دەتوانێ لەبەرامبەر مەینەتی و

نیگەرانیەکان خۆڕاگر بێت بەڵام لەبەرامبەر بێ ئۆمێدی ناتوانێت، هەرئەوەش نهێنی مانەوەی ئێمە بوو. ڕەنگە درکی بەوە نەکردبێ کە دایکم باری سەرشانی سووک دەکرد، و لەوپێناوەشدا بەشێك لەبوونی خۆی دەدۆڕاند کە خۆشترین رۆژانی ژیانی بوون. هەرگیز لە هۆکاری سەفەرەکانی تێنەگەیشتین. جارێکیان، نیوەشەوەی شەممەیەك، بەئاگایان هێناینەوەو چووین بۆ ئۆردوگای نەوتی **کاتاتۆمبۆ**[1] بۆئەوەی بە بێسیم لەگەڵ باوکم قسە بکەین. ئەمە رووداوێکی دەگمەن نەبوو زۆرجار روی دەدا. هەرگیز روخساری گریاناوی دایکم کە وەك هەوری بەهار فرمێسکی دەرِشت لەبیر ناچێتەوە. دایکم لەو گفتوگۆ غەمگینەدا، کە تەکنەلۆجیا هۆکاری بوو، دەستی کرد بە گلەیی‌و گازندەکردن.

وتی - **ئای گابریل بزانە من ومناڵەکانت توشی چ ژیانێك کرد، کە زۆرجار پارویەك نانمان دەست ناکەوێت.**

باوکم بۆئەوەی قسەکە بگۆڕێت وتی جگەری توشی هەڵئاوسان بووە. زۆرجار ئەو نەخۆشیەی دەکرد بە بیانوو، بەڵام دایکم ئەو قسەیەی زۆر بەراست وەرنەدەگرت، لەبەر ئەوەی چەندینجار بەو بیانوە درۆ چەپەڵەکانی روتوش کردبوو.

دایکم بە گاڵتەوە وتی - **هەرکاتێك خراپ دەبیت، توشی ئەو بەڵایە دەبی.**

وا سەیری میکرۆفۆنەکەی دەکرد وەك ئەوەی باوکم بێت، دواجار ئەوەندە گێژببوو کەویستی ماچێکی بۆ بنێرێت لەتاوا میکرۆفۆنەکەی ماچ کرد. خۆشی دایە قاقای پێکەنین، هەرگیز نەیتوانی ئەو بەسەرهاتە بەتەواوەتی بۆ کەس بگێڕێتەوە لەبەرئەوەی پێش ئەوەی بگاتە کۆتایەکەی، بەجۆرێك پێکەنین دەیگرت کە فرمێسك لەهەردووچاوی دەردەپەڕی. بەڵام ئەورۆژە بیری دەکردەوەو و چەندین کاتژمێر قسەی نەکرد تا دواجار لەسەر مێزی نانخواردنەکە، وەك یەکێك لەگەڵ خۆی قسە بکات، وتی:

- **وابزانم دەنگی گابریل جۆرێکی سەیربوو.**

بۆمان رونکردەوە کە بێسیم جگەلەوەی دەنگی خەڵکی دەگۆڕێت بەهەمان شێوە حاڵەتەکانیشیان دەگۆڕێت. دواتر بە خەواڵوویی وتی:"**بەهەرحاڵ بەدەنگیا دیاربوو زۆر لاواز بووە.** "لووتی رێك وەك ئەوکاتانەی بێزار دەبوو، درێژ وتیژ دەهاتە بەرچاو، بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە، دەیوت ئاخۆ ئەو مێردە داماوەم لەو کوێرەدێ دوور و بێ ئاو و ئاوەدانیەدا، تەنها و بێ پەنا چۆن ژیان بباتەسەر. نیگەرانیە شاراوەکانی لە دووهەمین گفتوگۆی بێسیمیدا ئاشکراتر کرد و بەڵێنی ئەوەی لە مێردەکەی وەرگرت گەر لە ماوەی دووهەفتەدا نەیتوانی کاروبارەکانی رێکبخات دەبێت بگەڕێتەوە ماڵەوە. بەڵام،

[1]. Catatumbo

پێشئەوەی مۆڵەتەکە کۆتایی بێت، تەلەگرافێکمان لە **ئالتۆس دێل رۆساریۆ**[1] وە پێگەیشت کە تەواو لە شانۆگەری دەچوو، لە یەك وشە پێکهاتیوو:"دوودڵ"دایکم ئەو پەیامەی بە نیشانەی ڕاستی پێشبینیە واقیع بینانەکانی دەزانی و دوا بڕیاری خۆی دەرکرد:

- یان پێش ڕۆژی دووشەممە دەگەڕێینەوە، یان هەرئێستا دەستی منداڵەکانت دەگرم و هەرهەموومان دەگەینە سەرت.

ڕێگەچارەیەکی موعجیزە ئاسابوو. باوکم باش دەیزانی هەڕەشەکانی ژنەکەی هەروا بەلاش نییە، هەفتەیەکی نەخایاند گەڕایەوە بارانکیا. بیرەوەری گەڕانەوەکەی کاریگەرییەکی قوڵی لەبیرەوەریماندا بەجێهێشت: جلوبەرگێکی شڕوشێواو، پێستێکی ڕەشهەڵگەڕاو وریشی نەتاشراو، ئەوەندە لاوازببوو دایکم وای دەزانی نەخۆشە. بەڵام ئەو بۆچوونەی هەر زوو تێپەڕی، لەبەرئەوەی پاش دووڕۆژ، دیسانەوە یەکێك لە نەخشەوپلانەکانی سەردەمی لاویەتی هێنایە پێشەوە: کردنەوەی دەرمانخانەیەك لە گوندی سوکرە، کە جگەلە دەرمان دەکرا شتیتریشی لێ بفرۆشێت. ئەو گوندە بەبەرەکەتو شاعیرانەیە ئەوەندەی شەووڕۆژێك بەڕێگەی دیاردا لە بارانکیاوە دووربوو. لەسەردەمی نەوجەوانیدا، ئەوکاتەی تەلەگرافچی بوو، ماوەیەك لەوگوندە خزمەتی کردبوو، ئەوکاتەی بیری لە پیاسەی دەمەونێوارانی نزیك ڕێگە ئاویەکانو هەستێرە ئالتونیەکانو کۆڕی ئاهەنگو سەما هەمیشەیەکانی دەکردەوە، دڵی بەپەلەتر لێی دەدا. جارێکیان هەوڵی دابوو لەوێ دوکانێك بەکرێ بگرێت، بەڵام بەپێچەوانەی شارە ڕازاوەکانی ترەوە، وەك ئاراکاتاکا، کە توانی دەرمانخانەیان تێدا بکاتەوە، نەیتوانی بەرگی ڕاستی بکات بەبەری ئەوخەیاڵەیدا. پێنج ساڵ پاش ئەوە، هاوکات لەتەك قەیرانی سێهەمی مۆز، دیسانەوە کەوتەوەیادی سوکرە، بەڵام بۆی دەرکەوت بازاڕەکەی لەژێر دەسەڵاتی بە کۆفرۆشەکانی **ماگانگۆ**دایە. بەڵام مانگێك پاش گەڕانەوەی بۆ بارانکیا، بەرێکەوت چاوی بەیەکێك لەو بە کۆفرۆشانە کەوتەوە، ئەویش باسی ئەوەی بۆ کرد کە بارودۆخەکە ڕێك بەپێچەوانی ئەوەوەیە کە ئەو بیری لێ دەکاتەوە، ئامادەبوو بۆ کاروکاسبی لە سوکرە پشتیوانیەکی باش بە باوکم ببەخشێت. لەوکاتەدا باوکم پێشنیارەکەی قبوڵ نەکرد، لەبەرئەوەی لەسەرتای بەواقیع کردنی خەیاڵە ئالتونیەکەیدا بوو لە ئالتۆس دێل رۆساریۆ، بەڵام ئەوکاتەی بڕیارە لێبڕاوانەکەی هاوسەرەکەی غافڵگیری

[1]. Altos del Rosario

کرد، کەوتە داوی بە کۆفرۆشەکەی **ماگناگۆ**[1]، کە هێشتا سەرگەردان بە گوندەکانی سەر کەناری روبارەکەدا دەخولایەوە، و پێکەوە رێکەوتن.

پاش دووهەفتە لێکدانەوەو قسەکردن لەگەڵ ئەو بە کۆفرۆشانەی زۆربەیان پێشتر هاورێی بوون، بە سەرورو‌خسارێکی رازاوەو رۆحیەتێکی ئومیدوارانەوە، رێگەی سوکرەی گرتەبەر، بەجۆرێك کەوتە ژێر کاریگەری هەلومەرجی لەباری ئەوێوە کە لە یەکەمین نامەیدا نووسی:"واقیعی ئێرە زۆر لەوەی بیرم لێ دەکردەوە باشترە. "لە گۆڕەپانی سەرەکی گوندەکە خانوویەکی بەکرێ گرت کە بەلەکۆنەشی هەبوو، دەرگای هاموشۆی بۆ دۆست وئاشنا کۆنەکانی کردەوە، ئەوانیش ئامێزیان بۆ کردەوەو بە حەزووئارەزوویەکی زۆرەوە ئامادەبوون هاتوچۆی ماڵی بکەن. بڕیاردرا چەندمان توانی لەشتەکانی ماڵ بیفرۆشین‌و ئەوەی لە داراو نەدارمان دەمێنێتەوە، کە شتێکی ئەوەندە بەرچاویش نەبوو، بپێچینەوەو بەکەشتیەکی هەڵم، کە بەبەرنامە بە روباری ماگدالنادا تێدەپەڕین، بگەینە لای باوکم. لەگەڵ ئەونامەیە بڕێك پارەی بۆ ناردبووین، کە بەتەنها بەشی پێداویستیەکانی ئەوکاتەی دەکردین، بەلێنیشی دابوو دواتر بەشی سەفەرەکەش بنێرێت. سروشتی خەیاڵپەروەرانەی دایکم لەوهەواڵە خۆشانە بەولاوە چاوەڕێی هیچی تری نەدەکرد، هەرلەبەرئەوە زۆر بیری کردەوە تا وەڵامدانەوەی نامەی هاوسەرەکەی هەم وەری بداتێ و هەم بە هەواڵی هەشتەمین سکی دەمی شیرین بکات.

رێوشوێنی پێویستم بۆ جێگەگرتن لە **کاپیتان دێ کارۆ**[2]دا گرتەبەر، ئەو کەشتیە ئەفسانەییەی ماوەی نێوان بارانکیا و ماگانگۆی بە شەووڕۆژێك دەبڕی. دوای ئەوێش دەبوو بە بەلەمی ماتۆڕ، لەرێگەی روباری **سەن خۆرخێ**[3] و کەناڵی خەیاڵاویی **موخانا**[4]وە درێژەمان بە سەفەرەکەمان بدایا تا دەگەشتینە شوێنی خۆمان.

دایکم کە بەردەوام لە ناوبانگی خراپی سوکرە دەترسا، بە هەڵچوونەوە دەیوت ـ **هەر لێرە بڕۆین ئیتر بۆ هەر دۆزەخێك دەڕۆین قەیدی نییە. مرۆڤ چۆن دەبێت مێردەکەی لە گوندێکی وەك سوکرە بەتەنها بەجێ بهێڵێت.**

ئەوەندە بۆ رۆشتن پەلەی بوو سەری لە نێمەش تێك دابوو، لە سێ رۆژ پێش وادەی سەفەرەکەمانەوە لەسەر عەرد دەخەوتین، لەبەرئەوەی جێگاوبانەکانمان پێچابووەوەو کەل‌وپەل‌و قەنەفەی ماڵەکەشمان ئەوەی کڕیاری هەبوو فرۆشرابوو. ئەودوای شت

[1]. Magangue

[2]. Capitan de Caro

[3]. San Jorge

[4]. Mojana

وەکەکانمان کرابوونە سندوقەوە، دایکم پارەی بلیتەکانی کەشتیەکەی لە شوێنێکی پاریزراودا کەخۆی بەباشی دەزانی شاردبوەوەو رۆژی چەندجار، بەدزی هەمووانەوە، دەیژمارد بۆئەوەی تەواو دڵنیا بێت.

ئەو کارمەندەی کۆمپانیای گەشتوگوزاری کەشتی کە بۆ وەرگرتنی زانیاری چوومە لای بە رووی خۆشەوە و بە شێوەزاری شیرینی کارایی ورد و رونو لەسەرخۆ سەرجەم نرخەکانی پێوتم، بێتەوەی پەلەم لێبکات رێگەی پێدام هەر هەموو نرخەکان بنووسمەوە. ئەوەی لە هەمووی زیاتر خۆشحاڵی کردم و بەتەواوەتی لە بیرم ما ئەوەبوو کە بۆ منالی خوار دوازدە ساڵ پارەی نیونەفەریان وەردەگرت، ئەمەش هەموو منالەکانی دەگرتەوە من نەبێت. دایکم لەسەر ئەو بنەڕەتە، خەرجی سەفەرەکەی لادا و تا دواقلسی باقی پارەکەشی بۆ چۆلکردنی خانوەکە و پێویستیەکانیتر سەرف کرد.

رۆژی هەینی چووم بلیتەکان بکڕم و بەرپرسی بلیت فرۆشتنەکە بەجۆرێك تاساندمی کە تەواو رۆحم تیا نەما، لەبەرئەوەی بەقسەی ئەو پارەی بلیتی منالی خوار دوازدە ساڵ پارەی نیو نەفەر نەبوو، بەڵکو تەنها لەسەدا سێیان دادەشکاند، ئەوقسەیە هەموو حسابەکانمانی تێکدەدا و دەیخستینە بنبەستێکەوە کە ئاسان نەبوو لێی دەربچین. کارمەندەکە پێی وابوو لەنووسینی نرخەکاندا دوچاری هەڵەبووم، بۆ سەلماندنی ئەوەش لیستی چاپکراوی نرخەکانی نیشان دام بۆئەوەی بەچاوی خۆم بیبینم وباوەڕ بەڕاستی قسەکانی ئەو بەڕێزە بهێنم. داماوو پەرێشان گەڕامەوە مالەوە، دایکم هیچی نەوت هەرئەوەندە نەبێت کە ئەو جلەی لەبەر کرد کە بەبۆنەی مردنی باوکیەوە بەردەوام دەیپۆشی، پێکەوە چووین بۆ کۆمپانیای گەشتی دەریایی. هەوڵی دەدا بەویژدان بێت: یەکێك لەومیانەیەدا هەڵەی کردبوو کە کوڕەکەی خۆی بوو. بەڵام لەوکاتەدا ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبوو. ئەوەی لەوکاتەدا گرفتی بنەڕەتی بوو ئەوەبوو کە چیتر هیچ پارەمان پێ نەمابوو. بەرپرسی بلیت فرۆشتنەکە بۆی رونکردەوە کە ناتوانێت هیچی بۆ بکات.

وتی: **"خانمەکەم تکایە سەرنج بدەن، مەسەلەکە ئەوە نییە دەمانەوێت یان نامانەوێت گرفتەکەتان چارەسەر بکەین. لە دامەزراوێکی پڕ بڕوای وەك ئەم دامەزراوەدا، هەموو شتێك پەیوەندی بەو یاسایانەوە هەیە کە ناکرێت بەبێ بەرنامە لەبەرچاو نەگیرێن و هەرەمەکی کار بکرێت. "**

دایکم وتی: **"بەڵام هەموویان بستە منالێك زیاتر نین.** "منی وەك نموونە پیشان دا. **"تەماشا کە، ئەمە گەورەکەیانە کە تازە دوازدە ساڵی تەواو کردووە. "** بەدەست بەرزاییەکی دیاری کرد:

ـ ئەوەندە دەبن.

بلیت فرۆشەکە جەختی کردەوە کە مەسەلەکە پەیوەندی بە بالاوە نییە، بەڵکو گرفت تەمەنی موسافیرەکان بوو. کەس بۆی نەبوو کەمتر لە نرخی دیاریکراو بدات، جگە لە مەلۆتکەکان کە بۆیان هەبوو بە بەلاش سەفەر بکەن. دایکم ویستی دەست بەداوێنی بەرپرسە گەورەکان بێت.

ـ بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە دەبێت لەگەڵ کێ قسە بکەم؟

کارمەندە بێچارەکە بواری وەلامدانەوەی پەیدا نەکرد. بەرێوەبەری گشتی، پیاوێکی بەساڵاچوو و قەڵەوبوو کە ورگە گەورەکەی مرۆڤی دەخستە یادی ئەوژنانەی مانگی خۆیانە، لە ناوەڕاستی ئەوقسانەدا، سەروکەلەی لەبەردەرکی نووسینگەکەدا بەدەر کەوت و بەرپرسی بلیت فرۆشتنەکە بەرێزەوە لەبەری هەستا. کابرایەکی بەقەلافەت بوو، رواڵەتێکی رێزلێگیراوانەی هەبوو، تەنانەت بەبێ چاکەت و لەگەڵ ئەوەی سەرتاپای عارەقەی لێ دەچۆڕا، بەلام هەر گەورە و بەدەسەلات دیاربوو. بەوردی گوێی لە قسەکانی دایکم گرت و بە دەنگێکی گەورەمەنیشانەو هێمنەوە وتی ئەوبڕیارە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خاوەنەکانی ئەو کۆمپانیایە، لە ئەنجومەنی گشتیدا، ئەو یاسایە بگۆڕن.

بەم ڕستەیە کۆتایی بە قسەکانی هێنا ـ **بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم.**

دایکم هەستی بە ـ با ـ ی هێز کرد، و قسەکانی ناسکتر کردەوە.

وتی:"**جەنابتان ڕاست دەفەرموون، بەلام کێشەکە لەوەدایە کارمەندەکەی ئێوە بەباشی کوڕەکەمی حاڵی نەکردووە، یان لەوانەیە کوڕەکەم بەهەڵە حاڵی بووبێتە منیش بەپێی ئەو هەڵەیە کارەکانم ڕاپەڕاندووە، ئێستاش، بارگەوبنەم پێچاوەتەوەو و ئامادەی سەفەرین. شەوان لەسەر عەردی رووت دەنووین، پارەمان تەنها بەشی ئەمڕۆ پێ مابوو، دەبێت دووشەمە خانوەکە بدەینە دەست کرێچیە تازەکان.** "دایکم تەماشای کرد هەموو کارمەندەکان گوێ قولاخ وەستاون و بیروهۆشیان بەتەواوەتی لای قسەکانیەتی، لەناکاو رووی قسەکانی کردە ئەوان:"**مەسەلەیەکی ئەوەندە سادە بۆ کۆمپانیایەکی ئەوەندە گەورە دەبێت چی بێت؟**"بێئەوەی چاوەڕێی وەلام بکات چاوی بڕیە چاوی بەرێوەبەرە گشتیەکەو لێی پرسی:

ـ جەنابتان باوەڕتان بە خودا هەیە؟

بەرێوەبەرەکە سەری لێ تێک چوو و بەتەواوەتی گێژ بوو. لە بێدەنگیەکدا کە لەڕادەبەدەر درێژەی کێشا، سەرجەم کارمەندەکان بەپەرۆشەوە چاوەڕێی کۆتایی ئەو مەسەلەیان دەکرد. لەپڕ، دایکم لەسەر کورسیەکە دانیشت، ئەژنۆ لەرزۆکەکانی جووت

کرد، فایلەکەی بەهەردوو دەست گووشی بە سنگیەوە، بە لێبڕاویە تایبەتیەکەی خۆی، کە لە هەلومەرجە چارەنووس سازەکاندا سەری هەڵدەدا، وتی:

- تا کێشەکەم چارەسەر نەکەن لەشوێنی خۆم ناجوڵێم.

بەڕێوەبەرە گشتیەکە واقی وورِما، سەرجەم کارمەندەکان دەستیان لەکار هەڵگرتو لە دایکم وردبوونەوە. ئەویش لەسەرخۆ و هێمن بە لووتە درێژو و باریکەکەیەوە، بەروخسارە عەرەقگرتوو و زەردەکەیەوە، شوێنی خۆی لەسەر کورسیەکە قایمتر کرد. ماوەیەك بەسەر پرسەی باوکیدا تێپەڕیبوو، بەڵام بۆ ئەم حاڵەتەش جلی رەشی بەباش زانیبوو. بەڕێوەبەرە گشتیەکە ئیتر ئاگای لەدایکم نەما و سەیری کارمەندەکانی خۆی دەکرد، پێشەوەی بزانێت دەیەوێ بڵێ چی، هەنسکە هەنسك و هەڵەکەداوان، رووی تێکردین و نەڕاندی:

- قەت شتی وەها نەبووە!

دایکم هەر نەیخستە سەرخۆی. دوای ئەو ڕوداوە بۆی گێرامەوە: **لەوکاتەدا رقو کینە گەرووی گرتبووم بەڵام ناچاربووم خۆم ڕاگرم و نەگریەم، لەبەرئەوەی گەر لەوکاتەدا بگریابام، خراپ سووك و ڕیسوا دەبووم.** "دواجار بەڕێوەبەرە گشتیەکە بەناچاری بە بلیت فرۆشەکەی وت بەڵگەنامەکانی سەفەرەکە بباتە نووسینگەکەی. ئەویش جێبەجێی کرد، پێنج خولەك پاش ئەوە، بەدەم بۆڵەبۆڵەوە هاتەدەرەوەو بە تووڕەییەوە بلیتەکانی پێداین. کێشەی سەفەرەکەمان چارەسەر ببوو.

هەفتەی پاشتر، گەیشتینە گوندی سوکرە و بەجۆرێك لەوێ شوێنمان خۆشکرد وەك ئەوەی بڵێیت ئەوێ نیشتیمانی خۆمان بێت. دانیشتوانەکەی نزیك بە شازدەهەزار کەس دەبوو - ئەوکاتانە ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان زۆرنەبوو، هەمووان یەکتریان دەناسی، بەڵام نەوەك ئێستا بەهۆی ناوبانگی بنەماڵەوە بەڵکو لەڕووی ژیانی تایبەتی و شتە نهێنیەکانیانەوە دەناسرانەوە. ئەوگوندە و سەرجەم ئەو دەڤەرە نۆڤیانووسێك بوو لەو ناوە مەنگانەی کە بەپێی ئەو ڤورو لیتەی سەرجەم وەرزەکانیان دادەپۆشی، بەپێی شوێنگەو دۆخی رۆحیمان هەرجارەو ڕەنگی دەگۆڕا. دیمەنە شکۆمەندەکەی هەستێرە خەیاڵیەکانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیای بیر دەهێنایەوە. لەو ماوە درێژەی بنەماڵەکەمان لەوێ دەژیا تەنانەت ئۆتۆمبێلێکیش ڕێی نەکەوتە ئەوناوە. هەبوونی بێ سوود بوو، لەبەرئەوەی کۆڵانە ڕێك و ڕاستە خۆڵە تەختەکانی دەتوت بۆ پیادەڕەوی بە پێی پەتی هەموار کرابوون. زۆربەی ماڵەکان، لە پشت مەتبەخەکانیانەوە لەنگەرگرێکی تایبەتیان هەبوو کە شوێنی بەلەمە تایبەتیەکانی ئەو ماڵانە بوو بۆ گواستنەوەی شتومەکی ناوخۆیی.

پێش هەموو شتێك، هەست کردنێکی سەیر بە ئازادیی بوونمی لێوانرێژ کردبوو. ئێمەی منالّ، لەپڕ سەرجەم ئەوشتانەمان چنگ کەوتبوو کە تائەوکات نەمانبوو یان خۆزگەمان بۆ دەخواردن. کەی برسیمان با نانمان دەخوارد، کەی ئارەزومان بکردابا دەنووستین، ئاسان نەبوو لەوڕۆژانەدا بتوانن چاودێری هەڵسوکەوتمان بکەن، لەبەرئەوەی گەورەکانمان سەرباری دیاریی کردنی پاساگەلی قورس، ئەوەندە سەرقاڵ و گرفتار بوون تەنانەت فریا نەدەکەوتن کاروبارە تایبەتیەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. ئەوەی سەلامەتی منالەکانی دابین دەکرد، ئەوەبوو کە منالەکان پێش پێ گرتن فێری مەلە بن، لەبەرئەوەی روباریکی لێڵ وتاریك بەناوەڕاستی گوندەکەدا تێدەپەڕی کە هەم ڕێڕەوی ئاو بوو هەم زێرابی پیسایی. لە تەمەنی یەك ساڵیەوە منالەکانیان یەکەمجار بە چووپەوە هەڵدەدایە ئاوەکەوە بۆئەوەی ترسیان بشکێتو دواتر بەبێ چووپ فرێیان دەدانە روبارەکەوە، بۆئەوەی لە کۆتی دێوەزمەی مەرگ رزگاریان بێت. پاش چەند ساڵێك، خایمێ[1]ی برام و لیخیای خوشکم، کە بە سەلامەتی لە مەترسیەکانی رۆژانی یەکەم رزگاریان ببوو، لە پێشبڕکێی مەلەی منالاّندا دەنگیان دایەوە.

ئەوەی سوکرەی لە زەین و خەیاڵمدا کردبووە گوندێکی فەرامۆش نەکراو، ئەو هەستی ئازادیی و بەرەڵاییەبوو کە کەشی ئەو گوندەی پڕاوپڕ دەکرد و بواری ئەوەی دەبەخشیە ئێمەی منالّ ئازادانە بەسەر شەقامەکاندا بسوڕێنەوە. پاش یەك دوو هەفتە دەمانزانی کێ لە چ ماڵێکدا دەژی و ئەوەندە لەتەك ئەو کەشە ڕاهاتبووین وەك ئەوەی لەسەرەتای ژیانەوە لەوێ بووبین. نەریتە کۆمەڵایەتیەکان - کە بەکردەوە سادە کرابوونەوە - دەرئەنجامی پێداویستیەکانی ژیانی مۆدێرن بوون لە چوارچێوەی کلتووری فیودالیدا: دەوڵەمەندەکان - خاوەن مەڕوماڵات و مەزراکانی قامیشی شەکر - لە گۆڕەپانی سەرەکی گوندەکە لەدەوری یەکتر خڕ دەبوونەوە، هەژارەکانیش، لە هەرشوێنێك بۆیان بلوابا. بەڕێوەبردنی کاروبارە دینیەکان لە ژێردەستی میسیۆنە ئاینزاکاندا بوو، کە خاوەنی سنوردارێتی دادوەری خۆیان بوون و ئیمپراتۆریەتی بەرفراوانی ئەوکەنارانە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو. لە سەنتەری ئەو جیهانە سەربەخۆیەدا، کەنیسە ناوچەییەکەی ناوەڕاستی گوندەکە، بچوککراوەی کەنیسەی گەورەی شاری کۆڵن بوو، کە بەهیمەتی قەشەیەکی ئیسپانی کە خاوەنی هەندێك توانایی بیناسازی بوو، بە پشت بەستن بە بیروهۆش، لەسەر شێوەی ئەو کەنیسەیە دروستکرابوو: دەسەڵاتی رەها، بەبێ بەربەست جێبەجێ دەکرا. هەموو شەوێك پاش نزای شەو، بە لێدانی زەنگی کەنیسەکە،

---

[1]. Jaime

ئیعتیباری مۆراڵی ئەو فیلمانەی لە سینەماکان پەخش دەکران، بەپێی یاسای گشتی بەڕێوەبەریەتی کاسۆلیکی کاروبارە سینەمایەکان، دیاری دەکرا. میسیۆنەری ئێشکگر لەبەردەرگی نووسینگەکەی دادەنیشت، لە پیادەڕۆکەی ئەوبەرەوە چاودێری دەرگای چوونەژوورەوەی سینەماکەی دەکرد بۆئەوەی ئەوکەوسانە دیاری بکات کە ڕێنومایەکانی کەنیسەیان لەبەرچاو نەدەگرت، و لەکاتی خۆیدا سەرکۆنەو تەمێیان بکات.

ئەوکاتەی گەیشتینە سوکرە، تەمەنم بوەهۆی ئەوەی بەقوڵی هەست بە خۆخواردنەوە بکەم. هێشتا سێ مانگم مابوو بگەمە سنوری چارەنوسازی سێزدە ساڵی، لە ماڵەوە چیتر لەڕیزی منداڵان حسابیان بۆ نەدەکردم، بەڵام لە ریزی گەورەکانیشدا جێگەیان نەدەکردمەوە، لەبەر ئەو سەردەمە بەرزەخیە، لەنێو خوشك و براکانمدا تەنها من فێری مەلە نەبووم. نەیاندەزانی لەسەر مێزی نانخواردنی منداڵان دامبنێن یان لەلای گەورەکان نان بخۆم. چیتر کارەکەرەکانی ماڵەکەمان لەبەرچاوی من جلوبەرگیان نەدەگۆڕی، تەنانەت ئەوکاتانەشی کە چراکان کوژا بوونەوە، بەڵام یەکێکیان چەندجارێك بەڕوتی لە جێگەکەمدا لەگەڵم نووست بێئەوەی خەوم لێ تێك بدات. پێشئەوەی سەرم بپەرژێتە سەرئەوەی، بەسکی تێرەوە چێژ لەو بێ کۆتوبەندی و بەرڵاییە ببینم، مانگی ژانویە هات و ناچاربووم بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن رێگەی بارانکیا بگرمەبەر، لەبەرئەوەی لە سوکرە ئامادەییەك نەبوو، بەپێی ئەو نمرە بەرزەی بەدەستم هێنابوو - کە بە هاوکاری مامۆستا کاسالینس بەدەستم هێنابوو - من وەربگرێت.

پاش وتووێژی چروپڕ و مشتومڕی دووردرێژ، کە من بەشداریەکی ئەوتۆم تێیاندا نەبوو، دایك و باوکم ئامادەیی **سەن خۆسێ دێ لا کۆمپانیا دێ خێسۆس**[١] یان لە بارانکیا بۆ هەڵبژاردم. نازانم چۆن لەوماوە کورتەدا توانیان ئەو هەموو پارەیە کۆبکەنەوە، سەرباری ئەوەی کاروباری دەرمانخانە و عەیادەی هەوتا دەرمانی هێشتا نادیار بوو و هیچ گرەنتیەك نەبوو کە پارەی باشیان چنگ بکەوێت. دایکم هەمیشە لەوکاتانەدا پشتی بە قسەیەك دەبەست کە حاشاهەڵنەگر بوو"**خوا گەورەیە**"لە مەسەلەی ماڵ گواستنەوەکەدا، تەنانەت بیر لە تێچونی نیشتەجێبوون و خۆراکیش کرابووەوە، بەڵام هیچ پارەیەك بۆ خوێندنەکەی من لانەخرابوو. جووتێك پێڵاوی کۆن و دوو دەست جلی شرم هەبوو هیچی تر. دایکم جلی تازەی بۆ کڕیم و جانتیەکیش ئەوەندەی تابووتێك، بێئەوەی بیر لەوەبکاتەوە تا شەش مانگیتر باڵا دەکەم و هیچ یەك لەو جلانە بەبەرم ناکات. جگە

[١]. San Jose de la Compania de Jesus

لەوانەش لە لای خۆیەوە بڕیاری دەرکردبوو کە لەوەبەدوا پانتۆڵی درێژ لەپێ بکەم، هەرچەندە باوکم وتبووی تا دەنگی گڕ دەبێت دەبێ پانتۆڵی کورت لەپێ بکات.

ئەوەی راستی بێت، ئەوکاتانەی دایكو باوکم لەسەر پەروەردەو فێرکردنمان دەمەبۆڵێیان دەبوو، لە دڵەوە ئاواتمان دەخواست، باوکم بەهۆی تۆرەبوونە نەفسانەییەکانیەوە، سویندمان لەسەر بخوات کە چیتر کەسمان نەخوێنین. کە لێی دەوەشایەوە. لەبەرئەوەی باوکم، بەهۆی هەژاری و بەهۆی باوەڕی پتەوی باوکی بە فرمانە رەفتاریە حاشاهەڵنەگرەکانی **دۆن فێرناندۆی حەوتەم**[1] کە فێربوونی تاکەکەسی بە هۆکاری پتەویی ژیانی خێزانی لەقەڵەم دەدا، بەناچاری بەبێ مامۆستا و لەلای خودی خۆی فێری زانستەکانی ژیان ببوو. ئەوەندەی زیندانێك لە ئامادەیی دەترسام، بیرکردنەوە لەوەی دەبێت بەپێی زەنگ بجوڵێمەوە چوارستونی لاشەمی دەلەرزاند و جۆرە دڵەراوکێیەك دەرژایە دەرونمەوە کە مووی لەشمی ڕاست دەکردەوە. بەڵام بۆئەوەی بە سیازدە ساڵی چێژ لە ژیانی ئازادانە وەربگرم ڕێگەچارەیەکی تر نەبوو، بەتەنها لەوڕێگەیەو دەمتوانی پەیوەندی خۆشەویستی لەتەك خێزانەکەمدا دروستبکەم، لە هەمان کاتیشدا دوور بکەومەوە لە نەریتە تاقەتپڕوکێنەکانیانو لە قەرەباڵغیو لە ژیانە پڕ لە هەورازونشێوەکەیان بەدووربم، بۆ ئەوەی کەی روناکی هەبوو بخوێنمەوە.

تاکە خەوشی ئامادەیی سەنخۆسێ کە بڕی ئەو پارەیەی مانگانە وەریان دەگرت زۆر و ئامادەییەکی دان پێدانراو بوو، سیستەمە سەربازیی و خنکێنەرانەکەی بوو، بەڵام دایکم بە یەك جوڵە کش و ماتی کردم: "**پارێزگاری تێدا پێ گەیووە**" ئەوکاتەی هیچ بیانوویەکم بەدەستەوە نەما و دایکم سەرجەم ڕەخنەکانی بە یەك قسە رەتکردەوە، باوکم خۆی لەمەسەلەکە دوورخستەوەو و لەبەرچاوی هەمواندا باری هەرجۆرە بەرپرسیاریەتیەکی لە کۆڵ خۆی کردەوە:

- با هەمووتان بزانن من نە دەڵێم باشە نە دەڵێم خراپە.

باوکم ئامادەیە ئەمریکیەکەی بەباشتر دەزانی لەبەرئەوەی لەوێ دەمتوانی فێری زمانی ئینگلیزی ببم، دایکم بەڵگەیەکی بیرتەسکانەی هەبوو گوایە ئەو ئامادەییە شوێنی خڕبوونەوەی کۆمەڵێك لاتولووتە. ئەمڕۆکە ناچارم دان بە ڕاستی قسەکەی باوکمدا بنێم لەبەرئەوەی یەکێك لە کەموکوڕیە بنەڕەتیەکانم، وەك نووسەرێك ئەوەیە کە زمانی ئینگلیزی نازانم و لەو روەشەوە زۆر زیانم پێ گەیشتووە.

[1] Don Fernando VII (١٧٨٤ - ١٨٣٣) پاشای ئیسپانیا.

ئەوکاتەی لەسەر کەشتی **کاپیتان دێ کارۆوە** کە سێ مانگ پێشتر هەر بەو کەشتیە سەفەرم کردبوو جارێکیتر بارانکیام بینیەوە، خەفەت دایگرتم و دڵم گیرا، دەتوت هەستێکی دەرونی لەوە بەئاگای دەهێنامەوە کە تاکوتەنیا بەرەو ژیانی ڕاستەقینە دەچمەوە. خۆشبەختانە دایك و باوکم مەسەلەی نیشتەجێبوون و خۆراکیان بۆ چارەسەر کردبووم و بڕیاربوو لەماڵی خزمێکمان، خوزێ ماریا ڤادبلانکیز، بژیم. ئەوو **هۆرتێنسیا**[1]ی هاوسەری، کە هەردووکیان گەنج بوون، ڕێگەیان بۆکردمەوە بچمە نێو ژیانە هێمن و بێ گرفتەکەیانەوە، کە لەخانوویەکی بچوك و هۆڵێکی بچوکی دانیشتن و ژورێك و حەوشەیەکی بەردڕێژدا دەگوزەرا کە هەمیشە لەژێر سێبەری ئەو جلوبەرگانەدا بوو کە هەڵیان دەخستن بۆ وشکبوونەوە. ئەوان لەتەك کچە شەش مانگانەکەیان لە ژورەکەدا دەنووستن، منیش لەسەر قەنەفەکانی ژوری دانیشتنەکەیان کە دەبووە قەرەوێڵە.

ئامادەیی سەنخۆزێ کیلۆمەترێك کەمتر لە ماڵەکەیانەوە دووربوو، دەکەوتە ناوەڕاستی باخێکی پڕ لە درەختی بادام، کە پێشتر کۆنترین گۆڕستانی شارەکەبوو کە تائەوکاتەش تاکوتەرا وردە ئێسقانو پارچەی جلوبەرگی مردووەکان لەژێر بەردی گۆڕەکانەوە دەردەکەوت. ئەوڕۆژەی پێمخستە حەوشەکەیەوە، مەراسیمی یەکتر ناسین بۆ پۆلی یەکەمەکان سازکرابوو، هەموویان بەرگی تایبەتی یەکشەممانیان لەبەردابوو، کە بریتی بوو لە پانتۆڵی سپی و چاکەتی سورمەیی، بێئەوەی خۆم بمەوێت بە قوڵی دووچاری ئەو ترسە بووم کە نەبا ئەوان هەموو ئەوشتانە بزانن کە من لێیان بێئاگام. بەڵام هەرزوو درکم بەوەکرد کە ئەوانیش ئەوەندەی من لەبەرامبەر ئەو داهاتووە نادیارەی چاوەڕێی دەکردن، نیگەران بوون.

پیدرۆ ڕەیس[2]ی برای ڕۆحانی، چاودێری قۆناغی ناوەندیی، ببوە تارماییەکی ترسناكو فریشتەی ئازاردانم، لەبەرئەوەی دەیویست چۆن بۆی دەکرێت بەرپرسانی ئامادەییەکە بەوە قایل بکات کە من بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندی ئامادەییم نییە. بەردەوام داوی بۆ دەنامەوە و لەوشوێنانەی کە چاوەڕێم نەدەکرد لەبەردەممدا قووت دەبووەوە. بۆ ئەوەی ئاستی زانست و زانیاریەکانم هەڵبسەنگێنێت، ڕووبەڕوی هەندێك پرسیاری دەکردمەوە کە جنۆکەش وەڵامەکەی نەدەزانین. بۆنموونە، بێئەوەی بواری ئەوەم بدات بیر بکەمەوە، لێی دەپرسیم:"**بەباوەڕی تۆ، خودا دەتوانێت بەردێك**

---

[1]. Hortensia

[2]. Pedro Reyes

بخولقێنێ که بۆخۆشی توانای بەرزکردنەوەی نەبێت؟"یان پرسیارێکی فێڵبازانەی تری وەك:"**ئەگەر پشتێنێکی ئالتونی بە ئەستوری پەنجا سانتیمەتر بە دەوری هێڵی ئیستیوادا ببەستین، کێشی زەوی چەند زیاد دەکات؟**"تەنانەت گەر وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانیشم بزانیبا هێشتا نەمدەتوانی وەڵامی یەك پرسیاریان بدەمەوە، لەبەرئەوەی زمانم لە ترسا لاڵ دەبوو، دووچاری هەمان ئەو ترسە دەبووم کە لەکاتی یەکەمین پەیوەندی تەلەفۆنیمدا توشی ببووم. لەخۆڕا نەدەترسام، لەبەرئەوەی برای ڕۆحانی ریس لەسەر حەقبوو. من ئامادەیی خوێندنم تێدا نەبوو، بەڵام نەمدەتوانی پشت لەو بەختە باشەم بکەم کە بەبێ تاقیکردنەوە قبوڵیان کردبووم، یان بکشێمەوە و پشت لەو هەلە نایابە بکەم. هەرئەوەندەی دەمبینی وەك بی لەرز دای دەگرتم. هەندێك لە هاوڕێکانی قوتابخانە تانەوتەشەری تایبەتیان بۆ ئەو یاری مشك و پشیلەیە دادەتاشی، بەڵام هیچ بەڵگەو نیشانەیەك جەختی لەسەر ئەو هەستە پوچەی من نەدەکردەوە و تۆمەتێکی لەوجۆرە هەرگیز بە ریشی برای ڕۆحانیەوە نەدەلکا. لەگەڵ ئەوەشدا، بێ دەردیسەر لە تاقیکردنەوە سەرزارەکیەکەدا دەرچووم لەبەرئەوەی لەبەر شیعرێکی **(راهیبە لوویس دێ لیۆن)**[1] م وەك ئاوخواردنەوە خوێندەوەو بە تەباشیری ڕەنگاوڕەنگ وێنەیەکی مەسیحم لەسەر تەختە ڕەشەکە کێشا کە دەتوت پارچەیەك خوێن و پێست و ڕۆحە. تاقیکەرەوە بەڕێزەکان ئەوندە وروژابوون لەبیریان نەبوو پرسیاری بیرکاری و مێژووم لێ بکەن، ئەو سەرکەوتنە تا ڕادەیەك ویژدانی ئاسودە کردم.

دواجار کێشەی نێوان من و برای ڕۆحانی بە خۆشی کۆتایی پێهات، لەبەرئەوەی لە ڕۆژانی پشووی جەژنی پاکبونەوەدا پێویستی بە کۆمەڵێك وێنە هەبوو بۆ وانەی گیاناسی و منیش بەدڵ و بەگیان هەموویانم بۆکێشا. ئیتر پاش ئەوە نەوەك ڕێگەی پێنەگرتم، بەڵکو لە پشووی نێوان وانەکاندا وەڵامی پرسیارە سەیروسەمەرەکانی فێر دەکردم، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك پرسیاری تازەتری دەکرد و وەڵامی ئەوانەشی بۆ شی دەکردەوە، لەهەموو ئەوانەش سەیرتر بەرێکەوت ئەو پرسیارانەی ئەو لە تاقیکردنەوەی ساڵی داهاتوودا دەهاتنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرکاتێك لەگەڵ هاوپۆلیەکانم دەیبینیم، دەیدایە قاقای پێکەنین و بە گاڵتەپێکردنەوە دەیوت ئەمە تاکە قوتابییە لە سێی سەرتایەوە هاتوەتە ئامادایییەوەو هەر بەخەیاڵیشدا نایەتو مێش میوانی نییە. ئیستا لەوە تێدەگەم ئەو ڕاستی دەوت. بەتایبەتی لە وانەی نوسینەوەدا، کە بەدرێژایی خوێندن بوە مایەی دەردیسەریی بۆم و تا ئێستاش هەڵەچنەکانی

---

[1]. fray Luis de Leon (١٥٢٧ ـ ١٥٩١) ڕۆحانی و نوسەری شیعری زاهیدانەی ئیسپانی.

دەستنووسەکانم دەترسێنێ. نیازپاکترینیان هەڵە ئیملایەکانم بە هەڵەی تایپ لەقەڵەم دەدەن و هەرلەبەر ئەوەش شك لە خوێنەواری نووسەرەکەی ناکەن.

ئـەوەی لـە نێـوان هەڵـچوون و بێتاقەتیەکانمـدا وای کـرد هەنەسـایەکی خۆشـی هەڵبکێشم، دانانی وێنەکێش و نووسـەری بـەناوبانگ **هێکتـۆر رۆخـاس هـێرازۆ**[١] بـوو بـۆ پۆستی مامۆستای وێنە. تەمەنی بیست و یـەك دوو ساڵێك دەبـوو. لەگـەڵ بەڕێوەبـەری ئامادەییەکە هاتە پۆلەوە و ئەوەنـدە دەنگـی سڵاوەکەی بـەهێز بـوو وەك ئـەوەبوو لـەو نیوەڕۆ گەرم و تاقەتپڕوکێنەدا بەیەك شەقی قایم دەرگای پۆلەکەمان دابخـەن. قۆزی و جوانی جوڵە وردەکانی هەر لە ئەکتەری سینەماکان دەچوو، کە پـاڵتۆ کورك حوشـترە تەسكو قۆپچە ئاڵتونیەکەی، سوخمەی رەنگینو بۆینباخە ئاوریشمەکەی، ئەوەندەی تـر قۆزیان کردبوو. لە هـەموو ئەوانـە سـەیرتر ئـەو کڵاوە رەنگاوڕەنگە بـوو کـە لەوپـەڕی گـەرمادا لەسـەریدا بـوو. ئەوەنـدە درێـژبوو دەبـوو پێـی بڵێـت پەیـژەی دز، کەلەسـەر تەختەڕەشەکە وێنەی بۆ دەکێشاین دەبوو بنووشتێتەوە. جـەنابی مـودیریش لـە چاو ئەوبالآیەدا لەتاوانبارێکی بەر نـەفرەت کەوتووی خوا دەچوو کە لـە چینە بـەرزەکانی ئاسمانەوە کوتابێتیان بە عەرزدا و ئیتر نەیتوانیبێت پشت ڕاست بکاتەوە.

هـەر لـە یەکـەمجارەوە دیـاربوو کـە تاقـەتی وانـە وتنـەوەی نـەبوو، بـەڵام رەوشـتە هەمەڕەنگەکـەی بـەردەوام هۆشـیاری دەکردینـەوە، هـەروەك چـۆن ئـەو وێنانـەی بـە تەباشـیری مـلـەوەن لەسـەر تەختەڕەشـەکە دەیکێـشا دوچـاری سەرسـامی دەکـردینو ئافـەرینمان دەکـرد. لـە سێ مـانگ زیـاتر بەرگـەی نـەگرت، هـەرگیز لـە هۆکارەکەشـی تێنەگەیشتین، بەڵام ئەگەری ئەوە هەبوو کە هەڵسوکەوتە بێ کۆتو بەندەکەیو کۆڕ رازاندنەوەکانی لەتەك میزاجی سەرپەرشتە ئاینیەکانی ئەو ئامادەییەدا نەگونجابێت.

لەسـەرەتای خوێندنـەوە وەك شـاعیرێك ناوبـانگم پەیـدا کـرد، لەبەرئـەوەی زۆر بەئاسـانی شیعرە کلاسیك و رۆمانتیکە ئیسپانیەکانی وانـەی ئـەدەبم لەبـەر دەکـردو هەروەها لەبەرئەو بڕگە گاڵتەجاڕییە شیعریانەی لەسەر هاوپۆلیەکانم دەمنووسی و لە بڵاوکراوەکەی ئامادەییەکەدا تۆمار دەکران. گەر بمزانیبـا چاپ دەکـرێن، یـان خـۆم لـە نووسینیان دەپاراست یان لە نووسینیاندا سەلیقە و وردەکاریەکی زیـاترم بـەکاردەهێنا. لە راستیدا کۆمەڵێك گاڵتەی هاوڕێیانە بوون کە لەسەر پارچە کاغەز دەنووسران و لـە وانە خەوڵێخەرەکانی کاتژمێر دووی پاشـنیوەڕۆ، بـەژێر مێزەکانـدا دەسـت بەدەسـتیان

[١]. Hector Rojas Herazo

پێ دەکرا. **لویس پۆسادا**[1]ی باوکی ڕۆحانی - چاودێری قۆناغی دوهەمی خوێندن - بەرێکەوت یەکێکیانی دۆزیەوە، بە ناوچاوان گرژیەوە خوێندیەوە و بەحوکمی بەرپرسیاریەتی تەشەری لێدام و سەرزەنیشتی کردم، بەلام شێعرەکەشی خستە گیرفانیەوە. **ئارتوور میخیا**[2]ی باوکی ڕۆحانی بانگی کردمە نووسینگەکەی و پێشنیاری ئەوەی کرد بڕگە شیعریە دەست بەسەردا گیراوەکان لە گۆڤاری **خوینتود**[3]ی بلاوکراوەی ڕەسمی ئامادەییەکەدا چاپ بکرێن. چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد و کاردانەوەی ئەوچرکەیەم تێکەڵەیەك بوو لە سەرسامیو شەرمەزاریو خۆشحاڵی، بەشێوەیەکی دروستکراو و تەنها بە ڕواڵەت، ئەو پێشنیارەم ڕەت کردەوە:

- ئەمانە شیعرە بێسەروبەرەکانی منن.

میخیای ڕۆحانی وەلامەکەمی لەلای خۆی نووسی و بەیتە شێعرەکانی لەژێر ناونیشانی -"شیعرە بێ سەرەوبەرەکانم"ـ بە ئیمزای **گابیتۆ**، و بە ڕەزامەندی ئەوکەسانەی شیعرەکانم لەسەر نووسیبوون، لە ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکەدا بلاوکردەوە. لەبەر داوای هاوڕێکانم ناچاربووم لە دووژمارەی داهاتوودا هەندێکیتر لەو بەرهەمە گاڵتەجاڕانەم بلاوبکەمەوە. بەمشێوەیە، ئەو شیعرە منالانانە - بەمەوێت یا نا - بە **یەکەمین کاری ئەدەبیم** لەقەڵەم دەدرێن.

یەکێك لە خووە خراپەکانم ئەوەبوو کە هەر شتێکم بەردەست دەکەوت دەمخوێندەوەو ئەمەش هەموو کاتەکانمی داگیر دەکرد تەنانەت کاتی وانەکانیش. زۆربەی شێعرە بازاڕیە باوەکانی ئەودەمانەی کۆلۆمبیا و، جوانترین هۆنراوەکانی"سەدەی زێڕین"و قۆناغی ڕۆمانتیکی ئیسپانیام لەبەربوو کە زۆربەیانم لە کتێبەکانی ئامادەییدا خوێندبوو. ئەو زانیاریانە لەگەڵ تەمەنی مندا نەدەگونجا و هەرئەوەش مامۆستاکانمی بێزار دەکرد، لەبەرئەوەی کە لەکاتی وانەکاندا ڕووبەڕووی پرسیارێکی گران دەبوومەوە، بە وتەیەکی ئەدەبی یان تێزێکی وەرگیراو لە کتێب، کە وەك تووتی دەمووتەوە و جەنابی مامۆستا توانای هەڵسەنگاندنیانی نەدەبوو، خۆم لەو گێچەڵە دەپەڕاندەوە. میخیای باوکی ڕۆحانی دەیوت:"**منالێکی خۆبەگەورەزانە**"، بەلام لەڕاستیدا مەبەستی ئەوەبوو بلێت منالێکی بزۆکە. هەرگیز ناچار نەبووم گوشار بخەمە سەر مێشکم، لەبەرئەوەی بە یەك دووجار خوێندنەوە، شێعرگەل و پەڕەگرافە جوان و خۆش ئاهەنگەکان لە زەینمدا هەڵدەکۆڵران. یەکەمین شیفرەم وەك خەلات لە

---

[1]. Luis Posada

[2]. Arturo Mejia

[3]. Juventud

چاودێری ئامادەییەکە وەرگرت، لەبەرئەوەی بە بێ یەك هەڵە پەنجاوحەوت دەبەیتی "**جەلاد**"ی بەرهەمی **گاسپار نونێس دێ ئارسی**م[1] لەبەر وتەوە.

لە کاتی وانەکاندا، بەوپەڕی بێشەرمیەوە ئەوکتێبانەی حەزم لێدەکردن لەسەر ئەژنۆ دادەنان و دەمخوێندنەوە، گەر هەرگیز لەبەر ئەوکارەم سزا نەدرام لەبەرئەوەبوو لەژێرەوە لەتەك مامۆستاکاندا ڕێ کەوتبووم و بەئەنقەست چاویان لێ دەپۆشیم. بەتەنها یەکجار وردبینیی و وەڵامی خێرای کێش و سەروادارەکانم کاریگەری نەبوو و نەمتوانی بەهۆیانەوە خۆم لە بەشداریی مەراسیمی پارانەوەی حەوتی بەیانی بدزمەوە. سەرباری نووسینی "شیعرە بێ سەروبەرەکانم" لەگروپی کردا گۆرانیم دەوت، بە کاریکاتێرە پێکەنیناویەکانم هاوپۆلەکانم سەرقاڵ دەکرد، لە بۆنە رەسمیەکاندا شیعرم دەخوێندەوە، و ئەوەندە کاری پێشبینی نەکراوی ترم ئەنجام دەدا کە هەمووان سەریان لەوە سوڕمابوو کەی بواری کۆششکردنم دەبێت. وەڵامی ئەوەش زۆر سادەبوو: کۆششم نەدەکرد.

تائێستاش نازانم چۆن، سەرباری ئەو هەموو کات بەفیڕۆدان و چالاکیە زیادلە پێویستانە، مامۆستاکانمان ئەوەندە بایەخیان پێدەدام و خۆشەویستیان پێشکەش دەکردم کە لەبەرامبەر بارودۆخی کارەساتباری نوسینەوەکانم بێدەنگ دەبوون. بەپێچەوانەوە دایکم هەندێك لە نامەکانمی لەباوکم دەشاردەوە بۆ ئەوەی ئابڕوم لەلای باوکم بپارێزێت، هەندێك لە نامەکانمی پاش چاککردنی هەڵە ئیملایەکانیان بۆ دەناردەوە تا لەوڕێگەیەوە فێری نوسینەوە بم، هەندێکجار بەهۆی پێشکەوتنمەوە لەبواری ڕەچاوکردنی ڕێزمان و بەکارهێنانی لەباری هەندێك وشە هانی دەدام. بەڵام پاش تێپەڕینی دوو ساڵ لەوبوارەدا هیچ پێشکەوتنێکم بەخۆمەوە نەبینی و ئومێدیشم بەوە نەبوو لەداهاتودا بێ هەڵەتر بنووسم. تەنانەت ئەمڕۆش ئەو گرفتە بێ مانایە بەرۆکم بەرنادات : هەرگیز نەمتوانی لەوە تێبگەم بۆچی هەندێك پیت دەنووسرێن بەڵام ناخوێندرێنەوە، یان چۆن دوو پیتی جیاواز یەك دەنگیان هەیە، یان کۆڵێك ڕێساو بنەمای زیادە کەتەنها دەبنە مایەی دەردیسەری و هیچ سوودێکیان نییە.

بەمشێوەیە بوو کە ئارەزوویەکی نهێنیم لە دەرونی خۆمدا دۆزیەوە کە بەدرێژایی تەمەنم پابەندی بووم: ئەویش ئارەزوی گفتوگۆکردن بوو لەتەك ئەو فێرخوازانەی تەمەنیان لە من زیاتر بوو. تەنانەت ئەمڕۆش لەکۆڕی ئەو لاوانەی دەکرێت لەبری نەوەکانم حسابیان بۆ بکەم، بەزۆر دەمەوێت بەخۆمی بسەلێنم کە لەوان منداڵتر نییم.

---

[1]. Gaspar Nunez de Arce

لەو ئامادەییە بوومە هاوڕێی دوو فێرخوازی لەخۆم گەورەتر کە دواتر لە قۆناغە هەستیارەکانی ژیانمدا بوونە هاوڕێی وەفادارو هاوکاری نزیکم. یەکێکیان ناوی **خوان بی. فێرناندێز**[1] بوو، کوڕی یەکێك لە سێ دامەزرێنەری ڕۆژنامەی ئالئارالدۆ لە بارانکیا، کە یەکەمین ئەزموونە ڕۆژنامەنووسیەکانم لەو ڕۆژنامەیەدا بەدەست هێنا، خوانیش یەکەمین نووسینەکانی لە هەمان ڕۆژنامەدا بڵاوکردەوە، هەر لەو ڕۆژنامەیەدا درێژەی بەکارکردن دا و تا پلەی سەرنووسەری و بەڕێوەبەری گشتی چووە پێشەوە. ئەویتریشیان **ئێنریکێ ئێسکۆپێلْ**[2] بوو، کوڕی ئەو وێنەکێشە کوباییەی لەوناوچەیە ناوبانگێکی ئەفسانەیی هەبوو، بۆخۆشی پەیامنێر و وێنەکێش بوو، بەڵام ناسینەکەمان لەو ڕێگەیەوە نەبوو بەڵکو بەهۆی پیشەی دووهەمیەوە بوو ئەویش خۆشکردنی پێستی ئاژەڵە کێویەکان بوو کە بۆ هەموو جیهانی هەناردە دەرەوە. لە یەکێك لەسەفەرەکانمدا بۆ دەرەوەی وڵات، پێستی تیمساحێکی سێ مەتری بە دیاریی پێشکەش کردم.

بێئەوەی بێەوێت منەتم بەسەردا بکات وتی: "**نرخی ئەم پێستە یەك دنیایە، بەڵام ئەم ئامۆژگارییەی من هەڵگرەو تا پێویستت بە نانی شەو نەبووە نەیفرۆشیت.**"

تا ئێستاش بیرلەوە دەکەمەوە ئایا **کیکێ**[3] ئیسکۆپڵی دانا دەیزانی بەو دیاریە، تەلیسمێکی هەمیشەییم پێ دەبەخشێت، لەبەرئەوەی لەماوەی وشکەساڵیە دووروودرێژ و یەك لە دوای یەکەکان زۆرجار ئەوەندە هەژار ببووم کە بەڕاستی جگەلە فرۆشتنی ئەو پێستە پێشکەشیە هیچ چارەیەکم بۆ نەدەمایەوە، بەڵام بەرگریەکی سەرسەختانەم کرد و پاراستم لەبەرئەوەی دەبووە مایەی دڵگەرمی بۆم. ئێستا ئەوپێستە تەپوتۆز گرتووە دارزاوە بۆ هەموو شوێنێك لەتەك خۆم دەبەم، لەبەرئەوەی لەوکاتەوەی لە نێو جانتاکەمدا جێگەی خۆش کردوو بۆ هەرشوێنێکی دونیا هاوسەفەرم بوو، چیتر تامی هەژاریم نەچەشتەوە.

مامۆستا یەسوعیەکان لەکاتی وانەکاندا زۆر جدی بوون، بەڵام لە کاتی پشووەکاندا بەتەواوەتی دەگۆڕان و فێری ئەوشتانەیان دەکردین کە لەکاتی وانەکاندا باسیان نەدەکردن و بەوشێوەیە ئەوەی لە دڵیاندابوو یان حەزیان دەکرد فێرمان بکەن، هەڵیان دەڕشت. باوکی ڕۆحانی لوویس پۆسادا پیاوێکی گەنج و ڕێکپۆش بوو، خاوەنی بیروڕای پێشکەوتنخوازانە، کە گەلیك ساڵ لە بەشە سەندیکایەکاندا کاری کرد و ئەرشیفێکی چڕوپڕی دەربارەی بابەتە ئەنسکلۆپیدیەکان کۆکردبووەوە بە تایبەت دەربارەی کتێب و

---

[1]. Luan B. Fernandez

[2]. Enrique Scopell

[3]. Quique، بچووککراوەی ئێنریکێ.

نووسەران. باوکە **ئیگناسیۆ زالدیڤار**[1] لە باسکەکانی ناوچە کوێستانیەکان بوو کە تا سەردەمی پیری لە کڵێسەی **سەن پێدرۆ کلاڤەر**[2] لە کارتاخنا ژیانی بردەسەر. باوکی ڕۆحانی **ئێدواردۆ نۆنێس**[3] نیازی نووسینی مێژووی کۆلۆمبیای هەبوو و بەشێکی گەورەی نووسیبوو، هەرگیز نەمزانی ئایا تەواوی کرد یان نەیکردووە. باوکی ڕۆحانی **مانۆێل هیدالگۆ**[4]، مامۆستای مۆزیك، بەردەوام لە نەوجەوانە خاوەن بەهرەکان دەگەڕا بۆئەوەی فێریان بکات و ڕێگەی ئەوەشی دەدایە خۆی کە سەرپێچی لە یاساکان بکات و قوتابیەکانی فێری مۆزیکی نامەزهەبی دەکرد.

چەندجارێك بە ڕێکەوت لەتەك بەڕێوەبەری ئامادەییەکە باوکی ڕۆحانی **پیێسچاکۆن**[5] کەوتمە دەمەتەقێ، و بەقسەکانیدا بۆم دەرکەوت بەچاوی کەسێکی گەورەوە قسەم لەگەڵ دەکات، لەبەرئەوەی جگەلە قسەکردن لەسەر بابەتە جدیەکان هەندێك مەسەلەی تری بەبێ پەردە بۆ ڕون دەکردەوە. تێڕوانینەکانی بۆ تێگەیشتنم لە مەسەلەی بەهەشت و دۆزەخ لە ژیانمدا ڕۆڵێکی چارەنووسسازی هەبوو، لەبەرئەوەی تەنها لەبەر بەربەستە جوگرافیەکان، بابەتەکانی وانەی ئایین لەوبارەیەوە بەبێ مانا دەهاتنە بەرچاوم. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، بە بیروڕا ئازایانەکانیەوە، منی لەدەست گەلێك بیرکردنەوەی تەسکبینانە ڕزگار کرد. بەهەشت، بەبێ گوێدانە بیروڕا داخراوەکانی زانا خودا ناسەکان، بریتی بوو لە ئامادەبونی پەروەردگار. دۆزەخ، بەتەواوەتی دژ و لایەنی پێچەوانەی بەهەشت. بەڵام دووجار لای من باسی گرفتێکی کرد کە دەبووە هۆی ناشوفتەیی زەینی بۆی :"**بەهەرحاڵ دۆزەخ ئاگری لێبوو**"بەڵام نەیدەتوانی بۆ ئەوقسەیە بەڵگەیەکی سەلمێنەر بهێنێتەوە. گەر توانیبووم ئەو ساڵە بە سینەی پڕ لە مەدالیاوە تەواو بکەم زیاتر لەبەر ئەو شتانەبوو کە لە کاتی پشووی وانەکاندا وەرم دەگرت نەوەك لەبەر وانەکان.

یەکەمین پشووم لە سوکرە کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆی ڕۆژێکی یەکشەممە، لە بەندەرێکی ڕازاوە بە تاجە گوڵینەو میزەڵانی ڕەنگاوڕەنگو گۆڕەپانێکی هاوشێوەی بازاڕی جەژنی پاکبونەوە، دەستی پێکرد. هێشتا بەتەواوەتی پێم لەسەر زەویە سفت و سەختەکە دانەنابوو کە کیژێکی زۆر جوانکیلە و قژ زەرد، بەجۆرە لارولەنجەیەکی

---

[1]. Ignacio Zaldivar

[2]. San Pedro Claver

[3]. Edwardo Nunez

[4]. Manuel Hidalgo

[5]. Pieschacon

سەرنجڕاکێشانە، لەگەردنم ئالا و ئەوەندەی نەمابوو بە بارانی ماچەکانی بمخنکێنێت. کارمەن ڕۆسای خوشکم بوو، کچی باوکم لە ژنێکیتر کە پێش ناسینی دایکم لە دایک ببوو، ئێستا هاتبوو ماوەیەك لەتەك خێزانە نامۆکەیدا بباتە سەر. لەوسەردەمانەدا، سەروکەلەی یەکێکیتر لە کوڕەکانی دەرکەوت: ئابیلاردۆ، ئەو بەرگدرووە شارەزاییەی لە سوچێکی گۆڕەپانە سەرەکیەکە دوکانێکی کردەوەو یارمەتی دام تا قۆناغی هەرزەکاری تێپەڕێنم.

خانوە تازەکە بە قەنەفەو کەلوپەلی نوێوە، کەش و هەوای ڕۆژانی جەژنی بەخۆوە گرتبوو و برایەکی تازە هاتوو لەژێر بنمیچەکەیدا پەنای گرتبوو: خایمێ، کە لەمانگی مەی و لەژێر سایەی پڕ بەختەوەری بورجی دووانە بە شەش مانگی لە دایك ببوو. تا نەگەشتمە ماڵەوە خەبەرەکەم نەزانی، لەبەرئەوەی وادیاربوو دایك و باوکم بەنیاز بوون بەر لە منداڵبوونیان بگرن، بەڵام دایکم بەخێرایی بۆی ڕونکردمەوە کە ئەو منداڵە دیاریەکە بۆ سانتا ریتا لەپای ئەو بەرەکەتەی پێشکەشی خێزانەکەی کردبوو. گەنجتر و چالاکتر دەهاتە بەرچاو و بەردەوام دەم بەخەندە و گۆرانی بوو، باوکیشم زۆر بەدەماخ بوو لەبەرئەوەی عەیادەکەی ئەوەندە سەردانی هەبوو کە کاتی سەرخوراندنیشی نەمابوو و فرۆشی دەرمانخانەکەش باشبوو، بەتایبەت ڕۆژانی یەکشەممە کە دانیشتوانی گوندە کوێستانیەکان بەرەو سوکرە شۆڕ دەبوونەوە. نازانم ئایا هەرگیز درکی بەوەکرد کە هۆکاری ڕەونەقی بازاڕەکەی لەبەر ئەوەبوو کە خەڵکی هەستیان دەکرد دەستی سووکەوچارەسەری هەموو نەخۆشیەکی لەلایە، هەرچەندە لادێیەکان ئەومیان بەحسابی دەرمانە هاوتا دەرمانیەکان و حەبە شیرین و شروبە سەرسوڕهێنەرەکانی دانەدەنا، بەڵکو لەوباوەڕەدا بوون شارەزای جادووە.

سوکرە لەوە باشتربوو کە بۆی دەچووم. بەپێی نەریتێکی سەرنجڕاکێش، کاتی کریسمس، خەڵکی هەردوو گەڕەکە گەورەکە لەدەوری یەکتر کۆدەبوونەوە: **سولیا**[1] لە باکوور، **کۆنگۆڤیۆ**[2] لە باشوور. جگە لە زۆرانبازییە لاوەکیەکان، پێشبڕکێی عەرەبانە لێخوڕینی نواندنیشیان سازدەکرد، کە بەشێوەیەکی هونەرمەندانە چاولێکردنە مێژوویەکانی نێوان هەردوو گەڕەکەکەی زیندوو دەکردەوە. دواجار، شەوی کریسمس، هەمووان لە گۆڕەپانی سەرەکی کۆدەبوونەوە، پاش چەلەحانێی پڕ هات و هاوار،

---

[1]. Zulia

[2]. Congoveo

چاودێرەکان رایان دەگەیاند کام لەو گەڕەکانە ئەوساڵە بەسەر گەڕەکەکەی تردا سەرکەوتووە.

کارمن رۆسا هەرلە سەرتای هاتنیەوە وێنەیەکی نوێی بەخشیە جەژنی پاکبونەوە. تازەگەرو بە کردار جوان بوو، بە دڵفرێنیەکەی کۆمەڵێك دڵخوازی سینەچاکی بەلای خۆیدا کێش دەکرد. دایکم کە بەچوارچاو چاودێری کچەکانی دەکرد نەبا هەڵەیەك بکەن، ئەومندە بۆ ئەو توونـد نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە لێی دەگەڕا هاموشۆی دڵخوازەکانی بکات، هاتنی ئەو گەنجە گرفتارو عاشقانە حاڵو هەوایەکی نامۆی دەبەخشیە ماڵەکەو ژیانمانی لە رۆتین رزگار دەکرد. پەیوەندی دایکم لەتەك کارمەن رۆسا لەسەر بنەمای هاوڕێەتیەکی تایبەتی بوو کە هەرگیز نەیتوانی لەگەڵ کچەکانی خۆیدا دروستی بکات. ئابیلاردۆ، لە کارگەیەکدا کە تەنها چوار دیواری هەبوو و بەتەختەو قوماش کرابوو بە دوو بەشەوە، بە جۆرێکیتر ژیانی دەگوزەراند. لە هەردوو ژیانەکەیدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام نە ئەوەندەی سوارچاکی لە بواری عیشقبازیدا؛ وەك کەڵەشێرێکی سەرفراز دەیان مریشکی دەخستە ژێر باڵی خۆی و بەمباشی دەزانی زیاتر لە باوەشی سۆزانیەکاندا ژیان بباتەسەر تا تەنهاو دڵشکاو لەپشت چەرخی بەرگ دوورینەکەی بێت.

لەو پشوەدا بیرم لەوە کردەوە باوکم فێری تەکنیکەکانی کاسبیەکەیم بکات. وەك ئاگادارکردنەوەیەك پێی وتم: "**بۆ تەنگانە !**"وانەی یەکەم ئەوەبوو چۆن داوای مشتەریەکان بگەیەنمە ماڵەکانیان. رۆژێکیان منی نارده سەر یەك دوو قەرزار کە لە "لا هۆرا"[1] دەژیان، عەشرەتکەدەیەکی بێ کۆت و بەندی قەراغ گوندەکە.

لە دەرگای نیوە کراوەی سەر جادەیەکەوە سەرم کرد بەژوردا و دانیشتوویەکی ماڵەکەم بینی پاڵ کەوتبوو و بەوگەرمای نیوەڕۆیە وەنەوزی دەدا. پێشئەوەی هیچ بڵێم، کەمێك خۆی هەڵبڕی و بە خەواڵویی لە سەرتاپام وورد بوەوە و لێی پرسیم ئیشت چییە. وتم، لەلایەن باوکمەوە پەیامێکم بۆ **دۆن ئیلیخیۆ مۆلینا**[2]ی خاوەنی ئەوماڵە هێناوە. بەڵام ئەو بێئەوەی رێنومایم بکات، بە ئەمرەوە فەرمووی لێکردم، فرمانی پێکردم دەرگاکە جووت بکەمو بەپەنجە دەستی بۆ راکێشام:

ـ وەرە ئێرە.

---

[1]. La hora (سەعات یا کات)

[2]. Don Eligio Molina

بەرەو رووی رۆشتم، تا لێی نزیك دەبوومەوە، هەناسە پڕ لە هەوەسەکەی وەك روبارێك کە بەسەر لێژاییەکدا بڕژێت، ژورەکەی لێوانلێو دەکرد، ئەوەندە نزیك بوومەوە تا توانی بەدەستی ڕاست قۆڵم بگرێت. دووچاری ترسێکی شیرین و خۆشبووم.

وتی: "**کەواتە تۆ کوڕی حەکیمی حەمە شیرینەکانی.**"

لە کاتێکدا بەردەوام قسەی موحیبەت ئامێزانەی بەگوێچکەمدا دەچرپاند، هەر خۆشی ئیشەکانیتری جێبەجێ کرد، تا دواجار نیوەگیان کەوتمە سەر قەرەوێڵەکە.

بەبێدەنگی کەوتە سەر تەنیشتو لەچاوەکانم ورد بوەوە و قورسی نیگاکانیم تەحەموول کرد، بەوهیوایەی دیسانەوە دەست پێبکەینەوە، هەڵبەتە ئەمجارەیان بەبێ ترس و لە کاتی گونجاودا. لەناکاو پێی وتم دوو پیرۆزی حەقەکەی ناوێت لەبەرئەوەی ئامادەییم تێدا نەبوو. دواجار کەوتە سەرپشت و لێم ورد بوەوە.

وتی - **جگە لەمانەش تۆ برا سەلارەکەی لوویس ئێنریکەیت، وا نییە؟ دەنگتان لەیەك دەچێت.**

بە سادە دڵیەوە لێم پرسی چۆن ئەو دەناسێت.

پێکەنی - **خۆت گێل مەکە تەنانەت جلێکی ژێرەوەی کە جاری پێشوو ناچاربووم بۆی بشۆم، هێشتا لای منە.**

بە لەبەرچاوگرتنی تەمەنی براکەم پێموابوو درۆ دەکات، بەڵام هەرکە بەڵگەی تاوانەکەی پیشاندام دڵنیا بووم ڕاست دەکات. دواتر، وەك سەماکارێکی بالیە خۆی لەنێو جێگەکەی هەڵدایە دەرەوە و وتی دۆن ئیلیخیۆ مۆلینا لە ژورەکەی لای چەپەتی. لەکۆتایشدا لێی پرسیم:

- **یەکەمجارت بوو، وانییە؟**

دڵم لەشوێنی خۆی ڕاپەڕی.

بە درۆوە پێموت - **ئەی لەو قسەیە تا ئیستا حەوت هەشت جار لەگەڵ ژناندا نووستووم.**

بە گاڵتە پێکردنەوە پێیوتم - **بەهەرحاڵ دەبێت بە براکەت بڵێی فێرت بکات چۆن بیکەی.**

ئەو ئەزموونە تازەیە ئەنگێزەیەکی حەیاتی پێ بەخشیم. ماوەی پشوو لە دێسامبەر تا فەوریە بوو، لەلای خۆم بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت چەندە دوو پیزۆیی کۆبکەمەوە بۆئەوەی هەرکات زەوقم لێی بوو بچمە لای ئەو ژنە. لوویس ئێنریکەی برام، کە لەبواری چێژە جەستەیەکاندا شارەزایی تەواوی هەبوو، تا توانی پێی ڕابواردم و وتی

بەڕاستی بێ مانایە لەم تەمەنەدا لەباتی شتێك پارە بدەین کە هەردوولا دەیکەن و وەکو یەك چێژی لێ دەبینن.

لە چوارچێوەی بیری فیودالی موخاناداد، ئاغاکان بەمافی خۆیان دەزانی کچانی دەستوپێوەندەکانیان کوون بکەن و پاشئەوەی چەند شەوێك تەروبڕی گەنجیەتیان دەفەوتێنن، دواجار بەئەمانی خوا بەرەڵایان بکەن. ئەو کچانەی پاش کۆڕی سەماکان، بۆ ڕاوکردنی کەسانێك بە گۆڕەپانە سەرەکیەکەدا دەخولانەوە، لەتەك هەمووجۆرە زەوقێکدا دەگوونجان. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوپێشوودا، هێشتا ئەوەندەی تەلەفۆن لێیان دەترسام، ئەوکاتانەی بە تەنیشتمدا تێدەپەڕین، وەك ئەو هەورانە دەهاتنە بەرچاوم کە بەسەر ئاوەکاندا گوزەر دەکەن. یەکەمین ڕێکەوتی عاشقانەم غەمێکی ئەوتۆی ڕژاندبووە دەرونمەوە کە بە تەواوەتی ئارام و قەرارم لەبەر بڕابوو. تائێستاش لەوباوەڕەدام پەرێشانحاڵی و ئاشوفتەیی ڕۆحیم، ئەوکاتەی گەرامەوە ئامادەییەکە، بێ زیادەڕۆیی، جگەلەوە هیچ هۆیەکی تری نەبوو، هەروەها حەزی نابەجێم بۆ هۆنراوە بێ سەروبەرە و بلیمەتانەکەی، **خۆزێ مانۆیەل مارۆکین**[1]، کە لەبەیتی یەکەمیەوە خوێنەری سەرسام دەکرد هەر لەبەر ئەوەبوو:

کە ئێستا لەوەرەمەرەکان دەمگەرن، ئێستا کە جربولان دەجریبولێنن

کە ئێستا بە سپێدان دەم، ژەنینە بەرزەکان دەناقوسێنن،

و زەرەکان دەکەرێنن و پەرندەکان دەپەڕن،

و شەو لێدەدەن فیکەگەرەکان و کاوێژەکان دەخوکێنن،

و زەردەبەهانی سوربەر، کێڵە پزانەکان دەبنە بەتاڵیی ئاڵتونگەکان

دەمەرواری بارانی دەبار، بەوجۆرەی دەفرمێسکێنم لە چاوان تکەکان،

دەسرمێنم لەلەرزا، هەرچەندە دەرۆحێت سوتام

دێم تاوەکو بئاوازێنم ڕژاوەکانم لە پەنجی بەردەتا.

جگەلەوەی بەوتنەوەی ئەو بەیتانە لە هەموو شوێنێك ئاژاوەم دەنایەوە بەڵکو فێر ببووم زۆر خێرا و بەو شێوەیە قسە بکەم وەك ئەوەی زمانی دایکیم بێت ـ کە مەگەر خودا بیزانیبا زمانی چ نیشتمانێکە. زۆرجار بەو زمانە وەڵامی پرسیارەکانم دەدایەوە، تارادەیەك ئەوشتانەی بە سەرپێیی دەمووتن ئەوەندە سەیرو خۆش دەردەچوون کە مامۆستاکان لەسەر ئەوە تەمییان نەدەکردم. ئەوکاتەی بەوشێوە هێمائامێزە وەڵامی پرسیارێکی تاقی کردنەوەکانم بەڕاستی دایەوە، هەندێك کەس نیگەرانی سەلامەتی

[1]. Jose Manuel Marroquin

ئەقڵانیم بوون، لەبەرئەوەی وەڵامەکەم بەرواڵەت وەك وڕێنەو بێ بنەما دەهاتەبەرچاو. تانەوشوێنەی لەیادمە، هیچ مەبەستێکی خراپم لەو گاڵتە پاکیزانەیە نەبوو، تەنها مەبەستم خۆشی و سەرگەرمی هەمووان بوو.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە قەشەکان وەك کەسێك عەقڵی لەداست دابێت قسەیان لەگەڵ دەکردم، منیش دەچوومە نێو گەمەکەیانەوە و پەرەم بەو هەستە پووچەیان دەدا. یەکێکیتر لەو ڕەفتارانەی دەوروبەرەکەمی ئەوەندەیتر دووچاری نیگەرانی کرد ئەو دەقە گاڵتەئامێزانە بوو کە بە چاوکردن لە سرووده پیرۆزەکان، بەڵام بە ناوەڕۆکی نائاینیەوە دەمچڕین، کە خۆشبەختانە جگەلە یەکدوو کەس کەسانیتر لێی حاڵی نەبوون. سەرپەرشتەکەم لە ئامادییەکە بە ڕەزامەندی دایك و باوکم، منی بردە لای پسپۆڕێکی دەروونی کە تاقیکردنەوەیەکی ماندووکەرانە بەڵام زۆر گاڵتەجاڕانەو سەیری لەسەر کردم، لەبەرئەوەی سەرباری ئەوەی بەخێرایی بابەتەکانی دەگۆڕی مرۆڤێکی دڵنشینیش بوو و شێوەیەکی سەرنجڕاکیشانەی بۆ پشکنین هەبوو. بۆنموونە ناچاری کردم نووسینێك بخوێنمەوەو هەڵەچنی بکەم کە ڕستەکانی پێچەوانە نووسرابوون. بە حەزوو خواستێکی وەها ئەوکارەم جێبەجێ کرد کە پزیشکەکەش حەزی کرد لە یاریەکەدا بەشداریم بکات، پێکەوە توانیمان ئەوەندە شێوازی داهێنەرانەیتر بدۆزینەوە کە پزیشکەکە هەموویانی تۆمار کرد بۆئەوەی لە تاقیکردنەوەکانی داهاتوودا بەکاریان بهێنێت. پاش پرسیار و گەڕانی ورد لەسەر خووە تایبەتیەکانم، لێی پرسیم ڕۆژی چەندجار دەستپەڕ دەکەیت. ئەوکاتە چیم بە خەیاڵدا هات پێموت:"**هەرگیز جورئەتی ئەوکارەم نەبووە.** "باوەڕی نەکرد بەڵام خۆی لێ گێل کرد، تەنها لەناو قسەکانیدا وتی ترس لەکاتی سێکسدا هۆکارێکی نێگەتیفە، واهاتە بەرچاوم کە بە ناباوەڕیەوە منی بۆ سێکسکردنی ئازادانە هاندەدا. بە کەسێکی سەیر هاتە بەرچاوم و لە سەردەمی لاویەتیمدا ئەوکاتەی ئیشم بۆ ئالئارالدۆ دەکرد، ویستم جارێکیتر سەردانی بکەم تا بۆم ڕونبکاتەوە چی لە پشکنینەکەم بۆ دەرکەوتبوو، بەڵام پێیان ڕاگەیاندم چەندین ساڵ پێشتر بەرەو ئەمریکا سەفەری کردبوو. یەکێك لە هاورێکانی بێ پێچوپەنا پێیوتم، جێگەی سەرسوڕمان نییە پێت بڵێم لە شێتخانەیەکی شیکاگۆیە، لەبەرئەوەی زۆر لەوەو پێش دیاربوو خۆشی زۆر لە نەخۆشەکانی باشتر نییە.

پزیشکەکە وتی نارەحەتیەکەی پەیوەندی بە ماندوبونی دەرونیەوە هەیە، کە خوێندنەوەی پاش نانخواردن ئەوەندەی تر توونده‌تری دەکات. لەسەر قسەی ئەو، دوو کاتژمێری تەواو پشووم دا، بۆئەوەی بە جوانی ئەوەی خواردبووم هەزمی بکەم، ڕۆژانە

چالاکی جەستەیی و وەرزشێکی سووکم بۆ خۆم زیاد کرد. تائێستاش سەرم لەوە سووڕماوە بۆچی مامۆستاکانم و دایك و باوکم ئەوەندە قسەکانی پزیشکەکەیان بەجدی وەرگرتبوو. بەرنامەیان بۆ کتێب خوێندنەوەکانم دیاری کرد، کاتێك هەستیان دەکرد لەکاتی وانەکاندا بەدزیەوە لەژێر مێزەکەمەوە دەخوێنمەوە، کتێبەکەیان لێ دەسەندم. لە وانە قورسەکان بەخشیمیان و ناچاریان کردم ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك چالاکی جەستەییم هەبێت. بەوشێوەیە، ئەوکاتەی هەمووان لە پۆل بوون من بەتەنها لەحەوشە باسکەم دەکرد، ناشیانە کەبسەم لێدەدا، لەبەر شیعرم دەوتەوە. هەر لە سەرەتاوە هاوپۆلیەکانم بوون بە دوو بەشەوە: ئەوانەی بەردەوام پێیانوابوو تەختەم کەمە، ئەوانەی لەوباوەڕەدابوون بە ئەنقەست خۆم شێت کردووە بۆئەوەی خۆشی بگوزەرێنم، هەندێك کەسی تریش پێیانوابوو لەچاو مندا ئەوە خودی مامۆستاکانن کە مێشکیان ناتەواوە. بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمە بووبەسەرچاوەی چیرۆکێك کە بەپێی ئەو چیرۆکە لە ئامادەییەکە دەریانکردم لەبەرئەوەی مەرەکەبم کردبوو بە مامۆستای بیرکارییدا کە خەریکبوو لەسەر تەختەڕەشەکە هاوکێشە هاوڕێژەکانی بۆ حەل دەکردین. خۆشبەختانە باوکم ئەو مەسەلەیەی زۆر بەجدی وەرنەگرت و بەباشیزانی ئەو ساڵە درێژە بەخوێندن نەدەم وبگەڕێمەوە ماڵەوەو لەخۆڕا لەبەر نەخۆشی زەردوویی، کاتی خۆم و پارەی خێزانەکەش بەفیڕۆ نەدەم.

ئابیلاردۆی برام، بەپێچەوانەی هەموانەوە، باوەڕی پتەوی بەوە هەبوو کە سەرجەم گرفتەکانی عالەم لە ناو جێگەی نووستندا چارسەر دەبێت. لەکاتێکدا خوشکەکانم هەوڵیان دەدا بە هەڵسوکەوتی موحیبەت ئامێزانە دڵنەواییم بدەنەوە، لەبەرامبەردا هەر کە پێمخستە کارگەکەیەوە شێوازێکی چارسەری جادوویی بۆ دیاریی کردم:

- ئەوەی تۆ پێویستت پێیەتی کیژۆڵەیەکی جوانکیلەو تەڕوبڕە.

ئەوەندە ئەو ڕێنماییەی بەجدی وەرگرتبوو، کە هەموو ڕۆژێك ماوەی نیو کاتژمێر منی لەتەك هاوڕێ مێینەکانی کە لەهەموو جۆرێکیان تێدابوو لە حەوشەی پشتەوەی ماڵەکەی بەجێدەهێشت و خۆی دەچووە هۆڵی بلیاردی سەر سوچی کۆڵانەکە، هەرگیز ڕێنەکەوت دووجار لەگەڵ یەك کەس بنووم. ئەو وەرزە پڕبوو لە زیادەڕۆیی داهێنەرانە، پێدەچوو شێوە پێشنیارکراوەکەی ئابیلاردۆ ئیشی خۆی کردبێت، لەبەرئەوەی دواجار کە گەڕامەوە ئامادەییەکە تەواو تەندروست بووم و کێشەی دەروونی و ڕۆحییم نەمابوو.

هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێت چەندە هەموان خۆشحاڵبوون بەگەڕانەوەم بۆ ئامادەییەکە و چەندە ستایشی حەبە شیرینەکانی باوکمیان کرد. چیتر نەچوومەوە بۆماڵی بنەماڵەی بالدبلانکیس، لەبەرئەوەی بە لەدایکبوونی دوهەمین منالیان چیتر

خانووەکەیان جێگەی میوانی نەما، بەڵکو بوومە هاوماڵی **دۆن ئێلیسر گارسیا**[1]ی خاڵی باوکم کە لەچاکەکاریی و رووخۆشیدا بەناوبانگ بوو. کارمەندی خانەنشینی بانک بوو و ئەوەی لەهەموو شتێك زیاتر کاریگەری لەسەر بەجێهێشتم خواستە بێ سنوورەکەی بوو بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی. تەمەنێکی دوورودرێژ، شەوان درەنگ و بەیانیان زوو، بەدەنگێکی زۆر خۆش و بەدەربڕینێکی زۆر باش، دەقە ئینگلیزیەکانی وەك گۆرانی دەوتەوە، تا ئەوکاتەی کە چیتر بەهۆی پیریەوە نەیتوانی درێژە بەو راهێنانە بدات. رۆژانی پشوو دەچووە بەندەرەکە و بەهەر بیانوویەك بووە دەرگای قسەی لەتەك گەشتیارەکاندا دەکردەوە، و ئەوەندە بەسەر ئەو زمانەدا زاڵبوو کە توانی وەك چۆن بە ئیسپانی قسەدەکات هەر بەو ئاسانیەش بە ئینگلیزی بدوێ، بەڵام ئەوەندە شەرمن بوو کە لەبەرچاوی دۆست وئاشناکاندا ئامادەنەبوو پۆز بە زانیاریەکانیەوە لێبدات. سێ کوڕەکەی، کە هەموویان لەمن گەورەتر بوون،و کچەکەی **ڤالێنتینا**[2] هەرگیز گوێیان لە ئینگلیزی قسەکردنی باوکیان نەبوو.

بەهۆی ڤالێنتیناوە ـ کە هاوڕێی نزیك و ئەهلی خوێندنەوەو هەست ناسك بوو ـ بزوتنەوەی ئەدەبی"ماسە و ملکوت"م ناسی، ئەوگروپە لاوە شاعیرەی دەیانویست بە ئیلهام وەرگرتن لە مۆدێلە بەبایەخەکەی پاپلۆ نێرۆدا، شیعری کەناری کارایب بگۆڕن و تازەیی پێببەخشنەوە. لەڕاستیدا، کۆڕی ناوخۆیی گروپی"بەردو ئاسمان"بوون، کە لەوساڵانەدا دەستیان بەسەر کافتریا تایبەتیەکانی شاعیرانی بۆگۆتا و پاشکۆ ئەدەبیەکانی ژێردەسەڵاتی **ئێدواردۆ کارانزا**[3]دا گرتبوو کە ئەویش بۆخۆی لە ژێر سایەی شاعیری ئیسپانی **خوان رامون خێمێنس**[4] دا بوو، بەتوانایەکی بەهێزو مەبەستێکی خێرخوازانەوە، دەیانویست دەقە بێ رۆح و مردووەکانی سەدەی نۆزدەهەم فڕێ بدەن. جگەلە مشتێك لاو چیتر نەبوون بەڵام بەجۆرە هێزو حەزێکی هەڵچووەوە لە پاشکۆ ئەدەبیەکانی بڵاوکراوە کاراییبەکاندا کاریان دەکرد کە زۆرکەس بە مژدەبەخشی نوێبوونەوەی هونەریان دەزانین.

---

[1]. Don Eliecer Garcia

[2]. Valentina

[3]. Eduardo Carranza

[4]. Juan Ramon Jimenez (١٨٨١ ـ ١٩٥٨) شاعیری ئیسپانی و براوەی خەڵاتی نۆبلی ١٩٥٦ و مامۆستای تەوژمی مۆدێرنیزم.

سەرکردەی بزوتنەوەی "ماسەوملکوت" ناوی **سێسار ئاگۆستۆ دێل ڤای**[1] بوو، بە بیست ودووساڵ تەمەنەوە حەزو ئارەزوی بۆ نوێگەری نەتەنها ناوەڕۆك و هەستوسۆز بگرە هێلکاری نووسین و رێزمانی لە شیعرەکانیدا دوچاری گۆڕانکاری کردبوو. ئەدیبە بێگەرد خوازەکان بە پاشگەزبووەویان دەزانی، ئاکادیمیەکان بە گێلیان دەزانی و کلاسیکەکان بە توندڕەو و نەریتشکێن لەقەڵەمیان دەدا. بەڵام لەڕاستیدا، سێسار ـ وەك نێرۆدا ـ لەپاڵ بەرهەڵستکاریەکەیدا، رۆمانسیەکی وێران بوو.

بالانتینای کچەخاڵی باوکم، رۆژێکی یەکشەممە منی بردە ماڵی دایك و باوکی سێسار کە لە **سەن رۆکە**[2]ی خۆشترین گەڕەکی شاردا نیشتەجێ بوون، کەسێکی ئێسك پان و سەوزەو ڕوو لاواز بوو، بە ددانی کەروێشکی و قژی ئالۆزکاوی هاوشێوەی ئەودوای شاعیرە لاوەکانی ئەو سەردەمە، لەهەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەبوو کە لە سەرمڕۆیی و ژنبازیدا هاوتای نەبوو. سەربە چینی مامناوەند و کەم دەرامەت بوو و لەماڵەکەیاندا لەماڵی دنیا تەنها کتێب دەبینرا، بەشێوەیەك کە جێگەی یەك کتێبی تریشی تێدا نەدەبووەوە.

باوکی پیاوێکی جدی و بێتاقەت بوو، بەزنی لە کارمەندە خانەنشینەکان دەچوو و وادیاربوو دڵی بە حەزو خواستی ئەدەبی و هونەری کوڕەکەی خۆش نەبوو. دایکی سێسار وەك کوڕی خۆی قبوڵی کردم و بەبەزەیی و دڵسۆزیەوە مامەڵەی لەگەڵ کردم، لەبەرئەوەی لەو باوەڕەدابوو دووچاری هەمان ئەو نەخۆشیە بێ چارەسەرە بووم کە گەلێك جار خستبوویە گریان.

ئەو ماڵە بەرەو دۆزینەوەی دونیایەك کێشی کردم، کە وابزانم لە چواردەساڵیدا بەپێی پێزانینێکی دەرونی لە هەبوونی ئاگادار بووم بەڵام هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبووم ئەوەندە عاشقی ببم. هەر لەیەکەم رۆژەوە بوومە ئینکارترین میوانی ناوەختی ئەو ماڵە، ئەوەندە کاتی ئەو شاعیرە لاوەم داگیر دەکرد کە سەرم لەوە سووڕدەما چۆن تەحەمولم دەکات. کتێبی ئەو شاعیرانەی بە ئەمانەت دەدامێ کە هەرگیز ناوم نەبیستبوون، بە بوێریەکی دڵپاکانەو نەزانانەوە بیروڕای خۆم دەربارەیان دەردەبڕی، بێئەوەی لەوە تێبگەم چەند لە بابەتەکە بەدوورم. زیاتر لە هەموویان دەربارەی نێرۆدا قسەمان دەکرد، کە "شیعری بیست" لەبەر کردبوو بۆئەوەی مامۆستا یەسوعیەکانمی پێ تووڕە بکەم کە تاقەتی گوێگرتن لە شێعرە بێ بنەماو ورێنە ئامێزەکان نەبوو. لەو

---

[1]. Cesar Augusto del Valle

[2]. San Roque

رۆژانەدا، شیعرێکی میرا دێلمار، کە لە کارتاخنا دایدیناسدا بڵاوببووەوە، دۆخی فەرهەنگی شاری وروژاندو لە هەموو میدیاکاندا دەنگی دایەوە. سێسار دیابایە ئەومندە رونو بە ئاوازێکی دڵنشینەوە شیعرەکەی بۆ خوێندمەوە کە دوای دووجار گوێ گرتن لەبەرم کرد.

زۆرجار نەدەکرا پێکەوە قسە بکەین لەبەرئەوەی سێسار بە شێوەی تایبەتی خۆی سەرقاڵی نووسین دەبوو. بەجۆرێك بە ڕێرەو و ژوورەکاندا پیاسەی دەکرد وەك ئەوەی لە دنیایەکی تردا بێت، هەر دووسێ خولەك جارێك وەك ئەوانەی بەدەم خەوەوە ڕێ دەکەن بەبەردەممدا تێ دەپەڕی، لەپڕ دەچووە سەر ئامێری چاپەکەی، بەیتێك یان وشەیەکی دەنووسی یان تەنها یەك خاڵو کۆمایەکی بۆ نووسینەکە زیاد دەکرد، دیسانەوە دەستی دەکردەوە بە پیاسە بێ بەرنامەکەی. هەڵچوونە لێی ورد دەبوومەوەو شەوقێکی مەلەکووتی بوونمی لێوانلێو دەکرد، لەبەرئەوەی بەخەیاڵی خۆم خەریك بوو تاکە شێوازی نهێنی شێعر نووسینم دەدۆزیەوە. لەماوەی خوێندنمدا لە ئامادەیی سەن خۆزێ بارودۆخەکە بەوشێوەیە بەردەوامبوو تائەوکاتەی بنەڕەتی وتاربێژییم لەسەر بێهوودەبێژیە شێعریەکانم دارێژرا. دواهەمین هەواڵی ئەو شاعیرە، دوو ساڵ دواتر لە بۆگۆتا بەدەستم گەشت: تەلەگرافێك لەلایەن ڤالانتیناوە کە تەنها دوو وشە بوو و دڵی نەهاتبوو ناوی خۆی لەسەر بنووسێت: سێسار مرد.

مانەوە لە بارانکیا بەبێ دایك و باوکم، پێش هەرجۆرە هەستێکیتر هەستی سەربەخۆیی پێ دەبەخشیم، بۆ یەکەمجار خۆم بەخاوەنی ژیانی خۆم زانی. هەندێك هاوڕێم هەبوو کە لەدەرەوەی قوتابخانەش هاتووچۆی یەکترمان دەکرد. یەکێك لەو هاوڕێیانە **ئالڤارۆ دێل تۆرۆ**[1] بوو ـ کە لە شیعر خوێندنەوەکانی کاتی پشووی وانەکاندا پێکەوە شێعرمان دەخوێندەوە ـ کوڕانی بنەماڵەی **ئارتێتا**[2] کە زۆرجار پێکەوە بەناو کتێبفرۆشیەکاندا دەخولاینەوەو پێکەوە دەچووینە سینەما. خاڵە ئیلیسێر یەك سنورداریەتی بۆ دیاری کردبووم، بۆئەوەی بتوانێت بەباشی بەرپرسیاریەتیەکەی لەبەرامبەر من جێبەجێ بکات، ئەویش ئەوەبوو ئێواران تا کاتژمێر هەشت لەدەرەوە بم.

ڕۆژێکان کە لەژوری دانیشتنی سێسار دێل ڤاێ چاوەڕێم دەکرد و بۆئەوەی بێتاقەت نەبم کتێبم دەخوێندەوە، ژنێکی سەرنجراکێش هاتەلای. ناوی **مارتینا فۆنسکا**[3] بوو و

---

[1]. Alvaro del toro

[2]. Arteta

[3]. Martina Fonseca

سەرباری پێستە سپیەکەی سەروشکڵی دووڕەگەکانی هەبوو. هۆشیاریە زۆرەکەیو کەسایەتیە سەربەخۆکەی تەواو سەرنجی راکێشام. بۆ ئەوەچووم یاری شاعیرە لاوەکە بێ. دوو سێ کاتژمێرێك توانیم چێژ لە پێکەوەبوونمان وەربگرم، تا ئەوەی سێسار گەڕایەوە و پێکەوە چوونە دەرەوە بێئەوەی بڵێن بۆ کوێ دەچن. ئیتر هیچ باسێکی ئەو ژنەم پێ نەگەیشت تا چوارشەممەی خۆڵەمێشی هەمانساڵ، ئەوکاتەی پاش مەراسیمی پاڕانەوە لە کەنیسە هاتمە دەرەوەو بینیم لەسەر کورسیەکانی پارکەکە دانیشتووە و چاوەڕێم دەکات. بەجۆرێك شڵەژام وەك ئەوەی رۆحی یەکێك لە خزمە کۆچکردووەکانم ببینیبێتەوە. بلوزێکی کەتانی حاشیەداری سپی لەبەردابوو کە وێنەیەکی نایابی دەبەخشیە جوانیەکەی، زنجیرێکی سەیر و بێ وێنەی لەملدابوو و گوڵێکی جوانیش لەسەر یەخەی خۆی دەنواند. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو شتە سەرنجڕاکێشەی لەو چاوپێکەوتنە لە بیرەوەریمدا مایەوە سادەییە بوێرانەکەی بوو، کە بەبێ پێشەکی بانگهێشتی کردم بۆ ماڵەوەی، هەر دەتوت کەسمان سەلیبی خۆڵەمێشیمان بەناوچاوانەوە نەبێت. هاوڕێکەی ناخودای کەشتیەك بوو کە بەردەوام بەسەر روباری ماگداڵناوە بوو و هەموو سەفەرێکی دوانزە رۆژی پێدەچوو. کەواتە چ خەوشێکی هەبوو عەسری شەممەیەك، بە نیەتێکی دۆستانە، بانگهێشتی قاوەو شیرینیم بکات بۆ ماڵەومیان؟ بەلام میوانداریەکانی تا کۆتایی ساڵ - ئەو رۆژانەی هاورێکەی لەسەفەر بوو - بەردەوام دووبارە دەبوونەوە، بەردەوام لە کاتژمێر چوارەوە تا حەوت درێژەیان دەکێشا، تا ئەوکاتانەی سینەما رێکس فیلمی تایبەتی نەوجەوانانی نمایش دەکرد و ئەوە باشترین بیانووبوو بۆئەوەی خاڵە ئالیێسر قایل بکەم و بە ئاسوودەیی ئەو سێ کاتژمێرە لەگەڵ مارتینا ببەمەسەر.

وەك کەسێکی پرۆفیشناڵ کاری فێرکردنی ئەو نەوجەوانانە بوو کە دەیانویست بەشداریی تاقیکردنەوەی مامۆستایی بکەن و ببنە مامۆستای سەرەتایی. لە کاتی بێئیشیدا باشترین خوێندکاری بۆ خواردنی قاوەو شیرینی بانگهێشت دەکرد بۆ ماڵەوەو هەر لەبەر ئەوەش، بینینی قوتابیەکی نوێی رۆژانی شەممە سەرنجی دراوسێ قەرەباڵغەکانی رانەکێشا. ئەو عەشقە نهێنییە ئەوەندە رۆچووبووە ناخمەوە کە لە مارسەوە تا نۆڤەمبەر بە ئاگرە شێتانەکەی جەستەمی گڕ تێبەردا. پاش دوو هەفتەی یەکەم، هەستمکرد ناتوانم تەمەنای بێهوساری بەردەوام لەگەڵ ئەو، بوونم هەوسار بکەم.

بە تەواوەتی بێترس بووین لەبەرئەوەی هاوڕێکەی بە کەرمنای کەشتیەکە، بەپێی ئەو نیشانەیەی نێوان خۆیان، گەشتی بۆ بەندەرەکە رادەگەیاند. لە سێهەمین شەممەی

عاشقانەماندا، دەنگێکی دوورمان بەرگوێ کەوت. لە من دوورکەوتەوەو گوێی قولاغ کرد. وتی ـ **کەمێك لەسەرخۆ بە!** ـ و چاومڕێی کرد تا دوو کەڕەناکەی تری بیست. ترسابووم، بەلام بە پێچەوانەی ئەوەی چاومڕێم دەکرد، خوێنساردانە درێژەی بەقسەکانیدا:
هێشتا لە سێ سەعات زیاتر کاتمان هەیە بۆ ئەوەی چێژ لە ژیان وەربگرین و خۆش بژیین.

هاوڕێکەی بە پیاوێکی رەشبێست و قالتاخ وەسف دەکرد بە دوومەتر درێژیەوە کە بەردەوام (نوێل) ێکی بەدەستەوەیە. بە شێوەیەك هەستی ئیرەیی بەسەرمدا زاڵ ببوو کە بەنیازبووم بە شێتانەترین شێوە بنەماکانی گەمەکە لەژێر پێ بنێم: خەیالی ئەوەم هەبوو بیکووژم. پووختەیی و ئەزموونی ئەو ژنە هێنامیەوە سەر هۆشی خۆم، دوای ئەوە هەوسارەکەم دایە دەستی بۆئەوەی بە نێو هەورازونشێوی ژیاندا رێنومایم بکات و وەك تولە گورگێك لەژێر پێستی مەڕدا بەچاو و گوێ داخراوی دوای دەکەوتم.

بارودۆخی خوێندنم لە ئامادەییەکە کارەساتبوو و تاقەتی وانەو کتێبم نەبوو، بەلام مارتینا لەو ئازارە زۆرەش رزگاری کردم. بەلایەوە کارێکی منالانە بوو بەهۆی دلەڕاوکێی دێوەزمەی هەلچوونی بێهەوساری تەمەنایەکی گرفتاریەوە کە جگە لە ئاشکراکردنی نهێنیەکانی ژیان هێچیتری لێ نەدەکەوتەوە، لەپۆلدا ئامادە نەبم و ئەرکەکانی خوێندن لەبەرچاو نەگرم. پێموت:"**مەسەلەکە زۆر سادەو مەنتیقیە. ئەگەر ئەم جێگەیە ئامادەییەکە بوایە و تۆش خانمی مامۆستا، من نەتەنها دەبوومە یەکەمی پۆلەکە بگرە دەبوومە باشترین قوتابی ئامادەییەکەش.** "ئەویش ئەو نموونە جوانەی منی بەجدی وەرگرت.

وتی ـ **کارێك دەکەین وەها بکەوێتەوە.**

بێئەوەی زۆر خۆی بخاتە زەحمەتەوە، بە بەرنامەیەکی ورد، توانی دواکەوتنی قوتابخانەم بۆ چارەسەر بکات. بە یارمەتی ئەو ئەرکەکانی قوتابخانەم جێبەجێ دەکرد و بە بۆلەبۆلە دایك ئاساکانی ناچاری دەکردم لە ماوەی نێوان گەمە و دەستبازیەکانی ناو جێگە، وانەکانی هەفتەی داهاتووم ئامادە بکەم. سزای دەدام و سێ هەلە بەسبوو بۆ ئەوەی لە بەرنامەی عاشقانەی رۆژانی شەممە بێبەشم بکات. هەرگیز رێنەکەوت لە دوو هەلە زیاترم هەبێت. ماوەیەکی زۆر کورت لە ئامادەییەکە هەستیان بەوە کرد ئاستی خوێندنم بەرز بووەتەوە.

ئەوەی بە کردەوە فێری کردم شێوازێکی کاریگەر بوو کە بەداخەوە تەنها لەسالی کۆتایی ئامادەییدا بەکەلکم هات: گەر لە پۆلدا جوان گوێیم بگرتبا و، لەباتی ئەوەی وانەکانم لەسەر هاوڕێکانمەوە بنووسیبا خۆم لە پۆلدا جێبەجێم بکردبان، دەمتوانی

هەم نمرەی باش وەربگرم و هەم کاتی ئەوەم هەبێت لەکاتی بێئیشیدا چەند حەزم لێیە ئەوکتێبانــە بخوێنمــەوە کــە حــەزیان لێدەکــەم و توشــی شــەوە بێزارکــەرەکانی بێخەوی و ترس و دڵەڕاوکێکانی شەوانی پێش تاقیکردنەوەکان نەبم. لەسایەی ئەو شێوازە ئەفسووناوییەدا، ساڵی ١٩٤٢، بە تێکڕای بەرز پلەی یەکەمم بەدەستهێنا و چەندین مەدالیای شانازی و سوپاسنامەم وەرگرت. بـەڵام هـەمووان ئـەو سـەرکەوتنانەیان بـە حسابی ئـەو دکتـۆرە زیرەکانـە دانـا، لـەبری ئـەوەی توانیبوویـان چارەسـەری شـێتیەتیەکەم بکـەن، بەدزیەوە سوپاس و ستایشی فراوانی دکتۆرەکانیان دەکـردن، لـە ئاهـەنگی کۆتـایی سـاڵی خوێنـدنـدا، ئـەوەم بـۆ ڕونبـوەوە کـە سـاڵانی پێـشوو ئەوکاتانـەی بـەهۆی پیاهەڵـدان و هاندانـەکانی بەرپرسـانی خوێندنگەکـە سوپاسـم دەکـردن، بێئـەوەی خـۆم بمـەوێت، قسەکانم بە تانەو تـوانج و دەمـارێکی شەڕانگێزانەیان تێـدا بـوو، لەبەرئـەوەی خـۆم بـە شایـستەی ئـەو هـەموو ستایـشە نـەدەزانی. لـەو سـاڵەدا، سـەرکەوتنەکانم بـەهۆی هەوڵدانەکانمەوە بوون و بەوپێیە هیچ بەڵگەیەکم نەبوو سوپاسی ئەوان بکەم. لەبری ئـەوە لـە قـوڵایی دڵمـەوە، شێعری "سێرك"ی **گیێرمـۆ ڤالێنـسیا**[1] م پێـشکەش کـردن، و لــەکۆتایی مەراسـیمەکەدا لەبـەردەم ئامادەبووانـدا بـێ هەڵـە شـیعرەکەم خوێنـدەوە، هەراسانتر بووم لەو مەسیحیانەی بەبێ بەرگری دەیانخستنە بەردەم شێرە برسیەکان.

بـەنیازبووم لـە پشووی ئـەو سـاڵە باشـەدا سـەردانی ترانکیلینـای داپیرم بکـەم لـە ئاراکاتاکا، بەڵام ئەو داماوە ناچاربوو بەپەلـە بگاتـە بارانکیـا بۆئـەوەی نەشـتەرگەری بـۆ چاوی بکات کە ئاوی سپی لێهاتبوو. بـەبینینی زۆر خۆشـحاڵبووم و ئـەوەی ئەومنـدەیتر شادومانی کردم ئەوەبوو کە قامووسـەکەی بـاپیرمی بـەدیاری بـۆ هێنـابووم. نەیـدەزانی خەریکە بینایی لەدەست دەدات، یان دەیزانی بـەڵام نەیدەخـستە سـەرخۆی، تائەوکاتـەی چـیتر نـەیتوانی لەژوورەکـەی بێتـە دەرەوە. زۆر بەپەلـە لـە خەسـتەخانەی **کاریـداد**[2] نەشـتەرگەری بـۆکرا و ئــەنجامێکی باشـی هـەبوو. ئەوکاتـەی پێـچراوەکەیان لەچـاوی کـردەوە، لەکاتێکـدا لەسـەر قەرەوێڵەکـە دانیـشتبوو، چـاوەکانی کـە جارێکیتر بـەهۆی گەڕانەوەی لاویەتی دەدرەوشانەوە کردەوەو ڕۆشنایی شادی ڕوخساری ڕونـاك کـردەوە و بە ڕستەیەك گوزارشتی لە دڵخۆشی خۆی کرد:

- دەبینم.

---

[1] Guillermo Valencia (١٨٧٣ - ١٩٤٣) سیاسەتمەدار و وتاربێژ و شاعیری کۆلۆمبی.

[2] Caridad (بەزەیی)

دکتۆرەکە دەیویست بزانێت ئاستی بینینی چەندە، داپیریشم بە نیگایەکی تازەوە لە دەوروبەری وردبووەوە و بە وردەکاریەکی تەواو باسی ئەوشتانەی کرد کە دەیبینین. دکتۆرەکە هەناسەی بۆنەدرا، لەبەرئەوەی تەنها من دەمزانی ئەوشتانەی داپیرم وەسفیان دەکات ئەوشتانەی زۆری خەستەخانەکە نەبوون، بەڵکو شتوومەکی زۆری نووستنەکەی بوون لە ئاراکاتاکا کە زۆر بەوردی بیری کەوتبوونەوە. چیتر تاهەتایە نەیتوانی ببینێت.

لەبەر لەسەر سووربوونی دایك و باوکم قبوولم کرد بۆ بەسەربردنی پشوو بگەڕێمەوە لای ئەوان لە سۆکرە و داپیریشم لەگەڵ خۆم ببەمەوە. زۆر پێش تەمەنی خۆی شکستە و پیر ببوو، زەینی پەرێشان و دەنگی ناسکتر و خۆشتر ببوو و زۆر خۆشتریش گۆرانی دەچڕی. دایکم بەردەوام ئاگای لەوەبوو داپیرم پاك و تەمیز و رێکوپێك بێت و وەك بووکەشوشەیەکی گەورە دەیگۆڕی. جێگەی گومان نەبوو دەیزانی لە کوێیە، بەڵام لە دونیای بیرەوەریەکانیدا دەژیا و لە زەمەنی عالەم دابڕابوو. لەهەموو شتێك زیاتر بەرنامەکانی رادیۆ سەرنجیان رادەکیشا، هەرچەندە ئەو حەزەی حاڵەتێکی منالانەی هەبوو. هەستیدەکرد هەندێك لە بێژەرەکان دەناسێت بەڵام لەگەڵ هەندێك هاورێی سەردەمی گەنجی لێی تێك دەچوو، لەبەرئەوەی تائەوکاتەی لە ئاراکاتاکا دەژیان لەماڵەوە رادیۆیان نەبوو. هەندێکجار بیروراکانی بێژەری بەرنامەکانی رەت دەکردەوە و رەخنەی لە قسەکانیان دەگرت، لەسەر بابەتگەلی جیاواز گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن و هەڵە زمانەوانیەکانی بیردەخستنەوە وەك ئەوەی لەتەنیشت شوێنی نووستنەکەیدا دانیشتبن، تا بەرنامەکان تەواو نەبووایە ئامادە نەبوو جلەکانی بگۆڕێت. دواجار، بە نەزاکەت و ئەدەبی تایبەتی خۆیەوە، خواحافیزی لێ دەکردن:

- شەوتان باش، جەناب.

لە ورێنەکانیدا، شوێنی زۆر شتی شاراوەی ئاشکرا کرد، پەردەی لەسەر گەڵێك نهێنی هەڵماڵی کە چەندین ساڵی دوورودرێژ بە نهێنی مابوونەوە، یان باسی ئەو شتانەی هێنایە ئارا کە کەس مافی ئەوەی نەبوو قسەیان لەسەر بکات، بەهۆی ئەوقسانەوە بۆمان دەرکەوت: کێ پەمپی ئاوەکەی خانووەکەی ئاراکاتاکای کە لەپڕ دیار نەمابوو خستبووە جانتاکەیەوەو بردبووی، یان باوکی راستەقینەی **ماتێڵدا سالۆنا**[١] کێ بوو، کە براکانی بەهەڵە کابرایەکی نەناسی داماویان لەباتی ئەو گرتبوو و دابوویانە بەر فیشەك.

لە یەکەمین پشووەکانمدا لە سۆکرە، بەرگەگرتنی دوری مارتینا فۆنسیکا، کە بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی لەگەڵم بێت بۆ ئەوێ، تەواو ئازاری دەدام - تەنانەت بیرکردنەوە

[١]. Matilda Salamona

لەوەی دوو مانگی تەواو نەیبینم وەك مۆتەكەیەكی مەترسیدار و ناواقیعی دەهاتە پێش چاوم. ئەو، بەپێچەوانەی منەوە بیری لەو مەسەلەیە دەكردەوە. ئەودەمەی پێموت دەڕۆم، تازە بۆمدەركەوت كە وەك هەمیشە سێ هەنگاو لەپێش منەوەیە.

رون و ڕەوان پێیوتم - **ئەوەی راستی بێ دەمویست لەوبارەیەوە قسەت لەگەڵ بكەم. بۆ هەردووكمان وا باشترە لەشوێنێكیتر درێژە بەخوێندن بدەیت، لەبەرئەوەی ئێستاكە زۆرخراپ پابەندی یەكتر بووین و بەدووری نازانم كارێكی شێتانە ئەنجام نەدەین. گەر ئەوەبكەیت تێدەگەیت كە پەیوندیمان لەوەی ئێستا هەمانە ناچێتە پێشتر.**

قسەكانیم بە گاڵتە وەرگرت:

- **لەبەهانی زووتر نییە دەڕۆم و دوای مانگێك دەگەڕێمەوە بۆئەوەی تاهەتایە پێكەوە بژین.**

لەسەر ئاوازی تانگۆ وەڵامی دامەوە:

- **ها ها، ها، ها!**

ئەوكات بۆمدەركەوت رازی كردنی مارتا ئەودەمانەی دەیوت باش چەند ئاسان بوو بەڵام ئەوكاتەی بە نەخێر وەڵامی بدابایەتەوە، مەحاڵبوو كەس رووبەڕوی بێتەوە و ڕاكەی پێ بگۆڕێت. بەناچاری، چاو بەگریان جانتاكەم پێچایەوە و بڕیارمدا لەژیانی داهاتوومدا، كە ئەو بۆی داڕێژابووم، ببمە مرۆڤێكیتر: شارێكیتر، ئامادەییەكیتر، هاوڕێیتر و تەنانەت رەفتار و هەڵسوكەوتیتر. لەو بڕیارەمدا دوودڵ نەبووم. بەهۆی ئەو مەدالیاو سەركەوتنانەوە كە لەخوێندندا بەدەستم هێنابوون، زۆر رەسمی و جدی بە باوكم وت چیتر نیازی ئەوەم نییە بگەڕێمەوە ئامادەییی سەن خۆزێ و بۆ بارانكیاش.

وتی - **سوپاس بۆ خوا، هەر لەیەكەم رۆژەوە سەرم لەوە سووڕمابوو چۆن ئەوبیرە قۆڕەت هات بەمێشكدا كە بچیتە ئامادەیی یەسووعیەكانەوە. پیاو دەبێت زۆر كەربێت تا بەتەمای ئەوەبێت ئەو دارودەستەیە فێری شتێكی بكەن.**

دایكم خۆی لە ڕستەی كۆتایی قسەكانی باوكم كەڕ كرد.

وتی - **گەر بڕیاربێت نەچیتەوە بۆئەوەی، دەبێ بچیتە بۆگۆتا.**

باوكم بەپەلە وتی - **كەواتە دەبێت دەستبەرداری خوێندن بێت لەبەرئەوەی ئێمە پارەی ئامادەییە ماموڵەكانمان پێ هەڵناسووڕێت.**

سەیر لەوەدایە، لەوكاتەدا خەیاڵی وازهێنان لە خوێندن، كە ئارەزووی هەموو ژیانم بوو، زۆر ناواقعی و باوەڕپێنەكراو دەهاتە بەرچاوم. لەناچاریدا دەست بەدامێنی خەیاڵێكی پوچ بووم كە هەرگیز باوەڕم نەبوو بێتەدی.

وتم - **بوورسی خوێندنیش هەیە.**

باوکم وتی ـ **یەك دنیا هەیە، بەلام هەرهەموویان بۆ کەلەگەورەکان داناوە.**

قسەکەی زۆریش بێ بنەما نەبوو، بەلام منالی خەلکە هەژارەکە لەبەر واسیتە لەو بورسانە بێبەش نەدەبوون بەلکو ئەوەی دەبووەهۆی ئەوەی ئەو بورسانەیان دەست نەکەوێت رۆتینی قورس و ئالۆزی ئیداری بوو و ئەوەی کە خەلکی عەوام بەباشی ئاگاداری مەرجەکانی داواکردنی بورسی خوێندن نەبوون بەهۆی ئەوەی هەموو کاروبارە ئیداریەکان دەبوو لە ناوەندەوە جێبەجێ بکرێن، ئەوەی داوای بورسی بکردبا دەبوو بچێتە بۆگۆتا کە هەزار کیلۆمەتر لە ئێمەوە دووربوو و هەشت رۆژی دەویست تادەگەشتیتە ئەوێ و سەفەرکردن بۆ ئەوشارە نزیکەی بودجەی سێ مانگ خوێندنی ئامادەییەکی شەوانەرۆژی ئابڕومەندانەی تێدەچوو. لەگەڵ ئەوەشدا، دەیهێنا داوای بکەیت. دایکم، توڕەو داماوانە، وتی:

ـ **هەرئەوەندەی سەری کیسەکە شل بکەیت، ئیتر خوا دەیزانێ کەی پارە خەرج کردن تەواو دەبێت.**

سەرباری ئەوەش، هەندێك کێشەی تریشمان هەبوو. لوویس ئێنریکێ کە سالێك لەمن بچوکتر بوو، لە دوو قووتابخانە خوێندبووی و لە هیچکامیاندا لە دوومانگ زیاتر بەرگەی نەگرتبوو. مارگرێتا و ئایدا بەباشی لە قوتابخانەی راهیبەکان دەیانخوێند، بەلام بەنیازبوون بۆ خوێندنی ئامادەیی بچنە شارێکیتر کە پارەی کەمتری تێبچێت. هێشتا گۆستابۆ، لیخیا، ریتا و خایمێ کاتی خوێندنیان نەهاتبوو، بەلام بەخێرایەکی نیگەرانی ئامێزانەو هەرەشەئامێزانە گەشەیان دەکرد. ئەوان و ئەو سێ منالەی دوای ئەوان لەدایکبوون بە چاوی غەریبەیێکەوە تەماشایان دەکردم کە جارناجار سەروکەلەی دردەکەوێت و پاش ماوەیەك لەبەرچاو ون دەبێت.

ئەو سالە بوو بە سالێکی چارەنووسساز بۆ من. لە پێشبڕکێی نێوان دوو گەڕەکدا، سەرنجڕاکێشی هەر عەربانەیە پەیوەندی بەو کیژۆلانەوە هەبوو کە بەپێی جوانیو خوێنگەرمیان هەلدەبژێران، بەرگی شاژنەکانیان لەبەردەکرد و هەندێك شیعریان دەخوێندەوە کە لەنێوانیاندا ئاماژەیەکی بچوك بە جەنگی هێمائامێزی نێوان گەڕەکەکان کرابوو. منیش کە تا ئەوکاتە بەمیوان لەقەلەم دەدرام، خۆم بەبێ لایەن دەزانی، وەك کەسێکی بێلایەنیش هەلسوکەوتم دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سالە خۆم دایە دەست داواکاریە زۆرەکانی سەرلەقێنە کۆنگۆبییۆکانو ئەوەم قبووڵ کرد کە چەند بەیتێك بۆ کارمن رۆسای خوشکم بنووسم، کە بڕیاربوو ببێتە شاژنی عەرەبانە شکۆمەندەکەی گەڕەکەکەمان. بە شەوقو خواستەوە دەستم بە نووسین کرد، بەلام لەبەرئەوەی بەباشی ئاگاداری یاساکانی گەمەکە نەبووم لە شێعرەکەمدا جنێو و

ســووکایەتی زۆرم لەســەر گــەڕەکی بەرامبــەر نووســی. چــارەیەکیترم بــۆ نەمایــەوە جگەلەوەی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئیشەقۆڕەم دوو شیعری ناشتیخوازانە بنووسم : کە یــەکێکیان بــۆ وەســفکردنی جــوانی کۆنگۆییــۆ و ئــەویتریان بــۆ ســتایش کردنــی شاژنی ڤێجهاتسوولیا. هەمووشار بە مەسەلەکەی زانی. ئەوشاعیرە نەناسراوەی تاڕادەیەك کەسی ئەو گوندە نەیدەناسی، لەپڕ ببووە روخساری بەناوبانگ و خۆشەویستی ئــەو ناوچــەیە. لەسایەی شیعرەکانمەوە رێمکەوتە گەلێك کۆڕوکۆبونەوەی جیاوازەو و لــە خۆشەویستی هەردوو گروپەکە بێبەش نەبووم. لەوەبەدوا، ئەوەندە داوای نووسینی دەقگەلی جیاواز رووی تێکردم کە بواری سەرخوراندنیشم بۆ نەمایەوە: نووسینی کۆمیدیای منالانــە، شانۆیی بۆ مەزادە خێرخوازانەکان، ریکلامــی بلیتــی هاوکاریو کۆمــەکی کۆمەلایــەتی و تەنانەت دەقی وتاری کاندیدێکی هەلبژاردنەکانی شورای گوندەکە.

لویس ئێنریکێ، کە لەوکاتەدا پێگەی خۆی وەك گیتاریستێکی ئامادە و سەرکەوتووی داهاتوو جێگیر دەکرد، فێری ژەندنی **تیپلێ**[1]ی کردم. مــنو ئــەو و **فیلادێلفۆ ڤیلیلا**[2] بووینە پاشا بێچاودێرەکانی ئاهەنگەکانو ئەوەنــدە خۆشەویسـت ببــووین کــە زۆربــەی کچان و ژنانی دلتــەڕ بــۆ بینینمــان ســەروپێی خۆیــان دەشــکاند، هەرئەوەنــدەی دەنگمــان بــەرز دەبــووەوە بەپەلــە خۆیــان دەگــۆڕی، لــەمالْ دەهاتنــە دەرەوە، ژنــانی دراوســێیان بەئاگادەهێنایەوە، تا کاتی نانخواردن دەمانژەند و گۆرانیمان دەچڕی. ئەوسالە، **خۆســێ پالێنسیا**[3]، کوڕی سەیروسەمەرەی خاوەن زەویــەکی پــارەدار، پەیوەنــدی پێــوەکردین و گروپەکــەی کامــل کــردین. خۆســێ بەشــێوەیەکی زگمــاك مــۆزیکزان بــوو هــەر سازێکت بدابایەتە دەست دەیتوانی بیژەنێت. دەموچاوی لە ئەکتەری سینەمایی دەچوو، لەسەما کردندا حەشری دەکرد، بیرتیژیەکەی سەرنجڕاکێش و بــەختی لــە بەســەرهاتە عاشقانە زوو تێپەڕەکاندا، هەرچەند زۆرکەسی دووچاری ئاخ هەلکێشان دەکــرد، بــەلام لەڕاستیدا مایەی ئاخ هەلکێشانو ئیرەیی نەبوو.

بــەلام مــن نەمدەزانی ســەما بکــەم و تەنانــەت نــەمتوانی هــیچ لــە خاتوونــەکانی **لوویزایــۆ**[4] وە فێــربم، ئەوانــە شــەش خوشــکی ئیفلــیج بــوون کــە ســەرباری لاوازی جەســتەییان، بــە دانیــشتنەوە لەســەر کورســیەکانیان، وانــەی ســەمایان دەوتــەوەو بــۆ فێرکردنی ئەو هونــەرە بــە باشــترین راهێنــەرەکانی شــار دادەنــران. بــاوکم، کــە هەمیشە

---

[1]. tiple، جۆرە گیتارێکی بچوکە و دەنگی تیژە.

[2]. Filadelfo Velila

[3]. Jose palencia

[4]. Loiseau

شەیدای ناوبانگ بوو، بیروڕای لەسەر من گۆڕا و پەیوەندیمان دۆستایەتیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینی. بۆ یەکەمجار منی بەبەشەر لەقەڵەمدا و چەند کاتژمێرێك پێکەوە دەمەتەقێمان کرد. دەبێ دان بەوەدا بنێم کە تەواو یەکترمان نەدەناسی. لەراستیدا، ئەورۆژانەی لەگەڵ دایك و باوکم لە ئاراکاتاکا، بارانکیا و سوکرە ژیام هەمووی لە سێ ساڵ زیاتر نەبوو. ئەزموونێکی بەسوود بوو و بواری ئەوەی بۆ رەخساندم باشتر بیانناسم. جارێکیان دایکم پێیوتم:"**چەند باشە لەگەڵ باوکت بوونەتە هاوڕێ.** "چەند رۆژێك دوای ئەوە، ئەوکاتەی لە چێشتخانەکە قاوەی دروست دەکرد، جارێکیتر گەڕایەوە سەر هەمان بابەت:

- باوکت زۆر شانازیت پێوە دەکات.

بەیانی ئەورۆژە، بێ چرپە خەبەری کردمەوەو بەگوێچکەمدا چرپاندی:"**باوکت دەیەوێت شتێکی چاوەڕواننەکراوت پێ بڵێت**"راستی کرد. ئەوکاتەی بۆخواردنی نانی بەیانی چوومە خواردوە، باوکم بەئامادەبوونی هەموان هەواڵە چاوەڕواننەکراوەکەی لە بارێکی رەسمیدا پێڕاگەیاندم:

- باروبنەت بپێچەوە لەبەرئەوەی دەبێت لەم رۆژانەدا بچیتە بۆگۆتا.

وەك ئەوەبوو دنیایان بەسەردا روخاندبم، هەستم بە بێتاقەتیەکی قوڵکرد لەبەرئەوەی لەودەمانەدا حەزم دەکرد لەوێ بمێنمەوەو لە جەژن و ئاهەنگە هەمیشەیەکانی ئەو نیشتیمانەدا نووقم بم. بەڵام ئەقڵی سەلیم حوکمی خۆی سەپاند. دەستەبەرکردنی جلوبەرگی تایبەتی ناوچە ساردەکان گرفتێکی ئەوتۆ نەبوو. باوکم چاکەتێکی رەشی توکی بزنو قاتێك چاکەتو پانتۆڵی مەخمەڵی هەبوو کە کەمەری هیچکامیان بەبەرم تەسك نەبوو. خێرا پاڵتۆکەو چاکەت و پانتۆڵەکەمان هەڵگرت و چووینەلای **پێدرۆ لیۆن رۆسالێس**[1]، کە بە بەرگدرووی موعجیزە دروستکەر بەناوبانگ بوو، هەرئەویش جلەکانی بۆ چاك کردم. سەرباری ئەوەش، دایکم پاڵتۆیەکی کورکی وشتری بۆ کڕیم کە هی سیناتۆرێکی مردوو بوو. ئەوکاتەی لەماڵەوە پاڵتۆکەم تاقی دەکردەوە، لیخیای خوشکم - کە پێشبینیکەرێکی زاتی بوو - بەدزیەوە ئاگاداری کردمەوە کە تارمایی سیناتۆرەکە پاڵتۆ لەبەر شەوان لەماڵەکەیدا پیاسە دەکات. قسەکەیم بەجدی وەرنەگرت و گوێم پێنەدا، بەڵام بریا قسەکەیم بەجدی وەرگرتبا، لەبەرئەوەی ئەوکاتەی لە بۆگۆتا لەبەردەم ئاوێنەکەدا لەبەرم کرد، لەباتی سەری خۆم، سەری

---

[1]. Pedro Leon Rosales

سیناتۆری کۆچکردوو هاتە بەرچاوم. لەبانکی دۆزینەوەی کار پالتۆکەم لەبری دەپیزۆ دانا و هەرگیز نەچوومەوە بەلایدا.

کەشی خێزانی ئەوەندە دلگیر و خۆش ببوو کە کاتی مالئاوایی بەزەحمەت توانیم بەر لە فرمێسکەکانم بگرم، بەلام هەرچۆنێك بوو بەسەر هەستەکانمدا زالبووم و هەموو شتێك بەپێی بەرنامەی پێشوو بەرێوەچوو. دووهەمین هەفتەی مانگی ژانوویە، پاش ئەوەی وەك پیاوێکی ئازاد شەوێکم بەتەنها بردەسەر، لە ماگانگێ سوار کەشتی **دەیڤید ئارانگۆ**[1]ی تاقە گولی کەشتیەکانی "کۆمپانیای کەشتیوانی کۆلۆمبیا" بووم. هاوکابینەکەم فریشتەیەکی سەدکیلۆیی و کۆسە بوو. نازناوی وەرگیراوی "جاکی سلاخ"[2]ی لەخۆی نابوو. یەکێك بوو لەدوابەجێماوەکانی رەگەزی رووڵە لەناوچوانی چەقۆبازەکانی سێرکی - ئاسیای بچوك. هەرکە چاوم پێیکەوت لەوەترسام شەو بەدەم خەووە بمخنکێنێت - هەستم دەکرد هەموو ئیشێك لەو دێوە نێرە دەوەشایەوە - بەلام رۆژانی دوایی ئەوم بۆ رونبووەوە کە نابێت روالەتی مرۆڤەکان فریوومان بدات، لەبەرئەوەی لە راستیدا منالێکی زەبەلاح بوو کە دلگەورەکەی لەنیو جەستە گەورەکەیدا نەدەگوونجا.

لە یەکەمین شەوی سەفەرەکەدا، میوانیکیان بە ئۆرکستراو خوانێکی هەجەمۆرو ئیشتیها بزوێن ساز کرد، بەلام من خۆم لەو بەزمە دزیەوەو چوومە سەر تەختی کەشتیەکە، بۆ دواهەمینجار چاوم بڕیە روناکیە دونیاییەکان کە بەنیازبووم بەبێ خەمو خەفەت لەبیری بکەمو تادەمەوبەیان ئەوەندەی دلم ئارەزوی کرد فرمێسکم رشت. ئەمرۆکە، بەبوێریەوە دەتوانم بلێم تاکە شتێك پالم پێوەدەنێت بگەڕێمەوە سەردەمی نەوجەوانیم، دووبارەکردنەوەی ئەوسەفەرەو چێژ وەرگرتنە لەو چرکەساتە نایاب و بەچێژانە. لەماوەی چوارسالی ئامادەیی و دوو سالی زانکۆ، ناچاربووم چەندینجار بەورێگەیەدا بێم و بچم، و هەرجارەشیان وانەی زیاتر و باشترم لەژیان وەردەگرت، زیاتر لەو وانانەی لە قوتابخانە پێیان دەوتینەوە. هەرکاتێك ئاوی روبارەکە بەپێی پێویست بووبا بە پێنج رۆژ سەرەوژورکەی رێگەی بارانکیا و **سالگار**[3]یان دەبری، لەوێشەوە تا بۆگۆتا بەشەمەندەفەر رۆژمرێیەك بوو. لەسەردەمی وشکەسالیشدا،

---

[1]. David Arango

[2]. Jack el Desripador، نازناوی ئەو بکوژە نهێنی و سەرسوڕهێنەرە کە لەماوەی سالانی ۱۸۸۸ تا ۱۸۹۱ چەند سۆزانیەکی بەهەلدڕینی ورگیان، لەلەندن کوشت. بە ئیلهام وەرگرتن لەو کەسایەتیەوە گەلێك رۆمان و شانۆنامە و سیناریۆی فیلم نوسرا.

[3]. Salgar

سەفەرکردن بەدەریادا بۆ ئەو کۆچکەرانەی پەلەیان نەبوو، خۆشتر بوو، ئەوکات سێ هەفتەی دەخایاند تا دەگەشتینە شوێنی مەبەست.

کەشتیەکان ناوەکانیان ئەوەندە سادەبوو کە بەئاسانی لەیادەوەریدا دەمانەوە: **ئاتلانتیکۆ، مێدێین، کاپیتا دێ کارۆ، دەیڤید ئارانگۆ.** کەشتیوانەکان، وەك کەشتیەوانەکانی نێو چیرۆکەکانی کۆنراد، چەوسێنەرو نیەت پاك بوون، وەك ئەوەی قاتوقڕی بێت بەهەڵپە نانیان دەخواردو هەرگیز نەیاندەتوانی شەوێك بەتەنها لە کابینە پاشاییەکانیاندا ببەنەسەر. سەفەرەکان دوورودرێژ بوون و پڕ لە رووداو. بەدرێژایی رۆژ لەسەر کەشتیەکە پان دەبووینەوە و تەماشای گوندە فەرامۆشکراوەکان و ئەو تیمساحانەی بە دەمی کراوەوە چاوڕێی پەپوولە سەرمرۆکانیان دەکرد و تەماشای ئەو پۆلە نەورەسانەی لەترسی کەشتیەکە بەرز هەڵدەفڕین، باڵندە سەرگەردانەکانی زەلکاوی کەنارەکان و تەماشای ئەو گای دەریایانەمان دەکرد کە بەهێمنی لەسەر کەنارەکە ئاوازیان دەچڕی و شیریان بە بەچکەکانیان دەدا. بەدرێژایی سەفەرەکە، هەرئەوەندەی مرۆڤ دەمەوبەیان لەخەو رادەبوو، بە هاتوهوریای مەیموون و تووتیەکان دووچاری سەر سوورمان دەبوو. زۆرجار بۆگەنێکی پیس و هێلنجهێنەر خەوی پاشنیوەڕوانی لەچاو دەفڕاندین: زۆرجار لاشەی مانگایەك بەسەر ئاوەوە دەبینرا، کە داڵەکەرخۆرەیەك بەسەریەوە ورگی تێردەکرد.

لەم رۆژانەدا کەمتر رودەدات خەڵکی لە ناو فرۆکەدا یەکتر بناسن. لەنێو کەشتیە بچوکەکانی سەر روبارەکان، فێرخوازەکانی زانکۆ وردەوردە خێزانێکی هاوبەشیان پێکدەهێنا لەبەرئەوەی لەگەڵ یەکتر رێدەکەوتین بەدرێژایی ساڵ لە یەك کاتدا سەفەر بکەین. هەندێك جار، کەشتیەکان دوو هەفتە لە لم دەچەقین. کەس بەخەیالیا نەدەهات و کەس بێزار نەدەبوو، لەبەرئەوەی جەژن و ئاهەنگ درێژەی دەکێشاو گەواهی کەشتیەوانەکە لەسەر کاغەزی رەسمیو مۆری تایبەتی نەهاتنەکەمانی دەسڕیەوە.

هەمان رۆژی یەکەم، لاوترین ئەندامی ئەوگروپەی لەخزمی یەکتر دەچوون سەرنجی راکێشام. بەجۆرێك ئۆکۆردیۆنی دەژەند وەك ئەوەی لە جەزبەدا بێت، زۆربەی کات، تاك و تەنها، لەسەر بەشی پلە یەکی کەشتیەکە دەبردەسەر. ئێرەیەکی کوشندە کەوتە دەرونمەوە لەبەرئەوەی لەوکاتەوەی لە ئاهەنگی ٢٠ی ژانویەدا لە ئاراکاتاکا گوێم لە ئاوازەکانی "فرانسیسکۆی بەنی بەشەر" بوو، بەردەوام ورکی ئەوەم لە باپیرم دەگرت ئۆکۆردیۆنم بۆ بکڕێت بەڵام داپیرم بەردەوام بیانووی پیرێژنانەی دەهێنایەوەو نەیدەهێشت بۆم بکڕێت و دەیوت ئۆکۆردیۆن بەکەڵکی دۆمە پێپەتیەکان دێ. سێ ساڵ دواتر لە پاریس، لە کۆنگرەیەکی جیهانی دەمارناسیدا، چاوم بە بەرێزێکی پسپۆڕ کەوت

کە خێرا تێگەیشتم هەمان ئۆکۆردۆنیستە ڕێکپۆشەکەی ناو کەشتیەکەیە. گوزەری زەمەن ڕوخساری گۆڕیبوو. ریشێکی هونەرمەندانە ڕوخساری دادەپۆشیو بەرگەکانی دوو ژمارە گەورەتر ببوون. بەڵام یادی ئەو ئاوازانەی مامۆستایانە دەیژەند ئەوەندە لەزەینمدا زیندوو بوون کە هیچ گومانم نەبوو. بەڵام ئەوکاتەی بێ هیچ پێشەکیەك و بێئەوەی خۆم بناسێنم، لێمپرسی:

ئۆکۆردیۆنەکەت چۆنە؟

بە ئاوازێکی هێند وشكو حاڵەتێکی ئەوەندە مڕومۆچەوە وەڵامی دامەوە هەستم کرد یەك سەتڵ ئاوی ساردیان کرد بە سەرمدا:

- تێناگەم باسی چی دەکەن، بەڕێز.

حەزمدەکرد زەوی دەم بکاتەوەو قوتم بدات، بە شەرمەزاریەوە داوای لێبوردنم لێکرد و وتم ئەوم لەتەك فێرخوازێکدا لێ تێکچووە کە سەرتای ژانوویەی ١٩٤٤ لەنێو کەشتی دەیفید ئارانگۆدا ئۆکۆردیۆنی دەژەند. لەناکاو، یادی ڕۆژانی ڕابردوو خۆشیو شادی پژاندە سەر ڕوخساری. **سالۆمۆن هاکیم**[١]ی هاووڵاتیم بوو، یەکێك لە گەورە دەمارناسەکانی جیهان. لەبەرئەوەی، بەهۆی ئەندازیاری پزیشکیەوە دەستی لە ئۆکۆردیۆن ژەندن هەلگرتبوو زۆر خەفەتم بۆ خوارد.

نەفەرێکی تریش بەهۆی گۆشەگیریەوە سەرنجی ڕاکێشام. گەنجێکی بە قەڵافەتی سووروسپی نزیکبین بوو کە زۆر پێش وادەی خۆی سەری توکی پێوە نەمابوو، زۆر شارەزایانە تاسیەکەی دەشاردەوە. لە یەکەم نیگادا، لە گەشتکەرێکی ڕێکپۆشی پارەدار دەچوو. هەر لە سەرەتای سەفەرەکەوە، خۆشترین کورسی پاڵپشت داری داگیر کرد، چەندین کتێبی نوێی لەسەر مێزەکەی تەنیشتی دانا و لە بەیانیەوە تا ئەودەمەی هەراوزەنای سەما و ئاوازی شەوانە بواری دەدا سەرقاڵی خوێندنەوە بوو. هەر ڕۆژەو جۆرە جلێکی لەبەردەکرد و کراسەکانی هەموو گوڵدار و گرانبەها بوون، کاتی نانی بەیانیان و نیوەڕوان و ئێواران لە قوژبنێکی هۆڵی نانخواردنەکە دادەنیشت و بێئەوەی چاو لە کتێبەکەی هەلگرێت نانی دەخوارد. باوەڕ ناکەم لەگەڵ هیچ یەك لە نەفەرەکاندا سڵاو و چۆنوچاکی هەبووبێت. ناوم نابوو"خوێنەرە چاوبرسیەکە".

نەمتوانی بەسەر هەستی فزولیمدا زاڵبم و چاوێکم بە کتێبەکانیدا خشاند. زۆربەیان نامەی گەورەوقورسی مافی گشتی بوون کە بەیانیان دەیخوێندنەوە، خەتی بەژێر هەندێك ڕستەدا دەهێنا و لەپەراوێزی دەقەکەدا تێبینی تۆمار دەکرد. لە فێنکایی

---

[١]. Salomon Hakim

دەمەوئێوارەدا ڕۆمانی دەخوێندەوە. لەنێو ئەو ڕۆمانانەدا، **جەمەکی** دایستۆڤیسکی شەیدای کردم. پێشتر هەوڵمدابوو لە بارانکیا لە کتێبخانەکاندا بیدزم، بەڵام نەمتوانیبوو. بەشێوەیەکی شێتانە ئارەزوی خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەم دەکرد. بیرم لەوە کردەوە داوا لە نەفەرە گۆشەگیرەکە بکەم بە ئەمانەت بمداتێ، بەڵام شەرمم کرد داوای بکەم. چەند ڕۆژرژێك دواتر، لە نێوان کتیبەکانیدا **موونی گەورە**[1] م بینی کە هێشتا هیچم دەربارە نەبیستبوو، بەڵام هەر زوو بووە یەکێك لەو شاکارانەی ئارەزوم دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا من تەنها خاوەنی ئەو کتێبانە بووم کە پێشتر خوێندبوومنەوە و بە بێتاقەتیەوە جارێکیتر دەمخوێندنەوە: **خیرۆمین**[2] ی نووسینی باوکی ڕۆحانی **لوویس کۆلۆما**[3]، کە هەرگیز نەمتوانی تەواوی بکەم، **ڕەشەبا**[4]، بەرهەمی **خۆسێ ئیۆستاسیۆ ریڤێرا**[5]، **لە ئاپێنینۆ تا ئاند**[6]، لە نووسینی **ئێدمۆند ئامیچیز**[7]، و فەرهەنگەکەی باپیرم کە زۆربەی کات بەشە جیاوازەکانیم دەخوێندەوە. ئەو خوێنەرە نائارامە، بەپێچەوانەوە، زیاتر لەوەی بتوانێت بیانخوێنێتەوە کتێبی هەبوو. شتێك هەیە تائێستا نەمدرکاندوەو ئێستا دەمەوێ دانی پیا بنێم کە ئامادەبووم دەستبەرداری هەموو شتێك ببم و لەباتی ئەوبم.

جاکی سەلاخ، سێهەمین نەفەری سەرنجڕاکێشی ئەو سەفەرەبوو، پێکەوە لە کابینەیەکدا بووین کە بەدەم خەوەوە چەندین کاتژمێر بە زمانێکی نامۆ و سەیر قسەی دەکرد. فرەبێژییە بێماناکانی وەك باگگراوەندێکی مۆسیقایی بوو کە حاڵ وهەوایێکی تایبەتی دەبەخشیە خوێندنەوەکانی بەیانیانم. خۆی دەیوت ئاگای لەوە نییە و نەیدەزانی بە چ زمانێك خەو دەبینێت، لەبەرئەوەی بە منداڵی بە شەش شێوەزاری جیاواز و تێکەڵاوی ئاسیایی لەگەڵ پەتبازەکانی سێرکدا قسەی دەکرد، بەڵام پاش مردنی دایکی، ئەو شێوەزارانەی بە تەواوەتی لە بیر چووەوە. بەتەنها زمانی نەمسایی زمانی دایکی خۆی لەبیر نەچووەوە، بەڵام دەرکەوت، بەدەم خەوەوە بەو زمانەش قسە ناکات.

---

[1]. El gran Meaulnes، ڕۆمانێك لەنوسینی ڕۆماننوسی فەرەنسی ئالان فۆرنیەر، کە لەساڵی ۱۹۱۳دا بڵاوکرایەوە و ناوەڕۆکەکەی بریتیبوو لە عیشق، بیرەوەری، سەرچڵی و هەڵوێی نەوجوانی.

[2]. Jeromin

[3]. Luis Coloma، قەشەی یەسوعی و نوسەری ئیسپانی.

[4]. La voragine

[5]. Jose Eustasio Rivera (۱۸۸۹ ـ ۱۹۲۸) شاعیر و ڕۆماننوسی کۆلۆمبی.

[6]. De las Apeninos los Andes

[7]. Edmundo de Amicis (۱۸٤٦ ـ ۱۹۰۸) نوسەری ئیتالی.

ئەوكاتانەی چەقۆ مەترسیدارەکانی چەور دەکردو بە زمان تیژیی ئەو چەقۆیانەی تاقی دەکردەوە، دەبووە نازدارترین ئەو مرۆڤەی بەدرێژایی تەمەنم بینیبووم.

تاقە گرفتی رۆژی یەکەمی سەفەرەکە لە چێشتخانەکە روویدا: داوای ئەوەی لە بۆیەکان کرد لە باتی نەفەرێك چوارنەفەر خواردنی بۆ بهێنن لەبەرئەوەی پێشئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست، لەبرساندا دەفەوتا. بۆیە کە رونیکردەوە کاتێك دەتوانێت داواکەی جێبەجێ بکات، کە لەباتی ئەو سێ نەفەرە زیادەیە پارە بدات، پێشی راگەیاند پارەکەشی بە کەمتر بۆ حساب دەکەن. چەقۆبازە بە هەلپەکە وتی چووەتە زۆر وڵات و لە هەموو شوێنێك ئەو مافەی مرۆڤیان بە رەسمی ناسیووە کە نابێت لێبگەرێن نەفەرەکان لە برسا بمرن. بە ناچاری بابەتی ناکۆکیەکەی بردە لای کەشتیەوانەکە، ئەویش بە شێوەزارێکی تەواو کۆلۆمبیایی فرمانی دەرکرد هەر ژەمەو دوو نەفەر خواردنی بدەنێ، بەلام زۆرجار بۆیەکان لە کیسەی خەلیفە دەیانبەخشی و دوو نەفەریتریان بۆ دەهێنا. سەرنجی هەموو نەفەرەکانی راکێشا، لەبەرئەوەی جگە لەبەشەکانی خۆی، ناخونۆکی لە قاپەکانی تەنیشتیشی دەدا و بەبێ شەرم و بەبێ فەرموو پاشماوەی خواردنی نەفەرە کەم خۆرەکانی مێزەکانی دەوروبەری فرێدەدایە چالی بەلای ورگیەوە. ئەوەندە زۆرخۆربوو تا مرۆڤ بەچاوی خۆی نەیبینیبا باوەڕی نەدەکرد.

من بێ ئیش بووم و نەمدەزانی لەو کاتانەدا چی بکەم، تا ئەوکاتەی لە **لاگلۆریا**[١]، گروپێك فێرخواز سواری کەشتیەکە بوون، کە هەر سێ و چواریان، بەزم و گۆرانی شەوانیان بەرپا دەکرد و ئاوازی عاشقانەی جوانیان دەوت. عەسران راهێنانمان دەکردو تا بەیانی بەرنامەی مۆسیقا و گۆرانیمان درێژەی دەکێشا. لە سایەی ئەو چالاکیە دڵنەوازەدا توانیم کاتژمێرەکانی بێزاریم چارەسەر بکەم: ئەوکەسەی گۆرانی نالێت، لەوە تێناگات گۆرانی وتن چ چێژێکی هەیە.

شەوێك لەو شەوانەی مانگەشەو دیاربوو، نالەیەکی دڵتەزێن کە لە کەنارەکەوە بەرگوێ دەکەوت لەخەو راپەڕاندین. **کلیمیا کۆندێ ئابیۆ**[٢]ی کەشتیوانی یەکێك لە دەریاوانە گەورەکانی وڵات، فرمانیدا بە بلاجکتۆر سەرچاوەی ئەو نالەوهاوارە بدۆزنەوە، دەرکەوت گایەکی دەریایی لە نێو لقوپۆپی درەختێکی شکاودا گیری کردبوو. مەلەوانەکان خۆیان هەڵدایە ناو ئاوەکەوە، ئاژەڵە داماوەکەیان بە گوریس گرێدا بە

---

١. La Gloria

٢. Climaco Conde Abello

پەڕەی کەشتیەکەوەو بەو شێوەیە توانیان ڕزگاری بکەن. بونەوەرێکی سەیر و شایستەی بەزەیی بوو، تێکەڵەیەك لە ژن و مانگا، بە درێژیی چوار مەتر. پێستە نەرمەکەی شین هەڵدەگەڕا و ژێر ورگی بە گووانە گەورەکانیەوە، ڕوخسارێکی ئەفسانەیی پێ دەبەخشی. یەکەمجار لە زمانی کۆکێندێی کەشتیەوانەوە بیستم گەر کوشتاری ئاژەڵەکانی ڕووبارەکە درێژە بکێشێت، دنیا ئاخر دەبێت، تەقەکردنی لە کەشتیەکەیەوە قەدەغە کرد.

هاواری کرد - **هەرکەس دەیەوێت ئاژەڵێك بکوژێت با بچێت لەماڵی خۆی ئەوکارە بکات، کەشتیەکەی من شوێنی ئەو کارانە نییە.**

١٩ی ژانوویە، حەڤدە ساڵ پاش ئەوە، یەکێك لەو ڕۆژە شومانەی لە بیرم ناچێتەوە: لە مەکزیك بووم کە هاوڕێیەك تەلەفۆنی بۆکردم و هەواڵی ئەوەی دامێ کە کەشتی هەڵمی دەیڤید ئارانگۆ لە بەندەری ماگانگێ گڕی گرتووەو بۆوە بە خۆڵەمێش. تەلەفۆنەکەم داختەوەو گەیشتمە ئەو ئەنجامە تاڵ و پڕئازارەی کە ئەو ڕۆژە کۆتایی ڕۆژانی لاویەتیم بوو، هەر پاش ئەوەش بیرەوەریە ڕەنگپەڕیو و نادیارەکانی ڕوباری دڵتەنگیەکان و هەڵچوونەکانم فرێدایە زبڵدانی فەرامۆشیەوە. هەنووکە ڕوباری ماگدالێنا بە ئاوی بۆگەن و ئەو ئاژەڵانەی بەزوویی لەناو دەچن، بە ڕوبارێکی مردوو دادەنرێت. پرۆژەی زیندوکردنەوەی ئەو ڕوبارە کە دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان، یەك لە دوای یەك، بەڵێنیان دابوو، بێئەوەی بچوکترین کاری بۆ بکەن، پێویستی بە ناشتنی نزیکەی شەست ملیۆن درەخت هەیە لەو زەویانەدا کە خاوەنەکانیان دەبێ، تەنها لەڕوی خۆشەویستی وڵاتەوە، چاو لە لەسەدا نەوەتی دەستکەوتەکانیان بپۆشن، تا ئەم خەیاڵە بەرگی ڕاستی بپۆشێت.

هەموو سەفەرێك وانەیەکی قوڵی فێر دەکردین، کە بەشێوەیەکی تێپەڕ بەڵام فەرامۆش نەکراو ژیانمانی بە گوندەکانی سەر ڕێگەی سەفەرەکەوە گرێ دەداو چارەنووسی هەندێکمان هەر لەوێدا نووسرایەوە. فێرخوازێکی بەناوبانگی پزیشکی بە بێ بانگهێشت چووە زەماوەندێکەوەو بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لەگەڵ جوانترین ژنی هۆڵەکە سەمای کرد، هاوسەری ئەو خانمە بە یەك فیشەك ئەو گەنجە داماوەی کوشت. یەکێکیتر لە هاوسەفەرەکانمان، پاش خواردنەوەیەکی سەرخۆشانە لە بەندەری بریۆ، خوازبێنی یەکەمین کچی کرد کە لەوکاتەدا پەسەندی کرد، تا ئێستاش لەوێ دەژی و لەگەڵ هەر نۆ منداڵەکەی بە خۆشبەختی دەژی. خۆسێ پالانسیای هاوڕێمان لە سوکرە، لە پێشبڕکێیەکی تەبڵ لێداندا لە **تێنریفێ**[١]، مانگایەکی بردەوە و هەر لەوێدا فرۆشتی بە

---

١. Tenerife

پەنجا پیرۆز، کە لەو سەردەمەدا پارەیەکی زۆر بوو. جارێکیتریشیان ئەوەدەمەی لە گەرەکی ناوبانگ خراپی **بارانکابێرمیخا**[1]ی ناوەندی نەوتی وڵات. **ئانخێل کاسیخ پالێنسیا**[2]ی کوڕە مامی خۆسێمان، لە سۆزانیخانەیەکدا بە دەم گۆرانی وتنەوە دۆزیەوە، کە ساڵێك پێشتر بەبێ هیچ ناونیشانێك لە سوکرە دیار نەمابوو. تا بەیانی لەسەر پارەی ئۆرکستراکە، لەوێ سەمامان کرد و خۆشمان گوزەراند.

ناخۆشترین بیرەوەریم دەگەڕێتەوە بۆ بارێکی دلگیری بەندەری بریۆ کە بەرپرسانی پۆلیس، بەدار من و سێ کەسیتریان لە بارەکە راکێشایە دەرەوە،و بێئەوەی شتێکمان بۆ رونبکەنەوە یان گوێمان لێ بگرن، بە تاوانی دەستدرێژی کردنە سەر فێرخوازێکی کچ، دەستگیریان کردین و بە پاڵ لەگەڵ خۆیان بەکێشیان کردین. کە گەیشتینە بەرێوەبەریەتی پۆلیس، تاوانبارە سەرەکیەکان گیرابوون بێئەوەی تەنانەت یەك زلەشیان بەرکەوتبێت: یەك دوو شەقاوەی ئەوناوەبوون کە هیچ پەیوەندیەکیان بە کەشتیەکەی ئێمەوە نەبوو.

لە دواهەمین لەنگەرگادا، بەندەری سالگار، دەبوو کاتژمێر پێنجی بەیانی، بەجلوبەرگی گەرمی تایبەت بە ناوچە شاخاویەکان، دابەزین. پیاوان بە چاکەت و پانتۆڵی مەخمەڵی رەش، سوخمە، کلاوی لێواردار و پاڵتۆ بەدەست وەك کەسانی گەورە و بەناوبانگ دەردەکەوتن، وەك ئەوەی لەماوەی نێوان گۆمە پڕ لە بۆق و روبارە بۆگەنە پڕ لە جانەوەرە تۆپیووەکان، ئاڵوگۆڕی کەسایەتی و شوناسیان کردبێت. کاتی پیادەبوون لە کەشتیەکە، توشی رووداوێکی لەپڕ و سەیر بووم. یەکێك لە خاتوونە ئاشناکانم، لە دواکاتەکانی سەفەرەکەدا، دایکمی قایل کردبوو کە بەتانیەکی خوری، کورسیەکی زیادە بۆ هەلومەرجە تایبەتیەکان و چەند وردە شتومەکی بێکەڵکی تر لە بوخچەیەکدا بپێچێتەوەو لەتەك هاماکایەکدا بیداتە دەستم و جەخت لەوە بکاتەوە بەباشی ئاگاداریان بم. هاوسەفەرە ژنیارەکانم ئەوکاتەی بینیان بەو بارگەوبنە لادێیەوە هەنگاوم نایە نێو لانکەی شارستانیەتەوە، دایانە قاقای پێکەنین و یەکێك لەهەرە بوێرەکانی نێوانیان کارێکی کرد کە بۆخۆم بوێریی ئەوکارەم نەبوو: فڕێدانە روبارەکەوە. دوا وێنەی ئەو سەفەرە کە لەبیرەوەریمدا ماوەتەوە، وێنەی بوخچەکە بوو کە لە روبارەکەدا دەخولایەوەو بەرەو نیشتیمانەکەی دەگەڕایەوە.

---

[1]. Barrabcabelmeja

[2]. Angel Casij Palencia

ئـەو شـەمەندەفەرەی لـە بەنـدەری سالگارەوە بـەرێ دەکـەوت چارەکی یەکـەمی سـەفەرەکەی بەشـێوەیەکی گریانـاوی بەسـەر کەلـە بەردینەکانـدا تێپەڕانـد، لـە سەرەوخوارکە توندەکاندا لانسی بۆ وەردەگرت و دواتـر وەك ئەژدیهایـەك بـە نرکـەنرك لێژ دەبووەوە. هەندێکجار بۆ سووککردنی باری شەمەندەفەرەکە پێویستبوو هەنـدێك لـە نەفەرەکان دابەزن و تا گەردەنەی دواتر بەپێ بڕۆن. گوندەکانی سەر ڕێگەکە غەمگینو پـڕ لـە ماتـەم و سارد دیـار بـوون، و لـە وێـستگە بـەتاڵ و دوورەدەسـتەکاندا جگـە لـەو فرۆشیارە هەمیشەییانەی لە پەنجەرەی واگۆنەکانەوە مریشکی بـرژاوی خـرت وخـۆڵ و پەتاتـەی سورەکراوی بـە لـەزەتیان پێشکەشی موسافیرەکان دەکـرد، کەسـێتر چاوەڕێی نەدەکردین. لەوێ بۆ یەکەمجار هەستم بـە حاڵـەتێك کـرد کـە نەناسـراو و شاراوە بـوو: سەرما.

خۆشبەختانە، دەمەوئێوارە لەپڕ دیمەنی ئاسۆ تـا دەشـتاییە سەرسـەوز و جوانـەکان، کە وەك دەریایەکی ئاسمانی وەهـا بـوون، دەردەکەوت. دونیـا نـوقمی هێمنیـەکی تێپـەڕ دەبوو. شەمەندەفەرەکەش حاڵوهەوایەکی تری پەیدا دەکرد.

"خوێنەرە چاوبرسیەکە"م بەتـەواوەتی فـەرامۆش کردبـوو کـە لـەناکاو سـەروکەلەی دەرکەوت و سەرلێشێواو و بەهەڵپە بەرامبـەرم دانیـشت. جێگـەی بـاوەڕ نـەبوو. یـەکێك لـەو گۆرانیانـەی لـە کەشـتیەکەدا دەمانـچڕی بـە تـەواوەتی کاریگـەریی لەسـەر بەجێهێـشتبوو، داوای لێکـردم پۆلێنەکـەی بـۆ بنووسمـەوە. جگەلـەوەی گۆرانیەکـەم بـۆ نووسـیەوە، شـێوەی وتنـەوەی گۆرانیەکەشـم فێرکـرد. بیرتیـژیی و ئامـادەیی لـە بـواری مۆزیکدا توشی سەرسامی کردمو ئەودەمەی یەکجار گوێی لەگۆرانیەکە گرت، بـە راسـتی و بەجوانی گۆرانیەکەی وتەوە، دەنگیم زۆر بەدڵ بوو.

بە دەنگێکی سەرخۆشانە و روخسارێکی گەشـەوە، هاواری کـرد ـ **دڵنیام گوێی لەم گۆرانیە بێت دڵی بۆم لێدەداتا**

بەوجۆرە لەهۆی شەوق و زەوقی تێگەیشتم. لەوکاتەوەی لەسەر کەشتیەکە گوێی لـە گۆرانیەکەمان ببوو، هەستی دەکرد، یان باشترە بڵێم دڵنیـابوو، دەتوانێـت بـەو گۆرانیـە، دەزگیرانەکەی سەرسام بکات و بیوروژێنێت، کە سێ مـانگ پێـشتر لـە بوگۆتـا لەیـەکتر دابڕابـوون و ئـەورۆژە عەسـر لـە وێـستگەی شـەمەندەفەرەکە چاوەڕێی دەکـرد. یـەك دووجار ئەوگۆرانیەمان وتبوو، گەنجە خوێنەرەکـەش زۆربـەی بەشـەکانی گۆرانیەکـەی لەبـەر کردبـوو دەیتـوانی بـەجۆرێك بیڵێتـەوە بـەڵام ئەوکاتـەی لەشـەمەندەفەرەکەدا بینیمـی بەتـەنها لەسـەر کورسـیەکەم دانیـشتووم، دەسـتبەرداری درەنـگ هەڵـچوونە خودیەکەی بوو و هاتەلام. منیش وێرامو بێئەوەی قسەیەك بێتـە پـێش، زۆر بـەدەنگی

بەرزو بێپێشەکی وتم بە بینینی کتێبێکی سەرنجڕاکێش و نایاب لەسەر مێزەکەی سەرم سووڕمابوو. بە ئاشکرا حەپەسا.

- کام کتێب؟

- جمك.

وتی **- هێشتا هەموویم نەخوێندوەتەوە. بەلام یەکێکە لە و رۆمانە سەرسوڕهێنەرانەی تا ئێستا گەیشتووەتە دەستم.**

جگەلەوە هیچیتری نەوت. لەبری گۆرانیەکە چەندینجار سوپاسی کردم و بەتوندی دەستی گووشیم و خواحافیزی لێکردم و رۆشت.

خەریکبوو تاریك دەبوو کە شەمەندەفەرەکە خێرایەکەی هێواش کردەوە، بە رێڕەوێکی داپۆشراو بە تەنەکەی ژەنگگرتوودا تێپەڕی و لە وێستگەیەکدا کە روناکیەکی کزی تێدابوو راوەستا. خێرا هەستامەوە، پێشئەوەی خەڵکی رێگەکە بگرن و بیکەنە قەرەباڵغی، لەکاتێکدا بەتوندی دەسکی جانتاکەم گرتبوو و بەدوای خۆمدا رامدەکێشا بەرەو جادەکە هێرشم برد. لەبەردەرکی دەرگای چونەدەرەوەی وێستگەکەدا بووم کە یەکێك هاواری کرد:

- کۆرەکە، کورەکە!

من و یەك دووکوڕی گەنجی تر و یەك دووپیاویش کە هێندە گەنجیش نەبوون ئاوڕمان دایەوە، لەوکاتەدا"خوێنەرە چاوبرسیەکە"کە پێ بە پێی من رای دەکرد، بە پاڵما تێپەڕی، بێئەوەی بوەستێت کتێبێکی دایە دەستم و بەجێیهێشتم.

هاواری کرد **- هیوادارم بەدڵت بێت** و لەنێو موسافیرەکاندا لەچاو ونبوو.

رۆمانی جمك بوو. ئەوەندە شلەژابووم کە تێنەگەیشتم چی روویداوە. کتێبەکەم خستە گیرفانی پاڵتۆکەمەوەو لە وێستگەکە چوومە دەرەوە، بای ساردی ئێوارە بە توندی روخساری گەستم. ئەوەندەی نەمابوو بکەوم. لەسووچێکدا جانتاکەم داناو لەسەری دانیشتم تا هەناسەیەك تازە بکەمەوە و بێمەوە سەرخۆم. لەسەر شەقامەکە باڵدارێکیش نەدەفڕی. تەنها تا سەر سوچەکەم دەبینی کە تەمومژاویی و خەمگین دەهاتە بەرچاو. سەرما توندەکە بازووەکانمی رەق دەکردەوە، بارانێکی ورد و خێرا بەر روخسارم دەکەوت، لەسەر بەرزایی چوارسەد پێو لەو کەشە بەستەڵەکەدا هەناسەدان ئاسان نەبوو.

لەکاتێکدا لەتاو سەرما وەك بی دەلەرزیم، نیو کاتژمێرێك چاوەڕێمکرد. بڕیاربوو سەروکەلەی کەسێك دەرکەوێت، لەبەرئەوەی باوکم تەلەگرافێکی بەپەلەی بۆ **دۆن**

ئەلیێسر تۆرز ئارانگۆ[1] ناردبوو، کە یەکێك بوو لەوخزمانەی بریاربوو ئاگاداری من بێت و سەرپەرشتی کارەکانم بکات. بەڵام لەو چرکەساتەدا ئەوەم بەلاوە گرنگ نەبوو کەسێك دێ یان نا، بەڵکو لەسەر جانتا وەك تابوتەکەم دانیشتبووم، بێئەوەی تەنانەت یەك کەسیش لەودیوو ئەو جیهانە پڕمەترسی و وەهم ئامێزەوە بناسم، تەنها دوودڵ بووم. لەناکاو، کەسێکی پایەبەرز و بەهەیبەت، بەچەترێکی هاوریشمی و پاڵتۆیەکی شیکی لە کورکی وشتر دروستکراو کە دەگەشتە سەر قولاپەی پێی، لە تەکسیەك دابەزی. هەرچەندە بەلاچاو تەماشایەکی کردم و بەتەنیشتمدا تێپەڕی، بەڵام ناسیمەوەو دڵنیابووم خزمی خۆمە، بەڵام نەموێرا بە ئاماژەیەك سەرنجی رابکێشم. وردەوردە بەروە وێستگەکە هەنگاوی نا و چەند خوولەکێك پاشتر هاتەدەرەوە، بێئەوەی هیچ ئاماژەیەکی داماوی و نائومێدی بەروخساریەوە دیار بێت. دواجار منی دۆزیەوەو بە پەنجە ئاماژەی بۆ کردم:

- تۆ گابیتۆی، وانییە؟

لە قوڵایی دڵمەوە وەڵامم دایەوە:

- بەڵی، ئارادەیەك دەکرێت بڵێم هێشتا خۆمم.

---

[1]. Don Eliecer Torres Arango

٤

بۆگۆتا لەوسەردەمەدا شارێکی دوورەدەستو خامۆش بوو کە لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە بارانێکی ورد و بێ ئامانی لێدەباری. ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەوەبوو کە لەسەر شەقامەکان هەندێك پیاو بە چاکەت و پانتۆڵی مەخمەڵی رەش و کڵاوی لێواردارەوە ـ وەك ئەو جلوبەرگانەی لەسەرتای چوونە ئەوشارەوە لەبەرمدا بوو ـ بەپەلە دەهاتن و دەچوون. لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت یەك ژنی سۆزانیش نەدەبینرا. چوونەژوورەوەی ژنان و هەروەها قەشەی جبەلەبەر و چوونەژوورەوەی خەڵکی بەجلوبەرگی سەربازیەوە، بۆ کافتریا نیمچەتاریکەکانی ناوەندی بازرگانی قەدەغە بوو. لەنێو تراموکاکان و ئاودەستخانە گشتیەکاندا، هەندێك پۆستەریان بە ناواخنێکی داخدارانەوە بەدیوارەکانەوە هەڵواسیبوو: "گەر لەخودا ناترسی لە سفلیس بترسە."

ئەو ئەسبە بەهێزانەی کە عەرەبانەی ئابجۆکانیان رادەکێشا، و ئەو چەخماخانەی تراموکاکان لەکاتی سوڕانەوە بەدەوری شەقامەکاندا فڕێیاندەدا و مرۆڤیان دەخستەوە یادی ئاگربازیەکان و رێگەگیرانەکانی شار لەوکاتانەدا کە ماتەمگێڕە پیادەکان لەژێر نمەنمی باراندا تابووت لەسەرشان بەرەو گۆرستانەکە دەڕۆشتن، هەموو ئەوانە بەلامەوە تازەبوون و کاریگەریان لەسەر بەجێدەهێشتم. مەراسیمی بەخاك سپاردنی مردووە خاوەن بنەماڵەکان، بە گالیسکەی شکۆدار و ئەسبی رازاوە بە بەیداخی مەخمەڵیو کڵاوی پەڕدارەوە، غەمگینتر دەهاتنە بەرچاو، لەبەرئەوەی خاوەن پرسەکان بەجۆرێك دەجوڵانەوە وەك ئەوەی داهێنەری مەرگبن. لەپەنجەرەی تەکسیەکەوە، لەبەردەم کڵێسای **لاس نیێڤیس**[١]، بۆیەکەمجار لەوشارەدا چاوم بە ژنێك کەوت بەتەنها لەسەر شاقەمەکە پیاسەی دەکرد. بالابەرز و ئەندام وردیلە بوو، سەربڵندیو شکۆمەندی شاژنێکی

---

١. las Nieves

تازیەباری هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو وێنە خەیاڵیە. بە ناتەواویی لەزەینمدا نەخشی بەست لەبەرئەوەی سەرپۆشێکی ئەستوور روخساری ژنەکەی دادەپۆشی.

دوچاری تەقیەنەوەیەکی دەروونی بووم. ئەو خانوەی شەوم تێدا بردەسەر گەورەو فراوان بوو، بەڵام باخچەی تاریکی داپۆشراو بە گوڵاڵەسورەی مەیلەورەش و ئەوسەرما توندەی رۆدەچووە مۆخی ئێسقانەوە حاڵو هەوای تارمایەکانی دەبەخشیە ئەو ماڵە. ماڵی بنەماڵەی **تۆرس گامبوا**[1] بوو کەخزم و کەسی باوکم بوون، بەڵام ئەوکاتەی بەجلوبەرگی ماڵەوە لەسەر مێزی نانخواردن کۆبوونەوە هەستمکرد نایانناسم. گەورەترین شتی سەیروسەمەرەی ئەوشەوە ئەوکاتەبوو کە چوومە ناو جێگەی نووستنەکەمەوەو یەکسەر راپەڕیمو هاوارم کرد لەبەرئەوەی نوێنەکان تەڕو سارد بوون. بۆیان رونکردمەوە هەموو کەسێك یەکەمجار توشی هەمان حاڵەت دەبێت بەڵام دواتر وردەوردە لەگەڵ ئاووهەوای نامۆی ئەوێدا رادێت. پێشئەوەی خەوێکی پەرێشان باڵ بەسەردا بکێشێت، چەند کاتژمێرێك بەبێدەنگی گریام.

چوار رۆژ پاش ئەوەی گەیشتمە بۆگۆتا، ئەوکاتەی بەپەلە، بەسەرماو نمەنمی باران، بەرەو وەزارەتی خوێندنی باڵا دەرۆشتم تا بۆ تاقیکردنەوەی نەتەوەیی پێشینەی خوێندن ناوم تۆمار بکەم، بارودۆخی رۆحیم زۆر لەسەرخۆ نەبوو و تەواو پەرێشانو دڵسارد بووم. ئەوکاتەی نزیك کاتژمێر دەی بەیانی بارانەکە خۆشیکردەوە، ریزی ناونووسینەکە دەگەیشتەوە نزێك دووبینایتر لەسەر شەقامی **خیمێنس دێ کسادا**[2] و تازە سەروکەلەی چەند داواکارێکیتر دەرکەوت کە لەژێر تاقی بیناکانی ئەوناوە پەنایان گرتبوو. بەمەحاڵم دەزانی لەو پێشبڕکێ پڕ لە ناحەزەدا شتێکم دەست بکەوێت.

کەمێك لە نێوەڕۆ تێپەڕیبوو، هەستمکرد یەکێك بەهێمنی دووجار کێشای بەسەر شانمدا. "خوێنەرە چاوبرسی"یەکەی کەشتیەکە بوو کە منی لەنێو داواکارەکاندا لەدواوەی ریزەکە بینیبوو، بەڵام من بەزەحمەت توانیم بیناسمەوە، لەبەرئەوەی کڵاوی لێواردار و بەرگە رەش و رازاوەکەی روخساری تەواو گۆڕیبوو. ئەویش بۆ چرکەیەك دووچاری گومان بوو دواتر لێیپرسیم:

- تۆ لێرە چی دەکەیت؟

هۆی ئەوەم پێوت.

---

[1]. Torres Gamboa

[2]. Jimenez de Quesada

لەکاتێکدا نەیدەتوانی قاقا پێ نەکەنێت، وتی - **چەند خۆشە! وەرە بڕۆین** - قۆڵی گرتم‌و بەرەو وەزارەت بەکێشی کردم. لەوکاتەدا تازە بۆمدەرکەوت کە دکتۆر **ئادۆلفۆ گۆمێز تامارا**[1]، بەڕێوەبەری نەتەوەیی پێشینەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بوو.

ئەو ڕێکەوتە بە یەکێك لە مەحاڵترینی ڕوداوەکان‌و گەورەترین خۆشهاتەکانی ژیانمی دەزانم. وەك فێرخوازە قسەخۆشەکان، منی وەك بەزەوقترین گۆرانیبێژی ڕۆمانسی بە هاوڕێکانی ناساند. قاومیان بۆهێنام‌و بەبێ هیچ گرفتێك ناویان لەنێو لیستی داواکاریەکاندا تۆمار کردم، هەڵبەتە پێشتر بۆیان ڕونکردمەوە کە ئەو کارمیان هیچ پێچەوانەی یاسا نییە، بەڵکو بەو باجەیان دەزانی کە دەدرێتە خوداکانی چارەنووس و ڕێکەوت، کە مرۆڤی بێدەستەلات لە دانایی ئیرادەو کارەکانیان حاڵی نەدەبوون. وتیان تاقیکردنەوەی دووشەممەی هەفتەی داهاتوو لە ئامادەیی **سەن بارتولومێ**[2] دەکرێت. مەزەندەی ئەوەیان دەکرد بۆ سێسەد و پەنجا بورسی خوێندن، نزیکەی هەزار کەس لە سەرتاسەری وڵاتەوە ناویان تۆمار بکەن، واتە بەو حسابە، ململانێیەکی سەخت و پڕمەترسیم لەپێشبوو، کە هیواوئاواتەکانمی لاواز دەکرد. ئەوانەی وەردەگیران، هەفتەیەك پاش تاقیکردنەوەکە، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە و ناونیشانی ئەو ئامادەییانەی بۆیان دەستینیشان دەکرا، ئاگادار دەکرانەوە. ئەو مەسەلەیە لەلای من شتێکی تازەبوو کە دوچارەی هەندێك کێشەی دەکردم، لەبەرئەوەی دوورنەبوو من بنێرنە مێدێین یان ناچاربم بچمە **فیچادا**[3]. ئەو بەڕێزانە بۆیان ڕونکردمەوە کە مەبەست لەو قورعە جوگرافیە دروستکردنی جوڵانەوەو ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی نێوان ناوچە جیاوازەکانی وڵاتە. پاش ئەوەی ڕێوڕەسمە ئیداریەکان تەواو بوو، گۆمێز تامارا بەگەرمی و خۆشەویستیەوە دەستی گوشیم، ڕێك وەك ئەوکاتەی لەبری گۆرانیە عاشقانەکە سوپاسی کردم.

وتی - **باش ئاگاداری خۆت بە لەبەرئەوەی لێرە بەدووا داهاتوو لەژێر دەستی خۆتدایە.**

لەکاتی هاتنەدەرەوە لە وەزارەت، پیاوێکی وردیلانە کە ڕوخساری لە ڕۆحانیەکان دەچوو، پێشنیاری ئەوەی دامێ کە بە پەنجا پیزۆ دەتوانێ بورسم بۆ وەربگرێت و حەزم لەهەر ئامادەییەك کرد لەوێ بخوێنم. لەتوانامدا نەبوو ئەوبڕەپارەیە بدەم، بەڵام دڵنیابووم ئەگەر ئەوبڕەپارەیەم هەبا، بەبێ تۆزقاڵێك دوودڵی مەرجەکەیم قبوڵ دەکرد،

---

[1]. Adolfo Gomez Tamara

[2]. San Bartolme

[3]. Vichada، ناوچەیەك لە کۆلۆمبیا لەنزیك ڕوبارێکەوە بەهەمان ناوەوە.

بۆئەوەی لە ترس ونیگەرانی تاقیکردنەوە رزگار ببم. چەند رۆژێك دواتر، وێنەیم لە رۆژنامەدا بینیەوە و بۆمدەرکەوت سەردەستەی هەندێك فێڵباز بووە کە لەنێو دەستەی قەشەکاندا، بە بەڵێنی درۆیینە لەسەر جێبەجێکردنی کاروباری نایاسایی لە دامودەزگا دەوڵەتیەکاندا، خەڵکیان فریوو دەدا، و پارەیان کۆدەکردەوە.

جانتاکەم نەکردەوە لەبەرئەوەی دڵنیابووم لەبۆگۆتا نامێنمەوە و بەرەو ناوچەیەکی دورەدەست ڕاەوانە دەکرێم. ئەوەندە لەبەرامبەر ئەو دۆخە رەشبینبووم کە شەوی تاقیکردنەوەکە لەگەڵ ژەنیارەکانی کەشتیەکە چومە بارێکی هەژارانە لەگەڕەکی کاولی **لاس کرۆسز**[1]. لەبری هەر گۆرانیەك پەرداخێك **چیچا**[2] مان وەردەگرت، ساردیەکی سووتێنەر کە لە هەڵماندنی گەنمەشامی دروستدەکرا و کۆنە مەیخۆرەکان کەمێك باروتیان بە مەزە لەگەڵدەخوارد بۆئەوەی زیاتر بیانگرێت. بەوشێوەیە گێژ و مەنگ بەدواکەوتنەوە گەیشتمە هۆڵی تاقیکردنەوەکە، بێئەوەی لەبیرمبێت شەوی پێشوو چیم کردوەو کێ منی بردۆتەوە ماڵەوە، بەڵام بەزەییان پێمدا هاتەوەو بەرەو هۆڵێکی پڕلەفێرخواز بەڕێیان کردم. بە چاوخشاندنێکی خێرا بە پرسیارەکاندا، تێگەیشتم پیاوی ئەو شەڕە نیم‌و دەبێت دەست لە پێشینەی خوێندن بشۆم. تەنها لەبەرئەوەی ماندووبوونی تاقیکەرەوەکان بەفیڕۆ نەچێت خۆم بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی زانستی کۆمەڵایەتیەوە سەرقاڵ کرد، کە بەڕواڵەت ئاسانتر دەهاتنە بەرچاو. لەپڕ وەك ئەوەی نوقمی بازنەیەکی ئیلهام بووبم و بە سەرپێیی هەندێك وەڵامی ڕاستم خستە سەر پەڕەکە و هەندێك فیشەکم نا بەتاریکیەوە کە هەرهەموویان بەشێوەیەکەی موعجیزەئاسا مەبەستیان پێکا. هەڵبەتە جگە لە بیرکاری، کە گەر خوداش بیویستبا، دیسانەوە لەتوانامدا نەبوو لەدەستی رزگار بم. بە بەرەکەتی تاقیکردنەوەی وێنە، کە زۆر خێرا بەڵام بەشێوەیەکی باش ئەنجامم دا، هەناسەیەکی خۆشیم هەڵکێشا. هاوڕێ ژەنیارەکانم دەیانوت: "**لەوانەیە لە موعجیزەکانی چیچا بووبێت**" بەهەرحاڵ، بەوپەڕی نائومێدی‌و بەحاڵەتی خۆبەدەستەوەدانێکی تەواوەتیەوە لە تاقیکردنەوەکە هاتمە دەرەوە و بڕیارمدا نامەیەك بۆ دایك‌و باوکم بنووسم تێیدا بەڵگەکانی نەگەڕانەوەم بۆ ماڵەوە رونبکەمەوە.

وەك ئەرکێك هەفتەی داهاتوو سەردانم کردەوە تا ئەنجامی تاقیکردنەوەکە وەربگرم. خانمی بەرپرسی بەشی وەرگرتن دیاربوو نیشانەیەکی تایبەتی لە مەلەفەکەمدابینی،

---

[1]. Las cruces (سەلیبەکان)

[2]. chicha، جۆرێك خواردنەوەی رۆحی هاوشێوەی بیرە کە لە هەڵماندنی گەنمەشامی بەرهەمدەهێنرێت.

لەبەرئەوەی بەبێ هیچ رونکردنەوەیەك یەکراست ناردمی بۆلای بەڕێوەبەرەکە. کەسێکی رووخۆشبوو، چاکەتی لەبەردابوو و بەندی سووری پانتۆڵەکەی زۆر دیارو بەرچاو بوو. بە وردبینی کەسێکی شارەزاوە نمرەکانمی بەراورد کرد، یەك دووجار توشی دوودڵی بوو بەڵام دواجار هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

لەژێر لێوەوە وەك ئەوەی بەدەم خۆیەوە قسە بکات، وتی - **خراپ نییە. تەنها بیرکاریەکەت زۆر باش نییە، بەڵام نمرەی بیستی وێنە فریاتکەوت و مەترسیەکە بەپەناگوێتدا تێپەڕی.**

پاڵیدایەوە بە کورسیە سپرینگەکەیەوەو لێی پرسیم بەنیازی چ ئامادەییەکیت.

دوچاری دوودڵیەکی مێژووی بووم، بەڵام چیتر ڕێگەم بە گومان نەدا:

- سەن بارتولومێ، لێرە لە بۆگۆتا.

دەستی لەسەر هەندێك کاغەزی کەڵەکەبووی سەر مێزەکەی دانا.

وتی - **هەموو ئەمانە نامەی ئەو کەسە کلك ئەستورانەن کە دەیانەوێت منداڵەکانیان، کەس و کارەکانیان و هاوڕێکانیان لە ئامادەییەکانی ئێرە وەربگیرێن.**

هەستی بەوەکرد نەدەبوو ئەوقسەیە بکات و لەدرێژەی قسەکانیدا وتی - **گەر گوێ لە ئامۆژگاری من دەگریت، بچیتە ئامادەیی نەتەوەی زیپاکیرا[1] لەبەرئەوەی لەهەمووشوێنیکیتر بۆ تۆ گونجاوترە و بە شەمەندەفەر تەنها کاتژمێرێك لە بۆگۆتاوە دوورە.**

تەنها ناوی ئەوشارە مێژووییەم بیستبوو، هەروەها دەشمزانی کانی خوێی لێیە. گۆمێز تامارا بۆی رونکردمەوە کە ئامادەیی ئەوشارە لەسەردەمی کۆلۆنیالدا دروستکراوەو موڵکی تیمێکی مەزهەبی بووەو بەهۆی ریفۆرمی لیبرالیانەی ئەوسەردەمەوە خستۆیانەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانو ئێستا گروپێك مامۆستای لاو و تازەگەر و ئازادبیر لەوێ وانە دەڵێنەوە. خۆم بەبەرپرسیار زانی تا لەو بەدحاڵی بوونەی ئاگاداری بکەمەوە.

ئاگادارم کردەوە - **باوکم کۆنەخوازەو دڵی بە لیبرالەکان ناکرێتەوە.**

دایە قاقای پێکەنین.

- ئەوەندە کورتبین مەبە! مەبەستم لە لیبراڵ ئەوەیە کە دیدگایەکی بەرینیان هەیە و بیر تەسك نیین.

خێرا گەڕایەوە سەر دۆخە هەمیشەییەکەی و وتی بەرژەوندی من خوێندن بوو لەو دێرەی سەدەی حەڤدەهەمدا کە ببووە ئامادەییەك بۆ بێ ئیمانە شاریەکان کە باشترین

---

[1]. Zipaquira

ڕێگەی بەردەوامی لەو ئامادەییەدا دەرس خوێندنبوو. لەڕاستیدا، بینا کۆنەکەی ئەو ئامادەییە کە هیچ لەنەمری نەدەگەڕا وبێئەوەی گوێ بداتێ درێژەی بەژیان دەدا. لەیەکەمین قۆناغی ژیانیدا، نووسراوێکیان لەسەر لەوحێکی بەردین بەسەر دەرگاکەیەوە هەڵواسیبوو کە ئەم ڕستەیەی لەسەر هەڵکۆڵرابوو : **بنچینە و بنەمای دانایی، ترسە لە خودا.** بەڵام ئەودەمەی دەوڵەتی لیبراڵی **ئالفۆنسۆ لۆپێز پومارخۆ**[1]ی سەرەك کۆمار، ساڵی ١٩٣٦، خوێندنی کردە نەتەوەیی، ناوی کۆلۆمبیا جێگەی ئەو نووسینەی پڕ کردەوە. ئەوکاتەی لەهۆڵی چوونەژورەوەی بیناکەدا، پاش بارگرانی جانتاکانم، هەناسەیەکم تازەکردەوە، بەبینینی حەوشە بچوکەکەی بەو تاقانەوە کە سەر بە دارشتنی سەردەمی کۆلۆنیاڵ بوون، و بەلەکۆنە دارینە سەوزەکانی و ئینجانە دیواریە دڵگیرەکانی، دوچاری بێزاری بووم. دەتوت لەوێ هەموو شتێك بەپێی پەیڕەویکردن لە بناماکانی کڵێسا بەڕێوەدەچێت و سەیری هەر قوژبنێکت دەکرد خێرا لەوە حاڵی دەبوویت کە لە سێسەدساڵ لەوە پێشەوە هیچ ژنێك بۆ پاك کردنەوە دەستی نەوازیشی بە هیچ قوژبنێکی ئەو بینایەدا نەکێشاوە. من کە بەهۆی ژیان لە ناوچەی بێ کۆتوبەندو یاسای کارایب ڕەفتارم خراپببوو، لە وێناکردنی ئەوەی دەبێت چوارساڵی چارەنووسسازی نەوجەوانیم لەسەردەمی قەدەغەکاریەکاندا ببەمەسەر، لەژێر سێبەری ترسێکی خنکێنەردا دەتلامەوە.

تائێستاش بە شتێکی مەحاڵی دەزانم کە ئەو دوونهۆمەی بیناکە، لەدەوری حەوشەیەکی بێدەنگ، و بینایەکی لەخشت دروستکراوی نیومناتەواو لەو پارچەزەویەدا چۆن بەشی شوێنی کارمەندەکان، نووسینگەی بەڕێوەبەر، بەشە ئیداریەکان و دەبیرخانە، ئاشپەزخانە، هۆڵی نانخواردن، شەش پۆل، تاقیگەی فیزیا و کیمیا، خەزێنە، ئاودەستەکان و شوینە گشتیەکانی نووستنی فێرخوازان بە قەرەوێڵەی ئاسنی چەند قاتەوە بۆ پەنجاو شتێك فێرخواز کە زۆربەیان بەکۆڵێك گرفتەوە لە دورەدەسترین ناوچە بێبەشەکانی وڵاتەوە خۆیان گەیاندبووە ئەوێ و تەنها ژمارەیەکی کەمیان خەڵکی پایتەختبوون، دەکرد. بەجێهێشتنی نیشیمانەکەم بە یەکێکیتر لە خۆشبەختیەکانم لەقەڵەم دەدا. لەو ڕێگەیەوە توانیم، خێرا و بەڕاستی، ئەو وڵاتە بناسم کە بەحوکمی چارەنووس لەم جیهانە بەرینەدا بە نسیبم ببوو. یەك دوو سێت کارایبی هاووڵاتیم، کە هەر لەسەرەتاوە منیان بەیەکێك لەخۆیان دەزانی و منیش هەمان هەستم لەبەرامبەر ئەوان پەیدا کرد،

---

[1]. Alfonso Lopez Pumarejo (١٨٨٦ ـ ١٩٥٩) سیاسەتمەداری کۆلۆمبی کە لەساڵی ١٩٣٤ەوە تا ١٩٣٨ و لە ١٩٤٢ تا ١٩٤٥ەوە سەرەك کۆماری ئەو وڵاتە بوو.

وەك ئەوەی چاوەڕوان دەكرا و شتێكی ئاشكرابوو، خۆیان لەپشت دیوارێكی نەبینراو و ئەستوورەوە لەوانیتر شاردەوە.

ئەو گروپە جیاوازانەی كە لەهەمان شەوی یەكەمەوە لەحەوشەكە كۆدەبونەوە نمونەیەكی دەوڵەمەند و نیشانەیەكی بەرجەستەبوون لە هەمەڕەنگی نەتەوەیی و كلتوری گەلەكەمان. تا ئەوكاتەی هەركەسەو لە سنوری خۆیدا دەمایەوە هیچ كێشەیەك ڕوی نەدەدا. هاوڕێیەتیە كاتیەكانم لەگەڵ كەنارنشینەكانی كاراییب بوەهۆی ئەوەی ئەو گروپەی ئێمە بە كەسانێكی قەرەباڵغ و ئەهلی سەما و گۆرانی بناسرێین و ئێمەش شانازیمان پێوەدەكرد. من لەو نێوانەدا تایبەتی بووم، **ئانتۆنیۆ مارتینس سییێرا**[1]ی خەڵكی كارتاخنا و پادشای بێ ڕەقیبی **ڕۆمبا**[2]، لەكاتی پشووی شەوانەدا، فێری سەما باوەكانی ئەوسەردەمەی كردم. **ڕیكاردۆ گۆنزالێس ڕیپۆل**[3]، هاوكاری سەرەكیم لە پەیوەندیە عاشقانە ونهێنی و سەرپێیەكاندا كە بووە ئەرشیفێكی بەناوبانگ، هەرگیز دەستبەرداری وتنەوەی گۆرانیە جوانە هەمیشەیەكەی نەبوو، تا كۆتایی تەمەن بەوگۆرانیەوە كە لەژێرلێوەوە دەیوتەوە، بەتەنها سەمای كرد.

مینچۆ بۆرگۆس[4]، ئەو پیانیستەی لەسكی دایكیەوە بە پیانۆژەنی لەدایك ببوو و دواجاریش بووە رابەری ئۆركسترای نەتەوەیی سەما، گروپی مۆزیكی قوتابخانەكەی بە بەشداری ئەو كەسانەی دەیانویست فێری ژەندنی سازێكببن دامەزراند و شێوازی وتنەوەی دوهەم بۆ گۆرانیە **ڤایناتۆ**[5]كان لەوەوە فێربووم. بەڵام بەرجەستەترین ئەوكارەی ئەنجامیدا فێركردنی **گیێرمۆ لۆپێس گرا**[6] بوو، ئەوبۆگۆتایە ڕەسەنەی كە لەهونەری ژەندنی ئاوازە كاراییبیەكاندا، لەسەر بنەمای ڕیتمی سێ دوو، سێ دوو، باش دەروشایەوەو ناوناوبانگێكی بۆخۆی پێكەوەنا.

هۆمبێرتۆ خایمیس[7]ی خەڵكی **ئالبانكۆ**[8]، فێرخوازێكی ماندونەناسبوو كە هەرگیز ئارەزویەكی بۆ سەماكردن دەرنەبڕی و ڕۆژانی پشووی كۆتایی هەفتەی لە ئامادەییەكە دەبردەسەر و سەرجەم كاتە بەتاڵەكانی بەفیدای دەرس خوێندن دەكرد. لەوباوەڕەدا

---

[1]. Antonio Martinez Sierra

[2]. rumba، ناوی سەمایەكی باوی ئەمریكای لاتینە و مۆزیك و گۆرانی تایبەتی خۆی هەیە.

[3]. Ricardo Gonzalez Ripoll

[4]. Mincho Burgos

[5]. Vallenato

[6]. Guillermo Lopez Guerra

[7] Humberto Jaimes

[8]. El Banco

بووم هەرگیز تۆپێکی دووگۆڵی نەبینیبوو و تەماشای هیچ یاریەکی وەرزشی نەکردبوو. تائەوەی دواجار لەبواری ئەندازیاریدا خوێندنی لە زانکۆی بۆگۆتا تەواو کرد و وەك فێرکاری راڤەکاری وەرزشی لە **ئالتیمپۆ**[1] دامەزرا، زۆرخێرا لەوبوارەدا پێشکەوت وبووە بەرێوەبەری بەشی وەرزشی و یەکێك لە پەیامنێرە بەرجەستەکانی تۆپی پێی ولات. بەهەرحاڵ، دەگمەنترین و بێوێنەترین بابەتێك کە لەبیرەوەریمدا ماوەتەوە مەسەلەکەی **سیلڤیۆ لۆنایە**[2]، گەنجێکی سەوزەروو و چاووبرۆرەشی خەڵکی **چۆکۆ**[3] کە خوێندنی لەبواری مافدا تەواو کرد و دواتر لەبواری پزیشکیدا خوێندی و بەڕواڵەت خۆی بۆخوێندن لەسێهەمین پسپۆری ئامادە دەکرد کە چیتر نەمبینیەوە و هیچ هەواڵێکیم بەدەست نەگەیشت.

دانییێل رۆزۆ[4] **ـ پاگۆسیۆ**[5] ـ هەمیشە وەك زانایەکی هۆشمەند رەفتاری دەکرد و ئاگاداری هەموو زانستە مرۆیی و ئیلاهیەکان بوو، و چ لەکاتی وانەکاندا و چ لەکاتی پشووەکاندا زانیاریەکانی خۆی نمایش دەکرد. هەرکاتێك دەمانویست لەباروودۆخی ژیان لەکاتی جەنگی جیهانیدا تێبگەین، دەچووینە سۆراخی ئەو، لەبەرئەوەی سەرچاوەکانی هەواڵ لەوکاتانەدا تەنها پڕوپاگەندە و قسەی ناو خەڵکی بوو، هاتنی رۆژنامەو گۆڤار بۆ ئامادەییەکەمان قەدەغە بوو و رادیۆشمان تەنها بۆ گوێگرتن لە مۆزیك و سەماکردن بەکاردەهێنا. هەرگیز لەوە تێنەگەیشتین پاگۆسیۆ چیرۆکی وردی نەبەردیە مێژوویەکانی، کە لەنێوانیاندا هەمیشە هاوپەیمانمان تێیدا سەرکەوتوو بوون، لەکوێوە دەردەهێنا.

سێرخیۆ کاستڕۆ[6] ـ خەڵکی **کیتامە**[7] ـ لەوانەیە باشترین فێرخوازی سەرجەم ساڵەکانی خوێندنی ئامادەییەکە بووبێت و هەرلەسەرتای هاتنیەوە بەردەوام باشترین پلەو نمرەی بەدەست دەهێنا، هەست دەکەم نهێنی سەرکەوتنەکانی هەمان ئەوشتەبوو کە مارتینا فۆنسیکا لە ئامادەیی سەن خۆزێ پێیوتم: زۆر بەووردی، وشە بەوشە، گوێی لەقسەی مامۆستاکان و هاوپۆلیەکانی دەگرت و لەبەری دەکردن و تەنانەت هەناسەدانی

---

1. El Tiempo
2. Silvio Luna
3. Choco
4. Daniel Rozo
5. Pagocia (رەد)
6. Sergio Castro
7. Quetame

ماموستاکانیشی لەلای خۆی تۆمار دەکردو دواجار هەموویانی بەرێکوپێکی لە دەفتەرەکەیدا پاکنوس دەکرد. رەنگە هەر لەبەرئەمەش لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا ناچار نەبوو خۆی ماندو بکات و رۆژانی پشوو، ئەوکاتانەی ئێمە وەکو کەر کۆششمان دەکرد، ئەو بەئیسراحەت چیرۆکی دەخوێندەوە.

هاورێی هەمیشەیی کاتەکانی پشووم و پارێزەری نهێنیە سۆزداریەکانم بۆگۆتاییەکی رەسەن بوو بەناوی **ئالڤارۆ رۆیێس تۆرس**[1] کە شەوان، ئەوکاتانەی وەك دووسەرباز لە حەوشەکەدا پیاسەمان دەکرد، باسی کاندیدا کاتیەکانمان دەکرد. هاورێکانی ترم بریتیبوون لە **خایمێ برابۆ**[2]، **ئۆمبێرتۆ گیێن**[3] و **ئالڤارۆ ڤیدال بارۆن**[4] کە لە ئامادابیەکە پەیوەندی دۆستانەمان پێکەوە هەبوو و تا ئەوسالانەی دواتر، ئەوەدەمەی هەنگاومان نایە نێو دونیای واقیعەوە، درێژەمان بە یەکتر بینینەکانمان دەدا و سۆراخی یەکترمان دەپرسی. ئالڤارۆ رۆییێس هەمیشە رۆژانی پشوو لەگەڵ خێزانەکەی سەردانی بۆگۆتای دەکرد و بەپاشەکەوتێکی باشی جگەرەو بە هەمبانەیەکی لێوانلێو لە هەواڵە خۆشەکانی ئەوکیژانەی ناسیبوونی، دەگەڕایەوە. لەو سەردەمەدا کە من و ئەو لەپۆلێکدا دەمانخوێند، منی تووشی هەردوو ئەو ئیشە قەدەغەو بەچێژانە کرد و لەم یەك دووساڵەی دواییدا بۆنووسینی ئەم کتێبە زۆر بەکەڵکم هات، لەبەرئەوەی جوانترین بیرەوەریەکانی خۆی پێسپاردم تا بەهۆی وەبیرهێنانەوەی رابردوو، باشتر هەستیان پێبکەم و بەنووسینەوەی روداوە بەچێژەکانی ئەورۆژانە چیرۆکەکم بەتامتر بکەم.

بەڕاستی لەبیرم نییە لەرۆژانی دیلیەتی"ئامادەیی نەتەوەیی"فێری چیبووم، بەڵام چوارساڵی تەمەنی پڕلەهاوڕێیەتی و لێکتێگەیشتن لەپاڵ هەموویاندا یارمەتیدام بۆئەوەی لەسەر نەتەوەکەم بگەمە دیدگایەکی یەکانگیر، ئەو راستیەم ئاشکرا کرد کە چەندە جیاوازبووین و چەندەش سوودمان بۆیەکتر هەبوو، و فێری شتێکبووم و هەرگیز فەرامۆشم نەکرد، کە چۆن لەنێو سەرتاپای بوونی هەریەکێکماندا، نیشتیمان شکۆدار دەکات. لەوانەیە مەبەستی کارمەندەکانی وەزارەت دەربارەی ئالوگۆڕی جوگرافیو کلتوریی، کە دەوڵەت نیازی پەرەپێدانی هەبوو، هەمان بوو بێت. لەنیوەی تەمەنمدا، ئەوکاتەی دەعوەت کرام بۆ کابینەی فرۆکەوانی فرۆکە ئۆڤیانوسبڕەکە، فرۆکەوانەکە

---

[1]. Alvaro Ruiz Torrez

[2]. Jaime Bravo

[3]. Humberto Guillen

[4]. Alvaro Vidal Baron

پێش هەموشتێك لێیپرسیم خەڵکی کوێم. بیستنی ئەوتاکە ڕستەییەی بەسبوو بۆئەوەی لەوەڵامدا پێی بڵێم:

ـ خەڵکی کەناری کاراییم، ئێوەش خەڵکی سۆگامۆسۆ[1].

ئاخر، حاڵەتی، هەڵسوکەوتی و ئاهەنگی قسەکردنی وەکو **مارکۆ فیدل بویا**[2] بوو کە لەپۆلی چوارەمی ئامادەییدا لەتەنیشتمەوە لەسەر کورسیەك دادەنیشت. ئەو زانینە لەناکاو و ئیلهام ئاسایە فێری کردم کە لەگێژاوەکانی ئەم کۆمەڵە مرۆییە لەناکاو و پێشبینی نەکراوەدا، بەبێ پەرگری‌و بەپێچەوانەی رەوتی ئاوەکەوە مەلەبکەمو چ جای شێوازە تایبەتیەکەم لەبواری نوسیندا ئەمشێوەیە بوو.

هەستم دەکرد نووستووم و ژیانم بەرێگەی راستدا گوزەر ناکات. لەبەرئەوەی مەبەستم لە وەرگرتنی پێشینەی خوێندن، درێژەدان نەبوو بەخوێندن بەڵکو دەمویست لەورێگەیەوە سەربەخۆییم بپارێزم و خۆم لەهەرجۆرە کۆتوبەندێك رزگار بکەم و لەهەمان کاتدا پەیوەندیە پرخۆشەویستیەکەم، بەشێوەیەکی باش، لەتەك بنەماڵەکەمدا بەردەوام بێت. دڵنیابوون لەوەی رۆژی سێ ژەم خواردن و سەرپەنایەکمان هەبوو بەسبوو بۆئەوەی ئەودۆخە هەژارانەیە لەژیانی نێو خێزانی خۆمان بەباشتر بزانین، لەبەرئەوەی سەربەخۆیی رێژەیی ژێر چاودێری ناراستەوخۆی سەرپەرشتیارانی ئامادەییەکەمان لە چەوساندنەوەی راستەوخۆ و ئاشکرای دایك و باوکمان بەباشتر دەزانی. لەهۆڵی نانخواردنەکەدا باوی مامەڵە و گۆڕین هەبوو هەرئەمەش بواری ئەوەی بۆ دەرەخساندین تا بەشە رۆژانەکەمان، تائەوشوێنەی دەکرا، بەپێی حەز بگۆڕین. لەوشوێنەدا پارە بایەخی نەبوو. ئەو دووهێلکەیەی بەیانیان دەیاندایێ خوازراوترین کاڵای ئەوبازاڕەبوو لەبەرئەوەی دەمانتوانی لەگەڵ هەرجۆرە خواردنێکی تردا بیگۆڕینەوە. هەرجۆرە خواردنێك بەخواردنێکی تری هاوتای خۆی دەگۆڕا و هیچ هۆکارێك نەیتوانی ئەو مامەڵە شەرعیە هەڵوەشێنێتەوەو رێك رۆیشتنی ئەو مامەڵە بازرگانیە تێکبدات. جگەلەمەش، لەبیرم نییە، لەماوەی ئەوچوارساڵەی خوێندنی ئامادەییدا، بەهۆی ئەو مامەڵانەوە، هیچ شەڕوئاژاوەیەك روویدابێت.

مامۆستاکانمان، کە لەهەمان هۆڵ بەڵام لەسەر مێزی تایبەتی خۆیان نانیان دەخوارد، بەوجۆرە مامەڵانە نامۆ نەبوون و رێگرییان نەدەکرد، لەبەرئەوەی هێشتا بیرەوەری رۆژانی خوێندنی خۆیان لەزەینیاندا نوێ‌و بەئاگابوو. زۆربەیان عازەب بوون یان بەجیا

---

[1]. Sogamoso

[2]. Marco Fidel Bulla

لەهاوسەرەكانیان دەژیان و مووچەكانیشیان تارادەیەك ئەوەندەی بورسەكەی ئێمە و كۆمەكیە خێزانیەكانمان كەم و بەشی نەدەكرد. ئەوانیش وەكو ئێمە بەرنامەی خواردنەكەیان بەدڵ نەبوو و تەنانەت جارێكیان خەریكبوو بەهاوكاریی هەندێكیان مان لەخواردن بگرین. تەنها هەندێك جار، ئەوكاتانەی دیاریەكیان بۆدەناردن یان لەدەرەوە میوانێكیان دەهات، رێگەیان بەخۆیان دەدا خواردنی خۆشتر داوا بكەن و یەكسانی و بەرابەری لەژێرپێ بنێن. لە پۆلی چوارهەمدا ئەوخووە بووەهۆی رووداوێك كە تەنزێكی رەش باڵی بەسەردا كێشا: پزیشكی ئامادەییەكە بەڵێنی پێدابین بۆ وانەی ئاناتۆمی دڵی گایەك بهێنێت. رۆژی دواتر دڵەكەی كە هێشتا تازەبوو و خوێنی لێ دەتكا، خستە نێو سەلاجەی چێشتخانەكە، بەڵام ئەوكاتەی پێش دەستپێكردنی وانەكە سۆراخمان كرد، دیار نەمابوو. بەمشێوەیە، دەركەوت لەكۆتاییدا، لەبەرئەوەی دڵی گاكە نەدۆزرایەوە، جەنابی دكتۆر، بەناچاری، بڕیاریدابوو لە وانەی ئاناتۆمیدا دڵی كرێكارێكی بێكەسوكار توێكاری بكات كە پێی خلیسكابوو لەنهۆمی چوارەمەوە كەوتبووە خوار و هەرلەوێدا مردبوو. چێشتلێنەرەكان ئەوكاتەی بینیان ئەودڵە بچوكە بەشی هەموان ناكات، بەوخەیاڵەی هەمان ئەودڵەیە كە كەبڕیاربوو بۆمامۆستاكانی لێبنێن، بەسۆسی بەلەزەتەوزە ئامادەیان كرد و خۆیان خواردیان. هەستدەكەم، ئەوپەیوەندیە نەرمونیانانەی نێوان فێرخوازان و مامۆستاكان كە دابڕاونەبوو لەگەڵ ریفۆرمی خوێندن لەوسەردەمەدا و هەرچەندە ئەوچاكسازیانە كاریگەریەكی كەمیان هەبوو و لەمێژوودا نیشانەیەكی كاڵیان تۆماركرد، بەڵام هەرهێچ نەبێت ئەوچاكیەیان هەبوو كە تارادەیەك باری رۆتین و یاسا قورسە ئیداریەكانیان سووك كرد. جیاوازیەكان و ناكۆكیەكانی دەرئەنجامی مەودای تەمەن كەمبوەوە، بەستنی بۆینباخ چیتر بەزۆر نەبوو و چیتر كەس لەبەرئەوەی مامۆستاكان و فێرخوازان پێكەوە دەمێك تەڕبكەن و شوێنی دانیشتنی شەوانی شەممانیان - كۆری سەما بۆ مێبازیی - یەك شوێن بێت، تورە نەدەبوو و ئەوكارەی بە شتێكی كەم نەدەزانی.

بەشێوەیەكی گشتی، تەنها لەوكاتانەدا ئەو كۆبونەوە گەرموگوڕە روویدەدا كە مامۆستاكان لەمیانەی پەیوەندیە تایبەتیەكانیاندا پابەندی بنەما توندەكان نەدەبوون. مامۆستای بیركاریەكەمان، بە زانایە بەرفراوان و گاڵتەوگەپە برینداركەرەكانی، وانەكانی دەكردە میوانیەكی مەترسیدار. ناوی **خواكین خیرالدۆ سانتا**[1] بوو و یەكەمین كۆلۆمبیایی بوو كە توانی بڕوانامەی دكتۆرای بیركاریی بەدەست بهێنێت. بەدبەختانە، سەرباری

[1]. Joaquin Giraldo Santa

هـەوڵی هـەردوولامان هـەرگیز نـەمتوانی سـوود و چـێژ لـە وانـەکانی وەربگـرم. لەوسەردەمەدا هەموان دەیانوت هەستی شاعیرانە لەتەك بیرکارییدا رێناکەوێتو ئەوەندە ئەو بۆچونە هەڵەیەیان دوبارە دەکردەوە کە دواجار مرۆڤ نەوەکو باوەڕی پێدەکرد بگرە بەتەواوەتی لەو ئەندێشە پووچ و بەتاڵەدا نوقم دەبوو. ئەندازە، لەروانگەی ئەوکەسانەوە کە لە بیرکاریی هەڵدەهاتن، میهرەبانتر و دلگیرتر دەهاتە بەرچاو، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە پلەوپایەکی نیمچە ئەدەبیانەی هەبوو. بەپێچەوانەوە، وانەی بیرکاریی دوژمنایەتیەکی وشكورەقی دەردەخست. تەنانەت ئەمڕۆش، بەمەبەستی لێکدانەوەیەکی زەینی، ناچارم ژمارەکان بەسەر چەند بەشێکی سادەتردا دابەش بکەم، بەتایبەتی ژمارەکانی حەوت و نۆ کە هەرگیز نەمتوانی خشتەی لێکدانەکانیان لەبەر بکەم. بۆنمونە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی حەوت و چوار، دوو لەحەوت دەردەکەم، چوار وپێنج پێکەوە کۆدەکەمەوە و دواجاریش، دوو لەگەڵ دەرئەنجامی ئەو کۆکردنەوەیە کۆدەکەمەوە: یازدە. خشتەی لێکدان بەلای هەمیشەییم بوو، لەبەرئەوەی هەرگیز نەمدەتوانی ئەوژمارانەم بیربکەوێتەوە کە لەزەینمدا بوو. هەموو خواستو ئارەزوم فیدای وانەی جەبر کرد، لەبەرئەوەی بە رەچەڵەکی زانستە کلاسیکیەکانم دەزانی و لەهەمانکاتدا، لەبەرامبەر مامۆستای ئەو وانەیە هەستی خۆشەویستی تێکەڵ بەترسم هەبوو. بەداخەوە هەوڵ و ئارەزوم ئەنجامێکی نەبوو. لەهیچکام لە سێ تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچووم، دووجار تاقیکردنەوەی خولی دوهەمم دایەوە، لەسێهەمین تاقیکردنەوەشدا، کەلەروی بەزەییەوە کرا بۆئەوەی هەلێکیترم بۆبڕەخسێنن، جاریکیتریش دەرنەچووم.

ئەو سێ مامۆستایەی تر کە نەمتوانی پەیوەندی هاوڕییەتیان لەگەڵدا گرێ بدەم مامۆستاکانی زمان بوون. لەپێش هەموویانەوە میستەر **ئابیا**[1]ی ماموستای زمانی ئینگلیزی: کاراییبیەکی رەسەن بە دەربڕینی ئۆکسفۆردی نایابو سەرسپێردراویو رێزێکی باوەڕدارانە بۆ فەرهەنگی **وێبستەر**[2]، کە بە چاوداخراوی سەرجەم وشەکان و ماناکانی ئەو فەرهەنگەی ریز دەکرد. جێگرەکەی، **هیکتۆر فیگێروا**[3]: مامۆستایەکی لاو بوو بەوپەڕی خۆشەویستیو گەرمیەوە بۆ پۆلێنکراوەکانی بۆلرۆ، کە لەکاتی پشوودا بەیەك دوو دەنگیەوە دەمانچڕین. هەرکارێکم لەدەست بهاتبا دەمکرد تا لەدەست خەواڵویی وانەکان رزگارم ببێت، بەلام هەستدەکەم ئەو نمرەباشەی لەتاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵدا

---

[1]. Abella

[2]. webster

[3]. Hector Figueroa

وەرمگرت، زیاتر لەوەی لەبەر شێکسپیر بێت، بەهاوکاری **لیۆ مارینی**[1] و **هیگۆ رۆمانی**[2] بوو، کە لەبەرهەمەکانیاندا گەلێك بەهەشتی زەمینی و خۆکوژی عاشقانەیان خولقاندبوو. مامۆستای زمانی فەرەنسی لەپۆلی چوارەمدا، موسیۆ **ئانتۆنیۆ یلا ئالبان**[3]، سەرنجی ئەوەی دابوو کە رۆمانە پۆلیسیەکان زمینیان ژەهراوی کردوە. وانەکانی، وەکو وانەی مامۆستاکانیتر بێزارکەر نەبوو، بەلام زاراوە **گشتیەکانی** کە جارناجار فێری دەکردین، دەساڵ دواتر لەپاریس بەکەلکم هات و بەهۆیانەوە لەبرسیەتی رزگارم بوو.

زۆربەی مامۆستاکان، لە پەیمانگای بالای مامۆستایان، بە بەرێوەبەرێتی دکتۆر **خوسێ فرانسیسکۆ سۆکاراس**[4] خوێندبوویان، ئەو دەروونناسەی خەلکی سەن سان جوان دێل سیسار کە هەوڵیدا دانایی باوەڕدارانە (هیومانیستی) لەبری شێوە فێرکاریی کلێسایی بەکار بهێنێت، کە دەستکەوتی سەدەیەك بوو لە دەسەلاتی دەوڵەتە پارێزکارەکان. **مانۆیێل کۆیۆ دێل ریۆ**[5] مارکسیەکی رادیکاڵ بوو کە - رەنگە هەر لەبەر ئەوە - ستایشی **لین یۆتانگ**[6]ی دەکرد و باوەڕی بە هەبوونی رۆح و تارمایی هەبوو. کتێبخانەی **کارلۆس جولیۆ کالدیرۆن**[7]، لەسایەی شکۆمەندی هاوولاتیەکەیدا **خۆزێ ئیۆستاسیۆ ریفێرا**[8]ی نووسەری رۆمانی **رەشەبا**، بەبێ جیاوازیی، بەرهەمە کلاسیکە یۆنانیەکان، و بەرهەمی ئەدیبە ناوخۆیەکانی پەیڕەوی بزوتنەوەی"بەرد و سپهر"و رۆمانتیکەکانی ئەوپەڕی جیهانی پێشکەش دەکرد. لەژێر سایەی هەردوو گروپەکە، ئێمەی خوێنەرە جدی و کەمەکان هەم نووسینەکانی **سەن خوان دێ لا کروز**[9] یان **خۆزێ ماریا ڤارگاس ڤیلا**[10] مان دەخوێندەوە هەم بەرهەمەکانی پەیامبەرانی شۆڕشی پرۆلیتاریی. **گۆنزالۆ ئۆکامپۆ**[11]، مامۆستای زانستی کۆمەلایەتی، لەژورەکەیدا کۆمەلەیەکی تا رادەیەك تەواوی کتێبە

---

١. Leo Marini

٢. Hugo Romani

٣. Antonio Yela Alban

٤. Jose Francisco Socarras

٥. Manuel Cuello del Rio

٦. Lin Yutang

٧. Carlos Julio Calderon

٨. Jose Eustasio Rivera (١٨٨٩ - ١٩٢٨) شاعیرونوسەری کۆلۆمبی.

٩. San Juan de la Cruz (١٥٤٢ - ١٥٩١) عاریفی ئیسپانی و ئەندامی فیرقەی کاری نەتەوەکان و یەکێك لە گەورە شاعیرەکانی سەدەی شازدەهەمی ئەو ولاتە.

١٠. Jose Maria Vargas Vila (١٨٦٠ - ١٩٣٣) رۆژنامەنوس و رەخنەگر و رۆماننوسی کۆلۆمبی.

١١. Gonzalo Ocampo

سیاسیەکانی هەبوو کە بەبێ هیچ مەبەستێکی خراپ، لەنێوان فێرخوازانی پۆلە بالآکاندا دەستاودەستیان پێ دەکرا، هەرگیز نەمتوانی لەوە تێبگەم بۆچی لە دوانیوەڕۆ گەرمو بێزارکەرەکانی وانەی ئابوریدا **سەرچاوەی خێزان، خاوەنداریەتی تایبەت و دەوڵەت** ی فریدریك ئەنگڵسیان دەخوێند و بۆچی لە وانەی ئەدەبدا، وەکو بەسەرهاتی مرۆڤایەتی نەیاندەخوێند. گێیرمۆ لۆپێز گرا لە کاتەکانی پشوودا **ئانتی دورینگ**ی ئەنگلسی، کە لە بەرێز **گۆنزالۆ** ئۆکامپۆ بە ئەمانەت وەری گرتبوو، بەئارەزوویەکی زۆرەوە خوێندەوە. بەلآم ئەوکاتەی من ویستم بەئەمانەت وەریبگرم تا دەربارەی لەگەڵ لوپێز گرا گفتوگۆ بکەم، ئۆکامپۆ وتی ئامادە نییە لەبەرامبەرم دلڕەقی بنوێنیّو ئەو بەرهەمە ئەستورەم بخاتە بەردەست کە بۆ پێشکەوتنی مرڤایەتی بایەخی بنەڕەتی هەبوو بەلآم ئەوەندە دورودرێژ و بێزارکەر بوو لەوانەبوو هەرگیز وەکو دەقێکی مەزن لەپانتایی مێژووی بیردا حسابی بۆ نەکرێت. چ جای ئەم ئالوگۆڕی بیروڕا ئایدۆلۆژیانە بوونەهۆی بەدناوی ئامادەییەکە و ئەو پڕوپاگەندەیەیان خستە سەرزاران کە ئەوێ تاقیگەیەکە بۆ گومڕاکردن و لەرێبەدەربردنی سیاسی لاوان. بەلآم، من نیوسەدە درێژەم پێدا تا تێگەیشتم کە ئەو هەڵسوکەوت و رەفتارە ئازادبیرانەیە و بەسادەیی وەرگرتنی مەسەلەکان ئەزموونێکی خۆهەڵقولآو بوون بۆ ترساندنی ئەوانەی رۆحیەتێکی لاوازیان هەبوو یان بۆ بەتاڵکردنەوەی بیروهۆشی فێرخوازە سەقامگیرەکان بوو لەهەرجۆرە پابەندیەکی سیاسی.

هەمیشە پەیوەندیم لەگەڵ کارلۆس جولیۆ کالدرۆن لەهەمووکەسێکیتر سەرراستر و گەرموگوڕتربوو. ئەو لەپۆلی چوارەمدا وانەی ئەدەبی جیهانی، لە پۆلی پێنجەمدا ئەدەبی ئیسپانی و لە سالّی شەشەمیشدا ئەدەبیاتی کۆلۆمبیایی پێدەوتینەوە. ئەوەی لەهەمووشتێك زیاتر دەبوەهۆی سەرسوڕمانم ژیانی ئەو مامۆستایە لەبواری خوێندن و سەلیقە سەمەرەکانی هەروەها ئەو عەشقەی بوو کە بۆ ژمێریاریی هەیبوو. لە **نیێڤا**[1]ی ناوەندی هەرێمی **هوێلا**[2] لەدایکببوو و هەرچەندە لەروی نیشتمانپەروەریو رەگەزپەرستی نەتەوەیەوە، بەبالآی خۆزێ ئۆستاسیۆدا هەڵیدابا، ماندونەدەبوو. بەناچاریی دەستبەرداری خوێندنی پزیشکی و نەشتەرگەریی بوو وئەورووداوەی بەگەورەترین شکستی ژیانی دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا حەزو ئارەزوویەکی بێسنووری بۆ

---

[1]. Neiva

[2]. Huila

ئەدەب هەبوو. یەکەمین مامۆستامان بوو کە دەستنووسەکانمی بە رەخنە هەڵسەنگێنراو و بەجێکانی لەبێخ وبنەوە هەڵتەکاند.

بەهەرحاڵ، پەیوەندیی نێوان فێرخوازان و مامۆستایان، نەتەنها لەپۆلەکاندا بەڵکو لەحەوشەی ئامادەییەکە و لەکاتی پشووەکان یان شەوانی پاش نانی ئێواران، شێوەیەکی تایبەتی پەیوەندیی بوو. ئەمەش دەبوەهۆی ئەوەی هەڵسوکەوتەکانمان جیاواز بێت لەوەی پێشتر خوومان پێوە گرتبوو، کە بێگومان لە دروستکردنی ئەو کەشە پڕلەرێز و هاوڕێیەتیەی تێیدا دەژییاین رۆڵێکی بەسوود و کاریگەری هەبوو.

بەهۆی گەیشتنی کۆمەڵەی تەواوەتی بەرهەمەکانی فرۆید بۆ کتێبخانەکە، دوچاری روداوێکی وروژێنەر بووم. رون و ئاشکرایە ئەوکاتانە هیچم لە شیکاریە تەمومژاویەکانی چنگ نەدەکەوت بەڵام شیکردنەوەی بابەتە سەرپێیەکان ئەوەندەی خەیاڵەکانی ژول ڤێرن سەرنجی رادەکێشام و تانیوەشەو بەدیاریەوە دادەنیشتم. جەنابی کالدرۆن داوای لێکردین بۆ وانەی دارشتن بەئارەزوی خۆمان چیرۆکێك لەسەر بابەتێك بنووسین. بیرم لەوەکردەوە بەسەرهاتی کیژێکی تەمەن حەوت ساڵە بنووسم کە دوچاری کێشەی دەرونی ببوو و ناونیشانێکی خۆبەگەورەزانانەم بۆ هەڵبژارد کە ناونیشانێکی شاعیرانەو ئەدەبی نەبوو"مەلەفی دەرون پەرێشانیەکی وەسوەسە ئامێزانە". مامۆستا ناچاری کردم لە پۆلدا بیخوێنمەوە. **ئاوڕلیۆ پریێتۆ**[1]ی هاوکورسیم بەبێ تۆزقاڵێك موجامەلە و بێپەردە رەخنەی ئەوەی لێگرتم کە بۆچی نادانانە و بێئەوەی زانیاری زانستی و ئەدەبی پێویستم هەبێت دەستم داوەتە بابەتێکی ئەوەندە ئاڵۆز. بەئاوازێکی توند، کە زیاتر لەوەی دان بەخۆدا گرتن بێت لە رق و کینە دەچوو، رونمکردەوە کە بابەتی چیرۆکەکەم لە بەسەرهاتێکی واقیعی وەرگرتوە کە فرۆید لە بیرەوەریەکانیدا شی کردوەتەوە و مەبەستیشم لەوە تەنها گێڕانەوەی بەسەرهاتێکبوو کە بەلامەوە سەرنجراکێش بوو. جەنابی کالدرۆن، کە رەنگە هەستی کردبێت بەهۆی رەخنەی توندی هەندێك لە هاوپۆلیەکانمەوە زویر بوبم، لە کاتی پشوودا منی بانگ کردە سووچێکەوە و دڵنەوایی دامەوە، وتی زویر نەبمو هانیدام درێژە بەو رێگەیە بدەم. بەباوەڕی ئەو، چیرۆکەکەم بەجوانی ئەوەی دەردەخست کە ناموم بە تەکنیکە مۆدێرنەکانی گێڕانەوە، بەلام لەبەرامبەردا، حەزوو ئارەزوم ئەو کەمیە پڕ دەکاتەوە. وتی شێوازی نووسینەکەتم بەدڵە و ئەوەشم بەلاوە پەسەندە کە ویستووتە کارێکی نوێ بکەیت. بۆ یەکەمینجار باسی هونەری رەوانبێژی بۆکردم. فێری چەند شێوازێکی پراکتیکی کردم کە بەهۆیانەوە

---

[1]. Aurelio Prieto

دەمتوانی بابەتی نوێ بخولقێنم و ئاشنای بنەما سەرەتاییەکانی شێعر نووسینی کردم بۆئەوەی گەر ویستم هۆنراوەگەلی بێ بانگەشە بنووسم، دواجار پێیوتم پێویستە سووربیت لەسەر نووسین تەنانەت گەر ئەوە لەپێناوی سەلامەتی دەرونیشتدا بووە بەردەوام بە. ئەمە یەکەمین گفتوگۆی دورودرێژی نێوانمان بوو و لەماوەی خوێندنمدا لەو ئامادەییە، گەلێك جار چ لە کاتی پشوودا و چ لەکاتە بەتاڵەکانی تریشدا، بەوردی پێکەوە دەمەتەقێمان دەکردو ئێستا وەکو نووسەرێك خۆم بەقەرزارباری ئەو دەزانم.

بارودۆخی ئامادەییەکەم بەدڵبوو. لەسەردەمی خوێندنەوە لە ئامادەیی سەن خۆزێ، ئەو خووەخراپەی کە هەرچیم دەست دەکەوت دەمخوێندەوە ئەوەندە لەدەرونمدا ریشەی داکوتابوو کە سەرجەم کاتە بەتاڵەکانم و سەرجەم کاتەکانی خوێندنم بۆ ئەوکارە تەرخان دەکرد. لەتەمەنی شازدە ساڵیدا دەمتوانی ـ بە رێنووسی هەڵە یان راست ـ بە یەك هەناسە ئەو شێعرانەی لە سەن خۆزێ فێریان ببووم لەبەر دوبارە بکەمەوە. لە پۆلدا، بەبێ هاوکاری و بێ بەرنامەو تارادەیەك هەمیشە بە نهێنی، گەلێك جار بەو شیعرانەدا دەچوومەوە. هەستدەکەم سەرجەم کتێبەکانی کتێبخانە وێنا نەکراوەکەی ئامادەییەکەم خوێندبووەوە، ئەو کتێبخانەیەش چیرۆکی خۆی هەبوو و ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لە پاشماوەی کتێبخانەکانیتر دروست کرابوو: کۆمەڵەی کتێبە رەسمیەکان، میراتی مامۆستا بێ زەوق و دڵ بریندارکراوەکان، و بەرهەمی نایاب و بەئاگاهێنەر کە خوا بۆخۆی دەیزانی لە هەراجی ماڵ ومولکی چ بەخت ئاوەژووبوویەکەوە بەدەست هاتبوون و لەوێوە سەریان دەرهێنابوو. ناتوانم **کۆمەڵە بەرهەمی لادێیی** بلاوکراوەی **مینیرفا**[1]، کە **دۆن دانیەل سامپیر ئۆرتێگا**[2] سەرپەرشتی دەکرد و وەزارەتی پەروەردە بەسەر قوتابخانە و ئامادەییەکاندا دابەشی دەکرد، فەرامۆش بکەم. سەد بەرگ بوون و بریتی بوون لەخراپترین و باشترینی ئەو بەرهەمانەی لەکۆلۆمبیا نووسرابوون. بریارم دا هەرهەموویان بەریز، تائەوشوێنەی هەناسەم بەبەردەوە دەما، بخوێنمەوە. ئەوەی تائێستا هێشتا بیرم پەرێشان دەکات ئەوەیە کە لەماوەی ئەودوو ساڵەی کۆتایی ئامادەییدا کە بریارەکەم جێبەجێ کرد و لەساڵەکانی تری تەمەنمدا بێئەنجام هەوڵمدا لەوەتێبگەم ئایا ئەوخوێندنەوەیە سوودی بۆم هەبوو یان هیچ بەکەڵکم هات؟

ئەو هەستەی دەمەوبەیان شوێنی نووستنەکەمان لەدەرونمدا دەیوروژاند، بەشێوەیەکی گومان ئامێز و تەمومژاوی، وێنای خۆشبەختی لە بوونمدا بەخەبەر

---

[1]. Minerva

[2]. Don Daniel Samper Ortega

دەکردەوە، ئەڵبەتە ئەمەش تەنها لەوکاتانەدا کە گەر دەنگدانەوەی ئازاردەری زەنگەکە -خۆمان وەهامان پێدەوت - کە کاتژمێر شەشی نیوەشەو بێوەستان لێدەدرا، تاوی لەبەر هەڵنەگرتبایەن. جگەلە یەك دوو دواکەوتووی ئەقڵی کە وەك ئیسپرینگ لە جێگەکانیان دەردەپەڕین بۆئەوەی پێش ئەوانیتر بگەنە گەرماو و کاتژمێر شەشی بەیانی خۆیان بخەنە ژێر ئاوی ساردی دوشەکانەوە، ئەوانیترمان ئەوەدەمەمان بەهەل دەزانی و چێژمان لە دوادلۆپەکانی خەوی دەمەوبەیان وەردەگرت، تا ئەوکاتەی سەروکەلەی ئەوماموٚستایە دەردەکەوت کە ئەوڕۆژە ئێشکگری چاودێریکردنی بەشەناوخۆیەکان بوو، بەدەم هاوار ونەڕەنەڕەوە بەتانیەکانی لێ دەکردینەوەو فرمانی لەخەورابوونی دەدا. دواتر نزیکەی کاتژمێرونیوێکمان لە خەلۆەتێکی ئاشکرادا دەبردەسەر و لەوماوەیەدا دەبوو جلوبەرگەکانمان کۆبکەینەوە، پێڵاوەکانمان بۆیاخ بکەین، و بەبێ پرتەوبۆڵە، جەستەی سڕبوومان بەو سەهۆڵە شلەی لە دووشەکانەوە دەچۆڕا بسپێرین و لەوکاتەشدا فێرخوازەکان بەهات‌وهاوار داخی دڵیان بەتاڵ دەکردەوە و گاڵتەیان بە بەڵا و کێشەی یەکتر دەکرد و بەیەکتر پێدەکەنین، نهێنیە عاشقانەکانیان ئاشکرا دەکرد، هەواڵی شەڕو ناکۆکیەکانیان بەیەکتر دەگەیاند و لەسەر مامەڵەی گۆڕینەوەی نانی بەیانی ڕێدەکەوتن. هەروەها بابەتی هەمیشەیی باسەکانی بەیانیانمان، ئەوشتانەبوو کە شەوەکەی خوێندبوومانەوە.

گیێرمۆ گرانادۆس[1] لە بەیانی زووەوە ئاوازە خۆشەکەو هەندێك تانگۆی وروژێنەری دەوت کە دەتوت هەرگیز تەواو نابن. من و ریکاردۆ گۆنزالێس ریپۆلی دراوسێم لە شوێنی نووستنەکەم، لەسەر ریتمی ئەو پەڕۆکۆنەی پێڵاوەکانمان پێ دەسڕی و دەمانکێشا بەلێواری سەرەوەی قەرەوێڵەکاندا، **گواراتاچا**[2]ی کارایبیمان دەوتەوە، و **ساباس کاراڤایۆ**[3]ی هاوڕێشم بەڕوتی بە خاولییەکەوە کە ئەندامە شەریفەکەی لەشی پێ دادەپۆشی، کە وەك چیمەنتۆی موسەلەح رەق ببوو، لەبەشەکەدا پیاسەی دەکرد.

گەر هەلیان بۆ هەڵبکەوتبا، زۆربەی فێرخوازانی شەوانەڕۆژی، بەیانیان زوو، خۆیان دەدزیەوە و دەچوونە ئەو ژوانانەی کە کۆتایی هەفتە بڕیاریان لەسەردابوو. نە پاسەوانی شەوانەمان هەبوو نە ماموٚستایەك کە بەرپرسی نەهاتنەوەمان بێت، هەر تەنها هەموو هەفتەیەك یەکێك لە ماموٚستاکان چاودێری بارودۆخی بەشەکەی دەکرد و **ریڤریتا**[4]ی

---

[1]. Guillermo Granados

[2]. Guaracha، ناوی جۆرە سەما و ئاوازی تایبەتی خۆی.

[3]. Sabas Caravallo

[4]. Riverita

کارگوزاری ئەبەدی ئامادەییەکە، سەرجەم ئەوکاتانەی کارەکانی جێبەجێدەکرد وەنەوزی دەدا و هەنـدێك جـار تەنانـەت بـە وەسـتانەوە دەنوسـت، هەرچـەندە بەڕواڵـەت بـەئاگا دیاربوو. لـەزۆرێکی بـچوکی ئەوسـەری هۆڵەکـە دەژیـا و بەباشـی کارەکـانی رادەپەڕانـد و هیچی بەکەموکوڕی بەجێ نەدەهێشت، بەڵام شەوان دەمانتوانی قوفڵە کۆنەکانی کلێساکە بکەینـەوە، و لـەدوای خۆمـان دایـان بخەینـەوە بێئـەوەی دەرگاکـان تـەواو جـووت بکـەین، شەوان لەماڵی خەڵکانی نەناسراو بەسـەرببەین و پـێش سـپێدە، بـە تێپـەڕین بەشـەقامە چۆڵ و سەهۆڵبەستوەکاندا بگەڕێنەوە بەشە ناوخۆیەکەمان. هەرگیز لەوە تێنەگەیـشتین کە ئایا بەڕاستی ریبیکا لەکاتی نووستندا وەك لاشەی مردویەك لێی دەکەوت یـان بـەدرۆ خۆی دەکرد بە نووستوو، بۆئـەوەی بـەو فێڵـە پڕلەخۆشەویـستیەی، ناراسـتەوخۆ، ببێتـە هاودەسـت وهاوکـاری فێرخوازەکـان. ئەوانـەی جارنـاجـار بەدزیـەوە دەچـوونە دەرەوە ژمارەیان کەمبوو، رازەکانیـشیان لـە بیرەوەری هاودەسـتە وەفادرەکانیانـدا دەرزا و لـەیاد دەچووەوە. هەندێك کەسم دەناسی کە بەردەوام ئـەوکارەیان دەکـرد بـەڵام ئـەوانیتر تـەنها جارێك بۆ تاقیکردنەوە، و لەبەر هەستی سەرکێشی، بوێرییـان نوانـدو چوونە دەرەوە و جارێکیتر دوبارەیان نەکردەوە. بەڵام هەرگیز نەمانبیست کەسێك ئاشکرا ببێتو بگیرێت.

لە ئامادەییەکە، تاقە گرفتێـك کـە لەگـەڵ فێرخوازەکـانیتردا هـەمبوو ئـەو کابووسـە تۆقێنـەر و غەمگینانـەم بـوو کـە لەدایکمـەوە بـۆم بـەجێمابوو و وەکـو نەرمیـەك کـە لەجیهانی مردووانەوە هەڵقوڵابێت، خەوی لەچاوی ئەوانیتر دەتۆراند. ئەوانـەی لـەنزیك قەرەوێڵەکەی منـەوە دەنووسـتن ئاشـنایەتیەکی کۆنیـان لەگـەڵ کابووسەکانمدا هـەبوو و بەتەنها بەیەکەمین هاوارم لەبێـدەنگی شـەودا رادەچـەنین. ئەوماموٚسـتایەی کـە سـەرەی ئێشکگرتنی بوو و لەژوورێکی بـچوکی لـە مەقـەبا دروسـتکراودا دەنووست، وەك ئەوانـەی بـەدەم خـەوەوە رێ دەکـەن ئەمـسەراوسەری بەشـەکەی بەسـەر دەکـردەوە و ئەوکاتـەی هێمنـی بـاڵی بەسـەر شـوێنەکەدا دەکێـشا دەگەڕایـەوە ژورەکـەی. کابووسـەکانم بەتـەنها خەونی ناخۆش نـەبوون بـەڵکو پەیوەنـدیان بـە ئـازاری ویژدانـەوە هـەبوو، لەبەرئـەوەی دووجار کە لەماڵە خراپەکاندا خەوم لێکەوتبوو بینیمنەوە. نەمدەتوانی لە نهێنیەکانیان تێبگـەم لەبەرئـەوەی دیمـەنی مەترسـیدار و تۆقێنـەر نـەبوون، بـەڵکو بەپێـچەوانەوە، هەندێك واقیعی خۆشبوون لەگەڵ هەندێك کەس و شـوێنی ئاسایی کـە لـەپڕ هۆکـارێکی نامۆ و شووم، بەشێوەیەکی بێگەردانە، لەنێوانیاندا دەردەکەوت. یەکێکیان تاڕادەیەك لەو کابووسە دەچوو کە زۆرجار دایکم دەیبینی: سەری کەوتبووە کۆشیەوەو ئەو ئەسپێیانەی دەدۆزی کە بێتاقەتیان دەکرد و لێنەدەگەڕان بنووێت. لەتاو ترس هاوارم نەدەکرد، بەڵکو هاوارەکانم، داوای کۆمەك کردنبوو لەخـەڵکی، تـا لـەڕوی بەزەییـەوە خەبـەرم بکەنـەوە و

کۆتایی بە هەڵچوونەکانم بهێنن. لە بەشە ناوخۆییەکە نەیاندەهێشت ترسم لەدڵدا بمێنێتەوە لەبەرئەوەی هەر لەگەڵ یەکەمین زریکەمدا، بارانی سەرین لە قەرەوێڵەکانی دەوروپشتمەوە بەسەرمدا دادەباری. بەهەناسە برکێوە لەخەو رادەپەڕیم، و خەریکبوو دڵم لە دەمەوە دەردەپەڕی، بەڵام دڵم خۆش دەبوو بەوەی دەمبینی هێشتا زیندوم.

باشترین بەرنامەی ئامادەیی شەوانەرۆژی، پێش نووستن خوێندنەوەی کتێب بوو بەدەنگی بەرز. ئەم بەرنامەیە لەلایەن جەنابی کارلۆس جولیۆ کالدرۆنەوە داهێنرا و بەچیرۆکێی مارك توین دەستی پێکرد، کە دەبوو فێرخوازانی قۆناغی پێنجەم بۆ تاقیکردنەوەی یەکەم وانەی رۆژی دواتر بیانخوێندبایەتەوە. جەنابی مامۆستا، کە لە ژورە مقەباکەدا دانیشتبوو، چواربەرگی چیرۆکەکەی بەدەنگی بەرز خوێندنەوە بۆئەوەی ئەو فێرخوازانەی بواری خوێندنەومیان بۆ هەڵنەکەوتبوو گوێیان لێی بێت. ئەو کارە ئەوەندە سەرنجی هەموانی راکێشا کە هەر لەوکاتەوە نەریتی کتێب خوێندنەوەی شەوانە بەدەنگی بەرز پێش نووستن پەرمیسەند وهەرگیز رانەوەستا. سەرەتا کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو لەبەرئەوەی مامۆستایەکی هەلپەرست و خۆنوێن و ریاکار پێوانەیەکی لەمەڕ هەڵبژاردن و سانسۆڕکردنی ئەو کتێبانەی بەسەرماندا سەپاند کە بڕیاربوو بخوێندرێنەوە، بەڵام سەرپەرشتیارانی ئامادەییەکە لەترسی نارەزایی دەربڕینی فێرخوازان دەستبەرداری ئەو مەسەلەیە بوون و چاویان بە پێشنیاری ئەومامۆستایەدا خشاندەوە و ملکەچی پێوانەی فێرخوازەکانی دواقۆناغ بوون.

سەرەتا بەنیو کاتژمێر دەستیان پێکرد. ئەو مامۆستایەی سەرە ئێشکگرتنی بوو، لەبەردەم ژورەکەیەوە کە دەکەوتە بەردەرکی شوێنی نووستنەکەمان و روناکیەکی باشی هەبوو، کتێبی بۆ دەخوێندینەوە و لەسەرەتادا کە بێتاقەت دەبووین، بە پرخەپرخی گاڵتەجاڕانە ـ بەڕاستی یان دروستکراو بەڵام زۆرجار لەجێگەی خۆیدا ـ بێدەنگمان دەکرد و رێگەمان پێنەدەدا درێژە بەخوێندنەوە بدات. دواتر، بەپێی سەرنجڕاکێشی چیرۆکەکە، بەرنامەکە تا کاتژمێرێك درێژ کرایەوە و وردەوردە فێرخوازانیان لەباتی مامۆستاکان دانا و هەموو هەفتەیەك فێرخوازێك ئەرکی کتێب خوێندنەوەکەی گرتە ئەستۆ. دەستپێکی رۆژانی خۆش بە **نۆستەر ئادامۆس و پیاوێك بەدەمامکی ئاسنینەوە**[1] بوو کە هەمووان بەبیستنیان چێژیان وەرگرت. ئەوەی تائێستا رونکردنەوەیەکی باشم بۆ نەدۆزیوەتەوە پەسەندکراوی سەرسوڕهێنەری **کوێستانی ئەفسووناوی** تۆماس مان بوو کە بومهۆی ئەوەی بەرپرسی کاروباری فێرخوازان دەست لەمەسەلەکە وەربدات و رێگە لەوە بگرێت

---

[1]. رۆمانێك لەبەرهەمی ئەلەکساندەر دۆما پێدر.

کە ئێمە لەچاوەڕوانی ماچی **هانز کاستۆرپ**[1] و **کلاودیا چایۆچات**[2]، تا بەیانی نەنووین. یان ئەو هەڵچوونە ناباو و چاوەڕوان نەکراوەی کە گفتوگۆی فەلسەفی پڕهات وهاواری نێوان **ناپتا**[3] و هاوڕێکەی **ستمبرینی**[4] وروژاند. بەجۆرێك کە هەمووان بەدانیشتنەوە لەسەر جێگەکانیان وشك بوون و گوێیان تیژ و بەوپەڕی ئاگاداریەوە سەرنجیان دەدا نەبا وشەیەکیان بەسەردا تێپەڕێت یان بەهەڵە لەرستەیەك تێبگەن. کتێب خوێندنەوەی ئەوشەوە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند و بە دەنگی چەپڵەڕێزانی فێرخوازان کۆتایی پێهات.

تاکە مامۆستایەك کە هەرگیز نەمتوانی لە کەسایەتی تێبگەم، و بەیەکێك لە ئاشکرانەکراوەکانی سەردەمی لاویەتیم مایەوە، بەڕێوەبەری ئامادەییەکە بوو. ناوی **ئەلیخاندرۆ راموس**[5] بوو، کەسێکی تورەو گۆشەگیر بوو، چاویلکە بن زێرپیاڵەییەکەی هەر لەچاویلکەی نابیناکان دەچوو، هەروەها پایەبڵندیە خۆرسکەکەی لە نێو هەر وشەیەکدا کە دەیهێنایە سەرزمان وەك مشتێکی ئاسنین بەر وەرگرەکەی دەکەوت. کاتژمێر حەوتی بەیانی لە حەشارگەکەی دەهاتە دەرەوە بۆئەوەی پێش چوونە ناو هۆڵی نانخواردنەکە چاوێك بە جلوبەرگەکانماندا بخشێنێت. هەمیشە چاکەت وپانتۆڵی لە رادەبەدەر پاکوتەمیز و رەنگ کراوەی لەبەردەکرد، یەخە ئوتوکراوەکەی کراسەکەی دەتوت لە (تلق) دروستکراوە، بۆیانباخی نەخشدار و رەنگاورەنگی دەبەستو پێڵاوەکانی وەك ئاوێنە دەبریسکایەوە. گەر بچوکترین کەمتەرخەمی لە پاکوخاوێنی یان نارێکوپێکی لە جلوبەرگ و جێگاکانماندا بەدی بکردبا، لەژێر لێوەوە دەیبۆڵاند و خێرا لەوە تێدەگەیشتین کە دەبێ بگەڕێنەوە شوێنی نووستنەکەمان و گرفتەکەمان چارەسەر دەکرد. ئیتر بەدرێژایی رۆژ خۆی لەژورەکەیدا زیندانی دەکرد و ئیتر چاومان بە بەژنە جوانەکەی نەدەکەوت تا بەیانی رۆژی داهاتوو لە هەمان کاتژمێردا یان تا ئەودەمەی کە لەگەڵ وتنەوەی وانە بە قۆناغی شەشەکان ـ ئەو تاقە فێرخوازانەی کە سێ رۆژ جارێك وانەی بیرکاریی پێ دەوتنەوە ـ لە نێوان نووسینگەکەی و پۆلەکەدا، بەپرتاو پیاسەی دەکرد. فێرخوازەکانی دەیانوت لەبواری ژمارەو بیرکاریدا بلیمەتە و لەکاتی وانە وتنەوەشدا قسەی خۆش دەکات و لە پلار و تانەوتەشەر پیاهەڵدانددا کەسی پێ ناگات و

---

[1]. Hans Castorp، کەسایەتی سەرەکی رۆمانی کوێستانی ئەفسوناوی.

[2]. Clawdia Chauchat، کەسایەتیەکی مێینەی هەمان رۆمانی سەرەوە.

[3]. Naptha

[4]. Settembrini

[5]. Alejandro Ramos

بەهۆی زانایی بەرفراوان و نیگەرانیە هەمیشەییەکانی لەمەڕ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ ئەوان دوچاری سەرسامی دەکات.

کەمێك پاش ڕۆشتنم بۆ ئەو ئامادەییە، ناچار بووم دەقی وتاری کردنەوەی یەکێك لە مەراسیمە ڕەسمیەکان بنووسم. زۆربەی مامۆستاکان بابەتە هەڵبژێردراوەکەمیان پەسەند کرد، بەڵام هەموویان لەوەدا یەك قسە بوون کە لەوجۆرە بوارانەدا بڕیاری کۆتایی بەدەست بەڕێوەبەرە. ژورەکەی لە نهۆمی دووهەم لەسەر قادرمەکان بوو، بەڵام لەوکاتەدا تاگەیشتمە بەردەم ژورەکەی، ئەو ماوەکورتە وەك سەفەرکردن بۆ ئەوسەری جیهان، بەپێی پیادە، درێژ و تاقەتپڕوکێن هاتەبەرچاوم. شەوی پێشوتری باش نەنووستبووم، بۆینباخی تایبەتی یەکشەمانم لەمل کرد و بەزۆر دوو پارو نانم خوارد. ئەوەندە بەهێواشی لەدەرگاکەم دا کە پاش سێهەم تەقە جەنابی بەڕێوەبەر دەرگاکەی بەڕوودا کردمەوە و بێئەوەی بەخێرهاتنم بکات ڕێگەی پێدام بچمە ژوورەوە. هێشتا هەر باشبوو، لەبەرئەوەی بەخێرهاتنە ساردوو سڕەکەی و جوانی و سەرنجڕاکێشی ژوورە رازاوەکەی، کە پڕبوو لە قەنەفەی لەداری هەرمباش دروستکراو و گۆشەو رووکەشی مەخمەڵی و کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێبی سەیروسەمەری بەرگ چەرم کە دیوارەکانی داپۆشیبوو، بەشێوەیەك کاریگەریان لەسەر دروستکردبوم کە دەنگم لەگەروم دەرنەدەهات و نەمدەتوانی وەڵامی بدەمەوە. بەڕێوەبەرە بەهێمنی و ویقارێکی ڕەسمیەوە چاوەڕێی کرد تا هەناسەیەك بدەم. ودواتر ئاماژەی بەکورسی بەرامبەر مێزی کارکردنەکەی کرد و خۆشی لەسەر جێگەکەی خۆی بەرامبەرم دانیشت.

ئەوقسانەی بۆ شیکردنەوەی هۆکاری ئەو دیدارە ئامادەم کردبوو تارادەیەك ئەوەندەی نووسینی دەقی وتارەکە کاتی بردبووم. بەبێدەنگی گوێی لەقسەکانم گرت، پاش هەموو ڕستەیەك سەری بە ئاماژەی پەسەندکردن دەجوڵاند، بێئەوەی تەنانەت بۆ چرکەیەکیش چاو لەو پەڕیە هەڵبگرێت کە بەدەستمەوە دەلەرزا و تەماشایەکم بکات. لەشوێنێکدا کە هەستمدەکرد قسەیەکی خۆشم کردووە بەهیوای ئەوەبووم زەردەخەنەیەکی شاراوەم پێشکەش بکات، بەڵام ئەوەنەبوو. سەرباری ئەمەش، دڵنیابووم بۆخۆی لەهۆکاری ئەو دیدارە بەئاگایە، بەڵام ئەرکی شیکردنەوەی ئەوەی خستە ئەستۆی من بۆئەوەی ڕێوڕەسمە ئیداریەکەی پاراستبێت.

ئەوکاتەی قسەکانم تەواو بوو دەستی درێژکرد و پەڕەکەی لێ وەرگرتم. چاویلکەکانی لابرد و زۆر بەوردی دەقەکەی خوێندەوەو دووجار لەسەر خوێندنەوەکە ڕاوەستا و بەقەڵەم چەند وشەیەکی دەستکاری کرد. دواتر چاویلکەکەوی لەچاو کردەوەوە بێئەوەی تەماشام بکات بەدەنگێکی گڕ کە دڵی داخورپاندم، دەستی بەقسەکرد.

وتی - **لێرمدا دوو هەڵەی تێدایە. جەنابتان نووسیوتانە:"بەهۆی خوگرتن بە کەشی دانەوێڵەیی وڵاتەوە، کە زانای ئیسپانیایی خۆزێ سلستینۆ موتیز[1]، لەسەدەی هەژدەهەمدا بەجیهانی ناساند، ژیان لەژێر سایەی هەژموونی شکۆمەندی حوکمڕانی ئەم ئامادەییەدا بە پاداشتێك لەسەر خۆمان دەزانین"بەڵام دەبێ بزانن کە خووگرتن بە دوو واو دەنووسرێت و شکۆمەندیش. . . . . ؟**

هەستم بە شەرمەزاری کرد. بۆ رەخنەی یەکەمیان وەڵامم پێ نەبوو، بەڵام بەبێ زەرەیەك گومان دڵنیابووم کە شکۆمەندی هەڵەی تێدا نییە. و خێرا بە پاشماوەی ئەوەی لە گەرومدا مابوو وەڵامم دایەوە:

- **داوای لێبوردن دەکەم جەنابی بەڕێوەبەر، بەڵام لە فەرهەنگدا شکۆمەندیی، بە دوو (ی) نوسراوە، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی لەبەر ئاسانی دەربڕین، بەهەڵە شکۆمەندی دەریدەبڕن، بەڵام بۆخۆیان ئاگاداری ئەو هەڵەیەی خۆیان نین.**

وابزانم ئەویش وەکو من لەبەرامبەر ئەو رەخنەیە پەست و شەرمەزار ببوو، لەبەرئەوەی لەوکاتەشدا هەر تەماشای نەکردم بەڵکو بێ ئەوەی قسە بکات، بۆ دۆزینەوەی فەرهەنگەکە بەرەو قەفەسەی کتێبەکان رۆشت. هەناسە لە سینەمدا زیندانی ببوو، لەبەرئەوەی هەمان ئەو قاموسەی دەرهێنا کە باپیریشم هەیبوو، بەو جیاوازیەوە کە ئەوەی ئەم نفتونوێ بوو یان رەنگە هەرگیز دەستی کەسیشی بەر نەکەوتبێت. خێرا لاپەڕەی مەبەستی کردەوە و چەند چرکەیەك بەسەرسوڕمانەوە لە وشەیەك وردبوەوە و بێئەوەی سەر لە لاپەڕەکە هەڵگرێت لێی پرسیم:

- **لە چ قۆناغێکدایت؟**

وتم - **قۆناغی سێهەم.**

بەتوندی قامووسەکەی داخست و بۆیەکەمجار تەماشای کردم.

وتی - **ئافەرین، بەمشێوەیە بەردەوام بە.**

لەورۆژە بەدواوە هەر ئەوەم کەمبوو هاوڕێکانم نازناوی پاڵەوانیشم پێوە بلکێنن، لەبەرئەوەی هەموویان بە تانەوتەشەرێکی ئاشکرا پێیان دەوتم"ئەو کەنارنشینەی بەجەنابی بەڕێوەبەری رابوارد". بەڵام ئەوەی لەمیانەی ئەو گفتوگۆیەدا کاریگەری لەسەر بەجێهێشتم ئەوەبوو کە جارێکیتر گرفتە تایبەتیەکەمی لەگەڵ رێنووسدا بەڕوودا هێنامەوە. هەرگیز نەمتوانی لەهۆکارەکەی تێبگەم. یەکێك لەمامۆستاکانم بەوقسەیەی

---

[1] Jose Celestino Mutis (١٧٣٢ - ١٨٠٨) ئەستێرەناس و گیاناسی ئیسپانی کە ماوەیەك زۆر لە کۆلۆمبیا ژیانی بردەسەر و لەسەر ناوچەی روەکی و گیاکانی کۆلۆمبیا لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا.

که سیمۆن بۆلیڤار، بەهۆی ڕێنووسە پڕلەهەڵەکانیەوە، شایستەی ئەوهەموو ناووناوبانگ و شانازیە نەبوو، دواتیری پێوەنام. هەندێکیتر، بەپێچەوانەوە، دڵنەواییان دەکردمو دەیانوت زۆرکەس هەمان کێشەی تۆی هەیە و پێوەی دەناڵێنێ. تەنانەت ئەمرۆش، هەرچەندە حەڤدە کتێبم بڵاو کردوەتەوە، هەڵەبڕەکانی نموونەی یەکەمی دەستنووسەکانم، لە ڕووی میهرەبانیەوە، هەڵە ڕێنووسیەکانم دەخەنە ئەستۆی هەڵەی چاپ.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی سیپاکیرا، بەگشتی، لەگەڵ زەوق وسەلیقە و هەڵسوکەوتی هەرتاکێکدا دەگونجا. ئەو کانەخوێیانەی ئیسپانیەکان دۆزیبویانەوە، یەکێکبوون لە ناوچە گەشتوگوزاریەکان بۆ سەیرانی ڕۆژانی پشووی کۆتایی هەفتە، کە پاشێلانەکەشی شێلم بەتەنوور وپەتاتەی بەخوێوە برژاو بوو. ئێمەی فێرخوازانی ئەوشەوانەرۆژیە، کە لە ئاژاوەگێڕی و بێ تەربیەتیدا ناوبانگێکی شایستەمان هەبوو، بەئەدەب و نەزاکەتێکی هونەرمەندانەوە بەدەم ئاوازە باوەکانی ئەو ڕۆژانەوە سەمامان دەکرد و بەوپەڕی زەوق جوانی شێتانەی دڵدارێکەوە عاشق دەبووین.

بەهۆی کاردانەوەیەکی خۆڕسکانە، هەرپاش بیستنی هەواڵی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی ڕژاینە سەرشەقامەکان و بەئاڵا و بەیاننامە و نەڕەی سەرکەوتوانە گوزارشتمان لە خۆشحاڵی و شادومانیمان دەکرد. کەسێك داوای کرد با یەکێك وتارێك بخوێنێتەوە و من بێئەوەی چرکەیەك بیربکەمەوە یان دوودڵبم، چوومە سەر بەلەکۆنی نادیەکە کە بەسەر گۆڕەپانە سەرەکیەکەدا دەیڕوانی و بەبێ خۆئامادەکردن بە هاوارەوە هێندە ڕەوان و بەگوڕوتینەوە ئەوەی بەمێشکمدا دەهات دەموت، کە زۆرکەس پێیانوابوو پێشتر ئەوقسانەم ئامادە کردووە.

ئەوە تاقە وتاربێژی سەرپێیی ماوەی حەفتاساڵ تەمەنی سەرەتای ژیانم بوو ـ کە هیچ هۆیەکیتری نەبوو جگە لە بێمێشکی و ناچاری و دوای ئەوە چیتر بوێریی دووبارکردنەوەی ئەوکارەم نەبوو. قسەکانم بە ستایشکردنی شاعیرانەی چوار زلهێزەکە کۆتایی پێهێنا، بەڵام لەهەمووقسەکانم زیاتر ئەوەی دەربارەی سەرەك کۆماری ئەمریکا وتم، کە ماوەیەك پێش ئەوە مردبوو، سەرنجی ئەوکەسانەی ڕاکێشا کە لە گۆڕەپانەکەدا کۆببوونەوە: "**فرانکلین دیلانۆ ڕۆزڤێلت**[1]، وەکو **ئال سید**[1]، توانی پاش مەرگ لەوجەنگەدا

---

[1] Franklin Delano Roosevelt (١٨٨٢ ـ ١٩٤٥) سیاسەتمەداری ئەمریکیی و سەرەك کۆماری ئەو وڵاتە لە ١٩٣٣ەوە تا ١٩٤٥. ئەو تاکە سەرەك کۆماری وڵاتەیەکگرتوەکان بوو کە هەڵی ئەوەی بۆهەڵکەوت سێجار لەدوایەك ببێتە سەرەك کۆمار.

سەربکەوێت. "[1]ئەو رستەیە بۆچەند رۆژێك وێردی سەرزمانی خەڵکی شار بوو و لەسەر ریکلامی سەرشەقامەکان و لەژێر وێنەکانی رۆژڤێلت، کە لەجامخانەی زۆربەی دوکانەکاندا دەبینرا، نووسرایەوە. بەمشێوەیە، یەکەمین سەرکەوتنی گشتیم نە وەکو شاعیر و رۆماننووس بەڵکو وەك وتاربێژێك ـ و لەوەش خراپتر، وتاربێژی سیاسی ـ بە نسیببوو. لەوەبەدوا، مەحاڵبوو مەراسیمێکی رەسمی لەئامادەییەکە سازبکرێت، من بۆ وتارخوێندنەوە نەنێرنە سەرەوە، بەوجیاوازیەی کە قسەکانم لەرووی ئەو دەقانەوە بوو کە بچوکترین وردەکاریەکانی پێشتر هەڵبڕی کرابوون.

بەتێپەڕینی کات، ئەو بێ پەروایيە لە قسەکردندا بووبە هەراس و ترسی قسەکردن لە نێو کۆمەڵ، بەجۆرێك کە هەندێك جار زمانم دەوەستا و وشەکان لەنێو دەممدا دەئاوسان: هەم لە ئاهەنگی زەماوەندەکاندا توشی ئەوکێشەیە دەبووم و هەم لەوکاتانەدا کە لە بارەکاندا ئەوەندە لەبادەنۆشی لەتەك سورپێستە کێونشینە پۆپەشمین پۆش و (چارق) لەپێکاندا زیادەڕەویمان دەکرد کە مەست و دەم کراوە لەسەر عەرد لێی درێژ دەبووین، بەهەمان شێوە، لەماڵی **بێرنیسێ**[2]، کە جوانیەکەی بێوێنەبوو و شانسی هەبوو شووی بەمن نەکرد، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی شێتانە کەسێکیتری خۆش دەویست، یان جاریکیتر لە تەلەگرافخانە ئەوکاتەی چاوم بە **ساریتا**[3]ی لەبیرنەکراو دەکەوت: ئەوکیژە جوانەی کە لەوێ کاری دەکرد و ئەوکاتەی باوك و دایکم لەناردنی پارە بۆم دوادەکەوتن و دەستکورتبووم، پارەی تەلەگرافە بەپەلەکانی بە قیست لێ وەردەگرتم و چەندجارێکیش پێشوەخت برِی ئەوحەواڵە پۆستیانەی دەدامێ کە بڕیاربوو بۆمی بنێرن و لەدەست نیگەرانی بێ پارەیی رزگاری دەکردم. بەڵام فەراموش نەکراوترینی ئەو کچانە مەعشوقەی کەس نەبوو، بەڵکو پەری خەیاڵ ورووژێنەری عاشقانی شیعر بوو. ناوی **سیسیلیا گۆنزالێس پیزانۆ**[4] بوو، بیرتیژی و قسەخۆشی و ئازادبیریەکەی ـ سەرباری بیروباوەڕە پارێزکارانەی بنەماڵەکەی ـ و بیروهۆشە سەرسوڕهێنەرەکەی بۆ لەبەرکردنی شیعر لەسەر زمانی هەموان بوو. لەگەڵ پوری، کە قەیرەکچێکی ئەشرافزادەبوو،

---

[1]. el Cid Campeador، نازناوی رۆدێریگۆ دیاز ڤیڤاری پاڵەوانی نیمچە مێژوویی‌و نیمچە ئەفسانەیی ئیسپانی کە شەوێك پێش جەنگێکی چارەنوسساز ئەودەمەی خەریکبوو دەمرد داوای کرد بۆ سبەی لاشەکەی بەسەر ئەسپێکەوە هەڵببەستن بۆئەوەی ورەی سەربازەکانی نەبەزێت و بەهۆی ئەوفێڵەوە، هێزە ئیسپانیەکان بە فەرماندەیی سەردارێکی مردووەوە لەگۆڕەپانی جەنگەکەدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

[2]. Berenic

[3]. Sarita، بچوکراوەی سارا.

[4]. Cecilia Gonzalez Pizano

لەبەرامبەر ئامادەییەکە، لە بینایەکی گەورەی سەردەمی کۆلۆنیالدا، لەباخچەیەکی پڕلە ڕوەکی گوڵەبەڕۆژە، دەژیا. سەرەتا، پەیوەندیمان تا سنوری ئامادەبوون لە کۆڕە ئەدەبیەکان تێنەدەپەڕی، بەڵام دواجار سیسیلیا بوو بەیەکێك لە هاوڕێ هەمیشەیی و نزیکەکانم کە بەردەوام قاقا پێدەکەنی و دواجار توانی، بەهاوکاری هەموو هاوپۆلیەکان، بەدزیەوە بێتە پۆلی وانەی ئەدەبی مامۆستا کالدرۆنەوە.

ئەوکاتەی لە ئاراکاتاکا نیشتەجێبووم، گەورەترین ئارەزوی ژیانم ئەوەبوو لەبازاڕێکی ساڵانەوە بچم بۆ بازاڕێکی ساڵانەیتر، ئۆکۆردیۆن بژەنم و بەدەنگی خۆش گۆرانی بڵێم، لەبەرئەوەی هەمیشە لەوباوەڕەدابووم کە ئەوە کۆنترین و دڵگیرترین شێوازی چیرۆك گێڕانەوەیە. گەر دایکم چاوپۆشی لە پیانۆ ژەندن کردبوو بۆئەوەی منداڵەکانی بەخێو بکات و باوکیشم کەمان ژەندنی بەلاوەنابوو تا ورگی ئێمە تێر بکات، دەبو بەپێی حوکمی مەنتیق هەر هیچ نەبێت کوڕە گەورەکەیان نەریتە خێزانیەکەیان زیندوو بکاتەوە و لەبەر مۆسیقا بەژیانێکی مەمرەو مەژی رازی بێت و بەدرێژایی ژیان بەشی چۆلەکەیەکەی هەبێت. جارێکیان بەڕێکەوت، وەك گۆرانیبێژ و ژەنیاری (تیپلە)، لەگەڵ گروپی مۆزیکی ئامادەییەکە بەشدارییم کرد، دەرکەوت کە گوێیەکی باشم هەیە و دەتوانم هەم فێری ژەندنی سازێکی ئاڵۆزتر ببم و هەم گۆرانیش بڵێم.

هیچ جەژنێکی نیشتیمانی یان مەراسیمی رەسمی لە ئامادەییەکەدا نەدەکرا من بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕۆڵی خۆم تێدا نەبینیبا و بەردەوام ئەو بەشداریانەم بە قەرزاریاری مامۆستا **گیێرمۆ کیڤێدۆ سۆرنۆسا**[1] دەزانی، ئاوازدانەر و پیاوی بەناوبانگی شارەکە، رابەری هەمیشەیی ئۆرکسترای شارەوانی و دانەری "گوڵاڵە سورە"ـ کە لەکەناری جادەکە دەڕوێت و وەك دڵێك کە خوێنی لێ دەچۆڕێ سوورە - گۆرانیەکی گەنجانە کە کاتی خۆی ڕۆحی هەموو شەوبێداریە عاشقانەو سۆناتاکان بوو. یەکشەممان پاش مەراسیمی پاڕانەوە، لەو کەسانە بووم کە لەپێش هەموانەوە بە پارکەکەدا دەپەڕینەوە تا بیسەر و بینەری بەرنامە مۆسیقیەکەی بن، کە هەمیشە بە **خرۆشانی گەرداو** دەستی پێدەکرد و بەهاودەنگی چەکوشەکانی ئۆپێرای **ئیل تێرواتۆری**[2] کۆتایی پێدەهات. مامۆستا هەرگیز لەوە تێنەگەیشت و منیش هەرگیز نەموێرا پێی بڵێم کە ئارەزوی ئەوساڵانەم ئەوەبوو کە وەکو ئەوبم.

---

١. Guillermo Quevedo Zornosa

٢. Il trovatore (گۆرانیبێژ) ئۆپێرایەك لە بەرهەمی ئاوازدانەری ئیتالی جوزێبێ ڤێردی کە لەساڵی ١٨٥٣دا دارێژرا.

ئەوکاتـەی ئامادمیيەکـە داوای ژمارەیـەك خۆبەخـشی کـرد تـا لـە خـولێکی ناسـینی مۆسیقا بەشداری بکەن، مـن و گیێرمـۆ لۆپێس پـێش هـەموان دەسـتمان بـەرز کـردەوە. خولەکە بەیانیانی شەممان دەوترایەوە و فێرکردنی ئێمە لەئەستۆی پرۆفیسۆر **ئاندێرس پاردۆ توبار**[١]ی بەڕێوەبـەری یەکـەمین بەرنامـەی مۆسـیقی رادیـۆی"دەنگی بۆگۆتا"بـوو. تەنانەت یەك لەسەر چواری هۆڵی نانخواردنەکەمان داگیر نەدکرد کە بۆ ئەوکارە تەرخان کرابـوو، هـەروەها هـەر لەسـەرەتاوە رەوانبێـژی پەیامبەرئاسایانەی سـەرنجی راکێـشاین. رێکپۆش بوو، بـە چاکەت وپانتۆڵی تایبـەت بـە میوانداریـە شـەوانەکان و بـە سـوخمەی کورتی تەسك و دەنگە مۆسیقی و جوڵـە هاوسـەنگەکانیەوە، رواڵـەتێکی جوان و دڵگیری هـەبوو. ئـەوەی ئەمڕۆکـە بـەهۆی کۆنیـەوە بـەتازەو نـوێ لەقەڵـەم دەدرێـت، گرامافۆنـە قورمیشیەکەی بوو کـە شـارەزایانەو بـە عەشـقەوە، وەکـو راهێنـەری بـەرازە دەریایـەکان، کاری پێدەکرد. فێرکردنەکەی لەسەر بنەمای ئەوگریمانەی ـ ئێمە هـەموو وەها بـووین ـ فێرخوازەکـان سـەرەتایین، دارشـت. لەسـەر هـەمان بنـەما، وانـەکانی بـە **کەرنـەڤاڵی ئاژەڵەکان**ی بەرهەمی **سەن ـ ساین**[٢] دەست پێکرد، کە بە وێناکردنی زیرەکانە کەسایەتی ئاژەڵەکانی بۆ دیاریی دەکـردین. دواتـر نۆبـەی **پیتـەر و گـورگ**ی بەرهـەمی **پرۆکۆپیۆف**[٣] بوو. گرفتی جەژنی پڕلەشادومانی بەیانیانی رۆژانی شەممە ئەوەبوو کە بوەهۆی ئـەوەی خۆشەویستی بەرهەمی مامۆستا گەورەکانی مۆسیقا بە خوویەکی خراپی نهێنی بـزانم و شـەرمی لێ بکـەم و گـەلێك سـاڵ تێپـەڕی تـا تـوانیم خـۆم لـە بەنـدی جیاکـاریی سەرکوتکەرانەی نێوان مۆسیقای باش و خراپ رزگار بکەم و هیچ جیاوازیەکیان لەنێواندا نەکەم.

تا ساڵێك دواتر، کە جەنابی بەڕێوەبەر ئەرکی وتنەوەی وانەی ئەندازەی فێرخوازانی قۆناغی چوارەمی گرتە ئەستۆ، هیچ پەیوەندیەکم لەگەڵیدا نەبوو. یەکەمین سێشەممەی ساڵی نوێی خوێندن، کاتژمێر دەی بەیانی، هاتە پۆلەوە، لەژێر لێوەوە بەشێوەیەکی ئاڵۆز سڵاوی کرد. بێئەوەی تەماشای کەس بکات، ئەوەندە بە دوودڵیەوە تەختە رەشەکەی پاك کـردەوە کـە بـچوکترین نیـشانەی هـیچ نووسـینێکی لەسـەر نەمایـەوە. دواتـر ئـاوڕێکی لێدایەوە و پێش ئەوەی ناوی ئامادەبووان تۆمار بکات، لە ئالڤارۆ رۆییس تۆرسی پرسی :

ـ خاڵ چیە؟

---

[١]. Andres Pardo Tovar

[٢]. Camillo Saint -- Saens (١٨٣٥ ـ ١٩٢١) ئاوازدانەری فەرەنسی و رابەری ئۆرکسترا و پیانۆژەن و ژەنیاری سایزەر.

[٣]. Sergei Prokofiev (١٨٩١ ـ ١٩٥٣) ئاوازدانەر و پیانۆژەنی روسی.

هاوپۆلیەکەمان بواری نەبوو وەڵام بداتەوە لەبەرئەوەی مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتیەکان بێئەوەی لەدەرگا بدات هاتە ژورەوەو بە بەڕێوەبەری راگەیاند کە لەوەزارەتی خوێندنەوە تەلەفۆنیان بۆ کردوەو کارێکی بەپەلەیان پێی هەیە. بەڕێوەبەر بەپەلە چوەدەرەوە بۆئەوەی وەڵامی تەلەفۆنەکە بداتەوە چیتر نەگەڕایەوە پۆلەکە. بۆ هەمیشە نەگەڕایەوە، لەبەرئەوەی تەلەفۆنیان بۆکردبوو پێی بڵێن لەپۆستەکەی لابراوە، پاش پێنج ساڵ هەوڵ وماندوبونی بێوچان لەو ئامادەییە، و تەمەنێك خزمەتی راستگۆیانە، پێش وادەی خۆی خانەنشینیان کرد.

ئەوەی لەباتی ئەودانرا **کارلۆس مارتین**[1]ی شاعیری کۆلۆمبیی بوو، لاوترین ئەدیبی بەرجەستەی گروپی "سنگ و سپەر"کە لەبارانکیا، بەهۆی سێسار دێل بایّ، ئاشکرام کردبوون. تەمەنی سی ساڵ بوو و تائەوکات سێ کتێبی بڵاو کردبوەوە. ئاشنای شێعرەکانی بووم، و جارێکیشیان لە کتێبخانەیەکی بۆگۆتا بینیبووم، بەڵام هەرگیز هەڵنەکەوتبوو قسەی لەگەڵ بکەم و هیچیەك لەکتێبەکانیشیم نەبوو تا داوای لێبکەم بۆمی واژو بکات. رۆژێکی دووشەممە، لەپڕ، لەکاتی پشووی نیوەڕۆدا، ئەوکاتەی خەریکی نانخواردن بووین، سەروکەلەی دەرکەوت.

چاوەڕێی ئەوەنەبووین بەو زوییە دەرکەوێت. چاکەت و پانتۆڵێکی خەتداری ئینگلیزی لەبەردابوو، بە روخسارە دەم بەخەندەو سمێڵە باریك و رێکەکەیەوە، کە لەگەڵ ریتم و هاوسەنگی شێعرەکانی دەگونجا، زیاتر لە پارێزەرێك دەچوو تا لە شاعیر. وردوردە بەرەو گروپێك لە فێرخوازەکانی نزیکی هەنگاوی نا، لەسەرخۆ و هەروەها بەحاڵەتێکی وشك و رەسمیەوە، دەستی بۆ راکێشان و وتی:

ـ سڵاو، من کارلۆس مارتینم.

لەو سەردەمەدا، سەرسامی پەخشانی ئاهەنگ ئامێزی **ئێدواردۆ کارانزا**[2] بووم، کە نووسینەکانی لەبەشی ئەدەبی ئالتیێمپۆ و لە گۆڤاری **سابادۆ**[3] بڵاودەکرانەوە. هەستدەکەم ئەوشێوازە ئەدەبیە بە ئیلهام وەرگرتن لە **پلاترۆومن** ی بەرهەمی خوان رامون خیمینس، سەریهەڵدابوو، کە لەوسەردەمەدا لەنێوان ئەوشاعیرە لاوانەی دەیانویست ئەفسانەی گیێرمۆ بالنسیا لەسەر پەرەی بوون بسڕنەوە هەواداری زۆری هەبوو. **خورخێ رۆخاس**[4] ی شاعیر، میراتگری سامانێکی ناپایەدار، بە پشت بەستن بە ناوبانگ و سامانەکەی، دەستی دایە چاپکردنی هەندێك نامیلکەی داهێنراوی نوێ کە

[1]. Carlos Martin

[2]. Eduardo Carranza

[3]. sabado (شەممە)

[4]. Jorge Rojas

سامانەکەی، دەستی دایە چاپکردنی هەندێك نامیلکەی داهێنراوی نوێ کە سەرنجی ژمارەیەکی زۆری ئەو نەوەیەی راکێشا و گروپێك لە شاعیرە چاکبێژو ناسراوەکانی لەدەوری یەکتر کۆکردەوە.

ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە پەیوەندیە ناوخۆیەکاندا دروستبوو. تارمایی بەڕێوەبەری پێشوو جێگەی خۆی بەخشیە ئامادەبوونێکی هەستپێکراو کە بەشێوەیەکی گونجاو و راست پەیوەندی خۆی و فێرخوازەکانی دەپاراست، بەڵام بەردەوام لەبەردەستدابوو. خۆی لەمەراسیمی یەکترناسینی رۆتین و ئەودوای کاروبارە بەخێرهێنانیەکان بەدوورگرت و هەندێکجار لە کاتەکانی پشووی شەودا لەگەڵ فێرخوازەکان دەمەتەقێی دەکرد.

شێوە نوێکەی منی بەرەو ئاراستە دڵخوازەکەی خۆم رێنوێنی کرد. لەوانەیە کالدرۆن دەربارەی من لەگەڵ بەڕێوەبەرە تازەکە قسەی کردبێت، لەبەرئەوەی لەهەمان سەرەتای هاتنیەوە، شەوێك سەری قسەی لەگەڵ مندا کردەوە و بە پرسیاری ناڕاستەوخۆ هەوڵیدا ئاستی زانیاریە ئەدەبیەکانم هەڵبسەنگێنێت و پەی بە پەیوەندیم لەگەڵ شیعر ببات و منیش بێپەردە ئەوەی لەدڵمدابوو هەڵمڕشت. لێی پرسیم ئایا **ئەزمونی ئەدەبی،** ئەوکتێبە قسەوروژێنەرەی **دۆن ئالفۆنسۆ ریێس**[1] م خوێندوەتەوە. دانم بەوەدانا کە هێشتا بەدەستم نەگەیشتووە، ئەویش رۆژێك دواتر بۆی هێنام. نیوەیەم بەدزیەوە لەپۆلدا و لەژێر مێزەکەمەوە خوێندەوە، ئەویتریشم لەوانەی وەرزشدا، لەوکاتەدا خوێندەوە کە هاوڕێکانم یاری دووگۆڵیان دەکرد. زۆرم بەلاوە خۆشبوو کە نامیلکەنووسێکی ئەوەندە بەناوبانگ ئەو ئەرکەی دەکێشا کە پۆلێنکراوەکانی **ئاگۆستین لارا**[2] شیبکاتەوەو رەخنەیان لەسەر بنووسێت، وەك ئەوەی شێعرەکانی **گارسیلاسۆ**[3] شیبکاتەوە و بەڵگەشی بۆ ئەوکارەی ئەوەبوو کە -"**نوسینە پۆلێنکراوە گشتییەکانی ئاگۆستین لارا بەرزترن لە پۆلێنکراوی گشتی باو و لاساییکراوەکانی تر.** "وەك ئەوەبوو شێعر تێکلاوی شۆربای ژیانی رۆژانە بکەیت.

مارتین چاوی لە بینا رازاوە و شکۆمەندە تایبەتیەکەی بەڕێوەبەرایەتیەکە پۆشی. نوسینگەی کارەکەی گواستەوە بۆ ژوورێك لەنیو حەوشەکە کە بەردەوام دەرگاکەی بەڕووی هەمواندا کراوەبوو و ئەم کارەشی بوەهۆی ئەوەی لەئێمە نزیکتر بێتەوە و

---

[1]. Don Alfonso Reyes (١٨٨٩ - ١٩٥٩) شاعیر و مێژوونوس و نامیلکەنوسی مەکزیکی و یەکێك لە روخسارە دیارەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرنی ئەو وڵاتە.

[2]. Augustin lara (١٨٩٧ - ١٩٧٠) مۆزیکژانی مەکزیکی و دانەری ئەو سترانانەی کە گوێگرێکی جەماوەری بەرفراوانیان بەدەستهێنا.

[3]. Garcilaso de la Vega (١٥٠١ - ١٥٣٦) شاعیری ئیسپانی.

هەندێکجاریش بەشداری گفتوگۆکانی شەوانمان بکات. ئاماوەیەکی دورودرێژ لەگەڵ ژن و هەردوو منالەکەی لەخانویەکی گەورەدا ژیان کە لەسەر شێوازی سەردەمی کۆلۆنیال دروستکرابوو کە دەکەوتە سوچێکی گۆڕەپانی سەرەکی شارەوە، پاکوخاوێنیەکەی جێگەی رەخنە لێگرتن نەبوو و دیواری زوری کارەکەی پڕبوو لەو کتێبانەی کە هەرکەسێکی ئەهلی خوێندنەوە و پەیڕەوی کاری نوێگەری لەوسالأنەدا سەروملی خۆیان بۆ دەشکاندن و بۆیان دەسووتان. کۆتایەکانی هەفتە، هاوڕێ بۆگۆتاییەکانی، بەتایبەت ئەو هاوڕێیانەی پەیوەندیان بە بزوتنەوەی"سنگ وسپهر"ەوە هەبوو، لەوێ سەردانیان دەکرد. رۆژێکی یەکشەممە ناچاربووم بەمەبەستی کارێکی بێ بایەخ لەگەڵ گیێرمۆ لۆپێس گرا، بچمە مالەکەی و لەوێ لەگەڵ ئێدواردۆ کارانزا و خۆرخێ رۆخاس، دوو ئەستێرەی گەشاوەی ئاسمانی ئەدەبی ئەو رۆژانە، یەکتر ببینین. جەنابی بەڕێوەبەر، بۆئەوەی قسەکانیان نەبڕین، بە ئاماژەی دەست داوای کرد دابنیشین و نیو کاتژمێر لەوێ بووین و گوێمان لێگرتن بێئەوەی تەنانەت لە یەك وشە تێبگەین لەبەرئەوەی لەسەر کتێبێکی پۆل ڤالێری قسەیان دەکرد کە تەنانەت ناویشمان نەبیستبوو. گەلێك جار کارناسام لە کتێبخانەکانو کافتریاکانی بۆگۆتا بینیبوو و دەمتوانی بەهۆی دەنگ و رەوانی قسەکانیەوە بیناسمەوە. شێوەی قسەکردنی لەتەك شێوەی بەرگپۆشین و هەڵسوکەوت و کەسایەتیدا دەگونجا: هەموو شتێکی شاعیرانە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، خۆرخێ روخاس، بە سەروسەکوتی کارمەندانەیەوە، هیچ لە شاعیرێکی پەرێشان نەدەچوو و تائەوکاتەی کارانزا ناوی نەهێنا، نەمانزانی ئەوە. ئامەزرۆی ئەوە بووم گوێم لە گفتوگۆی ئەو سێ ئەدیبە گەورەیە بێت لەسەر شیعر، بەلأم لەوبارەیەوە قسە نەکرا. ئەوکاتەی قسەکانیان کۆتایی هات، بەڕێوەبەر دەستی خستە سەر شانم و رووی کردە میوانەکانی و وتی:

- ئەم کورە گەنجە شاعیرێکی زەوق جوانە.

بەدڵنیایەوە، ئەو قسەیەی دڵنەوایی بوو بەلأم سەرتاپای بوونمی گڕ تێبەردا و تەواو دوچاری هەڵچونی کردم. کارلۆس مارتین سوربوو لەسەرئەوەی لەگەڵ ئەودوو شاعیرە بەناوبانگە وێنە بگرین و دواجاریش وێنەمان گرت، بەلأم من ئەو وێنەیەم نیو سەدە دواتر بینیەوە، ئەوکاتەی کە بەڕێوەبەری پێشوومان لە مالی سەر کەنارەکەی لە کاتالۆنیا بینی، کە رۆژانی خۆشی پیریەتی لەوێدا دەگوزەراند.

هروژمی نوێگەری، ئامادەییەکەی لەبنەڕەتەوە هەژاند. رادیۆ، کە تا ئەوکات تەنها بۆ سەمای پیاوانە بەکار دەهێنرا، بە هیمەتی کارلۆس مارتین، بوو بە ئامێرێك بۆ گەیاندنی زانیاری دەربارەی روداوە کۆمەلأیەتیەکان و بۆ یەکەمجار فێرخوازەکان فێربوون گوێ لە هەواڵ بگرن و شەوان دەربارەی روداوەکانی وڵات قسەوباس و بیرورا بگۆڕنەوە. بە

بنیاتنانی ناوەندێکی ئەدەبی و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەک چالاکیە ڕۆشنبیریەکان پەرەیسەند. ئەوکاتەی پێرستی ئەو کاندیدە پێشنیارکراوانەمان ڕێکخست کە زەمینەی کارکردنیان بەتەواوەتی دیاربوو، ژمارەیان بووبە دەستنیشانکەری ناوی گروپەکە :"ناوەندی ئەدەبی سیازدە"، کە ئەمەش لەلای ئێمە، بەخت باشیو ڕێکەوتی تەنزێکبوو، لەبەرئەوەی، سەرباری ئەوانە هەمووی، بەرەنگاری خورافە دەبووەوە. خودی فێرخوازەکان کاروبارەکانیان ڕاپەڕاند، هەرچەندە جگەلەوەی هەفتەی جارێک کۆدەبوینەوەو دەربارەی ئەدەب قسەمان دەکرد هیچ کارێکیترمان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، گەر ڕاستان دەوێت، کاتەکانی تریشمان، چ لە ئامادەییەکەو چ لە دەرەوەی ئەوێ، تاکە سەرقاڵیمان هەر ئەدەب بوو. هەرکەسەو بەرهەمەکەی لەوێ دەخوێندەوە بۆئەوەی ئەوانیتر قسەی لەسەر بکەن. ئەو کارە کەمێك گێژ و سەرسامی دەکردم و هەر لەبەر ئەوەش بە خوێندنەوەی غەزەل بەشداریم دەکرد کە بەناوی خوازراوی **خاوێر گارسێس**[1]ەوە دەمنووسی و ئەوانەی وایاندەزانی دەمەوێت بەوکارەم پۆز لێ بدەم و خۆم بەرز بنرخێنم بە تەواوەتی لە هەڵەدابوون لەبەرئەوەی لەڕاستیدا هیچ مەبەستێکم نەبوو جگە لەوەی بەنهێنی بمێنمەوە. مەشقە تەکنیکیەکان، سەرەتایی و ناشیانەبوون و لەهیچ ئیلهام و زەوقێکەوە سەرچاوەیان نەدەگرت و هەرگیز بەهای شاعیرانەیان لەلای من نەبووە، لەبەرئەوەی لە ڕۆح وڕەوانمەوە هەڵنەدەقوڵان. بە لاسایی کردنەوەی **کیڤیدۆ**[2] و **لۆپێ دێ ڤێگا**[3] و تەنانەت گارسیا لۆرکا دەستم پێکرد کە بەیتە هەشتیەکانیان ئەوەندە خۆهەڵقوڵاو بوون کە بەنووسینی یەکەم دێڕ، شێعرەکە خۆبەخۆ پێکدەهات و نەرم و هێواش وەکو ڕوبارێکی ڕەوان ڕێی دەبڕی. ئەوەندە دوچاری ئەو پەتای لاسایی کردنەوە ببوم کە خۆم کردە بەرپرسی ئەوەی بەنۆبە دەق ئاوێزانێکی تەنزئامێز لەسەر هەریەك لە چل غەزەلەکەی گارسیلاسود دێ لا بێگا بنووسم. سەرباری ئەمەش، لەسەر داوای فێرخوازانی شەوانەڕۆژیەکە، هەندێك شێعرم دەنووسی کە ئەوان بەناوی خۆیانەوە دەیاندایە دەنکە وەرزیەکانی ڕۆژانی یەکشەممانیان. یەکێك لەو خانمانە، تەواو بەنهێنی وروژاو بەو شیعرانەی دواکارەکەی بەناوی خۆیەوە پێشکەشی کردبوو، یەکێك لە شیعرەکانمی بۆ خوێندمەوە.

---

[1]. Javier Garces

[2]. Francisco de Quevedo y Villegas (١٥٨٠ ـ ١٦٤٥) یەکێك لە گەورە ئەدیبە کلاسیکەکانی ئیسپانیا و داهێنەری بەناوبانگترین ڕۆمان: ساختەچی.

[3]. Felix Lope de Vega y Carpio (١٥٦٢ ـ ١٦٣٥) شاعیر و شانۆنامەنوس و ڕوخساری بەرجەستەی ئەدەبی جیهانی.

کارلۆس مارتاین گەنجینەیەکی بچوکی لە حەوشەی پشتەوەی ئامادەییەکە خستە بەردەستمان کە بۆ دڵنیابوونی خۆمان پەنجەرەکانیمان بەتەختە داپۆشی. پێنج کەس بووین لەکۆتایی هەر دانیشتنێکدا هەندێك ئەرکمان بۆ دانیشتنەکانی دواترمان دیاری دەکرد و زۆر جدی لەبەرامبەر ئەو ئەرکانە خۆمان بە بەرپرسیار دەزانی. هیچکام لەوانە درێژەیان بەکاری نووسین نەدا، لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستی ئێمە ئەوە نەبوو بەڵکو تەنها دەمانویست توانا تاکەکەسیەکانمان تاقی بکەینەوە. لەسەر بەرهەمەکانی یەکتر باس وگفتوگۆمان دەکرد و هەندێکجار ئەوەندە جیاوازیەکانمان قووڵ دەبووەوە کە هاتوهاوارەکانمان هیچی لە هەراوهوریای یاری تۆپی پێ کەمتر نەبوو. لە یەکێك لەو رۆژانەدا، ریکاردۆ گۆنزالێس ریپۆل ناچاربوو لەگەرمەی قسەکاندا بچێتە دەرەوەو لەناکاودا جەنابی بەڕێوەبەر بگرێت کە لەپشت دەرگاکەوە بەدزیەوە گوێی راگرتبوو. فزولی کردنەکەی تەواو بەجێ و مەنتیقی بوو لەبەرئەوەی نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە کۆمەڵێك نەوجەوانی تەمەنی ئێمە کاتی پشووی خۆیان بە ئەدەبەوە ببەنەسەر.

لەکۆتایەکانی مارسدا هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کە بەڕێوەبەری پێشوو، دۆن ئەلیخاندرۆ راموس، لە پارکی نەتەوەیی بۆگۆتا، فیشەکێکی نابوو بەمێشکیەوەو کۆتایی بەژیانی هێنابوو. کەس نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بهێنێت کە ئەوکارە بەهۆی سروشتی گۆشەگیرانەو ئاڵۆزی دەرونیەوە بووبێتو هەرگیز بەڵگەیەکی راست نەدۆزرایەوە ئەوە رونبکاتەوە کە بۆچی لەپشت پەیکەری ژەنراڵ رافائێل ئۆریبێ ئۆریبێوە خۆی کوشتبوو : ئەوجەنگاوەرەی لە چوار جەنگی ناوخۆدا بەشداری کرد و ئەو سیاسەتمەدارە لیبرالەبوو کە بەدەستی دوو نەیاری توندڕەوی بە تەور لە بەرهەیوانی "بورجی شار" کوژرا. دەستەیەك بە نوێنەرایەتی ئامادەییەکە، بە هاوڕێیەتی بەڕێوەبەری نوێ، بەشداری بەخاکسپاردنی مامۆستا ئەلیخاندرۆ راموسیان کرد و ئەو روداوە وەکوماڵئاوایی کردن لە سەردەمانی رابردوو لەبیرەوەری هەموماندا مایەوە.

فێرخوازانی شەوانەرۆژیەکە ئەوەندە بایەخیان بە کاروبارە سیاسیەکانی وڵات نەدەدا. لەماڵی باپیرە، مێشکیان پڕکردبووم لەوقسەیەی کە پاش "جەنگی هەزار رۆژە" تاکە جیاوازی نێوان حیزبەکان ئەوەبوو کە لیبراڵەکان لەمەراسیمی پاڕانەوەی کاتژمێر پێنج بەشداریان دەکرد بۆئەوەی کەس نەیانبینێت و پارێزکارەکانیش کاتژمێر هەشت بەشداریی مەراسیمی پاڕانەوەیان دەکرد بۆئەوەی هەمووان بە ئیمانداریان لەقەڵەم بدەن. بەڵام، سی ساڵ دواتر، ئەوکاتەی پارتی پارێزکار دەسەڵاتی سیاسی لەکیس چوو و یەکەمین سەرەك وەزیرانە لیبرالەکان هەوڵیاندا لە بوارە جیاوازەکاندا نوێگەری بکەن و رێگە بۆ ئەو ئەندێشە نوێیانەی لە جیهاندا باویان بوو خۆش بکەن بێنە

وڵاتەوە، ناکۆکیە راستەقینەکان وردەوردە پەردەیان لەسەر هەڵماڵرا. پارتی پارێزکار، کە بەهۆی کەنەفتی و ژەنگگرتوویی دەسەڵاتە لەمێژینەکەی دۆڕابوو، بەخۆیدا چووەوە سیسمێکی نوێی بەسەر پێکهاتی ناوەکی خۆیدا زاڵ کرد، و بۆ ئەو مەبەستەش ئیلهامی لە شکۆمەندی درەوشاوەو دوورەدەستی موسولینی لە ئیتالیا و ستەمکاریی خنکێنەری فرانکۆ لە ئیسپانیا وەردەگرت و لەهەمان کاتدا سەرەك کۆماری لیبراڵ ئالفۆنسۆ لۆپێز پومارخۆ، بە پاڵپشتی و هاوکاری ژمارەیەك لاوی هەڵکەوتوو، دەیویست هەلومەرجێکی گونجاو لەمەڕ سەقامگیری لیبرالیزمێکی مۆدێرن دەستەبەر بکات و لەوکاتەشدا بێئاگابوو لەوەی بێئەوەی خۆی بیەوێت، بە حوکمی چارەنووسێکی مێژوویی، ئێمە دەخاتە ناوجەرگەی دووفاقیەتیەکەوە کە سەرجەم جیهانی بەسەر دووبەرەی دژ وناکۆکدا دابەش کردبوو. نەدەکرا خۆمان لەو دۆخە بەدوور بگرین. لە نێو یەکێك لەو کتێبانەدا کە بەڕێوەبەرەکەمان بە ئەمانەت دەیدایێ وتەیەکی لینینم بەرچاو کەوت:"گەر تۆ دەست لە سیاسەت وەرنەدەیت، سیاسەت دەست لە ژیانت وەردەدات. "

بەڵام پاش چل و شەش ساڵ لە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی سەرەك کۆمارە پارێزکارەکان، گەیشتن بە ئاشتی و ئارامی کارێکی مەحاڵ نەبوو. سێ سەرەك کۆماری لاو و خاوەن بیری نوێ، روانگەیەکی لیبرالیانەیان ئاوەڵا کرد و ئامادەیی خۆیان دەرخست تا هەورەکانی تاریکبینی لە ئاسمانی سیاسی وڵات دەر بکەن. ئالفۆنسۆ لۆپێس فۆمارخۆ، بەرجەستەترینی ئەو سیانە، ریفۆرمخوازێکی خاوەن ئەزمون بوو کە سڵی لە کارە پڕمەترسیەکان نەدەکردەوەو لە ساڵی ١٩٤٢دا بۆ دوهەمینجار بە سەرەك کۆماری هەڵبژێردرایەوە، هەلومەرجەکان ئەو راستیەیان ئاشکراکرد کە هیچ هۆکارێك ناتوانێت رێگە لە شەپۆلی بەگوڕی گۆڕانکاریەکان بگرێت. بەو شێوەیە، لە یەکەمین ساڵی خوێندنمەوە لەو ئامادەییە سەرجەم هۆش و خەیاڵمان لەلای هەواڵەکانی شەڕەکانی ئەوروپا بوو، بەوپەڕی خۆشیو شادیەوە گوێقوڵاخی هەواڵەکانی دەرەوە بووین کە ئەوە لەگەڵ کەمتەرخەمیمان لەبەرامبەر بارودۆخی سیاسی ناوخۆ بەراورد نەدەکرا. بڵاوکراوەکان بۆ هەندێك مەبەستی دیاریکراو نەبێت نەدەگەشتنە ئامادەییەکە، لەبەرئەوەی بە خوێندنەوەیان رانەهاتبووین. هێشتا رادیۆی ترانزیستۆری دروست نەکرابوو و جگەلە رادیۆ گەورەو کۆنەکەی ژووری مامۆستاکان، کە کاتژمێر حەوتی ئێوارە داماندەگیرساند و تابۆمان دەکرا دەنگمان بەرزدەکردەوە تەنها بۆئەوەی سەمای لەسەر بکەین، هیچ رادیۆیەکیتر لە ئامادەییەکە بوونی نەبوو. هەرگیز بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە لەو کەمتەرخەمیەی ئێمەدا خەریکبوو یەکێك لە خوێناویترین و ناباوترین جەنگەکانی نیشتیمان دادەگیرسا.

سیاسەت جەنگ لەسەرشان بەرەو ئامادەییەکە هێرشی دەهێنا. بەسەر گروپی لیبرال و پارێزکاردا دابەشبووین و بۆیەکەمجار لەوە تێگەیشتین کێ لایەنگری چ باڵێکە. پروپاگەندە و بەرهەڵستی سیاسی ناوخۆ، سەرەتا بەرێزو تارادەیەك روناکبیرانە و تیۆریی بوو، بەلام دواتر هەمان ئەو رۆحیەتە باڵی بەسەردا کێشا کە وردەوردە وڵاتی بەرەو فەوتان دەبرد. ئەو ناکۆکیانەی سەرەتا لە ئامادەییەکەماندا پەیدا بوون زۆر ئاشکرا نەبوون بەلام کەسیش لە کاریگەری پۆزەتیڤی کارلۆس مارتین لە سەرۆکایەتی کردنی بەشێك لە مامۆستاکان کە هەرگیز ئایدۆلۆژی خۆیان نەشاردەوە، بێئاگا نەبوو. هەرچەندە بەرێوەبەری تازە بەئاشکرا پروباگەندەی بۆ بیروباوەڕە سیاسەکانی نەدەکرد، هیچ نەبێت رێگەی ئەوەی لێنەگرتین لە رادیۆ سەیروسەمەرەکەی ژوری ماماۆستایانەوە گوێ لە هەواڵەکانی شەوان بگرین، و لەوەبەدوا هەواڵی سیاسی بەسەر مۆسیقای سەمادا زاڵبوو. دەیانوت وێنەی لینین یان مارکسی بە ژورەکەیدا هەڵواسیوە، هەرچەندە هەرگیز کەس نەیتوانی ئەو قسەیە بسەلمێنێت.

تاکە هەڕەشەی شۆرش کە لە ئامادەییەکەماندا سەریهەڵدا، دەرئەنجامی ئەودۆخە تایبەتە بوو. کە لە بەشە ناوخۆیەکە بە شەڕە سەرین و شەڕە پێلاو، هەڵیانکوتایە سەر ژمارییەك لەوکەسانەی نوستبوون یان سەرقاڵی خوێندنەوەبوون. ناتوانم بەتەواوتی هۆکاری ئەو کارە دیاری بکەم، بەلام ئەوەندەی لەیادمە - وهەندێك لە هاوپۆلیەکانیشم هەمان بیروڕایان هەیە - ئەوەی بوەهۆی ئەو بارگرژیە بەشێکبوو لەوکتێبەی ئەوشەوە بەدەنگی بەرز دەخوێندرایەوە: **بێپەردەگۆ** ی بەرهەمی رۆمێلۆ گایگۆس. ورتەورتی نامۆی شەڕ.

کارلۆس مارتین پاش ئەوەی هەر زوو هەواڵەکەی پێ دەگات هاتە بەشەکەو لەنێوان بێدەنگیەکی زۆردا کە بەهۆی هاتنیەوە باڵی بەسەر ئەوێدا کێشا، چەندجارێك بە بەشەکەدا هات و چوو. دواتر بە دەنگێکی تورەو بە فرمانەوە، کە پێچەوانەی رەفتاری بوو، فرمانی دەرکرد بە بیجامەو نەعلەوە بچینەدەرەوە لە حەوشە سەهۆڵبەستوەکەدا بەرێز بوەستین. لەوێش لەسەر شێوەی **کاتیلینا**[1] ئەودەمەی لە تالاری بازنەیی سەنای رۆمدا وتاری دەدا پیاماندا هەڵشاخایەوە و ریسوای کردین و دواتر بەرێز وەك بەشەر سەرمان داخست و گەڕاینەوە بنووین. ئەوە تاکە یاخیبوونە، کە لەماوەی خوێندنم لەو ئامادەییە لەیادم ماوە.

---

[1]. Catilina

ماریۆ کۆنڤریس[1]، که ئەوساڵە لە قۆناغی شەشەمدا دەیخوێند. بەشێوەیەکی بێوێنە هانیدەداین بڵاوکراوەیەکی نەریت شکێن و جیاواز لە بڵاوکراوەکانیتری ئامادەیەکانیتر چاپ بکەین. من یەکێکبووم لەوکەسانەی یەکەمجار پەیوەندیی پێوەکردن و ئەوەندە شارەزایانە رازی کردم کە ئامادەبووم بەرپرسیاریەتی دەستەی نووسەران لەئەستۆ بگرم. شانازیم بەوپۆستەوە دەکرد هەرچەند نەمدەزانی بەرپرسیاریەتیەکانی ئەوپۆستە چیە. دواقۆناغەکانی ئامادەکردنی بڵاوکراوەکەمان هاوکاتبوو لەتەک دەستگیرکردنی سەرەک کۆمار لەلایەن ژمارەیەك ئەفسەری پایەبەرزی سوپا لە ٨ی ژولای ١٩٤٤، لەوکاتەدا کە بەسەردانێکی فەرمی بەرەو باشوری وڵات سەفەری کردبوو. کاتێك سەرەك کۆمار ئەورووداوەی دەگێڕایەوە باسی پیلانی نەدەکرد. لەوانەیە بەبێ ویستی خۆی چیرۆکی رووداوێکی پێشکەشی بەرپرسەکان کردبێت کە بەپێی ئەوچیرۆکە، وادەردەکەوت تائەوکاتەی ئازادکرا، بۆخۆشی نەیزانیوە چی رویداوە و لەقسەکانیدا ئەوەندە پابەندی راستیەکانی ژیانی واقیعی بوو کە کودەتای **پاستۆ**[2]یش لەپاڵ هەزاران رووداوی گاڵتەجارانەی مێژووی وڵاتەکەماندا لەیادکرا.

ئالبیرتۆ لیراس کامارگۆ[3]ی سەرەك وەزیران، بە دەنگە خۆش و دلگیرو رەوانەکەی ماوەی چەند کاتژمێرێك لە رادیۆوە لای لایەی بۆ گەل کرد، هێمنی پێ بەخشین تائەوکاتەی لۆپێسی سەرەك کۆمار ئازادکرا و وڵاتی رێکخستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵاتی سەربازی بەوپەڕی توندی و جدیەتەوە چاودێری سەر چاپەمەنیەکانی دەکرد. گومانەکان تەمومژاویی و ئاڵۆز بوون. پارێزکارەکان لە کاتی سەربەخۆیی وڵاتەوە لە دەسەڵاتی ئیسپانیاوە تا ساڵی ١٨٣٠ تا هەڵبژاردنی **ئۆلایا هێرێرا**[4]، یەك سەدە دواتر، حوکمڕانیان کردبوو و تا ئەوکاتەش بچوکترین ویستی بەرپاکردنی ئازادییان لەخۆیان دەرنەدەخست. لەبەرامبەریشدا، لیبراڵەکان، لە وڵاتێکدا کە مێژووەکەی بە گەندەڵییەکانیەوە دەناسرایەوە، بەردەوام پارێزکارتر دەبوون. لەو کۆڕەدا کۆمەڵێك هەڵاوێردەو روناکبیری لاو پاڵپشتییان دەکردن کە خەیاڵی دەسەڵات فریوی دەدان کە دیارترین و بەرجەستەترین نمونەیان **خۆرخێ ئالیسێر گایتان**[5] بوو. ئەویش لەبەر کارە قارەمانانەکانی و بەرهەڵستی دژی سەرکوتکاریەکانی ناوچەی مۆزەکان، یەکێکبوو لە

---

[1]. Mario Convers

[2]. Pasto، شارێك لەناوچەی شاخاوی کۆلۆمبیای ناوەندی پارێزگای نارینیا.

[3]. Alberto Lieras Camargo

[4]. Olaya Herrera

[5]. Jorge Eliecer Gaitan

پاڵەوانــەکانی ســەردەمی منــاڵیم، لەوکاتــەوەی عــەقڵم پەیــدا کــرد نــاو و چــیرۆکی قارەمانیەکانیم بـەرگوێ دەکـەوت، بێئەوەی زۆر لـە کارەکانی تێبگەم. داپیرەم ستایشی دەکـرد بـەڵام لـەوباوەڕەدام هەنـدێك لەچالاکیەکانی لەتـەك کۆمۆنیـستەکاندا کـەمێك نیگەرانی دەکـرد. جارێکیـان کە لەسـەر بەلەکۆنەێکەوە لـەگۆڕەپانی سیپاکیرا بـەدەنگی بـەرز وتـاری دەدا، لەپـشتیەوە راوەسـتابووم و لـە کاڵەکیەکـەی و قـژە ساف وزبرەکـەی و رەنگی پێستی، کە دەرخەری رەسەنیەتی سوورپێستانەی بوو هەروەها دەنگە بروسکەئاسا و شـێوەزارە بۆگۆتاییەکـەی، کـە رەنگـە بـەپێی بەرژەوەنـدی سیاسـی گرتـری دەکـرد، بەشێوەیەکی سەیر کاریگەری لەسەر بەجێهێشتم. لە وتارەکەیدا، بەپێچەوانەی خەڵکانی ترەوە، باسی لیبرال و پارێزکارەکان یان وەبەرهێنەران و وەبەرهێنراوەکانی نەکرد، بـەڵکو باسـی رەنجـدەران و دەسـت بـەتاڵ و هـەژارەکانی کـرد، ئـەو وشـەیەی کـە یەکـەمجاربوو بــەرگوێم دەکــەوت و وەك کوتــەکێك لــە هــەموو رســتەکانیدا دوپــاتی دەکــردەوە، هەرئەوەنــدەی گەیــشتمە ماڵــەوە، خێــرا فەرهەنگەکــەم دۆزیــەوە بۆئــەوەی ماناکــەی بدۆزمەوە.

پارێزەری بەرجەسـتەو لـە رۆمـاش شـاگردی ئامـادەی ئەستێرەناسـی گـەورەی ئیتـاڵی **ئێنریکۆ فێری**[1] بوو. هەر لەوێش لێکۆڵینەوەی لەسەر تواناییەکانی وتاربێـژی موسـولینی کردبوو وانەی لێ وەرگرتبوون و ئەوکاتانەی دەچووە پشت تریبۆنەوە لاسایی هەندێك لە جوڵە نمایشیەکانی ئەوی دەکردەوە. **گابریل توربـا**[2]ی هاوخـەبات و رکابـەری، پزیـشکێکی چـاکەکار و رێکپۆشــبوو کــە بەچــاویلکە چوارچــێوە ئاڵتونیەکەیــەوە لــە ئەکتــەرە سینەماییەکان دەچوو. ماوەیەك پێش ئیستا، کاتی بەستنی کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست، لە وتارە چاوەڕوان نەکراوەکەیدا ئاماژەی بەهەندێك بابەت کرد کە هـەمووانی دوچاری سەرسوڕمان کرد و بوەهـۆی نیگـەرانی هەنـدێك لـە هاوخـەباتـە بۆرژواکـانی، هەرچـەندە خۆی لـەوباوەڕەدا نـەبوو، کە بەقسە یـان بـەکردەوە، لـەدژی بیروبـاوەڕە لیـبرالی و پێگـە باڵاکەی جوڵابێتەوە. ئاشنابوونـی لەگەڵ دیپلۆماسیەتی روسی دەگەڕایـەوە بۆسـاڵی ١٩٣٦، ئەوکاتەی لە رۆم وەك باڵیۆزی کۆلۆمبیا، پەیوەندی لەتەك یەکیەتی سۆڤێت دروستکرد. حەوت ساڵ دواتـر، وەك وەزیـری هەڵبـژاردەی کۆلۆمبیـا لـە وڵاتـە یـەکگرتوەکان، هـەمان کاری کرد.

[1]. Enrico Ferri

[2]. Gabriel Turbay

پەیوەندی دۆستانەی لەتەك سەفارەتی سۆڤێت لەسەربنەمای ڕێزی بەرامبەر بوو و لەگەڵ چەند ڕابەرێکی حیزبی کۆمۆنیستی کۆلۆمبیاش هاوڕێ بوو و بەهۆی ئەوانەوە دەیتوانی ئیئتیلافێکی هەڵبژێردراو لەنێوان لیبرالەکان و کۆمۆنیستەکاندا دروست بکات، و لەودەمانەدا، زۆرجار لەسەر ئەومەسەلەیە قسە دەکرا، بەڵام هەرگیز ئەو ئیئتیلافەش نەهاتەدی. هەر لەو سەردەمەدا، پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوکرایەوە کە گوایە پەیوەندی نهێنی عاشقانەی لەگەڵ ئەستێرەی بەناوبانگی سینەمای هۆلیوود - **خوان کرافۆرد**[1] یان **پۆلت گۆدار**[2] - هەیە، کە زۆر کەس ئامادەبوون سوێند لەسەر ڕاستی ئەو مەسەلەیە بخۆن. بەهەرحاڵ، ئەو هەرگیز لەنێو جەرگەی زگوورتیە ئەبەدیەکان نەهاتە دەرەوە.

گەر هەوادارەکانی گایتان و توربای یەکیان بگرتبا، دەکرا زۆرینەیەکی لیبرال پێك بهێنرێت و هەندێك ڕێگای نوێ بەڕووی حیزبدا بکرێتەوە، بەڵام هیچکام لەو دوو گروپە بەتەنها نەیدەتوانی ڕوبەڕوی پارێزکارە یەکگرتوو و چەکدارەکان ببێتەوە.

گۆڤـاری ئـەدەبی ئێمـە لـەو ڕۆژگـارە ناهـەموارەدا لـەدایك بـوو. فۆرمـە بەرواڵـەت ئابڕومەند و پرۆفیشناڵەکەی تەنانەت بووەهۆی سەرسوڕمانی ئەوانەشی کە لەگۆڤارەکەدا کارمان دەکرد، ژمارەی یەکەم هەشت لاپەڕەبوو، لەسەر نیو (٨٤) بە ستونی ڕێکوپێك و چاپێکی باشەوە دەرچوو. لەپێش هەموو کەسێکەوە کارلۆس مارتین و کارلۆس جولیۆ کالدرۆنی هەژاند، و هەردووکیان لە کاتی پشووەکاندا لەسەر هەندێك بابەتی گۆڤارەکە بیروڕای خۆیان دەردەبڕی. گرنگترینیان ئەو وتارەبوو کە کارلۆس مارتین لەسەر داوای ئێمە نووسی و تیایدا جەختی لەسەر پێویستی سەنگەرگرتنی چاونەترسانە دەکردەوە بۆ بەرهەڵستی ئەو سەوداگەرانەی سەروەت وسامانی وڵاتیان قووتدەدا، سیاسەتبازە پیلانگێڕەکان، واسیتە و ئەو دەڵاڵە ساختەچیانەی کە سیستمی ئابووری ئازادی وڵاتیان تێکدەدا و کۆمـەڵگایان بـەرەوە هەڵدێری نائـارامی و بـارگرژی بـەکێش دەکـرد. لـەپاڵ وتارەکەیـدا وێنەیـەکی گـەورەی خـۆی چـاپ کرابـوو. وتـارێکی کۆنبێرسمـان هـەبوو لەسـەر "ئیسپانێتی" و دەقی گۆرانیەك لەنووسینی خاڤیێر گارسز. کۆنبێرس هەواڵی ئەوەی پێ ڕاگەیاندین کە هاوڕێ بۆگۆتایەکانی بە بینینی گۆڤارەکە هەڵچون و دەیتوانی ئەو هەولەمان بۆ برەخسێنێت، ژمارەیەکی زۆری لێ چاپ بکەین و بەناوی بڵاوکراوەی ئامادەییەکانەوە بیخەینە بازاڕی بڵاوکراوەکانەوە.

---

[1] Joan Crawford

[2] Paulette Godard

هێشتا ژمارەی یەکەممان بڵاو نەکردبووەوە کە کودەتای پاستۆ رویدا. هەر ئەورۆژەی کە باری نائاسایی راگەیێندرا، سەرۆکی شارەوانی سیپاکیرا لەگەڵ کەرتێك سەربازی چەکدار سەروکەلەی لەبەردەم ئامادەییەکە دەرکەوتوو فرمانی دەرکرد رێگە لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە بگیرێت. هێرشەکەیان رێك لە فیلم دەچوو. بۆ ئەوکارەشیان هیچ بەلگەیەکیان پێ نەبوو ئەوە نەبێت کە سیخورێك ئەوەی بە بەرپرسەکان راگەیاندبوو کە گۆڤارەکە بابەتی تەمومژاوی تێدایەو دەبێتەهۆی وروژاندنی رای گشتی. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لە نووسینگەی زانیاریی سەرەك کۆمارەوە ئاگاداریەکمان بەدەست گەیشت لەسەرئەوەی گۆڤارەکە بەبێ مۆڵەتی چاودێری دەسەلاتی سەربازی چاپ کراوە، و بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت، کارلۆس مارتینیان لەپۆستەکەی لابرد.

لە روانگەی ئێمەوە بڕیارێکی بێ سەروبەربوو کە دەبووەهۆی ئەوەی، لەیەك کاتدا، هەم هەست بە شەرمەزاری بکەین و هەم خۆمان بە گەورە بزانین. تیراژی بڵاوکراوەکەمان لە دووسەد ژمارە زیاتر نەبوو کە بڕیاربوو بەنێو دۆست و هاوڕێکانماندا بڵاوی بکەینەوە، بەلام پێیان راگەیاندین کە بەپێی دەسەلاتی حکومەتی سەربازی پێویستە مۆڵەتی بۆ وەربگرین. تاکاتی دەرچوونی دوا راگەیاندن لە مافی بڵاوکردنەوەی"گۆڤار"بێبەشیان کردین و دواراگەیاندنیشیان هەرگیز بەدەستمان نەگەیشت.

نزیکەی پەنجاساڵ تێپەڕی تا کارلۆس مارتین، بەمەبەستی نووسینەوەی ئەو بیرەوەریە، نهێنیە شاراوەکانی ئەو روداوە ناجۆرەی لەلای من ئاشکرا کرد. ئەورۆژەی کە بڵاوکراوەکەمان راگیرا، **ئانتۆنیۆ رۆچا**[1]، کە خۆی کارلۆس مارتینی لە پۆستی بەڕێوەبەری ئامادەییەکە دامەزراندبوو، بانگهێشتی کرد بۆ نووسینگەکەی لە بۆگۆتا و داوای لێکرد دەست لەکار بکێشێتەوە. بەڕێوەبەرەکەمان نوسخەیەکی گۆڤاری ئەدەبی لەسەر مێزەکەی بینی کە بە قەڵەمی سوور هێڵیان بەژێر زۆربەی رستەکانی وتارەکەیدا هێنابوو. سەروتارەکەی خۆی، وتارەکەی ماریۆکۆنبیرس و یەکێك لە هۆنراوەکانی شاعیرێکی ناسراو، کە گومانی ئەوەیان لێدەکرد هەندێك بابەتی بەشێوەی هێمائامایز و خوازراو لە شێعرەکەیدا جێکراوەتەوە، هیچکامیان لە هێرشی قەڵەمە سوورەکە نەپارێزرابوون. کارلۆس مارتین بەتوڕەییەوە وتی:"**تەنانەت گەر بەنیازپیسی راڤە بۆ کتێبی پیرۆزیش بکرێت و بەمشێوەیە هێڵ بەژێر رستەکانیدا بهێنرێت، ئەوا مانایەکی تەواو پێچەوانەی مانا راستەکەی وەردەگرێت**". کاردانەوە پڕلەتوڕەییەکەی ئەوەندە توند و ترسناك بوو

---

[1]. Antonio Rocha

که جەنابی وەزیر هەڕەشەی ئەوەی لێکرد گەر ئاگاداری هەڵسوکەوتی نەبێت پۆلیسی بۆ بانگ دەکات. بە بەڕێوەبەریەتی بڵاوکراوەی **سابادۆ** دامەزرا و بەدڵنیایی دەبوو روناکبیرێکی وەکو ئەو ئەو پۆستە نوێیە بە بەرزکردنەوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەقەڵەم بدابا. بەڵام ئەو ئەندێشەیەی کە ببوە قوربانی پیلانی راستڕەوەکان، هەرگیز لێنەگەڕا خەیاڵی ئاسودە بێت. لەیەکێك لە کافتریاکانی بۆگۆتا، چەند کەسێکی نەناسراو هێرشیان کردەسەر و ئەوەندەی نەمابوو بۆ بەرگری کردن لەخۆی دەست بداتە چەك. ماوەیەك دوای ئەوە، وەزیرە تازەکە بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی بەشی ماف دایمەزراند و ئەوەش سەرەتای ژیانی پرۆفیشنالانەی درەوشاوەی بوو کە هەلی ئەوەی بۆ رەخساند تا پاش خانەنشینی پەنا بۆ خەلوەتکەدەیەکی لاچەپ ببات لە **تارناگۆنا**[1] و سەردەمی پیری لەنێوان کتێبەکان و دڵتەنگیە پڕلەحەسرەتەکانی بباتەسەر.

هاوکات لەگەڵ کەنارگیری کارلۆس مارتین - و بێ لەوەی ئەو دوو مەسەلەیە پەیوەندیان بەیەکترەوە هەبێت - پڕوپاگەندەیەك بڵاوبووەوە کە کەس سەرچاوەکەی نەدەزانی و لە ئامادەییەکە و لە ماڵەکان و بارەکاندا بڵاوکرایەوە کەبەپێی ئەو پڕوپاگەندەیە هەڵگیرساندنی جەنگی پیرۆ لەساڵی ١٩٣٢دا فێڵوتەڵەکەی دەوڵەتی لیبراڵ بوو بۆئەوەی بەزۆر لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و نارەزایی ئازادیخوازانەی پارێزکارەکان خەفە بکات. بەپێی چیرۆکێکی گومان ئامێز، کە تەنانەت لەسەر کاغەز چاپ و بڵاوکرایەوە، سەرەتای شەڕەکە، روداوێکی بێ بایەخ و تەواو ناسیاسی بوو: ئەفسەرێکی پیرۆیی لەگەڵ ژمارەیەك سەرباز بە روباری ئامۆزاندا پەڕینەوەو لەکەناری کۆڵۆمبیا، دڵدارەکەی حاکمی سەربازی لیتیسیای دزی، ئەوژنە جوان و سەرنجڕاکێشەی کە ناوی **پیلا**[2] - کورتکراوەی **پیلار**[3] - بوو. ئەوهەواڵە گەیشتە حاکمە سەربازیەکە، لەگەڵ ژمارەیەك سەربازی چەکدار سنوری ئاوی بەزاند و لەخاکی پیرۆدا، پیلای رزگار کرد. ژەنراڵ لویس سانچێز سرووێ دیکتاتۆری دەسەڵاتداری پیرۆ، ئەو پێکدادانە تەمومژاویەی کردە بیانوی ئەوەی هێرش بکاتە سەر کۆڵۆمبیا و هێڵی سنووری ئامازۆن لەبەرژەوەندی وڵاتەکەی بگۆڕێت.

ئۆلایا ێرێرا - لەژێر گوشاری پڕلەتوندوتیژیی حیزبی پارێزکاران کە پاش نیو سەدە دەسەڵاتی رەهافرمانڕەوایی دەرکرابوو - جەنگی راگەیاند، فرمانی بەسیجی نەتەوەیی دەرکرد، پاکسازی لە ریزەکانی سوپادا ئەنجامدا و چەندین لەشکری رەوانەی جەنگ کرد

---

[1]. Tarragona، شارێك لە ناوچەی کاتۆلینای ئیسپانیا

[2]. Pila

[3]. Pilar

بۆئەوەی زەویە داگیرکراوەکان لە سوپای پیرۆ وەربگرنەوە. هەرای جەنگ ولاتی خستە جموجۆڵ و بڵێسەی سوتێنەری رق و کینە هەستە منالانەکانمانی تاودا :"بژی کۆلۆمبیا، بمرێ پیرۆ". لە گەرمەی شەڕدا، ئەوچیرۆکە کەوتە سەرزراران کە فرۆکە نەفەربەرەکانی هێڵی ئاسمانی کۆلۆمبیایان بە مەبەستی بەشداری پێکردن لە چەنگدا گۆڕیوە بۆ فرۆکەی جەنگی. یەکێك لەوفرۆکانە لەبەرئەوەی بۆمبی پێ نەبوو، مەراسیمی ئاینی جەژنی پاکبونەوەی لە یەکێك لە شەقامەکانی شاری **گێپی**[1] پیرۆی بە هەڵدانی گوێزی هێندی بەسەر ئیماندارەکاندا، تێکدا. سەرەك کۆمار ئۆلایا داوای لەنووسەری گەورە خوان لۆزانا ئەی لۆسانۆ کرد بۆئەوەی لەو جەنگەی لەسەربنەمای درۆ لەلایەن هەردوولاوە تاو دەدرا، لە راستی مەسەلەکان ئاگاداری بکاتەوە، و **خوان لۆزانۆ یی لۆزانۆ**[2] بە نووسینە مامۆستایانەکەی راستی بەسەرهاتەکەی نووسی، بەڵام بۆماوەیەکی دووردرێژ چیرۆکە درۆینەکە لەنێوان خەلکیدا بلاوبوو.

بەدڵنیایەوە، ژەنراڵ لوویس میگێل سانچێز سروو جەنگی بە بەهرەیەکی ئاسمانی لەقەڵەم دەدا کە هەلی ئەوەی بۆ دەرەخساند دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتە ئاسنینەکەی پێ سەقامگیر بکات. لەلایەکیترەوە، ئۆلایا پێرا، ژەنراڵ **میگێل ئابادیا میندێس**[3]ی سەرەك کۆماری پێشووی سەربە پارتی پارێزکارانی بۆ فەرماندەیی هێزی سەربازی کۆلۆمبیا دامەزراند، کە لەوسەردەمەدا لەپاریس دەژیا. ژەنراڵ بە کەشتیەکی جەنگی بە ئۆقیانووسی ئەتلەسیدا پەڕیەوە و بە روباری ئامازۆندا تێپەڕی و کاتێك گەیشتە لیتیسیا کە دیپلۆماتەکانی هەردوو وڵاتی ناکۆك، تارادەیەك ئاگری جەنگیان دامرکاندبووەوە.

ئۆسکار ئیسپیتیا براند[4]ی مامۆستای شارەزا و فیزیك ناسی بەناوبانگ، لەباتی کارلۆس مارتین بەڕێوەبەریەتی ئامادەییەکەی لەئەستۆ گرت، بێئەوەی ئەو مەسەلەیە هیچ پەیوەندیەکی بە کودەتای پاستۆ یان مەسەلەی بلاوکراوەکەوە هەبووبێت. دانانی ئەو بەڕێوەبەرە سەدجۆر گومانی لە مێشکی فێرخوازانی شەوانەڕۆژیەکەدا وروژاند. لە یەکەم یەکتر بینینماندا، پاش ئەوەی سلاوم لێکرد، بەجۆرێك لە سەرتاپام وردبوەوە و تەماشای قژەدرێژو شاعیرئاساو سمێڵە نارێکەکەمی کرد کە هەرخێرا لەوەتێگەیشتم کە لەبەرژەوەندیمە زۆرخۆمی پیشان نەدەم. رواڵەتێکی تورەی هەبوو کە لەکاتی قسەکردندا

[1]. Guepi

[2]. Juan lozano y Lozano

[3]. Miguel Abadia Mendez

[4]. Oscar Espitia Brand

بەشێوەیەکی وشک و ترسناك لەچاوی بەرامبەرەکەی ورد دەبوەوە. ئەوکاتەی هەواڵی ئەوەم زانی کە بڕیارە ببێتە مامۆستای وانەی فیزیامان تەواو ترسام.

هەمان ساڵ، رۆژێکی شەممە، لەهۆڵی سینەماکە دانیشتبووین و تەماشای بەرنامەی ئەوشەوەمان دەکرد کە دەنگێکی نیگەران بە بڵندگۆکە رایگەیاند یەکێك لە فێرخوازەکان مردووە. ئەو روداوە ئەوەندە کاریگەری لەسەر بەجێهێشتم کە چەندێك پاش ئەوە چەندە زۆرم لەخۆم کرد بیرم نەکەوتەوە ئەوشەوە تەماشای چ فیلمێکمان دەکرد، بەڵام هەرگیز هەڵچونی ئەو ساتەم لەبیر نەکرد کە **کلودت کولبەر**[1] دەیویست لەسەر پردەکەوە خۆی فڕێ بداتە نێو روبارە خرۆشاوەکەوە. فێرخوازە کۆچکردوەکە فێرخوازی قۆناغی دوهەم بوو، تەمەنی حەڤدەساڵ بوو بەتازەیی لە شاری دورەدەستی پاستۆوە لە نزیك ئێکوادۆرەوە هاتبووە ئامادەییەکەمان. مامۆستای وەرزش، بەمەبەستی سزادانی فێرخوازە لەش قورس و تەمەڵەکانی، کۆتایی هەفتە چەندین کاتژمێر فێرخوازەکانی ناچار کردبوو رابکەن و ئەو غاردانە بەناچاریە ببوەهۆی ئەوەی ئەو گەنجە داماوە هەناسەی لێ ببڕێت و گیان بسپێرێت. لەوسەردەمەدا کەلە ئامادەییەکە بووم، هیچ فێرخوازێکیتر ـ لەبەر هەر هۆکارێك بێت ـ نەمرد، بەڵام ئەو مەرگە ناوەختە نەوەکو فێرخوازانی ئامادەییەکە بگرە سەرجەم دانیشتوانی شارەکەی نیگەران و غەمگین کرد. هاوپۆلیەکانم هەڵیان بژاردم بۆئەوەی لەمەراسیمی بەخاکسپاردنەکەدا، بەمەبەستی ماڵئاوایی کردن لەو فێرخوازە لەدەست چوەی ئامادەییەکەمان، قسە بکەم. هەمان شەو کاتێکم لە بەڕێوەبەری نوێ وەرگرت بۆئەوەی ئەو وتارەی پیشان بدەم کە بۆ مەراسیمی ماتەمینەکەم نووسی بوو و هەرئەوەندەی پێمخستە نووسینگەکەیەوە تەواو گێژبووم، دەتوت تاکە دیدارم لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆچکردودا بەشێوەیەکی ناسروشتی دوپات دەبێتەوە. جەنابی ئیسپیتیا بە روخسارێکی غەمگینەوە دەستنووسەکەی خوێندەوە و بێئەوەی هیچ بڵێت پەسەندی کرد، بەڵام ئەوکاتەی ویستم بڕۆم، بەدەستی ئاماژەی بۆکردم جارێ دابنیشم. هەندێك لە نووسین و شیعرەکانی منی خوێندبوەوە کە بڕێکی زۆریان بەدزیەوە لەکاتی پشوودا دەست بەدەست دەکران، و پێیوابوو کە هەندێکیان بەکەڵکی ئەوە دێن لە پاشکۆی ئەدەبی گۆڤارەکاندا بڵاوبکرێنەوە. پێشئەوەی هەلی ئەوەم بۆ بڕەخسێت خۆم لە دەست شەرمنییە لەڕادەبەدەرەکەم قووتار بکەم، ئەو قسەی خۆی کرد کە پیاهەڵدانی بەرهەمەکانم سەرەتای قسەکانی بوو. ئامۆژگاریە دۆستانەکەی ئەوەبوو قژە درێژەکەم کورت بکەمەوە و سمێڵم رێك بکەمەوە کە وەکو داری گەسکدان

---

[1] Claudette Colbert

ڕەپ ببوو و چیتر ئەو کراسە گوڵ وبولبولدارانە لەبەر نەکەم کە تەنها بەکەڵکی کەرنەڤاڵ دەهات، لەبەرئەوەی بەڕای ئەو هیچکامیان شایستەی گەنجێکی تێکۆشەر و خاوەن کەسایەتی وەك من نەبوون. هەرگیز چاوەڕێی ئەوجۆرە رەخنانەم نەدەکرد و خۆشبەختانە توانیم بەری خۆم بگرم و بە قسەیەکی ناشرین وەڵامی نەدەمەوە. ئەو درکی بەهەڵچوونە دەرونیەکم کرد و بەدەنگێکی ئامۆژگاریانە بۆی شیکردمەوە کە لەوە دەترسێت ناوبانگم وەکو شاعیری ئامادەییەکە ببێتەهۆی ئەوەی فێرخوازە مناڵەکان لاسایی سەروشێوەو روخسارم بکەنەوە و ئەوجۆرە بەرگپۆشین و دەموچاوە لە ئامادەییەکەدا ببێتە باو. ئەودەمەی لە نووسینگەکەی هاتمەدەرەوە لەبەرئەوەی کەسایەتیەك بەوگرنگیە بەڕەسمی وەك شاعیرێك دەمناسێت بەڕاستی هەستم بە لەخۆبایی بوون و کامەرانی کرد و ئامادەبووم بۆ مەراسیمی ماتەمینی ئەو خوالێخۆشبووە روخسارم بگۆڕم تا سەرنجی جەنابی بەڕێوبەر رابکێشم. ئەودەمەی لەسەر داوای بنەماڵەی کۆچکردوو بەرنامەی وتارخوێندنەوەو یادەکە هەڵوەشایەوە، زۆر بێتاقەت بووم و بەرپانەکردنی مەڕاسیمەکەم بە شکستێك بۆخۆم لەقەڵەمدا.

کۆتایی بەسەرهاتەکە ترسناك و بەناچار خەیاڵی بەرەو پانتاییە هێمائامێزو تاریکەکانی دونیا رادەکێشا. ئەوکاتەی تابووتەکەیان لە کتێبخانەی ئامادەیەکە لەبەرچاوی هەمووواندا دانابوو، یەکێك سەرنجی ئەوەی دابوو کە شووشەی تابووتەکە هەڵم گرتوویەتی. ئالڤارۆ رۆێیس تۆرس لەسەرداوای بنەماڵەی ئەو جوانەمەرگە، دەرگای تابوتەکەی کردەوە بەڵام لەڕاستیدا تابووتەکە لەناوەوە نمی هەبوو. لەوکاتەدا کە کوێرانە لەهۆی پەنگ خواردنەوەی هەڵمی نێو ئەو سندووقە داخراوە دەگەڕا، بەسەری پەنجە لە قەفەسەی سینەی لاشەکەیدا و ناڵەیەکی دڵتەزێنی لێهەستا، یان لەوانەیە ئێمە هەستمان کردبێت ئەودەنگە سەیرە ناڵەیە. خزم وکەسی فێرخوازە مردووەکە بۆ چرکەیەك هەستیان کرد هێشتا زیندوە، تا ئەوەی پزیشك رونیکردەوە کە بەهۆی برینی هەناسەوە، بڕیك هەوا لەسیەکاندا ماوتەوە و گوشارخستنە سەر قەفەسەی سینە پاڵی پێوەنابوو بۆدەرەوە. سەرباری ئەو رونکردنەوە رەوان و سادەیە هەندێك ترسی ئەوەیان لێنیشت نەبا ئەو لاوەیان زیندەبەچاڵ کردبێت. بەودۆخە رۆحیە خراپەوە بەرەوپیری پشووی ساڵی چوارەم رۆشتم، لەکاتێکدا کە بەوپەڕی بوونمەوە ئارەزوی ئەوەم دەکرد بتوانم دایك و باوکم قایل بکەم کە دەست لەخوێندن هەڵگرم و نیگەرانی ئەوەمبووم هەوڵەکانم بێ ئەنجام بێت و ئەوانیش لەکۆڵی شەیتان دانەبەزن.

ئەوکاتەی گەیشتمە سووکرە، بارانێکی ورد و توند دەباری. هەستم کرد بەندەرەکە گۆڕاوە و هیچ لەوبەندەرە ناچێت کە بێتاقەتی بووم و لەئەندێشەمدا وێنەم کردبوو:

گۆڕەپانەکە بچوکتر وبەتاڵتربوو لەوەی لەبیرم مابوو و تیشکێکی دلگیر دەپژایەسەر کلێسا و ساتر و درەختی بادامەکان. تاجە گوڵینە رەنگینەکان کە شەقامەکانیان دەرازاندەوە هەواڵی هاتنی کریسمسیان رادەگەیاند، بەڵام بەبینیان وەکو پێشوو نەورووژام و هیچکام لەوپیاوانەم نەناسیەوە کە تاك وتەرا لەسەر بەندەرەکە چاوەڕوان بوون، تائەوکاتەی یەکێکیان کە بەتەنیشتیدا تێپەڕیم بەشێوەزارو دەنگە ئاشناکەی کە مەحاڵ بوو نەیناسمەوە وتی:

- باشی؟

باوکم بوو کە لاواز و پەککەوتەببوو. ئەو چاکەت وپانتۆڵە سپیەی لەبەردا نەبوو کە لەسەردەمی نەوجەوانیەوە دەیپۆشی و لەدوری یەك فەرسەخیەوە دەتناسیەوە، بەڵکو جلوبەرگەکەی بریتی بوو لە پانتۆڵێکی چوارخانە، کراسێکی ئیستیوایی قۆڵکورت و کلاوێکی حەسیری سەیر. گۆستابۆی برامی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە ئەویشم نەناسیەوە، لەبەرئەوەی جەستەی گەورەتر بوو لە منالێکی نۆسالان.

خۆشبەختانە بنەماڵەکەم خو و رەوشتە هەژارانەکەی تەرك نەکردبوو و لەکاتە تایبەتیەکاندا سڵی لە پارە بەفیڕۆدان نەدەکردەوە و نانی ئێواران بەیەکێك لەو دەست ودڵبازیانە لەقەڵەم دەدرا کە دەیانویست بەهۆیەوە پێمی بسەلمێنن ئەوێ ماڵی منە و کاشانەیەکی ترم نییە. لەسەر مێزەکە جگە لە خواردەمەنی بەلەزەت هەواڵێکی خۆشیش چاوەڕێی دەکردم: لیخیای خوشکم یانسیبەکەی بۆ دەرچووبوو. بەسەرهاتەکە - وەکو ئەوەی خۆی گێڕایەوە - کاتێك دەستی پێکرد دایکمان خەوی بینی کە باوکی، بۆ ترساندنی ئەو کەسەی دەیویست دزی لە ماڵە کۆنەکەی ئاراکاتاکایان بکات فیشەکی بە ئاسماندا تەقاندبوو. دایکم بەپێی عادەتی بنەماڵە، لەکاتی نانی بەیانیدا خەوەکەی گێڕایەوە و لەسەر پێشنیاری ئەو بڕیاریاندا بلیتێکی یانسیب بکڕن کە دواژمارەکەی بە حەوت کۆتایی بێت لەبەرئەوەی دەمانچەکەی باپیرم زۆر لەوژمارەیە دەچوو. دایکم بەقەرز بلیتێکی کڕی، بەوهیوایەی بەپارەی خەڵاتەکە قەرزەکەی بداتەوە، بەخت یاوەریان نەبوو خەڵاتەکەیان بۆ دەرنەچوو. لیخیا سی سەنتی لە باوکم وەرگرت و بلیتێکی تری کڕی کە ئەوەشیان بۆدەرنەچوو هەفتەی دواتریش، پاش لەسەرسووربوونێکی زۆر سی سەنتی وەرگرت و بیتاقەیەکی تری کڕی کە ژمارەیەکی سەیری هەبوو:٠٢٠٧.

لوویس ئێنریکێی برامان، بەمبەستی ئەوەی سەربخاتە سەر لیخیا و کەمێك بیترسێنێت، بلیتەکەی شاردەوە، بەڵام دووشەممەی دواتر، ئەوکاتەی گوێی لێبوو خوشکەکەمان بەدەم هاوارەوە خۆی کرد بە ماڵدا و وتی خەڵاتەکەی بۆ دەرچووە، خۆی

زیاتر ترسا. لەبەرئەوەی برا نازدارەکەمان کاتی ئەو لاساریە ئەوەندە بەپەلە و دەستەپاچەبوو کە بیری نەدەکەوتەوە بلیتەکەی لەکوێ داناوە و ئەندامانی ماڵەکە لەگەڕانە شپرزەیەکەیاندا ناچاربوون سەرجەم کۆمیدیەکان و سندووقەکان بەتاڵ بکەن و داروبەردی خانوەکە بدەن بەسەریەکدا و تەنانەت ئاودەستەکەشی بەدوادا گەڕان. بەڵام پڕمەترسیترین بەشی چیرۆکەکە بڕە بەرچاوو ئەفسوونیەکەی خەلاتەکە بوو: ٧٧٠پیزۆ.

هەواڵێکی ناخۆشیشم بیست: دایك و باوکم دواجار مەبەستەکەی خۆیان جێبەجێ کردبوو و لوویس ئێنریکەیان ناردبووە خانەی چاککردنی **فۆنتیدیۆنیۆ**[١] لە مێدێین، لەبەرئەوەی باوەڕی پتەویان بەوەهەبوو ئەوشوێنە بۆئەوە کراوە منداڵە بێگوێکان بهێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست و هەرگیز ئامادە نەبوون ئەوە قبوول بکەن کە زیندانێکە بۆ چاك کردنی نەوجەوانانی خراپەکار و زۆر مەترسیدارە.

باوکم ئەوکاتە بەتەواوەتی بڕیاری خۆیدا کە منداڵە چەمووشەکەی نارد بۆئەوەی داواکاریەك بگەیەنێت و ئەویش لەباتی ئەوەی ئەو هەشت پیزۆیە بهێنێتەوە کە لەبری داواکاریەکە وەریگرتبوو، بەو پارەیە (تیپلە)یەکی خۆشدەستی کڕی و زۆر خێرا توانی بەشێوەیەکی مامۆستایانە بیژەنێت.

ئەوکاتەی باوکم ئەوسازەی لەماڵەوە بەردەست کەوت، نەیخستە رووی خۆی و داوای لە کوڕەکەی کرد بەردەوام بێت لەسەر داواکردنەوەی قەرزەکە، بەڵام ئەویش هەمیشە لە وەڵامدا دەیوت دوکاندارەکە پارەی پێ نییە قەرزەکە بداتەوە. دوومانگ بەسەر ئەو مەسەلەیەدا تێپەڕیبوو کە باوکم بەدەست لەبەردەم لوویس ئێنریکێدا دەرکەوت و بەدەم ژەندنی سازەکەوە گۆرانیەکی بۆ وت لەوکاتەدا بۆی هات:"**بزانە چەند جوان ئەوەژەنم کە بۆکڕینی هەشت پیزۆم دزی.** "

هەرگیز لەوە تێنەگەیشتم چۆن بەو مەسەلەیەی زانی، یان بۆچی ئەوهەموو وەختە مەسەلەکەی باس نەکرد و فێڵوتەڵەکەی کوڕەکەی ئاشکرا نەکرد. بەهەرحاڵ، کوڕە تاوانبارەکە بۆماوەیەك لەماڵەوە نەبینرا تا مەسەلەکە فەرامۆش کراو دایکم توانی هاوسەرەکەی هێمن بکاتەوە. ئەوکاتانە بوو کە گوێمان لە یەکەمین هەڕەشەکانی باوکم بوو لەسەر ناردنی لوویس ئێنریکێ بۆ تەمێخانەی مێدێین، بەڵام کەس ئەو هەڕەشانەی بەجدی وەرنەگرت لەبەرئەوەی پێش ئەوەش چەندینجار وتبووی بەنیازە من بنێرێتە قوتابخانەی ئاینی **ئۆکانیا**[٢]، هەڵبەتە نە وەکو سزایەك، لەبەرئەوەی من هیچ تاوانێکم

---

[١]. Fontidueno

[٢]. Ocana

نەکردبوو. بەڵکو بەو نیازەی ئەگەر یەکێك لە کوڕەکانی ببێتە ڕۆحانی دەبێتە مایەی شانازی بنەماڵەکە. بەڵام ئەو بڕیارە زۆر زوتر لەوەی لەخەیاڵیدا وێنەی کردبوو فەرامۆش کرا. بەڵام مەسەلەی وەکو ئەو دڵۆپە ئاوەبوو کە کاسەی سەبری لێوڕێژ کرد.

کەس لە زیندانی مناڵاندا زیندانی نەدەکرا بەفرمانی قازی نەبێت. بەڵام باوکم بە هاوکاری هاوڕێ دەست ڕۆشتووەکانی و نامەیەکی پشتگیری لە گەورە قەشەی مێدێین، حەزرەتی ئەقدەس **گارسیا بنیتیز**[1]، توانی ئەو ڕێگرە یاسایە بشکێنێت. لە لایەکیترەوە، لوویس ئێنریکێ، بەوپەڕی خۆشحالیەوە، وەکو ئەوەی بچێت بۆ میوانی، ڕێگەی تەمێخانەکەی گرتەبەر و بەو کارەی جارێکیتر باشی و سروشتی لەسەرخۆی دەرخستەوە.

ڕۆژانی پشووم بەبێ ئەو وەکو پێشووتر نەبوو. دەیزانی چۆن وەکو ژەنیارێکی شارەزا لەگەڵ **فیلادێلفۆ ڤێلییا**[2]، بەرگدرو و موعجیزەسازی بێ هاوتای و لەگەڵ مامۆستا **ڤالدێس**[3]دا بژەنێت. زۆر ئاسان لەگەڵ خەڵکیدا دەبووە هاوڕێ. لەکۆتایی ئەو کۆڕی سەمایانەی دەوڵەمەندەکان لێی بێزاربوون، لە پەنای سێبەرە تاریکەکانی پارکەکەدا، ژمارەیەك ژنی هەرزە و سۆزانی تازەکار. بە هەزار پێشنیاری دودڵیو سەرلێشێوانە هێرشیان بۆ دەهێناین. جارێکیان بەهەڵەداوای ئەوەم لە ژنێك کرد کە بەوێدا تێدەپەڕی و لەوجۆرە ژنانە نەبوو، شەو لەلام بمێنیتەوە، ئەویش بە وەڵامێك کە هیچ جێگەی ئەملاولای نەدەهێشتەوە وتی ناتوانم داوەتەکەت قبوڵ بکەم لەبەرئەوەی هاوسەرەکەم لە ماڵەوە نووستووە. بەڵام، سێ شەو پاش ئەوە پەیامی بۆناردم کە سێ شەوی هەفتە دەرگای سەر کۆڵان داناخات بۆئەوەی من بتوانم بەبێ دەرگا لێدان بچمە ژوورەوە.

ناوەکەیم لەیاد نییە، بەڵام حەزدەکەم هەر وەکو ئەو سەردەمە ناوی بنێم **نیگرۆ مانتا**[4]. ڕوخسارێکی حەبەشەیی و پێستێکی کاکاوی هەبوو. لەناوجێگەدا حەشری دەکرد و ڕەحەتبوونەکانی لە تۆفانی بەرد دەچوون و هەرای دەنایەوە و لەکاتی عەشقبازیدا دەتوت لە مرۆڤ نەبووە، بەڵکو دەتوت بورکانێکە و وەکو ڕوبارێکی خرۆشانو دەیهاژاند. هەر لەیەکەم ئاوێزان بوونەوە، لە ناوجێگەکەدا شێتی یەکتربووین. هاوسەرەکەی - وەکو **خوان بێریبا**[5] - هەیکەلێکی دێوئاسا و دەنگێکی کچانەی هەبوو. لە ناوچەکانی باشوری

---

[1]. Garcia Benitez

[2]. Filadelfo Veliila

[3]. Valdes

[4]. Nigromanta

[5]. Luan Breva

وڵات بەرپرسی سەربازی بوو و نەیارەکانی دەیانوت تەنها بۆئەوەی شارەزایی لە نیشانەشکاندندا بپارێزێت لیبراڵەکان دەکوژێت. لەژورێکدا دەژیان کە لەناوەڕاستەوە بەتەختە کردبوویان بەدووبەشەوەو. دەرگایەکی بەرەو شەقامەکە دەکرایەوە و دەرگایەکی تریشی بەرەو گۆڕستان. دراوسێکان گلەییان لە ئاشووبە عاشقانەکانی ژنەکە هەبوو لەبەرئەوەی لەوباوەڕەدابوون لوورەلوورەکانی وەکو لوورەی ئەو دەڵەسەگانەیە کە خەریکی چێژ وەرگرتنن. هێمنی مردووەکان دەشێوێنێ، بەڵام بەباوەڕی من، تا بەدەنگی بەرزتر هاواری لەزەتی دەکرد، مردووەکان لەبەرئەوەی بەوهۆیەوە هێمنیان شێوێنراوە پێیان خۆش دەبوو.

لە هەفتەی یەکەمدا، ناچاربووم کاتژمێر چواری بەیانی بۆی دەربازبم، لەبەرئەوەی بەهەڵە لە ڕۆژمێرەکە تێ گەیشتبووین و شەوی ئێشکگرتنی مێردەکەیمان لێتێکچوبوو و لەوانەبوو لەناکاو بەرپرسە سەربازیەکە دەربکەوێت. لەدەرگا گەورەکەی سەر گۆڕستانەکەوە چومە دەرەوەو بەنێو تروسکەی بڵێسەکان و وەڕینی سەگە مردوو پەرستەکاندا بۆی هەڵهاتم. ئەوکاتەی گەیشتمە دوهەمین پرد، لەدوورەوە چاوم بە بونەوەرێکی زەبەلاح کەوت کە تا بەتەنیشت یەکدا تێنەپەڕین نەمناسیەوە. خودی جەنابی ئامر کەرت بوو کە ئەگەر درەنگ کەوتبوومایە خۆم لەماڵەکەی خۆیدا دەستگیری کردبووم.

زۆر بەرێزەوە پێیوتم ـ **ئەم کاتەتباش، سپی پێست.**

بەبێ ئەوەی دڵم و زمانم یەکێك بن، لە وەڵامدا وتم ـ **خودا بتانپارێزێت، سەرجوخە.**

لەوکاتەدا کەمێك هێواشی کردەوە بۆئەوەی ئاگرم لێ وەربگرێت. شقارتەم بۆداگیرساند و بۆئەوەی با ئاگرەکە نەکوژێنێتەوە زۆر لێی نزیك بوومەوە. ئەوکاتەی بە جگەرە داگرساوەکەیەوە لێم دوورکەوتەوە، بە رووی خۆشەوە پێیوتم:

ـ **بەجۆرێك بۆنی سۆزانیەکانت گرتووە کە مەپرسە!**

زۆر کەمتر لەوەی چاوەڕێم دەکرد ترسەکەم درێژەی کێشا، لەبەرئەوەی چوارشەمەی دواتر خەو بردمیەوەو کاتێك چاوەکانم کردەوە، ناحەزەکەم بینی بە غروری بریندارەوە لەتەنیشت قەرەوێلەکە وەستابوو و بەبێدەنگی لێم ورد دەبوەوە. ئەوەندە ترسام کە هەناسەم بەبەردا نەهاتەوە و ئەوەندەی نەمابوو بخنکێم. ژنەکە کە وەکو من روت بوو، ویستی بکەوێتە بەینەوە، بەڵام هاوسەرەکەی بە لوولەی دەمانچەکەی پاڵی پێوەنا.

وتی ـ **تۆ بێدەنگ بە، ناکۆکیەکانی ناو جێگە بە گوللە کۆتایی پێدێت.**

دەمانچەکەی لەسەر مێزەکە دانا، بتڵێك عەرەقی قامیشی شەکری کردەوە و لەتەنێشت دەمانچەکەی داینا. بەرامبەر یەکتر دانیشتین و بێئەوەی قسەیەك بکرێت

دەستمان کرد بە خواردنەوە. نەمدەزانی بیر لەچی دەکاتەوە. بەڵام لەخۆڕا دڵی خۆم بەوە خۆش کردبوو ئەگەر بیویستبا بمکوژێت ئەوەندە درێژەی پێ نەدەدا و هەر یەکەمجار دەیکوشتم. کەمێك پاش ئەوە، سەروکەلەی نیگرۆمانتا دەرکەوت کە چەرچەفێکی لەخۆی پێچابوو و دەموچاوی پاك کردبوودوە، وەکو ئەوەی بەنیازی ئەومبێت بچێتە میوانی، بەڵام پیاوەکەی دەمانچەکەی رووتێکرد و پێیوت:

- ئەمە مەسەلەیەکی پیاوانەیە.

ژنەکە لەپشت دیوارە تەختەکە خۆی شاردەوە.

تازە بتڵی یەکەمان تەواو کردبوو کە تەرزمیەکی لاڤاوئاسا دەستی پێکرد. سەرجوخە بتڵی دوهەمی کردەوە، لولەی حەوتیرەکەی نا بەکەلەی سەریەوە و بەنیگا سارد و بێهەستەکەیەوە لێم ورد بووەوە. دواتر پەلەپیتکەکەی چرکاند بەڵام فیشەك دەرنەچوو. کاتێك حەوتیرەکەی دایە دەستم بەزەحمەت دەمتوانی لەرزینی دەستم بشارمەوە.

وتی - **نۆبەی تۆیە.**

یەکەمجار بوو دەمانچەم دەگرت بەدەستمەوە و سەرم لەقورسی وگەرمی سوڕما. نەمدەزانی چی بکەم. عارەقەیەکی سارد جەستەمی تەڕ کردبوو و بلقێکی سوتێنەر دەرونمی دەسوتاند. ویستم شتێك بڵێم بەڵام هیچ وشەیەك لەگەروم دەرنەهات. بیرم لەوەنەکردەوە تەقەی لێبکەمو دەمانچەکەم دایەوە دەستی، بێئەوەی لەوە تێبگەم کە ئەوە تاکە هەلی رزگاریمبوو.

بەدەنگێکی شادی ئامێزە و بەسوکایەتی پێکردنەوە لێی پرسیم - **چیە؟ لەترسا تڕت لێدا؟ باشتربوو پێش ئەوەی بێتە ئێرە بیرت لەمەش بکردبایەتەوە.**

ویستم پێی بڵێم خەڵکی هەندێك جار تڕ دەکەن، بەڵام زۆر خێرا لەوە تێگەیشتم کە جورئەتی ئەو گاڵتە وگەپە مەترسیدار و کوشندانەم نییە. لەوکاتەدا مێردە دڵئازاردراوەکە دەمانچەکەی بەتاڵکرد و تاکە فیشەکەکەی خستە سەر مێزەکە: چرووك بوو. لەباتی ئەوەی هەناسەیەکی خۆشی هەڵبمژم، هەستێکی سووکایەتی ئامێز داوێنی گرتم.

پێش کاتژمێر چوار، تەرزەکە کەمی کرد. هەردووکمان بەجۆرێك هەڵچوون بێتوانای کردبووین کە لەیادم نییە کەی پێیوتم جلەکانم لەبەر بکەمەوە، وەکو حاڵەتی ئەوکەسە غەمبارەی بەشداری مەراسیمی ماتەمینی دەکات فرمانەکەیم جێبەجێ کرد. ئەوکاتەی لەسەر جێگەکەی دانیشت، تازە بۆمدەرکەوت دەگری. بەبێ کەمێك شەرمەزاری، فنگەفنگ فرمێسکی دەرشت و لەوەدەچوو ئەو گریانە هەستی غرورێکی پێ ببەخشێت.

دواجار هێمن بوەوە. بەپشتی دەستی روخساری سڕی، بە دووپەنجە فینگی کرد و هەستا سەرپێ.

پرسی - دەزانی بۆچی بەزیندوویی لێرە دەچیتە دەرەوە؟ - و هەر بۆخۆشی وەڵامی دایەوە -: **لەبەرئەوەی باوکت تاکە کەس بوو کەتوانی ئەو ئاوڵە درێژخایەنەم چارەسەر بکات کە سێ ساڵی ڕەبەق بەدەستیەوە دەمناڵاند و کەس نەیدەتوانی بۆم چارەسەر بکات.**

بەدەست پیاوانە پێدا کێشام و پاڵی پێوەنام بۆ دەرەوە. هێشتا باران دەباری، شەقامەکانی گوندەکە پڕ ببون لە ئاو و منیش کە تا ئەژنۆم تەڕبوو و باوەڕم بەوەنەبوو هێشتا زیندوم، بەهەزار دەردیسەری خۆم گەیاندە ماڵەوە.

نەمزانی دایکم چۆن بەو مەسەلەیەی زانی، بەڵام بەهەرحاڵ ڕۆژانی دوایی بەتوندی خستمیە ژێر چاودێریەوە نەبا شەوان لەماڵ بچمە دەرەوە. سەرباری ئەوەش، بەهەمان شێوە رەفتاری لەگەڵ دەکردم کە پێشتر هەوڵیدابوو بەوشێوەیە باوکم پابەندی ماڵەکەی بکات، واتە هەندێك سەرقاڵی بۆ دادەتاشیم کە ئەوەندە کاریگەریان نەبوو. بەدوای هەندێك نیشانەدا دەگەڕا بۆئەوەی بزانێت لەدەرەوە جلەکانم داکەندووە، لەخۆیەوە هەندێك بۆنی دەکرد کە لەبنەڕەتدا بوونیان نەبوو، پێشئەوەی لەماڵ بچمە دەرەوە خواردنی قورسی دەرخوارد دەدام لەبەرئەوەی بەپێی باوەڕی ناو خەڵکی، لەوباوەڕەدابوو هاوسەرەکەی یان کوڕەکانی جورئەتی ئەوەیان نەبوو لەکاتی هەزم کردنی خواردندا عیشقبازی بکەن. دواجار، شەوێکیان کە هیچ بیانوویەکی بەدەستەوە نەمابوو لەماڵەوە بمهێڵێتەوە بەرامبەرم دانیشت و وتی:

- خەڵکی دەڵێن لەگەڵ ژنی پۆلیسێکدا دەستت تێکەڵاو کردوە و ئەویش سوێندی خواردووە بە فیشەکێك مێشکت بپژێنێت.

توانیم پێی بسەلێنم پێ بکەم کە ئەو قسەیە دوورە لەراستیەوە، بەڵام پڕوپاگەندەکە وەکو خۆی لەسەر زاری خەڵکی بوو. نیگرۆمانتا هەواڵی بۆدەناردم کە تەنهایەو هاوسەرەکەی بەردەوام لە ماڵ نییە، و چەندرۆژێك دەبێت نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە. هەمیشە تائەوشوێنەی بۆمدەکرا هەوڵم دەدا سەرجوخە نەمبینێت، بەڵام هەرئەوەندەی لەدورەوە دەمبینیم دەستی بۆ بەرز دەکردەوە و بەسەر سەلامی لێدەکردم و نەمدەزانی ئەمە بەحسابی ئاشتی لێك بدەمەوە یان هەڕەشە. لە پشووی ساڵی دواتردا، بۆ دواهەمینجار لەئاهەنگێکی ناوچەییدا چاومان بەیەکتر کەوتەوە و داوەتی کردم پەرداخێك عارەقی قامیشی شەکری پیاولەپێخەری لەگەڵدا بخۆمەوە، ومنیش لەترسدا بوومە هاوپیاڵەی.

نازانم لەسایەی چ جۆرە جادوو ئەفسوونێکدا، مامۆستایان و هاوپۆلیەکانم، کە بەردەوام وەکو فێرخوازێکی گۆشەگیر تەماشایان دەکردم، لەناکاو رایان گۆڕا و لەقۆناغی پێنجەمەوە وەکو شاعیرێکی بەنەفرەتکراو و میراتگری بێ قەیدوبەندی سەردەمی بەڕێوەبەریەتی کارلۆس مارتین لەقەڵەمیاندام. خۆشم لەوە دڵنیا نیم بەلام هەست دەکەم بۆئەوەی زیاتر لە وێنەی خەیاڵی ئەوان بچم، لە تەمەنی پازدە ساڵیەوە لە ئامادەییەکە دەستم کرد بەجگەرەکێشان. یەکەمین مژ مەترسیدار بوو. نیوەی ئەوشەوەم لە ئاودەستەکەدا بردەسەرو ڕشامەوە. ئەوەندە حاڵم خراپبوو هەستم دەکرد خەریکە دەمرم. بەیانی بەشەکەتی لەخەو هەستام، بەلام تامی توتن کە لە نێو دەممدا وشك ببوو و گەروی قورس کردبووم، لەباتی ئەوەی ببێتە هۆی بێزاریم، ئارەزویەکی بێ بەربەست و حەزێکی بێهەوساری جگەرەکێشانی لەناخمدا تاو دەدا. لەوێوەبوو کە چوومە ریزی جگەرەکێشە بێچارەکانەوەو ئەوەندە لەوبوارەدا بەرەوپێش چووم ئەگەر دەمم پڕ لەدوکەڵ نەبا، نەمدەتوانی تەنانەت یەك دێڕیش بنووسم. لە ئامادەییەکە تەنها لەکاتی پشووەکاندا مافی جگەرەکێشانمان هەبوو، بەلام من دووسێجار لەکاتی وانەکاندا مۆڵەتم وەردەگرت بۆئەوەی بچمە ئاودەست و ئاو بە بێقەراریمدا بکەم. بەمشێوەیە، رۆژی سێ پاکەتم دەکێشا و ئەگەر شەوێك خەوم لێ نەکەوتبا یان مەراسیمی ئاهەنگێك هەبوایە، پاکەتی چوارەمیشم دەکێشا. پاش وازهێنان لە ئامادەیی، گەیشتمە قۆناغێك کە لەتاو گەروو وشکی و ئازاری ئێسقان تاقەتی دێوانەیی بێتاقەت دەبووم. بڕیارمدا جگەرە تەرك بکەم بەلام لە دووڕۆژ زیاتر نەمتوانی بەردەوامبم.

نازانم لەوانەیە ئەوحاڵەتە، دەستمی لەنووسینی پەخشاندا رەوان کردبێت و توانیم بەرپرسیاریەتیەکانی جەنابی کالدۆرن، کە بەردەوام ناوەڕۆکەکانیان جەسورانەتر دەبوون، باشتر جێبەجێ بکەم و باشتر سوود لەو کتێبانە وەربگرم کە لەزەمینەی ئەدەبدا دەمخوێندنەوە ـ یان باشترە بڵێم خوێندنەوەیانم بەسەرخۆمدا دەسەپاند ـ سەرباری ئەوەی پاش سەرسوڕمانی قوڵم لەپاش خوێندنەوەی هەزارو یەك شەو زۆر چیرۆکم خوێندبووەوە، لێکدانەوەم بۆ ئەو چیرۆکە سەرەتایی و سادە بوو. تەنها ئەوکاتە توانیم گۆڕان بەسەر بیرکردنەوەمدا بهێنم کە جورئەتی ئەوەم دایە بەرخۆم ئەوە بەخۆم بسەلێنم کە چیرۆکەکانی شەهرەزاد لەژیانی رۆژانەدا روو دەدەن و ئەوەی بوە رێگری دوپاتبوونەوەیان بێباوەڕی و ترسنۆکی واقیعگەرایانەی نەوەکانی دوایی بوو. لەسەر هەمان بنەما، باوەڕم بەوەهێنا کە مەحاڵبوو کەسێك لەسەردەمی ئێمەدا جارێکیتر باوەڕ بەوە بکات کە دەکرێت بەسواری مافورەکەوە بەسەر شار وشاخەکاندا بفڕیت، یان باوەڕ بەوەبکەن کە کویلەیەکی خەڵکی کارتاخنا دێ ئیندیاس دووسەد ساڵی رەبەق لە بتڵێکدا

زیندانی بکرێت تا سزای تاوانەکەی بداتەوە، مەگەر ئەوەی نووسەر ئەو توانایەی هەبێت کە روداوێکی لەوجۆرە بەشێوەیەك بگێڕێتەوە کە خوێنەرەکانی باوەڕی پێ بهێنن.

سەرجەم وانەکانی خوێندن دەبوونەهۆی بێزاریم، هەڵبەتە جگە لە وانەکانی ئەدەب کە چرکەبەچرکەیان لەبیرەوەریمدا تۆمار دەبوو و تاکەسوار و بەیداخداری بێ رەقیبیان بووم. تاقەتم نەبوو کۆشش بکەمو هەمووشتێکم دەدایە دەست بەخت و چارەنووس. غەریزەیەکی تایبەتی دۆزینەوەی بابەتە گرنگەکانی وانەکانم تێدابوو و تاڕادەیەك دەمتوانی پێشبینی ئەوەبکەم کام بەشی کتێبەکان لەلای مامۆستاکان گرنگە و لەسەر ئەوبنەمایە فێری بەشەکانیتر نەدەبووم. راستیەکەی ئەوەیە کە هیچ بەڵگەیەکم نەدەبینیەوە مێشك و کاتم بەو وانانەوە سەرقاڵ بکەم کە بەهێچ شێوەیەك سەرنجیان رانەدەکێشام و هەرلەبەرئەوەش، هەرگیز بەکەڵکم نەدەهاتن و هەر لەبنەڕەتدا مولکی دونیایەك بوون کە پەیوەندیان بە دونیای منەوە نەبوو.

هەندێك جار ئەو خەیاڵە جەسورانەیە دەهاتە مێشکمەوە کە مامۆستاکان زۆرتر لەسەر کەسایەتیو هەڵسوکەوتم نەرمیان دەدامێ تا لەسەر پەڕەی تاقیکردنەوەکانم کە حاڵیان پەرێشان بوون. لەسایەی وەڵامە حازر بەدەستەکانم و ئەوبابەتە شێتانانەی کە لەناکاو دەهاتنە مێشکمەوە و نوکتە نابەجێکانم لەدەست گێروکێشمەی وانەکان رزگارم دەبوو. بەڵام ئەوکاتە قۆناغی پێنجەمم بە کێشە و گرفتی خوێندنەوە کۆتایی پێهێنا کە هەستم دەکرد توانای بەرگریکردنی وانەکانم تێدا نەماوە، و پاشانیش سنوری تواناییەکانی خۆم ناسی. تا ئەوکاتە رێگەی دیپلۆمم بەهۆی موعجیزە چاوەڕوان نەکراوەکانەوە بڕیبوو، بەڵام دڵم شایەتی ئەوەی دەدا کەپاش ئەوقۆناغە دیوارێکی بڵند و پتەو و نەبڕاو چاوەڕێم دەکات. راستیەکەی ئەوەبوو کە ئیرادەو خواستو هەماهەنگی فیکری و رۆحی و پارە و خوێنەواری رێنووسی پێویستم تێدا نەبوو بۆ درێژەدان بەخوێندنی زانکۆ. یان باشترە بڵێم: ساڵەکان وەکو باوبروسکە تێدەپەڕین و هێشتا بەتەواوەتی نەمدەزانی لە ژیاندا بەدوای چیدا وێڵم و دەبوو چەند ساڵێکیتریش گوزەریان بکردبا تا لەوە تێبگەم ئەو حاڵەتی بێچارەییەم چەند بەسوودبوو بۆم لەبەرئەوەی هیچ شتێکی ئەم جیهانە ـ یان ئەودوونیا ـ نییە کە کەڵکی بۆ نووسەر نەبێت و بەجۆرێك لەجۆرەکان سوودی لێ نەبینێت.

بارودۆخی وڵات هێشتا وەکو خۆی خراپ بوو. بەهۆی دژایەتی بێ ئامانی پارێزکارە کۆنەپەرستەکان، ئالفۆنسۆ لۆپێز پومارخۆ بەجۆرێك تەنگی پێ هەڵچنرا کە لە ٣١ی جوییەی ١٩٤٥دا دەستی لەکار کێشایەوە. ئەنجومەنی نوێنەران، ئالبێرتۆ براس کامارگۆی

لەباتی دامەزراند تا دواهەمین ساڵی سەرەك كۆماری تێپەڕێنێت. ئێراس لە یەكەمین وتاریدا لەكاتی وەرگرتنی ئەو پۆستەدا، بەدەنگە هێمنەكەی و ڕەوانی قسەكانی، دەستی بە هەوڵێكی تەموومژاوی و نادیار كرد تاوەكو ڕۆحیەتی گەل تاكاتی هەڵبژاردنی سەرەك كۆماری نوێ بەرەو هاوسەنگی و خۆڕاگری ڕێنوێنی بكات.

بە هۆی حەزرەتی ئەقدەس **لۆپێس پێراس**[1]ی كوڕەمامی سەرەك كۆماری نوێ، بەڕێوەبەری ئامادەییەكە توانی كارێك بكات كەسی یەكەمی وڵات ببینێت و لەودیدارەدا بەمەبەستی گەشتێكی زانستی بۆ كەناری ئاتلانتیك داوای پارە بكات. نازانم بۆچی جەنابی بەڕێوەبەر لەنێو ئەو هەموو فێرخوازەدا منی هەڵبژارد بۆئەوەی لەكاتی بینینی سەرۆك كۆماردا لەگەڵی بچم، بەومەرجەی قژە ئاڵۆزكاو و سمێڵە پەرێشان و ڕەپەكەم كەمێك ڕێكوپێك بكەم. ئەوانەی لەوسەردانەدا هاوڕێمان بوون بریتی بوون لە گیێرمۆ لۆپێز گرای ناسراوی سەرەك كۆمار و ئالڤارۆ ڕۆێس تۆرسی خوشكەزای **لایۆرا ڤیكتۆریا**[2]، ئەو خاتوونە شاعیرە بەناوبانگەی لەسەر ناوەرۆكە جەسورانەكان كاری دەكرد و یەكێكبوو لە ناوە دیارەكانی نەوەی"نوێگەرا"كە پێراس كاماراگۆش یەكێكبوو لە رابەرە ڕۆحیەكانی. هیچ چارەیەكیترم نەبوو گوێڕایەڵی نەبێت. شەوێكی شەممە، لەكاتێكدا كە گیێرمۆ گرانادۆس لە بەشە ناوخۆیەكە بەدەنگی بەرز بەشێكی ئەو ڕۆمانەی دەخوێندەوە كە هیچ پەیوەندیەكی بە بارودۆخی منەوە نەبوو، شاگرد سەرتاشێكی قۆناغی سێهەم قژە درێژەكەمی وەكو قژی سەربازەكان كورت كردەوە و سمێڵیشمی وەكو سمێڵی باریك و قەیتانی گۆرانیبێژەكانی تانگۆ لێكرد. تاكۆتایی ئەو هەفتەیە لەبەرامبەر تانەی فێرخوازەكان، كە ڕوخساری نوێم بابەتێكی سەرنجڕاكێشی بۆ ڕابواردن خستبووە بەردەستیان، دانم بەخۆمدا گرت و یەك قسەم نەكرد. بەتەنها خەیاڵی ئەوەی پێ بخەمە كۆشكی سەرەك كۆماریەوە خوێنی دەمارەكانمی وەكو سەهۆڵ دەبەست، بەڵام نیگەرانیەكانم بێ بنەما و پووچ و واهیمەبوون لەبەر ئەوەی لەوشوێنەدا جگەلە بێدەنگیەكی ئاسمانی هیچ نیشانەیەكی ئەوشتەم بەدی نەكرد كە بە نهێنیەكانی دەسەڵاتم دەزانی. پاش ئەوەی كەمێك لەو هۆڵەدا چاوەڕێمان كرد كە بە پەردەی بەرز و تابلۆی چنراو ڕازێنرابووەوە، ئەفسەرێك بەبەرگی ڕەسمیەوە بەرەو نوسینگەی سەرەك كۆمار ڕێنومایی كردین.

---

[1]. Lopez Lleras

[2]. Laura Victoria

پراس کاماراگۆ لەڕادەبەدەر لە وێنەکانی خۆی دەچوو. شانی سێگۆشە، چاکەت وپانتۆڵی جوانی گەبەردینی ئینگلیزی، رومەتی خرپن، پێستی رەنگ پەڕیوی مەیلەو زەردو ددانە کەروێشکیەکەی وەکو منالە هارەکانی لێکردبوو و کاریکاتێریستەکانی دەوروژاند، جولە نەرمونیان و شێوەی تەوقەکردن و وردبوونەوەی لەچاوی بەرامبەرەکەی کاریگەری لەسەر بەجێهێشتم. لەیادم نییە چۆن لەبیرمدا وێنەی سەرەك کۆمارەکانم کردبوو، بەلام لەوباوەڕەدا نەبووم هەموویان لەو بچن. بەتێپەڕینی کات، ئەوکاتەی باشتر ناسیم، هەستم بەشتێك کرد کە خۆشی درکی پێ نەکردبوو و نەیدەزانی کە لەراستیدا نووسەرێکی رێ ونکردوە.

پاشئەوەی، بەوردی و سەرنجێکی تەواو دیارەوە، گوێی لە قسەکانی جەنابی بەڕێوەبەر گرت وەلامی گونجاو و هەلسەنگێنراوی دایەوە، بەلام پێشئەوەی گوێ لە قسەی فێرخوازەکان نەگرێت هیچ بڕیارێکی نەدا. ئەوەندەی بەڕێوەبەرەکە رێزی لەئێمەش گرت و بەهەمان وردی و سەرنجەوە گوێی لێ گرتین کە گوێی لە بەڕێوەبەرەکەش گرت. لە دوو خولەکی کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا، هەندێك قسەی کرد کە لەوە دلنیابووین زانیاری لەبارەی شێعرەوە زیاترە وەکو لە کەشتی هاژوون بە رووباردا، هەرچەندە مەسەلەی دوهەمی بەلاوە سەرنجراکێشتر بوو. رەزامەندی بۆ سەرجەم داواکاریەکانمان دەربڕی و سەرباری ئەوەش، بەلێنی دا بەشداری مەراسیمی کۆتایی سالی خوێندنی ئامادەییەکە بکات، کە چوارمانگ دواتر دەکرا.

بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانمان دەکرد، بەلێنەکەی جێبەجێ کرد و بەدرێژایی مەراسیمەکە هەلسوکەوتی بەجۆرێکبوو کە دەتوت بەشداریی کۆبونەوەکانی دەستەی دەولەتی کردووە و لەکاتی نمایش کردنی شانۆییەکی بەزمئاسادا کە لەبەر ئامادەبوونی ئەو ئامادەمان کردبوو، لەناخی دلەوە پێکەنی، لە میوانداریی کۆتاییدا وەکو فێرخوازێکی نەوجەوان رەفتاری کرد و هەندێك هەلسوکەوتی لێکەوتەوە کە تەواو پێچەوانەی ئەو وێنەیە بوو کە لە خەیالماندا بۆ کەسی یەکەمی ولات کێشابوومان، نەیتوانی لەبەردەم دلکرمێکردنی گەنجانەی پێ خستنە بەرپێی ئەوکەسەی جامەکانی دەبەخشیە براوەکان خۆی رابگرێت، و ئەو داماوەش گەر کەمێك درەنگتر بەوەی بزانیبا بەدلنیایەوە دەکەوت بەعەردا.

بە رۆحیەتێکی شادومانانەو بەوپەڕی دلخۆشیەوە لە کۆتایی پێهێنانی قۆناغی ئامادەیی، بەمەبەستی تێپەڕاندنی پشووی کۆتایی خوێندن، گەڕامەوە لای بنەمالەکەم و یەکەمین هەوالی مالەوە زۆر خۆشحالی کردم لەبەرئەوەی تێگەیشتم لوویس ئێنریکێ، پاش سال ونیوێك مانەوەی لە خانەی چاککردن، گەڕاوەتەوە مالەوە. جارێکیتر

بەڕووەخۆشـەکەی دوچـاری سەرسـوڕمانی کـردم. کـەمترین رق وکینـەی لـەبر ئـەو زیندانیـەی کێـشابووی لەبەرامبـەر کـەس لەدڵـدا نـەبوو و کارەسـاتەکانی ئـەو شـوێنە ترسناکەی ئەوەندە خۆش دەگێڕایەوە کە مرۆڤ دەکەوتە پێکەنین و لەرووە پڕئازارەکەی راسـتیەکان دوور دەکەوتـەوە. لـە بیرکردنـەوەکانی ئەوسـەردەمەدا گەیـشتبووە ئـەو ئەنجامـەی کـە دایـك و باوکمـان لەبـەر نیازپـاکی ناردویانـە بـۆ ئـەو گرتووخانەیـە. هەرچەندە پاڵپشتیەکانی ئەسقەفی گەورە ئەوی لە مەینەتیـەکانی ژیـانی رۆژانـەی نێـو گرتووخانەکە بەدوور نەگرتبوو، بەڵام ئەو مەینەتیانـەی کێشابووی، لەباتی ئـەوەی بـە لاڕێیدا ببەن و ببنە هۆی تێکچونی، کەسایەتیەکی سەقامگیر و بـەهێزیان پـێ بەخـشی و زەوقی قسە خۆشیان بەهێزتر کرد.

یەکـەمین پیـشەی پـاش گەڕانـەوەی، کـارکردن بـوو لـە نووسـینگەی بەڕێوەبەریـەتی ناحیەی سوکرە. ماوەیەك دوای ئەوە، جەنابی بەڕێوەبەری ناحیە تووشی نەخۆشی گەدە بـوو و یـەکێك لـە کەسـە نزیکـەکانی دەرمـانێکی موعجیزەئاسـای بـۆ نووسـی کـە تـازە کەوتبووە بازاڕەوە: **ئالکاسلتزێر**[1]. بەڕێوەبەری ناحیەکە دەرمانەکـەی لەئاودا نەتوانـدەوە بـەڵکو وەکـو حـەب خـواردی و ئەگـەر بـەزەیی خـودا نـەبا، بەسـەلامەتی دەرنەدەچـوو، هـەڵقولانی ناچارانەی گـەدەی رەفتـاری تـەواو تێکـدابوو. بۆئـەوەی بێتـەوە سـەرخۆی و لەدەسـت مەترسـی مـەرگ رزگـاری ببێـت کـە هێـشتا داوێنـی بەرنـەدابوو، بڕیاریـدا چەندرۆژێك پشوو وەربگرێت، بەڵام لەبەرهەندێك هۆکاری سیاسی بەباشی نـەزانی هـیچ یـەك لـە جێگرەکـانی لـەماوەی پـشووەکەیدا جێگـەی بگرنـەوە و ئـەو ئەرکـەی سپاردە براکەم. بەرێکـەوت و بـەهۆی ئـەو گەمـە سـەیرەوە، لـوویس ئێنریکـێ ـ کە بـەپێی یاسا تەمەنی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە کەم بوو ـ ناوی وەکـو لاوتـرین بەرێوەبـەری ناحیـە لـە مێژووی ئەوناوچەیەدا تۆمار کرا.

تاکە شـتێك کـە بەڕاسـتی لـەو مـاوەی پـشووەمدا دەبوەهـۆی بێتاقـەتیم ئـەوەبوو کـە دڵنیابووم سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەم، بۆ داهاتوویەکی باشتر چاویان لەمن بڕیبوو و تەنها منیش بووم کە تەواو لەوە دڵنیا بووم چەندە ئـەو خەیاڵەیان پـووچ و بێبنەڕەتـە. ئـەو قـسانەی بـاوکم لەرواڵەتـدا بـێ مەبەسـت لەسـەر مێـزی نانخواردنەکـە کـردی لـەوە ئاگاداری کردمەوە دەبێت دەرباری چارەنووسی هاوبـەشمان گـەلێك قـسە بکـەین و دایکـم خێرا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جەختی لەسەر قسەکانی بـاوکم کـردەوە و وتـی: "**ئەگەر**

---

[1]. Alkaseltzer

بارودۆخەکە بەمشێوەیە بڕوات، دەبێت درەنگ یا زوو بگەڕێینەوە کاتاکا. "بەڵام باوکم چاوی لێ مۆڕ کردەوەو دایکم قسەکەی گۆڕی:

- یان بچینە هەرشوێنێکیتر کە بۆمان گونجاو بێت.

ئەوکاتە هەموو شتێك ئاشکرابوو: ئەگەری گواستنەوە بۆ شوێنێکیتر لە ماوەیەك لەوەو پێشەوە قسە وباسی باوی خەڵکی ماڵەکە بوو و ئەو بڕیارەش بەپێی پێویستیە ڕەفتاریەکان نەبوو، بەڵکو دایك و باوکم دەیانویست بەم کارەیان داهاتوویەکی باشتر بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر بکەن و پانتایەکی بەرفراوانتر بەڕوویاندا ئاوەڵا بکەن کە ڕێگەی پێشکەوتن تێیدا کراوەتر بێت. تا ئەو چرکەیە دڵم بەوە خۆشبوو کە هەست کردن بە نائومێدی و داماوی و شکست لە کەش‌وهەوای گوندەکەو خەڵکەکەی‌و تەنانەت لە نەریت‌و ڕەفتاری بنەماڵەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام قسە غەمگینەکانی باوکم جارێکیتر ئەوەی لەلا سەلماندم کە هەمیشە دەکرێت تاوانبارێك بدۆزینەوە تا بە تاوانبارکردنی باری تاوان لەسەر شانی خۆمان سووك بکەین.

ئەوەی لەو کەشەدا بەشێوەیەکی تەمومژاوی هەستم پێدەکرد بارگرانتر و ئاستەمتر دەهاتە پێش چاو. دایکم جگەلە تەندروستی خایمەی برا بچوکم، کە بە شەش مانگی لەدایك ببوو هەر لەهەمان سەرەتای لەدایك بوونیەوە بونیەیەکی باشی نەبوو، بایەخی بە هیچیتر نەدەدا. بەدرێژایی ڕۆژ لە پاڵ ئەودا و لەسەر هاماکای ژوری نووستنەکە پاڵدەکەوت و ئەوەندە لەوێ دەمایەوە تاوەکو لەتاو غەم و گەرمای تاقەتپڕوکێن بڕستی لێدەبڕا و هەستی دڵمردوویی دەگواستەوە بۆ سەرجەم خەڵکی ماڵەکە. خوشك و براکانم بەرەڵا کرابوون، گەورەیەك نەبوو چاودێرییان بکات و گوێیان لە کەس نەدەگرت. بەرنامەی نانخواردنمان تێکچوبوو و کاتی نانخواردنی بەیانیان و نیوەڕوان و ئێوارانمان دیار نەبوو. باوکم کە هەمیشە لەو پیاوانە بوو کە مشووری ماڵ ومناڵی دەخوارد، بەدرێژایی ڕۆژ لە دەرمانخانەکەیەوە، سەیری گۆڕەپانەکەی دەکرد و عەسرانیش لە گازینۆیەکی بلیارد سەرقاڵی بردنەوەو دۆڕاندنە ناچیزەکان دەبوو. ڕۆژێکیان توانام لەبەر بڕاو نەمتوانی لەبەرامبەر ئەو دۆخە ناهەموارەدا دان بەخۆمدا بگرم. لەتەنیشت دایکمەوە لەسەر هاماکاکە پان بوومەوە - لێمپرسی ئەو نهێنیە چییە کە باری خێزانەکەمانی قورس کردووەو کەس دەربارەی قسە ناکات. دایکم هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا بۆئەوەی دەنگی نەلەرزێ و سفرەی دڵی بۆ کردمەوە :

- باوکت کوڕێکی هەیە لە کۆڵان کەوتووە.

لە ئاسوودەیی دەنگیەوە بۆمدەرکەوت کە بێئارامانە چاوەڕوانی پرسیاری من بوو. ئیرەیی ژنانەی جۆرێك لە بەرچاوڕونی پێ دەبەخشی و هەر ئەوەش بوەهۆی ئەوەی

ئەوکاتەی یەکێك لە خزمەتکارەکان هەڵەداوان هاتە ماڵەوە و هەواڵی ئەوەی هێنا کە باوکمی بینیوە لە تەلەگرافخانە بە تەلەفۆن قسەی کردووە، خێرا لە راستی مەسەلەکە تێبگات. بۆ ژنێکی چاوچنۆك ئەو تاکە نیشانەیە بەسبوو تا تێبگات. گوندەکە تەنها ئەو تەلەفۆنەی تێدابوو کە بەتەنها بۆ پەیوەندی دوور و بە سەرەگرتنی پێشوەخت بەکار دەهێنرا و خواخۆی دەیزانی دەبێت چەندە چاوەڕوان بیت تا پەیوەندیەکەت وەردگیرا و هەر خولەکێکی پەیوەندی ئەوەندە گران بوو کە تەنها بۆ کاروباری زۆر پێویست نەبا کەس بەکاری نەدەهێنا. هەر پەیوەندیەکی تەلەفۆنی، تەنانەت ئاسایترینی ئەو پەیوەندیانە، وەکو هەڕەشەیەك لەقەڵەم دەدرا کە سەرنجی ئاوێتە بە بەدگومانی ئەو خەڵکەی رادەکێشا کە لەدەوری گۆڕەپانەکە خڕ ببونەوە. بەکورتیەکەی ئەوکاتەی باوکم گەڕایەوە ماڵەوە، دایکم خستیە ژێر چاودێریەوە بێئەوەی بیخاتە رووی خۆی کە شتێك روویداوە و هیچی نەوت تا ئەوەی باوکم ئەو کاغەزەی دەرهێنا کە تێیدا ئاگاداریان کردبوەوە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی پیشەکەیەوە داوایان لەدژی تۆمار کردوەو، کاغەزەکەی دڕاند. دایکم چاوەڕێی هەلێکی لەباری کرد تا بە پرسیارێکی لەناکاو و چاوەڕوان نەکراو کاری خۆی بکات. بێ پێشەکی لە باوکمی پرسی بە تەلەفۆن لەگەڵ کێ قسەت دەکرد. پرسیارەکەی هێندە بێپەردە بوو هیچ جێگەی حاشا لێکردن نەبوو و باوکیشم لەو کاتەدا هیچ وەڵامێکی نەدۆزیەوە باوەڕی پێ بهێنێت جگە لە وتنی تەواوی راستیەکە نەبێت:

- لەگەڵ پارێزەرێکدا قسەم دەکرد.

دایکم وتی - **خۆشم ئەوە دەزانم. چاوەڕێی ئەوەت لێدەکەم بەو راستگۆیەوە کە شایستەمە سەرجەم چیرۆکەکەم بۆ بگێڕیتەوە.**

دایکم دواتر دانی بەوەدانا کە خۆی سوربووە لەسەر ئەوەی چیلکە لە پیسیەکە وەربدات، گەرنا باوکم دەیتوانی مەسەلەکە بشارێتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو پێی بزانێت، بەڵام گەر باوکم بەوپەڕی شەهامەت و راستگۆییەوە راستی بۆدرکاند، هۆکارەکەی ئەوەبوو کە هەستی دەکرد دایکم هەموو شتێك دەزانێت، یان لەوانەیە لەو باوەڕەدا بووبێت درەنگ یان زوو ناچار دەکرێت دانی پیادابنێت.

ڕووداوەکە بەمشێوەیەبوو. باوکم رونیکردەوە کە هەواڵی پێگەیشتووە شکاتی لێکراوە و بەوە تاونبار کراوە کە لە عەیادەکەی دەستدرێژی سێکسی کردوەتە سەر نەخۆشێك کە بەهۆی دەرزی مۆرفینەوە ئاگای لەخۆی نەبووە. ئەوەش لە شوێنێکی فەرامۆشکراو و دورەدەستدا رووی‌دابوو کە باوکم ماوەیەکی کورتی لەوێ گوزەراندبوو تا نەخۆشە هەژارەکان چارەسەر بکاتو هەر لەوێدا پاکیی خۆی سەلماند: میلۆدرامای بێهۆشی و

دەستدرێژی، درۆیەکی هەڵبەستراوی قێزەون بوو کە دوژمنەکانی بۆیان دروست کردبوو بۆئەوەی ئابڕوی ببەن، بەڵام منداڵەکە هی ئەوبوو و لەهەلومەرجێکی ئاسایی و بە رەزامەندی دایکی دروست ببوو.

دایکم نەیتوانی بەر بە ئابڕوچوون و بارگرژیەکە بگرێت، لەبەرئەوەی کەسێکی خاوەن دەسەلات لە پشت پەردەوە پاڵی بە مەسەلەکەوە دەنا و هەرجارەو درۆیەکی تازەی بلاو دەکردەوە. ئەو رووداوە لەژیانی هاوسەرێتیاندا شتێکی تازە نەبوو، و پێشتریش ئابیلاردۆ و کارمن رۆسا لە قۆناغە جیاوازەکاندا لەگەڵمان ژیابوون و هەموومان رێزمان لێگرتبوون، بەڵام بەو جیاوازیەی ئەوان پێش هاوسەریەتی دایکم وباوکم لەدایك ببوون. لەگەڵ ئەوەشدا، دایکم توانی بەسەر دڵپیسیەکەیدا زاڵ بێت و منداڵە تازەکە و خیانەتی هاوسەرەکەی وەك پێکێکی ژەهراوی هەڵقوڕاند و بەرەسمی پشتیوانی لێکرد و ئەوەندە دلێرانە لەبەرامبەر بەدگۆکان راوەستا تا بێ بنەمایی درۆی دەستدرێژیەکەی سەلماند و ئەو هەڵبەستراوە درۆیەی پوچەڵ کردەوە.

جارێکیتر هێمنی و ئاشتی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا. ماوەیەك پاش ئەوە هەواڵێکی نهێنی هاوشێوەمان دەربارەی کچێك لە دایکێکیتر پێگەیشت و باوکم ئینکاریی لەوە نەدەکرد و وەکو ئەوەی باسی دەکرد لەباروودۆخێکی داخاویدا دەژیا. دایکم کاتی خۆی بە شکاتکاریی و گومانەوە بەفیڕۆ نەدا بەڵکو هەر لەسەرتاوە بەوپەڕی هەوڵەوە ویستی بیهێنێتە لای خۆمان. ئەمجارەیان هەر لە یەکەمجارەوە وتی:"**میناش بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەو منالانە رەفتاری دەکرد کە باوکم لەملاولا خستبوونیەوە و هەرگیز لەوکارەی پەشیمان نەبووەوە.** "بەمشێوەیە، خۆی کارێکی کرد بەبێ هەراوهوریا کیژۆڵەکەمان بۆ بنێرن و ئەویش لە نێو بنەماڵە قەرەباڵغەکەماندا قبوول کرا.

چەند ساڵێك دواتر، ئەوکاتەی بەتەواوی ئەو مەسەلانە فەرامۆش کرابوون، خایمەی برام لە ئاهەنگێکدا لە یەکێك لە گوندەکانی ئەوناوە چاوی بە کوڕێکی نەوجەوان کەوت کە بەموو لە گۆستاپۆی برامان جیاواز نەبوو. هەمان ئەو منالەبوو کە بووەهۆی بەرزکردنەوەی شکاتەکە و ئێستا لەسایەی چاودێری و شایستەیی دایکی لاوێکی بەئەدەب و شایستەی لێ دەرچووبوو. بەوحاڵەشەوە، دایکم بەهەزار زەحمەت و بێنەوبەردە توانی بیهێنێتە لای خۆمان - ئەوکات ژمارەمان دەگەیشتە یازدە کەس - و هاوکاری کرد فێری پیشەیەك ببێت و سەروماڵێك بۆخۆی پێکەوە بنێت. سەرم لەو رەفتارەی سوڕما و چەندە مێشکم خستە کار نەمتوانی لەوە تێبگەم چۆن ژنێك بە ئیرەیی بردنی نەخۆشانە و خەیاڵە ئازارهێنەرەکانیەوە دەیتوانی ئەوەندە خەمسارد بەرامبەر بە میوەکانی خیانەتی هاوسەرەکەی خۆشەویستی دەربڕێت و وەلامی ئەو پرسیارەم لە

خودی دایکم وەرگرت و وەڵامەکەیم وەکو گەوهەرێکی بێ هاوتا لە گەنجینەی سینەمدا پاراست:

- ئەوەی راستی بێت، لە توانامدا نییە ببینم ئەو منالانەی لەگەڵ منالەکانی خۆمدا یەك خوێن بە دەمارەکانیاندا دەڕوات، ئاوارەی سەر جادە وکۆڵانەکان بن.

تەنها ساڵی یەکجار و لە کاتی پشووەکاندا خوشك وبراکانم دەبینیەوە. پاش هەموو سەفەرێك، ئاستەمتر دەمتوانی بیانهێنمەوە بیرم، بە تایبەت لەکاتێکدا کە بەردەوام ژمارەیان زیادی دەکرد. هەموومان جگە لە ناوە تەعمیدیەکەمان، ناوێکی تریشمان هەبوو کە ئەندامانی بنەماڵەکە بۆیان هەڵبژاردبووین بۆئەوەی ئاسانتر و خۆمانەتر یەکتری بانگ بکەین و زۆرجاریش ئەوناوە کورتکراوەی ناوە سەرەکیەکەمان نەبوو بەڵکو ناوێکی یەدەکبوو کە بەرێکەوت ببوو بەنسیبمان. منیان هەر لەسەرەتاوە ناونا گابیتۆ - کورتکراوەی ناباوی گابریل لە کەنارەکانی گواخیرا - و هەمیشە هەستم دەکرد ئەوە ناوە سەرەکیەکەمەو گابریل بچووککراوەی ئەوە. یەکێك کە لەو ناوە خویستانەیەمان سەری سوڕمابوو لێی پرسین، بۆچی دایك وباوکمان هەر لەسەرەتاوە ئەوناوانەیان لێ نەناوین بۆئەوەی دواتر ناچار نەبن بۆ هەریەکێکمان ناوێکی یەدەك هەڵبژێرن.

سەیر لەوەدابوو، ئاسانکاریی دایکم لە پەیوەندی لەتەك منالە ناشەرعیەکانی باوکمدا بەپێچەوانەی هەڵسوکەوتی بوو لەگەڵ دوو کچەگەورەکەی مارگۆت و ئایدا. لەرادەبەدەر سنورداری دەکردن، رێك وەکو ئەوەی کە دایکی خۆی لە پەیوەندی پڕ لە گێرمەوکێشەی ئەو وباوکمدا رێگری دروست دەکرد و تا بۆی دەکرا نەیدەهێشت پەیوەندیەکەیان سەر بگرێت. دایکم حەزی دەکرد ئەو گوندە بەجێ بهێڵین. باوکم کە چاوەڕێی نیشانەیەکی دەکرد تا باری سەفەر ببەستن و رێگەی دەڤەرێکی نەناسراو بگرنەبەر، ئەمجارە، بەپێچەوانەوە، ئارەزوی ئەوەی تێدا نەبوو. چەند رۆژێك تێپەڕی تا لەوە تێگەیشتم گرفتی دایکم پەیوەندی عاشقانەی کچە گەورەکانی بوو لەگەڵ دوو کوڕی لاو کە هیچ پەیوەندیەکیان پێکەوە نەبوو ئەوە نەبێت هەردووکیان ناویان رافائێل بوو. ئەوکاتەی چیرۆکەکەیان بۆ گێڕامەوە نەمتوانی بەر لە پێکەنینم بگرم لەبەرئەوەی بێئەوەی خۆم بمەوێت کەوتمەوە یادی چیرۆکی دڵداریەکەی دایکم و باوکم و ئەو مەینەتیانەی بەسەریاندا هات و دواتر بەبێ شەرم ئەو مەسەلەیەم لای دایکم باس کرد.

وتی **- ئەم مەسەلەیە جیاوازە.**

جەختم لەسەر ئەو تێروانینەم کردەوە **- هیچ جیاواز نییە.**

دەستی هەڵگرت **- باشە، قبوڵمە جیاواز نییە، بەڵام بەرگەگرتنی هاوکاتی دوو دەردیسەر زۆر قورسترە.**

خوشكەكانم ڕێك لە سەردەمی لاویەتی دایكم دەچون و هیچ ئامۆژگاریەك كاریگەری لەسەریان نەبوو. هەرگیز ئەوە دەرنەكەوت دایك وباوكم چۆن لەو مەسەلەیە ئاگادار بوون، لەبەرئەوەی دوو كچە عاشقەكە، هەریەكەیان لەلای خۆیەوە ئاگایان لەوەبوو چیرۆكەكەیان ئاشكرا نەبێت. سەرباری ئەوەش، متمانەی تەواویان بە تاقانە شایەتەكانی تاوانكاریەكانیان هەبوو و بە مەحاڵیان دەزانی كە پارێزەری ڕازەكانیان قسەیان لەدەم دەربچێت و ئاشكرایان بكەن، لەبەرئەوەی خۆیان بەئەنقەست یەكێك لە برا بچوكەكانیان لەگەڵ خۆیان دەبردە ژوانە عاشقانەكانیان بۆئەوەی كەس گومانیان لێ نەكات. لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو باوكیشم چاودێری كچەكانی دەكرد و ئاگاداربوو نەبا هەڵەیەك بكەن، هەڵبەتە، نە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بەڵكو لەسەر شێوازی باپیرە نیكۆلاس و بەرگریە هەڵچوانەكانی لە بەرامبەر كچەكانی.

ئایدا ڕۆسای خوشكم لە چاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەوانیدا وتی: "**دەچووینە جێگاكانی سەما كردن و لەناكاو سەروكەلەی باوكم دەردەكەوت و گەر بیبینیبا ڕافائێلەكان لەوێن، خێرا دەیگەڕاندینەوە بۆ ماڵەوە.** "مۆڵەتی ئەوەیان نەدەبەخشیە خوشكەكانم بەتەنها بۆ پیاسە وگەڕان بچنە سەیران و سینەما، یان ئەوەبوو كەسێكیان لەگەڵ دەناردن تاوەكو بە وردی بیانخاتە ژێر چاودێریەوە. هەریەكەیان بەجیا، بیانویان دروست دەكرد تاوەكو لە ژوانەكانیان بێبەش نەبن، بەڵام لە دوا چركەكاندا تارمایەكی نامۆ لەناكاو دایك و باوكمی ئاگادار دەكردەوە. لیخیا، كە لەوان بچوكتربوو بە سیخوڕ ناوی دەرچوو، بەڵام ئەویش بۆ پاساوهێنانەوە و سوك كردنی باری تاوانەكانی بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە كە ئیرەیی بردنی نێوان خوشك وبرا بۆخۆی جۆرێكە لە خۆشەویستی كە لە فۆرمێكیتردا دەردەكەوێت.

لەو پشووەدا هەوڵمدا باوك و دایكم قایل بكەم هەمان ئەو هەڵانە دوبارە نەكەنەوە كە دایك و باوكی دایكم لەبەرامبەر ئەوان كردبوویان، بەڵام بەردەوام بە بەڵگەی بێ سەر وبن و وەڵامی نابەجێ، خۆیان لە قبوڵ كردنی واقیع دەپاراست و خۆیان گێل دەكرد. لەهەمووی خراپتر ئەو نامە بێ ئیمزا و هەجوونامانە بوو كە لە ناویاندا نهێنی ترسناكی ـ ڕاستەقینە یان درۆیینە ـ نابرومەندترین بنەماڵەكانیان تێدا بڵاو دەكردەوە. لەو نووسینە پڕ لە شەرمەزاری و شەڕانگێزانەدا، شوناسی باوكە ڕاستەقینەكانی منداڵە جیاوازەكان و جۆرەها زینا و لادانی سێكسیان ئاشكرا دەكرد، كە لە ڕێگەگەلی قورستر لەو هەجونامانەشەوە بڵاو دەكرانەوە. بەڵام هەرگیز ئەوە ڕووی نەدا كە پەردە لەسەر نهێنیەك هەڵبماڵن ـ چەندەش نهێنی بووبێت ـ كە خەڵكی بە شێوەیەكیتر نەیانبیستبێ

یان درەنگ یا زوو نەیبیستن. یەکێك لەو کەسانەی ببوە قوربانی ئەو نامە بێ ئیمزایانە دەیوت:"**خۆمان هەجونامەکان دەنووسین.** "

ئەوەی باوکم و دایکم پیشبینیان نەدەکرد ئەوەبوو کە کچەکانیان بۆ بەرگریکردن لە ویستەکانیان هەمان ئەو فێڵانە بەکار بهێنن کە خۆیان پێشتر بەکاریان هێنابوو. بۆ خوێندن مارگۆتیان رەوانەی **مۆنتێریا**[1] کرد و ئایداش لەسەر بڕیاری خۆی بۆ سانتا مارتا. هەردووکیان لە شەوانەرۆژی دەیانخوێندو کاروبارەکانیان بەشێوەیەك بۆ ریکخستبوون کە رۆژانی پشوو بەردەوام کەسێکیان لەگەڵدا بێت، بەلام ئەوان بەردەوام دەیانتوانی بەهەر شێوەیەك بووە پەیوەندی بە رافائێلە دوورکەوتوەکانەوە بکەن. لەگەڵ ئەوەش دایکم توانی کارێك بکات کە دایك وباوکی نەیانتوانی بوو بیکەن. ئایدا نیوەی تەمەنی لە دێردا بردەسەر، بێئەوەی هەست بە غەم یان شادومانی بکات و ئەوەندە لەوێ مایەوە تا تەواو دڵنیابوو لەوەی لەدەست وەسوەسە جەستەییەکانو لەدەست پیاو رزگاری بووە. بیرەوەریە هاوبەشەکانی سەردەمی منالیمان بەردەوام لەنێوان من ومارگۆتدا پەیوەندی قوڵی دروست دەکرد، لەوسەردەمانەدا من چاودێری ئەوەم دەکرد گەورەکانمان لەوکاتانەدا کە خوشکەکەم خۆڵی دەخوارد نەیگرن. دواجار بووبە دایکی دوهەمی هەموو منالەکانی ماڵەکە، بە تایبەت دایکی ئەومنالەی لەهەموان زیاتر پێویستی پێی بوو و مارگۆت تا دواهەمین هەناسەی برا بچوکەکەی لە خۆشەویستی خۆی بێبەش نەکرد.

تازە لەوکاتەدا بۆمدەرکەوت دۆخی دەرونی پەرێشانی دایکم و ململانێ دەرونیەکانی خێزانەکەمان تا چەند لەتەك ناکۆکیە لەپێخەرەکانی وڵات، کە دەرنەدەکەوتن بەلام بوونیان هەبوو، هەماهەنگ و هاوسان بوون. دەبوو یراسی سەرەك کۆمار لە ساڵی نوێدا هەڵبژاردنی رێك بخستبا و روانگەی داهاتوو لێل وتاریك بوو. پارێزکاران، کە توانیبوویان لۆپێز لە یاریەکە دوور بخەنەوە، لەگەڵ جێنشینەکەی دەکرد: لەبەر بێلایەنیە رەهاکەی ستایشیان دەکرد بەلام لەهەمان کاتدا لە پرۆبانسیا بارگرژیان دەنایەوە بۆئەوەی جارێکیتر، بەقسەی خۆش یان بەزۆر، دەسەلات بگرنە دەست.

سوکرە لە توندوتیژی بەدوور بوو و ئەو چەند رووداوە خوێناویەی کە خەلکی بیریان بوو، هیچ پەیوەندیان بە سیاسەتەوە نەبوو. یەکێك لەو روداوانە کوشتنی **خواکین ڤیگا**[2] بوو، ئەو ژەنیارە بەناوبانگەی کە لەگروپی میللی **بۆمبارینۆ**[3]دا دەیژەند. کاتژمێر

---

[1]. Monteria

[2]. Joaquin Vega

[3]. Bombardino، سازێکی هەواییە.

حەوتی شەو لەبەردەم دەرگای سینەماکەدا سەرقاڵی پێشکەشکردنی مۆسیقابوون یەکێك لە خزمەکانی کە دوژمنایەتی لەگەڵدا هەبوو، بەچەقۆ گەرووە پڕلەهەواکەی بڕی و ئەویش لێی کەوت وبەهۆی خوێنبەربوونەوە گیانی سپارد. هەردووکیان لەنێوان خەڵکی گوندەکەدا زۆر خۆشەویست بوون و خەڵکی دەیانوت ناکۆکیەکەیان مەسەلەی حەیاو شەرمە، هەرچەندە راستی ئەوقسەیە هەرگیز نەسەلمێندرا. رێك لەوکاتەدا ئاهەنگی لەدایکبوونی ریتای خوشکم بوو کە هەڵچون و بارگرژی دەرئەنجامی ئەو هەواڵە ناخۆشە، لەپڕ میوانیەکەی تێکدا، کە بڕیاربوو چەندین کاتژمێر درێژە بکێشێت.

ئەو شەڕەی تر کە زۆر پێشتر روویدا بەڵام بیرەوەری ئەوشەڕە لە خەیاڵی خەڵکیدا نەسڕایەوە، ناکۆکی نێوان **پلینیۆ بالماسدا**[1] و **دیۆنیسیانۆ باریۆس**[2] بوو. یەکەمیان سەر بە بنەماڵەیەکی خانەدان و بەرێز و بەناوبانگ بوو، جەستەیەکی کەتە و رەفتارێکی نەرمونیانی هەبوو، بەڵام ئەوکاتانەی لەئاستی خۆی زیاتری دەخواردەوە دەگۆڕا و دەبووە کەڵەشێرێکی شەڕانی. لە حاڵەتی ئاساییدا ئەودەمانەی لەسەرخۆی بوو، وەکو بەگزادە رەوشت بەرزەکان بەنەزاکەتەوە هەڵسوکەوتی دەکرد، بەڵام ئامان لەوکاتانەی سەرخۆش دەبوو: بەکەس نەدەگیرا و چاونەترسانە دەستی دەدایە دەمانچەو بەو قامچیو ئەسپسواریەی بەکەمەریەوەبوو، ئەوکەسانەی دەدایە بەر قامچی کە دەکەوتنە سەر رێگەی. تەنانەت پۆلیسەکانیش لەوکاتانەدا نەیانوێرا لێی نزیك ببنەوە. بنەماڵەکەی پاش ئەوەی چەندینجار بەزەحمەت لە شەڕوبەزم دوریاندەخستەوە و بەهەزار دەردیسەری دەیانبردەوە ماڵەوە، دواجار لە شەڕوئاژاوەنانەوەکانی بێزاربوون و دەستیان لێ بەردا.

دیۆنیسیانۆ باریۆس رێك بەپێچەوانەوەبوو. پیاوێکی شەرمن و ئازارچەشتوو و بێزار لە شەڕ کە بەدرێژایی ژیانی دەمی بۆ خواردنەوە نەبرد. هەرگیز لەگەڵ کەس ناکۆکی پەیدا نەکردبوو تائەوکاتەی پلینیۆ بالماسدا لەخۆیەوە یەخەی گرت و بەگاڵتەجاڕە ناشرین و ناخۆشە هەمیشەییەکانی دەربارەی بەدبەختیەکانی ئەو پیاوە داماوە، بوەهۆی ئازار و مەینەتی بۆی. دیۆنیسیانۆ تائەوشوێنەی دەکرا هەوڵیدا خۆی لە رووبەڕووبونەوەی ئەو پیاوە ئازاردەرە بپارێزێت، تائەوشوێنەی رۆژێك بالمسدا رێگەی پێگرت و لەخۆیەوەو بەبێ بەڵگە و تەنها بەئارەزوو، بە قامچی کێشای بە دەموچاویدا. لەوکاتەدابوو کە دیۆنیسیانۆ، دەستبەرداری شەرمنی و ئاشتیخوازیو بەدبەختیەکەی بوو

---

[1]. Plinio Balmaceda

[2]. Dionisisno Barrios

و بێئەوەی خۆی بیەوێت دەستی دایە چەك. دووێلێکی لەناکاوبوو و هەردووکیان بەسەختی برینداربوون، بەڵام دواجار تەنها دیۆنیسیانۆ گیانی سپارد.

بەڵام دووێلە مێژوویەکەی گوندەکە شەڕی بەرامبەری پلینیۆ بالماسدای شەڕانگێز و **تاسیۆ ئانانیاس**[1] بوو کە هەردووکیانی بەرەو کامی مەرگ نارد. ئانانیاس، دواهەمین هاوشانی سەگە بەرەڵاو نەخۆشەکەی سوکرە، گروبانی هێزی پۆلیس و کوڕی سەرڕاستی **مایۆریسیۆ ئانانیاس**[2] بوو کە لەگروپی مۆزیکی میللی، لەتەك بۆمبارینۆ و خواکین بگا، تەپڵی لێدەدا. لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا دووێلەکە روویدا، هەردووکیان بە سەختی برینداربوون و ماوەیەکی زۆر لەناوجێگەی مەرگدا تلانەوە تا دواجار مەرگ کۆتایی بە ئازارەکانیان هێنا. پلینیۆ هەرزوو هاتەوە هۆشی خۆی و پێش هەمووشتێك ئەحواڵی ئانانیاسی پرسی. ئەویش، کەبیستی پلینیۆ نیگەرانی تەندروستیو دوعا بۆ چاکبوونەوەی دەکات، تەواو گۆڕا. هەرکامیان بەجیا دوعایان بۆ یەکتر دەکرد و داماوانە لەخوا دەپاڕانەوە هاوشانەکەیان نەمرێت. بەردەوام بنەماڵەکانیان ئەوانیان لەئەحواڵی هەردوولا ئاگادار دەکردەوە و تا دوا ساتەکانی ژیانیان لەوکارە بەردەوام بوون. خەڵکی گوندەکەش هەڵچوبوون و هەرچیەکیان لەدەست هات کردیان بۆئەوەی ئەو دووانە زیاتر بژین.

پاش ئەوەی چل وهەشت کاتژمێریان لەسەرەمەرگدا بردەسەر، زەنگەکانی کڵێسا بۆ مەرگی ژنێك لێدران. ئەو دووپیاوە کە لەسەرەمەرگدابوون ئەو دەنگە شوومەیان بیست و هەریەك لەوانە، لەناوجێگەکەیاندا هەستی کرد زەنگەکانی مردن بۆ مەرگی ئەویتریان لێدەدرێت. ئانانیاس لەتاو خەفەت هەرلەوێدا گیانی سپارد، لەکاتێکدا لە ماتەمینی پلینیۆدا دەگریا. پیلینیۆش هەواڵەکەی بیست، و دووڕۆژ دوای ئەوە، پاش ئەوەی چەندین کاتژمێر وەکو هەوری بەهار بۆ ئانانیاس فرمێسکی رشت، کۆچی دوایی کرد.

لەوساڵە بارگرژانەدا، لەگوندێکی وەکو ئەو گوندە، کە خەڵکەکەی ئلشتیخواز و خوازیاری ئارامی بوون، دووژمنایەتیەکان زۆرجار بەرەو توندووتیژی نەدەچوون، هەچەندە ئاکامەکانی شێوازی تۆڵەخوازانەی باو لەو ناوچە بچوك و داخراوانەدا هەرئەوەندە زیانمەند و ئازاردەر بوون: نامە هەجووئامێز و بێ ئیمزاکان. لە خێزانە ئابڕومەند و بەناوبانگەکاندا، مەترسیەکی هەمیشەیی هەستی پێدەکرا و هەمووان بە دڵەڕاوکێوە شەویان دەبردەسەر، وەکو ئەوەی بەیانیان رۆژی تیروپشکی چارەنووس بێت.

[1]. Tasio Ananias

[2]. Mauricio Ananias

لەو شوێنانەدا کە هیچ کەس چاوڕوانی نەدەکرد، یەکێك لەونامە ژەهراویانە دەدۆزرایەوەو دڵی ئەوکەسانەی شاد دەکرد کە ناوی نەهێنابوون و ئەوکەسانەشی پەرێشان دەکرد و دڵی دووژمنەکانیانی خۆش دەکرد کە ببوونە ئامانجی قسە خرا هەڵبەستراو یان راستەکانی. باوکم، کە هەستدەکەم لەسەرخۆترین و ناسیـنوازترین پیاوێك بوو کە لەتەمەنمدا ناسیم، حەوتیرە ڕێزلێنراو و خۆشەویستەکەی، کە تاقە یەك فیشەکی پێ نەتەقاندبوو، پاك کردەوەو لە هۆڵی بیلیاردەکە فەرتەنەی نایەوە.

هاواری کرد ـ ئەوکەسەی بەنیازی خراپەوە لەکچەکانم بڕوانێت، وەکو پیاو حەقی لێ دەکەمەوە.

چەندین بنەماڵە کۆچیان کرد لەبەرئەوەی لەوەدەترسان نەبا ئەو شەونامانە پێشەکی سەرهەڵدانی توندوتیژیی سیاسی بن، کە ئامانجی سەرکوتکردن و دڵسارکردنەوەی نەیاران بێت و وەکو مۆتەکە باڵی بەسەر زۆربەی گوندەکاندا کێشا و خەڵکانی ئەوگوندانەشی دووچاری کارەسات کرد.

ململانێ کۆمەڵایەتیەکان ببوونە بەشێك لەژیانی ڕۆژانەمان. سەرەتا، چەند گروپێکیان دروستکرد کە ئامانجیان بەرواڵەت دەرخستنی ناسنامەی نووسەرەکانی شەونامەکان بوو بەڵام لەراستیدا دەیانویست پێشئەوەی ئەوکەسەی نامەکەی لەسەر نووسرابوو، نامەکان لەناو ببات لە ناوەڕۆکەکانیان تێبگەن. لەگەڵ یەکێك لەگروپە شەوگەڕەکان کاتژمێر سێی بەیانی، یەکێك لە کارمەندەکانی قایمەقامیەتمان لەناکاو گرت کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد بەمەبەستی وەرگرتنی هەوای پاك لەبەردەرگاکەیدا وەستاوە، بەڵام دواتر دەرکەوت بۆسەی بۆ ئەوکەسانە داناوە کە شەوان بەدزیەوە شەونامەکانیان دەخستە ماڵانەوە. براکەم بە قسەیەکی نیوە گاڵتەجاڕانەو نیوە راست وتی هەندێك لە بابەتەکانی شەونامەکان راستن. کارمەندەکە دەمانچەکەی دەرهێنا و نیشانەی لێگرتەوەو نەڕاندی:

ـ ئەگەر پیاویت ئەو قسەیەت دووبارە بکەرەوە!

لەوکاتەدابوو بۆماندەرکەوت شەوی پێشوو نامەیەکی بێ واژو بەدەست گەیشتووە لەمیانەیدا قسەی خراپ لەسەر کچە قەیرەکەی نووسرابوو و سەیر ئەوەبوو، لەنامەکەدا نووسرابوو راست بوو. لەوەش خۆشتر هەموو خەڵکی گوندەکە و تەنانەت ئەندامانی بنەماڵەکە ئەو مەسەلەیان دەزانی، تەنها باوکە داماوەکە لەهەمووشتێك بێئاگا بوو.

سەرەتا، ئاشکرابوو کە نووسەری سەرجەم نامە بێ واژۆکان یەك کەسە، لەبەرئەوەی هەموویان بە یەك قەڵەم و لەسەر یەك جۆر کاغەز نووسرابوون، بەڵام لە بازاڕی سنورداری ئەو گوندەدا، کە سەرجەم چالاکیە بازرگانیەکانی لە گۆڕەپانی سەرەکیدا

دەکرا، تەنها یەك دوکان ئەوجۆرە شتومەکانەی دەفرۆشت و خاوەنی دوکانەکەش، پێشئەوەی تاوانبار بکرێت بە یەك دنیا بەلگەوە بێ تاوانی خۆی سەلماند. هەر لەوکاتەوە لەوە دڵنیابووم کە رۆمانێك دەربارەی ئەو شەونامانە دەنووسم، هەڵبەتە ئەمەش نەوەکو لەبەر ئەوبابەتانەی کە پەردەیان لەسەر هەڵدەمالین، چوونکە زۆربەیان خەیاڵپلاوی ئەو خەڵکەو بابەتگەلی ئاشکرابوون و بەدووربوون لە رێز و داهێنان، بەڵکو لەبەر ئەو هەڵچوونە تاقەتپڕوکێنەی لەنێو خەڵکیدا دەیوروژاند، و هێمنی خێزانەکانی دەشێواند.

لە **کاتژمێری شووم** دا، سێهەمین رۆمانم کە بیست ساڵ دواتر نووسیم، تەنها لەبەر پاراستنی ئابڕوی تاکەکان، بەباشم زانی روداوە راستەقینەکان کە ناسراوبوون نەگێڕمەوە، هەرچەندە هەندێك لەو روداوانە سەرنجراکێشتر بوون کە بەخەیاڵی خۆم دروستم کردبوون. سەرباری ئەمەش، پێویستی بەوە نەدەکرد لەبەرئەوەی بەردەوام ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە لە ژیانی تایبەتی قوربانیەکانی زیاتر سەرنجی رادەکێشام. تەنها پاش بلاوکردنەوەی ئەو رۆمانەبوو کە تێگەیشتم لە ناوچە هەژارنشینەکان، کە دانیشتوانە سەرەکیەکانی گۆڕەپانی گەورە زۆر خۆشەویست نەبوون، زۆربەی ئەوشەونامانە دەبوونە مایەی شادومانی خەڵکی ئەوناوچانە، لەبەرئەوەی پەردەیان لەسەر نهێنیەکانی خەڵکی ئابڕومەندا ز خۆشگوزەران هەڵدەمالی.

لەراستیدا، بابەتی شەونامەکان تەنها خاڵی دەستپێکی بەسەرهاتێکبوو کە چەندە هەوڵمدا نەمتوانی روخسارێکی بەلگەداری بۆ بدۆزمەوە، لەبەرئەوەی ئەوشتەی دەمنووسی ئەوەی دەسەلماند کە بنەڕەتی مەسەلەکە، بەپێچەوانەی وێناکردنی خۆم وخەڵکیتریشەوە، سیاسی بوو نەوەکو رەفتاری. هەر لەسەرتاوە لەوباوەڕەدابووم کە هاوسەرەکەی نیگرۆمانتا نمونەیەکی گونجاوە بۆ کەسایەتی قایمەقامی سەربازی کاتژمێری شووم، بەلام لەوکاتەدا کە سەرقاڵی دروستکردنی کەسایەتیەکە بووم بوونە مرۆییەکەی ئەوەندە سەرنجی راکێشام کە بەباشم نەزانی بیکوژم، لەبەرئەوەی درکم بەوەکرد نووسەری جدی ناتوانێت بەبێ بەلگەی حاشاهەڵنەگر سەری کەسایەتیەك تیا ببات و بە وردی منیش ئەو شتەم لەبەردەستدا نەبوو.

ئێستا لەوە تێدەگەم کە دەکرا ئەو رۆمانە شێوەیەکی تەواو جیاوازی هەبێت و تەنانەت دەکرا رۆمانێکیتر بەهەمان ناوەڕۆکەوە بنووسرێت. لەکاتی نووسینی ئەو رۆمانەدا، لە ئوتێلێکی فێرخوازی نیشتەجێبووم لەکۆلانی **کوژاز**[١] لە"گەڕەکی لاتین"ی پاریس کە سەدمەتر لە بلواری سەن میشێلەوە دووربوو، لەورۆژانەشدا کە شەووڕۆژ

---

[١]. Cujas

بێبەزەیانە تێدەپەڕین، چاوەڕێی ناردنی پارەیەك بووم كە هەرگیز بەدەستم نەگەیشت. ئەوكاتەی ڕۆمانەكەم تەواو كرد، دەستنووسەكەیم لوول كرد و بەیەكێك لەو سێ بۆینباخەی لەڕۆژەخۆشترەكانی ژیانمدا لەملم دەكردن گرێم دا و لە بنەوەی كۆمیدی جلەكانم دامنا و هەرلەوێدا بەخاك سپێردرا.

دووساڵ دواتر، لە مەكسیكۆسیتی، ئەوكاتەی داوایان لێكردم بەو ڕۆمانە لە پێشبڕكێی ڕۆمانی ئیسۆ كۆلۆمبیا بە شداری بكەم كە خەڵاتە هەزار دۆلاریەكەی لەو سەردەمەدا سامانێكی گەورەبوو، نەمدەزانی لەكوێ ونمكردووە و ماوەیەكی زۆر بۆی گەڕام تا دۆزیمەوە. ئەوەی پێشبڕكێكەی بەڕێوە دەبرد، هاوڕێ كۆنە كۆلۆمبیەكەم، وێنەگری بەسەلیقە **گیێرمۆ ئانگۆلۆ**[1] بوو كە هەر لەسەرتای نووسینی ڕۆمانەكەوە ئاگاداری ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕۆمانەكە بوو و لەبەرئەوەی كات نەمابوو دەستنووسەكەی لەگەڵ خۆی برد تەنانەت بێئەوەی بۆینباخەكەی لێ بكاتەوە یان كاغەزە چرچەكان بە هەڵمی ئوتوو ساف بكات. بەوشێوەیە لە پێشبڕكێكەدا بەشداریم كرد لەكاتێكدا تۆزقاڵێك ئومێدم بەوە نەبوو خەڵاتێك ببەمەوە كە دەكرا بەپارەكەی خانوویەك بكڕیت. ڕۆژی ١٦ی ئابریلی ١٩٦٢، دەستەیەك داوەری بەرجەستە ناوی براوەی پێشبڕكێكەی ڕاگەیاند و هەرلەوكات وساتەشدا كوڕی دوهەممان **گۆنزالۆ**[2] لەدایك بوو كە خوا پێشوەخت ڕۆزیی بۆ ناردبوو.

هێشتا بواری ئەوەم پەیدا نەكردبوو ناوێك بۆ ڕۆمانەكە دیاری بكەم كە لەلایەن **فلێكس ڕێستریپۆ**[3]ی ڕۆحانیەوە، بەڕێوەبەری ئاكادیمیای زمانی كۆلۆمبیا كە سەرۆكی دەستەی داوەران بوو، نامەیەكم بەدەست گەیشت كە پرسیاری ناوی ڕۆمانەكەی كردبوو. لەوكاتەدا بوو كە تێگەیشتم لەبەر شپرزەیی و دەستەپاچەیی دواچركەكانی كارەكە، لەبیرم چووبوو لەلاپەڕەی یەكەمدا ناوی كاتی ڕۆمانەكە بنووسم: **ئەم گوندە داگیركراوە.**

كاتێك باوكە ڕیستریۆ ئەو ناوەی بیست، تەواو وڕووژاو لەڕێگەی ژێرمەن بارگاسەوە، بە دۆستانەترین شێوە داوای لێكردم ناونیشانێكی گونجاوتر هەڵبژێرم تا لەتەك كەشی بەرهەمەكەدا هەماهەنگی زیاتری هەبێت. پاش ئەو بیروڕا گۆڕینەوانە، هەموو پێكەوە ناونیشانێكی هاوبەشمان بۆ دۆزیەوە كە ڕەنگە دەرخەری ڕوخساری پڕ خەمی چیرۆكەكە نەبووبێت، بەڵام لەبری ئەوە دەمتوانی وەكو ئاڵایەك بۆ بڕینی دەریاكانی خەڵك فریودان بەكاری بهێنم: كاتژمێری شووم.

---

[1]. Guilermo Angulo

[2]. Gonzalo

[3]. Felix Restrepo

هەفتەیەك دواتر، دكتۆر **كارلۆس ئارانگۆ ڤێلێز**[1]، باڵیۆزی كۆلۆمبیا لە مەكزیك و كاندیدی دواهەمین هەڵبژاردنەكانی سەرەك كۆماری، بانگی كردم بۆ نووسینگەكەی بۆئەوەی پێم رابگەیێنێت كە باوكی رۆحانی رێستریۆ داوای لێكردبووم وشەی ناجۆر، كە لەروانگەی ئەوەوە نەدەگونجا، لە دەقی براوەی پێشبڕكێكەدا بگۆڕم: قاپووت و. نە من و نە جەنابی باڵیۆز نەمانتوانی سەرسوڕمانمان دەربارەی ئەو رەخنە نابەجێیە بشارینەوە، بەڵام هەردووكیشمان كۆكبووین لەسەر ئەوەی بە راكێشانی سەرنجی رێستریۆی رۆحانی، بەشێوەیەك نە شیش بسووتێ و نە كەباب، چارەنووسی ئەم پێشبڕكێیە رونبكەینەوە و شتەكان بەخۆشی كۆتایی پێ بهێنین.

وتم - **زۆر باشە، جەنابی باڵیۆز، یەكێك لەو دوو وشەیە لادەبەم، بەڵام ئەركی هەڵبژاردنی ئەو وشەیە دەخەمە ئەستۆی جەنابتان.**

باڵیۆز هەناسەیەكی خۆشی هەڵكێشا و وشەی" دەستپەڕ"ی لابرد. بەمشێوەیە، كۆتاییمان بە ناكۆكیەكە هێنا و بڵاوكراوەی **ئیبرۆئەمەریكانا**[2]ی مادرید، بە ژمارەی زۆر و پڕوپاگەندەی سەرسوڕهێنەر كتێبەكەی بڵاوكردەوە. بەرگی چەرمی بۆ كرابوو، كاغەزی پلە یەك و پیتچنی و چاپەكەی ناياب بوو. ئەفسووس ئەو مانگە هەنگوینیە زۆر درێژەی نەكێشا و هەر زوو بەرەو ناخۆشی چوو، لەبەرئەوەی دوودڵی پیاچوونەوەی وردتری دەقەكە داوێنی گرتمو لەوەتێگەیشتم ئەوكتێبەی كە بەزمانی ناوچەی كارایب نووسیبووم وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی مەدریدی ـ وەكو فیلمەكانی ئەو سەردەمە.

من نووسیبووم:"ئەم شێوە ژیانەی ئێوە سەرباری ئەوەی خۆتانی دەستەوسان كردووە بگرە خەڵكی گوندەكەشی لە رێ بەدەر بردووە. "هەڵەچنی ئیسپانیەكەی مووی لەشمی رەپ كرد:"بەمشێوەیەی ئێستا ئێوە ژیان دەگوزەرێنن، جگەلەوەی خۆتان خستوەتە پێگەیەكی ناجێگیرەوە، بەڵكو بوونەتە نمونەیەكی ناشرین بۆ خەڵكانیتر و دەبنە هۆی ئەوەی خەڵكی گوندەكە فێری شتی خراپ بن. "لەمانە هەمووی خراپتر ئەوەبوو لەبەرئەوەی قەشەیەك ئەم قسانەی دەكرد، لەوانەیە ئەو هەستە لەلای خوێنەری كۆلۆمبی دروست بووبێت كە نووسەر بە ئەنقەست ئەم شێوازی نووسینەی هەڵبژاردووە تا لەسایەیدا پێی بسەلمێنێت كە جەنابی قەشە خەڵكی ئیسپانیایە، و لەئەنجامی ئەمەشدا یەكێك لە لایەنە بنەڕەتیەكانی چیرۆكەكە تەواو بەتاڵ دەبووەوە و لەناو دەچوو. هەڵەچنەكە نەتەنها وتوێژەكانی بەوشێوە كارەساتبارە گۆڕیبوو، بەڵكو رێگەی بەخۆی

---

[1]. Carlos Arango Velez

[2]. Iberoamericana

دابوو بەشمشێرێکی ئاگراویەوە بکەوێتە وێزەی دارشتنی گشتی بەرهەمەکە و وێرانی بکات و کتێبەکە ببووە پەیکەرێکی بریندار و فێزەون کە لەزگەی برینی مەدریدی بەهەموو سووچێکیەوە بەدی دەکرا و هەرگیز لە دەقەکە نەدەچوو. لە ئەنجامدا هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت داواکاری دوبارە لەچاپدانەوەی قەدەغە بکەم و نووسخە نەفرۆشراوەکانی کۆبکرێنەوەو بسوتێنرێن، لەبەرئەوەی لەو حاڵەتەدا ئەوەی پێشکەشی خوێنەر دەکرا بەرهەمێکی دەستکاریکراو و ساختە بوو. بەرپرسانی ئەوکارە ناشرینە جگە لەبێدەنگی رەها هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە.

لەو ساتەوە وام دانا کە رۆمانەکە چاپ نەکراوەو بەهەوڵ وماندوبونێکی زۆرەوە دەستمکرد بە وەرگێڕانی رۆمانەکە بۆ زمانی کارایبی، لەبەرئەوەی تاقە نووسخەی ئەسڵی دەقەکە هەمان ئەو نووسخەیە بوو کە بۆ پێشبرکێکەم ناردبوو، کە ئەویش لەژێردەستی دەزگای چاپە مەدریدیەکەدا بوو. پاشئەوەی دەقەکە شێوەی خۆی وەرگرتەوە و هەروەها جارێکیتریش هەڵەچنیم کردەوە، بلاوکراوەی **ئیرا**[1] مەکزیك چاپی کرد و بەشێوەیەك کە بەرچاو بێت لەپشتی بەرگەکەی نووسی ئەمە چاپی یەکەمی کتێبەکەیە.

هەرگیز لەوە تێنەگەیشتم بۆچی کاتژمێری شووم تاکە کتێبمە کە من دەباتەوە کات و شوێنی خۆی، بۆ ئەوشەوەی مانگ بە ئاسمانەوەبوو و سروەیەکی بەهارییش دەهات. شەممەبوو، ئاسمانی سافی بێ هەور ئەوەندە ئەستێرەی پێوەبوو کە جێگەی ئەستێرەیەکیتری تێدا نەدەبووەوە. تازە زەنگەکان یازدەجار لێدرابوون کە گوێم لێبوو دایکم لێوانلێو لە خۆشەویستی، لایلایەی بۆ منالەکەی ئامێزی دەکرد. لێمپرسی:"**ئەو دەنگی مۆسیقایە لەکوێوە دێت**" دایکیشم بەتەواوەتی بە شێوازەکەی خۆی وەڵامی دامەوە:

- لەماڵی سۆزانیەکانەوە.

بێئەوەی داوای پارەم کردبێت پێنج پیزۆی خستە دەستمەوە، لەبەرئەوەی بینی جلی پلاوخواردنم لەبەر کردووە و خەیاڵی ئەوەم هەیە بۆ خۆشگوزەرانیو شەوگەڕ بچمە دەرەوە. وەکو هەمیشە ئاگاداری هەمووشتێك بوو، پێش ئەوەی بچمە دەرەوە، وتی لەدەرەوە دەرگاکە داخە بۆئەوەی کەی ویستم بەبێ خەم بگەڕێمەوە و باوکم بەئاگا نەیەتەوە. ئەوشەوە نەگونجا بگەمە ماڵی سۆزانیەکان، لەبەرئەوەی لە دوکانەکەی وەستا بالداس، کە گروپێکی مۆسیقی هەبوو و لوویس ئێنریکەش پاشئەوەی لە تەمێخانە گەڕابوەوە پەیوەندی پێوە کردبوون. زەنیارەکان سەرقاڵی راهێنان بوون. ئەوساڵە منیش

---

[1]. Era

بووم بە ئەندامی ئەو گروپە بۆئەوەی تیپلە لێبدەم و لەگەڵ شەش کەسیتری نەناسراودا تا سپێدە گۆرانی بچڕم. هەمیشە براکەم بە گیتارژەنێکی باش لەقەڵەم دەدرا بەڵام کە یەکەم شەو بەشداری پرۆڤەکەم کرد، ئەوم بۆ رونبوەوە کە گەورە ناحەزەکانیشی ئەویان بەمامۆستایی قبوڵ بوو. ئۆرکسترایەکی لەوەباشترم دەست نەدەکەوت، ئەوەندە لەخۆیان رازی بوون کە کاتێگ یەکێك ئەوانی بۆ سریناتای ئاشتبوونەوە یان داوای لێبوردن بەکرێ دەگرت، مامۆسا بالداس پێشوەخت کڕیارەکەی دڵنیا دەکردەوە و دەیوت:

- هەرگیز نیگەران مەبن. کارێك دەکەین ئەو خانمە بەڕێزە لەتاو هەڵچون و ورووژان گاز لەدۆشەکەکەی بگرێت.

کاتێك ئەوی لێنەبوو، رۆژانی پشوو خۆش نەبوو. بۆهەر کۆرێك بڕۆشتبا، شادی و سەرخۆشی لەتەك خۆی دەبرد، لوویس ئێنریکە و فیلادێلفۆ بلییا زۆر لەگەڵی تەبا بوون و هەر سێکیان پێکەوە وەکو پرۆفشناڵەکان مۆسیقایان دەژەند. لەو سەردەمانەدا بوو کە درکم بە پاکی و وەفاداری هاوپێکەکان کردو خووم بە خۆشگوزەرانەیەکانی شەوەوە گرت، بەدرێژایی رۆژ دەنووستم و شەو تا بەیانی سازم دەژەند و گۆرانیم دەچڕی. بەقسەی دایکم:"**کورتانم لێ فڕی دابوو.** "بەهەموو جۆرێك قسەم لەسەر دەکرا و پڕوپاگەندەی ئەومیان لەسەر بڵاوکردبوومەوە ئەونامانەی بۆم دەنێردرا لەباتی ناونیشانی ماڵەوەمان بۆ ناونیشانی ماڵی سۆزانیەکان دەنێردرا. ببوومە کڕیاری هەمیشەیی مەعجونە داستانئامێزەکانی مۆز و گیراوەی بەور و شلەی سووسمارە بەتاموچێژەکانیان، کە سێ شەو ورۆژ حەزی سێکسی مرۆڤی دەبزواند. بە تەواوەتی دەستم لە خوێندنەوە هەلگرت و چیتر وەکو رۆژانی پێشوو لەگەڵ ماڵەوە نانم نەدەخوارد. ئەو دۆخە تەواو لەگەڵ ئەو وێنەیە دەگونجا کە دایکم گەڵێکجار باسی کردبوو. ئەو دەیوت من چیم بویستبا دەمکرد، بەڵام سەرجەم کارەکانم بەسەر لوویس ئێنریکێی داماودا دەشکایەوە و ناوی خراپ بۆ ئەو دەمایەوە. براکەشم بێئەوەی گوێ بە قسەکانی دایکم بدات، جارێکیان لەورۆژانەدا پێیوتم:"**هەر لەوەم کەم بوو پێم بڵێن تۆم فێری لادان کردووەو دیسانەوە رەوانەی تەمێخانەم بکەنەوە.** "

کاتی کریسمس، بڕیارمدا خۆم لە پێشبڕکێی عەرەبانەکان بدزمەوە و لەگەڵ دووهاوڕێی هاودڵمدا بەرەو گوندەکەی دراوسێمان **ماخاگوال**[1] هەڵاتین. بە ماڵەوم وتبوو سەفەرەکەم سێ رۆژ دەخایەنێت، بەڵام دە رۆژ لەوێ مامەوە. خەتای **ماریا ئێلخاندرینا**

---

[1]. Majagual

سێرڤانتێس[1] بوو. ئەوژنە سەرنج راکێشەی هەر لەشەوی یەکەمەوە ناسیم و هۆشی لەسەر پەڕاندم. نەمدەتوانی دەستبەرداری ببم و لەگەڵ ئەو پڕهەراوزمناترین عەیاشیەکانی ژیانم تاقیکردەوە. بەیانی یەکشەممە کاتێك لەخەو هەستام لەناوجێگەکەدا نەمدی لەبەرئەوەی بۆ هەمیشە رۆشتبوو. چەندین ساڵ پاش ئەوە لەنێو قەرەباڵغی دلتەنگیە فەراموشکراوەکانمدا رزگارم کرد، ئەمەش نەتەنها لەبەر سەرنجڕاکێشی و جوانیە حاشاهەڵنەگرەکەی، بەڵکو لەبەر ئاوازی ناوەکەی، و جارێکیتر ئەو ساتانەم لە بیرمدا زیندوو کردەوە کە لەگەڵ ئەو گوزەراندبووم تا بەهۆیەوە رۆح بکەم بەبەری کەسایەتی ژنی یەکێك لە چیرۆکەکانم، کە خانمی سەرۆکی عەشرەتکەدەیەکی خەیاڵی بوو.

کە گەڕامەوە ماڵەوە دایکم بینی کاتژمێر پێنجی بەیانی لە چێشتخانەکە قاوە دەکوڵێنێت. وەکو هاودەستێك پێیوتم لێی دوور نەکەومەوە لەبەرئەوەی باوکم تازە لەخەو هەستابوو و بەنیازبوو پێمی بسەلێنێت لە پشوودا ئەوەندەی بیرم لێدەکردەوە ئازاد و سەربەخۆ نییم. دایکم پیاڵەیەك قاوەی تاڵی بۆ تێ کردم، هەرچەندە دەیزانی حەز لە قاوە ناکەم، و لەتەنیشت وەجاخەکە دایینیشاندم. باوکم بەدەم خەو و باوێشکەوە بە بیجامەوە دەرکەوت و کاتێك چاوی بەمن کەوت پیاڵەیەك قاوەم بەدەستەوەیە و هەڵمی لێ بەرزدەبێتەوە سەری سووڕما، بەڵام خۆی گێل کرد و تەنها بۆئەوەی قسەیەکی کردبێت وتی:

- **ئەی تۆ نەتدەوت قاوە ناخۆمەوە؟**

گێژبووم و نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە و ئەوەی لەوکاتەدا بەخەیاڵمدا هات وتم:

- **هەمیشە ئەم کاتانە گەرووم وشکە.**

لە وەڵامدا وتی - **وەکو هەموو مرۆڤە خوێپێوەگرەکان.**

چیتر سەیری نەکردم و لەسەر ئەو مەسەلەیەش هیچ قسەیەکیتری نەکرد. بەڵام دایکم پێیوتم ئەو لەهەمان رۆژەوە دەستی لێ شتووم و گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی دوارۆژێکی باش چاوەڕێم ناکات، هەرچەندە هەرگیز بیروڕای خۆی لەسەر من ئاشکرا نەکرد.

ئەوەندە خەرجیم زیادی کردبوو کە ناچاربووم ناخونەك لەپاشەکەوتە شارەوەکانی دایکم بدەم. لوویس ئێنریکە بەپێی باوەڕە تایبەتیەکەی خۆی بڕیاری لەسەر بێتاوانیم

---

[1]. Maria Alwjandrina Cervantes

دا، بەپێی بەڵگەکانی ئەو ئەوپارەیی لە دایك وباوکمانی دەدزین بۆ خانم بازی سەرف ناکرێت بەڵکو بۆ سەیران و سینەما خەرج بکرێت، ئەم کارەشمان شەرعی وریگەپێدراوە.
ئەوکاتەی دەستم لەبنی هەمانەکە دەردەچوو بەوپەڕی سەرشۆڕیەوە دەستەودامێنی دایکم دەبووم و ئەویش بەهەر مەینەتیەك بووە پارەیەکی بۆ پەیدا دەکردم تاوەکو خەرجیە زۆرەکانم بشارێتەوە و رێگە نەدات باوکم هەست بەوە بکات بەلارێدا رۆشتووم.
شاردنەوەی ئەوشتانە تارادەیەك مەحاڵبوو، لەبەرئەوەی هەموو ئەندامانی ماڵەکە درکیان بەوەکردبوو حاڵەتم ئاسایی نییە، زۆرجار تا نیوەرۆ دەنووستم و دەنگم وەکوە کەڵەشێری سەرمابردوو نووسابوو و هێندە گێژومەنگ بووم کە نەمدەزانی چی لە دەوروبەرم دەگوزەرێت و رۆژێکیان ئاگاداری ئەوەنەبووم باوکم لەگەڵ من قسە دەکات، وەڵامی دووپرسیاریم نەدایەوەو ئەویش ترسناکترین لێکدانەوەی پزیشکی خۆی پێشکەش کردم:
- **باری جگەرت خراپە.**
سەرباری هەموو ئەو ئاڵۆزیانە نەمتوانی خۆم لەخەڵکی بپارێزم و لەنێو خەڵکی گوندەکەدا ئابڕوم نەچێت. بەشداری کۆڕی سەماو میوانداریەکانی خوانی نیوەڕوانی بنەماڵە ناودارەکانی دانیشتووی گۆڕەپانی سەرەکیم دەکرد - کە دەرگای ماڵەکانیان بەدرێژایی ساڵ بەڕووی میوانەکاندا داخرابوو، تەنها رۆژانی کریسمس نەبێت کە فێرخوازەکانی زانکۆ دەگەڕانەوە ماڵەوە - و تائەوشوێنەی بۆم بکرابا خۆم بەکەسێکی بەنەزاکەت و بەئەدەب دەردەخست.
ئەوساڵە، **کایتانۆ خێنتیلە**[1]، هاتوچۆیەکی لەسەربوو و لە کاتی پشوودا سێ کۆڕی سەمای شکۆداری بەرپا کرد. بۆمن میوانداری پیرۆز بوون لەبەرئەوەی لەهەرسێکیاندا لەگەڵ یەك کچ سەمام کرد. شەوی یەکەم، داوام لێکرد سەمام لەگەڵ بکات بێئەوەی ناوی بپرسم و بزانم کچی کێیە و چ بنەماڵەیەکە. ئەوەندە لەبەرچاوم ناسك و جوان بوو کە لەسەمای دوهەمدا زۆر جدی داوام لێکرد شووم پێ بکات و ئەوەندە بەشێوەیەکی پڕلەنهێنی وەڵامی دامەوە کە ئارەزومی زیاتر کرد:
- **باوکم دەڵێت تائێستا ئەوشازادەیەی شایستەی هاوسەریەتی تۆ بێت لەدایك نەبووە.**
چەندرۆژێك دواتر بینیم لەژێر هەتاوی سوتێنەری نیوەڕۆدا، بە کراسێکی جوانی ئۆرگانزاوە لەکاتێکدا دەستی کوڕێك و کچێکی شەش یان حەوت ساڵانی گرتبوو. بە گۆڕەپانەکەدا تێپەڕی. بەدەم پێکەنینەوە وتی:"**منالی خۆمن.** "قسەکەی ئەوەندە بە

---

[1]. Cayetano Gentile

شێوەیەکی بزێوانە بوو کە توشی گومانی کردم بەوەی لەوانەیە لەبەرامبەر داواکاری هاوسەریەتی هەست بە خۆشنودی بکات یان هەست بە لەخۆبایبونو سەربەرزی بکات. هەر لەمناڵیەوە لە خانوەکەی ئاراکاتاکا لەنێو هاماکادا دەنووستم، بەڵام تەنها لەسوکرە توانیم ئەوە بەبەشێك لەبوونم لەقەڵەم بدەم. بۆ خەوی پاشنیوەڕوان، بۆ رازونیاز لەتەك ئەستێرەکان، بۆ کاوێژکردنی بیرەوەریەکان، بۆ خەڵوەت کردن لەتەك ئەندێشە بڵاو و نەرمەڕۆکان، بۆ عاشقبوونێك بەبێ بڕیاری پێشوەخت، هیچ شتێك لەوەباشتر دەست ناکەوێت. ئەورۆژەی پاش ئەوهەفتە بەفیڕۆچوە گەڕامەوەماڵەوە، هاماکاکەم بەست بە دوودرەختی دارەکانی حەوشەکەوە، هەمان ئەوکارەی کە رۆژانی کۆن باوکم دەیکردو بەویژدانی ئاسوودەوە نووستم. بەڵام دایکم، کە بەردەوام لەوە دەترسا نەبا مناڵەکانی لەخەودا بمرن، پێش رۆژئاوابوون بەئاگای کردمەوە بۆئەوەی دڵنیابێت زیندوم. دواتر لەتەنیشتمەوە لێی کەوتو بێ پێشەکی باسێکی کردەوە کە هێمنی ژیانی تێك دابوو.

- من و باوکت دەمانەوێت بزانین چیت بەسەرهاتووە؟

مەحاڵبوو بتوانێت لەوە وردتر پرسیارەکەی بکات. دەمزانی دایك و باوکم ماوەیەکی زۆربوو نیگەرانی گۆڕانکاریە رۆحیەکانم بوون و دایکیشم رونکردنەوەی دروستکراو و کۆنی پێشکەشی باوکم دەکرد تا خەیاڵی لەبەرامبەر رەفتارەکانی من ئاسوودە بکات. مەحاڵبوو رووداوێك لە ماڵەکەدا رووبدات و دایکم پێی نەزانێت و تورەیی و شەڕ و جەنگەکانی ئەفسانەیی بوون و کەسێك یەکجار بەر هێرشی کەوتبێت تاهەتایە فەراموشی نەدەکرد. ئەوەی کاسەی ئارامی لێوانرێژ کرد ئەوەبوو کە هەفتەیەکی تەواو، شەو لەدەرەوە مامەوە و نیوەڕوان دەگەڕامەوە ماڵەوە. بێدەردیسەرترین رێگەچارە ئەوەبوو کە وەڵام نەدەمەوە یان وەڵامدانەوە بخەمە دوایی، بەڵام لە روانگەی دایکمەوە بابەتێك بەو گرنگیە نەدەبوو دوابخرێت و وەڵامی خێراو دابڕاوانەی دەویست. سەرجەم رەخنەکانی لەشوێنی خۆیدا بوون. شەوان لەپڕ دیار نەدەمام، لەکاتێکیشدا کە جلوبەرگی پلاوخواردنم لەبەردابوو وەك بەنیازی ئەوەبم بەشداریی زەماوەند بکەم، شەو لەدەرەوە دەنووستم و رۆژی دواتر تا عەسر لە هاماکادا وەنەوزم دەدا. لە کتێب و خوێندنەوە تۆرابووم و بۆیەکەمجار لە کاتی لەدایك بوونمەوە، بوێری ئەوەم دابووە بەرخۆم هێندە گێژوویژانە بگەڕێمەوە ماڵەوە کە بۆخۆشم نەزانم لەکوێم. دایکم وتی: "**تەنانەت تەماشایەکی خوشك و براکانیشت ناکەیت، تەمەن و ناوەکانیانت لێ تێك دەچێت، ئەم چەندرۆژەی پێشوو نەوەی کلمینسیا موراڵێست**[1] **ماچ کرد، بەوخەیاڵەی یەکێکە لە**

---

[1]. Clemencia Morales

خوشك و براكانت. "بەلام زۆرزوو دركی بەوەكرد كە قسەكانی توندڕەوانەن و بۆ پاساوهێنانەوەش ڕاستیەكەی سادەوساكارتر دەربڕی:

- بەكورتیەكەی لەماڵەكەی خۆتدا وەكو خەڵكی نامۆت لێهاتووە.

وتم - **هەموو ئەم قسانە ڕاستن، بەڵام هۆكارەكەشی تەواو ڕونە. لەم دۆخە ڕاخی بووم و تەواو لێی بێزارم.**

- لەئێمە بێزاریت؟

وتم - **لە هەمووشتێك.**

لەوكاتەدا باسی بارودۆخی خۆم بۆكرد لە ئامادەییەكە. لەڕووی نمرەكانمەوە بڕیاریان لەسەر دەدام، دایك و باوكم هەموو ساڵێك لە ئەنجامی تاقیكردنەوەكانم ڕازی بوون و شانازییان پێوە دەكردم، جگەلەوەی منیان بە فێرخوازێكی سەرڕاست و بەئەدەب دەزانی بەڵكو بەهاوڕێیەكی نموونە و بە ئاقڵترین و زیرەكترین قوتابیش لەقەڵەمیان دەدام، ڕەفتارە دۆستانەكانم لەسەرزمانی هەموان بوو، یان بەقسەی داپیرم "**كۆڕەگوڵە سەرتاپا جوانەكە**"بووم.

بۆئەوەی درێژدادڕیم نەكردبێ، سەری بابەتەكەم گرتەدەستو ڕێك چوومە سەر ئەسڵی مەسەلەكە: بەلام ڕاستیەكەی تەواو پێچەوانە بوو. بەمجۆرە دەهاتمە بەرچاو لەبەرئەوەی بوێری و سەربەخۆیی لوویس ئینریكەم نەبوو تا تەنها ئەوكارانە بكەم كە حەزم لێی بوو و بگەمە ئەو خۆشبەختیەی كە زۆرجار هیچ دایك و باوكێك بۆ منالەكانیان ئارەزویان نەدەكرد، بەلام بواری ئەوە دەبەخشێتە مرۆڤ لە خۆشەویستیە زیادە و بێخودەكان، و لە نیگەرانیە ناجۆرو ئومێدە لەخۆڕا و دڵخۆشكەرەكان بپارێزێت. دایكم لەبەرامبەر ئەم وێناندنە نوێیەدا، كە تەواو پێچەوانەی ئەوەبوو كە لە ئەندێشە خاوەكانیاندا وێنەیان كردبوو، سەری سوڕما.

پاش بێدەنگیەكی كوشندە وتی - **ڕاستت دەوێت نازانم چی بكەم، لەبەرئەوەی گەر هەموو ئەمانە بە باوكت بڵێم، ڕێك لێی دەكەوێت. لەوە تێدەگەیت كە مایەی سەربەرزی بنەماڵەكەتی؟**

لەلای ئەوان هەمووشتێك زۆر سادە و ڕونبوو: ئێستا كە نەمدەتوانی ببمە پزیشكێكی بەرجەستە و ئارەزوە بەباچوەكەی باوكم كە بەهۆی هەژاریەوە نەهاتبوومەدی، بهێنمەدی، هیچ نەبێت دەبوو لەبوارێكیتردا پسپۆری وەربگرم و ببمە خاوەنی ژیان و پیشەیەكی ئابڕومەندانە.

دواقسەی خۆم كرد و كۆتاییم بەباسەكە هێنا - **با خەیاڵتان ئاسوودە بكەم: دەبمە هیچكارە. ئامادەنییم بەزۆر دوای پیشەیەك بكەوم كە حەزی لێناكەم، یان ببمە ئەو**

کەسەی ئێوە دەتانەوێت، یان لەوەش خراپتر ببمە ئەو کەسەی دەوڵەت یان حکومەت دەیەوێت.

مشتومڕ لەسەر ئەو مەسەلەیە، بێ وەستان کەم تازۆر تاکۆتایی هەفتە درێژەی کێشا. هەستمدەکرد دایکم دەیەوێت لەوبارەیەوە لەگەڵ باوکم قسە بکات و ئەمەش تارادەیەك بوەهۆی دڵخۆشیم. ڕۆژێك وابزانم بەڕێکەوت پێشنیاری شتێکی کرد کە بەبیستنی تەواو حەپەسام:

- دەڵێن گەر هیمەت بکەیت دەتوانی ببیتە نووسەرێکی باش.

ئەم بۆچوونە لە مێژووی بنەماڵەکەماندا بێ پێشینەو تەواو لەلام تازە بوو. حەز و تواناکانم هەر لەمناڵیەوە ئەو باوەڕەی لەلای خەڵکانی دەوروبەر دروستکردبوو کە ڕەنگە ببمە وێنەکێش، مۆسیقازان، گۆرانیبێژی سروودە کەنیسیەکان، یان تەنانەت ببمە شاعیرێکی هونەری. زۆرکەس درکیان بەوە کردبوو کە ئارەزوی نووسینی دەقی داخراوی شاعیرانەو ئیستیعارەیی دەکەم، کاردانەوەکەی منیش لەبەرامبەر ئەو پێشنیارە لەهەمووشتێك زیاتر دەرخەری ئەبڵەقبون‌و سەرسوڕمانم بوو.

لە وەڵامی دایکمدا وتم - **ئەگەر کەسێك بیەوێت ببێتە نووسەر، دەبێت بگاتەوە بە گەورەکانی ئەدەب‌و ئەوانەش سەردەمیان تەواو بووە. ئەگەریش بڕیاربێت بەبرسیەتی و بەدبەختی بژیم، پیشەیتریش هەیە کە ماندوبونی کەمتری دەوێت و دەرامەتیشی زیاترە.**

ڕۆژێك عەسر، لەبری ئەوەی لەگەڵ من قسە بکات، دەستی بەگریان کرد بێئەوەی فرمێسکێك برێژێت. ئەگەر ئەمڕۆ شتێکی لەوجۆرە ڕوویدات، نیگەران دەبم لەبەرئەوەی هەنسکی تێك شکاوی گەروو بە کارسازترین چەکی ژنانی خاوەن کەسایەتی دەزانم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. بەڵام لەتەمەنی هەژدەساڵیدا عەقڵم بەوە نەدەشکا چی بکەم و بێدەنگیم فرمێسکە نەڕژاوەکانی وشك کردەوە.

پاش کەمێك وەستان وتی - **زۆرباشە، کەواتە هەر هیچ نەبێت بەڵێنی ئەوە بدە دیپلۆمەکەت بە نمرەی باش وەربگریت‌و ئەودوای شتەکانیتر لەسەر من، خۆم باوکت ڕازی دەکەم.**

هەردووکمان لە یەك کاتدا هەناسەیەکی ئیسراحەتمان هەڵکێشا لەبەرئەوەی لەوباوەڕەدابووین یاریەکەمان بردۆتەوە. هەم لەبەر ئەو و هەم لەبەر باوکم، ملم بۆ ئەو سازشە کەچ کرد لەبەرئەوەی دەترسام گەر زوو نەگەینە ئەنجام، هەردووکیان لەخەفەتا دیق دەکەن. پاش ڕێکەوتنی سەرەتایی، ڕێگەی چارەی دواترمان زۆر بەئاسانی دۆزیەوە: بڕیاردرا لەبواری ماف و زانستی سیاسیدا بخوێنم، کە هەم بنەڕەتێکی فەرهەنگی گونجاو

بۆ هەموو پیشەیەك بوو هەم زۆریش دەردیسەری نەبوو، لەبەرئەوەی تەنها دەوامی بەیانیان بوو و دوانیوەڕوان ئازادبووم چ کارێکم بوێت بیکەم. نیگەرانی دایکم بووم لەبەرئەوەی لەوڕۆژانەدا گەلێك گوشاری سۆزیاری لەسەربوو و دەترسام لەوە زیاتر بەرگە نەگرێت. هەر لەبەرئەوەش، داوام لێکرد زەمینەی قسەکردنی رووبەڕوو بۆمن و باوکم فەراهەم بکات، رازی نەبوو، لەبەرئەوەی لەوە دڵنیابوو دەبێتە مشتومڕ لەنێوانماندا.

وتی ـ **لەم دونیایەدا ناتوانیت دووکەس بدۆزیتەوە ئەوەندەی تۆ و باوکت لەیەك بچن، ئەمەش خراپترین حاڵەتە بۆ گفتوگۆی دۆستانە.**

هەمیشە من بەپێچەوانەی ئەوە بیرم دەکردەوە. بەڵام ئەمڕۆکە، پاش تێپەڕاندنی قۆناغە جیاوازەکانی ژیان، کە باوکم بەدرێژایی تەمەنە زۆرەکەی ئەزمونی کردبوون، وردەوردە لەوە تێدەگەم کە لەهەڵەدابووم و هەندێك جاریش کە لە ئاوێنە ورد دەبمەوە، هەست دەکەم زیاتر لەو دەچم تاوەکو لەخۆم.

ئەوشەوە دایکم بەدڵنیایەوە لە هونەری ناوبژیوانیدا شارەزاییەکی هاوتای مامۆستا گەورەکانی(زرگر)ی لەخۆی دەرخست. لەبەرئەوەی باوکم داوای لە سەرجەم ئەندامانی خێزان کرد لەدەوری مێزەکە کۆ ببنەوە و بەدەنگێکی تەواو ئاسایی رایگەیاند: "**بەم زوانە پارێزەرێك لەم خێزانەدا دروست دەبێت.** "دایکم، کە لەوانەیە لەوە ترسابێت نەبا باوکم لەبەرچاوی هەموانـدا باسە کۆنەکە دەست پێ بکاتەوە، زۆر داماوانە سەری قسەکانی گرتە دەست.

رووی کردە من و رونیکردەوە ـ **بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئابوریی و ئەم هەموو مناڵە، کە مەسەرەفیان زۆر قورسە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە باشترین رێگەچارە ئەوەیە تۆ لەبوارێکدا بخوێنیت دەرفەتی کارکردنیشت هەبێت و بتوانی خۆت خەرجی خوێندنەکەت دابین بکەیت.**

مەسەلەکە بەوجۆرەی ئەوباسی دەکرد ئەوەندەش سادە نەبووو هەزارویەك دەردیسەری بەدواوە بوو، بەڵام لەوهەلومەرجەدا ئەوە بۆ ئێمە کەمتردەبووە کێشە، و بەوشێوەیە ژیانو کێشەکانی ئەوەندە وێرانکەر نەبوون و دەمانتوانی شەڕەکە بەکەمترین زیان کۆتایی پێ بهێنین. بۆئەوەی گەمەکەی دایکم بارودۆخێکی جدیتر وەربگرێت و کۆتایی بەوگاڵتەجاڕە بهێنم، بیروڕای باوکمم پرسیو وەڵامە خێرا و راستگۆیانەکەی دڵی ئازاردام:

ـ دەتەوێت بڵێم چی؟ دڵت شکاندم، بەڵام دیسانەوە هەر جێگەی سوپاسگوزاریە، لەبەرئەوەی هەست بە رەزامەندی دەکەم لەوەی دەگەیتە ئارەزوی خۆتو ئەمەش ئارامیم پێدەبەخشێت.

لە ژانوویەی ١٩٤٦، بۆیەکەمجار بە فرۆکە سەفەرم کرد. لەوسەردەمەدا تەنها پارەدارەکان دەیانتوانی بەوجۆرە سەفەر بکەن و ئەم چێژە پایەداریەش لەسایەی پالێنسیا بوو بەنەسیبم، بەوەی کە توشی کێشەیەکی گەورە ببوو و پێویستی بە یارمەتی من پەیدا کردبوو. پێنج سالی یەکەمی ئامادەیی بەهەر مەینەتیو ماندوبونێك بووە لە کارتاخنا تەواو کردبوو، بەلام لەسەر پردی قۆناغی شەشەم (خربگیری) گیری خواردبوو. بەلێنی ئەوەم پێدا کارێك بکەم لە ئامادەییەکەی خۆمان ناوی تۆمار بکەم و کارنامەی دیپلۆمەکەی وەربگرێت، و ئەویش داوەتی کردم بەفرۆکە سەفەر بکەین.

سەفەری ئاسمانی بۆ بۆگۆتا لە هەفتەیەکدا دووجار و بەفرۆکەی **دی سی -٣**[1]ی کۆمپانیای **لانسا**[2] ئەنجام دەدرا و گەورەترین مەترسیەك کە هەڕەشەی لە موسافیرەکان دەکرد خودی فڕۆکەکە نەبوو، بەلکو ئەو مانگایانەبوون کە ئازادانە لە شوێنی نیشتنەوە کاتیەکە کە بە خۆڵ وخاشاك داپۆشرابوو، کە لە مەزرایەکی بەرفراواندا دروستکرابوو، دەخولانەوە. زۆرجار فرۆکەوانەکە ناچار دەبوو چەندینجار بەسەر ئەو چوارپێیانەدا بسوڕێتەوە بۆئەوەی بترسن و فرۆکەخانە هەڕەمەکیەکە چۆڵ بکەن. ئەم ئەزمونە سەرەتای ترسە ئەفسانەییەکەی من بوو لە فرۆکە، ئەویش لە قۆناغێکدا کە کەنیسە، ئیماندارەکانی لەوە ئاگادار کردبووەوە کە بردنی نانی فەتیر لەکاتی سەفەرکردن بەفرۆکە قەدەغەیە، بۆئەوەی لە مەترسی کەوتنە خواردوە بپارێزرێن. فرین بەخێرایی سێسەدکیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، بەبێ وەستان، نزیکەی چوار کاتژمێری دەخایاند. ئێمە کەپێشتر ئەو رێگە سەرسوڕهێنەرەمان بە کەشتی بریبوو، بەبینینی"گەورە روباری ماگدالێنا"، کە وەکو نەخشەیەکی زیندوو لەژێرمانەوە بەدیدەکرا، هەموو چرکەیەك دەمانزانی لەکوێین. گوندە بچوکە مینیاتۆریەکان، بەلەمە چارۆکەدارەکانو ئەو بوکەلە شادومانانەی لە گۆڕەپانی قوتابخانەکانەوە دەستیان بۆ بەرز دەکردینەوە، وێنەگەلی ئاشنا بوون. میواندارەکان هەموو کاتیان بەوەوە دەبردەسەر دلنەوایی موسافیرە نیگەران و ترساوەکان بدەنەوە کە دەستی پارانەوەیان بەرز کردبووەوە، تا یارمەتی ئەوکەسانە بدەن کە توشی گێژبوون و رشانەوە ببوون و زۆربەی ئەوانیتریش لەوە دلنیا

[1]. DC - ٣
[2]. LANSA

بکەنەوە کە مەترسی بەرکەوتن لەتەك دەستەی ئەو باڵندانەی لە زەلکاوی کەنای روبارەکە کەمینیان کردووە، لەئارادا نییە. لە لایەکیترەوە، موسافیرە هەمیشەیەکان بە نیشانەی ئازایەتی و دلێری، گەلێکجار سەفەرە مێژوویەکانیان بەخۆشیەوە دەگێڕایەوە. کاتی بەرزبوونەوەی فرۆکەکە بەمەبەستی تێپەڕین بەسەر بیابانە بەرزەکانی بۆگۆتادا، بەبێ گۆڕینی گوشاری هەوا و ماسکی ئۆکسیژن، مرۆڤ هەستی دەکرد بۆمب لەدڵیدا دەتەقێتەوە، بەڵام ئەوەی لەهەمووشتێك زیاتر بوەهۆی سەرسوڕمان ئەوەبوو کە پێش تەلەگرافەکانی شەوی پێشوو گەیشتینە شوێنی مەبەست.

پێش بەجێهێشتنی بۆگۆتا، خوزێ پالنسیا بۆ ئۆرکسترایەکی تەواو ئامێری مۆسیقای کڕیو نازانم بەپێی نەخشەی پێشتر دارێژراو ئەم کارەی کرد یان هەر بۆ دڵنیابوونی خۆی، بەلام هەرچۆنێك بوو، هەر ئەوەندەی جەنابی بەڕێوەبەری ئامادەییەکە، جەنابی ئیسپیتیا چاوی پێیکەوت کە بەهەنگاوی پتەو بە گیتار و تەپڵ و **ماراکا**[1] و هارمۆنیکاکانەوە، چووەژورەوە، بریسکەیەکی خۆشحاڵی لە چاویدابوو کە زانیم هاورێکەم وەردەگرێت. منیش بە نۆرەی خۆم، لەوکاتەوەی پێمخستە هۆڵەکەوە هەستم بەقورسی پێگە تازەکەم کرد: فێرخوازی قۆناغی شەشەم بووم. تا ئەوکاتە درکم بەوە نەکردبوو کە ئەستێرەیەك بە نێوچەوانمانەوە بوو کە فێرخوازانی قۆناغەکانی خوارتر حەسرەتیان بۆ دەخوارد و شێوەی هەڵسوکەوت و قسەکردن و تەنانەت ئەو ترسی ئاوێتە بەرێزەی لەبەرامبەر ئێمە هەیانبوو هەموویان جەختیان لەسەر ئەو راستیە دەکردەوە کە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتین. سەرباری ئەمەش، سەرجەم ئەوساڵە بەخۆشی و شادی تێدەپەڕی. بەشە ناوخۆییەکە تەنها تایبەتبوو بە فێرخوازانی بۆرسیە، و خوزێ پالنسیا لە باشترین ئوتێلی گۆڕەپانی سەرەکی شاردا جێگیر بوو، کە یەکێك لەخاوەنەکانی پیانۆی دەژەند، و لەپاش ئەوە هەموو رۆژەکانمان بوونە یەکشەممەیەکی ئەبەدی.

ئەم رووداوەش یەکێکبوو لە گۆڕانکاریە لەناکاوەکانی ژیانم. ئەوکاتەی نەوجەوان بووم، دایکم جلوبەرگی باش و بەردەوامی بۆ دەکڕییەو ئەوکاتەی بۆم کورت و تەسك دەبوونەوە، بۆ برا بچوکەکانمی چاك دەکرد. دووساڵی یەکەمی خوێندنم لە

---

[1] maraca، جۆرە ئامێرێکی مۆزیکی تایبەتی کۆلۆمبیا و ڤێنزوێلایە کە بە کولەکە دروست دەکرێت و بەردێکی لە ناودایە.

ئامادەییەکە لە هەمووی ناخۆشتر بوون لەبەرئەوەی چاکەت وپانتۆڵی مەخمەڵ، کە بەکەڵکی ئاووهەوای ئەوێ دەهات، گران بوون. هەرچەندە گەشەی جەستەییم زۆر خێرا نەبوو، بەڵام یەك قات جل بەکەڵکی باڵاکردنەکانی درێژایی ساڵێکم نەدەهات. لەهەموو ئەمانە خراپتر ئەوەبوو کە رەسمی گۆڕینەوەی جلوبەرگ لەنێوان فێرخوازانی ئامادەییەکە باوی پەیدا نەکرد، لەبەرئەوەی ئەوەندە بەرگەکانی یەکتریمان بینیبوو کە خاوەنە تازەکانیان بە گێلیەتیە تاقەتپڕوکێنەکانیان بێزار دەکرد. پاش ئەوەی ئیسپیتا بڕیاری دەرکرد هەموو فێرخوازەکان یەك شێوە بەرگ بپۆشن، کە بریتی بوو لە چاکەتی نیللی و پانتۆڵی رەساسی، ئەم کێشەیە تاڕادەیەك چارەسەر کرا لەبەرئەوەی ئەمە گۆڕینی جلوبەرگی کەم دەکردەوە. ساڵی سێهەم و چوارەمم بە قاتێك چاکەت و پانتۆڵەوە کە بەرگدروی سوکرە بۆی دووریبووم بردەسەر، بەڵام ناچاربووم بۆ قۆناغی پێنجەم چاکەت وپانتۆڵێکی دەستی دوو بکڕم کە تاڕادەیەك هێشتا نوێ بوو، بەڵام چیتر بۆ قۆناغی شەشەم بەکەڵکم نەهات. بەوهۆیەوە دووچاری کێشە نەبووم لەبەرئەوەی باوکم ئەوەندە دڵی بە گوێڕایەڵیم خۆش بوو پارەی دا قاتێك چاکەت وپانتۆڵی نوێ بدوورم و خۆزێ پاڵێنسیاش جلەکەی ساڵی پێشووی کە چاکەت وپانتۆڵێك بوو لە کورکی وشتر و تەنها یەك دووجار لەبەری کردبوو، پێ بەخشییم. زۆرزوو لەوە تێگەیشتم کە رازاوەیی رواڵەت چەند بێ بایەخە. بە چاکەت وپانتۆڵە نوێکەمەوە، کە جارناجار بەرگە تایبەتیەکەی ئامادەییەکەشی لەباتی لەبەر بکەم، لەو مەراسیمی سەمایانەدا بەشدارییم دەکرد کە کارابییەکان سەردەستەی بوون و تەنها یەك کچم ناسی کە پەیوەندییمان هێندەی تەمەنی گوڵێکیش درێژەی نەکێشا.

ئیسپیتا بەبینینم بەشێوەیەکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی. لەکاتی وانەکانی کیمیادا، کە هەفتەی دووجار هەمانبوو، دەتوت تەنها وانەکە بۆ من دەڵێتەوە و دەیدامە بەر دەستڕێژی خێرای پرسیارەکان. ئەو سەرنجە زۆرەملێیە لە روانگەی منەوە بە خاڵێکی دەستپێکی گونجاو لەبەرچاو گیرا تاوەکو ئەوبەڵێنەی بەدایك و باوکم دابوو جێبەجێی بکەم و بە نمرەی باش دیپلۆمەکەم وەربگرم. شێوازە دەگمەن و سادەکەی مارتینا فۆنسیکام بەکارهێنا کە کلیلی سەرکەوتن بوو لە بواری خوێندندا: لەکاتی وانەکاندا باش گوێ بگرە بۆئەوەی لەدەست بێخەوی و دڵەڕاوکێکانی شەوانی پێش تاقیکردنەوە رزگارت ببێت.

وانەیەکی دانایانە بوو. پەیڕەوی کردن لەو ئامۆژگاریە لە دواسالی ئامادەییدا، نیگەرانیەکانمی دامرکاندەوە. بێئەوەی زۆر خۆم ماندوو بکەم، وەلامی پرسیارەکانی مامۆستاکانم دەدایەوە کە ئادەهات سادەتر دەیاننواند، و بۆمدەرکەوت بردنەسەری ئەو بەلێنەی بە دایك وباوکم دابوو زۆر لەوە سادەتر وئاسانتر بوو کە بۆی دەچووم.

ئەو ئاقە گرفتەی ببوە هۆی نیگەرانیم بەردەوام ئەوەبوو کە دووچاری کابووس بینین دەبووم و بەدەم خەوەوە دەمنەڕاند. لەوکاتەدا جەنابی گۆنزالۆ ئۆکامپۆ بەرپرسی کاروباری فێرخوازان بوو کە پەیوەندی دۆستانەی لەتەك فێرخوازان هەبوو و شەوێکی نیوەی دوهەمی سال، لە تاریکیدا، بەبێ دەنگ و لەسەر نووکی پێ، هاتە نێو شوێنی نووستنەکەمانەوە بۆئەوەی کلیلەکانیم لێ وەربگرێتەوە کە من بیرم چووبوو بیدەمەوە. هەرئەوەندەی بەهێمنی دەستی خستە سەرشانم، بەدەنگی بەرزو شێتانە نەڕاندم و هەمووان لەخەو راپەڕین. رۆژی دواتر گواستمیانەوە بۆ شوێنێکی کاتی لە نهۆمی دووهەم کە تەنها بۆ نووستنی شەش کەس بوو.

دەرمانێکی گونجاوبوو بۆ واهیمەکانی شەوانم، بەلام گەلێك دوودلی بەرپێنەگیراویشی بەدواوەبوو، لەبەرئەوەی ئەوشوێنە لەسەر ئەمباری ئازووقەکە بوو و چوار لە فێرخوازەکان بەدزیەوە خۆیان گەیاندە چێشتخانەکەو بەخەیالی ئاسوودەو دەستی بەدزی کرد بۆئەوەی بۆ نیوەشەو خواردنێکی پاشایانە فەراهەم بکەن. **سێرخیۆ کاسترۆ**ی[1] باوەڕپێکراو و دابڕاو لە هەرجۆرە گومانێك و من، کە لەهەموویان ترسنۆکتر بووم، لە نێو جێگەکەمانداماینەوە گەر حالەتێکی لەناکاو روویدا، رۆلی ناوبژیوان بگێڕین. پاش کاتژمێرێك گەڕانەوەو نیوەی خواردەمەنیەکانی هەمبارەکەیان هێنابوو و تەواو ورگمان لێ لەوەڕاند. ئەوە گەورەترین زۆرخۆریمان بوو لەماوەی مانەوەی درێژخایەنمان لەو شەوانە رۆژیەدا، بەلام ئەوەی خواردبوومان لێیان دەرهێنایەوە، لەبەرئەوەی بیست وچوار کاتژمێر دواتر ئاشکرا بووین. لەوە دلنیا بووم کە ئەوە کۆتایەکەیەتی و تەنها نیازپاکی و کارسازی ئیسپیتا لە دەرکردن رزگاری کردین.

خۆشترین سەردەمی خوێندنمان لە ئامادەییەکە بوو، هەرچەندە روانگەی سیاسی ولات لەهەموو کاتێکیتر تاریك ولێلتر دەینواند. بێلایەنی یێراس، بێئەوەی خۆی بیەوێت، ئەو ململانێیەی زیاتر تاو دەدا کە بۆ یەکەمجاربوو لەوێ بەدیدەکرا.

---

[1]. Sergio Castro

هەڵبەتە ئەمرۆکە هەست بەوە دەکەم کە ئەم هەستە زۆر لەوەو پێش لەناخمدا بوونی هەبووە. بەڵام لەوقۆناغەدا سەبارەت بەو وڵاتەی تێیدا دەژیام بەئاگاهاتمو هۆشیار بوومەوە. هەندێك لەو مامۆستایانەی لە ساڵی پێشترەوە هەوڵیان دابوو بەبێ لایەنی بمێنەوە، جارناجار لەپۆلدا نەیاندەتوانی دەمی خۆیان بگرن و ئەوقسانەیان لەدەم دەردەچوو کە لایەنگریە سیاسیەکەیانی ئاشکرا دەکرد و هەزم کردنیان بۆ زۆرکەس قورس بوو، بەتایبەت پاشنەوەی پرِوپاگەندەیەکی توندی هەڵبژاردنیان بۆ گۆڕینی سەرەك کۆمار دەست پێکرد.

هەموو رۆژێك ئەو راستیە زۆرتر خۆی دەنواند کە بە ئامادەبوونی هاوکاتی گایاتان و تۆربای، پارتی لیبراڵ، پاش بیست وپێنج ساڵ فەرمانڕەوایی بێ پچڕان، ئەمجارەیان شەڕەکەی دەدۆڕاند و لەهەڵبژاردندا دەیدۆڕاند. ئەو دوو کاندیدە ئەوەندە دوژمنی یەکتر بوون دەتوت سەر بە دوو پارتی جیاوازن و ئەوەی پەرەی بەم ناکۆکیە دەدا، تەنها هەڵە تاکەکەسیەکانیان نەبوو بەڵکو هیمەتی لیبڕاوانە و توندی پارێزکاران رێگەی ئاشتی لە نێوان ئەو دوانەدا دەبەستەوە، لەبەرئەوەی ئەوان هەر لەسەرەتاوە درکیان بەو درزە کردبوو: لەباتی **لایۆریانۆ گومێز**[1]، **ئۆسپینا پێرێز**[2] یان بۆ پۆستی سەرەك کۆماری کاندید کرد. ئەم ئەندازیارە ملیۆنێرە، لەسایەی تواناکانی خۆی، وەك باوکسالارێکی پایەبەرز ناوبانگی پەیدا کردبوو. دەرئەنجامی بەرکەوتنی لیبراڵە پەرتەوازەکان و پارێزکارە یەکگرتوو و چەکدارەکان رون وئاشکرابوو: ئۆسپینا پێرس هەڵبژێردرا.

لایۆریانۆ گۆمێز، هەر لەسەرتاوە خۆی بۆئەوە ئامادەکرد بەزەبری هێزە دەوڵەتیەکان و توندیژیەکی روت و ئاشکرا، لەهەموو بوارەکاندا جێگەی سەرەك کۆمارە یاساییەکە بگرێتەوە. جارێکیتر واقیعی مێژوویی سەدەی نۆزدەهەم دوبارە ببێتەوە، ئەوسەردەمانەی کە وڵات بەشێوەیەکی کاتی رەنگی ئاشتی وئارامی بەخۆوە دەبینی. و لەماوەی ئەو هەشت جەنگە ناوخۆییە بەرفراوانە، ئەو چواردە بەرەنگاربوونەوە ناوخۆییە، سێ کودەتای سەربازگەیی و دواجار شەڕی "هەزار رۆژە". کە لەناوچەیەك بەکەمتر لە چوارملیۆن دانیشتوانەوە، هەشت هەزار کوژراوی

---

[1]. Laureano Gomez
[2]. Ospina Perez

لێکەوتەوە. یان بەکورتیەکەی: بەرنامەیەکی هاوبەشیان فەراهەم کردبوو بۆئەوەی سەدساڵ بگەڕێینەوە دواوە.

جەنابی **خیرالدۆ**[1]ی بەڕێوەبەرمان، کۆتایی ساڵ تایبەتمەندیەکی پێ بەخشیم کە تائێستاش لەبەرامبەری هەست بە شەرمەزاری دەکەم. کاتی تاقیکردنەوەی وانەی جەبر، کە لەقۆناغی چوارەمەوە تێیدا دەرنەچووبوم، پرسیاری سادەی لێکردم و لەژووری مامۆستاکان بەتەنها بەجێی هێشتم و بواری قۆپی بۆ رەخساندم. کاتژمێرێك دوای ئەوە، بەوپەڕی خۆشحالیەوە گەڕایەوە، پەڕە کارەساتبارەکەی تاقیکردنەوەکەی بینیم و راستوچەپی بەسەریدا هێنا و بەتوڕەییو بەدەم بۆڵەوە وتی: "**ئەم کەللەیە بۆگەنو پووچە!**" بەم حاڵەوە کۆتایی ساڵ لەبەر بەزەیی دەریچاندم، بەلام ئەو بوێریەم دایە بەرخۆم و لەبەرئەوەی بۆ یارمەتیدانی من سەرجەم کۆتوبەندو بنەما ئەخلاقیەکانی لەژێر پێ نابوو، سوپاسم نەکرد.

شەوی پێش دواهەمین تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەوساڵە، من و گیێرمۆ گۆنسالۆ ئۆکامپۆ توشی کێشە بووین. خۆزێ پالێنسیا بانگهێشتی کردبووین بۆ دەرس خوێندن بچینە ژورەکەی ئەو لە ئوتێلەکە، کە گەوهەرێك بوو لەسەر داڕشتنی سەردەمی کۆلۆنیالی، بە دیمەنێکی شاعیرانەوە لە قاپی پەنجەرەیەکدا کەبەسەر باخچەیەکی پڕلەگوڵدا دەیڕوانی کە کەنیسەی گەورەش ببوە باگراوەندی. لەبەرئەوەی تەنها یەك تاقیکردنەوەمان مابوو شەومان بە خۆشگوزەرانی بەڕێ کرد و لەوباڕە هەژارانانەی شوێنی هەمیشەییمان بوون خۆمان گەیاندە قوتابخانە. جەنابی ئۆکامپۆ، کە ئەوشەوە بەرپرسی چاودێری بەشە ناوخۆیەکەبوو، لەبەر دواکەوتن و ئەو حاڵو باروودۆخەمان دایشۆردین و ئێمەش چیمان بەدەمداهات پێمان وت.

ئەنجومەنی مامۆستایان بڕیاریاندا لە دوا تاقیکردنەوە بێبەشمان بکەن. بەو اتایەی ئەو ساڵە دیپلۆمان وەرنەدەگرت. هەرگیز لەوە تێنەگەیشتین لەکۆبونەوەی ەینی ئەنجومەنەکەدا چی روویدا بەلام یەکیەتیەکی پتەویان پێشکەش کرد و ەبراوانە پشتگیریان لەهاوڕێ مامۆستاکەیان کرد. بەڕێوەبەری ئامادەییەکە، ئیسپیدا ەترسی ئاکامەکانی دواتری کارەکەی خۆی لەئەستۆ گرت و بەتاقی تەنیا ووبەڕوویان بوەوەو کارێکی کرد لە بینای وەزارەتی پەروەردە لەبۆگۆتا اقیکردنەوەکە ئەنجام بدەین. ئسپیتا خۆی لەگەڵمان هات و بەدرێژایی ئەوماوەیەی

---

[1]. Giraldo

سەرقاڵی تاقیکردنەوەکە بووین لەوێ مایەوە. دەرچووین، بەنمرەی بەرزیشەوە دەرچووین.

وابزانم بارودۆخێکی ناوخۆیی تەواو ئاڵۆز سەریهەڵدا لەبەرئەوەی ئەکسپۆ لەمەراسمی کۆتایی ساڵدا ئامادە نەبوو. هەستمان کرد لەوانەیە لەرێگەچارە بێدەردیسەرەکەی ئیسپیتا و لە پلە بەرزەکەی ئێمە زویر بووبێت. دواجار، بەهۆی ئەنجامە پرشنگدارەکانی خوێندنمەوە کتێبێکم بە خەڵات وەرگرت کە فەرامۆشی ناکەم: **ژیانی فەیلەسووفە بەرجەستەکان**ی بەرهەمی **دیۆخێنز لائێرسیۆ**[1]، ئەم سەرکەوتنەم دووربوو لەئاستی چاوەڕوانی دایك و باوکمەوە، بەتایبەت لەکاتێکدا لەنێو دەرچووانی ئەوساڵەدا پلەی یەکەمم بەدەست هێنا، هەرچەندە هاوپۆلیەکانم و لەپێش هەموویانەوە خۆم، دەمانزانی باشترین فێرخواز نەبووم.

[1]. Diogenes Laercio

٥

هەرگیز لەوباوەڕەدانەبووم نۆ مانگ پاش وەرگرتنی دیپلۆم، یەکەمین چیرۆکم لە پاشکۆی ئەدەبی "کۆتایی هەفتە"ی ئالسپیکادۆری بۆگۆتا، سەرنجراکێشترین و جدیترین بلاوکراوەی ئەوسەردەمەدا چاپ بکرێت. چلودوورۆژ پاش ئەوەش دوهەمینیان بلاوکرایەوە. بەلام ئەوەی لە هەموو ئەوانە زیاتر توشی سەرسوڕمانی کردم نووسینە ستایش ئامێزەکەی سەرنووسەری رۆژنامەکە و بەڕێوەبەری پاشکۆ ئەدەبیەکە ئێدواردۆ سالامسا بوردا، **ئۆلیسس**[1]، بوو کە بە رۆشنبیرترین رەخنەگری ئەدەبی کۆلۆمبیای ئەوسەردەمە لەقەلەم دەدرا و لەهەموان زیاتر لەمەڕ دۆزینەوەی توانا نوێکان، هۆشیار و بەئاگابوو. ئەم روداوە هێندە چاوەڕوان نەکراوبوو کە نازانم چۆن باسی بکەم و لەکوێوە دەست پێبکەم. سەرەتای سالّ، بەپێی ئەو بڕیارەی کە لەتەك دایك وباوکم لەسەری رێکەوتبووین، لە کۆلیژی مافی زانکۆی نەتەوەیی بۆگۆتا ناوم تۆمار کرد. رێك لە چەقی شار و لە شوقەیەك لەسەر شەقامی **فلۆریان**[2] دەژیام کە زۆربەی دانیشتوانی فێرخوازانی خەلکی کەناری ئۆقیانوسی ئەتلەسی بوون. لەباتی ئەوەی کاتی بێکاری عەسران ئیشێك بکەم، لەژوورەکەمدا خۆم بە خوێندنەوەوە سەرقالّ دەکرد یان لەو کافتریایانە کاتم دەگوزەراند کە زۆر کڕیارەکانیان تەنگەتاو نەدەکرد. ئەوکتێبانەم دەخوێندەوە کە بەرێکەوت یان بەشانس بەردەستم دەکەوتن، هەرچەندە ئەمە زیاتر پەیوەندی بە خۆشبەختیمەوە هەبوو تا ناسینە رێکەوتەکان. ئەو هاورێیانەی توانای کڕینی ئەوکتێبانەیان هەبوو، بۆکاتێکی زۆر کوورت بە ئەمانەت دەیاندامێ، ئەمەش دەبووەهۆی ئەوەی زۆرجار بەناچاری گەلێك شەو نەنووم بۆئەوەی بتوانم لەکاتی خۆیدا بیاندەمەوە. بەلام بەپێچەوانەی ئەوکتێبانەوە کە لە ئامادەیی سیپاکیرا دەمخوێندنەوە و شایستەی ئەوەبوون لە مەزارگەی سارد وشکۆمەندی ئەدیبە پایەبلندەکاندا جێگەیان بکرێتەوە،

---

[1]. Ulises

[2]. Florian

ئـەم کتێبانـە وەکـو نـانی گـەرم وەهـابوون، بـەتازەیی وەرگێڕدرابـوون و پـاش دابـەزینی درێژخایەنی ئاستی بڵاوکراوەکان لەماوەی جەنگی جیهانی دوهەمدا، لـە بـۆینس ئـایرس چـاپ کرابـوون. بەمـشێوەیە و لەسـایەی بـەخت وناوچـەوانمدا،، هەنـدێك لـە روخـسارە ئەدەبیـە بەناوبانگـەکانی وەکـو خـۆرخێ لـوویس، دی ئـیج لارنـس و ئـالدۆس هاکسلی و گراهام گـرین و چێستێرتۆن و ویلیام ئـایریش و کـاترین مێنـسفێڵد و گـەلێك کەسیترم ناسی.

ئەو بەرهەمانە لەنێو پێشانگا دوردەستـەکانی کتێبخانەکانـدا خۆیـان دەنوانـد، بـەلام چـەند دانەیەکیـشیان لـە کافتریـا فێرخوازیەکانـدا، کـە ناوەنـدی چـالاکی پەرەپێـدانی روناکبیری بـوون لـەنێو فێرخـوازانی شـارەکاندا، دەسـت بەدەسـت دەگـران. هەنـدێك لەوفێرخوازانە لەو کافتریا هەمیشەیانەدا، مێزی تایبەتی خۆیان هەبوو و چـەندین سـاڵ دەبوو هەموو رۆژێك لەوێ دادەنیشتن و تەنانـەت نامـە و حەواڵە پۆستیەکانیان لەوێـدا وەردەگرت. میهرەبانی خاوەن کافتریاکان، یان کرێکارە باوەڕپێکراوەکانیان، لە پێگەیاندنی خوێندنی زانکۆی زۆر کەسدا رۆڵی چارەنووس سازی هـەبوو. زۆربـەی پـسپۆڕەکانی وڵات تا دەگەیشتە هاتوچۆکەرە نادیارەکانیان قەرزارباری ئەوان بون.

من بۆخۆم، **ئالمۆلینۆ**[1]م لەوانیتر بـەلاوە باشـتربوو کـە کافیریـای شـاعیرە پیرەکـان بـوو، تـەنها دووسـەدمەتر لـە شـوێنی نیـشتەجێبونەکەمەوە دوور بـوو، دەکەوتـە سـەر روکنـی شـەقامی **خیمینـس دێ کـسادا**[2] و بلـواری **سـپتیما**[3]. رێگـەیان نـەدەدا فێرخوازەکـان لـەوێ مێزی تایبـەتیان هـەبێت، بـەلام پیـاو لـەوە دڵنیـابوو ئەگـەر چـەند کاتژمێرێکی لەوێـدا بگوزەراندبا، دیتوانی لە ووتووێـژەکانی مێزەکـانی تەنیـشتیەوە، زۆر زیـاتر و باشـتر فێـر ببێت تاوەکو لە کتێبەکانی خوێندن. بینایەکی تەواو گەورەو رازاوە بـە شـێوەی ئیـسپانی بوو و **سـانتیاگۆ مـارتینز دێلگـادۆ**[4]ی وێنـەکێش دیوارەکـانی بـە وێنـەی جەنگـەکانی دۆن کیشۆت لەتەك ئاشەباکاندا رازاندبووەوە. هەرچەنـدە مێزیان بۆ نـەدەگرتم، بەلام هەمیـشە کارێکم دەکرد تائەوشوێنەی بۆم دەکرێت لە مامۆستا **لیۆن دێ گریێف**[5]ی ریشن و تورە و دەم بەبۆڵـەو خۆشەویـستەوە نزیـك بم. کـۆڕە ئەدەبیـەکانی لەتـەك بـەناوبانگترین نووسەرەکانی ئەو سەردەمە، دەمەو عەسر دەستی پێدەکرد و نیوەشەو کۆتایی پێدەهات،

---

[1]. El molino، ئاش

[2]. Jimenez de Quesada

[3]. Septima، حەوتەم

[4]. Santiago Martinez Delgado

[5]. Leon de Greif

ئەمەش لەکاتێکدا کە هەم خۆی و هەم قوتابیەکانی شەترەنجی، هێندە مەشروبی هەرزانمان هەڵدەقوڕاند، تا مەست و سەرخۆش و بێهێز دەبووین. تارادەیەك زۆربەی هونەرمەند و نووسەرە پایەبەرزەکانی وڵات ڕێیان دەکەوتە سەر ئەومێزە و ئێمەش بێدەنگ گوێمان دەگرت و هەوڵمان دەدا خۆمان بشارینەوەو لەوانەوە فێری شت ببین. هەرچەندە زۆرجار زیاتر دەربارەی ژنان و پێکدادانە سیاسیەکان قسەیان دەکرد وەك لەوەی دەربارەی پیشەکەی خۆیان، بەڵام هەمیشە شتێکی تازەیان لێوە فێر دەبووین. ئەوانەی بەقووڵی عاشقی ئەو شوێنەبوون، ئێمەی دانیشتوانی کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی بووین، کە هۆکاری پەیوەست بونمان زیاتر حەزوو ئارەزوی نەخۆشانەمان بوو بۆ کتێب تاوەکو دوژمنایەتی و پیلانگێڕیی پێپەتیە کاراییەکان لەبەرامبەر وەجاغزادەکان. **خورخێ ئالڤارۆ سپینۆزا**[1]ی فێرخوازی ماف کە فێری دەریاوانی کردم بەنێو **کتێبی پیرۆز**دا و ناچاری کردم ناوی سەرجەم کەسانی دەوروبەری ئەیووب لەبەر بکەم، ڕۆژێکیان کتێبێکی ئەستووری خستە سەرمێزەکە و بە پایەبڵندیە قەشە ئاساکەیەوە بەمجۆرە بیروڕای خۆی دەربڕی:

- ئەم کتێبە کتێبێکی پیرۆزی ترە.

دڵنیام، **ئۆلیس**ی جیمز جوویس بوو کە وردەوردە و بەزەحمەت چەند بەشێکیم خوێندەوە تائەوەی کاسەی ئارامم لێوڕێژبوو و توانام نەما و بەنیوەناتەواوی بەجێمهێشت. زوبوو بۆ ئەو بێپەروایییە. چەندین ساڵ پاش ئەوە، لەسەردەمی گەشەکردن و پێگەیشتنی هزریدا، بەرپرسیاری ئەوەم خستە ئەستۆم کە بەشێوەیەکی جدی بیخوێنمەوە و نەتەنها دنیایەکی تایبەتیم ئاشکرا کرد کە هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبووم لەناخمدا بوونی هەبێت، بەڵکو لەرووی تەکنیکەکانی گێڕانەوە زۆر یارمەتیدام، ئازادی زمانی بۆ دەرخستم و فێری کردم چۆن شارەزایانە زەمەنە گوێزراوەکان بەکاربهێنم و پێکهاتەی چیرۆکەکانم بینا بکەم.

یەکێك لەوانەی لە ژوورەکەمدا پێکەوە بووین، **دۆمینگۆ مانوێل ڤێگا**[2]، فێرخوازی پزیشکی بوو، هەر لە سووکرەوە دەمناسی و هەردووکمان حەزێکی بێسنوورمان بۆ خوێندنەوە هەبوو. یەکێکیتریشیان، **نیکۆلاس ریکاردۆ**[3]ی کوڕی گەورەی جوان دێ دیۆس بوو کە تایبەتمەندیە خێزانیەکانی لەناخمدا بەزیندوویی دەهێشتەوە. شەوێکیان، کە گەڕایەوەماڵەوە سێ کتێبی نوێی کڕیبوو، وەکو نەریتی هەمیشەییش خۆشانسانە یەکێك

---

[1]. Jorge Alvaro Espinosa

[2]. Domingo Manuel Vega

[3]. Nicolas Ricardo

لەو کتێبانەی بە ئەمانەت پێشکەش کردم بۆئەوەی بەدەم خوێندنەومیەوە ئاسانتر خەوم لێبکەوێت. بەلام ئەمجارەیان دەرئەنجامەکەی تەواو پێچەوانە بوو: لەوکاتە بەدواوە، هەرگیز نەمتوانی بە ئاسوودەیی رابردووەوە بنووم. کتێبی دێوی کافکا بوو لەوەرگێڕانی ئازادی بۆرخیس، چاپی بلاوکراوەی **لۆسادا**[1]ی بوێنس ئایرس، کە لەیەکەمین دێڕیەوە رێگەیەکی نوێی لەبەردەممدا ئاوەلا کرد، و لەمڕۆدا بەیەکێك لەڕستە بەرز و بنەڕەتیەکانی ئەدەبی جیهانی لەقەلەم دەدرێت:"بەیانی رۆژێکیان، ئەودەمەی **گریگۆر سامسا**[2]، پاش خەوێکی پەرێشان، لەناوجێگەکەیدا چاوی کردەوە، تەماشای کرد بوە بە مێروویەکی دێوئاسای گەورە. "ئەم دەقە نهێنی ئامێزانە بەنێو هەندێك رێڕەوی ناباودا رێگەیان دەبڕی، کە جگەلەوەی جیاوازبوون لەهەموو ئەوشتانەی تا ئەوکاتە دەمناسین و بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاواز و تەنانەت زۆرجار پێچەوانەو دژیشیان بوون. راستیەکان پێویستیان بەسەلماندن نەبوو، هەرئەوەندە بەسبوو کە نووسەر خستبوونیە سەرکاغەز بۆئەوەی راست بنوێنن و توانایی سەرسوڕهێنەری بەهێز و دەسەلاتی زمان، تاکە شایەتی راستبوونیان بوون. شەهرەزادێکی نوێ سەریهەلدابوو، بەلام نەوکو لەجیهانی هەزارویەك شەودا، کە هەمووشتێکی دەگەیاندە ئاستی باوەڕپێکراو، بەلکو لە ناچاریی دونیایەکدا کە هەموو شتێك لەناوچوبوو.

پاش ئەوەی خوێندنەوەی **مەسخم** تەواو کرد، هەژانی بێبەربەستی ژیان لەنێو ئەوبەهەشتە نامۆیەدا رۆچووە قولایەکانی بوونمەوە. رۆژێك پاشئەوە، بێئەوەی خۆم بمەوێت، لەسەر چاپە کۆنەکەی دۆمێنیگۆ مانۆڤێل بێگا دانیشتم کە بەردەوام ئەمدەستاودەستی پێدەکرا و جارناجار منیش بەئەمانەت وەرمدەگرت و هەولمدا شتێك وەکو چیرۆکی دیوانسالاری بەخت ئاوەزووی کافکا بنووسم، کە دەبووە قالۆنچەیەکی زەبەلاح. رۆژانی دوایی، لەترسی ئەوەی نەبا ئەو ریسە ئەفسوونیە بپچڕێت نەڕۆشتمەوە بۆ زانکۆ و بەوشێوەیە لەڕوی ئاخ هەلکێشان و هەست کردن بەسووکایەتی، عارەقەی شەرمەزاریم تکاند تائەوەی ئێدواردۆ سالامیا بوردا لەو لاپەڕانەی خۆی سەرپەرشتی دەکردن نوسینێکی خەفەتبارانەی بلاوکردەوە و لەمیانەیدا بەوپەڕی نائۆمێدیەوە بۆ دۆخی پڕلەشەرمەزاریی ئەدەبی هاوچەرخی کۆلۆمبی ئەفسووسی خوارد و رایگەیاند لەنێو نەوەی نوێی نوسەرانماندا ناوێکی بەناوبانگت چنگ ناکەوێ و روانگەی داهاتوو هێندە تاریك ولێلە کە تەنانەت کوێرە رێگەیەکیش نادۆزیتەوە کە ببێتە هۆی ئومێدو

[1]. Losada

[2]. Gregorio Samsa

دڵنـەوایی. نـازانم بـە چ حـەقێك خـۆم بـە گوێبیـستی هەڵـشاخانەوەی ئـەو نووسـینە لەقەڵەمدا و بەنوێنەرایەتی نەوەکەم خۆم کۆکردەوە بۆئەوەی وەڵامێکی دەمکوتکەرانەی بدەمەوە، و دیسانەوە چوومەوە سەر چیرۆکە نیوەناتواوەکەم بۆئەوەی کەمێك دەستکاری بکەم. پەرەم بـە مانـای لاشـەی بـەئاگای مەسـخ دا، بـەڵام لـە نهێنیـە درۆینـەکان و پـێش داوەریە هەستی ناسانەکان پاکم کردەوە.

بەهەرحاڵ ئەوەندە گومانم لە نووسینەکەم هەبوو کە نـەموێرا پیـشانی هیـچکام لـە هاورێ کافتریا نشینەکانمی بدەم و بیروڕایان بپرسم. تەنانـەت لـە **گۆنزالـۆ مایارینۆ**[1]شم شاردەوە، ئەو هاوپۆلیەم لەزانکۆی ماف کە تاقە خوێنەری ئەو دەقە شاعیریانەم بـوو کـە لەپۆلدا و بۆبێتاقەتی دەمنووسین. ئەوەندە چیرۆکەکەم نووسیەوەو هەڵەچنیم کـرد کـە دواجار خۆشم بێتاقەت بووم و نامەیەکم بۆ ئێدواردۆ سالاما - کە هەرگیز نـەمبینیبوو - نووسی، کە تەنانەت یەك دێڕیشیم لەیاد نەماوە. هـەموویانم خـستە زەرفێکـەوە و بـردم بۆ نووسینگەی ئال سپیکادۆر. دەرگاوانەکـە مۆڵـەتی پێـدام بـچمە نهـۆمی دوهـەمو خـۆم بەدەسـتی نامەکـە بدەمەدەسـت سالامـسا، بـە بیرکردنـەوە لـەبینینی ئـەو، جەسـتەم عارەقەیەکی سارد دایپۆشی. زەرفەکەم لەسەرمێزی دەرگاوانەکە داناو بۆی دەرچووم.

ئـەوە سێـشەممەیەك رویـدا و مـن هـەرگیز خۆشـخەیاڵ یـان نیگـەرانی چارەنووسـی چیرۆکەکەم نـەبووم، بـەڵام دڵنیـابووم گەرچاپیـشی بکـەن ئەوەنـدە زوو نایکـەن. تـەنها رۆژانی شەممە دڵم خێراتر لێیدەدا و ماوەی دووهەفتە بۆئەوەی خـۆم بـەهێمنی رابگـرم لە کافتریاکاندا خولامەوە و کـاتی خـۆم بـە چـەنەبازی و قـسەی پڕووپوچـەوە بردەسـەر، تائەوکاتەی ١٣ی سێپتامبەر، هەر کە پێمخستە ئال مۆلینـۆ، لـەناکاو چـاوم بـە ناونیـشانی چیرۆکەکەم کەوت کە بەپیتی گەورە لە ئال سپیکادۆردا خـۆی دەنوانـد. :"بـەهێزکردنی سێهەم".

یەکەمین کاردانەوەم ئەوەبوو کە دەستم بـۆ گیرفـانم بـرد و لـەوەدڵنیابووم کە پێـنج سـەنتم بـۆ کڕینـی رۆژنامەکـە پـێ نییـە. ئـەو دۆخـە هێمـای ئاشـکرای بێپـارەیی بـوو. لەبەرئەوەی جگەلە رۆژنامە، زۆر پێویستی تری رۆژانە بە پێنـج سەنت بوو: سـواربوونی ترامـوا، تەلەفۆنی گشتی، فینجانێك قاوە، بۆیاخکردنی پێڵاو. بەبێ چەتر و بـە بـارانێکی توند و بێئامان چوومە سەرجادە، بەڵام لەکافتریاکانی ئەوناوە کەسێکی ناسـراوم بەرچاو نەکـەوت کـە لـەڕوی بەزەییـەوە پارەیـەکم بـداتێ. لەوکاتـژمێرە مـردووەی شـەممەدا، لـە شوێنی نیشتەجێبوونەکەشم جگەلە ژنی خاوەن ماڵەکە کەسـم نەدۆزیـەوە، کـە ئـەویش

---

[1]. Gonzalo Mallarino

لەجیای نەبوان بوو، لەبەرئەوەی حەوت سەد وبیست و پێنج سەنتی لەبری دوومانگ کرێ و خزمەتگوزاریەکانیتر قەرزار بووم. ئەوکاتەی دیسانەوە گەڕامەوە سەر جادە، ئامادەیی ئەوم تێدابوو هەرچۆنێك بووە ڕۆژنامەکەم دەست کەوێت و لەوکاتەدا، بەحوکمی چارەنووسی ئیلاهی پیاوێکی بەڕێز لە تەکسیەك دابەزی و نووسخەیەکی ئال سپیتکادۆری بەدەستەوە بوو، بەوپەڕی بێشەرمیەوە داوام لێکرد ڕۆژنامەکەم بە دیاریی بداتێ.

بەوشێوەیە توانیم دەقی چاپکراوی یەکەمین چیرۆکم بخوێنمەوە کە **هێرنان مرینۆ**[1]ی وێنەکێشی هەمیشەیی ڕۆژنامەکە وێنەیەکی بۆ کێشابوو. لە ژوورەکەم چەقیم و لە خەلۆمتی ئەوێدا بەدڵێکی هەراسانەوە، بەیەکجار خوێندمەوە. لەهەموو دێڕێکدا زیاتر هەستم بە هێزی داگیرکەری پیتەچاپکراوەکان دەکرد، چوونکە ئەوەی بەکۆڵێك ماندووبون و مەینەتی، بە هاوتای پێچەوانەی گاڵتەجاڕ، و ملکەچی بەرهەمی بلیمەتێکی جیهانی، نووسیبووم، لەناکاو وەها هاتە بەرچاوم کە مۆنۆلۆجێکی بێ بنەما و نارێکوپێکە کە سێ یان چوار ڕستەی بەهێز و جوان بەزەحمەت ڕایانگرتبوو. نزیکەی بیست ساڵ تێپەڕی تا وێرام جارێکیتر بیخوێنمەوە و بیروبۆچونم لەوکاتەدا ـ کە لە سایەی دڵسۆزی و بەزەییەوە کەمێك هاوسەنگتر دەینواند ـ کەمتر هەستی ڕەزامەندی و نەرمونیانی تێدا بەدی دەکرا. پڕ دەردیسەرترین بەشی بەسەرهاتەکە، هێرشی هاوڕێ خۆشحاڵ و وروژاوەکانم بوو کە هەریەکەیان نوسخەیەکی ڕۆژنامەکەیان بەدەستەوە بوو و لەبەر چاپی ئەو چیرۆکەی کە بەدڵنیایی هیچی لێ تێنەگەیشتبوون، کەوتنە هەڵدان بەشان و باڵمدا. هەندێك لەهاوڕێیانی زانکۆم بەدڵیان بوو، هەندێکیتر کەمتر لێی تێگەیشتن، ئەوانەشی کە بەئاگاتر بوون چوار دێڕیان خوێندبووەوەو فڕێیان دابوو، بەڵام گۆنزالۆ مایارینۆ، کە نەمدەتوانی داوەری ئەو لەسەر ئەدەب لەبەرچاو نەگرم، تەواو بەدڵیبوو.

لەهەموان زیاتر نیگەرانی بیروبۆچوونی لێبڕاوانەی خۆرخێ ئالڤارۆ سپینوزا بووم، کە دیدگا ڕەخنەگرانەکەی وەکو شمشێر تیژ و بڕندە بوو کە تەنانەت دوورتر لە کۆڕەکەی ئێمە، زۆر کەسی هەراسان و دووچاری ترس دەکرد. من جیاوازتر بیرم دەکردەوە: حەزم دەکرد زووتر ببیینم بۆئەوەی زووتر لەترس ونیگەرانی ڕزگارم ببێت، بەڵام لەهەمان کاتدا هەستی ڕووبەڕووبونەوەی دەیترساندم. تا سێشەممە وون بوو، ئەوەش شتێکی دەگمەن نەبوو، زۆرجار بۆ کەسێکی کتێب خوێنی وەکو ئەو، ئەو ونبوونانە

[1]. Hernan Merino

ئاسایی بوون، و ئەوکاتەی جارێکیتر لە ئال مینۆ سەروکەلەی دەرکەوتەوە، لەبری ئەوەی لەسەر چیرۆکەکەم قسە بکات، باسەکەی خستە سەر بوێری و چاونەترسیم.

بە چاوسەوزەکانیەوە، کە نیگا سارد وئاسنینەکەی خوێنی لەنێو دەمارەکاندا دەبەست، لە روخسارم ورد بووەوە و وتی: ـ **لەوەنەچێت تێبگەیت خۆت خستوتە چ گێژاوێکەوە. ئێستا لەنێو ڕیزی نووسەراندا حسابت بۆدەکرێت و دەبێت زۆر هەوڵ بدەیت تا شایستەی ئەو جێگەیە بیت.**

ئەو تاکە بۆچوونەی کە دیتوانی وەکو بۆچوونەکەی ئۆلیسس، کاریگەریم لەسەر بەجێبهێڵێت، لەشوێنی خۆم دایکووتیم. بەڵام پێشئەوەی قسەکانی تەواو بکات، بڕیارمدا دەستپێشخەری بکەمو ئەوەی باوەڕم پێی بوو و هەمێشەش بە ڕاستییەکی ڕەهام زانیووە بیڵێم:

ـ ئەم چیرۆکە بێکەڵکە.

ئەو بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە لە وەڵامدا وتی ئێستا ناتوانێت هیچ بڕیارێك بدات لەبەرئەوەی هێشتا بواری ئەوەی نەبووە بەوردی بیخوێنێتەوە. بەڵام ئەوەی بۆ رونکردنەوە ئەگەر تەنانەت هێندەش خراپ بێت کە خۆم باسی دەکەم، دیسانەوە ئەوەندە چیرۆکێکی خراپ نییە ئەو هەلە زێرینە لەکیس خۆم بدەم کە ژیان پێشکەشی کردبووم. لە کۆتاییدا بەمشێوەیە گەیشتە ئەنجام ـ **بەهەرحاڵ، ئەم چیرۆکە موڵکی رابردووە. ئێستا ئەوەی گرنگە چیرۆکی داهاتووە.**

وەڵامەکەی دەمکوت و تەواو گێژی کردم. لەگەڵ ئەوەشدا، نەمویست کۆتایی پێبهێنم و مەیدانەکە چۆڵ بکەم و بەشێوەیەکی گەلحۆیانە ویستم هەندێك بەڵگە بۆ رەت دانەوەی قسەکانی بهێنمەوە، تا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی ئامۆژگاریەکی لەوە هۆشیارانەتر لەکەسەوە نابیستم. جەختی لەسەر بیروڕا بنەڕەتیەکەی کردەوە و بە شیکردنەوەو وردەکاریەوە تێیگەیاندم کە دەبێت یەکەمجار هێلکاریی سەرەتایی چیرۆکەکە دابڕێژم و دواتر داڕێژراوە گونجاوەکەی بدۆزمەوە، بەڵام ئەو خاڵەش فەرامۆش نەکەم کە ئەو دووانە پێکەوە گرێدراون و شێوازی ئەفسووناوی کلاسیکەکان بۆ دروستکردنی بەرهەمی نەمر دەرئەنجامی ئەوەبوو کە بە قوڵی درکیان بەو خاڵە ساکارە کردووە. بۆ چەندەمینجار جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئەوەی پێویستم پێی بوو خوێندنەوەی وورد و بێ حوکمی پێشوەختی نووسەرە یۆنانیە کۆنەکان بوو هەروەها نەدەبوو تەنها خۆم بە هومەرەوە خەریك بکەم ئەو تاقە ئەدیبەی کە بۆ وەرگرتنی زۆرەملێیانەی دیپلۆمەکەم بەرهەمەکانیم خوێندبووەوە. بەڵێنمدا قسەکانی جێبەجێ بکەم، و داوام لێکرد یەك دوو ناویتریشم پێ بڵێت، بەڵام بابەتەکەی گۆڕی و کەوتە قسەکردن لەسەر **سکە دروستکەران**

ی ئاندرێ ژید، که کۆتایی هەفتەی پێشوو خوێندبوومەوە. هەرگیز هەلی ئەوەم بۆ هەڵنەکەوت پێی بڵێم قسەکانی ئەو ڕۆژە چارەنووسمی لەتەك ژیان و ئەدەب یەکلایی کردەوە. ئەوشەوە نەنووستم و بۆ چیرۆکی دوایيم، که لەدەست ئاڵۆزی چیرۆکەکەی یەکەمجارم ڕزگاری ببوو، تێبینیم نووسیەوە.

لەوگومانەدابووم ئەوکەسانەی سەبارەت بە چیرۆکەکەم بیروڕایان دەردەبڕی، زیاتر لەوەی خودی بەرهەمەکە سەرنجی ڕاکێشابن ـ هەرچەندە چیرۆکەکەیان نەخوێندبووەوە و هیچی لێتەنەگەیشتبوون ـ شێوازی پێشکەشکردنی لەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەیەکی ناسراو و بەناوبانگ، سەرنجی ڕاکێشابوون. پێش هەموو شتێك، دوو گرفتی گەورەم هەمان ئەو دوو کێشە سەرەکیەیەی هەموو ئەدیبێکی تازەکارە بوو: نەشارەزایی لە نووسینو نەناسینی هەستوسۆزی مرۆیی. و وەکو ڕۆژ ڕونبوو کە یەکەمین چیرۆکم ـ تێکەڵەیەکی پەرێشان لە ڕامانە ئەبستراکتەکان، کە زیادەڕەویی لە کەڵك وەرگرتن لە هەست وسۆزی دروستکراو خراپتری کردبوو ـ ئەو دوو گرفتەی هەبوو.

ئەودەمەی بەنێو بیرەوەریەکانمدا دەگەڕام و لەنێو پێگە جیاوازەکانی ژیانی واقیعیدا بۆ بابەتێك دەگەڕام بۆ دوهەمین چیرۆکم، بیرم کەوتەوە یەکێك لە جوانترینی ئەو ژنانەی لە منالیمدا دەمناسی پێی وتم حەزدەکات ببێتە ئەو پشیلە جوانەی لەباوشی گرتبوو و بەمێهرەبانیەوە نەوازیشی دەکرد. لێمپرسی بۆچی، ئەویش لە وەڵامدا ووتی: "**لەبەرئەوەی لەمن جوانترە.** "لەوکاتەدابوو کە ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشم بۆ چیرۆکی دوهەمم دۆزیەوە: "**ئێڤا**[1] چوەتە پێستی پشیلەکەیەوە". ئەودوای بەسەرهاتەکە، وەکو چیرۆکەکەی پێشوو، لەهیچەوە سەرچاوەی گرت و لەبەر ئەوەش ـ هەروەکو چۆن لەو سەردەمەدا پێمان خۆش بوو بڵێین ـ تۆی لەناوچوونی خۆی هەڵگرتبوو.

ئەم چیرۆکە بەهەمان ڕواڵەتی ڕازاوەی چیرۆکی یەکەمەوە، شەممە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٧ بڵاوکرایەوە، لەکاتێکدا کە یەکێك لە درەوشاوەترین ئەستێرەکانی هونەری کارایب وێنەی بۆ کردبوو: وێنەکێشی بەناوبانگ **ئێنریکە گراو**[2]. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە لەڕوانگەی هاوڕێکانمەوە زۆر ئاسایی بوو بۆنووسەرێکی دانپێدانراو شوێنێکی لەوجۆرە دەستنیشان بکەن. بەڵام من بەهۆی هەڵەکانمەوە بێزاربووم و لەبەرامبەر خاڵە بەرواڵەت سەرکەوتووەکانی چیرۆکەکەم دووچاری گومان بووم، نەمتوانی خۆم ڕابگرم و نەڕووخێم. ڕوداوە بزوێنەرەکە چەند ڕۆژێك دواتر بوو، ئەودەمەی نووسینەکەی

---

[1]. Eva

[2]. Enrique Grau

ئێدواردۆ سالامسا، بەناوی ئۆلیسسەوە، لە ستوونە هەمیشەیەکەیدا لە ئال سپیکادۆر، بڵاو کرایەوە. بەبێ خۆسەرقالکردن بە پەراوێزەوە یەکسەر چووبوە سەر بابەتەکە:"بێگومان خوێنەرانی کۆتایی هەفتەی پاشکۆی ئەدەبی ئەم رۆژنامەیە لەوەئاگادارن کە نووسەرێکی نوێ بە توانای داهێنەرانە و رەسەن و کەسایەتیەکی سەقامگیر و سەربەخۆوە سەریهەڵداوە"لەدرێژەدا نووسرابوو:"رەنگە هەموو شتێك بەخەیاڵی مرۆڤدا بێت، بەڵام توانای پێشکەشکردنی ئەو شتانە بەشێوەیەکی سروشتی و سادە و بێ رووتووش کاری هەموو کەسێك نییە و هەموو ئەوگەنجە بیست ساڵانەی پێدەخەنە پانتایی ئەدەبەوە ناتوانن ئەو مرواریە لەناخیاندا بدۆزنەوە و پێشکەشی کەسانیتری بکەن. "و بەبێ هیچ ترس و گومانێك لەکۆتاییدا رایگەیاندبوو:"نووسەرێکی جیاواز و باش هاتوەتە مەیدان کە ناوی **گارسیا مارکیزە.** "

ئەو نووسینە ـ هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە ـ دڵی خۆش کردم، و بەختەوریەکی نایابی پێبەخشیم، بەڵام لەهەمان کاتدا، ئەوخاڵەی بۆ دەرخستم کە سالامسا چیتر رێگەی پاشگەزبونەوەی لەبەردەستدا نییە، تیرەکەی لەدەست دەرچوەو ناچاربووم ئەو دڵفراوانیە مەعنەویەی بە بانگەوازی ویژدانی خۆم لەقەڵەم بدەم و تاکۆتایی ژیانم پابەندی بم. لە نووسینەکەیدا لەم شتانەیتریش تێگەیشتم کە ئۆلیسس لەڕێگەی یەکێك لەهاوکارەکانی لە رۆژنامەکەدا منی ناسیوە. ئەوشەوە تێگەیشتم بەهۆی **گۆنزالۆ گۆنزالێس**[1]ەوە، یەکێك لە ناسراوەکانی خاڵۆزاکانمەوە منی ناسیوە، کە پازدەساڵی تەواو بەناوی وەرگیراوی **گۆگ**[2]ەوە بە حەزو ئارەزویەکیکی هەمیشەیەوە لەهەمان رۆژنامە بۆ ستونی وەڵامی خوێنەران بابەتی دەنووسی و لەدووری پێنج مەتر لەمێزەکەی ئێدواردۆ سالامساوە دادەنیشت. خۆشبەختانە، نە ئەو بەدوامدا گەڕا و نەمنیش سۆراغم کرد. جارێکیان لەسەر مێزەکەی دێ گرییێفی شاعیر بینیم و گوێم لەدەنگ و کۆکە وشکەکانی بوو، کە دەرئەنجامی جگەرەکێشانە هەمیشەیەکانی بوو، چەندجارێکیش لە دانیشتنە رەسمیەکاندا لەنزیکەوە چاوم پێی رون بوەوە، بەڵام کەس بەیەکتری نەناساندین. هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە هەندێك کەس ئێمەیان نەدەناسی و هەندێکیتریش لەوباوەڕەدا نەبوون یەکتر نەناسین.

وێناکردنی ئەوەی لەوسەردەمەدا چەندەهاکەس لەسایەی شیعردا دەژیان ئاستەمە. حەزو ئارەزویەکی شێتانەی هەبوو، شێوازێکیتری ژیان بوو، وەکو بازنەیەکی ئاگرین و

[1]. Gonzalo Gonzalez

[2]. Gog

بێجلەو بەرەوە هەموو لایەك خەل دەبووەوە. ئەودەمانەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانمان دەکردەوە، تەنانەت لە بەشی ئابوری ومافدا، یان ئەوکاتانەی ڕستە هەڵکۆڵراوەکانی سەر کورسی کافتریاکانمان دەخوێندەوە یان ئەوکاتانەی چاومان دەبڕیە وێنەی بنی پیاڵەی قاوەکان، دەمانبینی شێعرلە بۆسەدایە بۆمان و خەیاڵەکانمان بەگوێماندا دەچرپێنێ. ئەمەش بەجۆرێك بوو، کە بۆئێمەی خەڵکی پارێزگاکانیتر، بۆگۆتا کە پێتەخت و بارەگای دەوڵەت بوو، وەکو شاری شاعیران دەمانبینیەوە. جگەلەوەی تەنها باوەڕمان بەشێعر هەبوو و گیانی خۆمان لەپێناویدا فیدا دەکرد، بگرە دڵنیابووین لەوەی - وەکو چۆن **لوویس کاردۆزا یی ئاراگۆن**[1] نووسی -"شیعر تاقە نیشانەی ئاشکرای بوونی مرۆڤە". دونیا موڵکی شاعیرەکان بوو. نوێگەری ئەوان بۆ ئەوانەی وەکو من بوون لە هەواڵە سیاسیەکان، کە ڕۆژبەرۆژ نائومێدکەرانەتر دەبوون، بایەخی زیاتر بوو. لەژێر تیشکی ئەستێرەی تاك وتەنهای هۆنراوەکانی **خۆزێ ئاسۆنسیۆن سیلڤا**[2]، شیعری کۆلۆمبی لە سەدەی نۆزدەهەم دەربازیبوو، ئەم ڕۆمانتیکە پایەبڵندە لە تەمەنی سی ویەك ساڵیدا لوولەی دەمانچەکەی خستە سەر ئەوبازنەیەی پزیشکەکەی با زۆفای یۆد لەسەر سینەی کێشابووی و شوێنی دڵی بۆ دیاری کردبوو، پەلەپیتکەکەی تەقاند. درەنگ لەدایك بووم و نەمتوانی **ڕافائێل پۆمبۆ**[3] **یان ئیدواردۆ کاستیۆ**[4]ی شاعیری لیریکی بناسم، هاوڕێکانی کاستیۆیان بە تارمایی هەڵاتووی گۆڕ لەدەمەوئێوارەدا ناو دەبرد، کە بە ڕینکۆتێکی درێژ و پانوپۆڕەوە دەبینرا و ڕۆخساری بەهۆی بەکارهێنانی مۆرفینەوە سەوز هەڵگەڕابوو و لەسەرلا وەکو بەچکە کەڵەشێر دەینواند: وێنەی تەواوەتی شاعیرە بەنەفرەتکراوەکان. ڕۆژێکیان دەمەو عەسر، بە ترامەوا بەبەردەم ماڵێکی گەورەی ئەشرافیانە لە بلواری سێپتیمادا تێپەڕیم و لەبەردەم ماڵەکەدا چاوم بە خاوەن کەسایەتیترین پیاوێك کەوت کە بەدرێژایی ژیانم بینیبووم، بە چاکەت وپانتۆڵێکی ڕێکوپێك و جوان و کڵاوی ئینگلیزیو چاویلکەی ڕەشەوە کە چاوە کزەکانی دەشاردەوە و ڕینکۆتێکی تایبەت بەکەش وهەوای ئیستوایی. **ئالبێرتۆ ئانخێل مۆنتۆیا**[5]ی شاعیربوو، ڕۆمانتیکێکی تارادەیەك شیکپۆش کە یەك دوو شێعری زۆرباشی سەردەمەکەی بڵاو کردەوە. ئەوانە هەموویان لەچاو نەوەکەی من بە تارماییەکانی سەردەمانی ڕابردوو لەقەڵەم دەدران، هەڵبەتە جگە لە مامۆستا لیۆن

[1]. Luis Cardoza y Aragon

[2]. Jose Asuncion Silva

[3]. Rafael Pombo

[4]. Eduardo Castillo

[5]. Alberto Angel Montoya

دێ گرییێف، کە چەندین ساڵ لە کافتریای ئال مۆلینۆ خستمە ژێر چاودیریەوەو فزولیم لەسەر کرد.

هیچکامیان شان وشەوکەتیان نەگەیشتە خۆلی بەرپێی گیێرمۆ بالانسیا: ئەو ئەشرافزادمیەی خەڵکی **پوپایان**[1] کە پێش تەمەنی سی ساڵی پێگەی خۆی وەکو کاهینی گەورەی نەوەی ئەوچاخە - کە چەندین ناوی لێنرا لەبەرئەوەی لە ١٩١٠دا لەتەك سەدەی سەربەخۆیی نەتەوەیی هاوکات بوو - چەسپاندبوو. هاوچەرخەکانی، ئێدواردۆ کاستیۆ و **پۆرفیریۆ باربا خاکوب**[2]، دوو شاعیری گەورەی سەر بە رەگەزی رۆمانتیك، لە سەرنجی رەخنەگرانەی ستایشئامێزانە بێبەش بوون هەرچەندە، بەپێی ویژدان شایستەی ئەومبوون، بەتایبەت لە وڵاتیکدا کە دمربڕینی سارد و بێرۆح و کۆنەپەرستانەی بالانسیا باڵی بەسەردا کێشابوو، و سێبەری ئەفسانەیەکی قورس رێگەی سێ نەوەی یەك لەدوای یەکی گرتبوو. سەرهەڵدانی لەناکاوی"نوێگەرەکان"لە ١٩٢٥دا جموجۆڵێکی بەتینی بەخشیە پانتایی شێعر و کۆمەڵێك ناوی نوێی خستە سەرزاری خەڵکی کە شکۆمەندترینیان **رافائێل مایا**[3] و دیسانەوە لیۆن دێگرییێف بوون، کە تائەوکاتەی بالنسیا لەسەر تەخت بوو، نەیانتوانی گەورمیی خۆیان دمربخەن. ئەم شاعیرە ناودارە خاوەنی جۆرە گەورمیی و دمستەڵاتێکی ناوازمبوو کە بە بازێ گەیاندیە دمروازەی کۆشکی سەرەك کۆماریی، هەرچەندە رێگەی نەکەوتە ژوورەوە. لەماوەی نیو سەدمدا، ئەوکەسانەی وێرایان لەبەرامبەری رابوەستن و رێگەی لێبگرن ئەندامانی گروپی"سەنگ و سپهر"بوون کە جگەلە هۆنراوەی لێوانلێو لە لەرزەو هەڵچوونی گەنجانە هیچ چەکێکیتریان بەدمستەوە نەبوو کە دواجار تاکە هۆی یەکبوونیان ئەوەبوو کە لەسەر شێوەی بالنسیا کاریان نەدەکرد. دیارترین روخسارەکانی ئەو بزووتنەوەیە بریتی بوون لە: ئێدواردۆ کارناسا، **ئارتۆرۆ کاماچۆ رامیرس**[4]، **ئایۆرلیۆ ئارتۆرۆ**[5] و **خۆرخێ روخاس**[6]، کە بودجەی چاپی بەرهەمەکانیانی لەئەستۆ گرتبوو. هەموویان لەڕوی شێواز و حەزەوە وەکو یەك بوون بەڵام بەگشتی وێرانە کۆن ودێرینە پارناسیەکان[7]یان لەبنەڕەتەوە

---

[1]. Popayan

[2]. Poririo Barba Jacob

[3]. Rafael Maya

[4]. Arturo Camacho Ramirez

[5]. Aurelio Arturo

[6]. Jorge Rojas

[7]. los parnasianos، بزوتنەوەیەکی ئەدەبی کە لە نیوەی دوهەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەرەنسا پێکهات و هەڵگری پەیامی هونەر بۆ هونەر بوو.

هەڵتەکاندو شیعرێکی نوێ و ڕۆحیان پێشکەشی مرۆی عاشقی ژیان کرد کە بەدەنگێکی هەمەڕەنگەوە لەنێو دەربڕینی **خوان راموون خیمێنس**[1]، **رۆبن داریۆ**[2]، **گارسیا لۆرکا، پابلۆ نێرۆدا** یان **ڤیسێنتێ ئۆیدۆبرۆ**[3]دا رەنگیان دایەوە. پەسەندکردنیان لەلایەن هەمووانەوە بەخێرای نەبوو، هەروەها بەڕوالەت خۆشیان لەوە ئاگادار نەبوون کە بەحوکمی چارەنووسی خوداوەندی ئەو پەیامەیان هەلگرتووە کە ماڵی شیعر رێکبخەنەوە. بەلام، **دۆن بالدۆمرۆ سانین کانۆ**[4]، بەرجەستەترین نامیلکە نووس و رەخنەگری ئەو سەردەمانە، زۆر خێرا نامەیەکی توندی نووسی تاوەکو ربوبەڕوی هەرجۆرە ئەگەری دژایەتی کردنێکی بالنسیا بێتەوە. ئەو کە بۆ هاوسەنگی بەناوبانگ بوو، لەپڕ پشتی لەسەرجەم بیروباوەڕەکانی کرد. لە نێوان ئەو رستە لێبڕاوانەی لە قەڵەمەکەیەوە هەڵقولابوون، هەندێکیان بەڕاستی خوێنەریان دووچاری سەرسوڕمان دەکرد، بۆنموونە نووسیبووی: "بالنسیا بەجۆرێك زانستی کۆنی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە کە توانی رۆحی دێرینی سەردەمە کۆنەکان بناسێتەوە و ناوەڕۆکیان ئاوێتەی دەقە هاوچەرخەکان بکات و لەرێگەی هاوشێوەییەوە، دەرونی سەرجەم مرۆڤایەتی دووچاری سەرسوڕمان بکات. "بەنیازی گەورەکردنی زۆر زیادەڕەویی کرد و جارێکیتر بە شاعیری سەردەم و سنوورە بەرزەکان وێنەی کردەوە و لەپاڵ ئەو کەسە گەورانەدا ناوی هێنا کە وەکو"لۆکەر سیۆ، دانتێ، گۆتە، جەستەی خۆیان پاراست بۆئەوەی پایەبڵندی ببەخشنە رۆحی رەوانیان و لە نشێوەکانی ژیان رزگاری بکەن". لەوکاتەدا، زۆرکەس لەخۆیان دەپرسی گەر بالنسیا دۆستی لەوجۆرەی هەبێت، چ پێویستی بە دوژمنە؟

ئێدواردۆ کارناسا لە وەڵامی سانین کانۆ ووتارێکی نووسی کە ناونیشانەکەی تەواو دەرخەری ناوەڕۆکەکەی بوو: "چیرۆکی ستایشنامە". ئەوە یەکەمین تیری رەخنە بوو کە بەرەوە بالنسیا تەقێندرا و رێك پێکای و پەکی خست و ناچاریکرد بەقەدەر بەرەکەی خۆی پێی راکێشێت. ئەودەمەی لەسەر تەختی بالای ئەدەب راکێشرایە خوارەوە، گەڕایەوە سەر ئاستە راستەقینەکەی خۆی. بەوە تاوانبار کرا لەبری هەلگیرساندنی گڕی ئەندێشە لەنێو ئەدەبی کۆلۆمبیدا، کاری لەسەر ئۆرتۆپێدی ووشە کردوە و بەیتە شیعریەکانی بارگران و بێرۆح و داتاشراو و دروستکراون وەکو ئەوەی پیشەگەرێکی لێزان

---

[1]. Juan Ramon Jimenez (١٨٨١ - ١٩٥٨) شاعیری ئیسپانی و براوەی خەلاتی نۆبلی ئەدەب لە ١٩٥٦.

[2]. Ruben Dario (١٨٦٧ - ١٩١٦) شاعیر و نوسەری نیکاراگوایی و یەکێك لە بنیاتنەرانی رەوتی ئەدەبی Modernismo.

[3]. Vicente Huidobro (١٨٩٣ - ١٩٤٨) شاعیری خەلکی شیلی و دامەزرێنەری قوتابخانەی" دامێنەری".

[4]. Don Baldomero Sanin Cano

دروستی کـردبێتن، بێنـەوەی سـروەی بزوێنـەری ڕۆحیـان بەرکـەوتبێت. کۆتـایی نووسینەکەی وەکو پرسیارکردن بوو لەخوود کە دەکرا بەناوەڕۆکی یەکێك لەشێعرەکانی خـوود لەقەڵـەم بـدرێت:"گـەر شـێعر خـوێنی دەمارەکـانم نـەوروژێنێت، گـەر لـەناکاو پەنجەرەیـەك بـەرەو دونیـای نهێنیـەکان ئـاوەڵا نـەکات، گـەر بـۆ ئاشـکراکردنی جیهـان یارمەتیم نەدات، گەر لە تەنهایی و عیشق و لەشادی و بێزاریدا نەبێتە هاوڕێی ئـەم دڵـە غەمگینە، ئەی بەکەڵکی چی دێت؟" دواهەمین ڕستەی ووتارەکەی ئەمە بوو:"لەڕوانگەی منەوە - منـی کفـر بێـژ - لەبـەر بـەزەیی دەگرێـت بالنـسیا بەشاعیرێکی تارادەیـەك بـاش لەقەڵەم بدەین."

بڵاوکردنـەوەی"چیرۆکی ستایـشنامە"لـە"خامـەکانی یەکشەممە"ی بڵاوکـراوەی ئـال تیێمپـۆ، کـە لەوسـەردەمەدا خوێنـەری زۆری هـەبوو، هـەرای نایـەوە. یـەکێکیتر لەدەرئەنجامـە باشـەکانی ئـەوەبوو کـە هەنـدێك کـەس دەسـتیان کـرد بـە لێکۆڵینـەوە و لێکدانەوەی قـووڵی سـەرەتاکانی شـێعری کۆلۆمبیـایی، ئـەوکارەی کـە ڕەنگـە لەسـەردەمی نووسینی چەنـد **ماتەمگێڕیەك بۆ پیاوە بەرجەستەکانی ئینیاس** لەنووسینی **دۆن خوان دێ کاسـتیانووس**[1]، لەسـەدوپەنجا دێـڕی یـازدە بڕگەییـدا، بەشـێوەیەکی جـدی شـتێتر نەنووسرابێت.

لەوەبـەدوا شـێعر لـە حەشـارگەکەی هاتـەدەر و بـەئازادی هەناسـەی هەڵمـژی. جگەلە"نوێگەرەکان"کە شێوازی شیعرەکانیان بـاوی پەیـداکرد، پـەیڕەویان لـەو نەریتـە تازەیـە کـرد، بـەڵکو ئەوانـەی لـەدوای ئەوانیـشەوە هـاتن و بەهـەوڵ‌و مانـدووبونێکی زۆر شوێنێکیان بۆخۆیان کـردەوە، ئەوڕێگەیـەیان هەڵبـژارد. شیعر ئەوەنـدە لـەنێو خەڵکیدا جێگـەی بۆخـۆی کـردەوە کـە ئەمڕۆکـە نـاتوانین درك بەوەبکـەین چـۆن خـەڵکی لەوسـەردەمەدا پەیوەنـدی هێنـدە سـۆزدارانەیان لەتـەك هـەموو ژمارەکـانی"خامـەکانی یەکشەممە"کە کارانزا بـەڕێوەی دەبـرد، یـان سابادۆ کە کارلۆس مـارتینی بەڕێوەبـەری پێشووی ئامادەییەکەمان سەرپەرشتی دەکرد، گرێدابوو بـەجۆرێك کـە دڵدارییان لەتـەك بابەتی ئەو ڕۆژنامانەدا دەکرد. کاراناسا سەرباری شیعرەکانی و بەپشتبەستن بە ناوبانگە ئەدەبیەکەی، پـەرەی بـە ژیـانی شـاعیرانەش دا : کاتـژمێر شەشـی عەسـر بـەجۆرێك لـە بلـواری سـێپتیمای بۆگۆتـا پیاسـەی دەکـرد، کـە دەتگـووت بەوکتێبـەوەی کـە بەسـنگیەوە نووسـاندبوو لـە جامخانەیـەکی گـەورەدا خـۆی نمایش دەکـات. ئـەو هەڵـسوکەوتەی بـووە

---

[1]. Don Juan de Castellanos

سەرچاوەی لاسایی کردنەوەی نەوەکانی دوایی و هەریەکەیان بەپێی سروشتی تایبەتی خۆیان، شێوازێکی تایبەتی ژیانی شاعیرانەیان بۆخۆیان هەڵبژارد و کردیانە مۆدێل.

لە نیوەی ساڵدا، پاپیلۆ نێرۆدا کە باوەڕی وابوو شێعر دەبێت چەکێکی سیاسی بێت، هاتە بۆگۆتا. لە میانەی کۆڕە ئەدەبیەکانی لە پێتەخت لەوە تێگەیشت لایۆریانۆ گۆمێز چەندە کۆنەپەرست بوو، و لەکاتی ماڵئاوایی، تارادەیەك بەشێوەیەکی سەرپێیی سێ چامەی هەجووئامێزی بە بالایدا هەڵدا، کە بەندی یەکەمی یەکێکیان ناوەخن و ریتمی هەموویانی ئاشکراکرد:

ماڵئاوا، ستایشخوازی ناستایشکراو
میری غەمگین و سوڵتانی تووڕە
ماڵئاوا، ئەی ئیمپراتۆری بینای چوار نهۆم،
کە بەردەوام و پێشوەخت کرێکەیت داوە.

کارناسا سەربای مەیلی بۆ باڵی راست و هاوڕێیەتی لەتەك لایۆریانۆ گۆمێز، چامەکانمی بەشێوەیەکی بەرچاو لە لاپەڕە ئەدەبیەکاندا چاپ کرد، هەرچەندە مەبەستی لەوکارە زیاتر سەرنجراکێشی رۆژنامەنووسانەبووە تا لایەنگری سیاسی. بەڵام روبەڕوی نارەزایی گشتی بوەوە و تارەدایەك لەلایەن هەموانەوە کارەکەی رەتکرایەوە. بەتایبەت لەکاتێکدا کە بلاوکردنەوەیان لە رۆژنامەی لیبرالێکی بەرەگەز سووریێستی وەکو سەرەك کۆماری پێشوو، کە هەرئەوەندە دژی بیروڕا دواکەوتووخوازانەکانی لایۆریانۆ گۆمێز بوو کە دژی ئامانجە شۆرشگێرانەکانی پاپیلۆ نیرۆدا، و لە بیری سەلیم بەدوور بوو. جەنجاڵترین کاردانەوە لەلایەن ئەوکەسانەوە بوو کە ئەمجۆرە بێپەروایییە جەسورانەیان لەلایەن ئەجنەبیەکانەوە قبوڵ نەدەکرد. ئەوەی کە سێ چامەی گاڵتەجاڕی، کە توانای تەنزئامێزانەیان لەسەروو ئاستی شیعریانەوە بوو، توانیان ئاژاوەیەك بنێنەوە و ئەمەش باشترین شایەتی کاریگەری شیعر بوو لەوسالانەدا و دەبوو ببێتەهۆی دلگەرمی شاعیران. بەهەرحاڵ، ئەودەمەی لایۆریانۆ گۆمێز گەیشتە سەرەك کۆماری و هەروەها لەسەردەمی دەسەڵاتی ژەنراڵ **گۆستاپۆ رووخاس پینیا**[1]، بواری ئەومیان نەدایە پاپلۆ نێرۆدا پێ بخاتە خاکی کۆلۆمبیا، بەڵام ئەو چەندینجار لەکاتی سەفەرکردنی لەچیلیەوە بۆ ئەوروپا، لە کەناری کارتاخنا و **بۆیناڤێنتۆرا**[2] مایەوە. بۆ هاوڕێ کۆلۆمبیەکانی، کە هەواڵی گەیشتنی

---

[1]. Gustavo Rojas Pinilla

[2]. Buenaventura

ئەویان پێ ڕاگەیاندن، هەموو وەستانێکی، لەکاتی ڕۆشتن یان گەڕانەوەیدا، بەجەژنێکی گەورەو پڕ شادی لەقەڵەم دەدرا.

ئەوکاتەی لە فەوریەی ١٩٤٧دا چوومە کۆلیژی ماف، لەتەك پەیڕەوی بزوتنەوەی"سەنگ وسپهر"دا پەیوەندیەکی تەواو و بێکێشە و باشم هەبوو. هەرچەندە لەماڵی کارلۆس مارتین لە سیپاکیرا بەرجەستەترینیانم بینیبوو بەڵام شکۆمەندی ئەوەم تێدانەبوو خۆمیان پێبناسێنم، تەنانەت کارناساش کە لەهەموویان سادەتر بوو، مەزنیەکەی ڕێگەی لێدەگرتم. جارێکیان لە کتێبخانەی **گران کۆلۆمبیا**[1] لە نزیکەوە بینیم و وەکو زۆربەی لاینگرەکانی سلاوێکی ستایش ئامێزم پێشکەش کرد. بە خۆشەویستیەوە وەلامی دامەوە، بەلام نەیناسیمەوە. لەبەرامبەردا، لە شوێنێکیتر، مامۆستا لیۆن دیگرییێف، ئەوکاتەی بیستی چەند چیرۆکێکم لە ئال سپیکادۆردا بلاوکردوەتەوە، لەسەر مێزەکەی لە ئال مۆلینۆ هەستا و بەرەو ڕووم هات و پاش ئەحواڵ پرسی بەلێنیدا نووسینەکانم بخوێنێتەوە. لە بەدبەختی من، دووسێ هەفتە دواتر شۆڕشی جەماوەری ٩ی ئابریل سەریهەڵدا و ناچاربووم شارەکە بەجێبهێڵم کە هێشتا بۆنی barووتی لێدەهات.

ئەوکاتەی پاش چوارساڵ گەڕامەوە بۆگۆتا، ئال مۆلینۆ تەختی ئەرز ببوو مامۆستا لەتەك کۆڕی هاوڕێکانی بارگەوبنەی گواستبووەوە بۆ کافتریای **ئال ئۆتۆماتیکۆ**[2] و لەوێ بووینە هاوڕێ، بووینە هاوپێکی یەکتر و بەزۆری لەسەر ئەدەب و کتێب دەمەتەقێمان کرد و لەوەوە فێری یاری شەترەنج بووم، هەرچەندە لەفێربوونیدا خاو بووم و تەنها دەمتوانی نەزانانەو بەبێ داهێنان مۆرەکان بجولێنم و تەنانەت یەکجاریش نەمتوانی لێی ببەمەوە.

جەخت کردنەوەم لەسەر نووسینی چیرۆکی کورت، لە ولاتێکدا کە هێشتا شێعریان بە باشتر دەزانی ببوەهۆی سەرسوڕمانی هاوڕێ کۆنەکانم وبۆخۆشم نەمدەزانی لەوبارەیەوە بڵێم چی. لەهەمان سەرەتای منالیەوە بە بینینی کەمتەرخەمی نائاسایی **زەلیلی مرۆڤایەتی**، هۆنراوەیەکی بازاڕیانە کە بەشێوەی نامیلکەی هەرزان لەسەر کاغەزی خراپ دەفرۆشران یان گۆرانیبێژە گەڕۆکەکان، لەبری دووسەنت لە بازاڕ و گۆڕستانەکانی گوندەکانی کارایب دەیانووت، درکم بەو خاڵە کردبوو. بە پێچەوانەوە ژمارەی ڕۆمانەکان زۆر کەم بوون. پاش **ماریا**ی بەرهەمی **خۆرخێ ئیساکس**[3]، گەلێك چیرۆك نووسران کە

---

[1]. Grancolombia

[2]. El Automatico

[3]. Jorge Isaacs

هیچکامیان ناوبانگیان پەیدا نەکرد. **خۆزێ ماریا بارگاس ڤێلا**[1] دیاردەیەکی ناباو بوو کە بەنووسینی پەنجاودوو رۆمان لەنێو دڵی هەزاراندا جێگەی بۆخۆی کردەوە. بارە زیادەکانی ئەو موسافیرە ماندونەناسە کتێبەکانی خۆی بوون کە لەبەردەرکی ئوتێلەکانی ئەمریکای لاتین و ئیسپانیا دەفرۆشران و خەڵکی بۆ بەدەستهێنانیان سوار سەری یەکتر دەبوون و وەکو نانی گەرم دەیانکڕین. **ئاپۆرا**[2] یان **گوڵە وەنەوشەکان**، پەسەندترین بەرهەمی، زۆر زیاتر لەبەرهەمە پایەخدارە هاوچەرخەکانی، دڵەکانی تووشی ئازار و رۆحەکانی وروژاند.

ئەو رۆمانانەی توانیان لەبەرامبەر گوزەری زەمەن خۆیان رابگرن و ناوبانگیان مایەوە بریتیبوون لە قۆچ ی بەرهەمی نووسەری ئیسپانی **خوان رۆدریگێز فرێلێ**[3]، کە لەنێوان ساڵانی ١٦٠٠و١٦٣٨، لەسەردەمی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیدا، نووسرا: نووسینێکی هێند زیادەڕەوانەو ئازاد لە مێژووی **گرانادای نوێ**[4] کە دواجار بەیەکێك لەشاکارەکانی بواری چیرۆك لەقەڵەم درا، ماریا نووسینی خۆرخێ ئیساکس لە ١٨٦١، **گێژاو** بەقەڵەمی **خۆزێ ئۆستاسیۆ ریبێرا**[5] کە ساڵی ١٩٢٤ بڵاوکرایەوە، **مارکیز یۆلۆمبۆ**[6] نووسینی **تۆماس کارسکیا**[7] ساڵی ١٩٢٦، و **چوارساڵ لەسەر تەختی خود** بەرهەمی ئێدواردۆ سالامسا ساڵی ١٩٥٠. هیچکامیان نەیانتوانیبوو بگەنە ئەو ئاستەی کە شاعیرەکان، بەحەق یان بەناحەق خاوەنی بوون. لەبری ئەوە، چیرۆك ـ بە پێشینەیەکی کەم بایەخەوە کە خاڵی دەستپێکی بەرهەمەکانی کاراسکیای خەڵکی ئانتیۆکیا بوو ـ لە گێژاوی بەرپرسیاریەتی و ووشەی بێرۆح و هەڵبەستراوەدا دەخولایەوە.

ئاماژەی حاشاهەڵنەگری ئەوەی کە داهاتووی ئەدەبیم بە چیرۆك نووسین کۆتایی دێت ئەو ووردە شیعرە پەڕاکەندانەبوون کە بەبێ ئیمزا و بەناوی خوازراوەوە لە ئامادەییەکە هەروا بەجێم هێشتن لەبەرئەوەی هەرگیز بەتەمای ئەوەنەبووم دڵ و رۆحمیان پێوە سەرقاڵ بکەم. سەرباری ئەوەش، ئەودەمەی یەکەمین چیرۆکەکانم لە ئال سپیکادۆردا بڵاوکرانەوە، زۆرکەسیتر لەوبوارەدا خۆیان تاقی دەکردەوە بێئەوەی

---

[1].Jose Maria Vargas Vila

[2]. Aura

[3]. Juan Rodriguez Freyle

[4]. Nueva Granada

[5]. Jose Eustacio Rivera

[6]. La marquesa de YOLOMBO

[7]. Tomas Carrasquill

شایستەش بن. هەست دەکەم ئەمرۆکە دەکرێت ئەو دیاردەیە لەسەر بنەمای پێکهاتی کۆمەڵایەتی کۆلۆمبیا شی بکەینەوە، لەبەرئەوەی تائەوکاتەش خەڵکی وڵاتەکەم لەسەر شێوازی سەدەی نۆزدەهەم دەژیان. دانیشتوانی بۆگۆتای دڵگیری دمیەی چل حەسرەتی سەردەمانی کۆلۆنیالیزمیان دەخوارد و لەورۆژانەدابووم کە بەبێ ویست و خواست، لە کۆلیژی مافی زانکۆی نەتەوەیی ناوی خۆم تۆمار کرد.

بۆ پەیبردن بەو راستیە، هێندە بەس بوو لە گۆڕەپانی سەرەکی شار، بلواری سپتیما و شەقامی دێ کسادا، کە بەهۆی زیادەگۆیی بێ بیرکردنەوەی بۆگۆتایەکان، بە دڵگیرترین قوژبنی جیهان ناوبانگی دەرکردبوو، ماوەیەك پیاسە بکەیت و ئاشنای کەشەکەی ببیت. ئەوکاتەی کاتژمێرە گەورەکەی بورجی **سەن فرانسیسکۆ**[1]، دوازدەجار لێی دەدا، پیاوەکان لە چەقی شەقامەکاندا رادەوەستان یان لەنێو کافتریاکاندا قسەکانیان رادەگرت بۆئەوەی کاتژمێرەکانیان لەتەك کاتژمێرە رەسمیەکەی کڵێسادا میقات بکەن. ئەو چوار رێیانەو رێگەکانی دەوروبەری بە قەرەباڵغترین ناوچەکانی شار لەقەڵەم دەدران کە کاسبکارەکان، سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووسان ـ و هەروەها شاعیران ـ هەموو بەچاکەت وپانتۆڵی رەش، رێك وەکو پادشامان، جەنابی **فلیپێی چوارەم**[2]، رۆژی دوجار بەبینینی یەکتر شاد دەبوون.

لەو سەردەمەدا کە من فێرخوازی زانکۆ بووم، هێشتا رۆژنامەیەکیان دەخوێندەوە کە نایاب و بێ وێنە بوو. تەختەرەشێکی هاوتای ئەوەی لە پۆلەکاندا دایان دەنێن، نیوەڕوان و کاتژمێر پێنجی عەسران لەسەر بالکۆنی ئال سپیکادۆر دەردەکەوت کە دواهەمین هەواڵەکانیان بە دەباشیر لەسەر دەنووسی. لەوکاتانەدا هاتوچۆی تراماواکان، بەهۆی کۆبونەوەی ئەو خەڵکانەی ئارام لێبڕاوانە چاوەڕوانیان دەکرد، زۆر ئاستەم دەبوو و هەندێکجاریش بەتەواوەتی دەوەستا. ئەو رۆژنامەخوێنە سەرپێییانە تەنانەت دەیانتوانی چەپڵە بۆ هەواڵە دڵخوازەکانیان لێبدەن و هاوار بکەن و ئەوەدەمەی هەواڵێکیان بەدڵ نەبووایەو تورەی بکردبان هاواری نارەزایی دەربڕنو تەختەرەشەکە بدەنە بەربەرد. ئەوەش جۆرێك بەشداریی دیموکراتیانە و خۆرسکانەبوو کە بۆ ئال سپیکادۆر وەکو گەرمی پێوێك بوو کە بەهۆیەوە دەیتوانی وردترین و راستترین ئاستی تای رای گشتی بپێوێ.

هێشتا تەلەفیزیۆن نەبوو و رادیۆش لەکاتی دیاریکراودا هەواڵی چڕوپڕی بڵاودەکردەوە، بەجۆرێك بوو هەمووکەسێك پێش نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە چاوەڕێی

---

[1] San Francisco

[2] Felipe IV (١٦٠٥ - ١٦٦٥) [illegible]

تەختەرەشەکەی دەکرد بۆئەوەی کە گەڕایەوە ماڵەوە ئاگاداری بارودۆخی جیهان بێت و بتوانێت گرنگترین رووداوەکان بە چڕوپڕی بۆ ئەوانیتر بگێڕێتەوە. خەڵکی تێگەیشتن کاپیتان **کۆنچا ڤێنگاس**[1] تاك وتەنها لە لیماوە بەرەو بۆگۆتا بە فرۆکە سەفەری کرد و بەشێوازێکی ورد و رێکوپێك وردەکاریەکانی سەفەرەکەیان قۆناغ بە قۆناغ خستە ژێر چاودێریەوە. کاتێك ئەوجۆرە رووداوانە دەکەوتنەوە، تەختەرەشەکەیان چەندینجار بەدەر لەکاتە دیاریکراوەکان لە بالکۆنەکە هەڵدەواسی، بۆئەوەی بە راپۆرتی سەرنجراکێش، سەرنجی تەماحکارانەی خەڵکی تێر بکەن. هیچ یەك لە خوێنەرە سەرپێیەکانی ئەو رۆژنامە پشت بەخۆ بەستووە ئاگاداری ئەوە نەبوون کە داهێنەر و دیلی هەمیشەیی ئەو شێوازە داهێنەرانەیەی هەواڵگەیەنەریە **خۆزێ سالگار**[2] بوو، کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا یەکێك بوو لە بەڕێوەبەرانی نووسینی ئال سپیکادۆر و دوای ئەوەش بووبە یەکێك لە رۆژنامەنووسە بەرجەستەکانی وڵات، بێئەوەی پاش خوێندنی قوتابخانە درێژە بەخوێندن بدات.

ئەوەی بۆگۆتای جیادەکردەوە کافتریاکانی ناوەندی شارەکە بوون کە بارودۆخی گشتی وڵات لەنێوانیاندا رەنگی دەدایەوە. هەرکام لەو کافتریایانە لەسەردەمی رەونەق و گەشەیاندا، شوێنی کۆبونەوەی کۆمەڵێکی دیاریکراو بوون و لە زەمینەیەکی تایبەتیدا - سیاسی، ئەدەبی، ئابوری و بازرگانی - ناوبانگیان هەبوو، ئەمەش بەشێوەیەك بوو کە بەشی هەرە سەرەکی مێژووی کۆلۆمبیا لەوساڵانەدا پەیوەندیان بەو شوێنانەوە هەبوو. هەرکەسەو بەپێی سەلیقە و باوەڕی خۆی، کافتریایەکی هەڵدەبژارد کە بەئاماژەیەکی حاشاهەڵنەگری کەسایەتی ئەو دەژمێردرا.

نووسەران و سیاسەتمەدارانەی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە - چەند سەرەك کۆمارێکیش - لە کافتریاکانی شەقامی **کاتورسێ**[3] ی بەرامبەر ئامادەیی **رۆساریۆ**[4]، فێری گەلێك وانە بوون و گەلێك ئەزموونیان چنیەوە. **ئال ویندسۆر**[5]، کە ماوەیەك سیاسەتمەدارە بەناوبانگەکان لەوێ کۆدەبوونەوە، یەکێك لە سەقامگیرترین کافتریا و پەناگە هەمیشەیەکانی کاریکاتێریستی بەرجەستە **ریکاردۆ رێندۆن**[6] بوو، کە لەوێ

---

[1]. Concha Venegas

[2]. Jose Salgar

[3]. Catorce (چواردە)

[4]. Rosario

[5]. El Windsor

[6]. Ricardo Rendon

شاکارەکانی خولقاند و چەند ساڵێك دواتر، بە فیشەکی دەمانچەیەك، لە پەستوی **گرانڤیا**[1] کەللەسەری خۆی کون کرد کە جانتای بلیمەتیە بێوێنەکەی بوو.

ئەودیویتری عەسرە بێزارکەرەکان، تەلاری مۆزیکی کتێبخانەی نەتەوەیی بوو کە چوونەژورەوە بۆ هەموان ئازادو تەواو بەرێکەوت بۆم دەرکەوت. ئەوێ بووە پەناگای هەمیشەییم و بۆ خوێندنەوەو بیستنی بەرهەمی ئاوازدانەرە گەورەکان دەچوومە ئەوێ، و بە نوسراو داوای ئاوازە دڵخوازەکانی خۆمان پێشکەشی خانمی بەڕێوەبەری میهرەبان و رەفتار جوانەکەی ئەوێ دەکرد. زۆر کەم ئەوانەی دەهاتنە ئەوێ یەکتریمان دەناسی و لەرووی مۆزیکە داواکراوەکانمانەوە لە سەلیقە و حەزە هاوبەشەکانمان تێدەگەیشتین. بەمشێوەیە، لەرێگەی حەزی موزیکی خەڵکە نامۆکانەوە، کە زۆر و هەمەرەنگ بوون، زۆربەی ئاوازدانەرە خۆشەویستەکانی خۆم ناسی، و بۆماوەی چەندین ساڵ لە شۆپن بێزار بووم و ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ یەکێك لە عاشقەکانی مۆزیك کە دەکرێت بڵێین هەموو رۆژیك، داوای ئالوازەکانی دەکرد بێنەوەی بەزمیی بەحاڵی ئەوانیتردا بێتەوە.

رۆژێکیان بینیم تەلارەکە چۆڵە لەبەر ئەوەی ئامێرەکانیان تێکچووبوون، بەڵام خانمە بەڕێوەبەرەکە مۆڵەتی پێدام بچمە ژورەوەو بەبێدەنگی بخوێنمەوە. سەرەتا، هەستم کرد لە دەریاچەیەك لە هێمنیدا مەلە دەکەم، بەڵام هێشتا دوو کاتژمێر تێنەپەڕیبوو هەستم کرد هەرگیز ناتوانم هەستەکانم کۆنترۆڵ بکەم لەبەرئەوەی کە بەژێر کاریگەری جۆرە هەڵچوون و شەپۆلانێکی دەرونی کەوتبوم کە بیرمی تیك وپێکدا و بومهۆی ئەوەی تووشی لەخۆ نامۆبون و بێزاری ببم. چەند رۆژێك تێپەری تا لەوە تێگەیشتم کە چارسەری هەڵچونەکەم بێدەگی تەلارەکە نەبوو، بەڵکو ئاوازی ئەو مۆزیکە بوو کە لەوەبەدوا و بۆ هەمیشە بوبە خواستو عەشقی نهێنیم.

عەسرانی یەکشەمان، ئەوکاتەی تەلاری مۆزیکەکە داخرابوو، گەورەترین سەرگەرمیم دەبووە ئەوەی کە بەبڕی پێنج سەنت سواری ترامواپەکی شووشە شین ببم کە یەك لەدوای یەك ماوەی نێوان گۆڕەپانی بۆلیبار تا شەقامی شیلیان تەی دەکرد و لەو هاتوچۆ بەردەوامەدا، عەسرە دڵگیرەکانی سەردەمی گەنجیم بیر دەهێنایەوە کە زنجیرێکی بێبڕاوەی گەلێك یەکشەممەی بەفیرۆچووی تریان بەدوای خۆیاندا رادەکێشا. کاتی خولانەوە بەنێو ئەوبازنە پووچانەدا، هیچم نەدەکرد جگەلە خوێندنەوەی دیوانە شێعریەکان، لەوانەیە هەر ڤوژبنێکی شار لەتەك کۆمەڵێك بەیتە شیعری تایبەتیدا لێك بچووبا. ئەوەندە لە تراماواکاندا کاتم بەفیرۆ دەدا تا یەکەمین گلۆپەکانی سەر

---

[1]. Gran Via

شەقامەکان لەژێر نەنمەی بارانی هەمیشەییدا دادەگیرسان. دوایی سەرێکم لە کافتریا چۆڵ و پەراوێزکەوتوەکانی کوچە کۆنەکان دەدا، بەو هیوایەی کەسێك بدۆزمەوە و بەزەیی بجولێنم تا دەربارەی ئەو شیعرانە گفتوگۆم لەتەك بكات كە خوێندبومنەوە. هەندێك جار داماوێکم راو دەکرد ـ هەمیشە بیاوێك ـ و تا نزیك نیوەشەو لەبارێکی هەژارانە و فەکسەنیدا دادەتەپین، بنی حگەرەکانیشمان بەبا دەکرد و لەسەر شیعر قسەمان دەکرد، ئەمەش لەکاتێکدا ئەودوای مرۆڤەکان، یان هەموو مرۆڤایەتی سەرقاڵی رابواردن بوون.

لەورۆژانەدا، هەموو لاو بووین بەڵام بەردەوام بەر ئەو کەسانە دەکەوتین کە لەئێمە لاوتر بوون. نەوەکان پاڵیان بە یەکتریەوە دەنا، بەتایبەتی شاعیران و تاوانباران، و تا کەسێك کارێکی سەرنجراکێشی دەکرد هەر خێرا سەروکەللەی یەکێکتر پەیدا دەبوو کە دەبتوانی لەوەباشتر پێشکەش بکات و پێشی بکەوێت، و ئەم نیگەرانیە بەردەوامە دوایی نەدەهات و داوێنی هەموانی دەگرتەوە. زۆرجار لە دووتوێی کاغەزە کۆنەکاندا هەندێك وێنە دەدۆزمەوە کە وێنەگرە گەڕۆکەکانی دەوروبەری کلێسای سەن ڤرانسیسکۆ گرتبوویان و هەستی بەزەییەکی بەرپێنەگیراو بەسەرمدا زاڵ دەبێ، لەبەرئەوەی هەست ناکەم ئەوانە وێنەی ئێمە بن، بەڵکو لەوباوەڕەدام ئەوانەی لە وێنەکاندا دەیانبینم کوڕەکانی ئێمەن و لەشارێکی گەمارۆدراودان کە دەروازەکانی داخراوە و هیچ شتێك لەو شارەدا ئاسان نییە و لەهەموویشی قورستر هەلگرتنی داری تەنهایی‌و عەسرە بێ عەشقەکانی یەکشەممەیە. لەوێ بەرێکەوت خۆزێ ماریا بالدبلانکسی خاڵم ناسی، لەبەرئەوەی بیرم لەوە کردەوە ئەوە باپیرمە بەنێو قەرەباڵغی ئیمانداراندا رێگە دەبڕێت کە پاش رێورەسمی پارانەوەی یەکشەممە لە کلێسا دێنەدەرەوە. رواڵەتی هەرگیز نەیدەهێشت بەنەناسراوی بمێنێتەوە: چاکەت وپانتۆڵی مەخمەلینی رەش، کراسی سپی سەرقۆڵ حنراو و بۆینباخی خەتخەت، سوخمەو زنجیری کاتژمێر، کلاوی رەق وتەق و چاویلکەی چوار جێوە ئالتونی. بەجۆرێك وروژام کە بێئاگا رێگەم لێگرت. بە حاڵەتێکی هەڕەشەکردنەوە چەترەکەی بەرزکردەوە و تا نزیك بستێك لەدەموچاوم هاتە پێش:

ـ مۆڵەتی تێپەڕینمان دەدەنێ؟

بەشەرمەوە وتم ـ **داوای لێبوردن دەکەم. ئەوەی راستی بێت لەگەڵ باپیرەمدا لێم تێکچوو.**

بە چاوە تیژبین و ووردبینەکانیەوە، کە هەر لەچاوی [illegible] دەچوو، لەسەرتاپام وورد [illegible] لێی پرسیم:

ـ دەکرێت [illegible] باپیرەی **[illegible] جەنابتان کێیە؟**

لەدانیشتندا بە رەفتارە چەسوورانەکەم سەری سوڕمابوو. ئاو و ناوبانگی سالی دەواوەتی باپیرمم بۆهەلدا. لەپڕ، وەکو کولێکی تازەپشکووتوو روخساری گەشایەوە، چەترەکەی داگرت و بەوپەڕی رووخۆشییەوە زەردەخەنەیەکی پڕلەخۆشەویستی پێشکەش کردم:

ووتی - **لێکچوونمان جێگەی سەرسوڕمان نییە. من کوڕی ئەوم.**

ژیانی رۆژانەی زانکۆی نەتەوەیی باشتر بوو. بەلام ناتوانم بیرەوەری ئەورۆژانە لەزەینمدا بدۆزمەوە، لەبەرئەوەی باوەڕ ناکەم تاکە رۆژێکیش لەبواری مافدا خوێندبێتم. هەرچەندە نمرەکانی سالی یەکەمم - ئەوتاقە سالەی لەبۆگۆتا بردمەسەر - پێچەوانەی ئەوە دەردەخەن. لەوێ بواری ئەوەنەبوو وەکو ئامادیی پەیوەندیی تاکەکەسی دروست بکەیت و پاش کۆتایی وانەکان هەر فێرخوازەو بەلایەکدا دەڕۆشت و بەشاردا بلاو دەبوونەوە. ئەوەی لەناکاو گرتمیو دلی خۆش کردم ئەوەبوو کە تێگەیشتم سەرۆکی کۆلیژی ماف نووسەری بەناوبانگ **پێدرۆ گۆمێز بالدراما**[1]یە. کە هەر لەسەرەتای لاویەتیەوە دەستی دابووە قەلەم و نووسینەکانی لە لاپەڕە ئەدەبییەکانی بلاوکراوەکاندا چاپ کردبوو و تا ئەوکاتەی جوانەمەرگ بوو یەکێك بوو لە هاوڕێ باشەکانم.

گۆنزالۆ مایارینۆ بۆترۆ[2] نزیکترین هاوڕێی پۆلم بوو، تاکە کەس بوو کە خۆی بەوەوە گرتبوو باوەڕ بە هەندێك لەشتە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیان بکات کە راستی بوون بەلام راست نەبوون. بە هیمەتی ئەوبوو لەوە تێگەیشتم کە کۆلیژی ماف ئەوەندەی بیرم لێدەکردەوە بێئەنجام نەبوو، لەبەر ئەوەی هەمان رۆژی یەکەم، کاتژمێر هەوتی بەیانی، منی لە وانەی ئامار و کۆمەلناسی هێنایە دەرو لە کافتریای شارۆچکەی زانکۆیی داوەتی ململانێیەکی ئەدەبی کردم. و چەندین کاتژمێر لە زەمینەی شیعردا توانای یەکترمان تاقی کردەوە. لەکاتژمێرە مردووەکانی بەیانیاندا، ئەو شێعرەکانی کلاسیکە ئیسپانییەکانی لەبەر دەخوێندەوە و منیش بە هۆنراوەکانی شاعیرە لاوە کۆلۆمبیەکان، کە دژی هەلچوون و پەڕینە بەلاغیەکانی سەدەی پێشوو دەستیان بەتەقە کردبوو، وەلامم دەدایەوە. رۆژێکی یەکشەممە منی بانگهێشت کرد بۆ مالەوەیان. لەتەك دایك و براوخۆشکەکانی دەژیا و هەمان ئەو مامەلە بەسۆزانەیە بالی بەسەر خێزانەکەیاندا کێشابوو کە لە مالی باوکم بینیبووم. **ڤیکتۆر**[3]، کوڕەگەورەدو ئەکتەری شانۆ بوو و لە ناوچە زمان ئیسپانییەکاندا، ستایشی شارەزایی ئەویان دەکرد لەبواری شیعر خوێندنەوە و وتاربێژییدا. لەوکاتەوەی خاوەنی بیروڕای خۆم بووم و چیتر هەستم بەدەسەلاتی دایك و

---

[1] Pedro Gomez Valderram

[2] Gonzalo Mallarino Botero

[3] Victor

باوکم نەدەکرد بەسەرمەوە، هەرگیز لەهیچ شوێنێکدا هەستم بەوە نەکردبوو لەماڵی خۆمدام، تائەوکاتەی لەتەك **پێپا بۆترۆ**[1]ی دایکی خێزانەکە مایارینۆ ئاشنا بووم، ئەوژنەی خەڵکی ئانتیۆکیا کە لەسنوری داخراوی ئەشرافیەتی بۆگۆتایی، هێشتا شکۆی خۆی پاراستبوو و بە سەرفرازیەوەلە میواندارییەکانیاندا ئامادە دەبوو. هەروەها بەهۆی هۆشیاریی خۆڕسكو حازر جوابیو نوکتەگێرانەوە بێوێنەکانی، باش دەیزانی لەکوێدا قسە رەقەکانی خۆی بکات تا قسەکانی هێندەی سێرڤانتێز کاریگەر و روخێنەر بێت.

ئەوعەسرانەم بیرناچێتەوە، ئێواران داچوونی هەتاومان لەپشت دەشتە زومورودیەکانەوە سەیر دەکرد و لوتمان پڕدەبوو لە بۆنی چکلێتی گەرم و کێکی پەنیری تازەبرژاو. شێوەی دەربڕینی رەشۆکیو وبێپەردەی پێپا پێترۆ، کە هەموو شتەکانی ژیانی ئاسایی بەشێوەیەکی تایبەتی دەردەبڕی، فێری زۆرشتی کردم و هەرئەوەش یارمەتی دام تا زمانێکی تازە بۆ وەسفکردنی واقیعەکانی جیهان بدۆزمەوە.

ئەودوای هاوپۆلیە نزیکەکانم بریتی بوون لە، گیێرمۆ لۆپێز گرا و ئالڤارۆ بیدال بارۆن، کە لەسەردەمی ئامادەییەوە لە سیپاکراوە یەکترمان دەناسی. بەڵام لە زانکۆ لەتەك **لوویس فیێرا بووردا**[2] و **کامیلۆ تۆرس رێسپرتۆ**[3] پەیوەندی نزیکترم هەبوو، کە هەردووکیان لەرووی عەشقیانەوە بۆهونەر و بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێك چاوەڕێی پارە بکەن، بابەتیان بۆ پاشکۆ ئەدەبیەکانی **لارازۆن**[4] دەنووسی، ئەو بلاوکراوە تارادەیەك نهێنییەی کە خوان لۆسانۆ ئەی لۆسانۆ، شاعیر و رۆژنامەنووسی ئامادە، بەڕێوەبەری بوو و بۆئەوکارەش لەدڵ وگیانی خۆی بەخت دەکرد. لە دۆخە ناچاریەکان و لەدواهەمین کاتژمێرەکانی پێش بەستنی لاپەڕەکان، لەگەڵیان دەچوومە ژووری نووسەران و یارمەتیم دەدان. هەندێك جار بەڕێوەبەری بلاوکراوەکەم دەبینی، کە ستایشی غەزەلەکانیم دەکرد و لەنێوانیاندا زۆرتر ئەوبابەتانەم بەدڵ بوو کە لەسەر کەسایەتیە نەتەوییەکان لە گۆڤاری **سابادۆ**دا بلاوی دەکردەوە. ئەو نووسینەم بیر دەکەوێتەوە کە ئۆلیسس لەسەر من نووسیبووی،، بەڵام هیچ چیرۆکێکمی نەخوێندبووەوە و منیش هەوڵم دەدا هیچ قسەیەکیان لەسەر نەکرێت لەبەرئەوەی دڵنیابووم لەوەی لەتەك سەلیقەی ئەودا ناگونجێن. لە یەکەمین دیدارماندا، کاتی خواحافیزیی ووتی هەمیشە ئامێزی

---

[1]. Pepa Botero

[2]. Luis Villar Borda

[3]. Camilo Torres Restrepo

[4]. La Razon (دانایی)

ڕۆژنامەکەی بۆ بابەتەکانم ئاوەڵایە، بەڵام من ئەو قسەیەم بە موجامەلەیەکی بۆگۆتایانە لەقەڵەمدا.

لە کافتریای **ئاستۆریاس**[1]، کامیلۆ تۆرس ڕێستریپۆ و لوویس بیێرا بورداى هاوڕێم لە کۆلیژی ماف منیان بە **پلینیۆ ئاپۆلیۆ مێندۆزا**[2] ناساند، کە لە تەمەنی شازدەساڵیدا کۆمەڵە پەخشانێکی ئاهەنگئامێزی بڵاوکردبووەوە - ئەوشێوازە ئەدەبیەی لەسایەی هەژموونی فەرهەنگی ئێدواردۆ کارانزا و لەرێگەی لاپەڕە ئەدەبیەکانی ئال تیمپۆوە لە هەموو وڵاتدا پەرەیسەند و گەلێك لایەنگری پەیداکرد. سەوزەرەنگ و قژو بڕو پڕو سافەکەی جوانیە سورپێستانەکەی زیاتر دەردەخست. سەرباری ئەوەی تەمەنی کەم بوو بەڵام توانیبووی لە هەفتەنامەی سابادۆدا پێگەیەك بۆ نووسینەکانی دیاری بکات. ئەو بڵاوکراوەیە لەلایەن **پلینیۆ مێندۆزا نیێرا**[3]ی باوکیەوە دامەزرابوو، وەزیری جەنگی پێشوو و ڕۆژنامەنووسی زگماك و بەرجەستە کە بەدرێژایی تەمەنی تەنها یەك دێڕیشی نەنووسی. ئەو کەسایەتیە تایبەتیە کە بۆخۆی حەزی نەدەکرد دەست بداتە قەڵەم گەلێك کەسی فێرە نووسین کرد و کارێکی کرد ئەوەی لە خەیاڵیدایە خەلکانیتر بینووسن و لەورۆژنامانەدا بڵاوی بکەنەوە کە بەبێترس دایدەمەزراندن و هەروەهاش دەیدانە دەست خودا، لەبەرئەوەی پۆستە گرنگە سیاسیەکانی وایان دەویست یاخود دەیویست دامەزراوەگەلی گەورە وبێ قازانجی نوێ بکاتەوە. لەوسەردەمەدا، کوڕەکەیم تەنها دوو یان سێ جار لەنێو کۆڕی هاوڕێاندا بینیو بەوەش دووچاری سەرسوڕمان بووم کە بەو تەمەنە کەمەوە وەکو مرۆڤە بەتەمەنو سەرماوگەرما دیدەکان قسەی دەکرد، بەڵام هەرگیز بەبیرمدا نەدەهات کە چەندساڵێك دواتر، گەلێك ڕۆژ پێکەوە لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا دەبەینەسەر، لەبەرئەوەی هێشتا ڕۆژنامەنووسیم بە پیشەیەکی جدی وەرنەدەگرت و تەنانەت وەکو زانستێکیش هێندەی بواری ماف بەلامەوە سەرنجڕاکێش نەبوو.

هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبووم ئەو پیشەیە سەرنجم رابکێشێت، تائەوەی ڕۆژێکیان **ئالڤێرا مێندۆزا**[4]ی خوشکی پلینیۆ، چاوپێکەوتنێکی خێرا و بەپەلەی لەتەك **بێرتا سینگەرمەن**[5] ی ئەکتەری ئەرجەنتینیدا سازکرد کە تەواو بڕیارە پێشوەختەکانمی

---

[1]. Asturias

[2]. Plinio Aquleyo Mendoza

[3]. Plinio Mendoza Neira

[4]. Elvira Mendoza

[5]. Berta Singerman

لەوبارەیەوە گۆڕی و بوەهۆی ئەوەی حەزێکی نهێنی لە بوونمدا بدۆزمەوە. لەبری ئەوەی چاوپێکەوتنێکی باوبێت لەسەر بنەمای پرسیارو وەلامە باوەکان - کە بەردەوام منیان دەخستە گومانەوەو هەنوکەش هەر دەبنەهۆی شك و گومانم - یەکێك بوو لە داهێنەرانەترین ئەو گفتوگۆیانەی تائەوکاتە لە کۆلۆمبیا بلاوکرابوونەوە. چەندین ساڵ پاش ئەوە، ئەودەمەی ئالبێرا میندۆزا چیتر رۆژنامەنووسێکی نێودەوڵەتی بەناوبانگ و یەکێك لە هاوڕێ زۆر باشەکانم بوو، بۆی باس کردم کە چاوپێکەوتنە داهێنەرانەکەی رێگەچارەیەکی داماوانە بووە بۆ خۆرزگارکردن لەدۆخێکی مەترسیدار.

هاتنە ناوەوەی بێرتا سینگەرمەن بە گرنگترین روداوی رۆژ لەقەڵەم دەدرا. ئالبێرا - کە بەشی ژنانەی گۆڤاری سابادۆی بەڕێوە دەبرد - خۆی هەڵبژارد تا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ساز بکات و باوکی بەزەحمەت داواکەی قبوڵ کرد، لەبەرئەوەی ئالبێرا لەوزەمینەیەدا هیچ ئەزموونێکی نەبوو. نووسینگەی نووسینی سابادۆ شوێنی کۆبوونەوەی ناسراوترین روناکبیرانی ئەو سالانە بوو و ئەلبێرا لەسەر دیاریکردنی پرسیارەکنی، داوای رێنومایی لێدەکردن و هەرکامیان چەند پرسیارێکی پێشنیار دەکرد. بەلام ئەوکاتەی لە سویتە شاهانەکەی لە ئوتێل گراندا چاوی بە بێرتا سینگرمەن کەوت و روبەڕوی رەفتارە سوکایەتی ئامێزەکەی بوەوە، تەواو خۆی دۆڕاند و هێندەی نەمابوو لەتاو ترس تەخت ببێت.

ئەو ئەکتەرە بەناوبانگە هەر لەیەکەمین پرسیاردوە بەدخوویی خۆی نواند و خۆی لە پرسیارەکان دزیەوە، لەبەرئەوەی پرسیارەکان بەلایەوە گێلانەو پڕوپووچ بوون. لەوەش بێئاگابوو کە ئەو پرسیارانە لە زەینی ئەو نووسەرە بەرجەستانەوە هەلقولابوو و کە ئەو دەیناسین و بەهۆی سەفەرە زۆرەکانیەوە بۆ کۆلۆمبیا تاڕادەیەك لە نزیکەوە هەموویانی دەناسیو رێز و خۆشەویستی بۆ دادەنان. ئەلبیرا کە بەردەوام کەسێکی هەست ناسك بوو و خێرا کاردانەوەی دەنواند، بەزەحمەت توانی بەر بە فرمێسکەکانی بگرێتو بەئاگایانە بەرگەی ئەو هەڵسوکەوتە سوکایەتی ئامێزەی بگرێت. هاتنە زوورەوەی چاوەڕوان نەکراوی هاوسەرەکەی بێرتا سینگەرمەن بووەهۆی رزگارکردنی چاوپێکەوتنەکە، لەبەرئەوەی بە حورمەتگرتن و ناسکی و فەخۆشەکانی ئەودۆخە پەرێشانەی کە هێندەی نەمابوو ببێتە وتوێژێکی چ ار دەکراو. بگۆرێت و بەر بەگژاچونەکان بگرێت.

ئالبێرا لەباتی ئەوەی ئەو پرسیارانە بکات کە پێشتر ئامادەی کردبوون و وەلامەکانی خواوەندی ئالتـ وتەنهای شانو بنووسێتەوە. ئەو کێشەوگرفتانەی رونکردەوە کە بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە هاتبووە رێگەی ئەوبەری سوودی لە بەشداربونـ

چاوەڕوان نەکراوەکەی هاوسەری ئەو خانمە بەڕێزە وەرگرت. کە بەحوکمی چارەنووس‌و بێئاگا سەروکەللەی دەرکەوت و هەر ئەویشی کردە کەسایەتی سەرەکی رووداوەکە. ئەوکاتەی بێرتا سینگەرمەن ریپۆرتاژەکەی خویندەوە، ئەوەندە توڕەبوو کە گەر چەقۆت لێبدابا خوێنی لێ نەدەدهات. بەڵام چیتر ساباڈۆ پڕخوێنەرترین هەفتەنامەی بۆگۆتا بوو و تیراژی بەشێوەیەکی هێند خێرا بەرز دەبوەوە کە هەر زوو گەیشتە سەدهەزار دانە. ئەویش لەشارێکدا کە تەنها شەست هەزار کەس ژمارەی دانیشتوانی بوو.

خوێنساردی‌و خۆڕاگری‌و داهێنەری ئالبێرا، کە توانی بەکەڵك وەرگرتن لە دڵسافی بێرتا سینگرمەن، سروشتە راستەقینەکەی ئاشکرا بکات. بۆ یەکەمجار دەسەڵاتی بەرفراوانی ریپۆرتاژی پێناساندم، هەڵبەتە نە وەك کاریگەرترین و گونجاوترین ئامرازی هەواڵگەیاندن، لەبەرئەوەی من ئەوکارەم بە پلەیەکی بەرزتردانا و وەکو شێوازێکی ئەدەبی سەربەخۆ قبوڵم کرد.

زۆری نەخایاند کە بۆخۆشم هەنگاوم نایە ئەوبوارەو بەوپەڕی بوونمەوە ئەوەی پێشتر وێنام کردبوو لەوکارەدا تاقیم کردەوەو ئەوەندە درێژەم بەوکارەدا تا گەیشتمە ئەوباوەڕەی - تانەمرۆش لەسەری سوورم - کە رۆمان و ریپۆرتاژ منالی یەك دایکن.

تا ئەوکاتە تەنها مەترسی شیعرم تاقی کردبوەوە: هۆنراوەی گاڵتەجاڕی لە گۆڤاری ئامادەیی سەن خۆزێ و چەند بڕگەیەکی ئەدەبی ئاهەنگ ئامێز یان غەزەلی عاشقانەی ئەندێشاوی لەسەرشێوەی (سنگ وسپهر) کە لەتاقە بڵاوکراوەی ئامادەییە نەتەوەییەکەدا بڵاوم دەکردنەوە. کەمێك پێشتر، **سیسیلیا گۆنزالێز**[1]ی هاودەستم لە سیپاکیرا، **دانییل ئارانگۆ**[2]ی شاعیر و ئامیلکە نووسی بەناوبانگی رازی کردبوو یەکێك لە دانراوەکانم بەناوی خوازراو و تایپی وردەوە لە پەراوێزترین گۆشەی پاشکۆی یەکشەممەی ئال تیمپۆدا چاپ بکات. بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە هەرگیز نەیوروژاندم و خۆم لەجاران زیاتر بەشاعیر نەزانی. لەبری ئەوە، ریپۆرتاژەکەی ئالبێرا هۆشیاری کردمەوەو پەیم بە رۆژنامەنووسە نووسەتوەکەی ناخم برد و بڕیارمدا ئەو نووسەتووە شاراوەیە بەئاگابێنمەوە. لەوەبەدوا بەجۆرێکیتر رۆژنامەکانم دەخوێندەوە و لە روانگەیەکی جیاوازەوە لە بابەتەکانم دەڕوانی. کامیلۆ تۆرس و لوویس بێێرا بۆردا، کە لەگەڵ بۆچوونەکەی مندا تەبا بوون، پێشنیارەکەی خوان لۆسالنۆیان لەمەڕ هلوکاریکردنی لاپەڕە ئەدەبیەکانی **لاراسۆن** دووبارە کردەوە، بەڵام من شارەزایی وتار نووسیم لەخۆمدا

---

[1] Cecilia Gonzalez

[2] Daniel Arango

بەدی نەکرد و تەنها دوو شێعرم لەو گۆڤارەدا بڵاوکردەوە کە جگەلە چەند نوێگەریەك هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی ئەوتۆیان تێدا نەبوو و هەرگیز ئەو دوو شیعرەم بە بەشێك لەخۆم لەقەڵەم نەدا. پێشنیاری ئەوەیان کرد بۆ هاوکاریکردنی گۆڤاری سابادۆ لەتەك پلینیۆ ئاپۆلیۆ مێنۆسا قسە بکەم، لەلایەکەوە شەرمی ڕێگەی لێگرتم و لەلایەکیتریشەوە عەقڵی سەلیم هۆشیاری کردمەوە کە هێشتا بۆ پێخستنە ئەو مەیدانەوە زۆر کەم ئەزموون بووم‌و نەدەبوو بە چرای خامۆشەوە ڕێگەی پیشەیەکی نوێ بگرمەبەر. لەگەڵ ئەمانەشدا، دەرخستە تازەکەم سوودێکی خێرای هەبوو، لەبەرئەوەی لەوسەردەمەدا تووشی پەرێشانی خەیاڵ ببووم و بیرم لەوە دەکردەوە ئەوەی دەینووسم، پەخشان یان شێعر و تەنانەت وانەکانیشم، لاسایەکی ڤێزەونی گرووپی (سنگ وسپەر) بوون و بڕیاری تەواوەتیم دا کە لە چیرۆکی دوایمدا گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی ئەنجام بدەم وشێوەی نووسینم لە بنەڕەتەوە بگۆڕم. بە کردەوە، تەواو نەوە دڵنیا بووم کۆت وبەندەکانی ئەودۆخەی بە (انە) کۆتایی پێدەهات ڕەوانی ووشەیان بەرتەسك دەکردەوە.

پاش تێگەیشتن لەو مەسەلەیە، بەڕەسمی جەنگم لەبەرامبەریان ڕاگەیاند و بێبەزەیانە قات وقرم کردن و بە تێپەڕینی کات، لەجاران زیاتر، لەوە دڵنیابووم کە ئەو ڕوانگە نوێیە ناچاری دەکردم بۆدەربڕینی مەبەستەکانم ڕستەی جوانتر و ڕەوانتر بدۆزمەوە. لەودەمەوە تا ئێستا، تارادەیەك خۆم لە بەکار هێنانیان پاراستووە و لەهیچکام لە کتێبەکانمدا هیچ نیشانەیەك لەو کۆت وبەندانە بەدی ناکرێت، مەگەر لەوکاتانەدا نەبێت کە دەقێکیترم نووسیبێتەوە. ڕون و ئاشکرایە، نازانم ئایا وەرگێڕەکانم سەرنجی ئەو خاڵەیان داوە و ئەو نکولیە پڕ دوودڵییە داوێنی ئەوانیشی گرتووە و لەبەر هەندێك هۆکاری پرۆفشناڵانە خۆیان بە پاراستنی ئەو شێوازە شێتانەوە پابەند کردووە یان نا.

هاورێیەتیم لەتەك کامیلۆ تۆرس و بیێرا بوردا زۆر خێرا لە سنووری پۆلەکانی خوێندن و نووسینگەی نووسین تێپەڕی و ئەوەندە بووینە هاوڕێ کە زۆرتر لەسەر جادە پێکەوەبووین تا لە زانکۆ. هەردووکیان سەرسەختانە خۆیان لەوەدەپاراست ببنە هاوڕەنگی کۆمەڵ‌و نیگەرانی بنەڕەتیان بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات بوو. من کە لە پانتایی نهێنی ئامێزی ئەدەبدا دەخولامەوە، تەنانەت هەوڵیشم نەدەدا سەر لە شیکاریە دوبارەو پێشبینیە ڕەشبینانەکانیان دەربکەم کە پڕوپوچ و کەموکوورت دەهاتنە بەرچاوم. بەڵام هاوریەتیە ناوازەکەیان وێنەیەکی نەمری لەبیرەوەریمدا بەجێهێشت و پەیوەندی دۆستانەم لەگەڵ ئەوان بەشێك بوو لەخۆشترین و بەسوودترین ڕوداوەکانی ژیانم لەو ڕۆژانەدا.

لەبەرامبەردا، لەپۆلەكانی زانكۆدا دەمم نەدەكردەوە و بەباشم دەزانی بیدەنگیم بپارێزم. هەمیشە لەبەرامبەر نەبوونی حەزو خواستی سوودوەرگرتن لە زانستی ئەو مامۆستا شارەزاو بەناوبانگانەی ناچاربوون بەرگەی بێرغبەتیو بێزاری ئێمە بگرنو قسە نەكەن، خەمم دەخوارد. یەكێكیان ناوی **ئالفۆنسۆ لۆپێس مێچلسن**[1] بوو، كوڕە تاقانەی سەرەك كۆماری كۆلۆمبیا كە لەسەدەی بیستەمدا دووجار بۆ ئەوپۆستە هەڵبژێردرایەوە و لەوباوەڕەدام هەر لەبەر ئەوەش بوو كە خەڵكی هەموو پێیان وابوو كە كوڕەكەشی دەبوو بە حوكمی چارەنووس ببێتە سەرەك كۆمار و رەنگە هەر لەكاتی لەدایك بوونیەوە ئەومیان لە ناوچاوانیدا بەدیكردبێتو ئەوەی جێگەی سەرنجە هەمان ئەوشتەش روویدا. پێشەكی زانستی مافی دەوتەوە، زیاد لەپێویست كاتناس بوو، بەجۆرێك كە پیاو بێتاقەت دەبوو بەدەستیەوە و هەمیشە چاكەتی پلە یەك و رازاوەی كشمیریو دورینی لەندەنی لەبەر دەكرد. بێئەوەی تەماشای كەس بكات، وانەی دەوتەوە، بەژنی لە حاڵەتی مەلەكووتی كەسە نزیك بین و بیرتیژەكان دەچوو كە دەتووت هەمیشە لە خەیاڵی خەڵكیدا سەرگەردانن. وانەكانیم وەكو مۆنۆلۆگە یەكڕیتمەكان دەهاتە بەرچاو و رێك وەكو هەموو ئەو وانانەی دەربارەی شیعر نەبوون بێزاری دەكردم، بەڵام دەنگە لەسەرخۆكەی، هێزی راكێشەرانەی موگناتیزی ئاوازی ئەفسووناوی مارەكانی هەبوو. زانستە ئەدەبیە بەرفراوانەكەی هەر لەودەمەوە لەسەر بنەمایەكی سەقامگیر راوەستابوو، باش دەیزانی چۆن لە نووسین و لەكاتی ووتاربێژیدا كەڵكی لێوەربگرێت، بەڵام من چەند ساڵێك دواتر پەیم بەوانە برد، ئەوكاتەی زیاتر یەكترمان ناسی و هاوڕێیەتیەكی قوڵ لە نێوانماندا پەیدابوو كە چیتر بێتاقەتی وانەكانیم هەست پێ نەدەكرد. ناوبانگی وەكو سیاسەتمەدارێكی زیرەك وشارەزا لە سەرنجراكێشی كەسایەتیە ئەفسووناوی و روناكبیریە مەترسیدارەكەیەوە سەرچاوەی دەگرت كە بەهۆیەوە دەیتوانی نیەتی شاراوەی كەسەكان دەربخات یان وەكو دەڵێن دەستیان بخوێنێتەوە، بەتایبەت دەستی ئەو كەسانەی بۆچونێكی باشی لەسەریان نەبوو. بەڵام وەكو پیاوێكی سیاسی و كەسایەتیەكی كۆمەڵایەتی، بەرجەستەترین تایبەتمەندیی ئەو، توانا سەرسوڕهێنەرەكانی بوون، لەوەدا كە تەنها بە یەك رستە بارودۆخێ بخولقێنێ كە لە مێژوودا تۆمار بكرێت.

بە تێپەڕینی كات، هاوڕێیەتیمان بەهێزتر بوو، بەڵام لەزانكۆ یەكێك نەبووم لە فێرخوازە وانە خوێنەكانو شەرم و كەمڕوویە ناچاریەكەم مەودایەكی حاشاهەڵنەگری دەخستە نێوان من و خەڵكیەوە بە تایبەت ئەوكەسانەی كە زۆرتر ستایشم دەكردن، و

---

[1]. Alfonso Lopez Michelsen

ئەوەش دەبووە ڕێگر لە دوستایەتی و نزیکایەتی [illegible] کردن. هەر لەبەر ئەمەش تەواو حەپەسام کە بیبینم، سەرباری ئەمانەوە زۆرشادبوم کە نازناوی فێرخوازی ونبووی پێبەخشیبووم، ڕێگەیان پێدام لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی یەکەمدا بەشداریی بکەم. پشتم بە شێوازە کۆنەکەم بەست و هەوڵمدا بە قسەی ڕازاوەو گەورە ئاست نزمی زانیارییەکانم بشارمەوە و بەقسەکردن لەسەر شتە پەراوێزەکان خۆم لە ناوەڕۆکی مەسەلەکە بدزمەوە. خێرا تێگەیشتم کە مامۆستا درکی بە فێڵەکەم کردووە، بەڵام لەوانەش بوو لەدڵەوە حەزی لەو زمانبازییە ڕەوانەم کردبێت و لەبری گاڵتە و گەپێکی نەدەبی لەقدڵەمی دابێت کە دەبووەهۆی سەرگەرم کردنی. تەنها لە بەکارهێنانی ئەم رستەیەدا تێک ەوتم"خاوەنداریەتی دەرئەنجامی کاردانەوەی بێ نارەزایی و بەردەوام"ئەویش هەر خێرا داوای لێکردم لەوبارەیەوە ڕونکردنەوەی زیاتر پێشکەش بکەم بۆئەوەی دڵنیابێت لەوەی مانای ئەوشتە دەزانم کە دەیڵێم.

لە وەڵامدا وتم - **خاوەنداریەتی بێ نارەزایی و بەردەوام بریتیە لە بەدەستهێنانی موڵك بەهۆی تێپەڕینی کاتەوە.**

بێۆستان لێی پرسیم:

- **بەدەستهێنانی موڵك یا ڕونکردنی خاوەنداریەتی؟**

لەڕاستیدا هەردووکیان یەك شت بوون، تەنها پەیوەندی بەوەوەهەبوو لەچ گۆشە نیکایەکەوە لەمەسەلەکە بڕوانین، بەڵام من بەهۆی نەبوونی دڵنیایی خۆم لە باس و بەڵگەهێنانەوە پاراستو وابزانم ئەوە یەکێك بوو لەنوکتە بەناوبانگەکانی و پاش خوانی نیوەڕۆ بوهاوڕێکانی گێڕایەوە و تێر پێکەنین، بەڵام بەهەرحاڵ کاتی نمرە بەخشین، دوودڵییەکەی منی پشتگوێ خست و وەڵامەکەمی بەراست حساب کرد. چەندین ساڵ ئامارەم بۆ ئەو بابەتە کردووە تەواو ڕونە کە ئەو بابەتەکەی لەبیر نەمابوو، ئەوەی ڕاستی بێت، لەوسەردەمەدا کەسمان نەماندەتوانی دڵنیابین لەوەی ئەو بابەتە ڕاستی هەبووە یان تەنها زادەی خەیاڵ بووە.

[illegible] بۆ هەردووکیان پەداکدیەی [illegible] و دڵخوازبوو [illegible] و تهینیەکانی خاوەنداریەتی بێ نارەزایی و بەردەوام [illegible] فەراموشی و لەبری ئەوە سەرگەرمی کمتوگ و داخوازی [illegible] و [illegible] گەلێك نووسەری هەراوەی [illegible] جیار ئەوەندە قسەکانمان پەرەی [illegible] دەچوو دەبێت بچینە فلانە میوانی یان لەگەڵ فلانەکەسدا بڕیارە [illegible] و [illegible] ئەم کەمتەرخەمیانەشمان تەحەمولکردنی پرتەوبۆڵە و [illegible] کانمان بوو. دایکم ڕازیکردبووم کە ئەو پەیوەندی خزمایەتی

لەگەڵماندا هەیە و ڕاستیشی دەکرد. بەلام، ئەوەی زیاتر لەهەر پەیوەندییەکی ڕێژەیی و ڕێکەوت دەبووە هۆی ئەوەی هەست بە پەیوەندی خۆیی بکەین، عەشقی هەردووکمان بوو بۆ شیعرە ئاهەنگ ئامێزەکان.

ئەو خزمەی ترمان کە بەرێکەوت بینیم **کارلۆس ئێچ پارخا**[1]، یەکێك لەخزمانی باوکم و مامۆستای ئابوریی سیاسیو خاوەنی کتێبخانەی گرانکۆلۆمبیای خۆشەویسترین شوێنی کتێب خوێنەکان بوو، کە نوێترین بەرهەمی نووسەرە گەورەکانی بەبێ چاودێری کردن لەسەر مێزەکان دادەنا. تەنانەت فێرخوازەکانی خۆشی کاتی بازاڕئالۆزی ئێواران هێرشمان دەبرد بۆ دوکانەکەی و بەلێزانینەوە کتێبەکانمان دەدزیو بیانوە ڕەوشتی ـ زانستیەکەشمان ئەوەبوو کە دزینی کتێب تاوانە بەلام گوناه نییە. ڕۆڵی من لەو دزیانەدا ـ لەڕوی ترسەوە نەبا لە پاکیزەییم ـ ئەوەبوو کە چاودێریی دەوروبەر بکەم تا ئەوانەی نەترستر بوون ئاسانتر کارەکەیان جێبەجێ بکەن و نەگیرێن، بەومەرجەی ئەوانیش جگە لەوکتێبانەی بۆخۆیانیان دەدزی، ئەو کتێبانەش بهێنن کە من داوام کردبوون. ڕۆژێکیان عەسر، یەکێك لەهاودەستەکانم **تازە شاری بێ شانازیی** بەرهەمی **فرانسیسکۆ لوویس بێرناردێز**[2] ی دزیبوو کە لەناکاو هەستم بەقوورسی پەنجەی بەهێزی کەسێك کرد لەسەر شانم و دەنگێکی تووڕە کە مرۆڤی دەخستەوە یادی ئەفسەری سەربازگەکان، بەگوێچکەمدا چرپاندی:

- **دواجار دۆزیمیتەوە!**

بەترسەوە ئاوڕم دایەوە و مامۆستا کارلۆس ئاچێ پارخام بینی و هەرلەوکاتەشدا لەژێرچاوەوە بینیم سێ هاودەستەکەم تێیانقووچاند. خۆشبەختانە، پێشئەوەی مەسەلەکە ئاشکرا بکەمو داوای لێبوردن بکەم، بۆم دەرکەوت جەنابی مامۆستا لەبەر ئەوە سەرزەنشتم ناکات، بەلکو لەبەرئەوە توڕەبوو کە مانگێك بوو نەچبوومە پۆلەوە. پاشئەوەی بەخۆڕایی کەمێك توڕەیی خۆی دەرخست، لێی پرسیم:

- **ڕاستە کە کوڕی گابریل ئیلیخیۆی؟**

بە درۆ وتم نەخێر، لەبەرئەوەی دەمزانی باوکی خزمی باوکم بوو و بەهۆی ناکۆکی نێوانیانەوە، کە هەرگیز تێنەگەیشتم لەسەر چییە، نێوانیان تێکچووبوو. بەلام ماوەیەك دوای ئەوە، خۆی ڕاستیەکەی بۆدەرکەوت و لەوەبەدوا، چ لە پۆل و چ لە کتێبخانەکەیدا بە نەوەی مامی دەیناساندم و پەیوەندییمان زیاتر ڕووی خزمایەتی وەرگرت تا ئەدەبی،

---

1. Carlos H. Pareja
2. Francisco Luis Bernardez

هەرچەندە ئەو چەندین دیوانە شیعری بەناوی خوازراوی **سیمۆن لاتینۆ**[1] بلاوکردبوەوە، کە هەندێکیان بەڕاستی سەرنجڕاکێش و هەندێکیتریان تەواو قۆڕ وبیمانابوون. بەلام، لەومیانەیەدا ئەو براوەبوو، لەبەرئەوەی هەستی خێزانی بوەهۆی ئەوەی چیتر بە شداریی دزیەکانی هاوڕێکانم لە کتێبخانەکەی نەکەم.

یەکێکیتر لەمامۆستا بلندپایە و بێوێنەکانمان، **دیێگۆ مۆنتانیا کوێیار**[2]، رێک پێچەوانەی لۆپێز مێلسن بوو کە بەڕوالەت، بەنهێنی رکەبەرایەتی یەکتریان دەکرد. لۆپێز لیبرالێکی بزێو بوو لەبەرامبەریشدا مۆنتانیا رادیکالێکی چەپ. لەگەل ئەمەی دواییان لەدەرەوەی پۆل پەیوەندیەکی باشم هەبوو و هەمیشە لەوباوەڕەدابووم کە لۆپێز مێلسن بەچاوی شاعیرێکی بارەوە تەماشام دەکات لەبەرامبەریشدا مۆنتانیا کوێرا بە شۆڕشگێڕێکی راستەقینەی دەزانیم کە گەر باش فێربکرابا دەکرا ببێتە ئەندامێکی بەکەلک.

هاوڕێیەتی منو مۆنتانیا کوێرا بە کێشەیەکی ئەو لەگەل سێ ئەفسەری لاوی قوتابخانەی سەربازی دەستی پێکرد کە بە جلوبەرگی تایبەتی رێڕۆشتنەوە دەهاتنە پۆلەوە. کاتناسیەکەیان سەربازگەیی بوو، بەجیا لەوانیتر لەپال یەکتر دادەنیشتن، زۆر بەوردی وانەکانیان دەنووسیەوە و لە تاقیکردنەوەکاندا بە وپەڕی هەولەوە نمرەی بەرزیان بەدەستدەهێنا کە شایستەی بوون. لەهەمان رۆژانی سەرەتای سالەوە، دیێگۆ مۆنتانیا کوێرار بەتایبەتی، ئامۆژگاری دەکردن کە بە"جزمەی جەنگەوە"نەیێنە زانکۆ. ئەوانیش بەوپەڕی نەزاکەتەوە وەلامیان دایەوە کە فرمانی گەورەکانیان جێبەجێ دەکەن و لەوەبەدوا، بەکەلک وەرگرتن لەهەر هەل وبوارێک ئەم مەسەلەیان دەدایەوە بەڕوی کوێرارادا. بەهەرحال، بەلەبەرچاو نەگرتنی هەلسوکەوتە ناباو و نامۆکانیان، هەموو فێرخوازان و مامۆستاکان بچوکترین گومانیان لەوەنەبوو کە ئەو سێ ئەفسەرە لاوە بەشێکن لە باشترین و بەئەدەبترینی فێرخوازان.

بە بەرگی سەربازی یەکدەست و پاک وڕێکوپێکەوە، هەمیشە پێکەوە و بەردەوام لەکاتی خۆیدا و بەبێ دەقیقەیەک دواکەوتن لەپۆلدا ئامادە دەبوون. بەجیا لەهەمووان دادەنیشتن و بەهەمووجۆرێک جدیترین و رێکوپێکترینی فێرخوازان بوون، بەلام بەردەوام هەستم دەکرد لە دونیایەکی جیاوزا لە دونیای ئێمە دەژین. گەر کەسێک پرسیاری لێبکردبان، هاوڕێانەو بەنەزاکەتەوە وەلامیان دەدایەوە بەلام حالەت و

---

[1]. Simon Latino

[2]. Diego Montana Cuellar

هەڵسوکەوتیان بەشێوەیەکی ڕێگەپێدراو و رەسمی بوو: تەنانەت یەك ووشەی زیادەشیان نەدەهێنایە سەرزمان. لە رۆژانی تاقیکردنەوەدا، ئێمەی مەدەنی بەسەر گرووپی چوارکەسیدا دابەش دەبووین و پێکەوە لەکافتریا کۆششمان دەکرد، لەکۆڕی سەمای شەوانی شەممە و لەمیوانیە فێرخوازیەکان و لە چێشتخانە و بارە هەژارانەکانداو لە ناوچە دڵگیرەکانی ئەوسەردەمە یەکترمان دەبینی، بەڵام تەنها یەکجاریش بەرێکەوت هاوپۆلییە سەربازەکانمان نەبینی.

لەماوەی ئەوساڵەی زانکۆدا کە پێکەوە بووین تەنها یەك دووجار سلاوێکی سارد لەنێوانماندا کراو بەس. سەرباری ئەمەش، هەلی ئەوەمان بۆنەڕەخسا دەرگای هاوڕێیەتی بەڕووی یەکتردا بکەینەوە، لەبەرئەوەی رێك لەکاتی خۆیدا دەگەشتن و رێك پاش کۆتایهاتنی دوارستەی مامۆستا پۆلەکەیان بەجێدەهێشت بێئەوەی حەقیان بەسەر کەسەوە هەبێت، هەڵبەتە جگە لە سەربازە لاوەکانی قۆناغی دوهەم، کە لەکاتی پشوودا کۆدەبوونەوەو گاڵتەوگەپیان دەکرد. هەرگیز نەمزانی ناویان چییە و هیچ هەواڵێکم دەربارەیان نەبیست. ئێستا لەوە تێدەگەم ئەوەی ئێمەی لەیەکتر جیادەکردەوە زیاتر لەوەی بەهۆی خۆدزینەوەیان بێت لەخەڵکی لە رقی منەوە سەرچاوەی دەگرت کە هەرگیز نەمتوانی تاڵی قسەکانی باپیر و داپیرم فەرامۆش بکەم، ئەوکاتەی باسی جەنگە بێ ئاکام و وێرانکەر و کوشتارە بێبەزەییانە وپڕلەبێڕەحمیەکانی کرێکارانی کۆمپانیای مۆزیان دەکرد.

خۆرخێ سوتو دێل کۆراڵ[1]ی مامۆستای مافە سیاسیەکان کە دەیانوت دەستووری هەموو وڵاتەکانی لەبەرە، لە پۆلدا بە زیرەکی و زانیاریە مافناسیە بەرفراوانەکەی ئێمەی دووچاری سەرسوڕمان دەکرد و تاکە عەیبی ئەوەبوو هیچ لە قسەخۆشی و نوکتەبازیی بەر نەکەوتبوو. هەست دەکەم بەشێك بوو لەو کۆمەڵە مامۆستایەی کە ئەوپەڕی هەوڵیان دەدا بۆئەوەی لەکاتی وانە وتنەوەدا بیروباوەڕە سیاسیەکانیان ئاشکرا نەبێت و لەتەك فێرخوازەکاندا نەکەونە وتوێژەوە، بەڵام بەبێ ویستی خۆیان دەستیان ئاشکرا دەبوو و بەپێی ئارەزووی خۆیان باوەڕە تاکەکسیەکانیان ئاشکرا دەکرد. تەنانەت بە ئاماژەی دەست و جەختکردنەوە لەسەر هەندێك ووشە ئاراستە سیاسیەکانی خۆیان دەردەبڕی، لەبەرئەوەی لێدانی دڵی وڵاتێك کە پاش چل و چەندێك ساڵ ئاشتی چەکدارانە، لەبەردەروازەی جەنگی ناوخۆییدا بوو، لەنێو زانکۆ راستەقینەتر و هەستپێکراوتر لەهەر شوێنێکیتر لێیدەدا.

---

[1]. Jorge Soto del Corral

سەرباری نەهاتنەوەی بەردەوامو کەمتەرخەمی لەبەرامبەر ئەوبابەتانەی پەیوەندیان بە مافەوە هەبوو، توانیم بە چەندرۆژێك خوێندنـەوەی نێرەکەرانـە پـێش تاقیکردنـەوە نمرەی باش لە وانە ئاسانەکان وەربگرم و بۆ دەرچوون لە وانە قورسەکاندا پشتم بە فێڵە کۆنەکەم بەست و بـە زمانبـازیی و زیرەکـی بابـەتی پرسیارەکەم بەلارێـدا دەبـرد و بـە رستەچـنینی بێنـاوەرۆك و بەرواڵـەت پرمانـا تاقیکەرەوەکـەم قایـل دەکـرد بـەوەی وەڵامەکەم راستە یان هەر هیچ نەبێت دەمخستە گومانەوە و بەجۆرێك پێم دەسەلمان کە وەڵامەکـە دەزانم بـەڵام نـاتوانم دەریببـڕم. هـیچ حـاڵم بـاش نـەبوو ونەمـدەزانی چـۆن کوێرانە لەو رێگە بنبەستەدا درێژە بەرۆشتن بدەم. سەرم لەزانستی ماف دەرنـەدەکرد و زۆر کەمتر لە وانەکانی ئامادەیی بەلامەوە سەرنجراکێش بوو و لەهەمان کاتیشدا ئەوەندە خۆم بە ئاقڵو کامڵ دەزانی کە بتوانم خۆم چارەنووسی ژیانم دیاریی بکـەم و چاوەڕێی بڕیار و مۆڵەتی گەورەکانم نەکەم. دواجار، پاش شازدە مانگ ململانێـی موعجیزەئاسای مانــەوە، تاقەشـتێك بووبــە نــسیبم چــەند هاوڕێیــەکی نزیـك بــوون کــە بەدرێـژایی ساڵەکانیتری ژیانم بوومە خاوەنی خۆشەویستی و دۆستایەتی راستگۆیانەیان.

خواستو ئارەزوی کەمم بۆ وانەکان، پاش چاپکردنی یاداشتەکەی ئۆلیسس کـەمتر و بچوکتر بوەوە، بەتایبەت لەکاتێکدا کە زۆربەی هاوپۆلیەکانی زانکۆ نازنـاوی مامۆسـتایان پێوە لکانـدبووم و هـەر لەوکاتـەوە منیـان بـە نووسـەر لەقەڵـەم دەدا. ئـەم بارودۆخـەم هاوکاتبوو لەتەك بڕیاری لێبڕاوانەم لەسەرئەوەی بەچ شێوەیەك پیکهاتێـك لـە گێڕانـەوە دروست بکـەم کـە لەیـەك کاتـدا هـەم واقیعـی بێـت و هـەم سەرسوڕهێنەر، و ئەودووانـە بەجۆرێك ئاوێتە ببن کە موو نەچێت بـە نێوانیانـدا. چـەند نموونەیـەکی سەرکێـشانەو نـەریت شـکێنم لەبەردەسـتدا بـوو کـە لـە لووتکـەی کەماڵدابوون، وەکـو **ئـۆدیبی پاشـای** **سۆفۆکلیس**، کـە کەسـایەتیە سـەرەکیەکەی لـە مەسـەلەی کوشـتنی بـاوکی دەکۆڵێتـەوە و لەکۆتاییدا بـۆی روندەبێتـەوە خـۆی بکوژەکەیـە، **پەنجـەی مـەیموون**ی بەرهـەمی **دەبلیـو دەبلیــو جــاکووب**[1]، کــە نموونــەی دیــاری چــیرۆکی کامــڵ و بێخەوشــەو ســەرجەم بەسـەرهاتەکانی بەرێکـەوت روودەدەن، یـان **خرپلـە**ی بەرهـەمی مۆپاسـان و بەرهـەمی گەلێك گوناهکاری گەورەیتر کە خودا بیانبەخـشێت و بەبەهەشـتی بـەرینیان شـاد بکـات. شەوی یەکشەممەیەك، نوقمی ئەو خەیاڵاتەبووم کە دواجار شتێك روویـدا کـە شایـستەی ئەوەبوو گوێی لێبگیرێت. بەدرێژایی ئەورۆژە لـەماڵی گۆنزالـۆ مایارینـۆ بـووم لەشـەقامی

---

[1] William Wymark Jacob (١٨٦٣ - ١٩٤٣) رۆمانوس و نوسەری چیرۆکە کورتە ئینگلیزیەکان کە بەناوبانگترین بەرهەمی پەنجەی مەیمونە.

شیلی و تارادمیەك بەبێ وەستان قسەم لەسەر ناکامیە ئەدەبیەکانم و گلەییم لە ژیان کردبوو و ئەوکاتەی بەدواهەمین ترامـوای شەو دەگەڕامەوە پانسیۆن، بەچاوی خۆم بینیم **چاپینرۆ**[1] ی **فایۆن**[2] ی سواربوو. باوەڕبکەن راستە:فایۆنێك لەنێو تراموا. ئەوەم بۆدەرکەوت کە هیچکەسێك لە تاکوتوکی موسافیرەکانی شەو بەبینینی ئەو بونەوەرە ئەفسانەییە سەری سوڕنەما و وتم لەوانەیە ئەویش یەکێك بێت لەو دەستگێڕانەی کە یەکشەممان جلوبەرگی ساختە لەبەردەکەن و دەچنە شاری یاریەکان و لەنێو شتومەکەکانیاندا هەزارجۆر یاریی منالانیان پێیە. بەلام راستیەکەی تەواو پێچەوانەی ئەو خەیالەم بوو و شاخ و ریشە بزنیەکەی ئەو بونەوەرە سەیرە تەواو سروشتی دەینواند و لەهەموو روویەکەوە وەکو بزنێکی نێر بوو. تەنانەت ئەوکاتەی بەتەنیشتمدا تێپەڕی خوریە زبرەکەیم بەرکەوت. پێش ئەوەی بگەینە شەقامی ٢٦، کە گۆڕسانەکەی لێبوو، بە ویقاری باوکێکی سەلاری خێزانەوە دابەزیی و لەنێو لقوپۆپی چڕی دارەکاندا وونبوو.

پاش نیوەشەو، دۆمێنیگۆ مانوێل بێگا کە بەهۆی تلانەوەدو ورێنەکانمەوە لەخەو راپەڕیبوو، هۆی بیتاقیەکەمی لێ پرسیم. بەدەم خەوەوە وەلامم دایەوە"**فایۆنێك سواری تراموا‌کە بوو.** "ئەویش بەوپەڕی هۆشیاریەوە وەلامیدامەوە ئەگەر ئەمە مۆتەکەیەك بێت هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زۆرخۆریەی لەسەرگەدەم هەڵئاوساوە، بەلام ئەگەر بابەتی چیرۆکێکیترم بێت، بەلایەوە سەرنجڕاکێشە. بەیانی رۆژی دواتر، نەمدەزانی ئایا بەڕاستی فایۆنێکم لە نێو تراموا‌کەدا بینیبوو یاخود بەهۆی هیلاکی رۆژەوە وەهمێکی شەوانە داوێنی گرتووم و بەشێوەی خەیالێکی ئەوەندە رون هاتوەتە بەرچاوم کە ناکرێت لە راستی جیا بکەیتەوە. بەلام لەلای من مەسەلەکە تەنها هەر ئەوە نەبوو، بەلکو گرنگ ئەوەبوو ئەو چرکە ئەفسوناویەم وەکو واقعێکی رووت بەرکەوتبوو. هەر لەبەرئەوەش - واقیعی یان خەیالی - نەدەکرا بە سیحرو خەیال لەقەلەمی بدەیت، بەلکو دەبوو وەکو یەکێك لە ئەزموونە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیانم لەقەلەمم بدابا.

بەوشێوەیە، رۆژی دواتر دانیشتم و بەبێ وەستان نووسیمەوە، خستمە ژێر سەرینەکەم و چەند شەوێك لەدوای یەك و بەیانیان هەرئەوەندەی لەخەو هەلدەستام خوێندمەوەوخوێندمەوە. وێنەکردنی بێ زیادەو وەك بەسەرهاتی نێو تراموا‌کەبوو، بەهەمان ئەوشێوەیەی رویدا و بە شێوازێکی ئەوەندە باو نووسیم کە هیچ جیاواز نەبوو

---

[1]. Chapinero

[2]. fauno، خوداوەندی مەڕداڕ و کێڵگەکان لە ئەفسانەناسی رۆمیدا کە بەشێوەی مرۆڤ و کلك و گوێچکەی تیچی وەکو بزنەوە وێنەکراوە.

له هەواڵی له ناو هەڵکێشانو هەواڵی بەشی ڕووداوە ئاسایە ڕۆژانەکانی بڵاوکراوەکان. سەرئەنجام، لەبەرئەوەی دیسانەوە تووشی شك و گومان بووم و دوودڵیەکی پڕلەئازاری خستە دەرونمەوە، بڕیارمدا تاقی بکەمەوە و بزانم ئایا لەژێر تیشکی چاپدا دەرازێتەوە، بەڵام ئەمجارمیان لەبری ئال سپیکادۆر بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکەم پاشکۆی ئەدەبی ئال تیمپۆم هەڵبژارد. لەوانەیە ویستبێتم بەپێی پێوەرێکی جیاواز لە دیدگای ئێدواردۆ سالامسا، هەڵبسەنگێنرێت، یان لەوانەیە حەزم نەکردبێت لەخۆڕا دەرگیری هەڵبژاردنێکی پڕلەدەردیسەری بکەم، لەبەرئەوەی هیچ هۆیەکم نەدەبینی کەس جگە لەخۆم لەبەر ئەزموونە تازەکەم سزا بدرێت. چیرۆکەکەم لەگەڵ نامەیەکدا بۆ **دۆن خایمێ پۆسادا**[1]ی بەڕیوەبەری لاوی"پاشکۆی ئەدەبی"ئال تیمپۆ، دایەدەست یەکێك لەهاوڕێکانم لە پانسیۆن و ئەویش بردی بۆ نووسینگەی بڵاوکراوەکە. بەڵام نە چیرۆکەکەم چاپکرا و نە وەڵامی نامەکەم وەرگرتەوە.

چیرۆکەکانی ئەوسەردەمەم، کە بەپێی نووسینیان لە"کۆتایی هەفتە"بڵاودەکرانەوە، لە کاتی بارگرژیەکانی ٦ی سیبتامبەری ١٩٥٢ بەهۆی هێرشی بەرپرسەکانی ئاسایش بۆ نووسینگەی ئال سپیکادۆر و گرتێبیەردانی ئەوێ، لە ئەرشیفی ئەو بڵاوکراوەیەدا سڕانەوە. خۆم هیچ دانەیەکی تریانم لەلا نەبوو، هاوڕێ بەسەلیقەو ڕێکوپێکەکانیشم بەهەمان شێوە، و بەوشێوەیە، بەجۆرێك هەستم بە ڕەزامەندی کرد و بە وێناکردنی ئەوەی لەنێو بڵێسەی فەراموشیدا دەبنە خۆڵەمێش، هەناسەیەکەی خۆشیم هەڵکێشا. بەڵام لە هەندێك لە پاشکۆ ئەدەبیەکانی شارەکانیتر لەهەمان سەردەمدا بەبێ پرس بڵاوکرابوونەوە و ژمارەیەکیتریشیان دواتر لە گۆڤارە جۆراوجۆرەکاندا بڵاوکرانەوە، تاوەکو بەهیمەتی دەزگای چاپی **ئەلفیل**[2]ی مۆنتەبییۆ، ساڵی ١٩٧٢ لەیەك بەرگدا و بەناوی یەکێك لەچیرۆکەکانی ئەو کۆمەڵەیەوە: **نابۆ**[3] **ئەو رەشپێستەی فریشتەکانی بەچاوەڕوانی هێشتەوە بڵاوکرایەوە.**

تەنها یەك چیرۆکم لەنێو ئەو کۆمەڵەیەدا نەبوو، لەوانەیە لەبەرئەوەی دانەیەکی باوەڕپێکراوی دەست نەکەوت:"**تۆبل کاین**[4] ئەستێرەیەکی ئاسنین دروست دەکات"، کە لە

---

[1]. Don Jaime Posada

[2]. Alfil

[3]. Nabo

[4]. Tubal Cain ـ لێرەدا مارکێز دوچاری هەڵە بووە، لەبەرئەوەی بەپێی گێڕانەوەی کتێبی پیرۆز، توبل کین لەمس و ئاسن ئامێری دروستدەکرد، و ئەوە یوبال بوو کە مۆزیکی داهێنا: "......و ناوی براکەی یوبال بوو، ئەو باوکی سەرجەم ئەیژەنەکان بوو" (سفری پەیدابوون، ٤ ـ ٢١)

١٧ی ژانوویەی ١٩٤٦ لە ئال سپیکادۆردا بلاوکرابووەوە. کەسایەتی سەرەکی، کە زۆرکەس تەنانەت ناویشیان نەبیستووە. هەلگری ناوی هەمان ئەو ئاسنگەرەیە کە بەپێی کتێبی پیرۆز. مۆزیکی داهێنا. سێ چیرۆك بوون. ئەوکاتەی بەپێی کاتی نووسین و ریزبەندی بلاوبوونەوەیان خوێندمنەوە. هەستم کرد پەراوێز و لەهەندێك رووەوە زیادەڕۆوانە و بێمانا دەهاتنە بەرچاو لەبەرئەوەی هیچکامیان پشتیان بە هەستوسۆزی راستەقینە نەبەستبو. هەرگیز نەمتوانی لەوە تێبگەم رەخنەگرێکی جدی وەکو ئێدواردۆ سالامسا لەسەر چ پێودرێك رازیبوو بە چاپکردنیان. لەگەڵ ئەوەشدا لەلای من بایەخێکی تریان هەیە کە لەلای کەسانیتر مانای نییە، لەبەرئەوەی لەهەرکامیاندا سووچێکی وەرچەرخانی خێرای ژیانمی ئەوسەردەمەم بەدی دەکەم.

زۆربەی ئەو رۆمانانەی لەوکاتانەدا دەمخوێندنەوە و ستایشم دەکردن تەنها لەبەر تەکنیکە گێڕانەوە فێرکاریەکانیان بەلامەوە سەرنجراکێش بوون. واتە شێواز و وردەکاریە شاراوەکانیان. لە رووالەتە دامالراوە میتافیزیکیەکانی سێ چیرۆکی یەکەمەوە تا ئەوسێ چیرۆکەی دوایی کە لەوسەردەمەدا نووسیومن، گەیشتبوومە هەندێك رێڕەوەی دیاریکراو کە بۆ دروستبوونی هەموو نووسەرێك زۆر بەکەلك و سوودبەخشە. بیرم لەوە نەکردبووەوە لە روالەتە گێڕانەوەکانی تر بکۆلمەوە. لەوە دلنیابووم کە جگەلەوەی چیرۆك و رۆمان دوو جۆری ئەدەبی جیاوازن، بەلکو بە دوو ئۆرگانیزمی شوناس جیاوازیش لەقەلەم دەدرێن کە گەر بەهەلە بەیەك شتیان لەقەلەم بدەین، دەرئەنجامی پەشیمانی لێدەکەوێتەوە. هەنووکەش هەمان بیروڕام هەیە و لەجاران زیاتر باوەڕم بەوە هەیە چیرۆك لە رۆمان باشترە. ئەو بەرهەمانەی لە ئال سپیکادۆر بلاوکرانەوە، سەرباری سەرکەوتنی ئەدەبیان، دەردیسەری زۆر و خۆشیان بۆ دروست کردم. هاوڕێ ونو بێئاگاکانم، ئەوکاتانەی دووچاری گرفتی ئابووریی دەبوون، لەسەرجادە بەرۆکیان دەگرتم و داوای قەرزیان لێدەکردم و کە پێیم دەوتن پێم نییە، بەتەواوی زیز دەبوون لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن نووسەرێك کە بەڕاست وچەپدا چیرۆکەکانی چاپ دەکرێن لەبری نووسینەکانی پارەی باش وەرنەگرێت. تەنها ژمارەیەکی کەمی هاوڕێکانم باوەڕیان بەو راستیە تاڵو پڕئازارە کرد کە تەنانەت یەك سەنتیش لەبری چیرۆکەکانم پارەم پێ نادرێتو بۆخۆشم چاوەنواری ئەوەم نەدەکرد، لەبەرئەوەی لەبواری رۆژنامەنووسی ولاتدا ئەوە باوی نەبوو کە هەقی نووسین بدرێت.

لەهەمووی خراپترئەوەبوو کە باوکم لەوە دلنیا بوو کە ناتوانم مەسرەفی خۆم بکەم، بەتایبەت لەکاتێکدا کە سێ خوشك وبرام، لەوکاتەدا ژمارەیان گەیشتبووە پازدە، دەیانخوێند و مەسرەفی ئەوانیش بارودۆخی خێزانەکەی خراپتر دەکرد. مانگی سێ

پیرۆیان بۆ دەناردم. تەنها لەبری کرێی پانسیۆن مانگی پازدە پیـزۆم دەدا کە ئەوپارمیە بەشی هێلکەورۆنی بەیانیانی نەدەکرد و هەمیشە ناچاربووم دەستی بۆنەبەم بۆئـەوەی لـەکاتی مەسـرەف و خەرجیـە چـاوەڕوان نەکراوەکانـدا شـتێکم لەگیرفانـدا بێـت. خۆشبەختانە، نـازانم چۆن بـەوە راهـاتبووم لـە سووچێکی رۆژنامـەکان. لەسـەر پـەڕۆی سفرەی رێستۆرانەکان، لەسەر مێزی مەڕمەڕینی کافتریاکان، بۆ کات بەسەربردن، لەخۆڕا وێنە بکێشم. بێترس دەتوانم بڵێم ئەو وێنانە بـەجێماوی هەنووکـەیی ئـەو وێنانـەبوون کە لەسەردەمی منالیمدا لەسەر دیواری کارگەی زیوکاریی باپیرم دەمکێشان و چ جای بەم شێوازە نوێ و بێدەردیسەرە خۆم لەدەست گوشارە دەرونیەکان بەتاڵ دەکردەوە و کەمێك ئـارام دەبوومـەوە. یـەکێك لەوکەسـانەی بەرێکـەوت لـە ئـال مۆلینـۆ ناسـیبووم و بـە دەسترۆیویی و بێئـەوەی کەمێك وێنەکێشان بزانێت، توانیبـووی وەکو نەخـشەکێش لـە وەزارەتێك دابمەزرێت، و پێشنیاری ئەوەی پێشکەش کردم من کارەکانی جێبەجێ بکەم و مووچەکەی بەش بکـەین. لـە ساڵەکانی تـری تەمەنمدا ئەوەنـدە لـە فێـڵ و تەڵەکـەبازی نزیك نەبوومەوە، هەرهیچ نەبێت ئەوەندە نزیك نەببومـەوە کە هەست بـە پەشـیمانی بکەم.

لـە هـەمان سـەردەمدا، حـەزم بـۆ مۆزیـك پـەرەی سـەند، لەبەرئـەوەی ئـاوازە ناوخۆییـەکانی کارائیـب ـ کە وەکو شـیری دایـك لەمنالیـەوە لەگـەڵیان گـەورە ببووم ـ وردەوردە لـە بۆگۆتـا جێگەیـەکیان بۆخۆیـان دەکـردەوە و رۆژبـەرۆژ لایـەنگریان زیـاتر دەبـوو. پـڕ گوێگرترین بەرنامـە **کاتـژمێری کـەنارمیی** بـوو کـە **دۆن پاسـکۆل دێلفیکۆ**[1] ئامادەو پێشکەشی دەکردو هەموان بە باڵیۆزی مۆزیکی کـەناری ئاتلانتیـك لـە پایتـەخت لەقەڵەمیان دەدا. بەرنامەی بەیانیانی یەکشەممە ئەوەنـدە لایـەنگری پەیـدا کردبـوو کە ئێمەی فێرخـوازانی کارایبی هێرشمـان دەکـردە سەر ستۆدیۆی پـەخش و تـا درەنگـانی ئێوارە لەوێ سەمامان دەکرد. ئەمە سەرچاوە و سەرەتای پەسەندکردنی بەرینی مۆزیکی ئێمەبوو لە کەنارە ناوخۆییەکانی وڵات و تەنانـەت دواتـر لەناوچـە دوورەکانیش پـەرەی سەند و بوەهۆی ئەوەی پێگە و بایەخی فێرخوازە کارایبیەکان لە بۆگۆتا بەرز ببێتەوە.

تاکەشتێك کە دەبووەهۆی نیگەرانیمان تارمایی هاوسەریەتی زۆرەملێیانـەبوو. نـازانم ئەو پڕوپاگەندەیە لەکوێوە هات و بە کەناری کارایبدا بڵاوبووەوە کە کیژە بۆگۆتاییـەکان بەئاسانی رێگەیان بەلاوە کارایبیەکان دەداو دوایی بـەفێڵ وتەڵەکەی ناوجێگە ناچاریان دەکردن بیانخوازنو بیانوشیان عەشق نەبوو بـەڵکو حـەزیان دەکـرد لەماڵێکدا بـژین کە

[1]. Don Pascual Delvecchio

پەنجەرەکانی بەرووی دەریادا بکرێتەوە. هەرگیز باوەڕم بەو وێناندە پووچە نەکرد. بەپێچەوانەوە، ناخۆشترینی بیرەوەریەکانی ژیانم پەیوەندی بە گەڕەکە هەژارانەو دلگیرەکانی بۆگۆتاوە هەبوو، کەپاش بەدمەستیەکانمان سەرێکمان لێدەدان بۆئەوەی خۆمان بەتاڵ بکەینەوە. یەکێك لەو رووداوە پڕلەشەرمەزاریانەی کە پاشماوەی رەمەق و زیندویەتی لەدەرونمدا وشك کردەوە و ئەوەندەی نەمابوو تەواو دووشی گێچەڵم بکات: شەوێك، پاش بەجێهێشتنی ژووری ئەو ژنەی چەند چرکە پێشتر لە نێو جێگەی نووستنەکەیدا بووم، ژنەکە دەستەپاچەو رووت رایکردە رێڕەوەکە و هاواری کرد ئەو دوازدە پیزۆیەم لێدزیەوە کە لە چەکمەچەی مێزەکەیدا شاردبویەوە. دوو گەوادی نێرەکەری قاحیەخانەکە کەوتنە گیانم و بەرشەق وبۆکسیان دام و سەرباری ئەوەی ئەودوو پیزۆیەیان برد کە پاش ئەو نامێزان بوونە قێزەونە لەگیرفانما مابوو، سەرجەم جلوبەرگەکان و تەنانەت پێڵاو و گۆرەویەکانیان پێداکەندم و سەرتاپای جەستەم بۆ ئەوپارە دزراوە گەڕان. بەهەرحاڵ نیازی ئەومیان نەبوو بمکووژن، بەڵکو بەنیازبوون بمدەنە دەست پۆلیس کە لەناکاو ژنەکە بیری کەوتەوە رۆژی پێشتووتر پەناگەی پارەکانی گۆڕیوە. و پارەکانی بەدەست لێنەدراوی لە شوێنە تازەکەیاندا دۆزیەوە.

لەنێو دۆستایەتیە فەرامۆش نەکراوەکانی سەردەمی زانکۆ، هاورێیەتیم لەتەك کامیلۆ تۆرس یەکێك بوو لە لەیادنەکراوترینی بەسەرهاتەکانی لاویەتیم. رۆژێك، بۆیەکەمجار، نەهاتە پۆلەوە. هۆکاری ئامادەنەبوونی وەکو تۆپ لەشارەکەدا دەنگی دایەوە. کارەکانی رێکخست، بارگەوبنەی پێچایەوە و بڕیاریدا بەنهێنی لەماڵەوە رابکات و بچێتە قوتابخانەی ئایینی **چیکینکیرا**[1] کە سەدوچەند کیلۆمەترێك لەبۆگۆتاوە دووربوو. دایکی لەوێستگەی شەمەندەفەرەکە گرتی، گەڕاندیەوە بۆماڵەوەو لە کتێبخانەکە زیندانی کرد. لەوێ سەردانم کرد، رەنگ وڕوی لەجاران زیاتر بەبەرەوەنەمابو و بۆیەکەمجار هێمنییەکم لە روخساریا بەدیکرد کە منی خستەوە یادی رەحمەتی خوداوەندیی. بڕیاری تەواوەتی دابوو لە قوتابخانەی زانستە ئایینیەکان درێژە بەخوێندن بدات لەبەرئەوەی حەزێکی دەرونی کە لەکۆنەوە لەقوڵایی بوونیا حەشاردرابوو و کەسیش لێی بەئاگا نەبوو، ئێستا وروژابوو و بە بڕوایەکی گەرم و بەرپێنەگیراوەوە دەیویست رێگەی چارەنووسی تا کۆتایی ببڕێت.

وتی - **ناخۆشترین قۆناغیم تێپەڕاندووە.**

---

[1]. Chiquinquira

بەم رستەیە دەیویست ئەوەم تێبگەیێنێت کە کۆتایی بەپەیوەندی نێوان خۆی و دەزگیرانەکەی هێناوەو ئەویش بەبێ بچوکترین نارەزایی ستایشی بریارەکەی دەکرد. پاش ئەوەی ئێوارەیەکی پرلەجولەمان پێکەوە بردەسەر، کتێبێکی بەدیاریی پێشکەش کردم کە دەتووت کۆدێکی نووقاوە: **سەرچاوەی جۆرەکان**ی داروین. کاتی ماڵئاوایی، بەشێوەیەکی سەیر لەوە دڵنیابووم ماڵئاوایەکی نەبەدیە.

ئەوماوەیەی لە قوتابخانەی زانستە ئاینیەکان بوو نەمبینی. هەندێك جار لەملاولاوە هەندێك هەواڵم دەربارەی بەرگوێ دەکەوت، بۆنموونە زانیم بۆ فێربوونی ئیلاهیات چووە بۆ **لوڤاینا**[1]، تەنانەت پاش پۆشینی بەرگی رۆحانیەت هێشتا رۆحیەتی فێرخوازانە و هەڵسوکەوتە نائاینیەکەی پاراستبوو. ئەوکیژۆڵانەی ناهیان بۆ هەڵدەکێشا بەچاوی ئەکتەرێکی قۆزی سینەماوە دەیابینی کە بەرگی قەشەیی چەکی کردبێت.

دە ساڵ دواتر، ئەوکاتەی گەرامەوە بۆگۆتا، هەرچەندە رۆح و جەستەی پێشکەشی خزمەتکردنی پەروەردگار کردبوو بەڵام هێشتا پەسەندترینی تایبەتمەندیەکانی نەوجەوانی لەبوونیا بەئاگا بوون. من لەوسەردەمەدا بە نووسەر و رۆژنامەنووسێکی بچوك لەقەڵەم دەدرام، ژنم هێنابوو و کورێکم هەبوو : **رۆدریگۆ**[2] کە ٢٤ی ئووتی ١٩٥٩ لە بنکەی تەندروستی **پالرمۆ**[3]ی بۆگۆتا لەدایك ببوو. لەنێو خێزانەکەماندا بریارماندا کامیلۆ لەئاو هەڵکێشێت. بریاربوو پلینیۆ ئاپۆنیۆ میندۆزا، کە من و هاوسەرەکەم ماوەیەك بوو هاورێ و هاوکاریی بووین، ببێتە باوکی تەعمیدی. دایکی تەعمیدیش **سۆسان لینارس**[4]ی هاوسەری ژێرمەن بارگاس کە ساڵانێکی زۆر دۆستایەتی و ئەزموون و شارەزایی خۆی لەبواری رۆژنامەنووسیدا پێشکەش کردم. کامیلۆ لەتەك پلینیۆ دۆستایەتیەکی کۆنتری هەبوو بەڵام رازی نەبوو ئەوببێتە باوکی تەعمیدی، لەبەرئەوەی دەیزانی کە پێشووتر لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا هەستاوەودانیشتووە و هاودڵیان بووە. هەروەها باش دەیناسی و تارادیەك دڵنیابوو کە لەهیچ هەلومەرجێکدا ناتوانێت دەستبەرداری گێلیەتی و گاڵتەجاریەکانی ببێت و دەترسا لەوەی نەبا بە گاڵتە نابەجێکانی ئەو رێورەسمە ئیلاهیە بریندار بکات. سۆسانا بریاریدا فێرکاریی مەعنەویی منداڵەکە لەئەستۆ بگرێت و کامیلۆ نەیتوانی - یان نەیویست - بیانوویەکیتر بدۆزێتەوە و رازیبوو کە هاورێ کۆنەکەی باوکی تەعمیدی کورەکەی ئێمە بێت.

---

[1] Levana

[2] Rodrigo

[3] Palermo

[4] Susana Linares

ڕێوڕەسمی لەناو هەڵکێشان، لە نوێژخانەی کلینیکی پالرمۆ، لە سەرمای کاتژمێر شەشی عەسردا جێبەجێکرا. و جگەلە من و باوك و دایکە تەعمیدیەکە و پیاوێکی گوندنشین بە پانچۆ و پاپووچەوە، کە هێمن و لەسەرخۆ لە ئێمە نزیك دەبودوە وەکو ئەوەی بیەوێت بێئەوەی کەس بزانێت لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشداریی بکات، کەسیتری لێنەبوو. ئەوکاتەی سەرووکەلەی سۆسانا و منالەکە دەرکەوت، باوکە لەناو هەڵکێشەکە یەکەمین ڕستەی وروژێنەر و بزوێنەری هێنایە سەرزمان:

ـ کارێك دەکەین ئەم منالە ببێتە چریك.

کامیلۆ، لەکاتێکدا سەرقاڵی ئامادەکردنی ئامرازی ڕێوڕەسمە ئایینیەکە بوو، بەهەمان ئاوازەوە، دەستی بە هێرشێکی پێچەوانە کرد: "**بەڵێ، بەڵام چریکی خودا**" مەراسیمەکەی بەو بڕیارە لێبڕاوانە دەست پێکرد کە تادەتوانێت پیرۆزتر بینوێنێت و هەندێك ڕستەی بەکارهێنا کە لەوسالانەدا هەرگیز باویان نەبوو:

ـ بە زمانی ئیسپانی لەناوی هەڵدەکێشم بۆئەوەی بێ ئیمانەکان لەم ئایینە پیرۆزە تێبگەن.

ڕستە ئیسپانیە بارقورس و شکۆمەندەکانی بە دەنگێکی زوڵاڵ و پڕئاوازەوە لەگوێچکەمدا دەنگ دەدەنەوە و ئەورستە لاتینیانەم بیردەهێنەوە کە لەسەردەمی منالیمدا لە ئاراکاتاکا گوێم لێبوو. لە ساتی لەناوهەڵکێشانەکەدا، کامیلۆ بێئەوەی تەماشای کەس بکات، قسەیەکی وروژێنەرتری داهێنا:

ـ ئەوانەی باوەڕیان هەیە، لەم چرکەساتەدا، تیشکی مەلەکووتی ڕۆحی پیرۆز دەپرژێتە سەر ئەم بوونەوەرە، بکەونە سەرئەژنۆ.

من و باوك و دایکە لەناوهەڵکێشەرەکە نەکەوتینە سەرئەژنۆ و ڕەنگە لەم ڕەفتارە فێڵبازانەیەی هاوڕێ قەشەکەمان بێزار بووین، لەکاتێکدا کە منالەکە لەژێر ئەو ئاوەپیرۆزەی دەیانکرد بەسەریا دەستی بەگریان کردبوو تاکە کەسێك کە کەوتە سەرئەژنۆ گوندنشینە پانچۆپۆشەکە بوو. ئەم بەسەرهاتە یەکێك بوو لە بریندارکەرترینی ئەو وانانەی لەژیان وەرمگرت و ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر زەینم بەجێهێشت، لەبەرئەوەی بەردەوام بیرلەوە دەکەمەوە کامیلۆ بە ڕێکەوتنی پێشوەخت ئەو گوندنشینەی هێناوەتە ئەوێ بۆئەوەی بە ملکەچیەکەی ئێمە فێری لەخۆبردوویی بکات. یان هەرهیچ نەبێت بیکاتە سەرمەشقی ئەدەب و ئەزاکەت بۆمان.

لە چەندجارێك زیاتر ئەمبینی و هەموو جارێکیش یەکتر بینینەکان هۆکاری دیاریکراو و تایبەتی خۆیان هەبووە و ئارادەیەك پەیوەندیان بە کارە خێرخوازانەکانیەوە هەبوو لەمەڕ پاڵپشتیکردنی بەرهەڵستکارە سیاسیە فیرارەکان.

لەسەرەتای ژیانی هاوسەریەتیمدا، بەیانیەکی زوو سەرووکەلەی لە مالّی ئێمە دەرکەوت لەکاتێکدا کە دزێکیشی لەگەلّ بوو کە پێشتر دزی لەمالاّن کردبوو هەرچەندەش ماوەی سزاکەی کۆتایی هاتبوو وخۆشی لەکردەوەکانی پێشووی پەشیمان بوو و دەیویست رەوتی ژیانی بگۆڕێت بەلاّم بەرپرسەکانی پۆلیس دەستبەرداری نەدەبوون و تەنگیان پێهەلّچنیبوو: وەخت وناوەخت دەچوونە سەری و باجیان لێدەسەند. جارێکیان جووتێك پۆتینم بە دیاریی پێشکەش کرد کە بنەکەی نەخشێکی تایبەتی پێوەبوو. چەندرۆژێك دواتر، کارەکەری مالّەکە نەخشی بنی پۆتینەکانی لە وێنەی بەرەلاّیەکی خراپەکاردا، کە لاشەکەی لە چالێکدا دۆزرابوەوە، ناسیەوە. هەمان دزە ناسراوەکەی خۆمان بوو.

نامەوێت ئەم باسە بەچارەنوسی کامیلۆوە گرێبدەم، بەلاّم چەند مانگێك دواتر بۆ بینینی هاوڕێیەکی نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی سەربازیی دەکات و چیتر کەس هیچ هەوالێکی نەبیست تائەوکاتەی دەولّەت رایگەیاند وەك چریکێکی سادە پەیوەندی کردووە بە سووپای رزگاریخوازی نەتەوەییەوە و لەچەند شەڕێکیشدا بەشداریی کردووە. ٥ی فەوریەی ١٩٦٦، لەتەمەنی سی و حەوت سالّیدا، لە شەڕێکدا دژبە گرووپێکی سەربازیی، دەکووژرێت.

ناوتۆمارکردنی کامیلۆ لە قوتابخانی زانستە ئایینیەکان هاوکاتبوو لەتەك بڕیارە دەروونیەکەی من لەمەڕ ئەوەی لەوە زیاتر لە کۆلیژی ماف کاتی خۆم بەفیڕۆ نەدەم، بەلاّم بوێریو ئامادەیی ئەوەم تێدا نەبوو بەهێزەوە لەبەرامبەر دایك و باوکم رابوەستم و چارەنووسم یەکلایی بکەمەوە. لە لوویس ئێنریکەی برامەوە ـ کە لەفەوریەی ١٩٤٨دا هاتە بۆگۆتا، لەبەرئەوەی کارێکی گونجاوی لەوێ دەست کەوتبوو ـ بیستم کە ئەوان زۆر لە دەرئەنجامی نمرەکانی تاقیکردنەوەی دیپلۆم و سالّی یەکەمی کۆلیژەکەم رازیبوون و بەنیازی هاندانم بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو نوێترین و جوانترین ئامێری تایپی بازاڕیان کڕیو بۆیان ناردم. یەکەمین و لەهەمان کاتدا بێبەخترین ئامێری تایپی ژیانم بوو، لەبەرئەوەی هەمان ئەورۆژەی بەدەستم گەیشت لەبری دوازدە پیزۆ بەبارمتە دامنا بۆئەوەی بەبۆنەی هاتنی براکەمەوە لەتەك کوڕانی پانسیۆنەکە ئاهەنگێك سازبکەین و رۆژێك بەخۆشی ببەینەسەر. رۆژی دوایی، لەکاتێکدا سەرم لەتاو ئازار هێندەی نەمابوو بتەقێت، خۆمان گەیاندە دامەزراوەی کاردۆزینەوە بۆئەوەی دلّنیابین هێشتا ئامێرەکە لەوێیە و ئەوکاتەی ئامێرەکەمان بەدەست لێنەدراویی بینیەوە، هەناسەیەکی خۆشیمان هەلّکێشاو چاوەڕێی ئەوەمان کرد پارەیەکی بەلاشمان چنگ بکەوێت و لەبارمتەیی رزگاری بکەین. ئەوکاتەی جەنابی وێنەکێشە ساختەکە بەشی منی لە مووچەی مانگانەکەی دامێ، هەلێکی باش خولّقا بۆئەوەی ئامێری تایپەکە لەزیندان رزگار بکەین

بەڵام لەدوواساتەکاندا بڕیارمان گۆڕا و رزگارکردنیمان دواخست. هەمووجارێك من یان براکەم پێکەوە یان بەتەنیا بەبەردەم دامەزراوی کاردۆزینەوەدا تێدەپەڕین و لەدەرەوە سەیرمان دەکرد تا لەوە دڵنیابین هێشتا ئامێری تایپەکە پێچراوە بە کاغەزی ... رد و شریتێکی رەنگین لەنێو ریزێك ئامێری ناومالّ لەوێ پارێزراوەو وەکو بووکێك خۆی دەنوێنێ. پاش تێپەڕینی مانگێك، پارە گەشبینانەکانمان کە هۆکارەکەیان سەرخۆشی ساتەکانی مەستی بو، بەپێچەوانە کەوتەوە، بەلام هێشتا ئامێری تایپەکە بە ساغی لەشوێنی خۆی مابوو و تائەوکاتەی سوودی سێ مانگ جارێکی قەرزەکەمان دەدا، دەمانتوانی لەوە دڵنیابین هەر لەوێ دەمێنێتەوە.

پێموایە، لەوسەردەمەدا هێشتا لەو ململانێ سیاسیە توندانەی وڵاتی دەورووژاند و هەرڕۆژە بارگرژیەکانی زیاتر تاودەدا، بێئاگا بووین. سەرباری ئەوەی ئۆسپینا پرێز روخسارێکی دیار و دانپێدانراوی پارێزکارێکی میانەڕەو بوو، بەڵام زۆربەی ئەندامانی پارتەکەی دەیانزانی ئەوەی بوەهۆی بردنەوەی هەڵبژاردنەکان، بەپلەی یەکەم دووبەرەکی و ناکۆکیە ناوخۆیەکانی لیبراڵەکان بوو. ئەوان، لەو شکستە قورسە سەریان دەسووڕما و ئەلبێرتۆ یێراسیان لەبەر بێلایەنی شێتانەی سەرزەنیشت دەکرد و بەهۆکاری سەرەکی ئەو شکستەیان دەزانی. دکتۆر گابریل تۆربای کە زیاتر بەهۆی رۆحیەتە ئەفسوردەکەیەوە زیانی بینیبوو تا دەنگە دژەکانی، بەبێ هیچ مەبەست یێکی دیاریکراو و ئەنگێزەیەکی دروست، بە بیانووی بەدەستهێنانی ماستەر لە پسپۆڕی دڵ، چووە ئەوروپا و ساڵ ونیوێك دواتر، تاك وتەنها، ملی بۆ تاڵی غەمگینانەی شکست کەچ کرد و لەنێو گوڵە کاغەزین و تاجەگوڵینە پەژموردەکانی ئوتێل **پالاس ئاتنی**ی پاریس گیانی سپارد. بەپێچەوانەوە، خۆرخێ ئەلیێسر گایتان تەنانەت یەك رۆژیش پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی بەنیازی قۆناغی دوایی نەوەستاند، بەڵکو لەبنەڕەتەوە بەرنامەی سیاسی خۆی بەمەبەستی سەقامگیریی و بنیاتنانەوەی مۆراڵی کۆماریی، رادیکاڵیزە کردەوە، بەشێوەیەك کە ناکۆکی مێژوویی نێوان لیبراڵ و پارێزکاران گۆڕا بۆ جۆرە بەرەنگاریەکی جیاواز و دابەشبوونی دوولایەنەی وڵات لەسەر بنەڕەتی درزێکی ئاسۆیی و واقیعگەرایانەتر لەنێوان بەرکارخەر و بەرکارخراو دیاریکرا: سیاسەستمەتدارە دەسەڵاتخواز و قازانجخوازەکان لەبەرامبەر گەلی دادپەروەریخواز. بە هاوارە مێژوویەکەی "هێرش بکەن"و هێزد لەرادەبەدەر و ماندوونەناسانەکەی، تۆوی بەرهەڵستی لە دوورترین ناوچەی وڵاتدا چاند و بارگرژییەکی گەورەی بەرپاکرد کە لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا سەرتاسەری وڵاتی تەنیەوە و تا ئاستی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی راستەقینە پەرەی سەند.

تەنها بەوشێوەیەبوو کە تێگەیشتین و بەئاگابووینەوە لەوەی وڵات جارێکیتر خەریکە بــەرەو هەڵــدێری هــەمان ئــەو جەنگــە ناوخۆییــە هەڵدەخلیــسکێ کــە لەســەردەمی جیابوونەوە لە ئیسپانیاوە وەك مۆتەکەیەك بەسەرسینەی گەلەوەبوو و ئێستا نــەوەکانی تار[illegible] سەرتاپای ئەو ناکۆکیانە، ڕێگەکەی باوباپیرانیان دەبڕی. پارتی پارێزکاران کە پــاش چــوارقۆناغی یــەك لــەدوای یــەکی دووربــوون لــە دەســەڵات. بــەهۆی ناکۆکیــە ناوخۆیەکانی لیبراڵەکانەوە، جارێکیتر ڕێیان کەوتبوەوە کۆشکی سەرەك کۆماریی، بـەهیچ جۆرێك ئامادەنەبوون چاو لەو دەسەڵاتە دۆزراوەیە بپۆشێت و بۆ پاراستنی پێگەی خۆی سڵی لەهیچ جۆرە ڕەفتارێك نەدەکردەوە. دەوڵەتی نۆسپینا پرێز. بۆگەیشتن بـە ئامـانج، پشتی بە سیاسەتی زەوی قەدەغەکراو بەست و هێند توانا و ڕەمەقی وڵاتـی بـەرەو کـزی بــرد کــە تەنانــەت ژیــانی ڕۆژانــەی خێزانــەکانیش لــە ئاکامــەکانی ئــەو وێرانکاریــە دەرنەچوون.

هێنـدە لـەبارودۆخی سیاسـی وڵات بێخەبـەر و مەسـتی شـەرابی ئـەدەبیات بـووم کـە تەنانەت وێنەی ئەو واقیعە ڕونانەش بەبیرماندا نەدەهات، تائەوکاتـەی شـەوێکیان، کاتی گەڕانەوەم بۆ پانسیۆن، تارمایی سەرسوڕهێنەری هووشیاری لەسـەر ڕێگەکەم سەوزبوو. خۆرخێ ئەلیێسر گایتان، وەکو نـەریتی هەمیشەیی شـەوانی هـەینی لـە هۆڵی شانۆکەی شارەوانی ووتـاری دەخوێنـدەوە و دەنگدانـەوەی ئاسنینی دەنـگ و قسە تونـدەکانی، کـە بەئەنقەسـت پڕاوپڕبـوو لـە ڕستـەگەل و زاراوەی بازاڕیانـە. شـەقامە چۆڵەکانی شاری دەگرتەوە کە کەوتبوونە بەر قامچی باساردە کوێستانیەکان و قسەکانی دەگەیشتە گوێی هــەموو خــەڵکی شـار. لەوشـوێنەدا بەزەحمــەت جێگــەی هــەزار کــەس دەبـوەوە بــەڵام ووتاربێژیەکە سەرەتا بە بڵندگۆ بە شەقامەکانی ئـەو دەوروبـەرەدا دەخولایـەوە و دواتـر لەڕێگـەی ڕادیۆکانـەوە بـەدەنگێکی بـەرزەوە، وەکو قامـچی لەشارە خامۆشـەکەدا دەنگـی دەدایەوە و سێ چوار کاتژمێریش لەڕێگەی کـەناڵی سەرتاسـەریەوە بـۆ ملیۆنـەها گوێگر لەسەرتاسەری وڵات بڵاو دەکرایەوە.

ئەوشــەوە هەسـتم دەکـرد جگەلـەمن کـەس لەسـەر جادە نـەبوو. هەڵبەتـە جگەلـە سوچـەکەی بینـای ڕۆژنامـەی ئـال تیمپـۆ، کـە وەکو هـەموو شـەوێکی هـەینی، گرۆپێـك پۆلیـسی چـەکدار و ئامـادەی جـەنگ پارێزگاریـان لێـدەکرد. مـن کـە تائەوکاتـە بەخۆبەگەورەزانینەوە توانایەکانی گایتانم ڕەت دەکردەوە و گومانم لـە ڕاستی قسەکانی هـەبوو، لـەناکاو گەیـشتمە دۆزینەوەیـەکی ڕاسـتەقینەو ئـەو شـەوە بـەهۆی هەسـتێکی لەناکاو، لەوە تێگەیشتم کە ئـەو هـەنگاوی ناوەتـە ئەوپـەڕی زەمـانی ئیسپانی و سـەرقاڵی داهێنانی زمانێکی نوێبوو بۆ هەموان کە لـە میانەیـدا ڕیتمـی دەنـگ و شـەوق و هەستی

دەربڕینــی ووشــەکان زیــاتر لەمانەکــەیان بایــەخیان هــەبوو و نــەو بۆخــۆی لــە وتارخوێندنەوە حەماسیەکانیا. بە حاڵەتێکی باوکانەو شەیتانیانە ئامۆژگاری گوێگرەکانی دەکــرد هــێمن و لەســەرخۆ بگەڕێنــەوە ماڵــەکانیان و ئــەوانیش فرمانــە هێمائــامێزە شاروەکەی نێو ئەو رستانەیان وەردەگیرا و تێدەگەیشتن کە دەبێت بە بەرجەستەترین شــێوە بێــزاری خۆیــان لەبەرامبــەر هــەرجۆرە نیــشانە و ئاماژەیــەکی نابەرابەریــە کۆمەلایەتیەکان و دەسەلاتی داگیرکەرانەی حکومەتی درۆ توورە، دەربڕن. تەنانــەت ئــەو پۆلیــسانەشی بەرپرســی پاراســتنی هێمنــی بــوون ســەرنجی ئــەو ئامۆژگاریانــەیان دەدا و بەپێچەوانەوە گوزارشتیان لێدەکرد.

بابــەتی وتارەکــەی ئەوشــەوە دەرخــستنی ورد و چــڕوپڕی زیانــەکانی توندوتیــژیی وێرانکەرانــەی دەوڵــەت بــوو لــە جێبــەجێکردنی سیاســەتی زەوی قەدەغــەکراودا کــە بەمەبەستی تێکوپێك شکاندنی بەرهەڵستی و دژایەتی لیبراڵەکان بوو، کە بەهۆیــەوە ژمارديــەکی زۆری هێزەکــانی پــۆلیس و ســووپا کوژرابــوون و گــەلێك گوندنــشینیش بــێ سەرپەنا و برسی و ئاوارەی شارەکان کردبوو. گایتان، پاش ژماردنی کوشتارە ترسناك و شــەڕە خوێناویــەکان، ووردە وردە دەنگــی هــەلبڕی، قــسەکانی، ووشــە بــە ووشــە و رستەبەرســتە، برینداركــەرتر و ووروژێنــەرتر دەبــوون و بــە قــسەبازیە نمایــشی و کاریگەرەکەی شتێکی سەیری خولقاند. هەڵچوون و شەپۆلدانی ئامادەبووان لەگەڵ ریتمی قسەکانیا پــەرەی دەســەند تــا دواجــار تەقیــەوە، شــاری پــڕ کــرد و بــەهۆی شــەپۆلەکانی رادیــۆوە بــەرەو دوورەدەســترین نــاوچەکانی ولات شــۆڕبوەوە. جەماوەری ورووژاو رژانــە ســەر شــەقامەکان و بەپاڵپــشتی نهێنــی و کارئاســانی و هاودەســتی پۆلیــسەکان، هــەراو فەرتەنەیەکیان نایەوە کە بێبەربەست دەینواند. وابزانم لەوشەوەدابوو کە بۆدواجــار لــە قووڵایی خۆخواردنەوەکانی باپیرم و شیکردنەوە واقیعبینانە و هۆشمەندانــەکانی کامیلۆ تــۆرس ریــستێرپۆ تێگەیــشتم. ســەرم لــەوە دەســووڕما چــۆن لــە زانکــۆی نیــشتیمانی فێرخوازەکــان هێــشتا لایــەنگری لیبراڵ و پارێزکارانیان دەکــرد، هەرچــەندە لەنێوانیانــدا گروپێکــی بــچوکی کۆمۆنیــستیش بەدیــدەکرا، بــەڵام ئــەو کەرتبونــەی گایتــان دەیویــست بیکاتــە ولاتــەوە هێــشتا کاریگــەری لەســەر ئــەو کەشــە روناکبیریــە بەجێنەهێــشتبوو. حەپەساوو گێژ لەو جۆش وخرۆشــەی ئەوشــەوە گەیــشتمەوە پانــسیۆن و هــاو ژوورەکــەمم

بینی بە وچان لەسەر شوێنەکەی پاڵکەوتووە و یەکێك لە کتێبەکانی **ئۆرتێگا یی گاست**[1] دەخوێنێتەوە.

وتم - **دکتۆر بێگا، من بووم بە کەسێکی نوێ. ئێستا تێدەگەم بۆچی و چۆن سەرهەنگ نیکۆلاس مارکیز ئەوهەموو ساڵەی تەمەنی لە گۆڕەپانی جەنگدا بردەسەر.**

چەندرۆژێك پاش ئەوە - ٧ی فەوریەی ١٩٤٨ - ئەو یەکەمین رێپێوانە سیاسیەی بەشداریم تێدا کرد لە داهێنانی گایتان بوو: رێپێوانی ماتەمینی بۆ قوربانیانی بێ شوماری توندوتیژیی حکومی لە ولاتدا، بە ئامادەبوونی زیاتر لە شەش سەد ژن وپیاوی دڵتەنگو غەمگین، کە ئاڵا سوورەکانی حیزب و ئاڵا رەشەکانی ماتەمینی لیبراڵەکانیان بەدەستەوە بوو. تەنها یەك دروشمیان هەبوو: بێدەنگی رەها. رێپێوانەکە بەشێوەیەکی هێند کاریگەر بەڕێوەچوو کە هەرگیز چاوەڕوان نەدەکرا. تەنانەت ئەو کەسانەشی لە باڵکۆنی ماڵەکان و نووسینگەکانی شەقامی سەرەکی پڕاوپڕ لە خەڵك تەماشایان دەکرد، بەبێ ویستی خۆیان بەشداریی خەم و بێدەنگی بەشداربووانیان دەکرد. ئەو خانمەی لەتەنیشتمەوە دەڕۆشت، لەژێر لێوەوە دەپاڕایەوە. پیاوێك کە چەند هەنگاوێك لێی دووربوو تەماشایەکی کرد:

- خانم، تکایە وریای هەڵسوکەوتتان بن!

ژنەکە بە کڕوزێکی بێمانا داوای لێبوردنی کرد و لەنێو گۆمی تارمایەکاندا نووقم بوو. بەڵام ئەوەشتەی هێندەی نەمابوو بمخاتە گریان هەنگاونانی لەسەرخۆ و هەناسەدانی جەماوەربوو لە نێو بێدەنگیەکی میتافیزیکیدا. من بەبێ هیچ باوەڕێکی سیاسی و تەنها لەبەر وردبونەوە لەو رێپێوانە بێدەنگە، چبوومە ناو خەڵکیو لەپڕ تێگەیشتمو کینەیەك گەروی گرتم. گوتارەکەی گایتان لە گۆڕەپانی بۆلیبار و لەسەر باڵکۆنەکەی شارەوانیەوە، وەکو وتاری رێورەسمی بەخاکسپاردن قورسایی سۆزدارانە و وروژێنەرانەی کاریگەری قوڵی لەسەر جەماوەر بەجێهێشت. بە پێچەوانەی پێشبینیە رەشبینانەکانی هاوحیزبیەکانیەوە، قسەکانی بە لەبەرچاوگرتنی ئاستەمترین مەرجی رێپێوانی بێدەنگی کۆتایی پێهێنا: کەس چەپڵە لێنەدات.

ئەمەبوو گێڕانەوەی"رێپێوانی بێدەنگی"، ورووژێنەرترینی ئەو رێپێوانانەی لە کۆڵۆمبیا ساز دەکران. ئەو خاڵەی پاش ئەو ئێوارە مێژوویە بەشێوەیەکی لێبڕاوانە لەنێو زمینی لایەنگران و دووژمنانی لیبراڵەکاندا نەخشی بەست ئەوەبوو کە سەرکەوتنی

---

[1] Jose Ortega ygasset (١٨٨٣ - ١٩٥٥)، فەیلەسوف و ئامیلکەنوسی بەناوبانگی ئیسپانی کە یەکێك لەبەرجەستەترین بەرهەمەکانی نامەی یاخیبوونی جەماوەرە.

گایتان لە هەڵبژاردنەکاندا هیچ جێگەی گومان نییە. پارێزکارانیش باش ئەمەیان دەزانی و توندتربوونی ئەو توندوتیژییەی کە داوێنی سەرجەم وڵاتی گرتبووەوە و دڕندەیی و بێبەزەیی پۆلیسی ڕژێم لەدژی لیبراڵیزمی بێ چەك و سیاسەتی زەوی قەدەغەکراو. هەموو بەڵگەی ئەو ڕاستیە بوون. ستەمکارانەترینو پڕمەترسیترین دەرکەوتنی بارودۆخی ڕۆحی گەل، لە کۆتایی هەفتەیەکدا، بینەرانی گابازی لە گۆڕەپانی بۆگۆتا نمایشیان کرد: ئەوانەی لە ریزی پێشەوە دانیشتبوون، هەڵچوو لە چالاکی گاکەو بێغیرەتی گابازەکە کە نەیدەتوانی ئاژەڵەکە بکوژێت ڕژانە گۆڕەپانەکە. خەڵکە تووڕەکە ئەو ئاژەڵە داماوەیان لەتوپەت کرد. ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەرانەی شایەتی بینینی ئەو دیمەنە ترسناك و بریندارکەرەبوون یان ئەو ڕووداوەیان بیست، بە نیشانەی پڕمەترسی ئەو توندوتیژیە شێتانەیە لەقەڵەمیاندا کە وڵات تووشی ببوو.

لەو کەشە ئاڵۆزەدا، نۆهەمین دانیشتنی پان ئەمریکایی، ڕۆژی ٣٠ی مارس، کاتژمێر چوارونیوی عەسر، لەبۆگۆتا کرایەوە. شاریان بە سەرفکردنی بودجەی زۆر، بەپێی سەلیقەی جوانپەسەندانەی سەرەك وەزیرانی ئەوکاتە لایۆریانۆ گۆمێز، ڕازاندبووەوە کە بەحوکمی پۆستەکەی سەرۆکایەتی دانیشتنەکەی لەئەستۆ بوو، بۆئەوەی مۆدێرن و پڕلەچالاکی بنوێنێ. سەرەك وەزیرانی سەرجەم وڵاتانی ئەمریکای لاتین و کەسایەتیە بەرجەستەکانی ئەوسەردەمە لەو کۆنفراسەدا ئامادەبوون. دیارترین پیاوانی دەوڵەتی کۆڵۆمبیاش میوانی ئەو دانیشتنە بوون، هەڵبەتە جگەلە جیاکاریەکی مانادار کە هیچ جێگەی سەرسووڕمان نەبوو: خۆرخێ ئەلیێسر گایتان، کە بێگومان لەبەر ڤیتۆی لێبڕاوانەی لایۆریانۆ گۆمێز و هەروەها ناڕەزایی چەند ڕابەرێکی لیبراڵەکان کە بەهۆی هێرشە توندەکانیەوە لەدژی ئۆلیگارشی هاوبەشی هەردوو حیزب لێی بێزار بوون، ناویان لە لیستی بانگهێشتکراوەکاندا سڕابووەوە. ئەستێرەی بەدرەوشی دانیشتنەکە، ژەنەڕاڵ **جۆرج مارشاڵ**[1]ی نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکان و پاڵەوانی گەورەی دواجەنگی جیهانی بوو، کە شایستەیی ئەکتەرەکانی سینەمای هەبوو و شانازیی بنیاتنانەوەی ئەورووپای وێرانکراوی پاش جەنگی هەڵگرتبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەینی ٩ی ئابریل، ناوی خۆرخێ ئەلیێسر گایتان لەهەموان زیاتر لەسەر زاران و لە هەواڵەکاندابوو، لەبەرئەوەی توانیبووی **خێسوس ماریا کۆرتیز پۆڤێدا**[2] تۆمەتی **ئیۆدرۆ گالارا ئووسا**[3]ی ڕۆژنامەنووس، پاکبکاتەوە. کەمێك پێش کاتژمێر هەشت،

---

[1]. Gorge Marshall

[2]. Jesus Maria Cortes Poveda

[3]. Eudoro Galarza Ossa

سەرباری ئەوەی تا دەمەو بەیان لە دادگا ببوو، بەوپەڕی شادومانی و حەزەوە لە نووسینگەی پارێزەریەکەی لە چوارڕیانە قەرەباڵغەکەی بولواری سیتیما و شەقامی خیمێنس دێ کسادا ئامادەبوو. هەرچەندە چەندین وادەی چاوپێکەوتنی گرنگی هەبوو. ئەودەمەی کەمێك پێش کاتژمێر یەك، پلینیۆ میندۆزا نیێرا لەگەڵ شەش لە هاوڕێ سیاسیەکانی هاتنە نووسینگەکەی بۆئەوەی پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لێبکەن کە لەدادگا بەدەستیهێنابوو کە هێشتا هەواڵەکەی لە ڕۆژنامەکانیشدا بڵاو نەکرابودوە و داوەتی بکەن بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. خێرا قبوولیکرد. پزیشکە تایبەتیەکەی **پێدرۆ ئەلیسیۆ کرۆز**[1] کە یەکێك بوو لەراوێژکارە سیاسیەکانیشی، لەوکۆڕە هاوڕێیانەدا ئامادەبوو.

لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا، لە هۆڵی نانخواردنی پانسیۆنی شوێنی ژیانم کە کەمتر لە سێسەد مەتر لەوێوە دووربوو، چوومە سەرمێزێك بۆنانخواردنی نیوەڕۆ. هێشتا سووبیان بۆ نەهێنابووم کە **وێلفریدۆ ماتیۆ**[2] هەراسان و هەڵچوو لەبەردەما سەوزبوو.

وتی - **وڵات بەباچوو. چەند خولەکێك پێش ئێستا گایتانیان لەبەردەم گووڕپەی ڕەشدا کوشت.**

ماتیۆ فێرخوازی بواری پزیشکی و نەشتەرگەری و وەکو ئەودوای خەڵکانی سووکردی دانیشتووی پانسیۆن، چاوێکی پیسی هەبوو کە پێشوەخت دڵی خەبەری ڕووداوە ناخۆشەکانی دەدا. کەمتر لەهەفتەیەك پێشووتر پێی ووتبووین کە [illegible]سناکترین ڕووداو - بەهۆی ئاکامە وێرانکەر و بارگرژی خوڵقێنەکانیەوە - کوشتنی خۆرخێ ئەلییێسر گایتانە. بەڵام ئەوقسەیەی کاریگەریی لەسەر کەس نەبوو لەبەرئەوەی ئەوە پێویستی بە پێشبینی نەبوو و تارادەیەك هەموو کەسێك هەمان بۆچونی هەبوو.

بەزەحمەت دەمتوانی هەناسە بدەم، وردەوردە خۆم گەیاندە شەقامی خیمێنز دێ کسادا و کە گەیشتمە بەردەم کافتریای **گوڕپەی ڕەش**، کە دەکەوێتە ڕوکنی بولواری سپتیما، چیتر هەناسەم بەبەرەوە نەمابوو. پیاوە برینداریەکەیان گەیاندبووە **کلینیکی ناوەندی** کە چوارسەد مەترێك لەوێوە دووربوو، هێشتا زیندووبوو بەڵام ئۆمێدی ڕزگاربوونی نەبوو. یەك دوو پیاو دەستەسڕەکانیان بەو جۆگە خوێنە گەرمەی ڕژابوە سەرزەوی تەڕ دەکرد بۆئەوەی وەکو یادگارێکی مێژوویی هەڵیبگرن. ژنێکی شاڵ ڕەش و

---

[1]. Pedro Eliseo Cruz

[2]. Wilfrido Mathieu

جلوبەرگ کۆن کە زێڕو زیوی ساختەی دەفرۆشت. بەدەم گووشینی دەستەسڕە خوێناویەکەی دەستیەوە، نەڕاندی:

- دایك قەحبانە نوری چاوەکەیان کوشتم.

کۆمەڵێك بۆیاخچی بە سندووقە دارینەکانیانەوە دەیانکێشا بە دەرابە ئاسنینەکانی دەرمانخانەی **نۆیڤا گرانادا**[1]، کە چەند مەفرەزەیەکی پۆلیسی ئەوناوە، هێرشکەرەکەیان لەوێ زیندانی کردبوو بۆئەوەی لەهێرشی خەڵکە تووڕەکە بیپارێزن و دەیانویست بەهەر شێوەیەك بووە دەرابەکان لەبنەوە دەربهێنن. پیاوێکی باڵابەرز و لەسەرخۆ، بەچاکەت وپانتۆڵی خۆڵەمێشی جوان و رواڵەتێکی رێکوپێکەوە، وەك ئەوەی بیەوێت بچێتە زەماوەند، بەشێوەیەکی حساب بۆکراو هاواری دەکرد و جەماوەرەکەی هاندەدا و ئەوەندە قسەکانی کاریگەریان هەبوو کە خاوەنی دەرمانخانەکە، لەترسی ئەوەی نەبا خەڵکی گڕ لە دوکانەکەی بەربدەن، دەرابەکانی هەڵدایەوە. هێرشبەرەکە توند قۆڵی یەکێك لە پۆلیسەکانی گرتبوو، لەبەرامبەر ئەو کۆمەڵە خەڵکە تووڕەیەی بەرەورووی هێرشیان دەبرد، تەواو خۆی دۆڕاند و سەرتاپای کەوتە لەرزین.

دەنگی بەحاڵ لە گەرووی دەهاتە دەر، کەوتە پاڕانەوە **- جەنابی ئەفسەر مەهێڵە بمکوژن.**

هەرگیز دەموچاوییم لەبیر ناچێتەوە. قژی ئاڵۆزکاو، ریشێکی دووڕۆژە روخساری داپۆشیبوو، دەموچاوی وەکو روخساری مردوو شین هەڵدەگەڕا. چاکەت وپانتۆڵێکی مەخمەڵی قاوەیی خەتخەتی کۆنی لەبەردابوو کە یەخەکەی بەهۆی بکێشبکێشەکانی خەڵکەوە جەڕابوو. بەشێوەیەکی لەپڕ و هەتاهەتایی بەدەرکەوت، لەبەرئەوەی بۆیاخچیەکان لە چاوتروکانێکدا بەزەبری سندوقەکانیان لە ژێرچنگی پۆلیسەکان دەریانهێنا و دایانە بەر شەق و بۆکس. هەرئەوەندەی کەوت بەعەردا، تاکێك لەپێڵاوەکانی لە پێ داکەنرا.

پیاوە خۆڵەمێشی پۆشەکە، کە هەرگیز نەمانزانی کێیە، بەهاوارەوە فرمانی کرد **- بەرەو کۆشك! بەرەو کۆشك!**

ئەوانەی لەهەموان زیاتر هەڵچووبوون فرمانەکەیان جێبەجێکرد. و قاچی هێرشبەرەکەیان بەدەستەوەبوو و لاشە خوێناویەکەیان بەدوای خۆیاندا رادەکێشا، لە بولواری سپتیماوە بەرەو گۆڕەپانی بۆلیبار سەرەوخوار بوونەوە، بە نێو ئەو تراموایانەدا تێپەڕین کە پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە رێگەیان لێگیرابوو و لەوکاتەشدا بە دروشمە

---

[1]. Nueva Granada

توند وتیژەکانیان بەهاوارەوە جەنگیان بەرامبەر دەوڵەت رادەگەیاند. ئەوخەڵکەی لەسەر شۆستەکان و بالکۆنی بیناکان راوەستابوون، بە هاوار و چەپڵەلێدانەکانیان تورەیی و هەڵچوونی خەڵکیان تاوەدا و لاشە لەتوپەت و شێویندراوەکە، رێرەوێکی لە خوێن و گۆشت و پارچە جلی لەسەر شەقامەکە لەدوای خۆی بەجێدەهێشت. زۆرکەسیتر چوونە ریزی رێپێوانەکەو لە ماوەی کەمتر لە شەش سەد مەتردا بوونە لەشکرێکی گەورەو بەهێزی ئامادەی جەنگ. جەستە پانوپلیش و بێگیانەکە جگە لە تاکێك پێلاو و شەروالی بیجامەیەك هیچیتری بەبەرەوە نەمابوو.

گۆرەپانە نۆژەن کراوە، بە درەختە پەژموردە و پەیکەرە کۆنەکانیەوە، کە بنەماکانی جوانیناسی فەرمی نوێی نمایش دەکرد، گەورەیی و مەزنی هەینیە مێژوویەکانی پێشووی نەمابوو. لە بینای گۆنگرەی نەتەوەیی، کە دەرۆژ پێشتر کۆبونەوەی پان ئەمریکای تێدا بەرپا کرابوو، ئەو سیاسەتمەدارانەی لێنەمابوو بەکەڵك بێن لەبەرئەوەی نوێنەرەکان رۆشتبوون بۆ نانخواردن. بەوشێوەیە، خۆپیشاندەران بەوپەری خرۆشانەوە تا بەردەم کۆشکی سەرەك کۆماریی رێگەیان بری بەلام لەوێش کەسیان بەرچاو نەکەوت. لاشە لەتوپەتەکە هیچ داینەپۆشیبوو جگە لە شەروالی بیجامەیەك و تاکی چەپی پێلاوێك‌و دوو بۆینباخ، کە کەس نەیدەزانی بە چ مەبەستێك لە گەردنیان ئالاندووە، لەبەردەم دەرگای کۆشکەکەدا بەجێیان هێشت. چەند خولەکێك دواتر، جەنابی سەرەك کۆمار ماریانۆ ئۆسپینا پێرس و هاوسەرەکەی، پاش کردنەوەی پێشانگایەکی خزمەکانی لە شارۆچکەی **ئێنگاتیفا**[1]، بۆ خوانی نیوەرۆ گەیشتەوە ئەوێ. تا ئەو چرکەیە هەواڵی کوشتنەکەیان نەبیستبوو لەبەرئەوەی رادیۆی ئۆتۆمبێلەکەی سەرەك کۆمار خامۆش بوو.

دە خولەکی تر لە شوێنی رووداوەکە مامەوە و سەرم لەوە سورما کە چەند خێرا چیرۆکەکانی شایەتەکان بە بنەرتەوە دەگۆران، تا ئەوشوێنەی کە چیتر بەحاڵیش نەدەچوونەوە سەر راستی. لە قەرەباڵغترین کاتژمێری رۆژدا، لە چوارریانی شەقامی خیمێنس و لە پەنجا مەتری نووسینگەی ئال تێمپۆ بووم. لەوکاتەدابوو دەمزانی ئەوکاتەی گایتان لە نووسینگەکەی دەرچوو، پێدرۆ ئەلیسیۆ کرۆز، **ئەلیخاندرۆ بایخۆ**[2]، **خۆرخێ پادیا**[3] و پلینیۆ میندۆزا نییرای وەزیری جەنگ لە یەکەمین دەوڵەتی ئالفۆنسۆ لۆپێز پۆمارخۆی لەگەڵ بوو. دواهەمین کەسیان بانگهێشتی کردبوون بۆ نانخواردنی نیوەرۆ. گایتان بەبێ هیچ پاسەوانێکی تایبەتی و لەنێو کۆری برادەرەکانیدا لەو بینایە

---

[1]. Engativa

[2]. Aleijandro Vallejo

[3]. Jorge Padilla

هاته دەرەوە كە نووسینگەی پارێزمریەكەی بوو. هەرئەوەندەی هاتنە سەر شەقامەكە، میندۆزا قۆڵیگرتا و بردیە سووچێكەوە و ئەوكاتەی كەمێك لەوانیتر دووركەوتنەوە، وتی:

- لەوانەیە ئەوشتەی دەمەوێت بیڵێم شتێكی گێلانە بێت. . . .

نەیتوانی قسەكەی تەواو بكات. گایتان هەردوو قۆڵی بەرزكردەوە و دەموچاوی داپۆشی ومیندۆزا دەنگی یەكەمین تەقەی بەرگوێ كەوت، تەنانەت پێشئەوەی چاوی بەو پیاوە بكەوێت كە بە دەمانچەیەكەوە بەرامبەریان راوەستابوو و تەقەی لێدەكردن و بەوپەڕی خوێنساردی بكوژێكی شارەزا سێجار تەقەی لە كەللەسەری رابەری بزوتنەوەكە كرد. كەمێك دواتر باسی تەقەی چوارەم دەكرا كە كەس نەیدەزانی بەر كێ كەوتووە و ج جای تەقەی پێنجەمیش لەئارادابوو. پلینیۆ ئاپۆلیۆ میندۆزا كە لەتەك باوك و خوشكەكانی ئەلبێرا و **رۆسا ئینیس**[١]، هاتبوو، توانی خولەكێك پێشئەوەی گایتان ببەنە نەخۆشخانە بیبینێت كە چۆن لەسەر عەرد كەوتووە. چەند ساڵێك دوای ئەوە پێیوتم:"**هەستم نەدەكرد مردبێت وەكو پەیكەرێكی شكۆمەند لەسەر شۆستەكە كەوتبوو، بەتەنها یەك دوو پەڵە خوێن لە تەنیشتیەوە دەبینرا كە هەواڵی كارەساتێكیان رادەگەیاند و لە نیگایدا غەمێكی قووڵ بەدیدەكرا.** "لەو چركەساتە شێواوەدا، خوشكەكانی هەستیان كرد باوكیشیان مردووە و ئەوەندە گێژ و دەستەپاچە بوون كە پلینیۆ سواری یەكەم تراموای كردن كە بەوێدا تێپەڕی، دەیویست تازووە لە شوێنی روداوەكە دوور بكەونەوە. بەڵام شۆفێری تراماوكە، كە هەواڵەكەی بیستبوو، كڵاوەكەی كێشا بەعەردا و تراموای لەسەر چەقی شەقامەكە بەجێهێشت بۆئەوەی لەتەك یەكەمین خۆپیشاندەرەكاندا هاواری نارەزایی دەربڕێت. تراموای یەكەمین ترامواوو كە چەند خولەكێك دواتر خەڵكی بە تورەییەكی شێتانە و بەرپێنەگیراو هەڵیان گێڕایەوە. ناكۆكی بیروڕا لەمەڕ ژماردو رۆڵی هێرشبەرەكان بابەتێكی چارەسەر نەكراو بێوەڵام مایەوە، لەبەر ئەوە یەكێك لە شایەتەكان بەدڵنیاییو بێگومانەوە دەیووت سێ كەس بوون بەنۆبە تەقەیان كرد و شایەتێكیتر دەیوت هێرشبەری راستەقینە، بەكەڵك وەرگرتن لەو پەشێویە لە نێو قەرەباڵغی خەڵكیدا خۆی ون كردبوو دواتر زۆر بەهێمنی و خوێنساردی سواری ئەو ترامواوە بوو كە بەوێدا تێدەپەڕی و لە فەرتەنەكە هەڵاتبوو. تەنانەت بە تەواوەتی دەرنەكەوت ئەوكاتەی میندۆزا قۆڵی گایتانی گرتبوو ویستبووی داوای چی لێبكات و لەوبارەیەشەوە گەلێك قسەو باس كرا. بەقسەی خودی میندۆزا

[١]. Rosa Ines

ویستبووی تەنها داوای مۆڵەتی ئەوە لە گایتان بکات کە بۆ فێرکردنی رابەرە سەندیکایەکان تاقیگەیەك دابمەزرێنێت. یان وەکو ئەوەی چەند رۆژێك دواتر خەزووری بەگاڵتەپێکردنەوە وتبووی: "**بۆئەوەی شۆفێرەکان فێری فەلسەفە ببن، قوتابخانەیان بۆ بکاتەوە.** "بەڵام مەجالی بۆ نەڕەخسا قسەکەی بکات، لەبەرئەوەی دەنگی یەکەمین تەقە پێشی کەوتبوو.

بە تێپەڕینی پەنجا ساڵ، هەرگیز نەمتوانی وێنەی پیاوە خۆڵەمێشی پۆشەکە لە زەمینەدا بسڕمەوە کە لەبەردەم دەرمانخانەکە خەڵکی هان دەدا و لەهیچ یەك لەو چیرۆکە زۆرانەی دەربارەی ئەو رۆژە خوێندمەوە بچوکترین ئاماژەی بۆ نەکراوە. زۆر لەنزیکەوە بینیم، بەژنێکی رێکوپێك و روخسارێکی رەنگ پەڕیوی هەبوو کە زۆر لەسەرخۆ و خوێنساردانە بەجۆرێك کە پیاوی تووشی سەرسوڕمان دەکرد کارەکانی جێبەجێدەکرد. بەشێوەیەکی سەرنجی راکێشابووم کە بەدرێژایی ئەو رووداوە تەنها تەماشای ئەوم دەکرد و بینیم چۆن رێك پاشئەوەی لاشەی هێرشبەرەکەیان راکێشا، ئۆتۆمبێلێکی ئاخر مۆدێل لەبەردەمیدا راوەستا، خۆی تێفڕێدا و بۆ هەمیشە لە بیرەوەری مێژوودا سڕایەوە. تەنانەت منیش یەك دوو ساڵ هەر لەبیریشم نەمابوو، تائەوەی لە سەردەمی رۆژنامەنووسیمدا، لەپڕ بیرم لەوە کردەوە کە رەنگە ئەو پیاوە توانیبێتی کارێك بکات لەوێدا بکوژێکی ساختە بکوژرێت بۆئەوەی روخساری بکوژە راستەقینەکان بە نهێنی بمێنێتەوە.

لە نێو ئەو بارودۆخە پەشێواو و ئەو هەراو زەنا زۆرەدا، یەکێك لە رابەرە فێرخوازیەکانی کووبا، فیدل کاسترۆی تەمەن بیست ساڵ، بە نوێنەرایەتی زانکۆی هاڤانا، بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی فێرخوازیدا دەکرد کە نموونەی دیموکراسیەتی دانیشتنە پان ئەمریکیەکە بوو. شەش رۆژ پێشتر، لەگەڵ **ئالفرێدۆ گۆیڤارا**[1] و **ئێنریکێ ئۆڤارس**[2] و **رافایێل دێل پینۆ**[3]ی هاوبیروڕای هاتبوونە بۆگۆتا و یەکێك لە کارە سەرەتییەکانی ئەوەبوو کاتێکی بینینی گایتان دەستەبەر بکات کە لەناخەوە ستایشی دەکرد. دوو رۆژ دوای ئەوە کاسترۆ گایتانی بینی و ئەویش بۆ هەینی داهاتوو داوەتی کردە نووسینگەکەی. گایتان بەدەستی خۆی مێژووی ئەو دیدارەی لە ٩ی ئابریل و لەسەر رۆژژمێری سەر مێزەکەی تۆمار کرد: "فیدڵ کاسترۆ، دووی پاشنیوەڕۆ".

---

[1]. Alfredo Guevara

[2]. Enrique Ovares

[3]. Rafael del Pino

فیدل، وەکو ئەوەی خۆی لە میدیاکان و لە زۆر بۆنەو شوێندا و لەماوەی تەمەنێك هاورێیەتی و دۆستایەتیدا گێڕایەوە، ئەوکاتەی هەواڵی تاوانەکەی بیست لەو ناوە پیاسەی کردووە بۆئەوەی کاتژمێر دووی تەواو بگاتە کاتوشوێنەکە. لەپڕ هاتنی ئەو خەڵکە پەرێشان و بڵاوەی کە بەتەنیشتیدا تێپەڕین و هەموویان شێتانە هاواریان دەکرد وریای کردووە و ماوەیەکی پێچوو تا بێتەوە سەرخۆی و لەوە تێبگات کە خەڵکەکە بەدەم هاواوە دەیانوت:

- گایتانیان کوشت!

زۆر دوای ئەوە فیدل کاسترۆ تێگەیشت کە بەهەر شێوەیەك بووە گایتان نەیتوانیووە زووتر لە کاتژمێر چوار یان پێنج بیبینێت، لەبەرئەوەی بانگهێشتە چاوەڕوان نەکراوەکەی میندۆزا نییێرا بۆ نانی نیوەڕۆ هەموو بەرنامەکانی تێکدابوو. شوێنی تاوانەکە دەرزیت هەڵبدایا بەر عەرد نەدەکەوت. رێگەکان گیرابوون و یەك دوو تراموایان هەڵگێڕابودەوە و منیش لەبەرئەوەی لەوێ هیچ ئیشێکی تایبەتیم نەبوو چوومەوە پانسیۆن بۆئەوەی نانی نیوەڕۆ بخۆم کە مامۆستا کارلۆس ئاچێ پارخا، لەبەردەم ژوورەکەی خۆیدا رێگەی لێگرتمو لێی پرسیم بۆ کوێ دەچم.

وتم - **دەچم نان بخۆم.**

ئەو بەدەم پیسیە تایبەتە کارابیەکەیەوە پێیوتم - **کەرەکەر مەکە. چۆن نانت بۆ دەخورێت لەکاتێکدا دوو خولەك پێش ئێستا گایتانیان کوشت؟**

بێئەوەی رێگەم بداتێ قسە بکەم، فرمانی دامێ خێرا خۆم بگەیێنمە زانکۆ و لەرێزی پێشەوەی فێرخوازە نارازیەکاندا رابوەستم. سەیر لەوەدابوو بەپێچەوانەی خوو و نەریتی هەمیشەییمەوە، فرمانەکەیم جێبەجێکرد. بەرەو باشوور بە بلواری سیپتیمادا بە پێچەوانەی خەڵکی ووروژاو کە بۆ تێگەیشتن لە روداوەکەو بەتوڕەیی و خەمەوە بەرەو شوێنی تاوانەکە دەرۆشتن، رێم کرد. پاسە گەورەکانی زانکۆی نەتەوەیی کە فێرخوازە توڕەو هەڵچووەکان لێیان دەخوڕین، لەپێشەوەی خۆپیشاندەرانەوە دەرۆیشتن. لە پارکی **سانتانده**[1]ر، لە دووری سەدمەترێك لەشوێنی تاوانەکە، کرێکارەکانی ئوتێل گراندا بەپەلە دەرگا گەورەکانی ئوتێلەکەیان - گەورەترین و رازاوەترین ئوتێلی شارەکە - دادەخست کە چەند سەرەك وەزیران و میوانی گەورەی دانیشتنە پان ئەمریکیەکە لەوێبوون.

---

[1]. Santander

چەند فەوجێکی نوێی خەڵکی هەژار و ئامادەی جەنگ. لە هەموو لایەکەوە دەردەکەوتن. زۆربەیان ئەو داسانەیان بەدەستەوە بوو کە کاتی هەڵکووتانە سەر دووکانەکان چنگیان کەوتبوو و وادەهاتە بەرچاو چاوەڕێی فرمانێکن تاوەکو بەکاریان بهێنن. من هیچ بەرچاوڕوونیەکم دەربارەی ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو تاوانە نەبوو و زیاتر خەیاڵم لای نانخواردنە نیوەناچڵەکەی نیوەڕۆم بوو. هەر لەبەر ئەوەش بەرەو پانسیۆنەکەمان خۆم دزیەوە. بە هەنگاوی گەورە بەسەر قادرمەکاندا سەر کەوتم. دڵنیابووم هاوڕێ سیاسیەکانم ئامادەی جەنگ بوون. بەڵام وەها دەرنەچوو: کەسم لە شوێنی نانخواردنەکە نەبینی و پێیان وتم براکەم و خۆزێ پالنسیا ـ کە لەژوورەکەی تەنیشتم دەژیان ـ لەگەڵ هاوڕێکانیترم لە شووێنی تووستنەکە گۆرانی دەڵێن.

ـ هاوارم کرد گایتانیان کوشت!

بە ئاماژە تێیان گەیاندم پێشتر هەواڵەکەیان بیستووە. بەڵام هەرهەموویان شادوومان بوون و خۆشی و شادی رۆژانی جەژن و پشوویان هەبوو تاوەکو تازیەبار و خەفەتاوی دیاربن، و تەنانەت گۆرانیەکەشیان نەبڕی. دوایی هەموو پێکەوە چووینە چێشتخانە چۆڵەکە و نانی نیوەڕۆمان خوارد، ئەمەش لەکاتێکدا کە لەوباوەڕەدابووین مەسەلەکە بەوە کۆتایی پێدێت، تا ئەوکاتەی یەکێك دەنگی رادیۆکەی زیادکرد بۆ ئەوەی ئێمەی خاواڵوو لە خەو راپەڕێنێت. کارلۆس ئاچێ پارخا، وەفادار بەوەی کاتژمێریك پێشتر منی هاندابوو جێبەجێی بکەم، پێکهێنانی دەوڵەتی کاتی شۆڕشی راگەیاند کە بەرجەستەترین لیبراڵە چەپەکانی دەگرتەوە و بەناوبانگترین نووسەر و سیاسەتمەداری وڵات، **خۆرخێ زالامیا**[1] یەکێك بوو لەوانە. یەکەمین کاری دەوڵەتی شۆڕشگێڕانە دامەزراندنی چەند کۆمیتەیەکی جێبەجێکاربوو بۆ ریکخستنەوەی هێزی پۆلیسی نەتەوەیی و دامەزراندنەوەی ئەو دامودەزگایانەی کە حکومەتی شۆڕشگێڕانە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات پێویستی پێیانە. دوای ئەویش ئەودوای ئەندامانی دەوڵەتی کاتی وتاریان پێشکەش کرد و هەندێك دروشمی ئەوەندە توند و زەقیان دەربڕی کە بە بیستنیان خەریکبوو لە تاو سەرسووڕمان چاوم دەرپەڕێت.

لەو دۆخە پەشێو و ترسناك و بێدەنگەدا، یەکەم شت کە بیرم لێکردەوە ئەوەبوو کە باوکم بەمە دەحەپەسێت کە ئامۆزا پارێزکارە توندڕەوەکەی، رابەری سەرەکی شۆڕشی چەپە توندڕەوەکانە. خاوەنی پانسیۆنەکە، ئەوکاتەی گوێی لە ناوی ئەو هەموو خەڵکە زانکۆییە بوو، بیری لەوەکردەوە بۆچی ئەوان لەباتی ئەوەی رەفتار و شکۆیەکی

---

[1]. Jorge Zalamea

مامۆستایانەیان هەبێت. دەست دەخەنە کارگەڵێکەوە کە هەر لەکار ورەفتاری فێرخوازە بزێو و بێئەدەبەکان دەچێت. ئەوەندە بەس بوو کەمێك پێچی رادیۆکە بەملاولادا بسورێنی و خۆت لەنێو وولاتگەلی تەواو جیاوازدا ببینیتەوە. لیبراڵە میانڕەوەکان لە رادیۆی نەتەویەوە خەڵ‍ ‌ـمن دەکردەوە، لە رادیۆکانی تردا لە دژی نۆکەرایەتی تاقم و دەستەی سەر بەمۆس‍ هەڕەشە دەکرا، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە بڵندپایەترینی رابەرەکانی لیبرالیزمی رەسمی، خۆیان لەئەگەری روودانی شەری شەقام بە شەقام دەپاراست و هەوڵیان دەدا خۆیان بگەێنە کۆشکی سەرەك کۆماریی‌و بۆ سازش‌و پاراستنی یەکپارچەیی لەتەك دەوڵەتی پارێزکاراندا وتوویژ بکەن.

لەو بارودۆخە شێواو شێتانەیەدا، تەواو وێڵ و سەرگەردان بووین کە لەپڕ یەکێك لە کوڕەکانی ژنی خاوەن پانسیۆنەکە هاواریکرد ماڵەکە گڕیتێبەربووە. بە دەستەپاچەییەوە سەیرێکی ئەو ناوەمان کرد و سەیرمان کرد دیواری ئەوسەری راڕەوەکە درزی بردووەو دوکەڵێکی خەست و رەش سەرجەم ژووری نووستنەکان دەگرێتەوە. بە دڵنیاییەوە دووکەڵی بینای فەرمانداریی بوو کە دراوسێی پانسیۆنەکەی ئێمەبوو و خۆپیشاندەران ئاگریان تێبەردابوو، بەڵام دیوارەکە بەهێز دەهاتە بەرچاو و پێدەچوو بتوانێت خۆی رابگرێت و بەر بە بڵێسەی ئاگرەکە بگرێت. بەوشێوەیە قادرمەکانمان بە بازێك بڕی و خۆمان لەشارێکی بەرجەنگ کەوتوو بینیوە. هێرشبەرە جلەو پچڕاوەکان، بەدەم هاوارەوە چییان لە نووسینگەکەی فەرمانداریی بەر چنگ بکەوتبا لە پەنجەرەکانەوە هەڵیاندەدا دەرەوە. دووکەڵی ئاگرەکان ئاسمانی تاریك ولێڵ کردبوو دەتوت ئاسمان راخەر یان بەتانیەکی چڵکن و دڵگیرە و بەسەر شارێکی پڕ لە شەپۆلەوەیە. دەستە دەستە خەڵکی بێبەرنامە و شێت و داس و تەور بەدەست، کە کاتی تاڵانکردنی ئاسنگەرەکان کەوتبووە دەستیان، بە هاوکاریی پۆلیسە سەر بە شۆڕشەکان، هێرشیان دەکردە سەر دوکانەکانی بولواری سیپتاما و شەقامەکانی تەنیشتی و ئاگریان تێبەردەدان. تەنها بە تەماشاکردنێك دەکرا لەوە تێبگەیت کەس بەکەس نیەو کەس ناتوانێت بەر بە خەڵك بگرێت، براکەم هاوکات لەگەڵ ئەوەی منیش بیرم لە هەمان شت دەکردەوە، هاواریکرد:

ـ وای ئامێری تایپەکە!

خۆمان گەیاندە دامەزراوەی کار دۆزینەوە کە هیچ زیانێکی بەر نەکەوتبوو، جامخانە ئاسنینەکانی بە توندی داخرابوون. بەڵام ئامێرەکەمان لەهەمان شوێنی جارانی نەبینیەوە. بیرمان لە شتی خراپ نەکردەوە و بەو خەیاڵەی یەك دوو رۆژیتر دەتوانی لە بارمتەگیراوی قوتاری بکەین، خەیاڵی خۆمان خۆش کرد، و لەوە بێئاگابوین ئەو بەڵا گەورەیە کۆتایی نییە. سەربازگەکەی بۆگۆتا تەنها پارێزگاریکردنی ناوەندە رەسمیەکان و

بانکەکانی لەئەستۆ گرتبوو وبارودۆخی ناوشاری سپاردبوە دەست خوا. شار بێخاوەن بوو. زۆربەی بەرپرسەکانی دامەزراوەکانی پۆلیس، هەر لەسەرەتای ئەو رووداوەوە، لە بارەگای تیپی پێنجەم سەنگەریان لێدا و زۆربەی بەرپرسەکانی ئاسایشیش بەو تەقەمەنی و چەکانەی لەسەر شەقامەکان کۆیان کردبوونەوە چوونە ریزیانەوە. یەک دوانێکیان کە بازووبەنی سووری شۆڕشگێڕەکانیان لە قۆڵ بەستبوو تەقەیان لێکردین و فیشەکەکانیان ئەوەندە نزیک بوو لەسەر عەردەکە پاڵ کەوتین. لەوکاتەوە تەواو لەوە دڵنیا بووم کە دەنگی تەقەش لەوانەیە بەشەر بکووژێت. پاشئەوەی لە دامەزراوەی کاردۆزینەوە گەڕاینەوە، سەیرمان کرد بازاڕە ناوەندییەکەی بولواری ئۆکتاڤا[1] یان تالآن کردوە کە گەورەترین ناوەندی بازرگانی شاربوو، خەڵکی بەبێ ترس و بەوپەڕی ئارامیەوە، لەبەرچاوی کەمتەرخەم و خوێنساردانەی ئەو سەربازانەی کە تەنها بانکە بیانیەکانیان دەپاراست، زێڕوزیوی گرانبەها و مەخمەڵی ئینگلیزیی و کڵاوە باند ستریت[2] یەکانیان تاڵان دەکرد، کە رۆژانێک بوو ئێمەی فێرخوازانی خەڵکی کەنارەکان لە نێو جامخانە دوورەکانەوە بە پەرۆشەوە تەماشامان دەکردن، و کەسیش رێگریان نەبوو. دەرگاکانی کافتریا گەورەکەی سەن مارینۆ[3] کە تایبەتی خەڵکی خواپێداوبوون و ئێمە هەرگیز نەمانتوانی پێی تێبخەین، کەوتبوونە سەر پشت و یەکەمجار بوو ئەو گارسۆنە ئیسمۆکینگ پۆشانەی لێنەبوو کە رێگەیان بە چوونە ژوورەوەی فێرخوازە کاراییبیەکان نەدەدا. زۆربەی ئەو کەسانەی بە کۆڵە جلوبەرگی گرانبەها و تۆپە مەخمەڵی گەورەوە لە فرۆشگاکە دەهاتنە دەر، هەر لەناوەڕاستی شەقامەکە فڕێیان دەدا. دەستم برد تۆپێک لەو مەخمەڵە هەڵبگرمەوە و نەمدەزانی ئەوەندە قوورسە و ناچاربووم بەوپەڕی ئەفسووس و دڵسووتانەوە دەستبەرداری بم. بەرەو هەرشوێنێک دەرۆشتین شتومەکی ناو ماڵ لەسەر شۆستەو شەقامەکان کەوتبوو، تێپەڕین بەنێو ئەو هەموو بوتڵە وویسکیە گران و مەشرووبە نایابەدا کە خەڵکە ئاژاوەچیەکە بە سەری داسەکانیان سەریان دەپەڕاندن، کارێکی ئاسان نەبوو. لوویس ئێنریکێ و خۆزێ پالنسیا توانیان لە گەنجینەیەکی جلوبەرگی دەوڵەمەندانە شتیی باشیان دەست بکەوێت، بۆ نموونە قاتێک چاکەت وپانتۆڵی شینی ئاسمانی لە قوماشی باش کە رێک بەبەری باوکم دەبوو کە لە رێورەسمی رەسمی و لە ئاهەنگەکاندا بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەبەری کرد. تەنها شتێک لەوناوەدا بەنسیبی من بوو جانتایەکی چەرمی گامیش بوو کە لە گرانترین چایخانەی

---

[1]. Octava (هەشتەم)

[2]. Bond Street

[3]. San Marino

شارەکەدا دۆزیمەوە و لەماوەی ئەو ساڵانەی دواییدا لە گەڵێك لەو شەوانەدا کە شوێنێکم بۆ نووستن نەبوو بەکەڵکم هات و دانە سەرەکیەکانی نووسینەکانم تێدەخست.

کەوتمە ناو گرووپێکەوە کە لە بولواری ئۆکتاباوە بەرەو بینا گەورەکەی کۆنگرە دەڕۆشتن، بەڵام هەرئەوەندەی لە گۆڕەپانی بولیوار سەرووکەلەی پێشەنگەکانیان دەرکەوت، دایاننە بەر دەستڕێژی گوولە. لاشەی ئەو کوژراو بریندارانەی لە چەقی شەقامەکە لەسەر یەك کەڵەکە ببوون بەری بە ڕۆشتنمان گرت. پیاوێکی دەمەو مەرگ و نووقمی خوێنبوو، بەسنگەخشکێ، خۆی لەنێو لاشە و حەستە نیوەگیانبووەکان ڕزگار کرد و توند خوارەوەی پانتۆڵەکەی گرتم و بە دەنگێکی پڕلە پاڕانەوەو جگەر سووتێنەوە داوای کۆمەکی لێکردم:

- کوڕی گەنج تووخوا مەهێڵە بمرم!

هەراسان بۆی هەڵاتم. لەوکاتە بەدواوە، فێری ئەوەبووم چۆن ئەو کارەساتانە فەرامۆش بکەم کە تووشی خۆم یان خەڵکی دەبوو، بەڵام داماویی ئەو چاوە کزانەم لەنێو بریسکانەوەی بڵێسەکانی ئەو ئاگرەدا، هەرگیز فەرامۆش نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستاش سەرم لەوە سووڕماوە چۆن تەنانەت یەك چرکەش من و براکەم بیرمان لەوە نەکردەوە هەر چرکەیەو لەوانەبوو لەو دۆزەخە بێ سەربازگەیەدا بمرین.

لە کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆوە بێوەستان تەرزە دەباری، بەڵام لە دوای کاتژمێر پێنجەوە بارانێکی لافاوئاسا دەباری کە دەتوت یەکێکە لەو گەرداوانەی لە کتێبی سەردەمی کۆندا وەسف کرابوو، بەوجیاوازیەی ئەم یەکەیان دلۆڤانی خودابوو، لەبەرئەوەی زۆربەی ئاگرکەوتنەوە بچوکەکانی کووژاندەوە و تارادەیەك گڕی تووڕەیی شۆڕشگێڕەکانی خامۆش کرد.

هێزە سەربازیە بە ژمارە کەمەکانی بۆگۆتا، کە لەتوانایاندا نەبوو خەڵکە یاخیەکە سەرکووت بکەن، هەوڵیاندا ئەوەندەی بۆیان دەکرا ڕێگە لە تەشەنەکردنی ئەو پەشێویە بگرن. چەند کاتژمێرێك پاش نیوەشەو، یەکەمین لەشکرە فریاگوزاریەکانی شارەکانی دەوروبەر گەیشتینە بۆگۆتا، بە تایبەت لە **بۆیاکا**[1]وە کە ناوبانگی دەگەڕایەوە بۆ بەدناوی لەشکرەکەی لە بێبەزەیی و شوێنگەی توندوتیژیی حکومی. تا ئەوکاتە رادیۆ لەبری گەیاندنی زانیاری، خەڵکی هاندەدا و پەرەی بە پەشێویەکە دەدا، ئەوەش بەشێوەیەك بوو کە سەرجەم هەواڵەکان بێبنەما و نادروست بوون و هیچ ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بە ڕاستی لەبەردەستدا نەبوو. سەربازە نوێکان، دەمەوبەیان ناوەندە بازرگانیەکەیان داگیر

---

1. Boyaca

کرد کە شۆڕشگێڕەکان تالان و وێرانیان کردبوو و تەنها بلێسەی ئاگرەکەی ئەوناوەی ڕوناك دەکردەوە، بەڵام بەرهەڵستی پەراگەندەی نەیارە سیاسیەکان تا چەند ڕۆژێك درێژەی کێشا و تاكوتەرا لەسەر بوورجەکان و لەسەربانەکانەوە بەرەنگاری هێزەحکومیەکان دەبوونەوە. تائەوکاتە ژمارەی کووژراوەکان لە ژمارە نەدەهات.

ئەوکاتەی گەڕاینەوە پانسیۆنەکە، بەشێکی زۆری ناوەندی شار دەسووتا، تراموایکان سەرەو ژێر کرابوونەوە و شۆڕشگێڕەکان لە پشت ئۆتۆمبێلە تێکشکاوەکانەوە خۆیان حەشاردەدا. وردە شتومەکە بەنرخەکانمان خستە جانتایەکەوە و ئەوێمان بەجێهێشت، دوای کەمێك بۆم دەرکەوت کە دەستنووسی دوو یان سێ چیرۆکی بەکەڵکی چاپ نەهاتوو، ئەنسکلۆپیدیاکەی باپیرم کە هەرگیز نەمتوانی بیدۆزمەوەو کتێبەکەی دیۆخینس لایرسیۆ کە لەبەر یەکەمی لە تاقیکردنەوەی دیپلۆمدا بە خەڵات وەرمگرتبوو، لە پانسیۆنەکە بەجێمابوون.

تاکە شتێك بەخەیاڵماندا هات ئەوەبوو پەنابەینە ماڵی خاڵە جوانیتۆ کە تەنها چوارسەد مەتر لە پانسیۆنەکەمانەوە دوور بوو. قاتی دووهەمی بینایەك بوو کە لە ژوورێکی دانیشتن و ژوورێکی نانخواردن و دوو ژووری نووستن پێکهاتبوو کە خاڵم و هاوسەرەکەی و مناڵەکانی، ئێدواردۆ و مارگرێتا و نیکۆلاسی کورەگەورەی کە ماوەیەك لە پانسیۆنەکە لەگەڵ من دەژیا، لەو خانووەدا دەژیان. بە زەحمەت لەو بینا بچوکەدا جێگەمان دەبووەوە، بەڵام بنەماڵەی **مارکێز کابایرۆ**[١] بەوپەڕی داهێنان و ڕزامەندیەوە سەرجەم سووچ و قووژبنەکانی ماڵەکەیان بەکارهێنا و تەنانەت لەژووری نانخواردنەکەش جێگەیان ڕاخست و جگە لە ئێمە دوان بوین، بگرە جێگەی هاوڕێکانمان و هاوماڵەکانی پانسیۆنەکەشیان کردینەوە: خۆزێ بالێنسیا، دۆمێنیگۆ مانۆێل بێگا، **کارمێلۆ مارتینێز**[٢] ـ هەموو خەڵکی سۆکرە بوون ـ و چەند کەسێکیتر کە زۆر نەماندەناسین.

کەمێك پێش نیوەشەو، ئەوکاتەی باران تەواوبوو، چووینە سەربان بۆئەوەی لەوێوە سەیری دیمەنە دۆزەخیەکەی شار بکەین، کە پاشماوەی ئاگرکەوتنەوە پەراگەندەکان ڕوناکییان پێدەبەخشی. لەدوورەوە تەپۆڵکەکانی **موونسراتێ**[٣] و **لا گوادۆلوپێ**[٤] وەکو دووسێبەری زەبەلاح دەهاتنە بەرچاو کە ببوونە باگراوندی ئەوئاسمانە دووکەڵاویە،

---

[١]. Marquez Caballero

[٢]. Carmelo Martinez

[٣]. Monserrate

[٤]. La guadalupe

بەڵام من بەردەوام تاکە شتێك لەو پانتاییە دووکەلاویی‌و خەمبارەدا دەمبینی روخساری گەورەی ئەوپیاوە دەمەو مەرگەبوو کە بەرەورووم دەکشا و داوای کۆمەك و دەرمانێکی مەحاڵی لێدەکردم. راوی سەرشەقام زۆری نەمابوو و لەو بێدەنگیە ترسناکەدا بەتەنها دەنگی تەقەی پەراکەندەی تفەنگی ئەو تەقەکەرە تاکوتەرایانەی لەهەموو شوێنێکی شار سەنگەریان گرتبوو و نەڕەی برووسکەئاسای تانکی ئەو لەشکرانەی وردەوردە دواهەمین بەرگریە چەکدارانەو ناچەکدارانەکانیان سەرکووت دەکرد بەرگوێ دەکەوت کە خەریکبوو دەستیان بەسەر بارودۆخی پایتەختدا دەگرت. خاڵە جوانیتۆ، کە کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو دیمەنە مەرگەساتبارەوە ئاهێکی هەڵکێشا و بە رستەیەك هەستی هەمووومانی بەئاگاهێنایەوە:

- **پەنا بۆخوا، دەڵێی مۆتەکە دەبینین!**

ئەوکاتەی گەڕاینەوە ژووری دانیشتنەکە، لەژێر تاریك و رونی ئەو چواردیوارەدا لەسەر قەنەفەکە پان بوومەوە. راپۆرتە هەواڵی ئەو رادیۆیانەی هێزەکانی دەوڵەت داگیریان کردبوون، باسیان لە هێمن بوونەوەی رێژمیی بارودۆخەکە دەکرد. چیتر هیچ هەواڵێك لە وتارە حەماسیەکان نەبوو و نەدەکرا بەتەواوەتی رادیۆ حکومیەکان لەو رادیۆیانە جیا بکەیتەوە کە لەژێردەستی شۆڕشگێرەکاندا بوون، لەبەرئەوەی هەواڵەکانی هەردوو لایان پڕبوو لە پڕوپاگەندە و درۆی هەڵبەستراوی پیرێژنانە. دەیانوت لە باڵیۆزخانەکاندا دەرزی هەڵبەیت بەر عەرز ناکەوێت لەبەرئەوەی زۆربەی چالاکە سیاسیەکان پەنایان بۆ بردبوون و ژەنەراڵ مارشاڵ باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەجێنەهێشت کە گاردی رێوڕەسمی قوتابخانەی سەربازیی، پارێزگاریی لێدەکرد. لایۆریانۆ گۆمێزیش پەنای بۆ ئەوێ بردبوو و بەردەوام پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرەك کۆماردا هەبوو و هەوڵی دەدا رێگە نەدات لە بارودۆخێکدا کە بەباوەڕی ئەو کۆمۆنیستەکان تێدا باڵادەست بوون، لەگەڵ لیبراڵەکان دانووستان بکات و لەگەڵیان رێبکەوێت. ئالبێرتۆ رایسی سەرەك کۆماری پێشوو، کە لەوکاتەدا بەڕێوەبەری گشتی کۆنفرانسی پان ئەمریکی بوو، بەشێوەیەکی مووعجیزەئاسا بە سەلامەتی رزگاری بوو و بەدەستی خەڵك نەکووژرا، لەبەرئەوەی ئەوکاتەی بە ئۆتۆمبێلێکی ئاسایی و بەبێ پارێزەر لە بینای کۆنگرە هاتە دەرەوە خەڵکی ناسیانەوە و هێرشیان بۆبرد بۆئەوەی تۆڵەی ئەوەی لێبکەنەوە کە بەشێوەیەکی یاسایی و بەدەستی خۆی دەسەڵاتی پێشکەشی پارێزکاران کردبوو. تا نزیك نیوەشەو توانیان زۆربەی نوێنەرە بەشداربووەکانی دانیشتنەکە بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی هێمن‌و لەمەترسی دووریان بخەنەوە.

لە نێو زۆربەی ئەو هەواڵە راست و درۆیانەی بڵاو دەبوونەوە دەنگۆی ئەوە هەبوو کە **گیێرمو لیۆن ڤالانسیا**[1]ی کوڕی شاعیرێك هەر بەوناوەیان بەردباران کردووە و لاشەکەیان بە گۆڕەپانی بۆلیواردا هەڵواسیوە. بەڵام هەرئەوەندەی رادیۆکانی ژێردەستی شۆڕشگێڕەکان کەوتە دەست سوویا، وردەوردە ئەو بیروڕایە پەرەیسەند کە دەوڵەت دەستی بەسەر بارودۆخی وڵاتدا گرتووە. لەبری دروشمە بەرهەڵستکاریەکان، ئەو پەیامانە بڵاودەکرانەوە کە خەڵکیان بەرەو هێمنی هاندەدا و ئاسوودەییان پێدەبەخشین. لەکاتێکدا کە بەرپرسە پایەبڵندە لیبراڵەکان لەتەك سەرەك کۆماردا سەرقاڵی وتووێژبوون بۆئەوەی نیوەی دەسەڵات بۆخۆیان داگیر بکەن هێزە سەربازیەکان دڵنەوایی خەڵکییان دەدایەوە و لەوە دڵنیایان دەکردنەوە کە بارودۆخەکە ئاسایی بوەتەوە و وڵات ریکخراوەتەوە.

لەراستیدا وادەهاتە بەرچاو ئەو تاکە کەسانەی رەفتارێکی سیاسی دروستو هۆشمەندانەیان هەبوو کۆمۆنیستەکان بوون، ئەو کەمینە هەڵچووە لەنێو بارگرژیەکانی سەرشەقامەکاندا جەماوەریان رێنوێنی دەکرد و - وەکو هۆکارەکانی تێپەڕین لە قۆناغی گواستنەوەدا - ئاراستەیان دەکردن بۆئەوەی ناوەندە بنەڕەتیەکانی دەسەڵات بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە. لەبری ئەوەش لیبراڵەکان بەباشی ئەوەیان دەرخست و سەلماندیان کە پەردەهەڵماڵینەکانی گایتان لە میانەی پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردندا راست بوون و ئەوان بەراستی دووچاری دووبەرەکیەکی قووڵ ببوونەوە: لەلایەکەوە، رابەرەکان هەوڵیاندا بە ئاشتیخوازی و چەنەدان لە کۆشکی سەرەك کۆماریی بەشێکی دەسەڵات بەدەست بهێنن و بەشێك بۆخۆیان ببڕن، و لەلایەکیتریشەوە، دەنگدەرە گشتیەکانیانو تائەوشوێنەی لەدەستیان دەهات لەسەربان و بوورجەکان بەرگرییان کرد.

یەکەمین گومانێك لەمەڕ مەرگی گایتان بیری لێکرایەوە پەیوەندی بە شوناسی بکوژەکەوە هەبوو. تەنانەت ئەمرۆکەش تەباییەکی تەواوەتی بیروبۆچوونو بێگومانی تەواوەتی لەوبارەیەوە نییە کە **خوان رۆیا سیێرا**[2]، حەوتتیر بەدەستە لەخەڵك هەڵاتوە گۆشەگیرەکە، لەنێو قەرەباڵغی راگوزەرەکانی بولواری سپتیماوە تەقەی لە گایتان کردبێت. ئەوەی بەسانایی نەدەکرا باوەڕی پێبکرێت ئەوەبوو کە ئەو بە خواستو ویستی تایبەتی خۆی ئەوکارەی کردبێت، لەبەرئەوەی وەکو بەرواڵەت دیاربوو، ئاستی روناکبیری و هەستە سەربەخۆکەی ئەوەندە نەبوو بتوانێت بەتەنها لەمەڕ رۆژ و کاتژمێر و شوێن

---

[1]. Guillermo Leon Valencia

[2]. Juan Roa Sierra

و شێوەی ئەنجامدانی ئەو تاوانە وێرانکەر و پەشێوی خوڵقێنە ئەوەندە وورد و حساب بۆکراو بڕیاربدات. **ئینکارناسیۆن سییێرا**[1]، بێوەژنە بەرێزەکەی رۆیا، دایکی پەنجاودووساڵەی خوان، لە رادیۆوە گوێی لەهەواڵی مەرگی گایتان بوو، کە پاڵەوانی سیاسی خۆشەویستی ئەوبوو، و هەر خێرا باشترین بەرگی رەشی لەبەرکرد بۆئەوەی لەماتەمی ئەوەدا بیپۆشێت. هێشتا سەرقاڵی بۆیاخکردنی کراسەکەی بوو کە هەواڵی ئەوەی بیست بکووژەکە کەس نییە جگەلە خوان رۆیا سییێرای سیازدەهەمین منداڵی لەو چواردەمنداڵەی بەدنیای هێنابوون. هیچکامیان نەیانتوانیبوو پاش قۆناغی سەرەتایی درێژە بەخوێندن بدەن و چوار منداڵی - دووکوڕ و دوو کچی - مردبوون.

ئەو ژنە رایگەیاندبوو کە نزیکەی هەشت مانگ لەوەپێشەوە هەڵسوکەوتی خوان بەشێوەیەکی سەیر گۆڕابوو. لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد و لەخۆڕا پێدەکەنی و چەندجارێك لەبەردەم ئەندامانی بنەماڵەکەی دانی بەوەدانا کە لەوە دڵنیایە رۆحی ژەنراڵ **فرانسیسکۆ پاپۆلا سێنتاندەر**[2]ی پاڵەوانی جەنگە سەربەخۆی خوازانەکان هاتوەتە جەستەیەوە، بەڵام کەس ئەوقسەیەی بەجدی لێ وەرنەگرت و وایان دانا کە ئەوە دەرئەنجامی گاڵتە بێتامەکانی سەرخۆشیە. دایکە جگەرسووتاوەکە هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبوو کوڕەکەی ئازاری بۆ کەس هەبێت، و توانیبووی چەند پشتگیرینامەیەکی لە چەند کەسێکی سەرزل بۆ وەربگرێت بۆئەوەی بتوانێت کارێکی بۆ پەیدا بکات. ئەوکاتەی گایتانی کوشت، یەکێك لەو پشتگیرینامانەی لەگیرفاندابوو. شەش مانگ پێشتر بەدەستوخەتی خۆی نامەیەکی بۆ سەرەك کۆماری ئەووەختە، ئۆسپینا پێرس نووسیبوو، لە نێو ئەو نامەیەدا داوای بینینی کردبوو بۆئەوەی داوای ئەوە لە کەسی یەکەمی وڵات بکات لەشوێنێك دایبمەزرێنێت. دایکی بە لێکۆڵەرەوەکانی وت کوڕەکەی لەلای گایتانیش باسی کێشەکەی خۆی کردووە، بەڵام ئەو هیچ بەڵێنێکی ئومێد بەخشی پێنەدابوو. کەس نەیبینیبوو دەست بۆ چەك ببات، بەڵام شارەزایی لەبەکارهێنانی ئامێری تاوانەکەدا ئەو ئەگەرەی رەت دەکردەوە کە نیشانەپێکێکی ناشی بێت. ئەوەی مایەی ستایش و سەرسووڕمان بوو ئەوەبوو کە بە حەوت تیرێکی کالیبەر ٣٨ی لوولە درێژی کۆن تەقەی کردبوو بێئەوەی تەنانەت یەك فیشەکی بەخەسار بچێت.

هەندێك لەوانەی لەبیناکەدا کاریان دەکرد لەوباوەڕەدابوون شەوی پێش کوشتنەکە لەو نهۆمەدا کە نووسینگەکەی گایتانی لێبووە بینیویانە. دەرگاوانەکە بەبێ هیچ

---

[1]. Encarnacion Sierra

[2]. Francisco de Paula Santander

دودڵییەك رایگەیاند بەیانی رۆژی ٩ی ئابریل بینیویەتی بە قادرمەکاندا سەرکەوت و دواتر بە مەسعەدەکە لەگەڵ پیاوێکی نەناسراو دابەزیەوە. دیوت وابزانم چەند کاتژمێرێك لەنزیك شوێنی هاتنە ژوورەوەی بیناکە پیاسەیان کرد و چاوەڕییان کرد، بەڵام [illegible] کاپتان کەمێك پێش کاتژمێر یازدە چووە نووسینگەکەی، رۆیا لەتەنیشت دەرگاکەوە بەتەنها بوو.

گابریل رێستریپۆ[١]ی یەکێك لەو نووسەرانەی **لا خۆرنادا**[٢] - رۆژنامەی لایەنگرانی گایتان - پێرستێکی لەو بەڵگەنامانە ئامادەکرد کە رۆیا سیێرا لەکاتی تاوانەکەدا لەگیرفانیدابوو. ناسنامە و بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکەی هیچ جێگەیەکی بۆ دوودڵی و گومان نەدەهێشتەوە، بەڵام هیچ سەرەداوێك نەدۆزرایەوە کە مەبەست و نیازی لەوکارە ئاشکرابکات. گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی هەشتاودوو سەنت پارەی ووردەی تێدابوو، ئەمەش لەکاتێکدا کە نرخی هەندێك شتومەکی پێویستی ژیانی رۆژانە تەنها پێنج پیزۆ بوو. لە گیرفانی چاکەتەکەیدا جانتایەکی بەرگیرفانی چەرمی رەشیان دۆزیەوە کە ئەسکەناسێکی یەك پیزۆیی تێدابوو. جگەلەوانەش، گەواهینامەیەکی کردەوە باشی، بەڵگەیەکی پۆلیسی لەمەڕ نەبوونی پێشینەی تاوان و پشتگیری نامەیەکی پێبوو کە ناونیشانی نیشتەجێبوونی لە یەکێك لە گەڕەکە هەژارنشینەکان تۆمار کرابوو: شەقامی هەشتەم، ژمارە ٢٠ - ٧٣. بەپێی بەڵگەنامەی کۆتایی خزمەتی سەربازیەکەی بە پلەی یەدەکی پلە دوو، کە لەگیرفانی چاکەتەکەیدا دۆزرایەوە، کوڕی رافائێل رۆیا و ئینکارناسیۆن سیێرابوو و بیست و یەك ساڵ پێشتر لە دایك ببوو: ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٢١.

بە رواڵەت هاوشارییەکی رەفتار باش بوو کە هەرئەوەش مرۆڤی دەخستە گومانەوە: بۆچی دەبێت کەسێك لەچینێکی زۆر نزم و بەبێ هیچ پێشینەیەکی خراپەکاری و تاوان ئەو هەموو بەڵگەنامەی پێشینە پاکیەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبێت. ئەوەی گومانی لەلام هێشتەوە و هەرگیز نەمتوانی فەرامۆشی بکەم رۆڵی ئەوپیاوە شیکپۆشە بوو کە جەماوەرە تووڕەکەی بەردایە گیانی ئەو گەنجە و دواتر سواری ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز بوو، بۆ هەمیشە لەبەرچاو وون بوو.

لەمیانەی ئەو رووداوە پڕئازار و خەفتبارانەدا، ئەوکاتەی لاشەی پەیامبەرە بکوژەکەیان دەپشکنی، دەستەی رابەرایەتی لیبراڵەکان لە چێشتخانەی کلینیکی ناوەندی کۆبوونەوە بۆئەوەی لەمەڕ ئەو دۆخە پەشێواوە رێگەچارەیەك بدۆزنەوە. بەپەلەترین

---

[١]. Gabeiel Restrepo

[٢]. La Jamada

کاردانەوەشیان نەوەبوو بەبێ شوێن‌و کاتی دیاریکراو بەرەو کۆشکی سەرەك کۆماریی برۆن و پاش بیروراگۆڕینەوە لەتەك سەرۆکی دەوڵەتا، ڕێگەچارەیەکی بەپەلە بدۆزنەوە کە بتوانێت بەر بەو کارەساتە بگرێت کە وڵاتی دەخستە مەترسیەوە. کەمێك پێش کاتژمێر نۆی شەو، بارانەکە کەمی کرد و نوێنەرەکان بەهەر مەینەتیەك بوو، بە شەقامە تێکوپێکدراو و پەشێواو و وێرانەکانی دەرئەنجامی هەڵچوونی جەماوەر و بەتەنیشت ئەو لاشانەدا تێپەڕین کە بارانی فیشەکی وێڵی تاك تەقەکەرە سەنگەرگرتوەکانی سەر بەلەکۆن و سەربانەکانیان بەرکەوتبوو، خۆیان گەیاندە شوێنی مەبەست.

لەو هۆڵە گەورەیەی دەگەیشتەوە سەر نووسینگەی سەرەك کۆمار یەك دوو کارمەند و سیاسەتمەداری پارێزکار و هاوسەری سەرەك کۆمار **دۆنا بێرتا هێرنانـدێز دی ئۆسپینا**[1]یان بینی کە بەتەواوەتی بەسەرخۆیدا زاڵبوو. هێشتا هەمان ئەو بەرگەی لەبەردابوو کە بۆ پێشانگای ئێنگاتیبا پۆشیبووی و حەوتتیرێکی تایبەتی بەخێرهێنانیشی لەکەمەری بەستبوو.

لە ئێوارە بەدواوە، سەرەك کۆمار پەیوەندی لەگەڵ شوێنە هەرە هەستیار و بارگرژترین ناوچەکان پچڕابوو و هەوڵیدەدا، لەپشت دەرگا داخراوەکان و بە راوێژی ئەفسەر و وەزیرەکانی، لەسەر بنەمای گوتار و بۆچوون بارودۆخی وڵات تاووتوێ بکات. کەمێك پاش دەی شەو، رابەرە لیبراڵەکان بە هاتنە چاوەڕوان نەکراوەکەیان بۆ کۆشکی سەرەك کۆماریی لەناکاو پەیدابون. ئامادەنەبوو هەموویان پێکەوە ببینێت و وتی تەنها دوو کەس دوو کەسیان بێنە ژوورەوە، بەڵام ئەوان ملیان بۆ ئەو بڕیارە شۆڕ نەکرد و لێبڕاوانە رایانگەیاند گەر بەوجۆرە بێت کەسیان ناچنە ژوورەوە. سەرەك کۆمار بەناچاری پاشگەز بوەوە، بەڵام لە پێشوازیەکەدا، بوەهۆی لاوازبوونی وورەی لیبراڵەکان.

بینیان بە بەژنێکی رێکوپێك و بەبێ بچوکترین ئاماژەیەکی ترس و دڵەڕاوکێ، لەوسەری مێزێکی گەورەی تایبەتی کۆنفرانس دانیشتبوو. تاکە شتێك کە کەمێك هەڵچوونە دەرونیەکەی ئاشکرا دەکرد جۆری جگەرەکێشانەکەی بوو، کە لەسەر یەك و بەوپەڕی حەزەوە مژی لێدەدا و زۆرجاریش جگەرەیەکی بە نیوەیی دەکووژاندەوە و یەکسەر پاش ئەوە جگەرەیەکیتری دادەگیرساند. یەکێك لە ئامادەبووان چەندساڵێك پاشئەوە بۆی گێڕامەوە کە قژە زیویەکەی سەرەك کۆماری هێمن و لەسەرخۆ، لەباگراوەندی بریسکانەوەی ئاگرەکان، لەرادەبەدەر کاریگەریی لەسەر بەجێهێشتووە.

---

[1]. Dona Bertha Hernandez de Ospina

لەپەنجەرە گەورەکەی نووسینگەکەی سەرەك کۆمارەوە، بڵێسەی وێرانە نیوە سووتاوەکان، لە ژێر ئاسمانی هەڵگیرساودا، تا ئەوپەڕی ئاسۆ بەرچاو دەکەوتن.

زانیاریەکانمان لەسەر ئەو دیدارە بەقەرزاربارى ئەو خاڵە پچڕاو و کەمانە دەزانین کە خودی ئامادەبوان گێڕایانەوە، ئەو قسە نایابانەی هەندێك لەو هەواڵدزانەی دزەی کردە دەرەوە و گەیشتەوە بەگوێی نامەحرەمەکان و قسە خەیاڵیە زۆرەکانی خەڵکی کە لق وپۆپیان بۆ ووردەکاریەکانی دروست کرد و یەکیان کرد بە چل و کێچێکیان کرد بەگایەك بەتایبەت لە دوبارە گێڕانەوەی بەربلاوی رووداوەکانی ئەو رۆژە پڕلەنەگبەتی و جەنگانەی کە بەهەوڵی شاعیر و مێژوونووسی کۆلۆمبیی **ئارتۆرۆ ئالاپی**[1]، کە بەشی سەرەکی گێڕانەوەی ئەو رۆژانە لەسەر بنەمای نووسینەکانی ئەو راوەستاوە.

ئەوکەسانەی لەو دانیشتنەدا ئامادەبوون بریتیبوون لە : **دۆن لوویس کانوو**[2] ی بەڕێوبەری رۆژنامەی لیبراڵی نال سپیکادۆر. پلینیۆ میندۆزا نیێرا کە کۆبوونەوەکە لەداهێنانی ئەوبوو و سێ کەس لە رابەرە چالاك و لاوەکانی رابەرە لیبراڵەکان: **کارلۆس یێراس رێستێرپۆ**[3]، **داریۆ ئاچاندیا**[4] **و ئالفۆنسۆ ئارایێخۆ**[5]. کە لەماوەی ووتووێژەکەدا یەك دوو لیبراڵیتر ش هاتوچۆیان کرد.

بەپێی ئەوەی پلینیۆ میندۆزا نیێرا بە ووردی لەبیریەتی و چەند ساڵێك دواتر، ئەودەمەی بەبێزاریەوە رۆژانی دورخراوەییەکەی لە کاراکاس دەگوزەراند، بۆی باس کردم، لەوکاتەدا کەسیان هیچ نەخشەیەکی دیاریکراو و ئامادەیان نەبووە. ئەو تاکە شایەتی عەینی کوشتنی گایتان بوو، هەربۆیە بەهۆی توانای زاتی گێڕانەوە و ووردبینی رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵانەی، بەش بە بەشی رووداوەکەی گێڕایەوە. سەرەك کۆمار بە ووردی و بەحاڵەتێکی رەسمی و جدیەتەوە گوێی لەقسەکانیان گرت و لەکۆتاییدا داوای لەمیوانە داوەت نەکراوەکانی کرد، بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە گەورەیە، رێگەچارەیەکی دروستو بەجێ و نیشتیمان پەروەرانە پێشنیار بکەن.

دۆست و دوژمن شایەتیان لەسەر ئەوە دەدا کە میندۆزا کەسێکی بێپێچوپەناو راستگۆیە، لەوەلامدا ووتی عەقڵ حوکمی دەکرد دەوڵەت بەرپرسیاریەتی کاروبارەکانی وڵات بسپێرێتە هێزە چەکدارەکان لەبەرئەوەی لەهەمووڵایەك زیاتر باوەڕپێبوونی

---

[1]. Arturo Alape

[2]. Don Luis cano

[3]. Carlos Lieras Restrepo

[4]. Dario Echandia

[5]. Alfonso Araujo

خەڵکیان دەبردەوە و گەلیش بە چاوی ئومێدەوە لێی دەڕوانین. ماوەیەکی کورتی پێش ئێستا، وەزیری جەنگی دەوڵەتەکەی ئالفۆنسۆ لۆپێز پومارخۆ بوو، لە نزیکەوە فەرماندە سەربازیەکانی بەباشی دەناسی و لەوباوەڕەدابوو تەنها ئەوان دەتوانن بارودۆخی پەشێواوی وڵات ڕێکبخەنەوە و بارودۆخەکە ئاسایی بکەنەوە بەڵام سەرەك كۆمار ئەو پێشنیارە واقعبینانەیەی قبوڵ نەکرد و هاوڕێ لیبراڵەکانیشی پاڵپشیان نەکرد.

دواتر، دۆن لوویس کانوو، کە دووربینیە هۆشمەندانەکەی لەکەس شاراوە نەبوو، سەری قسەکانی گرتە دەست. هەستی بەرامبەر سەرەك كۆمار هەستێکی باوکانەبوو و تەنها هەرئەوەندەی ووت کە لەگەڵ هەر بڕیارێکی خێراو ڕاستی ئۆسپینادایە کە هەمووانیش پەسەندی بکەن و بۆ بەدیهێنانی تا لەتوانایدا بێت هەوڵ دەدات. ئەو سیاسەتمەدارە پیرەکەی دڵنیا کردەوە کە ڕێگەچارەیەکی گوونجاو بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخ و ئاسایکردنەوەی دۆخەکە دەدۆزێتەوە، بەڵام هەرچۆنێك بووە پابەندی دەستوور دەبێت، و لەکاتێکدا لەپەنجەرەکانەوە ئاماژەی بۆ ئەو بڵێسانە کرد کە شاریان قووت دەدا، بە تانەوە بەجۆرێك کە نەیدەتوانی بیشارێتەوە، لەوە ئاگاداری کردنەوە کە ئەو پەشێویە تاوانی دەوڵەت نەبوو.

بە پێچەوانەی لایۆریانۆ گۆمێز کە تووڕەییە بێبەربەستەکەی لەسەر زاران بوو، هەروەها ئەودوای هاوڕێ حیزبیە خۆبەگەورەزانەکانی کە لە شەڕەکانی هەڵبژاردندا بڕکەبەر بوون، ئەو بە نەزاکەت و لەسەرخۆیی بەناوبانگ بوو، بەڵام لەو شەوە مێژوویەدا سەلماندی کە ئامادە نییە لە سەرسەختی و کەلەڕەقیدا لەوان کەمتر بێت.

بەمشێوەیە، دانوستانەکە تا نیوەشەو بەبێ ئەنجام درێژەی کێشا، ئەمەش لەکاتێکدا کە دوونیا بێرتا دی ئۆسپینا هەرجارەو هەواڵی مەترسیدارتری دەهێنا و لەقسەکردن دەیوەستاندن.

لەوکاتەدا، ژمارەی کووژراوەکانی سەر شەقام و ئەو تاك تەقەکەرانەی لە شوێنە سەختەکان سەنگەریان گرتبوو، هەروەها ژمارەی ئەوخەڵکە بێهەوسار و شێتە غەمگین و تووڕەیە و ئەو مەشرووباتە ڕۆحیەی لە دووکانە دەوڵەمەندانەکان تاڵان کرابوون، بێ شوومار بوو. هەرگیز نەدەکرا ژمارەیان بخەمڵێنیت لەبەرئەوەی ناوەندی وێران و تاڵانکراوی شار بەردەوام لەنێو گڕدا دەسووتا و ئاگرکەوتنەوەکە گەلێك زیانی بە دووکانەکانی فرۆشتنی شتە پیرۆزەکان، کۆشکی دادگا، قایمەقامیەت و زۆر بینایتری مێژوویی گەیاندبوو. واقیعی بێبەزیی ڕێگەکانی ڕێکەوتنی ئاشتی ئامێزانەی نێوان چەند کەس لەگەڵ یەك کەسی لە دورگە چۆڵەکەی نووسینگەی سەرەك كۆمار داخستبوو.

داریۆ ئاچاندیا، کە دەکرێت بڵێن دەسەلاتدارترین لیبراڵ بوو. لەهەمووان کەمتر قسەی کرد. یەك دوو رستەی تانەئامێزانەی بە سەرۆك کۆمار وت و دیسانەوە پەنایبردەوە بەر بێدەنگی. بەرواڵەت شایستەترین و بێهاوتاترین کەس بوو کە دەیتوانی لەبری ئۆسپینا پێرس سەرۆك کۆماریی لەئەستۆ بگرێت. بەلام ئەوشەوە نەکارێکی لێ وەشایەوە کە شایستەی ئەو پۆستە بێت و نە لەوبارەیەوە بیّ مەیلی خۆی دەربڕی. سەرۆك کۆمار کە بە پارێزکارێکی میانڕەو لەقەڵەم دەدرا، تادەهات توندتر دەینواند. ئەوە و برازای دوو سەرۆك کۆماری کۆڵۆمبیای سەدەی بیستەم بوو، بە باوکێکی نموونەیی لەقەڵەم دەدرا، خوێندنی لەبواری ئەندازیاریدا تەواو کردبوو بەلام دەستبەرداری ئەو پێشەیە ببوو، پشتاوپشت ملیۆنەر بوون و گەلێك توانایتری هەبوو کە بەنهێنی بەکاریدەهێنان و ئەوەندە خۆی لە خۆنواندن بەدوور دەگرت کە دەیانوت ئەوەی لەماڵ و لە کۆشکی سەرۆك کۆماریدا فرمان دەردەکات هاوسەرە بەهەڵستیکار و شەرخوازەکەی بوو، هەرچەندە ئەو پروپاگەندەیە شتێکی بێبنەمابوو. سەرباری هەموو ئەوانە، بە تەنزێکی توند دەمولوتی ئاحەزە سیاسیەکانی شکاند و وتی هەرچەندە پێشنیارەکانی ئەوان شایستەی بیر لێکردنەوەیە، بەلام خۆشحاڵ دەبێت بەوەی لەپۆستەکەی خۆیدا بمێنێتەوە و هەمان ئەو دەسەلاتانەشی جێبەجێ بکات کە بەپێی ئیرادەی گەل پێی بەخشراوە و هیچ بەلگەیەك نییە درێژە بەو کارەی نەدات.لە پێگەی دەسەلاتەوە قسەیدەکرد. بێگومان باسی شتێکی دەکرد کە لیبراڵەکان لیی بێئاگابوون: پێگەی تەواوەتی هەماهەنگی گشتی لە وڵاتدا. لەمیانەی وتووێژەکاندا چەنجارێك نووسینگەکەی بەجێهێشتبوو بۆئەوەی زانیاری ووردی دەست بکەوێت. ژمارەی سەربازەکانی سەربازگەی بۆگۆتا لە هەزار کەس کەمتر بوو، تارادەیەك بارودۆخی پارێزگاکانیتریش ئاڵۆز بوو. بەلام هێزە سەربازیەکان هێشتا لەبەرامبەر دەوڵەت وەفاداربوون و هەموو شتەکانیان کۆنترۆڵ کردبوو. لە بۆیاکای پارێزگای دراوسێ، کە نیبرالیزمە مێژوویی و پارێزکاریە توندوتیژەکەی بەناوبانگ بوو، **خۆزێ ماریا ڤیاریال**[1] - پارێزکارە پڕەکە - نەتەنها لە سەەتاوە یاخیبوونە ناوخۆییەکانی سەرکووت کرد، بەلکو سەرقاڵی رەوانەکردنی هێزی ئامادەبوو بۆئەوەی خەڵکانی پایتەختیش ملکەچ بکات. هەر بەوپێیە ئەو تاقە کارەی کە دەبوو سەرۆك کۆمار جێبەجێی بکات ئەوەبوو کە بەهێمنیەکی تەواو و جگەرەکێشانە هێواشەکانی، لیبراڵەکان سەرقاڵ بکات تا بارودۆخەکە بەدڵی پارێزکاران وەردەچەرخێ.

---

[1]. Jose maria Villarreal

تەنانەت یەکجاریش تەماشای کاتژمێری نەکرد، بەڵام دیارە بەووردی ئاگاداری کات بوو و باش دەیزانی هێزە نوێکان، کە پێشتر لە تاقیکردنەوەکان دەرچووبوون، کەی دەگەنە شار.

پاش کۆڵێك راگۆڕینەوەی تاقیکارانە، کارلۆس یێراس رستڕپۆ ئەوبڕیارەی پێشکەش کرد کە رابەرە لیبراڵەکان لە کلینیکی ناوەندی دابوویان و وەکو رێگەچارەی کۆتایی لەلای خۆیان هێشتبوویانەوە: پێشنیارەکەیان بۆ سەرەك کۆمار ئەوەبوو کە بۆ دروستکردنی هەماهەنگی و گەیشتن بە ئاشتی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی، بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بسپێرێتە داریۆ ئاچاندیا. بێگومان، **ئێدواردۆ سانتۆس**[1] و ئالفۆنسۆ لۆپێز پوومارخۆی سەرەك کۆمارانی پێشووتر و ئەو پیاوە خاوەن بڕوا سیاسیە بەرفراوانانە، ئەو رێگەچارەیان بە سنگی کراوەوە قبوڵ دەکرد، بەڵام لەورۆژەدا لە وڵات نەبوون.

بەڵام وەڵامەکەی سەرەك کۆمار کە بەدەم مژ لێدانی جگەرەکەیەوە دەریبڕی، ئەو شتە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا. ئەو هەڵەی بەکارهێنا بۆئەوەی ئەو توانایییە راستەقینەیەی ئاشکرا بکات کە تائەوکات ژمارەیەکی کەم لە هەبوونی بەئاگابوون. ووتی بۆ ئەو و خێزانەکەی بێدەردیسەرترین رێگەچارە دەستبەرداربوونە لەدەسەڵات و ژیان بەسەربردنیانە لەدەرەوەی وڵات، بەتایبەت لەکاتێکدا کە سامانە تایبەتیەکەی ئەو هەڵەی بۆدەرەخساند و بەوشێوەیەش لە دەردیسەرییە سیاسیەکان رزگاری دەبوو، بەڵام ئەوەی نیگەرانی دەکرد کاریگەری ئەو کارەبوو لەسەر بیروڕای گشتی و ئاکامە گریمانیەکانی چاوپۆشی سەرەك کۆماری هەڵبژێردراوبوو لە دەسەڵات و بەرپرسیاریەتیە یاسایەکانی. لەبارودۆخێکی لەوجۆرەدا، بێگومان شەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسا، و ئەوکاتەی بینی یێراس رستڕپۆ سوورە لەسەر دەست لەکارکێشانەوەی ئەو، بوێریی دایەبەرخۆی و ئەوەی بەبیری ناحەزە جەسوورەکەی هێنایەوە کە ئەوپابەندی پاراستنی دەستوور و ئەودوای یاساکانە و بۆئەمەش پەیمانی لەگەڵ نیشتیمان و ویژدان و خودای خۆی گرێ داوە. بەپێی گێڕانەوە نارەسمیەکان، لەوچرکەیەدابوو کە وتە مێژوویەکەی دەربڕی، کە رەنگە هەرگیز ئەوقسەیەی بەسەر زماندا نەهاتبێت، بەڵام بۆ هەمیشە بە مووڵکی ئەو دانرا: **"لەمەڕ دیموکراسی کۆڵۆمبیا، سەرەك کۆمارێکی مردوو بایەخی لە سەرەك کۆمارێکی هەڵاتوو زیاترە."**

هیچ یەك لە شایەتەکان لەیادی نییە ئەو قسانەی لە زمانی سەرەك کۆمار یا کەسێکیترەوە بەرگوێ کەوتبێت. بەتێپەڕینی کات، گەلێك توانایی و شیاوییان پێوە گرێدا و تەنانەت شایستەییە سیاسی و شەرعیەتە مێژوویەکەی بووەجێگەی باس و گفتوگۆ،

---

[1]. Eduardo Santos

بەلام هەرگیز باسی سەلیقە ئەدەبیە شکۆمەندەکەی نەکرا. لەوە بەدوا ئەو وتە ساختەیە بووبە دروشمی سەرەکی دەوڵەتەکەی ئۆسپینا پریس و یەکێك لە روکنەکانی شکۆمەند ومەزنی ئەو. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی هەندێك کەس بانگەشەی ئەوەبکەن کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی پارێزکار ئەو رستەیەیان داهێناوە، و لەهەموانیش زیاتر گومانیان لە سیاسەتمەداری بەناوبانگ و وەزیری نەوت، **خواکین ئێستێردا موونسالڤێ**[1] بوو کە ئەوشەوە لەکۆشکی سەرەك کۆمار ئامادەبوو، هەرچەندە لە هۆڵی دانیشتنەکەدا نەبوو. بەمشێوەیە رستە بەناوبانگەکە بەناوی کەسێکەوە کە دەبوو لە شارێکی سووتاودا بیکات کە خۆڵەمێشەکەی وردەوردە سارد دەبووەوە و لە ولاتێکدا کە چیتر نەدەگەڕایەوە سەر بارودۆخی جارانی، لەمێژوودا تۆمار کرا. بەهەرحاڵ، سەرەك کۆمار زیرەکی وشایستەیی خۆی بە داهێنانی رستەی کورت و بەجێ نەسەلماند، بەڵکوو هونەرەکەی لەوەدابوو کە توانی بە شیرینی خەولێخەری قسەی تەموومژاوی، تا ماوەیەك دوای نیوەشەو لیبراڵەکان سەرقاڵ بکات و هەلێك بڕەخسێنێت تاوەکو هێزە تازە نوێیەکان لەمەڕ سەرکووت کردنی شۆڕشی جەماوەری و سەقامگیریی ئاشتی پارێزکرانە بگەنە پایتەخت. سەرەك کۆمار، پاش جێگیربوونی بارودۆخەکە، کاتژمێر هەشتی بەیانی ١٠ی ئابریل، بە یازدە زەنگی تەلەفۆن، کە وەکوو مۆتەکە لەگوێی داریۆ ئاچاندا دەنگی دایەوە، لەخەو رایپەڕاند و بە سەرەك وەزیری دەوڵەتی ئاشتی نەتەویی لە رژێمێکی دوو حیزبیدا دایمەزراند. لایۆریانۆ گۆمێز، بێتاقەت لەو رێگەچارەیە و نیگەران لە ئاسایشی تایبەتی خۆی، لەگەڵ خێزانەکەی رێگەی نیۆیۆرکی گرتەبەر، ئەمەش لەکاتێکدا کە وردەوردە خەریکبوو هەلومەرجی سەودا هەمیشەییەکەی کە ئەویش بەدەستهێنانی پۆستی سەرەك کۆماری بوو، دەهاتە دی.

خەیاڵی گۆڕانکاریی بنچینەیی کۆمەڵایەتی، کە گایتان لەپێناویدا خۆی بەخت کرد، لە نێوان دوکەڵی وێرانەکانی شاردا لەناوچوو. ژمارەی کوژراوەکانی بارگرژییەکەی بۆگۆتا و ئەوکەسانەی بەدرێژایی ساڵانی دوایی بەهۆی سەرکووتکاریی دەوڵەتەوە کوژران، لەسەرو یەك ملیۆن کەسەوە بوو، ئەمەش سەرباری هەژاریو مەینەتی گشتیو دورخستنەوەی بەرفراوانی نەیاران. رابەرە لیبراڵەکان، کە لەنێو دەوڵەتدا خاوەنی پلەوپایەی بەرز بوون، پاش ئەو رووداوە کارەساتبارانە، تازە درکیان بەوەکردبوو کە چۆن ناوبانگ و نیازپاکی خۆیان خستوەتە مەترسیەوە و چ جای ناویان وەکو هاودەستی ئەو کۆمەڵە سەرکوتکەرو دژە خەڵکە لەمێژوودا مایەوە.

---

[1]. Joaquin Estrada Monsalve

لەنێو شایەتە زۆرە مێژووییەکانی ئەورۆژمدا لەبۆگۆتا دووکەس هەبوون کە یەکتریان نەدەناسی و چەند ساڵێك دواتر بوونە نزیکترینی هاوڕێیانم. یەکێکیان لوویس کاردۆسا ئەی ئاراگۆن بوو، ئەو شاعیر و نامیلکەنووسە سیاسی و ئەدەبیە گواتیمالاییەی کە بە پۆستی سەرەك وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی وڵات لە کۆبونەوەکەدا ئامادەبوو. ئەویتریشیان فیدڵ کاسترۆ بوو. سەیر لەوەدایە، هەردووکیان لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەوە تاوانبار کران کە دەستیان لە بارگرژیەکاندا هەبووە.

دەربارەی کاردۆسا ئەی ئاراگۆن وترا کە بەتایبەت یەکێك بووە لە بزوێنەرانی یاخیبونەکەو لەژێر دەمامکی نوێنەری تایبەتی دەوڵەتی پێشکەوتووی **خاکۆبۆ ئاربێنز**[1] لە گواتیمالا، مەبەستە پیسەکانی جێبەجێکردووە. دەبێت ئەوە بزانین کاردۆسا ئەی ئاراگۆن نوێنەری دەوڵەتی مێژوویی و یەکێکبوو لە شاعیرە پایە بڵندەکانی زمانی ئیسپانی و هەرگیز ئامادەنەبوو لە سەرچڵیە شێتانەکاندا بەشداریی بکات. لەنێوان ئەو هەموو پڕوپاگەندە بێبنەماو هەلبەستراوەدا، ئەوەی لەهەمووشتێك زیاتر دەبووەهۆی غەم و ئازار بۆی ئەو تۆمەتەیە کە **ئێنریکە سانتۆز مۆنتخۆ**[2]، **کالیبان**[3]، لە گۆشەی پڕخوێنەرەکەیدا لە ئال تیمپۆ"سەمای کاتژمێر"، بۆی هەڵبەست و لێبڕاوانە بانگەشەی ئەوەی کرد، ئەو مەزنە پیاوە گواتیمالاییە بەرپرسیاریەتی رەسمی هەبووە کە ژەنراڵ مارشال بکووژێت. زۆربەی نوێنەرە بەشداربوەکانی کۆبونەوەکە داوایان کرد، بە ناوبژیوانی و کوێخایەتی، کارێك بکەن رۆژنامەکە ئەو بانگەشە هەڵبەستراوانە بە درۆ بخاتەوە یان هەر هیچ نەبێت چاوی پیا بخشێنێتەوە، بەڵام هەوڵەکانیان بێئاکام بوو. **ئال سیگلۆ**[4]ی ئۆرگانی رەسمی پارێزکارە دەسەڵاتدارەکان، بە بوقو کەرەنا ژەندنەوە رایگەیاند کە کاردۆسا ئەی ئاراگۆن بزوێنەر و هۆکاری سەرەکی ئەو بارگرژی و یاخیبوونە بووە.

چەند ساڵێك دوای ئەوە لەمەکزیکۆسیتی لەگەڵ ئەو و هاوسەرەکەی **لیا کۆستاکووسکی**[5]، لە ماڵەکەیان لە **کۆیۆئاکان**[6]، ئاشنابووم، کە بیرەوەریەکانی شکۆمەندیەکی پیرۆزی دەبەخشیە ئەوێ و تابلۆ ئەسڵیەکانی وێنەکێشە گەورە هاوچەرخەکان ئەوەندەیتر ئەو شوێنە دڵکراوەو رۆحانیەی جوانتر دەکرد. هاوڕێکانی شەوانی یەکشەممە

---

[1]. Jacobo Arbenz

[2]. Enrique Santos montejo

[3]. Caliban، یەکێك لە کەسایەتیە سەرەکیەکانی شانۆنامەی تۆفانی شکسپیر.

[4]. El Siglo (سەدە)

[5]. Lya kostakowsky

[6]. Coyoacan

دەچووینە میوانیە خۆمانەکانی کە تا دەمەوبەیان درێژەی دەکێشا و بایەخ و گەورەیەکی حاشاهەڵنەگریان هەبوو. خۆی بە کوژراوێکی زیندوو دەزانی، لەبەرئەوەی دووجار مەرگ بە پەناگوێدا تێپەڕیبوو، جاری یەکەمیان ئەوکاتەی تاك تەقەکەرەکان هێشتا کاتژمێرێك لە تاوانەکە تێنەپەریبوو، ئۆتۆمبێلەکەیان دایەبەر دەستڕێژی فیشەك و چەند رۆژیش دوای ئەوە، ئەوکاتەی کە شۆرش دۆڕابوو، پیاوێکی سەرخۆشی دەمانچە بەدەست لەسەر رێگەی دەرکەوت و نیشانەی لە دەموچاوی گرتەوەو دووجار پەلەپیتکەکەی چرکاند بەڵام هەردووجارەکە فیشەکەکە گیری کرد. ٩ی ئابریل بابەتی دوبارەی ووتووێژەکانمان بوو، کە لەمیانەیاندا تورەیی پڕ لە خەفەت و حەسرەتی ساڵانی بەباچوومان ئاوێتەی یەکدی دەبوون.

فیدل کاسترۆ، لەبەر هەندێك لەچالاکیەکانی لە نێو بزووتنەوەی فێرخوازیدا، بوە قوربانی توندڕەوییە ناپەسەندو گێلانەکان. لەو شەوە شوومەدا، پاشئەوەی بەدرێژایی رۆژ لەنێو پەشێوی و بارگرژی شارەکدا مایەوە، خۆی گەیاندە تیپی پێنجەمی پۆلیسی نەتەوەیی، بەوهیوایەی بتوانێت بەجۆرێك سوودی هەبێت و کۆتایی بە کوشتاری سەر شەقامەکان بهێنێت. ئەگەر یەکێك نەیناسێت نازانێت بە بینینی ئەوهەموو حەسارەی بەرزکرابونەوە و هەرگیز نەیاندەتوانی پێوانەیەکی هاوبەش بۆ کردەوەکانیان بدۆزنەوە، چەندە رادەیەك هەستی بە داماویی و نائۆمێدی کرد.

چاوپێکەوتنی لەگەڵ فەرماندەکانی هێزی پۆلیس و ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکان سازکرد و بێهوودە هەوڵیدا رازییان بکات کە کۆبونەوە و سەنگەرگرتن لە شوێنێکدا بەناچاریی بە شکست کۆتایی دێت. پێشنیاری ئەوەی پێشکەش کردن کە هێزەکانیان بەبەرنامە رەوانەی سەر شەقامەکان بکەن و لەوێ درێژە بەجەنگ بدەن. بۆ سەلماندنی بۆچونەکەی، گەلێك نموونەی لە روداوەکانی رابردو گێڕایەوە، بەڵام کەس گوێی لەقسەکانی نەبوو، هەرلەوکاتانەشدابوو کە هێزی پیادە و دەبابەکانی دەوڵەت حەسارەکەی تۆبباران کردن، هەربۆیە لەکۆتاییدا بڕیاریدا بەشداریی چارەنووسی نادیار هەمووان بکات.

بەیانی زوو، پێلینۆ میندۆزا هاتە لای هێزەکانی تیپی پێنجی پۆلیس و رێنومایییەکانی رابەرە لیبراڵەکانی پێ راگەیاندن و هەوڵیدا کارێك بکات کە جگەلە ئەفسەر و بەرپرسە سەربازییەکانی شۆڕش بەبێ بەرگری خۆ بەدەستەوە بدەن، بەڵکو زۆربەی ئەو لیبرالانەشی کەچاوەڕێی ئەومیان دەکرد بەپێی فرمانێك بچنە ریزی ئەوانەوە چەکەکانیان دابنێن. لەماوەی دانووستانە درێژەکاندا بۆ گەیشتن بەرێکەوتن، کە چەندین کاتژمێر درێژەی کێشا، وێنەی ئەو فێرخوازە بەقەڵافەت و فرەبڵێ کووبایە،

کە چەندینجار خۆی هەڵقورتاندو بە رۆشنبینی و لۆژیکە توندەکەی کۆتایی بە ناکۆکیەکانی نێوان رابەرە لیبراڵ و ئەفسەرەکانی شۆڕش هێنا، لە بیرەوەری میندۆزادا مایەوە. تازە چەند ساڵ دوای ئەوە زانی ئەو کێ بووە، لەبەرئەوەی بەڕێکەوت لە کاراکاس لەوێنەیەکی ئەو شەوەدا ناسیەوە، لەوکاتەدا، ماوەیەك دەبوو کاسترۆ بەرەو **سیێرا مایسترا**[1] رۆشتبوو.

یازدە ساڵ پاش ئەوە، ئەوکاتەی وەکو پەیامنێر بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێك لەسەر گەڕانەوەی سەرکەوتوانەی بۆ هاڤانا بەرەو کوبا سەفەرم کرد، لەوێ ناسیم و بەتێپەڕینی کات هاوڕێیەتیەکی نزیك لەنێوانماندا دروست بوو کە لەوساڵانەوە تائێستا درێژەی هەیە و لەوکاتەوە لەبەردەم گەلێك بەربەست و رووداودا خۆی راگرتووە. لە وتووێژە چڕوپڕەکانماندا لەسەر وتە ئیلاهی و مرۆییەکان، بەسەرهاتەکەی ٩ی ئابریل یەکێك لەوبابەتانەی زۆرجار باسمان کردوە، بەردەوام فیدڵ کاسترۆ ئەو روداوە پڕئازارەی بەیەکێك لە هۆکارە کاریگەرەکانی پێکهاتنی کەسایەتی خۆی لەقەڵەمیداوە. بەتایبەت ئەوشەوەی کە لەگەڵ تیپی پێنجەم بەسەریبرد و تێگەیشت کە زۆربەی هێزەکانی شۆڕش، کە بەردەوام لەهاتووچۆدابوون، و لەباتی ئەوەی هەوڵەکانیان لەمەڕ دۆزینەوەی رێگەچارەی سیاسی و بەپەلە بخەنەگەڕ، هێز وتوانای خۆیان بۆ وێرانکاری و تالانچیەتی بەفیڕۆ دەدا.

لەوکاتەدا کە ئەو دوو هاوڕێیەم شایەتی ئەو روداوانەبوون کە مێژووی کۆلۆمبیایان کرد بە دوو کەرتەوە، من و براکەم، لەتەك ئەودوای ئەو کەسانەی پەنایان بۆ ماڵەکەی خاڵە جوانیتۆ هێنابوو، بێخەبەر لە هەموولایەك، تەنها گیانی خۆمان دەپاراست. تەنانەت یەك چرکەش بیرم لەوە نەکردەوە کە نووسەرێکی بەئەزموون بووم و رۆژێك دەهات کە بمەوێت، بەدرێژەدانی بیرەوەری، چیرۆکی ئەو رۆژە پڕمەترسیانەی دەمانگوزەراند لە زەینمدا بینا بکەمەوە و بیخەمەوە سەر کاغەز. تاقە دڵ مەشغوولیم، لەو هەلوومەرجەدا زۆر شتێکی کۆن بوو: بنەماڵەکەم لەوە ئاگادار بکەمەوە کە هێشتا زیندووم ـ هەر هیچ نەبێت تائەوکاتە ـ و لەهەمان کاتدا لە سەلامەتی دایك و باوك و خوشك و براکانم دڵنیابم، بەتایبەت لە مارگۆت و ئایدا، خوشکە گەورەکانمان کە لەئامادەییە شەوانە رۆژیەکاندا لە شارە دوورەدەستەکان دەیانخوێند. ماڵەکەی خاڵە جوانیتۆ پەناگەیەکی موعجیزەئاسا بوو. رۆژەکانی سەرەتا بەناخۆشی تێپەڕی لەبەرئەوەی بەردەوام دەنگی فیشەکمان بەرگوێ دەکەوت بێئەوەی هیچ هەواڵێکی

---

[1]. Siera maestra، ئەوناوچەیەی ولاتی کوبا کە فیدڵ کاسترۆ لەوێوە شۆڕشە چەکدارانەکەی دەست پێکرد.

باوەڕپێکراومان پێبگات. بەڵام وردەوردە ترسمان شکا و وێرامان سەرێك لە دووکانەکانی دەوروبەرمان بدەین و بڕێك خواردەمەنی بکڕین. هێزە سەربازیە هێرشکەرەکان شەقامەکانیان داگیر کردبوو و فرمانی ئەوەیان پێبوو بە فیشەك وەڵامی هەرجۆرە ناڕەزاییەك بدەنەوە. خۆزێ پالنسیای سەرمڕۆ، بۆئەوەی بەخەیاڵی ئاسوودەو بەبێ دەردیسەر بچێتە هەرشوێنێك کە دەیەوێت، بە کلاوێکی شێوە سەربازیانە و ئەو روتبانەی لەتەنەکەی خۆڵەکەدا دۆزیبوویەوە، خۆی وەکو هێزە سەربازیەکان لێکرد و بەختی هەبوو کە توانی لەدەست ئەو مەفرەزانە رزگاری ببێت کە پێیان زانیبوو.

رادیۆ بازرگانیەکان، کە پێش نیوەشەو بەرنامەکانیان بڕابوو، کەوتنە ژێردەسەڵاتی هێزە سەربازیەکانەوە. ئامێرەکانی تەلەگراف و تەلەفۆنە سەرەتاییەکان، کە ژمارەشیان کەم بوو، تەنها بۆ کاروباری کارگێڕی بەکار دەهێنران و هیچ ئامێرێکی پەیوەندی تریش لەئارادا نەبوو. لەبەردەم تەلەگرافخانەکاندا ریزی بێکۆتایی خەڵکی خۆی دەنواند و زۆر کەس بەبینینیان دەستبەرداری تەلەگرافکردن دەبوون. لەبری ئەوە، وێستگە رادیۆییەکان خزمەتگوزاریی پەیام گەیاندنیان دامەزراند کە گەر مرۆڤ بەختی هەبوایە، ئەو پەیامەی خۆوبەخت دەینارد دەگەشتە گوێی ئەوانەی مەبەستی بوون. ئەو رێگەیە لەروانگەی ئێمەوە سادەتر و دڵنیاتر دەینوواند، بێئەوەی لەخۆمانەوە بەهیوابین و دڵی خۆمان خۆش بکەین پشتمان بەو رێگەیە بەست.

منو براکەم، پاش بەسەربردنی سێ رۆژ زیندانی لە ماڵەوە، کەوتینە سەر جادە. ئەوەی بینیمان مەترسیدار و مووی لەشمانی رەپ کرد. شار تەنها ئەو وێرانانەی لێ بەجیمابوو کە لە کەشە هەوری‌و رەشەکەدا، غەمبارتر دەینواند. بارانی بێوەستانی ئەو چەند رۆژە ئاگرکەوتنەوەکانی خامۆش کردبو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گەڕانەوەی بارودۆخی ئاسایی و چاکردنەوەی وێرانەکانی دواخستبوو. زۆربەی کۆڵان و شەقەمەکانی شارەکەیان داخستبوو لەبەر ئەوەی تاق تەقەکەرەکان لەسەر بەلەکۆنەو سەربانەکانی نزیك ئەوشەقامانە کەمینیان کردبوو، و ناچاربووین، بە فرمانی ئەو گروپە سەربازیانەی دەتوت بۆ جەنگی جیهانی خۆیان ئامادە کردوە رێگەکەمان بگۆڕین و رێگەکەمان دوور بکەینەوە. بۆگەنی مەرگ هەموو شوێنێکی گرتبوەوە و چیتر بەرگەنەدەگیرا. لۆریە سەربازیەکان نەیانتوانیبوو سەرجەم لاشەکانی سەر شۆستەکان کۆ بکەنەوە و سەربازەکان بەناچاریی لەگەڵ ئەو خەڵکە داماوە و پەرێشان حاڵەی بەدوای ونبوەکانیاندا دەگەڕان و لەدەوری لاشە بێخاوەنەکان کۆدەبوونەوە، پێکدا هەڵدەپژان.

لەو وێرانانەی رۆژێك لەرۆژان ناوەندی بازرگانی بوون، بۆنی لاشە بۆگەنەکان هێند توند و هەناسە خنکێن بوون کە زۆربەی خێزانەکان دەستیان لەگەڕانەکانیان

هەڵدەگرت. لەنێو تەپۆڵەکەیەکی گەورەی لاشەکاندا، لاشەیەکی پێخاوس و بێ پانتۆڵ، کە چاکەتێکی دەریاوانی نوێ بەشی سەرەوەی لاشەکەی دادەپۆشی، سەرنجی رادەکێشا. سێ رۆژ دواتر، وەکو خۆڵەمێشەکان بۆگەنی لاشە بێخاوەنە لەتوپەتەکانی نێو وێرانەکان یان کەڵەکە بوی سەر سەکۆ و تارمەکانیان بەهەوادا بڵاو دەکردەوە.

من و براکەم، ئەوکاتەی هەرگیز چاوەڕوانمان نەدەکرد، لەپشتەوە گوێمان لە میلی چەکێك بوو رادەکێشرا، سست بووین و لەشوێنی خۆمان رەپ بووین،و هەر دوای ئەوەش یەکێك فرمانی پێکردین:

- دەستان بەرز کەنەوە!

بێئەوەی تەنانەت یەك چرکەش بیر بکەمەوە، بەبێ ویستی خۆم دەستەکانم هەڵبڕی، و لەتاو ترس لەشوێنی خۆم چەقیبووم و نەمدەوێرا بجوڵێمەوە، تائەوکاتەی دەنگی قاقای پێکەنینی **ئانخێل کاسیخ**[1]مان بەرگوێ کەوت و هاتمەوە سەرخۆم، ئەو بزێوە خەڵك ئازاردەرە لەپاش بانگەوازی هێزە چەکدارەکان، وەکو خۆبەخشی قۆناغی پێویستی یەکەم، ناوی خۆی تۆمار کردبوو. بەهۆی ئەوەوە، ئێمەی پەنابەرانی ماڵەکەی خاڵە جوانیتۆ توانیمان پاش رۆژێك ریزگرتن و چاوەڕوانی لەبەردەم ویستگەی رادیۆی نەتەویی، پەیامێك بۆ خێزانەکانمان بنێرین. لە سووکرە باوکم پاش گوێگرتن لەو پەیامانەی بەدرێژایی دوو هەفتە، شەووڕۆژ بڵاودەکرانەوە، دواجار گوێی لەپەیامەکەی ئێمەبوو. من وبراکەم کە بەردەوام شەقی کەمتەرخەمی ماڵەوەمان دەخوارد، لەوە دەترساین نەبا دایکمان ئەم پەیامە بە کارێکی بەزەیی ئامێزانە تێگەیشتبێت لە لایەن هاوڕێکانمانەوە بۆئەوەی دواتر بۆ بیستنی راستیەکی پڕئازار ئامادەیان بکات. ئەوەی بیرمان لێدەکردەوە هێندەش بێجێ نەبوو. دایکم هەر شەوی یەکەم خەوی بینیبوو کە هەردوو کوڕەکەی لەنێو ئەو بارگرژیانەی پایتەختدا لە دەریایەکی خوێندا نووقم بوون. پێدەچێت زۆر باوەڕی بە کابووسەکە هەبووبێت لەبەرئەوەی ئەوکاتەی لە رێگەیەکیترەوە لە راستی تێگەیشت، بڕیاریدا کە نابێت هیچکامان بگەڕێنەوە بۆ بۆگۆتا، تەنانەت ئەگەر ناچاریش بین لەماڵەوە بمرین و لەبرسانا بەفێرۆ بچین. وادیاربوو بڕیارەکەی هیچ قسەیەکیتری هەڵنەدەگرت، لەبەرئەوەی یەکەمین تەلەگرافی دایك و باوکمان بریتی بوو لە فرمانێك، ئەویش ئەوەی کە بەپەلە خۆمان بگەیێنینەوە سووکرە تائەوکاتەی چارەنووسی داهاتوومان دیاری دەکرێت.

---

[1]. Angel Casij

لەو چاوەڕوانیە ئاڵۆزەدا، زۆربەی هاوپۆلیەکانم وێنەیەکی زێڕینیان دەربارەی بەردەوامیی خوێندنم لە کارتاخانا بۆ دەکێشام، لەبەرئەوەی لەوباوەڕەدابون پێدەچوو وێرانەکانی بۆگۆتا چاك بکرێنەوە بەڵام بۆگۆتایەکان هەرگیز لەدەست ئاکامە رۆحیەکانی ئەو هەراو مەترسیەی ئەو بارگرژی و کوشتارە قوتار نەدەبون. کارتاخنا زانکۆیەکی سەدساڵەی هەبوو کە وەکو بینا مێژوویەکەی خاوەنی شەرعیەتیکی مێژوویی بوو و کۆلیژی مافیشی زۆر گەورەبوو کە فێرخوازی زۆریشی نەبوو و هەروەها نمرەکنیشم کە ئەوەندە باش نەبون لە زانکۆی نەتەوەیی ئەوێ پەسەند و باش لەقەڵەم دەدران.

نەمویست تا بەباشی بیرم لێ نەکردبێتەوە ئەو بیرە لەمێشکم دەربکەم بەڵام لەلای دایك و باوکیشم هیچ قسەم نەکرد لەبەرئەوەی بەنیازبووم پێش هەر بڕیارێك زانکۆکە ببینم. تەنها پێموتن بە فڕۆکە لە کارتاخناوە دەچمە سووکرە لەبەرئەوەی روباری ماگدالنا پاش ئەو جەنگە پڕلەهەڵچوونە، بە رێگەیەکی خۆکوژیی لەقەڵەم دەدرا. لەلایەکیتریشەوە، لوویس ئێنریکە ئاگاداری کردنەوە کە رێك پاش یەکلایکردنەوەی کاروبارەکانی لەتەك خاوەن ئیشەکەی بۆگۆتای، بۆ دۆزینەوەی کارێکی نوێ بەرەو بارانکیا سەفەر دەکات.

بەهەرحاڵ، من لەوە دڵنیابوم کە لەهیچ سووچێکی ئەم دونیایە نابمە پارێزەر. ئەوەندە نەبێت ئەمویست کەمێك مەسەلەکە درێژبکەمەوە و سەرنجی دایك و باوکم لەسەر مەسەلە بنەرەتیەکە دوور بخەمەوە و کارتاخنا دەیتوانی شوێنێکی گونجاو بێت بۆ کۆتایهێنانی ناکۆکیە کاتیەکان و رێگەچارەی کۆتایی. ئەوەی هەرگیز بیرم لێنەدەکردەوە ئەوەبوو کە لێکدانەوە دروستەکەم ببێتەهۆی ئەوەی بەدڵێکی لەرزۆکەوە بگەمە ئەو ئەنجامەی کە حەزدەکەم لەوێ درێژە بەژیان بدەم.

براکەم سوور بوولەسەر ئەوەی لە یەك فڕۆکەدا جێگە بۆ پێنج کەس بدۆزێتەوە، ئەوکارەی کە لەوسەردەمەدا هیچی لە کاری پاڵەوانە ئەفسانەییەکان کەمتر نەبوو. پاشەئەوەی رۆژێکی تەواوی لە ریزە بێکۆتایی و مەترسیدارەکاندا بردەسەر و ئەمسەراوسەری فڕۆکەخانەیەکی کاتی پێوا، توانی پێنج جێگە لەسێ فڕۆکەی جیاواز و هەریەکە لەکاتی دیارینەکراو و لەنێو تەقە و تەقینەوە نادیارەکاندا بدۆزێتەوە. دواجار من و براکەم دووجێگەمان لە فڕۆکەیەکدا بەرەو بارانکیا دەستکەوت، بەڵام لەکۆتایشدا بە دوو فڕینی جیاواز رەوانەیان کردین. ئەو بارانە توند و ئەو تەمومژەی لە هەینی پێشترەوە دەستیان لە بۆگۆتا هەڵنەدەگرت بۆنی باروت و لاشەی بۆگەنیان لێدەهات. لە ماوەی نێوان فڕۆکەخانەکەو ماڵەوەمان بەر دوو خاڵی پشکنینی سەربازی کەوتین، کە

سەربازەکانی لەترسا دیواریان دروست کردبوو. لەکاتی پشکنینی دوهەمجاردا، بەهۆی تەقینەوەیەکی لەپڕ و بەدوایدا دەنگی تەقەی چەکی قورس بەسەر زەویەکەدا پان بوونەوە و ئێمەشیان ناچار کرد وەکو ئەوان بکەین. ئەوکاتەی مەسەلەکە بەخۆشی کۆتایهات، تازە تێگەیشتن کە ئەوە دەنگی دەرچوونی غازی پیشەسازیی بووە. منو موسافیرەکانی تریش کاتێك لەبارودۆخە پڕمەینەتیەکەیان تێگیشتین کە یەکێك لە سەربازەکان دەستیکرد بە دەردی دڵ گێڕانەوە و وتی حاڵی زۆر خراپە لەبەرئەوەی سێ شەووڕۆژ بێپچڕان پاسەوانی کردووە، بێئەوەی فیشەکی پێبێت، لەبەرئەوەی چیتر لەشارەکەدا هیچ تەقەمەنیەك نەمابوو. لەوکاتەوەی رایانگرتبووین بوێریی قسەکردنمان نەبوو هەروەها ترسی سەربازەکان گوێزرایەوە بۆ ئێمەش و پەرەی بە ترس و نیگەرانیەکانمان دا. بەلاّم ئەودەمەی رێورەسمە کارگێڕیەکانی سەلماندنی ناسنامە و وەرگرتنی زانیاری لەسەر هۆی سەفەرەکەمان کۆتایی پێهات، کەمێك پشوومان دا لەبەرئەوەی ئیتر تێگەیشتین کە هیچ کێشەیەك لەئارادا نییە و تەنها دەبێت لەوێ چاوەڕێی ئەوە بکەین تا سواری فڕۆکەکەمان دەکەن. لەو سێ جگەرەیەی کە یەکێك لەڕێی خوادا پێبەخشیبووم دووانیانم لەماوەی ئەو چاوەڕوانیەدا کرد بەهەواداو یەکێکیانم بۆ دامرکاندنەوەی ترسی فڕین هێشتەوە.

لەبەرئەوەی تەلەفۆن نەبوو، هەواڵی فڕین و گۆڕانکاریی بەرنامەکانیان بەهۆی پەیامنێرە ماتۆرسوارە کانەوە بە خاڵەکانی پشکنین رادەگەیاند. ژمارەیەك لەموسافیرەکانیان بانگهێشت کرد بۆئەوەی سواری فڕۆکەی بارانکیا ببن بەلاّم ناوی منیان تێدا نەبوو. دواتر بەوەمان زانی کە براکەم و سێ هاوڕێی ترمان لە خاڵێکیتری پشکنینیتر فڕۆکەیان دەستکەوت. بەتەنها چاوەڕێکردن حاڵمی لەوەی کەهەبوو خراپتر کردبوو هەروەها ترسی دەرونیم لە فڕین، رۆحمی گەیاندە سەر لێوم، بەتایبەت لەکاتی سواربونی فڕۆکەکە، ئاسمانی پڕ لەهەور و نەڕەی هەورەبروسکە تووشی لەرزی کردم. سەرباری ئەوەش، قادرمەی فڕۆکەکەی ئێمەیان بۆ فڕۆکەیەکیتر بردبوو و دوو سەرباز هاوکارییان کردین بە پەیژەیەکی تایبەتی بیناسازی سواری فڕۆکەکەمان ببین. لەهەمان فڕۆکەخانەو دەکرێت بڵێین لەهەمان کاتژمێردا، فیدڵ کاسترۆ سواری فڕۆکەیەکیتر ببو بەرەو هاڤانا کە زۆربەی سەرنشینەکانی لەو گایانە پێکهاتبوو کە تایبەتبوون بە پێشبڕکێی گابازی ـ ئەم قسەیەم چەندین ساڵ دواتر لەزمانی خۆیەوە بیست.

نازانم ئەوە لەخۆشبەختیم بوو یان ناوچاوان خراپیم کە ئەوفڕۆکەیەی سەفەرم پێدەکرد ٣ -dcیەك بوو کە بۆنی رەنگی تازەو رۆنی مەکینەی لێدەهات، گڵۆپی تاکەکەسی و ئامێری هەواگۆڕکێکەشی بەباشی کاری نەدەکرد. بۆ گواستنەوەی سەرباز

ئامادەکرابوو و لەبری کورسی جیا لە ریزبەندی سێ کەسیدا، وەکو ئەوەی لە فرۆکەی نەفەرهەڵگردا باوی هەبوو، دوو تەختەی درێژ و یەکسەرە لە داروتەختەی ئاسایی بە برغوو بە بنی فرۆکەکەوە توند بەسترابوونەوە. هەموو ئەوەی هەمبوو جانتایەکی بچوکی کۆنبوو کە کۆمەڵێك بەرگی چڵکن و دیوانی شێعر و براوەی ئەو پاشکۆ ئەدەبیانەی لەخۆگرتبوو کە لوویس ئێنریکەی برام توانی لەمەترسی لەناوچوون رزگاریان بکات. موسافیرەکان لەبەردەم کابینەی فرمانەوە تا کلکی فڕۆکەکە بەرامبەر یەك بەڕیز دانیشتبووین. لەبری قایشی خۆبەستنەوە دوو گوریسیان بۆ خۆبەستنەوەی هەر ریزە بەکار دەهێنا. ناخۆشترین رووداوی سەفەرەکە ئەوەبوو کە هەرئەوەندەی دواجگەرە پاشەکەوتەکەم داگیرساند کە ترسی فڕینەکە کەم بکاتەوە، یاریدەری فرۆکەوانەکە لە کابینەکەوە دەنگی هەڵبڕی و رایگەیاند کە جگەرەکێشان قەدەغەیە، لەبەرئەوەی تانکی گازی فڕۆکەکە دەکەوتە ژێر تەختەکانی ژێر پێمان. فڕینەکە سێ کاتژمێری بێبڕانەوەی خایاند.

ئەوکاتەی گەیشتینە بارانکیا، وەکو هەموو مانگێکی ئابریل، تەرزەیەکی توند دەباری، لافاوی وێرانکەر هەندێك خانووی لەبنەوە هەڵتەکاندبوو و لەگەڵ خۆی راپێچی دەکردنە سەر شەقامەکان و نەخۆشە تەنهاکان لە نێو جێگەکانیاندا دەخنکان. ناچاربووم لە سووچێکی فڕۆکەخانە پەشێواو تێکچووەکەدا پەنا بگرم تا بارینەکە کەم دەکات و پاش گەلێك پرسوڕا تێگەیشتم کە فڕۆکەکەی براکەم لەکاتی خۆیدا نیشتوەتەوە و ئەوان پێش ئەوەی یەکەمین نەڕەی هەورەبرووسکەکانی بارانە لافاوئاساکەیان بەرگوێ بکەوێت، فڕۆکەخانەکەیان بەجێهێشتبوو. سێ کاتژمێر چاوەڕێم کرد تا دواجار خۆم گەیاندە نووسینگەیەکی نەفەر گواستنەوە. یەکەمین پاسی کارتاخنام لەکیس چووبوو کە لەترسی تۆفان زوتر لە وادەی دیاریکراوی خۆی بەڕێکەوتبوو. نیگەران نەبوم لەبەرئەوەی بیرم لەوە دەکردەوە براکەم گەیشتۆتە ئەوێ، بەلاّم خەیاڵی ئەوەی ئەوشەوە بەبێ پارە لە بارانکیا ببەمەسەر، تووشی ترسی کرم.

دواجار، بە پیاوەتی خۆزێ پالنسیا، لەماڵی دوو خوشکە جوانەکە، **ئیلسە**[1] و **لایلا ئالباراسیا**[2]، پەناگەیەکم دۆزیەوە و سێ رۆژ دواتر بە پاسی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی پۆستە بەرەو کارتاخنا بەرێ کەوتم. لوویس ئێنریکەی برام لە بارانکیا دەمایەوە تا کارێك بدۆزێتەوە. تەنها هەشت پیزۆم لەگیرفاندابوو، بەلاّم خۆزێ پالانسیا بەڵێنی پێدام

---

[1]. Ilse

[2]. Lila Albarracin

کەمێك پارەم بۆ پەیدا دەكات و تا كاتی دەرچوونی پاسەكەی شەو دەگاتە دەستم. لەنێو پاسـەكەدا دەرزیـت فڕێبـدابا بـەر عـەرد نەدەكـەوت و تەنانـەت ڕێڕەوەكەشـی جێگـەی نەفـەری نـەمابوو، بـەڵام شـۆفێرەكە ڕازیبـوو لەسـەر سـەقفی پاسـەكەی لەتەنیـشت بارگەوبنەكانەوە جێگەی سێ كەس بكاتـەوە و یـەك لەسەرچواری كرێیـان لێوەربگرێـت. وابزانم لەو هەلوومەرجە نامۆ و لەژێر هەتاوی سووتێنەردابوو لـەناكاو لـەوە تێگەیـشتم كە لەرێكەوتی ٩ی ئابریلی ١٩٤٨دا كۆلۆمبیا هەنگاوی نایە سەدەی بیستەمەوە.

٦

لەکۆتایی رۆژێکی پڕاوپڕ لە ئاوێزانی کووشندە، لە جادەیەکی داپۆشراو بە پارچە ئاسنی پەرپووت، پاسەکەی بەڕێوەبەرێتی پۆستە لەوشوێنەی شایستەی بوو دواهەمین هەناسەی خۆی هەڵکێشا: لە دارستانێکی پڕلەبۆنی ماسی بۆگەن، لە نیو فەرسەخی کارتاخنا دێ ئیندیاز، وەستاو نەیتوانی بچێتە پێشتر. قسەکەی باپیرمم بیرکەوتەوە کە دەیوت"**ئەوکەسەی بە پاس سەفەر دەکات نازانێت بۆکوێ دەچێت.** "ئەو موسافیرانەی کە بەدرێژایی شەش کاتژمێر هەتاوی سووتێنەرو بۆگەن بڕستی لێبڕیبوون، ئەوەندە بۆ دابەزین پەلەیان بوو کە چاوەڕێیان نەکرد پەیژەیان بۆ ببەن و بەپەلە قەفەسی مریشکەکان و بوخچە پڕلەمۆزەکان و هەموو ئەوشتانەیتر کە بۆ فرۆشتن یان سوودی تایبەتی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان و بەدرێژایی سەفەر لەسەر سەقفی پاسەکە دایان نابوو، فرێدایە خوارەوە. شۆفێرەکە هەستاو بەنەڕەیەکی گوێ کەڕکەر رایگەیاند:

- **پاڵەوانخانە!**

ئەمە نازناوی هێمائامێزی کارتاخنا دێ ئادیناسە کە لەبری شانازیەکانی رابردوو بە نسیبی بوەو تائێستاش شانازی پێوە دەکات. بەڵام من نەمدەبینی، لەبەرئەوەی بەو چاکەت و پانتۆڵە مەخمەڵە رەشەوە کە لە ٩ی ئابریلەوە لەبەرمدا بوو ئەوەندە گەرمام بوو کە بەزەحمەت هەناسەم دەدا. دوو قات چاکەت و پانتۆڵی تریشم,تووشی هەمان چارەنووسی ئامێری چاپەکەی دامەزراوەی کار دۆزینەوە ببوون. هەڵبەت بەپێی ئەوچیرۆکە ئابڕومەندەی کە بۆ دایک و باوکم دروست کردبوو، ئامێری تایپەکەم و ئەودوای هەندێك وردەواڵەی ترم لە ئاگرکەوتنەوەکەی پانسیۆندا سووتابوون. شۆفێرە قێزەون و دەم پیسەکە، کە بەدرێژایی سەفەرەکە گاڵتەی بە بەژنی گۆرانیبێژانەکانم

کردبوو، ئەوکاتەی سەرلێشێواویمی بینیو بۆیدەرکەوت بەدەوری خۆمدا دەخوولێمەوە بێئەوەی بتوانم ڕێگەی ناوشار بدۆزمەوە، تەواو دڵی خۆش بوو.

بەشێوەیەك کە هەمووان گوێیان لێبێت هاواری کرد - **ڕێکی هوونتە! ئەم ئامۆژگاریەم لەگوێ بگرە، ئاگاداری خۆت بە لەبەرئەوەی لەوێ مەدالیا دەبەخشنە خەڵکی گەمژە.**

لەراستیدا، لە چوارسەد ساڵ لەمەوپێشەوە، لەپشتمەوە بوو، بەڵام باوەڕم نەبوو ئەم شارە مێژووییە لەپشت دارستانێکی بۆگەنو لەپشت حەسارێکی ئەفسانەییەوە لە نێو فەرسەخیمەوە خۆی حەشاردابێت، کە لەساڵانی شکۆمەندیو ناوبانگیەوە ئەوێی لەهێرشی خانەدانە تالانکەرو دزە دەریاییەکان پاراستو ئێستا لەژێر لقوپۆپە وشکهەڵاتوەکانو ڕستە درێژەکانی گوڵە پیاڵەییەکان لەبەرچاو وون ببوو. بەڵێ، تێکەڵاوی مووسافیرە بەهاتوهاوارەکان بوومو بەنێو بێشە پڕ لە قرژانگە زیندووەکاندا بەرێکەوتم کە قاوغەکانیان لەژێر پێدا وەکو تەرەقە دەتەقینەوە،و جانتاکەم بەدوای خۆمدا رادەکێشا. لەوکاتەدا، لەخۆمەوە کەوتمەوە بیری ئەو کۆڵەپشتیە دەریاوانیەی کە هاورێکانم لە یەکەمین سەفەرمدا بۆ ئەوناوچەیە فڕییاندایە روباری ماگداڵناوە هەروەها ئەو جانتا تابووت ئاسایەش کە لە سەرەتای ساڵەکانی ئامادەیی لەمسەری وڵاتەوە لەگەڵ خۆم دەمبردە ئەوسەری وڵات، ئەمەش لەحاڵێکدا کە لەتاو تورەیی حەزم دەکرد دەست بکەم بەگریانو دواجار لەپای وەرگرتنی کارنامەی دیپلۆم، بە لەقەیەك فرێمدایە دۆڵێکی شاخەکانی ئاندەوە. هەمیشە لەوباوەڕەدابوم چارەنووسیکی سەیر باڵی بەسەر ئەو زیادەبارە بێبایەخانەدا کێشاوەو تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە نەیتوانیوە پێچەوانەی ئەوەم لەلا بسەلێنیت.

هەرئەوەندەی لە تەمەومژی دەمەو ئێوارەدا، بەشێوەیەکی نادیار گومەزی کەنیسەکانم ناسیەوە، فەوجێك شەمشەمە کوێرە هاتنە پێشوازییمان کە ڕێك بەسەر سەرماندا دەفرینو تەنها هووشیاریان دەبووەهۆی ئەوەی نەبن بەژێر پێمانەوەو پان نەبنەوە. باڵکوتینەکانیان هەورەبروسکەیی بوو، بەهەرشوێنێکدا دەفرین جێگەپێیەکی بۆگەنی مەرگیان بەجێدەهێشت. لەتاو ترس، بەشێوەیەك سڵەمیمەوە کە جانتاکەم لەدەست کەوتە خوارو بەسەر عەردا پان بووەوە. دەموچاوم بە قۆڵەکانم داپۆشیو بەهەمان شێوە مامەوە تا ئەوکاتەی ژنێکی پیر کە لەتەنیشتمەوە ڕێدەکرد بەدەم هاوارەوە وتی :

- نزای خانمە زاناکە بخوێنە!

مەبەستی وێردێکی سەیرووسەمەرەبوو کە لەمەڕ بەرگری هێرشی شەیتانەکان دەخوێندرا، لەروانگەی کەنیسەوە بەحەرام دادەنرا بەڵام لەلای بێبڕوا گەورەکان،

پیرۆزبووو هەرکاتێك وتە کفرئامێزەکان بەس نەبوایە، ئەم وێردمیان دەخوێند. ژنەکە خێرا زانی کە نزای **خانمە زاناکە** نازانمو لەکاتێکدا دەستی گرتبوو بە دەسکێکی جانتاکەمەوە بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات، وتی:

ـ من چی دەڵێم تۆش لەدوامەوە بیڵێرەوە، بەڵام ئەوەبزانە کە دەبێت بەوپەڕی ئیمانەوە نزاکە بخوێنیت.

بەمشێوەیە، رستە بەرستە نزاکەی خانمە زاناکەی خوێندو منیش بەدەنگی بەرز، بەهەستی پیرۆزیەکی بێوێنەوە، دووپاتم کردەوە. هەرچەندە ئەمرۆش ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم بەڵام پێشئەوەی نزاکە کۆتایی بێت فەوجی شەمشەمەکوێرەکان لەئاسمان وون بوون. تەنها هاژەهاژی شەپۆلەکانی دەریا دەهاتە گوێ کە خۆیان دەکێشا بە تاشەبەردەکاندا.

گەیشتبووینە دەروازەی گەورەی **رێلۆخ**[1]. لەسەدسال لەمەوپێشەوە، پردێکی بزۆکی لێبوو کە شارە کۆنەکەی دەبەستەوە بە دەوروبەری **خێتسمانی**[2] و گەڕەکە هەژارنشینو بۆگەنو داپۆشراو بە گەڵای دارەبەن، بەڵام لە کاتژمێر ٩ی شەوەوە تا دەمەو بەیان بەرزیان دەکردەوە. شارۆچکەکە نەتەنها لە دونیا دابڕابوو، بەڵکو لە مێژووش دورکەوتبووەوە.

دەیانوت یەکەمین کۆچبەرە ئیسپانیەکان، لەترسی ئەوەی نەبا دانیشتوانی هەژارو داماوی قەراغ شارەکان نیوەشەوان هەڵبکوتنە سەر ماڵەکانیانو سەریان بێخاوبێخ ببڕن، ئەم پردەیان دروست کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا چەند دەمارێکی شکۆمەندی سەرسوڕهێنەی شارەکە وەکو خۆی مابوو، لەژێر تیشکی سووری کاتژمێر شەشی عەسر، گەورەیی پێشووی لەبەرچاوم دەرکەوتەوەو بەبێ ویستی خۆم هەستم کرد دووبارە لەدایك بوومەتەوە.

ئەو هەستە بەرپێنەگیراوو نامۆیە ئەوەندەش جێگەی سەرسوڕمان نەبوو. سەرتای هەفتە بۆگۆتام بەجێهێشتبوو، شاریش ببوە گۆمێکی خوێناویو لێڵو هێشتا لەنێو ئەو وێرانانەی دوکەڵیان لێ هەڵدەستا، تاكو تەرا لاشەی بێخاوەنو پارچە لاشە بەرچاو دەکەوتن. لە کارتاخنا، لەپڕ رووبەڕوی دنیایەکی جیاواز بوومەوە. لەوێ بچوکترین نیشانەی ئەوجەنگەی وڵاتی بەرەو نەمان دەبرد بەدی نەدەکرا. بە زەحمەت دەمتوانی ئەوە بەخۆم بسەلمێنم ئەم گۆشەگیریە بەدەردو مەینەتیە، ئەم دەریا بێکۆتاییە، ئەم

---

[1]. Reloj

[2]. Getsemani

هەستی ئازادییە گەورەو بێسنوورە، ئەم هێمنیە قووڵەو بێخەمی لەوەی هیچ مەترسیەك لەئارادا نییەو پارێزراویین، بەردەوامی هەمان ژیانی هەفتەکەی پێشووە.

لە کاتی لەدایك بوونمانەوە ئەوەندە باسی گۆڕەپانە گەورەکەی شارمان بۆکرابوو لەگەڵ ئەو گالیسکانەی ئەسپە بەهێزەکان رایاندەکێشاو ئەو گالیسکانەی لە وڵاخەکان بەسترابوون‌و تاقەکانی بازاڕەکەی، کە قەرەباڵغترین‌و پڕهەراوزەناترین بەشی بوو، کە هەرئەوەندەی چاوم پێی کەوت، خێرا ناسیمەوە. هەرچەندە بەرەسمی باوەڕیان بەوە نەبوو، بەڵام ئەو شوێنە لەکاتی دروستکردنیەوە بوە دواهەمین دڵی زیندوی شار. لە سەردەمی کۆلۆنیالدا، ناوی گوزەری دوکاندارەکان بوو. لەوێوەبوو کە هەندێك دەستی نادیار بازرگانی کوێلەدارییان دەجولاندو خەڵکیان لەدژی دەسەڵاتی ئیسپانییەکان هان دەدا. ماوەیەك، بەناوی گوزەری کەتیبەکانەوە ناوبانگی پەیداکرد، لەبەرئەوەی کاتیب‌و خۆشنووسە روگرژو بێدەنگەکان، بە سوخمەی مەخمەڵین‌و قۆڵهەڵکێشەوە، بۆ نەخوێندەوارە هەژارەکان نامەی عاشقانەو جۆرەها عەرزی حاڵ‌و ئەو شتانەیان دەنووسی کە کڕیارەکان دەیانویست. زۆربەیان بەدزیەوە کتێبیان دەفرۆشت‌و لەژێر مێزەکانیانەوە کالاکانیان دەدایە دەست ئەو کڕیارانەی جێگەی متمانەیان بوون، بە تایبەت ئەو کتێبانەیان دەفرۆشت کە کەنیسە قەدەغەی کردبوون لەهەموو کتێبێکیتر داواکاری زیاتر بوو، لەبەرئەوەی لەروانگەی زۆربەی خەڵکیەوە، لە پێشبینی پیلانگێڕە ناوخۆیەکان بوو لەدژی ئیسپانیا. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، باوکم بۆ دامرکاندنەوەی سەودا شاعیرانەکانی، لەو گوزەرە نامەی عاشقانەی دەنووسی‌و بۆئەوەی رەوانی نووسینەکانی دەربخات هەوڵی تەواوی دەدا. هەڵبەتە، هەرگیز وەکو ئەوانەیتر بازاڕی گەرم نەبوو نەیتوانی لەو رێگەیەوە دەرامەتێکی باشی چنگ بکەوێت لەبەرئەوەی زۆربەی کڕیارە فێڵبازەکانی، خۆیان وەکو هەژاران دەردەخست‌و ئەوانەشی کە بەڕاستی دەست کورت بوون لەبەری دەپاڕانەوەو بە دەم لووسی دڵیان نەرم دەکردو نەتەنها لەبری نامەکە پارەیان نەدەدا، بەڵکو هەندێکجار تەنانەت پارەی پۆستەکەشیان لەو وەردەگرت.

چەند ساڵ پێش ئێستا ناویان نابوو گوزەری وشکە فرۆشی، کۆمەڵێك چادری رزیویان لەوێ دامەزراندبوو ببوە شوێنی ئەو سواڵکەرانەی کە بەچواردەوری چادرەکاندا دەسوڕانەوەو بە پیسوپۆخڵیەکانی ناو بازاڕ ورگی خۆیان تێر دەکرد،و هەندێك سوورپێستیش لەوناوە بوون‌و هاواری هەڕەشەئامێزانەیان بەرز دەکردەوەو باجی بێدەنگیان لە کڕیارەکان وەردەگرت بۆئەوەی رۆژو کاتی مردنیان پێ رانەگەیێنن. کەشتیەچارۆکەدارەکانی کارایب لە بەندەرەکە لەنگەریان دەگرت بۆئەوەی لەوێ شیرینی

کارتاخنا بکرن، کە ژنە شیرینی پەزەکان ناوی خۆ دروستکراویان لێدەنانو گۆرانیان بۆ هەرجۆرێك لە شیرینیەکان دادەنا:"**قەند قەندیلە، بۆ لەقلەق، شەیتان شیرینی بۆ نینی، زەردەواڵەیەکانی بۆ باوکی، توخس کولیچە بۆناو کووچە.** "چ لەسەردەمی خۆشیو چ لە ناخۆشیدا، ئەو گوزەرە بەردەوام ناوەندی ژیانی شاربوو شاراوەترین هەواڵی ولات، کە دەوڵەتو سیاسەتمەدارەکانیش لێی بێخەبەربوون لەوێ بلاو دەبوەوەو تاکە ناوچەی جیهان بوو کە تێدا بریانیفرۆشەکان دەیانزانی کێ دەبێتە قایمقام، ئەمەش لەکاتێکدا کە سەرەك کۆمار لە بۆگۆتا رۆحیشی لەومەسەلەیە ئاگادار نەبوو.

هەر لەسەرەتاوە ئەو بازارە پشێوە سەرنجی راکێشامو بەزۆر بە شان لێدان لە راگوزەرەکانی کاتژمێر شەشی عەسر، بەو جانتایەی بەدوای خۆمدا رامدەکێشا بەنێو قەرەباڵغیەکەدا رێگەم بڕی. پیرەمێردێکی کۆنەپۆش کە تەنها پێستو ئێسقان بوو، لەسەر سەکۆی تایبەتی بۆیاخچیەکانەوە، بە نیگای ساردو مەترسی خولقێنی شاهینێکی ڕاوکەرەوە، بێئەوەی چاوبتروکێنێت، لێم وردبوەوە. لەناکاو رێگەی لێگرتم. هەرئەوەندەی تێگەیشت پێمزانیوە، ئامادەیی خۆی دەربڕی جانتاکەم هەڵبگرێت. سوپاسم کرد بەلام ئەوکاتەی بە شێوەزاری خۆماڵی بڕە پارەکەی داواکرد، قسەم لەدەم نەهاتە دەرەوە:

- سێ چووق دەکات.

مەحاڵ بوو قبوڵی بکەم. سی سەنت بۆ گواستنەوەی جانتایەك زیانێکی گەورەی بەو چوار پێزۆ ناقابیلەی گیرفانم دەگەیاند کە دەبوو تا هەفتەی داهاتوو کە کۆمەکی دارایی ماڵەوەمانم پێدەگەیشت پێی بژیم.

وتم **- جانتاکەو شتەکانی ناویشی ئەوەندە ناهێنێت.**

سەرباری ئەوەش، تا ئەو پانسیۆنەی کە بڕیاربوو داروودەستەی بۆگۆتا لەوێ جێگیر ببن رێگەیەکی درێژ نەمابوو. پیرەمێردەکە بە سێ سەنت رازیبوو، پاپووچەکانی کردە ملو بەهێزێکی سەرسوڕهێنەرەوە، کە لەقەدوبالای نەدەهات، جانتاکەی وەکو کا بەرز کردەوەو نای بەکۆڵیەوەو بەپێی پەتی، وەکو وەرزشکارێکی راستەقینە، بە سەرەولێژایی شەقامێکی دەوڵەمەندنشیندا سەرکەوت کە بیناکانی دەگەڕانەوە بۆسەردەمی کۆلۆنیاڵ کە بەهۆی چەند سەدەیەك کەمترخەمیەوە وەکو کەلاوە دەهاتنە بەرچاو. منی تەمەن بیستو یەك ساڵ هەناسە وهێزم تیا نەما تا توانیم ئەو پاڵەوانە چرچولۆچەی ئۆلۆمپیادە لەبەرچاوم وون نەبێت کە وادیاربوو ماوەیەکی زۆری تەمەنی نەماوە. پاش نیوکیلۆمەتر ڕاکردن لەدەرگا گەورەکەی ئوتێلەکەدا تێپەڕیو دووقادرمەی بەهەناگاوێك بڕیو بەسەوشێوەیە بەسەر قادرمەکاندا سەرکەوت، بەحاڵەتێکی تەواو ئاساییو بێئەوی بکەوێتە هەناسەبڕکێ، جانتاکەی داگرتو دەستی بۆ درێژکردم: **- سی چووق.**

بیرمخستەوە کە پێشتر کرێکەم داوەتێ. بەڵام ئەو سووربوو لەسەرئەوەی ئەو سێ سەنتە تەنها بۆ هێنانی جانتاکەبووە تا بەردەرگای ئوتێلەکەو پارەی قادرمەکانی لەسەر نییە. خانمی خاوەن ئوتێلەکە کە هاتە پێشوازییمان کرێکەی پێدا: کرێی قادرمەکان جیایەو قسەیەکی حەکیمانەی کرد کە تائێستاش باوەڕم پێیەتی:

- ئێستا خۆت دەبینی کە لەکارتاخنا هەموو شتەکان لەگەڵ شوێنەکانیتر جیاوازی هەیە.

سەرباری ئەوەش، هەواڵێکی ناخۆشیشم بیست کە ئەویشی هاتەسەر: هیچ یەک لەوانەی بڕیاربوو پێکەوە لەپانسیۆنەکەدا بژین هێشتا نەگەیشتبوونە ئەوێ، هەرچەندە بۆچوارکەس کە یەکێکیان من بووم جێگە گیرابوو. وادەمان دیاریکردبوو ئەوڕۆژە، پێش کاتژمێر شەشی عەسر، لەئوتێلەکە یەکتر ببینین. گۆڕینی پاسی رێگەکە بە پاسی پۆستە، بەهۆی بەدبەختیمەوە، سێ کاتژمێر دوایخستم، لەگەڵ ئەوەشدا، بەرلەهەموان گەیشتبووم‌و لەبەرئەوەی چوارپیزۆ سێ سەنت کەمترم لەگیرفاندا مابوو هیچم لەدەست نەدەهات‌و بەتەواوەتی گیرم خواردبوو. ژنی خاوەن ئۆتێلەکە وەکو دایکێکی دڵسۆز چاکەی لەگەڵ کردم، بەڵام هەرگیز ئامادە نەدەبوو لەو بڕیارانە لابدات کە خۆی دایانابوون‌و لەماوەی ئەو دوومانگەی لەوێ ژیام بەتەواوەتی ئەوەی پێ سەلماندم. هەر لەبەرئەوەش، ئامادەنەبوو تا کرێی مانگێکم پێشەکی لێ وەرنەگرێت لە ئوتێلەکەی شوێنم بداتێ: هەژدە پیزۆ لەبری سێ ژەم نانخواردن‌و قەرەوێڵەیەک لە ژوورێکی شەش کەسیدا.

بەهیوا نەبووم یارمەتیەکەی ماڵەوەمان زووتر لەهەفتەیەک بگاتە دەستم هەرلەبەرئەوەش جانتاکەم لە بەرپێکە مایەوە تا ئەوکاتەی هاوڕێکانم دەگەن‌و لەودۆخە رزگارم دەکەن. خۆشم لەسەر کورسیەکی گوڵدار چاوەڕێم کردو دەبێت دان بەوەدا بنێم پاش رۆژێك چاوەڕوانی‌و ئازارچەشتن‌و بەرگەگرتنی هەتاوی سووتێنەر لەژێر سەقفی ئەو پاسە پەڕپووتەدا، ئەو پشودانە ناچاریە هێندەی نیعمەتێکی ئاسمانی خۆش بوو. راستیەکەی، لەو رۆژانەدا کەس نەیدەتوانی لەهیچ شتێك دڵنیا بێت. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی وڵات، وادەی یەکتر بینینمان لەرۆژو کاتێکی دیاریکراودا، کارێکی بێمانا‌و نەگونجاو لەتەك واقیع دەهاتە بەرچاو‌و ئەمەش دەگەڕایەوە بۆئەوەی ئێمە دەترساین لەقبوڵکردنی ئەو راستیەی وڵاتەکەمان تێکەڵاوی جەنگێکی خوێناوی ببوو کە لەگەڵێك ساڵ لەوەوپێشەوە، بەشێوەیەکی نهێنی، لە شارە بچوك‌و دوورەکانەوە دەستی پێکردبوو لەهەفتەی پێشووشەوە، بەشێوەیەکی ئاشکراو کاولکارانە، خۆی لەشارە گەورەکان بەدەرخست.

هەشت سەعات پاش ئەوە، بەهەمان شێوە لە ئوتێلەکەی شاری کارتاخنا چاوەڕوان بووم و لەخۆم پرسی دەبێت خۆزێ بالانسیاو هاوڕێکانی تووشی چ بەلایەك بووبن. پاش ئەوەی کاتژمێرێکی ترم لەچاوەڕوانی و بێهەوالیدا بردەسەر، هاتمەدەرەوەو بێئەوەی بزانم بەرەو کوێ دەچم بەنێو شەقامە چۆلەکاندا کەوتمە گەڕان، لە ئابریلدا دنیا زوو تاریك دەبێت. گلۆپی سەر شەقامەکان داگیرسابون و روناکیە کزەکەیان دەبوەهۆی ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ئەستێرانەی لەنێوان لقوپۆپی درەختەکانەوە دەبینران لێی تێك بچێت. پاش چارەکێك پیاسەکردن بە کوچەوکۆلانەکانی گەڕەکە کۆنەکەدا، کە یادگاریی سەردەمی کۆلۆنیالبوون، هەناسەیەکی خۆشیم هەلکێشا. لەبەرئەوەی ئەو ماوە کەمە بەس بوو بۆئەوەی تێبگەم ئەوشارە نامۆیە هیچ لەو کانزا پێچراومیە نەدەچوو کە لە قوتابخانەکەمان بۆیان باس کردبووین.

هیچ بونەوەرێك لەسەر شەقامەکان بەدی نەدەکرا. ئەو کۆمەلەخەلکە زۆرەی دەمەوبەیان لەکەنارەکانی شارەوە بۆ کارو دەستگێری دەهاتنە ئەوێ، کاتژمێر پێنجی عەسر بەکۆمەڵ دەگەڕانەوە گەڕەکە هەژارانەکانیان و دانیشتوانی شارە گەمارۆدراوەکە، لەئێوارە بەدواوە، دەگەڕانەوە مالەکانیان و پاش نانی ئێوارە تا نیوەشەو یاریی دۆمینەیان دەکرد. ئۆتۆمبێلە تایبەتیەکان کەم بوون و زۆربەشیان لەدەرەوەی حەسارەکە هاتووچۆیان دەکرد. تەنانەت کارمەندە بلندپایەکانی دەولەتیش بە پاسەکانی شار خۆیان دەگەیاندە گۆڕەپانی "گالیسکەکان" و لەوێوە بەپێی پیادە بەنێو قەرەبالغی خەلکیدا رێگەیان بۆخۆیان دەکردەوەو بەتەنیشت ئەو دەستگێڕانەدا کە لەشوێنە گشتیەکان زۆربوون تا شوێنی کارەکەیان رێگەیان دەبڕی. یەکێك لە هەرە قایمقامە بەئەتوارەکانی ئەو سالە رەش و پڕ مەینەتیانە تاکە شانازی ئەوەبوو کە لەگەڕەکە ئەشرافیەکەیەوە بەهەمان ئەوپاسە دەهاتە گۆڕەپانی گالیسکەکان کە لەسەردەمی خوێندندا سواری دەبوو بۆئەوەی پێی بچێتە قوتابخانە. خۆدەربازکردن لە ئۆتۆمبێلەکان بەناچاری بوو لەبەرئەوەی بەپێچەوانەی واقیعی مێژوویەوە بوون: نەیاندەتوانی بەکۆلانە تەسك و پێچاوپێچەکانی شاردا گوزەر بکەن، کە شەوانە دەنگی سمی ئەسپە لاوازو پەکەوتەکانی تێدا دەبیسترا. ئەودەمانەی کەش وهەوا تەواو گەرم دەبوو، پەنجەرەی بەلەکۆنەکانیان ئاوەلا دەکرد تا هەوای فێنکی پارکەکان بچێتە ژوورەوە، قسە نهێنی وخۆمانەکان، بەدەنگدانەوەیەکی هاوئاوازی رۆحەکان بەرگوێ هەموان دەکەوتن. ئەو باپیرەو داپیرانەی بەدەم وەنەوزەوە گوێیان لە دەنگی پێیەکی بەپەلە دەبوو دەجولان و گوێقولاخ دەبوون و بێئەوەی چاوەکانیان بکەنەوە ئەوەندە بەوشێوەیە دەمانەوە تا دەنگی پێکە

بناسنەوەو بەبێزاریەو دەیانبۆلاند: "دیسانەوە خۆزێ ئانتۆنیۆ[1] دەچێتەلای چابیلا[2]."

"تاکە شتێك کە بەڕاستی خەواڵوەکانی توڕەدەکردو بێتاقەتی دەکردن تەقەتەقی پوولی دۆمینە بوو کە لەسەر مێزەکە دەیانسوڕاندەوەو لە نێو ئەو کەشە گەمارۆدراوەدا دەنگیدەدایەوە.

ئەوە بۆمن شەوێکی مێژوویی بوو، بەئاستەم دەمتوانی، لەنێو واقیعدا، ئەو خەیاڵپلاوو شتە بیکەڵکانەی نووسەری کتێبەکانی خوێندن دەیانووسی، کە بە بوونی هەستپێکراوی ژیان دۆڕابوون، بناسمەوە. ئەودەمەی کۆشکە کۆنەکانی ئەشرافە خانەدانەکانم بەدەرگای ئاوەلاوە لەبەرامبەرم بینی کە پێشتر بۆیان باس کردبووم، کە سوالکەرەکان لەبەردەرکەکانیان نووستبوون، ئەوەندە ورووژام کە بێئەوەی خۆم بمەوێت دەستم کرد بەگریان. نوقمی تەماشاکردنی کەنیسەی گەورەی شارەکە بووم، کە **فرانسیس دریك**[3]ی دزی دەریایی بەناوبانگ زەنگەکانی دزیبوو تا تۆپی جەنگییان پێ دروست بکات. هەروەها ئەو زەنگە بچوکانەی لە تالانکاریەکە مابونەوە، دواتر بەحوکمی زانا شەیتان ناسەکان گریان تێبەردرا لەبەرئەوەی لەوگومانەدابوون رۆح بەسەریاندا زاڵ بوبو دەنگدانەوەی شەڕانگێزانەیان شەیتان بانگ دەکات. درەختە وشکهەڵاتوەکان‌و پەیکەری ئەو کەسایەتیە گەورانەم بینی کە هەستم نەدەکرد لەسەر مەرمەڕ هەڵکۆڵرابن، بەڵکو دەتوت لەوپەڕی ژیاندا گیانیان سپاردبێت‌و بەهەمان حاڵ مابنەوە. لە کارتاخنا هیچ شتێك لە دارزین‌و ژەنگ کردنن نەپارێزرابوو، بەڵکوو تەواو بەپێچەوانەوە: زەمەنیان لەجوڵە دەوەستاند، سەدەکان پیر دەبوون بەلام شتەکان لەهەمان تەمەنی پێشوویاندا دەمانەوە. بەوشێوەیەبوو کە لە هەمان شەوی هاتنمەوە، بەو بوونە پشتبەخۆبەستوەی سوچێکی بوونی بۆ ئاشکرا کردم، بەلام نە وەکو ئەو کانزا مەقەبایەی مێژوونووسەکان باسی دەکەن، بەڵکو شانوشەوکەتی وێرانەکانی مایەی شانازیی ئەو بوون.

بەهەستێکی نوێوە گەڕامەوە پانسیۆن‌و لەوکاتەشدا کاتژمێری بورجی شارەکە دەجار لێیدا. پاسەوانی شەو بەدەم خەوەوە پێی راگەیاندم کە هیچ یەك لە هاوڕێکانم نەگەیشتون، بەلام جانتاکەم لە گەنجینەی ئوتێلەکە شوێنێکی پارێزراوی هەبوو. تازە لەوکاتەدابوو کە تێگەیشتم پاش ئەو نانخواردنە بێکەڵکەی بەیانیەکەی بارانکیا هیچم نەخواردوەو نە خواردومەتەوە. لەتاو برسیەتی هێزم تێدا نەبوو خۆم بەپێوە رابگرم، بەلام هەرئەوەندەی خانمی خاوەنی ئوتێلەکە جانتاکەی گل دابوومەوەو رێگەی دەدا هەر

---

[1]. Jose Antonio

[2]. Chabela

[3]. Francis Drake

ئەوشەوە لە سووچێکدا ـ تەنانەت ئەگەر لە بەردەرکەکەش بووە ـ بنووم، بۆمن زۆربوو. پاسەوانەکە بەو گێلێتیە پاکەم پێکەنی.

بە شێوەزاری خەستی کارایبی وتی ـ **چەندە گێلی! ئەم خانمە پارمزۆرە، کاتژمێر حەوتی شەو دەنوێت‌و تا یازدەی بەیانی رۆژی داهاتوو لەخەو هەڵناسێت.**

بەڵگەکەی ئەوەندە ماقوڵ‌و تەواو بوو کە بەرەو پارکی بۆلیڤاری ئەوبەر شەقامەکە رۆشتم‌و بێئەوەی کەس بێزار بکەم لەسەر کورسیەك دانیشتم‌و چاوەڕێم کرد تا هاوڕێکانم دەگەن. لەژێر روناکیە کزەکەی شەقامەکەدا، بەزەحمەت دەتوانی درەختە وشکهەڵاتووەکان ببینی، لەبەرئەوەی تەنها رۆژانی یەکشەممەو لەکاتی جەژنە ئاینیەکاندا چراکانی پارکەکەیان دادەگیرساند. لەسەر کورسیە بەردینەکە، وێنەی هۆنراوەی ئەو شاعیرە بێسەلیقەو بێشەرمانە بەجێمابوو کە گەلێك جار پاکرابوونەوەو دیسانەوە نووسرابونەوە. لە کۆشکی ئەنکیزسیۆن، لەسەر دەرگا رازاوەکەی بە هێماکانی دادوەرە دانراوەکانی پادشا ئیسپانیەکان‌و دەروازە شکۆمەندەکەیەوە، زەنای دڵبریندارکەری باڵندەیەکی نەخۆش بەرگوێ دەکەوت، کە نەدەکرا سەر بەم جیهانە بێت. ئارەزوی بەرپێنەگیراوی جگەرەکێشان، هاوکات لەگەڵ حەزی وروژێنەرانەی خوێندەوە ـ ئەو دوو ئیدمانە بێ بەرهەڵستیەی سەردەمی لاویم کە بەردەوام بە ئینکاریی‌و بێئارامیەوە ئاوێتەی یەکتر دەبوون ـ باڵی بەسەر بوونمدا کێشا. **پێکهاتەی ئاوازەکان**، رۆمانی ئاڵدۆس هاکسلی کە لە فرۆکەکەدا لەتاو ترس نەمتوانیبوو بیخوێنمەوە، لەنێو جانتاکەمدا گیری خواردبوو مـن دەستم نەیدەگەشتێ. بەناچاری ئەو دواهەمین جگەرەی مابومەوە بە تێکەڵەیەکی نامۆی ترس‌و ئاسوودەیی دامگیرساند، نیوەیم کێشاو نیوەکەی ترم بۆ شەوە بێ سپێدەکەم هێشتەوە.

ئەوکاتەی ملم بۆ چارەنووس کەچ کردو خۆم ئامادەکرد لەسەر ئەو کورسیە بنوم کە لەسەری دانیشتبووم، لەپڕ هەستم کرد لەنێو سێبەرە تاریکەکانی درەختەکاندا شتێك شاراوەبوو. دوای کەمێك وردبوونەوە، پەیکەری سەر ئەسپەکەی سیمۆن بۆلیڤارم ناسیەوە. هەر ئەمەم کەم بوو : جەنراڵ **سیمۆن خۆزێ ئانتۆنیۆ دێ لا سانتیسیما ترینیدا بۆلیڤار یی پالاسیۆس**[1]، ئەو پاڵەوانەی سەردەمی منالیم کە بە ئامۆژگاری باپیرم بەردەوام ستایشم دەکرد، بە بەرگی سەربازیی تایبەتی میوانداریەکان‌و بە سەرە شکۆمەندەکەیەوە، کە وەك ئیمپراتۆرە رۆمیەکان مەزن‌و باڵندە دەریایەکان ریقنەیان بەسەردا کردبوو، بە مەزنی‌و سەرکەشیەوە، لەبەرامبەرم خۆی دەنواند. سەرباری کارە

[1]. Simon Jose Antonio de la Trinidad Bolivar y Palacios

پێچەوانە چارەنەکراوەکانی، یان رەنگە بەتایبەت لەبەر ئەوە، بەردەوام بە کەسایەتی خۆشەویستو فەرامۆش نەکراوی ژیانی ئەو رۆژانەم لەقەڵەم دەدرا. لەکۆتاییدا، کردەوە پێچەوانەکانیو ئەوکارانەی لەسایەیدا باپیرم پلەی سەرهەنگی بەدەستهێنا باجیان بەیەکتر نەدەداو پشتیان بەهەمان مەنتیق بەستبوو کە ئەو بەهۆیانەوە گەلێکجار لە شەڕی لیبراڵەکان لەدژی پارتی پارێزکار ـ کە خودی بۆلیوار دامەزرێنەرو پاڵپشتی بوو ـ گیانی خۆی خستە مەترسیەوە. لەو ئەندێشە تەمومژاوی و پەرێشانانەدا نوقم ببووم کە لەناکاو لەپشتەوە دەنگێکی گڕ بەشێوەیەکی فرماندەرانە هێنامیەوە بۆنێو دونیای واقیع:

ـ دەست بەرزکەرەوە.

بەوپەڕی ئاسوودەیی دەستەکانم هەڵبڕی، لەبەرئەوەی دڵنیابووم دواجار هاورێکانم هاتنو چەندە سەرسام بووم ئەوکاتەی رووبەڕوی دوو پۆلیس بومەوە کە بە پۆشاکیاندا دیاربوو لادێین، روخساریان ئاڵۆزکاوو بەرگەکانیان کۆن بوو. دەیانویست بزانن بۆچی یاساکانی قەدەغەکردنی هاتوچۆم شکاندوە کە لەدووکاتژمێر پێشترەوە دەستی پێکردبوو. ئاگاداری ئەوە نەبوم کە لە یەکشەممەی رابڕدوەوە هاتۆچۆ قەدەغە کراوەو بۆ یەکەمجار ئەو مەسەلەیەم لە زمانی ئەو دوانەوە بیست، هیچ دەنگی بوق یان زەنگێك یان هیچ ئاماژەیەکیترم بەرگوێ نەکەوتبوو کە تێبگەم بۆچی چۆلەکەش بەدەرەوە نییە. لەگەڵ ئەوەی هۆکاری ئامادەبونی خۆم لەوێدا روندەکردەوە، پێناسەکەم دایە دەست پۆلیسەکان کە زیاتر لەوەی کارئاسانیم بۆ بکەن گرفتیان بۆ دروست کردم. بێئەوەی تەنها تەماشایەکی بکەن پێناسەکەیان دامەوە. لێیان پرسیم چەندم پارە پێیە منیش وتم سەرووسامانم لە چوار پیزۆ تێناپەرێت. لەوکاتەدا، پۆلیسەکە داوای جگەرەی لێکردمو منیش پاشماوەی نیوە جگەرەکەم پیشاندا کە بەنیازبووم پێش نووستن بیکێشم. لێی وەرگرتمو هێندە بە هەڵپەوە مژی لێدا کە سەری پەنجەکانی سووتا. کەمێك پاش ئەوە قۆڵیان گرتمو لەگەڵ خۆیان بردیانم، هەڵبەتە نەبەمەبەستی پاراستنی یاسا، بەڵکو لەبەر ئارەزوویان بۆ جگەرە. زۆر بەشەقامەکاندا خولاینەوە تا دووکانێکی کراوە بدۆزینەوە کە تاك جگەرەی یەك سەنتی هەبێت. شەو فێنكو خۆش لەژێر تیشکی مانگەشەودا جیلوەیەکی شاعیرانەی دەنواندو بێدەنگی لە هۆکارێکی نەبینراو دەچوو کە دەکرا وەکو هەوا هەڵیمژیت. لەپڕ لەمانای ئەوشتە تێگەیشتم کە باوکم گەلێك جار بۆی رونکردبووینەوەو ئێمەش هەرگیز باوەڕمان پێنەکردبوو: دەیوت دەمەوبەیان لەنێو بێدەنگی گۆڕستاندا مەشقی کەمانی کردوە بۆئەوەی هەست بەوە بکات کە ڤاڵسە عاشقانەکانی لەسەرتاسەری کەناری کارایبدا دەبنە ئاواز.

ئەوکاتـەی لەگـەڕان بـەدوای دوکـانی جگەرەفرۆشتندا مانـدوو بـوون، لەحەسـارەکە چـوینە دەرەوەو بـەرەو ئەسـکەلەی پـشت بـازاڕی شـارەوانی رۆشـتین کـە کەشـتیە چـارۆکەدارەکانی کوراسـایۆو ئاروبـا[1] و دورگـە بـچوکەکانیتری ئانتێـل لـەوێ لەنگـەریان دەگـرتو ژیـانو کەشـی تایبـەتی خـۆی هـەبوو. شـوێنی قـسەخۆشترینو بەکـەڵکترینی شەوبێدارەکانی شار بـوو کـە لەبـەر جـۆری کارەکـەیان لـەکاتی قەدەغـەکردنی هاتوچۆدا بۆیان هەبوو ئازادانە بەشەقامەکاندا بخولێنەوە. تا بەیانی لە چێشتخانەیەکی بێسەقفدا، کە نرخەکانی گونجاوو هاتوچۆکەرانی خۆش مەشرەب بوون، نانیان دەخوارد، لەراستیدا ئـەوە شـوێنی تایبـەتی کارمەنـدانی شـەوو ئەوکەسـانەبوو کـە ئەوکاتـەی هـەموو ریستۆرانەکان داخرابوون و برسی دەبوون و حەزیان نەدەکرد بەگۆشەگیریی ورگیان تێر بکـەن. ئەوشـوێنە نـاوێکی رەسمـی نـەبوو هـەروەها خـەڵکی ئەوشـوێنەیان بـە ناوێکـەوە دەناسیەوە کە لێی نەدەهات:"کۆلێت".

پۆلیـسەکان بـەجۆرێك رەفتاریـان دەکـرد دەتـوت مـاڵی پوریانـە. دیـاربوو هاتوچـۆکەرەکان بـاش یـەکتریان دەناسـیو چـێژیان لـە نزیکایـەتی یـەکتر وەردەگـرت. نەدەکرا ناوی خێزانـی کەسیان بزانرێت لەبەرئـەوەی بـەو نازناوانـەوە یـەکتریان بانـك دەکـرد کـە لەسـەردەمی قوتابخانـەوە پێیانـەوە بـوو. هـەموو بەیـەکجارو بـەدەنگی بـەرز قسەیان دەکـرد، بێئـەوەی لـەو هەرایـەدا یـەك ووشـە لەیـەکتر تێبگـەن یان نیونیگایـەك لەیەکتر بکەن. هەموویان بـەرگی کارکردنیـان لەبـەردابوو، جگـە لـە پیاوێکی بەتەمـەنی لەرادەبەدەر قۆزو رێکوپێك، کە قژێکی سپی وەك بەفری هەبووو مـاهوتێکی کۆنو مـۆد بەسەرچوی لەبەردابوو، لەتەك ژنێکی تەمەن ناوەنجی کە هێشتا لەرادەبەدەر جوان بـوو، جلێکی خاڵداراری لەبەردابوو کە کۆنیەکـەی دەریدەخـست ماوەیـەکی زۆرە هەیـەو یـەك کۆڵ ئاڵتوونی بەخۆیەوە هەڵواسیبوو. ئامـادەبوونی لـەوێ دەکـرا گـەواهی زینـدوی پێگـە کۆمەڵایەتیەکەی بێت، لەبەرئەوەی کەم بوون ئەوژنانەی مێردەکانیان رێگـەیان پێدەدان بـچنە ئـەوجۆرە شـوێنە بەدناوانـە. گـەر خـۆش مەشـرەبیو شـێوەزارە خەسـتە ناوچەیەکەیو هەڵسوکەوتە خۆمانەکەی لەتەك هاتوچۆکەرەکانی تر نەبوایە، وامدەزانی سەیرانکەرە. کەمێك پاشئەوەبۆم دەرکەوت بەهەڵە تێگەیشتووم‌و ئەوانـە دووهاوسـەری بەتەمـەنی خـەڵکی کارتاخنـان کـە نازانـان چـۆن کـاتی بێئیـشیەکانیان پڕبکەنـەوەو بەهەربیانوویەك بـووە بـەرگی میـوانی دەپۆشنو بۆنـانی ئێـوارە لـەماڵ دەچنە دەرەوە. ئەوشـەوە لەبەرئـەوەی خـاوەن میوانیەکـەیان خـەوی لێکـەوتبوو سـەرجەم رێـستۆرانتە

[1]. Aruba

ئابڕومەندانەکان بەهۆی قەدەغەکردنی هاتۆچۆ داخرابوون، بەناچاری بەمەبەستی شەوبێداری هاتبوونە ئەوشوێنە.

ئەوان بانگهێشتی ئێوارەیان کردین. ئەوانەی لەسەر مێزە گەورەکە دانیشتبون میهرەبانانەتر دانیشتن بۆئەوەی ئێمەش جێگەمان ببێتەوە. بەشەرمو دڵبەئازارەوە چومە ریزی ئەوانەوە. هەڵسوکەوتە بێ رودەربایستیەکەیان لەتك پۆلیسەکان حاڵەتێکی ئەربابانەی هەبوو، وەکو ئەوەی بەچاوی خزمەتکارەوە تەماشایان بکەن. یەکێك لەو دووانە بە جدیەتو ئیسراحەتەوە لەسەر مێزەکە هەروەك مناڵە بەئەدەبەکان رەفتاری دەکرد. ئەویتریان بێهێزو بێتاقەت دەهاتە بەرچاو، تەنها لەکاتی نانخواردنو جگەرەکێشاندا نەبووایە کە لەپڕ دەهاتەوە سەرخۆیو دەکەوتە هەڵەکەسەما. من لەبەر شەرمو شکۆ زاتیەکەم خواردنێکی کەمو سادەم داواکردو ئەوکاتەی قاپەکەم تەواوبوو بێئەوەی تەنانەت هەموویم خواردبێت، ئەوانەی لەگەڵم بوون دوا پاروی نانەکەیان خواردبوو.

خاوەن و تاکە خزمەتکاری "کۆلێت" ناوی **خوزێ دۆلۆرۆس**[1] بوو، نەوجەوانێکی رەش کە جوانیە ناباوەکەی وای دەکرد مرۆڤ دەستوپێی خۆی وون بکات، بەرگێکی هاوتای پەردەی سپیو لەڕادەبەدەر پاکوخاوێنی لەبەردەکرد کە لە جلوبەرگی عەرەبە بیابان نشینە مەغریبیەکان دەچوو، و هەمیشە چڵە مێخەکێکی گەشاوەی دەخستە پشت گوێی. بەڵام دیارترین تایبەتمەندی زیرەکیە زۆرەکەی بوو کە بەردەوام بەکاریدەهێنا تاببێتە هۆی خۆشیو شادی خۆیو ئەوانیتریش. تەنها یەك هەنگاو لەسنووری ژنانەیی دووربوو هەمووان بەبێ تۆزقاڵێك گومان دەیانوت تەنها لەگەڵ مێردەکەی خۆی دەنووێت. هەرگیز کەس سەریی نەدەخستە سەریو لەبەر دۆخە جەستەییە تایبەتەکەی کەس گاڵتەی پێنەدەکرد، لەبەرئەوەی زۆر وەڵامی خێرای بوو، هەروەها پلارەکانی هەر ناحەزێکی نەزانی تەریق دەکردەوە، هەموو کارەکانی لە دروستکردنی خواردنی پەسەندی هاتوچۆکەرانەوە تادەگاتە سوورکردنەوەی مۆز بە یەك دەستو راگەیشتن بە حسابەکان بەدەستێکیتر، خۆی جێبەجێی دەکردو هیچ شاگردێك نەبوو یارمەتی بدات، تەنها کوڕێکی شەش ساڵان نەبێت کە بەدایکە بانگی دەکرد. کاتی خواحافیزیی، بەتەواوەتی بەو روداوە چاوەڕوان نەکراوە تووشی هەڵچون ببووم بەڵام لەوباوەڕەدا نەبووم ئەو شوێنە نامۆیەی شەوبێداریە ئاڵۆزو پەرێشانانە بۆهەمیشە لە خەیاڵمدا بمێنێتەوەو تا ماوم فەرامۆشی نەکەم.

---

[1]. Jose Dolores

پاش نانی ئێواره، لەگەڵ پۆلیسەکان بەڕێ کەوتم تا گەڕان دواکەوتووە شەوانەکەیان کۆتایی پێبهێنن. مانگ وەکو قاپێکی ئاڵتونی بەئاسمانەوە دەدرەوشایەوە، سرومیەکی لەسەرخۆ دەهات و لەدوورەوە ئاوازی مۆزیك و هاواری شادی میوانیەکی تێروپڕو پڕهاتوهاوار دەهاتە گوێ. بەڵام پۆلیسەکان هیچ تووشی سەرسامی نەبوون لەبەرئەوەی باش دەیانزانی، دانیشتوانی گەڕەکە هەژارنشینەکان لەسەرەتای شەوەوە نەدەچوونە ناوجێگە بەڵکو بەسەرە هەرجارەو لەماڵی یەکێکدا ئاهەنگیان ساز دەکردو بێئەوەی بێنە سەرجادە تا بەیانی گۆرانیان دەچڕی و سەمایان دەکردو هەڵیاندەخستەوە.

ئەوکاتەی کاتژمێرەکە دووجار لێیدا، دەرگای ئوتێلەکەم کوتی، دڵنیابووم هەموو هاوڕێکانم گەیشتوون، ئەمجارەیان پاسەوانەکە بێ گوێپێدان یەك دووجنێوی ئاوەکی پێشکەش کردم، لەبەرئەوەی لەخۆڕا لەخەو رامپەڕاندبوو. تازە ئەوکاتەی پۆلیسەکان تێگەیشتن شوێنێکم بۆ نووستن نییە، منیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ بنکەکەیان تا بەو شێوەیە گرفتەکەم چارەسەر بکەن. ئەو گاڵتەجاڕییە ئەوەندە بەلامەوە جەسوورانەبوو کە تەواو بێتاقەتی کردم و نەمتوانی بەر بە زمانم بگرم و هەندێك قسەی ناشرین لەدەمم هاتەدەر. یەکێکیان، کە بەهۆی کاردانەوە منالانەکەم سەری سوڕمابوو، لوولەی چەکەکەی خستە سەر سکم بۆئەوەی جوان تێبگەم و پێم لەبەڕەکەم درێژتر نەکەم.

بەدەم پێکەنینەوە پێی وتم - **خۆت کەرمەکە! ئەوەش فەرامۆش مەکە کە تائێستاش لەبەر پێشێل کردنی یاسای قەدەغەکردنی هاتوچۆ دەستبەسەری.**

بەمشێوەیە - لە ژوورێکی زیندانێکی شەش کەسیدا، لەسەر قەرەوێڵەیەك کە بۆگەنی هەڵمی عارەقەی غەریبێکی نەناسراوی لێدەهات - یەکەم شەوی پڕ لەجولەم لە کارتاخنا رۆژ کردەوە.

رۆچوون بۆ نێو دەرونی شارەکە زۆر ئاسانتر بوو لە بەرگەگرتنی دژواریەکانی رۆژی یەکەم. لەماوەی کەمتر لە دووهەفتەدا لەگەڵ دایك و باوکم گەیشتمە ئەنجام و ئەوان بەبێ دەردیسەری بڕیارەکەیان قبوڵ کردم و رازیبوون لە شارێکی هێمن و دوور لەشەڕ درێژە بەژیان بدەم. ژنی خاوەن ئوتێلەکە لەبەرئەوەی ببوەهۆی ئەوەی شەوێك لەزیندان ببەمەسەر، هەستی بەپەشیمانی دەکرد. هەر لەبەر ئەوەش، منی لەگەڵ بیست فێرخوازیتر لە گەنجینەیەکی گەورە کە بەتازەیی لەسەربانی بینا جوانە شێوە کۆلۆنیالیەکە دروستی کردبوو جێگە کردەوە. هیچ گلەییم لە بارودۆخی ئەوشوێنە نەبوو لەبەرئەوەی لەجێی کارایی نووستنگەکەی ئامادەییە نەتەوەییەکەبوو کەمتر لە پانسیۆنەکەی بۆگۆتا پارەی لێ وەردەگرتین، و ئەو پارەیەش کە لێمان وەردەگیرا لەبری سەرجەم خەرجیەکانیتر بوو.

ناونووسین لە کۆلێژی ماف بە چاوپێکەوتنێك بە ئامادەبونی سەرۆکی نووسینگەکە، **ئیگناسیۆ فیلیز مارتینز**[1] و یەکێك لە مامۆستاکانی ئابوری سیاسی، کە چەندم کرد ناوەکەیم بیر نەکەوتەوە، لەماوەی کەمتر لەکاتژمێرێکدا ئەنجام درا. وەك ئەوەی باو بوو، سەرجەم فێرخوازانی قۆناغی دوەەم لەو دانیشتنەدا ئامادەبوون. هەر لەسەرەتای ئەو باسەدا، ئەوەی سەرنجی راکێشام داوەری رون و رۆشنبینانەو وردو هەڵسەنگێنراوی مامۆستاکان بوو، ئەویش لە ناوچەیەکی وڵات کە خەڵکەکەی بە شپرزەیی و بێسەروبەری لە قسەکردندا بەناوبانگ بوون. یەکەمین بابەت کە بە تیروپشك دیاری کرا، شەڕی ناوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو کە تارادەیەك هیچم لەسەر نەدەزانی. جێگەی داخ بوو کە تا ئەوکاتە هێشتا هیچم لە رۆماننووسەکانی ئەمریکای باشوور نەخوێندبوەوە کە تازە بەرهەمەکانیان دەگەشتە وڵات بەڵام بەخت یاوەرم بوو دکتۆر بلێس مارتینز، بەرێکەوت، قسەکانی بەئاماژەیەکی کورت بۆ **کوخەکەی مام تۆم** دەست پێکرد، کە دواساڵی ئامادەیی بەوردی خوێندبوومەوە. مەسەلەکەم هەر بەئاسمانەوە قۆستەوە. لەوانەبوو ئەو دوو مامۆستایەی تاقیان دەکردینەوە بەقوڵی سەبارەت بە رابردوو هەستیان بە دڵتەنگی کردبێت، لەبەرئەوەی بەدرێژایی ئەو شەست خولەکەی تایبەت بوو بە چاوپێکەوتنەکە بە شیکردنەوەی سۆزداریانەی سیستمی نەنگینی کۆیلەداری لە باکوری وڵاتە یەکگرتوەکان تێپەڕی و بروسك ئاسا تێپەڕی و مەسەلەکە بەوسادەییە کۆتایی پێهات. بەمشێوەیە ئەوەی دەبوو وەك رۆلێتی رووسی کوشندەبێت گۆڕا بۆ وتووێژێکی سەرگەرمکەر کە نمرەی بەرزو چەپڵەلێدانی لەخۆباییبوانەی ئامادەبووانی بەدیاری پێشکەش کردم. بەکورتیەکەی چومە زانکۆ بۆئەوەی ساڵی دوەەمی ماف بخوێنم، بەومەرجەی لەو دوو وانەیەی لە بۆگۆتا تەواوم نەکردبوو تاقیکردنەوە ئەنجام بدەم، ئەو مەرجەی هەرگیز جێبەجێ نەکرا. چەند کەسێك لە هاوپۆلیەکانم فێڵەکەی منیان لەمەڕ بەلارێ بردنی مەسەلەکاندا زۆر پەسەند دەکردو بەوشێوە داهێنەرانەیەم توشی هەڵچوون دەبوون، لەبەرئەوەی لەو زانکۆیەدا کە دەبوو پابەندی سیستمی ئۆرگانیکی فێرکاری بێت، لایەنگرانی ئازادی داهێنەرانە کەم نەبوون. ئەوشێوازە لەسەردەمی ئامادەییەوە دڵخۆشیە نهێنیەکەم بوو، هەڵبەتە نە لەبەر تاکڕەوی خۆ دەرخەرانە، بەڵکو وەك تاکە هیوام بۆئەوەی بەبێ دەرس خوێندن لەتاقیکردنەوەکاندا دەربچم. بەڵام هەرئەوانەی لەپۆلدا باسی سەربەخۆیی پێوەرەکانیان دەکرد، چارەیەکیتریان نەبوو ئەوەنەبێت خۆ بدەنەدەست دۆخەکەو ئەوکاتەی

---

[1]. Ignacio Velez martinez

هەنگاویان دەنایە تاقیکردنەوەکانەوە دەقە کۆلۆنیالیەکانی کتێبە ئەستورەکانی عەهدی بووقیان وەکو تووتی لەبەر دەوتەوە. خۆشبەختانە، لەژیانی واقعیدا مامۆستای هونەری خۆشگوزەرانی بوونو بەسەرزیندویی چاونەترسانەیانەوە گۆڕی سەمای شەوانی هەینیان، سەرباری مەترسیەکانی ئەو سەرکوتکاریە بەرفراوانەی کە لەژێر سایەی قەدەغەکردنی هاتوچۆدا کە رۆژبەرۆژ ئاشکراتر دەبوو، پەردەکرد لەکەیفو خۆشی. بەبەرەکەتی رێکەوتنە نهێنیەکان لەگەڵ بەرپرسە سەربازیەکان، تەنانەت لە کاتژمێرەکانی قەدەغەی هاتوچۆدا، بەردەوام کۆڕی سەماکان درێژمیان دەکێشاو ئەوکاتەی قەدەغەکردنی هاتوچۆ کۆتایی پێهات، لەجاران پڕجموجۆڵتر لە حاڵەتی سەرەمەرگ هاتنەدەرو جارێکیتر لەدایك بوونەوە. بەتایبەت لە **تۆریش**[١]، یاخود لە کەناری **پوپا**[٢]، شادترینی گەڕەکەکانی ئەو ساڵە رەشو خنکێنەرانەیە، هەرئەوەندە بەسبوو سەرمان لەپەنجەرە ببەینە دەرەوە تا ئەو ئاهەنگە هەڵبژێرین کە بەدڵمانەو بە بڕی پەنجا سەنت دەمانتوانی تابەیانی بە خۆشترین مۆزیکی کارائیبی، کە دەنگدانەوەی گوێ کەڕکەری بڵندگۆکان زیاتر تاوی دەدا، بێوەستان سەماو هەڵپەڕکێ بکەین. ئەو کیژانەی بەبێ پارەی هاتنە ژورەوە دەهاتنە ئەو کۆڕی سەمایانە هەمان ئەو فێرخوازانەبوون کە بەدرێژایی هەفتە کاتی هاتنەدەرەوە لە قوتابخانە دەمانبینین، بەوجیاوازیەی کە جلوبەرگی تایبەتی رێورەسمی کڵێسای رۆژانی یەکشەممانیان دەپۆشیو لەژێر چاودێری پورە گیرو دوودڵ یان دایکە ئازادبیرو هەرزەکان، وەك ژنە ئاسوودەو تازەپێگەیشتوەکان سەمایان دەکرد کە پاکیزەییو (لوندی) وروژێنەرانەیان ئاوێتە ببوو. لە یەکێك لەشەوە گەورەکانی راودا کە بۆ راوکردنی سۆزانیەکی بەناز لە خستمانی - کە لەسەردەمی کۆلۆنیالدا ناوچەیەکی کۆیلە نشین بوو - دەسوڕامەوە، دەستێکی ئاسراو بەتوندی کێشای بەپشتمداو بە نەرمیەك بەرگوێم کەوت:

- هەی ساختەچی!

مانوێل زاپاتا ئۆلیڤێیا[٣] بوو، یەکێك لەدانیشتوانی کۆنی شەقامی **ماڵا کریانزا**[٤]، کە بنەماڵە بەرەگەز ئەفریکاییەکەی حەوت پشتیان لەوێ ژیابوون. لە بۆگۆتا لە هەڵچوون و ئاژاوەکەی ٩ی ئابریلدا یەکترمان ناسیو لەیەکتر بینینەکەی کارتاخنا لەهەمووشتێك زیاتر بەوە توشی سەرسامی بووین کە یەکترمان بە زیندوویی بینیەوە. مانوێل،

---

١. Torices

٢. Popa

٣. Manuel Zapata Olivella

٤. Mala Crianza

جگەلەوەی بە بەلاش تەبابەتی دەکرد، رۆماننووس و یەکێك بوو لەچالاکە سیاسیو بانگەشەکەرانی مۆزیکی کارایبی، بەڵام پەیامە رەسەنەکەی خۆی لەوەدا دەبینیەوە کە گرفتی سەرجەم بەندەکانی خودا چارەسەر بکات. هێشتا هیچ باسی رووداوەکانی ئەو هەینیە شەمەو ئەو نەخشانەی بۆ داهاتوو کێشابومان نەکردبوو کە پێشنیاری ئەوەی پێشکەش کردم بەختی خۆم لەبواری رۆژنامەوانیدا تاقی بکەمەوە. مانگێك پێش ئەوە، یەکێك لە رابەرە لیبراڵیەکان، **دۆمینیکۆ لۆپێز ئێسکاریۆریاسا**[1]، رۆژنامەی **ئال ئۆنیفێرساڵ**ی دامەزراندبوو کە سەرنووسەرەکەی کێلمێنتێ مانۆێل زابالا بوو. ناوم بیستبوو بەڵام نەمدەزانی لەبواری رۆژنامەنووسیشدا کار دەکاتو ئەزمونی هەیە، لەبەرئەوەی هەموان وەك لێکۆڵەرەوەیەکی شارەزای بوارە جیاوازەکانی مۆزیكو کۆمۆنیزمی توندڕەوانەو دابڕاو لە سیاسەت دەیانناسی. ساپاتا ئۆلیبەیا سووربوو لەسەر ئەوەی سەردانی بکەین، لەبەرئەوەی دەیزانی بەدوای کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی تازەدا دەگەڕێت بۆئەوەی بە هاوپشتی ئەوان نمونەیەك لە کاری رۆژنامەنووسی داهێنەرانە پێشکەش بکاتو لەبەرامبەر شێوە کۆنو ملکەچە باوەکانی بواری چاپەمەنی وڵات بوەستێتو بەتایبەت کارتاخنای هەڵبژاردبوو کە لەوسەردەمەدا یەکێك بوو لە دواکەوتوترین شارەکانی کۆلۆمبیا.

لەوە دڵنیابوم کە بۆ رۆژنامەنووسی دروست نەبووم. دەمویست نووسەرێکی جیاوازبم، بەڵام بۆگەیشتن بەو ئامانجە لاسایی رۆماننووسێکم دەکردەوە کە زۆر لەیەکەوە نزیك نەبووین. بۆیە لەوڕۆژانەدا نووقمی بیرکردنەوەبووم لە رێگاچارەیەك، لەبەرئەوەی پاش بڵاوبونەوەی سێ کورتە چیرۆکم لە بۆگۆتا، کە ئێدواردۆ سالامساو رەخنەگرەکانیترو دۆستو دوژمن کۆڵێك بەسەریاندا هەڵیاندابوو، خۆم لە بنبەستێکدا دەبینیەوە. ساپاتا ئۆلیبەیا سەرباری بەڵگە لێبڕاوانەکانم سووربوو لەسەر پێشنیارەکەیو دەیویست پێم بسەلمێنێت کە ئەدەبو رۆژنامەنووسی لەشوناسدا جیاوازییان نییەو لەکۆتاییدا دەگەنەوە سەریەكو هاوکاریو کارکردنم لەتەك ئال ئۆنیفەرساڵ لەسێ لایەنەوە دەکرا بۆمن بەکەڵكو بەسوود بێت: کێشە ئابوریەکانم بەشێوەیەکی ئابڕومەندانەو بەسوود چارەسەر بکات، رێگەی کەشێکی پرۆفشناڵانەم بۆ بکاتەوە کە پێگەو بایەخی روناکبیریم پێببەخشێتو لەهەمووش گرنگتر هەلی ئەوەم بۆ بڕەخسێت هەندێك شت لە مانۆێل زابالای باشترین مامۆستای رۆژنامەنووسی فێرببم کە بەدڵنیایەوە لە داهاتوودا بەکەڵکم دەهاتن. ئەو بەڵگە سادانە، ستۆپی کەمرۆیمی

[1]. Domingo Lopez Escauriaza

خستەکارو بوەهۆی ئەوەی لە کارەساتێکی راستەقینە بمپارێزێت. ساپاتا ئۆلیبەیا، کە هەرگیز خۆی بەدەستەوە نەئەداو دەستی هەڵنەدەگرت، دواجار بۆچونەکەی خۆی بەسەردا سەپاندم و وادەی دیدارێکی بۆ رۆژی دوایی لە نووسینگەی رۆژنامەکە رێکخست کە دەکەوتە شەقامی **سەن خوان دێ دیوس**[1]ەوە، ژمارەی ٢٨١.

ئەو شەوە هەر زۆر خراپ نووستم و تابەیانی چەندجارێك لەخەو راپەڕیم. رۆژی دوایی لەسەر نانی بەیانی، لە خانمی خاوەن ئۆتێلەکەم پرسی شەقامی سەن خوان دێ دیوس لەکوێوەیەو ئەویش پەنجەی رووکردە پەنجەرەکەو ئاماژەی بۆ دەرەوە کرد.

ووتی ـ **هەر لەوبەرەوە، دووسەد مەترێك پێشتر.**

نووسینگەی ئال ئۆنیڤەرساڵ بەرامبەر دیوارێکی بەردینی گەورەو زێڕینی کڵێسای سەن پێدرۆ کلابەر، یەکەمین قەدیسی کیشوەری نوێ بوو کە جەستە پیرۆزو لەبەریەك هەڵنەوەشاوەکەی زیاتر لە سەد ساڵ دەبوو لەژێر میحرابی مەزنەوە نمایش دەکرا. بینایەکی کۆنی سەردەمی کۆلۆنیاڵە کە کۆماریخوازەکان هەندێك بەشیان گۆڕیوە، بە دوو دەرگای گەورەو چەند پەنجەرەیەکەوە لەوێوە دەتوانی هەموو شوێنێکی نووسینگەی رۆژنامەکە ببینی. بەڵام ئەوەی بەڕاستی تووشی دڵەڕاوکێ و ترسی دەکردم ئەوبەری (هەرەای) لە داری رەنە کراوبوو کە سێ مەترێك لەپەنجەرەکەوە دووربوو، پیاوێکی جێکەوتەو گۆشەگیر بە پانتۆڵێکی کەتانی سپی و چاکەت و بۆینباخ و پێستێکی سپی و قژی زبرو رەشی سوورپێستانە کە لەسەر مێزێکی نووسینی کۆن دانیشتبوو. چەندین دەستنووس لە سەر مێزەکەی بەدیدەکران و ئەویش بێئەوەی ئاگای لەدەوروبەری بێت، بەقەڵەم هەندێك بابەتی چاك دەکرد. بەسەرنج و دەستەپاچەییەوە، بەتەنیشت بیناکەدا تێپەڕیم، دووجاریتر بەو رێگەیەدا هاتوچۆم کردو بۆجاری چوارهەم گەیشتمە هەمان ئەنجامی جاری یەکەم، واتە دڵنیابووم ئەو پیاوە خودی مانوێل زابالایە. لەبەرئەوەی بەتەواوەتی بەوشێوەیەبوو کە لەخەیاڵمدا وێنەم کێشابوو، ئەوەندە نەبێت ترسناکتر دەینواند. هەراسان و ترساو بڕیارمدا چاو لەو دیدارە بپۆشم و بەئیسراحەت بچم بەلای ئیشمەوە، لەبەرئەوەی بینینی ئەوکەسەی کە هەرئەوەندە بەس بوو لە پەنجەرەکەوە تەماشای بکەی تا لەوە دڵنیابیت گەلێك شت دەربارەی ژیان و گرفتەکانی پیشەکەی دەزانێت، دڵی شێری دەویست کە من نەمبوو. گەڕامەوە ئوتێلەکەو بێئەوەی هەست بە پەشیمانی بکەم یان ئەفسووسی بۆ بخۆم، پەنام بۆ سەرگەرمیە رۆژانەکەم بردەوە: لەسەر قەرەوێڵەکەم درێژ بووم،و دەستم کرد بەخوێندنەوەی پول دروستکەرانی ئاندرێ ژیدو

---

[1]. San Juan de dios

جگەرەم لەسەر جگەرە داگیرساند. کاتژمێر پێنجی عەسر، دەرگای گەورەی شوێنی نووستنەکە ئەوەندە قایم پێوەدرا وەك تەقەی تفەنگ دەنگی هات.

ساپاتا ئۆلیبەیا، هەر لەبەردەرگاکەوە هاواری کرد - **ئای چەندە ئازایت! زابالا چاوەڕێت دەکات و ئاگاداربە لەم مەملەکەتەدا کەس بوێریی ئەوەی نییە بەچاوەڕوانی بیهێڵێتەوە.**

دەستپێکی دیدارەکە زۆر دژوارتر بوو لەوەی لە خەیاڵە کابووس ئاساکانمدا وێنەم کردبوو. زابالا ڕێگەی پێدام ببینم بێئەوەی بزانێت دەبێ چی بکات. لەسەر یەك جگەرەی دەکێشاو گەرماش ئەوەندەیتر بێزاری تاودەدا. هەموو شوێنەکانی پیشاندایین. ئەمبەرەوە ژووری سەرنووسەرو بەشی کارگێڕیی، ئەوبەریش، هۆڵی نووسین و نووسینگەیەك بە سێ مێزەوە کە لەوکاتەدا کەسیان لەسەر نەبوو لەوپەڕی ڕێڕەوەکەش، ڕۆینیۆیەکی قوڕازە کە لە هێرشێکی مەترسیدار بەسەلامەتی دەرچووبوو هەروەها دوو ئامێری پیتچنینی ڕۆژنامە بەدیدەکرا.

بەتەواوەتی سەرم سووڕما ئەوکاتەی تێگەیشتم زابالا سێ چیرۆکەکەی خوێندومەتەوەو نووسینەکەی سالامساشی بەلاوە بەویژدانانەبوو.

وتم - **من لەوباوەڕەدا نیم. ئەو چیرۆکانەم بەدڵ نییە. بەهۆی نەنگێزمیەکی ئارادەیەك نەستیەوە نووسیوومن و ئەوکاتەی پاش بڵاوبونەوەیان خوێندمنەوە، تێگەیشتم بەلاڕێدا ڕۆیشتووم.**

زابالا مژێکی قوڵتری لەجگەرەکەی داو بە ساپاتای وت - **ئەمە نیشانەیەکی باشە.**

مانوێل ئەو هەلەگونجاوەی قۆستەوەو وتی ئەو دەتوانێت لەکاتی بێ ئیشیدا بۆ ڕۆژنامەکە بەکەڵك بێت. زابالاش لە وەڵامدا ووتی ئەوکاتەی مانوێل ئەم دیدارەی ڕێکخست بۆخۆشم بیرم لەوە کردەوە.

ئەوکاتەی گەیشتینە نووسینگەکەی دکتۆر لۆپێز ئێسکایۆریاسای بەڕێوەبەری بەرپرسی ڕۆژنامەکە وك هاوکارێکی داهاتووی بڵاوکراوەکە منی ناساند کە شەوی پێشووتر دەربارەی قسەیان کردبوو.

جەنابی بەڕێوەبەر بە زەردەخەنە هەمیشەییەکەیەوە کە مرۆڤی دەخستەوە بیری خانەدانە کۆنەکان، وتی - **زۆر باش دەبێت.**

نەگەیشتینە هیچ ڕێکەوتنێکی دیاریکراو بەڵام مامۆستا زابالا داوای لێکردم بەیانیش سەردانیان بکەم تا من بە ئاکتۆر رووخاس ئاراسۆی شاعیرو وێنەکێشەی بەسەلیقەو گۆڵی ستوون نووسەکانیان بناسێنێت. بەهۆی کەمڕوویەوە - کە ئێستا ناکرێت ڕونی بکەمەوە - پێم نەوت کە ئەو لە قوتابخانەی سەن خۆزێ مامۆستای وێنەکێشانمان بووە.

هەرئەوەندەی لەوێ هاتینە دەرەوە، مانوێل بەخۆشیو کامەرانیو هەڵچوونەوە، لە گۆڕپانی **ئادوانا**[1]ی بەرامبەر نمای شکۆمەندی کڵێسای سەن پیدرۆ کلابەر، هەڵبەزیەوەو بەخۆشحاڵیەوە هاواری کرد:

- بزنەزە، وەکو ئاوخواردنەوە مەسەلەکە تەواوبوو.

بۆئەوەی زویر نەبێت، بە میهرەبانیو ڕێزەوە، باوەشم پیاکرد، هەرچەندە لەقوڵایی دڵمدا هەستم بە دڵنیایی نەدەکردو سەبارەت بەداهاتووم تووشی دڵەڕاوکێ ببووم. لەوکاتەدا مانوێل پرسیاری لە بۆچوونی من کرد دەربارەی زابالاو منیش ڕاستیەکەیم پێوت. ئەوم بەڕاوچی ڕۆحەکان دەزانی. پێدەچوو ئەوهۆکارە چارەنووس سازەی دەبوەهۆی ئەوەی لاوەکان کەڵك لە زانایيو دووربینی وەربگرن هەرئەوەبووبێت. دواتر، بە خۆدەرخستنی وردبینی درۆیینەو زووهەڵاتوانەی پیاوە سەرماوگەرما چەشتوەکانو بەئەزموونەکان، گەیشتمە ئەوئەنجامەی چ جای ئەو تایبەتمەندیە ڕێگەی لەوەگرتووە کە لەبوارە کۆمەڵایەتيو سیاسیەکانی وڵاتدا ڕۆڵێکی چارەنووس ساز بەرجەستە بکات.

شەو، مانوێل تەلەفۆنی بۆ کردەو لەکاتێکدا کە خەریکبوو لەتاو پێکەنین دەبورایەوە باسی وتووێژەکەی خۆیو زابالای بۆ دەگێڕامەوە. مامۆستای گەورە لە گریمانی هاوکاریکردنم لەتەك ڕۆژنامەکە بەتەواوەتی ورووژابووو دڵنیابوو دەتوانم زۆر سودم بۆیان هەبێتو وتاری درەوشاوە بۆ دوالاپەڕەکەیان بنووسم، بەڕێوەبەرەکەش هەمان بیروڕای هەبوو. تاکەشتێك کە زابالای نیگەران دەکرد شەرمنیە نەخۆش ئاساکەم بوو کە دەکرا ڕێگرێکی گەورەی ژیانی پیشەییم بێت.

ئەوەی هۆکار بوو لەدواچرکەدا بڕیار بدەم بچمەوە نووسینگەی ڕۆژنامەکە، مەسەلەیەکی چاوەڕواننەکراوو لەهەمانکاتیشدا گاڵەتجاڕانەبوو. بەیانی ڕۆژی دوایی، ئەوکاتەی لەژێر دووشەکەدا بووم، یەکێك لەهاوپۆلیەکانم دەرگای گەرماوەکەی کردەوەو بەبێ شەرم دوالاپەڕەی ئال ئۆنیڤەرساڵی گرت بەبەرچاوە حەپەساوەکانمەوە. نووسینێکی مەترسیداریان لەسەر نووسیبووم کە بە خوێندنەوەی چی مووی لەشم هەیە ڕەقبوو: مژدەی ئەوەیان دابوە خوێنەران کە هاتومەتە کارتاخنا، منیان گەیاندبوە سەر لوتکەی نووسەريو چەندجارێك وەك ڕۆژنامەنووسێکی بەرجەستە ناویان هێنابوم، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە تەنها بیستو چوار کاتژمێر بەسەر ئەوەدا تێپەڕیبوو کە بۆیەکەمجار پێمخستبوە نووسینگەی ڕۆژنامەیەکەوە. هەر لەوکاتەدا مانوێل بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم بۆئەوەی پیرۆزباییم لێبکات، لەبەرئەوەی لەوباوەڕەدا نەبوو چەندە

---

[1]. Aduana (گومرك)

لێی تورەم. بەبێ تۆزقاڵێك لەبەرچاوگرتن چیم لەدڵدابوو هەڵمڕشتو لەبەرئەوەی بەبێ پرسی من ئەو تورەهاتە نابەرپرسیارانەیەی نووسیبوو کۆڵێك سەرزەنیشتم کرد. بەڵام ئەوکاتەی بابەتەکەم بۆ رونبووەوە، لەپەڕ ئاگری تورەییم دامرکایەوەو بەتەواوەتی گۆڕام، لەبەرئەوەی تێگەیشتم نووسینەکە بە قەڵەمی خودی مامۆستا زابالا نووسراوە، وابزانم کاریگەری قووڵی ئەو بەسەرهاتە پاش تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە هێشتا وەکو خۆیەتی. نەدەکرا خۆم دوابخەم، خێرا پانتۆڵەکەم لەپێکردو خۆم گەیاندە نووسینگەی رۆژنامەکە بۆئەوەی سوپاسی ئەو پیاوە مەزنە بکەم. ئەوەندە بایەخی بە سوپاسکردنەکەم نەدا. منی بە ئاکتۆر روخاس ئاراسۆ ناساند کە پانتۆڵێکی خاکیو کراسێکی نەخشێنراو بەگوڵە ئیستیوایەکانی لەبەردابوو، بەدەنگێکی بروسکە ئاسا قسەی زلی دەردەپەڕاندو لە گفتوگۆکاندا نەیدەبڕیەوە مەگەر ئەوکاتە نەبێت کە بەرامبەرەکەی تێدەگەیشت یان دەدۆڕا. هەڵبەتە بیری نەکەوتەوە کە لەقوتابخانەی سەن خۆزەی بارانکیا یەکێك بووم لە فێرخوازەکانی.

مامۆستا سابلا - هەموان بەو ناوە بانگیان دەکرد - بەناوهێنانی چەند هاورێیەکی هاوبەشی ئێمە دووانەو چەندکەسێکیتر کە دەبوو بیانناسم، ئێمەی لەیەکتر نزیك کردەوە. دواتر بەتەنها بەجێیهێشتینو هەر خێرا شەڕی سەرەسەختانەی قەڵەمە سوورە ئاگرئاساکەی لە دژی بابەتەکان دەست پێکردەوەو بەجۆرێك هەموو هەستی خۆی بەکارەکەی سپارد کە دەتوت ئێمە هەر لەوێش نیین یان هەستت دەکرد نامانناسێتو هەرگیز ناوو ناوبانگیشی نەبیستووین. ئاکتۆر، لەمیانەی تەقەتەقی پیتچنەکانو بێگوێدانە بوونی زابالا، درێژەی بەقسەکانیدا لەگەڵ من. قسەبێژێکی ماندوو نەناس بوو هەگیز بابەتی قسەکردنی لێ نەدەبڕا. سەرچڵی لەنێو بواری ئەندێشەدا خۆش دەویستو هەندێك چیرۆکی نامەعقولو دوور لەزەینی دەخولقاند کە بەتێپەڕینی کات بۆخۆشی لەراستیان دەکەوتە گومانەوەو ئامادەنەبوو باوەڕبکات جگەلە خەیاڵ چیتر بووبن. چەندین کاتژمێر دەربارەی ئەودوای هاوڕێ زیندووو مردووەکانمان، ئەوکتێبانەی هەرگیز نەنووسران، ئەوژنانەی فەرامۆشیان کردینو ئێمە نەماندەتوانی فەرامۆشیان بکەین، کەپرە شاعیرانەکانی بەهەشتی کارایبی **تۆلۆ**[1] - شوێنی لەدایکبوونەکەی -و ئەفسوونگەرە شکست نەخواردوەکانو ئەو بەڵا ئاسمانیانەی توشی ئاراکاتاکا ببوو، قسەمان کرد. لەسەر ئەوەی هەیەونییە قسەمان کرد بێئەوەی شتێك بخوێنەوە، ئەوەندە بەهەڵەداوان

---

[1]. Tolu

جگەرەمان لەسەر جگەرە داگیرساند کە هەناسەمان سوواربوو، ئاخر لەوە دەترساین تەمەنمان بەشی ئەوە نەکات ئەوهەموو بەسەرهاتە بگێرینەوە.

کاتژمێر دەی شەو، ئەوکاتەی ویستیان نووسینگەی رۆژنامەکە دابخەن، مامۆستا زابالا چاکەتەکەی لەبەرکرد، گرێی بۆینباخەکەی رێکخستو بەهەنگاوگەلی نەرمو لەسەرخۆ، کە چیتر هیچ نیشانەیەکی لاویەتیان تێدا نەمابوو بەرەوروومان هاتو بۆ نانی ئێوارە بانگهێشتی کردین. وەك ئەوەی چاوەڕوان دەکرا چووینە"کۆڵێت"و بەتەواوەتی سەرسام بوو ئەوکاتەی زانی خۆزێ دۆلۆرۆسو یەك دوو کڕیاری کۆتایی شەو من دەناسنو دەڵێن ئەمە شوێنی خۆیەتی. ئەوکاتە بەتەواوەتی سەری سوڕما کە یەکێك لەو دوو پۆلیسەی یەکەم رۆژی هاتنم بینیبوومن رێی کەوتە ئەوێو بە گاڵتەپێکردنێکی تانەئامێزانەوە باسی ئەوشەوە سەختەی هێنایە گۆڕی کە لەزیندان بەسەرم بردبوو دواتریش بەوپەڕی بێشەرمیەوە پاکەتە جگەرە پڕەکەمی بردو رۆشت. لەولاشەوە ئاکتۆرو خۆزێ دۆلۆرۆس کەوتنە قسەوتن بەیەکترو بەقسەی مانادارەوە کەوتنەگیانی یەکتر، ئەمەش لەکاتێکدا کە کڕیارەکان لەتاو پێکەنین خەریکبوو ریخۆڵەیان دەپچڕاو مامۆستا زابالا بە بێدەنگیەکی ڕازیانە گوێی لەوشەڕەقسەیە دەگرت. منیش یەك دوو قسەی بێتامم کرد کە هەرچەندە نەبووەهۆی پێکەنینی کەس بەڵام هەرهیچ نەبێت ئەوسوودەی هەبوو کە خۆزێ دۆلۆرۆس من بە یەکێك لەو کڕیارە دەگمەنانە لەقەڵەم بدات کە بۆم هەبوو چوارژەمی خواردن لەوێ بەقەرز بخۆم.

پاش خواردنی نانی ئێوارە، منو ئاکتۆر بەرەو بولواری **لۆس مارتیریس**[1] بەڕێ کەوتین، کە بەرامبەر تەنگەکەبوو لەبەر خۆڵ وخاشاكو پیسی بازاڕەکە بەردەوام بۆگەنی دەهاتو بەدەم پیاسەوە درێژەمان بەقسە تەواو نەکراوەکانمان دا. شەوێکی دڵگیربوو، یەکەمین ئەو کەشتیە چارۆکەدارانەی بەرەو کۆرازایۆ دەرۆشتن بەدزیەوە لەنگەرەکانیان هەڵدەبڕیو بەجۆرێك هەستمان بەسەرخۆشی دەکرد دەتوت لەچەقی جیهانداین. لەوسپێدەدەمەدا، ئاکتۆر منی کەمێك بە مێژووی شاروادەی کارتاخنا ئاشنا کرد، کە سەرتاپای ئاهو فرمێسك بوو چ جای زۆر لە نووسینە خەیاڵیو خۆشەباوەڕانەکانی لێکۆڵەرەوە چاکەکارەکان راستتر بوو. باسی ئەو دە شەهیدەی بۆکردم کە پەیکەرە مەرمەڕینەکانیان بە پاداشتی ئازایەتیەکانیان لەملاولای سەیرانگاکەوە دانابوو. بە پێی چیرۆکێکی خەڵکی ـ کە وادیاربوو خۆی دروستی کردووە ـ ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار ئەو پەیکەرانەیان دانا، پەیکەرتاشەکان ناو مێژووەکانیان لەسەر پەیکەرەکان

---

[1]. Los Martires (شەهیدان)

هەڵنەکۆڵی بەڵکو لەسەر پایەی پەیکەرەکان هەڵیانکۆڵی. هەر لەبەر ئەوەش، ئەوکاتەی بەبۆنەی سەدەی یادکردنەوەی شەهیدانەوە لەسەر پایەکانیان دایانگرتن بۆئەوەی چاکسازیان تێدا بکەن، ئیتر نەیانزانی جێگەکانیان کامەیەو بەناچاری بەخۆوبەخت لەسەر پایەکان دایان نانەوە بێئەوەی لەوە دڵنیا بن ناوو مێژووەکان لەتەك پەیکەرەکاندا ڕێدەکەوێت. ئەم چیرۆکە کە زیاتر لە گاڵتە دەچوو گەلێك ساڵ بوو لەسەر زاران بوو، بەڵام من، بەپێچەوانەوە ئەوحاڵەتم بەجۆرێك لە دادپەروەریخوازی لێکدایەوە کە دەبووەهۆی ئەوەی پیاوەمەزنە بێ ناوو نیشانەکان نەوەك لەبەر ژیانی تایبەتیان، بەڵکو لەبەر ئەوەی هاوچارەنووس بوون ڕێزیان لێبگیرێت.

لەو ساڵانەی لە کارتاخنا گوزەراندم، تارادەیەك ئەو شەوبێداریانە هەموو ڕۆژێك دووبارە دەبووەوە، پاش دوو یان سێ شەوی سەرەتا لەوە تێگەیشتم کە ئاکتۆر خاوەنی بەهرەیەکی بێوێنەیە کە بواری ئەوەی پێدەبەخشێت خێرا سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت و هاوڕێیەتی بەلایەوە مانایەکی ئاڵۆزی هەبوو کە تەنها ئەوانەی زۆر پابەندیبوون دەیانتوانی بەتەواوی لێی تێبگەن. پاکیزەیی ڕۆح و دڵە پڕ لەمیهرەبانیەکەی پەیڕەوی بنەماو نەریتێکی نامۆ بوون، کە زۆرجار دەکەوتە ژێر کاریگەری تورەییە لافاو ئاساو هەندێك جار کارەساتبارەکانەوە کە هێندەی لە نەفرەتی ئەفسانەیی خوداکانی کۆن کەمتر نەبوو دواجاریش بۆ پاساودانەوەی هەڵچوونە بێهەوسارەکانی، وەك منالێکی هەڵبژاردەی خودا، میهرەبان و لە دڵاشیرین دەبوو و دڵە ئازاردراوەکانی نەرم دەکرد. لەوکاتانەدابوو کە مرۆڤ پەی بە سروشتی ڕاستەقینەی دەبردو تێدەگەیشتین بۆچی مامۆستا زابالا دەیویست هەرچۆنێك بووە کارێك بکات ئێمەش وەکو خۆی ئاکتۆرمان خۆش بوێت. شەوی یەکەم، وەك زۆربەی شەوانیتر، بە شارەزایی لە پیشەی ڕۆژنامەنووسیمان، سەرباری قەدەغەبوونی هاتوچۆ، تابەیانی لەبولواری مارتیرس پیاسەمان کرد. ئاکتۆر هەرئەوەندەی بریسکانەوەی ڕۆژی لە ئاسۆی دورەدەستەوە لەسەر پانتایی ئاسمان بەدیکرد، بەدەنگێکی پاك و هۆش وبیری بێدارەوە وتی:

- خۆزگە ئەمشەو وەکو کازابلانکا بێت.

قسەیەکیتری نەکرد، بەڵام دەنگی شکۆی لەیادنەکراوی وێنەی هێمفری بوگارت و **کلوود ڕاین**[1]ی لەبیرەوەریمدا زیندوو کردەوە کە لەتەنیشت یەکەوە لەنێو تەمووم‌ژی دەمەوبەیانیدا بەرەوە درەوشانەوەی سەرسوڕهێنەری ئاسۆ دەڕۆشتن و ڕستە

[1]. Claude Rains

ئەفسانەییەکەی ئەو کۆتاییە خۆشە پڕئازارە لەگوێچکەمدا زرنگایەوە: "**ئەمە سەرەتای هاوڕێیەتیەکی قووڵە.** "

سێ کاتژمێر پاشئەوە، زەنگی تەلەفۆنەکە لەخەو رایپەڕاندمو بەدەم خەوەوە گوێم لە رستەکەی مامۆستا زابالابوو کە ئەوەندەی ئەو دلگیرو ورووژێنەر نەبوو:

- شاکارەکەت چۆنە؟

چەند خولەکێکی خایاند تا تێگەیشتم مەبەستی ئەو بابەتەبوو کە دەبوو بۆ ژمارەی داهاتووی رۆژنامەکە بینووسم. لەیادم نییە گەشتبێتینە هیچ رێکەوتنێکی دیاریکراو، یان وەلامی هاوکاری کردن یان نەکردنی رۆژنامەکەم دابێتەوە، بەلام ئەوبەیانیە، پاش ماراسۆنی قسەکردنی شەوی پێشوو، هەستم دەکرد چیم بوێت دەتوانم بیکەمو هەستم دەکرد دەتوانم ئۆقیانووسێك لە ووشە هەلبڕێژمە سەر کاغەز. زابالا بێدەنگیمی بەنیشانەی رەزامەندی زانیبوو پێشنیاری نووسینی چەند بابەتێکی کرد، بەلام وتم حەز دەکەم لەسەر گەرموگوڕترین بابەتی رۆژ بنووسم:قەدەغەکردنی هاتوچۆی شەوانە.

هیچ قسەی نەکرد. بەنیازبووم بەسەرهاتی یەکەمین شەوی کارتاختنام بگێڕمەوەو ناچاربوم بەدەست بینووسمەوە، لەبەرئەوەی هەرچیم کرد نەمتوانی بە ئامێری چاپە کۆنەکانی بلاوکراوەکە بنوسم. نوسینی ئەو بەسەرهاتە کە هیچی لەمنالبوونێك کەمتر نەبوو نزیکەی چوار کاتژمێر لە کاتی گرتمو پاشان دەقەکەم دایە دەست مامۆستاو ئەویش لەبەرچاوی خۆمدا خوێندیەوەو بێئەوەی کاردانەوەیەك بنوێنێت کە بۆچونی ئاشکرابکاتو دواجار بەشێوەیەك کە کەمتر بەلامەوە ناخۆش بێت، وتی:

- خراپ نییە، بەلام مەحالە بکرێت بلاوی بکەینەوە.

بەلامەوە سەیر نەبوو. بەپێچەوانەوە، خۆشم دەمزانی و بۆچەند خولەکێك هەستم بە ئاسودەیی کرد، لەبەر ئەوەیچیتر باری گرانی رۆژنامەنوسیم لەسەرشان نەمابوو. بەلام هۆی سەرەکی نارازیبونی، کە من لێی بێئاگا بووم، بەسەر بلاوکراوەکاندا سەپێنرابوو: لە ٩ی ئابریلەوە لەهەریەك لە رۆژنامەکانی ولاتدا کەسێکیان کردبووە بەرپرسی ئەوەی خۆی بە ئەهلی قەلەمو هۆلی نووسینەکەش بەمالی پووری بزانێت. لە کاتژمێر شەشی دوانیوەرۆ بەدواوە لەسەر مێزەکەی لە نووسینگەی رۆژنامەکە دادەنیشتو دەسەلاتی تەواوی هەبوو رێگە لەبلاوکردنەوەی هەر نوسینێك بگرێت کە ئاسایشی نەتەوەیی دەخاتە مەترسیەوە. تەنانەت یەك وشەش بەبێ رەزامەندیی ئەو بلاو نەدەکرایەوە.

بەبۆچونی من ئەو بەلگانەی زابالا بۆی هێنامەوە لە یاسا دەولەتیەکان باشتر بون، لەبەرئەوەی ئەوشتەی نووسیبووم لێکدانەوەیەکی سیاسی نەبوو، بەلکو گێڕانەوەی

بەسەرهاتێکی تایبەتی بوو، بێئەوەی بەنیازبووبم وەك وتارێك بڵاوی بکەمەوە. سەرباری ئەوەش، وەك یەکێك لە ئامرازە پرۆژەییەکانی دەوڵەت، لەسەر قەدەغەکردنی هاتوچۆ قسەم نەکردبوو. بەڵکو ئەو یاسایەم وەکو فێڵوتەڵەکەبازیەك وێنە کرد کە بەهۆیەوە دوو پۆلیسی ساختەچی، راگوزەرە بەدبەختەکانیان رووت دەکردەوە، هەرچەندە من پارویەکی چەور نەبووم و جگەلە یەك دوو جگەرەی یەك سەنتی چیتریان لێ هەڵنەکڕاندم. خۆشبەختانە، مامۆستا زابالا پێشئەوەی بڕیاری لەسێدارەدانم دەربکەن، نووسینەکەی دامەوە بۆئەوەی وشە بە ووشەی بگۆڕم، هەرچەندە خۆی دەیزانی پێویست بەوکارە ناکات، بەڵکو بەنیازی چاوبەستکردنی جەنابی چاودێر، لەپیاوەتی خۆی یان لەڕوی بەزەییەوە ئەوشتانەی لە دوو ستوندا بۆڕیزکردم کە دەبوو بیانگۆڕم.

وتی - **رون و ئاشکرایە تەنها بەهای ئەدەبی هەیە و هیچیتر، واتە تەنها هەر ئەوەیە، بەڵام دواتر لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکەین.**

ئەو بەمشێوەیە بوو. لەهەمان رۆژی یەکەمی ئامادەبوونمەوە لە نووسینگەی رۆژنامەکە، ئەودەمەی زابالا لەگەڵ من و ساپاتا نۆلیبەیا قسەی کرد، سروشتە ناموکەیم بۆ دەرکەوت: ئەوکاتەی لەگەڵ یەکێك قسەی دەکرد سەیری کەسێکیتری دەکردو ئەوەندە بیروهۆشی پێدەسپارد کە ئاگری جگەرەکەی نینۆکەکانی دەسوتاند. سەرەتا ئەو هەڵسوکەوتەی بێزار و دەستەپاچەی دەکردم. بەڵام دواتر بەشەرمەوە رێگەچارەیەکی بێکێشەترم هەڵبژارد: بە جدیەتەوە گوێم لەقسەکانی دەگرت، بەڵام لەباتی ئەوەی تەماشای ئەو بکەم لە مانوێل وورد دەبوومەوەو بەمەش بەتیرێك دوو نیشانەم دەپێکا. دواتر، ئەودەمەی لەگەڵ روخاس ئاراسۆ و پاشان لۆپێز ئێسکایۆریاسای بەرێوەبەری بڵاوکراوەکە کەوتینە قسە، تێگەیشتم ئەوشێوازە تایبەتەی لەنێو خەڵکیدا بەکاردەهێنا. پاش تێگەیشتن لەو بابەتە، گەیشتینە رێکەوتنێکی سەرپێیی و توانیمان بەسادەترین شێوەو لەرێگەی بەکارهێنانی کەسی سێهەمی بێخەبەرەوە، بیرو هەستەکانمان بۆ یەکتر بگوێزینەوە. بە تێپەڕینی کات ئەودەمەی بەتەواوەتی بووینە خۆمانە، بوێریی ئەوەم پەیدا کرد بۆچونەکەم لەسەر حاڵەتی قسەکردنی لەگەڵ خەڵکی بەخۆی بڵێم و ئەویش بێئەوەی توشی سەرسوڕمان ببێت بۆی رونکردمەوە کە هەمیشە لەسەرلا لەگەڵ بەرامبەرەکانی قسە دەکات لەترسی ئەوەی نەبا دووکەڵی جگەرەکەی بێزاریان بکات. لەکەس نەدەچوو. هەرگیز کەسم نەبینی رەفتارێکی هێندە هێمنی هەبێت و بەرامبەرەکەی بەلاوە گرنگ بێت و بەوپەڕی رێزەوە رەفتار بکات. هەست دەکەم ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە بەردەوام توانی لەوشوێنەدا بێت کە شایستەیەتی: مرۆڤێکی زانا لەبەر سێبەرێکی روندا.

راستیەکەی ئەوەیە کە لە ئامادەیی سیپاکیرا دەقی وتاربێژیی، هۆنراوەی ئاوەکی، بەیاننامەی نیشتیمان پەرستانەو سکالآی توندوتیژ بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەسەر خراپی خواردنو هەندیك بابەتیتری لەوجۆرەم نووسیبوو، کە ئەوانە هەموو بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەوسالانەم بوون، هەڵبەت دەبێت ئەو نامانەشی کە بۆ ماڵەوەمانم دەناردو دایکیشم پاش هەڵەچنی ئیملایی، بۆمی دەناردنەوە ـ ئەمە تەنانەت تا ئەوکاتەی وەکو نووسەرێك ناسرام بەردەوامیی هەبوو ـ بخەمەسەر چالاکیە قەڵەمیەکانم. ئەو نووسینەی دواجار لە دوالاپەڕەی رۆژنامەکەدا بلاوکرایەوە هیچ لە دەقەکەی من نەدەچوو. ئەوەی لەدەقەکەم مایەوە چەند رستەیەکی بەبێ پێوەرو سەبك بوو کە بیرتەسکی رەوانبێژی نمونە خوێنی بلاوکراوەکە پشتیان شکاندبوو هێزیان لەبەر بڕیبوو. دواجار، بڕیاردرا ستونێکی رۆژانەم هەبێت بەناوی تەواوەتی خۆمەوەو ناونیشانی هەمیشەیەوە:"خالْ سەری دێر". پێدەچوو بەنیازبوبن بەوشێوەیە سنوری بەرپرسیاریەتیەکان جیا بکەنەوە.

زابالاو روخاس ئاراسۆ، کەبەهۆی کاری رۆژانەوە بەتەواوەتی خۆشە ببون، توانیان بە دڵنەوایم بدەنەوەو بێزاریو بێتاقەتی لەڕادەبەدەرەکەی دەرئەنجامی یەکەمین نووسینم لەبیر ببەنەوە. بەوشێوەیە، وێرام درێژە بەهاوکاریەکەم بدەمو یاداشتی دوهەمو سێهەمیشم بنووسم، کە ئەوانیش زۆر باش دەرنەچون. دووساڵ ئەندامی دەستەی نووسەران بوومو هەندێك جار تەنانەت دوو یان سێ یاداشتی رۆژانەم بەناوی خۆمەوە یان بەناویترەوە بلاودەکردەوە کە زۆرجار لەتیغی سانسۆڕ دەردەچوونو ئەوەندەی نەمابوو لەتەك خوشکەزاکەی جەنابی چاودێردا هاوسەرگیری بکەم.

هێشتا لەخۆم دەپرسم بەبێ قەڵەمەسورەکەی مامۆستا زابالاو تیغی سانسۆڕ، کە بەبێ ویست داهێنانی توشی ململانێ دەکرد، ژیانی پیشەییم چی بەسەردەهاتو بەرەو کوێ دەڕۆشت. بەلام لەبیرمان نەچێت کە جەنابی چاودێر لەهەمووان زیاتر هەستی بە نەبوونی ئاسایش دەکردو ترسی لەبەرامبەر تەمێکردنو سزادان ئارامو قەراری لێهەلگرتبوو. بەچاوی گومانەو لە نمونە هێنانەوەی وتەی پیاوە گەورەکانی دەڕوانیو پێیوابوو ئەوانە داونو لەراستیشدا وەهابوو. تارمایەکان دەستیان لێ هەڵنەدەگرتو بەردەوام بەچواردەوریا دەخولانەوە. هاوتا بێکەڵکەکەی پەیڕەوانی شێوازی سێروانتێز بوو کە لەهەموو رستەیەکدا هەندێك مانای خەیالآویو دروستکراوی دەبینیەوە. لە یەکێك لەشەوەکانی بەدبەختیدا، ناچاربوو چارەك بەچارەك بچێتە سەرئاو، تا دواجار برستی لێبڕاو سفرەی دڵی بۆ کردینەوەو وتی ئەوەندە بەتەڵەکەبازیەکانمان توشی ترسو دڵەڕاوکێمان کردووە کە ئەوەندەی نەماوە شێت ببێت.

لەتاو بێتاقەتی دەنگی لێهەڵبڕی - **لە گۆڕی باوکی هەموویان بەمجۆرە درێژەبکێشێت (راستەوەوە)!**

بە بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژیی سیاسی، کە وڵاتی بەرەو وێرانی رادەکێشا - هەڵبەتە ناوچەکانی سەرکەناری ئۆقیانووسی ئەتڵەس بارودۆخێکی هاوسەنگتری هەبوو - دامەزراوەی پۆلیس سەربازیتر دەبوو. بەمشێوەیە، سەرەتاکانی مانگی مەی، پۆلیسەکان، بەبێئەوەی هیچ پاساوێکیان هەبێت، بەشدارانی رێورەسمی جەژنی پاکیان، لەشەقامی **کارمن**[1] لە گوندی **بۆلیڤار**[2]، لە بیست فەرسەخی کارتاخنا، دایە بەر دەسترێژی گوولە. من پەیوەندیەکی سۆزدارانەی تایبەتم لەتەك ئەو گوندەدا هەست پێدەکرد، لەبەرئەوەی پورە ماما لەوێ لەدایك ببوو باپیرە لەوێ ماسیە ئاڵتونیەکانی داهێنابوو. مامۆستا زابالا، لەدایك بووی **سەن خاسینتۆ**[3] (گوندی دراوسێی بۆلیبار) بە لێبڕاویەکی نامۆو سەقامگیرەوە، بەرپرسیاریەتی ئەوەی دامێ کە هەواڵەکانی ئەو رووداوە ئامادە بکەم، بێئەوەی لە چاودێریو ئاکامەکانی سەرپێچی کردن لە یاساکانی بترسم. لە یەکەمین وتاری بێواژۆدا کە بۆ دوالاپەڕەم نووسی، بەرپرسیاریەتی ئەوەم خستە ئەستۆی دەوڵەت کە بەشێوەیەکی جدیو بەووردی لەو هێرشە خوێناویە بکۆڵێتەوەو سزای ئەوانە بدات کە دەستیان لەو رووداوەدا هەبووە،و نووسینەکەم بەم پرسیارە کۆتایی پێهێنا:"لە شەقامی کارمنی گوندی بۆلیبار چی روویدا؟"لەبەرامبەر کەمتەرخەمی پلەوپایە رەسمیەکان، بەئاشکرا جەنگمان لەبەرامبەر سانسۆڕ راگەیاندو بەهێزێکی زۆرەوە، هەموو رۆژێك لەسەر یەك لەدوالاپەڕەدا هەمان پرسیارمان دوپات دەکردەوەو ئامادەبووین ئەوەندە درێژە بەوکارە بدەین تاوەك دەوڵەت لەوەی کە هەبوو بێزارتر ببێت. پاش سێ رۆژ، بەرێوەبەرەکە لە زابالای پرسی ئایا دەربارەی ئەو بڕیارە لەتەك سەرجەم ئەندامانی دەستەی نووسەران راوێژی کردووەو لەوەش دڵنیای کردەوە کە ئەو بۆخۆی پاڵپشتی ئەو کارە دەکاتو لەوباوەڕەدابوو دەبێ درێژە بەو کارە بدەین. بەوشێوەیە، بەهەمان شێوە پرسیارەکەمان دووپات کردەوە. لەو ماوەیەدا، دەوڵەت هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند تەنها ئەوەندە نەبێت بەهۆی ئەوەی یەکێك لە بەرپرسەکانی دەوڵەتەوە کە لەدەمی دەرچوو هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کە بڕیاریان دەرکردبوو لێمان گەڕێن ئەوەندە درێژە بەو قیرچەمەییەمان بدەین تا بڕستمان لەبەر دەبڕێو لەوە تێبگەین ئەو هەوڵەمان وەکو ئاسنی سارد کووتینە. مەسەلەکە ئەوەندەش سادە نەبوو، لەبەرئەوەی پرسیارە

---

[1]. Carmen

[2]. Bolivar

[3]. San Jacinto

ڕۆژانەکانمان چیتر وەکو سڵاو کەوتبووە سەرزاران و ملیۆنەها کەس دوبارەیان دەکردەوە: "**چۆنی هاوڕێ، بەڕاست لە شەقامی کارمن لە گوندی بۆلیبار چی ڕوویدا؟**"

شەوێك کە هەرگیز چاوەڕوانمان نەدەکرد، بەبێ زانیاری پێشتر، کەرتێك سەرباز بەهاتوهاوارەوە، کە تێکەڵەیەك بوو لە دەنگەدەنگ و تەقەتەقی تفەنگ، شەقامی سەن جوان دێ دیۆسیان داخست و ژەنەراڵ **ئێرنیستۆ پۆلانیا پویۆ**[1]، فەرماندەی پۆلیسی سەربازیی، بەهەنگاوگەلی سەقامگیر و دەنگدانەوەی هەنگاوەکانیەوە، هاتە نێو نوسینگەی ڕۆژنامەی ئال ئۆنیڤەرساڵەوە. بەرگێکی شکۆمەندانەی سپی تایبەت بە ڕێوڕەسمە تەشریفاتیەکانی پۆشیبوو، بە پوزبەندی ڕەش و شمشێرێکی ئاوێزان بە شریتێکی ئاوریشمی و دووگمەو مەدالیای هێند درەوشاوە کە دەتووت لەئاڵتون دروست کراون. تەنانەت تۆزقاڵێکیش لەو ناوبانگەی وەکو ئەفسەرێکی ڕێکپۆش و سەرنجڕاکێش هەیبوو، کەمتر نەیدەنواند، هەرچەندە دەمزانی لەڕۆژانی ئاشتی و لە ڕۆژانی جەنگیشدا پیاوێکی توندوتیژ و ئەوکاتەی سەرۆکایەتی سوپای کۆڵۆمبیای لە جەنگی کۆریا لەئەستۆ گرت، ئەوخووەی بەتەواوەتی ئاشکراکرد. لەماوەی ئەو دوو کاتژمێرە پڕلەهەڵچونەی لە ژورێکی داخراودا لەتەك بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە قسەی کرد، کەس نەجولایەوە. بیست و دوو پیاڵە قاوەیان خواردەوە بێئەوەی دەم بۆ مەشروب یان جگەرە ببەن لەبەرئەوەی بەدووربون لە ئالودەیە زیانبەخشەکان. کاتی چوونەدەرەوە، ژەنەراڵ ڕووکراوەتر و ڕوخۆشتر دەهاتە بەرچاوو زۆر بەئەدەبەوە تەوقەی لەگەڵ هەمووماندا کردو خواحافیزیی کرد. بۆ چرکەیەك لەبەردەممدا ڕاوەستا، بە چاوە پڵنگ ئاساکانیەوە لێم وردبووەوەو پێی وتم:

- جەنابتان ناوتان دەکەوێتە سەرزاران.

دڵم توند لێیدەدا، دەتوت دەیەوێت لەسینەم بێتە دەرەوە، لەبەرئەوەی هەستم دەکرد هەموو شتێکم دەربارە دەزانێت و بەتانەوە دەیەوێت پێمی بڵێ لەبەرئەوەی لەسێدارەم دەدەن ناوم دەکەوێتە سەرزاران. بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە کاتی گێڕانەوەی قسەکانی لەتەك ژەنەراڵ، لەگەڵ زابالا بەتەنها، ئەوەی باسکردوە کە ئەو ناو وناونیشانی ئەوکەسە دەزانێت کە ستونەکەی دوالاپەڕە دەنووسێت. بەڕێوەبەرەکە، بە حاڵەتە تایبەتیەکەی خۆیەوە، بە سەربازە دەسەڵاتدارو ڕێکپۆشەکەی وتبوو کە ئەو کەسە بەبڕیاری ئەو ئەوکارەی دەکردو بۆ پاساوهێنانەوەی ئەوکارەش وتبوی لە ڕۆژنامەشدا وەکو سەربازگە فەرمانەکان دەستبەجێ جێبەجێ دەکرێن. بەهەرحاڵ ژەنەراڵ بەڕێوەبەرەکەی ئامۆژگاری

---

[1]. Ernesto Polania Puyo

کردبوو که له پەردەلەسەر هەڵماڵینەکانماندا کەمێك هاوسەنگی بپارێزین، نەبا یەکێك له لایەنگرە توندڕەوەکانی دەوڵەت سەربەخۆ بڕیاربدات بەشێوەیەکی توندو سەرەتاییانە حەقمان لێبکاتەوە. بەڕێوەبەرەکەو سەرجەم ئەندامانی دەستەی نووسەران لەمەبەستەکەی ژەنراڵ حاڵی بووینو تەنانەت پەیمان بەوشتانەش برد کە نەیوتبون تەواو تێگەیشتین. ئەوەی لەهەمووشتێك زیاتر بوە جێگەی سەرنجی بەڕێوەبەرەکە ئەوەبوو کە سەربازیە بەدەسەلاتەکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد لە وردەکاریەکانی جموجۆڵە ناوخۆییەکانی رۆژنامەکە ئاگادارەو ئاگای لەسەرجەم کردەوەو بڕیارەکانمانە وەکو ئەوەی بەردەوام لەگەڵمان بێت. هەموومان، بەبێ تۆزقاڵێك گومان، دڵنیابووین کە هەواڵدزەکە جگەلە بەرپرسی چاودێریەکە کەسیتر نییە، هەرچەندە ئەوسوێندی بەگیانی باوكو گۆڕی مردوانی دەخوارد کە سیخوریی بۆکەس ناکات. تاکەشتێك کە ژەنراڵ نەیویست لەودیدارەیدا ئاماژەی بۆ بکات ئەو پرسیارە رۆژانەیەمان بوو کە بەوپەڕی ئینکاریەوە رۆژانە بلاومان دەکردەوە. بەڕیوەبەرەکە، کە بە دووربینی بەناوبانگ بوو، ئامۆژگاری کردین ئەوەی بیستبوومان باوەڕی پێبکەینو بەجدی وەریبگرین، لەبەرئەوەی هیچ دوورنەبوو بارودۆخەکە لەوەی کە هەبوو ترسناکتر نەبێت.

لەوکاتەوەی خۆم تووشی جەنگ کرد لەتەك سانسۆڕدا، لە زانکۆو چیرۆکنووسین بێئاگا بووم. هەرچەندە جێگەی سوپاسگوزاری بوو کە زۆربەی مامۆستاکان عادەتیان نەبوو نەهاتوان بنووسنو بەوەش کەمتر سەرنجی ئامادەنەبوونەکانیان دەدام. سەرباری ئەمەش، مامۆستا لیبراڵەکان کە ئاگاداری ئەوجەنگەم بون لەتەك بەرپرسی چاودێریەکە، لەخۆم زیاتر پەرۆشم بونو بەردەوام هەوڵیان دەدا، بەشێوەیەك، لە تاقیکردنەوەکاندا یارمەتیم بدەن تا دەربچم. ئەمرۆ لەکاتێکدا هەوڵ دەدەم راستیەکانی ئەو رۆژانە بگێڕمەوە، لەبیرەوەریمدا هیچ نیشانەیەکیان نادۆزمەوەو تێدەگەم کە بەتێپەڕینی کات، بیرەوەریم دۆڕاوەو گۆڕەپانەکەی لەبەرژەوەندی فەرامۆشی چۆڵ کردووە.

پاش ئەوەی دایكو باوکم ئاگادارکردەوە کە دەرامەتی رۆژانەم بەشی خەرجیەکانم دەکات، ئاسودەبونو بەئیسراحەت سەریان کردەسەر سەرین. ئەوەش هەرگیز راست نەبوو. بە موچەی مانگانەی پیشە فێربون، تەنانەت نەمدەتوانی یەك هەفتەش ببەمەسەر. هێشتا سێ مانگ تێنەپەڕیبوو بەناچاری بارگەوبنەم پێچایەوەو ژورەکەم چۆڵ کرد، هێشتا بەشێك لە قەرزاکانی خانمی خاوەنی ئوتێلەکەم نەدابوەوە. ماوەیەك دوای ئەوە، بە چاپکردنی بابەتێك لەسەر ئاهەنگی پازدەساڵەی لەدایك بوونی نەوەکەی

له رۆژنامەدا، لەتەك ئەو خانمە ڕێزدارەدا پاکبوومەوە. کە بەداخەوە تەنها یەکجار ئەوجۆرە مامەڵەیەی قبولکرد.

سەرباری قەدەغەبوونی هاتوچۆی شەوانە، بولواری لۆس مارتیریز بەهەمان شێوە قەرەباڵغترین و فێنکترین شوێنی نووستنی شاربوو. ئەوەدەمانەی دانیشتە ئەدەبیەکان دەمەوبەیان کۆتاییان پێدەهات، چەندکاتژمێرێك لەوێ بەدانیشتنەوە وەنەوزم دەدا. هەندێکجاریش لە گەنجینەی رۆژنامەکە لەسەر کاغەزە لوولکراوەکان دەنووستم یان هاماکا رەنگاورەنگ و جوانەکەم دەخستە بنباڵم و پەنام دەبردە بەر شوێنی نووستنی فێرخوازەکان و شەو لەوێ دەمامەوە، هەڵبەتە گەر بیانتوانیبا کابووسە دەم بەهاوار و ئەو قسانەم تەحەمول بکەن کە بەدەم خەوەوە دەمکردن. تاماوەیەك هەرچۆنێك بوو بەحوکمی چارەنوس توانیم بژیم. لەوماوەیەدا چیم دەست کەوت خواردم و کوێ خوا ویستی لەوێ نووستم، تا ئەوکاتەی خانەدان و بنەماڵەی مرۆڤدۆستی **فرانکۆ مۆنرا**[1] بەفریام کەوتن و پێشنیاری ئەوەیان پێشکەش کردم کە بەبڕێك پارەی زۆر کەم - لەبەرئەوەی هەست نەکەم خێرم پێدەکەن - دووژەم نان لەماڵەکەیاندا بخۆم. **بۆلیڤار فرانکۆ پارخا**[2]ی باوکی ئەو خانەوادە گەورەیە - کە هیچی لە خێڵێك کەمتر نەبوو - یەکێك بوو لە مامۆستایانی مێژووی قوتابخانەی سەرەتایی و منداڵە شاد و سەرزیندوەکانی هەموو عاشقی هونەرمەند و نوسەران بوون و هەر لەبەرئەوەش ناچاریان دەکردم زۆر لەوپارەیە زیاتر بخۆم کە دەمدانێ نەبا زەینم وشك بێتەوە. چەندجارێك تەنانەت لەتوانامدا نەبوو ئەو برەکەمەش بدەم بەڵام ئەوان، بۆئەوەی حسابەکەمان پاك بێتەوە، پێشنیاریان کرد، لەبری قەرزەکەم، پاش نانخواردن شیعریان بۆ بڵێم. لەو مامەڵە خۆشەدا، زۆرجار بەو بەیتە عامیانەیەی کە **دۆن خۆرخێ مانریکە**[3] بۆمەرگی باوکی نووسیبوی یان بە **تەسنیفی کاولیەکان**[4] ی گارسیا لۆرکا قەرزەکەم دەدایەوە.

ناوچە بێسەقفەکانی ژێر کەپرە بەرفراوانەکانی **تێسکا**[5]، بەدوور لەبێدەنگی پرمەترسی حەسارەکە، لە ئوتێلە گەشتوگوزاریەکان دلگیرتر و خۆشتر بوون. دوو دەستە فێرخواز بووین، کە هەر ئیوارەمان لێدەهات، لەژێر تیشکی بەهێزی حەوشەی تایبەتی

---

[1]. Franco Munera

[2]. Bolivar Franco Pareja

[3]. Don Jorge Manrique

[4]. Romancero gitano

[5]. Tesca

سەمای **ئال سیسنە**[1]، خۆمان بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ ئامادە دەکرد. دەمەو بەیان، شنەی دەریاو فیکەی کەشتیەکان، لەبەرامبەر دەنگدانەوەی پڕلەهاواری ریتمی مۆزیکی کارایبی کە سەرتاپای بوونمانی دەخستە هەڵەکەسەماو نازووعیشوەی ئەو کیژۆڵانەی بەبێ دەرپێو بە تەنورەی زۆر فشەوە سەمایان دەکرد بۆئەوەی با تەنورەکانیان تا سەر کەمەریان بەرزبکاتەوە، پارێزگاریان لێدەکردین‌و زەوقەکانمانیان دادەمرکاندەوە. هەندێك جار سۆزانیەکی دڵتەنگی خۆشنودی باوکانە بانگهێشتی دەکردین لەپاڵیدا بنووین‌و پاشماوەی ئەو تەمەناو عەشقەی دەمەو بەیان لێی دەمایەوە بەخێر ببەخشێتە ئێمە. یەکێکیان،، کە ناوو شێوەی باڵایم باش لەبیرە، ئەو قسە خەیاڵاویانەی بەدەم خەوەوە دەمکردن سەرنجی راکێشابوو. بەهۆی ئەوەوە، بەبێ زمانبازی لە تاقیکردنەوەی یاسای رۆمانی کۆندا دەرچووم‌و ئەوکاتەی پۆلیس نووستنی ناو پارکەکانی قەدەغەکرد، توانیم یەك دووجار لەدەست مەفرەزەی شەوانەی پۆلیس دەرباز ببم. پەیوەندیمان وەکو ژیانی ژن‌و مێردایەتی بەرژەوەندیخوازانەبوو نەتەنها لەناوجێگەدا کوك‌و تەبا بووین، بەڵکو لەئیشەکانی ماڵەوەشی یارمەتیم دەدا بۆئەوەی بتوانێت بەیانیان چەند کاتژمێرێك زیاتر بخەوێت.

وردەوردە لەچالاکیە رۆژنامەوانیەکاندا شارەزاو باڵادەست دەبووم، بەڵام بەهەموو شێوەیەك نووسینەکانی دوالاپەڕەم زیاتر بە کارێکی ئەدەبی دەبینیەوە تا رۆژنامەنووسی. بۆگۆتا بەلامەوە کابووسێك بوو کە پەیوەندی بە رابردویەکەوە هەبوو کە دووسەد فەرسەخ لەمنەوە دووربوو بەبەرزی دووهەزار مەتر لەسەر ئاستی دەریا، دونیایەکی دوردەستی لە خەیاڵمدا زیندوو دەکردەوە کە تەنها بۆگەنی خۆڵەمێشەکانی ی ٩ی ئابریلی تێدا مابووەوە. هێشتا گیرۆدەی تای هونەرو ئەدەب بووم، بەتایبەت لەکۆبونەوە فەرهەنگیەکانی نیوەشەوان، بەڵام زەوقم بۆنووسین وردەوردە کەمی دەکردو چیتر خواست‌و ئارەزوی پێشووترم نەمابوو. پاش ئەو سێ چیرۆکەی لە ئال سپیکادۆردا بڵاوم کردبووەوە، چیرۆکێکی نوێم نەنووسی، تائەوکاتەی سەرەتاکانی ژووئیە، ئێدواردۆ سالامسا جێگەپێی هەڵگرتمەوەو لەرێگەی مامۆستا زابالاوە داوای لێکردم پاش شەش مانگ بێدەنگی، چیرۆکێکیتریان بۆ بنێرم. لەبەر مامۆستا زابالا کە رێزێکی زۆرم بۆی دادەنا کەوتمە خۆم‌و بەنێو دەستنووسەکانمدا گەڕام، بابەتێکم دۆزیەوەو **پەراسووەکەی تری ژنەمردووەکە** م نووسی کە تارادەیەك هاوشێوەی چیرۆکەکانی پێشووترم بوو. باش لەیادمە کە تەنها بیرۆکەیەکی تەمومژاویم لە خەیاڵدابوو لەکاتی نووسیندا، روداوەکانم

---

[1]. El Cisne (قوو)

دەخولقاند. ٢٥ی ژووئیەی ١٩٤٨، وەکو ئەو سێ چیرۆکەیتر، لە پاشکۆی"کۆتایی هەفتە"بڵاوکرایەوەو دوای ئەوە تا ساڵێکیتر، کە ژیانم بەتەواوەتی گۆڕابوو، هیچ چیرۆکێکی نوێم نەنووسی. گەر هەندێکجار سەرم لەهەندێك لەپۆلەکان نەدەدا، بەتەواوەتی پەیوەندیم لەتەك زانکۆ دەپچڕا، بەڵام بەراستی حەزم نەدەکرد دایكو باوکم لەتاکە هۆی دڵخۆشبوونیان بێبەش بکەم.

لەوکاتەدا بۆخۆشم لەوباوەڕەدانەبوم کە زۆر خێرا دەبمە فێرخوازێکی ماندونەناسو ئەوەندە لەمەڕ خوێندنەوەو وەرگرتنی زانست جدی دەبم کە تائەو کات لەژیانمدا بێوێنەبوو، ئەویش لە کتێبخانەی **گۆستاپۆ ئیبارا مێرلانۆ**[1]، هاوڕێیەکی نوێ کە زابالاو رۆخاس ئاراسۆ بە وروژانەوە ئەویان پێ ناساندم. پاش وەرگرتنی بڕوانامەی دانشگەی باڵا، تازە لەبۆگۆتا گەڕابوەوەو خێرا پەیوەندی کرد بە کۆڕوکۆبونەوە ئەدەبیەکانی ئال ئۆنیڤەرساڵو دانیشتننەکانی گفتوگۆکانی دەمەوبەیانی بولواری لۆس مارتینزەوە. لەنێو هەڵچونی گرکان ئاسای ئاکتۆرو ناباوەڕی داهێنەرانەی زابالا، گۆستاپۆ لێبڕاویەکی سیستماتیکی بەدیاری بۆهێنام کە بیرە سەرەتاییو پەرِاکەندەکانمو دڵنەرمیەکانم زۆر پێویستیان پێیبوو ئەم کارەی بە پاڵپشتی نەرموونیانیەکی لەڕادەبەدەر و گەورەیی رەفتارو سەقامگیریی کەسایەتی جێبەجێ کرد. بەیانی ئەورۆژەی یەکترمان ناسی منی بۆ ماڵی دایك وباوکی لەسەر کەناری **ماربەیا**[2] بانگهێشت کرد، کە دەریای بێکۆتایی حەوشەکەی بوو کتێبخانەیەکی نوێو رێکوپێکی هەبوو کە دیوارێکی دوازدە مەتری دادەپۆشیو تەنها ئەو کتێبانەی تێدا بەدیدەکرا کە دەبوو مرۆڤ بیانخوێنێتەوە تا بەبێ هەست کردن بە پەشیمانی بژی. کۆمەڵەی بەرهەمی نووسەرە کلاسیکە یۆنانیو لاتینو ئیسپانیەکان ئەوەندە بەجوانی پارێزرابون کە دەتوت هەرگیز کەس نەیخوێندونەتەوە یان پەڕەیان لێ هەڵنەدراوەتەوە، بەڵام لە پەراوێزی وەرەقەکاندا، هەندێك تێبینی زیرەکانەو زۆرجار بەزمانی لاتینی بەرچاو دەکەوت. گۆستاپۆ هەندێك لەو تێبینیانەی هەڵدەبژارد کە بەلایەوە پێکەنیناوی بونو بەدەنگی بەرز دەیخوێندنەوەو لەحاڵێکدا کە تاپەناگوێ سوور هەڵگەڕابوو گاڵتەی بە بیروباوەڕەکانی رابردوی خۆی دەکرد. یەکێك لەهاوڕێکانم پێشئەوەی گۆستاپۆ بناسم پێی وتبووم:"**ئەو کابرایە وەکو قەشەکان وەهایە.**" زۆرخێرا درکم بەوەکرد بۆچی ئەوەندە خێرا باوەڕ بە بۆچونو قسەکانی دەکەنو ئەوکاتەی زیاتر یەکترمان ناسی، نەمتوانی بەخۆمی بسەلێنم قەشە نییە.

---

[1]. Gustavo Ibarra Merlano

[2]. Marbella

بۆیەکەمجار کە چوومە ماڵیان. تابەیانی دەمەتەقێمان کردو سەرنجی ئەوەمدا کە خوێندنەوەکانی قوڵو بەرفراوان بوون. بەڵام بنەمای زانایەکەی لەسەر ناسینی قوڵی بەرهەمو بیروڕای روناکبیرە کاسۆلیکە بەرجەستەکانی ئەو سەردەمە راوەستابوو کە تەنانەت ناویشیانم نەبیستبوو. لەسەر شیعر زانیاریەکی تەواوی هەبوو، بەتایبەت بەرهەمە کلاسیکە یۆنانیو لاتینیەکانی بەباشی دەناسی کە بەزمانی دایك دەیخوێندنەوە. هەڵسەنگاندنەکانی لەسەر هاوڕێ هاوبەشەکانمان هۆشیارانەو وردبوو گەلێك زانیاری خستە بەردستم کەبوەهۆی ئەوەی خۆشەویستیم بۆیان زیاتر ببێت. سەرباری ئەمانە، زۆر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت سێ رۆژنامەنووسی خەڵکی بارانکیا - سێپدا، بارگاسو فۆینمار - کە روخاس ئێراسۆو مامۆستا زابالا زۆر قسەیان دەربارە کردبون، بناسم. سەرنجی ئەوەمدا، لەپاڵ هەموو ئەو پایە زانستیو رەوشت جوانیەدا، توانایی جەستەیی بەرچاویشی هەبوو، بۆنمونە بەباشی قارەمانیەکانی ئۆلۆمپیاد مەلەی دەکردو ئەندامە لەبارەکانی لەشی دەتوت هەر بۆ ئەو وەرزشە دروست کراون. ئەوەی بەتەواوەی بوەهۆی نارەحەتیو نیگەرانی خێرخوازانەی کەمتەرخەمی سوکایەتی ئامێزانەمو نەزانانەم بوو لەبەرامبەر بەرهەمی نووسەرە کلاسیکە یۆنانیو لاتینیەکان، کە لەوباوەڕەدابووم تاقەتپروکێنو پڕوپوچن، هەڵبەتە جگەلە ئۆدیسە، کە چەندجارێك بەشێوەی دابڕاو لەسەردەمی ئامادەییدا خوێندبوومەوە. پێش خواحافیزیی، کتێبێکی بەرگ چەرمی هەڵبژاردو بەحاڵەتێکی رەسمی پێشکەشی کردم. ووتی: "**رەنگە رۆژێك ببیتە نووسەرێکی باش، بەڵام هەرگیز نابیتە رۆمانووسیکی باش، گەر کلاسیکەکانی یۆنان بەقوڵی نەناسیت.** "ئەو کتێبە ئەمانەتە کۆمەڵەی تەواوی شانۆنامەکانی سۆفۆکلیس بوو. لەوساتە بەدواوە، گۆستاپۆ بوو بە یەکێك لە کەسە چارەنووس سازەکانی ژیانم، لەبەرئەوەی یەکەمجار کە **ئۆدیبی پادشام** خوێندەوە، گەیشتمە ئەو راستیەی کە ئەو بەرهەمە لە لوتکەی کەماڵدایە.

شەوێکی مێژوویی بوو، لەبەرئەوەی گۆستاپۆ ئیبراو سۆفۆکلیسم پێکەوە ئاشکرا کرد،و هێندەی نەمابوو لە ژوورە تایبەتیەکەی دڵدارە نهێنیەکەم لە ئال سیسنە بەشێوەیەکی کارەساتبار بکوژرێم. ئەوەندە باش ئەو بەسەرهاتەم لەیادە کە دەڵێی دوێنێ بوو کە هاوڕێ تایبەتەکەی ئەو ژنە، کە هەموان لەوباوەڕەدابونساڵێك پێشتر مردووە، بەدەم نەڕەو جنێوی ناشرینەوە، بەشەق دەرگای ژورەکەی کردەوە. خێرا ناسیمەوە : لە قوتابخانەکەی ئاراکاتاکا یەکێك بوو لە هاوپۆلیە باشەکانمو ئێستا تورەو وروژاو گەڕابوەوە بۆئەوەی ئەو جێگەیە وەربگرێتەوە کە بەموڵکی خۆی دەزانی. لە سەردەمی قوتابخانەوە یەکترمان نەبینیبوو ئەوەندە باشی تێدابوو کە ئەوکاتەی بە ترساویو روتی

له ناو جێگەکەدا ناسیمیەوە، نەیهێنێتە رووی خۆی‌و چاو لەوە بپۆشێ کە بەچاوی خۆی بینی.

هەمان ساڵ لەگەڵ **رامیرۆ**[1]و **ئۆسکار دێ لا ئێسپرێیا**[2] ئاشنابوم کە لەفرەبلێی‌و چەنەبازیدا نمونەی نەبوو، بەتایبەت لەوماڵانەدا کە شکۆداریێتی مەسیحی چوونە ژوورەوەیانی قەدەغە کردبوو، دەمیان دەکرایەوەو قسەکانیان کۆتایی نەبوو. هەردووکیان لەتەك بنەماڵەکەیان لە **توورباکۆ**[3] دەژیان کە یەك کاتژمێر لە کارتاخناوە دووربوو دەکرێت بڵێین هەموو رۆژێك لە کۆڕە روناکبیریەکانی نووسەران‌و هونەرمەندان لە"دۆندرمەخانەی ئەمریکیی"بەشدارییان دەکرد. رامیرۆ، دەرچوی کۆلیژی مافی بۆگۆتا بوو، پەیوەندی زۆر نزیکی بە گرووپی ئال ئۆنیڤەرساڵەوە هەبوو لە گۆشە هەمیشەیەکەی لەو بلاوکراوەیەدا ئەوشتانەی دەنووسی کە خۆی ئارەزوی دەکرد بێئەوەی خۆی بەپابەندی بنەماو یاساکان بزانێت‌و سنورێك بۆ ئەو بابەتانەی دیاری بکات کە دەینووسین. باوکی پارێزەرێکی جدی‌و لیبراڵێکی تاکرەوو خۆرسك بوو، کە هاوسەرە سەرنجراکێش‌و رووخۆشەکەی لە بێپەردەگۆییدا هاوتای نەبوو. هەردووکیان خوویەکی پەسەندیان هەبوو کە زۆر خێرا دەبونە هاورێی گەنجان. لە وتووێژە چڕوپڕەکانمان لەژێر درەختە پڕ لق وپۆپەکانی (زبان گنجشك)، هەندێك زانیاری پڕبایەخیان لەسەر جەنگی"هەزار رۆژە"خستە بەردەستم، ئەو خۆرە زمینیەی بەمردنی باپیرم لەدەستی رزگارم ببوو. ئەو وێنە باوەڕپێکراوەی لەو روداوە لەخەیاڵمدا ماوە، ژەنەراڵ رافایێل ئۆریبەیە، کە بەویقارو گەورەییەوە لەپێشەوەی سەربازەکانی، قەدوباڵایەکی هاوشێوەی بووکەشووشەیان هەبوو، رێی دەکرد.

باشترین یادگاریی هاوڕێیەتی نێوان من ورامیرۆ لەوسەردەمەدا ئەو تابلۆ رەنگ رۆنیە بوو کە سیسیلیا پووراس لە هەردووکمان کێشابووی، ئەو کیژە وێنەکێشە، بەپێچەوانەی کۆت‌وبەندەکانی ناو خێزان‌و کۆمەڵگا هەرگیز لە دانیشتنە پیاوانەکاندا موعەزەب نەبوو ئەوەندە ئازادانە هەڵسوکەوتی دەکرد دەتوت لەماڵی خۆیایەتی. لەو تابلۆیەدا، ئێمە دوانە لەپاڵ یەکداو لەسەر یەکێك لە مێزەکانی کافتریایەك دانیشتوین کە لەوێ رۆژانە دوجار سیسیلیاو هاورێکانی ترمان دەبینی‌و ئەوکاتەی من‌و رامیرۆ ویستمان رێگەکانمان جیا بکەینەوە، لەسەر ئەوەی تابلۆکە مولکی کاممانە تووشی بەرکەوتنێکی سەرسەختانە بوین. دواجار سیسیلیا هەمان رێگەچارە بەناوبانگەکەی حەزرەتی سلێمانی خستینە

---

[1]. Ramiro

[2]. Oscar de la Espriella

[3]. Turbaco

بەردەم‌و ئێمەش قبووڵمان کردو تابلۆکەمان کرد بە دوو لەتەوەو هەریەکەمان وێنەکەی خۆمان هەڵگرت. بەشەکەی من چەند ساڵێك دوای ئەوە، لە کەنتۆری ئاپارتمانێکدا لە کاراکاس بەجێماو هەرگیز نەمتوانی جارێکیتر بەدەستی بهێنمەوە.

بەپێچەوانەی ناوچەکانیتری وڵاتەوە، تا سەرەتاکانی ئەو ساڵە، توندوتیژیی دەوڵەت هیچ زیانێکی لە کارتاخنا نەخستەوە. لەو کاتەدا، **کارلۆس ئالیمان**[1]ی هاوڕێمان لە سنووری هەڵبژاردنی **شکۆمەندانەی مۆمپۆکس**[2]، بە نوێنەرایەتی ئەنجومەنی هەرێم هەڵبژێردرا. پارێزەرێکی نوێکارو چالاك‌و زیندوو بوو، بەڵام شەیتان ئینکاری لەگەڵ کردو ویستی فێلی لێبکات‌و لە دانیشتنی کردنەوەی ئەنجومەنی هەرێمایەتی، ناکۆکی نێوان ئەندامانی دوو حیزبە نەیارەکە پەرەی سەندو کارگەیشتە تەقەکردن‌و لەوبەینەدا فیشەکێکی وێڵ بەر شانی هاوڕێکەمان کەوت. ئالمان، وەکو هەر مرۆڤێکی ژیر، بیری لەوەکردەوە ئەو هێزە یاسادانەرە بێکەڵکەی لە وڵاتەکەی ئێمەدا بوونی هەبوو ئەوەندە بایەخی نەبوو کە گیانی خۆی لەپێناوی چاکسازیکردنی بەخت بکات‌و بڕیاریدا بەوبڕەپارەیەی لەبەرامبەر پارێزەریەکەی وەریدەگرێت لە نێو کۆڕی دڵگیری هاوڕێکانیدا بەخۆشی بژی.

ئۆسکار دێ لا ئیسپرییا، کە لە خۆشگوزەرانە بەناوبانگەکان بوو، وەکو ویلیام فاگنەر لەوباوەڕەدابوو قەحبەخانە باشترین ماڵە بۆ نووسەر، لەبەرئەوەی بەیانیان کەس هاتوهاوار نانێتەوەو هەموو شەوێکیش لەوێ شایی‌و ئاهەنگەو دانیشتوانەکەشی پەیوەندی دۆستانەیان لەتەك پۆلیسدا هەیە. جەنابی ئالمانی نوێنەر بە باوەڕێکی پۆڵاینەوە، ئەو بۆچوونەی لەگوێگرت‌و بوە میوانداری هەمیشەیمان. بەڵام لەیەکێك لەوشەوە خۆشانەدا، بەتەواوەتی لەوە پەشیمان بوەوە کە وێناندنە بەتاڵەکەی فاگنەری بەجدی وەرگۆتوە. مەسەلەکەش بەو شێوەیەبوو کە هاوڕێ تایبەتیەکەی **مێری ریس**[3]، خانمی سەرۆکی ناوچەکە، بە شەق وبۆکس دەرگاکەی شکاندو هاتە ژورەوە بۆئەوەی کوڕەکەیان کە پێنج ساڵ تەمەنی بوو لەگەڵ دایکی دەژیا لەگەڵ خۆی ببات. هاوڕێ تایبەتیەکەی خانمیش کە بەرپرسی پۆلیس بوو، دەمانچە بەدەست‌و لەکاتێکدا جگە لە شەرواڵی بیجامەیەك هیچیتری لەبەردا نەبوو، لەژووری نووستنەکە دەرپەڕی بۆئەوەی بەرگری لە شکۆمەندی‌و دارایی ماڵەکە بکات، بەڵام پیاوە هێرشبەرەکە بە دەستڕێژی فیشەك، کە وەکو تۆپ لەهۆڵی سەماکەدا دەنگی دایەوە، بەرەودواوە پاڵی پێوەنا.

---

[1]. Carlos Aleman

[2]. mompox

[3]. Mary Reyes

گروبانەکە بەترسەوە لەسووچێکی ژوورەکەدا خۆی شاردەوە. ئەوکاتەی بەنیوە روتی هاتمە دەرەوە، میوانە کاتیەکان لەدرزی دەرگاکانەوە وری تەماشای کوڕە بچوکەکەبون کە لەوسەری هۆڵەکە میزی دەکردو باوکیشی بەدەستی چەپی قژی بۆ دادەهێناو بەدەستی ڕاستیشی توند دەمانچەکەی گرتبوو کە هێشتا دوکەڵی لێوە دەهات. تاکە دەنگێك کە لەماڵەکەدا بەرگوێ دەکەوت، جوێنە ناشرینەکانی مێری بوو کە بە گروبانە ترسنۆکەکەی دەوت پیاوێك غیرەتی ئەوەی تێدانەبێت شەڕەنگێزێکی تەوەزلی ئەوەها تەمێ بکات، تەنها بەکەڵکی ئەوەدێت فرێی بدەیت.

لە هەمان ئەو ڕۆژانەدا، پیاوێکی دێوئاساو بەقەڵافەت سەربەخۆی خۆی کرد بە نووسینگەکەی ئال ئۆنیڤەرساڵدا،و بەحاڵەتێکی تەواو شانۆیانە کراسەکەی داکەندو بەدڵنیایەوە بەهۆڵی نووسینەکەدا خولایەوە بۆ ئەوەی بە نمایشکردنی سینە ئەستوورو شانو گەردنە پانو بازووە گەورەکانی، کە دەتوت بەردنو جێگەی برینگەلێکی قووڵ وکۆن لەسەریان خۆی دەنواند، سەرسامەمان بکات. ئەوەندە حەپەسابوین کە ئەوە وروژاندیو بەدەنگێکی بروسکەئاسا لەسەر برینەکانی رونکردنەوەی پێشکەش کردین:

ـ شوێن چنگی شێرەکانە!

ناوی **ئیمیلیۆ رازۆرە**[1] بووو تازە گەیشتبووە کارتاخناو دەیویست تا زووە بەرنامەی سێرکە خێزانیەکەی ـ یەکێك لەگەورەترین سێرکەکانی دونیا ـ بۆ سەرەتای ساڵی نوێ ئامادەو ڕێکبخات. هەفتەیەك پێشتر بە کەشتی ئۆقیانووس پێوی **ئیۆسکرا**[2]، بە ئاڵای ئیسپانیەوە، لە هاڤاناوە بەرێکەوتبونو چاوەڕێ دەکرا شەممەی داهاتوو بگەنە ئەوێ. راسورێ شانازی بەوەوە دەکرد کە لەنێو سێرکدا لەدایك بوەو هەرکەس لێی دەڕوانی خێرا بیری لەوەدەکردەوە کە دەبێت ڕاهێنەری ئاژەڵە درندەو بەهێزەکان بێت. بەناو جانەوەرە دەستەمۆکانی بانگ دەکرد، وەکو ئەوەی یەکێك بن لە ئەندامانی خێزانەکەیو ئەوانیش بە تێکەڵەیەك لە نەرمیو توڕەیی کاردانەوەیان دەنواند. بەبێ چەك دەچووە قەفەسی شێرو بەورەکان تا بەدەستی خۆی خواردنیان بداتێ. ورچە نازپەروەردەکەی جارێکیان هێندە بەهەستەوە لەباوەشیدا گووشی کە ڕاهێنەرە داماوەکە ناچاربوو بەدرێژایی زستان لەنەخۆشخانە بکەوێت. لەگەڵ ئەوەش، سەرنجراکێشترین بەرنامەی سێرکەکە نە نمایشەکەی ئەوو نە نمایشەکەی پیاوە ئاگرخۆرەکە نەبوو، بەڵکو ئەوەی سەرجەم بینەرانی تووشی سەرسامی دەکرد ئەوپیاوە بوو کە وەکو برغوو سەری خۆی

---

[1]. Emillio Razzore

[2]. Euskera

لێدەکردەوەو دەینا بەژێر باڵەوەو بە چواردەوەری شوێنی نمایشەکەدا دەخولایەوە. لەبیرنەکراوترین لایەنی کەسایەتی ئیمیلۆ راسوریٚ توندوتۆڵیە بێوێنەو خۆڕاگریە پتەوەکەی بوو. پاشئەوەی بەدرێژایی چەند کاتژمێرێك بە سەرنج و حەزەوە گوێم لەقسەکانی گرت، لە دوالاپەڕەی ئۆنیڤەرساڵدا شتێکم لەسەر نووسی و لەو نووسینەدا بەوپەڕی جەسارەتەوە، ناوم لێنا "مرۆیترین بە کەسێك کە ناسیبووم". زۆرنەبوون ئەوکەسانەی لە بیست ویەك ساڵیدا لەنزیکەوە دەمناسین، بەلاّم تا ئەمرۆش ئەو بۆچوونەم بەلاوە پەسەندەو لەوباوەڕەدام کەمن ئەو مرۆڤانەی وەك راسوریٚنن. لە"کۆلێت"، لەتەنیشت کارمەندەکانی رۆژنامەکان نانمان دەخواردو لەویٚ بەهۆی ئەو چیرۆکانەی دەربارەی ئاژەڵە درندەکان دەیگێرایەوە، کە بەهۆی خۆشەویستیەوە رەفتارێکی مرۆییان وەرگرتبوو، لای هەموان خۆشەویست بوو. یەکێك لەوشەوانە، پاشئەوەی زۆر لەگەڵ خۆم بەشەڕهاتم و بابەتەکەم لەمێشکمدا تاوتویٚ کرد، دواجار دەستم لەخۆم بەرداو داوام لێکرد وەك ئەندامێکی سێرکەکەی لەگەڵ خۆی بمبات، تەنانەت گەر بۆ پاکردنەوەی قەفەسەی بەورەکانیش بوە. وەلاّمی نەدامەوە ئەوەندە نەبێت بەبێدەنگی دەستی گووشیم. منیش هەستم کرد ئەوە ئاماژەیەکی هێمائامێزی رێکەوتنە لەسەر شێوازی ئەوکەسانەی لەسێرکدا کار دەکەن و وام دانا هەمووشتێك تەواوبوە. لەوبارەیەوە جگەلە **سالڤادۆر میسا نیکۆلس**[1]، ئەوشاعیرەی خەڵکی ئانتیۆکیا کە عاشقی سێرك بووو وەکو هاوبەشی ناوچەیی بنەماڵەی راسوریٚ هاتبووە کارتاخنا، لەگەڵ کەسیتر قسەم نەکرد. ئەویش لەتەمەنی مندا ببووە هاورێی گروپێکی سێرك و لەوە ئاگاداری کردمەوە کە هەموو ئەوکەسانەی بۆ یەکەمجار فرمێسکی لێبوکەکان دەبینن حەزدەکەن لەگەڵیان بڕۆن، بەلاّم پاش دوو رۆژ، پەشیمان دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، نەتەنها پێشنیارەکەمی قبوڵ کرد، بەڵکو راهێنەرەکەشی قایل کرد داواکاریەکەم قبوڵ بکات، بەومەرجەی ئەو نهێنیە لەنێوان خۆماندا بمێنێتەوەو هەرگیز لەبەینمان دەرنەچێت و لە ئاکاتدا نەکەوێتە سەرزاران. پێشتر بەوپەڕی هەڵچوونەوە چاوەڕێی هاتنی سێرك بووم و رۆژم دەژمارد، بەلاّم پاش ئەو بەڵێن و رێکەوتنانە ئارام و قەرارم لەبەر هەڵگیرا.

کەشتی ئۆسکرا لە رۆژە دیاریکراوەکەدا نەگەیشت و بەهیچ شێوەیەکیش نەدەکرا پەیوەندی پێوە بکرێت. پاش تێپەڕینی هەفتەیەك، بە نهێنی وێستگەیەکی رادیۆیمان لە نووسینگەی رۆژنامەکە دامەزراند بۆئەوەی هەواڵی کەش و ئاووهەوای کارایبمان دەست

[1]. Salvador mesa Nicholls

بکەوێت، بەڵام سەرباری هەموو ئاگاداریو کارە نهێنیەکانمان، میدیا هەواڵگرەکان بەمەسەلەکەیان زانیو هەزار گریمانی ناخۆشیان باس کردو خەیاڵی روداوێکی مەترسیدار ئاسودەیی زۆر کەسی شێواند. منو میسا نیکۆلس لەو رۆژە وروژاوانەدا بەدرێژایی کات لە ژوری ئوتێلی ئیمیلۆ راسورێ بوینو خەو وخۆراکمان نەمابوو. دەمانبینی رۆدەچێت، جەستە گەورەکەی بەهۆی چاوەڕوانی بێکۆتاییەوە بچوك دەبوەوە، تادەهات بێهیواتر دەبوین تا کار گەیشتە ئەوەی دڵمان خەبەریدا کە ئیۆسکرا هەرگیز ناگاتە هیچ بەندەرێكو هەرگیز هەواڵیمان پێناگات. راهێنەرە دلێرەکە رۆژێکیتریش خۆی لەژوورەکەیدا زیندانی کردو رۆژی دواتر بۆبینینم هاتە نووسینگەی رۆژنامەکە بۆئەوەی پێم بڵێت مەحاڵە سەدساڵ هەوڵی بەردەوام بەشەوێك بەفیڕۆ بڕوات. هەر لەبەر ئەوەش بەنیازبوو بەدەستی بەتاڵو بەبێ بنەماڵەکەی رێگەی میامی بگرێتەبەرو پارچە بەپارچەو بەش بەبەشی سێرکە نوقم بووەکە بنیات بنێتەوە. ورەبەرزی لەمەڕ سەرکەوتن بەسەر ئەو روداوە پڕئازارەدا هێندە توشی سەرسوڕمانی کردم کە تابارانکیا لەگەڵی چومو ساتی ماڵئاوایی لە نزیك قادرمەی ئەو فڕۆکەیەی بەرەو فلۆریدا دەفڕی لەلای مامەوە. پێشئەوەی سواری فڕۆکەکە ببێت لەبری ئەو بڕیارەی کە ویستبووم ببمە ئەندامی سێرکەکەی سوپاسی کردمو بەڵێنیدا هەرئەوەندەی کەوتەوەسەرخۆی بمدۆزێتەوە. ئەوەندە بەگەرمیو میهرەبانی لەئامێزی گرتم کە بەوپەڕی بوونمەوە لە خۆشەویستی سەیروسەمەرەی شێرەکانی تێگەیشتم. چیتر هیچ هەواڵێکیم نەبیست.

فڕۆکەکەی میامی کاتژمێر دەی هەمان ئەو رۆژەی کە نووسینەکەم لەسەر راسورێ بلاوکرایەوە فڕی: ١٦ی سێپتامبەری ١٩٤٨. بەنیازبوم هەمان رۆژ بۆ عەسرەکەی بگەڕێمەوە کارتاخنا بەڵام لەپڕ بەخەیاڵمداهات سەرێکیش لە ئال ناسیۆناڵ بدەم، یەکێك لەو رۆژنامە عەسرانەیەی کە ژێرمەن بارگاسو ئالڤارۆ سێپدا، کە هاوڕێی هاوکارەکانی کارتاخنام لەوێ دەیانوسی. نووسینگەکەیان لە بینایەکی کۆنو پەڕپووتی گەڕەکێکی کۆنی شار بوو، هۆڵێکی گەورەی هەبوو کە بەچەند پارچە تەختەیەك کردبوویان بە کۆمەڵێك بەشەوە. لەوسەری هۆڵەکە، پیاوێکی گەنجو مووبۆر، بە کراسێکی (تکپوش)، لەسەر ئامێرێکی تایپ دانیشتبوو کە دوگمەکانی هەموو جارێك وەکو تەرەقە لەهۆڵە بەتاڵەکەدا دەنگی دەدایەوە. لەسەرنووکی پێ بەرەو رووی رۆشتم،و خشەخشی دلگیری هەنگاوەکانم لەرێرەوی هۆڵەکەدا، بوونمی لە هەڵچوونێکی خۆڕایی دەئاخنی، لەتەنیشت دیوارۆچکە تەختەکەوە چاوەڕێم کرد تا سەری بەرز کردەوەو منی بینیو زۆر وشكو رەسمی بەدەنگی بێژەرە شارەزاکانەوە وتی:

- چی بووە؟

قژی کورت رومەتێکی بەرجەستەو جووتێك چاوی رونو نیگایەکی قوڵی هەبوو. پێدەچوو لەوەی ببومە رێگری کارەکەی بێتاقەت بووبێت. بەناستەم دەنگم لێ دەردەهات،و رستەکەم وشەبەوشە هێنایەسەرزمان:

ـ گارسیا مارکیزم.

ئەوکاتەی بە لاڵە پەتەیی ناویی خۆم وت، تازە درکم بەوەکرد کە پێدەچێت ژێرمەن بارگاس هەر لەبنەڕەتەوە نەمناسێت. هەرچەندە لە کارتاخنا پێیان وتبوم لەوکاتەوەی یەکەمین چیرۆکیان خوێندبوومەوە لەگەڵ هاوڕێکانی بارانکیا گەلێك قسەیان لەسەر کردبووم. ئال ناسیۆنال نووسینێکی پڕ لە پیاهەڵدانی بە قەڵەمی ژێرمەن بارگاس. کە بەئاسانی نووسەرە تازەکانی قبوڵ نەدەکرد، لەسەر چیرۆکەکەم چاپ کردبوو. بەو حەزو ئارەزوەی لێم بینی تێگەیشتم بەباشی دەمناسێتو لەوەی دەربارەی خۆشەویستیو سەرنجی لەسەرخۆم بیستبوم واقعیتر دەینواند. چەند کاتژمێرێك دواتر، لە کتێبخانەی ئال مۆندۆ، ئالفۆنسۆ فۆینمارو ئالقارۆ سێپدام ناسیو هەموو پێکەوە چوینە کافتریای کۆلۆمبیاو لێوێکمان تەڕ کرد. دۆن رامۆن بینیس، لێکۆڵەرەوەکەی کاتالان کە لەڕادەبەدەر تامەزرۆی بینینی بووم‌و ئەوەندەی ئەوەش لە بینینی دەترسام، ئەو عەسرە نەهاتبووە دانیشتنە ئەدەبیەکەی کاتژمێر شەش. ئەوکاتەی پاش پێنج پەرداخ مەشروب، بەخۆشیو کەیفەوە لە کافتریای کۆلۆمبیا هاتینە دەرەوە دەتوت چەندین ساڵە دۆستو هاورێین.

شەوێکی درێژو دۆستانەبوو. ئالڤارۆ شۆفێرێکی شارەزابوو کە تا زیاتر بیخواردبایەتەوە هوشیارتر دەبوو بە لێیاتەکی زیاتر شۆفێری دەکرد، بە رێگەی تایبەتی بۆنە نایابەکاندا تێپەڕی. لە لووس ئالمێندرۆس، ئەو چێشتخانەیەی لەکەشی کراوەو لەژێر درەختە پڕ شکۆفەکاندا، کە شوێنی هەمیشەیی هەوادارانی تیپی دێپۆرتیڤۆ جونیۆر بوو، هەندێك لە کڕیارەکان شەڕوئاژاوەیەکیان نایەوە کە هێندەی نەمابوو ببێتە جەنگێکی توند. ویستم ناوبژیوانی بکەم بەڵام ئالفۆنسۆ لەوکارە ئاگاداری کردمەوە لەبەرئەوەی لەوشوێنە تایبەتیەی خاوەن بۆچونەکانی دووگوڵی، مرۆڤە ئاشتیخوازەکان چارەنووسێکی باش چاوەڕێی نەدەکردن. بەوشێوەیە، شەوم لەشارێکدا بردەسەر کە هەرگیز بەوجۆرە نەمدیبوو، نە لە ساڵە سەرەتایەکانی ژیانی هاوبەشی دایك وباوکم دەچوو، نە هاوشێوەی سەردەمی هەژاریو نەداری منداڵیم‌و نە رۆژانی خوێندنی قوتابخانەی سەن خۆزێ، بەڵکو ئەو بارانکیایە بوو کە بۆیەکەمجار لە گەورەیمدا لە بەهەشتی ناوچەکانیدا تاقیم دەکردەوەو لەزەتە تازەکانیم دەچەشت.

گەڕەکە بەدناوەکە لە چوار بینا پێکهاتبوو کە بەهات وهاواری پڕبزافی مۆزیك لەبنەڕەتەوە دەلەرزی، بەلام چەند قوژبنێکی بێدەنگو هێمنی بەخشی هەبوو کە بازنەیەك لە میهرەبانیو هاودڵی پەنایان بوو. کەشی چەندێك لە ناوچەکان دۆستایەتیەکی موحیبەت ئامێزانەی خێزانی پێشکەش بە میوانە کاتیەکان دەکردو خاوەنەکانیان، کە ژن ومناڵیان هەبوو، بەپێی بنەما رەوشتیە مەسیحیەکانو ئەدەبزانی **دۆن مانۆێل ئانتۆنیۆ کارینیۆ**[1]، پێشوازیان لە کڕیارە هەمیشەیەکانیان دەکرد. هەندێکیان گرنتی ئەومیان دەدایە کڕیارە ناسراوەکان بۆئەوەی تازەکارەکان لەگەڵیان بنون. **مارتینا ئالفارادۆ**[2]ی کۆنترین خانمی سەرپەرشتیاری ئەو گەڕەکە، بۆ ئەو قەشانەی بەتازەیی لەخەڵوەتی رۆحانی دەرچوبون دابزاندنی نرخی تایبەتی لەبەرچاو دەگرتو رێگەی پێدەدان لە دەرگای نهێنیەوە هاتوچۆ بکەن. ئاویان تێکەڵاوی مەشروبەکانیان نەدەکردو لە حساب وکتابەکانیاندا سەر راست بونو مرۆڤ لەوە دڵنیابوو کە لەنەخۆشیە سێکسیەکان پارێزراوە. دواهەمین بەجێماوەکانی خاتوونە نەجیبزادە فەرەنسیەکان، کە لەرۆژانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە دورگەکانی ئۆقیانووسیەوە بەرەو ئەوێ کۆچیان کردبوو، غەمگینو داتەپیو، لەبەردەرکی ماڵەکانیان لەژێر تیشکی فانۆسە سورەکانیان دادەنیشتنو چاوەڕێی لاوەکانی سێ نەوە پێشوتریان دەکرد کە هێشتا لەوباوەڕەدابون ئەوانە کاریگەری شەهوانی تایبەتیان هەیەو راکێشەریە سێکسیەکەیان شتێکی ئەفسوناویە. هەندێك ماڵیش هەبوو بە هۆڵی فێنك بۆ عاشقە نهێنیەکانو هەندێك خەڵوەتگەی شاراوەش بۆ ئەو سەرۆکی شارەوانیانەی کە لەدەست هاوسەرەکانیان هەلاتبون.

"گورپەی رەش"کە حەوشەیەکی تایبەتی بە هەندیك کەپری دلگیرەوە هەبوو، لەوکاتەوەی ژنێکی گواخیرایی ئەوێی کڕی، بووبە بەهەشتی دەریاوانی کەشتیە بازرگانیەکان، ئەو خانمە کاسبکارە، کە قژەکانی بۆر دەکردو گۆرانی ئینگلیزی دەچڕی، بەدزیەوە ئەو بۆدرانەی بە خانمو پیاوە بەرێزە هەمەڕەنگ خوازەکان دەفرۆشت کە بۆچەند کاتژمێرێك رەوانەی جیهانی هەپەروتی دەکردن. شەوێکی مێژوویی، کە جێگەی خۆیبوو لە بەسەرهاتنامەکانی ئەو گەڕەکەدا تۆمار بکرێت، ئالفارۆ سێپێداو کیکە ئەسکۆپل کە بینیان دوو دەستە دەریاوانی نەرویجی لەبەردەم ژوری تاقە سۆزانی رەشپێستی ئەو ماڵە ریزیان گرتووەو و سیازدە سۆزانی سپی پێستیتریش بێ ئیش لە

---

[1]. Don Manuel Antonio carreno

[2]. Martina Alvarado

حەوشە ومنەوزیان دەدا یان دمیانپرخاند، بەجۆرێك خوێنیان گڕی سەند کە دمستیان دایە یەخەیان. لەو شەڕە نابەرابەرەدا - دوو بە دوازدە - توانیان ناحەزەکانیان لە گۆڕەپانەکە وەدمر بنێنو راویان بنێن، لەبەرئەوەی ئەو ژنە سپیپێستانەی کە دڵیان لە بیانیەکان پڕبوو، بەهۆی هاتوهاوارەوە لەخەو راپەڕین بەوپەڕی حەزو ئارمزووەوە هاتنە کۆمەکی هاوڕێکانمنو بە تاکە پێڵاو، نەرویجیەکانیان شینو مۆر کردەوە. پاش ئەو نەبەردە سەرکەوتوانە، زوقی گاڵتەجارانەیان تاوی سەندو لە رێورەسمێکی تاج لەسەرنانی پێکەنیناویدا ژنە رەشپێستە روت وپەتیەکەیان کردە شاژنی نەرویجو لەسەر تەخت دایاننا.

لەدمرەوەی گەڕەکی بەدناوەکان، هەندێك ماڵی تریش هەبوون کە بەشێوەیەکی یاسایی یان بەدزیەوە پەیوەندیەکی دۆستانەیان بە پۆلیسەوە هەبوو. یەکێك لەو شوێنانە حەوشەیەك بوو پڕ لە درەختی بادامی بەرزو پڕشکۆفە لە گەڕەکێکی هەژارنشین کە چادریەکی ناشرینو هەژارانە لە سووچێکیو ژورێکی نووستنی کۆن بە دوو قەرەوێڵەی یەك کەسی کرێ لەسووچێکی تری خۆی دەنواند. کاڵاکانی کێژۆڵە تازە پێگەیشتوە لاوازوڕیوەڵەکانی ئەوناوەبون کە لەبری یەکجار لەگەڵ نووستن یەك پیزۆیان وەردەگرتو بەدمەستەکانی کۆتایی شەو کڕیارە سەرەکیەکانی ئەو شوێنە بوون. ئالڤارۆ سپێدا، رۆژێك ئێوارە، بۆ خۆپاراستن لە تەرزەبارانەکانی مانگی ئۆکتۆبەر، بەرێکەوت پەنای بۆ ئەو چادرە بردو ئەوشوێنەی بەوجۆرە ئاشکراکرد. خاتونی خاوەنداری میواندار بیرەی بۆ هێناو لەبری یەك کەس دوو کیژۆڵەی پێشکەش کردو مافی ئەوەشی پێدا تائەوکاتەی باران رادەوەستێت درێژە بەبەرنامەکەی بداتو لەتەك پەرییە کۆنەپۆشەکان خۆی سەرقاڵ بکات. لەوەبەدوا، ئالڤارۆ هاوڕێکانی دەبردە ئەوێ تا بیرەی تەزیوو بخۆنەوەو لەباتی ئەوەی لەتەك کیژۆڵەکان بەکەیفەوە رابوێرن، فێری خوێندنو نووسینیان بکەن. بە هیمەتی ئەو، کارێکی دەکرد ئەوەی لەهەمویان زیاتر هەوڵیدەدا بۆ درێژەدان بەخوێندن لە قوتابخانە حکومیەکان پێشینەی خوێندن وەربگرێ. یەکێك لەوانە بۆچەندین ساڵ پەرستاری نەخۆشخانەی **کاریداد**[1] بوو. ماڵەکەی کرێو بەخشیە خانمی سەرۆكو ئەوشوێنە هەژارانەیە تا سەردەمی لەناوچوونی سروشتی ناوێکی وروژێنەری هەبوو"ماڵی ئەو جوانکیلە منالانەی لەتاو برسیەتی خۆیان دەفرۆشن".

---

[1]. Caridad

بۆ یەکەم شەوی عەیش‌و نۆشی مێژوویم لە بارانکیا تەنها مالّی **ئیۆفمیا**[1] ی ڕەشپێستیان هەڵبژارد کە حەوشە چیمەنتۆ پان وپۆڕە پڕ لە درەختە تەمر هیندیەکانی بۆ سەما نایاب بوو، چەند کابینەیەکی بچوکیشی هەبوو کە کاتژمێری بە پێنج پیزۆ بەکرێیان دەدان. لێرەولەوێش هەندێك مێزوکورسی ڕەنگ کراوە دەبینرا کە کۆمەڵێك باڵەبانی خەمسارد بە چواردەوریاندا دەخولانەوە. ئیۆفمیا، کەسێکی بەقەلافەت بوو کە نزیکەی سەد ساڵ تەمەنی بوو، لەپشت مێزێکی کارگێڕیەوە لەبەردەرکی ماڵەکە دادەنیشت کە تاکە شتی سەرمێزەکە بزمارێکی ئەستووری کڵێسایی بوو و بۆخۆی کڕیارەکانی هەڵدەبژاردو دەیکردنە ژوورەوە. هەر خۆیشی بەپێی ئەدەب و پەروەردەو جوانکیلەیی سروشتیان کیژۆڵەکانی هەڵدەبژارد. هەریەکەیان ئەوناوەیان هەلگرتبوو کە بۆخۆیان بەدڵیان بوو هەندێکیتریشیان ئەوناوانەی ئالڤارۆ سپێدایان بەباشتر دەزانی، کە بە ئیلهام لە فیلمە مەکزیکیەکان بۆیانی هەڵبژاردبو: **ئیرما**[2]ی **نارەسەن، سۆسانا**[3]ی **شەوەتاویی، پاکیزەی شەو.**

لە نێو هاتوهاواری ئەو ئۆرکسترا هەڵچووەی بەوپەڕی توانا مامبۆ تازەکانی **پرێز پرادۆ**[4]و کۆمەڵەی بولرۆکانی دەژەندو دەبێژرا، کە دەرمانی غەم‌و چارەسەری بیرەوەریە تاڵ‌و فەرامۆش نەکراوەکان بوون، بەرواڵەت قسەکردن نەدەتوانرا، بەڵام هەموومان دەمانزانی چۆن بەهاوارەوە قسە بکەین. بابەتی گفتوکۆی ئەوشەوە، ژێرمەن‌و ئالڤارۆ پێشنیاریان کرد: ڕەگەزو پەڕاوێزە ئەدەبیە هاوبەشەکانی ڕۆمان‌و ڕیپۆرتاژ. بەتەواوەتی بە خوێندنەوەی ئەو بابەتەی **جۆن هێرسی**[5] کە تازە لەسەر بۆمبای ئەتۆمی هێرۆشیما بڵاوی کردبووەوە وروژابون‌و کۆڵێك پێیاندا هەڵدا، بەڵام من سوربوم لەسەر ئەوەی کە **یادداشتەکانی ساڵی پەتا** وەکو چیرۆکێکی ڕۆژنامەنووسانەی ڕاستەوخۆ، بەبایەخترەو دەمویست هەرچۆنێك بوە قسەکەم بسەپێنم، تائەوەکاتەی ئەوان دەستبەرداری ڕودەربایستی بوون‌و بۆیان ڕون کردمەوە پەتای لەندەن، کە دانییێل دێفۆ بەئیلهام لەو کتێبەکەی نووسی، کاتێك ڕوویدا کە ئەو تەمەنی تەنها پێنج یان شەش ساڵ دەبوو.

---

[1]. Eufemia

[2]. Irma

[3]. Susana

[4]. Perez Prado

[5]. John hersey (١٩١٤ ـ ١٩٩٣) نوسەرورۆژنامەنوسی ئەمریکی کە بەهۆی گێڕانەوە دیکۆمێنتیەکانی بەناوبانگە. دەکرێت وەك بەرهەمە بەرجەستەکانی ئاماژە بۆ ناقوسێك بۆ ئادانۆ و هێرۆشیما بکەین.

لەوێوە مەسەلەکە کەوتە سەر مەتەڵی **کۆنت مۆنت کریستۆ**، لەبەرئەوەی هەر سێ هاورێکەم لەسەر یەك خاڵ هاوبیروڕا بوونو بەدەست یەك مەتەڵەوە گیریان خواردبوو کە تەنها رۆمان نووسەکان دەیانتوانی وەڵامی بۆ بدۆزنەوە: چۆن ئەلەکساندەر دۆما توانی دەریاوانێکی سادەدڵو نەزانو هەژار، کە بەبێ گوناه کەوتبووە زیندانەوە، لە قەلایەکی سەخت دەرباز بکاتو بیکاتە دەوڵەمەندترینو زاناترین پیاوی سەردەمەکەیو ئەو چیرۆکە نامەعقولەش بە خوێنەر بسەلێنێت؟ وەڵامەکەی ئەوەبوو کە ئەودەمەی **ئیدمۆن دانتێ**[1] چووە **قەڵای ئیف**[2]ەوە، کە کەسایەتی لەپێشتر دروستبوی قەشە **فاریا**[3]ی لەخۆیدا هەڵگرتبوو، لە زیندان ناوەخنی زانایی خۆی بۆ پیاوە لاوەکە گواستەوەو هەموو ئەوشتانەی بۆ ئاشکرا کرد کە دەبوو بۆ ژیانە تازەکەی فێری ببێت: شوێنی نهێنی گەنجە سەرسوڕهێنەرەکەو رێگەی هەڵاتن. بە واتایەکیتر، دۆما دوو کەسایەتی جیاوازی خولقاندو چارەنووسیانی گۆڕیەوە. بەو شێوەیە، ئەوکاتەی دانتێ توانی هەڵبێت، لەراستیدا قالبێکی بەتاڵ بوو بۆ کەسایەتیەکیترو تاکە شتێك لەناخی خۆی بۆی بەجێمابوو جەستە هەڵکەوتوەکەیو شارەزایی بوو لە مەلەکردندا.

ژێرمەن دڵنیابوو دۆما تەنها لەبەرئەوە ئەو دەریاوانە بەهێزەی کردوە بەکەسایەتی تەوەریی رۆمانەکەی کە ئەوکاتەی فڕێی دەدەنە ئاوەکەوە خۆی لە جەواڵە قوماشەکە رزگار بکاتو بەمەلە بگاتە کەناری رزگاربون. ئالفۆنسۆ، لێکۆڵەرەوەی وردبینو توڕەوتڕۆ، وەڵامی دایەوە کە ئەوگریمانە تەواو نییەو بەهێچ شێوەیەك گریمانێکی کامڵو لێبڕاوانە نییە لەبەرئەوەی لەسەدا شەستو پێنجی دەریاوانەکانی کەشتیەکەی کریستۆفەر کۆلۆمبس مەلەیان نەدەزانی. ئەو تام وبۆ توندانەی دەیپرژاندە سەر قسەکانمان، تا تامی هەرجۆرە خۆبەگەورەزانیەك لە رژێنەرە مەعنەویەکانمان کەم بکاتەوە، لە هەمووشتێکیتر بەلایەوە بەچێژتر بوو. هێندە بەو گەمەی مەتەڵبازیە ئەدەبیانە تووشی وروژان بوەمو لەخۆم دابڕام کە زیاد لەپێویست شەرابی قامیشی شەکرم بە مەزەی لیمۆوە خواردەوە، لەکاتێکدا کە هاورێکانم قوم بەقوم تامیان دەکرد. هەرسێکیان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە تواناو شێوازی چیرۆك دارێژەری دۆما لەو رۆمانەداو چ جای لە هەموو بەرهەمەکانیدا، زیاتر دەچووەوە سەر شێوازی هەواڵنێری تا تەکنیکی رۆمان نووسی.

---

[1]. Edmundo Dantes

[2]. If

[3]. faria

دواجار زۆر رون و ئاشکرا درکم بەوە کرد کە هاورێ تازەکام نووسینەکانی کیڤێدۆو جیمز جوویس بە هەمان چێژەوە دەخوێنەوە کە چیرۆکەکانی **کانن دۆیڵ**[1] دەخوێنەوە، وەکو یەك سوود لەهەمویان وەردەگرن. زەوقی گاڵتەکردنیان نەبڕاوەبوو دەیانتوانی بەدرێژایی شەو تەسنیفەکانی بولرۆو ئاوازە ناوخۆییەکانی **ڤاینار**[2] بڵێنەوەو باشترین شیعرەکانی سەدەی زێرینی ئیسپانیا بەبێ گیرکردن بڵێنەوە. دواجار، هەرکامان بەشێوەیەك و بە بەڵگەی جیاوازەوە لەسەر ئەوە رێکەوتین کە لووتکەی شیعری جیهانی هەمان ئەو بەیتانەبوون کە دۆن خۆرخێ مانریکێ بۆ مەرگی باوکی نووسی. ئەو شەوە فەرامۆش نەکراوە بووبە زەنگی پشوویەکی شادیبەخش کە پاشماوەی ئەو بڕیارە پێشوەختانەی لەناوبرد کە دەیانتوانی ببنە رێگری هاورێیەتیم لەگەڵ ئەو کۆمەڵە هەڵچوو دەستبژێرەی ئەدەب. لەکۆڕی ئەوانداو بەبەرەکەتی سەرخۆشی عارەقی قامیشی شەکری پیاوترێن، هێندە هەستم بە پشودان دەکرد کە بەرگی تەسك و خنکێنەری شەرمنییم لەبەر داماڵی و فڕێمدا. سووسنای شەهوەتاوی، کە لەمانگی مارسی ئەو ساڵەدا ببوە براوەی پێشبڕکێی سەمای کەرنەڤاڵ، داوای لێکردم سەمای لەگەڵ بکەم. هێندە بە حەزو ئارەزووەوە سەمامان کردو زرمەمان هات کە ماکیانژەن و باڵەبان ژەنەکان ترسان و هەڵاتن و کڕیارەکان لە دەورمان کۆبوونەوە کەوتنە چەپڵە لێدان بۆمان.

بەدەم کۆمەڵەی تەواوەتی **مامبۆی ژمارە٥** ی داماسۆ پرێس پرادۆوە سەمامان کرد. لەگەڵ ئەوهەموو هەڵچوون و هەڵپەڕین و تەقەلایە، هێشتا برستم لێنەبڕابوو ماراکاکانم لەسەر تارمی تایبەتی ئۆرکسترا ئیستیوایەکە هەلگرت و زیاتر لە کاتژمێرێك بەبێ وەستان بولرۆکانی دانیەڵ سانتۆس، ئاگۆستین لاراو **بینڤینیدۆ گراندا**[3]م خوێند. بەدەم گۆرانی وتنەوە هەستم کرد شنەی رزگاربون بەناخما تێدەپەرێ و ئازادی و لەدایك بوونێکی نوێم پێ دەبەخشێت. هەگیز لەوە تێنەگەیشتم ئەو سیانە لەبەرامبەر هەڵسوکەوتەکانم هەستیان بەسەرفرازی دەکرد یان شەرمەزار ببون، بەڵام ئەوکاتەی گەڕامەوە سەر مێزەکە زوو درکم بەوە کرد منیان لەنێو خۆیاندا قبوڵ کردووە.

ئالڤارۆ لەسەر بابەتێك قسەی دەکرد کە ئەوانیتر هەرگیز دەربارەی قسەیان نەدەکرد: سینەما. بەڵامەوە هاوتای روداوێکی چارەنوس ساز بوو، لەبەرئەوەی بەردەوام سینەمام بە هونەرێکی لاوەکی لەقەڵەم دەدا کە زیاتر بەهۆی شانۆوە دەژیا تا ئەدەب. ئالڤارۆ

---

[1]. Arthur Conan Doyle (١٨٥٩ ـ ١٩٣٠) رۆمانوسی بەریتانی، داهێنەری کەسایەتی شێرلۆك هۆلمز.

[2]. Vallenar

[3]. Bienveenido Granda

بەپێچەوانەوە، بۆچوونەکەی وەکو ئەو بۆچوونەبوو کە من لەسەر مۆزیك هەمبوو: ئەوهونەرەی سوودی بۆ هونەرەکانیتر هەیە.

لە کاتژمێرەکانی دەمەو بەیاندا، ئالڤارۆ، نیوە مەستو خەوالوو، وەکو شۆفێری تەکسیە کارکوشتەکان، ئۆتومبێلە پڕ لە کتێبو پاشکۆ ئەدەبیەکانی **نیویۆرك تایمزی** لێدەخوڕی. ژێرمەنو ئالفۆنسۆمان گەیاندەوە ماڵەکانیانو ئالفۆنسۆ جەختی لێکردم لەگەڵی بچمەوە ماڵەومیان بۆ ئەوەی کتێبخانە تایبەتیەکەیم نیشان بدات کە سێ دیواری ژوورەکەی داپۆشیبوو. پاش ئەوەی یەکجاری تەواو سوڕایەوە، بە پەنجە ئاماژەی بۆ کتێبەکان کردو وتی:

- ئەمانە ئەوتاقە نووسەرە بەناوبانگانەی جیهانن کە دەزانن بنووسن.

من بەجۆرێك ورووژابوم کە بەتەواوەتی بیرم چوەوە لە رۆژێك لەوە پێشەوە نە پاروەیەك نانم خواردبوو نە بۆ چرکەیەك چاوم لێکنابوو. هێشتا کاریگەری کهولم لەسەر مابوو هەستم دەکرد خوا بەزەیی پێمدا هاتوەتەوە. ئالڤارۆ ئەو کتێبە ئینگلیزیو ئیسپانیانەی خۆشی دەویستن نیشان دامو بەدەنگێکی پڕلەخشەو قژی ئالۆزکاوو نیگایەکی شێتانەتر لە هەمیشە دەربارەیان قسەی بۆ کردم. لەسەر دوو نووسەرە خۆشەویستەکەی **ئازۆرین**[1]**و سارۆیان**[2] قسەی بۆ کردمو دەربارەی ئەو کەسانەیتریش کە بچوکترین وردەکاریەکانی ژیانی کۆمەلایەتیو تایبەتیانی دەزانیو چ جای دەیزانی چی دەخۆنو بیجامەکەیان چ رەنگە. بۆ یەکەمجار ناوی ڤیرجینیا ڤۆلفم بەرگوێ کەوت کە ناوینابوو "نەنە ڤیرجینیا"، وەکو چۆن ویلیام ڤاگنەری بە"بابە گەورە ویلیام" ناو دەبرد. بەوەی کە توشی سەرسامی ببوم ئەوەندەیتر شاگەشکەو دە ئەوەندە شپرزەبوو. کۆمەڵێك لە کتێبەکانی، کە دەیوت رۆشنی چاومن، جیاکردەوەو دایە دەستم.

وتی - **خۆت گێل مەکە دەرمەهێنەو لەخۆڕا موجامەلە مەکە. هەموویان ببەو ئەوکاتەی خوێندنەوەیانت تەواو کرد، بگەڕێرەوە بۆ لام بۆئەوەی هەردووکمان پێکەوە بزانین چیت لێیان دەست کەوتوە.**

بە سامانێکی بێوێنەم دەزانین کە نەموێرا بیانخەمە مەترسیەوە، لەبەرئەوەی شوێنێکم نەبوو تێدا بیانپارێزم. دواجار بەوە رازیبوو کە وەرگێڕانە ئیسپانیەکەی **خاتوو دێلۆ**ی ڤیرجینیا ڤۆلفی وەکو دیاریی لێوەربگرمو لەگەڵ کتێبەکەش بڕیاری نەگەڕانەوەی کتێبەکەی دەرکرد: **دەبێت لەبەری بکەیت.**

---

[1]. Jose Martinez Ruiz (Azorin) (١٨٧٣ - ١٩٦٧) رۆمانوسی ئیسپانی و یەکێك لە روخسارە دیارەکانی بزاڤی ئەدەبی "نەوەی ٩٨".

[2]. William Saroyan (١٩٠٨ - ١٩٨١) چیرۆکنوس و شانۆنامەنوسی ئەمریکی.

هـەتاو دادەچـوو. دەمويـست بـە يەكـەم پـاس بگەڕێمـەوە كارتاخنـا، بـەڵام ئالڤـارۆ سـووربوو لەسـەر ئـەوەی لەسـەر قەرەوێڵـە بەتاڵەكـەی تەنيـشت قەرەوێڵەكـەی خـۆی وەنەوزێك بدەم.

بە ماندوييەوە وتی - **چ دەردیسەرییێكە! لێرە بمێنەرەوەو بـەيانی كارێكی باشت بـۆ پەيدا دەكەم.**

بەجلـەوە لەسـەر قەرەوێڵەكـە پـان بوومـەوەو لەوكاتـەدا بەتـەواوەتی بـارگرانی زيندويەتيم لە هەموو لەشمدا هەست پێكرد. ئـەويش لەسـەر قەرەوێڵەكـەی تەنيـشتم لێـی پـاڵ كـەوت تـا كاتـژمێر يـازدە نووسـتينو بـە دەنگـەدەنگی دايكـی، سـارا **ساموديۆ**[1]ی نـازەنينو ترسـناك كـە بـەبۆكس بەتونـدی دەيكێشا بـە دەرگاكـەدا، لەبەرئـەوەی هەسـتی دەكرد كوڕە تاقانەكەی مردووە، بە ترسەوە لەخەو راپەڕين.

ئالڤارۆ كە هێشتا نووقمی خەياڵەكانی بوو وتی - **گوێی مەدەرێ، حەزرەتی مامۆستا. هەموو بەيانيەك ئەم فەرتەنەيە دەنێتەوەو گرفتەكەش لەوەدايە ئەو خەياڵە پوچەی رۆژێك دەبێت بەڕاست.**

وەكـو كەسـێك كـە دونيـای ئاشـكراكردبێت، گەڕامـەوە كارتاخنـا. لـەوە بـەدوا، ئـەو عەسـرانەی لەماڵەكـەی بنەماڵـەی فرانكـۆ كۆدەبووينـەوە، لـەبری شـيعرەكانی سـەدەی زێـڕينو بيـست **غەزەلـە عاشـقانەی**كـەی نێـرۆدا، چـەند بەشـێكی خـاتوو دێڵۆويمـان دەخوێنـدەوەو وڕێنـەكانی كەسـايەتيە پەرێـشانو مەينەتبارەكـەی، **سـێپتيمۆس وارن سميت**[2]، خەياڵو هۆشی دەفڕاندين.

بوومە مرۆڤێكيتر، نيگەرانو تورەوتڕۆ ئەوەندە گۆڕانكاريە رۆحيەكەم ئاشـكرابوو كـە ئـاكتۆرو مامۆسـتا زابـالا گەيـشتنە ئـەو ئەنجامـەی بەئاگاييـەوە لاسـايی ئالڤـارۆ سـێپدا دەكەمەوە. بەسەرهاتی ئەوشەوەی بارانكيا بەلای گۆستاپۆوە زۆر خۆش بـوو بـە بەزمييـە پڕميهرەبانييـە كارايبيەكەيـەوە، بڕيارێـدا تـا زووە كارێگـەری ئـەو رووداوەم لەسـەر بـسڕێتەوەو يەكـەمجار كەوچـك كەوچـكو دواتـر مەنجـەڵ مەنجـەڵ، بەرهـەمی ئەدیبـە يۆنانيە كۆنـەكانی دەرخـوارد دام، هەڵبەتـە جگـە لـە شـانۆنامەكانی يۆربيـدس، كـە بـەبێ هيچ بەڵگەيەك خوێنەوەيانی لێ قەدەغە كردبووم. بەهيمەتی ئەو موليلم كەشف كـرد: دلێريە ئەدەبيەكەی **موبی ديك**، ئەو ئامۆژگارە شكۆمەندەی دەربارەی يـونس بـۆ راوچيە شارەزاكانی نەهەنگ، كە هەموو جيهانيان، لەپاڵ تافێكی گەورەی دروستكراو لە پەراسوی

---

[1]. Sara Samudio

[2]. Septimus Warren Smith

نەهەنگ، پێوابوو. **مالّی حەوت شیروانی** بەرهەمی ناسنیلّ هاوسۆرنی بە ئەمانەت پێسپاردم کە بە درێژایی تەمەنم کاریگەری لە زەینمدا مایەوە. پێکەوە دەربارەی دلّتەنگی لەناوچاوان نووسراوی ئۆلیس ئۆدیسە لە سەردەمی سەرگەردانیدا کۆلّێک بیروبۆچوونمان هەلّڕشت بێئەوەی بگەینە شوێنێکو لەسەرلێشێواوی رزگارمان ببێت. نیو سەدە دواتر، ئەو وەلاّمەی بۆی دەگەڕاین لە نووسینێکی پڕبایەخی میلان کۆنێرادا دۆزیەوە.

لەهەمان سەردەمدا تاقە دیدارم لەتەك شاعیری گەورە **لوویس کارلۆس لۆپێز**[1] روویدا، کە زیاتر بەناوی "یەك چاو"دەیناسی. ئەو توانیبوی بەشێوەیەکی ساکارو داهێنەرانە بە بەشێك لە مردوان لەقەلّەم بدرێت بێئەوەی مردبێتو بەبێ رێورەسمی بەخاك سپاردنو ماتەمگێریی سووتێنەرانە، خۆی لەقوژبنێکدا بەخاك بسپێرێت. لە ناوەندی مێژوویی شاردا، لەمالّێکی مێژوویی و لەسەر شەقامی مێژوویی **تابلۆن**[2] ی شوێنی لەدایك بون و مردنی، ژیانی دەبردەسەر بێئەوەی کێشەیەك بۆ کەس دروست بکات. تەنها ژمارەیەکی کەم لەهاوڕێ کۆنەکانی سەردانیان دەکرد. لەکاتێکدا کە هێشتا زیندوبوو، رۆژبەرۆژ ناوبانگی وەکو شاعیرێکی نەمەر پەرەی دەسەند. ئەو دیاردەیەی کە زۆرجار پاش مەرگی کەسایەتیە نەتەوەییە نەمرەکان روو دەدات.

نازناوی"یەك چاو"ی بەدوای خۆیدا بەکێش دەکرد بێئەوەی یەك چاو بێت، لەبەرئەوەی لەراستیدا خێل بوو، خێلیەکەشی تایبەتیو هەست پێنەکراو بوو کە بەیەکەم بینین نەدەکرا درکی پێ بکەیت. دۆمێنیگۆ لۆپێز ئێسکایۆریاسای بەرێوەبەری بەرپرسی ئال ئۆنیڤەرسالّ، لە وەلاّمی ئەوکەسانەدا کە هەوالّی برا شاعیرەکەیان دەپرسی، هەمیشە یەك وەلاّمی دووپات دەکردەوە:

- **لەوێیە.**

وەلاّمێکی بێمانا دەهاتە بەرچاو، بەلاّم لەوەباشتر نەدەکرا راستی بوترێت: لەوێ بوو، زیندوتر لەهەر کەسێکیتر، بەلاّم لەهەمان کاتدا ئەو تایبەتمەندیەی پێ براِبوو بژی بێئەوەی زۆرشتی دەربارە بزانن، بەباشی لەبارودۆخەکە تێدەگەیشتو سووربوو لەسەرئەوەی بەپێی خۆی بچێتە گۆڕەوە. خەلّکی، بەتایبەت ئەوانەی بەرهەمەکانیان نەخوێندبوەوە، بەجۆرێك قسەیان لەسەر دەکرد دەتوت دەربارەی بینایەکی کۆن قسە دەکەن. بەجۆرێك ئەو حالّەت چەسپیبوو کە لە کاتی رۆشتنمەوە بۆ کارتاخنا هەولّم

---

[1]. Luis Carlos lopez

[2]. Tablon

نەدا بچمە دیداری لەبەرئەوەی دەمویست حورمەتی شوێنە تاقانەکەی وەکو پیاوێکی نەبینراو لەزەینمدا پارێزراو بێت. لەو کاتەدا تەمەنی شەسدو هەشت ساڵ بوو، کەسیش لەسەر ئەوەی گەورەترین شاعیری سەرجەم سەردەمەکان بوو هیچ گومانێکی نەبوو، هەرچەند ئەوانەی دەمانناسی زۆر نەبوین، تازە خۆشمان نەماندەزانی بۆچی خاوەنی ئەو پێگە بڵندیەو چۆنایەتی رەوتی بەرهەمەکانی باوەڕکردن بەو بۆچونەی ئاستەمتر دەکرد.

هەمووومان ئابالا، روخاس ئاراسۆ، گۆستاپۆ ئیبارا، خۆمو ئەوانیتر - زۆربەی شێعرەکانیمان لەبەربوو هەمیشە بەبێ بیرکردنەوە، بەشێوەیەکی خۆڕسکانەو تەواو بەجێ، بە نمونە دەمان هێنانەوە. زیاتر لەوەی گۆشەگیر بێت، شەرمن بوو. لەبیرم نیە هەرگیز پۆرترێتێکیم بینیبێت، پێدەچوو هەرگیز رێگەی نەدابێت وێنەیەکی بکێشن، لەبری ئەوە هەندێکجار چەند کاریکاتێرێکی سادەی لە رۆژنامەکاندا بڵاو دەکرایەوە. وابزانم، لەبەرئەوەی هەرگیز چاومان بە روخساری رون نەدەبووەوە، تارادەیەك فەرامۆشمان کردبوو کە زیندوە، تا ئەوشەوەی کە سەرقاڵی نووسینە رۆژانەکەم بوومو دەنگی خنکاوو سەرسوڕماوی زابالا پچراندمی:

- سەیرە! "یەك چاو" هاتووە!

سەرم بەرزکردەوەو چاوم بە سەرسوڕهێنەرترین مرۆڤێك کەوت کە بەدرێژایی ژیانم بینیم. زۆرلەوەی وێنەم کردبوو باڵا کورتتر بوو، قژەکانی لە تاو سپیەتی شین هەڵگەڕابون‌و ئەوەندە ئاشوفتەو سەرکێش بون کە هەستت دەکرد دەیانەوێت لەسەرسەری رابکەن. چاوی چەپی نابینا نەبوو بەڵکو کەمێك لایدابوو، یان بە واتایەکیتر، چاوی چەپی بەوشێوەیەبوو کە پێی دەوترا: چەپ. وادیاربوو بە جلی ماڵەوە هاتوەتە دەرەوە، بە پانتۆڵی کەتانی‌و کراسێکی خەت خەتەوە. بە دەستی راستیەوە کە تائاستی شانی بەرزی کردبوەوە، دارجگەرەیەکی زیووین بەجگەرەیەکی داگیرساوەوە بەدی دەکرا کە بێئەوەی مژی لێبدات وردەوردە دەبوە خۆڵەمێش‌و خۆڵەمێشەکەی، بێئەوەی بیتەکێنێت، بۆخۆی دەکوتە خوارەوە.

بێئەوەی سەرنجی دەوروبەری بدات، راست بەرەو نووسینگەی براکەی رۆشت،و ئەوکاتەی دوو کاتژمێر دواتر هاتە دەرەوە، جگە لەمن‌و زابالا کە دەمانویست ئەحواڵی بپرسین، کەسیتر لە هۆڵی نووسینەکە نەمابوو. دووساڵ دوای ئەوە مردو بەمردنی جۆرە جموجۆڵێکی خستە ناو هەوادارەکانیەوە کە دەتوت جارێکیتر لەدایك بوەتەوە. لە تابوتەکەدا، زیندوتر لە کاتی ژیانی دەهاتە بەرچاو.

لەهەمان رۆژگاردا، **داماسۆ ئالۆنسۆ**[1]ی نووسەری ئیسپانیو **ئایۆلالیا گالڤاراتۆ**[2]، لە هۆڵی شانۆ گەورەکەی زانکۆ دوو وتاریان خوێندەوە. مامۆستا زابالا، کە حەزی نەدەکرد ببێتە مووی لوتی کەسو خەڵکی هەراسان بکات، ئەمجارمیان بەشێوەیەکی تایبەت ئەو پارێزکاریەی وەلاناو داوای کرد بیانبینێت. منو گۆستاپۆ ئیباراو ئاکتۆر روخاس ئاراسۆ لەگەڵی رۆشتینو هەر لەسەرتاوە بوینە هاوڕێی نزیکی میوانە ئیسپانیەکان. نزیکەی چوار کاتژمێر لە یەکێك لە هۆڵە تایبەتیەکانی ئوتێل کارایب دانیشتینو دەربارەی ئەو خالانەی لە یەکەم سەفەریاندا بۆ ئەمریکای لاتین سەرنجی راکێشابونو خەیاڵە ئەدەبیەکانی ئێمەی نووسەرە تازە پێگەیشتوەکان دەمەتەقێمان کرد. ئاکتۆر یەکێك لە دیوانە شیعریەکانی خۆی پێشکەش کردنو منیش فۆتۆکۆپی یەکێك لە چیرۆکەکانم، کە لە ئال سپیکادۆر بلاو کرابووەوە. ئەوەی لەهەمووو زیاتر بەلای هەردوکمانەوە سەرنجڕاکێشتر بوو راشکاوی قسە بەئەدەبانەکەیان بوو، لەبەرئەوەی بە زیرەکیو ناسکیەکی بێوێنەوە کەڵکیان لەو توانایەیان دەبینی بۆ جەخت کردنەوە لەسەر بیروبۆچوونە ستایش ئامێزەکانیان.

لە مانگی ئۆکتۆبەردا، لە ئال ئۆنیڤەرسال، پەیامێکم لە **گۆنزالۆ مایارینۆ**[3]وە بەدەست گەیشت، کە تێدا نووسیبووی لەگەڵ **ئالڤارۆ موتیس**[4]ی شاعیری خۆش سەلیقە لە ڤێلای **تۆلیپان**[5]ەو چاوەڕێی من دەکەن. شوێنی فەرامۆش نەکراوی دیدارە پانسیۆنیەکانی تەنیشت کانیە ئاوگەرمەکانی **بوکا گراندێ**[6] بوو، کە تەنها چەند مەترێك لەوشوێنەی کە نزیکەی دووسەد ساڵ پێشتر **چارلز لێندبێرگ**[7] بە فرۆکەکەی لەوێ دابەزی دوور بوو. گۆنزالۆی هاودەنگم لە دامەزراوە تایبەتیەکانی زانکۆ، ببووە پارێزەرێکی چالاكو مووتیز بانگهێشتی کردبوو بۆ ئەوشوێنە خۆشە تا وەکو سەرۆکی پەیوەندیەکانی لانسا ـ کۆمپانیایەکی فرۆکەوانی ناوخۆیی کە فرۆکەوانەکانی دامەزراوەکەی بەهیمەتی خۆیان دایان مەزراندبوو ـ لەنزیکەوە دەریا ببینێت.

---

١. Damaso Alonso

٢. Eulalia Galvarrato

٣. Gonzalo Mallarino

٤. Alvaro mutis

٥. Tulipan

٦. Bocagrande

٧. Charles Lindbergh (١٩٠٢ ـ ١٩٧٤) ئەوفرۆکەوانە ئەمریکیەی بۆ یەکەمجار بەبێ وەستان لە پاریسەوە تا نیۆیۆرك فڕی و ئۆقیانوسی ئەتلسی بڕی.

شـيعرەكانی مـووتیزو چـیرۆكەكانی مـن جارێكیـان پێكـەوە هاوكـات لـە پاشـكۆی ئەدەبی"كۆتایی هەفتە"بڵاوكرانەوەو هەر لەیەكـەم ساتی یەكترناسـینەوە وتوویـژێكمان دەسـت پێكـرد كـە زیـاتر لـە نیـو سـەدە لەزۆربـەی ناوچـەكانی جیهـان درێـژەی كێـشاو تائێـستاش كۆتـایی پێنـەهاتووە. سـەرەتا منداڵـەكانمان‌و دواتـر نـەوەكانمان زۆرجـار لێیـان پرسیوین دەربارەی چی قسە دەكەین‌و ئێمەش لەوەڵامیاندا راستیمان پێوتـون: هەمیـشە لەسەر یەك بابەت قسەدەكەین.

هاوڕێیەتیە موعجیزەئاساكانم لەتەك كەسایەتیە ناسراوەكانی بواری هونـەرو ئـەدەب سەقامگیریی رۆحیان پێبەخشیم تـا لـەو سـاڵانەدا، كە تائێـستاش پێموایـە نـاجێگیرترین رۆژانی ژیانم بوون، لەبەرامبەر هەموو مەینەتیەكدا دان بەخۆمـدا بگـرم‌و نەكـەوم. ١٠ی ژوویە، دواهەمین"خاڵ سەری دێر"م لە ئال ئۆنیڤەرساڵدا بڵاوكردەوە. پـاش سـێ مـانگی سـەخت‌و پڕمەینـەتی، كـە لەمیانەیـدا نـەمتوانی رێگرەكـانی دەرئـەنجامی بـێ ئـەزمونی وتارنووسی تازەكار تێپەڕێنم، بەباشـم زانـی قـازانجی ئـەو سـتوونە بـە زیـانی ببەخـشم‌و چیتر درێژەی پێنەدەم‌و دڵی خۆم بەوە خـۆش كـرد زیـان لـە نیـوەی بگەڕێتـەوە باشـترە. لەپـشت لێكدانـەوە بێئیمزاكـانی دوالاپـەڕەوە خـۆم حەشـارداو دڵـم بـەوەخۆش بـوو لەهـەرجۆرە تـەمێكردن‌و رەخنەیـەك پـارێزراوم‌و جگەلـەو كاتانـەی پێویـستی بكربایـە بابەتەكە تایبەتمەندیەكی دیاری هەبێت، ناوی خـۆم نەدەنووسی. تـەنها لەبـەر نـەریت‌و دابینكردنی ژیـان تـا سـێپتامبەری ١٩٥٠ درێـژەم بـەو كـارەداو دواهـەمین نووسـینم لـەوێ دەقێكی خۆبەگەورەزانانە بوو دەربـارەی ئێـدگار ئـالان پـۆ، كـە تـەنها یـەك پلـە لـەوانیتر جیاوازتر بوو، ئەویش یەكێك بوو كە كارەساتبارترینیان بوو.

بەدرێـژایی ئەوسـاڵە بەوپـەڕی جەختـەوە داوام لـە مامۆسـتا زابـالا كردبـوو فێـری رێوشـوێنەكانی رێپۆرتـاژ نووسـینم بكـات. هـەرگیز وەڵامـی داواكاریەكـەی نەدامـەوەو بـەوجۆرەی سروشـتە سـەیرەكەی حـوكمی دەكـرد، هـیچ بەڵگەیەكیشی بـۆ نەهێنامـەوە، بەڵام نووسینی رووداوێكی سەرسوڕهێنەری بە من سپارد كە بەڕاستی توشـی هەڵـچوون‌و گێـژبوونی كـردم لەبەرئـەوەی زیـاتر لـە مەتـەڵ‌و مـوعجیزە دەچـوو. قـژی ئـەو كیژۆڵـە منداڵەی لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا لە دێری **سانتا كلارا**[1] بەخاك سپێردرابوو، پاش مەرگی، گەشـەی كردبـو و لـەدوای دوو سـەدە، درێژیەكـەی لەبیـست‌و دوو مـەتریش زیـاتر بـوو. لەوسـەردەمەدا ئاسـتەم بـوو بـیر لەوەبكەمـەوە كـە چـل سـاڵ دواتـر جارێكیتر دەچمەوە سۆراغی ئەو بابەتەو لەقاڵبی رۆمانێكی رۆمانتیكدا بـە كەشـێكی غـەمبارو مەترسـیدارو

---

[1]. Santa Clara

ئاویتە بە رووداوە شومو کردەوە شەڕانگێزانەکان، دەگێڕمەوە. لەو رۆژانەدا، دۆخێکی رۆحیی باشم نەبوو هۆش وبیرم لەسەر خۆم نەبوو. بەهەر بیانویەك توڕەدەبومو هەر ئەوەندەی چاوی سەرۆکم بەدوور بینیبا، بێئەوەی بە کەس بڵێم، لە نووسینگەی رۆژنامەکە حۆم دەدزیەوەو ماموستا زابالا. بەناچاریی، یەکێك لە هاوکارەکانی دەنارد بەدوامدا بۆئەوەی بگەڕێمەوە سەر کارەکەم. لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا زۆر بەختم هەبوو، تەنها بەدوو وانەی مەرجدار، دەرچوم و توانیم بۆ ساڵی سێهەم ناوم تۆمار بکەمەوە، بەڵام لەهەموو شوێنێك ئەو پڕوپاگەندەیە بڵاوبوەوە کە لەبەر گوشارە سیاسیەکانی رۆژنامەکە منیان دەرچاندوە. ئەوکاتەی لەکاتی هاتنە دەرەوە لە سینەما، بە دەفتەر خدمەی تەزویرەوە گیرامو دەیانویست وەك سەربازی هەڵاتو رەوانەی ناوچە بارگرژەکانم بکەن، بەڕێوەبەری بەرپرسی رۆژنامەکە بەهەزار مەینەتی لەو گێرمەوکێشەیە رزگاری کردم.

لەو رۆژانەدا هێندە لەبارودۆخی سیاسی وڵات بێئاگابوم کە تەنانەت نەمدەزانی بەهۆی بارگرژیە توندەکانو تێکچوونی ئاسایشی گشتی، دیسانەوە لە وڵات ئامادەباشی سەربازی راگەێندراوە. چاودێریی سەر چاپەمەنیەکان توندتر ببوو هەر رۆژەو لەسەر بەزمێك بون. بارودۆخی وڵات هێند ئاڵۆزو پەرێشان بوو کە مرۆڤ حەسرەتی خراپترین رۆژانی رابردوی دەخواردو پۆلیسی سیاسیش بەهاوکاری خراپەکارو تاونباران لە گوندەکاندا مەترسیو دڵەڕاوکێ دەنێتەوە. بەهۆی توندوتیژیی بێئامانەوە، لیبراڵەکان ناچار بون دەست لە سەرو ماڵیان هەڵگرنو خۆیان بشارنەوە. کاندیدی هەڵبژاردنەکانیان، داریۆ ئاچاندیا، ماموستای هەموو ماموستاکانی مافە مەدەنیەکان، بەگومانی زگماكو ئەدەب دۆستی و لایەنگری بەرهەمی نووسەرە یۆنانیو لاتینیەکان، لیبراڵەکانی بەرەو هەڵپەساردنو بەشداریی نەکردنی هەڵبژاردنەکان هان دەدا. گۆڕەپانەکە بۆ لایۆریانۆ گۆمێز، کە بەرواڵەت بەهۆی کۆمەڵێك رشتەی نەبینراوەوە دەوڵەتی بەڕێوە دەبرد، بەبەتاڵی مایەوە.

ماوەیەکی زۆر نەمدەتوانی لەو بابەتە تێبگەم کە بارگرژیەکانی ئەو قۆناغە تەنها لە کردەوە نەنگینەکانی پارێزکارانەوە سەرچاوەی نەدەگرت، بەڵکو ئەوانە ئاماژە ناخۆشەکانی گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکانی نێو ژیانو چارەنووسمان بوو. تائەوەی لە یەکێك لەو شەوە زۆرانەی لە"کۆلێت"کۆببوینەوە، دای لەکەلەم بە هەمووانی بسەلێنم کە خۆم خاوەنی خۆمەو حەز لەچی بکەم دەیکەم. ماموستا زابالا ئەو کەوچکە سووپەی بەرزی کردبوەوە بیخوات هەروەها بەئاسمانەوە رایگرت،و لەپشت چاویلکەکانیەوە لەمن راماو بە یەك رستە لەشوێنی خۆم دایکوتیم:

ـ وەڵامی ئەم پرسیارە کۆنە بدەرەوە، گابریل: پاش ئەو هەموو گێلیەتیە، کە بووە بەپیشەی شەوو رۆژت، هێشتا ناتوانی تێبگەیت ئەم وڵاتە تەمەنی کۆتایی پێهاتووە؟

بەو پرسیارە رێك نیشانەکەی پێکا. سیامەستو داتەپیو دەمەو بەیان لەسەر یەکێك لە کورسیەکانی بولواری لۆس مارتینز خەوتمو تەرزمیەکی توند کە هیچی لە تۆفانی نووح کەمتر نەبوو تاسەر ئێسقانەکانمی تەڕ کردو وەکو مریشکی ئاوەڕوت کراوی لێکردم. دوو هەفتە لە نەخۆشخانە کەوتمو بەهۆی دەردە ریخۆڵەیەکی قورسەوە، چی هەوڵیان دا تەنانەت یەك دانە لەو ئانتی بیوتیکانەم نەخوارد کە تازە هاتبوە کۆلۆمبیا، لەبەرئەوەی دمیانووت کاریگەری لاوەکی زۆر توندیان هەیە کە نەزۆکی یەکێکە لە کاریگەریە لاوەکیەکانی. لەجاران لاوازترو بێرەنگو رووتر ببومو دایكو باوکم بانگیان کردمەوە بۆ سوکرە بۆئەوەی بە پشوودان ئەو بارودۆخە داخدارەم کە ـ بەقسەی ئەوان ـ دەرئەنجامی کارو چالاکی لەڕادەبەدەر بوو، کەمێك چاك بکەنەوە.

ئال ئۆنیڤەر سالّ بەباشی چاوی لێم بوو. لەو وتارەدا کە بۆ ماڵئاوایی کردنم نووسیان ستایشی هەوڵەکانیان کردم و لە بواری رۆژنامەنووسیو چیرۆك نووسیندا تا ئاستی مامۆستایەتی بەرزیان کردمەوەو لە نووسینێکیتردا، منیان بە نووسەری رۆمانێك ناوبرد کە لەبنەڕەتدا بوونی نەبوەو تەنانەت ناویشیم نەهێنابو: **کاتی خۆی ئالفەکان دەبەین.** لەهەموی سەیرتر ئەو بابەتە کاتێك بڵاو دەبوەوە کە هەرگیز بەنیاز نەبوم دەست بدەمەوە چیرۆك نووسین. ئەوەی راستی بێت ئەو ناونیشانە سەیرو ناسازگارەی سەلیقەو خەیاڵەکانم، ئاکتۆر روخاس ئاراسۆ، بەگاڵتەوە لە پێرستی ئەو بەرهەمانەشدا هێنابوی کە بۆ **سێسار گرا فالدێس**[1] دەگەڕایەوە، ئەو نووسەرە خەیاڵیەی کە هەڵگری سەرجەم تایبەتمەندیەکانی ئەمریکیەکی لاتینی رەسەن بوو کە خولقاوی زمینی خۆی بوو بەمەبەستی ترش وخوێ کردنی وتارە رەخنەییەکانی بڵاوکراوەکەو گاڵتەوگەپی روناکبیرئاسایانە کەلکی لێوەردەگرت. ئاکتۆر لە ئال ئۆنیڤەرسالّدا هەواڵی هاتنی بۆ کارتاخنا بڵاو کردبووەوەو منیش لە ستوونی"خاڵ سەری دێڕ"بەخێرهاتنم کردبوو ئامادەبونیم لە کارتاخنا بەهەلێك زانیبوو کە تەپوتۆزی سەر ویژدانە نووستوەکان بتەکێنێتو رۆحێکی نوێ بکات بەبەری ئەدەبی چیرۆکنووسی نایابی کیشوەرەکەماندا. بەهەرحاڵ، رۆمانە تەمومژاویەکە، بەو ناونیشانە گێژکەرەی ئاکتۆر بۆی هەڵبژاردبوو، نازانم لەکوێو بەپێی چ بنەمایەك، ناوی لەو ناميلکەيەدا هاتبوو کە لەسەر کتێبەکانم نووسرابوو بەیەکێك لە بەرهەمە دیارەکانی ئەدەبی نوێ لەقەڵەم درابوو.

---

[1]. Cesar Guerra Valdes

باردۆخی سوکره لەو رۆژانەدا تەواو لەتەك بیروڕاکانمدا دەگونجا. نامەیەکم بۆ ژێرمەن نووسیو داوام لێکرد تا بۆی دەکرێت کتێبم بۆ بنێرێت، ئەوەندەی کە بتوانم لە ماوەی چاکبوونەوەمدا، کە بڕیاربوو شەش مانگ درێژە بکێشێت، خۆم لەنێو شاکارەکاندا نوقم بکەم. بارانێکی لافاوئاسا گوندەکەی خستبووە مەترسیەوە. باوکم خۆی لە دەست دیلیەتی دەرمانخانەکە رزگار کردبوو لەکەناری گوندەکە بۆ منالەکانی، کە لە شازدە مانگ پێشترەوە بە لەدایك بوونی **ئیلیخیۆ**[1]، ببوینە یازدە کەس، مالێکی گەورەی دروست کرد. مالێکی گەورەو دلکراوەو روناك بوو، هەیوانێکی بەرینی هەبوو کە بەسەر ئاوە رەشەکانی روبارەکەدا دەیڕوانیو پەنجەرەکانی بە ئامێزی ئاوەلاوە بەخێرهاتنی سرووەی فێنکی ژانویەیان دەکرد. شەش ژووری نووستنی هەبوو کە هەتاویان تێدەکەوتو بەدرێژایی رۆژ شوێنگەی هاتوچۆی هەوای تازە بون و لە هەر ژورێکیاندا دوو قەرەوێلە جێگەی دەبووەوە و چیتر منالەکان ناچار نەبون وەکو پێشتر، بەدووان لە یەك جێگەدا بنون، لەهەر سووچێکی مالەکەدا، تەنانەت لە رێڕەوو بەرهەیوانەکانیشدا بزماری تایبەتی هاماکایان داکوتیبوو. حەوشە بێ حەسارەکەی، بەو دار مێوانەی بە مولکی گشتی دادەنران و ئاژەلە مالیەکانی خۆمان و خەلکی نەناسراو کە بەئازادانە بەهەموو شوێنێکی مالەکەدا دەسووڕانەوە، تا داوێنی کێوەکە درێژ بوو، لەبەرئەوەی دایکم، کە دلتەنگی حەوشە گەورەکانی سەردەمی منالی بارانکاس و ئاراکاتاکا بوو، هەولیدا خانوە تازەکە بکاتە مەزرایەك، بە مریشك و مراوی بەرەلای بێ هێلانە و ئەوبەرازە بێ کۆت وبەندانەی کە دەخزانە چێشتخانەکە تا پاشماوەکانی نانی نیوەڕۆ بخۆن. هێشتا دەکرا هاوینان، لەنێو گمەگمی ئەو مریشکانەی لەسەر چێوی قەفەسەکە دانیشتبوون و بۆنی میوە گەیشتوەکانی دارچین کە دەمەو بەیان لەپڕ وقوورس لە لقەکان دەکەوتنە خوارەوە، پەنجەرەکان بکەیتەوەو بنوویت. دایکم وتی"**وەکو منال شلپ دەکەون.** "باوکم ژمارەی ئەوکەسانەی کەمکردەوە کە بۆ هاوتادەرمانی دەهاتنە عەیادەکەی و تەنها نەخۆشە کۆنەکانی چارەسەر دەکرد. وەکو رۆژانی پێشوو لەسەر هاماکایەك پال دەکەوت کە لەبەینی دوو درەختدا هەلیدەواسی و هەر چاپەمەنیەکی دەست بکەوتبا دەیخوێندەوە و تووشی پەتای تەمەلکەری بلیارد بوو کە دەرمانی کاتە دلگیرەکانی ئێواران بوو. چیتر چاکەت وپانتۆلی کەتانی لەبەر نەدەکردو بۆینباخی نەدەبەست، لەبری ئەوە کراسی قۆلکورتی گولداری گەنجانەی لەبەر دەکرد و بەو روخسارە تازمیەی دەبووەهۆی ئەوەی هەمووان سەرنجی بدەن و خەلکە ناسراوەکانیشی تووشی سەرسوڕمان دەکرد.

---

[1]. Eligio

دوو مــانگ پێــشتر، داپــیره تراکیلینــا ئیگیــواران، نابینــا و شــێت مردبــوو و لــه چرکەســاتەکانی بــەئاگایی پــێش مردنیــدا بــه دەنگێکــی پڕلــەزەوق و دەربڕینێکــی بێخەوشــەوە، نهێنیــەکانی بنەماڵەکــەی گێڕابــوەوە. بابــەتی هەمیــشەیی قــسەکانی، تــا دواهەناسە مەسەلەی خانەنشینیەکەی باپیره بوو. بـاوکم عـوود و (صـبر زرد) ی بەسـەر تەرمەکەدا پژاند بۆئەوەی بەپارێزراوی بمێنێتەوە و پێشئەوی بیخاتـه تابووتەکـەوه بـه (اهك) داپۆشی بۆئەوەی وردەورده برزێت. لوویسا سانتیاگا، کـه بـەردەوام دایکـی لەبـەر ئەوه ستایش دەکرد کە عاشقی گوڵاڵەسورەبوو، لەوسەری حەوشەکە بنێك گوڵاڵەسـورەی چاند بۆئەوەی مەزارەکەی داپیره هەرگیز بـێ گوڵاڵەسوره نـەبێت. شـکۆفەکانیان هێنـده دیمەنێکی سەرنجراکێشیان هەبوو کە هەر خێرا دەنگوباسی جوانیان کەوتە سـەر زاران و گەلێك موسافیر لەملاولاوه دەهاتن تاوەکو بەچاوی خۆیان بیانبینن و ئەوەنـده زۆربـوون کە بواری سەر خوراندنیان بـۆ نەدەهێـشتینەوه، زۆربـەیان بـه ووردبینیـەکی ئاوێتـه بـه نیگەرانی دەیانویست بزانن ئەو هەموو گوڵاڵەسوره بۆنخۆشه بە لـوتفی خـودا رواون یـان بە ئیرادەی شەیتان.

گۆڕانکاریەکانی ژیان و کەسایەتیم لەگـەڵ ئـەو گۆڕانکاریانـەدا دەجـەنگا کـە لـەنێو بنەماڵەکەماندا رویـان دەدا. هـەرجارەی سـەردانم دەکـردن جیـاوازتـر دەمبیـنین، دایـك و باوکم ماڵیان دەگۆڕی یان دیکۆری ماڵەکەیان دەگۆڕی، ژمارەی مناڵەکان زیاتر دەبوو و تـا تەمەنیان زیادی بکردبا زیاتر وەکو یەك دەهاتنە بەرچاو، بەشێوەیەك کە ۆرجار بەهەڵە دەمناسینەوه و کەمتر دەمتوانی لەیەکیان جیا بکەمەوه. خایمێ لەبەرئـەوەی بـه شـەش مانگی لەدایك ببوو، دۆخێکی تایبەتی هەبوو و درەنگتر لەوانیتر داوێنی دایکمی بـەردا و هێـشتا شـیرەخۆرەبوو کـه **هێرنانـدۆ (نانـچی)**[1] لـەدایك بـوو. سـێ سـاڵ دواتـر **ئالفرێـدۆ ریکاردۆ(کوکی)**[2] و ساڵونیوێك دوای ئەوه، نۆبەی **ئیلیخیۆ** بوو **(بیـۆ)**[3]، دوامنـاڵی ماڵەکـه، کە لەو پشوومدا تازە موعجیزەی گاکۆلکێ کردنی ئاشکرادەکرد.

مناڵـەکانیتری بـاوکم، کـه پـێش و دوای هاوسـەرگیریەکەی لـەدایك ببـوون، ژمـارەی ئەندامانی خێزانەکـەمانیان زیـاتر دەکـرد: کـارمن رۆسـای دانیـشتووی سـەن مـارکۆس، و ئابیلاردۆ هەندێکجار بۆماوەیـەك دەهاتنـه سـوکره، **ژێرمـەن ئانـای (ئیمـی)**[4]، کـه دایکـم بـەمناڵی خـۆی دەزانـی بێئـەوەی خوشـك وبراکـانم لەومەسـەلەیه زویـر بـبن و دواجـار

---

[1]. Hernando (Nanchi)

[2]. Alfredo Ricardo (Cuqui)

[3]. Yiyo

[4]. Germaine Hanai (Emi)

ئانتۆنیۆ ماریا کلارت (تونۆ)[1]. کە لە سیسنە لەگەڵ دایکی دەژیا و بەردەوام سەری لێدەداین. بەگشتی، پازدەکەس بووین کە ئەوکاتەی بڕی پێویست خواردنمان هەبوو. هێندەی سی کەسمکان دەخوارد و لەکوێ بۆمان بکرابا دادەنیشتین.

گێڕانەوەی خوشکە گەورەکانم لەوسالانە وێنەیەکی تەواوەتی بارودۆخی ماڵەوەمانە، کە بەردەوام دەنگی گریانی منالێکی لێ هەڵدەستا لەبەرئەوەی هێشتا منالێك گەورە نەببوو منالێکی تر لەدایك دەبوو. دایکم خۆی دەیزانی بۆ ئەو مەسەلەیە خەتابارە و داوای لەکچە گەورەکانی دەکرد ئاگاداری بچوکەکان بن. مارگۆت هەرجارێك دەیبیست دایکم دیسانەوە سکی هەیە، لەترسا هەناوی دادەڕما، لەبەرئەوەی دەیزانی ئەو ناتوانێت بەتەنها هەموو منالەکانی بەخێو بکات. هەر لەبەر ئەوەش، پێشئەوەی بچێتە قوتابخانەی شەوانەرۆژی مۆنتریا، زۆر بەجدی لەدایکم پاڕایەوە کە ئەومناڵە دوا منالی بێت. دایکمان وەکو هەمیشە، تەنها بۆ دڵدانەوەی کچەکەی، بەڵێنی پێدا هەمان کار بکات، لەبەرئەوەی دڵنیابوو خودا بە زانایە بێکوتاییەکەی، هەموو کێشەیەك بەباشترین شێوە چارەسەر دەکات. کێشەی نانخواردنیشمان هەبوو لەبەرئەوەی بەهیچ شێوەیەکە نەدەکرا هەموومان لەشوێنێك کۆببینەوە. دایکم و خوشکە گەورەکانم خواردنیان تێدەکرد و منالە بچوکەکانیش بەسەرە دەهاتن ورگی خۆیان تێر دەکرد، بەڵام زۆرجار، کاتی دابەشکردنی زەلاتە، یەکێك لە منالەکان دەنگی ناڕەزایی هەڵدەبڕی کە بەشەکەی وەرنەگرتووە. بەدرێژایی شەو، منالە بچوکەکان بەهۆی گەرما یان سەرما، بەهۆی ئازاری ددان یان ترس لەمەرگ، یان لەبەرئەوەی لەپڕ سۆزیان بۆ دایك و باوکم دەپشکووت یان دەیانویست دڵی ئەوانیتر بتەقێنن، بەسەرە پەنایان بۆ جێگەکەی دایك و باوکم دەبرد و هەتاوی دەمەو بەیان دەپرژایە سەرفەوجێك منالی وورد کە جێگەی نووستنی هاوسەرەکانیان داگیر کردبوو. گەر لەپاش ئالیخیۆ منالێکیتر لەدایك نەبوو، بەهۆی داوای زۆری مارگۆت بوو کە پاش گەڕانەوەی لە قوتابخانەی شەوانە رۆژی، لێبڕاوانە دەسەلاتی خۆی بەسەر دایکمدا سەپاند و ئەویش ئەمجارەیان لەبەرامبەر بەڵێنەکەی بەوەفاداری مایەوە و چیتر منالی نەبوو.

بەدبەختانە، واقیع بواری تەواوی بۆ هەلکەوتبوو تاوەکو ڕێڕەوی ژیانی دوو خوشکە گەورەکە بەرەو تەنهایی و گۆشەگیریی بەکێش بکات و ئەوانیش تا کۆتایی ژیانیان بە زگورتیەتی مانەوە. ئایدا، بەوجۆرەی لە ڕۆمانە عاشقانە سووتێنەرەکاندا روو دەدات، پەنای بردە دێر، بەونیەتەی بەدرێژایی تەمەن لەوێ خۆی زیندانی بکات، بەڵام پاش

---

[1] Antonio Maria Claret (Tono)

بیست و دووساڵ. بەرەچاو کردنی سەرجەم یاساکان، دێرەکەی بەجێهێشت و کاتێك ئەوە روویدا کە چیتر نەدەستی دەگەشتە رافائیل و نە خوازبێنیکارێکیتری بۆ پەیدا بوو. مارگۆت، بە سروشتە نەگۆڕەکەی، بەهۆی هەڵە هاوبەشەکەی خۆی و دەزگیرانەکەی، زەماوەندەکەی تێکدا و بۆ هەمیشە بەبێ مێرد مایەوە. ریتا، کە چاوی لە چارەنووسی دوو خوشکە گەورەکەی ترسابوو، شووی بە یەکەمین پیاوێك کرد کە بۆ یەکەمجار ناسی و خۆشبەختی بەدەستهێنا و بووە خاوەنی پێنج مناڵ و نۆ نەوە. ئەو دوانەی تریش - لیخیا و ئیمی - ئەوکاتەی دایك وباوکم لەسەرسەختی ماندوو ببون و دەستیان لە بەرهەڵستی کردنی ژیانی واقیعی هەڵگرتبوو، بونە هاوسەری ئەو پیاوانەی دڵیان ئارەزووی دەکردن.

وادیاربوو، هەڵچوونە خێزانیەکان بەشێك بوون لەو قەیرانەی کە بەهۆی ناسەقامگیریی ئابوریی و کوشتار و خوێنرشتنی دەرئەنجامی توندوتیژیی سیاسی، خولقابوو و سێبەرە شووم و دلگیرەکەی بەسەر سوکرەوە بارگرانی دەکرد و بێدەنگ و لەسەر نووکی پێ و بە هەنگاوگەلی قورسەوە، هەنگاوی نایە ماڵەکەمانەوە. تا ئەوکاتە، سەرجەم پاشەکەوتەکەمان خەرج کردبوو و رێك وەکو ئەو رۆژانەی کە پێش هاتنمان بۆ سوکرێ لە بارانکیا بەسەرمان دەبرد، کاسەمان بەتاڵ و چنگی هەژاری گەروی دەگووشین. بەڵام دایکم بەخەیاڵیدا نەدەهات، لەبەرئەوەی ئەو باوەڕە نەپساوەی کە هەر منالێك کە لەدایك دەبێت نانی خۆی لەبن باڵیدایە، پاڵپشتیە رۆحیەکەی بوو. ئەودەمەی بەمەبەستی تێپەڕاندنی قۆناغی چاکبوونەوەی پاش دەردە ریخۆڵە، لە کارتاخناوە گەڕامەوە ئامێزی خێزانەکەم، بارودۆخەکە بەوجۆرەبوو بەڵام هەموویان بە رێکەوتنی پێشوەخت، هەوڵیان دەدا رێگە نەدەن لەو راستیە تێبگەم.

سەرنجراکێشترین بابەتی نێو کۆڕ و دانیشتنەکانی گوندەکە، ئەگەری پەیوەندی عاشقانەی نێوان کایتانۆ خنتیلەی هاوڕێمان لەتەك خانمی مامۆستای گوندەکەی دراوسێ، **چاپارال**[1] بوو: ئەو کیژە جوانەی سەر بە بنەماڵەیەکی ئاست نزمی کۆمەڵایەتی بەڵام زۆر جدی و بە شکۆو بەرێز بوو. هیچ جێگەی سەرسوڕمان نەبوو! لەبەرئەوەی هەموان دەیانزانی کایتانۆ پەیوەندیە سۆزداریە زوو تێپەڕەکان زیاتر پەسەند دەکات و ئاسان کلکی بەتەڵەی هاوسەریەتیەوە نابێت و نەتەنها لە سووکرە بەڵکو لە کارتاخناش، کە قۆناغی ئامادەیی لەوێ تەواو کردبوو هەر لەوێش لەکۆلیژی پزیشکی دەستی بەخوێندن کردبوو، لەهەر باخێك گوڵێکی دەچنیەوە، ماوەیەك بۆنی دەکرد و پاشان لێدەگەڕاو دەڕۆیشت.

---

[1]. Chaparral

بەڵام هیچ دەستگیرانێکی دیاریکراوی لە سووکرە نەبوو و لەکۆڕەکانی سەماشدا هیچ جۆرە حەزێکی تایبەتی بۆ هیچ کچێك دەرنەبڕیبوو.

شەوێکیان سەیرمان کرد بەسواری باشترین ئەسپیەوە لەمەزراکەیەوە بەرەو گوندەکە دێو خاتوونەکە لەسەر زینەکە دانیشتبوو و لغاوەکەی بەدەستەوەبوو ئەویش لەسەر سمتی ئەسپەکە جێگەی بۆخۆی خۆش کردبوو دەستی خستبووە دەوری کەمەری کیژە لاوەکەوە. جگەلەوەی ئەو نزیکایەتیەیان بووەهۆی سەرسوڕمانمان بەڵکو جەسارەتی ئەوکارەشیان تەواو ئێمەی تووشی سەرسامی کرد، لەبەرئەوەی بەو قەرەباڵغیە بەوجۆرە ئاشکرایە بەگۆڕەپانی گوندێکدا تێدەپەڕین کە خەڵکەکەی هەمیشە خراپ بیریان دەکردەوە. کاپتانۆ لەلای ئەوکەسانەی گوێیان هەبوو رونی کردبووەوە کە ئەو خانمە لاوەی لەبەردەم قوتابخانەکەدا بینیوە چاوەڕێی کەسێکی کردووە بەخێری خۆی بەوشەوە بیگەێنێتەوە گوندەکە. بەگاڵتەوە هاوڕێکەم ئاگادر کردەوە کە هەر لەم رۆژانەدا بەیاننامەیەکی بێواژۆ و پڕلە قسەوقسەڵۆك بەدەرگای ماڵەکاتاندا هەڵدەواسن، و ئەویش بە کەمتەرخەمیە تایبەتەکەی خۆیەوە شانی هەڵتەکاند و گاڵتە هەمیشەیی و خۆشەویستەکەی پێشکەش کردم:

- ناوێرن سەربخەنە سەر پارەدارەکان.

لەراستیدا لەوکاتەدا باوی هەجونامەو شەونامە بێواژۆکان نەمابوو، و بەهەمان ئەوخێراییەی پەرمیان سەند بەهەمان خێرایی لەناوچوون، رەنگە ئەوکەسانە لەسەر حەق بووبن کە ئەو دیاردەیە دەرئەنجامی ناهەمواری باری سیاسی وڵات بووە. ئەوانەی لەو بابەتە دەترسان، توانیان بەئارامی سەربخەنە سەر سەرین و لێی بخەون. لەبری ئەوە، چەند رۆژ پاش گەڕانەوەم، هەستم کرد هەڵسوکەوتی هەندێك لە هاو رێبازەکانی باوکم لەگەڵم گۆڕاوە و بەچاوی دوژمنەوە تەماشام دەکەن، لەبەرئەوەی گەلێك وتاری توندم لەسەر دەوڵەتی پارێزکاران لە ئال ئۆنیڤەرساڵدا بڵاوکردبووەوە. ئەو بۆچونەم راست نەبوو. گەر بەناچاریی یاداشتێکی سیاسیم دەنووسی، هەمیشە بەبێ ناوو لەسەر بەرپرسیاریەتی بەرێوەبەرەکە بوو، کە لەوکاتەوەی بڕیاریدابوو چیتر دەربارەی ئەوەی لە بولیبار رویدابوو پرسیار نەکات، هۆشیارانەتر رەفتاری دەکرد. ئەو بابەتانەی بەناوی خۆمەوە بڵاودەبوونەوە بەرونی سەنگەرگرتنی منیان لەبەرامبەر بارودۆخی پەرێشانی وڵات، توندوتیژی نەنگین و نادادپەروەریی ئاشکرا دەکرد، بەڵام دەرخەری هیچ جۆرە وابەستیەکی حیزبی نەبوون. بەکردەوە، نە لەو کاتەدا و نە هیچ کاتێکیتر چیتر بەشێوەیەکی چالاك لایەنگری هیچ دامەزراوێکی سیاسیم نەکرد. ئەو تۆمەتە ئاماژە پێکراوانە بونە هۆی نیگەرانی دایك و باوکم و دایکم بەردەوام بۆ قەدیسە جیاوازەکان

مۆمی دادەگیرساند بۆئەوەی لە مەترسی بمپارێزێت، بەتایبەت ئەوشەوانەی کە تا درەنگ لەدەرەوە دەمامەوە. بۆیەکمجاربو هەستم دەکرد کەشی دەوروبەرم خنکێنەرەو بڕیارمدا تائەوشوێنەی بۆم دەکرێت کەمتر لەماڵ بچمەدەرەوە.

لەو رۆژە تاڵ و مەترسیدارانەدابوو کە پیاوێکی سەرسوڕهێنەر کە خەڵکی توشی سەرسامی دەکرد هاتە عەیادەکەی باوکم، ئەوەندە ناقۆڵا دەهاتەبەرچاو دەتوت تارمایی خۆیەتی. پێستە لەرادەبەدەر ناسکەکەی بریسکەی ئێسقانەکانی دەردەخست و ورگە هەڵئاوساو و قوتەکەی وەکو تەپڵ رەق بوو. هەر لەیەکەم رستەیەوە وێنەی تا هەتایە لەبیرەوەریمدا نەخشی بەست:

- دکتۆر هاتووم ئەو مەیموونەم بۆ دەربهێنیت کە لەنێو گەدەمدا گەشە دەکات. دەزانی تەلیسمیان کردووم!

باوکم پاش پشکنینی، بۆی دەرکەوت زنیاریی پزیشکی هێندە نییە ئەو پیاوە چارەسەر بکات و ناردی بۆلای یەکێك لەهاوکارە نەشتەرگەرەکانی و ئەویش لەنێوسکی ئەو نەخۆشە داماوەدا لەبری مەیموون گیانداریکی گیانداری دۆزیەوە کە شێوەیەکی شێواوی هەبوو. بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشام بوونەوەرەکەی نێو سکی ئەو پیاوە نەبوو، بەڵکو چیرۆکەکەی بوو لەسەر دونیای ئەفسووناوی **لا سیێرپێ**[١]، ئەو سەرزەمینە ئەفسانەییەی سنوری سوکرێ کە بۆگەیشتن بەو ناوچەیە دەبوو بە کویرەرێگەو لیتاوە بۆگەنەکاندا تێپەڕی و هەریمێك بدۆزیتەوە کە یەکێك لە بەسەرهاتە باوو رۆژانەکانی دانیشتوانەکەی ئەوەبوو کە بە تەلیسمە شەڕانگێزانەکان، وەکو پەروەردەکردنی باڵندەیەکی دۆزەخی لە ووزگی دوژمندا، تۆڵەی بێڕێزیو سوکایەتی پێکردن و نادادپەروەریەکانی لێبکەنەوە.

دانیشتوانی لا سیێرپێ خەڵکانێکی کاسۆلیکی ئیماندار بوون بەڵام بەشێوەی تایبەتی خۆیان گوزارشتیان لە ئاین دەکردو بۆ هەریەك لە بۆنە ئایینیەکان نزای ئەفسووناوی تایبەتیان هەبوو. ئیمانێکی راستگۆیانەیان بە خودا و پاکیزەی بێخەوش و باوەڕیان بە سێبەشی پیرۆز هەبوو، بەڵام ئەوان هەموو ئەوشتانەشیان دەپەرست کە هەستیان دەکرد سروشتێکی ئیلاهی هەیە. ئەوەی بەلایانەوە نامەنتیقی و نامەعقول دەهاتە بەرچاو ئەوەبوو کە بوونەوەرێکی شەیتانی لەنێو ووزگی کەسێکدا گەشە بکات و ئەویش بۆ چارەسەرکردنی، دەست بەداوێنی نەشتەرگەرێکی بێبڕوا ببێت.

---

[١]. La Sierpe

زۆر خێرا و بەوپەڕی سەرسامیەوە لەوە تێگەیشتم کە لەسووکرە هەمووان لەبوونی لا سیێرپێ ئاگادارن و وەکو واقیعێکی ئاسایی قبوڵی دەکەن. کە گەلێك ڕێگری جوگرافی و زەمینی دەبنە ڕێگر لەگەیشتن بەو شوێنە. دواجار، بەرێکەوت، ئەوەم ئاشکراکرد کە باشترین مامۆستا لەبواری ناسینی لاسیێرپێ، هاوڕێی کۆنم ئانخێل کاسیخ بوو کە دواهەمینجار، لەدووهەمین یان سێهەمین سەفەرمدا بۆ ڕوباری ماگدالنا، ئەوم بەدەم گۆرانی ووتنەوە لەتەك گروپێکی مۆزیك لە گەرەکێکی بەدناوی بارانکابرمخا بینیبوو. ئەوکاتەی چوومە لای، لەجاری پێشووتر ووریاتربوو و گەلێك چیرۆکی سەرسوڕهێنەری لەبارەی سەفەرە زۆرەکانی بۆ سیێرێ بۆ گێڕامەوە. پاش وتووێژی چڕوپڕمان لەسەر خاتوو مارکی، سەروەر و کەیبانووی ئەو پانتاییە بەرینە ـ کە دانیشتوانەکەی هەندێك وێردی سەمەرەیان لەبەربوو کە دەبوەهۆی خێر وشەڕ، ئەو کەسانەیان لەسەرەمەرگ هەڵدەساندنەوە کە هیچیان لەسەر نەدەزانین، هیچ سۆراغێکی ئەوانیان نەدەزانیو تەنانەت لەشوێنو جێگایان بێئاگا بوون، یان مارێکیان دەنارد بۆئەوەی پاش شەش ڕۆژ ڕێگەبڕین بەنێو زەلکاو و لیتاوەکاندا، دووژمنەکان لەپێ بخات ـ زانیاری زۆرم بەدەست هێنا و وابزانم شتێك نەمایەوە لێی ئاگادار نەبم.

تەنها یەك شتیان بەحەرام دەزانی ئەویش زیندوکردنەوەی مردوەکان بوو لەبەرئەوەی ئەو دەسەلاتەیان تەنها لەژێر دەستی خودا دەبینیەوە. خاتوونی ئەو هەرێمە تاخۆی ویستی درێژەی بەژیان دا و بەپێی چیرۆکەکان، دووسەد وسی وسێ ساڵ ژیا، بەلام لەپاش تەمەنی شەست وسێ ساڵیەوە تەنانەت هێندەی یەك ڕۆژیش پیر نەبوو. پێش مردن، موریدە زۆرەکانی بانگهێشت کرد بۆئەوەی دووشەووڕۆژ بەچواردەوری ماڵەکەیدا بخولێنەوە، تائەوکاتەی زەلکاوی سیێرپێ دروست بوو: دەریاچەیەکی پانی داپۆشراو بە گوڵاڵەسورەی نوعمانی شەو داگیرساو. دەڵێن لە ناوەڕاستی ئەو گۆمە بەرینەدا درەختێك هەیە کە کۆمەڵێك کولەکەی ئالتوونی بەلەمێکیان بە قەدی درەختەوکەوە بەستووە کە هەموو ساڵێك ٢ی نۆڤامبەر، لەڕۆژی مردواندا، بەبێ سەرنشین بەئاوەکەدا تێپەڕ دەبێت و تا کەنارەکەی بەرامبەری دەڕوات و تیمساحە سپی و مارە زەبەلاحە پوولەکە ئالتوونیەکان پارێزگاری لێدەکەن، لەبەرئەوەی خاتوو مارکی سامانە بێحسابەکەی لەوێدا ناشتووە.

پاشئەوەی ئانخێل کاسیخ ئەو چیرۆکە سەیرەی بۆ گێڕامەوە، شەوقێکی ئاوێتە بە هەڵچوون کەوتە گیانمەوە و وەسوەسەیەکی بەرهەڵستی نەکراو گرتمیەوە کە بەهەشتی سیێرپێ لە جیهانی واقیعدا ببینم. هەموو شتێکمان ئامادەکرد، ئەو ئەسپانەی کە وێردی دوونر لە بەلا و پوچەڵکردنەوەی تەلیسمیان بەسەردا خوێندرابوو، بەلەمە نادیارەکان و

ڕێبەرە ئەفسوناویەکان و بەکورتی هەموو ئەوشتانەی بۆ گێڕانەوەی سەفەریکی ڕاستەقینە بۆ جیهانی میتافیزیك پێویست بوون.

ولاخەکان زین کران بەلام ئێمە بەڕێ نەکەوتین. قۆناغی چاکبوونەوەی پاش دەردە ریخۆلەکە درێژەی کێشا، هاوڕێیانم لە کۆڕی سەماکانی گۆڕەپانی سەرەکی پێیان ڕابواردم، هاوڕێ گەورەترەکانیشم لەخۆباییانە ئامۆژگارییان کردم منال نەبم و بەهۆی ئەوهەموو بیانووهێنانەوە ڕێگریانەوە ناچاربووم سەفەرەکەم بۆ کاتێکی گونجاوتر دوابخەم، کە هەرگیز ئەوکاتە نەگەیشت. بەلام خەفەتی بۆ ناخۆم بەلکو بەپێچەوانەوە هەست دەکەم بەخت یاوەرم بووە، لەبەرئەوەی لەبری ئاشکراکردنی هەرێمەکەی خاتوو مارکی سەرسوڕهێنەر، لە ڕۆژی دواترەوە سەرجەم بیروهۆشی خۆم لەسەر نووسینی یەکەمین ڕۆمانم چڕ کردەوە، کە لەورۆمانە تەنها ناونیشانەکەیم بۆماوەتەوە: **مالەوە**.

بڕیاربوو چیرۆکێکی غەمگین بێت دەربارەی جەنگی"هەزار ڕۆژە"ی کەناری کارایب و لە یەکێك لەسەفەرەکانی پێشووترمدا بۆ کارتاخنا، لەتەك مانۆێیل ساپاتا نۆلیبیەیا دەربارەی قسەمان کردبوو. لە دیدارە تازەکەماندا و بێئەوەی هیچ لەسەر هێلکاریە تازەکەم قسە بکرێت، ئەو نامیلکەیەکی پێشکەش کردم کە لەنووسینی باوکی بوو دەربارەی یەکێك لە کۆنە سەربازەکانی ئەو جەنگە شومە، وێنەی ئەو پیاوە، بە بەرگی سەربازی و سمێلی باروت گرتوو، کەلەسەر بەرگەکەی چاپ کرابوو، منی خستەوە بیری باپیرم. ناوی خۆیم فەرامۆش کردووە بەلام چارەنوس دەیویست ناوە خێزانیەکەی بۆهەمیشە بەمنەوە بلکێت: **بویندیا**[1]. بەوشێوەیە، بڕیارمدا ڕۆمانێك دەربارەی داستانی بنەمالەیەك بنووسم کە ژیانیان، لەزۆر ڕودوە، هاوشێوەی بارودۆخی خزم وکەسانی خۆم و سەردەمی جەنگە بێئاکامەکانی سەرهەنگ نیکۆلاس مارکیز بێتو ناوی مالەوە م بۆ هەلبژارد.

لەسەر ئەو بنەمایە ئەو ناونیشانەم بۆ هەلبژارد لەبەرئەوەی دەمویست سەرجەم چیرۆکەکە لە نێو مالێکدا ڕوویدات و لەدەرەوەی ئەو مالە هیچ بەسەرهاتێك ڕوو نەدات. چەندینجار بەشێوازگەلی جیاواز دەستم بەنووسینی کرد و هێلکاری هەندێك لەکەسایەتیە لاوەکیەکانم داڕشت و تەنانەت ناوی خێزانیشم بۆ دیاریی کردن، کە دواتر لە کتێبەکانی ترمدا بەکارم هێنان. یەکێك لە هەستیاریەکانم لە نووسیندا ئەوەیە کە زۆر پێم ناخۆشە لە یەك ڕستەدا دوو وشەی هاو سەروا لەنزیك یەکەوە بەکاربهێنم، تەنانەت گەر هاوسەروابوونیشیان بکەوێتە دوا دەنگدارەوە، هەمیشە ئەوشتەم بە خالی

---

[1] Buendia، ناوی خێزانی کەسایەتیە سەرەکیەکانی سەدسال تەنیایی.

لاوازیـم لەقەڵەم داوە و بەباشـم زانیـوە تائەوکاتـەی رسـتە خراپەکـەم چـاك نـەکردووە دەقەکە چاپ نەکەم. هەرلەبەرئـەوەش چـەندجارێك ئەوەنـدەی نـەمابوو چـاو لـە نـاوی خێزانی بووینـدیا بپۆشـم، لەبەرئـەوەی بەناچـار لەتـەك رابـردووی بـەردەوامی زۆربـەی کردارەکاندا هاوسەروا دەردەچوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا، سـەرەنجام خـۆی بەسـەردا سـەپاندم لەبەرئەوەی توانیبووی شوناسێکی سەربەخۆ و باوەرپێکراو بۆخۆی بدۆزێتەوە.

سەرقاڵی ئەو مەسەلەیە بـووم کـە رۆژێکیـان بـەیانی، بەشـێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، سـندوقێکی دارینمـان لـە ماڵـەوە دۆزیـەوە کـە نـاو وناونیـشانی کەسـی لەسـەر نـەبوو و دیارنەبوو دەبێت بگاتە دەستی کێ. مارگۆتی خۆشکم لە کەسێکی نەناسراوی وەرگرتبـوو کـە دەموچـاوی بـیر نەدەکەوتـەوە، بێئـەوەی هیـچی لێ بپرسـێت لەبەرئـەوەی وایزانیـوە بەشـێك بـووە لـە شـتومەکە بـەجێماوەکانی دەرمانخانـە فرۆشـراوەکە. منـیش هـەمان بیرکردنەوەم هەبوو بۆیە بەئارامیو بەبێ هیچ جۆرە شڵەژانێك نـانی بـەیانیم خـوارد. باوکیـشم رونـی کـردەوە کـە دەسـتکاری سـندوقەکەی نـەکردووە لەبەرئـەوەی وایزانیـوە بەشێکە لەوشتانەی من کە هێشتا نەچووم بەلایدا، دەتـوت ئـەوەی فـەرامۆش کـردوە کـە لـەو دونیایـەدا هیـچم نـەمابوو تـا بـچمە سـۆراغی. گۆسـتاپۆی بـرام، بـە سـیازدە سـاڵ تەمەنەوە، شارەزایی تەواوی لـە بزمـار داکـووتین و بزمـار هەڵکەنـدنـدا هـەبوو، بڕیاریـدا بەبێ مۆڵەت وەرگرتن سندوقەکە بکاتەوە. چەند خولەکێك دوای ئەوە هاواری لێهەستا:

- پڕە لەکتێب!

دڵـم لـەپێش خۆمـەوە راپـەڕی. ئـەو کتێبانـە کـە دیارنـەبوو لەلایـەن چ کەسـێکەوە نێردراون زۆر مامۆستایانە پێچرابوونەوە، پـڕی سـندوقەکە بـوون لەتـەك نامەیـەك کـە کردنەوەی کۆدەکانی بەهەموو کەسێك نـەدەکرا لەبەرئـەوەی خـەتی ژێرمـەن هیـچی لـە ئاماژە هیرۆگلیفیەکان کەمتر نەبوو و نهێنی ئامێز بوو :"**ئەم پێشکەشیە ناوازەیـە قبـوڵ بکە، مامۆستا! بـزانم دواجـار فێـری شتێك دەبیـت.** "واژۆی ئالفۆنـسۆ فۆینمـار و چـەند وشـەیەکی تێکەڵۆپێکـەڵ لـە خـوارەوەی نامەکـەی بەرچـاو دەکـەوتن کـە بەزەحمـەت تێگەیشتم ناوی دۆن رامۆن بینیس نووسراوە، کە تا ئەوکاتە شانازیی ناسینیم بـە نـسیب نەببوو. تەنها ئامۆژگاری کردبووم نەیا دەست بۆ دزی ئەدەبی ئاشکرا ببەم، بەشێوەیەك کە زۆر ئاشکرابێت و ببێتە هۆی ئابڕوچون. لە بەینی لاپەڕەکانی یـەکێك لـە کتێبـەکانی ڤاگنەردا یاداشتێکی ئالڤارۆ سێپدام دۆزیەوە، بە خەتێکی خوار وخێچەوە کـە بەپەلـەش نووسـرابوو، و لەمیانەیـدا هـەواڵی ئـەوەی بـۆ نوسـیبووم بەمەبەسـتی بەشداریکردن لـە خـولێکی یـەك سـاڵی لـە ڤوتابخانـەی رۆژنامەنووسـی زانکـۆی کۆڵۆمبیـا بـەرەو نیۆیـۆرك دەڕوات.

لەپێش هەموو شتیکەوە کتێبەکانم لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانا، کە دایکم تازە لەدەست سفرەی نانی بەیانی رزگاری کردبوو. هەروەها ناچاربوو منالّە بچوکەکانی، کە بەنیازبوون بەمەقەست بکەونە ویزەی وێنەی نێو کتێبەکان و بیانبڕن و ئەوسەگە بەرەلاّیانەی بۆنیان بە کتێبەکانەوە دەکرد بەوهیوایەی پارویەکی ددانگیر بن، بە گسکەکەی ڕاوبنێت. منیش بۆنم پێوە دەکردن، وەکو ئەوەی هەمیشە بۆن بە هەر کتێبێکی تازەوە دەکەم و بەدەم لاپەڕە هەڵدانیەوە، بەرێکەوت و بێ هیچ مەبەستێك چەند دێرێکی لێ دەخوێنمەوە. بەدرێژایی شەو بەئاگا بووم و سێ یان چوار جار جێگۆرکێم کرد لەبەرئەوەی بێقەراربووم و لەژێر رووناکی کزی ئەو ڕێڕەوەی دەچووەوسەر حەوشەکە چاوەکانم ماندو دەبوون و ئەوکاتەی سپێدە هەڵهات تووشی پشت ئێشە ببوم و هێشتا تەنانەت نەمدەتوانی بیر لەوەبکەمەوە ئەو ڕووداوە موعجیزەئاساییە چەند سودی بۆ من هەبوو.

بریتی بوون لە بیست و سێ بەرهەمی بەرجەستەی نووسەرە هاوچەرخەکان، بە زمانی ئیسپانیو دیاربوو بەونیازە هەڵبژێردرابوون کە بەخوێندنەومیان فێری شێوازەکانی چیرۆك نووسین ببم. هەندێك لە وەرگێڕانەکان تەواو تازە بوون، وەکو **تورەیی وهاتوهاواری** ویلیام فاگنەر. پاش تێپەڕینی پەنجاساڵ، ناتوانم ناوی هەرهەموویانم بیر بکەوێتەوە و ئەوسێ دۆستە هەمیشەییەی کە بەدوورم نەدەزانی هێشتا ناوەکانیان لەبەربێت هەنووکە نەماون تاوەکو یارمەتی بیرەوەریە ماندووە فەرسوودەکەم بدەن. تەنها دوانیانم پێشتر خوێندبوەوە: خاتوو دیلۆڤی بەرهەمی فێرجینیا ڤۆلف و **هەمانگی ئاوازەکان**ی نووسینی ئالدۆس هاکسلی. ئەو بەرهەمانەی باشتر لەبیرم ماون بەرهەمەکانی ویلیام فاگنەرن: شارۆچکە، تورەیی وهاتوهاوار، **گۆڕبەگۆڕو دارخورما کێویەکان**. هەروەها **مانهاتن ترانسفێر**[1] و و وابزانم رۆمانێکیتری جان دووسپاسووس، **ئۆرلاندۆ**[2] ی ڤیرجینیا ڤۆلف، **مرۆڤەکان و مشکەکان و بۆلەکانی تورەیی** بەرهەمی جان شتاین بێگ، **پۆرترێتی جنۆکەیەك** بەرهەمی **رۆبێرت نێتنهان**[3] و **جادەی تووتن** ی بەرهەمی ئێرسکین کالدۆل. لەنێو ئەو ناونیشانەدا کە لەماوەی نیوسەدەدا فەرامۆشم کردون، هیچ نەبێت کتێبێکی هەمنگوای تێدابوو، یان لەوانەیە کۆمەڵە چیرۆکێك کە سێ هاوڕێ بارانکیایەکەم، لەنێوان بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەدا، لەهەرهەمویان زیاتر پەسەندیان دەکرد کتێبێکی لوویس خۆرخێ بوورخیسیش لەو

---

[1]. Manhattan Transfer

[2]. Orlando

[3]. Robert Nathan

سندوقەدا بەدی دەکراکە وابزانم ئەویش کۆمەڵە چیرۆك بوو هەروەها لەتەك بەرهەمێکی فلیسبێرتۆ هێرناندێسی چیرۆکنووسی داهێنەری ئۆرۆگوایی کە هاوڕێکانم تازە ئاشنای نووسینەکانی ببوون و لەهەموو شوێنێك بەدەنگی بەرز ئەو کەشفە تازەیەی خۆیان رادەگەیاند. لە ماوەی مانگەکانی داهاتوودا هەر هەموویانم خوێندەوە، هەندێکیانم بە وردی و هەندێکیشیانم هەروا بەسەر پێیی خوێندەوەو بەهۆی فەری ئەو بەرهەمانە توانیم لەوبەرزەخەی تێدا دەتلامەوە بێمە دەرەوە.

بەهۆی دەردە ریخۆڵەوە، قەدەغەبوو جگەرە بکێشم و بەڵام بەدزیەوە لە توالێت جگەرەم دەکێشا و هەستم دەکرد لە چاوی هەمووان و تەنانەت لە چاوی خۆم بەدوورم. پزیشکەکە لەومەسەلەی تێگەیشت و ئاگاداری کردمەوە، بەڵام توانام زۆر لەوە سستتر بوو بتوانم گوێ لە ئامۆژگاریەکانی بگرم. لەماوەی مانەوەمدا لە سووکرێ، بەدەم خوێندنەوەی بێپچڕانی کتێبگەلی پێشکەشیەوە جگەرەم بەبا دەکرد تائەوەی چیتر هەناسەم لەبەر دەبڕا و تازیاتر هەوڵم دەدا تەرکی بکەم، زیاترم دەکێشا. رۆژی چوار پاکەت جگەرەم دەکێشا، جاری واهەبوو خواردنەکەم تەواو نەدەکرد، جگەرەم دادەگیرساند، زۆرجار بەجگەرەوە خەوم لێدەکەوت و متیلەکانم دەسووتاند. ترس لە مردن، شەوانە، لەخەو رایدەپەڕاندم و بۆئەوەی هێمن ببمەوە، هیچ چارەیەکم نەدەبینەیەوە ئەوەندەبێت جگەرەیەك دابگیرسێنم. دواجار، بەتەواوەتی دەستم لەو مەسەلەیە شت و بەباشم زانی بمرم بەڵام جگەرە تەرك نەکەم.

زیاتر لەبیست ساڵ دوای ئەوە، ئەوکاتەی خاوەنی ماڵ و منداڵ بووم، هەر جگەرەم دەکێشا. ئەو پزیشکەی کە رادیۆگرافی سیەکانمی بینی، بەترسەوە پێی وتم گەر بەوجۆرە درێژەی پێ بدەم، نزیکەی دوو یان سێ ساڵیتر دەتوانم هەناسە بدەم. شڵەژاوو پەرێشان، گەیشتمە لووتکەی داماوی، چەند کاتژمێرێك بەبێ ئیش لەسووچێکدا دادەنیشتم لەبەرئەوەی بەبێ جگرە نەمدەتوانی بخوێنمەوە، نە گوێ لە مۆزیك بگرم، نە لەتەك دۆست و دوژمن قسە بکەم. لەو قۆناغە قەیرانیەدا، شەوێکیان، لەسەر خوانی ئێوارە، لە مێوانداریەکدا لە بەرشەلۆنە کە بەناچاری لەوێ بووم، هاورێیەکی دەروونناس ئەوەی بۆ میوانەکان رون دەکردەوە کە جگەرە خراپترین ئیدمانە و رزگاربوون لەدەستی خواستی پۆڵاینی دەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دڵنیایەك نییە کە بەتەوەاوەتی ریشەکێش بکرێت. بوێریم دایەبەرخۆم و پرسیم هۆکاری بنەڕەتی ئەو دیاردەیە چی بووەو ئەو وەڵامەی بیستم، ئەوەندە سادەبوو سەرتاپامی تووشی لەرز کرد:

- لەبەرئەوەی تەرك کردنی جگەرە وەکو ئەوەیە یەکێك لە ئازیزەکانت بکووژی.

ئەو رونکردنەوەیە دەتوت تەقینەوەی رۆشنبینیە. هەرگیز تێنەگەیشتم بۆچی - و نەمویست بزانم بۆچی - بەڵام ئەوجگەرمیەم کوژاندەوە کە تازە دامگیرساندبوو و لەوکاتەوە تا ئێستا چیتر دەمم بۆجگەرە نەبردەوە، بێئەوەی توشی هەڵچوون یان پەشیمانی ببمەوە.

ئیدمانەکەی تریشم هەرئەوەندە سەرسەخت بوو. رۆژێك ئێوارە، یەکێك لە خزمەتکارەکانی ماڵەکەی دراوسێمان هاتە ماڵی ئێمە، و پاش ئەوەی لەگەڵ هەمووماندا چاکوچۆنی کرد، خۆی گەیاندە هەیوانەکە و بەوپەڕی رێزەوە داوای مۆڵەتی کرد بۆئەوەی یەك دوو قسەم لەگەڵ بکات. بێئەوەی چاو لەکتێبەکە هەڵبگرم، بەبێدەنگی گوێم لەقسەکانی گرت تائەوکاتەی لێی پرسیم:

- ماتیڵداتان لەبیرە؟

کەسێکم بەو ناوە لەبیر نەبوو، بەڵام ئەو باوەڕی بەو قسەیەم نەکرد. بە جەخت کردنەوە لەسەر وشەکان و بەجۆرە دەربڕینێکی درێژکراوە وتی - **خۆتان گێل مەکەن جەنابی گابیتۆ: نیگرۆمانتا.**

حەقی خۆی بوو: نیگرۆمانتا لەوکاتەدا ژنێکی ئازادبوو، بە منالێك لە هاوسەرە کۆچکردوەکەی و دایك و چەند کەسێك لە خزمەکانی لەماڵەکەی پێشوویاندا دەژیان، بەڵام ژوری نووستنەکەی لە ژورەکانیتر جیابوو و دەرگایەکی چونەدەرەوەی سەربەخۆی بەرەو ئەوسەری گۆڕستانەکە هەبوو. چوومە دیداری و جارێکیتر دیدارە نهێنیەکانمان دەستی پێکردەوە و زیاتر لەمانگێکی خایاند. بەردەوام کاتی گەڕانەوەم بۆ کارتاخنا دوادەخست و خەیاڵی ئەوە لەکەلەی دابووم تاهەتایە لەسوکرە بمێنمەوە. تائەوەی رۆژێکیان بەیانی زوو، تاریك ورونی بەیانی، وەك هەمان شەوی رۆلێتی روسی، هەورەبروسکەو باران بەئاگایان هێنامەوە. لەژێر گوێسەبانەکاندا پەنام گرت، بەڵام بێسود بوو و بەناچاریی لەکاتێکدا تائەژنۆ لەئاودابووم لەسەر شەقامەکە دەستم کرد بە راکردن. شانسم هەبوو کە دایکم لەچێشتخانەکە بەتەنهابوو و لەباخچەکەوە گەیاندمیە ژوری نووستنەکەم بۆئەوەی باوکم بەمەسەلەکە نەزانێت. پاش ئەوەی یارمەتی دام کراسە تەڕەکە دابکەنم، لەکاتێکدا سووچێکی بەدوو پەنجە گرتبوو و تائەوشوێنەی بۆی دەکرا قۆڵی دوورخستەوە، کراسە تەڕەکەی بەقێزوبێزەوە فڕێدایە سووچێکەوە.

- دیسانەوە لەگەڵ ئەو سۆزانیە بوویت.

بەحەپەساوی لەشوێنی خۆم چەقییم.

- چۆن دەزانیت؟

بەهێمنی و خوێنساردانە وەڵامی دایەوە ـ **لەبەرئەوەی هەمان بۆنی جاری پێشووت لێدێت. هەرچەندە جێگەی سوپاسگوزاریە کە مێردەکەی مردووە.**

یەکەمجاریوو دایکمـم ئەوەنـدە بێبەزەیانــە دەبینــی و سـەرم سـوورِما: پێدەچـوو زانیبێتی بیر لەچی دەکەمەوە لەبەرئەوەی هەر خێرا بەمجۆرە درێژەی بەقسەکانیدا:

ـ تەنها یەکجار هەواڵی مردنی کەسێك دڵی خۆش کردووم.

ـ بەدوودڵیەوە پرسیم:

ـ چۆن زانیت سرِوترِم لەگەڵ چ کەسێکە؟

ـ هەناسـەیەکی هەڵکێشا ـ **ئاخ بەدەسـت ئێوەی منداڵەوە! خـوا هـەموو ئەوشـتانە دەخاتە دڵمەوە کە پێویست بکات لەسەر ئازیزانم بیزانم.**

دواتر یارمەتی دام پانتۆڵە تەرِەکەم دابکەنم و ئەویشی فرِێدایەلای جلوبەرگەکانیتری سووچێکی ژوورەکە. بـە خاولیـەکی کـەتانی پـشتی وشـك دەکردمـەوە، لـەناکاو لـەقوڵایی دڵیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی ـ **هەمووتان وەکو باوکتانن. بەڵام خوابکات وەکو ئەو ببنە هاوسەریکی باش.**

بەهۆی چاودێریە پرِسۆزو میهرەبانیـەکانی دایکمـەوە، نەخۆشـی ریخۆڵەکـەم نـەبووە نەخۆشـیـەکی هەمیـشەیی. پـاش ماوەیــەك لــە شـێوازەکەی تێگەیـشتم: بــەردەوام بەچــواردەورمدا هەڵدەســورِاو بەچوارچــاوی چــاودێریی دەکــردم نــەبا بگەرێمــەوە ناوجێگەکەی نیگرۆمانتا کە دەرئەنجامەکەی هەورەبرووسکەو بارانی بەخورِبوو. چیتر هەرگیز نەمبینیەوە.

تەندروست و چالاك گەرِامەوە کارتاخنا و بەهەموانم وت سەرقاڵی نووسینی ماڵەوەم و لەکاتێکدا هێشتا بەشی یەکـەمیم تـەواو نـەکردبوو، بـەجۆرێك قـسەم لەسـەر دەکـرد دەتوت ئەوەندەی نەماوە تەواوی بکەم. زابالاو ئـاکتۆر وەکـو کـورِی (ئەسـرەفکار)، کـە لـە ئینجیلدا چیرۆکەکەی باس کراوە، بە ئامێزی ئاوەڵاوە وەریان گرتمەوە. لە زانکۆ، مامۆستا نیازپاك و میهرەبانەکانم، بەرواڵەت، خۆیـان بـە بەرپرسیار دەزانـی لەگـەڵم رێبکـەون و گوێ بە نارێکوپێکیەکانم نەدەن. هاوکات جارناجار هەندێك بابەتم بـۆ ئـال ئۆنیڤەرسـاڵ دەنووسی کە لەبریی ئەو نووسینانە پاداشتێکی هەمیشەییم وەردەگرت. لەبواری چیرۆك نووسـیندا، زیـاتر لەبـەر مامۆسـتا زابـالا درێـژە بـەکارکردن دا و زۆر بـە زەحمـەت دوو چیرۆکیترم نووسی: **گفتوگۆی ئاوێنەو ئاکامی تاڵی سێ خەوگەرِ** کە هـەردووکیان لـە ئـال ئۆنیڤەرسـاڵدا بلاوکرانـەوە. هەرچـەندە زمـانی داخــراوو شـێوازە قورسـەکەی چـوار چـیرۆکەکەی پێـشووترم بەسـەر ئـەم چـیرۆکەوە بـارگرانی نـەدەکرد، بـەڵام هێـشتا نەمتوانیبوو خۆم لە لیتاوی ئاشیگەری دەربازبکەم.

لەو دەمەدا، ناکۆکی سیاسی ئەودوای ناوچەکانیتری ولآت گەیشتبووە کارتاخناش و دەبوو ئەوە بە نیشانەیەکی شووم لەقەڵەم بدەم کە هەواڵی سەرهەڵدانی بارودۆخێکی بارگرژی دەهێنا. کۆتایی ساڵ، لیبراڵەکان، بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین لەبەرامبەر سەرکووتکاریی وەحشیانە و وێرانکارانە، هەمووجۆرە چالاکیەکیان لەسەرجەم بوارەکاندا هەڵپەسارد بەڵام دەستبەرداری پلانەکانی لەناوبردنی دەوڵەت بوون. لە گوندەکاندا توندوتیژی پەرەی سەندبوو و خەڵکی پەنایان بۆ شارەکان دەبرد. چاودێری چاپەمەنیەکان، بە توندی چاپەمەنیەکانیان ناچار دەکرد راستیەکان بەپێچەوانەوە دەربخەن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەمووان دەیانزانی کە لیبراڵە فیرارەکان، لەناوچە جیاوازەکانی ولآت گروپگەلی پارتیزانیان پێکهێنابوو. لە دەشتەکانی خۆرهەلآت - ئۆقیانووسێکی گەورەی دەشتایی سەوز کە زیاتر لەیەك لەسەر چواری ولآتی دەگرتەوە - ببونە وێنەیەکی ئەفسانەیی. فەرماندەی گشتیان، **گوادولوپێ سالسێدۆ**[1]، لەلای هەمووان، تەنانەت لەلای هێزە سەربازیەکانیش، بەکەسایەتیەکی ئەفسانەیی دەینووواند و وێنەکانیان بەدزیەوە بەنێو خەڵکیدا بلآودەکردەوە، سەدان دانەیان لەبەر دەگیرایەوە و لەمیحرابی کلێساکاندا بۆی دەپارانەوەو مۆمیان بۆ دادەگیرساند بۆئەوەی لەمەترسیەکان پارێزراو بێت.

لایەنگرانی دێ لا ئیسپریێا، وادیاربوو لەوەی باسیان دەکرد زیاتریان دەزانی و لە بارەگا گەمارۆدراوەکەیاندا بێپەروا باسی دروستبوونی کودەتایەکیان دەکرد لەدژی دەوڵەت. کەس لە ووردەکاریەکان بەئاگانەبوو، بەڵام مامۆستا زابالا ئاگاداری کردبوومەوە هەرئەوەندەی بینیم بارودۆخی سەرشەقامەکان نائارامە خۆم بگەیێنمە نووسینگەی رۆژنامەکە. کاتژمێر سێی پاشنیوەرۆ لە دۆندرمەفرۆشیە ئەمریکیەکە وادەی دیدارم هەبوو و هەرئەوەندەی گەیشتمە ئەوێ توشی دڵەراوکێکی زۆربووم، دەتوت پێستم هەستی بە هەڵچوونە نهێنیەکە دەکرد. لەسوچێکی پەراوێزکەوتودا، یەکێك لە هاوپۆلیە کۆنەکانم هەبوو کە هەرگیز پێکەوە لەسەر سیاسەت قسەمان نەکردبوو. بێئەوەی تەماشام بکات، بەتەنیشتمدا تێپەری و لەژێرلێوەوە وتی:

- زوو برۆ بۆ نووسینگەی گۆڤارەکە، لەبەرئەوەی هەرئێستا دەبێتە فەرتەنە.

بەپێچەوانەی ئامۆژگاریەکەی رەفتارم کرد: لەباتی ئەوەی خۆم لە نووسینگەی نووسەران زیندانی بکەم، وتم با شۆرشەکە لەنزیکەوە لە ناوەندی شارەوە بەچاوی خۆم ببینم. چەندین خولەك پاشئەوە، یەکێك لە کارمەندەکانی بەشی چاپەمەنی پارێزگا،

---

[1]. Guadalupe Salcedo

لەسەر مێزەکەم دانیشت و هەرگیز بیرم لەوە نەکردەوە بۆ ئەوە ناردویانە جوڵانەوەکانی من پوچەڵ بکاتەوە. نیو کاتژمێر پێکەوە لەسەر ئەموئەو قسەمان کرد و ئەوکاتەی هەستا بڕوات، تازە لەوە تێگەیشتم کە سەرجەم کڕیارەکان بێئەوەی من ئاگام لێبێت دۆندرمە فرۆشیەکەیان بەجێهێشتووە. ئەو چاودێریی ئاراستەی سەیرکردنەکەمی کردو لە کاتژمێرەکەی ورد بوەوە: یەك و دە خولەك بوو.

لەکاتێکدا دەیویست لەسەرخۆییەکەی دەربخات، وتی ـ **نیگەران مەبە! هیچ رووی نەدا.**

مەسەلەکە بەوجۆرەبوو کە بڕیاربوو گروپێك لە گرنگترین رابەرە لیبراڵەکان، کە لەتاو توندوتیژی حکومی بێزارببون، بۆ روبەڕوبونەوەی حکومەتی پارێزکاران، کە دەیانویست بەهەر نرخێك بووە لەسەر دەسەڵات بمێنەوە، و بۆگەویشتن بە ئامانجەکانیان، لەهەرسوچێکی وڵات دەستیان دەدایە سەرکوت و خوێنڕێژی، لەتەك پایەبەرزترین فەرماندە دیموکراتەکان لەسەر ئەوە رێکەوتبون تاوەکو کۆتایی بەو کوشتارە بێبەربەستانە بهێنن: زۆربەیان لە دانیشتنەکانی ٩ی ئابریلدا بەشدارییان کردبوو، بەوهیوایەی لەتەك ئۆسپینا پێرسی سەرەك کۆمار رێبکەون و ئاشتی بگەڕێنەوە بۆ وڵات و پاش تێپەڕینی بیست مانگ تێگەیشتبون کە فێڵیان لێکراوە و کڵاوێکی گەورەیان لەسەر کردون، بەڵام زۆر درەنگ بوو. جوڵانەوەی بێئەنجامی ئەو رۆژە بە فەرمانی خودی کارلۆس یراس رێستێرپۆی رابەری بزووتنەوەی لیبراڵی و بەهۆی پلینیۆ میندۆزا نیێرای وەزیری پێشوی جەنگ لەکابینەی لیبراڵەکان کە پەیوەندیەکی دۆستانە و زۆر نزیکی لەتەك فەرماندەی هێزە سەربازیەکاندا هەبوو، بەرنامەی بۆ دارێژرابوو. ئەو چالاکیەی میندۆزا نیێرا بەهاوبەشی نهێنی ئەندامە بەرجەستەکانی حیزب لە سەرجەم وڵات رێکخرابوو دەبوو بەیانی ئەو رۆژە بە بۆردومان کردنی کۆشکی سەرەك کۆماریی لەلایەن فرۆکە سەربازیەکانەوە دەست پێبکات. سەربازگە دەریاییەکانی کارتاخنا و **ئاپیای**[1]، زۆربەی سەربازگە سەربازیەکانی وڵات و دامەزراوە پیشەییەکان پاڵپشتی ئەو بزوتنەوەیان دەکرد و سوربوون لەسەرئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست و دەوڵەتێکی مەدەنی ئاشتی نەتەوەییی پێکبهێنن.

تەنها پاش شکستی چالاکیەکە دەرکەوت کە دوو رۆژ پێش وادە دیاریکراوەکە، سەرەك کۆماری پێشوو، ئێدواردۆ سانتۆس، کاربەدەستانی لیبراڵ و رابەرانی کودەتاکەی

---

[1]. Apiay

بەمەبەستی لێکدانەوەی کۆتایی پلانەکە ـ لە ماڵەکەی خۆی لە بۆگۆتا کۆکردبووەوە. لەمیانەی باسەکەدا، کە لەوهەلومەرجانەدا تەواو ئاساییە:

ـ ئایا خوێنیش دەڕێژرێت؟

هیچ یەك لە ئامادەبوان ئەوەندە سادە و نیازخراپ نەبوون کە بەنەخێر وەڵام بدەنەوە. رابەرەکانیتر رونیان کردەوە کە ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن رێگە لە کوشتار بگرن بەڵام بەهەرحاڵ شێوەیەکی جادوئاسا بوونی نییە کە رێگە لە رووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان بگرێت. رابەری لیبراڵەکان لە مەواداکانی ئەو پلانەی دایان ژشتبو تووشی مەترسی بوو، و بەبێ راگۆڕینەوە لەتەك ئەوانیتر، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پلانەکەی راگەیاند. زۆربەی ئەوانەی دەرگیری مەسەلەی کودەتاکەبوون لەکاتی خۆیدا ئەو بڕیارەیان پێنەگەیشت و دەرئەنجامی ئەوەش یان کەوتنە زیندانەوە یان کووژران. هەندێکیتر پێشنیاریی ئەوەیان بە میندۆزا کرد کە بەتەنهایی تا بەدەستهێنانی دەسەڵات رابەرایەتی کودەتاکە بکات، بەڵام ئەو، زیاتر لەبەر بەڵگەگەلی رەفتاریی نەوەکو بەرژەوەندیخوازیی سیاسی، ئەو پێشنیارەی قبوڵ نەکرد و بواری بۆ هەڵنەکەوت هەموو ئەوانەی بڕیاربوو لە چالاکیەکەدا بەشداریی بکەن لە گۆڕانکاریی بەرنامەکان ئاگادار بکاتەوە. توانی پەنا بۆ سەفارەتی ڤێنزوێلا ببات، چوارساڵ لە کاراکاس دوربخرێتەوە لە حوکمی دادگای سەربازیی، کە بەئامادە نەبوونی خۆی بە بیست و پێنج ساڵ زیندان سزادرابوو، خۆی بپارێزێت. پەنجاودوو ساڵ پاش ئەوە، بێئەوەی دەستم بلەرزێت ـ بەبێ مۆڵەتی ئەو ـ جورئەت دەکەم بنووسم تاکۆتایی تەمەن، کە لە کاراکاس دورخرابۆوە، هەست کردن بە پەشیمانی بۆ یەك چرکەش داوێنی بەرنەدا، لەبەرئەوەی ژمارەی ترسناکی قوربانیەکانی حکومەتی پارێزکار کابووسی هەمیشەیی بوو : نزیکەی سێسەد هەزار کەس لەماوەی بیست ساڵدا.

ئەو رۆژگارانە لەهەندێك رووەوە بۆ منیش قۆناغێکی چارەنووس ساز بوو: کەمتر لە دوومانگ پێشترەوە، لە ساڵی سێهەمی مافدا دەرنەچوبوم و بەڵێنامەی هاوکاریکردنی ئال ئۆنیڤەرساڵم هەڵوەشاندەوە لەبەرئەوەی لە هیچکامیاندا روانگەیەکی هیوابەخشم بۆ داهاتووم بەدی نەدەکرد. بیانوم بۆئەوەش ئەوەبوو کە دەمەوێت بۆ نووسینی ئەو رۆمانەی تازە دەستکم پێکردبوو کاتی ئازادم هەبێت، هەرچەند لە قوڵایی دڵمەوە هەستم بەوەدەکرد ئەوەی دەیڵێم نە بەتەواوەتی راستە و نەدرۆ، بەڵکو ئەو چیرۆکە، لەپڕ وەکو پێکهاتەیەکی چیرۆکئامێزانە، بەمن ئیلهام کرابوو، بەشێکی کەمی وانەکانی ڤاکنەرم تێیدا بەکارهێنابوو و بەهەموو ئەو کەموکوڕیانەی لە بێئەزموونیمەوە سەرچاوەی دەگرت، ئاوێتەم کردبوو. زۆر زوو درکم بەوەکرد گێڕانەوەی چیرۆك گەلی

ساخته هاوتای ئەوەی مرۆڤ سەرقاڵی نووسینیەتی - بێئەوەی ناوەرۆکی بەرهەمە بنەرەتیەکە ئاشکرا بکات - دەتوانێت لایەنێکی بایەخداری داهێنان و نووسینی ئەدەبی بێت. بەڵام بارودۆخی من جیاوازبوو، لەبەرئەوەی شتێکم نەبوو پیشانی هاورێکانمی بدەم، رۆمانێکی سەرزارەکیم هەڵبەستبوو تا گوێگرەکانم سەرقاڵ بکەم و خۆم فریو بدەم.

درك کردن بەو راستیە ناچاری کردم جارێکیتر بیر لە بەش بە بەشی بیرۆکەکەم بکەمەوە، بەڵام نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێك و نەمتوانی زیاتر لە چل لاپەڕەی پەردەوازە بنووسم و لەگەڵ ئەوەشدا، لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا هەندێك بابەتی لەسەر بلاوکرایەوە - خۆشم چەندجارێك ئاماژەم بۆ کرد - تەنانەت پێشوەخت چەند رەخنەیەکی هەڵسەنگێنراو، لە لایەن کۆمەڵێك خوێنەرەوە کە خەیاڵێکی بەتوانایان هەبوو، دەربارەی بلاوکرایەوە. لەراستیدا، راهاتن لەسەر گێڕانەوەی بیرۆکە هاوتەریبەکان شایستەی سەرزەنشست کردن نییە، بەڵکو دەبێت هاودڵی بورووژێنێت: ترس لە نووسین دەتوانێت هێندەی ترس لە نەنووسین تاقەت پڕوکێن بێت. سەرباری ئەمەش، دەربارەی خۆم لەوە دڵنیام گەر بیرۆکەی سەرەکی کارێکم بۆ هەرکەسێك بگێڕمەوە، دەبێتەهۆی بێبەختیم. بەڵام، ئەوەی دڵم خۆش دەکات ئەوەیە کە زۆرجار چیرۆکی سەرزارەکی رەنگە لەوەی دەینووسم باشتر دەربچێت. بەوشێوەیە، بێئەوەی بزانم، شێوەیەکی ئەدەبی نوێ دەخولقێت کە شوێنگەی لە گۆڕەپانی ئەدەبدا بەتاڵە: چیرۆك هەڵبەستن بە نیازی چیرۆك نووسین.

راستترین حەقیقەت ئەوەبوو کە نەمدەزانی چۆن درێژە بە ژیان بدەم. سەردەمی چاکبونەوەم لە سووکرێ ئەوەی پێ سەلماندم کە هێشتا رێچکەی ژیانی خۆم نەدۆزیوەتەوە، بەڵام هیچ سەرە داوێکیشم پەیدا نەکرد بەرەو رێگەی راست رێنوێنیم بکات و هیچ بەڵگەیەکی نوێم بە خەیاڵدا نەهات تاوەکو دایك و باوکم قایل بکەم کە گەر خۆم بە شایستە زانی لەمەڕ داهاتووم بڕیاربدەم، و ئەوانیش لەتاو خەفەت دیق نەکەن. بەوشێوەیە، بەودووسەد پیزۆیەی، دایکم پێش گەڕانەوەم بۆکارتاخنا، لە پاشەکەوتە نهێنیەکەی بە منی دابوو، رێگەی بارانکیام گرتەبەر.

١٥ی دێسامبەری ١٩٤٩، کاتژمێر پێنجی دوانیوەڕۆ چوومە کتێبخانەی مۆندۆ و چاوەڕێی هاورێکانم کرد، کە پاش ئەوشەوەی مانگی مەی کە لەگەڵ جەنابی ئارسورەی لەبیرنەکراودا بە پیاسە بردمانەسەر، چیتر نەمبینیبوونەوە. جگەلە جانتایەکی بچوك کە چەند کتێبێك و فایلێکی چەرم کە دەستنووسی چیرۆکەکانمی تێدا بوو لەتەك ئەوجلوبەرگانەی بەنۆبە دەمشتن، بارگەوبنەیەکی ترم پێ نەبوو. چەند خولەکێك پاش

چوونم بۆ ئەوێ، هەموویان، یەك بەیەك سەروكەللەیان پەیدابووو بەهاتوهاوار و دەنگەدەنگ بەخێرهاتنیان کردم. تەنها جێگەی ئالفارۆ سێپدا بەتاڵ بوو کە لە نیویۆرك سەرقاڵی بەسەربردنی خولی رۆژنامەنوسی بوو. ئەوکاتەی هەموومان کۆبووینەوە، لە کتێبفرشیەکە هاتینەدەرەوە بەونیازەی دەمێك تەڕ بکەین، بەڵام ئیتر نەچووین بۆ کافتریای کۆڵۆمبیا، لەبەرئەوەی هاورێکانم شوێنێکی نوێ‌ونزیکتریان هەڵبژاردبوو: کافتریای خاپی، ئەوبەر شەقامەکە.

نە بۆ ئەوشەوەو نە بۆ ئەودوای ژیانم، شوێنێکم نەبوو. سەیر لەوەدابوو هەرگیز بیرم لەوەنەکردبووەوە کە پێدەچێت ئەوشوێنە بەڵێندراوە بارانکیا بێت و گەر رێگەی ئەوێم گرتبوەبەر تەنها لەبەر ئەوەبوو کە دەمویست لەسەر ئەدەب دەمەتەقێ بکەم و لەنزیکەوە لەبری ئەو کتێبانەی بۆیان ناردبوم بۆ سوکرە سوپاسی هاورێکانم بکەم. مەبەستی یەکەمم بەتەواوەتی هاتەدی، و تەنانەت کۆڵێك لەوەش زیاتر قسەمان بۆ مایەوە، بەڵام دەربارەی بابەتی دوهەم، زمانم نەگەڕا تەنانەت یەك وشەش دەربڕم لەبەرئەوەی ئەندامانی گروپەکە، بەشێوەیەکی خورافی، لە خووی سوپاس کردن و گوێگرتن لە سووپاسی بەرامبەر ترس - یان باشترە بڵێم - بێزار بوون.

ئەو شەوە، بۆ ئەو دوازدە کەسەی کۆببوینەوە خواردنێکی ئامادەی فەراهەم کرد. لەو میوانداریە سادەو بارسوکەدا، هەموجۆرە مرۆڤێك هەبوو، لە وێنەکێش و پرسگەوە تا یەکێك لە بەرپرسە پایەبڵندەکانی پارێزگا، بارانکیایەکی پارێزکاری عەیارە تەواو کە بەشێوەی تایبەتی خۆی کارمەندەکانی ژێردەستی هەڵدەبژارد و فرمانی پێدەدان. کەمێك پاش نیوەشەو، زۆربەیان رۆشتن و ئەوانەشی کە زۆریان خواردبوەوە لە کۆمەڵەکە جیابوونەوەو لەسووچێکدا بەتەنها مانەوە. تائەوەی دەمەو بەیان، تەنها من‌و ئالفۆنسۆ و کارمەندەکەی پارێزگا مابنەوە، کە تارادەیەك هۆش وبیرمان لەسەرخۆی بوو و بەهرەکەتی شنەی دەمەوبەیان و هێزی لاویەتی، نیشانەیەك لە سستی مەی نۆشی شەوانە لەرەفتارو قسەکانماندا بەدی نەدەکرا.

لە وتووێژە چڕوپڕەکانی ئەو شەوەدا، پەییم بە بابەتێکی سەرسوڕهێنەر لەمەڕ بەرێوەبردنی شار لەو ساڵە خوێناویانەدا برد. بەپێی ئەوشتانەی بیستم، بە لێکدانەوەیەکی زمینی و سەرەپێیی، گەیشتمە ئەوئەنجامەی کە سیاسەتی وەحشیانە و وێرانکارانەی دەوڵەتی پارێزکار گەلێك زیانی قەرەبوو نەکراوی خستبووەوە و یەکێك لە مەینەتبارترین ئاکامەکانی ئەو سیاسەتەی ژمارەی زۆری ئەو پەنابەرانەبوو کە بەبێ پشت‌و پەناو سکی برسی ئاوارەی شارەکان ببوون.

کارمەنـدە بڵندپایەکـەی پارێزگـا بەمـشێوەیە قـسەکانی کۆتـایی پێهێنـا **- گـەر بارودۆخەکە بەمجۆرە درێژە بکێشێت، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، حیزبەکـەی ئێمـە، بە پشت بەستن بەهێزە چەکدارەکان، تاکە هێزی گۆڕەپانەکە دەبێت و دەسـەڵاتی رەها بەدەست دەهێنێت.**

تاکە شـوێنی جیـاواز بارانکیـابوو کـە لەوشـارەدا تەنانـەت پارێزکـارە ناوخۆیـەکانیش، کلتـووری پێکـەوە ژیـانی سیاسـیان قبـوڵ دەکـرد و هـەر لەبەرئـەوەش ئەوشـارە لـەنێو جەرگەی تۆفاندا ببووە پەناگەیەکی هێمن و ئاسایش. ویستم بەقسەکردن لەسەر لایـەنی رەوشتیی بارودۆخەکە، بۆچونەکەی رەت بکەمەوە، بەڵام ئەو، بەئاماژەی دەست، لێبڕاوانە و دەسەڵاتدارانە ناچار بە بێدەنگی کردم.

وتی **- ببورن، ئـەم تایبەتمەندیـە بێمانایـە ئـەوە ناگەیـەنێت کـە لەپـەراوێزی ژیـانی نەتەوەییـدا دەمێنینـەوە. بەپێچەوانەوە، بەتـەواوەتی لەبـەر ئاشـتیخوازیمان، کارەسـاتە کۆمەڵایەتیەکانی وڵات، بەدزیەوە و لەدەرگای پشتەوە، یەخەمان دەگرن و ئەوکاتەی کە هەرگیز چاوەڕوانی ناکەین، دەبینین لێرەن. تەواو وەکو ئێستا!**

لەوکاتــەدابوو تێگەیــشتم کــە نزیکــەی پێــنج هــەزار پەنابــەری خــەڵکی ناوچــە ناوەندیـەکانی وڵات، بـە بـارودۆخێکی مەینـەتبارو بزوێنـەرەوە، هاتوونەتـە بارانکیـا و بەرپرسە ناوچەییەکان نازانن چۆن کۆیان بکەنەوە یان لە کوێ جێگەیان بۆ بکەنـەوە تـا بابەتەکە ئاشکرا نـەبێت. بـۆ یەکـەمجار لەمێـژوووی ئەوشـارەدا، مـەفرەزە سـەربازیەکان لەشوێنە هەستیارەکان ئێشکیان دەگرت و هەموو خەڵکی دەیانبینین، بەڵام دەوڵـەت ئـەو راستیەی رەت دەکردەوە و بەرپرسانی چاودێری چاپەمەنیەکان بەتونـدی رێگـەیان لـەوە دەگرت کە بڵاوکراوەکان لەوبارەیەوە شتێك بنووسن.

پـاش هـەڵهاتنی هـەتاو، کارمەنـدە پایەبەرزەکـەی پارێزگامـان بەراکێـشان گەیانـدەوە ماڵـەوەیان و خۆمـان چـووین بـۆ **چـووپ سـوویی**[1]، چێـشتخانەی تایبـەتی کرپـارە زوو بێدارەکانی بەیانیان. ئالفۆنسۆ لە کابینەیـەکی رۆژنامەفرۆشـی، سـێ دانـە ئـال ئـالاردۆی کـڕی، کـە لەدوالاپەڕەیـدا نووسـینێك لـەژێر نـاوی پـووك، ئـەونازناوەی بـۆ سـتوونە رۆژ نارۆژەکەی بەکاری دەهێنا، بڵاوکرابوەوە. لە بابەتە کورتەکەیدا، تەنها بەخێرهاتنی منی کردبوو، بەڵام ژێرمەن سەری خستەسەری، لەبەرئەوەی لـە بابەتەکەیـدا نووسـیبووی بـۆ بەسەربردنی پشوو ماوەیەك لەوشارە دەمێنمەوە. ژێرمەن بەگاڵتەوە پێی وت **- باشتربوو بنووسی لێـرە دەمێنێتـەوە بۆئـەوەی ناچارنەبێت دواتـر نووسینێکیترلەسـەر ماڵئـاوایی**

---

[1]. Chop Suey

کردنی بنووسیت. بەوجۆرە مەسرەفێکی کەمتر دەخستە سەرشانی ئال ئارالدۆی پیسکە.

ئالفۆنسۆ زۆر بەجدی لەوباوەڕەدابوو کە رۆژنامەکە پێویستی بە ستوون نووسێکیتر هەیە. بەڵام لەبەر رۆشنایی دەمەوبەیاندا کەس نەیدەتوانی ببێتە هاوتای ژێرمەن و رێگە لە گێلیەتیەکانی بگرێت.

- بەوپێیە، گابیتۆی داماو دەبێتە تابووری پێنجەم لەبەرئەوەی ئێستاکە چوار ستوون نووسیان هەیە.

هیچکامیان بەوجۆرەی خۆم حەزم دەکرد بیروڕای خۆمیان نەپرسی تاوەکو بەبەڵێ وەڵامی پێشنیارەکەیان بدەمەوە. چیتر لەوبارەیەوە قسەمان نەکرد. پێویستمان بەوە نەبوو، لەبەرئەوەی هەر ئەوشەوە ئالفۆنسۆ لەتەك بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەکە قسەی کرد و ئەوانیش قایل بوون ستوون نووسێکی تر دابمەزرێنن، بەومەرجەی کاری باش و ئاستی چاوەڕوانیشی نزم بێت. بەهەرحاڵ، تا پاش پشووی ساڵی نوێ نەیاندەتوانی بڕیاری یەکجارەکی بدەن. بەوشێوەیە، پیشە تازەکەم بوو بە بیانوویەك تا لەوێ بمێنمەوە، هەرچەندە دواتر لە فەوریەدا داواکاریەکەیان رەت کردەوە.

٧

پاش ئەو ڕێکەوتنانە، یەکەمین نووسینم، ٥ ی ژانویەی ١٩٥٠، لە دوالاپەڕەی ئال ئارالدۆی بارانکیادا چاپ بوو. ناوی خۆم لەسەر بابەتەکە نەنووسی لەبەرئەوەی لەمەسەلەکەی ئال ئۆنیڤەرسالەوە چاوم ترسابوو و دەمویست ڕێوشوینەکانی ئیشەکەم دەست بکەوێت و گەر نەمتوانی درێژەی پێ بدەم، ڕێگەیەکی بێدەردیسەرم هەبیت لێی دەربچم. خێرا نازناوێکم بۆخۆم هەڵبژارد: سێپتیمۆس، بە ئیلهام لە ڤارن سێپتیمۆسەوە، ئەوکەسایەتیە سەرسوڕهێنەرەی ڤیرجینیا ڤۆڵف لە خاتوو دێلۆیدا. ناونیشانی ستونەکە ـ"زەرافەی مێ". نازناوی نهێنی هاوسەرە هەمیشەیەکەم بوو لە کۆڕی سەماکانی سوکرێ، کە لەم دونیایەدا تەنها لەلای من و ئەو مانای سۆزداریی هەبوو.

هەستم دەکرد با وەرزیەکانی ژانویە ئەوساڵە زیاتر لەهەر کاتێکیتر هەڵیان دەکرد و شەوانە تا دەمەوبەیان ئەوەندە توندبوون کە بەزەحمەت دەتوانی بەشەقامەکاندا پیاسە بکەیت و بەر قامچیان نەکەویت. گەرمترین بابەتی قسەکردنەکان، پاش ئەوەی لەجێگەکانمان دەهاتینە دەرەوە، وێرانکاریەکانی ئەو ڕەشەبا بێجڵەو بوو کە خەوی لەچاوان دەفڕاند و کولانەی مریشکەکانی لەبنەوە هەڵدەتەکاند و لێواری تەنەکەی سەقفەکانی وەکو ملیەڕێنی باڵدار دەبرد بەئاسماندا.

ئەمڕۆکە، بیر لەوەدەکەمەوە ئەو ڕەشەبا شێتانەیە، دڕکستانە نەزۆکەکانی رابردویان ڕامالیم و دەروازەکانی ژیانی نوێیان بەڕوودا کردمەوە. پەیوەندیم لەتەك گروپەکە لەشەرم و موجامەلەکردن تێپەڕی و بووبە هاودەستیەکی پیشەیی. لەسەرەتادا، دەربارەی بابەت و ناوەڕۆکی بیرۆکەکانمان قسەمان دەکرد و هەندێك بیروبۆچونمان دەردەبڕی کە هەرگیز زانایانە نەبوون، بەڵام بۆهەمیشە لەبیرماندا دەمانەوە. لێبڕاوانەترین ئالوگۆڕی هزریمان بەیانی رۆژێك روویدا کە ئەوکاتەی پێمان نایە کافتریای خاپیەوە، ژێرمەن بارگاس خەریك بوو بەبێدەنگی خوێندنەوەی بڕگەی"زەرافەی مێ"ی تەواودەکرد. ئەودوای ئەندامانی گروپەکە لەچواردەوری مێزەکە دانیشتبوون، و بەترسێکی ئاوێتە بەرێزەوە کە دوکەڵی هۆڵەکە خەستری دەکردەوە، چاوەڕێیان دەکرد تا دوابڕیار

رابگەیێنرێت. ژێرمەن پاش ئەوەی وتارەکەی تاکۆتایی خوێندەوە، بێئەوەی تەماشام بکات یان یەك ووشە بڵێت، وردوردی کرد و لەسەر عەردەکە، لەپاڵ پیسایی و بنەجگەرە و شقارەتە سووتاوەکانی تەپڵەکە بەتاڵکراوەکان، فڕێیدا. کەس هیچی نەوت، حاڵەتیشی نەگۆڕا و دواتریش هەرگیز لەوبارەیەوە قسەی نەکرد. بەلاّم شتێك فێربووم کە تائێستاش بۆمن بەکەڵکە و ڕێگە لەوە دەگرێت، لەڕووی تەمەڵیو پەلەکردنەوە، خۆم بدەمەدەست دوودڵییەکی وێرانکەر کە مرۆڤ هاندەدات تەنها لەبەر لەسەرشان لابردنی ئەرکێك بابەتێك بنووسێت و حورمەتی قەڵەم و دەق لەبەرچاو نەگرێت و بەوجۆرە لە زەحمەتی بیرکردنەوە و ئاوێتەبوون لەتەك وشەکان ڕزگاری ببێت.

خاوەنەکانی ئەو ئوتێلەی نزیکەی ساڵێك لەوێ ژیام، هێدی هێدی وەکو ئەندامێکی بنەماڵەکەیان حسابیان بۆدەکردم. سەرجەم دارونەدارم لەو ڕۆژانەدا، پاپووچە مێژوووییەکان و دووقات جل بوو کە بەنۆبە دەمپۆشین، و لەژێر دووشی گەرماوەکە دەمشتن و فایلێکی چەرم بوو، کە لەئاژاوەکەی ٩ی ئابریل لە هامشۆکەرانی چاپخانەی بۆگۆتا دزیبووم. ئەو فایلەم بۆهەموو شوێنێك لەگەڵ خۆم دەبرد و تاکە نووسخەی ئەو شتەم تێدەکرد کە سەرقاڵی نووسینی بووم، واتە ئەوتاکە شتە بەنرخەی کە لەوانەبوو لەدەستی بدەم. دڵم ڕازی نەدەبوو بیخەمە قاسەی بانکەوە تەنانەت گەر قاسەکە بە حەوت قوفڵیش کلۆم بدرابا. تاکە کەسێك کە لەیەکەمین شەوەکانی مانەوەمدا فایلەکەم دایەدەستی، دەرگاوانی ئوتێلەکە، **لاسیدس**[1]ی کەمدوو و باوەڕپێکراو بوو کە لەبری کرێی ژوورەکەم بەبارمتە لەلای دامنا. زۆر بەسەرنجەوە چاوی بە کاغەزە تایپکراوەکاندا خشاند کە پەڕەگراف بە پەڕەگراف هەڵەچنیم کردبوون و دواتر فایلەکەی خستە چەکمەجەی پرسگەکەوە. ڕۆژی دوایی، لە وادەی خۆیدا، ئەوشتەی بە گیانمەوە گرێدرابوو لەژێردەستی نامەحرەم ڕزگارم کرد و ئەوەندە سەرڕاست بووم کە پاش ماوەیەك فایلەکەی لەبری سێ شەو بەبارمتە لێوەردەگرتم. وردەوردە، ئەو ڕێکەوتنە شێوەیەکی هێند جدی و ڕەسمی وەرگرت کە هەندێکجار، جگەلەوە لەشەوباش بەولاوە چیتر بڵێم، فایلەکەم دەخستە سەر مێزی پێشوازیەکەو کلیلەکەم لە تەختە تایبەتیەکە دەکردەوەوە دەچوومە ژوورەکەمەوە.

ژێرمەن بەبەردەوامی ئاگاداری کەموکورتیەکانی ژیانم بوو، تائەوشوێنەی کە ڕێك دەیزانی چ کاتێك گیرفانم بەتاڵە یان شوێنێکم بۆ نووستن نییەو بەدزیەوە پیزۆنیوێکی دامێ بۆئەوەی شەو بێ سەرپەناو شوێنی نووستن نەمێنمەوە. هەرگیز نەمزانی چۆن

---

[1]. Lacides

درکی بە بارودۆخی دارایم دەکرد. بەهۆی هەڵسوکەوتی باشم متمانەی کرێکارو کڕیارە هەمیشەیەکانی ئوتێلەکەم بەدەست هێنا، بەجۆرێك کە تەنانەت سۆزانیە تاکەکەسیەکانیش لەوێ سابوونەکەی خۆیان بەقەرز دەدامێ بۆئەوەی خۆمی پێبشۆم و بۆنم خۆش ببێت. فەرمانڕەوای ڕەهای ئەوێ خاتوونی خاوەن ئوتێلەکەبوو کە بەمەمکە قوتو گۆپکە کوولەکە ئاساکانیەوە، چاودێری سەرجەم کاروبارەکانی دەکردو بەراستی ناو و نازناوەکەی هیچی لە دەسەڵاتداریەتی و بەڕێوەبەریەتیەکەی کەمتر نەبوو: کاترینی گەورە. هاوڕێ تایبەتیەکەی، **خوناس سێن فیسێنتێ**[1] ی دووڕەگە، پێشتر لە کابارە شکۆمەندەکاندا ترۆمپێتی دەژەند تائەوەی شەوێکیان چەند کەسێك هەڵیانکوتایە سەری و ددانە ئاڵتونیەکانیان شکاند بۆئەوەی رووکەشەکەی بدزن. تێکشکاو و بێتوانا لەفووپیاکردنی ترۆمپێت ناچاربوو پیشەیەکیتر بدۆزێتەوە و بەباڵا شەش بستیەکەیەوە شوێنێکی گونجاوتر لە ئامێزی زێڕینی کاترینی گەورەی چنگ نەکەوت. بەخت یاوەرم بوو و توانیم کەڵك لە رووخۆشی و دەست ودڵ کراوەیی هەردووکیان کە بۆ شادی هاوڕێکانیان درێغیان لەهیچ نەدەکرد، وەربگرم. بەڵام ئەوان هەرگیز لەوە تێنەگەیشتن چۆن گەلێکجار پیزۆونیوێك کرێی ژورەکەم لە گیرفاندا نەبوو ۆ کەچی ئەوهەموو پیاوە گەورە و پارەدارە بە لیمۆزینە دەوڵەتیەکانەوە دەهاتن بەدوامدا و لەگەڵ خۆیان دەیانبردم بۆ پیاسەو گەڕان.

یەکێکیتر لە رووداوە خۆشەکانی ئەو رۆژانە ئەوەبوو کە بوومە تاکە سەکنی **مۆنۆ گێرا**[2]، ئەو شۆفێرە لەرادەبەدەر موو بۆرەی کە بەیەکەم بینین مرۆڤ هەستی دەکرد زاڵە و ئەوەندەش زیرەك و خۆش مەشرەب بوو کە بەبێ پڕوپاگەندەو ماندووبوون بە ئەندامی فەخری ئەنجومەنی شار هەڵبژێردرا. ئەوبەیانیانەی لە گەڕەکە بەدناوەکان بەسەری دەبرد لە فیلمی سینەمایی دەچوون لەبەرئەوەی خۆی تووشی گەلێك بەسەرهاتی خۆش ـ و هەندێك جار شێتانە ـ دەکرد و بەردەوام گەلێك فێڵوتەڵەکەی لە باردابوو و زۆریش بێپەروا بوو. ئەوشەوانەی سەری چۆڵ بوو، ئاگاداریی دەکردمەوە و پێکەوە چەندین کاتژمێر لە گەڕەکە بەدناو و هەژارانەکاندا، ئەوشوێنەی باوکانمان و باوکی باوکانمان فێربببوون چۆن وەچەو تۆوی ڵ فڕێ بدەن، دەخولاینەوە و بەرەڵاییمان دەکرد.

---

[1]. Jonas San Vicente

[2]. Mono Guerra

هەرگیز نەمتوانی لەوە تێبگەم، لەنێو ئەو ژیانە لەرادەبەدەر سادەیەدا، لەناکاو چۆن نوقمی گۆماوی سستی و خەمێکی چاوەڕوان نەکراو بووم. ئەوکاتەی سەرقاڵی نووسینی ماڵەوە بووم پاش تێپەڕینی شەش مانگ لە دەستپێکی، لەپڕ، وەکو گاڵتەجارێکی بێتام هاتە بەرچاوم. زیاتر لەوەی بینووسم باسیم دەکرد و لەراستیدا بەشە کەمە هەماهەنگەکانیم، لەوڕۆژانەدا یان دواتر ئەوکاتانەی بابەتم پێ نەدەما لە"زەرافەی مێ" و کرۆنیکادا بڵاوکردەوە. لە تەنیایی کۆتایی هەفتەکاندا، ئەوکاتانەی ئەوانیتر پەنایان دەبردەوە ماڵەکانیان، مـن لـە شـارە چۆڵەکەدا تەنها وبێکەس دەمامەوە و لەتەك کونەپەپووە وێرانەنشینەکان دەبوومە هاودڵ. هەزاری رەها داوێنی گرتبووم و بەدەست شـەرمنیەوە دەمناڵاند و هـەوڵم دەدا بـە خۆبەگـەورەزانینێکی بێزارانـەو بێپەردەبێژییەکەی هەڵشاخاوانە و رەق بیشارمەوە. لەهەموو شوێنێك خۆم بەزیادەو میوانی ناوەخت دەزانی وتەنانەت هەندێك لە ناسراوەکانم لەبەرامبەر کاردانەوە ناشرینەکانم سەرزەنیشتیان کردم. ئەو حاڵەتم لە هۆڵی نووسینی ئال ئارالدۆ زیاتر پەرەی دەسەند، بەدوور لەوانیتر لەسوچێکدا دادەنیشتم و جاری واهەبوو تا دە کاتژمێر بێوەستان دەمنووسی، بێئەوەی لەگەڵ یەکێك دووقسە بکەم، لە گۆشەگیرییەکی خنکێنەردا زیندانی بووم، بەردەوام جگەرەم بەدەستەوەبوو و لەنێو دووکەڵی خەستی دەوروبەرمدا لە تارماییەکی پەریشان و بێقەرار دەچووم. بەپەلە کاغەزەکانم رەش دەکردەوە و زۆرجار تا دەمەوبەیان دەمنووسی و دەرئەنجامی کارە بێوەستانەکەم دەخستە ئەو فایلە چەرمەوە کە بەردەوام پێم بوو، و بەردەوامیش لەوە دەترسام نەبا نووسینەکانم ون بکەم.

بەهۆی بێهەستیو شپرزەیەکانی ئەو رۆژانەوە، فایلەکەم لەتەکسیەکدا بەجێهێشت، و بێئەوەی خەفەتی بۆبخۆم یان پێی تێکبچم ئەو رووداوەم خستەسەر ئەو بەدبەختیە کەڵەکبووانەی کە بەردەوام توشم دەبوون. تەنانەت زەحمەتی گەڕانیشم نەدایە بەرخۆم، بەڵام ئالفۆنسۆ فۆینمار نیگەران لەبارودۆخە پەریشانەکەم، دەقێکی نووسی و لەخوارەوەی ستوونەکەم بڵاوی کردەوە :"شەممەی رابردوو، فایلێك لە تەکسیەکدا بەجێما. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی خاوەنی فایلەکە و نووسەری ئەم ستوونە، بەرێکەوت یەك کەسن، هەردووکیان داوا لەوکەسە دەکەن کە فایلەکەی دۆزیوەتەوە پەیوەندی بکات بە یەکێکیانەوە و سوپاسی هەردووکیان بباتەوە. فایلی ناوبراو هیچی لەخۆنەگرتووە جگەلە زەرافەی مێ چاپ نەکراوەکان. "دووڕۆژ دوای ئەوە، کەسێك دەستنووسەکانمی بە بێ فایلەکە دایەدەست دەرگاوانی ئال ئارالدۆ، و سێ هەڵەی رێنووسیان بە خەتێکی خۆش و مەرەکەبی سەوز چاك کرابوون.

مووچەی ڕۆژانەم تەنها بەشی کرێی ژوورەکەمی دەکرد، بەڵام ئەوەی لەوڕۆژانەدا بەلامەوە کەمترین بایەخی هەبوو هەڵدێری هەزاری بوو. زۆرجار کە نەمدەتوانی کرێی ئوتێلەکە بدەم پەنام دەبردە بەر کافتریای ڕۆما و کاتی خۆم بە خوێندنەوە دەبردەسەر و لەوحاڵەتەشدا باروۆخی ڕاستەقینەم ئاشکرا دەبوو: لاوێکی گۆشەگیر و داماو کە ناچاربوو شەوان لە بولواری بولیبار بباتەسەر. لەدوورەو سەرم بۆئەوکەسانە دەلەقاند کە دەمناسین - هەڵبەتە گەر زەحمەتی ئەوم بدایەتە بەرخۆم سەیریان بکەم - و ڕاست دەچوومە قوژبنە کونجە تایبەتیەکەم و زۆرجار بەلەبیرکردنی دەوروبەرم نوقمی خوێندنەوە دەبووم تائەوکاتەی هەتاوی سپێدەم دەکەوتە سەر و هەواڵی کۆتایهاتنی شەوی پێڕادەگەیاندم. لەوقۆناغەشدا، وەکو ئەمڕۆ برسی خوێندنەوە بووم و بەپێی هیچ جۆرە ڕەوت و بەرنامەیەکی دیاریکراو دەمخوێندەوە. بەتایبەت لەسەر شیعر ئەو پەرێشانیە زیاتربوو، لە خوێندنەوەی شیعرە پڕوپووچەکانیش سڵم نەدەکردەوە، لەبەرئەوەی بەو دۆخە ڕۆحیە وێرانەوە لەوە دڵنیا ببوم کە شیعری خراپ، درەنگ یا زوو ڕێگەی شیعری باش دەدۆزێتەوە.

لە نووسینەکانی ستوونی"زەرافەی مێ"سەرنجێکی زۆرم دەخستە سەر کلتووری گشتیانە، ڕێك بەپێچەوانەی چیرۆکەکانمەوە کە لە مەتەڵگەلی کافکاییانە دەچوون، کە دەتوت لەزەینی نووسەرێکەوە هەڵقوڵاون کە خۆیشی هێشتا تێنەگەیشتووە لە چ وڵاتێکدا دەژی. ڕاستیەکەی ئەوەبوو کە هەلوومەرجی بەداخی کۆڵۆمبیا تەنها دەنگدانەوەیەکی دووری لە ڕۆحمدا بەرپا دەکرد و تەنها ئەوکاتانە دەیوروژاندم کە شەڕە توندوتیژەکان دەگەشتنە لووتکە و ڕووباری خوێن بەڕێ دەکەوت. هێشتا جگەرەیەکم نەکووژاندبووەوە جگەرەیەکیترم دادەگیرساند، بەهەمان لەزەتەوە دووکەڵەکەم قووت دەدا کە ئەوانەی ڕەبۆیان هەبوو هەوایان هەڵدەمژی و ڕەنگی نینۆکەکانم و کۆکە توندەکانم، کە مرۆڤی دەخستەوە یادی سەگە پیرە لەپێ کەوتوەکان و چالاکی لاویەتیمی هەڵدەوەشاندەوە، نیشانەی ئاشکرای ئەو سێ پاکەت جگەرەیە بوون کە ڕۆژانە بەبام دەکردن. بەکورتیەکەی، وەکو هەر کارابیبەکی ڕەسەن، شەرمن و غەمگین بووم و هەرگیز حەزم نەدەکرد کەس لەژیانی تایبەتیم ئاگادار بێت و گەر لەوبارەیەوە پرسیاریان لێبکردبام بە تەعلیقێکی ڕەوان و توند وەڵامم دەدایەوە و دەموقەپۆزی بەرامبەرم دەشکاند. لەوە دڵنیابووم کە بەدبەختیم لەبواری پارە و ژندا، ناچاریی و میراتی بوو، بەڵام بایەخم بەو مەسەلەیە نەدەدا لەبەرئەوەی دڵنیابووم بۆ باش نووسین پێویستم بە بەختو ناوچەوان نییە. نە بیرم لە ناوبانگ دەکردەوە، نە لە ماڵ و منداڵ و نە لە ئاسایشی سەردەمی

پیریـیم، لەبەرئـەوەی گومـانم لـەوە نـەبوو جوانەمـەرگ دەبم و لاشـەکەم لەسووچـێکی شەقامێکدا دەدۆزنەوە.

ئەو سەفەرەی لەگەڵ دایکم کردم بۆ ئاراکاتاکا منی لەو هەڵدێرە بکووژە رزگار کرد و دڵنیابوون لەوەی رۆمانە تازەکەم شتێکی بـاش دەردەچێت ئاسۆیەکی نـوێی لەبەردەمـدا ئـاوەڵا کـردم و مزگێنـی داهاتوویـەکی جیـاوازی پێبەخـشیم. لـەنێوان سـەفەرە بـێ شومارەکانی ژیانمدا، یەکێك بوو لەچارەنووس سازترین سـەفەرەکانم، لەبەرئـەوەی هـەلی ئەوەی بۆ رەخـساندم بەتـەواوی بوونمـەوە لـەوە تێبیگـەم ئەوشـتانەی دەمنووسـین جگـە لەکۆمەڵێك وشەی داتاشراوی بەتاڵ هیچیتر نەبوون و هیچ راستیەکی شـاعیرانە پاڵپـشتی نەدەکردن. تەواو رون وئاشکرایە بیرۆکەی رۆمانەکـەم ئەودەمـەی لـەنێوان ئـەو سـەفەرە بیر روناك کەرەوەدا، روبەڕوی واقیع بوەوەو لەبەریەك هەڵوشا و دارما. سەرچاوەی ئـەو داسـتانەی لـە خەیاڵمـدا پـەروەردەم دەکـرد جگـە لـە بەسـەرهاتی خێزانەکـەی خـۆم نەیدەتوانی شتێکیتر بێت، کە هـەرگیز ئـەوان پاڵـەوانی بنـەڕەتی یـان تەنانـەت قوربـانی هیچ روداوێکی تایبەت نەبوون و بەتەنها رۆڵی شـایەتە هەڵچوو و مەینـەتی بینیوەکـانی سەرجەم روداوەکانیان بەرجەستە دەکرد. رێك پاش گەڕانەوەم، دەستم کرد بە نووسینی، لەبەرئـەوەی بلاوکردنـەوەی بیرۆکەکـە بـە کـەڵك وەرگـرتن لـە شـێوازە دەسـتکردەکان بەکەڵکم نـەدەهات، بـەڵکو ئـەوەی گـرنـگ بـوو ئـەو بـارە سـۆزداریە وروژێنـەرەبوو کـە بەدرێژایی تەمەنم بەنهێنی لە دەروونمدا هەڵدەقولا و بڵێسەی خەیاڵەکانمی تاو دەدا و بە دەسـت لێنـەدراوی لەماڵەکـەی داپـیرەو بـاپیرە چـاوەڕوانی دەکـردم بـچمە سـۆراغی و بیدۆزمەوە. هەر کە هەنگاوم نابووە سەر لە داخەکانی گوندەکە درکم بـەوە کردبـوو کـە شێوازی نووسینم بۆ وێنەکردنی ئەو بەهەشتە زەمینیەی داماوی و دڵتەنگیەکان لـەبار و گونجاو نەبوو، هەرچەندە زۆر لە کاتی خۆم و توانـام لـە پێنـاوی دۆزینـەوەی شـێوازێکی گونجاودا بەفیڕۆدا. وردەکاریەکانی کرۆنیکا، کـە لەدەسـتپێکی بلاوبوونـەوەدا بـوو، هـیچ رێگرییەکیان بۆ دروست نەدەکردم، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە، ستۆپی هەماهەنگی بوون لەمەڕ راوەستاندنی هەڵچوونەکانم.

جگەلـە ئالفۆنـسۆ فۆینمـار - کـە چـەند کاتـژمێرێك پـاش دەسـتکردن بـە نووسـینی رۆمانـەکە، و لە لووتکەی تای داهێناندا ناکاوگیری کردم - ئەودوای هاوڕێکانم وایان دەزانی هێشتا دەرگیری بیرۆکە کۆنەکەی ماڵەوەم. وابزانم هۆکاری شاردنەوەی ئەو بابـەتە ترسـی منالانەم بوو لـەوەی هاوڕێکـانم پـەی بـە ناکـامی ئـەو بیرۆکەیـەم ببـەن کـە ئـەو هـەموو قسەیەم لەسەر کردبوو کە دەتوت قسە لەسـەر شـاکارێك دەکـەم. بـەلام ئـەم کردەوەیـەم لەباوەڕێکی خورافیەوە سەرچاوەی دەگرت کـە تائێـستاش گیرۆدەیـم و هەرلەبەرئـەمـەش

چیرۆکێك دەگێڕمەوە و چیرۆکێکی جیاوزتریش دەنووسم بۆئەوەی تێنەگەن چی بەچییە و نەزانن بەتەواوەوتی چی دەنووسم. ئەم فێڵە لەچاوپێکەوتنە رۆژنامەوانیەکاندا و بەتایبەتی بۆ نووسەرێکی شەرمنی وەکو من، کە نایانەوێت زیاد لەپێویست قسەبکەن، جۆرێك چیرۆك سازیی مەترسیدارە و زەوق و وروژانی هیچ لە یاریکردن لەسەر پەت کەمتر نییە. بەڵام، ژێرمەن بارگاس، بە وردبینی و تێبینیە سەمەرەکەیەوە، دیاربوو لەمەسەلەکە تێگەیشتبوو لەبەرئەوەی چەند مانگێك پاش سەفەرەکەی دون رامون بۆ بەرشەلۆنە، لەنامەیەکدا ئەمەی بۆ نووسی :"هەست دەکەم گابیتۆ دەستی لە بیرۆکەی ماڵەوە هەڵگرتووە یەخەگیری رۆمانێکیتر بووە. "دوون راموون، بەدڵنیایی پێشئەوەی بڕوات خۆی ئەوەی دەزانی.

لەهەمان دێڕی یەکەمەوە، لەوە دڵنیابووم کە دەبێت رۆمانە تازەکە پشت بە بیرەوەریەکانی کوڕێکی حەوت ساڵان ببەستێت کە لە کوشتارەکەی ساڵی ١٩٢٨ی ناوچەی دارمۆزەکان بەسەلامەتی دەرچووبوو. بەڵام زۆرزوو دەستبەرداری ئەو بیرۆکەیەم بووم، لەبەرئەوەوی لەوکاتەدا چیرۆکەکە لەدیدگای کەسایەتیەکدا کورت دەبوەوە کە ئامرازی دەربڕینی شاعیرانەی پێویستی لەبەردەستدا نەبوو تا بەسەرهاتەکان بەوجۆرەی پێویست دەکات بگێڕێتەوە. بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕام کە لەپڕ درکم بەوە کرد خوێندنەوەی ئۆلیس لەتەمەنی بیست ساڵیدا و پاش ئەوەش، تورەیی و هاتوهاوار، دوو سەرچڵی هەڵچووانەی ناوەخت و بێئەنجام بوون کە هیچ وانەیەکی پڕبایەخ و سەقامگیریان بۆ داهاتووی ئەدەبیم نەهێنایە ئاراوە و بڕیارمدا لە روانگەیەکی ئازادانەتر و بەبێ بڕیاری پێشوەخت، جارێکیتر بیان خوێنمەوە. بڕیارێکی تەواو هەڵسەنگێنراوبوو و ئەنجامی دڵخۆشکەرانەی هەبوو، لەبەرئەوەی لەراستیدا، زۆربەی ئەو خاڵانەی کە لەنووسینەکانی جوویس و ڤاکنەردا بە بابەتگەلی لوتبەرزانە یان هێمائامێزانە دەهاتنە بەرچاوم، ئەمجارەیان بەجوانی و سادەییە سەرنجڕاکێشەکانیان لەلام دەرکەوتن. بیرم لەوەکردەوە فرەرەنگی ببەخشمە تاکبێژیی و قسەی سەرجەم دانیشتوانی گوندەکە، وەکو کۆرسی تراژیدیا یۆنانیەکان، لەسەر شێوەی گۆڕبەگۆڕ کە بیروڕای ئاوێتەی ئەندامانی بنەماڵەیەکە دەربارەی ئەوپیاوەی لەسەرەمەرگدایە، لەبری دابنێم. ئەو توانایەم لەخۆمدا نەبینیەوە کە شێوازە سادە و ئاسانەکەی ڤاکنەر بەکاربهێنم و ناوی هەموو کەسایەتیەکان، تەواو وەکو شانۆنامەکان، لەپێش قسەکانیانەوە تۆمار بکەم، لەبری ئەوە، تەنها سێ کەسایەتی ناچار بە قسەکردن بکەم، واتە باپیرە، دایکەکەو کوڕەکە، کە ریتم و چارەنووسیان ئەوەندە جیاوازبوو کە بەئاسانی دەکرا بەبێ هیچ رونکردنەوەیەك ئەوسیانە لەیەکتر جیا بکەیتەوە. باپیرەی نێو رۆمانەکە، بەپێچەوانەی باپیری خۆمەوە،

یەکچاو نەبوو بەڵکو قاچێکی دەشەلی، دایکەکە زیرەك بەڵام بێهەستو نووقمی خەیاڵەکانی بوو رێك وەکو دایکم. کوڕەکەش بێجوڵە و هەراسان و بیرمەندانە لەسووچێکدا هەڵدەتروشکا، واتە هەمان ئەوکارەی منیش لەوتەمەنەدا دەمکرد. هەرگیز بەداهێنانێکی مەزن و بێوێنە لەقەڵەم نەدەدرا، بەڵکو بەزەحمەت دەکرا بە شێوازێکی تەکنیکی بەسوود لەقەڵەم بدرێت.

لەوماوەیەدا کە سەرقاڵی نووسینی رۆمانەکە بووم، هیچ گۆڕانکاریەکی بنەڕەتیم تێدا ئەنجام نەدا و هیچ گێڕانەوەیەکی جیاواز لە بابەتە سەرەکیەکەم دروست نەکرد، جگەلەو گۆڕین و چاك کردنانەی کە بەدرێژایی دووساڵ پێش چاپ بوونی ئەنجامم دا و هۆکاری ئەوەش بەپلەی یەکەم، وەسواسیە نەخۆش ئاسا و ئەو حەزە بێبەربەستەم بوو کە حەزم دەکرد تا دواساتی مەرگ دەست کاری نووسینەکانم بکەم و هەندێك شتی بگۆڕم. گوندەکەم - تەواو جیاواز لەوەی لە بیرۆکەکەی پێشووتردا هەبوو - لە ماوەی ئەوسەفەرەدا کە لەگەڵ دایکم بۆ ئاراکاتاکا کردم، لە نزیکەوە بینی و واقیعەکەیم ناسی. بەڵام ئەو ناونیشانە - هەروەکو ئەوەی دوون راموون بە بەرچاوڕونیە بێوێنەکەی، ئاگاداری کردبوومەوە - بەبۆچوونی خۆم، ئەوەندەی بارانکیا، نەگونجاو و جێگەی سەرنج نەبوو لەبەرئەوەی سەرباری هەموو شتێك، نەیدەتوانی ئەو شوێنە نووقمی کەش وهەوایەکی ئەوەندە ئەفسانەیی بکات کە شایستەی کەشی رۆمانەکە بێت. بەوشێوەیە، ناوێکم بۆ هەڵبژارد کە هەرچەندە لەمناڵیەوە بیستبووم بەڵام دەنگدانەوە جادوئامێز و ئەفسوونە مۆزیکیەکەی تائەوکاتە لەلای من بەنهێنی مابوەوە: ماکۆندۆ.

ناچاربووم ناونیشانی رۆمانەکەم، ماڵەوە، - کە لەنێو هاوڕێکانمدا جێگەی خۆی کردبوەوە - بگۆڕم لەبەرئەوەی هیچ پەیوەندیەکی بە بیرۆکە تازەکەوە نەبوو، بەڵام تووشی هەڵەیەکی گەورەبووم هەموو ئەوناوانەی دەهاتنە خەیاڵم لە دەفتەرێکی قوتابخانەییدا نووسی، کە ژمارەیان لە هەشتا ناویش تێپەڕی. دواجار، بەبێ زەحمەت و گەڕان، ئەوکاتەی نوسخەی یەکەم ئارادەیەك تەواو ببوو و کەڵکەڵەی ئەوەم هاتبووە مێشك کە پێشەکیەك بۆ رۆمانەکەم بنووسم، ناونیشانە گونجاوەکەی خۆی هاتە مێشکمەوە. یان باشترە بڵێم، لەپڕ پێم ئیلهام کرا، ئەویش لە قاڵبی سووکایەتی ئامێزترین و لەهەمان کاتدا بەزەیی وروژێنەرترین وشەیەك کە داپیرم لەکاتی ورێنە ئەشرافیەکانیدا بەکاری دەهێنا بۆئەوەی یادی هێرشی بێئامانی کۆمپانیای یونایتد فرووت بکاتەوە: **تۆفانی گەڵا**.

رۆمان نووسەکانی ئەمریکای باکوور، بەتایبەت ئەوانەی کە هاوڕێ بارانکیایەکان بەرهەمەکانیان بۆ ناردم، لەوانیتر زیاتر هانیان دام، بەتایبەت لەبەرئەوەی لەنێوان

کلتووره ریشەدارەکانی باشووری ولاتە یەکگرتووەکان و کلتووری کاراییبیدا، کە هاوتایی و هاوبۆچوونی رەهام لەگەڵیدا هەیە، لێکچوون و هەماهەنگی فراوان و زۆر فرە رەنگم دەبینیەوە، کە لە دروستبوونی مرۆیی و ئەدەبیمدا رۆڵی بنەڕەتیان بەرجەستە کرد. پاش تێگەیشتن لەو بابەتە، وەکو رۆمان نووسێکی پیشەساز، نەتەنها لەبەر چێژ وەرگرتن، بەڵکو بۆ تێرکردنی فزولیەتە چاو برسیەکەمو دەرخستی ئەو شێوازانەی کە مامۆستا زاناکان لە کتێبەکانیاندا بەکاریان هێنابوون، دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانە. سەرەتا تەنها بەپێی ریتمی باو و ئاسایی دەمخوێندەوە و دواتر رۆمانەکەم لە کۆتاییەوە تا سەرەتای لێك دەدایەوە، بە تیژبینی و ووردبینی نەشتەرکارێکی شارەزا بەش بەبەشیم دەپشکنی بۆئەوەی پەردە لەسەر شاراوەترین نهێنیەکانی پێکهاتەکەی هەڵبدەمەوە. هەر لەبەر ئەوەش، بەردەوام کتێبخانەکەم بەلامەوە وەکو ئامرازێکی کارکردن بووە، ئەو شوێنەی کە خێرا دەتوانم وەرزێك لە رۆمانەکانی دۆستۆفسکی بدۆزمەوە، یان پەی بە ململانێی ژوولیۆ سیزاربیەم یان لە میکانیزمی کاربراتێری ئۆتۆمبێل تێبگەم. سەرباری ئەوەش، نامیلکەیەکی رێبەرم دەرباری جێبەجێکردنی تاوانە تەواوەتی و بێ کەمووکوڕیەکان هەیە کە ئەگەر یەکێك لەکەسایەتیە نارەسەنەکانم بیری لە کوشتن کردەوە، خێرا بچمەوە سەری. لەباتی ئەودوای شتەکانی تریش خۆم بە قەرزارباری ئەو هاوڕێیانە دەزانم کە لەبواری خوێندنەوەدا رێنوێنیان کردم و لەهەموو قوناغێکدا تەواو لەجێی خۆیدا ئەو کتێبانەیان خستە بەردەستم کە پێویستم پێیان بوو و بەبێ تۆزقاڵێك بەزەیی مسۆدەی بەرهەمەکانمیان، پێش چاپ بوونیان، خوێندەوە و هەڵە بێ ئەژمارەکانیان دەرهێنام و بەوپەڕی دڵسۆزیەوە پێشکەشیان کردمەوە.

ئەوجۆرە رەفتارانە بوونەهۆی ئەوەی باشتر خۆم بناسم، و بەرێکەوتنی بلاوکراوە خەیاڵیەکەمان کرۆنیکا باڵی فرینی پێبەخشیم. ورەمان هێندە خۆڕاگر و بەرزەفڕیمان هێند بلندبوو، کە سەرباری رێگریە توندەکان، توانیمان سێ نووسینگەی تایبەتی بۆخۆمان لە نهۆمی سێهەمی بینایەکی بێ مەسعەد و لەنێو هەراوهوریای کرێکارەکانی چێشتخانە تایبەتیەکانی سەربازەکان و هاتوهاواری ئۆتۆمبێلە یاسا شکێنەکانی شەقامی سەن بلاس کە لە دەمەوبەیانەوە تا حەوتی ئێوارە دەبووە وەرزە بازارێکی قەرەباڵغ، دەستمان بە چالاکیەکانمان کرد. بە زەحمەت جێگەمان دەبووەوە. هێشتا تەلەفۆنەکەیان نەبەستبوو، فێنك کەردوەش خەیاڵپلاوێکی گران بوو کە لە بودجەی هەفتەنامەکە زیاتری تێدەچوو. فۆینمایەر کەوتە پێش هەموانەوە و تا کەوتینە سەرخۆمان نووسینگەی رۆژنامەکەی پڕکرد لە ئەنسکلۆپیدیای شڕو ئەرشیفی لێکراوەی رۆژنامە

زمــان جیاوازەکــان و نامیلکــە بەناوبانگــەکانی کــە لەســەر پیــشە سەیروســەمەرەکان نووسرابوون لەسەر مێزی سەرۆکایەتیەکەی نووسخەیەکی **ئاندێروود**[1] خۆی دەنواند، کە توانیبووی بە گیانفیدایی لەنێو بلێسەی ئاگری یەکێك لە سەفارەتخانەکان رزگاری بکات و ئەمرۆکە گوڵی ئەنجومەنی شتومەکەکانی مۆزەخانەی رۆمانتیکی بارانکیایە. مێزێکی تریش لەوناوە دەبینرا کە موڵکی من بوو و لەبەر پۆستی بڵندی سەرنووسەری لەسەری دادەنیشتم و بە ئامێری تایپە بێعارەکەی (عاریتی) ئـال ئارالدۆ دەمنووسی. مێزێکی وێنەکێشانیشمان لە سووچێکی نووسینگەکەدا بۆ ئەلیخاندراۆ ئۆبێرگۆن، **ئۆرلاندۆ گێرا**[2] و ئالفۆنـسۆ ملـوو دانـابوو: ئـەو سـێ وێنەکێـشە بەناوبانگـەی کـە بەوپـەڕی عەقڵـەوە بەڵێنیانــدا بــەبێ مووچــە وێنــە بــۆ ووتــار و نووســینەکانی بڵاوکراوەکــە بکێــشن و بەڵێنەکەشـیان بردەسـەر، ئەمـەش یەکـەمجار لەبـەر گـەورەیی هـەموویان و دواتـریش لەبەرئـەوەی خـاوەنی هـیچ نـەبووین و لـە سـندوقەکەماندا تەنانـەت یـەك پیـزۆش بـۆ مەسرەفی خۆمان دەست نەدەکەوت. ئەو وێنەکێشە پێ ئەستور و لەخۆبردوەی هاوکاریی کردین کێکی ئێسکۆبڵ بوو.

جگەلەکاروبارەکانی نووسـین، کـە ئـەرکی سـەرەکیم بـوون وەکـو سەرنووسـەر، دەبـوو چـاودێری ئـەودوای کاروبارەکـانی چـاپیش بکـەم و سـەرباری رێنووسـە کارەساتبارەکەم، دەبوو یارمەتی ماکێت بینەکەش بدەم. لەبەرئەوەی هێشتا بە یەکێك لە نووسەرانی ئال ئارالدۆ لەقەڵەم دەدرام و بەرپرسیاربووم درێژە بە نووسینی ستوونی"زەرافەی مێ"بدەم، کاتی پێویستم لەبەردەستدا نەبوو بە رێکوپێکی بۆ کرۆنیکا بنووسم. لەبری ئەوە، هەلی ئـەوەم بۆرەخـسا لـە کاتـژمێرە سـەرەتاییەکانی سـپێدەدا دەسـت بکەمـەوە بـە چـیرۆك نووسین.

ئالفۆنـسۆی پـسپۆڕی سـەرجەم جـۆرە ئەدەبیـەکان، بـاوەڕی پتـەوی بـە سـەرکەوتنی چـیرۆکە پۆلیـسیەکان هـەبوو، کـە بۆخـۆی یـەکێك بـوو لـەو لایەنگرانـەی کـە لـە خوێندنەوەیان تێر نەدەبوو ئەو چیرۆکانەی پەسەندی بکردبـان هەڵیدەبـژارد یـان وەری دەگێڕا و منیش بەکەمێك دەستکاریەوە، فۆرم و شێوەکەیم سادە دەکردەوە تـاوەکو گشت پەسـەندتر ببێـت، ئـەوەی لـەو راهێنانـە هەمیـشەییانەوە فێـر بـووم، دواتـر لـەبواری رۆژنامەنووسیدا زۆر بەکەڵکم هات. بە سڕینەوەی وەسـف و رووداوە زیادەکان، دەقەکەم کـورت دەکـردەوە بۆئـەوەی جێگـەی کـەمتر بگرێـت. لـە نەشـتەرگەری و بڕینـی بەشـە

---

[1]. Underwood، کۆمەڵەیەکی شیعری بێن جانسۆن (١٥٧٢ - ١٦٣٧)، شاعیرو شانۆنامەنوسی بەریتانی، کە بۆیەکەمجار لەساڵی ١٦٤٠دا بڵاوکرایەوە.

[2]. Orlando Guerra

زیادەکانی نووسینەکان هیچ پەروایەکم نەبوو، بەومەرجەی ناوەرۆکی دەقەکە زیانی بەر نەکەوێت و سەرجەم هەوڵەکانم بۆئەوەبوو دەقێکی پەسەندکراو پێشکەشی خوێنەر بکەم کە لەخۆڕا بەزیادەبێژیە ناپێویستەکانم بێزاری نەکات. بە واتایەکیتر، هەموو ئەوشتانەم فرێ دەدا کە ریتمی چیرۆکەکەیان خاو دەکردەوە و بەپێچەوانەی بنەما بنەڕەتیەکانی ئەو جۆرە ئەدەبیەوە بوون کە دەبوو لەمیانەیدا هەموو وشەیەك رۆڵێکی کاریگەر لەنێو پێکهاتە گشتیەکەیدا بەرجەستە بکات. لەو رێگەیەوە، بەهۆی لێکۆڵینەوە ناراستەوخۆکانی تەکنیکەکانی چیرۆك نووسین، گەلێك وانەی بەسوود فێر بووم و بەبایەخترین ئەزموونم چنگ کەوت.

هەندێك لە باشترین چیرۆکەکانی خوزێ فلیکس فۆینمایەر چەندین ژمارەی گۆڤارەکەیان رزگار کرد و رێگەیان لەوە گرت لە رۆژنامەفرۆشیەکاندا بمێنێتەوە و وەکو ماڵی قەڵب بگەرێتەوە بۆ سەر خاوەنەکەی، بەڵام کاروباری بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەمان هێشتا بارودۆخێکی ناهەمواری هەبوو و چیمان دەکرد نەماندەتوانی خوێنەر و ئارەزومەندانی کاڵاکەمان بەرەو خۆمان رابکێشین. بەڵام، دەستۆکی رزگاری ئەبەدیمان ئالفۆنسۆ فۆینمایەر بوو، کە هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبوو توانایی بازرگانی و کارگێڕی تێدا بێت و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مانەوەی گۆڤارەکە لەهیچ هەوڵێك درێغی نەدەکرد و بە خۆڕاگریەکی بێوێنە، زیاتر لەتوانای خۆی لەوبوارەدا هەوڵیدا و لەهەرجۆرە هەلومەرجێکدا بە قسەخۆشییە جولێنەرەکەی گاڵتەی بە ناشیگەریەکانی خۆی دەکرد. هەموو ئەرکێکی ـ چ توانای جیبەجێ کردنی هەبێت یان نا ـ قبوڵ دەکرد، لە نووسینی واقیع بینانەترین سەر ووتارەکانەوە بگرە تا دەگاتە بێسودترین یاداشتەکان دەینووسی، بەوپەڕی جەختەوە، خۆی بەنێو ئاووئاگردا دەکرد تاوەکو پرۆپاگەندە وریکلام وەربگرێت، رێکەوتنی چاوەڕوان نەکراو ئامادە و فەراهەم بکات و نووسەرە نەگونجاوەکان قایل بکات وتارە داهێنانەکانیان تەنها بدەنە ئێمە، بەڵام بەداخەوە کە ئەوانە هەموی مووعجیزەگەلی بێئەنجام بوون. ئەوکاتەی رۆژنامەفرۆشە گەڕۆکەکان سەرجەم نووسخەکانی گۆڤارەکەیان دەگەڕاندەوە، پشتێنی هیمەتمان لێ گرێ دەدا و خۆمان دەهاتینە مەیدان بۆئەوەی لە کافتریا و چێشتخانە خۆشەویستەکانمان، لە"پیاوی سێهەم"وە بگرە تادەگاتە پەراوێزکەوتووترین بارەکانی کەناری بەندەرەکە، بیانفرۆشین، دواجار، ناچار دەبووین لەبری قازانجە کەمەکەمان شلەمەنی سەرخۆشکەرانە وەربگرینەوە.

ڤاتێ ئۆسیۆ[1] یەکێك لە هەمیشەییترین و خوێنەری بەردەوام و هاوکارمان دەرچوو. لە یەکەمین ژمارەی کرۆنیکاوە، یەکێك بوو لەو کەسانەی هەرگیز دەستخەرۆی نەکردین ستونە هەمیشەییەکەی"یاداشتەکانی خانمە تایپیستەکە"کە بەنازناوی **دۆلی میلۆ**[2] دەینووسی، بە تێپەڕینی کات، لەنێو دڵی خوێنەراندا جێگەی بووەوە. کەس لەوباوەڕەدانەبوو کەسێك بەتەنهایی، بەوپەڕی ناسکی و لەسەرخۆیەوە، توانای جێبەجێکردنی ئەو هەموو کارە جیاوازەی هەبێت.

باب پرێیتۆ دەیتوانی بەهۆی هەرجۆرە شێوازێکی پزیشکی یان هونەری سەدەکەنای ناوەڕاستەوە، کرۆنیکا لە نووقم بوون رزگار بکات. بەڵام لەکاروبارە پیشەیەکاندا پابەندی بنەمایەکی ئاشکرابوو کە قسەی هەڵنەدەگرت: گەر سەری کیسەکە شل نەکەن بەرهەمیش نییە. زۆر خێرا پارەمان پێ نەما و سندوقەکەمان بەتاڵ بوو و دڕکی خەفەت بەجۆرێك کەوتە رۆحمانەوە کە باس ناکرێت و تەنها عاشقە راستەقینە دڵسوتاوە دووری بینیوەکان دەتوانن لە بێبەشی و خەمی ئێمە تێبگەن.

چورا چیرۆکی هێمائامێزی جولیۆ ماریۆ سانتۆ دۆمێنیگۆ مان بڵاوکردەوە، کە بە ئینگلیزی نووسیبووی و ئالفۆنسۆ بە دڵڕاوکێ و خۆڕاگری راوچی مێروەکان بە فەرهەنگی وشە سەیروسەمەرەکانی وەریدەگێڕان و ئالیخاندرۆ ئۆبێرگۆن بەناسکی هونەرمەندانەو زەوق جوانیەوە وێنەی بۆ دەکێشان. بەڵام جولیۆ ماریۆ ئەوەندە سەفەری دەکرد و هێندەش خێرا شوێنی مەبەستی دەگۆڕی کە ببووە شەریکێکی نەبینراومان. تەنها کەس کە توانی شوێن پێی بدۆزێتەوە ئالفۆنسۆ فۆینمایەر بوو و بەرستەیەکی نیگەرانی ئامێز دەرخستە گەورەکەی پێ راگەیاندین:

- هەرجارەو کە فرۆکەیەك بەئاسمانەوە دەبینم، بەخۆم دەڵێم رەنگە جولیۆ سانتۆدۆمێنیگۆی تێدابێت.

ئەوانیتر جارناجارە هاوکاریان دەکردین کە دواجار پێش داخستنی لاپەڕەکان - یان وەرگرتنی یاداشتەکان - رۆحیان دەردەهێناین تا لەوگێرمەوکێشەیە رزگارمان بکەن.

نووسەرە بۆگۆتاییەکان لەسەر بنەمایەکی یەکسان پەیوەندییان لەگەڵ دروست کردین، بەڵام هیچ یەك لەوهاوڕێیانەی دەیانتوانی بەرگری لە مانەوەی ئەو بڵاوکراوەیە بکەن یارمەتیان نەداین. هەڵبەت جگەلە خۆرخێ سالامسا، کە لە نزیکایەتی هاوفۆرمی بڵاوکراوەکەی و گۆڤارەکەی ئێمە تێگەیشت و پێشنیاری گۆڕینەوەی بابەتی پێشکەش

---

[1]. Vate Osio

[2]. Dolly Melo

کردین کە بۆ هەردوولامان ئەنجامی بەسوودی لێکەوتەوە. بەڵام وابزانم کەس لە لایەنە موعجیزەئاساکەی کرۆنیکا تێنەگەیشت. دەستەی نووسەران شازدە ئەندامی هەبوو کە هەریەکێکمان بەپێی شایستەیە سەلێندراوەکانیان هەڵبژاردبوو، کە هەمووشیان خەڵکی ئاسایی و مرۆڤێك بوون وەکو هەموو مرۆڤەکانیتر لەگۆشت و ئێسقان، بەڵام هێندە هێز و خۆڕاگری و هەوڵی بێوچانیان لەخۆیان دەردەخست کە هەندێکجار مرۆڤ شکی لە مرۆبوونیان دەکرد.

سوودە لاوەکیەکەی کرۆنیکا بۆمن ئەوەبووکە ناچاری کردم لەکاتە پێویستیەکاندا چیرۆکی سەرپێیی بنووسم بۆئەوەی بەشە بەتاڵە پێشبینی نەکراوەکانی لەساتە پڕلەهەڵچوونەکانی پێش بەستنی لاپەڕەکانی پێ پڕ بکەینەوە. لەوکاتانەدا کە پیتچن و هاوکارەکەی سەرقاڵی ئیشی خۆیان بوون دەچوومە سەر ئامێری تایپەکە، و لەهیچی خاڵی چیرۆکێکم دروست دەکرد کە رێك پڕبەپڕی شوێنە بەتاڵەکە دەردەچوو. بەوشێوەیە، چیرۆکی **مەسەلەی بۆمیوانی چوونەکەی ناتانائێل**[1] م نووسی، کە دەمەوبەیان یەکێك لە گرفتە بەپەلەکانمانی چارەسەر کرد و پێنج هەفتە پاش ئەوەش **چاوەکانی سەگە شینەکە** م نووسی.

چیرۆکی یەکەم بووە دەستپێکی کۆمەڵە چیرۆکێك کە کەسایەتیەکی هاوبەشیان تێدابوو، کە بەبێ مۆڵەت ناوەکەیم لە ئاندری ژیدەوە وەرگرت. ماوەیەك پاش ئەوە، **سەرئەنجامی ئاتانئێل** م نووسی بۆئەوەی یەکێك لەبارودۆخە بارگرژەکانی دوا کاتژمێرەکانی ئیش کردنمان چارەسەر بکەم. بەگشتی، شەش چیرۆکم بەو کەسایەتیەوە نووسی کە هەر هەموویانم بەبێ تۆزقاڵێك پەشیمانی خستە ئەرشیفەوە لەبەرئەوەی تێگەیشتم کە هیچ پەیوەندیەکیان بەمنەوە نییە. یەکێك لەو چیرۆکانە کە ناوەکەیم بیرماوە بەڵام ناوەرۆکەکەیم بیرناکەوێتەوە **مەسەلەی جلی بووکێنی پۆشینەکەی ناتانائێل** ە. ئەمرۆکە بیرلەوە دەکەمەوە کە ئەو کەسایەتیە لەهیچ کام لەوکەسانە نەدەچوو کە دەمناسین و بەهۆی ئەزموونە تایبەتیەکانم لەگەڵ ئەوانیتر دروست نەببوو و تەنانەت ناتوانم باوەڕ بکەم چۆن دەکرێت چیرۆکێك بە ناوەرۆکێکی هێندە بێسەروبەر بەرهەمی من بێت. لەکۆتاییدا، دەتوانم بڵێم ئاتانایل ریسکێکی ئەدەبی بوو بێئەوەی هیچ هەستێکی مرۆییانەی لەخۆ گرتبێت.

بیرهێنانەوەی ئەو کارەسات و سوکایەتیانە لەو رووە بەکەڵکە کە دەبێتەهۆی ئەوەی ئەوە فەرامۆش نەکەم کە کەسایەتیەکان لە هیچەوە دروست نابن، واتە بەوجۆرەی کە

---

[1]. Natanael، ناوی کەسایەتی سەرەکی سفرە زەمینیەکانی ئاندری ژید.

دەمویست بەدروست کردنی ئاتانایل بیکەم. خۆشبەختانە هێزی خەیاڵم هێندە باڵای نەکرد کە زیاد لەرادە لەخۆم دوور بکەومەوەو بەداخەوە باوەڕم بەوە هێنابوو کە پێدانی پاداشت و موچەی ئەدەبی دەبێت رێك وەکو خشت چنین ورد بێت و گەر لەکاتی خۆیدا پارەمان بە پیتچنەکان بدایا، دەبوو بەهەمان شێوە لەتەك نووسەرەکان سەرڕاست و بەویژدان بین.

دەنگخۆشترین دەنگدانەوەی هەوڵەکانمان لەمەڕ درێژەدان بە کرۆنیکا لەو نامانەدا دەخولایەوە کە دوون رامونن بۆ ژێرمەن بارگاسی دەنووسی و لەگوێچەکەماندا دەزرنگایەوە. تەنانەت سەرنجی هەندێك وردەکاری دەدا کە ئێمە هەرگیز بە خەیاڵماندا نەدەهات و بە وردەکاریە پڕ لەخۆشەویستیەکەیەوە ئەحواڵی هاوڕێیان و دەنگوباسی کۆلۆمبیای دەپرسی و ژێرمەنیش هەندێك بەشی بڕاوی رۆژنامەکانی بۆدەنارد و لەنامە زۆر درێژەکانیدا ئەوەی بۆباس دەکرد کە بەهۆی توندبوونی چاودێریی چاپەمەنیەکانەوە کەوتوونەتە داوی بێدەنگیەوە. بەواتایەکیتر، لەلای ئەو دووانە کرۆنیکا بوونی هەبوو، ئەوەی ئێمە بلاومان دەکردەوە و ئەوەی ژێرمەن لە نامەکانیدا، لە کۆتایی هەفتەدا، کورتکراوەکانی دەنووسی. هاندانە ورووژێنەرانە و رەخنە توندوتیژ و بێبەزیەکانی دون رامون گەورەترین پاداشتو سزای ئێمە بوون.

بە رێکەوت، درکم بەوەکرد لە نێو ئەو هۆکارە جیاوازانەی لەمەڕ رونکردنەوە ئەوگرفتە بێشومارانەی کرۆنیکا و تەنانەت دوودڵی و گومانەکانی ئەندامانی گروپەکە دایان دەتاشی، یەکێکیشیان بێبەختی زگماکانەی من بوو. بکوژترین بەڵگەیەك کە بۆ سەلماندنی ئەوبۆچونە دەیانهێنایەوە ئەورێپۆرتاژەم بوو کە لەسەر براسکۆچێیا، یاریزانە بەڕازیلیەکە، کردم و بە سازدانی ئەو رێپۆرتاژە ویستم وەرزش و ئەدەب پێکەوە ئاشت بکەمەوە و جۆرێکی ئەدەبی نوێ بخولقێنم، بەڵام لەراستیدا ئەو هەوڵەم شکستێکی تاڵ و دارمانی یەکجارەکیمی لێکەوتەوە. کاتێك بە ناوبانگە ناخۆشەکەی خۆم زانی کە چیتر ببوومە بنێشتەخۆشەی سەرزاری هەموو کڕیارەکانی خاپی. بەتەواوەتی ورەم دۆڕاند و خەفەت تا سەر ئێسقانم رۆچوو، ئەو مەسەلەیەم لەتەك ژێرمەن بارگاس باس کرد، کە وەکو ئەودوای ئەندامانی گروپەکە ئاگاداری بوو.

بەبێ تۆزقاڵێك گومان وتی - **زۆر بەهورسی وەریمەگرە، مامۆستا. گەر یەکێك بتوانێت وەکوە ئێوە بەباشی بنووسێت بۆخۆی ئەوپەڕی خۆش بەختیە کە هیچ کەس و هیچ شتێك ناتوانێت بەسەریدا زاڵ ببێت.**

هەموو شەوەکانم خەفەتاوی نەبوون. میواندرایە شەوانەکەی ٢٧ی ژوویەی ١٩٥٠ی تەلاری میوانداریەکانی ئیۆفمیای رەشپێست. لەهەندێك رووەوە، لە ژیانی ئەدەبیمدا

پێگەو بایەخێکی مێژوووی دیتەوە. نازانم خانمی خاوەنماڵ بەچ نیازێك فرمانی دەرکردبوو **سانکۆچۆ**[١]یەکی داستان ئامێزانە بەچوار جۆر گۆشتەوە لێبنێن و ئەو داڵە کەرخۆرانەی بۆنی بەلەزەتی خواردن مەستی کردبوون فەرتەنەیەکیان لە دەوری وەجاخەکە نابوەوە کە هەر باس ناکرێت و تا چرکەیەك زیاتر تێدەپەڕی زیاتر هاواریان دەکرد. یەکێك لە کرِیارە تورەکان ملی داڵەکەرخۆرەیەکەی گرت و بەزیندویی خستیە مەنجەڵێکەوە. ئاژەڵەکە تەنها فرسەتی بۆ هەڵکەوت دوا هاواری بکات و بەقوڵایی دۆزەخدا رۆچوو. بکوژە دڕندەکە هەوڵیدا یەکێکیتر لەو باڵندە کێویانە بگرێت و توشی هەمان بەڵای بکات، بەڵام ئیۆفمیای رەشپێست بە هێزەوە لە سەر تەختەکەی هەستا و نەیهێشت ئەوکارە بکات.

نەڕاندی - **تف لەگۆڕتان! کەمێك لەسەرخۆبن، گەرنا داڵەکەرخۆرەکان چاوتان هەڵدەکۆڵن.**

ئەو رووداوە تەنها کاریگەری لەسەر من بەجێهێشت، لەبەرئەوەی تەنها من بووم حەزم نەکرد دەم بۆ ئەو سانچۆ گڵاوە ببەم. لەبری ئەوەی بچم بنووم، بەپەلە خۆم گەیاندە نووسینگەی کرۆنیکاو بەیەك هەناسە چیرۆکی سێ مشتەری قاحبەخانەییم نووسی کە داڵەکەرخۆرەکان چاوەکانیان هەڵدەکۆڵین بەڵام کەس باوەڕ بەوە ناکات. تەنها چوار بەرگی خەت ناخەت بوو، لەزمانی یەکەم کەسی کۆ و کەسێکەوە دەگێڕدرایەوە کە ناوی نەبوو. واقیعگەرایی ئەو چیرۆکە تەواو ئاشکرایە و لەگەڵ ئەوەشدا بە تەمومژاویترین چیرۆکم لەقەڵەم دەدرێت و سەرباری ئەوەش، ناچار بە درێژەدانی رێڕەوێکی کردم کە ئەوەندەی نەمابوو لێی لابدەم لەبەرئەوەی دڵنیابووم دەگاتە بنبەست. کاتژمێر چواری بەیانی رۆژی هەینی دەستم بە نووسینی کردبوو و کاتژمێر هەشتی بەیانی، بە پەرێشان حاڵی و پەشێواوی ئەوکەسانەی پێشبینی دەکەن، کۆتاییم پێهێنا. بە هاوکاری دڵسۆزانەی **پۆرفیریۆ میندۆزا**[٢]ی پیتچنی مێژوویی ئال ئارالدۆ، لاپەڕە داخراوەکانی ئامادەی چاپی کرۆنیکامان گۆڕی کە بڕیاربوو رۆژی دوایی بڵاو بکرێتەوە. لە دووا خولەکەکاندا، ئەوکاتەی میقسەلەی داخراوی لاپەڕەکان دەستمانی لەبنی هەمانەکە دەرکرد، ناونیشانی کۆتایی چیرۆکەکەم بە پریفیریۆ وت کە لەوکاتانەدا هاتبوو بە مێشکمدا: **شەوی داڵە کەرخۆرەکان.**

---

١. Sancocho، یەکێك لەخواردنە ناوچەییەکانی ئەمریکای لاتین کە بە جۆرەها گۆشت و مۆز و شتیتر دروست دەکرێت.
٢. Porfirio Mendoza

پاش ئەو نۆچیرۆکە کە هێستا لەبەرزەخی میتافیزیکیەت رزگاریان نەببوو و لەکاتێکدا هیچ بیرۆکەیەکی دیاریکراوم نەبوو تا درێژە بەژانرێك بدەم کە نەمدەتوانی دەستی بەسەردا بگرم و وەکو ماسی لەدەستم دەخلیسکا، ئەم چیرۆکە لەلای من دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو. مانگی دوایی، خۆرخێ سالامسا لە **کریتیکا**[1]دا، گۆڤاری ناسراوی بواری ئەدەبی والا، دوبارە چاپی کردەوە. پاش تێپەڕینی پەنجا ساڵ، پێشئەوەی ئەم پەرەگرافە بنووسم، جارێکیتر خوێندمەوە و باوەڕناکەم تەنها یەك دێڕیشی بگۆڕم. بەبێ جەمسەرنما، لە وادی ناچاریدا سەرگەردان بووم و بەو چیرۆکە، بەهار لەرێگەوە گەیشت.

لەبری ئەوە، وڵات بەرەو ئاڵۆزی دەرۆشت. لایۆریانۆ گۆمێز لە نیویۆرك گەڕابووەوە بۆئەوەی لەلایەن پارێزکارانەوە بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردرێت. لیبراڵەکان، بۆ نارەزایی دەربڕین لەبەرامبەر توندوتیژیی بەرپێنەگیراو و بەرفراوان، بەشداری هەڵبژاردنیان نەکرد و گۆمێز، بەبێ رەقیب، لە ٧ی ئووتی ١٩٥٠، بووە سەرۆك کۆمار. لەبەرئەوەی پەرلەمان هەڵوەشابوەوە، لەبەرامبەر دیوانی باڵای وڵات سوێندی خوارد.

نەیتوانی ماوەیەکی زۆر درێژە بە حوکمڕانی بدات لەبەرئەوەی کەمتر لە پازدە مانگ، بەهۆی گرفتە راستەقینە سروشتیو تەندروستیەکان، دەستی لەکار هەڵگرت و **رۆبێرتۆ ئۆردانتا ئاربلایز**[2]، مافزان و نوێنەری پارێزکاری ئەنجوومەن، وەکو پلەی هەڵبژێردراوی یەکەمی کۆماریی جێگەی گرتەوە. ئەوکەسانەی بەباشی لە زیروبەمی سیاسەت حاڵی دەبوون ئەو کارەیان بە شێوازێکی تایبەتی لایۆریانۆ گۆمێز لەقەڵەم دا کە دەیویست هێز بداتە دەست کەسانیتر بەڵام خۆی دەسەڵاتی شتەکانی لەژێر دەستدابێ، لە ماڵەوە لێی بکەوێت و بەهۆی کەسێکەوە حوکم بکات و لە هەلومەرجە پێویستەکاندا بە تەلەفۆن ئەوکارە جێبەجێ بکات.

لەوباوەڕەدام گەڕانەوەی ئالڤارۆ سێپیدا بە بڕوانامەی زانکۆی کۆلۆمبیاوە، مانگێك پێش رێورەسمی قوربانی داڵە کەرخۆرە، بۆئەوەی لەبەرامبەر ئەو رووداوە شومانەی ئەو رۆژانە دان بەخۆماندا بگرین، رۆڵێکی چارەنووس سازی هەبوو. سەری موی کەمتری پێوە مابوو، سمێڵە چەخماخیەکەی تاشیبوو و گرژتر لەجاران دەهاتە بەرچاو. من و ژێرمەن بارگاس، کە چەند مانگێك بوو چاوەڕوانی بووین و دەترساین نەبا لە نیویۆرك ترسنۆك و بێ غیرەت بووبێت، ئەوکاتەی بینیمان بە چاکەت وپانتۆڵ و بۆینباخەوە لە

---

1. Critica (رەخنە)

2. Roberto Urdaneta Arbelaez

فرۆکەکە هاتە دەرەوەو لەو بەرزاییەوە، لەکاتێکدا دواهەمین بەرهەمی هێمنگوای، **ئەولای روبار و لەنێو درەختەکاندا**، توند بەخۆیەوە دەگوشی، دەستی بۆ بەرز کردینەوە، ئەوەندە پێکەنین کە هەناسەمان گیرا. کتێبەکەمان لەدەست فڕاند، عاشقانە دەستمان بە پشت و روویدا هێنا و ئەوکاتەی توانیمان دربارەی پرسیار بکەین، ئالفارۆ پێشم کەوت:

- **گاڵتەجارە!**

ژێرمەن بارگاس، کە نەیدەتوانی بەر بە قاقای پێکەنینی بگرێت، بەگوێچکەمدا چرپاندی: "**هیچ نەگۆڕاوە**" بەڵام، دواتر ئالفارۆ پێی وتین بەگاڵتەوە لەسەر کتێبەکە رای خۆی دەربڕیوە، لەبەرئەوەی تەنها چەند لاپەڕەیەکی لەپاش ئەوەی فرۆکەکە لە میامیەوە فڕی، خوێندبووەوە. بەهەرحاڵ، ئەوەی ورەی هەموومانی بەرز کردەوە ئەوەبوو کە زەوقی پەتائامێزی رۆژنامەنووسی و سینەما و ئەدەبی، لەجاران وروژاوتری، لەگەڵ خۆی هێنا.

نەخۆشیەکەی زۆر خێرا هەموانی گرتەوە. "زەرافەی مێ"کە چەند مانگێك دەبوو کوێرانە بەچواردەوری خۆیدا دەخولایەوە، بە دووبڕگەی بەباچوی دەستنوسەکەی ماڵەوە هەناسەیەکی بەبەردا هاتەوە و پاش ماوەیەك پەژموردەیی، بوژایەوە.

یەکێکیان"کوڕی سەرهەنگ"بوو کە هەرگیز لەدایك نەبوو و ئەویتریشیان"نی"[1] بوو، ئەوکیژۆڵە سرکەی گەلێك جار لە دەرگایم دا و هەرگیز وەڵامی نەدایەوە. دیسانەوە حەزی گەورەییم لەبەرامبەر چیرۆکە وێنەدارەکان لەناخمدا زیندوو بووەوە، بەڵام چیتر ئەوچیرۆکانەم بۆ بەسەربردنی کات لە رۆژانی پشوودا نەدەخوێندەوە، بەڵکو بەجۆرێکی ئەدەبی نوێ لەقەڵەمم دەدا کە لەخۆڕا بەوە تاوانبار کرابوو لە ژووری منالاندا زیندانی بکرێت. پاڵەوانە خۆشەویستەکەم، لەنێوان فەوجی بێ کۆتایی کەسایەتیە خەیاڵیەکان، **دیك تراسی**[2] بوو. سەرباری هەموو ئەوانە، عەشقی سینەمام جارێکیتر دۆزیەوە، کە باپیرم تۆوەکەی چاندبوو و دۆن ئانتۆنیۆ داکۆنتا لە ئاراکاتاکا بە داگیرساوی هێشتبوویەوە، و بەهیمەتی ئالفارۆ سێپدا ببووە پەرستنێکی بڕوادارانە، ئەمەش لە وڵاتێکدا کە لەبینینی فیلمە باشەکان بێبەش بووین و تەنها لە زەمانی مووسافیرەکانەوە وەسفیانمان بیستبوو. بەختمان هەبوو و هاتنەوەی ئالفارۆ هاوکات بوو لەگەڵ نمایش کردنی دوو شاکاری گەورەی سینەمایی: **داوت نەکراوی نێو تەپوتۆز** ی دەرهێنانی **کلارێنس براون**[3] کە لە رۆمانێکی ویلیام ڤاگنەر وەرگیرابوو، و **پۆرترێتی جنۆکەیی**

---

[1]. Ny

[2]. Dick Tracy

[3]. Clarence Brown

دەرهێنانی **ویلیام دیترل**[1] وەرگێراو لە رۆمانی رابێرت نێتهان. پاش قسەو باسی چڕوپڕ لەتەك ئالقارۆ سێپدا، لە"زەرافەی مێ"دوو دەقی رەخنەییم لەسەر هەردووکیان نووسی. ئەو قسەوباسانە هێندە سەرنجی راکێشام کە دیدگام لەبەرامبەر سینەما گۆڕا. پێشتر نەمدەزانی لە دروست کردنی فیلمدا رۆڵی سەرەکی لەسەرشانی دەرهێنەرە کە لەدوای هەمووانەوە ناوی لە تایتڵدا دێت. لەوباوەڕەدابووم سەرجەم مەسەلەکە بە نووسینی سیناریۆ و رێنوێنی ئەکتەرەکان کۆتایی پێدێ، لەبەرئەوەی ئەودوای ئەندامانی گروپەکە، کارە لاوەکیەکانیتر بەڕێوە دەبەن. ئەوکاتەی ئالقارۆ گەڕایەوە، پشتێنی هیمەتی لێگرێدا تا ئەوەی لە ولاتە یەکگرتووەکان لەسەر سینەما فێری ببوو فێری منی بکات، و وانەکانی لەسەر مێزی پەڕپوتترین بارەکان بە من دەوتەوە، و لەوکاتانەشدا بەردەوام هاواری دەکرد و عارەقی قامیشی شەکری سپی پەرداخ بە پەرداخ هەڵدەرشتە خەنەکی بەلاوە. دەمەوبەیان، نیوە نووستوو خۆم لە زانکۆی کۆلۆمبیا دەهاتە بەرچاو.

ئەو هاوڕێیانەی بەنیازبووین لە خێرایە زەمینیەکانی ئالقارۆدا هاوهەنگاوی ئەو بین، درکمان بەوە کردبوو کە ئەو جگەلە تەقینەوە بلیمەتانەکان و سەرنجراکێشانەکانی خەیاڵ و زیرەکیە بێوێنەکەی، نەیدەتوانی بێقەراری و پەرێشان حاڵی خۆی پووچەڵ بکاتەوە و دابنیشێ و بنووسێت. بیرکردنەوە لەوەی بتوانێت زیاتر لە کاتژمێرێك لەشوێنێك ئۆقرە بگرێت لەلای ئێمە کە بەباشی دەمان ناسی، مەحاڵ دەهاتە بەرچاو. بەلام، دوو یان سێ مانگ پاش گەڕانەوەی، **تیتا مانۆتاس**[2] - دەزگیرانی ساڵە دوورودرێژەکان و هاوسەری هەموو تەمەنی - هەراسان تەلەفۆنی بۆ کردین و ئاگاداری کردینەوە کە ئالقارۆ توێتا مێژوویەکەی فرۆشتووە و تاکە نووسخەی چیرۆکە بلاونەکراوەکانی لە داشبڵەکەیدا بەجێهێشتبوو. هەرگیز خۆی بەوە ماندوو نەکرد بەدوایاندا بگەڕێت و بۆ بیانوو دۆزینەوە لەمەڕ نەجولانەوە پشتی بە بەلگە تایبەتیەکەی بەست:"**راستیەکەی، لە شەش حەوت چیرۆکی گاڵتەجاڕانە چیتر نەبوون.**"

هاوڕێیان و پەیامنێرەکان هەموان چووین بەهانای تیتاوە و شوێنپێی توێتاکەمان، کە چەندینجار دەست بەدەست ببوو، لە سەرجەم کەنارەکانی کارایب و ناوچە ناوخۆییەکان تا دەگاتە مێدێین، هەڵگرتەوە. دواجار، لە دوکانێکی فیتەری لە **سینسێلخۆ**[3]، کە دووسەد کیلۆمەتر لەوێوە دووربوو، دۆزرایەوە. دەستنووسی چیرۆکەکانمان دایە دەست تیتا نەبا ئالقارۆ جارێکیتر لە رووی بێحەواسی و شپرزەییەوە یان بەئەنقەست، ونیان بکات.

---

[1]. William Dieterle

[2]. Tita Manotas

[3]. Sincelejo

دووان لەو چیرۆکانە لە کرۆنیکادا چاپ کران و ئەوانیتریشیان ژێرمەن دووساڵ لەلای خۆی پاراستنی و زەوی و ئاسمانی پێوا تا دەزگایەکی چاپی بۆیان دۆزیەوە. سیسیلیا پوراس، ئەوخانمە وێنەکێشەی بەردەوام لەبەرامبەر گروپەکەمان بەوەفا بوو، بە هەندێك وێنەی داهێنەرانە نەخشاندنی، ئەو وێنانەی کە بەڕاستی بینینەوەی کەسایەتی ئالفارۆ بوون و بە شێوەی جیاواز دەریان دەخست: شۆفێری لۆری، لێبووکی بازارە وەرزیەکان، شاعیری دێوانە، فێرخوازی زانکۆی کۆلۆمبیا و هەموو سەروشکلێکیتر جگەلە بەژنی مرۆڤێکی ئاسایی و مەعقوول. ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لەژێر ناونیشانی **هەمومان چاوەڕوانین**، بەهیمەتی کتێبفرۆشی مۆندۆ، چاپ کرا و بووە ڕووداوێکی ئەدەبی بەرچاو و وروژێنەر و تەنها ڕەخنەگرە نالەبارەکان لەبەرچاویان نەگرت و بە کەمتەرخەمی لێیان ڕوانی. بە بڕوای من - هەر ئەوکاتەش ئەمەم نووسی - باشترین کۆمەڵە چیرۆك بوو کە تا ئەوکاتە لە کۆلۆمبیا بڵاو دەبووەوە. لەلایەکی ترەوە، ئالفۆنسۆ فۆینمایەر ڕەخنەی زیرەکانە و وتاری ئەدەبی مامۆستایانەی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەنووسی و بەردەوام بڵاوی دەکردنەوە، بەڵام خۆڕاگریە شەرمنانەکەی ڕێگەی لەوە دەگرت نووسینەکانی کۆ بکاتەوە بە کتێب بڵاویان بکاتەوە. بە ئیشتیهایەکی ناباو، کە هیچی لە توونیەتی خوێندنەوەی ئالفارۆ مووتیز یان ئێدواردۆ سالامسا کەمتر نەبوو، کتێبەکانی قووت دەدا.

ژێرمەن بارگاس و سالامسا لەبواری ڕەخنەدا توند و بەویژدان بوون کە لەچیرۆکەکانی خۆیاندا زیاتر لە چیرۆکی خەڵکانیتر کێشە و کەموکووڕییان دەبینیەوە، بەڵام حەزو ئارەزوە بەرین و بیسنوورەکەیان لەمەڕ دۆزینەوەی توانایيە لاوەکان هەرگیز دانەمرکایەوە. لەو بەهاری داهێنانەدا، بەردەوام ئەو پڕوپاگەندەیە لەسەر زاران بوو کە ژێرمەن شەوان ناخەوێت و چیرۆکی نائاسایی دەنووسێت، بەڵام تا چەند ساڵێك پاش ئەوەراستی ئەو قسەیە دەرنەکەوت و هەرگیز نەگەشتینە دڵنیایی تا ئەوکاتەی چەند کاتژمێرێك پێش هاوسەرگیری لەتەك سووسانا ئاینارس، دایکی تەعمیدی یەکێك لە منداڵەکانمان، خۆی لە ژوری نووستنەکەی ماڵی باوکی زیندانی کرد و هەموو ئەوشتانەی سوتاند کە نووسیبوونی، لەبەرئەوەی دەیویست تەواو لەوە دڵنیابێت کە هاوسەرەکەی نایخوێنێتەوە. وا بۆی دەچون ئەوشتانەی سوتاندبوونی دەستنووسی چیرۆك یان نامیلکە یان ڕۆمانێك بووبن، بەڵام ژێرمەن هەرگیز نە پێشتر و نە دواتر، تەنانەت یەك وشەشی لەوبارەیەوە نەوت و تەنها لەشەوی ژن هێنانەکەیدا بەوپەڕی وریاییەوە کاری کرد تا تەنانەت ئەو ژنەی کە لە ڕۆژی دواییەوە دەبووە هاوسەری، هیچیان لەبارەوە نەزانێت. سووسانا تێگەیشت ئەو چ خەیاڵێکی لەسەردایە بەڵام پێی نەخستە ژورەکەوە بۆئەوەی

ڕێگەی لێبگرێت لەبەرئەوەی خەسووی ئەو کارەی لێ قەدەغە کردبوو. **سووسی**[1] زۆر ساڵ دوای ئەوە، بە تەنزە تانە ئامێزانەکەیەوە، پێی وتم: "**لەورۆژانەدا بووك مافی ئەوەی نەبوو پێش شەوی گواستنەوە پێ بخاتە ژووری نووستنی هاوسەری داهاتوویەوە.** "

هێشتا ساڵێك تێنەپەڕیبوو کە نامەکانی دوون راموون هەرجارەو تەمومژاویتر و خەفەتاویتر دەبوون و درەنگ درەنگ دەهاتن. ٧ی مەی ١٩٢٥، ئەوکاتەی کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ پێمخستە کتێبفرۆشی مۆندۆ، بەیەك نیگا لە دەموچاوی ژێرمەن و تەنانەت بێئەوەی یەك وشە بڵێت، تێگەیشتم دوون راموون مردووە. دوو رۆژ پێشتر، لە بەرشەلۆنەی خەیاڵاویی و خۆشەویستی، ماڵئاوایی لەژیان کردبوو. هاورێکانمان، ئەوکاتەی وەکو هەمیشە دەهاتنە ئەوکافتریایەوە کە شوێنی هەمیشەیی نیوەڕوانمان بوو، تەنها یەك رستەیان دەوت:

- چەند حەیفە!

ئەوکاتە بەئاگانەبووم یەکێك لەساڵە جیاوازەکانی ژیانم دەگوزەرێنم و ئەمرۆ هیچ گومانم نییە کە ئەوساڵە چارەنووس ساز بوو. تا ئەوکاتە لەتەك رواڵەتی ناڕێك و ئاڵۆزکاوم راهاتبووم. لەوشارەدا، کە هەرکەسێك چۆنی بویستبا وەها دەژیا، زۆر کەس خۆشیان دەویستم و رێزیان دەگرتم، هەندێك کەسیش ئافەرینیان دەکردم. ژیانی کۆمەڵایەتیم پڕ لە چالاکی و جوڵەبوو، بە پاپوچەکانی زیارەتەوە، کە دەتوت بۆ لاسایی کردنەوەی ئالفارۆ سێپیدا کڕیبووم، لە کۆڕوکۆبونەوە هونەریەکان و دانیشتنەکانی گفتوگۆدا بەشداریم دەکرد، و جگەلە پانتۆڵێکی کەتانی و دوو کراسی نەخشدار، کە لەژێر دووشەکە دەمشتن، جلوبەرگێکیترم نەبوو.

شەوێك، لەبەر هەندێك بەڵگەی جیاواز ـ کە هەندێکیان تەواو سووکەسەرانە بوون ـ ئاراستەی خۆم گۆڕی و بڕیارمدا خۆم برازێنمەوە، جلی نوێم کڕی، قژم وەکو سەربازەکان کورت و سمێڵم باریك کردەوە و زۆر بە زەحمەت خۆم لەتەك لەپێکردنی پێڵاوی جوانو گران راهێنا کە دکتۆر **رافائێل ماریاگا**[2] ی رێنووما و ریشسپی و مێژوونوسی شارەکە، ئەو پێڵاوانەی بەمن دەبەخشی بێئەوەی تەنانەت یەکجاریش لەپێی کردبن لەبەرئەوەی بۆخۆی گەورەبوون. بەهۆی بەرچاورونی نائاگایانەی تازە پێگەیشتوانەی کۆمەڵایەتیم، وردەوە، گەرمای زورەکەم لە "ئاسمانبڕ"دا بەلامەوە خنکێنەر بوو، وەکو ئەوەی بڵێت ئاراکاتاکا لە سیبری بێت، هاتوهاواری کڕیارە تێپەڕەکان،

[1]. Susi، بچوککراوەی سۆسانا.

[2]. Rafael Marriaga

که ئەوکاتەی لەخەو هەڵدەستان بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد، ئازاری دەدام، گلەییم لەوە هەبوو کە ژنە شەوگەڕەکان بەردەوام دەستە دەستە دەریاوانەکانی ئاوشیرینەکانیان دەبردە ژوورەکانیانەوە و چەندیش دەمبوڵاند هەر داخی دڵم هەڵنەدەرێژرا.

ئێستا تێدەگەم کە رواڵەتی شڕوپڕ و شپرزەم نە لەبەر هەژاری بوو نە لەبەر شاعیرایەتیم، بەڵکو لەبەرئەوەی بەوپەڕی سەرسەختی و سووربوونەوە، سەرجەم هێز و توانام لەسەر فێربوونی نووسین چڕ دەکردەوە، چیتر هیچ بوارم بۆ نەدەمایەوە سەرنجی لایەنەکانی تری ژیانم بدەم. هەر خێرا پاشئەوەی رێڕەوی راستم ناسیەوە،"ئاسمان بڕ"م بەجێهێشت و بوومە یەکێك لە دانیشتوانی گەڕەکی هێمن و پەنای **پرادۆ**[1]، کە لەرووی جوگرافی و کۆمەڵایەتیەوە پێچەوانەی سەرپەنای پێشووم بوو، دووسەد مەتر لە ماڵی مێرا دێلمار و پێنج سەد مەتریش لەو ئوتێلە مێژوویەوە دوور بوو کە کوڕە دەوڵەمەندەکان، پاش رێورەسمی پاڕانەوەی یەکشەممە، لەگەڵ دەزگیرانە پاکیزەکانیان بۆ سەما بۆی دەچوون. یان وەکو ئەوەی ژێرمەن دەڵێت: دەستم کرد بە پەرەپێدانی فێربوونی شتی خراپ.

لە ماڵی دەستە خوشکەکانی **ئاڤێلا**[2] - **ئیستر**[3]، **مایتۆ**[4] و **تۆنیا**[5] - نێشەجێبووم، کە لە سوکرەوە دەمناسین و ماوەیەك دەبوو سووربوون لەسەرئەوەی لە فەوتان رزگارم بکەن. لەباتی چواردیوارێکی کارتۆنی کە لەهەموو جۆرێکیم بینی و لەوێ چاوودەمم کرایەوە، ژوورێکی نووستنی راستەقینەو گەرماوێکی تایبەتیم دەست کەوت کە پەنجەرەکەی لەسەر باخچەیەك بوو و سێ ژەم خواردنیشیان پێشکەش دەکردم و ئەو بڕە پارەیەی لەباتی هەموو ئەوانە لێیان وەردەگرتم کەمێك زیاتر بوو لە موچە ناچیزەکەم، واتە دەرامەتی عەرەبانەچییەکی بەدبەخت. پانتۆڵێك و دوو سێت و نیو کراسی ئیستیوایم بە نەخشی گوڵ و باڵدار کڕی، کە بومهۆی ئەوەی نازناوی نهێنی کوڕە پرچدرێژەکەی کەشتیم بەبەردا ببڕێت. پاش ئەو گۆڕانکاریەی رواڵەتم، هاوڕێ کۆنەکان، کە ماوەیەکی زۆربوو هەواڵێکیان نەپرسیبووم، لەپڕ لەهەموو لایەکەوە دەرکەوتن. بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە بیستم کە لەبەر قسە پڕوپووچەکانی"زەرافەی مێ"لەملاولا دەڵێنەوە و تێگەیشتم لایەنگری قورسی کرۆنیکا بوون، لەبەرئەوەی لەوباوەڕەدابوون رۆحیەتێکی وەرزشکارانە

---

[1]. Prado

[2]. Avila

[3]. Esther

[4]. Mayito

[5]. Tona

و خوویەکی پاڵەوانانەی هەیە و تەنانەت چیرۆکەکانی منیشیان دەخوێندەوە بێئەوەی هیچیشی لێتێبگەن. ریکاردۆ گۆنزالێس ریپۆلم دۆزیەوە، کە لە بەشی ناوخۆیی ئامادەیی نەتەوەیی قەرەوێڵەکەی لەتەنیشتمەوە بوو. بە بڕوانامە ئارشیتیکتیەکەی لە بارانکیا گیرسابوەوە و کەمتر لەساڵێك، بە شۆقڵێتێکی دەنووك مراوی چاخی بووقەوە کە هەموو بەیانیەك هەشت کەسی تێدەتەپاند. ژیانی خۆی رێکخستبوو. هەفتەی سێجار نزیکی شەو دەهات بەدوامدا بۆئەوەی لەگەڵ ئەو هاوڕێ تازانەی هەموو بیروهۆشیان چاك کردنی وڵات بوو - هەندێکیان بە رێگەچارە جادوییەکانی سیاسەت و هەندێکیتریان لەرێگەی بەرهەڵستی کردنی پۆلیسەوە - دەچووینە گەشت و سەیران.

ئەوکاتەی دایکم هەواڵی ئەو بارودۆخە تازەیەی پێگەیشت، پەیامێکی بۆناردم کە تەواو تایبەت بوو بە خۆی: "پارە پارە دەهێنێت. "دەربارەی ماڵ گواستنەوەکەم هیچم بە ئەندامانی گروپەکە نەوت تا ئەوشەوەی کە لە کافتریای خاپی لەسەر مێزێك کۆببوینەوە و دەستەوداوێنی وتەی رەوان و شکۆمەندی لۆپێ دێبێگا بووم"**خۆم سەروسامان دایەوە بەوجۆرەی کە شایستەبوو سەروسامان گرتنەوەی بێسامانیم.** "لەبیرم نیە هەرگیز لە ستادیۆمی دووگۆڵیشدا هاوار و هاندانێکی ئەوەندە بەهاتوهاوارم بیستبێت. ژێرمەن گرەوی کرد کە لەدەرەوەی"ئاسمان بڕ"هیچ بیرۆکەیەکی چیرۆك بەمێشکمدا ناگات و هەرشتێك لەدوای ئەوێوە بینووسم بەبەرکەتی ئەو بیرۆکانە دەبێت کە پێشتر لەوێ بیرم لێکردونەتەوە. ئالفارۆ دڵنیابوو ناتوانم خۆم لەتەك کاتژمێرو بەرنامەی نانخواردنی ئەو شوێنەدا بگونجێنم. ئالفۆنسۆ، بۆئەوەی ناکۆکی بنێتەوە، لەبەرامبەر دەستومردانی هاوڕێکانم لە ژیانی تایبەتیم نارەزایی دەربڕی و بەقسەکردنێکی رەوان دەربارەی پێویستی هەنووکەیی لەمەڕ دیاریکردنی چارەنووسی کرۆنیکا، بابەتەکەی گۆڕی و سەری قسەکانی بۆ شوێنێکیتر راکێشا. وابزانم، لەقوڵایی دڵیانەوە، لەبەرامبەر بێ سەروسامانیم هەستیان بە تاوان دەکرد بەڵام حەیاوحورمەتیان لەبەر ئەو بڕیارە ناغافڵەی هەلی ئەوەی بۆ دەرەخساندن هەناسەیەکی ئیسراحەت هەڵبکێشن، بێ کەمتەرخەمی، سوپاسم بکەن.

بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، تەندروستیم و دۆخی دەرونیم بەرەو باشی رۆشت. لەبەر کەمی وەخت کەمتر دەمخوێندەوە، بەڵام ئاستی"زەرافەی مێ"م بەرز کردەوە و خۆم ناچار کرد بەیانیان زوو کە پێشتر بەمۆنۆگراوە بە بەتاڵی دەچووەسەر، لە ژورە تازەکەم و بەو ئامێرە تایپە پەڕپووتەوە کە فۆیەنمایەر بە ئەمانەت پێبەخشیبوم درێژە بەنووسینی تۆفانی گەڵا بدەم. زۆر ئاسایی لەماوەی دوانیوەڕوان و عەسردا، لە هۆڵی نووسینەکە"زەرافەی مێ"و یاداشتێکی رۆژانە، یەك دوو بابەتی بێ ئیمزا و بەکورتیەکەی چیرۆکێکی پۆلیسی و یاداشتەکانی دواساتەکانی کارکردنم، پێش

داخستنی ژمارەیەکی نوێی کرۆنیکا، دەنووسی. خۆشبەختانە، نووسینی رۆمان، لەبری ئەوەی بەدەم تێپەڕینیەوە ئاسانتر ببێت، لە رەوتی پێکهاتنیدا، وردەوردە پێوانەکانی خۆی، بەپێچەوانەی خواست و بۆچوونەکانمەوە، بەسەردا دەسەپاندم، و خۆش ئەوەبوو، سادەدڵانە، ئەو دیاردەیەم بەنیشانەی بەخت باشیم لەقەڵەم دا.

ئەوەندە ئاستی متمانەم بەرز و رۆحیەتم بەهێز ببوو کە لەهەلومەرجێکی زۆر بەپەلەدا دەهەمین چیرۆکی خۆم نووسی - **کەسێک گوڵاڵە سوورەکان پەرپەر دەکات** - لەبەرئەوەی شیکەرەوە سیاسیەکەمان، کە سێ لاپەڕەی کرۆنیکامان تایبەت کردبوو بە وتارە درەنگ وەختەکانی، توشی دەمارگیری بوو. ئەوکاتەی لەسەر ماکێت چیرۆکەکەم هەڵەچنی کرد، تازە لەوە تێگەیشتم کە ئەو چیرۆکەشم یەکێك لەو دراما (ایستایی) پێشتر نووسیومە. . ئەو گرفتە دەردیسەری خولقێنەر بومهۆی ئەوەی هەست بە پەشیمانی بکەم لەبەرئەوەی ماوەیەك پێشئەوە، نیوەشەوێك، هاوڕێیەکم لەخەو هەستاندبوو بۆئەوەی لەماوەی کەمتر لە سێ سەعاتدا ووتارێکمان بۆ بنووسێت. بە پەرێشانی تاوانبارێکی پەشیمانەوە کە دەیەوێت بەهەر نرخێك بووە سزای تاوانەکەی ببینێت، بەوماوەیە چیرۆکەکەم نووسی، و رۆژی دووشەممە جارێکیتر پێشنیارەکەی پێشووم لە ئەنجومەنی نووسەران پێشکەش کردەوە: پێویستی زۆر هەنووکەیی وای دەخواست بەپەلە برژێنە سەر جادە و بە ئامادەکردنی رێپۆرتاژگەلی بزوێنەر بلاوکراوەکە لەو زەلکاوەی تیی کەوتبوو دەربهێنین. بەلام ئەو پێشنیارە، هەرچەندە هەموان پەسەندیان کرد، بە هێنانەوەی بەلگەیەك کە زویری دەکردم، رەت کرایەوە"گەر بچینە سەرجادە، وێناندنە شاعیرانەکانمان لە رێپۆرتاژ رێگەی ئەوەی لێ دەبەستینەوە بلاوکراوەکە لەکاتی خۆیدا ئامادە و بلاوبکرێتەوە - هەڵبەتە رەنگە هەر ئامادەش نەبێت. دەبوو ئەو قسەیە بە موجامەلەیەکی دۆستانە لەقەڵەم بدەم، بەلام هەرگیز نەمتوانی بەسەر ئەو خەیاڵەمدا زاڵ ببم و بەخۆمی بسەلمێنم کە هۆی رەتکردنەوەی ئەو پێشنیارەم ئەو بیرەوەریە ناخۆشەی رێپۆرتاژەکەم لەسەر براسکۆچیێا نەبوو.

ئەو رووداوە دڵخۆشکەرەی ئەو رۆژانە، پەیوەندی تەلەفۆنی **رافایل ئێسکالۆنا**[1]ی گۆرانیبێژی ئەو تەسنیفانە بوو کە لەوپەڕی دونیا گۆرانیەکانی دەڵێنەوە و تا ئێستاش هەر دەیانڵێنەوە. بارانکیا، لەسایەی گوزەری هەمیشەیی ئەو گۆرانیبێژە گەڕۆکانەی ئۆکۆردۆنیان دەژەند و لەهەموو ئاهەنگە ناوچەییەکانی ئاراکاتاکادا ئامادەییان هەبوو و بلاوکردنەوەی ئەو گۆرانیە میلیانە لە رادیۆکانی کارایبەوە، ببوە ناوەندی مۆزیکی

---

[1]. Rafael Escalona

جەماوەری. یەکێك لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی ئەو ڕۆژانە **گیێرمۆ بوییتراگۆ**[1] بوو کە زۆر شانازیی بەخۆیەوە دەکرد لەبەرئەوەی تازەترین هۆنراوەکانی پرۆبینیسیای پێشکەش بە گوێگرانی دەکرد. ئەو گۆرانیبێژەی تر کە گەلێك هەواداری هەبوو **کریسێنسیۆ سالسیدۆ**[2] بوو، ئەو سوورپێستە پێپەتیەی کە لەسەر روکنی (بیستروی) **ئەمریکانا**[3] رادەوەستا و بەبێ مۆزیك ئەو ئاوازانەی دەچڕی کە لە هۆنراوەی خۆی و هەندێك کەسیتر بوون و هەرچەندە دەنگی جیاواز نەبوو لە دەنگی تەپڵی تەنەکە، بەڵام شێوازی گۆرانی وتنە تەواو تایبەتیەکەی شوێنگەی خۆی لەنێو ئەو کۆمەڵە کەسەدا چەسپاند کە هەموو ڕۆژێك بە شەقامی سەن بلاسدا گوزەریان دەکرد و بۆمەهۆی ئەوەی خۆشەویستیەکی بەرفراوان بباتەوە. لە سەردەمی لاویەتیدا، ماوەیەکی زۆرم لەلای ئەو بردەسەر، بێئەوەی تەنانەت سڵاویش بکەم یان خۆم ئاشکرا بکەم، تا ئەوکاتەی توانیم تەواوی ئەو هۆنراوانەی ئەو دەیزانی لەبەریان بکەم.

دواجار لە یەکێك لەو ئێوارە پڕ لە سستی و بێتاقەتیانەدا، بەسەرهاتی ئەو هەڵچونە گەیشتە لوتکە. سەرقاڵی نووسینی "زەرافەی مێ"بووم کە تەلەفۆن زەنگی لێدا. دەنگێك رێك وەکو دەنگی یەکێك لە ناسراوەکانی سەردەمی منالیم لەگوێمدا زرنگایەوە و بەبێ پێشەکی کەوتە سەلام و ئەحواڵپرسینم:

- ئەم کاتەت باش، منم رافائێل ئێسکالونا.

پێنج دەقیقە دوای ئەوە لە ژورێکی تایبەتی کافتریای ڕۆما یەکتریمان بینی و هاوڕێیەتیەك لە نێوانماندا سەریهەڵدا کە تەمەنێك درێژەی کێشا. هەر پاش چاکوچۆنی، داوام لێکرد دوا گۆرانیەکانیم بۆ بڵێت. هەندێك بەیتی پەڕاکەندە، بەدەنگێکی زۆر لەسەرخۆ و هاوسەنگەوە، لەگەڵ ڕیتمی سەری پەنجەی لەسەر مێزەکە. شێعری نوێی هەرێمەکەمان، لەبەرگێکی نوێدا، بەپیاسە بەهەموو بەندەکاندا دەخولایەوە. بە ریتمێکی دڵنشینەوە دەیوتەوە :"**لقێك گوڵ، من فەراموش مەکە، دەدەمە دەستت تاوەکو بەحوکمی ناوەکەی بجوڵێتەوە.** "منیش، بەسەرەی خۆم، هونەری خۆم دەربڕی و پێم سەلماند جوانترین هۆنراوەکانی هەرێمەکەیم، کە بەسەر روباری خرۆشانی سێنتەوە مەلەیان دەکرد، لە یەکەمین سالانی منالیمەوە لەبەر کردبوو و وەکو گەنجینەیەکی گرانبەها دەمپاراستن. بەڵام ئەوەی لە هەمووشتێك زیاتر توشی سەرسامی کرد ئەوەبوو کە بەجۆرێك دەربارەی پرۆڤێنسیا قسەم دەکرد کە دەتوت وەکو لەپی دەستم دەیناسم.

---

[1]. Guillermo Buitrago

[2]. Crescencio Salcedo

[3]. Americana

چەند ڕۆژێك پێشتر، ئاسكالونا بە پاسی **ڤیانیوڤا**[1] بەرەو **ڤایدوپار**[2] سەفەری كردبوو، ئەمەش لەكاتێكدا، كە لە ڕێگە مۆزیك و هۆنراوەی گۆرانیە تازەكەی بۆ كەرنەڤاڵی یەكشەممەی داهاتوو لە مێشكیدا دروست دەكرد. ئەمە شێوەی كاركردنی بوو، لەبەرئەوەی نەدەمیتوانی نۆتە بنووسێت و نەدەمیزانی سازێك بژەنێ. لە یەكێك لە گوندەكانی سەر ڕێگەكەیان، گۆرانیبێژێكی گەڕۆك، پاپووچ لەپێ و ئۆكۆردیۆن بەدەست، كە زۆری لەوجۆرە هەبوون و لە بازاڕێكی وەرزیەوە بەرەو بازاڕێكی وەرزیتر دەڕۆشت، سواری پاسەكە بوو. ئاسكالونا لەتەنیشت خۆی دایینیشاند و دوو بەند لەو هۆنراوە تازمیەی دایتابوو بەگوێچكەیدا چرپاند.

گۆرانیبێژە گەڕۆكەكە خۆشحاڵ و مەست لە بیانوێبا دابەزی و ئاسكالونا بە پاسەكەی بەرەو ڤایدوپار درێژەی بەسەفەرەكەی دا و لەوێ بەهۆی هەڵامەتێكی ئاساییەوە، بە چل پلە تاوە، لەجێگەدا كەوت و عارەقەی ڕشت. سێ ڕۆژ پاش ئەوە یەكشەممەی كەرنەڤاڵ بوو و ئەو گۆرانیە ناتەواوەی ئاسكالونا بەدزیەوە بەگوێچكەی هاوڕێ نیوەڕێكەیدا چرپاندبووی، زیاتر لە سەرجەم ئاوازە كۆن و تازەكانی پەسەند كرا و لە ڤایدوپارەوە تا دوورەدەستترین ناوچەی **ڤێلا**[3]، هەزاران كەسی وروژاند. تەنها خۆی دەزانێت چ كەسێك، ئەودەمەی ئەو بەدەم تا و حەسرەتی كەرنەڤاڵەوە دەسووتا، ئەو گۆرانیەی خستە سەرزاران و ناوی لێنا **سارای بەساڵاچوو**.

ئەو بەسەرهاتە ڕاستە بەڵام، لە ناوچە و لەنێو كۆمەڵێكدا كە ئاساییترین ڕووداو بەلایانەوە سەیروسەمەرەترینیانە، بە بەسەرهاتێكی دەگمەن دانانرێت. ئۆكۆردیۆن، كە ئامێرێكی مۆزیكی باوی كۆڵۆمبیا نییە، لە هەرێمی ڤایدوپار زۆر جێگەی پەسەندە، ڕەنگە لە ئاروبا و كۆرازایۆ، بەرەو ئەو ناوچەیە هاتبێت. لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووهەمدا، هاوردەی ئۆكۆردیۆن لە ئەڵمانیاوە قەدەغە كرا، بەڵام ئەو ئۆكۆردیۆنانەی پێشتر گەیشتبوونە پرۆڤینسیا، بەهۆی چاودێری خاوەنەكانیانەوە، دەوامیان هێناو لەناو نەچوون. یەكێك لەوانە **لیاندرۆ دیاز**[4] بوو، ئەو دارتاشەی لە ئاوازدانانەدا بلیمەت بوو و مامۆستایانە ئۆكۆردیۆنی دەژەند هەرچەندە بەزگماكی كوێر بوو بەڵام تا كۆتایی شەڕ، جگەلەو كەس نەبوو ئۆكۆردیۆنە خراپەكان چاك بكاتەوە. ئەو گۆرانیبێژە گەڕۆكانە بەسەرهاتە خۆش و سادەكانی مێژووی ژیانی ڕۆژانە، لە جەژنە مەزهەبیەكان و ئاهەنگە

---

[1]. Villanueva

[2]. Valledupar

[3]. Vela

[4]. Leandro Diaz

ناوچەییەکاندا، بە ئاوازەوە دەگێڕنەوە و بەتایبەت لە ڕۆژانی کەرنەڤاڵدا کارەکەیان لە هەموو کاتێکیتر زیاتر ڕەونەقی دەبێ و وەکو ئەوەی دەوتریت ڕۆژی خۆیانە. بەڵام ئسکالونا حسابی لەوانیتر جیا بوو. بنەماڵەیەکی ناسراوی هەبوو: کوڕی سەرهەنگ **کلیمێنتێ ئیسکالونا**[1]، خوشکەزای قەشەی بەناوبانگی **سیلیدۆن**[2] و دەرچووی ئامادەیی سانتامارتا بوو کە شانازیی بەناوی ئەوەوە دەکات، هەر لەسەرەتای منالیەوە دەستی کرد بە ئاواز دانان و بوەهۆی شەرمەزاری بنەماڵە خانەدانەکەی، کە گۆرانی وتن بە ئۆکۆردیۆنەوە لەلای ئەوان بەپیشەی خەلکی بەرەڵاو گەمژە لەقەڵەم دەدرا. نەتەنها گۆرانیبێژێکی گەڕۆك بوو کە خوێندنی ئامادەیی تەواو کردبوو، بەڵکو یەکێك بوو لەو گۆرانیبێژە گەڕۆکە دەگمەنانەی دەیتوانی بنووسێت و بخوێنێتەوە و وابزانم هیچ بەشەرێك نەبوو هێندەی ئەو نەفسی بەرز بێ و هێند ئاسان و بەوپەڕی بوونیەوە عاشق ببێت و لەورێگەیەدا بەوپەڕی نیازپاکیەوە سەرجەم بوون و نەبوونی فیدا بکات. بەڵام ئەو دواهەمین بەجێماوی ئەو ڕەگەزە نییەو نابێت: ئەمڕۆکە سەدان کەسی وەکو ئەو پەیدا دەبن و هەمووجارێکیش کەسانی لاوترن. بیل کلینتۆن لە دوا ڕۆژەکانی سەرەك کۆماریدا، ئەوکاتەی گوێی لە ئاوازی کۆمەڵێك منالی سەرەتایی بوو کە لە پرۆڤینسیاوە بەرەو کۆشکی سپی ڕۆشتبوون بۆئەوەی بەرنامەیەکی پێشکەش بکەن، پەی بەو خاڵە برد.

لەو ڕۆژانەی خۆشبەختیدا، بە ڕێکەوت، چاوم بە **میرسێدس بارچا**[3]ی کچی دەرمانفرۆشەکەی سوکرە کەوت کە هێشتا تەمەنی سیازدە ساڵ بوو من داواکاری بووم و بەپێچەوانەی جارەکانی پێشووترەوە بانگهێشتەکەی قبوڵ کردم و ڕازی بوو یەکشەممەی داهاتوو بۆ سەماکردن لەگەڵ من بێت بۆ ئوتێل پرادۆ. ئەوڕۆژەی یەکترمان بینی تازە زانیم بەهۆی بارودۆخی سیاسی وڵاتەوە کە تا دەهات خراپتر دەبوو، لەگەڵ بنەماڵەکەی بەرەو بارانکیا کۆچیان کردوە. **دیمیتریۆ**[4]ی باوکی لە لیبراڵە ناسراوەکان بوو کە پاش توندبوونی سەرکوتکاریی و کارەساتە نەنگینە کۆمەڵایەتیەکان، لەبەرامبەر مەترسیەکان نەترسا و مەیدانەکەی چۆڵ نەکرد. بەڵام، بەهۆی گوشار و لەسەر سووربوونی خێزانەکەی، دارونەدارە کەمەکەی لە سووکرە فرۆشت، و لەبارانکیا لە نزیك ئوتێل پرادۆ دەرمانخانەیەکی کردەوە، هەرچەندە هاوتەمەنی باوکم بوو بەڵام بەردەوام لەگەڵ من

---

[1]. Clemente Escalona

[2]. Celedon

[3]. Mercedes barcha

[4]. Demetrio

گەنجانــە هەڵــسوکەوتی دەکــرد و زۆرجــار پێکــەوە دەچــوینە بارەکــەی بەرامبــەری و دەمێکمان تــەڕ دەکرد و زۆرجاریش وەها هەڵکەوتبوو کە لەگەڵ سەرجەم ئەنـدامانی گروپەکە، پاش ئەوەی بەتەواوەتی مەست و سەرخۆش ببووین، بـچینە"پیاوی سـێهەم"و لەوێ بەزمی شەوانەمان ببەینەسەر. لەوکاتەدا، مێرسێدس لە مێدیین دەیخوێنـد و تـەنا لەپشوی کریسمـسدا دەگەڕایـەوە بـۆلای خێزانەکـەی. هەمیـشە لەگـەڵ مـن رووخـۆش و میهرەبان بوو، بەڵام بە شارەزایی جادوگەرێکی لێزانەوە خۆی لە پرسیارو وەڵامـە بـەڵێن خولقێنەکان دەدزیەوە و بەجۆرێك هەڵسوکەوتی دەکرد کە هەرگیز هیچ مەسەلەیەکمان نەدەبڕایەوە و بەهەڵپەسێراوی دەمایەوە. بەناچار، لەبەرامبەر ئەو ستراتیژەی ئەو خـۆم بەدەستەوە دابـوو لەبەرئـەوەی هەرچـۆنێك بـوو لـە کەمتەرخـەمی و وەڵامـی نێگـەتیڤی ئاشـکرای بەبەزەییانــەتر بــوو، و دڵــم بــەوە خــۆش دەکــرد مــن لەگــەڵ بــاوکی و هــاورێ بەرێزەکانی باوکی لە بارەکەی بەرامبەریان ببینێت. گـەر لـەماوەی ئـەو پشوەدا هاورێ دەرمانفرۆشـەکەم لـە پەیوەنـدی مـن وکـچەکەی تێنەگەیـشت، هۆکارەکـەی ئـەوەبوو کـە لەسـەرتای مەسـیحیەتەوە تـا ئـەورۆژە هـیچ رازێکیـان هێنـدە شـارەزایانە نەشـاردبوەوە. چەندینجار،، ئەوکاتانەی لە"پیـاوی سـێهەم"کۆدەبووینـەوە، رسـتەیەکی دەهێنایـەوە، کە کـچەکەی لـە یەکـەمین کـۆڕی سـەما لـە سـوکرە پێـی وتبـووم و منـی لـە شـوێنی خـۆم راگرتبـوو:"**بابەگیانم دەڵێت تا ئێستا شازادەیەك کە شایستەی هاوسـەریەتی مـن بێـت، لەدایك نەبووە.** "نـازانم ئایـا خۆشـی بەڕاسـتی هـەمان بـاوەڕی هـەبوو، بـەڵام بـەجۆرێك هەڵسوکەوتی دەکرد کـە گوایـە بۆچـونەکەی بـاوکی زۆر بـە نـەباجێ نازانێـت، تـا ئـەوەی دواجار لەو کریسمسەدا ئامادەبوو لـە ئوتێـل پـرادۆ وادەی ژووانم بـداتێ. ئەوەنـدە گـەوج بــووم کــە رازیبوونەکــەیم بەســتەوە بــە شــێوەی هونەرمەندانــەی رازاندنــەوەی قــژ و سمێڵمــەوە کــە دەرئــەنجامی شــارەزایی دەســت وپەنجــەی مامۆســتای سەرتاشــین بــوو و هەروەها چاکەت وپانتۆڵی یەکرەنگ و بۆینباخە هاوریشمەکەم، کە هەر بەوبۆنەیەوە لـە هەڕاج کردنی تورکەکان لە بازاڕ کڕیبـووم. دڵنیـابووم لەگـەڵ بـاوکی دێ لەبەرئـەوەی بـۆ هەرشوێنێك دەچوو ئەویـشی لەگەڵدابوو هـەر لەبەرئـەوە منـیش ئایـدا رۆسـای خوشـکم لەگەڵ خۆم برد کە پشووەکەی لەلای من بەسەر دەبرد. بەڵام مێرسێدس تەنها و بـەبێ پارێزەر لـەوێ ئامـادەبوو و هێنـدە کەمتەرخەمانـەو بـە گاڵتـەوە سـەمای کـرد و هێنـدە نازدارانە رەفتاری کرد کە هـەرجۆرە پێـشنیارێکی جـدی لـەلای گاڵتەجاڕانـە دەکەوتـەوە. لەو رۆژە لەیادنەکراوەدا، سـەما داهێنـراوە تازەکـەی هاوڕێکـەم **پاچۆ گالان**[١]ی داهێنـەری

---

[١]. Pacho Galan

بەناوبانگی **میرکیومبێ**[1]، کە گەلێك ساڵ کۆڕی سەماو شاییەکانی وروژاند و زۆربەی ئەو ئاوازە کاراییانەی بەئیلهام لەوەوە پەیدا بوون و ئێستاش ماون، بۆیەکەمجار پێشکەشی بینەران کرا. مێرسێدس زۆر بەجوانی لەسەر ئاوازە باوەکانی رۆژ سەمای دەکرد و بەکەلکومرگرتن لە هاوسەنگی جوڵەو زمانە شیرینە سەرسوڕهێنەرەکەی، نەرم و خزۆك، خۆی لەوەڵامی پێشنیارەکانم دەدزیەوەو ئاگری هیواخوازیمی زیاتر تاو دەدا. وابزانم، دەیویست ئەوەم پێ بسەلمێنێت کە قسەکانم بە جدی نازانێت، بەڵام هێندە ناسك و زیرەکانە ئەوکارەی دەکرد کە دڵم سارد نەبێتەوە و درێژە بە پێشڕەوییم بدەم. بەکورتیەکەی، بەدەستێك پاڵی پێوە دەنام و بەدەستێکیتر رایدەکێشامەوە.

کاتژمێر دوازدەی نیوەشەو، بە نیگەرانیەوە وتی دەرەنگە و منی لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا بەجێهێشت و تەنانەت رێگەی نەدا تا بەردەرگاکە بەڕێی بکەم. هەڵسوکەوتەکەی هێندە بەلای خوشکەکەمەوە نامۆ بوو کە خۆی بە هەڵە زانی و تائێستاش ئەم پرسیارە مێشکم ئازار دەدات کە ئایا بڕیارە لەپڕ و چاوەڕوان نەکراوەکەی سەبارەت بەوەی بچێتە دێری سالیسیانەکانی[2] مێدێینەوە، پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە نەبووە. لەوڕۆژە بەدواوە، من و مێرسێدێس زمانێکی هێمائامێزمان داهێنا کە تەنها خۆمان لێی تێدەگەیشتین و بەهۆی ئەوزمانەوە بێئەوەی شتێك بڵێین یان تەنانەت یەکتریش ببینین، یەکتریمان حاڵی دەکرد و پەیوەندیەکەمان دەپاراست.

مانگێك پاش ئەوە، ٢٢ی ژانویەی ساڵی نوێ، ئەو پەیامەی لە ئال ئاراڵدۆ بۆی بەجێهێشبووم لە یەك رستەدا کورت دەبووەوە لە رووداوێکی گرنگ ئاگاداری کردمەوە :"کایتانۆیان کوشت. "ئەو ناوە لەلای ئێمە تەنها نازناوی یەك کەس بوو: کایتانۆ خنتیلەی هاوڕێی هاوبەشمان لە سووکرە، پزیشکە بەرجەستەو کۆڕ رازێنەرەوە و عاشقە شارەزاکە. ئەو چیرۆکەی خێرا کەوتە سەرزاران ئەوەبوو کە بەچەقۆی دوو برای خانمە مامۆستای قوتابخانەی چاپارال، کە بینیمان دکتۆر بەئەسپەکەی بردیەوە ماڵەوە، کوژرا. بەدرێژایی ئەو رۆژە، لەرێگەی ئەو تەلەگرافانەوە کە یەك لە دوای یەك دەگەیشتن، لە رووداوەکە تێگەیشتم.

هێشتا سەردەمی پەیوەندیە تەلەفۆنیە ئاسانەکان نەهاتبوو و گەر کەسێك بیویستبا بە تەلەفۆن لەگەڵ شوێنێکی دوور قسە بکات، دەبوو پێشتر بە تەلەگراف ئەوشوێنەی ئاگادار بکردبا. یەکەم کاردانەوە لە ئەنگێزەی رۆژنامەنووسیمەوە سەرچاوەی گرت.

---

[1]. merecumbe

[2]. Salesianas، فیرقەیەکی کاتۆلیکی بەناوی سەن فرانسیس دێ سال، کە کەسێك بەناوی دوون بوسکۆی قەشەی شاری تورینی ئیتالیا لەساڵی ١٨٦٤ دایمەزراند و لەلایەن ڤاتیکانەوە دانی پێدانرا.

بڕیارمدا بەرەو سووکرە سەفەر بکەم و بەسەرهاتەکە بنووسمەوە، بەڵام لە ڕۆژنامەکە ئەو کارمیان بە کارکردێکی هەڵنەسەنگێندراو و بەژێرکاریگەری کەوتوی هەستە تێپەڕەکان زانی. و ئێستا دەتوانم لەوە تێبگەم، لەبەرئەوەی لەوسەردەمەدا ئێمەی خەڵکی کارایب بەهەرجۆرە بیانویەك یەکتریمان دەکوشت، و زۆرجار لەسەر هیچ و خۆڕایی بەردەبووینە گیانی یەکتر، بەڵام تاوانە عاشقانەکان بە شتی لاوەکی لەقەڵەم دەدران و تەنها پارەدارەکانی شار دەیانکرد. ناوەخنی ئەو ڕووداوەم بەشتێکی نەمر دەهاتە بەرچا و دەستم کرد بە کۆکردنەوەی زانیاریی و بەچڕوپڕی لەتەك شایەتەکانی ڕووداوەکە قسەم کرد، تا ئەوەی دایکم لە نیازە نهێنیەکەم تێگەیشت و داوای لێکردم ئەو ڕیپۆرتاژە نەنووسم. یان هەرهیچ نەبێت تا ئەوکاتەی دایکی کایتانۆ، **دوونیا خوولییێتا چیمێنتۆ**[1] مابوو، لەبەرئەوەی ئەو خاتوونە جگەرسووتاوە دایکی تەعمیدی ئێرناندۆ، هەشتەمین منداڵی بنەماڵەکەمانو بەوشێوەیە خوشکی دایکم بوو. هۆی نارەزایی دەربڕینی - پڕئازارترین لایەنی بەسەرهاتەکە - هیچ ڕێگەیەکی بۆ سەرپێچی کردن لەو داوایە نەدەهێشتەوە. ئەوکاتەی دووبراکەی خانمە مامۆستاکە دوای کایتانۆ کەوتبوون، هەوڵیدابوو پەناباباتەوە بەر ماڵی خۆیان، بەڵام دوونیا خولییێتا، بەوخەیاڵەی کوڕەکەی لەژوری نووستنەکەی خۆی نووستووە، دەرگای سەرکۆڵانەکەی داخست. دەرئەنجامی ئەوەش، ئەوپیاوەی بەنیازی کوشتنی بوون نەیتوانی بچێتە ژورەوە و بە چەقۆ لەپشت دەرگا داخراوەکە کوژرا.

لەوکاتەدا کاردانەوەم ئەوەبوو دابنیشم و ڕاپۆرتی تاوانەکە بنووسم بەڵام ڕووبەڕوی گەلێك گرفت و بەربەست بوومەوە. ئەوەی لەوقۆناغەدا سەرنجی ڕادەکێشام، پێشئەوەی مەسەلەی تاوانەکە بێ، ناوەخنی ئەدەبی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵ بوو. بەڵام بەهیچ بەلگەیەك نەمتوانی دایکم قایل بکەمو بەڵامەوە بێ ڕێزیی بوو بەبێ مۆڵەتی ئەو ئەو بەسەرهاتە بخەمە سەرکاغەز. بەڵام لەوە بەدوا، ڕۆژێك نەبوو دوودڵیی نووسینی ئەو بەسەرهاتە داوێنم نەگرێت. چەند ساڵێك پاش ئەوە، ئەوکاتەی تاڕادەیەك بیرم لەلای ئەو بەسەرهاتە نەمابوو و لە نووسینی پەشیمان ببوومەوە، لە هۆڵی چاوەڕوانی فڕۆکەخانەیەك لە ئەلجەزیرە دیمەنێکم بینی کە جارێکیتر ئەو خۆرە زەینیەی خستەوە گیانم. لەپڕ دەرگای هۆڵی موسافیرە پلە یەکەکان کرایەوە و شازادەیەکی عەرەب، بە دزداشە لەرادەبەدەر پاکوخاوێنە تایبەتیەکەی بنەماڵەکەیەوە، هاتەژورەوە. شاهینێکی مێی ڕاوچی شکۆمەندی لەسەر بازوی هەڵنیشتبوو کە لەبری سەرپۆشە بازنەییە چەرمە

---

[1].Dona Julieta Chimento

تایبەتەکە، کڵاوێکی زێڕینی رازاوە بە ئەڵماس سەری دادەپۆشی. تەواو دیارە کە یادی کایتانۆ خێنتیلێ لە مێشکمدا زیندوو بووەوە، لەبەرئەوەی ئەو لەباوکیەوە فێری هونەری دەستەمۆکردنی باڵندە راوێکان ببوو، سەرەتا قووشی ناوچەییان پەروەردە دەکرد و دواتر ئەوکارەیان لەسەر ئەو باڵندە رەسەنانەی لە"عەرەبستانی سەرسەوزەوە"دەیانهێنا، درێژە پێدا. کاتی مردنی، لە مەزراکەی قووشخانەیەکی پرۆفشناڵانەی هەبوو، کە دوو بازی مێ و شابازێکی نێری دەستەمۆی راوی کەو و شاهینێکی سکۆتلەندی تایبەت بەپارێزگاری لەخۆ دەگرت. پێش ئەوە، چاوپێکەوتنە مێژوویەکەی **جۆرج پلیمتۆن**[1]م لەگەڵ ئێرنێست هەمنگوای لەسەر دروستکردنی کەسایەتی چیرۆکێك بە ئیلهام لە کەسایەتیەکی واقیعی خوێندبووەوە کە لە **پاریس ریۆیو**[2]دا بڵاوکرابووەوە. هەمنگوای وتبووی:"**گەر شێوازی ئەوکارە رونبکەمەوە، هیچ بەدووری نازانم ببێتە دەقێکی رێنووێن بۆ ئەو پارێزەرانەی لەبورای بەدواداچوونی تۆمەت هەڵبەستندا پسپۆرن.** "بەڵام، پاش ئەورۆژە چارەنووس سازەی ئەلجەزیرەباردۆخی من پێچەوانە بووەوە: باردۆخێکی باشم نەبوو و دڵنیاش بووم تا چیرۆکی مەرگی کایتانۆ نەنووسمەوە باش نابمەوە.

دایکم لێبڕاوانە لەسەر بڕیارەکەی مایەوەو لەکۆڵی شەیتان نەهاتە خوار، هیچ یەك لە بەڵگەکانی قبوڵ نەکردمو بەهیچ بەهایەك بە نووسینی ئەو بەسەرهاتە خەفەتبارە رازی نەبوەو، تا سی ساڵ پاشئەوە کە خۆی لە بەرشەلۆنەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و بەدڵێکی پڕلەخەمەوە پێی راگەیاندم دایکی کایتانۆ، لەکاتێکدا تا دواهەمین هەناسە لە ماتەمی کوڕەکەیدا ئازاری دەچەشت، کۆچی دوایی کردبوو. چیتر هیچ بیانوویەکی نەبوو تا رێگە لەنووسینی ئەو بەسەرهاتە بگرێت، لەبەرئەوەی بەپێی بنەما رەوشتیەکانی خۆیشی ئەوکارە کێشەی نەبوو.

وتی ـ **تەنها، وەکو دایکێك لەبەرت دەپاڕێمەوە، بەجۆرێك ئەو بەسەرهاتە بنووسیت وەك ئەوەی کایتانا کوڕی من بێت.**

باسی ئەو بەسەرهات، لەژێر ناونیشانی **راپۆرتی مەرگێکی لەپێش راگەیەندراو** دووساڵ پاش ئەوە چاپ کرا. دایکم ئامادە نەبوو بیخوێنێتەوە و بەڵگەیەکی هێنایەوە کە وەکو ئەودوای قسە زێڕینەکانی بۆهەمیشە لەمۆزەخانەی مێشکمدا پاراستم:"**بەسەرهاتێك کە لەسەر عەردی واقیع هێند خراپ کەوتەوە، مەحاڵە لەکتێبدا باش بکەوێتەوە.** "

---

[1]. George Plimpton

[2]. The Paris Review

هەفتەیەك پاش مەرگی كایتانۆ، كاتژمێر پێنجی دوانیوەڕۆ، ئەوكاتەی خەریكبووم بابەتە ڕۆژانەكانی ئال ئارالدۆم دەنووسی، دەنگی زەنگی تەلەفۆنەكەی سەرمێزی نووسینەكەم بەرز بوەوە. باوكم بوو كە بەبێ هەواڵ هاتبووە بارانكیا و دەیویست بەپەلە لە كافتریای ڕۆما چاوی پێم بكەوێت. ڕیتمی نیگەرانی قسەكانی كەمێك منیشی نیگەران كرد، بەڵام كەخۆیم بینی ئەوەندەیتر ورووژام، لەبەرئەوەی هەرگیز ئەوەندە نارێكووپێك و شپرزە لەنێو كۆمەڵدا دەرنەكەوتبوو: ڕیشی نەتاشیبوو، چاكەت وپانتۆڵە شینەكەی ٩ی ئابریل، كە بەهۆی هەوای نماویی و تەمومژاویی ڕێگەوە چرچولۆچ ببوو، لەبەریا دەگریا. ڕواڵەتی گرژو داڕوخاو وەكو پیاوە شكستخواردووەكان دەهاتە بەرچاو و بەزەحمەت دەیتوانی خۆی ڕابگرێت و ڕێك بوەستێ.

ئەوەندە سەرلێشێواو و حەپەساو بووم كە هەستم دەكرد مێشكم لە ئیش كردن ڕاوەستاوە، ناتوانم لە بارودۆخی نیگەرانی باوكم تێبگەم و لەو هەواڵە كارەساتبارانەی زۆر بەرونی بۆی باس دەكرد هیچم چنگ نەكەوت. سوكرەی بەهەشتی ژیانی ئاسمانی و سان و كیژۆڵە پەری ڕوخسار و دڵفرێنەكان، بەهۆی هێرشی وێرانكار و بومەلەرزە ئاسای توندوتیژیی سیاسیەوە، لەبەریەك ترازابوو. مەرگی كایتانۆ تەنها نیشانەیەك بوو كە هەواڵی بارگرژی ترسناكتری بەدوای خۆیدا دەهێنا.

وتی ـ **تۆ ناتوانی تێبگەیت چی لەو دۆزەخەدا ڕوو دەدات، لەبەرئەوەی لەم هەرێمە ئاسایش و خۆشەدا دەژیت. بەڵام ئەوێ مەرگەساتێكە باس ناكرێ و ئەوانەی وەك ئێمە بەسەلامەتی دەرچوون تەنها لەبەر بەزەیی خودا بووە.**

یەكێك بوو لەو ئەندامە دەگمەنانەی پارتی پارێزكار كە پاش ٩ی ئابریل ناچاربوون خۆیان بشارنەوە بۆئەوەی خۆیان لە هێرشی لیبرالەكان بپارێزن و لەوكاتەدا هاورێبازەكانی خۆی، ئەوانەی لەبەرئەو بەسەلامەتی دەرچووبوون، لەبەر میانەڕەوییەكەی لەخۆیان دووردەخستەوە. وێنەیەكی هێند ترسناك و بزوێنەری ـ لەهەمان كاتدا وێنەكی ڕاستەقینە ـ لەبارودۆخی ناهەمواری سوكرە بۆكردم كە مافی ئەوەم پێدا تائەوڕادەیە نیگەران بێ و بیەوێت دەست لە داروندەداری هەڵبگرێت و ڕێچكەی كارتاخنا بگرێتەبەر. نە عەقڵم و نەدڵم ڕازی دەبوو دژی ئەو بڕیارە بم، گواستنەوەی بەپەلە باشترین ڕێگەچارە نییە و ئەو گریمانەشم لەیاد نەدەكرد كە ڕەنگە بكرێت هەڵسەنگێنراوانەتر ئەو گرفتە چارەسەر بكرێت.

بۆ بیركردنەوە پێویستمان بەكات هەبوو. دوو ساردیمان داوا كرد و بەبێدەگی گەرووەمان فێنك كردەوە، و هەركامیشمان لە دونیای خۆیدابوو. پاش ماوەیەك، باوكم جارێكیتر خەیاڵاتە تاگرتووەكانی دۆزیەوە و لەپڕ بەجۆرێك ناكاوگیری كردم كە خوێن

لەدەمارەکانمدا بەستی و لەشوێنی خۆم داکوترام. ئاهێکی هەڵکێشا و بەدەنگێکی لەرزۆك و هەڵچوانەوە وتی: "**لەم بارودۆخە ناهەموارەدا تەنها دڵم بەوە خۆشە تۆ ئەوەندەت نەماوە زانکۆ تەواو بکەیت.** "هەرگیز پێم نەوت دڵخۆشیە سەیرەکەی لەبەر مەسەلەیەکی هێندە سەرپێی چەندە ورووژاندمی. خەم وەکو بایەکی سارد بە رۆحمدا دەخولایەوە و گومانێکی تاڵ و سووتێنەر وەکو ئاسنێکی گەرم مێشکی دەسووتاندم، لەبەرئەوەی بیرم لەوە دەکردەوە مەسەلەی کۆچ کردنی خێزانەکەمان تەنها یەکێك بووە لەفێڵە کۆنەکانی بۆئەوەی ناچارم بکات ببمە پارێزەر. لە چاوەکانی وورد بوومەوە و تەنها دوو گۆمی رون و زوڵاڵم بەدی کرد. باش دەمزانی بێتوانا و دڵ نیگەران و داماو بوو و نەیدەتوانی ناچار بە ئەنجامدانی هیچ کارێکم بکات یان رێگە لەو بگرێت لە بەڵێنێك پەشیمان ببمەوە، بەڵام بڕوای بە چارەنووسی ئیلاهی هێندە بەهێزبوو کە دڵنیابوو دەتوانێت بە پێداگرتن بمخاتە سەرچۆك. و سەرباری ئەوەش، بەو حاڵە ئاشوفتەو پەرێشانەیەوە دانی بەوەدانا کە بەبێ راوێژی من، لەکارتاخنا ئیشی بۆ دۆزیومەتەوە و هەموو شتێکی رێکخستووە بۆئەوەی دووشەمەی داهاتوو بەرەسمی دابمەزرێم. بۆی رون کردمەوە کە پیشەیەکی ئابڕومەندانەیە و هیچ دەردیسەریەکی نییە و تەنها ئەوەندە بەسە کە پازدە رۆژ جارێك سەرێك لەو شوێنە بدەم و مووچەکەم وەربگرم.

قبوڵکردنی ئەو هەموو هەلومەرجە سەپێنراوە زۆر لەسەروو خۆڕاگری و توانامەوە بوو. لەکاتێکدا ددانم جێر دەکردەوە بۆئەوەی توڕەییم دابمرکێتەوە، بیانووم هێنایەوە و رق و بێ مەیلی خۆم تارادەیەك ئاشکرا کرد بۆئەوەی رەتکردنەوەی یەکجارەکی زۆر بەلایەوە چاوەڕوان نەکراو نەبێ. باسی گفتوگۆ چڕوپڕەکەی خۆم و دایکم بۆکردکە لەماوەی سەفەرەکەمان بۆ ئاراکاتاکا کردبوومان و هەرچەندە ئاگاداربووم لەوبارەیەوە بیروڕای خۆی دەرنەبڕیبوو بەڵام لەبەرئەوەی بە باشی شارەزای سروشتی ئەو بووم، دەمزانی دەبوو کەمتەرخەمی و گوێپێنەدانی بەرامبەر بەو مەسەلەیە بە رونترین و ئاشکراترین وەڵامی ئەو بزانم. ناخۆشترین بەشی ئەو مەسەلەیە ئەوەبوو کە دەمزانی ئەو یاری مشك و پشیلەیە هیچ ئەنجامێکی نابێ، لەبەرئەوەی لە دوو وانەی قۆناغی دووهەمدا دەرنەچوبووم و هەروەها بۆ سێ وانەی قۆناغی سێهەمیش هەمان گرفتم هەبوو و بە بارودۆخێکی لەوجۆرەوە مەحاڵ بوو لە زانکۆ وەرم بگرنەوە. ئەو مەسەلەیەم لە ماڵەوە شاردبوەوە بۆئەوەی لەخۆڕا ناڕەحەت نەبن و تەنانەت بیرکردنەوە لەوەی گەر ئەو عەسرە ئەو مەسەلەیەم بە باوکم بوتبا، پشتی دەلەرزاندم. لەسەرتای قسەکانماندا بڕیاری تەواوەتیم دابوو خۆم نەدەمە دەست هەستوسۆزو دڵم نەرم نەبێ،

هەرچەندە بەڵامەوە شتێکی پڕئازاربوو ببینم پیاوێکی هێندە میهرەبان لەبەرامبەر کوڕەکەی تامی تاڵی شکست و بێتوانایی بچێژێت و سووك و ریسوا ببێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بیرم لەوە کردەوە نابێ پشت بە ژیان ببەستم و بەهیوای ئەوەبم شتەکان لەخۆیانەوە چارەسەر بن. دواجار رێگەیەکی سادەترم هەڵبژارد و داوای شەوێك مۆڵەتم لە باوکم کرد بەونیازەی بەڵکو شتەکان بگۆڕێن.

وتی - **زۆرباشە، قبوڵمە، بەومەرجەی ئاگاداری ئەوەبیت داهاتووی خێزانەکەت لەدەستی تۆدایە.**

بارێکی خستە ئەستۆم کە شانە لاوازەکانم توانای هەلگرتنی نەبوو. تەواو لە بێتواناییم ئاگادار بووم و ئەوکاتەی خواحافیزیم لێکرد و سواری دواهەمین پاس بوو، ریشوەیەکی زۆری خستە بەردڵم بۆئەوەی خۆڕاگری خۆی بنوێنێت گەرنا ئەوەندەی نەمابوو منیش دوای بکەوم و لەتەنیشتی دابنیشم. وەکو رۆژ بۆم رون بوو کە رۆژانی مەینەتیم دەستی پێکردووە و خێزانەکەمان جارێکیتر بەجۆرێك تووشی دەست کورتی دەبێتەوە کە بۆئەوەی لەناو نەچێت پێویستی بە دەستگیرۆیی هەمووومان دەبێ.

ئەوشەوە بۆ بڕیاردان لەسەر هیچ مەسەلەیەك لەبار نەبوو. پۆلیس بە زۆر چەندین خێزانی پەنابەری کەنارەکانی ناوچە ناوخۆییەکانی، کە لەتاو توندووتیژی گوندەکان هەڵاتبوون و لە پارکی **سەن نیکۆلاس**[1] بنەیان دانابوو، لەوێ دەرکردبوو. بەڵام هێمنی کافتریای رۆما بەهیچ شتێك تێك نەدەچوو. پەنابەرە ئیسپانییەکان بەردەوام ئەحواڵی دوون راموونیان لەمن دەپرسی و هەمیشە بەگاڵتەوە پێم دەوتن لە نامەکانیدا هیچ هەواڵێك دەربارەی ئیسپانیا نانووسێت، بەڵکو پەرۆشی ئێرەیە و هەواڵی بارانکیا دەپرسێ. پاش مەرگی چیتر ناویان نەهێنا، هەرچەندە بەردەوام کورسیەکەیان لەدەوری مێزەکە دادەنا. یەکێك لە بەشداربوانی هەمیشەیی کۆڕە ئەدەبیەکانمان لەبەر "زەرافەی مێ" رۆژی پێشتر پیرۆزبایی لیکردم، لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئەو بەشێوازێکیتر، رۆمانتیکیەتی بێبەربەستانە و دڵبریندارکەرانەی **ماریانۆ خۆزێ دێ لارا**[2]ی بەبیر دەهێنایەوە و هەرگیز تێنەگەیشتم ئەوە چۆنە. پرۆفیسۆر **پرێز دۆمێنیك**[3]، بە وەڵامە کتوپڕیە هەمیشەیەکەی فریام کەوت و منی لە وەڵامدانەوەی ئەو موجامەلە بێمانایە رزگار کرد :"**هیوادارم ئەوەندە لەوەوە فێری شتی خراپ نەبی تا دواجار بە فیشەکێك**

---

[1]. San Nicolas

[2]. Mariano Jose de Larra (١٨٠٩ - ١٨٣٧) ئەو نوسەرە ئیسپانیەی کە چیرۆك هەزەلی و وتارەتونزنامێزەکانی بەبەرجەستەترین بەرهەمەکانی دادەنرێن و لەکتێبێکدا بەناونیشانی کۆمەڵە نوسینێك لەڕوی عادەتەوە کۆکراونەتەوە.

[3]. Perez Domenech

خۆت بکوژی. "دڵنیام گەر بیزانیبا ئەوشەوە ئەو قسەیە چەندە دەیتوانی لەسەر من ڕاست دەربچێ، مەحاڵ بوو هەرگیز ئەو ڕستەیە بەزماندا بێنێ.

نیو کاتژمێر پاش ئەوە، قۆڵی ژێرمەن بارگاسم گرت و تا ئەوسەری کافتریای خاپی بەدوای خۆمدا بەکێشم کرد. هەرئەوەندەی ئەوشتانەیان بۆ هێنایان کە داوامان کردبوو پێموت دەبێ لەسەر بابەتێکی گرنگ ڕاوێژی پێبکەم. پەرداخی مەشروبەکەی کە هێشتا دەمی بۆ نەبردبوو لەنیوەی ڕێ وەستا ـ ڕێك وەکو دون ڕامون ـ و بە نیگەرانیەوە لێی پرسیم:

ـ بەنیازی بەرەو کوێ بڕۆیت؟

نهێن زانیەکەی سەرسامی کردم

وتم ـ **تۆ چۆن دەزانی؟**

هیچی نەدەزانی، بەڵام زۆر لەوەپێشەوە ئەو گریمانەی بە مێشکدا هاتبوو، هەروەها لەوباوەڕەدابوو گەر دەستم لە هاوکاریکردن هەڵبگرتبا کرۆنیکا کۆتایی دەهات و ئەو کارە نابەرپرسانەیەی بە تاوانێکەی نەبەخشراو لەقەڵەم دەدا کە بەدرێژایی تەمەنم دەبوەهۆی شەرمەزاری و سەرشۆڕییم. ناڕاستەوخۆ تێیگەیاندم ئەوکارە هیچی لە ناپاکی کەمتر نییە و ئەویش لەهەموو کەسێ زیاتر مافی ئەوەی هەبوو لەو مەسەلەیە ئاگادارم بکاتەوە. کەس نەیدەزانی چۆن کرۆنیکا ڕزگار بکات، بەڵام هەمووەمان بەباشی دەمانزانی کە ئالفۆنسۆ لە هەلومەرجێکی بارگرژدا ڕێگەی لە فەوتانی بلاوکراوەکە گرتبوو و تەنانەت بۆ ئەومەبەستە دەستی دابووە هەندیك مامەڵە کە زۆر زیاتربوون لە ئاستی توانا دارایی ئەو. بەوشێوەیە، هەرگیز نەمتوانی ئەوبیرکردنەوەیەی کە ناچاریی شوێن گواستنەوەم وەکو بڕیاری مەرگی کرۆنیکایە، لەمێشکی ژێرمەن بارگاس بسڕمەوە. دڵنیام ئەو کە درکی بەهەموو شتێك دەکرد، باش دەیزانی لەژێرگوشاری هەندێك هەلومەرجی ناچارانە ئەوکارە دەکەم، بەڵام ئەرکی خۆی بەجێهینا و بێپەردە بیروڕای خۆی لەوبارەیەوە دەربڕی.

ڕۆژی دواتر ئەوکاتەی ئالفارۆ سێپدا دەمگەێنێتە نووسینگەی کرۆنیکا، بەشێوەیەکی وروژێنەرانە ئەوەی ئاشکراکرد کە چەندە بەهۆی بارگرژی ژیانی تایبەتی هاوڕێکانیەوە حەفەت دەخوات. بێگومان مەسەلەکەی لە ژێرمەنەوە بیستبوو بەڵام شەرمنیە بێوێنەکەی هەردووکمانی لە گفتوگۆکردن دوورخستەوە.

وتی ـ **لەخۆڕا گەورەی دەکەن. خۆ کارتاخنا لەوسەری دونیا نییە، وەکوئەوەیە لەم نزیکانە بێ. کاتێك یەکێك لە هاوڕێکانی دوور دەکەوێتەوە کە بەنیازبێت بچێتە**

نیۆیۆرك، بەهەمان شێوە کەمن ناچاربووم بچم و ئێستاش ساغ و سەلامەت لەلاتانم و تاڵێك مووش لەسەرم کەم نەبوەتەوە.

هەرجارێك کە تووشی قەیرانی سۆزداریی دەبوو، بەو بەڵگە نمایشیانە سەری هەستەکانی دەنایەوە و بەری گریانەکەی دەگرت. هەرلەبەرئەوەش کاتێك بینیم پێی باشە سەبارەت بە چالاکیە سینەمایەکانی داهاتوومان لەکۆلۆمبیا قسە بکات، توشی سەرسوڕمان نەبووم. بابەتی قسەکردنی ئەو رۆژەمان بەدرێژایی تەمەنمان بەردەوام بوو و سەدجۆر پلانمان بۆ دارشت بەلام هیچکامیان نەتیجەی نەبوو. بۆ یەکەمجار قسەکانی بەرەو بارودۆخی سینەمای نیشتیمانی برد بۆئەوەی بەخەیاڵی خۆی هیواوهێزم پێببەخشێت، و لەناکاو لەچەقی قەرەباڵغی خەڵکی و دووکانە کولانە سەگیەکانی شەقامی سەن بلاس بەتوندی ستۆپی گرت. دوای ئەوەی دابەزیم، سەری لەپەنجەرەی ئوتۆمێلەکەی هێنایە دەرەوە و بەهاوارەوە پێی وتم:

ـ سەدجار بە ئالفۆنسۆم وت دەست لەم گۆڤارە هەڵبگرێت و گۆڤارێکی هاوشێوەی تایم دەربکەین!

قسەکردن لەگەڵ ئالفۆنسۆ نە بۆمن ئاسان بوو نەبۆ ئەو، لەبەرئەوەی دەبوو شەش مانگ پێشتر بۆی دابنیشین و بەچڕی قسە بکەین و زۆر مەسەلە رون بکەینەوە بەلام هەمووجارێك ئەوکارەمان دواخستبوو، سەرباری هەموو ئەوانە، هەردووکمان لەهەلومەرجە دژوارەکاندا توشی تەتەڵەی زەینی دەبووین. جارێکیان کە بەهۆی هەندێك شتی منالانەوە تورە ببووم و بەتەواوەتی کولاندبوم، ناو و پۆستەکەم لەسەر ئالای کرۆنیکا لێکردەوە، واتە بەشێوەیەکی وەرگرتن دەستم لەکار کێشایەوە بەلام پاش ئەوەی لافاوەکە نیشتەوە، لەبیرم چوو بیانخەمەوە شوێنی خۆیان. تا ئەوەی دووهەفتە پاش ئەومەسەلەیە زێرمەن بەو مەسەلەیەی زانی و بە ئالفۆنسۆی راگەیاند، کەس نەیزانیبوو چی روویداوە. ئەویش بەوکارەی من تووشی سەرسوڕمان بوو. **پرۆفیریۆ**[1]ی سەرپەرشتیاری دەستەی نووسەران بۆی گێڕانەوە چۆن تورەبووم و فەرتەنەم بەرپا کرد و ئەوانیش بریاریاندا بەشێوەیەکی کاتی ئەو کردەوەیم لەبەرچاو نەگرن تا ئەوکاتەی خۆم لەکاتێکی گونجاودا هۆکارەکانی رون دەکەمەوە. لە بەختی خراپم بەتەواوەتی مەسەلەکەم فەرامۆش کرد تائەوڕۆژەی بەچڕوپڕی لەتەك ئالفۆنسۆ بەجدی قسەمان کرد و بریاردرا هاوکاریی کردنم لەتەك کرۆنیکا کۆتایی پێ بێت. ئەوکاتەی هەموو قسەکانمان کرد و نۆبە گەیشتە سەر خواحافیزیی، ئالفۆنسۆ بەیەکێك لە گاڵتە بەتام و

[1].Profirio

ژەهراویــە تایبەتیــەکانی منــی خــستە قاقــای پێکــەنین و بــەدەم پێکەنینــەوە لــە نووسینگەکەی هاتمە دەرەوە.

لەدواچرکەدا وتی - **باشی مەسەلەکە لەوەدایە کە تەنانەت پێویست ناکات زەحمەتی ئەوەش بدەینە بەرخۆمان و ناوەکەتان لەسەر ئاڵاکە بسڕینەوە.**

تـازە لـەو کاتـەدا بـوو ئـەو رووداوەم هاتـەوە یـاد و بـیرەوەری ئـەو رووداوە وەکـو چـەقۆ جەستەی بڕیم و حەزم کرد زەوی دەم بکاتەوە و قوتم بدات، بەڵام نە لەبەر ئەوقسەیەی کە ئالفۆنسۆ بەوپەڕی هەڵسەنگاندن و بەجێ وتی، بەڵکو لەبەرئەوەی فەرامۆشم کردبوو ئەو مەسەلەیە زوتر لەمە رون بکەمەوە و کۆتایی بە بەدحاڵیبوونەکە بهێـنم. ئالفۆنـسۆ بەوجۆرەی چاوەڕوان دەکرا وەکـو خـەڵکانی عاقڵ و گـەورە بارودۆخەکـەی شـیکردەوە و هـەموو شـتێکی بەشـێوەیەکی مـەنتیقی رون کـردەوە. لەبەرئـەوەی هـیچ ناکۆکیـەکی چارەسەر نـەکراوی پێـشترمان لەنێوانـدا نـەبوو، ئـەدەب و رەوشـت وەهـا حـوکمی دەکـرد مەســەلەکە بەهەڵپەســێردراوی نەهێڵینــەوە بۆئــەوەی دڵمــان لەیــەکتر چـڵکن نــەبێت. ئالفۆنسۆ بەڵێنیدا لەگـەڵ ئالڤـارۆ و ژێرمـەن قسە بکـات و شـوێنێك بـۆ بـەدحاڵیبوون و زویربوون نەهێڵێتەوە و گەر پێویستی کرد بەیەکەوە کەشتیەکە لە نـووقم بـوون رزگـار بکەین، دەمتـوانی لـەماوەی دوو کاتـژمێردا خۆمیـان پـێ بگـەێنم و یارمـەتیان بـدەم. بـۆ چارەســەری کۆتــایی چــاومان لــە ئەنجومــەنی نووســەران بڕیبــوو و بەرەحمــەتی خوداوەندیمان دەزانی، هەرچەنـدە هەرگیز نەمانتوانیبوو سـەرجەم ئەندامـەکانی لەمـەڕ وەرگرتنی بڕیاری چارەنووس ساز لەسەر مێزی گەورەی دار بەڕوو کۆ بکەینەوە.

بیروڕادەربڕینـەکانی ژێرمـەن و ئالڤـارۆ ئـەو جورئـەتی پێیبەخـشیم کـە نـەمبوو و توانیم بڕۆم. ئالفۆنسۆ لە بەڵگەکانم تێگەیشت و بەبێ زویربوون و بەخـەیاڵێکی ئاسـودە قبـوڵی کـرد و هـەرگیز باسـی ئـەوەی نـەکرد دوورکەوتنـەوەم دەبێتـە هـۆی لەناوچـونی کرۆنیکا. بەپێچەوانەوە، پێشنیاری کرد لەبەرامبەر ئەو قەیرانـە خوێنـساردی و هێمنـی خـۆم بپـارێزم، و لـەوە دڵنیـای کردمـەوە کـە دەسـتەی نووسـەران دەتوانێـت سـەنگەرێکی بەهێزی پاراستنی کرۆنیکا بـێ و ووتـی هـەرکاتێك هـەلی ئـەوەیان بـۆ هەڵکـەوت کـارێکی پڕبایەخ بکەن، خێرا ئاگادارم دەکەنەوە.

هەرچەنـدە باوەڕکردنی زۆر ئاستەم بوو، بـەڵام بۆیەکـەمجار نیـشانەیەکم بـەدی کـرد کـە پێـی دەوتم ئالفۆنـسۆش لـەوباوەڕەدابوو کرۆنیکـا گیـشتوەتە دواهـەمین وێـستگەی و ئۆمێدێك بـۆ مانـەوەی نـەماوە. هـەر وەهـاش بـوو. ٢٨ی ژەنیـوەری، پـاش بڵاوکردنـەوەی پەنجاوهەشت ژمارە لەماوەی هەژدە مانگدا، کرۆنیکا بـەبێ خـەم و شـانازیی، لـە پانتـایی بڵاوکراوەکـان چـووە دەرەوە. بــەڵام، پــاش تێپــەڕینی پەنجاســاڵ، لــەوباوەڕەدام ئــەو

بلاوکراوەیە بە رووداوێکی گرنگ لەمێژووی رۆژنامەنووسی وڵاتدا لەقەڵەم دەدرا. هیچ کۆمەڵەیەکی تەواوەتی لەو بلاوکراوەیە نەمایەوە. جگەلە شەش ژمارەی یەکەم و بڕاوەی هەندێك لەبابەتەکانی، کە لە کتێبخانەکەی دوون راموون بینیسدان.

لە خۆشبەختی ئێمە، ئەوخێزانەی لەماڵەکەیاندا دەژیام بەنیازبوون تاقمی ژوری میوانەکەیان بگۆڕن و ئامادەبوون بەنرخێکی هەرزان بەمنی بفرۆشن. شەوی پێش سەفەرەکەم، کاتی ئەستۆپاکی لەگەڵ ئال ئارالدۆ، پێشەکی شەش مانگی ستوونی"زەرافی می"م وەرگرت. بەبەشێك لەوپارەیە، تاقمەکەی مایێتۆم بۆ ماڵەکەی کارتاخنامان کڕی، لەبەرئەوەی خێزانەکەمان شتومەکەکانیان لە سووکرەوە نەهێنابوو و نەشیان دەتوانی تاقمی تازە بکڕن. دەبێ دان بەوەدا بنێم، پاش تێپەڕینی نیوو سەدە، هێشتا باش مابوونەوە و دکرا بەکار بهێنرێن، بەڵگەشم ئەوەبوو دایکم تا کۆتایی تەمەنی لەو تاقمە رازیبوو و ئامادە نەبوو بیانفرۆشێت.

هەفتەیەك پاش بینینی باوکم، رێگەی کارتاخنام گرتەبەر، و جگەلە تاقمی دانیشتنەکەو جلوبەرگەکانی بەرم هیچ بارگەوبنەیەکی ترم نەبوو بەپێچەوانەی جاری یەکەمەوە دەمزانی دەبێ چی بکەم، شارەزای بارودۆخی کارتاخنا بووم و لەقوڵایی دڵمەوە ئارەزوم دەکرد سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەم خۆشحاڵ بن و تەنها من ناخۆش بژییم بۆئەوەی سزای لاوازی کەسایەتیم وەربگرمەوە.

ماڵەکەمان لە شوێنێکی گونجاوی گەڕەکی پویادا بوو، لە سێبەری ئەو دێرە مێژوویەی بەردەوام هەستت دەکرد ئەوەندەی نەماوە بڕوخێت. چوار ژووری نووستن و دوو گەرماوەکەی نهۆمی خوارەوە تایبەت بوون بە دایك و باوکم و یازدە منداڵەکەیان: منی کوڕە گەورە بیست و شەش ساڵەو ئیلیجیۆی دوامناڵ تەمەنی پێنج ساڵ بوو. هەموومان پەروەردەی کلتووری کارایب بووین و راهاتبووین لەنێو هاماکا لەسەر بەڕە و گەر جێگەمان بوایەتەوە لەسەر سیسەم بنووین.

لەنهۆمی سەرەوە، مامە **هێرمۆخێنس سوول**[1]ی زڕبرای باوکم و **کارلۆس مارتینێز سیماهان**[2] دەژیان. ماڵەکە بۆ ئەوهەموو خەڵکە بچوك بوو، بەڵام لەبری ئەوە، خانمی خاوەن ماڵەکە، کە شتێکی ئەوتۆمان دەربارە نەدەزانی ئەوە نەبێت دەمانزانی زۆر دەوڵەمەندە و هەمووان بەناوی **پیپا**[3] بانگی دەکەن، لەبەر مامەڵە بازرگانیەکانی لەتك مامدا، کرێیەکی کەمی وەردەگرت. منداڵەکان بەوپەڕی توانایی گاڵتەجاڕانەیانەوە زۆر

---

[1]. Hermogenes Sol

[2]. Carlos martinez Simahan

[3]. Pepa. بچوککراوەی جۆزێفا یان جۆزێفینا.

زوو ناونیشانی ماڵەکەیان کرد بە شیعر و دەیانتوانی بەئاوازەوە ناونیشانەکە هەڵبدەن:"ماڵەکەی پیپا، خوارەوەی پویا".

یەکەمین دیدارم لەتەك خوشك وبرا بچوکەکانم بیرەوەریەکی سەیری لە مێشکمدا بەجێهێشت. کارەبای نیوەی شار بڕابوو بۆیە هەوڵمان دەدا لەتاریکیدا جێگەی نووستنی منداڵەکان ئامادە بکەین. من و برا و خوشکە گەورەکان بەهۆی دەنگەوە یەکترمان دەناسیەوە، بەڵام منداڵە بچوکەکان لەچاو دواهەمین جاری بینینیان ئەوەندە گۆڕابوون کە چاوە گەورە و غەمگینەکانیان لەژێر تیشکی مۆمەکاندا دووچاری ترسیان دەکردم. شپرزەیی جانتاکان و ئەوبوخچانەی بەوناوەدا بڵاوکرابوونەوەو ئەو هاماکایانەی بەتاریکیدا هەڵمانواسیبوون، ئازاریان دەدام، دەتوت روداوەکانی ٩ی ئابریل لەماڵەکەماندا دوبارە دەبێتەوە. بەڵام بزوێنەرترین هەستی ئەوشەوە پەیوەندی بەوکاتەوە هەبوو کە دەمویست هەمانەیەکی بێشکڵ بگوێزمەوە و لەنێو دەستمدا رانەدەگیرا و یەك دووجار خەریك بوو بکەوێتە خوارەوە. لاشەی لەبەریەك هەڵوەشاوی داپیرە ترانکیلینا بوو کە دایکم لە گۆڕەکەی دەری کرد و لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆئەوەی لەمەزارگەکەی پێدرۆ کلابەری قەدیسدا بینێژێت، هەمان ئەوشوێنەی کە ئێسقانەکانی باوکم و پورە ئەلبێرا کاریۆیان لەپاڵ یەکدا لە گۆشەیەکدا جێکردەوە.

لەوهەلومەرجە ناسکەدا، بەحوکمی چارەنوس، مامە موخنێس سوول هاتە سەر رێگەمان بۆئەوەی کەمێك باری گرفتەکانمان سووك بکات و لەمەینەتیەکانی ژیانمان ببڕێت. بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی پارێزگای کارتاخنا دامەزرابوو و یەکەمین کردەوەی لیبراوانەی ئەوەبوو کە بەپەرەپێدانی دەزگای کارگێڕی هەلی کارکردنی بۆ خزم و کەسەکانی دروست کرد. بۆنمونە بۆ من، ئەو گومڕا سیاسییەی لەخۆڕا پێی دەوترا کۆمۆنیست، هەرچەندە ئەو ناوبانگە دەردیسەری دروستکەرە لەبەر باوەڕە ئایدۆلۆژیەکانم بەدەست نەهێنابوو، بەڵکو شێوەی هەڵسوکەوت و جۆری جلوبەرگ پۆشینم سەرچاوەی ئەو بۆچونە پوچە بوو. بۆ هەمومان ئیش هەبوو. پلەیەکی کارگێریان بەخشیە باوکم بەبێ بەرپرسیاریەتی سیاسی. بە واسیتە منیان لە نووسینگەی ئاماری نەتەوەیی دامەزراند، کە دەوڵەتی پارێزکار سووربوو لەسەری، رەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بوبێت کە دەمویست ژمارەی ئەو ناحەزانەی چنگ بکەوێت کە هێشتا مابون. ئەوکارە لەرووی رەوشتیەوە زیاتر لە مەترسیە سیاسیەکەی لەسەرم دەکەوت، لەبەرئەوەی دووهەفتە جارێك مووچەم وەردەگرت و دەبوو ئەودوای مانگ لەوێ دەرنەکەوم بۆئەوەی لەدەست پرسیارە گرفت سازەکان خۆم بپارێزم. بیانوی رەسمی

ئامادە نەبوونەکانم نەتەنها لەلای خۆم، بەڵکو لەلای سەدوهەندێك کارمەنـدیتر ئـەوەبوو کە لەدمرەوەی شار خزمەت دەکەم.

کافتریای **مۆکا**[1]ی بەرامبەر نووسینگەکانی ئامار، قەرەباڵغترین شوێنی ت دیوانسالاری ساختەی گوندەکانی دراوسێ بوو، کە بۆخۆیان بێ ئیش دەیانبردە سەر و پارەی بەلاشیان وەردەگرت. سەرجەم ئەوکاتانەی مـن مووچـەکانم وەردەگـرت، تەنانـەت یـەك سەنتیـشم بۆخـۆم لانـەدەدا لەبەرئـەوەی مووچـەیەکی باشـم وەردەگـرت کەهـەمووی بـۆ مەسـرەفی خێزانەکەمان خەرج دەکرا. هەر لەوسەردەمەدا، باوکم هەوڵیدا کاروباری ناوتۆمارکردنم لە زانکۆی ماف جێبەجێ بکاتو لەناکاو رووبەڕووی راستیەکی تاڵ بـوەوە کـە تائەوکاتـە لێم شاردبوەوە. ئەوەنـدە دڵـم بـەوەخۆش بـوو کـە بەمەسـەلەکەی زانیـوە وەکـو ئـەوەی بڕوانامـەی زانکۆیـان دوودەسـتی پێشکەش کـردبم. خۆشـحاڵیم لەوهەلومەرجـە دژوار و ئاسـتەمەدا تـەواو بـەجێ بـوو لەبەرئـەوەی، پـاش قۆنـاغێکی نـاجێگیر، بـواری تـەواو و پیشەیەکی گونجاوم چنگ کەوتبوو و دەمتوانی دواجار رۆمانەکەم تەواو بکەم.

ئەوکاتـەی هـەنگاوم نایـە ئـال ئۆنیڤەرساڵەوە، هەسـتم کـرد گەڕاومـەتوە بـۆ ماڵـەوە. شەشی عەسر بوو، پڕبزافترین کاتژمێرەکانی کارکردن و ئەوکاتـەی چومە ژورەوە لـەپڕ پیتچن و ئامێرەکانی تایپ لەکارکردن وەستان و بێدەنگیـەکی هێنـد قـورس بـاڵی بەسـەر شـوێنەکەدا کێـشا کەلـەتاو هەڵچونی دەرونـی کینـە گـەروی گـرتم. مامۆسـتا زابـالا هـیچ نەگۆڕابوو و تەنانەت قژە سورپێستیەکەی بەهەمان شێوەی جاران وەستابوو. بـەجۆرێك رەفتاری لەگەڵ کردم دەتـوت هـەرگیز ئـەوێم بەجێنەهێشتبوو. و داوای لێکـردم بەپەلـە یاداشتێك بۆ دوالاپەڕە بنووسـم، لەبەرئـەوەی کاروبارەکانیـان بەتـەواوەتی دواکەوتبوو و دەبوو پەلە بکەن. ئەو نەوجەوانەی بۆ فێربوون کاری دەکرد و لەسـەر ئـامێری تایپەکـە کاری دەکرد هێند بەپەلەو دەستەپاچە لەشوێنەکەی هەستا و جێگەکەی خۆی دامـێ کـە داماوە سەرسمێکی دا و بەتوندی کەوت بەعەردا. یەکەمین شت کەتوشی سەرسامی کـردم ئەوەبوو کە پاش دووساڵ"زەرافەی مێ"نووسین، خـووی نووسـینی یاداشـتە بـێ ناوەکـانم لەدەست دابوو و ئەوکارە وەکو کێو هەڵکەندن بەلامـەوە قـورس دەینوانـد. تـازە لاپـەڕەی یەکـەمم نووسـیبوو کـە بەرپرسـی بڵاوکراوەکـە، لـۆپێز ئیـسکایۆریاسا، بەمەبەسـتی بەخێرهاتن بەرەو ڕووم هات. خوێنساردیە ئینگلیزیەکەی لە کوڕە دۆسـتانەکاندا لەسـەر زاران و بیرۆکەی کاریکاتێرە سیاسیەکان بوو و زۆر کەوتمـە ژێـر کاریگەریـەوە ئەوکاتـەی بینـیم روخـساری لـەتاو خۆشـحاڵی سـوورهەڵگەڕا و پـێش چاکوچـۆنی، زۆر دۆسـتانە

---

[1]. Moka

لەئامێزی گرتم. کە یاداشتەکەم تەواوبوو. بینیم زابالا بە پارچە کاغەزێکەوە چاوەڕوانم دەکات، کە لەو کاغەزەدا بەڕێوەبەری بڵاوکراوەکە پاش هەندێك لێکدانەوە لەبری نووسینی یاداشت بۆ دوالاپەڕە مانگی سەدوبیست پیزۆی بۆ پێشنیار کردبووم. ئەو بڕە، لەومێژووەدا و بۆئەوێ، ئەوەندە زۆرو چاوەڕوان نەکراوبوو کە دەمم لەتاو چەپەسان کرایەوە و تەنانەت نەمتوانی وەڵامێك بدەمەوە یان هەر هیچ نەبێت سووپاسی بکەم، بەڵکوو دانیشتم و دوو یاداشتی ترم نووسی، ئەمەش لەکاتێکدابوو هەستم بە نەشەییەکی سەیر دەکرد و باوەڕم بەوەهێنابوو کە بەڕاستی زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە.

وەکو ئەوەبوو گەڕابێتمەوە سەر ڕەسەنایەتی خۆم. هەمان ئەو دەقە کۆنە ناسراوانەم دەنووسی کە قەڵەمە سوورە بێپەرواکەی زابالا هەندێك لەرستەکانی چاك دەکرد و جەنابی چاودێریش هەناسەی لەبەر دەبڕین، هەرچەندە چیتر لەبەرامبەر فرت وفێڵەکانی دەستەی نووسەران چۆکی دادابوو، دیسانەوە هەمان ئەو شەوانەمان دووپات دەکردەوە کە لە"کۆلێت"کۆدەبووینەوە و کفتەی گۆشتی ئەسپ یان پەتاتەی تەنوریمان هەڵدەلووشی و پاشان تا دەمەوبەیان لە بولواری لۆس مارتیرس پیاسەمان دەکرد و بە قسە مەنسانەکانمان دونیامان دەبوژاندەوە. رووخاس ئاراسۆ ساڵێکی تەواو تابلۆی وێنەکێشانی فرۆشتبوو بۆئەوەی پارەیەك پێکەوە بنێت و ئەو هەرێمە بەجێبهێڵێت، بێئەوەی شوێنێکی بۆ رۆشتن دەستنیشان کردبێت، تائەوەی دواجار بوەهاوسەری **رۆسا ئیسابێل**[1] ـ گەورەکە ـ و پێکەوە ڕێگەی بۆگۆتایان گرتەبەر. کۆتایی شەو دادەنیشتم و"زەرافەی مێ"م دەنووسی و لەرێگەی تاقە شێوەی پێشکەوتوی گەیاندن لەوڕۆژانەدا، واتە لەرێگەی پۆستی ئاساییەوە، بۆ ئال ئارالدۆ دەنارد و لەبەر هەندێك هەلومەرجی پێویست هەست وهۆشم کۆدەکردەوە و ئەودەقانەی بەدەستیان دەگەیشتن تارادەیەك بێ هەڵە بوون، تائەوەی قەرزەکەم بەتەواوەتی دایەوە.

ژیان لەپاڵ سەرجەم ئەندامانی خێزان، لەهەلومەرجێکی ناجێگیر و ناسەقامگیر، لەپانتایی بیرەوەریدا جێی نابێتەوە، بەڵکە بەرەو دونیای خەیاڵ ڕێگە دەبڕێ. باوکم و دایکم بەردەوام یەکێك لەمناڵە بچوکەکانیان دەبردە جێگەکەی خۆیانەوە. ئەو چوار خوشکەم کە لەیەك ژوردا دەنوستن داوای سەربەخۆییان دەکرد و شوێنی نوستنی تایبەتیان داوا دەکرد. لە سێهەمین ژوری نوستن، ئێرناندۆ و ئالفرێدۆ و ریکاردۆ لەژێر چاودێری خایمەدا دەنووستن، کە بەوتارەکانی لەسەر فەلسەفە و بیرکاری ئەوانی بەئاگا و

---

[1]. Rosa Isabel

هۆشیار دەهێشتەوە. ریتا کە هێندەی نەمابوو چواردەساڵی تەمەنی تەواو بکات، تا نیوەشەو لەبەردەرگا و لەژێر ستونی کارەبا، دەرسی دەخوێند بۆئەوەی کارەبای ماڵەوە زۆر سەرف نەبێت. بە دەم ئاوازی خۆش و دەربڕینی راست وڕەوانەوە ئەودەقانەی دەخوێندەوە کە دەبوو لەبریان بکات وتائێستاش لەبەریەتی. زۆربەی خاڵە نامۆکانی کتێبەکانم لە راهێنانەکانی خوێندنەوەی ئەوەوە ئیلهامیان وەرگرتوە، وەکو مەسەلەی ئەو قاترەی بەرەو ئاش دەڕوات و چکلێتی ئەو کوڕە منداڵەی لەسەر بەلەمێکی بچوکە و ئەو فالگرەوەی بەردەوام مەی دەنۆشێ. لەنیوەشەو بەدوا، بارودۆخی ماڵەوە قەرەباڵغتر و بەتایبەت مرۆیتر دەبوو. هاتوچۆکردن بۆ چێشخانە بەمەبەستی ئاوخواردنەوە، یان رۆشتن بۆ ئاودەست بەمەبەستی بەتاڵ کردنەوەی پیسایی شل و بەستوو، یان هەڵواسینی هاماکا لە نهۆمە جیاوازەکان نیشانەی ژیانی شەوانە بوون. من و گۆستاپۆ و لوویس ئێنریکێ - پاش ئەوەی مامم و کوڕەکەی لەماڵە خێزانیەکەیان جێگیر بوون - گواستمانەوە بۆ نهۆمی دووهەم، و دواتر خایمێش هاتە لای ئێمە. بەڵام هەر لەسەرتاوە بەڵێنی ئەوەمان لێوەرگرت لەکاتژمێر نۆی شەوەوە مافی رێنماییکردنی لەسەر هیچ بابەتێك نییە. رۆژێکیان بەرەبەیان، باعەباعی بەرخێکی تەنیا خەوی لەچاو فڕاندین. گۆستاپۆ بە بێتاقەتیەوە وتی:

- دەڵێی زەنگی دەریاییە.

هەرگیز ئەو رستەیەم فەرامۆش نەکرد، لەبەرئەوەی یەکێك بوو لەو لێکچواندنە ناباوانەی بەدرێژایی ژیانی رۆژانە هەر بەئاسمانەوە قوتم دەدان بۆئەوەی لەو رۆمانەدا کە لەسەرتای لەدایك بووندابوو، بەکاریان بهێنم.

لەنێو ماڵە جیاوازەکانی کارتاخنامانـدا، کەتا بارودۆخی دارایمان خراپتر دەبوو ئەوانیش هەژارانەتر دەبون، لەهەمویان دڵکراوەتر و بزوێنەرتر بوو. هەرجارەو بەرەو گەڕەکی نزمتر دەمانگواستەوە و دواجار لە ماڵی **توریل**[1] نیشتەجێ بوین کە شەوانە رۆحی سەرگەردانی ژنێك پیاسەی تێدا دەکرد. بەختەم هەبوو لەورۆژانەدا لەکارتاخنا نەبووم، بەڵام ئەوەی دایك و باوك و خوشك و براکانم بۆیان دەگێڕامەوە توشی ترسیان دەکردم ودەتوت خۆم بەچاوی خۆم ئەو دیمەنە پڕمەترسیانەم بینیبێت. شەوی یەکەم، دایك و باوکم لەسەر قەنەفەکان وەنەوزیان دەدا و تارمایەکەیان بینی دەرکەوت و بێئەوەی تەماشایان بکات ژووربەژوور گەڕا، و کراسێکی گوڵ سووری لەبەردابوو و قژە کورتەکانی بە قژبەستێکی رەنگاوڕەنگ لەپشت گوێچکەکانیەوە کۆکردبوەوە. دایکم

[1]. Toril

تەنانـەت وێنـەی چـینەکانی کراسـەکەی و مـۆدێلی پێڵاوەکانیـشی لـەبیر مـابوو. بـاوکم بینینی تارماییەکەی رەت کردەوە، لەبەرئەوەی نەیدەویست لەوەزیاتر دایکـم بترسـێت و منداڵەکانیش دڵیان پڕبێت لەترس، بـەڵام رۆحـی سـەرگەردانی ژنەکـە ئەوەنـدە ئاسایی و خۆمانە بەنێو ماڵەکەدا پیاسەی دەکرد کە نەدەکرا ئینکاری لـەبوونی بکـەیت. رۆژێکیـان بەیانی زوو، مارگۆتی خوشکم لەخـەو راپـەڕی ئـەوی بینـی لەسـەرقەراغی سیسـەمەکەی دانیشتوەو بەقوڵی لە سەرتاپای ورد دەبێتەوە. بەڵام زیاتر لەبەر ئەوە تووشی ورووژان و هەڵچون بوو کە هەستی دەکرد لەودنیاوە چاویان لێبڕیوە.

رۆژی یەکـشەممە، پـاش رێـورەسمی نـزا و پاڕانـەوە، یـەکێك لەژنـەکانی دراوسێ بـۆ دایکمـی گێڕابـووەوە کـە لەگـەڵێك سـاڵ پێـشەوە، بـەهۆی بێـشەرمی تارمـایی ژنەکـە کـە جارێکیان نیوەڕۆ ئەوکاتەی ئەندامانی بنەماڵەکە لەسەر مێزی نانخواردنەکە ئامـادەبوون سـەرووکەلەی لـەکاتی نانخواردنـدا دەرکـەوتبوو، لەوکاتـەوە چـیتر کـەس لـەو ماڵـە ژیـان ناباتەسەر. رۆژی دوایی، دایکم دەستی دووان لەمنداڵە بچوکەکانی گرت و بـەدوای مـاڵێکی تـردا گـەڕا و لـەماوەی کـەمتر لـە چـوار کاتـژمێردا ئـەوەی بـۆی دەگـەڕا دۆزیـەوە. بـەڵام، زۆربەی خوشك و براکانم زۆر بەئاستەم دەیانتوانی لەدەست ئەو خەویاڵە پوچەی گوایـە تارمایی ئەوژنە لەگەڵ ئێمە هاتوەتە ماڵە تازەکەمانەوە، رزگاریان ببێت.

لەماڵەکەی ئەوسەری شەقامی پووپـا، سـەرباری ئـەوەی کـاتێکی بـەتاڵی زۆرم هـەبوو، بـەڵام خولیـای نووسـین هێنـدە توشـی ورووژانـی دەکـردم کـە رۆژەکـان کـورت دەهاتنـە بەرچاو. لەوێ سەروکەلەی رامیرۆ دێ لا ئیسپرێیا دەرکەوت، کە دکتۆرای لـەبواری مافـدا وەرگرتبوو، لەجاران زیاتر دەپەرژایە سەر کاروبـارە سیاسیەکان و خوێندنـەوەی رۆمانـە تازەکـان زیـاتر دەیورووژانـد. بەتایبـەت خوێندنـەوەی **پێـست** ی بەرهـەمی کورزیـۆ مالاپـارتێ، کـە لەوسـاڵەدا ببـووە کتێبێکـی بنـەڕەتی بۆئێمـە. سـەقامگیری پەخـشان، کاریگەری قوڵی ئەندێشە رۆچووەکان و هەڵێنجاندنی و گوزارشت کردنـی جەسورانە لـە مێژووی هاوچەرخ سەرنجی رادەکێشاین و تـا هـەڵاتنی هـەتاو بەبێـداری دەیهێـشتینەوە. بەڵام بەتێپەڕینی کات تێگەیشتم چارەنوس وەهابوو مالاپـارتێ نمونەیـەکی بەسود بێـت لەو زانایيە جیاوازانەی بەوەی پەسەندم دەکردن و جەختم لەسەر دەکردنەوە و دواجـار ئـەو وێنـە سـتایش ئـامێزەی لەسـەرئەو لەزەینمـدا دروسـتم کردبـوو تێکـشکاو دارمـا. تارادەیەك هاوکات لەگەڵ ئەوە، پێچەوانەی ئەومەسـەلەیە لەپەیوەنـدی بـە ئـالبێر کـامۆ روویدا.

لەودەمەدا، بنەماڵەی ئێسپریچیا لەنزیکی ماڵی ئێمە دەژیان، مەیخانەیەکی تایبەتیان هـەبوو کـە بەوپـەڕی بێگوناهیـەوە بتڵـەکانیان تـاڵان دەکـرد و دەیانهێنـا بـۆ مـاڵی ئێمـە.

بەپێچەوانەی ئامۆژگاریەکانی دوون راموونەوە، زۆربەی دەستنووسەکانم، بەوجۆرەی نووسیبوونم و بەبێ هیچ جۆرە دەستکاری و چاك کردنێك ـ لەسەر لوولەی تۆمار ئاسای بەتالان گیراو لە چاپخانە، کە لەشەوەکانی بێخەوی ئال ئۆنیڤەرسال لەقەڵەمەکەمەوە هەڵقولابوون ـ بۆ ئەوان و خوشك و براکانم دەخوێندەوە.

هەر لەورۆژانەدا، ئالڤارۆ مووتیز و گۆنزالۆ مایارینۆ گەڕانەوە، بەلام خۆشبەختانە شەرم و حەیا رێگربوو لەوەی داوایان لێبیکەم دەستنووسە ناتەواو و بێناوەکانم بخوێنەوە.

بەنیازبوم خۆم لەژورەکەمدا زیندانی بکەم، و پاش دواهەڵەچنی، دەقە تەواوەکە یەکجار لەسەر پەڕەی ئاسایی وباو پاکنووس بکەمەوە. چیرۆکەکەم چل لاپەڕەی لەوەی پێشبینیم کردبوو زیاتر بوو، بەلام هێشتا نەمدەتوانی لەوە تێبگەم کە رەنگە ئەومەسەلەیە تووشی کێشەم بکات و زیان بە بەرهەمەکە بگەێنێت. زۆر زوو لەوخاڵە تێگەیشتم: مـن کۆیلەی ئۆرگانیەتێکی کەماڵ گەرایانەم کە ناچارم دەکات پێشوەخت قەبارەی کتێبەکە دیاری بکەم: بۆنموونە دیاریکردنی لاپەڕەکانی هەر بەشەو کۆی لاپەڕەکانی کتێبەکەش. تەنانەت گەر لادانێکی بچوك لەو بەرنامەیە روویدابا، چارەیەکم بۆ نەدەمایەوە ئەوەنەبێت جارێکیتر چاو بە هەموو دەقەکەدا بخشێنمەوە، لەبەرئەوەی هەڵەیەکی بچوکی تایپ لای من وەکو خزینێك بوو لە داهێناندا و پەرێشانی دەکردم. هەستم دەکرد ئەوشێوازە رەهایە دەرئەنجامی هەستی بەرپرسیاریەتی و پابەندبوون بە پێوانەیەکی زیادەڕەوانەو دوودڵی ئامێزانەبوو، بەلام ئەمرۆکە بەتەواوەوتی لەوە تێدەگەم سەرجەم ئەوانە جگە لە خودی ترسێکی سروشتی هیچ هۆکارێکی تری نەبوو.

لەبری ئەوە، جارێکیتر ئامۆژگاریەکەی دون رامونم لەبەرچاو نەگرتو هەرئەوەندەی نووسینی دەقی یەکەمی بەرهەمەکە تەواوبوو، دەستنووسە بێناونیشانەکەم بۆ گۆستابۆ ئیبار رەوانە کرد. دوو رۆژ پاش ئەوە بانگهێشتی کردم بۆ ماڵەکەی. ئەو لەو هەیوانەی بەسەر دەریادا دەیڕوانی پێشوازی لێکردم. مایۆی لەبەردابوو، لەسەر کورسیەکی بێشکەئاسا پاڵی لێدابووەوە و خۆی لەبەر هەتاو هەڵخستبوو، کەبینیم لەمیانەی قسەکاندا بە چ میهرەبانیەکەوە دەست بەسەری لاپەڕەکاندا دەهێنێت، وروژام. مامۆستایەکی راستەقینەبوو، لەسەر کتێبەکە رێنمایی نەکردم تەنانەت نەیوت پەسەندی کردوە یان نا، بەڵکو یارمەتی دام و هۆشیاریمی تاودا بۆئەوەی پەی بە بەها رەوشتیەکانی ببەم. بە خۆشنوودیەوە لێم ورد بوەوە و بەبێ زۆر لەخۆکردن و وەکو هەمیشە بەم رستەیە کۆتایی بە بابەتەکە هێنا:

ـ ئەمە ئەفسانەی ئەنتیگۆنایە.

بـه رواڵەتمـدا تێگەیـشت سـەرم لەوقسەیە دەرنـەکردوە و شـانۆنامەکەی سۆفۆکلیـسی لەنێو رەفەی کتێبخانەکەی دەرهێنا و بەشێکی بۆ خوێندمەوە بۆئەوەی لەمەبەستەکەی تێبگەم. پێگـەی دراماتیکیانـەی چـیرۆکەکەم، لەراسـتیدا، هـەڵگری نـاوەخنی تراژیـدیای ئەنتیگۆنا بوو، کە مەحکوم بوو بەوەی دەست لە بەخاکسپاردنی لاشەی پۆلۆنیـسی بـرای بشوات بۆئەوەی سەرپێچی لە فرمانی کریۆنی پاشا و خاڵی نەکردبێت. **ئۆدیب لە کۆڵۆن**م لـە نێـو کتێبێکـدا کـە خـودی گۆنزالـۆ لەسـەردەمی یـەکتر ناسـینی نێوانمـان بـەدیاری پێشکەشی کردبووم خوێندبووەوە، بەڵام بیرەوەریەکی تەمومژاویم لە ئەنتیگۆنا هـەبوو و هێندە کاریگەری لەسەر خەیاڵم ئامادە و بێـدار نـەبوو تـا ئـەو بیرۆکەیـە لـە رووداوێکی غەمگینانـەی ناوچـەی دارسـتانی مۆزەکـان بەکاربهێنمـەوە و تائـەو سـاتەش درکـم بـە نزیکایـەتی سـۆزدارانە و حاشـاهەڵنەگری نێـوان دوو بەرهـەم نـەکردبوو. سەرمەسـتی شـادومانانەو لوتـشکاویم، رۆحمـی پەرێـشان کـرد. ئەوشـەوە جـارێکیتر شـانۆنامەکەی سۆفۆکلیـسم خوێنـدەوە، ئەمـەش لەکاتێکـدا لـەژێر کاریگـەری تیکەڵەیـەك لـە غـرورو خەفەتدا بووم، لەوەی بـەبێ ویـستی خـۆم و بەویـەڕی نیازپاکیـەوە لەتـەك نووسـەرێکی ئەوەنـدە مەزنـدا خـاڵی هاوبـەش کـۆی دەکردمـەوە هەسـتم بەسـەرفرازیی دەکـرد، و ویناکردنی ئەو بـێ ئابڕوییـەی بـەهۆی تۆمـەتی دزی ئەدەبییـەوە دەخرێتـە پـاڵم، تـۆزی خـەمی لەسـەر دڵـم نیـشاند. پـاش هەفتەیـەك قـەیران و هەڵچوونی دەرونـی، بڕیارمـدا هەندێك گۆرانکاریی بنچینەیی لە چیرۆکەکەدا ئـەنجام بـدەم تـا راسـتگۆیم بسەلمێنم و لەودەمەدا درکم بەوە نەدەکرد چەندە تووشی خۆبەگەورەزانینی میتـا مرۆیـی بـووم کـە دەمـەوێت بیرۆکـەی کتێبەکـەم بگـۆڕم نـەبا بەهاوشـێوەی بەرهەمەکـەی سـۆفۆکلیس لەبەرچاو بگیرێت. دواجـار ـ تەسـلیمی چارەنوس ـ گەیـشتمە ئـەو ئەنجامـەی، لـەرووی رەوشـتیەوە رێگەپێـدراوم، بـۆ رێزگـرتن لەمامۆسـتای نـەمر، رسـتەیەکی سـۆفۆکلیس لەسەرەتای کتێبەکەدا بهێنمەوە و هەر ئەوکارەشم کرد.

ماڵ گوێزانەوە بۆ کارتاخنا، لەکاتی خۆیدا ئێمـەی لـە وێرانـی و بـارودۆخی بـارگرژ و پڕمەترسی سووکرە پاراست، بەڵام زۆربەی بەرنامـەکانی بـاوکم و دایکم، بـەهۆی کـەمی دەرامەت و هەروەها بەهۆی زۆری ئەندامانی خێزانەوە، وەکو خۆیان دەرنەچوون. دایکـم دەیوت منـاڵی هەژارەکان زیاتر لەمنـاڵی دەوڵەمەنـدەکان دەخـۆن و زووتـر پێدەگـەن و بـۆ سەلماندنی ئەو بۆچـونەی، خێزانەکـەی خـۆی بەنمونـە دەهێنایـەوە. موچـەی هـەمووومان بەسـەر یەکـەوە بەشـی کـەمترین خـەرجیمانی نـەدەکرد و بـەردەوام ئـەم دەسـتمان قەرزاربارى ئەودەستمان بوو.

زەمەن چارەساز کەوتەوە. خایمێ لەسایەی هاندان و پاڵپشتی خێزانیەوە، توانی بواری ئەندازیاری بینا تەواو بکات و بەوشێوەیە تەلیسمەکە شکا و دواجار یەکێکمان بڕوانامەی زانکۆی وەرگرت. هەرچەند جگەلەو، هیچ یەك لەخوشك و براکانیترم ئەو شانازیەیان بەدەست نەهێنا، ئەویش لەنێو خێزانێکدا کە بڕوانامەی زانکۆ هێندەی نازناوێکی خانەدانی بایەخ و گەورەیی هەبوو. لوویس ئێنریکێ بوە ژمێریار و گۆستابۆ پسپۆڕی لەبواری نەخشە کێشاندا بەدەست هێنا، و هەردووکیان هەر ژەنیاری گیتار و گۆرانیبێژی بەردەوامی سریناتا بیانیەکان بوون. ئیپۆ هەر لەمناڵیەوە، بەعەشقی تەواو دیاریەوە بۆ ئەدەب و تایبەتمەندیەتی ڕەوشتی بێوێنەیەوە، ئێمی دوچاری سەرسوڕمان کرد. نمونەی بەرجەستە و زوو پێگەیشتوی سروشتی بەهێز و پشت بەخۆبەستوی لە تەمەنی پێنج ساڵیدا ئەوکاتە ئاشکرا کرد، کە کۆمیدی جلوبەرگەکانی سوتاند و بۆیان دەرکەوت ئەوپیاوە بچوکە بەوئۆمێدی بەرپرسانی ئاگرکوژێنەوە بێنەماڵەکەمان ویستوویەتی ئەوکارە بکات. دواتر، ئەوکاتەی هاوپۆلیە گەورەترەکانی جگەرەی ماراجۆنایان دایە دەست ئەو و کووکی برای، ئیۆ بەترسەوە پێشکەشیە نەشئە سازەکەیانی ڕەت کردەوە لەبەرامبەریشدا، کووکی کە بەردەوام کەسێکی خۆهەڵقورتێنەرو هەڵچوو بوو، مژی قوڵی لێدا و بەوپەڕی چێژەوە دووکەڵەکی قووتدا. چەندین ساڵ پاش ئەوە، ئەوکاتەی لەنێو زەلکاوی مادە بێهۆشکەرەکاندا دەتلایەوە، بۆی گێڕامەوە کە پاش یەکەمین سەفەری بۆ جیهانی هەپەروت، بەخۆی وتوە: "**بەڕاستی سەرنجڕاکێشە! لە ژیاندا جگەلەمە چیترم ناوێ.** "چل ساڵ بەحەزێکی بێچاوەڕوانی، هیچی نەکرد تەنها ئەوەنەبێت لەبەرامبەر ئەو بەڵێنەی بەخۆی دابوو وەفادار بێت. لە تەمەنی پەنجاودووساڵیدا، لە بەهەشتە دەستکردەکەیدا زیاتر لەڕادەی خۆی کێشا و جەڵدەیەکی قورسی دڵ لەپێیخست.

نانچی - ئاشتیخوازترین مرۆڤی دونیا - پاش بەجێهێنانی خزمەتی زۆرەملێی سەربازی، لەسووپادا مایەوە، فێری بەکارهێنانی جۆرە پێشکەوتوەکانی چەك بوو و لەگەڵێك مانۆڕی سەربازیدا بەشداریی کرد، بەڵام هەرگیز هەلی ئەوەی بۆنەڕەخسا لەیەکێك لەوجەنگە زۆرانەی وڵاتدا، تواناییەکانی خۆی دەربخات. لەبەر ئەوەش، پاش بەجێهێشتنی سووپا، لە بەڕێوەبەرایەتی ئاگر کوژاندنەوە دامەزرا، بەڵام لەماوەی زیاتر لە بیست ساڵ خزمەتدا، هەلێکی وەها نەڕەخسا تەنانەت ئاگرکەوتنەوەیەك بکوژێنێتەوە. بەڵام، هەرگیز هەستی بە پەشیمانی نەکرد لەبەرئەوەی کەسێکی قسەخۆش بوو و لەماڵەوە بە مامۆستای نووکتە خۆڕسکەکان لەقەڵەم دەدرا و لەسایەی

ئەو تایبەتمەندیەشدا توانی خۆشبەخت ببێت، لەبەرئەوەی هەستی زیندویەتی ئەوەندە چێژ و جوڵەی پێ دەبەخشی کە چیتری لەژیان نەدەویست.

ئیۆ، لە دژوارترین ساڵەکانی کەم دەرامەتیدا، بەوپەڕی جدیەت و ماندوبونەوە پێی نایە بواری نووسینەوە، بێئەوەی لەژیانیدا دەمی بۆ جگەرە بردبێت یان پێکێکی زیاتری نۆشیبێ. حەزی ئەدەبی پڕشۆر و داهێنەریە بێدەنگەکەی بەسەر بەربەستەکاندا سەرکەوتن. لەتەمەنی پەنجاوچوار ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ئەمەش لەکاتێکدا کە ماوەیەکی کورت پێش مردنی کتێبێکی لێکۆڵینەوەی مەزنی، بە زیاتر لە شەش سەد لاپەڕەوە، لەسەر ژیانی شاراوەی **سەدساڵ تەنیایی** بلاوکردەوە، کە دەرئەنجامی ساڵەها هەوڵو ماندوبونی بوو بێئەوەی من لەومەسەلەیە ئاگادار بکاتەوە یان تەنانەت یەکجاریش راستەوخۆ لەوبارەیەوە داوای زانیاریم لێبکات.

ریتا، تازە پێی خستبووە قۆناغی نەوجەوانی کە فێربوو چۆن پەند لەهەڵەی خەڵکانیتر وەربگرێت. ئەوکاتەی، پاش ونبونێکی درێژخایەن، گەڕامەوە ماڵی دایك و باوکم، تێگەیشتم ئەویش گرفتاری هەمان ئەو دۆزەخە بووە کە پێشتر خوشکەکانیترمانی قووتدابوو. وەکو هەمیشە هۆکاری مەینەتیەکانی پەیوەندی عاشقانەی بوو لەتەك لاوێکی چاووبرۆ رەشی، قۆز و جدی و خاوەن کەسایەتی کە تەنها لەیەك رووەوە هاوشێوە نەبوون: دوو بست ونیو جیاوازی بالایان هەبوو. هەمان شەو، ئەوکاتەی باوکم لەسەر هاماکای ژووری نووستنەکە پاڵی لێدابووەوە و گوێی لە هەواڵەکان دەگرت، چوومە لای. دەنگی رادیۆکەم کز کرد، لەسەر قەرەوێڵەکە لەبەرامبەری دانیشتم و وەکو کوڕەگەورەی خێزانەکە، لێم پرسی مەسەلەی عیشق و عاشیقیەکەی ریتا چییە. ئەویش خێرا ئەو وەلامەی پێشکەش کردم کە لەگەلێك پێشترەوە لەزەینیدا پەروەردەی کردبوو.

- من بەو کابرایە ناڕازیم لەبەرئەوەی دزە.

هەمان ئەوقسەیەی چاوەڕوانم دەکرد.

پرسیارم کرد - **دزی چی؟**

لەکاتێکدا دەیویست چاوی بەرچاوم نەکەوێت وتی - **دزێکی تەواوەتی.**

بێبەزیانە لێم پرسی - **چی دزیووە؟**

دیسانەوە ئامادەنەبوو تەماشام بکات.

دواجار ئاهێکی هەڵکێشا و لەژێرلێوەوە وەلامی دامەوە - **باشە، ئەوەی راستی بێت، خۆی هیچی نەدزیوە، بەلام براکەی بەتاوانی دزی لە زینداندایە.**

پشتم بە سادەترین شێوەی گەمژانە بەست و وتم - **کەواتە هیچ کێشەیەك لەئارادا نییە، لەبەرئەوەی ریتا بەنیاز نییە ببێتە هاوسەری کەسێك کە زیندانیە، بەڵکو دەیەوێت ببێتە ژنی پیاوێك کە هیچ تاوانێکی نەکردووە و ئازادە.**

وەڵامێکی نەدایەوە. خراپ توشی کێشە ببوو و شەرمو شکۆی رێگەی لەوە دەگرت کە زیاتر لەوە حەقیقەت بخاتە ژێرپێ، لەبەرئەوەی بۆخۆشی هەرلەسەرتاوە دەیزانی پروپاگەندەی زیندانی بوونی جەنابی داواکار راست نییە. درێژەی بەقسەوباسەکە نەدا و هەوڵیدا لەپشت حەساری ئابرِوداریی و شەرمی خێزانیەوە خۆی حەشار بدات.

- **زۆرباشە، بەڵام دەبێت زۆر بەپەلە ببنەهاوسەر، لەبەرئەوەی دژی دەزگیرانداریەتی درێژخایەنم و حەزناکەم پیاوێکی نەناسراو بەردەوام هاتوچۆی ئەم ماڵە بکات.**

وەڵامێکی هێندە خێرا و بەتاڵ بوو لە بەزەیی کە هەرگیز خۆم لەبەر ئەو وەڵامە نەبەخشی.

- **سبەینێ بە زوترین کات.**

باوکم بەجۆرێك حەپەسا کە لەپڕ داچڵەکی، بەڵام بۆ یەکەمجار بزەیەکم لەروخساریدا بەدی کرد. پاش کەمێك وەستان، لە وەڵامدا وتی - **دەست هەڵگرە پیاوی باش! من قسەیەکم کرد، بەڵام پێویست نییە ئەوەندە پەلە بکەین. ئەم کچە هێشتا جلێکی گوونجاوی بۆ مەراسیمی بووکێنیەکەی نییە.**

دواهەمینجار کە پورە پا م لە سنووری نەود ساڵیدا بینی ئێوارەیەکی گەرم و نماوی بوو کە بێئاگا بە تەکسیەکی دەربەست و بەجانتای بچوکی تایبەتی مناڵەکانی قوتابخانە، بەبەرگی ماتەم و سەرپۆشێکی رەشەوە، لە ریۆئاچاوە هاتە کارتاخنا. شادو سەرزیندوو، بە ئامێزی ئاوەڵاوە هاتە ژور و بەدەم هاوارەوە بە هەمووانی وت:

- **هاتوم خواحافیزیی بکەم، لەبەرئەوەی بەنیازم بمرم.**

ئەوەندەی شایستەبوو پێشوازیمان لێکرد، لەبەرئەوەی کەسایەتیە خۆشەویستەکەیمان دەناسی‌و دەمانزانی تاچەند خۆی لەتەك مردن یەکلایی کردوەتەوە. لەوەبەدوا، تادواهەمین ساتەکانی ژیانی، لەماڵی ئێمە مایەوە. قبوڵی نەکرد جگەلە ژوری تایبەتی خزمەتکارەکان لە ژورێکیتر بخەوێت و هەر لەوێش، لەمیانەی پاکداوێنی‌و رەوشت جوانیدا، گیانی سپارد. خزم و کەس خەڵماندیان ئەوکاتەی مرد تەمەنی لەسەدو یەك ساڵ تێپەریبوو.

چالاکی ئۆنیڤەرساڵ لەوساڵەدا گەیشتە لوتکە. زابالا بە زانستە سیاسیەکەی رێنوێنی دەکردم بۆئەوەی لەیاداشتەکانمدا ئەوەی پێویست بوو بیڵێم، بێئەوەی رووبەڕوی قەڵەمی برِندە و بێئامانی بەرپرسانی چاودێریی ببمەوە و بۆ یەکەمجار بایەخی دایە بیرۆکە

کۆنەکەم دەربارەی ئامادەکردن و بلاوکردنـەوەی راپۆرتی کۆمەلایـەتی لـە رۆژنامەکـەدا. لـەناکاو رووداوێکـی ترسـناك و جـەنجالّ کەوتـەوە: لـە کـەنارەکانی ماربێـیا، قرشـەکان هێرشیان کردە سەر گروپێـك گەشتیار. ئەوتاکـە چارەسـەرەی گەیـشتە مێشکی جەنابی سەرۆکی شارەوانی و راوێژکارەکانی ئەوەبوو کە بری پەنجا پیزۆ بۆکوشتنی هەر قرشێك دیاریی بکەن و رۆژی دوای ئەوە لقی دار بادامەکان بەشی لەسـەر نمایش کردنـی لاشـەی ئەو ماسیە تاوانبارانەی نەکرد، کە بەدرێژایی شەو راوکرابون. ئاکتۆر روخاس ئاراسۆ، کە ئەوەنـدەی نـەمابوو لـەتاو پێکـەنین بکـەوێت، لـە بۆگۆتـا نووسـینێکی گالتەجاڕانـەی دەربارەی سوودی شێوازی نوێی راوی قرش نووسی و پێشنیاری کرد ئەو جانـەوەرە وەکـو هەلکەنـدنی تـوور راوبکـەن، واتـە بـەبالّ دەریبهێـنن. دەقـە تـەنزئامێز و بەتامەکـەی لـە ستوونە تازەکەی لە ئال تیمپۆدا بلاوکرایەوە. ئەومەسەلەیە وای کرد بیر لە ئامادەکردنی رێپۆرتاژێك لەسەر راوی شەوانە بکەمەوە. زابالا بە حەزو هەلّچونێکی زۆرەوە پـشتیوانی لە پێشنیارەکەم کـرد، بـەلام بێبـەختیم هـەر لەهەمان ئەوساتەوەی لـە نێـو کەشتـیەکە دانیشتم دەستی پێکرد: پرسیاریان لێکردم ئایا توشی دەریازەدەیی دەبم منیش بەنەخێر وەلامم دایەوە، ئایا لە دەریا دەترسام و راسـتیەکەی زەنـدەقی دەبـردم، بـەلامم هـەر وتم نەخێر و دواجار لێیان پرسیم ئایا مەلە دەزانم ـ دەبوو یەکەمجار ئەو پرسیارەم لێبکەن ـ و نـەموێرا بـەدرۆ بلێـم دەیـزانم. بەهـەرحالّ، لەسایەی وتووێـژە چـڕوپڕەکانم لەتـەك دەریاوانەکان، لەوە ئاگاداربوومەوە کە راوچیەکان تا"لێوارەکانی خۆلەمێش"دەڕۆشـتن و بـە بەلـەمی پـڕ لـە لاشـەی قرشـی تـاوان دەگەڕانـەوە بۆئـەوەی وەك ئەوتاوانبارانـەی بەدوایانەوە بـوون لـەبری پـەنجا پیـزۆ بیاندەنـەوە دەسـتیان. هـەوالی بزوێنـەری هـەمان رۆژی یەکەم سەرنجڕاکێشی نەما و منیش سەودای رێپۆرتـاژ کردنەکـەم لەسـەر دەرکـرد. لـەبری ئـەوە، هەشـتەمین چـیرۆکی خـۆم بەچـاپ گەیانـد: **نـابوو، ئـەو رەشپێـستەی فریـــشتەکانی بەچـــاوەڕوانی دەهێـــشتەوە**. هـــیچ نـــەبێت دوو رەخنـــەگری جـــدی و ئەوهاوڕێیانـەی ئاسـان شـتیان پەسـەند نـەدەکرد، ئەوچـیرۆکەیان پەسـەند کـرد و بـە رێچکەگۆڕینێکی ئومێدبەخشانە لەقەلّەمیاندا.

بڕواناکەم پێگەیشتویی سیاسیم هێندە بووبێت کە لەسەر بنەمایـەکی عـەقلانی ئـەو رووداوە بمخاتـە ژێـر کاریگـەری خۆیـەوە، بـەلام ئـەوەی راستی بێ وەکو جاری پێشوو بێتاقەتیەکی توند بەرۆکی گرتم و دەرونی پەرێشان کردم. هێنـد سەرلێشێواو و نـوقمی غەم بووم کە بۆ سەرقالکردنی مێشکم سەرگەرمیەکی ترم نەبوو ئەوە نەبێت کە لەگەلّ مەستەکان، لە ژێر تاقی بورجەکاندا، کە لەسەردەمی کۆلۆنیالّ قەحبەخانەی سەربازەکان و دواتریش کرایە زینـدانێکی سیاسـی غـەمگین و ترسـناك، شـەو رۆژ بکەمـەوە و بـەدەم

گۆرانیەوە بەرەو پێشوازیی سپێدە بچم. ژەنەراڵ فرانسیسکۆ دێ پایۆلا سێنتاندێر، پێشئەوەی لەلایەن هاوڕێبازەکانیەوە بەرەو ئەوروپا دوربخرێتەوە، لەوێدا زیندانی بوو.

پاسەوانی ئەو شتومەکە پیرۆزە مێژووییە پیتچنێکی خانەنشین بوو کە هاوکارە چالاکەکانی هەمووڕۆژێك پاش داخستنی لاپەڕەکانی بلاوکراوەکە، دەچوونە سۆراغی بۆئەوەی بە تێکەڵەیەك لە عارەقی قامیشی شەکر، کە بەنهێنی و بەشێوەیەکی نامۆ و کیمیاگەرانە دروست دەکرا، پێشوازی لە دەست پێکردنی رۆژی نوێ بکەن. بەپێی نەریتێکی خێزانی، هەموویان لە زاناو بیرمەندە خاوەن کلتوور و زانایانی رەوانبێژیی شێوە شاعیرانەو مەیخۆرە بەردەوامەکانی شەممان بوون. چومەریزیانەوەو قبوڵیان کردم.

لاوترینیان ناوی **گیێرمۆ داڤیلا**[1] بوو کە بەلەسەرسوربوون و قیرچسمەیی خۆی توانیبوی سەرباری نارەحەتی چارەسەر نەکراوی هەندێك لە رابەرە ناوچەییەکان کە ئامادە نەدەبون خەڵکی لەخۆیان باشتر لە ریزی خۆیاندا قبوڵ بکەن، لەوکەنارە ئیش بدۆزێتەوە. لەوانەیە بە فێڵ‌و جادوو گەیشتبێتە مەبەست و ئەوەش هیچ جێگەی سەرسوڕمان نەبوو لەبەرئەوەی، جگەلە شارەزایی پیشەیی و قسەخۆشیە تایبەتەکەی، جادوگەرێکی لێهاتوش بوو. بە کارە شەیتانانە جادوگەراکانی سەرسامی دەکردین: لەچەکمەچەی مێزی نووسینەکانەوە باڵندەی زیندوی دەردەهێنا یان لەچاوتروکانێکدا ئەودەقەی دابومانە دەستیان بۆئەوەی لاپەڕەکانی رۆژنامەکەی پێ دابخەن وونی دەکرد و لاپەڕەی سپی دەخستەوە بەردەستمان. مامۆستا زابالا، کە هەمیشە لەبەرامبەر بەجێهێنانی بەرپرسیاریەتیەکان زۆر جدی بوو، بۆ ساتێك **پادیریوسکی**[2] و شۆڕشی پرۆلیتاری فەرامۆش کرد و داوای دەکرد چەپڵە بۆ ساحیرە لاوەکان لێبدەین، هەڵبەتە لەوەش ئاگاداری دەکردینەوە کە ئەوە دواهەمینجارمان بێت. ئەو فرمانەی مامۆستا و سەرپێچیکردنی جادوگەرەکان چەندینجار دووبارە بودوە. لەلای من کارکردنی رۆژانە لەتەك جادوگەرێکدا وەکوئەومبوو دواجار راستیەکانم دۆزیبێتەوە.

یەکێك لەو بەیانیانەی بەژێر تاقەکاندا پیاسەمان دەکرد، دابیلا بۆی گێڕامەوە کە هەمیشە ئارەزوی کردوە رۆژنامەیەك لەسەر قەبارەی بیست وچوار بە بیست وچوار - نیولاپەڕە - بلاوبکاتەوە و ئێواران لە سەعاتە قەرەباڵغەکاندا، ئەودەمانەی دوکانەکان دەرابەکانیان دادەدایەوە، ئەورۆژنامەیە بەخۆڕایی ببەخشێتە خوێنەران. دەبێتە بچوکترین رۆژنامەی جیهان و دەتوانرێت بە دەخولەك هەموی بخوێنرێتەوە. ئەوەش

---

[1]. Guillermo Davila

[2]. Ignacy Jan paderewski (١٨٦٠ - ١٩٤١) پیانۆژەن و ئاوازدانەر و سیاسەتمەداری نەمسایی کە لە ١٩١٩دا بوە یەکەمین سەرەك وەزیرانی نەمسای نوێی کە بەتازەیی سەربەخۆیی وەرگرتبوو.

روویدا. ناوی (حەب) بوو، من کاتژمێر یازدەی بەیانی، بە کاتژمێرێك دەمنووسی، دابیلا بە دوو کاتژمێر پیتچنی دەکرد و دواتریش چاپی دەکرد و رۆژنامەفرۆشێکی گەڕۆکی چاونەترس، تەنها بەیەك هاواری کورت بڵاوی دەکردەوە. پێشنەوەی هەناسەیەك نوێ بکاتەوە، هەموو نوسخەکانی رۆژنامەکەیان بردبوو.

رۆژی سێشەممە ١٨ی سێپتامبەری ١٩٥١ بڵاوکرایەوە و بەدوری دەزانم سەرکەوتنێکی لەوە سەرسوڕهێنەرتر و کورتتر لەوە وێنا بکرێت: سێ ژمارە لەماوەی سێ رۆژدا. دابیلا دانی بەوەدانا کە تەنانەت بە جادوی رەشیش نەدەکرا بیرۆکەیەکی ئەوەندە گەورە بەبودجەیەکی هێند کەم جێبەجێ بکرێت، کە ئەوەندە شوێنی کەم بگرێت و ئەوەندە کەمی پێبچێت و لەچاوتروکانێکدا نەمێنێت. لەهەمموو ئەوانە سەیرتر ئەوەبوو، رۆژی دوهەم، سەرمەست لەهاتوهاواری شەقام و هەڵچوونی تا ئامێزی کڕیارە تامەزرۆکان کە سەرودەستی خۆیان بۆ رۆژنامەکە دەشکاند، بۆ چرکەیەك بیرم لەوەکردەوە کە دەکرێت رێگەچارەی ژیانم بەم ئاسانیە بێت. خەیاڵەکەمان تا پێنج شەممە درێژەی کێشا، ئەوکاتەی بەڕێوەبەری دارایی بە لێکدانەوەو بەژمارە بۆی رونکردینەوە گەر یەك ژمارەی تر چاپ بکەین، دەڕوخێین، تەنانەت گەر بیریش لە چاپکردنی ریکلام بکەینەوە، دیسانەوە سوودی نییە، لەبەرئەوەی دەبێت ئەوەندە بچوك و ئەوەندەش گران بێت کە لەگەڵ عەقڵدا ناگونجێت. بیرۆکەی رۆژنامەکە، کە لەسەر قەبارە بچوکەکەی وەستابوو، تامشتەری زیاتر بووایە کەمتر قازانجی دەکرد و زیانی زۆرتری دەکرد.

بەهەڵپەسێراوی مامەوە. گوێزانەوە بۆ کارتاخنا، پاش ئەزمونی کرۆنیکا، هەلێکی گونجاوی رەخساند و سەرباری ئەوەش، منی بەرەو کەشێك راکێشا کە بۆ درێژەدان بەنووسینی تۆفانی گەڵا بەڕاستی کاریگەر بوو، بەتایبەت ئەوەی کە تای داهێنان شەوقی ژیانی دەبەخشیە ماڵەکەمان و دەبوەهۆی ئەوەی نامەعقولترین شتەکان گونجاو بێنە بەرچاو. ئەوەندە بەسە ئەورۆژەم بیر بکەوێتەوە کە لەسەر خوانی نیوەڕۆ لەگەڵ باوکم دەربارەی گرفتی ئەو نووسەرانە قسەمان دەکرد کە دەیانەوێت بیرەوەریەکانیان بنووسنەوە، لەکاتێکدا کە رابردویان بەتەواوەتی فەرامۆش کردبوو. کووکی، کە تازە تەمەنی شەش ساڵی تەواو کردبوو، بەوپەڕی سادەیەوە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی:

- نووسەر یەکەم ئیشی ئەوەیە پێشئەوەی هەموشتێکی فەرامۆش نەکردوە بیرەوەریەکانی بنووسێتەوە.

نەموێرا لەلای خۆم دان بەوەدا بنێم کە هێندەی نەمابوو تۆفانی گەڵاش تووشی هەمان چارەنووسی ماڵەوە ببێت: تا دەهات دارشتنی نووسینەکە لە ناوەڕۆکەکەی زیاتر سەرنجی رادەکێشام. پاش ساڵێك هەوڵدانی شادومانانە، ئەوکارەم بە هەزارخانێکی

بازنەیی دەهاتە بەرچاو کە ڕێگەی ڕۆشتن و هاتنەدەرەوەی نەبوو. **کۆستۆمبریسمۆ**[1]، کە لەسەرتای دەرکەوتنیەوە گەلێك نمونەی بەرجەستەی نوێگەری پێشکەش کرد، دواجار ئەو بیرۆکە مەزنە نەتەوییانەی، کە دەیانویست دەرچۆیەکی پێویستی بۆ بکەنەوە بەرەو کۆنەپەرستی رادەکێشا. هێندە بارودۆخێکی خراپم هەبوو کە بەکردەوە بەرگەی یەك دەقە دوودڵیم نەدەگرت. تەنها ئەوەندەم مابوو لە دروستی هەندێك وردەکاری وەسف ئامێز دڵنیابیم و بەمەبەستی یەکرەنگ کردنی شێوازی نووسین، دوا هەڵەچنیەکانم ئەنجام بدەم و خاڵی کۆتایی بخەمە سەر رۆمانەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا، دەقەکە بەلامەوە بێرۆح دەهاتە بەرچاو، دەتوت هەناسە نادات. بەڵام، پاش ئەوهەموو هەوڵ وماندوبونە لە تاریکیدا، بەشێوەیەك نوقمی زەلکاوی سەرلێشێواوی ببووم کە کتێبەکەم بە سست و لەرزۆك دەهاتە بەرچاو، بێئەوەی بتوانم درز تێکەوتنەکانی بدۆزمەوە. گرفتی سەرەکیم ئەوەبوو کە لەو قۆناغەدا یارمەتی کەس بەکەڵکم نەدەهات لەبەر ئەوەی دڵم بەرگەی بۆچونی کەسی نەدەگرت. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بووبێت کە بێئەوەی زۆر بابەتەکە هەڵبسەنگێنم، پاش ئەوەی لەتەك ئال ئارالدۆ حسابمان نەما و قەرزی ئەو بڕە پێشەکیەی بۆ کڕینی قەنەفەکان وەرم گرتبوو، درایەوە، چیتر درێژەم بە نووسینی "زەرافەی مێ"نەدا.

بەدبەختانە، نە داهێنان، نە بەرهەڵستی و نە عەشق و نە خۆشەویستی بۆ زاڵبوون بەسەر هەژاریدا بەس نەبوون. هەموو شتێك لە بەرژەوەندی ئەو بوو. سەرژمێریەکە پاش ساڵێك کۆتایی پێهات و ئەو موچەیەی لە ئال ئۆنیڤەرساڵ وەرم دەگرت ئەوەندە نەبوو شوێنەکەی پڕ بکاتەوە. سەرباری زمانلوسی هەندێك لە مامۆستاکان، کە یەکیان گرتبوو بۆئەوەی بەپێچەوانەی ویستی خۆم و سەرباری گوێنەدانم بە دڵسۆزی و زانستەکەیان، من بەرەو ڕێگەی راست و مەبەستی بەرژەوندیم ڕێنوێنی بکەن، واتە ناچارم بکەن درێژە بەخوێندن بدەم، نەگەڕامەوە کۆلیژی ماف. دەرامەتی هەمووان بۆماڵەکە خەرج نەدەکرا و ئەوەندە کەموکوڕیمان هەبوو کە یارمەتیەکانم هەرگیز نەیاندەتوانی سەرجەم پێویستیەکان فەراهەم بکات و تەنها هەندێك لە کوونەکانی پڕ دەکردەوە و بێهیوایی لە بێ پارەیی زیاتر تووشی خەم و مەینەتیان دەکردم.

لەرۆژێکە چارەنووس سازدا، لەسەر سفرەی خوانی نیوەڕۆ وتم **ـ گەر بڕیارە هەموومان نوقم ببین هەرهیچ نەبێت لێگەڕێن با من خۆم رزگار بکەم و هەوڵی**

---

[1]. costumbrismo، ئەو شێوازە ئەدەبیەی یەکەمجار لە ئیسپانیا سەریهەڵدا و لەسەر بنەمای وێنەکردنی نەریتەکان و تایبەتمەندیە ناوکۆییەکانی ناوچە یان وڵاتێك راوەستاوە. هەرچەندە سەرهەڵدانی ئەو ژانرە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم، بەڵام خاڵی ترۆپکی دەکەوێتە نیوەی دوهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە.

تەواوەتی خۆم بدەم بەڵکو پارەیەکتان بۆ پەیدا بکەم، تەنانەت گەر پارەیەکی ناچیزیش بێت.

بەوشێوەیە، یەکەمین هەفتەی مانگی دێسامبەر، بە رەزامەندی هەمووان و دڵنیایی تەواوەتی لەوەی شتێکیان بۆ دەنێرمەوە، جارێکیتر گەڕامەوە بارانکیا. رەنگە ئالفۆنسۆ فۆینمایەر، بەیەکەم نیگا، ئەوکاتەی بینیمی بێخەبەر خۆم کرد بە نووسینگە کۆنەکەی ئال ئارالدۆدا ـ نووسینگەی کرۆنیکایان بەهۆنی نەبونی بودجە بەستبوو ـ تێگەیشت چی روویداوە. لەپشت ئامێری تایپەکەوە بەجۆرێك تەماشای کردم وەك ئەوەی رۆحی بینیبێت و بەنیگەرانی و دەنگێکی بەرزەوە پرسیاری کرد:

ـ چیبووە بێخەبەر هاتوویتە ئێرە؟

تەنها چەندجارێك لەژیانمدا شتێکم وتوە کە هێندە لە راستیەوە نزیك بێت:

ـ گەیشتومەتە سەر ئێسقانم، مامۆستا.

ئالفۆنسۆ خەیاڵی ئاسوودە بوو.

بەهەمان حاڵەتی هەمیشەییەوە وەڵامی دایەوە ـ **ئێ، ئاواهی!** ـ و کۆلۆمبیایترین بەیتی سروودی نیشتیمانی لە ژێر لێوەوە وتەوە ـ"**لەبەختی باش، بەوجۆرەیە ئەحواڵی هەموو مرۆڤایەتی، بە بەندیەتی دەناڵێنێ**".

لەسەر هۆی سەفەرەکەم بچوکترین سەرنجی دەرنەبڕی. هاتنەوەمەی بەحسابی (تلەپاتی) دادەنا، لەبەرئەوەی لە چەند مانگێك پێشترەوە هەرکەس ئەحواڵی منی لێدەپرسی دەیوت، بەمزوانە سەروکەلەی دەردەکەوێتەوە و لێرەش دەمێنێتەوە. بەدەم لەبەرکردنی قەمسەڵەکەیەوە، بەخۆشحاڵیەوە لەسەر مێزی نووسینەکەی هەستا لەبەرئەوەی من، بەرێکەوت، وەك فریشتەی رزگاری لە ئاسمانەوە بۆی دابەزیبووم. دەبویست بە نیو کاتژمێر دواکەوتنەوە خۆی بگەێنێتە وادەی دیدارێکی گرنگ، هێشتا یاداشتی دوالاپەڕەی رۆژی دوایی تەواو نەکردبوو و تکای لێکردم من تەواوی بکەم. هێند خێر ا وبەپەلە بەرەو دەرگای دەرەوە هێرشی کرد کە تەنها توانیم لێی بپرسم بابەتی نووسینەکەی چییە، و بەوپەڕی بێشەرمیێکەوە کە لەدونیای هاوڕێیەتیماندا لەسەری راهاتبووین، لە رێرەوەکەوە، لەکاتێکدا بەپەلە دوور دەکەوتەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ گەر بیخوێنیتەوە خۆت تێدەگەیت.

رۆژی دواتر، جارێکیتر لە نووسینگەکەی ئال ئارالدۆ دوو ئامێری تایپ لەبەرامبەر یەکتر خۆیان دەنوواند، و منیش دووبارە سەرقاڵی نووسینی"زەرافەی مێ"بووم بۆ هەمان لاپەڕەی هەمیشەیی و بەهەمان نرخی پێشوو. و بەپێی هەمان ئەو هەلومەرجە نهینیەی من و ئالفۆنسۆ لێی ئاگادار بووین و جگەلە ئێمە کەس نەیدەزانی کە زۆربەی

یاداشتەکانی دوالاپەڕەمان بەهاوبەشی دەنووسی و هێندە لەوکارەدا شارەزاییمان پەیدا کردبوو کە مەحاڵ بوو لێکی بدەنەوە کام پەڕاگرافە کێ نووسیویەتی. هەندێك لە فێرخوازانی بواری رۆژنامەنووسی بە گەڕانەوە بۆسەر ئەرشیفی ئەوبابەتانەی هەرکامان نووسیومانە ویستوویانە نووسینەکانمان لەیەکتر جیا بکەنەوە بەلاّم سەرکەوتوو نەبوون، مەگەر لەوبوارانەدا نەبێت کە پەیوەندییان بە بابەتی تایبەتیەوە هەیەو لەسەر بنەمای زانیاری روناکبیری نەوەك سەبکی نووسینن.

لە"پیاوی سێهەم"بەرگوێم کەوت هاورێ دزەکەیان کوشتوین و دڵم بەقوڵی کەوتە ئازار. شەوێك وەك شەوەکانی تر، ماڵەوەی بەجێهێشت بۆئەوەی وەك هەمیشە دزی لەشوێنێك بکات و تەنها هەواڵێك کە لەو بەدەستمان گەیشت ئەوەبوو کە لەکاتی دزیی لە ماڵێك فیشەکێك بەر دڵی دەکەوێت و دەکوژرێ، بێئەوەی بچوکترین زانیاری دەربارەی رووداوەکە رابگەیێنرێت. خوشکە گەورەکەی، ئەوتاقە خزمەی لەم جیهانەدا هەیبوو، لاشەکەی وەرگرتەوە و تەنها ئێمە و خاوەنی بارەکە لە مەراسیمی بەخاکسپاردنە بەلاشەکەیدا بەشداریمان کرد.

دیسانەوە لەماڵی خێزانی ئابیلا ژورێکم گرتەوە. مێرا دێلمار، کە جارێکیتر ببوە دراوسێم، بەو میواندارییە شەوانە هێمنی بەخشانەی، وەکو رابردوو، دەروونمی لە ناشرینیەکانی ئەوشەوانەی لە"گورپەی رەش"دا دەمبردەسەر، پاك دەکردەوە. ئەو و ئالیسیای خوشکی، بەهۆی شێوەی ژیان و هەڵسوکەوتیانەوە، بە دووانە دەهاتنە بەرچاو و کەسایەتیە ئەفسوناویەکەیان دەبوەهۆی ئەوەی ئەوکاتەی لەتەك ئەوان بووین ژیان بازنەیی تێپەڕێت. بەشێوەی تایبەتی خۆیان، وەك رۆژانی پێشوو ئەندامی گروپەکەمان بوون. هەرهیچ نەبێت ساڵی جارێك بۆ نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە میوانداریان دەکردین و سفرەیەك لە خواردەمەنی بەلەزەتیان بۆ دادەخستین کە رۆحیان دەبوژاندەوە و زیاتر رۆحیان تێر دەکرد تا جەستە و هەندێك میوانداری چاوەڕوان نەکراو لەماڵەکەیاندا بەرێوە دەچوو کە کەسایەتی پایەبەرز بەشداریان تێدا دەکرد، لەگەورەترین هونەرمەندانی بوارە جیاوازەکانەوە تا شاعیرە رێگەونکردو و بێناوەکان. هەست دەکەم ئەو دووانە و مامۆستا **پیدرۆ ڤیابا**[1] توانیان عەشقی بێهەوساری مۆزیك لەمندا زیندوو بکەنەوەو هەر بەهیمەتی ئەوان بوو بوومە ئەندامی گروپی شاد و سەرزیندوی ناوەندی هونەری.

---

[1]. Pedro Viaba

ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە، لە بارانکیا توّفانی گەلام لە روانگەیەکی گونجاوترەوە بینی، لەبەرئەوەی هەرئەوەندەی مێز و ئامێرێکی تایپم پێ بەخشرا، بەهێز و داهێنانێکی تازەوە، دەستم کرد بە هەڵچنی دەقەکە. لەو رۆژانەدا، وێرام یەکەمین ئەو نووسخەیەی رۆمانەکە کە دەخوێنرایەوە، هەرچەندە دەمزانی هێشتا ناتەواوە، پیشانی ئەندامانی گروپەکە بدەم. هێندە قسەمان لەسەر کردبوو کە هەرجۆرە ئاگادارکردنەوە و تێبینیەك لەسەری زیادە بوو. ئالفۆنسۆ دوو رۆژی تەواو لەبەرامبەرم دانیشتبوو دەینووسی بێئەوەی بچوکترین ئاماژە بۆ رۆمانەکەم بکات. رۆژی سێهەم، ئەوکاتەی سەرەتای ئێوارە کارەکانمان تەواو کرد، دەستنووسەکەی خستە سەرمێزەکە و ئەو لاپەرانەی بە پارچە کاغەزێك جیای کردبوونەوە بۆ من خوێندەوە. بۆچونەکەی، زیاتر لەوەی رووی رەخنەگرانەی لەخۆ گرتبێ، دۆزینەوەی ناهەماهەنگیەکان و چاکسازیی دارشتنەکەی بوو. تێبینیەکانی هێندە ورد و هەڵسەنگێندراو بوو کە هەرهەموویانم بۆ جێبیەجێکردن خستە ریزەوە، تەنها یەکێکیان نەبێت کە ئەو لەوباوەرەدابوو بەزۆر جێگەی کراوەتەوە، و تەنانەت ئەوکاتەی بۆم رون کردەوە و سەلماندم ئەو مەسەلەیە بەراستی لەسەردەمی منالیمدا روویداوە، دیسانەوە نەمتوانی قەناعەتی پێبکەم.

بەدەم قاقای پێکەنینەوە وتی ـ **تەنانەت واقیعیش بە هەڵبەستراو دەردەکەوێت کاتێك دووبارە خولقاندنەوە ئەدەبیەکەی ناتەواو بێ.**

شێوەی ژێرمەن بارگاس ئەوەبوو کە گەر دەقێکی پەسەند بکردبا، خێرا بۆچونی خۆی دەرنەدەبڕی، بەڵکو یەکەمجار شتێکی دەوت بۆئەوەی خەیاڵی کەسی بەرامبەر ئاسوودە بکات و دواجار رەزامەندی خۆی بەهاوارێکی بەرز ئاشکرا دەکرد:

ـ فەرتەنەیە!

بەڵام رۆژانی دوایی، هەڵچوانەو بزرکاو، هەندێك شتی دەربارەی کتێبەکە دەوت و سەرئەنجام لە یەکێك لەشەوە خۆشەکانی سەرخۆشیدا دوابڕیاری خۆی دەهێنایە سەرزمان. گەر دەستنووسەکەی بەشتێکی گاڵتەجارانە بزانیبا، بەتەنها لەگەڵ نووسەرەکەی قسەی دەکرد و بەوپەڕی راستگۆیی و لەسەرخۆییەوە باوەڕی خۆی لەوبارەیەوە رادەگەیاند و ئەزمونکارە داماوەکە هیچ رێگەچارەیەکی بۆ نەدەما جگەلەوەی لەناخی دڵیەوە سوپاسی بکات، هەرچەند لەوکاتانەدا حەز دەکەیت دابنیشیت و تێر بگریت. لەگەڵ من بەجۆرێکی تر رەفتاری کرد. رۆژێکیان کە هەرگیز چاوەڕوانم نەدەکرد، ژێرمەن، بەدەم گاڵتەو جدیاتەوە، لەسەر دەستنووسی رۆمانەکەم بەچڕی قسەی کرد و بەقسەو بیروبۆچونەکانی رۆحێکیتری کرد بەبەرمدا.

ئالڤارۆ لە خاپی بەدی نەدەکرا و ون ببوو. بێئەوەی هیچ ناونیشان و هەواڵێکی بزانین. نزیکەی هەفتەیەك پاش ئەوە، ئەوکاتەی لەهەمووکاتێك کەمتر چاوەڕوانی بینینیم دەکرد، بە ئۆتۆمبێلەکەی لەسەر بولواری بولیڤار ڕێگەی پێگرتم و بەڕووی خۆشەوە هاواری کرد:

- فەرموو سەرکەوە مامۆستا، بۆئەوەی لەبەر بێئەزاکەتی سزات بدەم.

ئەمە رستە ئاگادارکەرەوە و فێڵبازانەکەی بوو. بێئەوەی نیازی شوێنێکمان هەبێت، لە ناوەندی بازرگانی، کە وەکو زۆپا داگیرسابوو، خولاینەوە و بەوحاڵەوە ئالڤارۆ بەدەنگی بەرز شیکاریە سۆزدارییی بەڵام کاریگەرەکەی دەربڕی. هەرئەوەندەی لەسەر شۆستەکە چاوی بە ئاشنایەك دەکەوت، قسەکانی بە ناتەواوی بەجێدەهێشت، دەم بەهاوار هەندێك قسەی نابەجێی بەئەدەبانە یان گاڵتەجاڕانەی پێدەوت و دواتر بەدەنگێکی گڕ و هەڵچوانە، قژی ئاڵۆزکاو و چاوی دەرتۆقیو، کە دەتوت لەپشت تەلی رۆچنەی دیدەوانی تاکەکەسی زیندانێکەوە لەسەرتاپام ورد دەبوونەوە، دەستی دەکردەوە بەقسە پڕ لە حەزو ئارەزووەکانی. لەپشت یەکێك لەمێزەکانی"لووس ئالمێندرۆس"کە لەسەر شۆستەکە بەڕیز دانرابوون درێژەمان بە گفتوگۆکانمان دا و چەندین بیرەی ساردمان کرد بەسەر قسەکانماندا بۆئەوەی گڕی دەربڕینەکەی ئابارۆ دابمرکێنەوە، و لەوکاتەشدا هاتوهاواری لایەنگرانی تیپەکانی جۆنیڤەر و سپۆرتینگ کفریان پێدەکردین و دواجار رووبەڕوی ژمارەیەکی زۆری خەڵك بووینەوە کە ئەنجامی دوو بە دوو تەواو بێتاقەتی کردبوون و بەدەم پرتەو بۆڵەوە و ژمارەیەکیتریش بەنەڕەنەڕو جنێودان بەرەو دەرەوەی ستادیۆمەکە شۆڕدەبوونەوە. ئالڤارۆ تاقە بیروڕای دیار و لێبڕاوانەی خۆی لەسەر نووسینەکەم دواجار لەپەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەو بەهاوارەوە دەرکاند:

- بەهەرحاڵ مامۆستا، هێشتا زۆر لەژێر کاریگەری کۆستۆ بریسمۆدای!

بەبێ زویربوون هەلم بۆهەڵکەوت منیش بەهاوارەوە وەڵامی بدەمەوە:

- بەڵام لەجۆرە باشەکەی، رێك وەکو فاکنەر!

ئەویش دەستبەجێ بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە قسەیەکی کرد کە بەبیستنی ئەوقسەیە حەپەسام، لەبەرئەوەی هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد بەوئاسانیە دەست لە شەرم و موجامەلە هەڵبگرێت:

- خۆت کەر مەکە!

پاش تێپەڕینی پەنجا ساڵ، هەمووجارێك ئەو ئێوارەیەم بیر دەکەوێتەوە، لەناکاو قاقا بروسکەو گڕکان ئاساکەی، وەکو دارمانی کەڵەکە بەرد لە کۆڵانێکی داگیرساو و گرفتاری ئاگر، لەگوێچکەمدا دەنگ دەداتەوە.

بە رونی درکم بەوە کرد کە هەرسێکیان رۆمانەکەیان بەدڵ ببوو، هەرچەندە هەر یەکەیان رەخنەی تاکەکەسی و چ جای بەجێیان لەسەری هەبوو، بەلام بێپەردەو بەبێ کەمووکوڕی دەریان نەبڕی، رەنگە لەبەرئەوەی ئەوکارەیان بەڕێگەچارەیەکی ئاسان تر دەزانی. هیچ یەك لەوان سەبارەت بە لەچاپدانی قسەیان نەکرد، کە ئەوەش جێگەی سەرسوڕمان نەبوو و بەتەواوەتی هاوتای تایبەتمەندی و دونیابینی ئەوان بوو، لەبەرئەوەی تەنها بایەخیان بە باش نووسین دەدا. ئەودوای مەسەلەکانی تریش پەیوەندی بە دەزگای وەشاندنەکانەوە هەبوو.

بە واتایەکیتر، دوبارە لە بارانکیا دلگیرەکەی پێشوی خۆمان بووم، بەلام ئەوەی ئازاری دەدام و ژیانی لێ تاڵ دەکردم بەئاگابوون بوو لەو راستیەی کە چیتر دڵم نەدەهات بۆ درێژەدان بە"زەرافەی مێ"خۆم رابگرم. لەراستیدا، ئەرکی ئەو کە هەمان ناچارکردنی من بوو لەسەر راهێنان و فێربوونی بەردەوام و رۆژانە بۆئەوەی لەسفرەوە دەست بە نووسین بکەم و فێری وردەکاریەکانی ببم و بە ئیرادە و ماندوبونو سەرسەختانە هەوڵ بدەم تا نووسەرێکی جیاواز بم، کۆتایی پێهاتبوو و چیتر بەکەڵکی من نەدەهاتن و سوودیان بۆمن نەبوو. لە زۆر دۆخدا، توانای نووسینی ئەو بابەتەم نەبوو کە پێشتر دیاریم کردبوو، هەر لەبەرئەوەش دەستبەرداری دەبووم کە هەستم دەکرد لەسەرو ئاستی توانای خۆمەوەیە. بەهەرحاڵ، ئەوە ئەزموونێکی بنەڕەتی دروستبوونی کەسایەتی ئەدەبیم بوو، هەرچەندە لەوە دڵنیابووم وەك جۆرە خواردنێکی ورزەبەخش وەهایە و هەرگیز نابێتە هۆی پابەند کردن.

لەماوەی چەند مانگی سەرەتای چالاکیەکانمدا، گەڕانی بەردەوامی رۆژانە بەدوای بابەتێکدا بەتەنها بەس بوو تا زەینم پەرێشان و رۆژگارم لێ رەش بکات. بواری ئەوەی بۆ نە دەهێشتمەوە بپرژێمە سەر کارەکانی ترم: چەندین کاتژمێر بەنێو رۆژنامەکانیتردا دەگەڕام، لەکاتی گفتوگۆ رۆژانەکاندا تێبینیم دەنووسیەوە، لەنێو ئەو خەیاڵوپلاوانەدا وێڵ دەبووم کە خەویان لێ هەراسان دەکردم، تا ئەودەمەی ژیانی راستەقینە بەرەوپیرم هات. لەوڕووەوە سەرنجراکێشترین ئەزمونم پەیوەندی بەو دوانیوەڕۆیەوە هەیە کە لەپەنجەرەی پاسەکەوە راگەیەندراوێکی سادەم بینی کە بەدەرگای ماڵێکەوە هەڵواسرابوو:"گەڵای خورما بۆ مەراسیمی بەخاك سپاردن دەفرۆشین."

یەکەم کاردانەوەم ئەوەبوو لەدەرگا بدەم و سەر لە وردەکاری ئەو مەسەلەیە دەربکەم، بە لام لەبەر شەرم نەمتوانی. بەوشێوەیە، ژیان فێری ئەوەی کردم کە یەکێك لە هەرە بەسوودترین نهێنیەکانی بەرەوپێشچون لەبواری نووسیندا ئەوەیە بە هیرۆگلیفەکانی واقیع تواناییەکانم لەمەڕ خوێندنەوەی هێماکان بەهێز بکەم، بێئەوەی پێویست بەوە

بکات لەدەرگایەك بدەم یان پرسیار بکەم. لەم ساڵانەی دواییدا، ئەودەمەی سەرقاڵی خوێندنەوەی زیاتر لە چوارسەد"زەرافەی مێ"بووم و بەراوردم دەکردن بەو دەقانەی بە ئیلهام لەوانەوە وەرگیراون، روونتر هەستم بەو خاڵە دەکرد.

لەرۆژانی کریسمسدا، سەرجەم ئەندامانی دەستەی فەرماندەیی ئال سپیکادۆر - لە دوون گابریل کانووی بەڕێوەبەری گشتیەوەبگرە تادەگاتە هەموو کوڕەکانی: لوویس گابریلی بەڕێوەبەری کارگێڕی، گیێرمۆ کە ئەوکاتە جێگری سەرنووسەربوو، ئالفۆنسۆ جێگری بەڕێوەبەری کارگێڕی و فیدل کە لەهەموویان گەنجتر بوو، فێرخوازی سەرجەم قۆناغەکان - بۆ بەسەربردنی پشوو هاتنە بارانکیا. ئێدواردۆ سالامسا (ئۆلیسس) کە بەهۆی بلاوکردنەوەی چیرۆکەکانم و ئەو نووسینەی بەمەبەستی ناساندنیان بلاوی کردبووەوە و لەلای من گرنگیەکی تایبەتی هەبوو، لەگەڵیان بوو. عادەتیان بوو هەفتەی یەکەمی ساڵی نوێ، پێکەوە چێژ لە کانیەکانی ئاوی گۆگردی **پرادۆمار**[1] وەربگرن کە دەکەوتە دووری دەفەرسەخی بارانکیا، و شەوانیش بارەکانیان داگیر دەکرد. تاکەشتێك کە زۆر ورد و رون لەسەرئەو کۆمەڵە فەرمباڵغە لەبیرەوەریمدا ماوەتەوە ئەوەیە کە بینینی راستەوخۆی ئولیسس یەکێك بوو لە شتە چاوەڕوان نەکراوەکانی ژیانم. زۆرجار لە بۆگۆتا دەمبینی، سەرەتا لە ئال مولینۆ و چەندین ساڵ پاش ئەوەش لە"ئال ئۆتۆماتیکۆ"[2] و جارجارەش لە کوڕە ئەدەبیەکانی مامۆستا دێ گریێف. بالا ناقۆڵاو حاڵەتە خەلك پەرێز و دەنگە ئاسنینەکەیم بیر دەکەویتەوە و بەپێی ئەو ئاماژانە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی پیاوێکی تووڕەیە و هەڵبەتە لەنێو خوێنەرەکانی شارۆچکە زانکۆییەکانیشدا بەو تایبەتمەندیە بەناوبانگ بوو. بەهۆی ئەو ناوبانگە خراپەیەوە، لەزۆر هەلی جیاوازدا خۆم لە ناسینی ئۆلیسس بەدوور گرتبوو لەبەرئەوەی لەوە دەترسام ئەو وێنەیەی لەسەر ئەو لە خەیاڵمدا کێشابووم تێك بشکێت. بەتەواوەتی هەڵەبووم. بەدرێژایی ژیانم کەسێکی لەوجۆرەم نەبینی کە هێندەی ئەو بەخۆشەویستیو دەستی بەخێر بێت، هەرچەندە بۆ ئەنجامدانی هەموو کارەکانی پەنای بۆ ئەنگێزەی ئەقڵانی یان سۆزداریی دەبرد. کەسێکی تایبەتی بوو لە رووی هەڵسوکەوتەوە هیچ جۆرە لێکچوونێکی لەتەك دوون راموون بینیس و ئالفارۆ مووتیس و لیۆن گێرێیڤدا نەبوو و تاکە رووی هاوبەش و هۆکاری پەیوەندو یەکیەتی نێوانیان توانایە خۆرسکەکەیان بوو بۆئەوەی لەهەموو چرکەو حاڵێکدا مامۆستا و رێبەر بن و هەروەها خاوەنی ئەو

---

[1]. Pradomar

[2]. El Automatico

خۆشبەختیەش بوون کە سەرجەم ئەو کتێبانەیان خوێندبوەوە کە خوێندنەوەیان ئەرك و پێویست بوو.

پاش ئەوەی بووم بە سەرنووسەری ئال سپیکادۆر، پەیوەندیم لەتەك کوڕەکانی دوون گابریل کانوو ـ لوویس گابریل، گێیرمۆ، ئالفۆنسۆ و فیدل ـ گەیشتە ئاستێك لەسەرو هاوڕێیەتیەکی سادەوە. هەوڵدان بۆ بەبیرهێنانەوەی یەکێك لە وتووێژە پڕشۆرەکانی شەوانی پرادۆمار، کە لەمیانەیدا هەمووان لەسەر رەت کردنەوەی قسەی یەکتری دەدوان، ئەنجامێکی نییە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا مەحاڵە ئەو راستیە فەرامۆش بکەم کە ئەو وتووێژانە جەختیان لەسەر بارودۆخی تاقەتپڕوکێن و ئەو نەخۆشیە کوشندەیە دەکردەوە کە رۆژنامەنووسی و ئەدەبی گرتبوەوە. منیان لەنێو خۆیاندا قبوڵ کردبوو و بەچاوی چیرۆکبێژی تایبەتی خۆیان تەماشایان دەکردم، کە هەر ئەوان دۆزیبێتیانەوە و ئەو شوێنەیان بۆ دیاریی کردبێت و بەپێی ویژدان دەبێ لەژێردەسەڵاتی ئەوانیشدا بێت. بەڵام ـ بەپێچەوانەی ئەوەی دواتر و چەندینجار جەختی لەسەر کرایەوە ـ هەرگیز ئەوەم لەیادنییە کەسێك پێشنیاری ئەوەم بداتێ هاوکارییان بکەم. ئەو بابەتە بوەهۆی داخ و حەسرەت لە دڵمدا، لەبەرئەوەی لەو هەلومەرجە ناهەمواردا خۆشم بەباشی نەمدەزانی چ چارەنووسێك چاوەڕێم دەکات و یان ئایا لەهەڵبژاردنی ئەو چارەنووسەدا خۆم دەسەڵاتم دەبێت یان نا.

ئالقارۆ مووتیس، کە حەزو ئارەزوی بنەماڵەی کانوو ئەویشی ورووژاندبوو، پاش ئەوەی لەپۆستی بەڕێوەبەری پەیوەندیە گشتیەکانی ئیسۆ لە کۆلۆمبیا دامەزرا، گەڕایەوە بارانکیا و هەوڵیدا قایلم بکات بەوەی بە مەبەستی هاوکاری کردنی بگەڕێمەوە بۆگۆتا. بەڵام کارێکی لەوە سەرسوڕهێنەرتر و هەستیارتری بەدەستەوە بوو: بەهۆی هەڵەی زەق و ترسناکی خاوەن ئیمتیازە ناوچەییەکانی نوێنەرایەتی ئیسۆ، گەنجینەکانی فرۆکەخانەکەیان لەباتی بەنزینی تایبەتی فڕۆکە پڕکردبوو لەبەنزینی ئۆتۆمبێل و هەرگیز نەدەکرا ئەوە بهێنیتە بەرچاو کە فڕۆکەیەك بەو بەنزینە بگاتە شوێنی خۆی. مووتیس ئەرکی ئەوەبوو، پێش ئەوەی رۆژ ببێتەوە بەشێوەیەکی تەواو نهێنی، ئەو هەڵە زەقە چارەسەر بکات، بێئەوەی کارمەندەکانی فڕۆکەخانەکە یان چاپەمەنیەکان پێی بزانن. هەربەوجۆرەش بوو. لەماوەی چوار کاتژمێردا، بەنزینەکەمان گۆڕی و ئەو ماوەیەشمان زۆر بەخۆشی بردەسەر لەبەرئەوەی لەمیانەی کارە نهێنیەکەماندا لە وویسکی باش و گفتوگۆی شیرین و ورووژێنەر غافڵ نەبووین. دواجار، کاتێکی باشمان بۆ مایەوە و توانیمان باسی هەمووشتێك بکەین، بەڵام لەلای من ئەو بابەتەی هەرگیز چاوەڕوانم نەدەکرد و تەنانەت لەخەویشمدا نەمبینیبوو، ئەوەبوو کە هەواڵی ئەوەم

پێگەیشت کە دەزگای چاپی لۆسادای بۆینس ئایرس قبوڵی کردوە رۆمانەکەم چاپ بکات کە ئەوکاتە هێندەی نەمابوو نووسینی تەواو ببێت. ئالڤارۆ مووتیس ئەو هەواڵە تازەیەی لەزمانی بەڕێوەبەری کارگێڕی نوێی دەزگای چاپەمەنیەکانی بۆگۆتا، **خولیۆ سێسار ڤیێگاس**[1] ی وەزیری پێشوی دەوڵەتی پیرۆ بیستبوو کە چەند مانگێك بوو بەنەفی کراوی لە کۆلۆمبیا ژیانی دەبردەسەر.

لەبیرم نییە هەرگیز هێندە وروژابم. دەزگای چاپی لۆسادا یەکێکبوو لەهەرەباشەکانی بۆینس ئایرس، کە توانیبوویان قەیرانی چاپی دەرئەنجامی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا تارادەیەك دابمرکێنەوە. چاپەمەنیە نوخبە ئەرژەنتینیەکان بەردەوام بە بەرهەمگەلی هێند سەرنجراکێش و داهێنەرانە مەعنەویەن تێریان دەکردین کە بەزەحمەت بواری خوێندنەوەیانمان بۆ هەڵدەکەوت. فرۆشیارە کات ناسەکان، لەکاتی خۆیدا ئەوکتێبانەیان دەگەیاندە دەستمان کە داوامان کردبوون و ئێمەش بەئامێزی ئاوەڵاوە وەرماندەگرتن کە دەتوت رەنگە پەیامبەرانی خوداواندی خۆشبەختیبن. بەتەنها وێنەکردنی ئەوەی یەکێکیان رۆمانی تۆفانی گەڵا چاپ بکات شایەرگی دەکردم. هەرئەوەندەی ماڵئاواییم لە مووتیس کرد و بەقادرمەی ئەوفرۆکەیەدا سەرکەوت کە بەنزینی گونجاوی تێدابوو، بەپەلە خۆم گەیاندە نووسینگەی رۆژنامەکە بۆئەوەی جارێکیتر بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەقە سەرەکیەکە هەڵەچنی بکەمەوە.

رۆژانی دوایی، بەوپەڕی بوونەوە، دێوانەئاسا و هەڵچوانە لەسەر دەقێك کارم دەکرد کە ئەگەری ئەوە هەبوو لەهەر چرکەیەکدا لەدەستم دەربچێت. سەدو بیست لاپەڕەی خەت ناخەت زیاتر نەبوو، بەڵام ئەوەندە دەستکاری رستەکانم کرد و گۆڕیمن و بە نوێگەری داهێنەرانە رازندمنەوە کە دواجار بۆخۆشم لەوە تێنەگەیشتم باش دەرچووە یان خراپ. ژێرمەن و ئالفۆنسۆ بەشە هەستیارەکانیان خوێندەوە و دڵیان نەهات لەو رەخنانەم لێبگرن و توشی دڵەڕاوکێی چارەسەرنەکراوم بکەن. لەو دۆخە پڕلەهەڵچونەدا، جارێکیتر چاوم بەدەقە کۆتاییەکەدا خشاندەوە، ئەمەش لەحاڵێکدا کە ئارام و قەرارم نەمابوو و پاش ئەوەی هەڵچوونی دەرونیم دامرکایەوە، بەوپەڕی خوێنساردیەوە، بڕیارمدا چاو لە چاپکردنی رۆمانەکە بپۆشم. بەتێپەڕینی کات، ئەو دڵەڕاوکێ نەخۆش ئاسایە بووبە خووی دوهەمم. هەرئەوەندەی کۆتاییم بەرۆمانەکە دەهێنا و هەستم بە رەزامەندی دەکرد، وەهمێکی پڕلەخەم و بێزاری داوێنی دەگرتم و لەوەدڵنیادەبووم کە ناتوانم کتێبێکی لەوەباشتر بنووسم.

---

[1]. Julio Cesar Villegas

خۆشبەختانە، ئالفارۆ مووتیس لەدەردەکەم تێگەیشت و هەستی بەوەکرد لەبەرچی توشی دوودڵی و گومان بووم و لەناردنی دەقەکەدا خۆم دوادەخەم و بێئەوەی بواری دواخوێندنەوەی بەرهەمەکەم بداتێ، تاکە نووسخەی هەڵەچنی کراوی رۆمانەکەی لەکاتی فرینی بۆ بارانکیا لەگەڵ خۆی برد و لەوێوە ناردی بۆ بۆینس ئایرس. هێشتا ئامێری فۆتۆکۆپی نەکەوتبووە بازاڕەوە و تاکەشتێك بۆمبەجێما دەستنووسی رۆمانەکە بوو، کە هەڵەچنی و چاکسازیەکان لە پەراوێز و لەنێو دێڕەکاندا، بە قەڵەمی رەنگ جیاواز نووسیبوومن، بۆئەوەی سەرم لێ تێك نەچێت. فرێمدایە تەنەکەی خۆڵەکەو لەماوەی ئەودوومانگەی چاوەڕوانی وەڵامم دەکرد خەو و خۆراکم نەبوو.

رۆژێ، لەنووسینگەی ئال ئارالدۆ، نامەیەکیان دایەدەستم کە بەرێکەوت تێکەڵاوی نامەکانی سەرۆکی دەستەی نووسەران کرابوو. بە بینینی لۆگۆی دەزگای چاپی لۆسادا، هەناسەم گیراو ساردبوومەوە بەڵام خۆم راگرت و دانم بەخۆمداگرت و هەرئەوەندەی قوژبنێکی بەتاڵم دۆزیەوە زەرفەکەم کردەوە. پاداشتی ئەو خۆڕاگریەم ئەوەندە بەس بوو کە تێگەیشتم تۆفانی گەڵا رەتکراوەتەوە کەس خەمی نەبینیم. پێشئەوەی نامەکە هەمووی بخوێنمەوە، بەوپەڕی بوونمەوە هەستم بە کاریگەریە پڕئازارەکەی کرد و لەوە دڵنیا بووم هەر لەوچرکەیەدا نیوەگیان دەبم.

نامەکە دوابڕیاری **دوون گیێرمۆ تۆری**[١]ی سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەزگای چاپەکە بوو و هەندێك بەڵگەی سادە و لێبڕاوەنەی بۆ بڕیارەکەی هێنابووەوە کە ریتم و ووشە جەخت ئامێزەکان و دڵنیایی لە راستی بۆچوونەکانی، واتە سەرجەم تایبەتمەندیەکانی سپیپێستە کاستیلیەکان، لەنامەکەدا دەنگیدەدایەوە. تاکە خاڵی دڵخۆشکەر ئەو رستە بەئاگاو ئافەرینەبوو کە کۆتایی بەنامەکە دەهێنا: "دەبێ وردبینی و زەوقی شاعیرانەی بڵندی نووسەرەکە رەچاوبکەین و ستایشی بکەین. "بەڵام، تائێستاش بەلامەوە سەیرە کە سەرباری ئازار و سەرشۆڕیم، تەنانەت بێبنەڕەت ترین رەخنە بێویژدانانەکانم بە رەخنەی بەجێ لەقەڵەم دەدا.

هیچ کۆپیەکی نامەکەم لەلای خۆم نەهێشتەوە و هەرگیز نەمزانی پاش ئەوەی چەند مانگێك لەنێو هاورێکانی بارانکیا دەستاودەست کرا، چی بەسەرهات و لەکوێ ونبوو. هاورێکانم هەزارجۆر بەڵگەی بەجێ و نابەجێیان بۆ دەهێنامەوە بۆئەوەی تەسکینی دڵم بدەن و باری خەمەکەم سووك بکەن. دیارە ئەوکاتەی پەنجا ساڵ دواتر، بەمەبەستی نووسینەوەی ئەم بیرەوەریانە، هەوڵمدا نووسخەیەکی ئەو نامەیەم دەست بکەوێت، بەڵام

---

[١]. Don Guillermo de Torre

هیچ ناونیشانێکی ئەو نامەیەم لە دەزگای چاپی بۆینس ئایرسدا نەدۆزیەوە. لەیادم نییە وەکو هەواڵ چاپ کرابێت، هەرچەندە هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد، بەڵام باش لەبیرمە زۆری خایاند تا ڕۆحم هاتەوە سەرخۆی و لەوماوەیەدا چەندەم لەتوانادابوو تورەیی و هەڵچوونەکانم بە وشە فڕێدایە دەرەوە و داخی دڵم هەڵڕشت و نامەیەکی توند و رەقم نووسی کە بەبێ مۆڵەتی خۆم بڵاوکرایەوە. ئەو ناپیاوەتیە ئەوەندەیتر توشی ئازارێکی قوڵی کردم لەبەرئەوەی دواکاردانەوەم ئەوەبوو سوود لە لایەنە ئیجابیەکانی ئەو بڕیارە وەربگرم، و بەپێی پێوانەکانی خۆم ئەو بەشانە چاك بكەم کە بواری چاك کردنیان مابوو و درێژە بەکارەکەم بدەم.

بیروڕادەربڕینەکانی ژێرمەن بارگاس، ئالفۆنسۆ فۆینمایەر و ئالفارۆ سپێدا لەهەمووان زیاتر ورەیان بەرز دەکردمەوە. بەرێکەوت لە قوژبنی یەکێك لە بازاڕەکانی شارەوانی لوتم تەقی بەلوتی ئالفۆنسۆوە، کە ئەوشوێنە خەڵوەتگەی بوو و لەوێ بەدوور لەهەراوزەنای کڕیاران و فرۆشیاران دەیخوێندەوە. پرسیاری ئەوەم کرد کە ئایا بەباوەڕی ئەو دەبێت ڕۆمانەکە وەکو خۆی بهێڵمەوە یان ئەوەتا بە پێکهاتێکیتر بینووسمەوە، لەبەرئەوەی هەستم دەکرد بەشی دوهەم ئەوەندەی بەشی یەکەم سەرنج ڕاناکێشێت. ئالفۆنسۆ بەکەمێك بێزاری و بێتاقەتیەوە، گوێی لەقسەکانم گرت و ئەوەی بیری لێدەکردەوە بێپەردە هێنایە سەرزمان.

دواجار وەك مامۆستایەکی عەیارەتەواو، وتی - **تەماشاکە مامۆستا گێبرمۆ هێندەی خۆی لەخەیاڵیدایە شایستەی ڕێزە، بەڵام پێی ناچێت زۆر لە ڕۆمانی هاوچەرخ سەر دەربکات.**

لە وتووێژە هونەریەکانیتری ئەوڕۆژانەماندا، بەدەرهێنانی دۆسیە دادوەریە ئەدەبیە هەڵەکانی گێبرمۆ توری، لەوەدڵنیای کردم کە ئەو پێشتریش توشی هەڵە بووە، بۆنمونە لە ١٩٢٧دا دەستنووسی **مەنزڵگەی زەمینی** پابلۆ نیرۆدای بە بێ بەها لەقەڵەم دابوو. فۆینمایەر لەوباوەڕەدابوو چارەنووسی ڕۆمانەکەم بەشێوەیەکیتر دەکەتەوە، گەر خۆرخێ لوویس بۆرخیس بیخوێندبایەتەوە و بڕیاری لەسەر بدابا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەو ڕاستیەی ڕەت نەدەکردەوە کە گەر ئەو ڕۆمانەکەی ڕەت بکربایەتەوە زیاتر زیانم پێدەگەیشت.

ئالفۆنسۆ بەو شێوەیە گەیشتە ئەنجام - **کەواتە، تکایە چیتر مێشکمان مەبە. ڕۆمانەکەتان وەك ئەوەی سەرەتا خۆتان پێتان وەهابوو ڕۆمانێکی باشە و تاکە کارێك کە دەبێت بیکەن ئەوەیە درێژە بەنووسین بدەن.**

ژێرمەن - بەپێی تایبەتمەنیە میانڕەوەکەی - بە خۆدوورخستنەوە لە فرمێزیی، لوتفێکی گەورەی دەرحەق نواندم. بەباوەڕی ئەو، ڕۆمانەکە نە هێندە خراپ بوو کە بەکەڵکی بلاوکردنەوە نەیێت بەتایبەت لە کیشوەرێکدا کە ئەو جۆرە ئەدەبیە بەهۆی قەیارنێکی قوڵەوە دەینالاند، و نە هێندە باش بوو کە لە بواری نێودەوڵەتیدا فەرتەنەی بۆ بنرێتەوە، لەبەرئەوەی تاکە کەسێك لەو بوارەدا زیانی دەبینی، نووسەری نوێ قەڵەم و گووم ناو بوو.

ئالڤارۆ سێپدا، بەهۆی یەکێك لە گەوهەر بێژیە بێوێنەکانی، هێرشی کردەسەر دادوەریە نەهەڵسەنگێنراوەکەی گێرمۆ تورە:

- بەکورتیەکەی، ئیسپانیەکان زۆر قورس بیردەکەنەوە.

ئەوکاتەی لەوە تێگەیشتم نووسخەیەکیتری ڕۆمانە پاکنووس کراوەکەم لەلا نییە، پەیوەندیم کرد بە بلاوکراوەی لۆسادا و ئەوانیش لەڕێگەی چەند کەسێکەوە پێیان ڕاگەیاندم کە بەپێی یاساکانی دامەزراوەکەیان، دەقە وەرگیراوەکان نادەنەوە بەکەس. خۆشبەختانە، جولیۆ سێسار بیێگاس، پێشئەوەی دەستنووسەکەی بنێرێتە بۆینس ئایرس، کۆپیەکی لەبەر هەلگرتبوو و گەیاندیە دەستم. پاش ئەوەی دەقەکەم وەرگرت، بە ڕاوێژی هاوڕێکانم، جارێکیتر دەستمکردەوە بە چاکردنی. بەشێکی درێژی ڕۆمانەکەم لابرد کە لەوبەشەدا پالچەوانی سەرەکی لە بەرهەیوانی گوڵە بگونیاکان تەماشای ئەو تەرزمیەی دەکرد کە سێ ڕۆژبوو دەباری. دواتر، ئەوبەشەم بەناوی"تاکبێژیی ئیزابێل کاتی تەماشاکردنی باران لە ماکۆندۆ"بەشیچوەی چیرۆکێکی سەربەخۆ، بلاوکردەوە. هەروەها وتووێژێکی نێوان باپیرە و سەرهەنگ ئایۆرلیانۆ بویندیا، کەمێك پێش کوشتاری کرێکارانی مەزرای مۆزەکان و سێ لاپەڕەیتریش کە لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، زیانی بە پێکهاتی یەکگرتووی ڕۆمانەکە دەگەیاند دووچاری هەمان چارەنووسی بوون. تارادەیەك، بیست ساڵ پاش ئەوە، ئەودەمەی بەخەیاڵی خۆم ئەوانەم فەرامۆش کردبوو، بەشێك لەوانە بەفریام کەوتن بۆئەوەی هەستی دلتەنگی لەسەرتاسەری ڕۆمانی سەدساڵی تەنهاییدا بەزیندویی بهێڵمەوە.

هێندەی نەمابوو کاریگەری ئەو لێدانە قورس و وردبەزێنە لە ویژدان و ڕۆحمدا ون ببێت کە هەواڵێك چاپ کرا لەسەر ئەوەی ڕۆمانە کۆلۆمبیایە هەڵبژێردراوەکەی بلاوکراوەی لۆسادا، لەباتی ئەوەی لەبری ڕۆمانەکەی من چاپ بکرێت، **مەسیح لەدواوە** ی نووسینی **ئێدواردۆ کابایرۆ کالیدرۆن**[1] بوو. یان تووشی هەڵە ببوون یان ڕاستییان بە

---

[1]. Eduardo Caballerro Calderon

نیازخراپی ئاوەزوو کردبوو، بەڵکو بڵاوکراوەی لۆسادا بەنیازبوو بە چاپ کردنی بەرهەمی ئەو نووسەرانەی کۆلۆمبیا دەستی بگاتە بازاڕی کۆلۆمبیا، و ڕۆمانەکەی من لە پێشبڕکێی ڕۆمانێکیتردا ڕەت نەکرابوەوە، بەڵکو خۆیان لە چاپ کردنی پەشیمان ببوونەوە، لەبەرئەوەی دوون گیێرمۆ تورە ڕایگەیاندبوو بەکەڵکی بڵاوکردنەوە نایێت.

لەودەمەدا، حەیرانی و دڵ نیگەرانیم لەوە زیاتر بوو کە بیرم لێدەکردەوە، ئەوەم قبوڵ دەکرد کە سەربەرزی دانبەخۆدا گرتن و ڕوبەڕوبوونەوەی ئەو دۆخە تەمومژاوی و پێگەلەرزۆکەم نەبوو و دەمویست بەهەرنرخێك بووە بەخۆمی بسەلێنم و لەدەست دوودلی و دڵەڕاوکێ خۆم ڕزگار بکەم. هەر لەبەرئەوەش، بێئاگا خۆم دا بەسەر هاوڕێی سەردەمی منالێم، لوویس کارمێلۆ کوورا. ئەو لەو ساڵانەدا، بەپلەی چاودێری ئامادەبوون و نەبوون و چاودێری باج لە مەزراکانی مۆزی سبیا ـ لەچەند فەرسەخی کارتاخناوە ـ کاری دەکرد. دوو ڕۆژ پێکەوە بووین و وەکو هەمیشە، بیرەوەریەکانی سەردەمی منالێمان کاوێژ دەکردەوە. بیرەوەری‌و هەستی خۆیی‌و بێپەردە بێژیەکەی هێندە بەلامەوە ڕۆشنگەرانەبوو کە زۆرجار توشی ترسی دەکردم. بەدەم قسەکردنەوە، بە سندوقی شتومەکەکانیەوە بەشە خراپبووەکانی ماڵەکەی چاکدەکردەوە و منیش لەنێو هاماکایەکدا کە شنەی هێمنی مەزراکان ڕایدەژەند، گوێم لەقسەکانی دەگرت. **نینا سانچێز**[١]ی هاوسەری، کە لە چێشتخانەکە قاقا پێدەکەنی، قسە پڕوپوچ‌و بێسەروبەرەکانی بۆ ڕاست دەکردینەوە. دواجار بەدەم پیاسەیەکی ئاشتیخوازانە بەشەقامە چۆڵەکانی ئاراکاتاکا، درکم بەوە کرد تا چ ڕادەیەك تەندروستی ڕۆحیم بەدەست هێناوەتەوە و بەبێ زەڕەیەك گومان لەوە دڵنیابووم کە تۆفانی گەڵا ـ ڕەت بکرابا یان نەکرابا ـ هەمان ئەو کتێبە بوو کە پاش سەفەرەکەم لەگەڵ دایکم بەنیازبووم بینووسم.

ئەو ئەزموونە دڵگەرمی پێبەخشیم و بۆ گەڕان بەدوای ڕافائێل ئیسکالونا چومە بەهەشتەکەی لە بایەدووپار، بەوئومێدەی تاگەیشتن بە ڕیشەکانی بەنێو جیهانی خۆمدا بگەڕێم. سەرسام نەبووم لەبەرئەوەی ڕووبەڕوی چی دەبوومەوە یان هەرشتێك ڕوویدەدا، و هەموو ئەو خەڵکانەی دەمبینین، هەستم دەکرد دەیناسم، دەتوت پێشتر سەرجەم ئەو ڕووداو و بەرکەوتنانەم بینیوە، بەڵام نەوەك لە ژیانی پێشوودا، بەڵکو لەژیانی ئێستادا، هەمان ئەو ژیانەی لەوکاتەدا دەژیام. ماوەیەك پاش ئەوە، لەیەکێك لە سەفەرە بێ ئەژمارەکانمدا، سەرهەنگ کێلمێنتێی باوکی ڕافائێلم ناسی و هەر لەیەکەم

---

[١]. Nena Sanchez

دیدارەوە، ویقار و رەفتارە چەوسێنەرانەکەی ـ وەکو باوك سالارەکانی کۆن ـ سەرنجی ڕاکێشام و هەستی ستایش و ئافەرینمی وروژاند. لەسەرەتای نەوجەوانیمەوە، کەشی پڕ لەدڵەڕاوکێ و هەڵچوونی ماڵی باپیر و داپیرم، کە لەماوەی ساڵە درێژەکانی تەمەنیاندا چاوەڕوانی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی کۆنە سەربازەکان بوون، بەردەوام خەیاڵمی بەخۆیەوە سەرقاڵدەکرد و فەرامۆشم نەدەکرد. بەڵام، چوارساڵ پاش ئەوە، دواجار ئەوکاتەی لە ئوتێلێکی کۆن لە پاریس سەرقاڵی نووسینی بەسەرهاتی سەرهەنگێك بووم کە کەس نامەی بۆ نەدەنووسی، ئەو وێنەیەی لە کەسایەتیە سەرەکیەکە لەخەیاڵمدابوو، لەڕووی فۆرم و رواڵەتەوە نووسخەی تەواوەتی کێلمێنتێ ئاسکالونابوو و هەرگیز لەباپیرم نەدەچوو.

لە زمانی رافائێل ئیسکالوناوە بیستم کە مانۆێل ساپادا ئۆلیبەیا لە گوندی مەینەتباری لاپاس، لە چەند کیلۆمەتری بایە دووپار، هەژارەکانی دەرمان دەکرد و رێگەی ئەوێمان گرتەبەر. ئێوارە گەیشتینە ئەوێ، و پێش هەمووشتێك هەستمان بەقورسیەکی خنکێنەر کرد کە نەیدەهێشت بە خۆشی هەناسە بدەین. ساپادا و ئاسکالونا بەبیریان هێنامەوە کە کەمتر لەبیست رۆژ پیشترەوە، ئەو گوندە قوربانی هێرشی بەرپرسانی پۆلیس بوو کە بەمەبەستی سەپاندنی خواستو دەسەڵاتی دەوڵەت، بەپشتبەستن بە توندوتیژیەکی بێهەوسار، ترسیان بەوناوچەیەدا بڵاودەکردەوە. شەوێکی ترسناك بوو. بێئەوەی بەزەییان بە بچوك و گەورەدا بێتەوە، دەستیان دایە کوشتار و گڕیان لە پازدە ماڵ بەردا.

سانسۆری ئاسنین رێگەی لەوە گرتبوو راستیمان پێبگات. هەرچەندە ئەوکاتەی خۆشم لەوێ بووم نەمتوانی وێنەی بەرفراوانی ئاستی ئەو کارەساتە بکەم. **خوان لۆپێز**[1]، باشترین ژەنیاری ئەو ناوچەیە، پاش ئەوشەوە کارەساتبارە دیار نەمابوو و کەسیش هیچ هەواڵێکی نەدەزانی. ئەوکاتەی لەماڵەکەیدا دانیشتبوین، داوامان لە **پابلۆ**[2]ی برای کرد گۆرانیەکمان بۆ بڵێت و ئەویش بەسادەیەکی چاونەترسانە وەڵامی داینەوە:

ـ تا زیندوم مەحاڵە جارێکیتر گۆرانی بڵێم.

دواتر زانیم نەتەنها ئەو بەڵکەو سەرجەم ژەنیارەکانی گوندەکە ئۆکۆردیۆنەکانو تەپڵەکانیان لە سندووقەکانیاندا حەشاردابوو و بەنیازبوون چیتر گۆرانی نەچڕن لەبەرئەوەی خۆیان بەخاوەن تازیە دەزانی و هەرجۆرە نیشانەیەکی شادییان بە بێحورمەتی بە رۆحی مردووەکانیان لەقەڵەم دەدا. ئەوکاردانەوەیە حەقی خۆیان بوو و

---

[1]. Juan Lopez

[2]. Pablo

خودی ئاسکالونا، کە مامۆستای زۆرکەس بوو و ساپاتنا ئۆلیبەیا، کە وردەوردە دەبوە پزیشکی هەمووان، نەیانتوانی مۆری بێدەنگی لەسەر دەمیان وەلابنێن و کەسێك ناچاربکەن گۆرانی بچرێت.

لەسەرسوربوونی ئێمە بوەهۆی ئەوەی دراوسێکانیش بەشداری ئەوباسە بکەن و هۆکارەکانی ئەوبڕیارە رون بکەنەوە، بەلام لەقولایی دلیاندا هەستیان دەکرد ناکرێت لەوەزیاتر درێژە بەماتەمگێڕیی بدەن. ئەوژنەی لقێك گولی رۆزی خستبووە پشت گوێچکەیەوە وتی:"**وەك ئەوەیە ئێمەش لەگەڵ ئازیزە کۆچکردوەکانماندا مردبین.** "ئەوانیتریش جەختیان لەسەر قسەکەی کردەوە. بەبیستنی ئەو قسەیە، پابلۆ لۆپس دەتووت رێگەی بەخۆی داوە خەمەکەی لەپاڵ مردوەکانەوە بەخاك بسپێرێت، لەبەرئەوەی شتێك بلێت گەڕایەوە ماڵەکەی و بەئۆکۆردیۆنەکەیەوە گەڕایەوە. جوانتر و ورووژێنەرتر لەهەمیشە ژەندی و لەوکاتەدا کە ئەو ئۆکۆردیۆنەکەی دەژەند وردوردە سەروکەلەی ژەنیارەکانیتریش دەرکەوت. یەکێك دەرابەی دوکانەکەی بەرامبەری هەلدایەوەو ساردی بۆ هەمووان کڕی. دوکانەکانیتریش، پاش مانگێك ماتەمینی، یەك لەدوای یەك دەرگای دوکانەکانیان خستە سەرپشت و گلۆپەکانیان داگیرساند و هەموو گۆرانیمان وت. نیو کاتژمێر دواتر، سەرجەم دانیشتوانی گوندەکە دەستیان کردبوو بەگۆرانی چڕین. پاش مانگێك بێدەنگی قورس و حەفەتبارانە، پیاوێکی سەرخۆش، بەدەم لەترەوە خۆی گەیاندە ناوەڕاستی گۆڕەپانە بەتاڵەکە و بە خۆشی ئاسکالوناوە کە بەوشێوە موعجیزەئاسایە ژیانی گەڕاندبوەوە گوندەکە، یەکێك لەگۆرانیەکانی ئەوی بەدەنگێکی ناخۆش وتەوە.

خۆشبەختانە ژیان لەناوچەکانیتری دونیا درێژەی هەبوو. دوومانگ لەرەتکردنەوەی دەستنووسەکەم گوزەرابوو کە جولیۆ سێسار بیێگاسم بینی. هاوکاریکردنی بلاوکراوەی لۆسادای وەستاندبوو و نوێنەرایەتی دەزگای چاپی **گۆنزالێس پۆرتۆ**[١]ی لەکۆلۆمبیا لەئەستۆ گرتبوو، کە چالاکی سەرەکی فرۆشتنی ئەنسکلۆپیدیاو کتێبی زانستی و تەکنیکی بوو بە قیست. بیێگاس بالابەرزترین و بەهێزترین و قۆزترین پیاوێك بوو کە لەژیانی واقیعیمدا ناسیم و بینیم چۆن رێگەچارەی چاوەڕوان نەکراوی بۆ دژوارترین هەلومەرجەکان دەدۆزێتەوە، و بەبێ پارە ویسکی گرانی دەخواردەوە، و بۆ بەرگریکردن لە باوەڕە پارێزکارانەکانی دەماری لاملی گرژ دەکرد و لە کۆڕ رازاندنەوەدا هاوتای نەبوو. شەوی یەکەمین دیدارمان لە سوویتی شاهانەی ئوتێل پرادۆ، تلاوتل بە جانتای تایبەتی

[١]. Gonzalez Porto

بازاڕدۆزەرەوەکانـەوە، کـە پڕبـوو لـە کاغـەزی پڕوپاگەنـدە و نمونـەی ئەنـسکلۆپیدیا وێنەدارەکان و کتێبی پزیشکی و ماف و ئەنـدازیاری بڵاوکـراوەی گۆنـسالێس پۆرتـۆ، لێـی جیابوومەوە. پاش خواردنەوەی دوهەمین پێکەویسکی، قبـوڵی کردبـوو ببمـە فرۆشـیاری کتێبە قستیەکان لە هەرێمی پادییا، لە بایـەدووپارەوە تـا گـواخیرا. ئەوسـوودەی لـەوەش دەستم دەکەوت بریتی بوو لە لەسەدا بیـستی پێشەکی وەرگیراو کە بەقـسەی بیێگـاس، هەلی ئەوەی بـۆ دەرەخـساندم پـاش دانـەوەی هـەموو بودجـەکان ـ لەوانـە کرێـی ئوتێـل ـ بەوپەڕی خۆشیو بەبێترس لە هەژاری بژیم.

خۆم ئەوسەفەرم کرد بە ئەفسانە لەبەرئەوەی خەوشی چارەسەرنەکراوم ئەوەیـە کـە نەهەڵسەنگێنراوانە چاوگەکان بـەکار دەهێـنم. چـیرۆکەکە بەوجۆرەیـە کـە دەمویـست سەفەرەکەم ئاشکراکردنێکی ئەفسانەیی بێت لەمەڕ گەڕان بەدوای ریشەکانمدا لەدەڤـەری باوباپیرانم و هەمان ئەو ڕێـڕەوە شـاعیرانەیە تێپـەڕێنم کـە دایکم بـەزۆری بنەماڵەکـەی تەی کردبوو بۆئەوەی لە فێلوتەڵەکە چەپەڵەکانی تەلەگرافچیەکەی ئاراکاتاکا بپارێزرێت. لەراستیدا من لەبری یەکجار دووجار سەفەرم کرد و هەردووکیان زۆر کورت و ماندوکـەر بوون.

لەسەفەری دوهەمدا، لەگونـدەکانی دەوروبـەری بایـەدووپار زیـاتر نـەچومە پێـشەوە. بڕیاربوو ئەوکاتەی گەیشتمە ئەوێ، لەهـەمان ئـەو ڕێـڕەوەی دایکـە عاشـقەکەم چـەندین ساڵ پێشتر بڕیبووی تا هەڵدێری بەڵا درێژە بەسەفەرەکەم بدەم، بەڵام نەمتوانی بگەمـە مانـایۆرە دێ لا سـیێرا، لاپـاس و بیانوێبـا کـە چـەند فەرسـەخێك لـە بایـەدووپارەوە دووربـوون. لەودەمـەدا، نـە سـەن سـان جـوان دێـل سیـسارم بینـی، نـە بارانکاسـیش، ئەوشوێنەی باپیروداپیرم لەوێ پەیمانی هاوسـەریەتیان گرێـدا و دایکـم لـە دایـك بـوو و سـەرهەنگ نیکـۆلاس مـارکیز، مێداردۆپاچـکۆی کوشـت، تـا ١٩٦٤، کـە سـەرەك کۆمـاری **بیلیـساریۆ بیتـانکیور**[١] دەسـتەیەك لـە هاورێکـانی کـە بـۆ کردنـەوەی کانـە ئاسـنەکانی **سێرخۆن**[٢] بانگهێشت کرابوون، لەبۆگۆتاوە ناردە ئەوناوچەیە، هـەلێك نـەرەخـسا ریۆئاچا کە دەڤەری باوباپیرانمە، ببینم. بۆ یەکەمجار ئاشنای واقیعی گـواخیرای خـەیاڵیم بـووم و لەبەرچاوم هەر هێندە بەئەفسانەیی دەرکەوت کـە گـەلێکجار بێئـەوەی بینیبێـتم وێنـەم کردبوو، بەڵام لەوباوەڕەدا نییم ئەو وێنە خەیاڵیە دەرهاویشتەی بیرەوەریەکانم بووبێت، بەڵکو لە بیرەوەری ئەو سوورپێستانەوە هـەڵقولابوو کـە بـاپیرم یـەکی بـە سـەد پیـزۆ بـۆ

---

١. Belisario Betancur

٢. Cerrejon

ماڵەکەی ئاراکاتاکا کرێبوونی. بەبێ هیچ دوودڵییەك، ئەودەمەی بۆیەکەمجار ڕیۆئاچام بینی، زیاتر لەهەرکاتێکیتری ژیانم توشی سەرسوڕمان بووم لەبەرئەوەی باوباپیرانم لەچوار نەوە پێشترەوە ریشەیان بەوشاری لم و خوێیەدا داکوتابوو، لەوێندەر، "پاکیزەی چارەساز" لەداپیرم بەدەرکەوت و بەهەناسە سەهۆڵ بەستوەکەی تەنورێکی تاودا کە هێندەی نەمابوو لەکاتی نان کردندا دەستی داپیرم بسووتێنێت، لەوێندەر باپیرم بەشەرهات و لە گۆڕەپانەکانی نەبەردیدا شەهامەت و ئازایەتی خۆی سەلماند و بەهۆی تاوانێکی عاشقانەوە زیندانی کرا و لەوێ، لەکاتی مانگی هەنگوینی دایك و باوکم، کۆرپەلەی من دروست بوو.

لە بایەدووپار بۆ فرۆشتنی کتێب کاتی زۆرم نەبوو. لە ئوتێلی **ویلکام**[1] نیشتەجێ ببوم: بینایەکی شکۆمەند و جوان لەسەر شێوازی سەردەمی کۆلۆنیاڵی لەسوچی گۆڕەپانە گەورەکە، بە کەپری دارخورما لە حەوشەکە و مێزە گووندیەکانی دەوروبەری باڕ و ئەو هاماکایانەی بە ستونی کارەباکانەوە بەسترابوون. **ڤیکتۆر کۆهین**[2] ی خاوەنی ئوتێلەکە، وەك پاسەوانێك بەتوندی ئاگاداری هەماهەنگی و ناوبانگی باشی ئوتێلەکەبوو و بەچوارچاوەوە چاودێری سەرجەم کاروبارەکانی دەکرد نەبا موسافیرە بێکەڵکەکان ناوبانگی ئەوشوێنە بڕوشێنن. لەڕووی زمانیشەوە، بەشێوەیەکی دوودڵیانە، وەهای دەردەخست حەزی لە خۆشی و گاڵتەوگەپە، زۆربەی نووسینەکانی سێرڤانتسی لەبەربوو و بەشێوەزاری ئیسپانی دەیوتن و کەسایەتی ئەخلاقی گارسیا لۆرکای دەخستە ژێر پرسیارەوە. بەهۆی ئاشنایەتی قوڵ و وردی بە بەرهەمەکانی **دوون ئاندرێس بیۆ**[3] و بەهۆی ئەوەی سروودە رۆمانسیە کۆلۆمبیەکانی زۆر بەجوانی لەبەر دەیوتنەوە، پەیوەندیەکی زۆر باشم پێچوەی هەبوو و لەبەرئەوەی ئینکارانە ڕێگەی لەوەدەگرت بنەما ئەخلاقیەکان لەسنووری پاکژی ئوتێلەکەیدا بخەینە ژێرپێ، چەندجارێك زۆر خراپ کلاومان لێکگیرا و تووشی شەڕەقسە بووین. سەرجەم ئەوشتانە زۆر ئاسان روویاندا، لەبەرئەوەی ئەو یەکێك بوو لەهاوڕێ کۆنەکانی خاڵم خوان دێ دیووس و حەزیدەکرد باسی بیرەوەریەکانی رابردووم بۆ بکات.

لەلای من کەپرەکەی سووچی حەوشەکە هێندەی دەرچوونی بیتاقەی بیەخت تافکردنەوە بایەخی هەبوو، لەبەرئەوەی کاتە زۆرەکانی بەتاڵیم، لەگەرمای کولاتووی نیوەڕواندا لەوێ لەنیچو هاماکایەکدا بە خوێندنەوە دەبردەسەر. لەسەردەمی وشکەساڵی

---

[1]. Wellcome

[2]. Victor Cohen

[3]. Don Andres bello

کتێبـدا، تەنانــەت نامــەی دکتــۆرای نەشــتەرگەری و ناميلکــەی رێنــوێنی ژمیاریاریــشم دەخوێندەوە، بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە ئەوانە رۆژێك لەرۆژان بۆ چیرۆکەکانم بەکەڵکم دێـن. تاڕادەیــەك ئیـشوکارەکانم لەخۆیانــەوە جێبــەجێ دەبــوون. لەبەرئــەوەی زۆربــەی کرێارەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان خزمایەتی دوور یان نزیکیان بە بنەماڵچەی ئیگیـواران و کووتسەوە هەبوو و ئەوەندە بـەس بـوو سـەردانیان بکـەم و تـا کـاتی پێگەیـشتنی نـانی نیوەڕۆ سـەبارەت بـە بەسـەرهاتە حێزانیـەکان دەمەتـەقێ بکـەین. هەندیـچکیان بـەبێ ئـەوەی بەڵێنامەکـە بخوێنــەوە ئیمزایـان دەکـرد بۆئـەوەی زووتـر خۆیـان بگەێنــەوە بـە خزمانیتر، کە چاوەڕوانیان دەکرد بۆ نانی نیوەڕۆ لەگەڵ نەمنەمی ئۆکۆردیۆنـەکان پێیـان بگەن. لەماوەی کەمتر لە یەك هەفتەدا، چی شتم پیچبوو لە گوندەکانی نێوان بایەدووپار و لاپــاس فرۆشــتمو بەخۆشــیو شــادیەوە گەرشــامەوە بارانکیــا، و تــەواو ورووژاو و هەلچچووبووم، لەبەرئـەوەی لەتاقـە شویـچنێکی ئـەم دونیایـە دەگەڕامـەوە کـە بەڕاسـتی دەمناسی و لێی تێدەگەیشتم.

١٣ی ژووئیە، بەیانیە زوەکەی نتەمدمزانی بە پـاس بۆکوێ دەچـم کـە هـەواڵی ئـەوەم پێگەیشت هێزە چـەکدارەکان بەمەبەسـتی سـەرکووت کردنـی ئـاژاوە و و رێگـەگرتن لـەو بارگرژیەی باڵی بەسەر دەوڵەت و سەرجەم وڵاتدا کێشابوو، دەسەڵاتیان گرتبـووە دەسـت. ٦ی سـێپتامبەری سـاڵی پێـشوو، گرووپێـك جـەردەی سـەر بـە پارێزکـاران، شـان بەشـانی ژمارەیەك پۆلیس بە بەرگی رەسمیەوە، لە بۆگۆتـا، بینـای ئـاڵ تییێمپـۆ و ئـاڵ سپیکادۆر، گرنگترین رۆژنامەکانی وڵاتیان گڕ تێبەردا و شوێنگەی سەرەك کۆماری پێشوو، ئالفۆنسۆ لۆپێس پومارخۆ و کارلۆس یێراس رێستریۆی رابەری پارتی"هیدایەتی لیـبراڵ"یـان دایـە بەر دەستڕێژی گوولله. ئەو کەسەی دوایی کە هەمووان بە سیاسەتمەدارێکی ماندونـەناس و سەرسەخت دەیاناسی، تەقەی لەهێرشبەرەکان کـرد و ناچـاری کـردن بکشێنەوە، بـەڵام دواجـار ناچاربوو لـە دیـواری یـەکێك لەماڵـەکانی درواسـێوە هـەڵبێت. لـە ٩ی ئابریلـەوە، بـارگرژی و توندوتیـژیی دەوڵـەت هێنـدە لـەنێو وڵاتـدا تەشـەنەی سـەند کـە سـەرئەنجام بارودۆخێکی تاقەتپرشوکێن دروست بوو.

بەیانی ١٣ی ژوێن، **گۆستافۆ روخاس پینیا**[١]ی ژەنراڵی ئـەو فەرماندەییـە، بەمەبەسـتی ئاسـایی کردنــەوەی بارودۆخەکـە، رۆبیرتـۆ ئۆردانتـای سـەرەك کۆمـاری مـاتی لەکۆشـکی سەرەك کۆماری بەکێش کردە دەرەوە و لەپۆستەکەی لایبرد. لایۆریـانۆ گۆمێـسی سـەرەك کۆمــاری ســەرەکی کــە بــەهۆی بــارودۆخی تەندروســتی بەشــێوەیەکی کــاتی دەســتی

١. Gustavo Rojas pinilla

لەپۆستەکەی هەلگرتبوو، لەسەر کوورسی چەرخدارەوە کاروبارەکانی گرتەدەست و بەواتایەکیتر هەولێدا دژی خۆی کودەتا بکات و لەماوەی ئەو پازدە مانگەی بەپێی دەستوور لە قۆناغی سەرەك کۆماریەکەی مابوو، خۆی کاروبارەکانی ولات بگرێتەدەست. بەلام رووخاس پینییا و فەرماندەییەکەی بۆئەوە هاتبوون بمێنەوە.

ئەنجومەنی دامەزرێنەران، شەرعیەتی بەخشیە کودەتاکە و ئەو بڕیارەش پشتیاوانی یەکپارچەی جەماوەری بەدواوەبوو. دەسەلاتیان تا کۆتایی قۆناغی سەرەك کۆماری، لە ئووتی سالی دەواییەوە بەخشیە رووخاس پینییا و لایۆریانۆ گۆمێزدەستی خێزانەکەی گرت و بەرەو **بینیدۆرم**[1] لەسەر کەناری رۆژهەلاتی ئیسپانیا بەرێکەوت، و ئەو بۆچونە بێ بنەمایەی لەپاش خۆی بەدیاریی بەجێهێشت کە گوایە سەردەمی دەسەلاتداریەتی توندوتیژیی کۆتایی پێهاتووە. باوکسالارە لیبرالەکان، بە بانگهێشتنامەیەك کە رووبەڕوی سەرجەم هاوحیزبیە چەکدارەکانی خۆیان کردەوە لەسەرتاسەری ولات، رایان گەیاند پالپشتی ئاشتی نەتەوەیی دەکەن. دیارترینی ئەو وێنانەی رۆژی دوایی رۆژنامەکان بلاویان کردەوە وێنەی لیبرالە پایەبلند و پێشڕەوەکان بوو کە لەسەر بالکۆنی ژووری نووستنەکەی سەرەك کۆمار گۆرانیەکی عاشقانەیان دەچڕی. یەکەمین کەسێك کە ژێر بەیانامە ستایش ئامێزەکەی ئیمزا کرد **دوون رۆبێرتۆ گارسیا پینیا**[2]ی بەرێوەبەری بەرپرسی ئال تییمپۆ و یەکێك لەسەرسەخترین و تۆلەخوازترین دوژمنانی رژێمی لەسەر کار لابراو بوو.

بەهەرحال، وروژێنەرترین وێنەیەك کە لەو رۆژانەدا بلاوکرایەوە وێنەی ریزی بێ کۆتایی چریکە لیبرالەکان بوو کە لەدەشتەکانی رۆژهەلات چەکەکانیان دەدا بەدەستەوە. گوادالۆپێ سالسدۆی فەرماندەیان، بە روالەتی ئەویاخیە رۆمانسیانەی پاریزەری ستەم لێکراوان بوون، لەنێو دلی سەرجەم ئەو کۆلۆمبیانەی بەهۆی توندوتیژی دەولەتەوە تووشی ئازاربببوون جێگەی خۆی کردبوەوە. نەوەیەکی نوێ لە خەباتکاری دژی دەولەتی پارێزکار سەریهەلدابوو کە بەجۆرێك لە جۆرەکان لە داوێنی "جەنگی هەزار رۆژە"وە هاتبوونە بوون و هەرگیز هەولیان نەدەدا پەیوەنیان بە رابەرە یاسایەکانی حیزبی لیبرالەوە بشارنەوە. گۆدۆلۆپێی سەرکردەیان، دەرخەری وێنەیەکی ئەفسانەیی نوێ بوو کە لەسەرجەم ئاستەکانی ولات هەست بەبوونی دەکرا و لایەنگری یان دژایەتی خەلکی دەوروژاند، ب'لام کەس نەیدەتوانی لاستی ئەودا کەتەرخەم بێت. رەنگە هەر لەبەر

[1]. Benidorm

[2]. Don Roberto Garcia Pena

ئەوەش، هەشت ساڵ پاش خۆبەدەستەوەدانی، پۆلیس لەقوژبنێکی بۆگۆتا دایانە بەر دەستڕێژی گولله، بێئەوەی بەتەواوەتی شوێنی ئەو روداوە و چۆنیەتی وردەکاریەکانی مردنەکەی دیاری بکرێت. مێژووی رەسمی مردنەکەی ٦ی ژوویەی ١٩٧٥و لاشەکەی لەمیانەی رێورەسمێکی شکۆمەندانەدا لە یەکێك لە مەزارگە ژمارەدارەکانی گۆڕستانی ناوەنی بۆگۆتا بەخاك سپێردرا. لە رێورەسمی بەخاك سپاردنەکەیدا ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدارە بەناوبانگەکان ئامادەبوون لەبەرئەوەی گۆدۆلۆپێ لە بارەگا سەربازیەکەیەوە، لەتەك رابەرە لیبراڵیە تورەکان، چ لەزەمینە سیاسیەکان و چ لە بوارە کۆمەڵایەتیەکاندا هاوکاریی دەکرد. نزیکەی هەشت چیرۆکی جیاواز لەسەر مردنی کەوتە سەرزاران، و کەم نین ئەو مرۆڤانەی زوو باوەڕ ناهێنن کە لەو سەردەمەدا خەڵکانی عاقڵ و تێگەیشتوو بوون و تائێستاش لەخۆیالن دەپرسن ئایا بەڕاستی ئەو لاشەی ئەوبوو یان ئایا بەڕاستی لەو مەزارگایە نێژردراوە کە باسی دەکەن.

بەو رۆحیەتەوە بەمەبەستی دوهەمین سەفەری بازرگانیم رێگەی پرۆڤێنسیام گرتەبەر، پێش بەڕێکەوتن، هەمووشتێکمان لەتەك بییێگاسدا رێکخستبوو و نیگەرانی هیچ نەبووین. وەك جاری پێشوو، زۆرخێرا لە پابەدووپار بۆ شتومەکەکانم لەو کڕیارانەی پێشتر رازیی ببوون و تامەزرۆی کڕین بوون داواکاریم وەرگرتبوو. لەتەك رافائێل ئاسکالونا و **پۆنچۆ کۆتیس**[1] چووین بۆ بیانۆێباو لاپاس و **پاتییا**[2] و مانایۆرە دێ لا سییێرا بۆئەوەی سەردانی پزیشکی ئاژەڵان و ئەندازیارانی کشتوکاڵی بکەین. هەندێکیان دەربارەی سەفەرەکەی پێشووم لەتەك کڕیارە هەمیشەیەکان قسەیان کردبوو و بە داواکاری تایبەتەوە چاوەڕوانیان دەکردم. هەمووکاتێك بۆئاهەنگ و میوانداری لەبارو گونجاوبوو و کڕیارەکانو هاوڕێ چالاکەکانیان ئەهلی دڵ بوون و تاکە ئامانجیەك بەس بوو تا خوانی رازاوەو جوان رابخەن، تابەیان لەگەڵ نەغمەی ئۆکۆردیۆن گۆرانیمان دەچڕی، بێئەوەی هاوڕێیەتیمان کاریگەری لەسەر پەیوەندیە بازرگانیەکانمان دابنێت یان وەرگرتنی پارەکان دوابخات، لەبەرئەوەی ژیانی رۆژانە لەنێو هەڵچوونەکانی خۆشخۆریەکانی شەوان درێژەی بەرێڕەوە سروشتیەکەی دەدا. لە بیانۆێبا بووینە هاوپیاڵەی ژمنیارێکی ئۆکۆردیۆن و دوو گۆرانیبێژ کە نەوەی ئەو گۆرانیبێژەبوون کە ئەوکاتەی منداڵ بووم لەئاراکاتاکا گوێم لەئاوازەکانی دەگرت. بەوشێوەیە، ئەوشتەی تائەوکاتە بە راهاتنێکی منداڵانە دەهاتە بەرچاو، لەناکاو لەوسەفەرەدا مانایەکی نوێی

---

[1]. Poncho Cotes

[2]. Patillal

دۆزیەوە و ئەوکەسانەی لەورێگەیەوە دەژیان بەچاویکیتر هاتنە بەرچاو و درکم بەوەکرد چەند پیشەکەیان تێکەڵاوی داهێنان بووە و چەندە ئیلهام بەخشە و ئەو بۆچوونە بۆهەمیشە لەمێشکمدا نەخشی بەست.

ئەمجارمیان لەنێو دڵی بیاباندا، مانیوۆرەم ناسی، گوندێکی جوان و هێمن کە لەنێو بنەماڵەکەمانتدا پێگەیەکی مێژوویی هەبوو لەبەرئەوەی ئەوکاتەی دایکم کیژێکی منداڵ بوو و بەردەوام تووشی تا دەبوو، و هیچ گیراوەیەك دەردی چارەسەر نەدەکرد بردبوویانە ئەوێ. هێندەم دەربارەی مانۆیۆرە و ئێوارە بەهاری و رۆژی چارەسازەکانی بیستبوو کە ئەودەمەی بۆیەکەمجار بینیم، بۆم دەرکەوت گەلێك بیرەوەری ئەو گوندەم لە مێشکدایە، دەتووت لە ژیانی پێشوومدا لەوێ نیشتەجێ بووم.

لەتاقە باڕی گوندەکەدا بیرەی ساردمان دەخواردەوە کە پیاوێك لەمێزەکەمان نزیك بوەوە کە مرۆڤ بەبینینی درەختی بیردەکەوتەوە، پێلاوی ئەسپسواری لەپێدابوو هەروەها دەمانچەیەکی سەربازیشی بەکەمەرەوەبوو. ئافایل ئاسکالونا بەیەکتری ناساندین و ئەویش لەکاتێکدا دەستی دەگووشیم چاوی بڕیە چاوم.

پرسیاری کرد - **خزمایەتیت لەگەڵ سەرهەنگ نیکۆلاس مارکیزدا هەیە؟**

وتم **نەوەی ئەوم.**

ووتی - **کەواتە، باپیری تۆ باپیری منی کوشتووە.**

واتە، نەوەی مێداردۆ پاچکۆ بوو، ئەوپیاوەی باپیرم لە نەبەردیەکی دادپەروەرانەدا لەپێیخست. بواری ئەوەی نەدا بترسم، لەبەرئەوەی دەنگی هێندە پڕمیهرەبانی بوو کە دەتووت شەڕی دەستەویەخەی باپیرانمان جۆرێك خزمایەتی لەنێوانماتندا دروست دەکرد. سێ شەووڕۆژ لە لۆریەکەیدا ماینەوە، بەیادی باپیرە کۆچکردوەکانمانەوە وویسکی (ولرمان) نۆشی و گۆشتی بەرخمان خوارد. چەندرۆژێك تێپەڕی تا دانی بەراستی بەسەرهاتەکەدا نا: بەهاودەستی ئاسکالۆنا پلانی ئەوەیان دانابوو من بترسینن بەڵام دڵی رازی نەبوو لەوەزیاتر درێژە بەگاڵتەجاڕی باپیرە کۆچکردوەکان بدات. لەراستیدا، ناوی **خۆزێ پرۆدێنسیا ئاگیلار**[1] بوو، لەرێگەی قاچاقچیەتیەوە دەژیا، ڕوڕاست و بەبەزەیی بوو. بەمەبەستی بەرزراگرتنی بیرەوەری ئەو و هەروەها لەبەرئەوەی لەلای ئەو نەشکێم ناوی ئەوم لەسەدساڵ تەنیاییدا بەخشیە حەریفی **خۆزێ ئارکادیۆ بوێندیا**[2]، کە بەزەبری رم لەگۆڕەپانی شەڕەکەڵەشێرەکەدا دەکوژرا.

---

[1]. Gose Prudencia Aguilar

[2]. Jose Arcadio Buendia

تەواو تووشی دەردیسەر ببوم لەبەرئەوەی لەکۆتایی ئەوسەفەرە لەیادنەکراوەدا هێشتا کتێبە فرۆشراوەکان نەگەیشتبوون و نەمدەتوانی پێشەکیەکان وەربگرم. گیرفانم بەتاڵ بوو و میزان پێوەکەی ئۆتێلەکەش خێراتر لەشەوانی رابواردنەکانی من دەجولا. کاسەی سەبری بیکتۆر کۆهنی بێ تەحەمووڵ وردەوردە لێی دەڕژا، لەبەرئەوەی هەندێك جاسووسی درۆزن پێیان گەیاندبوو کە لەبری دانەوەی قەرزەکانی، چی پارەم هەبووە بۆ سۆزانیە هیچ وپووچەکان خەرج کردووە. لەوهەلوومەرجە پەرێشانەدا، تاکەشتێك کە ئارامی پێدەبەخشیم چیرۆکی عەشقە ناکامەکانی **مافی لەدایك بوون**ی رۆمانە دەوشاوەکەی **دوون فلیکس ب. کایگنیت**[١] بوو، کە عامە پەسەندیەکەی خەیاڵپلاوە پڕئومێدەکانی رابردوومی لەمەڕ ئەدەبی سووتێنەر تاو دا و ئاگری شەوقێك کۆنی لەمەڕ نووسینی ئەوەجۆرە چیرۆکانەی تێژتر کردەوە. بلاوبوونەوەی چاوەڕوان نەکراوی **پیرەمێرد و دەریای** همینگوای لە **لایف ئیسپانیایی** منی لەدەست ئەو سەرقاڵیانەم رزگار کرد.

لەتەك گۆڤاری **لایفدا** ئەوکتێبانەشم بەدەست گەیشت کەدەبوو بیدەمە دەست خاوەنەکانیان و پێشەکیەکانیان وەربگرم. هەموویان لەکاتی خۆی و بەبێ دەردیسەر پارەکانیان دا، بەلام قەرزەکەی من لەلای ئوتێلەکە دووئەوەندەی ئەوبڕەبوو کە کاسبیم کردبوو و بیێگاسیش هەواڵی ئەوەی دامێ کە تا سێ هەفتەی تر یەك پوولم بەدەست ناگات و ئاوبێنەو دەست بشۆ. بەناچاریی، زۆر جدی لەتەك بیکتۆر کوهن قسەم کرد بۆئەوەی هەرچۆنێك بووە خۆمان یەکلایی بکەینەوە و رێبکەوین و ئەویش قبوڵی کرد لەبری قەرزەکەم بارمتەیەکی متمانەپێکراوی لەلا دابنێم. لەبەرئەوەی ئاسکالونا و هاوڕێکانیم لەبەردەستدا نەبوو، پشتم بە ئاشنایەکی باشی خۆم بەست کە خودا بۆی ناردم و ئەویش بەبێ هیچ قەیدومەرجێك لووتفی کرد و بەفریام کەوت، تەنها لەبەرئەوەی یەکێك لەچیرۆکەکانمی لە کرۆنیکادا خوێندبوەوەو بەدڵی ببوو. بەداخەوە نەمتوانی لەکاتی دیاریکراودا قەرزی کەس بدەمەوە.

چەندین ساڵ پاش ئەوە ئەو بارمتەیە ببووە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی کە بیکتۆر کوهن پیشانی دۆستان مووسافیرەکانی ئوتێلەکەی دەدا، هەڵبەتە ئەوکارەی لەبەر نیازخراپی نەدەکرد، بەڵکو وەکو مەدالیا یان هێمایەکی شانازیی بوو. ئەودواجارەی چاوم بەروخساری جوانی هەڵهات سەدساڵ لەتەمەنی دەگوزەرا و هێشتا هۆشیار و بەگوڕبوو، وەکو جارانیش رووخۆش. لەمەڕاسیمی تەعمیدی کوڕی یەکێك لەهاوکارە مێینەکانمدا،

---

[١]. Don Felix B. Caignet

کۆنسوێلۆ ئارایۆخۆنۆگیێرا[1]، کە من بوومە باوکی تەعمیدی، پاش تێپەڕینی نزیکەی پەنجاسالّ دیسانەوە بارمتەکەم بینیەوە. بیکتۆر کوهن، بە ووردبینی و هەڵسوکەوتی هەڵسەنگێنراوی هەمیشەییەوە، ئەوبارمتەیەی پیشانی هەموو ئەوکەسانەدا کە حەزیان دەکرد بیبینن. ئەوەی تووشی سەرسوڕمانی کردم پاکوخاوێنی بەڵگەنامەکە و خەتی خۆشی خاوەن قەرزەکەو خواستی سەقامگیرو بڕوای لێبڕاوانەم بوو لەسەر دانەوەی قەرزەکە کە ئیمزا گەورەکەم بەجوانی ئەوەی ئاشکرادەکرد. بیکتۆر، بۆ تەواوکرۆدنی ئەو فەرتەنە بەرچاوە، یەکێك لە سەما ناوچەیەکانی **فاینـاتۆ**[2]ی پێشکەش کرد و جوڵەکانی هێندە هەماهەنگ بوون کە شکۆمەندی سەردەمی کۆلۆنیالّی زیندوو دەکردەوە و باوەڕناکەم لەسەردەمی گەشەسەندنی "فرانسیسکۆی بەنی بەشەر"دوە کەس بەوجوانیە سەمای کردبێت. دواجار، زۆربەی هاوڕێکان لەبەرئەوەی لەکاتی خۆیدا قەرزەکەم نەدابووەوە سوپاسیان کردم، لەبەرئەوەی لەسایەی ئەو ناسەرراستیە شەوێکی بێوێنەیان بردەسەر کە ناکرێت هیچ نرخێکی بۆدیاریی بکرێت.

جوانی سەرنجراکێشەری دکتۆر بیێگاس زۆرجار بەکارهێنرا، بەڵام نەوەك بۆفرۆشتنی کتێبەکان. بە جۆرە لێزانینێکی ئەربابانەوە گەمەی بە خاوەن قەرزەکان دەکرد کە مەحاڵە فەرامۆشی بکەم و لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە سەرجەم ئەو بیانوانەی لە دانی قەرزەکەیدا دەیهێنانەوە بەبێ بێنەوبەردە قبولّ دەکرا و بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە ماڵئاواییان لێدەکرد. ئەو پلانە ورووژێنەرەی لەورۆژانەدا بۆ دەربازبوون لە دەست قەرزی سەرمایەدارە چاوچنۆك‌و پارەدار و بێ داهێنانەکان بەکاری دەهێنا پەیوەندی بە رۆمانی **ڕێگەکان داخراون**ی بەرهەمی خانمە نووسەری خەڵکی بارانکیا، **ئۆلگا سالسیدۆ دێ مێدینا**[3] وە هەبوو، کە زیاتر لەرشووی کۆمەڵایەتیەوە ناوبانگە پەیدا کردبوو تا لەڕووی بەها ئەدەبیەکانیەوە، بەڵام بەهەرحالّ بەرەوداوێکی ناوچەیی بێوێنە لەقەڵەم دەدرا. بەلەبەرچاوگرتنی سەرکەوتنی بەرچاوی مافی لەدایك بوون، کە مانگێکی تەواو بەوپەڕی وردیەوە بەدوایەوەبووم، گەیشتمە ئەوئەنجامەی کە رووبەڕوی دیاردەیەکی جەماوەری و فەرەگیر ببوینەوە کە وەك نووسەرێك نەماندەتوانی لەبەرچاوی نەگرین. پاش گەڕانەوە لە بایەدووپار، بێئەوەی تەنانەت بچوکترین ئاماژە بۆ قەرزە دواکەوتوەکە بکەم، ئەو مەسەلەیەم لەتەك بیێگاس باس کرد و ئەویش پێشنیاری ئەوەی پێکردم بە وەرگرتن لەو رۆمانەوە شانۆنامەیەکی رادیۆیی بنووسم و بەشێوەیەك ترش وخوێی بکەم

[1]. Consuelo Araujoguera

[2]. Vallenato

[3]. Olga Salcedo de Medina

کـە گـوێگرە بەرفراوانـەکانی ئـەوجۆرە بەرنامانـە، کـە کەوتبوونـە داوی رۆمـانی سوتێنەرەکەی فلێکس ب. کاییَنگەوە، ژمارەیان سێ ئەوەندە زیادبکات.

دووهەفتە خۆم زینـدانی کـرد و وەرگێرانـە رادیۆیەکـەم کۆتـایی پێهێنـا و زۆر لـەوەی چاوەڕوانم دەکرد شتی زیـاتر لـەو ئەزمونـەوە فێربـووم. بەکـەڵك وەرگـرتن لـە دیـالۆگ، جەختکردنــەوە لەســەر حاڵەتــە دەرونیــەکانی کەســایەتیەکان، زیــاترکردنی رووداوە دراماتیکیـەکان و ئامـاژەی تێپـەڕ بـە بەسـەرهاتەکانیتریش، دەقـێکم دروسـت کـرد کـە بچوکترین لێکچونی لەتـەك دەقـەکانی پێشوترم نـەبوو. بـەهۆی کـەم ئەزموونیمـەوە لـە بواری دیالۆگ نووسین ـ کە تائێستاش بەخاڵی بەهێزی کارەکانم دانانرێت ـ ئەو ئەزمونە بۆمن بەنرخ و بەبەها بوو و ئەو فێربونە ناچاریە زۆرتـر لە موچەکەی خۆشحاڵی کردم. هەڵبەتە هیچ گلەییەکم لەبڕی پارەی حەقی ماندوبونەکەم نەبوو، لەبەرئەوەی بییێگاس نیـوەی پارەکـەی پـێش ئـەوەی دەسـت بەکارەکـە بکـەم دامـێ و بەڵێنیـدا بـە یەکـەمین بڕەپارەیەك کە لەو شانۆنامەرادیۆیە چنگیدەکەوێت قەرزەکۆنەکانم بۆبداتەوە.

بۆ رادیۆی ئاتلانتیکۆ تۆمـارکرا و باشـترین ئەکتـەرەکانی ناوچـەکە بەشـدارییان تێـدا کرد و بییێگاس بەبێ ئەزمون‌و سەلیقەی پێویست، خـۆی دەرهێنانەکـەی لەئەسـتۆ گـرت. بڕیاربوو ژێرمەن بارگاس دەقی چیرۆکخوانەکە بخوێنێتەوە، لەبەرئەوەی شـێوە بێژەریـە تایبەت و دەنگە وشك و جدیەکـەی لەتـەك شـێوازی پڕلـەهاتوهاواری رادیـۆ ناوچـەیەکان جودا بوو و ئەوەش جۆرە جیاوازیەکی سەرنجڕاکێشی دروست دەکرد. سەرەتا بەتەواوەتی لەوە حەپەسام کە ژێرمەن ئەو پێشنیارەی قبوڵ کرد و دواتر ئەودەمەی پـاش یەکـەمین راهێنان گەیشتە ئەوئەنجامەی بەکەڵکی ئەوکارەنایە و کشایەوە، سەرم سوڕما. گێڕانەوەی نمایشەکەش کەوتە ئەستۆی بییێگاس و ئەویش بەشێوەزاری خەڵکی ئانـد کـە وشـەکانیان درێژ دەکردەوە و ئاوازی قسەکردنەکەی ناوەڕۆکی ئەوبەسەرهاتە هەڵچوانەی بەتەواوەتی هەڵگێڕایەوە.

بەخشی تەواوی نمایشکـە رادیۆیەکـەی زیاترلـەوەی ببێتـەهۆی شـانازیی بوەهـۆی داخ وکەسـەر، و لەسـایەی ئەوەشـدا هـەلێکی باشـم بۆهەڵکـەوت تـا ئیـشتیهای تێر نـەبووی تاقیکردنەوەی سەلیقەی خۆم لەسەرجەم جۆرە چیرۆك بێژیەکانـدا بەشـێوەیەکی بـاش تێر بکەم. کاتی تۆمارکردنی راستەوخۆی بەرنامەکە لەسەر شریتە خامەکە، بەو دەرزیە تایبەتیـەی کـە تاڵـە رەش وبەبریـسکە و تاڕادەیـەك بەدەسـت نـەگیراوەکانی وەك پرچـی فریشتەکان بەملاولادا دەپرژاند، لە گەڵ ئەکتـەرەکان ئامـادەبووم. هـەموو شـەوێك یـەك دوو مشت لەو تاڵانەم لەگـەڵ خـۆم دەبـرد و پێـشکەشی هاوڕێکـانم دەکـرد، و بەوتوحفـە ناباوە توشی سەرسامیم دەکردن. سەرباری گرفت و رێگری زۆر و فلچەکاریە بەپەلـەکان،

نمایــشه رادیۆیەکــە لــەکاتی خۆیــدا بڵاوکرایــەوە و ئامادەکارەکــەی، بــەپێی عــادەتی هەمیشەیی خۆی، بەوبۆنەیەوە ئاهەنگێکی گەورەی بەرپاکرد و هاتوهاوارو فەرتەنەیەکی زۆری نایەوە.

کەس، تەنانەت لەرووی نەزاکەت یان لەبەردڵی ئێمە نەیوت کارەکەی بەدڵ بووە، رەنگە رستەیەکی ستایش ئامێزیان دەست نەکەوتبێت کە زۆریش درۆ نەبووبێت، بەڵام کارەکەمان لەلایەن گوێگرانەوە پێشاوازی لێکرا و ئامادەکارەکەی توانی کۆڵێك ریکلام وەربگرێت و بەوشێوەیە تارادەیەك ئابرووی خۆمان کڕیەوە. خۆشبەختانە، بەنووسینی ئەو بەرهەمە، هەندێك شێوازی تازەم دۆزیەوە تا بەهۆیانەوە ئەو ژانرەی هەستم دەکرد لە ئاسۆ دوورەدەستەکاندا ونبووە بگۆڕم و فۆرمێکی نوێی پێببەخشم. هەستی ستایش و پێزانین لەبەرامبەر دوون فلێکس ب. کاپێنگ هێندە قوڵبوو کە دەساڵ دواتر، ئەودەمەی چەندمانگێك وەك بەرێوەبەری هەواڵنێریی **لاتینا**[1] لە هاڤانا نیشتەجێبووم، داوای چاوپێکەوتنێکی تایبەتم لێکرد. بەڵام، سەرباری جەختکردنەوەی زۆر و بەڵگەی فراوان، هەرجارەو بەبیانوویەك خۆی لەوکارە دزیەوە و تەنها وانەیەکی گەلێك بەبایەخی لێوە فێربووم کە بۆهەمیشە لەخەیاڵمدا مایەوە و ئەوەش رستەیەکی هۆشمەندانە بوو کە لەیەکێك لە چاوپێکەوتنەکانیدا خوێندمەوە:"خەڵکی هەمیشە حەزدەکەن بگرین، من تەنها بیانوویەکیان پێشکەش دەکەم. "لەلایەکیترەوە، تەڵەکە جادوگەریەکانی بییگاس چیتر کارساز نەبوون. پەیوەندی لەتەك بڵاوکراوەی گۆنسالێس پۆرتۆ تێکچوو - بەتەواوەتی وەك پەیوەندی بەلۆساداوە کە هێندە درێژەی نەکێشا - و بەهیچ شێوەیەك نەمانتوانی دوا حسابەکانمان ساغ بکەینەوە، لەبەرئەوەی دەستی لە بەرزەفریە خەیاڵیەکانی هەڵگرت و گەڕایەوە وڵاتەکەی.

ئالڤارۆ سێپدا جارێکیتر پێشنیارە کۆنەکەی لەسەر بنەمای ئەوەی ئال ناسیۆناڵ بەپێی ئەو بنەمایانەی لە وڵاتەیەکگرتووەکان فێری ببوو، بیکەینە رۆژنامەیەکی مۆدێرن و بەوکارەی لەو بەرزەخە رزگاری کردم کە توشی ببووم. تائەوکاتە، جگەلەو بابەتانەی جارناجار لە کرۆنیکا چاپی دەکرد و هەموویان بابەتی ئەدەبی بوون، ئەوەی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا فێری ببوو تەنها بۆ نووسینی بابەتگەلی چڕ و سەرنجڕاکێش بەکاردەهێنا کە بۆ **سپۆرتینگ نیووز**، سەن لوویس، میسوری دەنارد. دواجار، لە١٩٥٣دا **خولیان داڤێس ئێچاندیا**[2]ی هاورێی هاوبەشمان کە یەکەمین سەرۆکی ئالڤارۆ بوو، بانگهێشتی کرد تا

---

[1]. Latina

[2]. Lulian Davis Echandia

بەرپرسیاریەتی تەواوەتی رۆژنامەکەی ئال ناسیۆنال لەئەستۆ بگرێت کە عەسران بڵاو دەکرایەوە. ئالفارۆ، پاش گەڕانەوەی لەنیویۆرك، پێشنیارە ئەستێرەیەکەی لەگەڵ باسکردبوو و بەهۆی دوودڵییە هەمیشەیەکانیەوە توانیبووی رەزامەندی رابکێشێت و هەرئەوەندەی ماموەتە زەبەلاحەکەی راوکرد، نەیزانی چی لێبکات و داوای لەمن کرد یارمەتی بدەم، بێئەوەی پۆست و بەرپرسیارسیەتیەکانم دیاربێت، بەڵام یەکەمین موچەمی لەپێشەوە دامێ هەرچەندە هەموویم وەرنەگرت بەڵام بۆ بەڕێکردنی ژیانم بەسبوو.

توشی بەسەرهاتێکی کوشندەبووین. ئالفارۆ، لەرووی نمونەکانی وڵاتەیەکگرتوەکانەوە، هێڵکاری تەواوەتی رۆژنامەکەی بەسەرجەم وردەکاریەکانیەوە کێشابوو. دابیس ئاچاندیای یەکێك لە پێشڕەوانی دەورانی پاڵەوانیەتی رۆژنامەنووسی جەنجاڵ و ئاڵۆزترین و ناوپڕترین ئەومرۆڤەی لەژیانمدا ناسیم، لە بنەماڵەیەکی خانەدان و کە زیاتر کەسێکی سۆزداریی بوو تا بەبەزەیی، وەك خودا جێگەی لەسەر تەختەکەی بوو و سێبەری بەسەرمانەوە بوو. ئەودوای ئەوکاسانەی لە بڵاوکراوەکەدا کاریان دەکرد، رۆژنامەنووسە خاوەن ناو و گوڵی مەجلیسی روخسارەکانی بواری چاپەمەنی ئەو سەردەمە بوون و دەمێ ساڵبوو پێکەوە هاوڕێ و هاوکار بوون. وادیاربوو هەرکەسەیان سنورێکی کارکردنی جیاوازیان هەیە، بەڵام بەکردەوە هەرگیز دەرنەکەوت چ کەسێك دەست دەخاتە کارەکان و ئاڵۆزیان دەکات، بەجۆرێك کە ماموەتە زەبەلاحە مۆدێرنەکە سەرباری بەکارهێنانی زۆربەی تەکنیکە پێشکەوتووەکان نەیتوانی تەنانەت یەکەمین هەنگاوی هەڵبێنێتەوە. ئەو چەندژمارمیەشی کە بەزینەتی چاپ رازانەوە دەرئەنجامی هەوڵ و ماندوبونی دڵێرانە و کارێکی قارەمانانەبوو، هەرچەندە خۆشمان نەمانزانی لەبری ئەوقارەمانیەتیە ستایشی کێ بکەین. لەکاتی چاپدا تەماشامان دەکرد لاپەڕە پیتچنی کراوەکان کەموکوڕییان تێدایە، بابەتەکان بەخێرای وندەبوون و ئێمەش کە هەستمان دەکرد هیچ شتێکمان لەژێرسەردا نییە خەریکبوو شێت دەبووین. لەیادم نییە تەنانەت یەکجاریش رۆژنامەکە لەکاتی خۆیدا و بەبێ هەڵەی ئاشکرای چاپ بڵاوکرابێتەوە، لەبەرئەوەی جنۆکە قیرچسمەکانی کارگەکە هەمووجارێك ژەهری خۆیان دەپژاند. هەرگیز نەمانزانی چی روودەدات و کێن ئەوکەسانەی کارەکان خراپ دەکەن. رەنگە باشترین رونکردنەوە جۆرێك بووبێت لەخراپ بیرکردنەوە: هەندێك لەو کۆنە رۆژنامەچیانەی دوچاری چەقبەستویی فیکریی ببون چاویان بەرایی نەدەدا کارێکی نوێ ببینن و پێکەوە پیلانی ئەوەیان دارشتووە رێگریمان بۆدروست بکەن تا رۆژنامەکەمان هەڵوەشێتەوە و بڕوخێت.

ئالفارۆ بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە، وازیهێنا و ڕۆشت. من بەڵێنامەیەکم لەگەڵیان هەبوو کـە لەهەلومەرجـە ئاسـایەکاندا دەیتـووانی بەسـوود بێـت، بـەلام لەوهەلوومەرجە ناهەموارەدا دەبوەهۆی کێشە و دەردیسەریی. بەوپەڕی بێتاقەتیەوە هەوڵمدا هەروا کاتم بـەفیڕۆ نـەڕوات، لەسـەر ئـامێری تایپەکـە دانیـشتم و بەکـەڵك وەرگـرتن لەوبابەتانـەی لەمێشکمدابوون و شتی باشبوون دەستم کرد بەنووسین: لەوانەش، چەندبەشێکی ڕۆمانی نیوەناچڵی ماڵ، گاڵتەجارێك لە دیمەنە ترسـناکەکانی **ڕۆشنایی مـانگی ئـووت** ی فاکنـەر، بـارانی باڵنـدە مردوەکـانی چیرۆکێکی ناسـانیل هاوسـۆرن، گـەلێك ڕووداوی پەڕاگەنـدەی چیرۆکە پۆلیسیە دووبارەکان و پاشماوەی ئەوەی لـەماوەی سـەفەرەکەم لەتـەك دایکـم بـۆ ئاراکاتاکا بەدیاری هێنابوومەوە. خەیاڵم بەرەلاکرد تاچی دەوێت بیکات و لە نووسینگەی کارەکـەم کـە جگەلـەمێزێك و ئـامێرێکی تایـپ هیـچی لێنـەمابووەوە نەهاتمـە دەرەوە تـا چیرۆکەکەم تەواو کـرد و دواناونیـشانەکەیم نووسی: "ڕۆژێـك پـاش شـەممە". یـەکێکیتر لەوچیرۆکە دەگمەنانەم کە بەهەمان شێوەی یەکەمجاریان ڕەزامەندییان ڕاکێشام.

لە ئال ناسـیۆنالدا، فرۆشـیارێکی گـەڕۆکی کاتـژمێری دەسـت بووبـە مـوی لـووت بـۆم. لەوساڵانەدا، هەرگیز کاتژمێرم نەبووە و هۆی ئەوەش تـەواو ڕونبـوو، و ئـەو کاتـژمێرەی ئـەو پێـشکەشی کـردم جوان و بەرچاو و گرانبـەهابوو. پیـاوە فرۆشـیارەکە، خـۆی دانـی بەوەدانا کە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستە و بەبیانوی فرۆشـتنی کاتـژمێر یارمـەتی دارایـی کۆدەکاتەوە.

وتی ـ **وەك ئەوەی بەقیست شۆڕش بکڕیت.**

بەرووخۆشیەوە وەلامـم دایەوە:

ـ **بەوجیاوازیەی دەستبەجێ کاتژمێرەکەت دەدەمێ، بەلام شۆڕش دوادەکەوێت.**

گاڵتـە بێتامەکـەم هـیچ لـەلای پیـاوە فرۆشـیارەکە خـۆش نەکەوتـەوە و دواجـار کاتژمێرێکی هەرزانترم کڕی، تەنها بۆئەوەی زوێر نەبێت و بڕیاردرا هـەموو مانگێـك بـۆ وەرگرتنی ئەو بڕەپارەیەی کە خۆی دیاریی کردبوو بێتەلام. بۆیەکەمجار بوومە خاوەنی کاتـژمێرو هێنـدە بـاش و وورد ئیـشی دەکـرد کـە تائێـستاش وەك یادگاری ئەوسـەردەمە هەڵمگرتووە.

هەر لەوڕۆژانەدا، ئالبرۆ موتیس هەواڵی ئەوەی هێنـا کـە دامەزراوەکـەی بودجەیـەکی زۆری بۆ کاروبارە ڕوناکبیریەکان دیاریی کـردووە و بـەزوویی گۆڤـاری **لامپـارا**[1]ی، ئۆرگانـە ئەدەبیەکەی بلاودەبێتەوە. ئەوکاتەی داوای لێکردم هاوکاریی بکەم، پێشنیارێکی بەپەلەم

---

1. Lampara (چرا)

پێشکەش کرد: ئەفسانەی سیێرپە. لەوباوەڕەدابووم گەر ڕۆژێك بەنیازبم بیگێڕمەوە دەبێت خۆم لەهەرجۆرە ئامادەکاریەکی زارەکی و هەرجۆرە پێکهاتێکی ئالۆزی ئەدەبی بەدووربگرم و بەوجۆرە کاربکەم کە هەڵقولاوی کۆنەست بێت، واتە بەبێ دەستکاری و رازاندنەوە، پێشکەشی بکەم: وەك واقیعێکی جوگرافی و مێژوویی. بەکورتی وەك رێپۆرتاژێکی گەورە.

مووتیس وتی ـ **ئێوە ئازادن چۆن ئارەزوو دەکەن بینووسن. بەڵام کەمێك زووتر دەست پێبکەن، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە بەتەواوەتی هەڵگری هەمان کەش و ناوەڕۆکە کە ئێمە بۆ گۆڤارەکەمان دەمانەوێت.**

بەڵێنی دووهەفتەیتر مدا. پێش بەرێکەوتن بەرەو فرۆکەخانە، تەلەفۆنم کرد بۆ نووسینگەکەی لەبۆگۆتا و فرمانی دەرکرد مافی نووسینەکەم بەپێشەکی بدەنێ. ئەودەمەی، هەفتەی دواتر، چەکەکە لەرێگەی پۆستەوە گەیشتە دەستم، هەناسەم گیرا. بڕی پارەکە هێندە چاوەڕواننەکراوبوو کە ئەوکاتەی بۆگۆڕینەوەی چەکەکە رۆشتم، ڕواڵەتم گومانی کارمەندی بانکەکەی وروژاند. منی بەرەو نووسنگەیەك لەنهۆمی دووهەم رێنومایی کرد و بەڕێوەبەری بانکەکە بەوپەڕی نەرمونیانیەوە لێیپرسیم لەکوێ کاردەکەم. وەك عادەتی هەمیشەم وتم بۆ ئال ئارالدۆ دەنووسم، هەرچەند لەوکاتەدا ئەوقسەیەم ڕاست نەبوو. مەسەلەکە بەوسادەییە کۆتایی هات. بەڕێوەبەری بانکەکە چەکەکەی لەسەر مێزەکە هەلگرت، بە نادڵنیایەکی پرۆفشنالانە چاوێکی پێداخشاند و دواجار دوابڕیاری هێنایە سەرزمان:

ـ ئەم سەنەدە هیچ کەموکوڕیێکی نیە و تەواو دانپێدانراوە.

عەسری هەمان رۆژ، ئەوکاتەی دەمویست دەست بەنووسینی"سیێرپە"بکەم، هەواڵیی ئەومیان دامێ کە لەبانکەوە تەلەفۆنیان کردووە. خێرا ئەوەم بەخەیاڵدا هات کە دەیانەوێت پێم بڵێن چەکەکە تەواو نەبووە، لەبەرئەوەی لەکۆلۆمبیا بۆ دروستکردنی دەردیسەر و کێشە هەمیشە هەزارویەك جۆر هۆکاری دروست و نادروست بوونی هەیە. هێشتا ئاوی نێودەمم قووتنەدابوو و دەنگم ساف نەکردبوو کە کارمەندی بانکەکە بە دەنگێکی ئاوازئامێز و فریوکارانەو شێوەزاری تایبەتی خەڵکانی ئاند، بەوپەڕی خۆڕاگریەوە لەوەی بەیانی ئەورۆژە نەیزانیبوو ئەو کۆنەپۆشەی چەکەکەی گۆڕیبوو هەمان نووسەری بەناوبانگی"زەرافەی مێ"یە، کۆڵێك داوای لێبوردنی کرد.

کۆتایی ساڵ، دیسانەوە سەروکەلەی مووتیس دەرکەوتەوە. هیچی نەخوارد، لەبەرئەوەی بێوەستان قسەی دەکرد و دەیویست بەرێنوێنیەکانی یارمەتیم بدات تا بەماندوبونێکی کەمترەوە دەرامەتێکی زۆرتر و هەمیشەیتر بەدەست بهێنم. لەکاتی

زەلاتـە خواردنـدا ئـەو بـیرە نایابـەی هاتەمێـشکیەوە ئـەوەبوو کـە ئامـادەییم لەمـەڕ هاوکـاریکردنی ئـال سـپیکادۆر بـە بنەماڵـەی کـانوو رابگـەیێنم، هەرچـەندە بیرکردنـەوە لەگەڕانـەوە بـۆ بۆگۆتـا مـوی لـەشمی راسـت دەکـردەوە و لەشـم دەکەوتـە لـەرزین. بـەڵام ئالڤـارۆ ئەوکاتـەی بـەنیازبوو یارمـەتی یـەکێك لـە هاوڕێکـانی بـدات، مـەحاڵبوو دەسـت هەڵگرێت و تا لایەنی بەرامبەری رازی نەکردبا، دەستی لەسەر هەڵنەدەگرت.

وتی - **شتێك دەكەین: بلیتی هاتن و گەڕانەوەتان بۆدەنێرم تائەوكاتەی خۆتان ویستان بێنە ئێرە و خۆتان بارودۆخەكە هەڵبسەنگێنن و پاشان بڕیار بدەن.**

نـەدەکرا پێـشنیارێکی مـەعقولی لـەوجۆرە رەت بکەیتـەوە، بـەڵام بـەردەوام بـیرم لـەوەدەکردەوە کـە دواهـەمینجار ٩ی ئابریـل سـواری فرۆکـەبووم بۆئـەوەی لـە بۆگۆتـا هەڵبێم. سەرباری ئەوەش، ئەو پیاهەڵدانانەی لەسایەی شانۆنامە رادیۆیەکەوە بەنـسیبم ببوو و ئەو چەند رەخنە ستایشئامێزەی کە بلاوکردنەوەی بەشی یەکەمی"سیێرپە"لـە گۆڤاری **لامپارا** بـەدیاریی بۆیهێنـام موچـەی نووسینەکەیان بەرزکردبوومـەوە و بـەهۆی باشبوونی بارودۆخی ئابوورییم تەنانەت دەمتوانی بڕێك پارەش بۆ ماڵەوەمان لـەکارتاخنا بنێرمەوە. هەرلەبـەر ئـەوەش، لەبەرامبـەر دوودڵیـی گواسـتنەوە بـۆ بۆگۆتـا خـۆڕاگرییم دەنواند.

ئالڤارۆ سێپدا، ژێرمەن و ئالفۆنسۆ و زۆربەی ئەوکەسانەی لەدانیشتنە ئەدەبیـەکانی خاپی و کافتریای رۆما ئامـادە دەبـوون، پاش چاپی بەشـی یەکـەمی"سیێرپە"ستایشیان کـرد. هـەموویان لەسـەرئەوە تـەباوکۆك بـوون کـە شـێوەی گێرانـەوەی راسـتەوخۆی رێپۆرتاژئاسـا بـەو بابەتـەوە کـە مەترسـی رۆچـون بـەنێو هەڵـدێری باوەڕپێنـەکراویی بـەردەوام هەڕەشـەی لێـدەکرد، زۆرتـرین سازگاریی هـەبوو. ئالفۆنـسۆ، بـەپێی عـادەتی هەمیشەیی خۆی، بەگاڵتەو جدیەتەوە، شتێکی وت کە هەرگیز فەرامۆشم نەکرد:"**ئەوەی راستی بێت، مامۆستای بـەڕێز، بـاوەڕپێکراوی لەهەمووشـتێك زیـاتر پەیوەنـدی بـەوەوە هەیە كە چـەندە لـەكاتی گێڕانـەوەدا خۆتـان بەلەسـەر حـەق بـزانن.** هێنـدەی نـەمابوو پێشنیارەکەی ئالڤارۆ مووتیس لەلای ئەوان بدرکێنم، بـەڵام نـەموێرا، و ئـەمرۆ تێدەگـەم کە هۆکاری ئەوەبوو کە دەترسام نەبا هانمبدەن قبوڵی بکەم. چەندجارێکیتریش جەختی لەسـەر پێـشنیارەکەی کردبـوەوە، تەنانـەت پاشـئەوەی لـە فرۆکەشـدا جێگـەی بـۆگرتم و منیش لەدواچرکەدا پەشیمان ببوومەوە. سوێندی بەشـەرەفی خـوارد کـە نیـازی ئـەوەی نەبووە دەلالـی بـۆ ئالـسپیکادۆر یـان هـیچ میدیایـەکی زارەکی یان نووسـراو بکـات. تاکـە ئامانجی - تاکۆتایی لەسەر قسەی خۆی مایەوە - ئەوەبوو کە سەبارەت بە نووسینی زنجیرە وتاری بەردەوام بـۆ گۆڤارەکـە بەچـڕوپڕی قـسەم لەگەڵـدا بکات و بەهاوبەشـی هەنـدێك

وردەکاری تـەکنیکی لەسـەر کۆمەڵەی"سـیێرپە"تـاووتوێ بکـەین. بەروالـەت، ئالفـارۆ مووتیس لەوە دڵنیابوو کە ئـەوجۆرە ڕێپۆرتاژانـە دەیـانتوانی کۆستۆمبریـسموّی بێهێـز و لەپێکەوتوو لـە مەیدانەکەی خۆیـدا ببـەزێنن و دواهـەمین فیـشەك بنـێن بەمێشکیەوە. لەنێو سەرجەم ئەو بەڵگانەی تائەوکاتە بۆی هێنابوومەوە ئەم یەکەیان ناچاریکردم بیری لێبکەمەوە.

ڕۆژێکی سێشەممەی باراناوی و دڵگیر بۆمدەرکەوت کە تەنانەت گەر بمەوێت نـاتوانم بڕۆم، لەبەرئەوەی جگەلـە کراسێکی گۆرانیبێژانـە بـەرگێکیترم نـەبوو. کاتـژمێر شەشـی عەسـر، کەسـم لەکتێبخانـەی مۆنـدۆ دەسـت نەکـەوت و لەبەردەرگاکـە چـاوەڕێم کـرد، و ئێوارەی غـەمگین دەهـات و لەشـکرێك لەدڵۆپـە فرمێـسك لـەنێو چـاوەکانما کۆببـبـوەوە و هەرچـرکەیەو لەوانـەبوو بەسـەر پانتـایی روخـسارمدا شـۆڕبێتەوە. لەسەرشۆسـتەکەی ئەوبەرەوە، جامخانەی دوکانێك بەجلوبەرگی شیكو رەسمیەوە خۆیدەنوانـد کـە زۆرجـار بەتەنیشتیا تێپەڕیبووم بێئەوەی بچوکترین سەرنجی بـدەم یـان تەنانـەت ببیـنم. لـەپڕ، بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك، بەژێر ئەوبارانـە وردەی لەهـەورە خۆڵەمێـشیەکانەوە دەتکـا، بەناوەڕاسـتی شـەقامی سەنبلاسـدا تێپـەڕیم و بەهـەنگاوی سـەقامگیرەوە پـێم نایـە گرانبەهاترین دوکانی شارو قاتێك چاکەت وپانتۆڵی مەخمەڵی مۆری قەشـە ئاسـایانە کـە لەتەك کەشی ئەوسەردەمەی بۆگۆتادا دەگونجا، دووکراسی سپی یەخە، بۆینباخێکی خەت خەت و جووتێك پێڵاو لەوانەی ئەکتەری بەناوبانگی سینەما **خۆزێ موخیکا**[1]، پێشئەوەی ببێتەقەشە، لەنێو شیکپۆشەکاندا کردبوویە مۆدێـل، کـڕی. تـەنها بـە ژێرمـەن، ئالڤـارۆ و ئالفۆنسۆم وت بەنیازی ڕۆشـتنمو بڕیارەکـەم بـەلای ئەوانـەوە مـەعقوول بـوو و بـەدڵیان بوو، بەومەرجەی دەست لەگوونان درێژتر نەگەڕێمەوە.

سـەرجەم ئەنـدامانی گروپەکـە لـە"پیـاوی سـێهەم"کۆبوونـەوە بۆئـەوەی پێـشوەخت ئاهـەنگی لـەدایك بـوونم بـۆ بگێـڕن، لەبەرئـەوەی ژێرمـەن بارگـاس، کـە پێرسـتی ڕۆژی لـەدایکبوونی سـەرجەم هاوڕێکـانی لـەلابوو و وەك گەنجینەیـەکی گرانبـەها دەیپاراسـت، هەمووانی ئاگادارکردەوە کـە ٦ی مارسـی داهـاتوو تەمـەنی بیـست و حـەوت ساڵیم تـەواو دەبێت. لەنێوان پیرۆزبایی و نـزای خێـری هـاوڕێ نزیـك و بێوێنەکانمـدا، هەسـتم دەکـرد ئامـادەم ئـەو حەفتاوسـێ سـاڵەی کـە لەسەدسـاڵی یەکـەمی ژیـانم مـابووەوە بـە خـاوی قووتبدەم.

---

[1]. Jose Mojica

٨

بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیازی ئال سپیکادۆر، گێیرمۆ کانوو، هەرئەوەندەی زانی لە نووسینگەکەی ئالقارۆ مووتیسم، کە چوارنهۆم سەروتر لە نووسینگەکەی ئەو لەهەمان ئەو بینایەدابوو کە بەتازەیی کردبویانەوە و چوارسەدمەتر لە بیناکەی پێشوویانەوە دووربوو، بەتەلەفۆن داوای کردم. شەوی پێشوتر گەیشتبوم و بەنیازبوین بۆنانی نیوەڕۆ بچینەلای کۆمەڵێك هاوڕێی ئالقارۆ، بەلاّم گێیرمۆ سوربوو لەسەرئەوەی پێشتر سەردانێکی ئەو بکەم تا سلاّو و هەواڵپرسی بکەین. چارەیەك جگەلە بەجێهێنانی داواکەی نەبوو. پاش ماچوموچی پڕخۆشەویستی باوی پایتەخت، زمان لووسی و موجامەلە و کەمێك قسەوباس لەسەر هەواڵە رۆژانەکان، قۆڵی گرتم، بەرەو سوچێکی دوور لە ئەندامانی دەستەی نووسەران بەکێشی کردم و بە پاکیزەییەك کە بچوکترین گومانی لێ نەدەکەوتەوە، ووتی:"**دەمەویست ئەرکێکتان بخەمەسەرشان، گابریل. دەتوانی لووتف بکەیت و یاداشتێکمان بۆ دوالاپەڕە بۆ بنووسیت لەبەرئەوەی نیمانە**"بە پەنجەگەورە و پەنجەی دۆشاومژە هێندەی نیوەی پەرداخێك ئاوی بۆکردم و قسەکەی بەمجۆرە کۆتایی پێهێنا:

ـ بابەتێکی ئەوەندە.

هەڵپەرستیەکەی بەشتێکی بەتام هاتەبەرچاو و پرسیارم کرد لەکوێ دەتوانم دابنیشم و ئەویش مێزێکی بەتاڵی پیشاندام کە ئامێرێکی تایپی کۆنی لەسەربوو. بێئەوەی چیتر پرسیاربکەم لەسەر کورسیەکە ئەملاولایەکم کرد و مێشکم خستەکار تا بابەتێکی سەرنجڕاکێش بدۆزمەوە کە بۆ بلاّوکراوەکەیان بگونجێت و هەژدە مانگیترم هەر لەوێ و لەسەر هەمان مێز گوزەراند.

چەند خولەکێك پاش گەیشتنم، ئێدواردۆ سالامسا بورداى جێگری سەرنووسەر، کە سەرجەم خەیاڵی لەلای ئەو پەڕانە بوو کە بەدەستیەوە دەیگوشین، لەنووسینگەکەی تەنیشتەوە هاتەدەر و ئەودەمەی منی بینی، بەتەواوەتی حەپەسا.

تارادەیەك بەهاوارەوە وتی ـ **سەیرە، دوون گابۆ!**

ئەوناوەی لەبارانکیا وەك کورتکراوەی گابیتۆ بۆ هەڵبژاردبووم و تەنها خۆی بەوناوە بانگی دەکردم. بەڵام ئەمجارەیان کەوتەسەرزاران و تەنانەت چاپیش کرا: گابۆ.

ناومرۆکی ئەوبابەتەم لەبیر نییە گیێرمۆ کانوو بەمنی راسپار، بەڵام لەوکاتەوەی لە زانکۆ دەمخوێند ئاشنای شێوازی دێرین و رەچەڵەکی ئال سپیکادۆر بووم، بەتایبەت ئاشنای شێوازی بەشی"رۆژ بە رۆژی"دوالاپەڕە کە ناوبانگێکی باشی هەبوو، و بڕیارمدا بەهەمان ئەو خوێنساردیەی لوویسا سانتیاگا رووبەڕوی"شەیتانە شەڕانگێزەکان"دەبووەوە، منیش لاسایی بکەمەوە. زیاتر لەنیو کاتژمێری کاتی روبەڕوبونەوەکەم بە قەڵەم خەریکی هەڵەچنی چەند بەشێکیبوم و دەقەکەم دایەدەست گیێرمۆ کانوو و ئەویش بەتەواوی هۆشیەوە لەپشت چاویلکە بنەژێرپیاڵەیەکانیەوە، وتارەکەمی خوێندەوە. هۆشمەندی ئەوپیاوە پشتی بەو مێشکە پەرومردەکراو و بەئەزمونانە بەستبوو کە یەکەمینیان، دوون فیدل کانوو لە ١٦٦٦ دا رۆژنامەکەی دامەزراند، دوون لوویسی برای درێژەی بەرێگەکەیدا، دوون گابریلی کوڕی پێگە و ناوبانگی کلتووری بنەماڵەکەیانی پتەوتر کرد و دەرئەنجامی هەوڵی بێوچانی ئەوان، لەرێگەی روباری خرۆشانی میراتەوە، گەیشتە گیێرمۆی نەوەی، کە تەنها بەبیست و سێ ساڵ تەمەنەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەو دامەزراوە گەورەیەی لەئەستۆ گرت. تەواو لەسەر هەمان شێوەی پێشینانی، چەند گۆڕانکاریەکی لە لە شێوەی نووسیندا کرد تا تەمووەژەکان بڕەوێنێتەوە و هەرئەوەندەی دەستی بەتاڵ بوو، بۆیەکەمجار ناوە تازەکەمی بەشێوەیەکی سادە و کردمیی بەکارهێنا:

ـ مەرحەبا، گابۆ.

لەشەوی گەڕانەوەمدا درکم بەوەکردبوو کە تائەوکاتەی بیرەوەریەکانی نێو خەیاڵم زیندووە، ناتوانم بەهەمان چاوی کۆنەوە تەماشای بۆگۆتا بکەم. ٩ی ئابریل، وەك زۆربەی کارەساتە گەورەکانی وڵات، زیاتر لەخزمەتی فەرامۆشیدابوو تا پاسەوانی و پاراستنی مێژوو. بینای ئوتێل گراندا، لەنێو باخە سەدساڵەکەیدا، تەخت ببوو و لەباتی بینای لەرادەبەدەر نوێی بانکی کۆماری باڵای دەکرد و گەشەی دەکرد. شەقامە کۆنەکانی ساڵانی فێرخوازییم، بەبێ تراموا نورانییەکان، هەتیوو دەهاتنەبەرچاو و شوێنی ئەو تاوانە مێژووییە چیتر شکۆی رابردوی نەمابوو لەبەرئەوەی ئاگر بیناکانی کردبووە خۆڵەمێش. یەکێك لەوانەی لەگەڵمان بوو بەسەرسامیەوە وتی:"**ئێستا بەڕاستی شێوەی شارە گورەکانی وەرگرتووە.** "و هێنانەسەرزمانی رستەیەکی شووم و باو داغی دڵی نوێ کردمەوە:

ـ دەبێت مەمنوونی ٩ی ئابریل بین.

لـەبری ئـەوە، ئـەو پانـسیۆنە بێنـاوی ئالڤـارۆ مـووتیس لەوێـدا جێگـەی کردمـەوە لەسەرجەم مەنزڵە کاتیەکانی ترم ئیسراحەتر و خۆشتر بوو. ماڵەکەی تەنیشت پارکەکە، کە بەهۆی کارەساتەکەوە جوانیەکی تایبەتی پەیداکردبوو و ئەو یەکەمین شـەوەی لـەوێ بەسـەرم بـرد گنگڵێکـی بەرهەڵستی نـەکراو کەوتـە گیانمـەوە، لەبەرئـەوەی ئـەو ژن و مێـردەی لـە ژورەکـەی تەنیـشتمەوە بـوون بـەجۆرێك عەشـقبازیان دەکـرد کـە دەتـوت جەنگاوەری نایابی نەبەردێکی پڕلەکامەرانی بن. رۆژی دوایی، ئەوکاتەی لەکاتی دەرچون لەژورەکەیان بینیمن، گومانم لەچاوەکانی خـۆم کـرد و بـاوەڕم نـەکرد ئـەو ژن و مێـردە نـەگونجاو و نامۆیـە مێـشکیان پرکـردبم لـەو هـەموو خەیاڵـە خۆشـە: کێژۆڵەیـەکی تازەپێگەیـشتووی لاواز کـە بـەرگی تایبـەتی هەتیووخانـەکانی پۆشـیبوو و پیاوێـچکی بەتەمـەن بـە قـژی زیـوین و دوومـەتر بـاڵاوە کـە لەتەمـەنی باپیریـدابوو. وتم لەوانەیـە بەهەڵە تێگەیشتبم، بەڵام ئەوان، شـەوانی دوایـی بـە پـڕ تاموچێژیی ئاوێتـە بـە هـاواری پڕئازار و مەرگەساتبارانە تا بەیانی درێژەی هەبوو، هـەرجۆرە گومانێکیـان لـە خـەیاڵمدا سڕیەوە.

ئـال سـپیکادۆر یاداشـتەکەمی لـە دواڵاپـەڕە و لەشـوێنێکی بەرچـاودا چـاپ کـرد کـە تایبەتی نووسینەی خەلکانی بەناوبانگ بوو. بەیانیم لە دوکانە گەورەکاندا بەسـەربرد و ئەوجلوبەرگانم کڕی کە موتیس بە شێوەزارە خەستە ئینگلیزیە داهێنراوەکەی خۆی کـە دەبوەهـۆی سـەرقالکردنی فرۆشـیارەکان، بـۆی هەڵبـژاردم - یـان باشـتر بڵێم بەسـەرمدا سەپاندی. نانی نیوەڕۆمان لەتەك گونزالۆ مایارینۆ و یەك دوونووسەری لاویتر خوارد، کە بۆ ناسینی مـن بانگهێـشت کرابـوون. بەوشـێوەیە، دەیانویـست پـێم بـۆ کۆڕمئەدەبیـەکان بکەنەوە. سێ رۆژ لە گیێرمۆ کانوو بێئاگا بووم، تائەوکاتەی بانگی کردم بۆ نوسینگەکەی مووتیس.

بـە دەنگێکـی وشـك و جدیـەوە، کـە لاسـای کردنەوەیـەکی ناشـیانەی سەرنووسـەرە بەبەرنامەکان بوو، پێیوتم - **بزانم گابۆ ئەمە چۆن هەڵسووکەوتێکە؟ کێشەیەکتان تـوش بـووە؟ دوێنـێ لەبەسـتنی لاپـەڕەکان دواکـەوتین لەبەرئـەوەی چاوەڕوانی نووسـینەکەی جەنابتان بووین.**

لەگـەڵی چـوم بـۆ هـۆڵی نووسـینەکە بۆئـەوەی بەچـڕی لەوبارەیـەوە قـسەبکەین و تائێستاش نازانم چۆن هەفتەیەکیتر درێژەم بە نووسینی یاداشتە بێ واژۆکانـدا بێئـەوەی کەسـێك دەربـارەی هەلومـەرجی ئـیش و مووچـە شـتێکم پـێ بڵێـت. لـە کـاتی پـشوودا، ئەودوای وتارنووسەکانیتر بەجۆرێك رەفتاریان لەگەڵدەکردم وەك ئەوەی یەکێکبم لـەوان

و لەڕاستیشدا هەروابوو، هەرچەندە نەمدەتوانی وێنەی ئەومبکەم تاچەندە پەیوەندیم پێیانەوە هەیە و لەواندەچم.

بەشی"رۆژ بە رۆژ"کە هەرگیز هیچ یەك لە نووسینەکانی ئیمزای نەبوو، زۆرجار یاداشتێکی سیاسی بەقەڵەمی گیێرموو کانوو لەخۆدەگرت کە لەسەرەوەی لاپەڕەکە دادەنرا. لەدوای ئەویش بەپێی ئەو ریزبەندییەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دیاریی کردبوو، یاداشتێکی گۆنزالۆ گۆنزالێس دەهات کە بابەتێکی ئازاد و دڵخوازانەی لەخۆدەگرت، سەرباری ئەوەش، ئەو سەرنجراکێشترین و خۆشەویسترین بەشی رۆژنامەکە - پرسیار و وەڵام ـ ی دەنووسی و لەوێ بەناوی خوازراوی **گۆگ**[1]، کە لەناوی خۆیەوە ئیلهامی گرتبوو و هیچ پەیوەندیەکی بە **جیڤانی پاپینی**[2]ەوە نەبوو، ناحاڵیبوونەکانی خوێنەرانی لەسەرجەم بوارەکاندا دەسڕیەوە. لەدوای ئەوانیش یاداشتەکانی منیان چاپ دەکرد و لەزۆر هەلومەرجی دەگمەنیشدا هەندێك بابەتی تایبەتی ئێدواردۆ سالامسایان بڵاودەکردەوە، کە هەمووڕۆژێك بۆ باشترین بەشی رۆژنامەکە ـ"شار و دونیا"ـ بەناوی خوازراوی ئولیسسەوە کە زۆرجار رونیدەکردەوە ئەوناوەی نەلەبەر رێزی هۆمەر بەڵکو لەبەر گەورەیی جوویس هەڵبژاردبوو، وتارێکی چڕوپڕی دەنووسی.

ئالفارۆ مووتیس دەبوو سەرەتای ساڵی نوێ بەمەبستی جێبەجێکردنی ئەرکێك بەرەو **پێرتۆ پرینسیپی**[3] سەفەر بکات و داوای لەمن کرد لەگەڵی بڕۆم. پاش خوێندنەوەی **مەلەکوتی زەمینی** ئالخۆ کارپانتییە، هایتی ببووە دەقەری خەیاڵەکانم. تا ١٨ی فەوریە هێشتا وەڵامم نەدابووەوە کە یاداشتێکم دەربارەی شاژنی دایکی بەریتانیا نووسی، کە لەنێو تەنهایی بەرینی کۆشکی باکینگهامدا ونببوو. ئەوەی لەهەمووشتێك زیاتر سەرنجی راکێشام ئەوەبوو کە بابەتەکەم لە ستونی یەکەمی"رۆژ بە رۆژ"دا چاپ کرا و سەرنجی زۆربەی هاوکارەکانمی راکێشا. ئەوشەوە، لە میوانداریەکی تارادەیەك خۆمانەی ماڵی بەڕێوەبەری دەستەی نووسەران، **خۆزێ سالگار**[4]، لە زمانی ئێدواردۆ سالامساوە گوێم لە بۆچوونێکی ستایش ئامێزانەبوو کە لە هەموو پیاهەڵدانەکانیتر زیاتر ورووژاندمی. سیخوڕێکی نیازپاك، ماوەیەك دواتر، پێی وتم ئەو رادەربڕینە هەرجۆرە گومان و رقێکی

---

[1]. Gog

[2]. Giovanni Papini (١٨٨١ ـ ١٩٥٦) رۆژنامەنوس، رەخنەگر، شاعیرورۆمانوسی ئیتاڵی و یەکێك لە روخسارە کلتوری و کۆمەڵایەتیە دیارەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم.

[3]. Puerto Principe، پێتەختی هایتی، هەروەها بەناوی Port - au - Prince یشەوە بانگ دەکرێت.

[4]. Jose Salgar

لە ویژدانی دەستەی نووسەراندا سڕیەوە و ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی بەڕەسمی پیشەیەکی هەمیشەییم پێ پێشنیار بکەن.

ڕۆژی دوایی، بەیانی زوو ئالڤارۆ مووتیس بانگی کردم بۆ نووسینگەکەی تا هەواڵێکی ناخۆشم پێ ڕابگەیێنێت: سەفەرەکەی هاییتی هەڵوەشابووەوە. ئەوکاتە بەمنی نەوت کە هۆکاری ئەوبڕیارە دەرئەنجامی گفتوگۆیەکی هاوڕێیانەبووە لەتەك گیێرمۆ کانوودا کە لەومیانەیدا لەقوڵایی دڵیەوە داوای لێکردبوو من لەگەڵ خۆی نەبات بۆ پۆێرتۆ پرینسیە. ئالڤارۆ، کە خۆیشی ئاشنای هاییتی نەبوو، ویستی سەر لەو داواکاریەی دەربکات. گیێرمۆ وتی: **"ئەوکاتەی بەباشی ناسیت، دەزانی ئەو دەفەرە لەهەموو شوێنێکیتر زیاتر دەتوانێت گابۆ شەیدای خۆی بکات."** بە دەربڕینی حەقیقەتێکی ڕووت و هۆشمەندانە گفتوگۆی ئەو ئێوارەیەی کۆتایی پێهێنا:

- گەر گابۆ بچێتە هاییتی، هەرگیز ناگەڕێتەوە.

ئالڤارۆ تێگەیشت گیێرمۆ لەسەر حەقە، بەرنامەی سەفەرەکەی تێکدا و بەمنی وت ئەو بڕیارە لەلایەن کۆمپانیاکەوە بووە. بەوشێوەیە، هەرگیز پۆێرتۆ پرینسیەم نەبینی بەڵام هەرگیز بەڕاستی مەسەلەکەم نەزانی ئەم چەند ساڵەی دوایی نەبێت کە ئالڤارۆ، لەمیانەی قسە باپیرەئاسا بێکۆتاییەکانمان کە هیچ نەبوو جگەلە بیرەوەریەکانی ڕابردوو، ڕاستی مەسەلەکەی بۆباس کردم. لەلایەکیترەوە، پاشئەوەی بەهۆی بەڵێنامەیەکی قورس و توندەوە لە ڕۆژنامەکەدا بەستمیەوە، لەماوەی چەندین ساڵدا پێیوتم بیر لە ڕیپۆرتاژێکی چڕوپڕ بکەمەوە لەسەر هاییتی، بەڵام هەرگیز هەلی ئەوسەفەرە نەڕەخسا و منیش هەرگیز لەوبارەیەوە قسەم نەکرد.

هەرگیز بیرم لەوەنەکردبووەوە ببمە ئەندامی هەمیشەیی دەستەی نووسەرانی ئال سپیکادۆر. بەڵامەوە سەیر نەبوو کە چیرۆکەکانیان بڵاودەکردمەوە لەبەرئەوەی ئەو ژانرە ئەدەبیە لە کۆلۆمبیا نایاب و تەواو گەشەی نەکردبوو و زۆربەی ئەوبەرهەمانەی دروست دەبوون زۆر سەرنجڕاکێش نەبوون، بەڵام نووسینی ڕۆژانە لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی عەسری وڵات بۆ کەسێك کە لەبواری ڕۆژنامەنووسی پرۆفشنالانەدا ئەزمونێکی ئەوتۆی نەبوو بە ململانێیەکی جدی لەقەڵەم دەدرا. ئال سپیکادۆر، بە نیوسەدە تەمەنەوە، پەروەردەبووی بینایەکی کرێ بە ئامێری تایپە زیادەکانی ئال تیمپۆوە - بڵاوکراوەی دەوڵەمەند، بەهێز و دەسەڵاتدار - ڕۆژنامەیەکی حاڵ ناوەنجی بە شازدە لاپەڕەی چڕوپڕ بوو کە هەرهەموو پەنجاهەزار نووسخەکەیان پاش بڵاوبوونەوەی لەدەست ڕۆژنامەفرۆشە گەڕۆکەکان دەفڕاندو لەماوەی نیو کاتژمێردا لە کافتریا پەراوێزکەوتوەکانی ناوچە کۆنەکانی شار هەموو بابەتەکانیان دەخوێندەوە. ئێدوردۆ

سالامسا بوردا خۆی بە پەیامنێرەکانی بی بی سی لەندەنی وتبوو بەباوەڕی ئەو لەهیچ شوێنێکی دونیا رۆژنامەیەکی باشی وەك ئالسپیکادۆر دەست ناکەوێت. بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەناسەی ئەو بانگەشەیە بەڵێنداریەتی دروست دەکرد ئەوەبوو کە سەرجەم ئەوانەی لەو بلاوکراوەیەدا کاریان دەکرد و زۆربەی خوێنەرەکانیشی لە راستی ئەوقسەیە دڵنیابوون.

دەبێت دان بەوەدابنێم ئەوکاتەی بەیانی ئەورۆژەی سەفەرەکەمان بۆ هایتی هەڵوەشایەوە، لوویس گابریل کانووی بەڕێوەبەری گشتی بانگی کردم بۆژورەکەی، خەریکبوو دڵم لەسینەم بێتەدەرەوە. چاوپێکەوتنەکە بەهەموو رێورەسمەکانیەوە زیاتر لە پێنج خولەکی نەخایاند. لوویس گابریل بە کەسێکی رووگرژ بەناوبانگ بوو، لەبەرامبەر هاوڕێکانی دەستودڵ کراوەو لەبواری داراییشدا وەك هەموو بەڕێوەبەرێکی شایستە، دەست نووقاوبوو. بەڵام هەر لەویەکەمجارەوە بە کەسێکی گونجاو و راستو بەڕێز هاتەبەرچاوم و تائێستاش تێڕوانینم بەرامبەری نەگۆڕاوە. پێشنیارەکەی، کە بەشێوەیەکی زۆر رەسمی دەربڕی، ئەوەبوو کە ببمە ئەندامی هەمیشەیی دەستەی نووسەران و دەربارەی بابەتگەلی گشتی، یاداشتی شیکاری و هەر بابەتێکیتری بەپەلە کە لەوکاتەدا پێویست دەکات، بنووسم و مانگی نۆسەدپیزۆ موچە وەربگرم. هەناسەوزمانم گیرا. هەرئەوەندەی توانیم بەسەرخۆمدا زاڵببم و قسەبکەم، دوبارە پرسیارم لە بڕی پارەکە کردەوە و ئەویش زۆر لەسەرخۆ دوپاتی کردەوە: نۆسەد. لەتاو هەڵچوون بەجۆرێك وروژابووم کە چەند مانگێك دواتر، ئەوکاتەی لە میوانداریەکدا باسی ئەو دیدارە هاتەپێشەوە، لوویس گابریلی ئازیز دانی بەوەدانا کە حەپەسان و هەڵچوونەکەی منی بە حسابی تووڕەبوون و رەتکردنەوەی پێشنیارەکەی لەقەڵەمداوە. دواهەمین دوودڵی گابریل لەسەر دامەزراندنی من بنەمایەکی تەواو بەڵگەدارانەی هەبوو: بە وتەی ئەو،"هێندە لاواز و زەرد بووم، دەترسا نەبا لەکاتی کارکردندا لەپێ بکەوم و بمرم و لاشەکەم لەسەر دەستیان بمێنێتەوە". بەوشێوەیە، بوومە ئەندامی هەمیشەیی دەستەی نووسەرانی ئالسپیکادۆر و لەوێ لەماوەی کەمتر لەدووساڵدا هێندەی یەك تەمەن - و رەنگە زیاتریش - کاغەزم بەکارهێنا.

بە رێکەوت، بەسامترین بەرپرسی رۆژنامەکە دوون گابریل کانوو بوو، ئەو زڕباوکەی بە ویستی خۆی، بووبە چاودێری بێبەزەیی و نائارامی نووسینەکان. بە وردبینەکەی بچوکترین وردەکاریەکانی هەموو ژمارەکانی رۆژنامەکەی دەخوێندەوە و سەرنجی هەندێك خاڵی دەدا کە جنۆکەش بیری لێنەدەکردەوە، بە قەڵەمی سور هەڵەی هەر وتارێکی دیاری دەکرد و بڕاوەی ئەوبابەتانەی بەر نەفرەت کەوتبوون و بە رەخنەی توند

بەسزای خۆیان گەیێندرابوون، دەلکاند بە تابلۆی راگەیێنراوەکانەوە. ناوی ئەو تابلۆیە هەر لەیەکەم رۆژەوە توشی دلەڕاوکێی کردم: "دیواری بێ ئابڕویی"، و لەبیرم نییە هیچ یەک لە نووسەرەکانی رۆژنامەکە لەقەلەمە خوێنرێژەکەی پارێزاوبووبێتن و برینـدار نەبووبێتن.

بەرزبوونەوەی سەرسوڕهێنەری گیێرمۆ کانوو و گەیشتنی بە پۆستی بەڕێوەبەرایەتی ئالسپیکادۆر لە بیست و سێ سالیدا، بەڕوالەت، میوەی زووپێگەیشتوی شایستەییە تاکەکەسیەکانی نەبوو، بەلکو بە هاتنەدی چارەنووسێك لەقەلەم دەدرا کە پێش لەدایکبوونی دیاری کرابوو. هەر لەبەرئەوەش، یەکەمین شتێك کە تەواو سەرسامی کردم ئەوەبوو کە زانییم بەڕاستی بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەکە لەئەستۆی ئەوە، ئەمەش لەکاتێکدا خەلکی لەدەرەوە لەو باوەڕەدابوون کوڕێکی بێتواناو ملکەچ و گوێڕایەلە و فرمان و بڕیارەکانی گەورەترەکانی جێبەجێ دەکات. ئەوەی لەهەمووشتێك زیاتر سەرنجی راکێشام خێرایی گواستنەوە ناسروشتیەکەی و توانایی بێوێنەی بوو لە تێگەیشتن لە بەها و گرنگی هەوالەکان.

هەندێکجار ناچاردەبوو روبەڕوی هەمووان بێتەوە، هەرچەندە زۆر قسەوباسی نەدەکرد و بەلگەی نەدەهێنایەوە، بەلام تا قسەی خۆی نەسەپاندبا دەستبەردار نەدەبوو. لەو سەردەمەدا، لە زانکۆ کەس فێری رۆژنامەنووسی نەدەکرا، بەلکو بەکردەوە فێردەبوو و فێربوونەکەی پڕاوپڕبوو لەبۆنی مەرەکەبی چاپ و ئالسپیکادۆر خاوەنی باشترینی مامۆستاکان بوو، کە دلنەرم و نیازپاك، بەلام زۆر توندبوون. گیێرمۆ کانوو بە نووسینی راپۆرت لەسەر پێشبرکێی گابازی فێری ئەلف وبێی کاری رۆژنامەوانی بوو و هێندە لەوبوارەدا شارەزابوو کە گەر کەسێك لەنزیکەوە نەیناسیبا، هەستی دەکرد بەرامبەرەکەی گابازێکی سەرەتاییە نەوەك رۆژنامەنووس. بەوپێیە، وەك دیارە دژوارترین ئەزمونی ژیانی ئەودەمەبوو، کە یەك شەممەیەك، بەبێ رەچاوکردنی ریزبەندیی کارگێڕیی و بەپێی قوناغی جیاواز، لە فێرخوازێکی سەرەتاییەوە گۆڕا بۆ مامۆستایەکی گەورە. مەحالبوو گەر کەسێك لەنزیکەوە نەیناسیبا، لەپشت رەفتارە نەرمونیان و تاڕادەیەك شەرمنانەکەیەوە، وەرەی پۆلاین و سروشتی بەهێز و توندوتۆلی بناسێتەوە. بەوپەڕی حەزو هەلچوونەوە پێی نایە گۆڕەپانە پڕمەترسی و گەورەکانەوە، بێئەوەی هەرگیز بکشێتەوە، هەرچەندە دلنیابوو شەریفانەترین ئامانجەکان دەتوانن فەنابوون لەنێوخۆیاندا حەشار بدەن و پەروەردەی بکەن و لە بێ مەترسیترین بوارەکانیشدا مەرگ لەبۆسەدایە.

بەدرێژایی ژیانم کەسێکیترم بەرچاونەکەوت هێندەی ئەو لە ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵبێت، بەکەم لە پلەو پایەی تاکەکەسی بڕوانێت و تائەوشوێنەی بۆیدەکرێ لەخۆی دووربخاتەوە، و خۆی لە ستایش و ئەو زمان لوسیانە بپارێزێت کە بەردەوام دەستەودیاری فریودەرانەی دەسەلات بوون. هاوڕێی زۆری نەبوو، بەلام هەموویان دڵسۆز بوون و من لەهەمان رۆژی یەکەمەوە هەستم کرد یەکێکم لەوان. لەوانەیە، لەو روانگەیەوە کە لاوترین ئەندامی دەستەی نووسەران بووم کە زۆربەیان ئەزمونێکی درێژیان لەدواوەبوو، پەیوەندیمان توندوتۆڵبوو و جۆرێك هەستی هاودەستی لەنێوانماندا دروست بوو کە هەرگیز بەتێپەڕینی ژیان نەڕووشا. هاوڕێیەتیمان بەوجۆرەی خۆی نمونە بوو لەبەرئەوەی مانەوەو سەقامگیری ئەو هاوڕێەتیە بەسەر ناکۆکیەکانماندا زاڵدەبوو. ناکۆکیە سیاسیەکانمان زۆر قووڵبوون و تا دونیا لێکتر ببڕایە، ناسازگاریی بیروڕاکانیشمان توندتر دەبوو، بەلام بەردەوام توانیمان گۆرەپانی هاوبەش بدۆزینەوە و شانبەشانی یەکتر لەڕێگەی ئەو ئامانجانەدا کە بەئامانجی دادپەروەرانەمان دەزانین بجەنگێین.

هۆڵی نووسینەکە پانوپۆڕبوو، لەهەردووبەریەوە مێزەکان لەلای یەکەوە ریزکرابوون و لەوکەشە پڕچالاکیەدا، هەمووان بە سەرزیندویی و رووخۆشیەوە کاریان دەکرد و کەس سڵی لە گاڵتەی توند و پیس نەدەکردەوەو زویر نەدەبوو. یەکێك لەروخسارە دیارەکانی ئەوشوێنە **داریۆ بایۆتیستا**[1] بوو: نموونەیەکی سەیر لە بەنی ئادەم کە رۆڵی پێچەوانەی وەزیری دارایی بەرجەستەدەکرد و لە سپێدەوە بە پێشبینیە رەشبینانەکانی لەمەڕ داهاتووی تاریك ولێڵی ولات، کە زۆرجاریش راست دەردەچوون، شیرینی دەمەوبەیانی لەلای کارمەندە پایەبڵندترەکان تاڵ دەکرد. یەکێکیتر لە مرۆڤە سەیرەکانی ئەوێ **فیلیپێ گۆنزالێز تۆلێدۆ**[2] بوو: نووسەری بەشی مافی رۆژنامەکە کە دەتوت بۆ گەڕان و لێکۆڵینەوە لەدایکبووە و زۆرجار زووتر لەبەرپرسانی لێکۆڵینەوە، مەتەڵی زۆربەی تاوانەکانی هەڵدەهێنا و پەردەی لەسەر گەلێك نهێنی شاراوە هەڵدەدایەوە. **گیێرمۆ لانایۆ**[3] هەموو رۆژێك سەری لەکۆمەڵێك وەزارەت دەدا و هەواڵی بەدەست دەهێنا و بەفێڵێکی جادوگەریانە توانی تا سەردەمی پیریەتی بە منالی بمێنێتەوە. **رۆخیلیۆ ئێچڤێریا**[4] شاعیرێك لەرەگەزی گەورەکانی ئەدەب و بەرپرسی تایبەتنامەی بەیانیان بوو،

---

[1]. Dario Bautista

[2]. Felipe Gonzalez Toledo

[3]. Guillermo lanao

[4]. Rogelio Echeverria

که هەرگیز لەبەر رۆشنایی رۆژدا چاومان بەروخساری هەڵنەهات. یەکێك لە نەوەکانی خاڵەکانم، گۆنزالۆ گۆنزالیس، کە قاچی لەیاریی دووگۆڵیدا بەرکەوتبوو و لەگەچ گیرابوو، ناچاربوو بەردەوام بخوێنێتەوە بۆئەوەی وەڵامی هەموو پرسیارە جیاوازەکان بداتەوە و دواجار بووە پسپۆڕی هەموو بوارەکان. هەرچەندە لە زانکۆ یەکێکبوو لە باشترین یاریزانەکان، بەڵام باوەڕێکی پتەوی بە فێرکاری تیۆریی هەبوو و لە ئەزموون و فێرکاریی پراکتیکی بەباشتر و بەسوودتری دەزانی. لە پێشبڕکێی بوولینگی رۆژنامەنووساندا راستی بۆچوونەکەی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە بە هەمووومان سەلماند، لەبەرئەوەی لەباتی ئەوەی لەشەوەوە تابەیانی لەتەك ئێمە راهێنان بکات، بە کۆمەکی نامیلکەیەکی فێرکاریی بەووردی فێری بنەما و یاسا فیزیکیەکانی ئەو گەمەیە بوو و ئەوساڵە پاڵەوانیەتی بەدەستهێنا.

بە کۆمەڵەیەکی لەوجۆرەوە، هۆڵی نووسینەکە دەبووە شوێنێکی هەمیشەیی بۆ خۆشگوزەرانی و شادی و هەمووان پابەندی دروشمێك بوون کە داریۆ بایۆتیستا یان فلیپێ گۆنزالێس تۆڵدۆ بەردەوام دوپاتیان دەکردەوە: "**هەرکەس بێتاقەتە لەدواوەی لەقاقلەکەوەیە.** "سەرجەم ئەندامانی دەستەی نووسەران لەبابەتی نووسینی ئەوانیتر بەئاگابوون، و هەرکاتێك بیانتوانیبا یان ئەوانیتر پێویستیان بەیارمەتی هەبوایە، دریغیان لە یارمەتی و هاوکاری کردن نەدەکرد. هاوبەشی گشتی هێندە بەرفراوانبوو کە دەکرا بڵێیت هەمووان بەدەنگی بەرز دەیانووسی. بەڵام ئەودەمەی هەلومەرجەکە ناسك و هەستیار دەبوو، کەس هەناسەی نەدەدا. خۆزێ سالگار لەسەر تاکە مێزی ئابڕومەندەی ئەوسەری هۆڵەکە دادەنیشت و لەوێوە چاودێری سەرجەم کاروبارەکانی دەکرد و زۆرجار بەهۆی ئەونووسەرانەی لەژێردەستیدا کاریان دەکرد خۆی دەنواند و بەدەم هاتوچوونەوە زانیاری دەدانێ و زانیاری وەردەگرت و بۆ دامرکاندنەوەی نائارامی و هەڵچونە دەروونیەکانی، وەك جادوگەرە شارەزاکان، جادوی سەرسوڕهێنەرانەی ئەنجام دەدا. وابزانم، لەوئێوارە لەبیرنەکراوەدا کە گێیرمۆ کانوو مێز بە مێز بەهۆڵی نووسینەکەدا گەڕاندمی بۆئەوەی بە هاوکارەکانی داهاتووم بناسێنێت، شەرمنیە بێ دەرمانەکەم لەهەمووکاتێك زیاتر بوەهۆی دەردیسەری و سەرلێشێواویم. زمانم گیرا و ئەوکاتەی داریۆ بایۆتیستا، بێئەوەی لەکەس بڕوانێت، بەدەنگە بروسکەئاساکەی نەڕاندی: "**بلیمەتەکە هات**"، پێیەکانم سستبوون و ئەژنۆکانم کەوتنە لەرزیین.

نەمدەزانی چ کاردانەوەیەك بنوێنم و تاکە شتێك کە لەوکاتەدا بەبیرمداهات ئەوەبوو وەك ئەکتەرەکانی شانۆ کەمێك خۆم بنوشتێنمەوە، نیوسوڕێك بخولێمەوە، باوەشم

بەرەو هەموان بکەمەوە و بێئەوەی تەماشای کەسێکی تایبەت بکەم، بەدمنگێکی بێتین و هەندێك وشەی بێمانا، لەژێرلێوەوە بڵێم:

- لەخزمەتاندام.

تائێستاش بیرەوری پێکەنینە درێژ و گاڵتەجاڕانەکەی کۆمەڵەکە، هەستی سەرشۆڕیی و ئازوردەیی لەناخمدا بەئاگادێنێتەوە بەڵام هەرپاش ئەوەش ئەوەم بیردەکەوێتەوە ئەوکاتەی برادەرانە لەئامێزیان گرتم و هەریەکەیان بەزمانێکی میهرەبانانە و بەشێوەی تایبەتی خۆی بەخێرهاتنی کردم، چ ئاسودەییەکی دڵگیر سەرتاپای گرتمەوە و چۆن پاش ئەوهەڵچوونە سەرەتاییە هەناسەیەکی خۆشیم هەڵکێشا و ئەویم بەماڵی خۆمزانی. لەوچرکەیە بەدواوە، یەکێك بووم لەو پڵنگە بەبەزەییانە، کە هاوڕێیەتی و دۆستایەتیان سەقامگیر و پتەو مایەوە. هەر زانیاریەکم لەمەڕ نووسینەکانم پێویستبا، هەرچەندە کەم بەهاش بوایە، لە نووسەری پسپۆڕی ئەوبوارەم دەپرسی و هەرگیز پشتیان چۆڵ نەکردم.

یەکەمین وانەی گەورەی پەیامنێریی لە گێبرمۆ کانووە فێربووم و سەرجەم ئەندامانی دەستەی نووسەران، رۆژێك عەسر کە تەرزەیەکی لافاوئاسا سێ کاتژمێری تەواوەتی بەسەر بۆگۆتادا باری و لافاوی نووحی خستەوەبیری زۆرکەس، لەو ئەزموونەدا هاوبەشییان کردم. لافاو بەشەپۆلەوە بەسەر شەقامی خیمینسدا سەرەولێژبووەوە و هەرچییەك لەسەرەوخوارکەکاندا کەوتە سەررێگەی لەبنەوە رایماڵی و لەپاش خۆی ئەوکۆڵانە وێرانانەی بەجێهێشت کە هەواڵی کارەساتێکی گەورەیان دەهێنا. زۆربەی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانی گواستنەوە، کە غافڵگیر ببوون، لەجووڵە راوەستابوون هەزاران رێبوار پەنایان بۆ نهۆمە بەرزەکانی ئەوبینایانە بردبوو کە ئاو چووبوە ناویانەوە و هێندە خەڵك خزانە شوێنە سەلامەتەکان گەر دەرزیت فڕێبدابا بەر عەرد نەدەکەوت. نووسەرەکانی رۆژنامە، کە لەدواساتەکانی کاتی کارگێڕیدا رووبەڕوی ئەو کارەساتە چاوەڕوان نەکراوە ببووینەوە، لەپەنجەرەکانەوە تەماشای ئەو دیمەنە مەرگەساتبارانەمان دەکرد و وەك منداڵی خەتاکار و تێهەڵدراو، سەرمان داخستبوو و نەماندەزانی چیبکەین. لەناکاو، گێبرمۆ کانوو، وەك ئەوەی لەخەوێکی قووڵ بەئاگاهاتبێت، رووی لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ماتەم گرتوو و حەپەساو کرد و هاواری کرد:

- ئەم تەرزەیە هەواڵێکی تەواوە!

رستەکەی ئامازەی فرمانێکبوو کە دەستبەجێ جێبەجێکرا. بەرەو مێزەکانمان هێرشمان برد بۆئەوەی لەرێگەی تەلەفۆن و بەپێی بڕیاری خۆزێ سالگار، زانیاری پێویست بەتێکەڵاوی و پەراکەندەیی لەسەرچاوەی جیاوازوە کۆبکەینەوە و بەکۆمەڵ رێپۆرتاژی گەورەترین لافاوی سەدە بنووسینەوە. ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن و مەفرەزە

فریاگوزاریـەکانیتر، کـە لەهەلومەرجـە پێویـستەکاندا بەبێـسیم بـانگ دەکـران، بـەنێو قـەرەباڵغی ئۆتۆمبێلـە بێـشۆفێر و ڕێبەنـدانی شـەقامەکاندا گیریـان خواردبـوو. ئـاوەڕۆی ماڵەکان گیرابوون و بەرپرسانی ئاگرکوژێنەوە، سەرباری هەموو هەوڵ وماندوبونەکانیان، نـەیانتوانی بەسـەر دۆخەکـەدا زاڵ بـبن. بـەهۆی شـکانی یـەکێك لـەئاوگیرەکانی شـارەوە، بەناچـار چـەندین گـەڕەکیان بەتـەواوەتی چـۆڵ کـرد. لـە گەڕەکـەکانی تـریش، بـۆری ئاوەڕۆکان تەقین. شۆستەکان لەلایەن بەتەمەنە پەکەوتەو نەخۆشەکان و منالانەوە داگیر کرابـوون کـە توشـی خنکـاوی ببـوون. لەودۆخـە پەرێـشانەدا خاوەنـەکانی پێـنج بەلـەمی ماتۆریی تایبەتی ماسیگرتنی گەشت و گوزاریی لـە شـەقامی پانوپۆڕی کاراکاس، یـەکێك لەقـەرەباڵغترین ڕێڕەوەکـانی شـار، پێـشبڕکێی پاڵەوانـەتیان سـازکرد. خـۆزێ سـالگارا ئـەو زانیاریە جیاوازانەی بەنێو ڕۆژنامەنووسەکاندا بەش دەکرد کە سـات بەسـات دەگەیـشتنە دەستی بۆئەوەی ئەوان لەمەڕ ژمارەتایبەتیەکە، کە خۆرسکانە خەریکبوو دروست دەبوو، بەچڕوپڕی و لقوپۆپەوە لەشێوەی ڕاپۆرتێکدا ڕێکبخەن. وێنەگرەکان، بێئەوەی تەنانـەت بواری داکەندنی بارانپۆشەکانیان ببێت دەچوونە تاقیگەی چاپ و وێنـەکانیان بەگـەرمی چاپ دەکرد. کەمێك پێش سەعات پێـنج، گێیرمـۆ کـانوو وتـارێکی شـیکاریی نووسـی کـە هەڵقولاوی ئەو بابەتانەبوو کەلەسەر یەکێك لەپڕکەسەرترین ئەولافاوانەی لـەبیرەوەری ئەوشارەدا مایەوە، کۆکرابوونەوە. ئەودەمەی باران وەستا، ژمارە تایبەتەکەی ئالسپیکادۆر، تەنها بە کاتژمێرێك دواکەوتنەوە، وەك هەموو ڕۆژەکانیتر دابەش کرا.

هەرچـەندە ئاسـتەمتر و درەنگـتر لـەوانیتر لەگـەڵ خـۆزێ سـالگار ڕێکـەوتین، بـەڵام پەیوەنـدیمان بـەردەوام سەرچـاوەی داهێنـانێکی گـشتگیربوو و ئەوتایبەتمەندیـەش لەپەیوەندیەکانیتری جیا دەکردەوە. هەست دەکەم ئەوپێچەوانەی کێشەکەی منی هەبوو: بەردەوام لەهـەوڵی ئـەوەدابوو پـەیامنێرە هەمیـشەییەکانی ڕۆژنامەکـە ناچاربکات پـەرە بەتواناییـەکانیان بـدەن و بزوێنـەری خۆیـانبن، ئەمـەش لەکاتێکـدا کـە مـن تامـەزرۆی ئـەوەبووم یـەکێك بـەرەو ڕێگـەی ڕاسـت ڕێنـوێنیم بکـات. بـەڵام ئـەودوای بەرپرسـیاریەتیەکانم سـەرجەم کاتـەکانی داگیـر دەکـردم و جگەلـە یەکـشەممان هـەموو ڕۆژەکـانیتر سـەرقاڵبووم. وەای بۆدەچـم کـە سـالگار منـی بۆکـاری پـەیامنێری بەباشـتر دەزانـی، ئەمـەش لەکاتێکـدا ئـەوانیتر لـەبوارەکانی سینەما، ڕەخنـەی کتێـب و کاروبـارە ڕوناکبیریەکان کاریان لێدەکێشامەوە، لەبەرئـەوەی بـەردەوام بەچـاوی چیرۆکنووسێکەوە تەماشـایان دەکـردم. بـەڵام تاکـە خـەیاڵی مـن هەرلەسـەرتای کارکردنمـدا لـەبواری ڕۆژنامەوانی، ئەوەبوو ببمە پەیامنێر و لەوەش دڵنیابووم مامۆستایەکی باشتر لە سالگارام چـنگ ناکـەوێت، بـەڵام بەداخـەوە ئـەو هـەموو دەرگاکـانی بـەڕوودا دادەخـستم، ڕەنگـە

بەوئومێـــدەی خـــۆم بیانـــشکێنم و بـــەزۆر بـــچمەژوورەوە. هاوکاریـــەکی زۆر باشمـــان پێکەوەهـــەبوو، بـــەرێزوپڕ لەچـــالاکیەوە، و هـــەرجارەو بابـــەتێکم دەدایەدەســـتی کەلەسەرداوای گێیرمۆ کانوو یان ئێدواردۆ سالامسا نووسیبووم، بەبێ هەرجۆرە رق و توڕەییـ‌ـت وەریدەگرت، بەڵام ئامادەنبوو دەست لە رێوڕەسمە رۆتینـەکان هـەڵبگرێت. دەموچاوی تیکدەچوو، وەك ئەوکەسەی هێز دەداتە بەر خۆی بۆئەوەی تەپەتۆری سـەری بتلێك دەربهێنێ و بەحاڵەتێکی زۆر جدیەوە، کە کەمیك بـە دروستکراو دەهاتەبەرچاو، ئامۆژگاریە هەمیشەیەکەی بۆ سەدەمینجار دوپات دەکردەوە:

- راستەوخۆ بچنەسەر کرۆکی بابەتەکە و رێك ئامانجەکە بپێکن.

بەڵام، هەرگیز مامەڵەی توونـد و قسەکانی هەڵشاخاوانە نەبوو. تەواو بەپێـچەوانەوە: بەنەزاکـەت و بەئـەدەب بـوو، ناخۆشـیەکان رایانهێنـابوو و پلـە پلـە بەسـەر پەیـژەی پێشکەوتندا سەرکەوتبوو، لەتەمەنی چواردەساڵیدا قاوەی بۆ کارمەندەکانی بڵاوکراوەکـە تێـدەکرد و وردەورده لەسـایەی توانـاو ئارەزویـدا بوبـە بـەهێزترین سـەرۆکی دەسـتەی نووسـەرانی وڵات کـە توانـا پرۆفـشناڵانەکەی قسەی هەڵـدەگرت. وابـزانم، بـەوەی کـە دەیبینی تواناییەکانم بە گەمەی شاعیرانەو کاری ئاهەنگ ئامێزانە بەفیرۆ دەدەم، ئەویش لە وڵاتێکدا کـە پێویـستی بـە پـەیامنێری جدی و لێهاتوو هـەبوو، توڕەدەبـوو و بـەهیچ نرخێك ئامادەنـەدەبوو چـاو لەهەڵـەکانم بپۆشـێت. بەپێـچەوانەوە، مـن لـەوباوەڕەدابووم هیـچیەك لـەبوارەکانی رۆژنامەنووسـی نەیانـدەتوانی بەباشـی رێپۆرتـاژ دەربـڕی ژیـانی رۆژانەبن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستا بەدڵنیاییەوە لەوە تێدەگەم کە ئینکاری هەردووکمان بۆ رەونەقبەخشین بەو ژانرە، کاریگەرترین پاڵنـەرێك بـوو کـە هـەلی ئـەوەی بـۆ رەخـساندم خەیاڵە سرکەکەم بەند بکەم و بەرگی واقیعی بەبەردا بپۆشم.

ئـەو هەلـەی بۆیدەگـەڕام، کاتـژمێر یازدەوبیـست خولـەکی بـەیانی ٩ی ژووەنـی ١٩٥٤، ئەوکاتەی پاش سـەردانی یـەکێك لەهاوڕێکانم لـە گرتووخانـەی نمونـەیی بۆگۆتـا بـەرەو نووسـینگەی رۆژنامەکـە دەچـوم لـەپڕ لەبەردەممـدا دەرکـەوت. ئەوسـەربازانەی تاسـەر دەمیان چەکداربوون، کە دەتوت بۆ جەنگ دەچن، لەبولواری سپتیما، لەدووسـەد مـەتری ئەوشـوێنەی شـەش سـاڵ لـەوەوپێش خـۆرخێ ئـەلیێر گایتـان لـەوێ کوژرابـوو، رێگـەیان لەژمارەیـەك فێرخـواز بەسـتبوو و رێگـەیان لەبەرەوپێشـچونیان گرتبـوو. رێپێـوانێکی بەرفراوان بوو بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەبەرامبەر مردنی ئـەو فێرخـوازەی رۆژی پێشووتر بـەدەستی سەربازەکانی تیپی"کۆلۆمبیا"کە بۆ بەشداریکردنی لە جـەنگی کۆریـا پەروەردەکرابوون، کوژرابوو و بەیەکەمین کاردانەوەی توندی جەماوەر لەدژی حکومەتی دەستنیشانکراوی هێـزە چـەکدارەکان لەقەڵـەم دەدرا کـە بـە پێکـدادان کۆتـایی هـات. مـن

تەنها گوێم لە هاواری تووڕەی فێرخوازەکان دەبوو کە بەنیازبوون ڕێپێوانەکەیان تا بەردەم کۆشکی سەرۆك کۆماریی درێژە پێبدەن و نەڕەی فرمانی ئەو هێزە سەربازیانەی ڕێگەیان لەوکارە دەگرت. لەو هاتوهاوار و هەڵچوونەدا، نەمدەتوانی تێبگەم چی دەڵێن، بەڵام بەباشی هەستم بە ناهێمنی دۆخەکە دەکرد کە هەواڵی ململانێیەکی توندی بەدوای خۆیدا دەهێنا. لەناکاو، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، دەنگی دەستڕێژی ڕەشاش هاتەگوێ و هەر لەدوای ئەوەش، دوو دەستڕێژی یەك لەدوای یەکیتر بەرگوێ کەوت. ژمارەیەك لە فێرخوازەکان و چەند ڕاگوزەرێك هەر لەوێدا کوژران. ئەوکەسانی بەسەلامەتی دەرچووبوون دەیانویست بریندارەکان بگەێنە نەخۆشخانە، بەڵام ئەو قۆناغە تفەنگانەی لەوکاتەدا بەسەریاندا داباری لەوکارە پەشیمانی کردنەوە. هێزە سەربازیەکان خەڵکیان لەوناوچەیە بڵاوەپێکرد و شەقام و کۆڵانەکانی ئەوناوەیان داخست. لەپڕ سەرجەم ڕووداوە ترسناك و کارەساتبارەکانی ٩ی ئابریل، کە لەهەمان کاتو لەهەمان شوێندا ڕوویاندابوو، لەبیرەوەریمدا زیندوبوونەوە.

بەپەلە خۆم گەیاندە بیناکەی ئال سپیکادۆر، کە سێسەدمەتر زیاتر لەوێوە دوورنەبوو و سەرجەم ئەندامانی دەستەی نووسەرانم بەحاڵەتی ئامادەباشی بینی. پچڕپچڕ، ئەوەی توانیبووم لە شوێنی کوشتارەکە بیبینم گێڕامەوە و سەیرلەوەدایە یەکێك لە هاوکارەکانم کە هیچی لەورووداوە نەدەزانی، هەڵەکەداوان، سەرقاڵی نووسینی یەکەمین ڕاپۆرت بوو لەسەر شناسی نۆ فێرخوازە کوژراوەکە و باروودۆخی بریندارەکانی نەخۆشخانەکە. لەوەدڵنیابووم کە بەرپرسیاریەتی نووسینەوەی بەسەرهاتی پێکدادان و بارگرژیەکەی ئەو ڕۆژە بەمن ڕادەسپێرن لەبەرئەوەی تاکەکەسێکبووم کە ڕووداوەکەم بینی، بەڵام گیێرمۆ کانوو و خۆزێ سالگار پێشتر ڕێکەوتبوون کە دەبێت ڕاپۆرتی ئەو بەسەرهاتە گروپ کاری لەسەر بکات و هەرکەسەو بەبەشی خۆی کاری تێدا بکات. سەرپەرشتیاری نووسەران، فیلیپێ گۆنزالێس تۆلدۆ، دواجار سەرجەم دەقەکانی ڕێکدەخستەوە.

فلیپێ، کە بەهۆی پەستبوونی منەوە نیگەرانببوو، وتی - **خەیاڵت ئاسوودەبێ، خەڵکی دەزانن لێرە کارەکانمان گروپیە، هەرچەندە بابەتەکان بەبێ ناوی نووسەرەکانیان بڵاودەکرێنەوە.**

ئۆلیسیسیش دڵنەوایی دامەوە وتی ئەوبابەتەی دەبێ بینووسم دەتوانێ ببێتە گرنگترین بابەت لەبەرئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بە گرفتێکی کۆمەڵایەتی لەرادەبەدەر هەستیارەوە هەبوو. ڕاستی دەکرد، بەڵام ئەو نووسینە هێندە هەستیاربوو و کاریگەریی لەسەر ڕێڕەوی سیاسی ڕۆژنامەکە هەبوو کە دواجار یەك دووکەس لە گرنگترین

بەرپرسەکانی بڵاوکراوەکە بەهاوبەشی نووسیانەوە. بەباوەڕی من وانەیەکی تەواو بەنرخ بوو بۆهەمووان، بەڵام دڵی منی ئازاردا و تەواو زویری کردم. پاش ئەو رووداوە، مانگی هەنگوینی دەوڵەتی دەستنیشانکراوی هێزە سەربازیەکان و رۆژنامە لیبراڵیەکان کۆتایی پێهات. هەشت مانگ پێشتر دەستی پێکردبوو، ئەودەمەی ژەنراڵ رووخاس پینییا دەسەڵاتی گرتەدەست و جەماوەر، پاش لافاوی خوێن و کوشتارەکانی دوو دەوڵەتە پارێزکارەکە، بۆماوەیەك هەناسەیەکی ئارامیان هەڵکێشا و ئەوئاسوودەییە تا رۆژی کارەساتەکە درێژەی هەبوو. منیش، وەك پەیامنێرێکی تازەکار و ناشی و خەیاڵخۆش کە گەلێك سەودا مێشکی پڕدەکردم، یەکەمین ئەزمونی چارەنووس سازی خۆم تێپەڕاند.

ماوەیەك پاش ئەوە، وێنەی منالێکی بێخاوەن بڵاوکرایەوە کە لەسەر تەختەی شانۆی پزیشکی یاسایی نەیانتوانیبوو شناسی دیاریی بکەن و وەك ئەو منالە ونبووە هاتەبەرچاوم کە چەندرۆژێك پێشئەوە وێنەکەیان چاپ کردبوو. ئەو وێنەیەم پیشانی فلیپێ گۆنزالێس تۆڵدۆی بەرپرسی بەشی دادوەریدا و ئەویش تەلەفۆنی بۆدایکی ئەو منالەکرد کە هێشتا نەدۆزرابووەوە. دایکی منالە ونبووەکە لەبەرهەیوانی تەختەی شانۆکەی پزیشکی یاسایەکە چاوەڕوانی من و فلیپەی دەکرد. هێندە داماو و لاواز و پەکەوتە دەهاتەبەرچاو کە لەقوڵایی دڵمەوە حەزمدەکرد ئەوەمنالی ئەونەبێت. لە ژێرزەمینە بەرین و سەهۆڵبەستووەکەدا، لەژێر روناکی توندی گڵۆپەکاندا، نزیکەی بیست مێز لەتەنیشت یەکەوە ریزکرابوون و لەسەر هەریەکەیان لاشەیەك بەدیدەکرا، کە لەیەکەم نیگادا وەك کەڵەکەبەرد دەهاتەبەرچاو کە لەژێر متیلێکی کۆندا حەشاریان دابێت. بەدوای پاسەوانە هێمن و خوێنساردەکەدا تا تەنیشت مێزی پێش کۆتایی ژێرزەمینەکە چوینە پێش. لە خوارەوەی متیلەکە، بنی کۆمەڵێك پۆتینی کۆن و هەندێك نەعلی ڕزیو دەرکەوتبوو. ژنەکە ناسیەوە، رەنگی شین هەڵگەڕا، بەڵام بەوپەڕی توانا وبڕستیەوە خۆیراگرت، تائەوەی پاسەوانەکە بەجوڵەیەکی شانۆییانە و خێرا، وەك گابازێکی چالاك، متیلەکەی لەسەر لاشەکە هەڵدایەوە. لاشەیەکی تەمەن نۆساڵ، بەجووتێك چاوی کراوەو حەپەساو دەرکەوت، هێشتا هەمان ئەوبەرگە شڕەی لەبەردابوو کە ئەودەمەی چەندرۆژێك پاش مەرگی، لە چاڵی تەنیشت شەقامەکە دۆزیانەوە، لەبەریدابوو. دایکەکە قیژاندی، نەیتوانی خۆی بەپێوە رابگرێت و بەدەم قریشکەو لاواندنەوە، کەوت بەعەردا. فلیپە بەرزیکردەوە، بە قسە ئارامیی بەخشەکانی کەمێك لە هەڵچوون و پەلکوتینەکانی دامرکاندەوە، و ئەمەش لەکاتێکدابوو من بیرم لەوەدەکردەوە کە ئایا ئەو پیشەیەی من بیرم لێدەکردەوە بینینی ئەوجۆرە دیمەنانەی دەهێنا. ئێدواردۆ بە لێبڕاویەوە بەنەخێر وەڵامی دایەوە. ئەویش لەوباوەڕەدابوو وەسفکردنی کارەسات و

رووداوە مەینەتبارەکان، کە سەرنجی گەلێك لەخوێنەرانی رادەکێشا، لە توانای هەرکەسێکدا نەبوو و کەسایەتی و رۆحیەتێکی تایبەت و دڵێکی رەق و خۆڕاگری گەرەکبوو. چیتر هەرگیز ئەو ئەزموونەم دوبارە نەکردەوە.

لەچەند هەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا، بەناچار بوومە رەخنەگری فیلم. هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە مۆڵەتی ئەوکارەم هەیە، بەڵام لەهۆڵی شانۆی ئۆلۆمپیای دوون ئانتۆنیۆ داکۆنتێ لە ئاراکاتاکا و دواتر لە قوتابخانەی گەڕۆکی ئالڤارۆ سێپدا، تارادەیەك بنەماکانی ئەو هونەرەم ناسیبوو، بەشێوەیەك کە دەمتوانی، لەسەر پێودانگی راست و سوودمەندتر لەوەی لەوماوەیە لە کۆلۆمبیا باویبوو، یاداشتی سینەمایی رێپیشاندەر بنووسم. **ئێرنێستۆ ڤۆلکنینگ**[1]ی نووسەر و رەخنەگری ئەدەبی بەرجەستەی ئەڵمانی، کە لەسەردەمی جەنگەوە لە بۆگۆتا نیشتەجێبوو، لە رادیۆی نەتەوەیی فیلمە تازەکانی دەخستە بەرباس و لێکدانەوە و رون و ئاشکرایە کە گوێگرەکانی تەنها خەڵکانی هونەرمەند بوون. جارناجار، لەنێو ئەوکەسانەی هاتوچۆی کتێبخانەی کاتالانیان دەکرد، جگەلە **لوویس ڤیسێنس**[2]، کە لەپاش جەنگی ناوخۆی ئیسپانیاوە لەبۆگۆتا نیشتەجێبوو، چاومان بەهەندێك رەخنەگریتریش دەکەوت، کە ئامادەبونیان لەوێ کاتیبوو. بەهاوکاری وێنەگری ئامادە، **ئێنریکە گراو**[3] و رەخنەگری وردبین **هێرناندۆ سالسیدۆ**[4] و هاوکاری **گلۆریا ڤالێنسیا دێ کاستانیۆ کاستیۆ**[5]ی ژنی ئەو رۆژنامەنووسە ورتوورِیایەی کە لەهەمووان زیاتر دیار و بەناوبانگ بوو، یەکەمین سینەماتێکی پایتەختی بنایاتنا. فیلمە ئەکشن و دراما سووتێنەرەکان لە وڵاتدا لایەنگری زۆری هەبوو، بەڵام سینەمای هونەری ناچاربوو بە بینەرە وشیارەکان قایل بێ‌و بەس، خاوەنی سینەماکان هەرجارەو کەمتر بە نمایشکردنی ئەو فیلمانە رەغبەتیان دەنواند کە لەسێ رۆژ زیاتر لەسەر پەردە نەدەمانەوە. دۆزینەوەی بینەری نوێ، لەنێو کۆمەڵێکی بێروخساردا، پێویستی بەفێرکاریەکی دژوار بەڵام مومکین هەبوو تا لەسایەیدا بۆ فیلمە بەبایەخەکان مشتەری پەیدا بکەین و هاوکاریی ئەو خاوەن سینەمایانە بکەین کە حەزیان دەکرد بەڵام توانای ئابوریان نەبوو تا فیلمی باشتر پێشکەش بکەن. گەورەترین گرفت ئەوەبوو کە خاوەنی سینەماکان دەستیان بەسەر بواری رۆژنامەنووسیدا دەڕۆشت و هەڕەشەی ئەوەیان لە

---

[1]. Ernesto Volkening

[2]. Luis Vicens

[3]. Enrique Grau

[4]. Hernando Salcedo

[5]. Gloria Valencia de Castano Castillo

بڵاوکراوەکان دەکرد گەر رەخنەی خراپ لەسەر فیلمە ناپوختەکان چاپ بکەن، چیتر ریکلامی سینەمایان نادەنێ - کە سەرچاوەیەکی بەرچاوی دەرامەتبوو - ئالسپیکادۆر یەکەمین رۆژنامەبوو کە مەترسی هەڵگرت و منیش بەرپرسیارکرام لەسەر فیلمە نوێکانی هەفتە بنووسم، هەڵبەتە بەشێوەی ناساندنێکی گشتی بەزمانێکی ساکار بۆ خوازیارانی ئاسایی هونەری حەوتەم، بەخۆبەدوورگرتن لەهەرجۆرە شیکاریەکی ئاڵۆز و زانایانە. هەر لەبەر دڵنیایی، بڕیاردرا بانگهێشتنامەی تایبەتی میوانە تایبەتیەکان بەکارنەهێنم، بۆئەوەی گەر پێویستی کرد بەڵگەیەکم لەبەردەستا هەبێ لەسەر ئەوەی بەپارەی خۆم بیتاقەم بڕیوە.

یەکەمین نووسینەکان، خەیاڵی خاوەنی سینەماکانیان ئاسوودە کرد لەبەرئەوەی کۆمەڵێك رەخنەی پۆزەتیف بوون دەربارەی هەندێك بەرهەمی سەرنجڕاکێشی سینەمای فەرەنسی. چەند دانەیەك لەو نووسینانەی لەخەیاڵما ماون بریتین لە: **پووچینی**، باسی چڕوپڕی ژیانی مۆزیك زانی گەورە، **قەڵای زێڕین**، بەسەرهاتی ژیانی گۆرانیبێژی بەناوبانگ **گریس مۆر**[1] کە شارەزایانە و سەرنجڕاکێش وێنە کرابوو و **ئاهەنگی ئانریت**[2]، کۆمیدیایەکی گونجاو لە دەرهێنانی **ژان دێلانۆیا**[3]. ئەوانەی لەبواری هێنانی فیلمدا کاریان دەکرد، کە لەکاتی هاتنە دەرەوە لەهۆڵی سینەما دەمانبینین، لەبەرامبەر نووسینە رەخنەییەکانمان خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی. لەبری ئەوە، ئالڤارۆ سێپدا، ئەودەمەی بەو بوێریەمی زانی، کاتژمێر شەشی بەیانی لەبارانکیاوە تەلەفۆنی بۆکردم و لەخەو رایپەڕاندم.

بەدەم پێکەنینەوە لەوبەر هێڵی تەلەفۆنەکەوە هاواری لێهەستا - **چۆن جورئەتت کرد، بەبێ مۆڵەتی من، رەخنە لەسەر فیلم بنووسیت، هەرزەکاری بێ ئابڕوو؟ جەنابتان خۆ سەر لە سینەما دەرناکەن. بەڕاستی بەقوربانی ئەو حەیایەتان بم!**

ئاشکرایە بووبە راوێژکار و هاوکاری هەمیشەییم، هەرچەندە هەرگیز لەتەك ئەوبۆچوونە تەبا نەبوو کە بەنیاز نەبووین نووسینگەیەکی هونەری دابمەزرێنین، بەڵکو تەنها دەمانویست ببینە رێپیشاندەری بینەرە رەشۆکیو بێ زانیاریەکە. رێکەوتن لەتەك ئەوانەی لەبواری هێنانی فیلمدا کاریان دەکرد، هەرگیز خۆش نەبوو. ئەوکاتەی روبەڕوی سینەمای بازرگانی عەیارە تەواو بووینەوە، تەنانەت ئەوانەی نەرمونیان و خۆڕاگربوون لەدەست ریتمی توندی رەخنەکانمان دەنگیان لێهەستا و دەستیان کرد بەگلەیی و

---

[1]. Grace Moore

[2]. Lafiesta de Enriqueta

[3]. Jean Dellanoi

گازندە. ئێدواردۆ سالامسا و گیێرمۆ کانوو بە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان دیدار و گفتوگۆی دۆستانە توانیان تاکۆتایی ئابریل سەرقاڵیان بکەن و ڕێگە لەهەڵچوونی تورەیەکانیان بگرن، تائەوەی یەکێك لەخاوەنی سینەماکان، کە بانگەشەی رابەرایەتی هەبوو، لەنامەیەکی کراوەدا بەوە تۆمەتباری کردین کە بینەران توشی سەراسیمەیی دەکەین تا زیان بە بەرژەوەندیەکانی ئەو و هاوپیشەکانی بگەیێنین. هەستم کرد گرێی سەرەکی گرفتەکە لەوەدابوو کە نوسەری نامەکە مانای وشەی سەراسیمەی نەدەزانی بەڵام لەهەمان کاتدا، تارادەیەك لەوە دڵنیابووم شەڕەکەمان دۆڕاندووە و بەزویی توشی شکست دەبین لەبەرئەوەی لەو کەشە ناهەموارەدا بەسەرنجدانی پێویستیە داراییەکانی ڕۆژنامەکە، وێناندنی ئەوەی دوون گابریل کانوو، تەنها لەبەر بەها و بنەما جوانیناسیەکان، چاو لە ریکلامە سینەمایەکان بپۆشێت، شتێکی مەحاڵ بوو. هەمان ئەورۆژەی نامەکەمان بەدەست گەیشت، کوڕەکانی و ئۆلیسسی بۆ دانیشتنێکی ئەدەبی بانگهێشتکرد و من لەوە دڵنیابووم بەشە سینەماییە کێشەسازەکە لادەبرێت و لەدڵەوە بۆمردنی فرمێسکم ڕشت و بۆهەمیشە لەنێو خەیاڵمدا بەخاکمسپارد. بەڵام، پاش کۆتایی دانیشتنەکە، دوون گابریل ئەودەمەی بەتەنیشت مێزەکەمدا تێدەپەڕی، بێئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە بکات، بە بزێویەکی سەر پیرانەو دەنگی بەسۆزی باپیرانەوە، وتی:

- بێخەمبە، بچکۆڵ.

ڕۆژی دوایی، لە"ڕۆژ بە ڕۆژ"دا وەڵامێکی توند بۆ جەنابی سەرمایەداری دڵنیگەران بڵاوبووەوە، کە گیێرمۆ کانوو بەئەنقەست بەشێوەیەکی ڕازێنراوە نووسیبووی و کۆتاییەکی تەواو رونو ئاشکرا پێگە و دیدگای ڕۆژنامەکەی دیاریی دەکرد: "بڵاوکردنەوەی ڕەخنەی سینەمایی جدی و بەرپرسیار کە کەمێك لە مەودای نێوان ئێمە و وڵاتە پێشکەوتوەکان کەم دەکاتەوە و خاڵی کۆتایهێنان بە نەریتی کۆن و زیانباری پیاهەڵدانە زمانلوسانە بێبنەماکانە، کە سنوری نێوان بەهاداریی و بێبەهایی دەڕوشێنێت و لەنێو بەها و گەندەڵیدا جیاوازیەك ناهێڵێتەوە، بەهیچ شێوەیەك هاوتای سەراسیمەکردنی بینەران یان زیانگەیاندن بە سەرمایەدارە خانەدانەکان نییە و ئەوانەی خۆیان نیازخراپن، ڕێگە و ئامانجیان لە ئێمە جودایە. "مەسەلەکە بە نامەیەك و وەڵامدانەوەیەك لەلایەن ئێمەوە کۆتایی پێنەهات. خاوەن و کارمەندەکانی سینەماکان قسەی ناشرینیان ئاراستە دەکردینو نامەی جیاوازمان لە خوێنەرە سەرلێشێواوەکانەوە پێدەگەیشت. بەڵام سەرجەم گوشارەکان بێسودبون: ستونی سینەمایی تائەوکاتە درێژەی

کێشا کە ڕەخنەی سینەمایی لە وڵاتدا شێوەی جدی و پرۆفشنالانەی وەرگرت و پێگەی گونجاوی خۆی لەنێو بڵاوکراوە و ڕادیۆدا چەسپاند.

پاش ئەو ڕووبەڕووبونەوەیە، لە کەمتر لە دووساڵدا، حەفتاوپێنج ڕەخنەی سینەماییم بڵاوکردەوە و بە حسابکردنی ئەوکاتانەی بەتەماشاکردنی فیلمەکانەوە بەسەرم دەبرد دەردەکەوت کە لەوماوەیەدا هونەری حەوتەم چەندە کاتی داگیر کردوم. سەرباری ئەمەش، شەشسەد یاداشت بۆ دوالاپەڕە، هەر سێ ڕۆژ جارێك بابەتێکی هەواڵیی بە واژۆ یان بێواژۆ و نزیکەی هەشتا ڕیپۆرتاژم لەوڕۆژانەدا نووسی. لەوەبەدوا، بابەتە ئەدەبیەکانم لە"گۆڤاری یەکشەممە"ی هەمان ڕۆژنامەدا چاپ بوو کە چەند چیرۆکێك و کۆمەڵەی تەواوەتی"سیێرپە"ی لەخۆ دەگرت، کەبەهۆی هەندێك بیروبۆچونی جیاوازی ناوخۆیی بڵاوکردنەوەی لە **لامپارا** درێژەی پێ نەدرا.

بۆیەکەمجار لەژیانـدا گرفتـی ئـابوریم نـەبوو، بـەڵام بـوارم نـەبوو چێژ لـەو ژیانـە وەربگرم. ئەو شوقەیەی ئامێرێکی جل شتنم بۆ بـەکرێ گرتبـوو، هـیچ نـەبوو تـەنها لـە ژورێکـی نوسـتن و گـەرماو و ئاودەسـتێك، تەلـەفۆن، نـانخواردنی ناوجێگـەی بـەیانیان و پەنجەرەیەکی گـەورە کـە بارانـە ئەبەدیـەکانی دڵگیرتـرین شـاری دونیـای نمـایش دەکـرد. تەنها لە کاتژمێری سێی نیوەشەوەوە، پاش کاتـژمێرێك خوێندنـەوە لـەوێ دەنوسـتم و بەدەنگی هەواڵەکانی بەیانیانی ڕادیۆکە لەخەو هەڵدەستام. پاش هەواڵەکان، کـە بیـستنی ناچـاریی بـوو گـەرنا لەدەنگوباسـی ڕۆژی وڵات و دونیـا بێئاگـا دەبـووم، بیناکـەم بەجێدەهێشت.

بەردەوام ئەو خەیاڵەم لەمێشکدابوو کە پاش ئەوهەمووساڵە ئاوەرەییە، کاتێك دواجار شـوێنێکی هەمیـشەییی و تایبـەتم هەیـە، هێنـدە گرفتـارم کـە تەنانـەت نـاتوانم بیریـشی لێبکەمەوە، و نیگەرانیەکی قوڵ چـنگ لـەدڵم گیردەکـات. بـە سـەرقاڵیە زۆرەکـانی ژیانـە تازەکەمەوە، تاقە مەسرەفی بەرچاوم ئەوپارەیـەبوو کـە کۆتـایی هـەموو مانگێـك، بـەبێ دواکەوتن، بۆ خێزانکەمم دەنـارد. تـازە ئـەمڕۆ هەسـت بەوەدەکـەم کـەمێك بـیر لـەژیانی تایبەتیم بکەمەوە. ڕەنگـە هێـشتا ئـەو بیرکردنەوەیـەی لـە منالێـەوە دایکـەکانی کـەناری کارایب بەگوێی منالەکانیاندا دەچرپاند لەوێژدانمدا بەزیندویی مابوەوە و هەستم دەکرد کـچانی بۆگۆتـایی بـەبێ خۆشەویـستی دەچـوونە نێوجێگـەی کەنارنـشینەکانەوە، تـەنها بۆئەوەی بەخەیاڵی ژیانی کەنار دەریاوە ئەوکاتەیان ببەنەسەر. بەڵام، لەیەکەمین بینـای زگورتیەتیمـدا لـەبۆگۆتا، بەبێکێـشە ئەوگرفتـەم چارەسـەربکەم، هەڵبەتـە ئەمـەش پاشئەوەی لە دەرگاوانەکەم پرسی ئایا هاوڕێ مێینەکانم دەتوانن بەشەواندا سەردانم بکەن و ئەویش زۆر زیرەکانە وەڵامی دایەوە:

- جەناب ئەوکارە قەدەغەیە، بەڵام من ئەوشتەی پێویست بکات نەیبینم نایبینم.

کۆتایی ژوویە، ئەورۆژەی سەرقاڵی نووسینێکبووم بۆ دوالاپەڕە، حۆزێ سالگار، بێخەبەر، لەبەردەم مێزەکەم دەرکەوت و بەبێ دەنگی لێم وردبووەوە. بەنیوەناتەواوی دەستم لەوڕستەیە هەڵگرت کە خەریکی نووسینی بووم و بەوردبینیەوە لێمپرسی:

- چیبووە؟

تەنانەت یەکجاریش چاوی نەتروکاند و لەکاتێکدا کە قەڵەمەسوورەکەی لەنێو پەنجەکانیدا دەسوڕاند و بزەیەکی شەیتانانەی لەسەرلێو بوو کە بەتەواوەتی نیازەکەی ئاشکرا دەکرد، بەردەوامبوو لە تەماشاکردن. بێئەوەی پرسیارێکم کردبێت، ئەوەی بۆ رون کردمەوە کە ئەرکی نووسینی رێپۆرتاژی کوشتاری فێرخوازەکانی بلواری سێپتامای بەمن نەسپاردبوو لەبەرئەوەی دارشتنی ئەو راپۆرتە بۆ رۆژنامەنووسێکی تازەکار زۆر ئاستەم بوو. لەبری ئەوە، بە مۆڵەت و لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆی، زۆر راستەوخۆ و بێئەوەی مەبەستی بێت هانم بدات، بە پێشنیارێکی کووشندە، بەکردەوە بڕوانامەی پەیامنێری پێبەخشیم:

- بۆ ناچیتە مێدین و لەمەسەلەکە ناکۆڵیتەوە بۆئەوەی بزانین بەڕاستی لەوێ چی روویداوە؟

یەکەمجار مەبەستەکەیم بۆ دەرنەکەوت، لەبەرئەوەی لەسەر رووداوێك قسەی دەکرد کە زیاتر لەدووهەفتە لەوەپێشەوە روویدابوو و پێدەچوو هەواڵێکی سووتاو بێت. دەمانزانی بەیانی ١٢ی ژوویە بەشێك لە زەویەکانی **میدیا لیونا**[1]، ئەو ناوچەیەی بەرزەی دەکەوتە باکوری مێدینەوە، دارمابوو بەڵام هەراوزەنای رۆژنامەنووسی، پەرێشانی و سەرلێشێواوی و راگەیەندراوە ناکۆکەکانی بەرپرسەکان و مەترسی کارەسات بەرکەوتووەکان ببوەهۆی سەرهەڵدانی بارودۆخێکی ئاڵۆزی پڕاوپڕ لە گرفتی کارگێڕیو مرۆیی پڕ لە کەسەر کە ئاشکراکردنی راستیەکانی دژوار دەکرد.

تائەوکاتە خەڵکی دەربارەی مێدیین شتێکی ئەوتۆیان نەدەزانی جگەلەوەی کارلۆس گاردل لە رووداوێکی ئاسمانیدا لەوێ ببوە پڕپۆڵەو مردبوو. من ئەو دەفەرەم بە سەرزەمینی نووسەران و شاعیران دەزانی و دەشمزانی ئامادەیی پێرسێنتاسیۆن کە مەرسیدس بارچا لەوێ دەیخوێند یەکێك بوو لەناوەندە پەروەردەییە بەناوبانگەکانی. لەبەرامبەر بەسەرهاتێکی لەوچەشنە شێتانەیە، هەرگیز بەشتێکی ناواقیعیم نەدەزانی بەسەرهاتی مەرگی بەکۆمەڵی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بەژێرەوە بوو بەش بە بەش

---

[1]. Media Luna

زیندوو بکەمەوە. بەوشێوەیە، کاتژمێر یازدەی بەیانی بە فڕۆکە گەیشتمە مێدیین و ڕووبەڕووی لافاوێکی هێندە ترسناك بوومەوە کە بەدورم نەزانی ببمە دواهەمین قوربانی ئەو دارمانە.

جانتاکەم لە ئوتێل **نوتیبارا**[1] دانا، کە جگەلە یەك دوو پارچە جل و بۆینباخێك بۆ کاتی پێویست، هیچیتری تێدانەبوو و بەبێ ئامانج بەشەقامە شاعیرانەکانی شارەکەدا کە هێشتا نیشانەی وێرانیەکانی ڕەشەباکەی پێوە دیاربوو کەوتمە گەڕان. ئالڤارۆ مووتیس لەگەڵم هاتبوو بۆ ئەوەی ترسی سەفەرکردن بەفڕۆکەم لەدڵدا دابمرکێنێتەوە و ناونیشانی یەك دوو کەسی دەسەڵاتدارم بداتێ کە لەکاتی پێویستدا پەنایان بۆببەم. ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەکە ئەوەبوو کە نەمدەزانی لەکوێوە دەست پێبکەم. بەبێ هیچ مەبەستێکی دیاریکراو، بەوشەقامانەدا سوڕامەوە کە هەتاوی شکۆمەندی پاش لافاو تەپوتۆزە زێڕینەکەی بەسەریاندا دەپژاند و پاش کاتژمێرێك وێڵبوون بەوشارەدا ناچاربووم لەژێر سەقفی گەنجینەیەکی چۆڵدا پەنابگرم لەبەرئەوەی پێشئەوەی هەتاو لەپانتایی ئاسماندا ونببێت، جارێکیتر تەرزەیەکی توند دەستی بەبارین کرد. ئەوکات، ترس کەوتەگیانمەوە و هەستم بە یەکەمین نیشانەکانی دڵەڕاوکێ کرد. پشتم بەفێڵە ئەفسوناویەکەی باپیرم بەست کە لەگۆڕەپانەکانی جەنگدا بەکاریدەهێنا، بەوئومێدەی شکۆمەندی لە دەروونمدا زیندوو بکاتەوە، بەڵام ترس لەسەر ترس کەڵەکە دەبوو و دواجار وەرەم دۆڕاند و هەستمکرد شکستم خواردووە. گەیشتمە ئەو ئەنجامەی هەرگیز توانای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەم نەبوو کمە پێیان ڕاسپاردبووم و هەر لەیەکەمجارەوە دەبوو ئەو جورئەتەم تێدابوایە دانم بە بێتوانایەکەمدا بنابا. پاش ئەو ململانێ دەروونیە، تێگەیشتم کە باشترین شت ئەوەیە نامەیەکی سوپاسگوزاری بۆ گیێرمۆ کانوو بنووسم و دەست لەگونان درێژتر بگەڕێمەوە بارانکیا و ملکەچی هەمان ئەو بارودۆخە بەداخەی شەش مانگ پێشووتر ببمەوە.

ئەوکاتەی بڕیارمدا و هەستم کرد لەدەست ئەو دۆزەخە ڕزگاربووم، هەناسەیەکی خۆشیم هەڵکێشا و هێندە هەستم بەبارسووکی کرد کە دەتوت شاخێکیان لەسەر شان هەڵگرتووم و سواری تەکسی بووم بۆئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئوتێلەکە. لە هەواڵەکانی نیوەڕۆدا، دوو شیکەرەوەی ڕادیۆیی دەربارەی ئەو کارەساتە قسەیان دەکرد و ڕیتمی قسەکانیان هێند پڕئازاربوو دەتوت دوێنێ کێوەکە دارماوە. شۆفێری تەکسیەکە بەهاوار داخی دەروونی هەڵڕشت، باسی کەمتەرخەمی دەوڵەتی دەکرد و باسی ئەوەی دەکرد کە

---

[1]. Nutibara

زیان بەرکەوتووەکان لە چ دۆخێکی نائاسایی ناهەمواردا دەژیان و چۆن مشتێك خەڵکی بەلاشخۆر هەموو ئەو یارمەتیانەیان بەتالان بردووە کە بۆ خەڵکەکە ڕەوانە کرابوون، منیش بەبێ هیچ هۆکارێك هەستم بەتاوان و شەرمەزاریی کرد. چیتر باران نەدەباری و ئاسمان ساف و هەوا خۆش و دلگیربوو، تەقینەوەی بۆنی گوڵەکان کەشی پارکەکەی لێوانلێوکردبوو لە بۆنی گوڵاو. لەناکاو، بێئەوەی خۆشم هۆکارەکەی بزانم، هەڵچوونێکی شێتانی سەرتاپای بوونمی لەراندەوە و هێزێکی بێهەوساری بەمن بەخشی.

بە شۆفێرەکەم وت ـ **شتێك دەکەین؛ پێشئەوەی بمگەیێنیتە ئوتێلەکە، باسەرێك لەشوێنی ڕووداوەکە بدەین.**

وەڵامی دامەوە: **بەڵام لەوێ چ باس نییە و شتێکی ئەوتۆت دەست ناکەوێت کەبەکەڵکی بینین بێت، تەنها ژمارەیەك مۆمی داگیرساو و هەندێك سەڵیبی بچوك نەبێت کە لەیادی مردووە بەخاك نەسپێردراوەکان لەعەرد چەقێنراون.**

بەوشێوەیە، لەوە تێگەیشتم کە قوربانیەکان و سەرجەم ئەوکەسانەی بە سەلامەتی دەرچووبوون خەڵکی گەڕەکە جیاوازەکانبوو کە پاش یەکەمین دارمان بەکۆمەڵ خۆیان گەیاندبووە شوێنی ڕووداوەکە بۆ ئەوەی بریندارەکان رزگار بکەن و لاشە بێگیانەکان دەربهێننەوە. کارەساتە گەورەکە ئەوکاتە ڕوویدا کە ژمارەی خەڵکی زیادی کرد و بەشێکیتری کێوەکە بەشێوەیەکی ترسناك و مەرگەساتبارانە دارما. بەوپێیە، ئەو تاقەکەسانەی دەیانتوانی بەتەواوەوتی بەسەرهاتەکە بگێڕنەوە ئەو ژمارە کەمانە بوون کە لەو دوو دارمانە بەسەلامەتی دەرچووبوون و لەوشارە دەژیان.

لەکاتێکدا هەوڵمدەدا لەرزینی دەنگم ئاشکرا نەبێت، بەشۆفێرەکەم وت ـ **ئێستا تێگەیشتم. کەواتە بمبە بۆ ئەوشوێنەی زیندوەکانی لێیە.**

لەناوەڕاستی جادەکەدا گەڕایەوە و بەپێچەوانەی ئەوئاراستەیەی بڕیبوومان لێیخوڕی. بێدەنگیەکەی تەنها لەبەر خێراییە زۆرەکەی نەبوو، بەڵکوو هۆکارێکی تریشی هەبوو، شۆفێرە تووڕەکە دەیویست ڕاستی قسەکانیم پێ بسەلمێنێت.

دوو کوڕی منداڵی تەمەن هەشت و یازدە ساڵ سەرەداوەکەیان پێشکەشکردم کە سێشەممە ١٢ی ژووییە کاتژمێر حەوتی بەیانی بەنیازی داربڕین لەماڵ دەرچووبوون. چەند سەد مەترێك لەماڵەکەیان دوور کەوتبوونەوە کە هەستیان بە لەرینەوەی دارمانەکە کرد و بینیان چۆن تاشەبەردەکان لەکێوەکەوە سەرەوخوار دەبنەوە و بەرەو ڕوویان تل دەبنەوە. مەترسیەکە بەپەناگوێیاندا تێپەڕی. سێ خوشکی بچوك و دایك و برا منداڵەکەیان لەخانوەکەدا گیریان خوارد. تەنها ئەو دوو کوڕە منداڵە و باوکیان کە پێش

هەڵهاتنی خۆر بەمەبەستی لم بارکردن دەکیلۆمەترێك لەماڵەکە دوور کەوتبووەوە بەسەلامەتی دەرچووبوون.

شوێنی رووداوەکە لەنزیك دەباخانەیەکی کۆنەوە بوو لەپەراوێزی جادەی مێدیین بەرەو **ریۆنیگرۆ**[1] کە زۆرجار کاتژمێر هەشتی بەیانی کەس بەوێدا گوزەری نەدەکرد تا ببێتە قوربانی ئەو بەڵا سروشتیە. هەواڵی ئەو رووداوە هێند زیادەڕەوانە لە رادیۆکانەوە بڵاو کرایەوە و هێندە ترش وخوێ کرا و بەسەرهاتی ترسناکی دیمەنە کارەساتبار و خوێناویەکانیان هێند بە وردەکاری ورووژێنەرانە گەیاندە گوێی خوێنەران و داوای کۆمەکی بەپەلە و خێرایان کرد کە یەکەمین هاولاتیە خۆبەخشەکان، پێش بەرپرسانی ئاگرکوژاندنەوە بەفریای برینـدارەکان و زیانبەرکەوتووەکان گەیشتن. نیوەڕۆ دوو دارمانیتر روویدا بەڵام قوربانی لێنەکەوتەوە، هەرچەندە زیاتر پەرەی بەهەڵچوونی خەلکیدا و یەکێك لەکەناڵە رادیۆیە ناوخۆیەکان پەیامنێرەکەی رەوانەی شوێنی رووداوەکە کرد بۆئەوەی راستەوخۆ و ساتبەسات گوێگران لە وردەکاریەکان ئاگادار بکاتەوە. لەوکاتەدا، زۆربەی دانیشتوانی گوند و ناوچە دراوسێکان لەوشوێنەدا کۆببوونەوە،، بەتایبەت سەرجەم خەڵکە فزوولیەکانی شار کە هاتوهاواری رادیۆکان لەماڵ رایکێشابوونە دەرەوە و ئەو موسافیرانەی کە لەپاسی هێڵی نێوان شارەکان دابزیبوون و ببوونە هۆی دەردیسەری تا کۆمەك و هاوکاری. جگەلە لاشەی ئەو چەندکەسەی بەیانیەکەی مردبوون، نزیکەی سێسەد برینداری ئەو دوو دارمانەیان لەتەنیشت یەکەوە پاڵخستبوو. لەدوا کاتەکانی عەسردا، زیاتر لەدووهەزار خۆبەخش ناشیانە یارمەتی زیان بەرکەوتووەکانیان دەدا. پاش خۆرئاوابوون، شوێن نەبوو بجوڵێتەوە و بەزەحمەت دەکرا هەناسە بدەیت. سەعات شەش، ئەوکاتەی قەرەباڵغیکە گەیشتە لوتکە، دارمانێکی ترسناك و وێرانکەری تر روویدا و شەشسەد هەزار مەتر چوارگۆشە بەرد، بەنەرمیەکی ترسهێنەرانە، لە کێومکە دارما و هێندە قوربانی لێکەوتەوە کە گەر لە پارکی **بێریۆ**[2] ش روویدابا هەرئەوەندە قوربانی دەبوو. کارەساتەکە هێند خێرابوو کە دکتۆر **خاڤێر مۆرا**[3] ی بەرپرسی کاروباری ئاوەدانکردنەوەی شارەوانی، لەنێو وێرانەکاندا لاشەی کەروێشکێکی دۆزیەوە کە نەیتوانیبوو رابکات.

دووهەفتە دواتر، ئەوکاتەی گەیشتمە ئەوشوێنە شوومە، تەنها توانیبویان شەستوچوار لاشە لەژێر وێرانیەکان دەربهێنن و ژمارەیەکی زۆر لە رزگارکراوەکان

---

[1]. Rionegro

[2]. Berrio

[3]. Javier Mora

پارێزرابوون. ژمارەیەکی کەمیان ببونە قوربانی دارمانەکە و هۆکاری مردنی زۆربەیان کەمتەرخەمی و تێکئالۆزکاوی نارێکوپێك و پەرێشانیان بوو. لەوێ، وەك کاتی بوومەلەرزەکە، ژمارەی ئەوکەسانەی بەکەڵك وەرگرتن لەودۆخە دیارنەمان بێئەوەی شوێنپێیەك بەجێبهێڵن و دەرئەنجام ناویان لەنێو دیارنەماوەکاندا تۆمارکرا و بەوفێڵە خۆیان لەدەست کێشەکانیان رزگار کرد - لەدەست خاوەن قەرزەکانیان هەڵاتن یان ژنێکیتریان هێنا - لەحساب نەدەهات. شایانی ئاماژەپێکردنە کە تارادەیەك بەختیش یاوەری خەڵکیبوو، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکانی دوایی ئاشکرایان کرد کە هەمان رۆژی یەکەم، لەکاتێکدا هێزە فریاگوزارەکان هەوڵی رزگار کردنی بریندارەکانیان دەدا، هێندەی نەمابوو برێکی زۆر لە تاشەبەردەکان دابڕمێ و ببێتەهۆی دارمانێکیتر بەقەبارەی پەنجاهەزار مەتری چوارگۆشە. پاش تێپەڕینی پازدە رۆژ، بەهاوکاری ئەوانەی لەمەرگ دەرباز ببون و دۆخی جەستەییو دەروونیان هاتبوەوەسەرخۆی توانیم بەسەرهاتێك زیندوبکەمەوە کە لەکاتی رووداوەکەدا، بەهۆی بارودۆخی ئاڵۆز و رێگریەکانی ترەوە، ببوو بەژێر بازنەیەك لە تەمومژەوە، لەبەرئەوەی بوارنەبوو راست و درۆ لەیەکتر جیابکەیتەوە.

تاکە ئەرکی من ئەوەبوو حەقیقەتی ونبوو لە گۆماوی گریمان و ئەگەرە ناکۆکەکاندا بدۆزمەوەو ئەو رووداوە مەینەتبارە بەبێ رەچاوکردنی هەلومەرجی سیاسی و سۆزداریی، بەوجۆرەی روویدابوو، بگێڕمەوە. ئالفارۆ مووتیس دیسانەوە بەفریامکەوت و بۆئەوەی بەرێگای راستدا گوزەر بکەم منی ناردەلای **سیسیلیا وارین**[1] ی وتارنووسی بەئەزموون و ئەویش ئەوزانیاریانەی بۆ رێکخستم کە لەشوێنی رووداوەکە کۆمکردبوونەوە. رێپۆرتاژەکە بەسێبەش بڵاوکرایەوە و هەرهیچ نەبێت سوودی ئەوەبوو کە بەدوو هەفتە دواکەوتن، سەرنجی رای گشتی بەرەو هەواڵێکی فەرامۆشکراو راکێشا و گێڕانەوەی تەواوەتی ئەو رووداوە پڕئازارەی لە پەرێشانی ئەندێشەیی دەرهێنا.

بەڵام، سەرنجڕاکێشترین بیرەوەری ئەو رۆژانەم، پەیوەندی بە و ئیشەوە نەبوو کە دەمکرد، بەڵکو کارێك بوو کە هێندەی نەمابوو بەهۆی لێکدانەوە بێبەربەستەکەی هاوڕێ کۆنەکەم **ئۆرلاندۆ ریڤێرا**[2]، **فیگۆریتا**[3] ئەنجام بدەم. لە یەکێك لەورێکەوتەنایابانەی لەپاش گەران هەڵێکم بۆ پشوودان دۆزیبوەوە، بەرێکەوت، بینیم. لەچەند مانگ لەوەوپێشەوە لە مێدیین نیشتەجێ بوو، تازە زاوابوو و لەژیانی هاوسەریەتی لەتەك **سۆل**

---

[1]. Cecillia Warren

[2] Orlando Rivera

[3]. Figurita (تەڵەکەباز

سانتاماریا[1]، ئەو راهیبە دڵفریودەر و ئازادبیرەی کە بەهاوکاری ئەو، پاش حەوت ساڵ دەستکورتی و ملکەچی و پاکیزەیی، لەگۆشەگیریی دێر رزگاریببو، لەرادەبەدەر هەستی بە رەزامەندی دەکرد. لە یەکێك لەشەوانی مەستیدا، فیگۆریتا بۆی رونکردمەوە کە ئەو و هاوسەرەکەی، بەویستی خۆیان و بەقبوڵکردنی سەرجەم مەترسیەکان، پلانێکی نایابیان داڕشتبوو تا مێرسێدس بارچا لە قوتابخانەی شەوانەرۆژی راهیبەکان بفڕێنن. یەکێك لە هاوڕێ قەشەکانیان، کە حەزی بۆ بەهاوسەرکردنی جووتە لاوەکان کەوتبووە سەرزاران، ئامادەیی تەواوی تێدابوو دەستبەجێ رێورەسمی هاوسەریەتی من و مێرسێدس جێبەجێ بکات. تاکە مەرجی ئەوەبوو کە خانمەکە بەو هاوسەریەتی رازی بێت، بەڵام نەمانتوانی رێگەیەك بدۆزینەوە تا لە چواردیواری دیلەیەتیەکەی لەو قوتابخانەیەدا پەیوەندی پێوەبکەین و رای ئەویش بپرسین. ئەمرۆکە، لەهەمووکاتێك زیاتر، لە بەدبەختیم، کە کۆمەکی نەکردم ببمە پاڵەوانی بەسەرهاتی هاوشێوەی بەسەرهاتەکانی نێو رۆژنامەکان، توشی قاڵسی دەبم و تەواو بێزاری دامدەگرێت لەلایەکیترەوە، مێرسێدس تا پەنجا ساڵ پاش ئەوەی دەستنووسی ئەم کتێبەی خوێندەوە بەو پلانەی نەزانی.

یەکێك بوو لەو دواهەمین جارانەی کە فیگۆریتام بینی. لە کەرنەڤاڵی ١٩٦٠دا، ئەوکاتەی وەك پڵنگێکی کوبایی لێهاتبوو، لەو عەرەبانەیەی پاش جەنگی گوڵەکان بەرەو ماڵەکەی دەیانگێڕایەوە فڕێدرایە دەرەوە و کەوتەسەر بەردرێژی پڕ لە پیسایەکانی کەرنەڤاڵ و گەردنی شکا.

لە دووهەمین شەودا کەلەسەر دارمانەکانی مێدیندا لێکۆڵینەوەم دەکرد، ئەوکاتەی گەڕامەوە ئوتێلەکە، هەواڵی ئەوەم پێگەیشت دوو نووسەری رۆژنامەی **ئال کۆلۆمبیانۆ**[2] ـ کە لەخۆشم گەنجتر بوون ـ چاوەڕوانیان دەکردم و بەخواستێکی سەقامگیرەوە نیازی ئەوەیان هەبوو لەسەر ئەو چیرۆکانەی تائەوکاتە بڵاوم کردبوەوە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا بکەن. بۆئەوەی قایلم بکەن توشی زەحمەتی زۆر بوون، لەبەرئەوەی لەوکاتەوە سەبارەت بەچاوپێکەوتن بڕیاری پێشوەختم هەبوو و تائێستاش هەمان باوەڕم هەیە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە ـ رەنگە بەهەڵە ـ چاوپێکەوتن بە کۆڕێکی پرسیار و وەڵام دەزانم کە لەمیانەیدا هەردوولا هەوڵدەدەن بەزۆر شتێکی روناکبیرانە دەربچێت. ئەو بڕیارە پێشوەختەم لەو رۆژانەدا لە هەردوو ئەو رۆژنامانەی یەکێك بووم لە ئەندامە هەمیشەییەکانی داوێنی گرتم و بەتایبەت ئەوکاتەی بۆ کرۆنیکا کارم دەکرد هەوڵمدا

---

[1]. Sol Santamaria

[2]. El Colombiano

ئــەوانیتریش تووشــی هــەمان نەخۆشــی بکــەم. ســەرباری ئــەوەش، لەبەرامبــەر جەختکردنــەوەی دوو نووســەرەکەی **ئــال کلۆمبیــانۆ** خــۆم بەدەســتەوەداو بۆیەکــەمجار لەژیانمدا چاوپێکەوتنم کرد و دەتوانم بڵێم راستگۆییەکی خۆکوژانەم دەربڕی.

لــەمڕۆدا ژمــارەی ئــەو چــاوپێکەوتنانەی لــەماوەی پەنجاســاڵدا لــەنیوەی ناوچــەکانی جیهانــدا کەوتبوومــە داویانــەوە لــەژماردن نایــە، بــەڵام تائێــستاش نــەمتوانیوە بــاوەڕ بــە کارایی ئەو ژانرە رۆژنامەوانیە بکەم و تێدا سوودێك بـۆ خـاوەن پرسـیار و خـاوەن وەڵام بدۆزمــەوە. زۆربــەی ئــەو چــاوپێکەوتنانەی نــەمتوانیوە لەدەســتیان دەربــچم و دەربــارەی بابەتگەلی جیاواز و هەمەڕەنگبون، دەبێـت بەبەشـێك لەبەرهەمـە خەیاڵیـەکانم لەقەڵـەم بدرێن تــەنانەت یەکێك لە پرەنسیبە گرنگەکانیان ـ لەبەرئەوەی جگەلەوە هیـچیتر نـین: بیرکردنەوە لەژیانم. لەهەمان کاتدا ئەو چاوپێکەوتنانە بە شتی زۆر بەنـرخ دەزانم، بەڵام نە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵکو وەك مادەیەکی خامی سەرەتایی بۆ رێپۆرتاژ، کـە لەرادەبـەدەر ستایشی دەکەم و بە بڵندترین ژانری باشترین پیشەی جیهان لەقەڵەمی دەدەم.

بەهــەرحاڵ، هەلومــەرجی وڵات لــەبار نــەبوو. دەوڵــەتی ژەنــراڵ رووخــاس پینیــا، کــە لایــەنی ئاشــکرای بەرامبــەر چاپەمەنیەکان و بەشـی گـەورەی بـیروڕای گـشتیبوو، مـانگی ســێپتامبەری بــەبڕیاری لێبڕاوانــە لەســەر دابەشــکردنی پارێزگــای دورەدەســت و فەرامۆشکراوی **چۆکۆ**[1] لـەنێوان سـێ دراوسـێ دەوڵەمەندەکـەی دەسـتی پێکـرد: ئانتۆکیـا، **کالداس**[2] و بایە. بۆگەیشتن بـە **کیبـدۆ**[3] ی ناوەنـدی ئـەو پارێزگایـە لـە مێدیینـەوە تـەنها جادەیەکی یەك ساید و پڕلەتاسە هەبوو کە لـەوێوە بیـست کاتـژمێر درێـژەی دەکێـشا تـا مەودا سەدوشەست کیلۆمەتریەکەی تەی بکرێت. ئەمرۆکەش بارودۆخەکەی لـەوە باشـتر نەبووە.

لــە دەســتەی نووســەرانی رۆژنامەکــەدا، هــەمووومان باوەڕمــان بــەوە هێنــابوو کــە بــۆ رێگەگرتن لەو کارەی دەوڵەت، کە رۆژ بەرۆژ پەیوەندی بە رۆژنامە لیبراڵەکانـەوە رەشـتر دەبووەوە، ئێمە نەماندەتوانی هیچ بکەین. سێ رۆژ پاش راگەیاندنی ئەو بڕیارەی دەوڵەت، **پریمۆ گیوریرۆ** [4]ی پەیامنێری کۆنی ئال سپیکادۆر لە کیڤێدۆ، هـەواڵی ئـەوەی راگەیانـد ژمارەیـەك لـە خۆپـشاندەوران، کـە ژن و منـاڵی زۆریـشیان تێـدا بـەدی دەکـرا، گۆڕەپـانی ســەرەکی شــاریان داگــیر کردبــوو و بــەنیازبوون هێنــدە لەژێرهەتاوومانگەشــەودا لــەوێ

---

[1]. Choco

[2]. Caldas

[3]. Quibdo

[4]. Prrimo Guerrero

بمێنــەوە تــا دەوڵــەت بــیروڕای بگۆڕێــت. یەکــەمین وێنــەی ئەودایکــە شۆڕشــگێڕانەی منداڵەکانیان بەباوەشەوەبوو، بەتێپەڕینی کات کاریگـەری نـەما و چیتر بیروڕای گشتیان نەورووژانـد و نارەزایـەکان کـە لـە کەشـێکی کـراوەدا درابوونـە دەسـت خـودا، بـەهۆی زیانەکانی دەرئەنجامی بێخەوی، ئیرادە و خۆڕاگریان بەرەو سستی چوو و بەدوور دەزانرا بتوانن لەبەرامبەر ئەو هەلومەرجەدا ماوەیەکی زۆر دان بەخۆیاندا بگرن. هـەواڵی ئـەو کۆبوونەوەیـەمان بـە یاداشـتگەلی توونـد و بزوێنــەر یـان هەنـدێك بانگـەواز لەلایـەن سیاسـەتمەدار و رونـاکبیرە چۆکۆییەکانی دانیـشتووی بۆگۆتـا پالپـشتی دەکـرد و لـەهیچ هەوڵـدانێك بـۆ یـەکگرتوویی جـەماوەر لەتـەك نارازیـەکان درێغیمـان نـەدەکرد. بـەڵام، بەرواڵـەت، دەوڵـەت بـەنیازبوو بەچـەکی بێبایـەخی و گرنگـی پێنـەدان لـەو شـەڕەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بەڵام پاش تێپەڕینی چەندرۆژ، خۆزێ سـالگار، بـە قەڵەمـە سوورەکەی کە بەردەوام بەدەستیەوە سەمای دەکـرد، لـەمێزی نووسـینەکەم نزیکبـوەوە و پێشنیاری کرد بچمە چۆکۆ و بزانم بەراستی لەوێ چ دەگوزەرێ. ویستم، بەپشت بەسـتن بەو وردە شەرعیەت و پایەبڵندیەی کە لەسایەی رێپۆرتـاژی مێدیین بەدەسـتم هێنـابوو، لەبەرامبەری رابوەستم و پێشنیارەکەی رەت بکەمەوە، بەڵام پێمنـەوێرا. گیێرمـۆ کانوو، کە پشتی لەئێمەبوو و خەریکی نووسین بوو، بێئەوەی تەماشامان بکات، هاواری کرد:

- بارگەوبنەت بپێچەرەوە و خێرا بکەوەرێ، گابۆ، لەبەرئـەوەی کیژۆڵـەکانی چۆکۆ زۆر لە سۆزانیەکانی هاییتی جوانترن کە تامەزرۆی بینینیان بوویت!

بەناچـاری رێگـەی سـەفەرم گرتەبـەر، بێئـەوەی پرسـیاری ئەوەبکـەم چـۆن دەتـوانم لەسەر خۆپیشاندانی نارەزایی ئەو کەسانە بنووسم کـە خۆیـان لەتوندوتیـژی دەپاراسـت. **گێرمۆ سانچێز**[1]، یەکێك لە وێنـەگرەکانی رۆژنامەکـە کـە چـەند مانگێـك دەبـوو مێشکی بردبووم و دەیوت با پێکەوە رێپۆرتاژێکی جەنگی ئامادە بکەین، لەگەڵم هات. پـێش ئـەو سەفەرە، جارێکیان کە بە فیرسچمەییەکانی بێتاقەتی کردبووم، هاوارم کردبوو بەسەریا:

- کامە جەنگ، بەندەی خوا؟

ئەویش بەبێ یەك و دوو بەتەواوی هێزیەوە راستی کێشا بەدەموچاومدا:

- خۆت گێل مەکە گـابۆ! لەبەرئـەوەی رۆژێـك نییـە گـوێم لـەوە نـەبێت باسـی ئـەوە نەکەیت ئەم وڵاتە لەسەردەمی سەربەخۆییەوە لەجەنگدایە.

بەیانی رۆژی سێشەممە ٢١ی سێپتامبەر، سەروکەلەی لەهۆڵی نووسینەکە دەرکەوت، و مـرۆڤ بـەبینینی چـریکەکانی بـیر دەکەوتـەوە تـا پـەیامنێرێکی وێنـەگر، چـەند جانتـا و

---

[1]. Guillermo Sanchez

کامێرایەکی بە مل و باڵ و قوڵیەوە هەڵواسیبوو، و بەوپەڕی ئامادەییەوە پەلەی ئەوەیبوو تازووە ڕیپۆرتاژەکەمان لەسەر ئەوجەنگە هەوسارکراوە ئامادە بکەین. هەر لەسەرەتاوە توشی سەرسوڕمان بووین، لەبەرئەوەی تێگەیشتین دەبوو بەمەبەستی سەفەرکردن بۆ چۆکۆ بچینە فرۆکەخانەیەکی دەستی دووی ناوەڕاستی شار، کە هیچ جۆرە پێداویستیەکی تێدا نەبوو و هەروەها جگەلە لاشەی بارهەڵگرە لەکار کەوتووەکان و فرۆکەی ژەنگ گرتوو هیچیتر بەرچاو نەدەکەوت. فرۆکەکەی ئێمە، کە بە هێزی جادو هێشتا هەناسە و توانای فڕینی تێدا مابوو، یەکێك بوو لەو **کاتالینا**[1] ئەفسانەییانەی سەردەمی جەنگی جیهانی دووهەم کە دامەزراوێکی تایبەتی بەمەبەستی گواستنەوەی بار بەکاری دەهێنا. کورسی تێدا نەبوو. ناوەوەی فرۆکەکە تەسك و تاریك بوو، کە پەنجەرە بچوکی لێڵەکانی بە گژوگیای پەلهاوێژی تایبەتی گسك دروستکردن داپۆشرابوو. جگە لەئێمەدووانە، مووسافیرێکیتری نەبوو. یاریدەری فرۆکەوانەکە، بە کراسی قۆڵکورتەوە، گەنج و شیك وەك ئاسمان پێوەکانی ئەو فیلمانەی دەمانبینی، ڕێگەی پێشاندایین چۆن لەسەر ئەو (بار) انە دابنیشین کە بەلایەوە ئیسراحەتر دەهاتنە بەرچاو. منی نەناسی، بەڵام من خێرا درکم بەوەکرد کە یەکێکە لە یاریزانە بەرجەستەکانی بیسباڵی پاڵەوانەتیەکانی **ماتیونا**[2] لە کارتاخنا.

کاتی هەستان، نەڕەی گوێ ئازاردەری مەکینە و تەقوتۆقی لاشەی چینکۆیی فرۆکەکە هێند ترسناك بوو کە تەنانەت موسافیرێکی چاونەترسی وەك گیێرمۆ سانچێز، کە زۆرشتی بینیبوو، ترسا. بەڵام ئەوکاتەی فرۆکەکە لەئاسمانی سافدا، لەسەر دەشتەکان، هاوسەنگی خۆی پاراست، بەسەربڵندی دلێرانەی کۆنەسەربازێکی شەڕبینیوو، نەرم و ڕەوان درێژەی بەفڕیندا. بەڵام، پاش نیشتنەوەی لە مێدیین و فڕینی دووبارە، بەسەر دارستانێکی چڕدا، لەمەودای نێوان دوو مێرگدا تەرزەیەکی لافاوئاسا لەناکاو دایکردو بەناچار، بەرەورووی بووینەوە. ئەوکات، شتێکمان تاقی کردەوە کە زۆربەی مرۆ لەناوچوەکان بەسەریان نەهاتبوو: لە درزی لاشەی فرۆکەکەوە باران بەسەرماندا باری. هاوڕێ یاریدەرە فرۆکەوانەکەمان، بەسەر بارەکانی ئەوناوە بەباز خۆی پێگەیاندین بۆئەوەی چەند ڕۆژنامەیەکی ئەو ڕۆژەمان بداتێ تا وەکو چەتر بەکاری بهێنین. من ڕۆژنامەکەی خۆم گرت بەرووەمەوە، هەڵبەتا نەبۆ پاراستنی خۆم لە باران، بەڵکو بۆئەوەی کەس چاوی لەوەنەبێت لەتاو ترس دەگریم.

---

[1]. Catalina

[2]. Matuna

پاش ئەو دوو کاتژمێرەی دەستگەمەی چارەنوس بووین‌و لەنێوان مەرگ و ژیاندا پەلەقاژێمان بوو، فرۆکەکە بەرەو لای چەپ خواربووەوە، وەك حاڵەتی هێرش کردن لەسەر دارستانێکی چڕ، بەرزی خۆی نزم کردەوە و بەسەر گۆڕەپانی سەرەکی کیڤێدۆدا بەمەبەستی تاقیکردنەوە خولایەوە. گیێرمۆ سانچێز، کە خۆی ئامادەکردبوو لەئاسمانەوە وێنەی خۆپیشاندەرە ماندو و بێتواناکان بگرێت، جگەلە گۆڕەپانێکی بەتاڵ هیچی نەبینی. ئامێری گواستنەوە لەرزۆکە ئاسمانی دەریایەکەمان خولێکیدا بۆئەوەی فرۆکەوانەکە دڵنیابێت کە هیچ بەربەستێکی بێگیان یان گیاندار لە روباری هێمنی **ئاتراتۆ**[1]دا نییە و پاشان بەبێ دەردیسەر، لە کەشی خەواڵوی نیوەڕۆدا، لەسەر ئاوەکە نیشتەوە.

کڵێسایەکی نۆژەن کراو بە پارچەتەختە و کورسی چیمەنتۆیی رازاوە بە ریقنەی باڵندە و قاترێکی بێخاوەن کە گەڵای درەختێکی گەورەی لێدەکردەوەو دەیجوو، تاکە ئاماژەی ژیانی مرۆیی بوون لەوگۆڕەپانە تەپووتۆزاویەدا کە زیاتر لەهەرشتێکیتر لە پایتەختێکی ئەفریقایی دەچوو. پێشتر، بەنیازبووین بەپەلە وێنەی خەڵکە ناڕازیەکە بگرین و بەفرۆکەی گەڕانەوە بینێرینەوە بۆگۆتا و لەوکاتەشدا خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست و تازە بین و ئەوانەش بۆ ژمارەی سبەینێ بەتەلەگراف رەوانە بکەین. هیچ یەك لەوانە سەری نەگرت، لەبەرئەوەی هیچ رووینەدا.

بەجادە زۆر دووروودرێژەکەی تەریبی روبارەکەدا تێپەڕین، کە لەپەراوێزی ئەو جادەیەدا ئەوبازارانەی بۆ نانخواردن دوکانەکانیان داخستبوو، هەروەها هەندێك بینا بە باڵکۆنی دارین‌و چینکۆی ژەنگ گرتووەوە خۆیان دەنووواند، بێئەوەی چاومان بە یەك رێبواریش بکەوێت. دیمەنەکە تەواوبوو تەنها رووداوێکی پێویست بوو. پریمۆ گرۆی هاوکارمان، پەیامنێری ئال سپیکادۆر، لەژێر تاقبەندی هەیوانی ماڵەکەی، بەئاسوودەیی، لەسەر هاماکایەکی بەهاری لێی کەوتبوو و وەنەوزی دەدا و دەوروبەری هێندە نوقمی بێدەنگی بوو کە هێمنی مردوەکانی بەبیر دەهێنایەوە. هێندە بێپەردە و راست و واقیعبینانە هۆکاری کەمتەرخەمیەکەی دەربڕی کە شوێنێکی بۆ قسەلەسەرکردن نەهێشتەوە. پاش خۆپیشاندانەکانی رۆژانی یەکەم، خەڵکی دامرکانەوە لەبەرئەوەی هیچیان بۆ نارەزایی دەربڕین بەدەستەوە نەمابوو. بۆئەوەی تەنوری کۆبونەوە جەماوەریەکان بە هەڵگیرساوی بهێڵنەوە پشتیان بەهەندێك فرتوفێڵی نمایشی بەست و سەرجەم دانیشتوانەکەیان کۆکردەوە و چەند وێنەیەکیان گرت کە هیچ کامیان چاپ

---

[1]. Atrato

نەكران، لەبەرئەوەی زۆر دەستكرد دەرچووبوون و باوەڕپێكراو نەبوون و گەلێك وتاری بەتینی نیشتمانیەروەرانە خوێندرایەوە كە بەڕاستی جەماوەریان بزواند، بەڵام دەوڵەت بەردەوامبوو لە سەنگەرگرتنەكەی خۆی و بچوكترین بایەخی بەو رووداوانە نەدا. پریمۆ گرۆ، بە نەرمونیانی لەمەڕ بنەما ئاكاریەكان كە پێدەچوو خوداش لەسەر ئەوە بیبەخشێت، بە زەبری تەلەگرافە یەك لەدوای یەكەكان كاردانەوەی بزوتنەوەی ناڕەزایی دەربڕینی جەماوەری لەنێو رۆژنامەكاندا بەزیندویی هێشتەوە.

گرفتە پرۆفشنالانەكەی ئێمە زۆر سادەبوو: لەبەرئەوە خۆمان نەدابووە دەست ئەو سەفەرە تەڕەزانیە تا بەدەستی بەتاڵ بگەڕێینەوە و بە بەرپرسانی رۆژنامەكە بڵێین هیچ هەواڵێك لەئارادا نەبوو. لەبری ئەوە، پێویستیی تەواوەتیمان لەبەردەست بوو تا بەرگی واقیع بەبالای هەواڵەكەدا بپۆشین و كارێك بكەین ئامانجەكەمان بێتەدی. لەهەمان كاتدا، پریمۆ گرۆ پێشنیاری كرد جارێكیتر خەڵكی لەبەردەم كامێراكەدا خۆپیشاندانێكی شانۆییانە سازبكەن، لەبەرئەوەی كەس بۆچونێكی باشتری نەبوو، پێشنیارەكەی پەسەند كرا. **لوویس ئەی. كانۆ**[١]ی پارێزگاری تازە كە پاشئەوەی پارێزگاری پێشوو لەوپۆستە دانرابوو، لەهەمووان زیاتر بۆهاوكاریكردنمان حەزو ئارەزوی دەردەبڕی و هێند لەسەر ئەوەش سووربوو كە بەكەڵكوەرگرتن لە دەسەڵاتەكەی، فڕینی فرۆكەكەی دواخست بۆئەوەی وێنەكانی گیێرمۆ سانچێز بەگەرمی و بەبێدواكەوتن بگەنە نووسینگەی رۆژنامەكە. بەوشێوەیە، ئەو هەواڵەی كە بەكەمێك فێڵ و دیمەنە دروستكراوەكان فەراهەمان كردبوو بوە تاقەهەواڵی باوەڕپێكراو، سەرجەم بلاوكراوەورادیۆكانی ولات بەشێوەیەكی بەرفراوان بلاویان كردەوە و دەوڵەتی سەربازیش، كە بۆپاراستنی ئابڕوی خۆی بەدوای دەستۆك و بیانویەكی باشدا دەگەڕا، ئەو هەلەی هەر بەئاسمانەوە قۆستەوە. هەمان شەو، سیاسەتمەدارانی خەڵكی كۆچۆ ـ هەندێكیان پلەوپایەی حكومی بەرزیان هەبوو ـ یەكیانگرت و دووڕۆژ دواتر ژەنەراڵ رووخاس پینییا پەشیمانی خۆی لەبڕیارەكەی پێشوی لەسەر دابەشكردنی چۆكۆ بەسەر پارێزگاكانی دەوروبەریدا راگەیاند.

من و گیێرمۆ سانچێز بەپەلە گەڕاینەوە بۆگۆتا، لەبەرئەوەی بەرپرسەكانی رۆژنامەكەمان بەوە قایلكرد مۆڵەتی ئەوەمان بدەنێ لەناوچەكانی دەوروبەری چۆكۆدا بگەڕێین و واقیعی ئەو جیهانە خەیاڵی و سەمەرەیە قوڵتر بناسین. پاش دەڕۆژ بێدەنگی، ئەوكاتەی بە روخسارێكی لەبەرخۆرسووتاو و ماندوو خەواڵوو هەنگاومان نایە

---

[١]. Luis A. Cano

نووسینگەی رۆژنامەکە، خۆزێ سالگار بە بینینمان خۆشحاڵبوو بەڵام بەپێی عادەتی خۆی، زیاد لەرادەی خۆی هەستەکانی ئاشکرا نەکرد.

بە ڕیتمە لێبڕاوانە بەرهەڵستی نەکراوەکەی پرسیاری کرد ـ **دەزانن زۆر لەمێژە هەواڵی چۆکۆ فەرامۆش کراوە؟**

ئەو پرسیارە بۆ یەکەمجار منی ڕووبەڕوی پێگەی کوشندەی رۆژنامەنووسی کردەوە. لەراستیدا، پاش راگەیاندنی پەشیمان بوونەوەی سەرەك کۆمار لە دابەشکردنی چۆکۆ، چیتر بارودۆخی ئەوناوچەیە بەلای کەسەوە جێگەی بایەخ و سەرنج نەبوو، بەڵام خۆزێ سالگار بەڵێنیدا پشتیوانیمان بکات تا بەڵکو ماندووبونەکانمان بەفیرۆ نەڕوات و بتوانین بەو ماسیە مردووە خواردنێك دروستبکەین کە لەلای خوێنەران بەتام و بەلەزەت بکەوێتەوە.

ئەوەی هەوڵماندا لە میانەی چواربەشی چڕوپڕدا بیگوێزینەوە بۆ خوێنەران بوونی دەڤەرێکی نەناسراو، وێنانەکراو و کەشفنەکراوی نێوجەرگەی کۆلۆمبیابوو کە کەس شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەدەزانی. نیشتیمانی ئەفسووناوی دارستانە پڕگوڵەکان و بارانە لافاوئاسا هەمیشەییەکان کە لەوێدا هەمووشتێك بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو و جیاواز لەوەی لەژیانی رۆژانەدا دەمانبینی تەجەلای دەکرد. ژمارەی زۆری روبارە خرۆشان و سەرکێشەکانی گەورەترین بەربەستی دروستکردنی رێگاوبانبوون و لەگەڵ ئەوەشدا یەك پرد لەوناوچەیە بوونی هەبوو. لەنێوجەرگەی دارستانێکی چڕدا جادەیەکمان بەدرێژایی حەفتاوپێنج کیلۆمەتر دۆزیەوە کە بەبودجەیەکی زۆر دروستکرابوو تا **ئیتسمینا**[1] و **یوتۆ**[2] بەیەکەوە گرێبدات، بەڵام بەهیچیەك لەوانەشدا تێنەدەپەڕی. بەڵێندەرەکە لەتەك هەردوو قایمەقامەکەدا توشی ناکۆکی ببوو و بەوکارەی تۆڵەی خۆی سەندبوو. لەیەکێك لەگوندەکانی ئەوناوچەیەدا، بەرپرسی پۆستەوگەیاندن داوای لێکردین ئەو نامە و بارانەی ماوەی شەش مانگبوو لەوێ کەڵەکە ببوون بگەیێنینە دەست هاوکارەکەی لە ئیتسیما. نرخی پاکەتێك جگەرەی ناوخۆیی، وەك هەموو ناوچەکانیتری وڵات، سی سەنت بوو، بەڵام ئەوکاتەی فرۆکەی دابینکردنی پێداویستیە گشتیەکان لەکاتی خۆیدا نەدەگەیشت، بە رۆژێك دواکەوتن، نرخی جگەرەکان بەرز دەبووەوە تائەوشوێنەی خەلکەکە ناچاردەبوون جگەرەی بیانی بکێشن لەبەرئەوەی لەجگەرەی نیشتیمانی هەرزانتر لەسەریان دەکەوت. هەموو فەردە برنجێك تا لەشوێنی چاندنیەوە دەگەیشتە

---

[1]. Itsmina

[2]. Yuto

ئـەوێ، پازدە پـیـزۆ دەچووەسـەر نـرخەکـەی لەبەرئـەوەی ناچاربوون بـۆ گواستـنـەوەمیان لەوقاترانەیان بار بکەن کە وەك پشیلە بەدامێنی کێوەکاندا هەڵدەگەڕان بۆئەوەی هەشتا کیلۆمەتری ڕێگەی دارستانەکە ببڕن. ژنـانی گونـدە هـەژارترەکان لـە روبارەکـەدا بـەدوای ئالتون و پلاتیندا دەگەڕانو لەوکاتانەشـدا پیاوەکانیـان ماسیان دەگـرت و شـەممان، یـەك دوو تووڵ ماسی و چوار گرام پلاتینیان تەنها بەبڕی سێ پیزۆ بە مامەڵەچی و کاسبکارە گەڕۆکەکان دەفرۆشت.

سەرجەم ئەو شتانە لـە کۆمەڵگایەکدا روویـان دەدا کـە بـە زانـستخواز بـەناوبانگبوو. بەڵام قوتابخانەکانی کەم و بەربڵاوبوون و فێرخـوازان بـە مەبەسـتی هاتوچۆ، چەندین فەرسەخیان بـەپێی پیادە دەبـڕی و لەهەنـدێك شـوێنیش بـە سـواری بەلـەم هاتوچۆیان دەکرد هەندێك لەوقوتابخانانە بەرادەیەك قەرەباڵغبوون کە دەوامی رۆژانی دووشەممە و چوارشەممە و هەینی تایبەتبوو بەکوڕان و دەوامی سێشەممان و پێنجشەممان و شەممان بۆ کچان. ناچاریی هەلومەرجەکە ببوەهۆی ئەوەی دیموکراسیترین قوتابخانەکان بکەونـە ئەوناوچانەوە، لەبەرئـەوەی کـوڕی ژنێکـی جلشۆر، کـە بەزەحمـەت ورگـی خێزانەکـەی پێتێردەکـرا و کـوڕی جـەنابی سـەرۆکی شـارەوانی، هـەردووکیان لەیـەك قوتابخانـە دەیانخوێند.

لەودەمـەدا، ژمارەیـەکی کـەمی ئێمـەی کۆلۆمبیـایی دەمـانزانی کـە لەنێوجەرگـەی دارستانەکانی چۆکۆ، یەکێك لە مۆدێرنترین شـارەکانی وڵات خەریکە دروست دەبێـت. و ناوی **ئانداگۆیا**[1]بوو، دەکەوتە سـەر روکنـی روبارەکـانی سـەن خـوان و **کۆنـدۆتۆ**[2]، خـاوەنی سیـستمی پێـشکەوتوی تەلـەفۆن، ئەسـکەلەی تایبـەتی کەشـتی و بەلەمـە ماتۆڕیـەکان و شـەقامی پـان و پـڕ لـەدرەخت بـوو. هـەروەها پڕبـوو لـە خـانوی خنجیلانـەی ناسـك و سـەوزایی پـان وبـەرینی چـواردەوەر گـیراو و قادرمـەی ناسـك و زینـەی دارینـی تەنیشت دەرگای چوونەژورەوە، کە دەتوت لەنێو چیمەنەکانەوە سەوزبوون. لەناوەنـدی شارەکەدا گازینۆیـەك هـەبوو بـە مـەلها و رێـستۆرانت و باڕێـك کـە لـەوێ مەشـروبە هێنراوەکـان هەرزانتر لە ناوچەکانیتری وڵات پێشکەش بە کڕیارەکان دەکرا. گەلێك خەڵك لـە هـەموو شـوێنێکی جیهانـەوە، دڵتەنگیـەکانیان لـەیادکردبوو و پـەنایان بۆئەوشـارە هێنـابوو و لەوناوچـە پەراوێزکـەوتوەدا، لـەژێر دەسـەڵاتی کـاتی و هەمەڕەنگی بەڕێوەبـەرە ناوچەییەکانی **چۆکۆ پاسیفیکۆ**[3]، خۆشتر دەژیـان تـا لـە نیشتیمانی خۆیـان. لەبەرئـەوەی

---

[1]. Andagoya

[2]. Condoto

[3]. Choco Paciffico

ئانـداگوویا، لـه پانتـایی ژیـانی واقیعـدا، ولاتێکـی بیـانی و مـولکێکی تایبـەتی خـەڵکانی بیانیبوو کە بەتۆڕەکانی لم هەلکێشانیان ئالتون و پلاتینی روبارە پێش مێژوویەکانیان تالان دەکرد و بەکەشتیە تایبەتیەکانیان بەبێ هیچ پشکنینێك لە تەنگەی سەن خوانەوە بەرەو جیهانی دەرەوە رەوانەیان دەکرد.

ئەوە هەمان ئەو چۆکۆیەبوو کـە هەوڵمانـدا واقیعەکـەی بـە کۆلۆمبیـەکان بناسێنین بەلام هەوڵەکانمان هیچ ئـەنجامێکی نـەبوو، لەبەرئـەوەی هەرئەوەنـدەی هـەواڵێکی نـوێی ئەودەڤـەرە بلاوبـوەوە، هەمووشـتێك گەڕایـەوە سـەر رەوتـی پێـشوی و ئەوناوچـەیە جـارێکیتر درایـەوە دەسـت فەرامۆشـی. هەسـتدەکەم هۆکارەکـەی ئاشـکرایە: کۆلۆمبیـا بـەردەوام شناسـێکی کـارایبی هـەبوو، کـە بـەهۆی بەنـدی ناوکیـەوە، پانامـا، دەروازەکـانی بـەڕووی جیهانــدا کراوەبــوون. بڕینــەوەی ئەنــدامی ناچـاریی، ئـەم دۆخـەی ئێـستای بەسەرماندا سەپاند:ئەو ولاتەی زەینیەتی دانیشتوانی کێوەکانی ئانـدی بەسـەردا زاڵە و هەلومەرجێکی گونجاوی هەیە بۆئەوەی تەنگەی نێوان دوو ئۆقیـانووس، لـەباتی ئـەوەی ببێتە مولکی ئێمە، لەژێردەسەلاتی ولاتە یەکگرتوەکاندا بێت.

هەڵپەی هەفتانـەی کـاری نووسـین بەڕاسـتی کووشـندە دەبـوو، گـەر عەسـری رۆژانـی هەینی، هەر ئەوەندەی وردەوردە کارەکانمـان تـەواو دەکـرد، لـە بـاڕی ئۆتێـل کنتینانتـاڵی شۆسـتەکەی ئەوبــەر کۆنەبووینایەتــەوە تــا هەناسـەیەك تازەبکەینــەوە و زۆرجــار تــا دەمەوبــەیان لــەوێ دەماینــەوە. ئێــدواردۆ سالامــسا نــاوێکی تایبــەتی بــۆ ئەوشــەوانە هەڵبژارد:"هەینیە روناکبیریەکان". تاکە هـەل بـوو بۆئـەوەی دەمەتـەقێی لەگەڵـدا بکـەم بۆئـەوەی لـە رووداوە تازەکـانی جیهـانی ئـەدەب، کـە بەتوانایـیە سەرسوڕهێنەرەکەی بـۆ خوێندنەوە تەنها یەك خولەکیش لەو جیهانە بێئاگا نـەدەبوو، ئاگاداربم. بـەردەوامترین بەشدارانی ئەومەیخۆریە بێکۆتاییانە کە تێکەڵەیەکبوو لە واقیعە چاوەڕوان نەکراوەکان - جگەلـە یـەك دوو هـاوڕێی هەمیـشەیی ئۆلیـسس - نووسـەرانی هەمیـشەیی دەسـتەی نووسەران بووین کـە بـەبێ تـرس تـا سپێدەی بـەیان پێکـەکانمان بـەتاڵ دەکـردەوە و بـۆ چەندسـەعاتێك نیگەرانیـەکانمان فـەرامۆش دەکـرد. بـەردەوام سـەرم لەوەسوڕمابوو کـە بۆچی سالامسا بچوکترین ئاماژەی بۆ یاداشتەکانم نـەکردبوو، هەرچـەندە زۆربـەیانم بـە ئیلـــهام لەیاداشـــتەکانی خۆیـــەوە نووســـیبوو. بـــەلام، ئەودەمـــەی"هەینیـــە روناکبیریـەکان"جێگیر بـوو، ئـەو چیتر رێگـەی لـە بۆچـونەکانی نـەگرت و بەبێپـەردە بـیروڕای خـۆی لەسـەر ئـەو ژانـرە رۆژنامەوانیـە دەربـڕی. روت وبێپـەردە وتـی لەتـەك زۆربــەی پێوانــەکانی یاداشــتەکانمدا ناکۆکــە و پێــشنیاری هەنــدێك بنــەمای جیــاوازی پێـشکەش کـردم، بـەلام نـە بەشـێوەیەکی سـەرۆك ئاسـایانە، یـان وەك مامۆسـتایەك کـە

شاگردەکەی فێر دەکات، بەڵکو لەسەر یەکسانیەکی تەواو، ریك وەك گۆڕینەوەی بیروڕای نێوان دوو نووسەر.

یەکێکیتر لە پەنا دەرونیەکانمان میوانداریەکانی نیوشەوی پاش دانیشتنەکانی فیلمخانەکە، لە ئاپارتمانەکەی لوویس بیسنیس و نانسی هاوسەریدا بوو، کە چەند سەد مەترێك زیاتر لە بیناکەی ئال سپیکادۆرەوە دوور نەبوو. ئەو هاوکاری **مارسێل کۆلن ریڤال**[1] ی سەرنووسەری گۆڤاری **سینەماتۆگرافی فرانسز**[2] ی چاپی پاریسبوو کە بەهۆی سەرهەڵدانی جەنگەوە لە ئەوروپا، خەیاڵە سینەمایەکانی بە پیشەی شەریفانەی کتێبفرۆشی گۆڕیبوەوە. نانسی بەڕاستی میوانداریکی جادویی بوو کە دەیتوانی دوازدەکەس لە ژورێکی نانخواردنی چوارکەسیدا جێگە بکاتەوە، ماوەیەکی کورت لەدوای گەڕانەوەی لوویس بۆ بۆگۆتا لە ١٩٣٧دا، لە میوانداریەکی نانی ئیوارەی خێزانیدا، یەکتریان ناسیبوو. لەسەر مێزی نانخواردن، تەنها یەك شوێنی بەتاڵ لەلای نانسیەوە مابوو کە دواهەمین میوانیش گەیشت و کیژە لاوەکە بە بینینی ئەوپیاوەی قژێکی سپی و روخساری وەك لەبەرهەتاو سووتابوو، بەڕاستی ترسا. لەدڵی خۆیدا وتی: "**چ نەگبەتیەکە! ئێستا ئەم نەمساییە، کە رەنگە ئیسپانیش نەزانێت، دەیەوێت بەدرێژایی شەو لەسەر دلی من بێت.** "دەربارەی زمان تارادەیك لەسەر هەق بوو لەبەرئەوەی دواهەمین میوان، بەشێوەزاری کاتالان و بەکارهێنانی زاراوە و رستەی فەرەنسی بە ئیسپانی قسەی دەکرد. نانسی یەکێکبوو لەوژنە جەسوور و وریایانەی خەڵکی بوویاکا کە نەخۆی بەکەم دەزانی و نە دەیتوانی بەر بەزمانی بگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لەیەکەمین سلاوەوە، هێندە لەگەڵ یەکدا رێکەوتن کە تاکۆتایی ژیانیان لەلای یەك مانەوە.

میوانداریە شەوانەکانیان، بەبێ رۆتین، پاش نمایش کردنی شاکارە سینەماییەکان، لە ئاپارتمانێکدا بەڕێوەدەچوو کە تێکەڵەیەك لەسەرجەم هونەرەکانی لەخۆگرتبوو و ژمارەیەکی هێندە زۆری تابلۆی وێنەکێشە پلەیەکەکانی کۆلۆمبیا، کە هەندێکیان ناوبانگی جیهانیان بەدەستهێنابوو، دیوارەکانی رازاندبوەوە کە تەنانەت شوێنێکی بەتاڵ بۆ یەك تابلۆیتریش نەمابوو. میوانەکانیان لەنێوان هەڵوێردەی هونەرمەندان و نووسەران هەڵدەبژارد و هەندێکجاریش ئەندامانی گروپی بارانکیا لە ماڵی ئەو دوو هاوسەرە بێوێنەیەدا ئامادە دەبوون. پاش بڵاوکردنەوەی یەکەمین رەخنەی سینەماییم، کەی حەزم بکربا دەچوومە ئاپارتمانەکەیان وەك ئەوەی ماڵی پورم بێت و ئەوکاتەی

---

[1]. Marcel Colin Reval

[2]. Cinematographie francaise

پێش نیوەشەو لە نووسینگەی گۆڤارەکە دەردەچووم، سەرێکم لەوانیش دەدا و ناچارم دەکردن شەوبێداربن. مامۆستا نانسی، سەرباری قاڵبوونەوەی لە چێشتلێناندا، بەوپەڕی سەرسەختیەوە هەوڵیدەدا کوڕوکچە لاوەکان بەیەك بگەیێنێت و زۆرجار میوانداریی بێ بۆنەی نانی ئیوارەی ساز دەکرد بۆئەوەی دەرگای ئاشناییم لەتەك سەرنجڕاکێشترین و ئازادبیرترین کچانی جیهانی هونەر بکاتەوە و ئەوەدەمەی بە بیست و هەشت ساڵ تەمەنەوە پێموت چارەنووسی راستەقینەم نە نووسەری بوو نە رۆژنامەنووسی، بەڵکو بەحەکمی چارەنووس دەبوو بەوپەڕی خۆڕاگریەوە تاتەمەنی پیری بە زگورتیەتی و پیرەکوڕی بمێنمەوە، بۆ هەمیشە لەمن تووڕەبوو و بەهیچ نرخێك ئامادەنەبوو چاو لەو تاوانەم بپۆشێت و لەبەر ئەوقسە ناشرین و جەسورانەیە بمبەخشێت.

ئالڤارۆ مووتیس، لەماوەی دەست بەتاڵیدا لەنێوان سەفەرە هەمیشەییەکانی بۆ ناوچە جیاوازەکانی جیهان، رێگەی هەڵاوێردەترین کۆڕە روناکبیریەکانی بۆ ئاوەڵا کردم. لەپۆستی بەڕێوەبەری پەیوەندیە گشتیەکانی ئیسۆ کۆلۆمبیا، لە گرانترین رێستۆرانەکاندا بەئامادەبوونی دەستبژێری کەسایەتیە هونەری و ئەدەبیەکان، خوانی شاهانەی نیوەڕوانی ساز دەکرد و زۆرجار، میوانەکانی شارەکانیتریش دەبوونە هاوخوانمان. **خۆرخێ گایتان دیوران**[1]ی شاعیری بەناوبانگ کە خەیاڵی بەردەوام و خەوەی مێشکی دامەزراندنی گۆڤارێکی بەویقاری ئەدەبی بوو کە پێویستی بەپارەیەکی زۆر هەبوو، لەسایەی ئەوسەرچاوە دارایانەی لەژێر دەستی ئالڤارۆ مووتیسدا بوو، توانی تارادەیەك بەرگی واقیع بەبەری خەیاڵەکانیا بپۆشێ و هەندێك کاری بەرچاوی لەرێگەی پەرەپێدانی روناکبیریدا ئەنجامدا. **ئالڤارۆ کاستانیۆ کاستیۆ**[2] و هاوسەرەکەی، **گلۆریا ڤالینسیا**[3]، چەندین ساڵ بوو بیریان لە دامەزراندنی کەناڵێکی رادیۆیی دەکردەوە کە بەگشتی تایبەت بێت بە بڵاوکردنەوەی مۆزیکی باش و بەرنامەی روناکبیری فرەگیر و بەسوود بۆ هەمووان. هەمووان فێڵیان لێدەکردن لەبەرئەوەی پلانەکانیان بە ناواقیعی و جێبەجێنەکراو دەزانی، جگەلە ئالبراۆ مووتیس، کە بۆهاوکاریکردنیان دریغی لەهیچ کۆمەك و هاوکاریەك نەکرد. بەهیمەتی ئەو، کەناڵی HJCK "جیهان لە بۆگۆتا"، بە نێردەرێکی ٥٠٠واتی، کە لەوسەردەمەدا ئەوە کەمترین توانابوو، دامەزرا. هێشتا تەلەفزیۆن نەگەیشتبووە کۆلۆمبیا، بەڵام گلۆریا بالنسیا، بەداهێنانی شێوازێکی سەرسوڕهێنەرو میتافیزیکیانە راپۆرتی نمایشێکی جلوبەرگی لە رادیۆوە گواستەوە.

---

[1]. Jorge Gaitan Duran

[2]. Alvaro Castano Castillo

[3]. Gloria Valencia

تاكە كاتەكانی پشودانی هێمنانە، كە لەو رۆژە خنكێنەر و سەرلێشێواوانەدا بۆخۆم بەردەوام دەبینی، عەسرە خاوەكانی یەكشەممان بوو كە لەماڵی ئالفارۆ مووتیس بەسەرم دەبرد، و لەوێ فێری ئەوەبووم بەبێ بڕیاری پێشوەخت گوێ لە مۆزیكە جۆراوجۆرەكان بگرم. لەسەر مافورەكە پان دەبووینەوە و دڵمان دەسپاردە نەمەبارانی بەرهەمی مامۆستا گەورەكانی مۆزیك و خۆمان لە لێكدانەوە خۆبەگەورەزانەكان بەدوور دەگرت. ئەوە بووە سەرچاوەی شەوق و ئارەزوویەكی پڕشۆر كە سەرەتاكەی دەگەڕایەوە بۆ هۆڵێكی بچوك و نهێنیی كتێبخانەی نەتەوەیی و هەرگیز فەرامۆشمان نەكرد. تا ئەمڕۆ، تا لەتوانادا بووبێت و بوار و هەلم بۆهەڵكەوتبێت گوێم لەمۆزیك گرتووە، بەتایبەت گوێم لە مۆزیكی كۆڕی رۆمانتیكی گرتووە كە بەلوتكەی هونەری دەزانم. لە مەكزیك، ئەوكاتەی سەدساڵ تەنهاییم دەنووسی ـ لەنێوان ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٦٦ ـ تەنها دوو گرامی مۆزیكم هەبوو كە هێندە گوێم لێگرتبوون كەڵكیان نەمابوو: **پێشەكیەكانی دوبوسی و چ شەوێك بوو، ئەموڕۆژەی** بیتڵەكان. ماوەیەك پاش ئەوە، ئەوكاتەی لە بەرشەلۆنە تارادەیەك سەرجەم ئەو گرامانەم هەبوو كە ئارەزوم دەكردن، ریزبەندكردنیان بەپێی پیتی ئەلف وبێ زۆر باو و ئاسایی هاتەبەرچاوم و لەبەر ویستی تاكەكەسیم بەپێی سازەكان ریزمكردن: كەمان سێل كە خۆشەویستی منە بە چەند بەرهەمێك لە ڤیڤالدی تا برامز، كەمان لەكۆرلیەوە تا شۆنبێرگ، كلاوسن و پیانۆ لە باخەوە تا بارتۆك. تا سەرئەنجام پەییم بەو موعجیزەیە برد كە هەموو دەنگێك مۆزیكە، بەومەرجەی ئەو بیرۆكەیە لەناخماندا زیندوو بكاتەوە كە رێڕەوی ژیان دیاریی دەكات.

كێشەكە لەوەدا بوو نەمدەتوانی هەم گوێ لە مۆزیك بگرم و هەم بنووسم لەبەرئەوەی زیاتر خەیاڵمدەدایە ئەوشتەی گوێم لێدەبوو تائەوشتەی دەمنووسی، تەنانەت ئێستاش زۆركەم دەچمە كۆنسێرت لەبەرئەوەی هەست دەكەم ئەوكاتەی لەسەر قەنەفەكە پاڵم داوەتەوە، رێگەم بە خەڵكی نامۆ داوە بێنە نێو خەڵوەتەكەم و بەشێوەیەكی بێشەرمانە ئەوانم لە چێژێكی تایبەتیدا بەشدار كردوە. بەڵام، بە تێپەڕینی كات و بەتوانای پێداویستی گونجاو بۆگوێگرتن لە مۆزیكی باش لەماڵەوە، خووم بەوەوە گرت لەكاتی ئیشدا، گوێ لەمۆزیكێكی وێنەیی بگرم كە لەتەك ئەوشتەدا بگونجێت كە دەینووسم. شەوانەكانی شۆپان بۆنووسینی بەشە كەمجوڵەكانی چیرۆك، یان تێكستەكانی برامز بۆ عەسرەكانی كامەرانی. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ساڵە گوێ لە ئاوازەكانی مۆزارت ناگرم، لەبەرئەوەی جارێكیان لەناكاو، بیرێكی شیتانەم بەخەیاڵداهات و هەرگیز نەمتوانی لەدەستی رزگاربم: هەستم بەوەكرد مۆزارت بوونی نییە، لەبەرئەوەی لە بەرهەمە سەركەوتوەكانیدا بتۆڤن بەدیدەكەین و لەبەرهەمە لاوازەكانیشیدا هایدن.

لەم ساڵانەدا کە خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانمم، بەشێوەیکی موعجیزەئاسا توانیومە بەجۆرێك بەسەر هەستەکانما زاڵبم کە هیچ جۆرە مۆزیکێك رێگە لە نووسینم نەگرێت و توشی کێشەم نەکات، هەرچەندە پێدەچێت لە زۆر لایەنی بەنرخیتری ئەو دیاردە سەرسوڕهێنەرە بێ ئاگابم، لەبەرئەوەی ئەو گۆڕانکاریە بە قەرزاربای دوو مۆزیکزانی لاو و وردبینی کاتالان دەزانم کە بەتەواوەتی تووشی سەرسامیان کردم، لەبەرئەوەی بانگەشەی ئەوەیان کرد رێکەوتنێکی سەیریان لەنێوان **پاییزی باوکسالار**، شەشەمین رۆمانم و **سێهەمین کۆنسێرتی پیانۆی** بێلا بارتۆکدا دۆزیوەتەوە. دەبێ دان بەوەدابنێم لەکاتی نووسینی ئەو رۆمانەدا، بێوەستان گوێم لەو کۆنسێرتە دەگرت، لەبەرئەوەی حاڵەتێکی رۆحی تایبەت و تارادەیەك سەیری پێدەبەخشیم، بەڵام هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبووم کاریگەریەکی هێندەقوڵی لەسەر بەجێهێشبم کە لەنووسینەکەشمدا رەنگبداتەوە. نازانم ئەندامانی ئەکادیمیای سوید لەکوێوە لەوەتێگەیشتن زۆر حەز لەو مۆزیکە دەکەم و لەکاتی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵدا بە من، ئەو مۆزیکەیان لێدا. بەدڵنیاییەوە، بەدڵۆگیانەوە سوپاسم کردن، بەڵام گەر بیروڕای خۆمیان بپرسیبا - بە هەست کردن بە ماقناسی و رێزم بۆیان و بێلا بارتۆك - دەموت بەباشتری دەزانم یەکێك لە تەسنیفە ئاشقانە و سادەکانی فرانسیسکۆی بەنی بەشەرم گوێ لێبێت، کە ئاهەنگەکانی سەردەمی منالیم بیردەخەنەوە.

لەوساڵانەدا، لە کۆڵۆمبیا، بەبێ بەرژەوەندی لەتەك نووسینگەی مووتیسدا، هیچ پرۆژەیەکی روناکبیری ئەنجام نەدرا، هیچ کتێبێك نەدەنووسراو هیچ وێنەکێشێك قەڵەم بۆیەکەی نەدەخستە سەر کاغەزی وێنەکێشان. شایەتی وتووێژێکیبووم لەتەك وێنەکێشێکی لاو کە دەیویست لەرێگەی دەریاوە بەرەو ئەوروپا بڕوات - ئەوکارەی کە بۆ شەرعیەت وەرگرتن پێویست بوو - بەڵام پارەی پێویستی بۆ مەسرەفی سەفەرەکە نەبوو. ئالڤارۆ تەنانەت بێئەوەی گوێ لەوەبگرێت چ بڕەپارەیەك پێویستی ئەو هونەرمەندە دەستکورتە پڕدەکاتەوە، فایلە جادوییەکەی لە چەکمەجەی مێزەکە دەرهێنا.

وتی - **فەرموو، ئەمەش بلیتی سەفەرەکەتان.**

من لەسادەیی رەفتارەکانی توشی سەرسامی ببووم و دەمبینی بەبێ تۆزقاڵێك هەستی دەستکرد و حەزی دەسەڵات نوێنی، ئەو موعجیزە بچوکانەی دەخولقاند. هەر لەبەر ئەوەش، هێشتا ئەوپرسیارەم لەمێشکدا ماوە ئایا دەستوەردانی ئالڤارۆ بووهۆی ئەوەی سەرنووسەری ئەنجومەنی نووسەران و هونەرمەندانی کۆڵۆمبیا، **ئۆسکار دێلگادۆ**[1]، لە

---

[1]. Oscar delgado

دانیشتنی عەسرێکدا، داوام لێبکات لەپێشبڕکێی نەتەوەیی کورتە چیرۆکدا بەشداریی بکەم کە بڕیاربوو بەبێ ڕاگەیاندنی براوە سازبکرێت. ئەوەندە خراپ و ناشیانە ئەو مەسەلەیەی باس کرد کە پێشنیارەکەی ناخۆش کەوتەوە، بەڵام یەکێك لەوانەی گوێی لەقسەکەمان ببوو بۆی ڕون کردمەوەکە لەوڵاتێکی وەك کۆلۆمبیا، گەر مرۆڤ درك بەوە نەکات کە پێشبڕکێ ئەدەبیەکان تەنها وەك پانتۆمایمی کۆمەڵایەتیە، کڵاوەکەی بەربادە و مەحاڵە بتوانێت ببێتە نووسەر. بێئەوەی نیەتێکی خراپی هەبێت، وتی"**تەنانەت خەڵاتی نۆبڵیش لەو بنەمایە بەدەر نییە**"و ئەو مەسەلەیە لەسوچێکی مێشکما مایەوە و هەرچەندە چیتر بیرم لێنەکردەوە بەڵام لەوساتە بەدواوە حاڵەتی بەرگریم بەرامبەر ئەو مەسەلانە وەرگرت و بیست و حەوت ساڵ پاش ئەوە، ئەوکاتەی ناچاربووم بڕیارێکی چارەنووس ساز و تەواو چاوەڕوان نەکراو بدەم، توشی دڵەڕاوکێیەکی سەرگێژکەر بووم.

دەستەی هەڵسەنگاندنی کورتە چیرۆك بریتیبون لە **هێرناندۆ تێیز**[1]، **خوان لۆزانۆ یی لۆزانۆ**[2]، **پێدرۆ گۆمێز ڤالدیراما**[3] و سێ نووسەر و ڕەخنەگرتر کە هەرهەموویان ڕوخساری بەرجەستەی ڕەوتە ئەدەبیە دیارەکانی ئەو سەردەمە بوون. بەکورتی، بەبێ گوێدانە تێبینییە ئاکاری‌و ئابوریەکان، دانیشتم و بە شەوێك"ڕۆژێك پاش شەممە"، ئەوچیرۆکەی لەبارانکیا لەسایەی ئیلاهی لەناکاودا لە نووسینگەی ئال ناسیۆنال نووسیبووم، دوا هەڵبڕیم کرد. پاش ئەوەی ساڵێك لە چەکمەجەی مێزەکدا بۆخۆی نووستبوو و ئارادەیەك فەرامۆشم کردبوو، هەستم کرد دەتوانێت دڵی دەستەی هەڵسەنگێنەر، گەر بەویژدانبن، بەدەست بهێنێت. هەر وەهاشبوو و خەڵاتێکم بردەوە کە بڕەکەی بەڵامەوە سەرسوڕهێنەر بوو: سێ هەزار پیزۆ.

لەورۆژانەدا و بێئەوەی پەیوەندیم بە مەسەلەی پێشبڕکێکەوە هەبێت، ڕۆژێك بێئاگا **دوون ساموێل لیسمان بایوم**[4]، خاوەنکاری سەفارەتی ئیسرائیل کە بەتازەیی بڵاوکراوەیەکی دامەزراندبوو و وەك یەکەمین کتێب، کۆمەڵە شیعرێکی مامۆستا لییۆن دێ گرییێف - **پێنجەمین دیوانی پەرێشانی** - چاپ کردبوو، سەروسەکوتی لە شوێنی کارەکەم دەرکەوت. بەڕواڵەت بڵاوکراوەیەکی بەناوبانگ بوو و ئەهلی روناکبیری سەبارەت بە لیسمان بایۆم تەبا و هاوڕابوون. بەوپێیە، نووسخەیەك لە تۆفانی گەڵام پێشکەش کرد کە پڕبوو لە خەتی سوور و کووژاندنەوە بەو بیانووەی دواتر بەچڕوپڕی قسە دەکەین،

---

[1]. Hernando Tellez

[2]. Juan Lozano y Lozano

[3]. Pedro Gomez Valderrama

[4]. Don Samuel Lisman Baum

دەست بەسەرم کرد. بەوجۆرەی چاوەڕوان دەکرا، تاکە شتێك کە هەرگیز باسی لێوە نەکرا بڕی پارەی چاپکردنەکەی بوو. سیسیلیا پوراس، بەپێی وەسفەکانی من لەسەر کەسایەتی کوڕە منداڵەکە، وێنەی سەربەرگێکی جوان و داهێنەرانەی کێشا، کە نەیتوانی لەبری ئ ەزد پارە وەربگرێت. کارگەی گرافیکی ئال سپیکادۆر کلێشەی هێڵکاریە ڕەنگیەکەی بەدیاری دایە دەزگای چاپەکە.

پێنج مانگ هیچ وەڵامێك نەبوو، تا ئەوەی بڵاوکراوەی **سیپا**[1]ی بۆگۆتا ـ کە هەرگیز ناوم نەبیستبوو ـ بە تەلەفۆن لە نووسینگەی ڕۆژنامەکەوە پەیوەندی پێوەکردم بۆئەوەی لەوە ئاگادارم بکاتەوە چوارهەزار نووسخەی چاپکراوی ڕۆمانەکە ئامادەی بڵاوکردنەوە بوون، بەڵام ئەوان نەیاندەزانی چی بکەن لەبەرئەوەی کەس هیچ هەواڵێکی لیسمان بایۆمی لەلانەبوو. تەنانەت پەیامنێرەکانی ڕۆژنامەکەش نەیانتوانی ناونیشانێکی پەیدابکەن، دەتوت ببوو بەئاو و بەعەردا ڕۆچوبوو و تا ئێستاش نازانم لەکوێ وونبووە. ئۆلیسس پێشنیاری ئەوەی بۆ چاپخانەکە کرد ئەو نووسخانە بە کتێبخانەکان بفرۆشێت و خۆشی بەڵێنیدا پڕوپاگەندەی پێویست بۆ ناساندنی ڕۆمانەکە ئەنجام بدات و بۆ دەستپێك، یاداشتێکی نووسی کە تائێستاش لەبەرئەوە سوپاسی دەکەم. ڕەخنەکان باش بوون، بەڵام بەشێکی زۆری کتێبەکان لە گەنجینەکاندا مانەوە و هەرگیز دەرنەکەوت چەند نووسخەی لێفرۆشرا، و بۆخۆشم تەنانەت یەك سەنتیش حەقی نووسینم وەرنەگرت.

چوارساڵ پاش ئەوە، **ئێدواردۆ کاباێرۆ کالدێرۆن**[2]، کە بەڕێوەبەرایەتی "کتێبە بنەڕەتیەکانی کلتووری کۆلۆمبیایی" لەئەستۆ بوو، تۆفانی گەڵای بەشێوەی کتێبی گیرفان لەدووتوێی کۆمەڵە بەرهەمێکدا بڵاوکردەوە کە لە کۆشکەکانی سەرشەقامەکانی بۆگۆتا و شارەکانیتر دەفرۆشران. سەرجەم بەندەکانی بەڵێنامەکەی مووبەموو جێبەجێ کرد و حەقی نووسینە ناچیزەکەی لەکاتی خۆیدا پێشکەش کردم، ئەو بڕەپارەیەی وەرمگرت زیاتر بەلامەوە بایەخی مەعنەوی هەبوو لەبەرئەوەی یەکەمین بڕەپارەبوو کە لەبری بڵاوکردنەوەی کتێبێکم وەرم دەگرت. هەندێك لەبەشەکانی دەقەکەیان، بەبێ ڕاوێژکردن بەخۆم، گۆڕیبوو بەڵام ئەوەندە بەلامەوە گرنگ نەبوون و دوای ئەو مەسەلەیە نەکەوتم بۆئەوەی لەچاپەکانیتردا چاپ نەکرێنەوە. نزیکەی سیازدەساڵ پاش ئەوە، پاش بەشداریکردن لە مەراسیمێکدا بەبۆنەی بڵاوکردنەوەی سەدساڵ تەنهاییەوە لە بۆینس

---

[1]. Sipa

[2]. Eduardo Caballero Calderon

ئایرس، ئەوکاتەی گوزەرم کەوتەوە کۆلۆمبیا. ژمارەیەکی زۆری تۆفانی گەلاّم بینیەوە کە لە کۆشکەکانی سەرشەقامەکانی بۆگۆتا بەبڕی یەك پیزۆ دەفرۆشران. هەرچەندە تا لەتوانامدابوو هەڵیبگرم کڕییم. لەوسەردەمە بەدواوە، لە کتێبخانەکانی ئەمریکای لاتین هەندێك نووسخەیترم دۆزیەوە کە لە هەراجە پەڕاگەندەکاندا وەك کتێبی کۆن دەفرۆشرا. نزیکەی دووساڵ پێش ئێستا، دامەزراوەیەکی بەریتانی کتێبە کۆنەکان، نوسخەیەك لە چاپی یەکەمی سەدساڵ تەنهاییی بە ئیمزای خۆمەوە بەبڕی سێ هەزار دۆلار فرۆشت.

هیچ یەك لەورووداوانە نەبوەهۆی ئەوەی تەنانەت یەك چرکەش لە کاری ڕۆژنامەنووسی بێئاگا بم. سەرکەوتنی بەرچاو و چاوەڕوان نەکراوی ڕێپۆرتاژە چەند بەشیەکان ناچاری کردبووین بەردەوام لە ئازووقە بگەڕێین بۆ ورگی جانەوەرێکی تێر نەبوو. گوشاری دەرونی ڕۆژانەی تاقەتپڕوکێن تەنها دەرئەنجامی هەوڵدان نەبوو لەمەڕ دیاریکردن و گەڕان لەدوای بابەتەکان، بەڵکو شێوازی نووسینەکانیش ئەو گووشارەی توندتر دەکرد، لەبەرئەوەی ئەفسوونی چیرۆك ئامێزانە هەڕەشەیەکی بەردەوام بوو و بەردەوام مەترسی ئەوە لەئارادابوو بکەوینە داوی خەیاڵەکانمان و لە ڕاستی دوور بکەوینەوە. لە ئال سپیکادۆردا تەنها پەیڕەوییمان لە بنەمایەکی نەگۆڕ دەکرد: دەربڕینی حەقیقەت بە تەواوەتی. هەر لەبەرئەوەش، بەردەوام لەژێر گوشارێکی ڕۆحی قورسدا بووین کە نەماندەتوانی بۆماوەیەکی دورودرێژ خۆمانی لەبەرامبەر ڕابگرین. من و خۆزێ سالگار هێندە دیلی دوودڵیی‌و دڵەڕاوکێ بێ ئامانەکانمان بووین کە تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش ئارامان نەبوو و یەکشەممانیش دەستەویەخەی هەڵچوونە فکریەکانمان دەبووینەوە.

لە ١٩٥٦دا، هەواڵی ئەوە بلاوبوەوە کە پاپای دوازدەهەم تووشی نزگەرمیەکی چارەسەر نەکراو بووە و پێدەچێت بەهۆی ئەو دەردەوە بمرێت. جگەلە چیرۆکی بێوێنەی"p&o"ی نووسینی سامرسێت موام، کە پاڵەوانی بەسەرهاتەکە، لەناوەڕاستی ئۆقیانوسی هێندی، پێنج ڕۆژ توشی نزگەرە دەبێت لەکاتێکدا لەهەموو ناوچەیەکی دونیاوە چەندینجۆر چارسەری شیاو و نەشیاو بۆ دەنووسن دواجار دەمرێت،، هەرگیز شتێکی لەوجۆرەم نەبیستبوو و نەخوێندبووەوە، بەلاّم هەستدەکەم لەو سەردەمەدا ئاشنای ئەو بەرهەمە نەبووم. کۆتایی هەفتە، جورئەتمان نەدەکرد، لەکاتی پیاسە و گەڕاندا بەنێو سروشتدا یان بۆ گوندەکانی ئەوناوچە بیبانیانە، زۆر دوور بکەوینەوە، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەکە بەنیازبوو، گەر پاپا کۆچی دوایی کرد، ژمارەیەکی تایبەت بلاّوبکاتەوە. من لەتەك بیروبۆچوونی ئەو کەسانەدا تەبا بووم کە دەیانوت دەبێت

ژمارمیـەکی تایبـەتی ئامادەمـان هـەبێت و تـەنها هەنـدێك شـوێنی بەبـەتاڵی بهێڵینـەوە لەبەرئەوەی هەر پاش ئەوەی هەواڵی مەرگەکەی گەیشت بە وردەکاری دیاریکراو پڕییـان بکەینـەوە. دووسـاڵ پـاش ئـەوەی، ئەودەمـەی وەك پـەیامنێر لـە ڕۆم نیـشتەجێ ببووم، هێشتا خەڵکی دونیا چاوەڕێی سەرئەنجامی نزگەرەکەی پاپایان دەکرد.

یەکێکیتر لە گرفتە تاقەتپڕوکێنەکانی ڕۆژنامەکە ئەوەبوو کە دەیانویست تـەنها کـار لەسەر بابەتە وروژێنەرەکان بکـەن بۆئـەوەی هـەمووجارێك خوێنـەری زیـاتر ڕابکێـشن، ئەمەش لەکاتێکدا بـەزم نانـەوەم بـەلاوە پەسـەند نـەبوو، و لەبەرامبـەردا هـەم سـەرنجی بابەتـە پەراوێزکـەوتوەکانم دەدا و ئـەو خوێنەرانەشـم فـەرامۆش نـەدەکرد کـە حـەزوو ئارەزووەکانیان پاشکۆی دڵ و هەسـتەکانیان بـوو. لـە نێـو ئـەو بڕەکەمـەی ئەوبابەتانـەی دەسـتم کـەوتن، بـیرەوەری سـادەترین ڕێپۆرتـاژم هێـشتا لـەبیر مـاوە، کـە لەپەنجـەرەی پاسێکەوە بەدەم ڕۆشتنەوە بەمندا هەڵواسرا. لەسەر دەرگای خانوویـەکی جوانی لەسـەر شـێوازی سـەردەمی کۆلۆنیـاڵیی بـە ژمـارەی ٥٦٧ی جادەی ئۆکتابـا لـە بۆگۆتـا تابلۆیـەك بەرچـاو دەکـەوت کـە خـۆی بەکـەم دەزانـی:"نووسـینگەی نامـە بێخاوەنـەکانی بەڕێوەبەرایـەتی پۆسـتە". لـەبیرم نـەبوو هـەرگیز، بـەهۆی هەڵەیەکـەوە، نامەیـەکم ونکردبێـت، بـەڵام لەپاسـەکە دابـەزییم و لەدەرگامـدا. ئـەو پیـاوەی دەرگاکـەی بـەڕوودا کردمـەوە سەرپەرشـتیاری نووسـینگەکە بـوو، شـەش کارمەنـدی لـەژێر دەسـتدابوو کـە بەهۆی ئەرکە ڕۆمانسیەکەیان، دەبوو وەرگری سەرجەم ئەو نامانەی کە ناونیـشانەکەیان تەواو نەبوو یان کێشەی تێدابوو بدۆزنەوە.

خانوەکە قەشەنگ و بەرین و تەپوتۆزاوی بوو، بەسەقفی بڵند و دیواری درزتێبـوو و ڕێـڕەوی تاریـك و بەرهـەیوان و هـۆڵی پـڕ لـە نامـەی بێخاوەن. لـەنێوان ئـەو سـەد نامـە ڕێوێنکردوەی ڕۆژانە دەگیشتنە ئەوشوێنە، نزیکەی دە دانەیان پولی پێویستیان پێوەبـوو، بەڵام زەرفی نامەکان سپیبوون و تەنانەت ناونیشانی وەرگر و ئەوکەسەشیان پێوەنـەبوو کـە نـاردبووی. کارمەنـدەکانی نووسـینگەکە ناویـان نـابوون"نامەگـەلێك بـۆ پیـاوە نادیارەکـە"و بـۆ نـاردن یـان گەڕاندنـەوەی خۆیـان مانـدوو نـەدەکرد. بـەڵام مەراسـیمی کردنەوەی نامەکان بەنیازی دۆزینەوەی سەرەداوێك ئەرکێکی کارگێڕیی ناچاریی بوو کە کەمتر هەڵدەکەوت سودێکی هەبێت بەڵام ئەوکارە بەنیـشانەی جدیـەتێك لەقەڵـەم دەدرا کە شایستەی سوپاس بوو.

ڕێپۆرتـاژی گەیانـدنی یـەکێك لـەو نامانـە لـەژێر مانـشێتی سـەرەکی"پۆستەچیەکە هەزارجار لەدەرگا دەدات"و بەناونیشانی لقی"گۆڕستانی نامە ونبووەکان"لـە ژمارمیەکـدا چـاپ بـوو. کاتێـك سـالگار خوێندیـەوە وتـی:"**پێویـست ناکـات خـۆت بـە بابـەتێکی**

لەوچەشنەوە سەرقاڵ بکەیت و کۆتایی پێبهێنیت لەبەرئەوەی خۆی بەمردوویی لەدایکبووە. "بابەتەکەی لەسەر بنەما دیاریکراوەکە چاپ کرد، بەبێ درێژدادڕی و بەبێ کەمکردنەوەی دەقەکە، بەڵام بەروخساریا دیاربوو کە وەك خۆم، لەبەرئەوەی دەستمان لەبنی هەمانەکە گیرببوو، تەواو بێتاقەت و بێزارە. رۆخیلۆ ئێچبێریا، پێدەچوو لەبەر زەوقی شاعیرانەی ئەو رێپۆرتاژەی بەدڵ بوو‌بێت و راستگۆیانە پێداهەڵدا، بەڵام رستەیەکی هێنایە سەرزمان کە هەرگیز لەبیرم نەکرد:"**راستان دەوێت، گابۆ بۆ نووسین تەنانەت کارلەسەر بزماری سورەوەبووش دەکات.**"

بەجۆرێك ورەم دۆڕاندبوو کە بەبێ هیچ بنەمایەکی مەعقول و ئۆمێد بە کەسبکردنی ئەنجامێك ـ و بێئەوەی هیچ بە سالگار بڵێم ـ بڕیارمدا وەرگری ئەو نامەیەی کە بەشێوەیکی تایبەتی سەرنجی راکێشابووم بدۆزمەوە. لە گولخانەی **ئاگوا دێ دیۆس**[1]ەوە نێردرابوو و دەبوو بگاتە دەستی"خانمێکی تازیەبار کە هەموو رۆژێك بەشداری نزای کاتژمێر پێنجی کڵێسای **لاس ئاگواس**[2] دەکات". پاش جێبەجێکردنی هەمووجۆرە لێکۆڵینەوەیەکی بێ دەرئەنجام بەهاوکاری قەشەو خزمەتکارەکانی کڵێساکە، چەندین هەفتە لەتەك ئەو ئیماندارانەی کە بەشداری مەراسیمی نزای سەعات پێنجیان دەکرد قسەم کرد بێئەوەی بگەمە ئەنجامێکی ئەوتۆ. ئەو سێ خانمەی بەردەوام لەو رێورەسمەدا ئامادە دەبوون و هەمیشە بەرگی تازیەباریان دەپۆشی، لەرادەبەدەر بەتەمەن بوون، و هیچ پەیوەندییەکیان بە گوولخانەی ئاگوا دێ دیۆسەوە نەبوو و هەر ئەو مەسەلەیەش توشی سەرسامی دەکردم. شکستێکی قورس بوو کە زۆری خایاند تا لە بەندی کاریگەریە ناخۆشەکانی رزگار ببم، لەبەرئەوەی هەوڵدانی سەرسەختانەم نە لەبەر بریندارbونی لەخۆباییبون بوو نە لەبەر خاتری خودا، بەڵکو لەبەرئەوە ئامادەنەبووم دەستهەڵبگرم کە دڵنیابووم لە پشت بەسەرهاتی ئەو ژنە تازیەبارەوە چیرۆکێکی ورووژێنەر خۆی حەشارداوە.

هەرچەندە زیاتر لە گۆماوی پەیامنێریدا نوقم دەبووم، پەیوەندییم بە گروپی بارانکیاوە بەهێزتر دەبوو. زۆر نەدەهاتنە بۆگۆتا بەڵام من وەخت و ناوەخت هەرئەوەندەی توشی کێشەیەك دەبووم، تەلەفۆنم بۆدەکردن، بەتایبەت بۆ ژێرمەن بارگاس، لەبەر بۆچونە فێرکاریەکەی لەسەر رێپۆرتاژ. هەر کاتێك دەکەوتمە گێژاوێکەوە ـ کە زۆربوون ئەو حاڵەتانە ـ راوێژم پێدەکردن و ئەوکاتانەی بابەتێکی بەنرخم

1. Agua de Dios (ناوی ئیلاهی)
2. Las Aguas (ئاوەکان)

بڵاودەبووەوە، ئەوان تەلەفۆنیان دەکرد و پیرۆزباییان دەکرد و بەوەی کە بەوتەی خۆیان جوان بۆی چووبووم، خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی. ئالڤارۆ سێپدا هەمووکاتێك هاوکاری دەکردم، وەك ئەوەی هاوکارەکەی تەنیشتم بێت. پاش هەندێك گاڵتەی بەئەدەبانە، کە هەمیشە لەنێو ئەندامانی گروپەکەدا باوبوو، هێند سانا و ساکار لەدەست زەلکاوی گرفتەکان رزگاری دەکردم کە توشی سەرسوڕمان دەبووم. لەهەمانکاتدا، تەنها لەسەر بابەتە ئەدەبییەکان راوێژم بە ئالفۆنسۆ فۆێنمایەر دەکرد و داوای بیروڕاو رێنماییم لێدەکرد. هێزێکی جادوویی کاریگەر و کارسازی هەبوو، کە گەلێك جار بە نموونە هێنانەوە لە نووسەرە گەورەکان یان بە هێنانەوەی پەندێکی هۆشمەندانە، کە لە پاشخانە زێڕینەکەی دەریدەهێنا، گرفتەکانی چارەسەر دەکردم. گاڵتە مامۆستایانەکەی کاتێك بوو کە بەدوای ناونیشانێکی گونجاودا دەگەڕام بۆ راپۆرتێك لەسەر فرۆشیارە گەڕۆکەکانی خواردەمەنییەکان، کە بەرپرسانی تەندروستی دەبوونە ئاستەنگی کار وکاسبییان. ئالفۆنسۆ بە وەڵامێکی خێرا کۆتایی بە سەرلێشێواویەکەم هێنا:

- ئەوکەسەی خواردەمەنی دەفرۆشێت لەبرساندا نامرێت.

لەقوڵایی دڵەوە سوپاسم کرد و ئەوناونیشانە هێند بەلامەوە گونجاوبوو کە نەمتوانی بەر لە فزولیەتم بگرم و پرسیم ئەو رستەیە هی کێیە.

ئالفۆنسۆ بە تەواوەتی غافلگیری کردم، لەبەرئەوەی بابەتێکی بیرخستمەوە کە بەتەواو فەرامۆشم کردبوو:

- رستەی خۆتانە، مامۆستا.

لەراستیدا وەهابوو. ئەو رستەیەم لە میانەی یەکێك لە نووسینە بێواژۆکانمدا نووسیبوو، بەلام لەبیرم نەمابوو. ئەو مەسەلەیە چەندینساڵ لەنێو کۆڕی هاوڕێ بارانکیایەکانم دەگێڕدرایەوە و هەرگیز نەمتوانی باوەڕیان پێبهێنم کە راست بوەو گاڵتە نەبووە.

سەفەرە لەناکاوەکەی ئالڤارۆ سێپدا بۆ بۆگۆتا چەندرۆژێك مێشکمی لە هەواڵ و رۆژنامەکان دوورخستەوە. بە نیازی دروستکردنی فیلمێك هاتبوو کە تەنها ناونیشانی هەبوو و هیچیتر: **مەیگووی شین**. هەڵەیەکی روتبوو بەلام - رەنگە هەر لەبەر ئەوەش - لوویس بیسنێس، ئێنریکە گرایۆ و **نێریۆ لۆپێز**[١] وێنەگر ئەو بابەتەیان بەجدی وەرگرت. چیتر لەوبارەیەوە هیچم بەرگوێ نەکەوت تا ئەوکاتەی بیسنێس دەستنووسی فیلمنامەکەی بۆناردم تا منیش دەستکارییەکی بکەم و دەستێك بە بابەتە سەرەکیەکەی

---

١. Nereo Lopez

ئۆلیّ ئالڤارۆدا بهێنم. لەیادم نییە چیم بۆ زیادکرد، بەڵام چیرۆکەکەی بەلامەوە بەتام و سەرنجراکێش هاتەبەرچاو، بەتایبەت لەبەرئەوەی هەلگری هەندێك لایەنی شێتانەبوو کە ئەوەش ئاماژەیەکبوو لەسەر نزیکی فیلمەکە بە گروپەکەمانەوە.

هەریەکەو سوچێکی کارمکەیان لەئەستۆگرت، بەڵام باوکی مەعنەوی بەرهەمەکە لوویس بیسنێس بوو، کەئەو وانە سەرەتاییە سینەمایانەی لە پاریس فێریان ببو لە فیلمەکەدا جێکردەوە. گرفتی من ئەوەبوو توشی ئامادەکردنی یەکێك لەو ڕیپۆرتاژە ئاڵۆز و تێکهەڵچڕژاوانە ببوم کە بواری سەرخوراندنی بۆ نەدەهێشتمەوە و ئەوکاتەی لەدەستی قووتار بووم، هاوڕێکانم لە بارانکیا دەستیان بە وێنەگرتن کردبوو.

بەرهەمێکی سەرەتایی‌و تارادەیەك دەشتەکییە، بەڵام لایەنێکی باشی تێدایە کە ئەویش دەسەڵاتی درکی شایەتحاڵانەیە لەسەر فیلمەکە، وەك ئەوەی سروشێکی غەیبی، کە بێگومان فریشتەی پاسەوانی ئالڤارۆ سێپدابوو، لەکاتی دروستکردنی فیلمەکەدا دەستی بە باڵیانەوەبوو و ئیلهامی پێدەبەخشین. لە یەکێك لەو جارە زۆرانەی ئەو فیلمەمان لەماڵەوە نمایش کرد، **ئێنریکۆ فیۆلکینیۆنی**[1] یش ئامادەبوو و بە هاودڵی پڕخۆشەویستی توشی سەرسامی کردین: بەبۆچونی ئەو فیلمێکی زۆرباش بوو. لەسایەی سەرسەختی و جەسارەتی ستایش ئامێزانەی تیتا مانوتاسی هاوسەری ئالڤارۆ، ئەوەی تا هەنوکە لە مەیگوی شین ماوەتەوە بەدەوری دونیادا گەڕا و لە گەلێك ڤێستیڤاڵدا نمایش کرا.

ئەو ڕووداوە کەم بایەخانە جارناجار سەرقاڵیان دەکردین و باردودۆخی ترسناکی وڵاتیان لەبیر دەبردینەوە. کۆلۆمبیا لەوکاتەوە کە هێزە چەکدارەکان دەسەڵاتیان گرتبووە دەست و ئاڵای ئاشتیان لەنێوان حیزبەکاندا هەڵکرد، خۆی لەمەترسی چریکەکان بەدوور دەزانی. کەس گومانی لەوەنەبوو کە بارودۆخەکە وەك جارانە و تەنانەت ئەگەری گۆڕانکاری بە مێشکی جەماوەردا نەدەهات، تا ئەوکاتەی کوشتاری فێرخوازەکان لە بولواری سێتیما ڕوویدا. هێزە سەربازیەکان کە هەموو خەمیان پاساوهێنانەوەبوە بۆکردەوەکانیان، ویستیان ئەوە بە ڕۆژنامەنووسان بسەلمێنن کە شەڕێکی جیاواز لە پیاهەڵپژانی ئەبەدی نێوان لیبراڵ و پارێزکارەکان بوونی هەبوو. لەنێوان دوودڵی و یەقیندا سەرگەردان بووین کە ڕۆژێکیان خۆزێ سالگار بەرەو مێزی نووسینەکەم هات و یەکێك لەو پلانە ترسناکانەی خۆی پێشکەش کردم:

- ئامادەبن بۆئەوەی ئەو جەنگە بناسن.

---

[1]. Enrico fulchignoni

ئەوکەسانەی بانگهێشت کرابووین بۆئەوەی ئەو دۆخە تازەیە بناسین، بێئەوەی ئاگاداری وردەکاریەکانی شتێك بین، کاتژمێر پێنجی بەیانی ئامادەبووین بچینە گوندی **ڤیاریکا**[1] کە سەدوهەشتا کیلۆمەترێك لە بۆگۆتاوە دووربوو. ژەنەراڵ رووخاس پینیا لە سەربازگەی **مێلگار**[2]، کە زۆرجار کاتە بەتاڵەکانی لەوێ بەسەردەبرد و لەسەر رێگەکەمان بوو، چاوەڕوانی دەکردین و بەڵێنیدابوو سەردان و چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانیەکە پێش کاتژمێر پێنجی ئێوارە تەواو بێت و بواری پێویستمان لەبەردەستدا بێت تا بە وێنە و هەواڵی گەرمووگوڕەوە بگەڕێنەوە نووسینگەی رۆژنامەکە و راپۆرتەکەمان بنووسین.

لە لایەن ئال تیمپۆوە **رامیرۆ ئاندرادێ**[3] و **ژێرمەن کایسیدۆ**[4]ی یەکێك لە وێنەگرەکانی رۆژنامەکە هاتبوون، چوار کەسی تریش بوون کە ئێستا ناویانم لەیاد نییە، ئالسپیکادۆر من و **دانیەل رۆدریگێز**[5] یان ناردبوو. هەندێك کەس جلوبەرگی زستانەیان لەبەردابوو لەبەرئەوەی ئاگاداریان کردبووین کە دوور نییە ناچار بین بچینە ناو دارستانیشەوە.

بە ئۆتۆمبێل ئێمەیان گەیاندە مێلگار و لەوێشەوە سواری سێ هەلیکۆپتەر بووین و بەرەو تەنگەیەکی باریك و دوورەدەست لەنێو زنجیرە شاخە ناوەندیەکان فڕین کە داوێنەکانیان زۆر سەرەوخوارکەبوون. بەڵام، ئەوەی لەهەمووشتێك زیاتر کاریگەری لەسەر بەجێهێشتم ترسی فرۆکەوانە لاوەکان بوو کە نەیاندەوێرا بەهەندێك ناوچەدا گوزەر بکەن لەبەرئەوەی رۆژێك پێشتر چریکەکان لەوێ هەلیکۆپتەرێکیان خستبووە خوارەوە و زیانیان بە هەلیکۆپتەرێکیتر گەیاندبوو. پاش پازدە خولەك ترس و نیگەرانی، لە گۆڕەپانە بەرین و بەتاڵەکەی بیاریکادا نیشتینەوە، کە پێنەدەچوو زەویە ئاهەکیەکەی بەرگەی قورسی هەلیکۆپتەر بگرێت. لەدەوروبەری گۆڕەپانەکە هەندێك کۆڵێتی دارین و دوکانی وێران و خانوی بەتاڵ بەرچاودەکەوت و لەومیانەیەدا تەنها یەك بینای نوێکراوە و تازە بۆیاخ کراو بەرچاو دەکەوت کە تا پێش رووداوە ترسناکەکانی ئەودواییە، تاقە ئوتێلی گوندەکە بوو.

بەرامبەر هەلیکۆپتەرەکە، زنجیرە شاخێکی نزمتر و سەربانی گیالەسەر رووەوی تاقە ماڵێك دیاربوو کە لەنێو تەمووەژ و تەپوتۆزی دەربەندەکەدا خۆی دەنواند. بەقسەی ئەو

---

[1]. Villarrica

[2]. Melgar

[3]. Ramiro Andrade

[4]. German Caycedo

[5]. Daniel Rodriguez

ئەفسەرەی لەگەڵمان بوو، چریکەکان لەوێ کەمینیان دانابوو و چەکەکانیان ئەوەندە برەوی هەبوو کە بتاوانن لەوێوە بمانپێکن. هەر لەبەرئەوەش، دەبوو بە زیگزاك بەرەو ئۆتێلەکە رابکەین و بۆ خۆپارێزی زیاتر و بەمەبەستی رێگری پێشوەخت لە بەرکەوتنی ئەگەری تەقە لێکردن لە بەرزاییەکانەوە، خۆمان بنوشتێنینەوە تا ئەوکاتەی دەگەینە ئوتێلەکە. تازە لەوکاتەدابوو تێگەیشتم ئەوشوێنەیان کردوەتە سەربازگە.

سەرهەنگێك بە بەرگی سەربازیەوە، بە شیکپۆشی ئەکتەرەکانی سینەما و خۆش مەشرەبی هۆشمەندانەوە، بەبێ تۆزقاڵێك ترس بۆی رون کردینەوە کە لەماڵەکەی ناو دەربەندەکەدا، هێزە پێشڕەوەکانی چریکەکان چەند هەفتەیەکە سەنگەریان گرتووە و لەوێوە چەندینجار بەشەودا هێرشیان کردبووە سەر گوندەکە. هێزەکانی سووپا لەوە دڵنیابوون کە ئەوان بەبینینی هەلیکۆپتەرەکانی نێو گۆڕەپانەکە، چالاکی ئەنجام دەدەن و خۆیان بۆ رووبەڕوبوونەوە ئامادە کردبوو. بەڵام، پاش کاتژمێرێك کاری بزوێنەرانە، بەتایبەت هاندان و وروژاندنیان بۆ رووبەڕووبونەوە بە بڵندگۆ، چریکەکان بچوکترین ئاماژەی ژیانیان لەخۆیان دەرنەخست. جەنابی سەرهەنگ بە بێزاری و بێتاقەتیەوە، هێزێکی دیدەوانی رەوانەکرد بۆئەوەی دڵنیابێت لەوێ هێشتا لەو خانوەدان.

هەڵچونەکان دامرکانەوە. لە ئوتێلەکە دەرچووین و بەکۆڵانەکاندا کەوتینە گەڕان و تەنانەت لە کۆڵانەکانی دەوروبەری گۆڕەپانەکەش نزیکبووینەوە کە کەمتر پاسەوانیان لێدەکرا. من و وێنەگرەکە و هەندێك کەسیتر، بە پەڕینەوە لە دەربەندێکی پێچاوپێچ و پڕ لە پارچە ئاسن، بەرەو بەرزاییەکان هەڵکشاین. پاش تێپەڕین لەیەکەم پێچ، کۆمەڵێك سەربازی ئامادەی تەقەکردن لە نێو گژوگیاکانی ئەوناوە راکشابوون. یەکێك لە ئەفسەرەکان ئامۆژگاری کردین بگەڕێنەوە گۆڕەپانە سەرەکیەکە لەبەرئەوەی ئەگەری هەرجۆرە رووداوێك لەئارادابوو. بەڵام گوێمان لەقسەکەی نەگرت. بەنیازبووین ئەوەندە سەربکەوین تا دەگەینە هێزە پێشڕەوەکانی چریکەکان و بە فەراهەم کردنی هەواڵێکی وروژێنەر ئەو رۆژەمان لەدەستبەتاڵی رزگار بکەین و بەدەستی بەتاڵ نەگەڕێنەوە.

هەلمان بۆ نەڕەخسا. لەپڕ گوێمان لە چەند فرمانێکی هاوکات بوو و پاش ئەوەش سەربازەکان ئەو ناوچەیەیان دایە بەرتەقە. لەتەنیشت سەربازەکانەوە بەسەر عەردەکەدا پان بووینەوە و ئەوانیش بەرەو خانوەکەی نێو دەربەندەکە دەستیان بەتەقەکردن کرد. لەوهەلومەرجە پەرێشانەدا بۆ چەند چرکەیەك رۆدریگێسم لەبەرچاو ونبوو کە بەدوای کادرێکی باشدا دەگەڕا بۆ وێنەگرتن. تەقەکردنەکە ماوەیەکی کورتی خایاند بەڵام زۆر توندبوو و دواجار بێدەنگیەکی سامناك و مەرگبار باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا. تازە گەڕابووینەوە گۆڕەپانی سەرەکی گوندەکە و چاومان بە کروپێك سەرباز کەوت لە نێو

دارستانەکەوە دەگەڕانەوە و برینداریکیان بە نەقالە دەگواستەوە. فەرماندە شڵەژاو و دەستەپاچەکەی کەرتە سەربازیەکە مۆڵەتی پێنەداین وێنە بگرین. بەچاو بۆ ڕۆدریگیس گەڕام و بینیم پێنج مەتر لەدووری منەوە لەلای ڕاستمەوە دەرکەوت و کامێراکەی بەدەستەوە بوو و ئامادەبوو دوگمەکە بچرکێنێت. سەربازەکان پێیان نەزانیبوو. چەند ساتێکی پڕ لە دڵەڕاوکێم بردەسەر، ترس و دودڵی بواریان نەدەدا، لەلایەکەوە دەمویست هاوار بکەم وێنە نەگرێت لەبەرئەوەی دەترسام بەهەڵە تەقەی لێبکەن و لەهەمان کاتدا غەریزە پرۆفشناڵانەکەم حوکمی دەکرد هەرچۆنێك بووە وێنە بگرێت. دوودڵیەکەم زۆر درێژەی نەکێشا، لەبەرئەوەی ڕێك لەوکاتەدا فەرماندەکە نەڕەی لێ بەرزبودوە:

- کەس وێنە نەگرێت!

ڕۆدریگێس ئارام و لەسەرخۆ کامێراکەی داگرت، هاتەلام و لەتەنیشتمەوە وەستا. سەربازەکان لەکاتی تێپەڕیندا، ئەوەندە لە ئێمە نزیك بونەوە کە بۆنی توندی جەستەی عارەقاوییانمان بەر لوت کەوت و بێدەنگی مەرگ سەتاپامانی خستە لەرزە. ئەوکاتەی دورکەوتنەوەو ڕۆشتن، ڕۆدریگێس بەگوێچکەمدا چرپاندی:

- وێنەم گرتن.

وێنەکە باش دەرچوو بەڵام هەرگیز چاپ نەکرا. دەرئەنجامی سەردانەکە خراپ بوو. دوو سەرباز برینداربوون و نزیکەی دووکەس لە چریکەکان کوژران و لاشەکانیان بەراکێشان تا سەربازگەکە بەکێش کردن. شێوەی هەڵسوکەوتی سەرهەنگە خۆش مەشرەبەکە گۆڕا حاڵەتێکی وشك و روگرژانەی وەرگرت. زۆر کورت و پڕ پێیان ڕاگەیاندین کە بەرنامەی سەردانەکە هەڵوەشاوەتەوە نیو کاتژمێر بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ مۆڵەتمان هەیە و خێرا پاش ئەوە بە ئۆتۆمبێل دەگەڕێنەوە بۆ مێلگار، لەبەرئەوەی هەلیکۆپتەرەکانیان بۆ گواستنەوەی بریندار و لاشەکان پێویستە. و هەرگیز ژمارەی تەواوەتی کوژراو و برینداەرکان دەرنەکەوت.

کەس ئاماژەی بۆ چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکەی ژەنەرال رووخاس پینیا نەکرد. بەسواری جێبێکی شەش کەسیەوە بە بەردەمماڵەکەیدا لە مێلگار تێپەڕین و لەنیوەشەو تێپەڕیبوو گەیشتنینەوە بۆگۆتا. سەرجەم ئەندامانی دەستەی نووسەران چاوەڕوانمان بوون، لەبەرئەوەی لە"نووسینگەی ڕاگەیاندن و زانیاریی"سەرەك کۆماریەوە بەبێ هیچ وردەکاریەك ئاگادار کرابوونەوە کە لەڕێگەی زەمینیەوە دەمان گەڕێنەوە بۆ بۆگۆتا، بەڵام ئەوەیان دیاریی نەکردبوو بەزیندویی یان بە مردویی.

تا ئەوکاتە، تاقە ناوەندی چاودێری سەربازیی لەمەڕ مەسەلەی کوشتاری فێرخوازەکان لە ناوەندی بۆگۆتا بوو. پاش ئەوەی دواهەمین بەرپرسی چاودێری

دەوڵەتی پێشوو، بەچاوی گریان و دڵی خوێنینەوە لە فرتوفێڵ و گاڵتەی نووسەران کە بەردەوام پێیان رادەبوارد و گاڵتەیان پێدەهات، بێئەوەی ناوڕ لەدواوەی بداتەوە، لێداو ئەوشوێنەی بەجێهێشت، جێنشینێکیان بۆ شوێنەکەی رەوانە نەکرد و چیتر کەسێك نەبوو ببێتە مووی لوت لێمان. دەمانزانی"نووسینگەی راگەیاندن و زانیاریی"چاودێریمان دەکات و زۆرجار بەتەلەفۆن پێوەندییان پێوە دەکردین و باوکانە ئاگادارییان دەکردینەوە و ئامۆژگارییان دەکردین. هێزە سەربازییەکان، کە لە سەرتای حکومەتەکەیانەوە رەفتارێکی لەسەرخۆ و بەئەدەبانەیان لەتەك بلاوکراوەکاندا هەبوو، لەناکاو خۆیان ونکرد و نەدەکوتنە بەردەست و رەخنەشیان قبوڵ نەدەکرد. بەلام، سەرەداوێکمان چنگ کەوت و وردەوردە لەبێدەنگیدا گەشەی کرد و ئەگەرێکی نزیکی خستە سەرزاران کە هەرگیز نە جەختی لەسەرکرایەوە نە بەدرۆ خرایەوە: سەرکردەی دەستەیەك چریکی **تۆلیما**[1]، لاوێکی تەمەن بیست و دوو ساڵان بوو کە بەپێی بنەماکانی خۆی رێگەی ژیانی خۆی هەڵبژارد و ناوەکەی کە نە بەدرۆخرایەوە نە سەلمێندرا، **مانوێل ماریولاندا فێلێز**[2] یان **پێدرۆ ئانتۆنیۆ مارین**[3] "ناوەڕاستی نیشانەکە"بوو. چل و هێندێك ساڵ پاشئەوە، کاتێك لەسەر ئەو بابەتە لە ئۆردوگا جەنگیەکەیدا پرسیاریان لە مارۆلاندا کرد، لە وەلامدا وتی لەبیری نییە ئەوبووبێت یان نا.

نەمانتوانی جگەلەوە هیچ هەواڵێکیترمان دەست بکەوێت. پاش گەڕانەوە لە بیاریکا، بەوپەڕی تواناوە هەوڵمدا پەردە لەسەر ئەو بابەتە هەڵماڵم، بەلام سەرجەم دەرگاکان داخرابوون. رێگەیان نەدەدایین سەردانی"نووسینگەی راگەیاندن و زانیاری"سەرەك کۆمار بکەین و بەسەرهاتە ناخۆشەکەی بیاریکا، بەبیانوی پاراستنی زانیاریی نهێنی سەربازیی، بۆهەمیشە بووبە ژێرەوە. ئۆمێدی هەڵهێنانی ئەو مەتەڵەم فرێدابووە تەنەکەخۆڵی فەرامۆشیەوە کە خۆزێ سالگار لەبەردەم مێزی نووسینەکەمدا سەوزبوو و بە نواندنی ئەوەی خوێنساردە ـ ئەو تایبەتمەندیەی هەرگیز تێدا نەبوو ـ ئەو تەلەگرافەی نیشاندام کە تازە بەدەستی گەیشتبوو.

وتی ـ **ئەمە ئەوشتەیە کە لە بیاریکا نەمانبینی.**

چیرۆکی خەفەتبارانەی ژمارەیەك منال بوو کە هێزە سەربازیەکان، بەبێ پلان و بەرنامەی پێشوەخت و بێئەوەی شوێنێکیان بۆ ژیان و خواردنیان دابین کردبێت، لەماڵ و گوندەکانیان دەریانهێنابوون تا بتوانن بەدەستی کراوە لە شەڕێکی قورس و

---

[1]. Tolima

[2]. Manuel Marulanda Velez

[3]. Pedro Antonio Marin

بێبەزمییانەدا، چریکەکانی تۆلیما بکوژن و چەکیان بکەن. هێندە بەپەلە منداڵەکانیان لە دایکەکانیان جیا کردبووەوە کە تەنانەت نەیانتوانیبوو ئەوە دیاریی بکەن کامەیان منداڵی کێیە و زۆربەی منداڵەکانیش ئەوەندە بچوکبوون کە بۆخۆشیان ناوی دایك و باوکیان نەدەزانی. بەسەرهاتە پڕئازارەکە بە گواستنەوەی لەناکاوی هەزار و دووسەد کەسی گەورە دەستی پێکردکە پاش سەردانەکەی ئێمە بۆ مێلگار، ئەوانەیان ڕەوانەی گوندە جیاوازەکانی تۆلیما کرد، لەهەرشوێنێك بۆیان هەڵکەوتبا نیشتەجێیان دەکردن و بەئەمانی خوا بەرەڵایان دەکردن. ژمارەی ئەو منداڵانەی کە تەنها لەبەر هۆکاری لۆجستی لە ماڵەکانیان دوورخرابوونەوە و بەسەر هەتیوخانەکانی وڵاتدا دابەش کرابوون دەگەیشتە سێ هەزار کەس، تەمەنیان زۆر جیاوازبوو هەروەها باری ئابوریی بنەماڵەکانیشیان هەر جیاوازبوو. تەنها سی کەسیان لەدایك و باوکەوە هەتیوبوون و لەنێوانیاندا دووانەیەکی سیازدە ڕۆژەش بەدیدەکرا. ئەو کارانە، لەپەنای سانسۆرە ڕۆژنامەوانیەکاندا، بەنهێنی مانەوە، تائەوکاتەی پەیامنێری ئالسپیکادۆر لە **ئامبالیما**[1]، لە دووسەد کیلۆمەتری بیاریکا، تەلەگرافی بۆ کردین و یەکەمین سەرەداوی دایەدەستمان.

لەماوەی کەمتر لە شەش کاتژمێردا، سی‌سەد منداڵی کەمتر لە پێنج ساڵانمان لە"مەنزڵگەی منداڵی بێ پەناکان"ی بۆگۆتا دۆزیەوە کە زۆربەیان بارودۆخێکی نادیاریان هەبوو، دیارنەبوو دایك و باوکیان کێن. **هیلی ڕۆدریگێز**[2] ی تەمەن دووساڵ بەزەحمەت توانی ناوی خۆی بێنێتە سەرزمان. هیچی دەربارەی خۆی و بنەماڵەکەی نەدەزانی. نە دەیزانی لەکوێیە و نەدەیزانی بۆ لەوێیە، و نە ناوی دایك و باوکی دەزانی و نە دەیتوانی سەرە داوێکمان بداتێ تا بیاندۆزینەوە. تاقە دڵخۆشی ئەوەبوو کە دەیتوانی تا چواردەساڵی لەوێ بمێنێتەوە. بودجەی هەتیووخانەکە لەو هەشتا پیزۆیەوە دابین دەکرا کە قایمەقامیەت بۆ هەموو منداڵێك دیاریی کردبوو. لەهەفتەی یەکەمدا، دە کەسیان هەڵاتن بۆئەوەی بەقاچاخ و بەقاتر خۆیان بگەیێنە تولیمار، و نەمانتوانی هیچ ناونیشانێکیانمان دەست بکەوێت.

لەو مەنزڵگە کاتیەدا، مەراسیمی ناولێنانی کارگێڕیان بۆ زۆربەیان سازکرد و بۆئەوەی تارادەیەك بناسرێنەوە، ناوی بنەماڵەکانیان لەسەر شوێنی لەدایکبوونەکانیان بۆ هەڵبژاردن، بەڵام هێندە لەیەکدەچوون و ئەوەندە بزۆك بوون کە لەکاتی زمنگی پشووەکاندا نەدەکرا لەیەکیان جیا بکەیتەوە، بەتایبەت لە وەرزە ساردەکاندا کە

---

[1]. Ambalema

[2]. Heli Rodriguez

بەناچاری بەنێو ڕێڕەو و بەسەرقادرمەکاندا رایان دەکرد بۆئەوەی خۆیان گەرم بکەنەوە. پاش ئەوسەردانە دڵبریندارکەرە، پرسیارێکی حەتمی خۆی بەسەردا سەپاندم و بوە خۆرەی مێشکم: ئایا چریکەکان، کە لەشەڕەکەدا، سەربازێکیان کوشتبوو، دەیانتوانی لەومزیاتر زیان بە منالەکانی بیاریکا بگەێنن؟

بەسەرهاتی ئەو کارە لۆجستیە بێ مەنتیقە لە چەند ژمارەیەکی یەك لەدوای یەکی رۆژنامەدا بلاوکرایەوە، بێئەوەی مۆڵەت لە کەس یان سەرچاوەیەکی دیاریکراو وەربگرین. بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی لەبەرامبەر ئەو یاخیبوونە هەڵچوانەیە بێدەنگ بوو و بەرپرسە سەربازیەکان بە رونکردنەوەی هەمیشەیی و باوی خۆیان وەڵامیان داینەوە:روداوەکانی بیاریکا بەشێکبوو لە پلانی یەکگرتووی کۆمۆنیستەکان لەدژی هێزە سەربازیەکان و ئەوانیش هیچ چارەیەکیان نەبوو ئەوە نەبێت پشت بە شەڕ ببەستن. دێڕێك لەو بەیاننامەیە بەسبوو بۆئەوەی بیر لەوەبکەینەوە راستەوخۆ لە **خیلبێرتۆ ڤیێرا**[١]ی سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیست زانیاریی وەربگرین کە هەرگیز نەمانبینیبوو.

لەبیرم نییە یەکەمین هەنگاوم لەداهێنانی خۆم بوو یان پرسم بە بەرپرسانی رۆژنامەکە کرد، بەلام باش لەبیرمە کە چەندینجار بەبێ ئاگام هەوڵمدا پەیوەندی بکەم بە یەکێك لە رابەرە شاراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستەوە بۆئەوەی لەبارودۆخی بیاریکا ئاگادرم بکاتەوە. گرفتی سەرەکەی ئەوەبوو کە رژێمی سەربازیی بەشێوەیەکی بێوینە کۆمۆنیستەکانی گەمارۆدابوو و لەهەموو شوێنێك شوێنپێی هەڵدەگرتنەوە. وەك دواهەمین ڕێگەچارە، دەستەو داوێنی یەکێك لەهاوڕێ کۆمۆنیستەکانم بووم و دووڕۆژ دواتر کاتژمێر فرۆشێکی گەڕۆکیتر، لە نووسینگەی رۆژنامەکە سەردانی کردم، بۆئەوەی ڤیستە دواکەوتوەکانم لێوەربگرێتەوە کە لەبارانکیا نەمتوانیبوو بیاندەم. بەوبڕەپارەیەی لەگیرفانمدابوو بەشێك لەقەرزەکانم دایەوە و لە نێو قسە بەربلاوەکاندا، وتم پێویستە زۆر بەپەل لەتەك یەکێك لە رابەرە سەرەکیەکانیان قسە بکەم و هەمان ئەو وەلامە هەمیشەییەم وەرگرتەوە، واتە ئەو وتی ئەو هیچی لەدەست نایە و نازانێت چ کەسێك دەتوانێت ئەو دیدارەی بۆ رێکبخات. بەوحاڵەوە، عەسری هەمان رۆژ، بەبێ زانیاری پێشوەخت، دەنگێکی پڕ لەمۆزیکی کەمتەرخەمانە، بەتەلەفۆن، لەناکاو وتی:

- سلاو گابریل، من خێلبێرتۆ ڤیێرام.

---

[١]. Gilberto Vieira

هەرچەندە بیێرا یەکێك بوو لە دیارترین دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیست، بەڵام تا ئەوکاتە تەنانەت یەك کاتژمێر تامی دورخستنەوەو زیندانی نەچەشتبوو. سەرباری ئەوەی پێدەچوو تەلەفۆنەکەی هەردووکمان لەژێر چاودێریدا بێت، ناونیشانی حەشارگەکەی پێوتم بۆئەوەی هەرئێوارەی ئەورۆژە سەردانی بکەم.

ئاپرتمانێك بوو بە هۆڵێکی دانیشتنی بچوکەوە، پڕ لە کتێبی سیاسی و ئەدەبی و دوو ژوری نووستن، لەنهۆمی شەشەمی بینایەکدا بە قادرمەی بڵند و رەشەوە، کە تا مرۆڤ دەگیشتە ئەوێ هەناسەی دەبڕا، هەڵبەتە نەتەنها لەبەر ژمارە و بەرزی قادرمەکان، بەڵکو لەبەر ئاگاداریی لەوەی پێی خستبووە یەکێك لە ئاسایشترین و پارێزراوترین ناوچە نهێنیەکانی وڵات، دڵی بەپەلەتر لێیدەدا. بیێرا لەتەك سیسیلیای هاوسەری و کچە بچوکەکەیان دەژیا. لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی لەماڵ نەبوو، لەنزیك بێشکەی منالەکەیەوە دانیشت و هەرئەوەندەی لەوماوە دورودرێژە بێدەنگانەی دەکەوتە نێو قسەکانمان، گریەی بێ ئامان و پڕهاواری منالەکەی بەرز دەبووەوە، بێشکەکەی رادەژەند. باسی هەموو شتێکمان دەکرد، هەم لەسەر سیاسەت قسەمان کرد و هەم لەسەر ئەدەب، هەرچەندە ئەو حەزی لەقسەی نەستەق و خۆش نەدەکرد. باوەڕم نەدەکرد ئەو پیاوە تەمەن چل ساڵە سوورکال و کەچەڵە، بەو چاوە رۆشن و نیگا ئازاردەر و هێڵی دیاری لێوەکانیەوە، هەمان ئەوکەسە بێت کەبڕست و ئارامی لە بەرپرسە نهێنیەکانی ئاسایش بڕیبێت و بۆدۆزینەوەی، سەدان کەس بەسەرتاسەری وڵاتدا بڵاوبووبێتنەوە.

هەرکە چومە ژورەوە تێگەیشتم کە ئاگاداری سەرجەم رودواەکانی ژیانمە، لەوکاتەوەی کاتژمێرەکەم لە ئال ناسیۆناڵدا کڕی. رێپۆرتاژەکانم لە ئال سپیکادۆردا دەخوێنێتەوە و بەشێوەیەی جیاواز لەوە ئاگادار دەکرا کام یاداشتانەم بەبێ ئیمزا بڵاوکردوەتەوە بۆئەوەی بە لێکدانەوەی وردیان شییان بکاتەوە و مەبەست و ئامانجە نهێنیەکانی دەق بدۆزێتەوە. سەرباری بڕوای پتەوی بە باوەڕەکانی، لەوباوەڕەدابوو باشترین کارێك کە دەتوانم بۆ خزمەت کردنی هاونیشتیمانیەکانم ئەنجامی بدەم درێژەدانە بەو رێگەیە، بێئەوەی پەیوەستبم بە هیچ گروپ و لایەنێکەوە یان بکەومە داوای پڕوپاگەندەی سیاسیەوە.

هەرئەوەندەی هەلی ئەوەم بۆ هەلکەوت تا بۆی رونبکەمەوە بۆچی ویستوومە بیبینم، خێرا چووە سەر بنەڕەتی بابەتەکە. بەتەواوەتی لە روداوەکانی بیاریکا ئاگاداربوو، تەواو وەك ئەوەی بۆخۆی هەموو شتێکی بەچاوی خۆی بینیبێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی چاودێری توندەوە نەمتوانی تەنانەت یەك ووشەی ئەوەی بۆی باس کردبووم بڵاوبکەمەوە. بەهەرحاڵ، گەلێك زانیاریی گرنگی خستە بەردەستم بۆئەوەی لەوە

تێبگەم کە ئەو روداوە دەستپێکی نەبەردێکی دورودرێژ و بەردەوامبوو، کە پاش نیوسەدە جەنگ و ئاگربڕە کاتیەکان سەریهەڵدەدا. قسەکانی ئەوڕۆژەی لەوشوێنەدا، زیاتر لەژێر کاریگەریی وتەکانی خۆرخێ ئالیسێر گایتانـدابوو تـا تێزەکانی مـارکس، کـە کتێبـەکانی لەسـەر مێـزی تەنیـشت قەرەوێڵەکـەی هەڵـچنرابوون، لەبەرئـەوەی هەسـت نـەدەکرا ڕێگەچارە پێشنیار کراوەکەی دامەزراندنی دەوڵـەتی پرۆلیتاریـا بێـت، بـەڵکو خوازیـاریی یەکیەتی خەڵکە هەژارودامـاوەکەبوو لـەدژی چینـە خـاوەن دەسـەڵاتەکان. لەسایەی ئـەو دیدارەدا، نەتەنها مەسەلەکەم بۆ رونبووەوە و تێگەیشتم لە وڵاتدا چی دەگوزەرێ، بـەڵکو ئاشنای شێوەیەکی بیرکردنەوە و شیکردنەوەمبووم کـە بەهۆیـەوە زیـاتر لـە بارودۆخـەکان تێدەگەیشتم. مەسەلەکەم وەکوخۆی بۆ گیێرمۆ کانو و سالامسا گێڕایـەوە و دەرگـای ئـەو بابەتەم دانەخـست بەوئۆمێـدەی رۆژێـك کۆتـایی ئـەو دیـدارە نیومناتـەواوە دەربکـەوێت. پێویـست بـەووتن ناکـات کـە پەیوەندیـەکی زۆربـاش و دۆسـتانە لـەنێوان مـن و بیێـرا دروسـتبوو کـە تەنانـەت لەناخۆشـترین رۆژانـی سـەرکووتکردنی کۆمۆنیـستەکان و ژیـانی تەواو نهێنییدا پەیوەندییمان هەر بەردەوامبوو.

دیاردەیەکی پڕئازاریتر بەنهێنی گەشەی دەکرد تا ئەوکاتەی بڵاوکردنەوەی هـەواڵێکی نـاخۆش، لـە فەوریـەی ۱۹٥٤، بازنـەی بێـدەنگی پـچڕاند و پـەردەکان لابـران: یـەکێك لـە کۆنەسەربازەکانی جەنگی کۆریا مەدالیاکانی بەبارمتە دانابوو بۆئەوەی بەپارەکەی ورگی تێربکـات. لـە قۆنـاغێکیتری باوەڕپێنـەکراوی مێژووماننـدا، ئەودەمـەی گوندنـشینەکان، بـەهۆی توندوتیـژی دەوڵەتـەوە و بـەهۆی خۆپاراسـتن لـە گولـەبارانی سـەربازەکان، زەویەکانیان بەجێدەهێشت و دەڕۆشتن، هەر بارودۆخ و چارەنووسێکیان لەهیچ بەباشـتر دەزانی. زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان بەهۆی کۆچی بێ بەرنامـەوە، بـچوکترین رۆچنی هیوای نەهێشتبووەوە. کۆلۆمبیا وەك ئەوەی هەموو رۆژێك لە وتارەکان و لەسەر شەقام و لەکافتریاکان و لـەگفتوگۆ خێزانیـەکان دوبـارە دەکرایـەوە، کۆمارییـەکی غـەیبی بوو. بۆ زۆربەی ئەو گوندنشینە سەرگەردان و لاوانەی کە هیچ ئۆمێدێکیان بۆ داهاتوو نـەبوو، جـەنگی کۆریـا بەرێگەچـارەیەکی تاکەکەسی لەقەڵـەم دەدرا. چـوارهەزار کـەس رێگەی ئەوجەنگەیان گرتەبەر کە هەمووجۆرە مرۆڤێکی تێدا بەدیدەکرا، سەرلێشێواو و نارێکوپێـك، بـەبێ هـیچ پێوانەیـەکی دیـاریکراو و تـەنها لەسـەر بنـەمای توانایـیـە جەستەییەکان هەڵیان دەبژاردن و رەوانەیان دەکرن، تارادەیـەك بەهـەمان ئەوشێوەیەی کە یەکەمین ئیسپانیەکانیان بۆ داگیرکردنی ئەمریکا رەوانەکران. پاش ئـەوەی وردەوردە گەڕانەوە بۆکۆلۆمبیا، ئەو گروپە ناهەماهەنگە دواجـار روویـەکی هاوبەشـیان دۆزیـەوە، : کۆنە سەربازەکان. بەس بوو بۆئەوەی یەکێکیان هەڵەیەکی لێبوەشێتەوە تا هەموویان بە

تاوانبار لەقەڵەم بدرێن. بە بەڵگەیەکی بێ بنەماو نەسەلمێندراو، دەرگاکانیان بەڕوودا داخستن و لە مافی کارکردن بێبەشکران، لەبەرئەوەی دەیانوت بارودۆخی دەروونیان لەبارنییە. لەبری ئەوە بۆ زۆربەی قوربانیەکان کە وەك تەنێك خۆڵەمێش گەڕانەوە نیشتیمان، بەپێی پێویست فرمێسکیان هەڵڕشت.

هەواڵی ئەو کۆنە سەربازەی کە مەدالیاکانی بە بارمتە دانابوو، بەشێوەیەکی بزوێنەر بە هەواڵێکیتر کە نزیکەی دەمانگ پێشتر بڵاوکرابووەوە ناکۆکبوو: دواهەمین سەربازە کۆڵۆمبیەکان بەنزیکەی یەك ملیۆن دۆلار پارەی نەختەوە لە کۆریا گەڕانەوە و بەگۆڕینەوەی پارەکانیان لە بانکەکاندا نرخی دۆلاریان لە سێ پیزۆ و سی سەنتەوە بۆ دووپیزۆ و نەوەد سەنت دابەزاند. بەڵام، کۆنەسەربازەکانی جەنگی کۆریا رۆژبەرۆژ زیاتر لەتەك واقیعەکانی وڵات دەکەوتنە ململانێ و رووبەڕووبوونەوە و هەرئەوەندەش لە پێگە و مەزنیان کەم دەبووەوە. پێش گەڕانەوەیان، هەندێك پڕوپاگەندە لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرابوونەوە لەسەرئەوەی بۆ وەرگرتنی پسپۆڕیی و پیشەی بەرهەمهێنەرانە پێشینەی تایبەت وەردەگرن، تا کۆتایی تەمەنیان موچەی خانەنشینی وەردەگرن و گەر ئارەزوی نیشتەجێبوون لە ئەمریکا بکەن ئاسانکاریی تایبەتیان بۆ دەکرێت. راستیەکان تەواو پێچەوانەی ئەوەبوو: ماوەیەك پاش گەڕانەوەیان، لە ریزەکانی سووپا دەرکران و زۆربەیان هیچ پارەوپولێکیان بەدەستەوە نەما جگەلە وێنەی دەزگیرانە ژاپۆنیەکانیان نەبێت کە لە ئۆردوگاکانی ژاپۆن بەمەبەستی حەسانەوە لەماندویەتی جەنگ دەیانبردنە ئەوێ و بەردەوام چاوەڕوانیان بوون.

ئەو رووداوە مەینەتبارە نەتەوییە، بەبێ ویستی خۆم منی خستەوە بیری سەرهەنگ مارکیزی باپیرم، کە چاوەڕوانیکردنی موچەی خانەنشینیەکەی بێکۆتایی مایەوە و بووە چاوەڕوانیەکی هەمیشەیی. هەمیشە بیرم لەوەدەکردەوە کە بیرتەسکی دەسەڵاتداران لەبەرامبەر باپیرم لەبەرئەوەبوو کە دەیانویست سەرهەنگێکی ئاژاوەچی کە سەرسەختانە لەدژی دەسەڵاتی پارێزکارانە دەجەنگی، تەمێ بکەن. ئەمەش لەکاتێکدا ئەوانەی بەزیندویی لە کۆریا گەڕانەوە دژی کۆمۆنیزم و لەمەڕ پاراستنی بەرژەوەندیە ئیمپریالیستیەکانی ئەمریکا جەنگیان کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، لەبری ئەوەی ناویان لە ستوونی ژیانی تایبەتی کەسانی ناودارا تۆمار بکرێت، لەلاپەڕەی رووداوەکاندا ناویان دەهێنان. یەکێك لەوانە، کە بەفیشەك دوو کەسی بێتاوانی کوشت لەدادگا لە قازیەکانی پرسی: **"گەر لە کۆریا سەدکەسم کوشت و کەس خۆی تێك نەدا، گرفت چییە دەکەسیش لە بۆگۆتا بکوژم؟"**

ئەو پیاوە، وەك گەلێك تاوانباری تر، كاتێك گەیشتبووە گۆڕەپانی جەنگ كە بەڵێنامەی ئاشتیان ئیمزاكردبوو. بەلام، زۆربەشیان بوونە قوربانی نێرینەسالاری كۆلۆمبیا، لەبەرئەوەی زۆربەی شەقاوە و خەڵكەشەڕانگێزەكان هەستیاندەكرد گەر یەكێك لە كۆنەسەربازەكانی جەنگی كۆریا بكوژن، شانازیەكی گەورمیان بەدەستدەهێنن. هێشتا سێ ساڵ لەگەڕانەوەی یەكەمین تیپی سەربازی تێنەپەڕیبوو كە ژمارەی ئەو كۆنەسەربازانەی بەشێوەیەكی كارەساتبارانە كوژرابوون لە دوو سێت تێپەڕیبوو. یەكێكیان بەزەبری چەقۆ لە شەڕێكدا لەسەر دوبارەكردنەوەی ئاوازێك بەو گرامافۆنەی بەپارەی ئاسن كاری دەكرد لەبارێكدا، لەپێ خرا.

سەرجوخە **كانتۆر**[1] كە ناوی خۆی بەخۆیەوە بوو لەبەرئەوەی هەم بەجوانی گۆرانی دەچڕی و هەم بەباشی گیتاری دەژەند و لەكاتی لێبوونەوە لەجەنگ بە گۆرانی خۆش هاوڕەزمەكانی خۆشحاڵدەكرد، هەفتەیەك پاش گەڕانەوە، چەند فیشەكی بەركەوت و گیانی سپارد. بۆ خەرجی كفن ودفن كردنی كۆنەسەربازێكیتر، كە ئەویش بەهۆی زامی خنجەرەوە لە بۆگۆتا كوژرابوو، ناچاربوون یارمەتی كۆبكەنەوە و گەر دراوسێكانی سەخاوەتیان دەرنەبڕیبا، لاشەكەی هەروەها دەمایەوە. **ئانخێل فابیۆ گۆێس**[2]، كە بەیەك دەست و یەك چاو لە جەنگ گەڕابووەوە بەهۆی شەڕێك لەتەك سێ كەسی نەناسراودا كوژرا و هەرگیز نەیانتوانی بكوژەكانی دەستگیر بكەن.

لەبیرمە - دەڵێی دوێنێ بوو - خەریك بوو دواهەمین بەشی كۆمەڵەكەم دەنووسی كە تەلەفۆنی سەرمێزەكەم زەنگی لێدا و خێرا دەنگی مارتینا فۆنسیكام ناسیەوە. بابەتەكەم بە نیوەناچڵی بەجێهێشت لەبەرئەوەی دڵم لەتاو هەڵچون دەیویست لە سینەم بێتەدەرەوە، بەشەقامەكەدا پەڕیمەوە بۆئەوەی پاش دوازدەساڵ لە ئوتێل كنتینانتال بیبینم. نەمتوانی لەبەردەرگاكەوە، لەنێوان ئەو ژنانەی لە هۆڵە قەرەباڵغەكەی ڕێستۆرانەكەدا نانی نیوەڕۆیان دەخوارد، بیدۆزمەوە، تائەوەی تاكێك لە دەستكێشەكانی بۆ بەرزكردمەوە و دۆزیمەوە. وەك هەمیشە بە سەلیقەی تایبەتی خۆی بەرگی پۆشیبوو، پاڵتۆیەكی چەرمی ئاسكی لەبەردابوو، پێستی ڕێوییەكی چرچبوو شانەكانی دادەپۆشی و كلاوێكی ڕاوی لەسەردابوو. تێپەڕینی ساڵەكان بەشێوەیەكی ئاشكرا لەسەر پێستی كە وەك هەلۆژەی بەرهەتاو سووتابوو، خۆی دەنواند چاوەكانی درەوشانەوەی ڕۆژانی پێشوی نەمابوو و بەشێوەیەكی سەیر لێڵ وتاریك دەردەكەوتن، وەك ئەوەی پیربوونی بێبەزییانە

---

[1]. Cantor (گۆرانیبێژ)

[2]. Angel fabio Goes

و زووگەیشتوو سەرجەم بوونی خواردبێت. هەردووکمان تێگەیشتین دوازدەساڵ، بۆ ژنێك لەتەمەنی ئەودا، زەمەنێکی دورودرێژبوو و زۆرشتی دەگۆڕی، بەڵام خۆمان لەومەسەلەیە بەدورگرت و باسمان نەکرد. لەیەکەمین ساڵەکانی نیشتەجێبوونم لە بارانکیا هەوڵمدابوو بەهەر نرخێکبووە بیدۆزمەوە، تائەوەی تێگەیشتم لە پاناما دەژی و بەکەشتی هەڵمە بچوکەکەی موسافیرەکان بەتەنگەکەدا دەپەڕێنێتەوە و گەر لەوبارەیەوە هیچم نەوت، لەرووی لوتبەرزیەوە نەبوو، بەڵکو شەرمنی رێگەی لێگرتم.

هەستم کرد تازە نانی خواردوە و ئەوکەسەی لەگەڵیبوە بەجێیهێشتبوو بۆئەوەی بتوانێت من ببینێت. سێ پیاڵە قاوەی خەستمان خواردەوە و نیوەی پاکەتێکی جگەرەی هەرزانمان بەباکرد، لە کاتێکدا کوێرانە لەرێگەیەك دەگەڕاین کە بەبێ قسە لەتەك یەك گفتوگۆ بکەین، تائەوەی ئەو جەسارەتی نواند و پرسیاری ئەوەی لێکردم ئایا لەوماوەیەدا هیچ بیرم لێکردوەتەوە. تازە لەوکاتەدابوو نەموێرا راستی پێ بلێم: هەرگیز فەرامۆشم نەکردبوو، بەڵام ماڵئاواییە کتوپڕەکەی هێندە بزوێنەربوو کە کەسایەتیمی گۆڕی. ئەو لەمن زیاتر بەزەیی دەربڕی:

- هەرگیز ئەوە فەرامۆش ناکەم کە تۆ وەك کوڕی منی.

وتارەکان و چیرۆك و تاقە رۆمانەکەی خوێندبوومەوە و بەجۆرە بیرتیژیەکی رۆشنبینانە و پڕشۆرەوە قسەی لەسەر کردن کە تەنها دەیتوانی دەرهاویشتەی عەشق یان زویربوونێکی قوڵ بێت. بەڵام من، بە سووکیەتیەکی ترسنۆکانە کە تەنها لەئێمەی پیاو دەوەشێتەوە، هیچ کاردانەوەیەکم نەنواند جگەلەوەی خۆم لەروبەڕوبوونەوەی بپارێزم تا نەکەومە داوی دڵتەنگی و رێگەنەدەم حەسرەتی رۆژانی رابردوو داوێنم بگرێت. ئەوکاتەی دواجار توانیم ململانێکە دابمرکێنمەوە، شەهامەتم پەرەی سەند و لێم پرسی ئایا دواجار بوەخاوەنی ئەو کوڕەی ئارەزوی دەکرد.

بەشادیەوە وەڵامی دایەوە **- لەدایك بوو و ئەمساڵ قۆناغی سەرەتایی دەبڕێت.**

بەو پەڕی سووکی ئاوێتە بە ئیرەییەوە پرسیارم کرد **- وەکو باوکی رەشە؟**

ئەویش وەك هەمیشە پەنای بۆ عەقڵی سەلیم بردەوە و وتی:"**وەکو دایکی سپییە. بەڵام بەپێچەوانەی ئاستی چاوەڕوانیمەوە، باوکی ئێمەی بەجێنەهێشت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەمن نزیکتر بوەوە.** "و لەبەرامبەر سەرلێشێواوی و پەرێشانحاڵی ئاشکرام، بە بزەیەکی کووشندە، دواتیری خۆی تەقاند:

- خەیاڵت ئاسوودەبێت، منداڵی خۆیەتی و جگەلەو دوو کچیشم هەیە کە دەڵێی سێوێکن و کراون بەدوو لەتەوە.

لەبەرئەوەی بەودیدارە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، ئەو ڕووداوانەی بەبیرهێنایەوە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە منەوە نەبوو. بەخەیاڵی خۆم چاوەڕێ بوو وەڵامێکی خۆمانەتری بەرگوێ بکەوێت. لەوبارەیەشەوە، وەك هەموو پیاوێك، شوێن و کاتم لێتێکچوو. ئەوکاتەی داوای پاکەتێك جگەرەو چوارەمین قاوەم کرد، تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد و بەبێ پێشەکی هەستایەوە.

وتی - **باشە بچکۆلانە، زۆر خۆشحاڵبووم بەبینینت** - و قسەکەی بەم ڕستەیە کۆتایی پێهێنا -: **پاش ئەوهەموو ماوەیەی نووسینەکانتم دەخوێندەوە، تامەزرۆبووم بزانم چیت لێهاتووە.**

بوێریم دایە بەرخۆم و پرسییم - **باشە، چۆنم؟**

لەقوڵایی دڵەوە پێکەنی - **نا نابێت! هەرگیز ئەمەیانت پێ ناڵێم.**

تەنها ئەوکاتەی لەبەردەم ئامێری تایپەکەمدا دانیشتم و هەناسەیەکم تازەکردەوە، پەییم بەوەبرد کە بەردەوام تامەزرۆی بینینی بووم و لەوەش دەترسام تاهەتایە ژیانمان پێکەوە گرێ بدەین. پاش ئەو ڕۆژە، گەلێك جار، بەبیستنی زەنگی تەلەفۆن، هەمان دڵەڕاوکێی داخدارانە چنگی لە ڕۆحم گیردەکرد.

لەساڵی ١٩٥٥دا ساڵی نوێ بۆ ڕۆژنامەنووسەکان ٢٨ی فەوریە دەستی پێکرد، ئەوکاتەی هەواڵی ئەوە گەیشت هەشت دەریاوانی کەشتی جەنگی بچوك و تیژڕەوی **کالداس**[١]ی هێزیی دەریایی، دوو کاتژمێر پێش گەیشتن بە کارتاخنا، بەهۆی گەرداوەوە نوقمبوون و دیارنەمان. چوار ڕۆژ پێشتر، پاش چەندین مانگ لەنگەرگرتن لە بەندەری **مۆبایل**[٢]، ئالاباما، بەمەبەستی هەندێك چاکسازیی پێویست، بەرەو کۆلۆمبیا بەڕێ کەوتبوو.

لەکاتێکدا سەرجەم ئەندامانی دەستەی نووسەران گوێیان لە ڕاپۆرتێکی ڕادیۆیی لەوبارەیەوە دەگرت، گیێرمۆ کانوو، بەدانیشتنەوە لەسەر کورسیە گەڕۆکەکەی، سەری بەرەو ئێمە سوڕاندبوو، لێم ورد دەبووەوە و بەڕواڵەتیا دیاربوو کە فرمانی هێرشکردن لەسەر زمانی بوو. خۆزێ ساڵگاریش ئەودەمەی هەڵچوانە و ورووژاو بەهۆی ئەو هەواڵە، بەرەو کارگەکە هەنگاوی دەنا، چەند ساتێك بەبێ جوڵە لەبەردەم مێزەکەمدا وەستا. کاتژمێرێك پێشتر، پاش وەرگرتنی زانیاریی لەسەر بارودۆخی ئەسەفبار و نەگۆڕی "تەنگەکانی خۆڵەمێش"، لەبارانکیا گەڕابومەوە، و هێشتا عارەقەم وشك نەببووەوە، پرسیاری ئەوەم لەخۆم کرد فرۆکەی دوایی بەرەو کەناری کارای کەی بەڕێ

---

١. Caldas

٢. Mobile

دەکەوێت، بۆئەوەی بەپەلە خۆم بگەیێنمە شوێنی رووداوەکە و بەسەرهاتی تازەی ئەو هەشت نووقمبووە بنووسم. بەڵام راپۆرتە رادیۆییەکە زۆر خێرا یەکلایی کردینەوە و دەرکەوت ئەو کەشتیە جەنگیە کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ دەگەیشتە کارتاخنا، بێئەوەی هەواڵێکی تازەی پێبێت، لەبەرئەوەی هێشتا لاشەی هەشت نووقمبووەکەیان نەدۆزیبوەوە. حەزو ئارەزوی گێیرمۆ کانوو لەپڕ دامرکایەوە.

ووتی - **حەیف گابۆ، باڵندە هێلکە ئاڵتونیەکە فڕی.**

مەسەلەکەیان بەچەند راپۆرتێکی رەسمی کۆتایی پێهێنا و مەوداکانی ئەو کارەساتەیان بە یادکردنەوەی باوی گیانبەختکردوەکانی خزمەتی سەربازیی دابەزاندو لەوەزیاتر لەسەری نەرۆشتن. بەڵام، کۆتاییەکانی هەفتە، هێزیی دەریایی پەردەی لەسەرئەوە هەڵماڵی کە یەکێك لە ونبوەکان، **لوویس ئەلیخاندرۆ ڤێلاسکۆ**[1]، پاش تێپەڕاندنی دەرۆژ بێ ئاو و نانی و بەلەمێکی بێ سەوڵ، بێهێز و بەرهەتاو کەوتوو بەڵام بە بارودۆخێکی جەستەیی هیوابەخشەوە گەیشتبووە کەناری **یۆرابا**[2]. هەمووومان لەسەر ئەوباوەڕەبووین کە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە دەکرا ببێتە پڕخوێنەرترین رێپۆرتاژی ئەو ساڵە، بەومەرجەی مافی سنورداری بڵاوکرنەوەیمان دەستبکەوێت. نیو سەعات بەوخەیاڵەوە خۆشبووین.

شتێکی لەوجۆرە نەرەخسا. هێزیی دەریایی، بەدرێژایی ئەوکاتەی لە خەستەخانەی سەربازیی کارتاخنا کەوتبوو، رێگەیان نەدا پەیوەندیی بەکەسەوە بکات. یەکێك لە پەیامنێرە ورتووریاکانی ئالتیمپۆ، **ئانتۆنیۆ مۆنتانا**[3]، بە جلوبەرگی پزیشکیەوە چووە نەخۆشخانەکە و توانی چەند خولەکێك قسەی لەگەڵدا بکات. هەرچەندە پەیامنێرە ساختەچیەکە تەواو خۆی خستە مەترسیەوە و خۆی توشی گرفت کرد بەڵام ئەنجامێکی بەرچاوی چەنگ نەکەوت، تاکە شتێك کە بەدەستیهێنا وێنەیەکبوو بەقەڵەم رەساس کە ئەوەی دەردەخست دەریاوانە رزگاربوەکە لەکاتی تۆفانەکەدا لە کام بەشی کەشتیەکەدا بووە و مشتێك قسەی بێسەروبن و تەمومژاوی کە ئەوەی پێ سەلماندین ئەو بەندە بەر بەزمیی کەوتوەی خودا فرمانی ئەوەی پێکراوە لەسەر روداوەکە قسە نەکات. چەندین رۆژ دواتر، بلاسکۆ رایگەیاند:"**گەر بمزانیبا پەیامنێرە یارمەتیم دەدا.** "ئەوکاتەی بارودۆخی باشتر بوو و لە ژێر چاودێری هێزی دەریایدا، لەتەك **لاسیدێس ئۆرۆزکۆ**[4]ی

---

[1]. Luis Alijandro Velasco

[2]. Uraba

[3]. Antonio Montana

[4]. Lacides Orozco

پەیامنێری ئالسپیکادۆر لە کارتاخنا، چاوپێکەوتنی کرد هیچ سوودێکمان لەقسەکانی وەرنەگرت و نەمانتوانی لەوە تێبگەین چۆن رەشەبایەك ببوەهۆی ئەو کارەساتە و حەوت کەسی راپێچی مەرگ کردبوو.

لەراستیدا، لوویس ئەلیخاندرۆ بلاسکۆ پابەندی بەڵێنێکی ئاسنینبوو کە تەنانەت پاش دەرچوونی لە نەخۆشخانە و گەڕانەوەی بۆ ماڵی باوك و دایکی لە بۆگۆتا، رێگەی لەوە دەگرت ئازادانە بۆکوێ دەیوێت بڕوات و حەزی لەچیە بیڵێت. ئەفسەری پایەبەرزی کەشتیە جەنگیەکە، **گیێرمۆ فۆنسیکا**[1]، بە شارەزاییەکی بەرێزانە وەڵامی سەرجەم پرسیارە پەیوەندیدارەکانی لایەنە تەکنیکی و سیاسیەکانی ئەو رووداوەی دەدایەوە و بەرواڵەت تەمومژاەکانی دەڕەواندەوە، بەڵام بەهەمان ئەدەبزانی زیرەکانەی خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکیەکان دەدزیەوە، واتە رێگەی لەوە دەگرت لە راستی بەسەرهاتەکە تێبگەین و ئەوەش بەتەواوەتی هەمان ئەوشتەبوو کە دەمانویست ئاشکرای بکەین. بۆ ئەوەی مەسەلەکە هەروەها نەڕوات، چەند بابەتێکی بێ ناوەرۆك و رازاوەم لەمەڕ گەڕانەوەی دەریاوانەکە بۆ ماڵی باوك و دایکی نووسی، بەڵام هاورێ بەرگ سەربازیەکانی هەر رێگەیان نەدا لەگەڵ خۆی قسە بکەم، ئەمەش لەکاتێکدا کە بۆ سازکردنی چاوپێکەوتنێکی بێتام و بەدور لەهەرجۆرە سەرنجڕاکێشیەك کە بۆ یەکێك لە کەناڵە ناوخۆییەکان تۆمار کرا، نارەزاییان دەرنەبڕی. ئەوکات بەباشی درکمان بەوەکرد حەریفەکانمان خەڵکانێکی لێزان و شارەزان کە مامۆستایانە هەوڵیان دەدا ئێمە سەرقاڵ بکەن تا بەتێپەڕینی کات رووداوەکە لەبیربچێتەوە و بۆیەکەمجار ئەو بیرەم بەمێشکداهات کە ئەوان دەیانویست بەهەر نرخێکبووە زانیاری زۆر گرنگ و بابەتی دەردیسەرساز لەسەر ئەو رووداوە لە بیروڕای گشتی بشارنەوە و بەقوڵی توشی هەڵچونبووم. ئێستا، ئەو بەدگومانیەم وەك غەیب بینێك بەبیر دەهێنمەوە تا بەدحاڵیبوونێکی سادە.

یەکێك لەرۆژەکانی مانگی مارس، بایەکی ساردی دەهات بارانێکی ورد و تەپۆتۆزاوی هێندەیتر ترس و دڵەراوکێکانمی تاودەدا و دەبوەهۆی ئەوەی بەبێ هۆ خۆم بەخەتابار بزانم. پێشئەوەی بەدەست بەتاڵی و بێتاقەتی لەو هەوڵە بێئەنجامەم، بڕۆمەوە نووسینگەی رۆژنامەکە، لەسەر رێگەکەم پەنام برد بۆ ئۆتێل کنتینانتال، چومە بارە چۆڵەکەی و داوای پەرداخێکی پڕ خواردنەوەم کرد. لەسەرخۆ دەمخواردەوە تەنانەت

---

[1]. Guillermo Fonseca

بێئەوەی پاڵتۆ وەزیرانەکەم دابکەنم نووقمی جیهانی خۆم بووم کە دەنگێکی دڵنشین و میهرەبان بەگوێچکەمدا چرپاندی:

ـ ئەوکەسەی لەتەنهاییدا دەمی تەڕ بکات، لەتەنیاییشدا دەمرێت.

دەتەو‌ێ ئاگریان تێبەردام، لەبەرئەوەی دڵنیابووم مارتینا فۆنسیکایە و بێئەوەی ئاوڕ بدەمەوە، وەڵامم دایەوە ـ **خوا لەدەمتی ببیستێ، خۆشەویست.**

بەڵام ئەوەنەبوو. بینیم بەدەرگا خلۆکەکەدا چووە دەرەوە و بەچەترە زەردە فەرامۆش نەکراوەکەیەوە لەنێو شەقامە تەڕە باراناویەکەدا دیارنەما. پێکێکیترم نۆشکرد، منیش چومە سەرجادە و لەکاتێکدا لەسایەی ئەو ئۆکسیرە گەرمابەخشەدا جورئەت و بوێرییم پەیدا کردبوو، خۆم گەیاندە هۆڵی نووسینەکە. گیێرمۆ کانوو، هەرئەوەندەی چاوی پێم کەوت، بەخۆشحاڵیەوە هاواری کرد و سەرنجی هەمووانی راکێشا:

ـ بابزانم گابۆی مەزن چ توحفەیەکی بۆهێناوین!

لەوەڵامیا تەنها راستیم وت:

ـ تەنها ماسیەکی مردوو.

لەوکاتەدابوو تێگەیشتم کە هاوکارەکانم لە دەستەی نووسەران، کە گاڵتەپێکردنەکانیان هیچ سنورێکی نەبوو، ئەوکاتەی بینیان بەبێدەنگی بەتەنیشتیانا تێپەڕیم، و پاڵتۆ سەرتاپا تەڕەکەم بەدوای خۆمدا کیش دەکرد، لەپڕ بەزەییان پێمداهاتەوە و کەسیان دڵییان نەهات وەك خوی هەمیشەییان، سەربخەنە سەرم.

لوویس ئەلیخاندرۆ بلاسکۆ بەردەوامبوو لەچێژ وەرگرتن لە شانازییە هەوسارکراوەکەی. رێنوێنیکەرەکانی نەتەنها رێگەیان پێدەدا سوود لەودۆخە وەربگرێت، بگرە رێگەی هەمووجۆرە دەغەڵبازیەکی پڕوپاگەندە کردنیان بۆ فەراهەم دەکرد. پێنج سەد دۆلار و کاتژمێرێکی نوێیان پێشکەشکرد تا لە رادیۆدا بڵێت کاتژمێرەکەی بەدرێژایی رووداوەکە بچوکترین زیانی بەرنەکەوتووە. لە کارگەی دروستکردنی پێڵاوی تێنس هەزار دۆلار بەرتیلی وەرگرت بۆئەوەی باسی ئەوەبکات کە کاتێك لەتاو برسیەتی ویستویەتی بنی پێڵاوەکانی لێبکاتەوە بۆ خواردن نەیتوانیوە لەبەرئەوەی بنی پێڵاوەکانی زۆر بەهێزتربوون لەوەی بتوانێت لێیان بکاتەوە. بەرنامەیەکی چڕوپڕیان بۆ داڕشتبوو: لەرۆژێکدا، وەکو نیشتیمانپەروەرێکی راستەقینە قسەی دەکرد، شای جوانانی وڵات ماچی پڕخۆشەویستیو شیرینی لە گۆناکانی دەکرد و وەك نموونەی خۆڕاگری و نیشتیمانپەروەری لەنێو مناڵە هەتیوەکاندا دەردەکەوت. وردەوردە خەریکبوو بلاسکۆم لەبیر دەکرد کە رۆژێکی فەرامۆش نەکراو، گیێرمۆ کانوو ئاگاداری کردمەوە کە ئەو لە

نووسینگەکەی ئەو دانیشتووە و ئامادەیە بۆگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی بەڵێنامە مۆر بکات. هەستم بەسەرشۆڕی کرد.

بو پەڕی ئینکاریەوە وتم - **چیتر ماسیەکە مردوو نیە، بەڵکو بۆگەنیشی کردووە.**

یەکەمین و تەنها جارێك بوو کە ئامادەنەبووم کارێك بۆ رۆژنامەکە جێبەجێ بکەم کە بە پیشە پرۆفشنالانەم لەقەڵەم دەدرا. گییێرمۆ کانوو لەبەرامبەر واقیع خۆی بەدەستەوەداو نووقمبووە خۆشبەختیەکەی، بەبێ هیچ رونکردنەوەیەك رەوانە کرد. پاشان بۆی گێڕامەوە کە پاش دەرچونی ئەو لە نووسینگەکەی، کەوتە خەیاڵەوە بەلام نەیتوانی بیانویەکی مەعقول بۆ ئەوکارەی بدۆزێتەوە. فرمانی کرد بە دەرگاوانەکە رێگەنەدات دەریاوانەکە بیناکە بەجێبهێڵێت و بیگەڕێنێتەوە ژورەوە و بەتەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە کە مافی تایبەتی گێڕانەوەی تەواوەتی بەسەرهاتەکەی کڕیوە و بەجۆرێکی هێندە لێبڕاوانە قسەی دەکرد کە هیچ ئەملاولای هەڵنەدەگرت.

یەکەمینجار و دواهەمینجاریش نەبوو کە گییێرمۆ خۆی توشی کێشەیەك دەکرد کە بەشکست کۆتایی دەهات بەلام لەکۆتاییدا دەردەکەوت لەبڕیارەکەیدا هەڵەی نەکردووە و لەسایەی شارەزایەکەیدا دەگەشتە ئەنجام و سوودی لە کارە هەڵچوانەکەی وەردەگرت. زویر، بەلام بەوپەڕی نەزاکەتەوە، ئاگادارم کردەوە کە ئەو رێپۆرتاژە تەنها لەبەر ملکەچی کارەکەم جێبەجێ دەکەم، بەلام ئامادە نیم ناوی خۆمی لەسەر بێت. بێئەوەی خۆم درکی پێبکەم، تەنها لەبەر بارودۆخەکە، هەڵسەنگاوترین شێوازم بۆ نووسینەوەی ئەو رێپۆرتاژە هەڵبژارد، لەبەرئەوەی ناچاربووم بەسەرهاتەکە لەسەر زمانی یەکەم کەسی تاك، واتە لەسەر زمانی دەریاوانەکەوە بگێڕمەوە و ریتمی قسە و شێوەی بیرکردنەوەی ئەو لەدەقەکەدا زیندوو بکەمەوە و نووسینەکەش بەناوی ئەوەوە چاپ بکرێت. بەواتایەکیتر، بەتەواوی مانا، تاکبێژیی دەرونی مرۆڤێکی تەنهابوو، تەواو وەکوئەوەی لە واقیعدا روویدا. ئەو بڕیارەم بەبێ بیرکردنەوە و بەشێوەیەکی موعجیزەئاسا ئەنجامێکی نایابی لێکەوتەوە، لەبەرئەوەی بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕێم دەکرد، بلاسکۆ پیاوێکی زیرەك و خاوەنی هەستوسۆز و نەزاکەتێکی فەرامۆش نەکراو و خاوەنی رووخۆشیەکی تەواو هەڵسەنگێندراو و بەجێ بوو. و خۆشبەختانە گەورەییە سەقامگیرەکەی ئەو تایبەتمەندیە پەسەندانەی تەواو دەکرد.

چاوپێکەوتنەکە دورودرێژ و چڕوپڕ و بە وردەکاریەوە و لەماوەی سێ هەفتەی تاقەتپڕوکێندا جێبەجێکرا، من هەموو شتەکانم دەنووسیەوە، و ئەوەشم دەزانی کە ئەونووسینانە هەر بەوشێوەیە بلاوناکرێنەوە، بەڵکو لە مەنجەڵێکیتردا، جۆرە خواردنێکیتر بۆ خوێنەران لێدەنێم: رێپۆرتاژێك. یەکەمجار کەمێك نیازم خراپ بوو و

بەتەمابووم بەکەڵك وەرگرتن لەقسە دژبەیەکەکانی ئەو دەریاوانە نووقمبووە، دەستی بگرم و پەردە لەسەر راستیە حەشاردراوەکان هەڵبماڵم، بەڵام زۆرخێرا لەوەتێگەیشتم هیچ شتێك ناشارێتەوە. ناچارنەبووم هیچی لژێر زمان دەربهێنم لەبەرئەوەی خۆی هەموو شتێکەی راستگۆیانە باس دەکرد. وەکو ئەوەبوو بە مێرگێکی پڕ لەگوڵدا پیاسە بکەم و بەوپەڕی ئازادیەوە حەزم لەکام گوڵە هەڵیبژێرم. بلاسکۆ، بەوپەڕی پەیوەند بەکاتەوە، کاتژمێر سێی تەواوی پاشنیوەڕۆ لەبەردەم مێزی نووسینەکەم لە نووسینگەی گۆڤارەکە ئامادەبوو، بە یاداشتەکەی پێشودا دەچومەوە و بەپێی هەماهەنگی دەستنووسەکە درێژەمان بە بەسەرهاتەکە دەدا. هەموو ئەو بەشانەی بۆی دەگێڕامەوە، بە شەو دەمنووسیەوە و عەسری رۆژی دوایی بلاودەکرایەوە. ئاسانتر و دڵنیاتر ئەوەبوو کە یەکەمجار تەواوی بەسەرهاتەکە بنووسم و پاش هەڵەچنی و لێکدانەوەی وردەکاریەکانی بلاوی بکەمەوە. بەڵام کاتم لەبەردەستدا نەبوو. تا خولەکێك زیاتر تێدەپەڕی بابەتەکە کۆنتر دەبوو و بەدوورم نەدەزانی هەواڵێکی گەرمتر لەمەیدانەکە دەریبکات.

ریکۆردەرم بەکار نەدەهێنا. ئەو ئامێرە تازە داهێنرابوو و ئەوەی لەهەموویان باشتر بوو ئەوەندەی ئامێرێکی تایپ گەورەو قورسبوو و شریتە موگناتیسیەکەی وەك پرچی خانمەکان دەئاڵۆزکا. یاداشت هەڵگرتن لە قسەکانی دریاوانەکە بەشی خۆی قورسبوو و دووپاتکردنەوەی بەردەوامی ئەوکارە قورستری دەکرد. ئەمرۆکە کەس گومانی لەوەنییە کە ریکۆردەر باشترین ئامێریی تۆمارکردنی چاوپێکەوتنەکان، بەڵام نابێت رواڵەتی ئەوکەسەش فەرامۆش بکەین کە چاوپێکەوتنەکەی لەتەکدا ساز دەکرێت، لەبەرئەوەی زۆرجار روخساری ئەوکەسە زیاتر لەقسەکانی بابەتەکەمان بۆ رون دەکاتەوە. بەناچاری شێوەی کۆنی تێبینی نووسینەوەی قوتابخانەم بەکارهێنا و هەست دەکەم، لەسایەی ئەو شێوازە، تەنانەت یەك وشە یان یەك ئاماژەی روخساریم بەجێنەهێشت و توانیم لەهەموو هەنگاوێکدا قوڵایەکی زیاتر بە بابەتەکە ببەخشم. دووڕۆژی یەکەمی ئیشەکە زۆر بەدژواری تێپەڕی، لەبەرئەوەی پیاوە نووقمبووەکە دەیویست بەیەکجار هەموو شتەکان بگێڕێتەوە. بەڵام، زۆرخێرا خۆی لەتەك ریزبەندیی پرسیارەکانم راهێنا و لەگەڵ ئەوەشدا توانا زاتیەکەی بۆ چیرۆك گێڕانەوە بەفریای کەوت و هەستە غەریزیەکەی بوەهۆی ئەوەی بەتەواوەتی پەی بەشێوازی چیرۆك گێڕانەوە ببات.

بڕیارماندابوو یەکسەر خوێنەران تێکەڵاوی بەسەرهاتەکە بکەین و چیرۆکەکە بەگێڕانەوەی دوارۆژەکانی ژیانی ئەو دەریاوانە لە مووبایل دەستپێبکەین. هەروەها بەپێی رێکەوتنی هاوبەش، بڕیاردرا بەسەرهاتەکە بەوە کۆتایی پێنەهێنین کە ئەو

پێدەخاتە سەر زەوی سەخت، بەڵکو تا کاتی هاتنی بۆ کارتاخنا و پێشوازی بەرچاوی جەماوەر درێژی بکەینەوە. رووداوەکانی دوایی ئەوخوێنەرانەی خۆیان خوازیاریی بوون دەیانتوانی بۆخۆیان دوای بکەون لەبەرئەوەی پێشتر بەچڕوپڕی بڵاوکرابوونەوە. بەوشێوەیە، چیرۆکی رووداوەکە لەچواردەبەشدا تۆمار کرا، بەشێوەیەك کە دووهەفتەی تەواو حاڵەتی هەڵپەسێراوی بپارێزیم و خوێنەران بە بێداری بهێڵینەوە.

بڵاوکردنەوەیان لە ٥ی ئابریلی ١٩٥٥ەوە دەستیپێکرد. پێشتر هەواڵی بڵاوبوونەوەی رێپۆرتاژەکەمان لە رادیۆوە راگەیاندبوو و لەماوەی یەك دوو کاتژمێردا سەرجەم نووسخەکانی ئال سپیکادۆر فرۆشران. رۆژی سێیەم، خاڵی ورووژێنەری بەسەرهاتەکە بڵاوکرایەوە لەبەرئەوەی بەنیازبووین هۆی سەرەکی کارەساتەکە، کە بەوتەی بەرپرسەکان تۆفان بوو، ئاشکرا بکەین. بۆئەوەی بابەتەکە وردتر بێت داوام لە بلاسکۆ کرد سەرجەم وردەکاریەکان باس بکات. هێندە لەتەك شێوەی هاوکاری نێوانمان راهاتبوو کە پێش وەڵامدانەوە، بروسکەیەکی عەجولانە لەچاوەکانیدا بەدیکرا و بزەیەکی سەرسەریانە بەسەر لێوەکانیەوە نیشتەوە:

- **راستیەکەی ئەوەیە کە هەرگیز تۆفان رووینەدا.**

رونی کردەوە کە نزیکەی بیست کاتژمێر بایەکی توند هەڵی کرد، ئەوشتەی کە لەو وەرزەی ساڵدا، لەو ناوچەیە، شتێکی ئاسایی بوو. و تەنها بەرپرسەکان لەڕووی کەمتەرخەمیەوە بایەخیان پێنەدابوو. پێش بەڕێکەوتنی کەشتیەکە، موچەی دواکەوتوی چەند مانگێکی کارمەند و کرێکارەکانیان سەرفکرد و ئەوانیش لەوماوەیەی لەبەردەستیاندا بوو بۆ کڕینی شتومەکی ناوماڵ کەڵکیان وەرگرت. ئەو رووداوە چاوەڕوان نەکراوە سەرنجی کەسی رانەکێشا، هەرچەندە سەرجەم شوێنە بەتاڵەکانی کەشتیەکە بەو کاڵایانە پڕکرانەوە و کارتۆنە گەورەکانیان لەسەر تەختی کەشتیەکە هەڵچنی: سەلاجەکان، ئامێرەکانی جلشتن، زۆپاکان. گواستنەوەی ئەو هەموو بارە بە کەشتیەکی بچوکی جەنگی، ئەویش بەجۆرێك کە سەرجەم شوێنە بەتاڵە گرنگەکانی عەرشەکە پڕبکاتەوە، قەدەغەبوو. رەنگە بیریان لەوە کردبێتەوە، کە سەفەرێکی نارەسمی لەماوەی چوار رۆژدا و لەکاتێکدا پێشبینی کەش و هەوا کەشی رۆژانی داهاتووی بە کەشێکی خۆش پێشبینی کردبوو، پێویستی بە توندوتۆڵیەکی ئەوتۆ نەبووبێت. چەندینجار ئەوانیتر ئەوکارەیان کردبوو و بەردەوام بوون لەسەری بێئەوەی هیچ رووبدات؟ بەدبەختی هەموویان لەوەدابوو کە هەندێك بای توندتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، لەژێر تیشکی شکۆمەند و درەوشاوەدا، دەریایان دەخستە شەپۆلان، بوونەهۆی ئەوەی کەشتیەکە زیاد لەرادەی خۆی بەرەو لایەك بنووشتێتەوە و پەتی پێچانەوە و گرێدانی ئەوبارانەی

بە نارێکوپێکی لەسەر یەك کەڵەکە کرابوون، بچرێند. گەر کانداس کەشتیەکی ئاسایی بوایە بەدڵنیای لەقولایی دەریادا نوقم دەبوو. بەلام تەنها ئەو هەشت دەریاوانەی لەسەر عەرشەکەبوون، کەوتنە ئاوەکەوە. بەوشیوەیە، لەوە تیگەیشتین کە هۆکاری ئەو رووداوە وەك ئەوەی لەیەکەم رۆژەوە بەرپرسەکان جەختیان لەسەر دەکردەوە تۆفان نەبوو، بەلکو ئەوەی بلاسکۆ لە رێپۆرتاژەکەدا ئاماژەی بۆکرد بومهۆی کەوتنەوەی ئەو کارەساتە: بڕێکی زۆر شتومەکی ناومالی زۆر قورس کە بەشێوەیەکی نەگونجاو لەسەر عەرشەی کەشتیەکی جەنگی کەڵەکە کرابوون.

لایەنێکیتری ئەو رووداوە کە هەولیان دەدا بەنهێنی بمێنێتەوە پەیوەندی بەجۆری ئەو بەلەمە فریاگوزاریانەوە هەبوو کە لەبەردەستی ئەوکەسانەدابوو کە کەوتنە ئاوی دەریاکە و لەنێوانیاندا تەنها بلاسکۆ بەسەلامەتی دەرچوو. بەپێی یاسا دەبوو دووجۆر بەلەمی فریاگوزاری لە کەشتیەکەدا هەبێت، کە لەگەڵ دەریاوانە بەدبەختەکان کەوتنە ئاوەکەوە. ئەو بەلەمانە لە جۆرێکی باشی داری پەموو و برێزنت بوون، بەدرێژیی سێ مەتر و پانی مەترونێوێك، بە پارچەیەکی پارێزەر لەناوەڕاستدا و بڕێك خواردەمەنی، ئاوی خواردنەوە، سەوڵ، سندوقی فریاگوزاریە سەرەتایەکان، شتومەکی ماسیگرتن و دەریاوانی و نووسخەیەك کتێبی پیرۆز. بەو پێداویستیانەوە، دەکەس، تەنانەت بەبێ شتومەکی ماسیگرتن، دەیانتوانی بۆماوەی هەشت رۆژ بژیین. بەلام، کالداس کۆمەلێك بەلەمی فریاگوزاری بارکردبوو کە هیچ پێداویستیەکیان تێدا نەبوو. ئەو پرسیارەی تاهەتایە بێ وەلام دەمێنێتەوە ئەوەیە کە چەند کەسیتر لەو دەریاوانانەی کەوتبوونە ئاوەکەوە توانیبوویان سواری ئەو بەلەمانە بن کە ئەوانیان نەگەیاندە هیچ شوێنێك. بێگومان، ئەوانە لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەبوون کە پیشکەشکردنی رونکردنەوەی بەرپرسە رەسمیەکانیان لەسەر رووداوەکە دواخست. پاش ماوەیەك دوودلی و دڵەڕاوکێ، دواجار بۆخۆشیان درکیان بەوەکرد کە بانگەشە بێ بنەماکانیان کەس قایل ناکات لەبەرئەوەی ئەودوای ئەو کارمەند و کارگوزارانەی کەشتیەکە، کە لەمالەوە پشوویان دەدا، لەهەرشوێنێك دادەنیشتبان راستی بەسەرهاتەکەیان دەگێڕایەوە و زۆر زوو خەلکی لە راستی بەسەرهاتەکە تێگەیشتن. دەولەت، بۆئەوەی بەزۆر بیسەلمێنێت مریشك یەك قاچی هەیە، تا کۆتایی بەتوندی جەختی لەسەر مەسەلەی تۆفانەکە کردەوە و بە پێشکەشکردنی بەیانامەیەکی رەسمی ئەو چیرۆکەی جێگیر کرد. بەوحالەوە، چاودێریەکی توندی ئەنجام نەدا و رێگەی لەبلاوبوونەوەی بەشەکانیتری رێپۆرتاژەکە نەگرت. لەلایەکی ترەوە، بلاسکۆش، تائەوشوێنەی بۆی دەکرا، هەندێك مەسەلەی بە تەمومژاوی هێشتەوە و هەرگیز بەتەواوەتی نەمانزانی ئەوکارەی لەبەر گوشاری

دەرەکیبوو یا بەهۆی وەفای سەربازیەوە، بەڵام، بەهەر شێوەیەك بوو، ریش و مەقەستەکەی دایەدەست خۆمان بۆئەوەی ئەوشتەی دەمانەوێت ئاشکرای بکەین و چیمان بەباش نەزانی بیشارینەوە.

پاش چاپ کردنی بەشی پێنجەم، لەسەر داوای ئەو خوێنەرانەی حەزیان دەکرد سەرجەم بەسەرهاتەکە کۆبکەنەوە، بڕیارماندا چوار بەشەکەی پێشوو بەجیا بڵاوبکەینەوە. دوون گابریل کانوو، کە لەورۆژە گەرمووگوڕانەدا لەهۆڵی نووسینەکە دەرنەکەوتبوو، بێشەکەی بەجێهێشت و ڕێك بەرەو مێزەکەی من هات.

پرسیاری کرد - **پێم بڵێ بزانم، مەیموون زادە، بڕیارە بەسەرهاتی پیاوە سەرگەردانەکەی دەریا چەن بەش بێت؟**

گەیشتبووینە سەر گێڕانەوەی ڕۆژی حەوتەم، ئەوکاتەی بلاسکۆ بلیتێکی پشکنینی پزیشکی جویبوو لەبەرئەوەی هیچ شتێکیتری دەست نەکەوتبوو بیخوات، بەڵام چەندە هەوڵیدا نەیتوانی بنی پێڵاوەکەی بە ددان لێبکاتەوە و بە گاز لێگرتنی فیلێ لە ورگە برسیەکەی بکات. بەوحاڵەوە، دەبوو حەوت بەشیتر بنووسم و بەسەرهاتەکە تەواو بکەم. دوون گابریل هەڵچوو.

بەوپەڕی عاجزیەوە کاردانەوەی نواند - **نەخێر، مەیموون زادە، من بەدڵم نییە. دەبێ هیچ نەبێت پەنجا بەش دەربچێت.**

سەد بەڵگەم بۆ هێنایەوە بۆئەوەی پێی بسەلێنم ئەوکارە ناکرێت، بەڵام قسەکانم بڕی نەکرد لەبەرئەوەی ئەو مەنتیقێکی تەواو جیاوازی هەبوو: لەسایەی ئەو ڕێپۆرتاژەدا تیراژی ڕۆژنامەکە دوو هێندە زیادی کردبوو و بەپێی لێکدانەوەکانی دەکرا لەوەش زیاتر ببێت و بگاتە ژمارەیەك کە لە دونیای چاپەمەنیەکانی وڵاتدا بێ وێنە بێ. دانیشتنی بەپەلەی دەستەی نووسەران سازکرا، وردەکاریە ئابوری و تەکنیکی و ڕۆژنامەوانیەکانی مەسەلەکەیان لێکدایەوە و بیست بەشیان بە ئاستێکی مەعقول بۆ ئەو ڕاپۆرتە دیاری کرد، واتە شەش بەش زیاتر لەوەی پێشبینیم کردبوو.

هەرچەندە ئیمزای من لەسەر ئەوبەشانەی بڵاوکرابوونەوە بەدینەدەکرا، بەڵام شیوەی کارەکە دەستی ئاشکراکردبووم و ئەهلی هونەر لە شناسی نووسەری ڕێپۆرتاژەکە ئاگاداربوون و ئەو شەوەی وەك ڕەخنەگرێکی سینەمایی چبوومە سەر کارەکەم، ئامادەبوونم لە هۆڵی سینەماکە باسێکی گەرموگوڕی لەسەر بەسەرهاتی کارەساتی کەشتیە جەنگیەکە وروژاند. زۆربەی بینەرانی فیلمەکە ئەو هاوڕێیانم بوون کە پاش تەواوبوونی فیلمەکە لەکافتریاکانی ئەوناوە کۆدەبووینەوە و گفتوگۆمان دەکرد. بیروڕاکانیان بۆمن زۆر بەسوودبوون، لەبەرئەوەی دەبوونە هۆی ئەوەی خەیاڵەکانم

ڕێکبخـەن و یاداشـتە هەفتانەکـەم بـەئاگایی زیـاترەوە بنووسـم. دەربـارەی مەسـەلەی ڕێپۆرتاژەکە، حـەزی گشتی ـ جگـە لـە هەنـدێك کەسـی تایبـەت ـ خوازیـاری ئـەوەبوو تادەکرێت درێژە بکێشێت.

یەکێك لەوکەسە تایبەتانەش پیاوێکی عـاقڵی بـە شـکۆ بـوو، بـە پاڵتۆیـەکی شیك لـە پەشمی ووشتر و کڵاوێکی ڕەنگی، کە ئەوکاتەی لە هۆڵی سینەماکەوە بـەرەو نووسـینگەی ڕۆژنامەکە دەرۆشتم، نزیکەی سێ سەد مەترێك بەدوامداهات. ژنێکی لەرادەبەدەر جوان، وەکو خۆی ڕازاوە و شـیکپۆش، و هاوڕێیـەکیان کـە هینـدەی ئەودووانـە ڕێکوپێـك نـەبوو لەگەڵیان بوو. سڵاوی کـرد و لەبـەر ڕێـزی مـن کڵاوەکـەی لەسـەر لابـرد و خـۆی ناسـاند، بەڵام ناوەکـەیم بیرنـەما. بـەبێ پێـشەکی، وتـی کـە بـەپێی تێبینیـە نیشتمانپەروەرەکان نەیـدەتوانی لەتـەك بلاوکردنـەوەی ڕێپۆرتـاژی دەریاوانـە تۆفـان زەدەکـە تـەبا بێـت لەبەرئەوەی ئەو بابەتە لەبەرژەوەندی کۆمۆنیستەکان دەکەوتەوە. لەکاتێکدا هـەوڵم دەدا زۆر زیادەڕەوی نەکەم، بۆم ڕونکردەوە کە من تەنها ئەوشتانەم دادەڕشـتەوە کـە پاڵـەوانی بەسەرهاتەکە دەیگێڕانەوە. بـەڵام ئـەو گـوێی لـەو قسانە نـەدەگرت، و بەوپـەڕی تونـدی جەختی لەسەر بیروڕاکانی دەکردەوە و هـەرگیز نـەدەکرا بۆچونەکەی بگۆڕێـت. بـاوەڕی پتەوی بەوەهەبوو کە بلاسکۆ یەکێك بوو لە ئەندامە پێشڕەوەکانی یەکیەتی سۆڤێت لـە نێـو هێـزە چەکدارەکانی وڵات. بـیرم لـەوەکردەوە پێدەچیت یـەکێك بێـت لـە بەرپرسـە پایەبەرزەکانی سوپا ـ و ڕەنگە هێزیی دەریایی ـ و بەوپەڕی شەوق و هەڵچونەوە ویـستم قسەی لێـدەربهێنم بۆئـەوەی دیدگاکـەی چڕوپڕتـر ڕونبکاتـەوە. بـەڵام وادیـاربوو تـەنها دەیویست ئەو خاڵەم پێ ڕابگەیێنێت و هیچیتر.

وتی ـ نازانم ئەوکارەی ئێوەئاگایانەیە یان نا، بەڵام ئاگاداری ئـەوەبن ئـەو مەسـەلەیە لەزیانی وڵات و لەبەرژەوەندیی کۆمۆنیستەکان دەکەوێتەوە.

هاوسـەرە گەمارۆدەرەکـەی، بەحاڵـەتێکی دەستەپاچـانەو نیگـەران، قـۆڵی ڕاکێـشا و هەوڵیـدا لـە درێـژەدان بەوباسـە ڕایبگرێـت، و بـە جۆرێـك لـە پاڕانـەوە و زۆر بـەهێمنی وتی"**تکایە بیبڕەوە، ڕۆخیلیۆ!**"ئـەو قسەکەی بەهـەمان ویقـار و لەسـەرخۆییەی دەسـتی پێکردبوو کۆتایی پێهێنا:

ـ تکایە بەهەڵە لەقسەکانم تێمەگەن و دڵنیابن گەر بە جەسارەتەوە ئەو مەسەلەیەم پێڕاگەیاندن تەنها لەبەرئەوەیە ئافەرین و ستایشی قەڵەمەکەتان دەکەم.

جارێکیتر دەستی گووشیم‌و خۆی دایـە دەسـت خواسـتی هاوسـەرە پەرێـشانەکەی، کـە دەیویست زوتر لەوشوێنە دووری بخاتەوە. ئەو پیاوەی لەگەڵیانبوو هێندە سەرلێـشێواو و هەراسانبوو کە بەبێ ماڵئاوایی ڕۆشت.

ئەوە یەکەمین چاوپێکەوتن بوو کە رووداویتریشی بەدوای خۆیداهێنا کە بوونەهۆی ئەوەی بەجدی بیر لە مەترسیەکانی سەر شەقام بکەینەوە. لەیەکێك لەبارە هەژارانەکەی پشت نووسینگەی رۆژنامەکە کە تابەیانی کراومبوو و پێشوازیی لە کرێکارەکانی ئەوناوە دەکرد، دوو نەناسراو بەبێ هۆ لەگۆنزالێس گۆنزالێس ئالان کە خەریکی خواردنەوەی دواهەمین قاوەی بوو، هێندەی نەمابوو کار بگاتە شەڕ. کەس نەیدەزانی بۆئەبێکەسانێك دوژمنایەتیان لەتەك ئاشتیخوازترین مرۆڤی دونیادا هەبێت. تەنها یەك رونکردنەوەی گونجاومان بەخەیاڵدا هات، ئەویش ئەوەبوو کە ئەویان لەگەڵ مندا لێتێکچووە، لەبەر ئەوەی روخسار و جلوبەرگی هەردووکمان هاواری دەکرد خەڵکی کارایبین و ناو و ناوی بنەماڵەکەی هاورێکەم، وەك ناو و ناوی بنەماڵەکەی من، دوو پیتی گافی پێوەبوو"گووگ". بەهەرحاڵ، بەرپرسانی ئاسایشی رۆژنامەکە ئاگاداریان کردمەوە کە شەوان، بەشەقامەکانی شارەکەدا نەخولێمەوە کە تادەهات مەترسیدارتر دەبوون. بەپێچەوانەی ئەوانەوە هەرگیز نیگەران نەبووم و بۆگۆتا هێندە ئاسایش دەهاتە بەرچاوم کە پاش تەواوکردنی کاری رۆژانە، بەپێی پیادە دەگەڕامەوە ماڵەوە.

سپێدەی یەکێك لەورۆژە هەڵچوانەی، پارچە خشتێك کە لەسەر جادەکەوە هەڵدرا شووشەی پەنجەرەی ژورەکەی وردوخاش کردم. بەوپەڕی هەراسانی لەشوێنی خۆم راپەڕیم، و بیرم لەوەدەکردەوە ئەوەی لێی دەترسام تووشم بوو. ئەلیخاندرۆ ئۆبرگوون بوو کە کلیلەکانی ونکردبوو، هەروەها لە بەدبەختی هیچ یەك لەهاورێکانیشی لەماڵەوە نەبوون و لەهیچ ئۆتێلێکیش ژوری بەتاڵی دەست نەکەوتبوو. پاش ئەوەی بۆ دۆزینەوەی شوێنێك هەموو دەرگایەکی کوتی، هیلاك و لەپێ کەوتوو هاتە سۆراغی من و چەندینجار بێ ئەنجام زەنگە خراپبووەکەی لێدا تا دواجار چارەیەکی نەبینیەوە ئەوەنەبێت کێشەکەی بەپارچە خشتێك کە لەبینا نیوەناتەواوەکەی تەنیشتەوە بەئەمانەت وەرگرتبوو چارەسەر بکات. هەرئەوەندەی دەرگام لێکردەوە، بە مەنگی و بەجۆرێك وەڵامی سڵاوەکەی دامەوە کە هیچی لێتێنەگشتم، و لەسەر عەردی ژوورەکە لێی کەوت و تا دەمەونیوەڕۆ نووست.

هەموو رۆژێك ژمارەی ئەوکەسانەی لەبەردەم ئال سپیکادۆر چاوەڕوانیان دەکرد تا پێش بڵاوکرنەوەی رۆژنامەکە بەسەر کۆشکەکاندا بیکڕن، زیادی دەکرد. کارمەندەکانی ناوەندە بازرگانیەکە، پێش ئەوەی بچنە سەرکارەکەیان، کەمێك چاوەڕوان دەبوون بۆئەوەی زوتر رۆژنامەکەیان دەست بکەوێت و درێژەی بەسەرهاتی دەریاوانە مەینەتی بینیوەکە لەپاسدا بخوێنەوە. بەباوەڕی من، یەکەمجار لەبەر هۆکاری مرۆدۆستانە ئەوبەسەرهاتە سەرنجی خوێنەرانی راکێشا، و دواتر بەهۆی لایەنی ئەدەبیەوە درێژەی

کێشا و لەکۆتاییشدا سەرنجی سیاسی دەستیان تێوەردا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەڵچوونی دەروونی چیرۆکەکە هۆکاری سەرەکی سەرنجڕاکێشیەکەی بوو. بلاسکۆ هەندێك رووداوی بۆگێڕامەوە کە هەستم کرد زادەی خەیاڵی خۆیەتی و هەندێك مانای هێمائامێز و سۆزدارانەم تێدا بەدیکردن، وەك مەسەلەی ئەو باڵدارە دەریاییەی لەسەر بەلەمەکەی شوێنی بۆخۆی خۆش کرد. بەسەرهاتی فرۆکەکان، بەوجۆرەی ئەو باسی دەکرد، جوانی و سەرنجڕاکێشیەکی سینەمایی دەبینیەوە. یەکێك لە هاوڕێ دەریاوانەکانم پرسیاری کرد چۆن هێند باش دەریام دەناسی و وەڵامم دایەوە ئەوکەسەی باش دەریا دەناسێت پاڵەوانی چیرۆکەکەیە و من تەنها باسی بەسەرهاتەکانی ئەوکەسە، وشەبەوشە دەخەمە سەرکاغەز. لە فۆناغێکیی دیاریکراودا، چیتر پێویست نەبوو دەستکاری قسەکانی بکەم.

فەرماندەکانی هێزە دەریاییەکان، بەپێچەوانەی ئێمەوە، هەرگیز دڵیان بەو پێشوازیە گشتیەی لە رێپۆرتاژەکە دەکرا، خۆش نەبوو. کەمێك پێش کۆتایی هاتنی کۆمەڵە رێپۆرتاژەکە، بەناردنی نامەی نارەزایی، لەبەرئەوەی بە پێوانەی نەهەڵسەنگێنراوانە و بەشێوەیەکی خراپ و ناخۆش بڕیارمان لەسەر رووداوێك دابوو کە پێدەچوو لەهەموو شوێنێکی تری دونیاش، کە یەکە سەربازییە دەریاییەکانیان چالاکی دەنوێن، رووبدات، ئێمەیان دایە بەرهێرشی رەخنەکانیان. لە نامەکەیاندا بەمجۆرە نووسرابوو: "سەرباری خەم و ماتەمینی قوڵی حەوت بنەماڵەی خانەدانی کۆلۆمبیایی و سەرجەم هێزەکانی سوپا، هەندێك قەڵەم بەدەستی فێرمون، بێشەرمانە، کارەساتێکی مرۆییان کردوەتە هەوێنی کۆمەڵێك لاپەڕەی رورەش کە تەنها بەدەمی لەڕێ لادەرە مردووپەرستەکان تامی هەیە و جورئەتی ئەوەیان داوەتە بەرخۆیان قسە راستگۆیانەکان ئاوەژوو بکەن و بیروبۆچونی ناتەکنیکی و بێمەنتیقانە بەسەر خوێنەراندا بسەپێنن و کۆمەڵێك قسەی درۆ بۆ ئەو دەریاوانە خۆشبەختە هەڵبەستن، کە دڵێرانە گیانی خۆی رزگارکرد. "بەوپێیە، سوپا داوای دەستتێوەردانی "نووسینگەی راگەیاندن و زانیاریی" سەرەك کۆماری کرد بۆئەوەی - بەهاوکاری ئەفسەرێکی هێزی دەریایی - پێش بڵاوکردنەوەیان چاودێری ئەو بابەتانە بکەن کە لەداهاتوودا لەسەر ئەو رووداوە دەنووسرێن و گەر گرفتێکیان تێدا بەدی نەکرد مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیان پێببەخشن. خۆشبەختانە، ئەوکاتەی نامەکەمان بەدەست گەیشت، گەیشتبووینە بەشی پێش کۆتایی و توانیمان خۆمانی لێ گێل بکەین و بڕیارەکانیان لەبەرچاو نەگرین و تاهەفتەی داهاتوو بەبێ کێشە درێژە بەکارەکەمان بدەین.

بەوپێیەی بەنیازبووین دەقی تەواوەتی راپۆرتەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ چاپ بکەین، داوامان لە دەریاوانەکە کرد ناو و ناونیشانی ئەو هاوکارانەیمان بداتێ کە

کامێرایـان پێبـووه و ئـەوانیش ژمارەیـەکی زۆری ئـەو وێنانـەیان بـۆ رەوانـە کـردین کـە لەسەفەرەکەدا گرتبوویان. کۆمـەڵێك وێنـەی زۆر و هەمـەڕەنگ دەرچـوو کـە زۆربـەیان وێنەی بەکۆمـەڵی سـەر تـەختی کەشـتیەکەبوو کـە لەدوایانـەوە سـندوقی شـتومەکەکانی ناومـاڵ، سـەلاجە و زۆپـای غـاز، ئـامێری جلوبەرگشتن، بەدیـدەکران کـە نـاوی کۆمپانیـا بەرهەمهێنـەرەکانیان بەتـەواوی رون و دیـاربوو. بـەهۆی ئـەو خۆشـبەختیە رێکەوتـەوە، توانیمـان بەیانامــە رەسمیـەکان پوچـەڵ بکەینــەوە. دەوڵــەت زۆر خێــرا و لێبڕاوانــە کاردانــەوەی نوانــد و هەرئــەوەش بوەهــۆی ئــەوەی فرۆشــتنی دەقــە ســەربەخۆکەی ڕێپۆرتاژەکـە زۆر لـەوەزیاتر کـە پێـشبینیمان کردبـوو بـەرزتر ببێتــەوە و سـەرجەم ریکۆردەکانی پێشوو بشکێنێت. بـەلام گییێرمـۆ کـانو و خـۆزێ سالگار، بەوپـەڕی هـەوڵ و ماندونەبوونەوە، تەنها یەك پرسیاریان هەبوو:

- ئێستا دەبێ چی بکەین و چی دەرخواردی خوێنەران بدەین کە حەزیان لێی بێ؟

لەودەمەدا هێندە سەرمەستی سەرکەوتنبووین کە هیچ وەلامێکمان بەمێشکدا نەهات. هەموو بابەتێکمان بەلاوە کۆن دەهاتەبەرچاو.

پـازدە سـاڵ پـاش چـاپ کردنـی ئـەو چـیرۆکە لـە ئـال سـپیکادۆردا، بلاوکـراوەی **توسـیکتس**[١]ی بەرشـەلۆنە ئـەو چیرۆکەی لەشـێوەی کتێبێکـدا بەبـەرگی زاخـاودراوی زێڕینەوە بلاوکردەوە، کە هێندە باش و خێـرا فرۆشـرا وەك ئـەوەی خواردنێك بێـت بـۆ نەمری. بە پێی ویژدان و لەبەر هەستی ستایش ئامێزانـەم بـۆ ئـەو دەریاوانـە پاڵەوانـە، پێشەکیەکەم بەم رستەیە کۆتـایی پێهێنـا:"هەنـدێك کتێـب مـولکی ئەوکەسانە نـین کـە نوسیویانن، بەڵکو هی ئەوکەسانەن کە رووداوەکانیان تەحـەمول کـردوە و ئـەم کتێبـەش یەکێکـە لـەو کتێبانــە. هــەر لەبەرئــەوەش، ســەرجەم مافــەکانی نووســەر ئەوکەســە وەریـدەگرێت کـە شایـستەی وەرگرتنیـەتی: ئـەو هاولاتیـە نەناسـراوەی ناچـاربوو دە رۆژ بێئەوەی شتێك بخوات و بخواتەوە، لەسەر بەلەمێکی سـەرگەردان بـژی تـا ئـەم بەرهەمـە دروست ببێت. "

رسـتەکەم موجامەلەنـەبوو و بلاوکـراوەی تۆسـکێتس، بـە رەزامەنـدی مـن، لـەماوەی چواردەسـاڵدا، مـافی نووسـینی کتێبەکـەی بەتــەواوەتی بەخـشیە لـوویس ئەلیخانــدرۆ بلاسکۆ. تا ئەوکاتەی **گییێرمۆ زیا فێرناندێز**[٢]، یەکێك لە پارێزەرانی بۆگۆتا، پێی سـەلماند کـە بـەپێی یاسـا سـەرجەم مافـەکانی بەرهەمەکـە مـوڵکی ئـەوە، هەرچـەندە دەیزانـی

[١]. Tusquets

[٢]. Guillermo Zea fernandez

وەهانییە و ئەوەی بلاسکۆ وەریدەگرت بەپێی بڕیاری خۆم، لەپاداشتی قارەمانی و توانای چیرۆك گێڕانەوە و دۆستایەتی نێوانمان بوو.

لە دادگای مافی ٢٢ی بۆگۆتا لەدژی من شکاتێکیان تۆمار کرد. پارێزەر و هاوڕێم **ئالفۆنسۆ گۆمێز مێندێز**[1]، لەبەرامبەر ئەوکارە، داوای لە بڵاوکراوەی تۆسکتس کرد دوا پەرەگرافی پێشەکیەکە لە چاپەکانی دواتری کتێبەکەدا بسڕێتەوە و تادوابڕیاری دادگا دەرنەچووە تەنانەت یەك سەنتیش لەبری مافی نووسین نەدەنە لوویس ئەلیخاندرۆ بلاسکۆ. ئەوانیش هەمان کاریان کرد. پاش لیکۆڵینەوە و لێکدانەوەی چڕوپڕ، بەپێی بەڵگەی زیندو دیکۆمەنتی و شایەتی خەڵکی جیاواز و پسپۆڕی تەکنیکی، دادگا دیاریی کرد کە تاقە نووسەری بەرهەمەکە من بووم و شکاتەکەی پارێزەرەکەی بلاسکۆی ڕەت کردەوە. بەپێی بڕیاری دادگا، ئەوبڕە پارانەی تائەوکاتە سەرف کرابوون لەسەر داوای منو خواستی ئازادانەی نووسەری بەرهەمەکەبوون و هەرگیز بەڵگەی ئەوەنەبوون کە شکاتکارەکە بە نووسەری هاوبەشی بەرهەمەکە لەقەڵەم درابێت. بەکۆتایی هاتنی ئەو شکاتە. دیسانەوە لەسەر داوای من، مافی چاپکردنەکانی دوایی بەرهەمەکە بە دامەزراوێکی زانستی بەخشرا.

نەمانتوانی بەسەرهاتێکیتر بدۆزینەوە کە ئەوەندەی ئەو سەرنجڕاکێش بێت، لەبەرئەوەی لەجۆرە ڕووداوانە لەسەر کاغەز دروستناکرێن. بەڵکو ژیان دەیانخولقێنێ و تارادەیەکیش بەزۆرلەخۆکردن. دواتر درکمان بەوەکرد، کە ئەوکاتەی دەمانویست ژینامەی **ڕاموون هۆیۆس**[2] پاسیکلسوارە بێوێەکەی خەڵکی ئانتۆکیا بنووسین، کە لەوساڵەدا بۆ سێهەمینجار ببووە پاڵەوانی نەتەوەییو هەمان شێوەی نووسینی ڕێپۆرتاژەکەی دەریاوانەکەمان بەکارهێنا و تا نۆزدەبەش درێژەی کێشا، تازە لەوکاتەدابوو تێگەیشتین خەڵکی ڕاموونیان لەنێو ژیانی ڕاستەقینەدا خۆش دەوێ، ئەو پاڵەوانەی جادە شاخاویەکان دەبڕێت و پێش هەمووان دەگاتەجێ.

ڕۆژێك عەسر سالگار تەلەفۆنی بۆکردم و وتی لە ئوتێل کنتینانتال ببینم، بریقەی ئومێدێکی کز پژایە سەرمان. لەوێ، لەتەنیشت یەکێك لە هاوڕێ بەتەمەن و جدیەکانی دانیشتبوو و تازە ئەوکەسەی ناسیبوو کە لەگەڵ هاوڕێکەی بوو، زاڵێکی تەواوەتی، بەجلوبەرگی کرێکاری و برژانگی هێند سپیەوە کە دەتوت لەژێر سێبەری بارەکەشدا ڕوناکی چاوی ئازاردەدا. هاوڕێکەی سالگار، کە سەرمایەگوزارێکی ناسراوبوو، وەك

---

[1]. Alfonso Gomez Mendez

[2]. Ramon Hoyos

ئەنـدازیاری کـان ناسـاندی و رونیکـردەوە کـە بـەنیازە لـە زەویـەکی چـۆڵدا لـەدووری دووسـەدمەترێك لـە نووسـنگەی ئالـسپیکادۆر سـەرقاڵ بکـات و بەتـەمابوو گەنجینـە ئەفسانەیەکەی سیمۆن بۆلیبار بدۆزێتـەوە. ئەوکەسـەی لەگـەڵی بـوو، کەلەومبـەدوا بـووە یـەکێك لـەهاوڕێ نزیکـەکانی مـن و سـالگار، بەویـەڕی لێبڕاوی جـەختی لەسـەر راسـتی مەسەلەکە کردەوە. ساکاریی مەسەلەکە جێگەی گومان بوو. ئەوکاتەی"رزگارکەر"، دۆڕاو و لەسەرەمەرگدا، بـەنیازبوو دواهـەمین سـەفەری لـە کارتاخنـاوە درێـژە پێبـدات، بـەپێی هەنـدێك خوێندنـەوەی تایبـەتی، بەباشـی نـەزانی سـامانە زۆرە تایبەتیەکـەی، کـە لەسەردەمی جەنگ و ناخۆشیەکاندا کۆی کردبووەوە تا ببێتە پاشەکەوتی سەردەمی پیریی و هەلی ئەوەی بۆ بڕەخسێنێت بـەپیریی بـەوجۆرەی شایـستەیەتی بەخۆشـی‌و ئاسـودەیی بـژی، لەگـەڵ خـۆی ببـات. ئەوکاتـەی خـۆی بـۆ ئـەوە ئامـادە دەکـرد دەسـت بەسـەفەرە پڕلەخەمەکەی بکاتەوە ـ دیارنەبوو بەرەو کاراکاس یان ئـەوروپا ـ و گەنجینەکـەی لـەژێر چـاودێریی سیـستمێکی کـۆدکراوی **لاکونیـایی**[1]، کـە لەورۆژانـەدا زۆر بـاوبوو، بـشارێتەوە، تائەودەمەی بەپێویستی زانی و لەهەر شوێنێکی دونیاوە ویـستی، بتوانێـت بیدۆزێتـەوە. ئەودەمەی **ژەنـراڵ و هەزاربەهەزارەکەی**م دەنووسی، بە هەڵچونێکی تێکەڵ بە دڵـەڕاوکێ، ئەو بابەتەم بیرکەوتەوە و هەستم کرد بەسەرهاتی گەنجەکە دەتوانێت ببێتە یـەکێك لـە هۆکارە بنەڕەتیەکانی چیرۆکەکە، بەڵام نـەمتوانی بـەپێی پێویـست زانیـاری کۆبکەمـەوە، بەشێوەیەك مەسەلەکە باوەڕپێکراو بنوێنێت و وەك رووداوێکـی خـەیاڵیش زۆر سـست و بێ بنەما دەردەچوو. ئـەو گەنجینـە ئەفـسانەییە، کە خاوەنەکـەی هـەرگیز هـەلی ئـەوەی بۆنەڕەخـسا لەحەشـارگەکەی دەریبهێنێـت، هـەمان ئەوشـتەبوو کـە ئەوجنابـە بەوپـەڕی سەرسەختیەوە بۆی دەگەڕا. نەمزانی بۆچی نهێنیەکەی لەلای ئێمە ئاشکراکرد، تائـەوەی سالگار بـۆی رونکردەمـەوە کـە چیرۆکی دەریاوانـە سـەرگەردانەکەی دەریـا زۆر کاریگـەری لەسەر بەجێهێشتبوو و دەیویست لەهەمان سەرەتاوە بـۆ دۆزینـەوەی گەنجینەکە هـەوڵی لەگەڵدا بـدەین و رۆژ بـەرۆژ لـە کارەکـانی بپرسـینەوە بۆئـەوەی بتـوانین چیرۆکی ئـەو رووداوە بەهەمان چروپری بڵاوبکەینەوە.

چووینەسەر زەویەکە. تاکە زەوی بـێ بینـای رۆژئـاوای پـارکی **لۆس پریۆدیـستاس**[2] و چـەند هـەنگاوێك لـە ئاپارتمانـە تازەکـەم دووربـوو. ئاشـنا تازەکەمان، لەسـەر نەخـشەی سەردەمی کۆلۆنیالیی، ناونیـشانە جوگرافیـەکانی گەنجینەکـەی بـە وردەکاریی واقیعـی و

---

[1]. Laconia، شارێکی کلتورپەروەر لە یۆنانی کۆن کە دواتر بوویە ئیسپارتا.

[2]. Los Periodistas (رۆژنامەنوسان)

گونجاو لەتەك تەپۆڵەکانی مونسراتە و گۆدەلۆپە پیشاندا. چیرۆکێکی سەرنجراکێش بوو و گەر هەوڵەکانی ئەو گەریدمیە ئاکامی هەبوایە، ئەو پاداشتەی دەستمان دەکەوت هەواڵێکی وروژێنەری لەچەشنی دەریاوانە خۆشبەختەکە دەبوو، بە رەنگدانەوەی جیهانی زۆر بەرفراوانتر.

جارناجار سەرێکمان لەوشوێنە دەدا بۆئەوەی بزانین چی روویداوە، بەدرێژایی کاتە دورودرێژەکان بەخواردنەوەی عارەق و ئاوی لیمۆ بێتاقەتی خۆمان دەرەواندەوە و گوێمان لە رونکردنەوەکانی ئەندازیارەکە دەگرت و هەرجارە رووداوی مووعجیزەمان بەدوور دەزانی، تائەوەی بەتێپەڕینی کات خەیاڵیمان لەمێشکمان دەرکرد. دواتر، کەوتینە گومانەوە کە رەنگە مەسەلەی گەنجینەکە پەردەپۆش کردنی ئەوەبووبێت، کە بەبێ مۆڵەت، لەناوەڕاستی پایتەختدا دەست بەهەڵکۆڵین بکەن و مادەیەکی تەواو گرانبەها لە کانێکی نهێنی دەربهێنن. هەرچەندە ئەگەری ئەوەش هەبوو پڕوپاگەندەی کانەکەیان خستبێتە سەردەمی خەڵکی بۆئەوەی بیروڕای گشتی بخلەتێنن و گەنجینەی"رزگارکەر"لە ئەگەری دزین بپارێزن. سەردەمێکی گونجاو نەبوو بۆ خەیاڵات. پاش بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە، زۆرکەس ئامۆژگاریان کردم لە کۆلۆمبیا دوور بکەومەوە تائەوکاتەی بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە، لەبەرئەوەی، بەشێوەی جیاواز هەڕەشەی کوشتنم لێکرابوو و نەمدەزانی ئایا بەڕاستی لەمەترسیدام یان گاڵتەم پێدەکەن. ئەودەمەی لوویس گابریل کانوو، بەبێ پێشەکی، پرسیاری ئەوەی لێکردم ئایا بڕیار نییە چوارشەممەی داهاتوو کارێك جێبەجێ بکەم، یەکەمین شت کە بیرم لێکردەوە ئەوەبوو نەبا مەسەلەی هەڕەشەکانی بەجدی وەرگرتبێت. لەبەرئەوەی هیچ بەرنامەیەکم لەخەیاڵدا نەبوو، بە خوێنساردی هەمیشەییەوە وتی کە بەڵگەنامەکانی سەفەرەکەم ئامادەبکەم و وەك نوێنەری تایبەتی رۆژنامەکە بەشداری کۆنفرانسی چوار زلهێزەکە بکەم، کە هەفتەی داهاتوو لە ژنێف دەستی پێدەکرد.

پێش هەموو شتێك تەلەفۆنم کرد بۆ دایکم. ئەو هەواڵە ئەوەندە بەلایەوە گرنگ و نایاب بوو کە پرسیاری ئەوەی لێکردم ئایا مەبەستم زەوی یان مەزرایەکە بەناوی ژنێفەوە. وتم:"**ژنێف شارێکە لە سویسرا.** "بە هێمنییە بێپایانەکەیەوە، کە دەبووەهۆی ئەوەی شێتانەترین سەرچڵیەکانی منداڵەکانی بەوپەڕی خەمساردیەوە قبوڵ بکات، خۆڕاگری خۆی پاراست و پرسیاری ئەوەی لێکردم تاکەی لەوێ دەمێنمەوە و لەوەڵامدا وتم دوو هەفتەیتر دەگەڕێمەوە. لەراستیدا، بڕیاربوو تەنها لە ماوەی چوار رۆژی کۆنفرانسەکەدا لەوێ بمێنمەوە. بەڵام، لەبەرئەوهۆیانەی هیچ پەیوەندییەکی بە خواستو ویستی منەوە نەبوو، لەبری دووهەفتە، سێ ساڵ لەوێ مامەوە.

ئەمجارمیان پێویستم بەکۆمەکی دارایی پەیدا کرد لەبەرئەوەی دەستم هێندە کورتبوو کە هەندێك جار تەنانەت پارەی ژەمێك خواردنم لەرۆژێکدا پێنەبوو، بەڵام ڕێگەم نەدا بنەماڵەکەم بەومەسەلەیە بزانن. جارێکیان کەسێك، لەڕوی بەدخوییەوە، بڕیاریدا زمینی دایکم ئاڵۆز بکاتو پێیوت کوڕەکەی فیلی لەوان کردووە و بەبیانووی سەفەرێکی دوو هەفتەیی لەکۆلۆمبیا رۆشتووە و لەوکاتەوە تائێستا وەك شازادەکان لە پاریس دەژی.

دایکم بە بزەیەکی مەعسوومانە وەڵامی دایەوە - **گابیتۆ فێڵ لەکەس ناکات. مەسەلەکە ئەومیە کە زۆرجار تەنانەت خوداش ناچار دەبێت هەفتەیەك ئەوەندەی ساڵێك درێژ بکاتەوە.**

هەرگیز ئاگاداری ئەوە نەبووم، وەك ملیۆنەها بەدبەخت کە بەهۆی توندوتیژیەوە ئاوارە ببوون، بەڵگەی ناسنامەم پێ نییە و بارودۆخم ڕێك وەکو ئەوانە. هەرگیز لە هەڵبژاردنەکاندا ڕام نەدابوو لەبەرئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکی ناسنامەم نەبوو کە شوناسی هاوڵاتی بوونم بسەلێنێت. لەبارانکیا، لەبری ناسنامە، کارتی پەیامنێریی ئال ئارالدۆم بەکار دەهێنا کە لەوکارتەدا، بەمەبەست مێژووی لەدایکبوونی منیان بەهەڵە نوسیبوو بۆئەوەی خۆم لەخزمەتی سەربازی بدزمەوە، لەراستیدا، لەدوو ساڵ پێشترەوە سەربازی هەڵاتو بووم. لەهەلومەرجە پێویستەکاندا، بەڵگەنامەی ساختەم دەردەخست کە تەلەگرافچیەکەی سیپاکیرا بۆی فەراهەم کردبووم. بەخت یاوەرم بوو و ئەو دۆستەی بەرێکەوت بینیم منی بە بەڕێوەبەری یەکێك لە هێڵەکانی نەفەر گواستنەوە ئاشناکرد و ئەو جەنابە بەڵێنیدا کە لەورێکەوتەی خۆم دەمویست لەفرۆکەکەدا جێگەم بۆبگرێت و بەرەو ژنێڤ رەوانەم بکات و لەبری ئەوە، دووسەد دۆلار پێشەکیم لێ وەرگرتم و دە کاغەزی سپی لێومرگرتم کە ئیمزام کردبوون. تازە لەوکاتەدابوو تێگەیشتم کۆڵێك پارەم لە بانکدا هەبوو و چالاکیە رۆژنامەوانیەکانم هیچ هەلێکیان بۆ نەهێشتبوومەوە بڕێك لەوپارانە بۆخۆم سەرف بکەم. جگەلە خەرجیە تایبەتیەکانم، کە لە خەرجی فێرخوازێکی هەژار تێپەڕی نەدەکرد، تەنها پارەیەکی بەرچاو کە لەحسابەکەم هەڵمدەگرت ئەوپارەیەبوو کە بۆ ماڵەوەمانم دەنارد.

شەوی پێش فڕینەکەم، بەڕێوەبەری هێڵی گواستنەوە، لەوکاتەدا کە بەڵگەنامەکانمی لەسەر مێزەکە دادەنا، یەك بە یەك، ناوی دەهێنان بۆئەوەی دواتر تووشی هەڵە نەبم: ناسنامە، دەفتەری کۆتایی خزمەتی سەربازیی، حساباتی تایبەت بەباج و فۆرمی واکسەن بۆ ڕێگەگرتن لە ئاوڵە و تای زەرد. دواجار، ئەنعامێکی زیادەی بۆ گەنجێکی ریوەڵە و لاواز

داواکرد کە دووجار بەناوی منەوە کوتابوویان و بۆی رونکردمەوە کە ئەوداماوە لەگەڵێك ساڵ پێشترەوە، هەر رۆژەو لەبری موسافیرە بەپەلەکان دەرزی لێدەدرا.

لــەکاتی خۆیــدا گەیــشتمە ژنــێڤ بۆئــەوەی بەشــداریی مەراســیمی کردنــەوەی کۆنفرانسەکە بکەم، بە ئامادەبوونی **ئایزنهاوەر، بۆلگانین**[1]، **ئێدین**[2] **و فایوری**[3]، و ئەمــەش لەکاتێکدا جگەلە ئیسپانی هیچ زمانێکیترم نــەدەزانی و بودجــەی زۆر و خۆراکەکــەم لــە ئوتێلێکی پلە سێ سەرفکرابوو و بـری پێویـست پـارەم لەبانکدا هـەبوو. بڕیـاربوو پێـنج هەفتــە دواتــر بگەڕێمــەوە، بــەڵام نــەمزانی بــەهۆی چ ئیلهامێکی ســەیرەوە هەرچیــم لــە ئاپارتمانەکەمــدا هــەبوو بەخــشیمە هاوڕێکــانم، لەوانــەش، کۆمەڵەیــەك لــەو کتێبــە سینەماییانەی کە لەماوەی دووساڵدا، بە راوێژی سێپدا و لوویس بیسنێس، کۆمکردبوەوە.

ئەوکاتــەی خــۆرخێ گایتــان لەســەردەمی شــاعریەتیدا، بۆخواحــافیزیی، هاتــەلام، خــەریکبووم کاغــەزە بێکەڵکــەکانم دەدڕانــد و ئــەویش لــەڕووی فزولیەتــەوە تەماشایەکی سەتڵی خۆڵەکەی کرد بەونیازەی بەڵکو شتێك بدۆزێتەوە بەکەڵکی گۆڤارەکەی بێت. سێ یان چوار پــەڕەی دەرهێنــا کــە لــە ناوەڕاستەوە دڕێنرابوون و بەپەلــە دەیخوێندنــەوە، و لەسەر مێزەکــە دایــنان بۆئــەوەی بەشــە دڕاوەکــان بەیەکــەوە بلکێنێتــەوە. پرسیاری کــرد پەیوەنــدیان بــە کــام چیرۆکمەوە هــەبوو و وەڵامــم دایــەوە"مۆنۆلۆگی ئیزابێــل لــەکاتی تەماشاکردنی باران لە ماکاندۆ"، کە لە یەکەمین دەستنووسی تۆفانی گەڵا دەرم هێنابوو. لەبەرئەوەی لەخۆڕا دڵی خۆی خۆش نەکات، خێــرا یــەکلاییم کــردەوە و بــۆم رونکــردەوە کــە پێــشتر لــە کرۆنیکا و"گۆڤــاری یەکــشەممە"ی ئالــسپیکادۆر بــە هــەمان ناونیــشانەوە بڵاوکــرابــووەوە. لەوکاتــەدا بــیرم نەکەوتــەوە کـــە بەمەبەســـتی بڵاوکردنـــەوەی لـــە ئاسانسۆڕەکەدا مۆڵەتنامەیەکم واژۆ کردبوو. گایتان دۆران گرنگی بە هەڕەشەکانم نەدا و چیرۆکەکەی لەژمارەی داهاتووی **میتۆ**[4]دا چاپ کرد.

ئاهەنگی ماڵئاوایی شەوی پێش رۆشتن لــە مــاڵی گیێرمــۆ کــانوو ئەوەنــدە قــەرەباڵغ و هەڵــچوانەبوو کــە نــەمزانی چــۆن کــات تێپــەڕی و ئەوکاتــەی گەیــشتمە فرۆکەخانــە، فرۆکەکەی کارتاخنا فڕیبــوو، بــەنیازبووم شــەو لــەوێ بنــووم و ماڵئــاوایی لــە خێزانەکــەم

---

[1]. Nikolai Aleksandrovich Bulganin (١٨٩٥ ـ ١٩٧٥) سیاسەتمەداری روسی کە لە ١٩٥٥وە تا ١٩٥٨ سەرەك وەزیرانی ئەو وڵاتە بوو.

[2]. Anthony Eden Avon (١٨٩٧ ـ ١٩٧٧) سیاسەتمەداری پارێزکاری بەریتانی و سەرەك وەزیرانی ئەو وڵاتە لە ١٩٥٥وە تا ١٩٥٧.

[3]. Faure

[4]. Mito (ئەفسانە)

بکەم. خۆشبەختانە، توانیم نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر بەفڕۆکەیەکیتر خۆم بگەیێنمە ئەوێ. کارێکی باشم کرد سەردانم کردن، لەبەرئەوەی بارودۆخیان لەوجارەوەی سەردانم کردبوون زۆر باشتر ببوو و باوك و دایك و خوشك و براکانم دەیانتوانی بەبێ یارمەتی دارایی من کاروباریان بەڕێبکەن، ئەوکاتەی لە ئەوروپا، دەستکورتیەکی بێزارکەر داوینی گرتم، دڵم بەوەخۆشبوو کە بارودۆخی ئەوان تاڕادەیەك باشە و هەندێك جار بە خۆم دەوت دیسانەوە جێگەی سوپاسگوزاریە کە نیگەرانی ئەوان نییم.

ڕۆژی دوایی، زۆر خێرا بەرەو بارانکیا بەڕێکەوتم بۆئەوەی لەکاتی خۆیدا بگەمە فڕۆکەخانەکە و لە فڕینی کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆی بەرەو پاریس دوانەکەوم. لە بنەوەی پاسەکانی کارتاخنا لاسیدسی دەرگاوانی فەرامۆش نەکراوی "ئاسمان بر"م بینی کە لەکاتی نیشتەجێبوونمەوە لەوێ چیتر نەمبینیبووەوە. بەروەرووم ڕای کرد، هاوڕێیانە لەئامێزی گرتم و فرمێسك لەچاوەکانیا کۆبووەوە، بێئەوەی بزانێت چی بڵێت یان چۆن خۆشەویستی خۆی دەربڕێت. یەك دوو قسەمان کرد، بەڵام گفتوگۆکەمان بەناتەواوی مایەوە، لەبەرئەوەی پاسەکەی ئەو هات و پاسەکەی منیش ئامادەبوو بڕوات. پێشئەوەوی لە یەك جیاببینەوە قسەیەکی کرد کە تاقولایی ڕۆحم ڕۆچوو:

- دوون گابریل ڕاستت دەوێت، لەوە تێناگەم بۆچی هەرگیز لەمنت نەپرسی کێم.

ماتەمگرتووتر لەو وەڵامم دایەوە - **ئاخ، لاسیدیسی ئازیز لەبەرئەوە پێمنەوتی کە تائەمڕۆکەش بۆخۆشم نازانم کێم.**

چەند کاتژمێرێك دواتر، ئەوکاتەی لەنێو تەکسیەکەدا دانیشتبووم لەژێر ئاسمانێکی بێ سۆز و ڕونتر لە ئاسمانی هەرشوێنێکیتری دونیا، بەرەو فڕۆکەخانەکەی بارانکیا دەڕۆشتم، لەپڕ تێگەیشتم بە شەقامی "بیستی ژوویەدا" گوزەر دەکەین. بەپێی خوویەك کە لەپێنج ساڵ پێشترەوە ببوە بەشێك لەژیانم، نیگام بەرەو ماڵەکەی مارسێدس بارچا گەڕا و بینیم، وەك پەیکەرێکی شکۆمەند لەبەردەرگاکەدا دانیشتبوو، باریك ئەندام و باڵابەرز و دورەدەست، ڕازاوە لەسەر دواهەمین مۆدێل، بە کراسێکی سەوزی کەنار چنراوی ئاڵتونی و قژی کورتکراوە لەسەر شێوەی باڵە ئاوەڵاکانی پەرسێلکە و هیمنی قوڵی کەسێك کە چاوەڕێی مووسافیرێك بکات کە بڕیار نییە بگاتەجێ. بەبیرکردنەوە لەوەی، لەو پێنج شەمەیەی مانگی ژوویەدا، لەو دەمەوبەیانەدا، بۆهەمیشە لەدەستی دەدەم، بەبێ ویستی خۆم سەرتاپام کەوتە لەرزین و بۆ چرکەیەك بیرم لەوەکردەوە تەکسیەکە ڕابگرم و بەمەبەستی ماڵئاوایی بچمە سۆراغی، بەڵام بەباشمزانی بەچارەنووسێکەوە کە وەك چارەنوسی خۆم تەمومژاوی و ئاڵۆز دەینواند بەشەڕ نەیەم.

لەماوەی فڕیندا، هەستێکی پەشیمانی پڕئازار، ئازاری دەدام. لەو ڕۆژانەدا، هێشتا ئەو خووە پەسەندە باوی مابوو کە کاغەزێك و زەرفێك لە پشتی کورسیەکەی پێشەوە دابنێن، کە ناوی شاعیرانەی"شتومەکی دواهەمین پەیام"بوو. چەند کاغەزێکی چوارچێوە ئاڵتوونی و چەند زەرفێك لەوجۆرە بە ڕەنگی پەمەیی، کرێمی، شین و زۆرجاریش گوڵاوی. لەچەند سەفەرەکەی پێشوومدا، چەند شێعرێکم لەسەریان نووسیبوو کە هەڵگری ناوەڕۆکی ماڵئاوایی بوون و پاش گەیشتنە مەبەست، فڕۆکەی کاغەزینم پێ دروست کردبوون و لەکاتی دابەزیندا هەڵمدابوون بە ئاسماندا. کاغەزێکی شینی ئاسمانیم هەڵگرت و یەکەمین نامەی جدی خۆم بۆ مارسێدس نووسی، کە سەعات حەوتی بەیانی لەبەردەرکی ماڵەکەی دانیشتبوو، بە بەرگێکی سەوزەوە لەبوکێکی بێ زاوای دەکرد و قژەکانی لە باڵی پەڕەسێلکە دەچوون، بێئەوەی تەنانەت بۆ چرکەیەکیش ئەو گومانە پڕئازارە بکەوێتە گیانمەوە کە ڕەنگە لەوکاتەدا خۆی بۆ کەسێك ڕازاندبێتەوە. پێشتریش کۆمەڵێك نامەی بزێوانەو سەرپێیم بۆ ناردبوو و ئەویش ئەوکاتانەی بە ڕێکەوت یەکترمان دەبینی، تەنها وەڵامی زارەکی و دووفاقیانەی دابوومەوە. ئەو نامەیەی لە فڕۆکەکەدا نووسیم لە پێنج دێڕ تێپەڕی نەدەکرد و لەنامەکەدا زۆر بەشێوەیەکی ڕەسمی ئاگادرام کردبوو کە دەچمە سەفەر. بەڵام، لەوکاتەدا کە بەنیازبووم واژۆی بکەم، ڕستەیەکم بۆ زیاد کرد کە وەك بروسکەیەك لە نیوەشەودا بریسکایەوە:"گەر لەماوەی یەك مانگدا وەڵامی ئەم نامەیەم بەدەست نەگاتەوە، بۆهەمیشە لە ئەورپا دەمێنمەوە. "بێئەوەی بواری بیرکردنەوە بدەمە خۆم، کاتژمێر دووی دەمەوبەیان، نامەکەم خستە سندوقی پۆستەکەی فڕۆکەخانە چۆڵەکەی **مۆنتیگۆ بای**[1]. یەکەمین کاتژمێرەکانی هەینی بوو. پێنجشەممەی هەفتەی داهاتوو، ئەودەمەی پاش ڕۆژێکی بێ ئاکام و پڕاوپڕ لەناکۆکی نێودەوڵەتی پێمخستە ژووری ئوتێلەکەم لە ژنێف، بینیم وەڵامی نامەکەم هاتوەتەوە.

---

[1]. Montego Bay

ئەم کتێبەی بەردەستتان، یەکێکە لەو
کتێبانەی کە لە دە ساڵی ڕابردوودا،
هەزاران عاشقی مەزن چاوەڕێی بوون.
زیندووم بۆ ئەوەی بگێڕمەوە خولقاندنەوەی
قۆناغە چارەنووسسازەکەی ژیانی گابریل
گارسیا مارکیز، نوسەری بەناوبانگی
کۆلۆمبی و براوەی خەڵاتی نۆبلی
ئەدەبی ساڵی 1982ە کە بیرەوەری
سەردەمی منالی و نەوجەوانی و سەرەتاکانی
لاویەتی خۆی بەراستگۆییەکی بێوێنە
پێشکەشی خوێنەرانی دەکات، ئەو
ساڵانەی کە خەیاڵی ئەویان دەوڵەمەند
کرد و زەمینەیەك بوون بۆ نوسینی
هەندێك لە گرنگترین کورتە چیرۆك
و ڕۆمانەکانی زمانی ئیسپانی.

LIVING TO TELL THE TALE

Gabril Garsia marquez

Translated By: peshraw husain

زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان 15